دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

تۆڵستۆی

وەرگێڕانی: جەوهەر مەحموود دباغ

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

بەرگی دووەم

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی
عەبدولڕەحمان زەبیحی ٢٠٢٠

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید حەمەخورشید

ناوی کتێب:شەڕو ئاشتی -ئەلیادەی سەدە نوێیەکان-

ناوی نووسەر: لیۆ تۆڵستۆی

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: فارس غصوب

وەرگێڕانی بۆ کوردی: جەوهەر مەحموود داراغا

دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

زنجیرە: (٤٦)

نۆرەی چاپ: ٢٠٢٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: نرخی هەرسێ بەرگەکە (٢٣٠٠٠)دینار

چاپ: چاپخانەی تاران

Tel: 0533202936 07701549509

email: jamalerfan99@gmail.com

jamal erfan cultural foundation

www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، بەرامبەر ماکسی مۆڵ

لیۆ تۆڵستۆی

شەڕو ئاشتی

ئەلیادەی سەدە نوێیەکان

وەرگێڕانی
جەوهەر مەحموود داراغا

بەرگی
دووەم

پـاری سێیەم

بەشی یەك
دوو مەزنەكەی جیهان

ساڵی (١٨٠٨) ئەلکسەندەری ئیمپراتور گەیشتە "ئێرفۆرت"[١] بۆ چاوپێکەوتنی ناپلیۆن و، تا ماوەیەکی زۆریش لە یانە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پیترزبۆرگدا باسی لێوە دەکرا.

لە ساڵی (١٨٠٩))یشدا لێک تێگەیشتنی ئەو دوانە ــ کە بە دوو گەورەکەی جیهان ناسرابوون ــ گەیشتە ئەوپەڕی. هەر لەو ساڵەیشدا ناپلیۆن، شەڕی دژی نەمسای هەڵگیرسان. سوپای ڕووسیش لە سنووری وڵات دەرچوو، بۆ یارمەتیدانی دوژمنە کۆنەکەی "کە ناپلیۆن بوو" لە دژی هاوپەیمانە کۆنەکەی خۆی، کە ئیمپراتۆری نەمسا بوو. دەنگۆیەکیش لە نێوەندە بااڵکاندا بااڵو بووەوە، کە مۆری مارە بڕینی یەکێک لە خوشکەکانی ئەلکسەندەر، لە ناپلیۆن کراوە. لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانە لە سیاسەتی دەرەکیدا، نوێ بوونەوە و ئاڵوگۆڕ لە هەموو یەکەکانی ئیداریی حکومەتیشدا ڕوویدا. ئەمەیش بووە قسەی ڕۆژانەی کۆمەڵگای ڕووسی. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ڕۆژانە بە هەموو تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانییەوە لە تەندروستی و نەخۆشی و، کارو بێکاری و، بنەماکانی تری وەکوو بیر و شیعر و، میوزیک و، خۆشویستن و، هاوڕێیەتی و، ڕقبوونەوە و ئارەزووەکان، سەرومڕ بوون و، وەکوو پێشوو مابوونەوە و، سەربەخۆ بوون و، زۆریش دوور بوون، لە ئاڵوگۆڕی ڕۆژانە و، پەیوەندییە یەک لە دوای یەکەکانی ڕووسیا و ناپلیۆنەوە.

دوو ساڵی ڕەبەق میر ئاندریە، لە لادێدا خۆی سەرقاڵ کرد. توانیی هەر هەموو ئەو

---

١ ـ ئرفۆرت: شارێکی هەرێمی "ساکس"ەو کەوتووەتە سەر ڕووباری جبیرا. تێیدا ئیمپراتۆری ڕووسیا و ناپلیۆنی فەرەنسا پەیمان نامەیەکیان واژۆ کرد و لە بەرژەوەندیی فەرەنسا بوو.

چاکسازییەی پییەر، لە کێڵگەکەیدا کردبووی، ئەمیش لای خۆیەوە جێبەجێیان بکات. هەمیشە لە سەردانی یەک بەیەکی کێڵگەکانیدا بوو و، بەو کارانەی ماندوو نەدەبوو. کۆسپەکانی سەر ڕێی بیروباوەڕی نەدەگۆڕی. چونکە بڕوای بە خۆی هەبوو. لە کارەکانیشیدا بە توانا بوو. هەر زوو بە ئاڕەزووەکانی خۆی دەگەیشت. ئەمەیش پێچەوانەی کارەکانی پییەری هاوڕێی بوو.

ئاندریە لە کەسە پێشەنگەکانی ڕووس بوو، کە ناوی جوتیارەکانی خۆی. لە کۆمەڵەی "چێنەرانی ئازاد"دا نووسی و، هەموویانی ئازاد کرد. لە یەکەم هەنگاویشدا، (٣٠٠) کوێلەی زەوی و، جوتیارانی یەکێک لە هەرێمەکانی خۆی، ئازاد کرد!

لە هەرێمەکانی تریشیدا، کاری سوغرە و زۆرەملێی جوتیارانی، لا برد و بڕی کردنە: کرێ و، لە سەر ئەرکی خۆی مامانێک و قەشەیەکی لە هەرێمی "بۆجۆ تشارڤۆ" بە مووچە بۆ دامەزراندن. ئەرکی قەشەکەیش ئەوەبوو کە منداڵانی جوتیاران و خزمەتکاران، فێرە خوێندەواری بکات.

نیوەی کاتەکەیشی لە لیساجوری و، لای باوکی و کوڕە بچکۆلەکەی بەسەر دەبرد. تا ئەو دەمەیش کوڕەکەی لای دایەن و کارەکەرەکان بوو. نیوەکەی تری کاتەکانی لە خەڵوەتگەکەی خۆی ـ کە میرەپیرە ناوی نابوو بۆتشارۆڤ ـ بەسەر دەبرد.

لای پییەریش خۆی وا پیشان دەدا، کە گوێ نادات بە ڕووداوەکانی جیهان. کەچی بە وردی شوێن ڕووداوەکان دەکەوت. چەندین کتێبی وەدەست خستبوو. دوای گەڕانەوەیشی لە سەردانەکەی پیترزبۆرگ بۆی دەرکەوت، هەرچەند زۆر بە کەمییش دەچووە دەرەوە، کە ئەوان زۆر لە خۆی کەمتر بە ئاگان.. بەڕێوەبردنی مووڵکەکانی و، خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر، هەموو کاتەکانی لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە بردبوو. بەوەیش کە خەریکی چارە کردنی دوو پەلامارەکەی سوپای ڕووس بوو، چارە کردنی ڕەخنەگرانەی، ڕەخنەگرێک بە هەموو داماوی و بەدبەختیەکەوە و، دانانی بنەماکانی کۆمەڵە یاسایەک، بۆ ڕێکخستنەوەی سوپای ڕووسیا، گرتبووە کاری لە پێشینەی خۆی.

لە بەهاری (١٨٠٩)دا ئاندریە چووە سەردانی ئەو مووڵکانەی کە کەوتبووە رازیانەوە و، کردبووی بە ناوی کوڕەکەیەوە و، خۆی کردبوو بە نوێنەری فەرمیی و، کارەکانی بۆ بەڕێوە دەبرد.

لە گالیسکەکەدا خۆی دابووە بەر تیشکی خۆری بەهارە و، گژو گیا و ئاوەنیا و درەختەکانی صەندەل و ئەو پەڵە هەورە سپییانەی نێو ئاسمانی شین، کە بەو ئاسمانە شینەوە، هەر لە ڕانە مەڕ دەچوون! بیری لە یەک شتی تایبەت نەدەکردەوە و، لە هەموو شتەکانی دەڕوانی. لەو قەیاغەیشی تێپەڕاند، کە سااڵی پار لەگەڵ پییەردا، لە سەری وەستابوون. بە لای دێیەکی دواکەوتوو و، زەویپە بەیارەکانی و، چەندین خەرمانی سوور و، پووش و پەلاشدا تێپەڕین. بە لاپاڵی گردێکدا هاتن، کە چەندین دەمار و هێڵی بەفرین بە

راست و چەپیدا درێژ بوو بوونەوە. لە کەناری پردەکەیشدا، بەفر کەوتبوو و، هێشتا نەتووابووەوە.

گالیسکەکە بە گردێکدا و، بە نێو ئەو چەندین کوخته و خانووە چکۆلانەی نێو درەختە بە چرۆ نیمچە سەوز بووەکاندا هەڵگەڕا و، بە لێژییەکەی نێو درەختە صەندەڵەکاندا شۆڕ بووەوە. سروەوەی با نەبوو، پلەی گەرما بڵند بوو. درەختە صەندەڵەکان بە گەڵا تەڕ و پاراوەکانیان رازابوونەوە و، نەدەجوولانەوە. لە نێوان گەڵا زەردبووە وەریوەکانی پاری ژێریاندا، گڕ و گیای ناسک و نوێ، چووزەرەیان کردبوو و، بڵند بووبوونەوە و، سەریان بە گوڵە وەنەوشە ڕازابووەوە. ناوناوەیش لە نێو صەندەڵەکاندا درەختی سنەوبەری لاواز هەبوون و، سەختیی زستانیان وەبیر دەهێناوە. ئەسپەکانی گالیسکەکەیش، کە گەیشتنە نێو ئەو دارانەوە. زیاتر هەڵچوون و ئارەقەیان کردەوە.

یاوەرە پیرەی گالیسکەوان ئاوڕی دایەوە و بە بزەو ڕێزەوە وتی:

"ئای خاوەن شکۆ! ئاو و هەوا چەند خۆشە!"

پیرەڕیش پرسیی:

"دەڵێی چی؟"

ئەویش دووبارەی کردەوە:

"کەشو هەوا چەند خۆشە! خاوەن شکۆ!"

میریش لە بەرخۆیەوە وتی:

"ئەمە دەڵێ چی؟ ئۆو! بەڵێ بەهارێکی جوانە! ئەوە ڕاستە و، هەمووی سەوزایی و، درەختی صەندەل و قەرسیا و سوورەچنارە و، بەرز بوونەتەوە. بەڵام داربەڕووی تێدا نییە!..."

"ئەوەیش داربەڕوویەکە!"

لە کەناری ڕێیەکەیشدا داربەڕوویەکی پیر هەبوو. دیار بوو کە تەمەنی دە هێندەی تەمەنی داری صەندەڵەکە بوو. چونکە قەبارەکەی دە هێندەی قەبارەی ئەو دار صەندەڵە بوو! دار صەندەلێکی مەزن بوو و، لقەکانی شکابوونەوە و، پڕ بوو لە کەلێن و کون وکەلەبەر و، تۆپکڵەکەی وەری بوو. لقە چەوت و چەوێڵە باخواردووەکانی، زۆر ناڕێکانە درێژ بوو بوونەوە. کەوتبوویشە نێو درەختە صەندەلە تەڕ و بڕەکانەوە و، هەر لە پیرێکی تووڕە دەچوو، لە نێوانیاندا. تەنیا ئەویش بوو، خۆی نەدابوو، بە دەست جوانیی بەهاری ساڵی نوێوە و، نەیدەویست بەهار و خۆرەکەی ببینێت! هەر وەکو ئەوەی ئەو درەختە بیەوێت بڵێت: **بەهار.. خۆشەویستی.. بەختەوەری! *تاکەی کۆل نادەن لەم شتە هیچ و پووچە تا مەتایانە!؟ نابینن هەر هەموو ئەوانە: لە گێلی و هیچ و پووچی بەولاوە، شتێکی تر نین!؟ نە بەهار و، نە خۆر و، نە بەختەوەری هەیە! سەرنجی ئەو سنەوبەرانە بدەن.***

هەموو خنکاو و، مردوون و، لە یەک دەچن! سەرنجی من بدەن. بە هەموو توانایەکمەوە تەقەلام دا، بالّە خوار وخێچ و شکاوەکانم، لە پشت و قەبرغەمەوە، درێژ بکەمەوە. لە هەموو شوێنەکانمەوە بێتە دەرەوە. بەلام ناتوانم بجوڵێم و بڕۆم. نە بە هیوا و، نە بە درۆکانی ئێوە بڕوا دەکەم!'

جاروبار و، کاتی ڕۆیشتنی گالیسکەکە بە نێو دارستانەکەدا. میر ئاندریە سەیری ئەملاو لای خۆی دەکرد و، لەو دار صەندەلەی دەڕوانی. بە جۆرێکیش ئاوڕی دەدایەوە، وەکو ئەوەی شتێک ڕوو بدات. لە سایەی دار صەندەلەکەیشدا کێڵگەی پڕ گژوگیا و گوڵ بوو و، صەندەلەکەیش لە دڕندەیەکی پۆزاویی دەکرد، کە خۆڕاگرانە لەو زەوییە چەقی بێت.

ئاندریەیش وا بیری کردەوە:

"بەڵێ ئەو دار صەندەلەیش مافی خۆیەتی. ئاخۆ چەندەها لاوان خۆیان دابێت بە دەم لەنجەولاری ئەو درەختەوە! ئەوە ئێمەین دەزانین چی بکەین. ژیانمان کۆتابوو. هەر بە تەواوی کۆتابوو."

بینینی ئەو درەختە هەڵقوڵاندنی چەندین بیرۆکەی نوێی لێکەوتەوە. بیرۆکەیەلێکی نائومێدانە، بەڵام پڕ ختووکە و سەرنجکێش. ئەم قۆناغەی، ژیانی خۆی خستبووە ژێر کۆڵینەوەیەکی گرانی بە سوودەوە. بەم ئەنجامە ئازاراوییە گەیشتبوو، کە ئارامکەرەوەیش بوو، ئەویش ئەوە بوو: کە پێویست ناکات دەست بکات بە شتی نوێ. بەڵکو تا دوارۆژەکانی ژیانی، بە ئارامی و ئاسوودەیی و، نیانیی بژی. بێئەوەی چاو ببڕێتە شتێکی نوێ و، خراپەی بۆ کەس ببێت و، ژیان لە خۆی تاڵ بکات.

بەشی دوو
ئــاندریە و ڕۆستۆف

ئــاندریە بۆ خستنە ژێر ڕکێفی زەوییــەکانی "ریــازان" ناچــار بــوو چــاوی بــە کۆنــت ڕۆستۆفی گەورە خانەدان بکەوێت. دەوروبەری ناوەڕاستی مــانگی ئایار و ســەرەتای چلە بوو، کە بۆ ئــەوە چــوو، تــاکو ببینێت. دارستانەکان بــە گــەلا داپۆشــرابوون و، هــەڵمیان کردبــوو. گەرماکــەی نیــوەڕۆ هێنــدە فــرە بــوو، بــە گەیشــتنی مــرۆڤ، بــە یەکــەمین گــۆمی ســەرەڕێیدا ـ هــەرچەندە ئاوەکەیشی کەم بوایــە. تامەزرۆی مەلە کردن دەبوو.

ئــاندریە ڕاڕەوی ســــەرەکیی بــــە ڕووبــــەکی گــــرژ و بیرێکــــی ســــەرقاڵ بــــە هــــەزاران بابــــەتیەلێکەوە، کــــە دەبــــوو لەگەڵ گــــەورەی خانــــەدان باســــی بکــــات و، بــــاخی ئــــۆترادنوای خانووە هاوینەییەکــەی بنەماڵــەی ڕۆســتۆفی تێپەڕاند. لــە ناکاو لــە لای ڕاســتیەوە گوێی لــە کەوتنی کۆتەرە دارێک بوو. کۆمەڵە کچێک لــە دەغڵەکــەوە، هاتنــە دەرەوە و، ڕێگەکــەیان لــە گالیسکــەیەکی چکۆلــە گرت کــە کچۆڵــەیەکی چاو ڕەشــی ڕەشتاڵــەی بــاڵا ڕێــک، لێــی دەخــورێ. کراســێکی قومــاش هینــدیی زەردی پۆشــی بــوو و، نێوچــاوانی بــە دەســرۆکەیەکی ســپی بەستبوو و، چەند زوڵفێکی ئــاڵۆز لەملاو لایەوە هاتبوونــە دەرەوە.

ئەو کچە بانگی میری کرد. بەڵام کــە بــۆی دەرکــەوت کەسێکی نامۆیــە! بــە پێکەنینــەوە، بەرەو دوا کەوتە ڕاکردن. میر ئــاندریەیش بەوە گرژ بوو.

کەش و هــەوا خۆش و تیشکی خۆر بــەتین بــوو. ئــەو کچــە نیانــەیش، هــەستی بــە بــوونی ئــاندریەیش نەکرد و، هــەر گوێیشی بە بوونی خەڵکیی نەدا. تەنیا هــەستی بــە بــوونی خــۆی دەکرد و لەگەڵ گێلییەکەیشیدا، بەختەوەریش بوو!

ئــاندریەیش بە سوور بوونەوەوە لە خۆیی پرسی:

"چی وای لێکردووە، هێندە دەروونی پاک و بێخــەم بێت؟ کــەوابوو ئاخۆ بیر لــە چی بکاتــەوە؟ بێگومــان بیــری نــە بــە لای پەیکــەرانی جــەنگ و، نــە بــە بەکرێدانی زەوییــەکانی "ریازان" بە جوتیاران. کەوابوو دەبێت بیری ئەو کچە، بەلای چیدا بچێت!؟ ئەی چی وای لێ

کردووه، که هێنده بەختەوەر بێت؟" کۆنت ئیلیا ئاندرییڤیتش له (١٨٠٩)یشدا وەکو سالانی پێشووی خۆی، هەر لەو ڕاو و نێچیر و، خوان و ئاهەنگانەی "بۆتراد نوای"دا دەژیا. نزیکەی هەموو دانیشتوانی شارەکەی بە چەشەی سفرە و گۆرانی و میوزیکەکان تێر کردبوو. ئەمەیش بوو بووە هاندەر بۆ خەڵکەکە و، هاتنە میوانیی و، سەردانی کردنی ماڵەکەی. ئەوەندەیش بە جۆش و خرۆشەوە، پێشوازیی لە میر ئاندریە کرد، کە ئەوی ناچاری مانەوە کرد. لەبەر هاتنە ژوورەوەی گڕەیەکی گەرم، لە پەنجەرەیەکی کراوەوە، ئەو ئێوارەیە میر ئاندریە نەیتوانی بنوێت و، تا مۆمەکە کۆتابوو، بە کتێب خوێندنەوەوە خۆی خەریک کرد. دواتر بە دەم جنێودانەوە، بەو پیرە خەرەفاوە ـ ئاخر ڕۆستۆڤی پیریان بە خەرەفاو ناونابوو ـ مۆمێکی داگیرساندەوە. بە بیانووی ئەوەوە، کە چەند نووسراو و نامەی گرنگ ماوە و، لە شارەوە نەگەیشتووە، ئەو شەوە ئەویان هێشتەوە. ڕقیشی لە خۆی بوو، کە ئەو میوانییەی پەسەند کردووە. هەستا تاکوو پەنجەرەیەک بکاتەوە. هێشتا دەسکەکەی بەرنەدابوو، کە تیشکی مانگەکە، وەکوو ئەوەی لە مێژەوە چاوەڕێی ئەو پەنجەرە کردنەوەیە بووبێت، خۆی کرد بە ژووردا. ئەویش تاکەکانی پەنجەرەکەی خستە سەر پشت و، شەوێکی شێدار و، ئارام لە بەردەمیدا والا بوو. ریزێک درەخت لە بەرامبەریدا درێژ بوو بووەوە و، ڕوویەکی ڕووناکییەکی فرەی بەردەکەوت و، دیوەکەی تری لە تاریکیدا بوو. لە ژێر دارتووەکاندا گژ و گیای بە شەونم تەڕ و پاراو و، گەلا زیوینەکانیان بڵند بوو بووەوە. لە پشت ڕیزە تووەکانیشەوە، پانتاییەکی شێدار بە شەونم لەبەر تیشکی مانگە شەوەکەدا دەبریسکایەوە. لای ڕاستەوە و، لەوێیش دوورتر. لە شەوێکی بەهارانەی کەم ئەستێرەدا، درەختێکی مەزن هەبوو. مانگەکە بەسەرسەریەوە بوو و، قەد و لقە چڕەکانی لە ژێرێدا دەبریسکانەوە و، سپییان دەکردەوە. ئاندریەیش شانی لە سەر پەنجەرەکە دادا و چاوانی بڕییە ئاسمان.

ژوورەکەی لە نهۆمی یەکەمدا بوو، دانیشتوانی نهۆمەکانی سەرووی خۆیشی هێشتا نەنووست بوون، چونکە ناوە ناوە دەنگی ژنان دەبیسترا. ئاندریەش گوێی لە دەنگێک بوو زوو ناسییەوە، دەنگی کتیە و دەڵێت:

"هەر یەک جاری ترا"

دەنگێکی تریش وتی:

"دەی کاتی نووستنە."

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"نەخێر نانووم... ناتوانم... ئەوە گوناهی من نییە. دەی جارێکی تریش..."

پاشان هەردوکیان دواپین کۆپلەی ئاوازێکیان پێکەوە وتەوە:

" ئای کە جوانە...!"

ژنەکە وتی:

"زۆر باشە! ئێستا ئەمەیش کۆتابوو."

پیاوەکەیش وتی:

"کچێ تۆ بڕۆ بۆ خۆت بنوو.. من ناتوانم."

خشەی کراسی ژنە و، تەنانەت دەنگی هەناسەکەیشی هاتە گوێی ئاندریە و، بۆیشی دەرکەوت: کە ژنەکە لە پەنجەرەکە نزیک بووەتەوە و، خۆیشی بە سەر پەنجەرەکەدا داوە و لە دەرەوە دەڕوانێت. مانگ و پرشنگەکانی و، ستێبەر و تارمایی و، هەموو شتەکانی دەرەوە، کپ و خامۆش بوون. تەنانەت ئاندریە، خەمی ئەوەیشی بوو، بە هۆی دەنگی جوولەکانییەوە، پێی بزانرێت.

قسەکەری یەکەم هاواری کرد:

"سۆنیا! سۆنیا! ئای کە سەرسوڕهێنە! ئاخر چۆن خەو خۆشتر دەبێت!؟ ئاو و هەوا خۆشە! دنیا زۆر خۆشە! دە هەستە... دەی."

پاشان بە شێوەی پارانەوە وتییەوە:

"لە ژیانتدا شەوی وا قەشەنگت نەدیوە!"

سۆنیایش ورتەورتێکی کرد.

ئەویش وتی: "کچێ کەمێک تەماشا بکە. ئای لەو مانگە! وەرە لێرەوە تەماشای بکە... زۆر باشە.... چاوەڕێی چییت! ئەمە مرۆڤ دەخاتە سەر ئەوەی، کە بە ناخی خۆیدا رۆ بچێت و، دەستەوئەژنۆ بە خەیاڵ باڵ بگرێت و بفڕێت... سەیر بکە... بەم شێوەیە...

ئەمیش گوێی لە دەنگ و خشە و هێنان و بردنێک بوو.

پاشان سۆنیا وتی:

"کات لە یەکی شەو لای داوە...!"

ئەوی تریش وتی:

"ئای تۆ بارو دۆخەکەم لێ تێ کدەدەیت... دە بڕۆ... بڕۆ."

ئاندریەیش بە مەزەندەی خۆی، ئەو هەر لە شوێنی خۆیدایە و، ئەوەتا گوێی لە هەڵکێشانی هەناسەی و، خشەی کراسەکەیەتی.

لە پڕێکدا سۆنیا هاواری کرد:

"ئای خوایە گیان! ئەمە چییە!؟ بۆ دەبێت هەر بنوین!؟ دەی با بڕۆین!"

دەنگی داخستنی دەرگاکە هات.

ئاندریە ـ کە لەوە دەترسا باسی ئەو بکات ـ وا بیری کردەوە:

بێگومان هەر بیریش لە من ناکاتەوە. ئەی بۆ قەدەر وابوو: بێتە سەرە رێم!؟ یان جارێکی تر بیبینمەوە! ئاخر شیاوە: بە ئەمە بوترێت.. ڕێکەوت!! گێژەڵووکەیەکی هەستی منالانە لە ناخی دڵیدا هەڵی کرد، کە پێچەوانەی ئێستای خۆی بوو. هەرچەندی کرد و کۆشا، بۆی شی نەکرایەوە!!

ئیدی ئەمیش ملی لە خەو ناو نوست.

بەشی سێ
بیرۆراکـانی ئـاندریـه

ڕۆژی دواتر داوای لە کۆنت کرد، کە ڕێی ڕۆیشتنی بدات و، پێش ئەوەی خانمەکان بێنە هۆڵەکە گەڕایەوە. سەرەتای مانگی حوزەیران بوو، کە میر ئـاندریە لـە گەڕانەوەکەیدا بۆ لیساگۆری، دیسان ئەو دارستانەی بـڕی، کە ئـەو داربـەڕووە پیرە لق و پۆپ لـوول و بـادراوەی تێدا قوت بوو بووەوە و، ئەو هەستە دڵتەزێنەی وەبیر هێناوە.

تەق و هوڕی پێچکەی گالیسکەکەی، لەو دەمەی پێش شەش هەفتەیەک لەمەو بەر پێیدا تێپەڕی بوو، کپتر بوو. سێبەری درەخت و قامیشەڵان، لێک ئاڵۆزا بـوون. سـنەوبەرە تـازە هەڵچووەکانیش، لەو هەموو جوانییە دوا نەکەوتبوون. لقە تـەڕە ناسکی دارەکانیش، زبر و گرێ گرێ بوون و، لە گەنـدە مووی ڕوخسارە جوانـەکەی سروشت دەچوو.

ئەو ڕۆژە هـەوا وەستاو و، سەخت بوو. نوقڵانەی هـەڵکردنی ڕەشـەبایەکی هاوینـە بـوو، لەو دەورو بـەرەدا. تەنیا پـەڵە هـەورێک هـەبوو، کە فرمێسکەکانی بـە سـەر تەپو تۆزی لای چەپی دارستانەکە و، گـەلا و لقەکاندا بـارانبوو و، تـاریکی کرد بوون. کـەچی لای ڕاسـتی ڕێگاکـە، لـە ژێر بـریسکەی تیشـکی خـۆری شکاوە، لـە دڵۆپـەی بـارانـەکەدا، هـەوا کپ و وەستاوەکە دەدرەوشایەوە. هەموو شتێک جوان بوو. بولبـولانیش، دەمێک لـە دووڕەوە و، دەمێکیش لە نزیکەوە، دەنگیان دەبیسترا.

ئاندریەیش بە سەرسوڕمانەوە، چاوی گێڕا و وا بیری کردەوە:

"لێرە.. لەم دارستانەدا. داربەڕوویەکی لێ بوو، هۆگری بووم. ئاخۆ لە کوێی دارستانەکەدا بێت؟ لە یەکەم بینیندا داربەڕووەکەی نەناسییەوە. چونکە نوقمی چڕی و سەوزی و بووژانەوە و، تیشکی خۆرئاوا بوون ببوو و، لقە لوول و باخواردووەکانی و، درز و قلیشەکانی پیر بوونەکەی ون بوو بوو.

لەو قەدو بالا کۆتەرەیەوە، لق و گەلایانێکی: ناسک و تەڕو پاراو، هاتبوونە دەرەوە. مرۆڤی دەخستە سەر ئەوەی لە خۆی بپرسێت: **ئاخۆ چۆن درەختێکی پیر و کۆتەرە، بەم شێوەیە دەتوانێت لق و گەلایانی ئاوا ساوا و ناسک دەر بکات!؟**"

پاشان بە خۆی وت:

"بەڵێ ئەوەیش داربەڕووەکە خۆیەتی!"

هەستی بە چالاکییەکی کتوپڕ کرد و، ساتە خۆشەکانی بەرودوای بە بیردا تێپەڕی. ئۆستەر لیتز بە ئاسمانە بەرینەکەیەوە و، روخساری ژنە مردووە بە لۆمەکەی و پییەری سەر پردەکە و، ئەو کچەی کە جوانییەکەی لەو شەوەدا، هەژاندی و، بە تایبەتیش ئەو مانگەشەوە، بە خێرایی بە خەیاڵیدا گوزەری کرد و بیری خستەوە.

بێ سێ و دوو بڕیاری دا:

"نەخێر ژیان لە (٣١) ساڵانیدا، نابڕێتەوە. ئەوەندە بەس نییە، کە هەر خۆم بزانم، چیم بۆ دەکرێت؟ پێویستە هەموو خەڵکیش بزانێت. هەر لە پییەرەوە تاکو ئەو کێژەی کە دەیویست بفڕێت. پێویستە هەموو کەسێک بمناسێت. نابێت ژیانی ڕۆژانەم، هەر بۆ خۆم بێت. نابێت ژیانی ئەو خەڵکە لە ژیانم دابببڕێت. پێویستە ژیانی منیش لەواندا ڕەنگ بداتەوە. پێویستە ژیانیان ئاڵشتی ژیانی من بێت."

هەر کە ئاندریە گەیشتە جێ، بڕیاریدا لە پاییزدا سەردانی پیترزبۆرگ بکات و، بە کارێک هەڵبستێت و، بۆ ئەوەیشی بە هەزاران هۆی چاک و بیانووی دەهێنایەوە. کە هەندێکیان لەوانی دی بەهێزتر بوون. پێیشی وابوو، پشتگیریی بڕیارەکانی ئەوی دەکرد. مانگێک لەمەوبەر دوورکەوتنەوەی لە دێیەکە، پێ خراپ بوو. بەڵام ئێستا تێناگات کە چۆن چالاکییەکانی ژیانی خۆی پشتگوێ خستووە!؟ وای دەبینی ئەگەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە و، کارا نەبێتەوە، ئەو ئەزموونانەی ئێستایشی لە دەست دەچێت. لەوەیش نەدەگەیشت: چۆن بۆ ئەو ژیانەی جارانی پشتی بە چەند بیانوویەکی نادروست بەستووە؟ دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانەی لە ژیانیدا، پێیدا تێپەڕی. هێشتا بە پێچەوانەوە بیر دەکاتەوە.

دێیەکەی بەلاوە گران بوو و، کارەکانی جارانی خۆی لەبەرچاو کەوت و، گوێی پێیان نەدەدا. زۆر جاران نووسینگەکەی خۆی جێ دەهێشت و، دەچووە بەر ئاوێنە و، سەرنجێکی فرەی خۆی دەدا. پاشان سەرنجەکەی دەگواستەوە، سەر وێنەکەی "لیز" و، ئەو زەردەخەندەیەی لە چێوە زێڕینەکەدا بۆی کردبوو. شێوازە یۆنانییەکەی، داهێنانی قژی.

کـه لـەو وێنـەیەدا ڕوانینەکـەی وەکـو جـارانی بـە ترسـەوە نـەبوو. وا دەردەکـەوت زەردەخەندەکەی پڕ لە هیوا و شادی بێت.

کە ئاندریە لە سەرنجەکانی دەبووەوە. پەنجەی دەستەکانی لە پشت خۆیەوە ئاڵشت دەکرد و، بەژوورەکەدا دەهـات و دەچـوو. دەمێک بڕۆکـانی یەکدەهێنایـەوە و، دەمێکیش بزەیـەک دەیگرت. ئـەو بیرۆکانـەی وەبیردەهاتـەوە، کـە بـە سـەختی دەردەبـڕدران و، بـە تـاوانی شاردراوە دەچوون.

هەرچەند پیـەر و سەرکەوتوویی و، کێڕەی بەر پەنجەرەکە و، داربەڕووەکە و، جوانی و خۆشەویستی، لـە بیریدا تێکەڵا دەبـوون. بـەڵام ناخیـان گۆڕی بـوو. گـەر لـەو سـاتانەی بیرکردنەوەیدا، کەسێک بچووایە بۆ لای. خۆی بـە کەسێکی تونـدو تیـژو وشـک و بێزراو، پیشان دەدا.

بۆ نموونە گەر "ماری"ی خوشکی بهاتایـە و، بـە نیـانی پێی بوتایـە: ئازیزەکـەم گونجـاو نییـە ئـەمڕۆ نیکۆلای بچـووک ببەینـە گـەڕان. چونکـە هـەوا سـاردە. ئەوا بـە ڕەقـی وەڵامـی دەدایـەوە: "گـەر دنیـا گـەرم بوایـە. بـە کراسێکەوە دەچوێتـە دەرەوە. بـەڵام کـە ئێستا هـەوا ساردە، تۆش گەرم و گوڕ دابپۆشە."

بە هۆی هەڵچوونە دەروونیەکەیەوە، هەمیشە وا دەردەکەوت، کە تۆڵـە بکاتەوە.

بۆیە ماریـیش، گەیشتبووە ئەوەی بە خۆی بڵێت:

"پیاوان قوول بیر دەکەنەوە، بۆیە تونـدوتیژن!"

بەشی چوار
بۆلکۆنسکیو ئاراکتشییف

لە ئابی (١٨٠٩)دا و، ئەو دەمەی سبرانسکیی لاو، لە پۆپەی سەرکەوتنەکانیدا بوو، چالاکانە هەڵدەستا بە چاکسازی و ڕاستکردنەوە: میر ئاندریە گەیشتە پیترزبۆرگ. هەر لەو مانگەیشدا گالیسکەکەی ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر وەرگەڕا و، قاچێکی لە ختکە چوو و، ناچار بوو سێ هەفتە لە شاری "پیتیرۆف" بمێنێتەوە.

سبرانسکی تەنیا کەسێک بوو، ڕۆژانە ئیمپراتۆر دەیبینی. لەو دەمەدا چەند یاسایەک پێگەیشت، کە دەبووە هۆی، قڵپ بوونەوەی پەیڕەوەکانی دادوەری و، بەڕێوەبەرایەتی و دارایی، شان بە شانی ئەو دوو فەرمانە ئیمپراتۆرییە بە ناوبانگە بوو، کە ڕێ و ڕەسمی وەرگرتنی پلەی دەرباری هەڵدەوەشاندەوە. بۆ کۆلێژ و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری و، تا ئەو دەمە هەر لە "ئەنجومەنی ئیمپراتۆر"ەوە، تا بچووکترین دەسەڵاتی هەرێمایەتی، کاری پێ دەکرا و، ئەوەیش بێزاریی لای هاوڵاتیان دروست کردبوو. هەر لەو کاتەدا ئەو خەونە تەم و مژاوییانەی ئەلکسەندەر، هاتنە دی، کە دەمێک بوو لە ناخیدا پەنگی خواردبووەوە.

کاتی چوونە سەر کورسیی دەسەڵات و، بە پشتگیریی بنەماڵەی کزارتۆریسکی و، نۆڤۆسیلتسۆف و کۆتۆشوبیی و، سترۆگۆنۆڤی یاوەرانی خۆی، جێبەجێی کرد. کە هەر خۆیشی ناوی نابوون "ئەنجومەنی پاراستن و پارێزگاریی گشتی".

دواتر پاشەکشەیان کرد. کێشە مەدەنیەکانییان بۆ سبرانسکی و، کێشە و بابەتەکانی سەربازیشیان بۆ ئاراکتشیف جێهێشت.

میر ئاندریەیش وەکو یاوەر، خۆی لای ئیمپراتۆر دەرخست. دوو جاران ئیمپراتۆر

ئـەوی بینـی بـوو و نەیدوانـدبوو. ئـاندریەیش لای خۆیـــەوە، وای دانەنـــابوو، کـە لای ئیمپراتۆر بێزراوە بـەڵام سەرنجی وشکی ئیمپراتۆر، پێچەوانەی بۆچوونەکەی خۆی بوو. دەور و بەرەکەیشی، ئەو سـەرنجە وشکەی ئەلکسـەندەریان بۆ ئـەوە دەگەڕاندەوە، کە لـە سـاڵی (١٨٠٥)ەوە، ئاندریـە لـە خزمـەتی سـەربازی دابڕابـوو و، هـەر ئـەوەیش ئیمپراتـۆری نیگەران کرد بوو.

میر ئـاندریە بە خۆی وت:

"زۆر چاک ئەوە دەزانم، کە ئێمە جڵەوی حـەز و بێزارییـەکانی خۆمانمـان بـە دەستەوە نییە. کەوابوو نابێت بیرۆکەی یاساکانی خزمەتی سەربازی، بکەمـە ڕاپۆرت و بـە دەستیی، بیدەمە دەست خاوەن شکۆ. بەڵکو پێویستە بە ڕێی یاسایی خۆیدا بڕوات.

پرۆژەکەی پیشانی پیرە مارشاڵێکی هاوڕێی باوکی دا. ئـەویش بـە ڕوویـەکی خۆشـەوە پێشوازیی لێ کرد و، ژوانێکی بۆ دانا. پەیمانیشی پێدا کە ئەو پرۆژەیەی بۆ ئیمپراتۆر باس بکات.

دوای چەند ڕۆژێک، وا هەستی کرد، کە دەبێت کۆنت ئاراکتشییڤی وەزیری دەرەوە، لـە ڕۆژی دیاری کراودا ببینێت.

کات ژمێر نۆ بوو، خۆی کرد بە هۆڵی پێشوازیی کۆنت ئاراکتشییڤدا. نە لەوەوپێش بینی بـووی و، نـە دەیشیناسـی. هێندەیشـی زانیـاری دەربـارەی نـەبوو، تـا بزانێـت کـە بـە چ شێوەیەک، بیدوێنێت. کە تێکەڵ بـە دانیشـتووانی پلـە جیاوازەکانی هۆڵەکـە بـوو، ئـاوا بیـری کردەوە:

"وەزیری بەرگرییەک، کە متمانەی ئیمپراتۆری بە دەست هێناوە. کەس خۆی بە ناسینی کەسێتییەوە سەرقاڵ ناکات. ئێستایش کۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکەی منی پێ سـپێردراوە و، هـەر خۆی دەتوانێت نرخی بداتێ.

لەگەڵ ئەوەیشدا کە پلە و پۆستە جـۆراو جـۆرەکانی وەرگرتبوو. بـە تایبـەتیش پۆسـتی یاریدەدەرییەکەی، یارەمـەتیی ئـەوەی دابـوو، کـە کەسـانێکی بـاڵای زۆری نێـو کۆشکەکان، بناسێت و سیفاتەکانیان بزانێت.

بـەڵام هـۆڵی پێشـوازیی ئاراکتشـییڤی، بـە شـوێنێکی تایبـەت هاتـە بـەرچاو. وای بینـی کـە ئەوانەی پلەکانیان لە خوار بوو، شەرمنانە لە چـاوەڕێی بینینی ئـەودا بـوون. پلـە باڵاکانیش شڵەژاوییەکانیان بە قسەو فشقیات شارد بووەوە.

هەندێکیشـیان بـە دڵـەڕاوکێوە دەهـاتن و دەچـوون. هەنـدێکی تریشـیان، بـە بـزەوە بـە گـوێی یەکتریانـدا دەچرپانـد. لـە نێـو چرپەکانیانـدا گـوێی لـە نازنـاوی سـیلا ئانـدرییڤیتش و ڕستەی: ئەو پیاوە باشە سەرت بۆ دەشوات، بوو.

ژەنـەڕاڵێکی پلە باڵای بینی کە قاچی سەر قاچ نابوو و، بزەیەکی بێزار بوونیشی لەسـەر

لێوان بوو. بەڵام هەر کە دەرگاکە کرایەوە. ڕوخساری هەموویان یەک هێمای پێوە دیاربوو. کە ترس بوو!

بۆ جاری دووەم میر ئاندریە بە فەرمانبەرە سکرتێرەکەی وتەوە، کە جارێکی دی بە کۆنت بڵێتەوە ئاندریە هەر لە چاوەڕوانیدایە. دانیشتووەکانیش بە سەرنجە لاقرتێ ئامێزەکانیانەوە، تێیانگەیاند، کە دوای کردنە ژوورەوەی چەندین کەس و هاتنە دەرەوەیان، سەرەی ئەو دێت.

ئەفسەرێکی کاریزمادار ـ کە سەرنجی ئاندریە پۆلکۆنسکیی ڕاکێشا و لێی سڵەمیەوە ـ چووە ژوورەوە و زۆری پێچوو. لە پڕ دەنگە دەنگ لەودیو دەرگاکەوە پەیدابوو و، ئەفسەرەکە بە ڕووی گرژ و، لێوەلەرەوە هاتەوە دەرەوە. پەنجەکانی لەسەر سەری ئاڵشت کرد و لە هۆڵەکە چووە دەرەوە.

سەرەی میر ئاندریە هات و، سکرتێرەکە پێی وت:

"بە لای ڕاستدا و، نزیک پەنجەرەکە."

ئاندریە خۆی کرد بە نووسینگەیەکی سادەی داخراودا. پیاوێکی باریکەلەی سەر درێژکۆلەی بینی، چرچ و لۆچەکانی نێوچاوانی قوول و، چاوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ژێر برۆ چڕەکانی کەوتبوو و، هەروا چل ساڵانێک دەبوو. لەودیو مێزێکەوە دانیشتبوو.

ئاراکتشییف بەرەو ڕووی وەرگەڕا و، بێئەوەی سەیری بکات پێی وت:

"چ پرسیارێکت هەیە؟"

ئاندریەیش وتی:

"داوای هیچ ناکەم... خاوەن شکۆ."

ئاراکتشییف سەرنجێکی دا و وتی:

"کورسییەک بۆ خۆت ڕابکێشە و، دانیشە... میر ئاندریە پولکۆنسکیت... وا نا؟

ئەویش دووبارەی کردەوە:

" داوای هیچ ناکەم... بەڕێزیان چاکەی خۆیان نواند و، ڕاپۆرتەکەی منیان بۆ لای بەڕێزتان بەرز کردووەتەوە.

ئاراکتشییفیش قسەکەی پێ بڕی و، نیانانە دەستی پێکرد. پاشان بووە لاقرتێ و دواتر قێزەونانە وتی:

"ئازیزی ئازیزەکەم...هەر وەکوو دەبینیت. ڕاپۆرتەکەتم خوێندەوە. یاسایەکی نوێی سەربازیت پیشان داوە. ئێمە یاساگەلێکی زۆرمان هەیە. ئەوەندە زۆرە، مەحاڵە بتوانین هەموویان بسەپێنین! هەر کەسێک هەڵدەستێت و کۆمەڵە یاسایەک دەخاتە سەر کاغەز! ئێ نووسینەوەی یاسایش زۆر ئاسانترە، لە جێبەجێ کردنی!"

میر ئاندریەیش بە شێوازێکی پڕ ڕەوشتەوە وتی:

"لەسەر داوای خاوەن شکۆ هاتووم، بۆ ئەوەی لە بەڕێزتانەوە ئەنجامی ڕاپۆرتەکەم وەربگرمەوە."

ئاراکتشییڤیش وتی:

"بیروڕای خۆم، لەسەر ڕاپۆرتەکە نووسیوە و، ڕەوانەی لیژنەکەم کردووەتەوە."

لە سەر کورسییەکە هەستا و، کاغەزێکی بەردەمی خۆی هەڵ گرت و، لە سەری ڕۆیشت:

"ئا ئەمەیە..."

دەستی نامەکەی، بۆ میر ئاندریە درێژ کرد. چەند دێڕێکی خوار و خێچی لەسەر نووسرابوو. کە خاڵبەند و، ڕێزمانەکەی زۆر ناڕێک بوو.

سەرەتا ئاوا دەستی پێ کردبوو:

"هەرچەند لە یاساکانی فەڕەنساوە ڕاگوێزراوە، بەڵام ڕێکوپێک نییە. بەڵام بەبێ دەرخستنی هۆکارەکان و جیاوازیشی تێدایە!"

میر ئاندریەیش پرسیی:

"ڕاپۆرتەکەم، بۆ کام لە لیژنەکان نێردراوە؟"

ئاراکتشییڤیش وتی:

"بۆ لیژنەی یاسای سەربازی و، خۆتیشم بە ئەندامی ئەو لیژنەیە داناوە. بەڵام بێ بەرامبەر!"

میر ئاندریەیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"منیش لای خۆمەوە... هەرگیز داوای مووچەم نەکردووە!"

ئاراکتشییڤ دووبارەی کردەوە:

"بە بێ بەرامبەر و مووچە! پێخۆشحاڵ بووم بە بینینت."

دوای ئەوەی میر ئاندریە چووە دەرەوە.

سکرتێرەکە بانگی کرد:

"دەی ئەوی تر بچێتە ژوورەوە."

بەشی پێنج
سبیرانسکیی مەزن

ئەو کاتەی چاوەڕێی ئەوە بوو، کە بە ئەندامی لیژنەکە هەڵ ببژێردرێت، کەوتە بەسەر کردنەوەی هاوڕێ کۆنەکانی خۆی. بە تایبەتیش بۆوانەیان کە دەسترۆیشتوو بوون و، لە توانایاندا بوو، یارمەتیی بدەن و، سوودیان بۆی هەبێت.

بە تووڕەیی بە سالاچووان و پیاوانی خۆبەرە پێشەوە و، قوڕو قەپی بە ئاگایان لە کاروبارەکان و، زۆریی لیژنەکان و کۆ بوونەوەکانیان و، زیاد کردنی رۆژ لە دوای رۆژیاندا، بۆی دەردەکەوت، کە شەڕێکی چاکسازیی ناوخۆیی مەزن، بە ڕێبەری و سەرۆکایەتیی سبرانسکی ـ ئەو پیاوەی: ئەم زۆری لە بارەوە نازانێت ـ هەر لەو ساڵەدا، بەڕێوەیە.

ئەمیش باس و خواسی چاکسازیی مەزنیش، لە بیریدا بوو و، پرۆژە یاسای سەربازییەکەی، لە بەرامبەر ئەم خەم و خولیایەیدا، لە پلەی دووەمدا بوو. خۆیشی پلەیەکی وای هەبوو، یارمەتیی دەدا، بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوە لەگەڵ دڵڕەقی و، وشکیی ئەو کەسە بالایانەی کۆمەڵگادا، کە لە شاری پترزبۆرگدا، دەیناسین. بەش بەش کردنی چاکسازییەکان، ڕووپۆشی ڕێزنان بوو.

یەکەمیان: ئەوە بوو ئاندریە بە زیرەک و بلیمەت و ڕۆشنبیرێکی بالا ناسرابوو. چونکە دەستی "کۆیلەی زەوی"یەکانی خۆی والا کردبوو و، ئازادی کردبوون. بەوەیش بووە خۆشەویستی کۆمەڵگە. پیرانیشی بە لای خۆیدا راکێشا. چونکە بیروڕاکانی لەگەڵ بیرورای باوکیدا یەکی دەگرتەوە. تەنانەت ئەوانیشی بە پاڵپشتی خۆی دادەنا. راستتر بڵێین: ژنانی

کۆمەڵگایش بە مێردی خـوازراوی دەوڵەمەندی خۆیان دادەنا. ئەو ژنانەشی کە دەیانناسـی، لە سەر ئەوە کۆکبوون، کە لەو پێنج ساڵەی دواییدا، زۆر باش بووە. کەسێکە خەرمانـەی کۆسـتی مردنـی ژنەکـەی، بـە رووخسـارەوە دیـارە. خـوو و خـدەی، نـەرم بـووە و، خـاوەن قسەی خۆیەتی و، زۆر ڕێک بووەتەوە. قسـەکانی بووەتـە وێـردی سـەر زمانـان و، خـەڵکی خوازیاری نزیکیین، لێیەوە.

هـەر بـە دوای بینینـی ئـاراکشـیڤدا، کۆنـت کۆتشـوبیی رووی لـە ماڵەکـەی کـرد و، ئـەو شەوەی لەگەڵدا بردە سەر و، باسی سیلا ئاندرۆییڤیتشی بۆ بۆ کرد.

"کۆتشۆبیی"یش یەکێک بوو لەوانـەی کـە نـاو وناتۆرەی "سیلا"یـان لـە ئـاندرۆییتیشی وەزیـری جـەنگ نـابوو. چـاوەڕوانکـارانیش لـە هـۆڵی چاوەڕوانیەکەیـدا. هـەر ئـەو ناوناتۆرەیەیان بۆ لاقرتێ کردن پێی، بەکاریان دەهێنا.

کۆتشۆبیی وتی:

"ئازیزەکـەم تـۆ ناتوانیـت دەسـتبەرداری میخائیـل میخـائیلۆڤیتش بیـت. چونکـە ئـەو بڕیـاردەری سـەرەکییە و، خۆیشـم قسـەی لەگەڵ دەکـەم. پێموابێـت، ئـەم ئێوارەیـە ئامـادە دەبێت."

ئـاندریە لێی پرسی:

"بەڵام سبیرانسکی چ پەیوەندییەکی بە یاساکانی سەربازییەوە هەیە؟"

پێدەچوو کۆتشۆبیی بە سادەییەکەی ئاندریە سەرسام بوو بێت. چونکە بـزەیەک گرتـی و سەری بۆ لەقاند و وتی:

"لـەم چەند ڕۆژەی دواییدا، لـە بـارەی تـۆو ئـازاد کردنـی جوتیـار و، زەوی چێنەکانـەوە قسەمان کرد."

پیرەمێردێکی کۆنی سەردەمی کاترین، بە لای ئـاندریەدا لای کردەوەو پرسیی:

"ئاە! کەوابوو ئـەمەخۆتیت! ئەو میرەی جوتیارەکانی خۆیی ئازاد کرد!

میریش دەیویست لە هەڵچوونەکەی ئەو و کارەکەی خۆی کەم کاتەوە، وتی:

"ئـەو شوێنەی من: پارچە زەوییەکی بێ خێر بـوو و، بەرهـەمێکی ئـەوتۆی نـەبوو، بۆیە ئەو کارەم کرد."

پیرەیش سەیرێکی کۆتشۆبیی کرد و، لە سەری ڕۆیشت:

"لـەوە دەترسـایت، کـە درەنگ بگەیتـەجێ... شـتێک هەیـە نـاتوانم تێی بگـەم. گـەر ئێمـە جوتیارانمـان ئـازاد بکـەین. ئـەی کـێ زەوییـەکانمان بـۆ بکێڵێت!؟ یاسـادانان و دەر کردنـی یاسا، کارێکی سەخت نییە. بەڵام جێبەجێ کردنی شتێکی تڕە."

باشە پرسیارێکی تر:

"جا ئەگەر تاقیکردنەوەیان بۆ بکرێت: ئەی ئێمە: سەرکردەی لیواکان، لە کوێوە بێنین؟

کۆتشۆبیئییش قاچی خستە سەر قاچ و وتی:

"پێموایە هەر لە ژمارەی ئەوانەوەی کە خۆیان ئامادەی کردنەوە کردووە."

ئاندریەیش وتی:

"لە نووسینگەکەی منداً، پیاوێکی نایاب هەیە و، ناوی "بریاتشینکۆڤ"ە. پیاوێکی بە نرخە. بەڵام تەمەنێ شەست ساڵێک دەبێت. ئاخۆ دەبێت ئەویش بچێتە ژێر باری، ئەو تاقیکردنەوەوە؟"

کۆتشۆبییش وتی:

"بێگومان ئەوە کارێکی سەختە. لە کاتێکدا ڕۆشنبیرییش، لە وڵاتدا بەربڵاو نییە. بەڵام..."

رستەکەی تەواو نەکرد و، هەستا و، قۆڵی ئاندریەی گرت و، چوونە بەخێر هێنانی میوانێکی تازە هاتوو. کە کەڵەگەتێکی سەر ڕووتاوەی سوورباوی، نێوچاوان پانی ڕوخسار درێژکۆلەی (٤٠) ساڵانە بوو. بەرگی فراکی شینی فەرمیی لەبەردا بوو و، بەلای چەپیدا نیشانێک و بە ملیدا مەدالیایەک هەڵواسرابوو.

کتوپڕ میر ئاندریە وا بۆی چوو، کە ئەم میوانە سبیرانسکی بێت. بۆچوونەکەیشی بە هۆی هەڵچوونە دەروونییەکەی خۆیەوە بوو. بۆچوونێک کە مرۆڤ لە کاتی تێپەڕینی ساتە سامناک و تۆقێنەرەکاندا، هەستی پێ دەکات. ئاخۆ سەرچاوەی ئەو هەستە ڕێز بوو؟ یان ئیرەیی بردن؟ یان خۆ تێوەردان؟ ئەمانە پرسیاریەلێک بوون، کە خۆیشی وەڵامەکانی نەدەزانی.

کەسێتیی سبیرانسکی سەیر بوو! لە یەکەم بینیندا، داهێنەرانە دەینواند. میر ئاندریەش لە نێو ئەو چەندین کەسەدا، کە ناسی بوونی، کەسی لەو ئارام و لەسەرخۆ تر نەبینی بوو. کە هێندە بە ورە و وریا بێت، لە جووڵە و، هەڵسوکەوتەکانیدا. هەروەها لەو سەرنجە زیندووە و، هۆگرییەی و، بزە قالۆرەیدا. یان دەنگە ناسک و ڕێکوپێکەکەی. یان شێوەی ئەو روخسار و، دەست و پلە سپییە ناسکە کەمێک گەورەیەی. کە لەگەڵ نەرم و نیانییەیشیدا، کەمێکیش قەڵەو بوو. مەگەر هەر لەو سەربازە تازە دەرچووانەی لە خەستەخانەکاندا و، دوای مانەوەیەکی زۆر، بینی بێتی. وەکوو ئاوایش بوو، ئەو پیاوە رازدار و رازنووسی دەوڵەت و، ڕاوێژکاری ئیمپراتۆر و، هاوڕێیشی بوو، لە ئێرفۆتدا. چەندین جار قسەیشی لەگەڵ ناپلیۆن کردبوو.

سەرنجەکانی سبیرانسکی، لەو سەرنجانە نەبوون، کە کەسێک کاتی چوونە شوێنێکی قەرەباڵغەوە، دەیدات. پەلەیش نەبوو لە قسە کردندا. هەرچەند خۆیشی سەیری ئەو کەسانەی نەدەکرد، کە قسەی بۆ دەکردن. کەچی هێندە بە بایەخەوە دەدوا، بەرامبەرەکەی ناچار دەکرد: بایەخ بە قسەکانی بدات.

میر ئاندریەیش زۆر بە وردی قسە و، هەڵسوکەوتەکانی سبیرانسکیی لە مێشکیدا تۆمار دەکرد. خۆیشی وەکو خەڵکانی تر و، بە تایبەتی ئەوانەیان بوو، کە زۆر بە تووندی،

حوکم به سەر خەڵکیدا دەدەن.

میر ئاندریەیش بە یەکێک بگەیشتایە - بە تایبەتی ئەوانەیان کە هەر زووتر ناوبانگی بیستبووون — هەمیشە چاوەڕێی دۆزینەوەی کورتەیەک لە هەموو پەسەندیدە مرۆڤایەتییەکان دەبوو.

سبیرانسکی بە کۆتشۆبیی وت:

"بە داخەوە.. مانەوەی لە کۆشکدا بووە هۆی دواکەوتنی."

میر ئاندریەیش ئەم بێ فیزی و، سادەییەی کە نواندی، لەسەر تۆمار کرد. کە کۆتشۆبیی، میر ئاندریەی پێناساند، لە سەرخۆ و بە هەمان بزە قالۆر و بێ واتاکەیەوە، سەرنجی ئەوی دا.

دواتر وتی،"بە داخەوە کە لە دەستم دەرچووە و، زووتر نەمناسی بوویت! خەڵکەکەیش باسیان کردووە و، منیش لای خۆمەوە باسی تۆم بیستووە. "

کە "کۆتشۆبی"یش باسی پێشوازییەکەی "ئاراکتشییف"ی لە میر ئاندریە، بۆ کرد، هێندەی تر بزەی سەر لێوانی سبیرانسکی بەرین بووەوە.

لە کاتێکدا کە ددانی بە وشەکاندا دەنا، وتی،"مانیتسکی"ی ڕێزدار سەردەستەی "لیژنەی یاسایانی سەربازی"یە و، لە هاوڕێ نیانەکانی خۆمە. گەر پێت خۆش بوو دەتوانم پێتی بناسێنم و، ببینیت."

دوای کەمێک بێدەنگ بوون، لە سەری ڕۆیشت،"دەیبینیت کە چۆناوچۆن بیرۆکە پەسەندەکان ڕایدەکێشێت! منیش هیوخوازی ئەوەم. ئارەزوویش دەکات کە پیادەیان بکات."

ئاپووڕەی سبیرانسکییان دا و، بیرۆکراتییە پیرەیش پرسیارێکی تری لێ کرد. میر ئاندریەش کەوتە چاودێریی هەڵس و کەوتەکانی ئەو پیاوەی، کە تا دوێنێیش قوتابیەکی نەناسراوی نێو قوتابیانی لاهوت بوو و، ئێستایش هەرچەند بەشداریی وتووێژەکەیانی نەکرد، کەچی چارەنووس و داهاتووی ڕووسیا کەوتووەتە نێوان، ئەو دوو دەست و مەچەکە قەڵەوانەی ئەوەوە!

کاتێکیش وەڵامی پیرەی دەدایەوە، بە شێوازی قسە کردنەکەیشی سەرسام بوو! هەر لەوە دەچوو کە قسەکانی لە شوێنێکی هێندە بڵندێکی وەهاوە، کەوتبنە خوارەوە، کەس بۆی مەزەندە نەکرێت!!

بە بزەیەک و کەمێ دەنگی بڵندەوە، پیرە بیرۆکراتی، دەریخست کە ئەو دادوەری، ڕووە چاک و خراپەکانی بڕیارەکانی ئیمپراتۆری خاوەن شکۆ نییە.

سبیرانسکی پێی وابوو، پێویستە بایەخ بە میر ئاندریە بدرێت، بۆیە کەمەرەی ئاپووڕەکەی تێپەڕاند و، بەرەو ڕووی ئەویان چوو.

لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەوبەری هۆڵەکە و پێی وت،"ئەو وتووێژە گەرم و گوڕەی، کە

ئەو پیرە هێنایە ئاراوە، مۆڵەتی نەدام، قسەت لەگەڵ بکەم..میری بەڕێز!"

لەگەڵ قسەکانیشیدا، بزەیەکی وای بۆ کرد، کە بوغزاندنیشی پێوە دیاربوو و، وێستی بەوە میر ئاندریە تێ بگەیەنێت، کە هەردوکیان زۆر باش لەو وتوویژە بێ بایەخانە تێدەگەن. ئەوهڵوێستەیش کاری لە ئاندریە کرد.

سبیرانسکی لە سەری رۆیشت،"ماوەیەکە دەتناسم و، هەر زوو ئەو کارەی بەرامبەر جوتیارەکانت کردت، لێی بە ئاگا بووم! ئەوە کارێکی نموونەیی بوو و، خۆزگە خەڵکانێکی زۆر وەک تۆیان دەکرد. دوای ئەوە تۆ، لەو کەسە کەمانەیت، کە ئەو یاسا نوێیە، بە بێڕێزی کردن نازانیت، بەرامبەر خاوەن مۆڵکان."

میر ئاندریەیش وتی،"بەڵێ.. هەرچەند باوکیشم پێی خۆش نەبوو، کە سوود لەو مافەی خۆم وەربگرم، بەڵام من رێچکەی فەرمیی یاساکەم وەکو خۆی، وەرگرتووە."

سبیرانسکیش وتی،"لەگەڵ ئەوەیشدا کە باوکی بەڕێزت سەر بە سەدەی رابردووە، کەچی زۆر لە هاوڕێکانی سەردەمی خۆی باشتر و باڵاترە. بە تایبەتی لەوانەی ڕەخنە لە چارەسەرە دادپەروانەکان دەگرن. ئەو چاکسازییانەی کە زوڵم و زۆر لە سەر هاوڵاتیان هەڵدەگرن."

میر ئاندریە نەیویست کاریگەریی قسەکانی ئەوی، پێوە دیار بێت و وتی،"گەر راستیمان بوێت... پێم وانییە ڕەخنەکان هەموویان بێ بنەما بن."

ئاخر ئاندریە بەوە ناڕەحەت بوو، کە هەموو جارێک، پشتگیریی بکات و دەیویست دژی بوەستێتەوە. بەڵام بە کەمێک شڵەژاوییەوە، بیروڕاکانی خۆی دەربڕی. ئەوێکیش کەوا راهاتبوو ڕستە و دەربڕینەکانی ڕوون بێت.

زووتر ئاندریە زۆر سەرقاڵی چاودێریی کەسێتی ئەو پیاوە بەناوبانگە بوو.

بە سبیرانسکیی وت،" بەڵام بناغەی ڕەخنەکان ئەوانیش کەرامەتیان بوو و، بەس!"

لە سەری رۆیشت،"ئەڵبەتە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتیش."

سبیرانسکی چاوانی داخست و پرسیی:

" بۆ ئەمهیان چ شیکردنەوەیەکت هەیە؟"

ئاندریەیش لە وەڵامیدا وتی:

"خۆم یەکێکم لە سەرسامبووان بە "مۆنتسکیۆ"[1]پێموایە: ئەو تیۆرەیشی کە دەڵێت: خاوەندارێتیی مووڵک و مووڵکایەتی کردن شەرەفە، لەوە باڵاترە لێوەی بدوێین. وا بە خەیاڵمدا دێت، کە هەندێک لەو مافە تایبەتمەندیانەی بە خانەدانەکان دراوە، هۆیەلێکن بۆ پاڵپشتی کردنی ئەو بیر کردنەوەیە."

---

١ ـ شارل دوسکۆندا باروون دومینتیسکۆ:یاسا داڕێژێکی ئەوسای فەرەنسا بوو(١٦٨٩ـ ١٧٥٥)یەکەمین کە سێ دەسەلاتەکەی دەوڵەتی لە یەک جوێ کردەوە.

بزەی سەر رووە ئاڵۆزەکەی سبیرانسکی ون بوو و کرایەوە. بێگومان ئەو بیرۆکەیەی میر ئاندریە خستبێە پێش چاوی: جێی بایەخ پێدانی بوو. بە ئارامییەکی جێگیرەوە، دەستی کردە قسە کردن. هەرچەند بە فەڕەنسی دەدوا. بەڵام کەمێک شڵەژاوی پێوە دیار بوو. ئەمەیش وای لێ کردبوو لە سەرخۆتر بدوێت.

سبیرانسکی بە رووسی لە سەری رۆیشت:

"گەر لە گۆشەنیگایەکی تڕەوە سەرنج بدەیت..."

بە بەڵگەی سادەوە، کەوتە شیکردنەوەی کورت و روون. کەوا "شەڕەف"نابێت ببێتە مایەی زیان بەخشین بە شتە بە سوودەکان. شەڕەف بۆ خۆی بە ئاگا بوونێکی نەرێنیانەیە بۆ ئەو بەربەستانەی دەبنە هۆی بێزار بوون. بە واتایەکی تر بەخششەکانیش دەبنە بەڵگەی ئەمە. باشترین ڕێکخستنێکیش کە بۆ ئەمە کرابێت ئەوەبوو کە ناپلیۆنی ئیمپراتۆری مەزن، تەرخانی کردبوو. مەبەستم لە مەدالیای "تیپی شەڕەف"ە. ئەم مەدالیایە زۆر لەوەوە دوورە، کە زیان بە بەڕژەوەندیی خزمەتی سەربازی بگەیەنێت. بەڵکو یارمەتیدەری بەرژەوەندییەکانێتی. ئەوانەیشی کە لە دەربارداڕا ئەو مەدالیایەیان پێ دەبەخشرێت، پێی نابنە خاوەن تایبەتمەندیەکی هێندە قەبە تاکوو لە نێو نزیکانی دەربارداڕا پێیانەوە، دیار بێت."

میر ئاندریەیش وەڵامی ئەو بیرۆکەیەی دایەوە و وتی:

" من لەگەڵ ئەمە نارێک نیم. بەڵام ئامانج لە تایبەتمەندییەکانی دەربار، هەر ئەوەیە و، گومانی تێدا نییە، هەر یەکێک لە دەست و پێوەندەکانی دەربار، بە پێویستی دەزانێت، کە لە دەربارداڕا بێت و، شیاوی شوێنەکەیەتی. "

سبیرانسکی بزەیەکی کرد و، وا هەستی کرد کە وتوێژەکە گوێگر بێزار دەکات و، پێویستە کۆتا بێت.

بۆیە نیانانە وتی:

"لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا، نەتوانرا سوود لەو تایبەتمەندیانە ببینرێت."

"ئەی میر! ڕۆژی ئەم چوارشەمەیە، بە سەردانەوەت سەربەرزم بکە. تا هاتنی ئەو ڕۆژە، منیش بۆم دەلوێت، ماناییتسکی ببینم و شتێەلێکی زۆر و بە سوودت پێ ڕادەگەیەنم. ئەو ڕۆژە ماوەیەکی زۆریشمان دەبێت و، چێژ لە قسەکانت وەردەگرم. "

پاشان چاوانی داخست و فەڕەنسییانە دەستی بۆ بڵند کردەوە و، بێئەوەی داوای ڕێپێدان لە میوانەکان بکات، خۆی ون کرد.

بەشی شەش
کارە لە ئەستۆکەی ئـــاندریە

میر ئاندریە هەستی کرد، لە سایەی مانـەوەی ئەو رۆژانـەی، لـە پێترزبـۆرگ، هـەزاران بیرۆکە لە مێشکیدا گەشەی کردووە. هەر کە ئێواران دەگەڕایـەوە ماڵـەوە. کاتـەکانی ژوانـی چوار پێنج سەردانی پێویستی لە لای خۆی تۆمار دەکرد. ژیانی خۆیشی وا رێکخستبوو کە هەر سەعاتە و، لە شوێنی دیاری کراوی خۆیدا ئامادە بێت. بۆ ئەمـەیش دەبـوو، وزەیـەکی زۆر بـەکار بـەرێت. لەبـەر ئەمـە نـە کـاری دەکـرد و، نـە بیریشـی لـە هـیچ دەکـردەوە. کاتەکانیشـی هـەر بەشـی بـڵاو کردنـەوەی وتـاری ئـەو بیرۆکانـەی دەکـرد کـە کـاتی تەنیاییەکەی لە مێشکیدا گەڵاڵـە بوو بوون و، بیرۆکەکانیشی سەرکەوتوانە و، دیار بوون.

ئەو چوارشەمەیەی "کۆتشۆبیی"یش بۆی دیاری کرد بوو، لەگەڵ ئەو پێشوازییە گەرمـە و، ئەو کات بە سەربردنە فرەیەی، لە تەکیدا. کارێکی زۆری کردبووە سەر ئـاندریە.

میر ئاندریە کەسانێکی زۆری بە لاواز و بێزراو دادەنـا. فرە خواستیشی بوو، کەسانێکی دروستی ژیر و پاکژی دەست بکەوێت و ئەو تایبەتمەندیانەیشی لە سبیرانسکیدا دەبینیەوە. گەر ئەو پیاوی دەوڵەتـە لـە دەوروبـەرێکی وەکو ئـەوەی ئـاندریە، پـەروەردە ببوایـە. یـان نزیک بەوە بوایە. دەیتوانی باشتر تێی بگەیشتایە و، کەم و کوڕییەکانی ئەویشی بۆ دیـاری بکرایە. بەڵام بیرۆکە مەنتیقییەکانی پاڵنەرێکی مەزن بوون، بۆ ئەوەی ئاندریە زۆری خـۆش بوێت.

سەرەڕای ئەوەیش کە سبیرانسکی بڕوای بە تواناکانی ئاندریە بوو. دەیشیویست پەلکێشی بەرەی خۆیی بکات. سەرچاوەکانی بیرکردنەوە و، ئارامییەکەی و، بەخۆنازینەکەی، دوور لە لایەنگیری و، خۆهەڵواسین بوو. ناراستەوخۆ دەری دەخست، تەنیا خۆی و گوێگرەکەی، دەتوانن لەو قسە بێسەروبەرانەی خەڵکی و، ناخی خۆیان بگەن!

ئەو چوارشەمەیە و لە درێژەی قسەکانیدا، سبیرانسکی راناوی "ئێمە" و "خۆمان"ی بەکار دەبرد. لە شێوەی "ئێمە" خۆمان وایدادەنێین، کە لە سنووری باو و نەرێت دەرچوون. یان بە بزەیەکەوە دەیوت: "بەڵام ئێمە لەوانەین کە دەمانەوێت بە کەمترین زیانکەوتن لە مەڕەکان، گورگەکان تێر بکەین!" یان "ئەوان ناتوانن لەمە بگەن...".

ئەم پێک گەیشتنە دوور و درێژەی ئەو دوانە، یەکەمین هەستی لای ئاندریە دروست کرد، بەوەی کەسی سبیرانسکیی بە پیاوێکی پەسەند و رۆشنبیر و مەزن دانا. پلەکەیشی بەڕەوا و شایستە زانی: چونکە بۆی دەرکەوت بە زیرەکی و چالاکییەکانی خۆی وەدەستی خستووە.

سبیرانسکی هێندە وردبین و سادە بوو، حکومەتی رووسیایش چالاکییەکانی ئەوی بۆ بەرژەوەندیی رووسیا قۆستبووەوە. میر ئاندریەیش حەزی دەکرد بیروڕای خەڵکان لە بێژنگ بدرێت.

بیروڕاکانی سبیرانسکی هێندە روون و ئاسان بوون، بێ سێ و دوو پەسەندی ئاندریە بوو. ئەو کە بەرپەرچدانەوەیەیشی لە بەرامبەریدا هەی بوو، بۆ ئەوە بوو کە دەری بخات هێشتایش نەچووەتە ژێر رکێفیەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شتێک مابوو کە جێی دڵەڕاوکێی ئاندریە بوو، ئەویش ئەو سەرنجە سارد و بێ گیانانەی سبیرانسکی بوو. کە هەر بە ئاوێنەیەک دەچوو، کە وەکو ڕێ بە وینە دەدات بیسمێت... بەڵام ڕێ بە رۆح نادات، تێی پەڕێنێت! لەگەڵ سەرنجی ئەو دەستە سپیانەیدا ـ کە بە ویستی سبیرانسکی خۆی نەبوو و، وەکو کەسێک بوو لە بەردەم بەرپرسێکی مەزندا بێت ـ دەیدا و، بێزاریشی دەکرد.

دەمێک لە کار دەدوا و، سەرکۆنەی خەیاڵپڵاوانی دەکرد و، دەمێکیش رێژنەی لاقرتی و بردیندار کردنی بەسەر دوژمناندا دەباران. لە بەرتەسکترینی مەنتیقەوە دەیگواستەوە، بۆ پیرۆزییەکانی میتافیزیقیا و، ئەو شتانەی تەنیا بیری رووتن.

ئەم رێبازەی سەلماندنی دواییان، چاکترینی چەکی بوو. کارەکەی دەگەیاندە میتافیزیقیای باڵا و شیکردنەوەکەیشی، دەدایە پاڵ قەزاوقەدەر و، خۆی قوتار دەکرد. دواتر دەگەڕایەوە سەر وتوێژە سەرەکییەکەی خۆی. بە هەرحاڵ بڕوای نەگۆڕی بە دەسەڵاتی بیر و مافەکانی، دەستپێکی سەرەکیی ژیریی سبیرانسکی بوو. ئەمەیش کاریگەرییەکی زۆری، بە سەر ڕەوانی ئاندریەوە بوو.

بیگومان ئاندریە هیچ گومانێکی لەسەر سبیرانسکی نەبوو. بۆیە هیچ هەڵەیەکی بۆ

راست نەدەکردەوە. جارێکیش ئەوەی بە بیردا نەهاتبوو، کە ئەوانەی بە بیری مرۆڤدا دێن، هەموویان بە سوود نین. نهێنیی خۆشەویستیی ئاندریەیش بۆی هەر لەمەدا بوو. هەستیشی بەو سەرسامبوونەی خۆیشی کردبوو و، بە هێندەی سەرسام بوونەکەی بوو، بەو ناپلیۆن بۆناپارتەی، کە لە یەکەم بینیندا لای دروست بوو بوو.

سبیرانسکی لە بنەماڵەیەکی سەر بە کڵێسە بوو. هەر ئەوەیش وای ڕەخساندبوو، بۆ گیل و هێڕەکان ئاسان بێت، کە سیفاتی جۆرا و جۆری لێ بنێن. وەکوو ناتۆرەی: "کەوڕی خووریی بۆگەن". هەرچەند دەبوو ئەو سوکایەتی پێ کردنە، ببوایەتە کەم کردنەوەی سەرسام بوونی ئاندریە بە و سبیرانسکییە. کەچی زیاتر سەرسامی کردبوو!

لە یەکەم دانیشتنیاندا، باسی لێژنەی یاسا دانانیان کرد. سبیرانسکی بۆی ڕوون کردەوە، کە ئەو لێژنەیە لە (١٥٠) ساڵ لەمەوبەرەوە هەیە. ملیۆنەها خەرجیی خستووەتە سەرشانی دەوڵەت. بیئەوەی ئەو لێژنەیە کارێکی کرد بێت و، ڕۆڵێکی بەرچاوی بوو بێت! ئەمەش لەبەر ئەوەی "ڕۆزانکانف"ی سەرۆکیان کاری لێژنەکەی تەنیا لە بەراوردی یاسا لێک چووەکاندا کورت کردبووەوە.

پاشان وتی:

"لە پێناوی ئەم کارە جوانەیدا، دەوڵەت ملیۆنەهای بە فیڕۆ داوە! ئێمە ئەوە دەڵێین، کە دەسەڵاتی ئەنجومەنی پیران، یاسا دانانە. بەڵام یاسایەلێکمان بۆ ئەمە نییە! ئەی میر بۆ خۆت دەیبینیت، دووڕە پەڕێزیی کەسانێکی وەکو تۆ، لە خۆیدا هەڵەیە

میر ئاندریەیش وا بەڕەچی دایەوە، کە ئەم جۆرە چالاکییانە، لەم بوارەدا، بە ئاگایی و پسپۆڕییەکی ئەوتۆی دەوێت کە لە کێشی ئەودا نییە!

سبیرانسکییش هەڵیدایە:

"بەڵام کەس نییە ئەو پسپۆڕییەی هەبێت. کەوابوو دەبێت چی بکەین؟ ئەوەتا ئێمە لە بازنەیەکی گەندەڵ و، بۆگەنداین و تا ئەو چێوەیە نەشکێنین، ناتوانین لێی دەربچین!"

دوای (٨) ڕۆژ میر ئاندریە بە فەرمی بوو بە ئەندام لە لێژنەی یاسای سەربازیدا. خۆیشی سەری لەوە سوڕما کە کرابوو بە سەرۆکی یەکێک لە لقەکانی لێژنەی "ئەنجومەنی یاسادانان!" ئەویش لەبەر خاتری داوای سبرانسکی پەسەندی کرد و کەوتە کارکردن تێیدا و دانانی بەشی یەکەمی "یاسای مەدەنی". لەوانەیش مافەکانی مرۆڤ. ئەمەیشی بە پشتبەستن بە یاساکانی ناپلیۆن و جۆستینیان بوو.

بەشی حەوت
لە کۆبوونەوەکانی ماسۆنییاندا

دوو ساڵ لەمەوبەر و لە ساڵی (١٨٠٨)دا. ئەو دەمەی پییەر، لە سەردانی موڵکەکانی گەڕایەوە. بیئەوەی خۆیشی چاوەڕوانی بوو بێت، لە پیترز بۆرگدا خۆی بە سەرۆکی "ماسۆنییان" بینیەوە! ئیدی ئویش کەوتە ڕێکخستنی کۆڕ و کۆ بوونەوەکانی ماسۆنییان و، وەرگرتنی ئەندامە نوێیەکان و ناو نووسکردنیان.

بایەخی زۆریشی بە یەکخستنی چین و توێژەکان و، هەموو کۆڕەکان دەدا. بە پارەی تایبەتیی خۆیشی، پەیکەرە نوێیەکانی دروست دەکرد. ئەوەیش بە گوێرەی توانای خۆی و ئەو بڕە باربووە کەمەی، ئەندامانی ماسۆنی بوو.

پاشان وای لێهات، هەرخۆیشی سەرپەرشتیی دروست کردنی خانووبەرەی هەژارانی دەکرد. ئەو خانووبەرانەی کە دەستە و لیژنەکانی ماسۆنی، لە پیترزبۆگدا، دایان مەزراند بوو.

لە سەروو ئەمانەیشەوە، ژیانی هەر وەکو جارانی بە خواردنی خۆش و خواردنەوە و، ڕابواردن و گەڕانەوە، بەسەر دەبرد. هەرچەند ڕەفتاری هەرزەکارانی بە بێرەوشت و خراپە دەزانی، بەڵام نەیدەتوانی تێکەڵیان نەبێت و، لە ماڵەکەی خۆیدا نەیکات!

دوای ساڵێک هەستی کرد، گەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت. هەرچەند فەرشەکەی ژێر پێی بە تووندیش بگرێت، لە ژێرپێ دەکێشنەوە و، لە بەڕێوەبەرایەتیی دەخەن.. وا هەستی دەکرد کە پێیەکی لە سەر زەلکاوێکی ڕوو تەخت داناوە و، کەمە کەمە ڕۆ دەچێت! جا بۆ ئەوەی پتەویی جێی ئەو پێیەیانی بۆ دەربکەوێت، قورسایی پێیەکەی تریشی دەخستە سەر و، هێندەی تر ڕۆچوونەکەی زۆر بوو و، تا ئەژنۆکانی لەو زۆنگاوەدا نقووم بوو.

ماوەیەک بوو چالاکیی جۆزیف ئەلکسییڤیتش لە پیترزبۆرگدا کاڵ و کەم بوو بووەوە و،

لە مۆسکۆ دوور نەدەکەوتەوە. گوێیشی بە کۆڕ و کۆبوونەوەکان نەدەدا
کە بە لیستی پارە بەخشینی ئەندامەکاندا دەچووەوە. بە تایبەتی خانەی داهاتەکانی لیستەکە. (٢٠ – ٣٠) رۆپڵێکی لە پارەی ئابوونەی (١٠) ناوی هەرە دەوڵەمەندی وەکو خۆی، دەبینی ناوەکان کەمتر بوون لەو ناوانەی کە خۆی دەیناسین و، ئەو سۆێندەی بیر دەکەوتەوە، کە ئەو بڕا ماسۆنییانە خواردبوویان و، بریتی بوو لەوەی کە هەموو سامانەکانیان ببەخشن بە خەڵکی و، ئەو گومانانەی زۆرتر دەکرد کە هەمیشە دەیویست بیانشارێتەوە.

پیێەر برایانی ماسۆنیی کردبووە چوار بەشەوە. بەشی یەکەمیان ئەوانە بوون کە هەرگیز بە کردەوە، بەشداریان لە چالاکی و کاری کۆڕەکان و، باری مرۆڤایەتیدا نەدەکرد. تەنیا و تەنیا، لە نهێنیی یاسا و، رژێمدا قووڵ دەبوونەوە و، سێ کوچکەی اللە و هەموو شتەکان. لەوانە گۆگرد و، جیوە و خوێ. لەگەڵ قوولبوونەوە لە واتای چوارگۆشەکە و، وێنەکانی سەر دیوارەکانی پەرستگای سولەیمان.

پیێەر خۆیشی رێزێکی فرەی بۆ کۆمەڵی یەکەم دادەنا. کە ئەو بەشە کۆنترین ئەندامان و جۆزیف ئەلکسییڤیتش، خۆیشی لە خۆ گرتبوو. بەشداری سەرقاڵیەکەیشیان نەبوو، چونکە سۆفیگەرێتیی ماسۆنیی بەلاوە خۆش نەبوو و، سەرنجی ڕانەکێشا بوو. لە بەشی دووەمیشدا خۆی و ئەو کەسانەی دانابوو، کە لە دڵەڕاوکێدان و دەکۆڵنەوە و، لەوانەن کە هەرچەند تا ئێستایش راستەڕێی ماسۆنییان نەدۆزیوەتەوە، بەڵام نائومێد نین لە دۆزینەوەی راستەڕێکە و رۆژێک دێت کە پێی بگەن. لە بەشی سێیەمدا، کە زۆرترین ژمارەیان هەبوو. ئەوانەی دانابوو، کە لە مەزهەبەکەدا تەنیا ڕووکەش و، ئاهەنگەکانیان دەبینی. بە تۆندیش نەرێتە ئایینییەکەیان جێبەجێ دەکرد، بێئەوەی کە لە واتا شاراوەکانی تێ بگەن! ئەم تایبەتمەندیەیش بە سەر نزیکەی هەموو ئەندامانی ئەم بەشەیاندا دەسەپا. هەر لە فیلارسکییەوە، تا رابەری گەورەترین کۆڕیان. بەشی چوارەمیش ژمارەیەکی زۆری لە برایانی نوێ لە خۆ دەگرت. کە بە بڕوای پیێەر نە بڕوایان بە هیچ هەبوو. نە حەزیشیان لێی بوو. کەسانێک بوون کە ئەندامبوونیشیان تەنیا بۆ ئەوە بوو، کە لاوە دەستڕۆیشتووە خانەدانەکانی تۆێژە باڵاکان بناسن. چونکە ئەندامانێکی زۆری ئەو بنەماڵانە ماسۆنی بوون.پیێەر کەوتە گومانەوە لە یاسا ماسۆنییە ڕووسییەکان. بێئەوەی بگاتە گومان بردن، لە ماسۆنییەکە خۆی. پێی وابوو، کۆڕە ڕووسییەکان بە هەڵەدا چوون و، لە رێباز لایان داوە و، لە بنەما بنەڕەتییەکانی ماسۆنی ترازاون. بڕیاریشی دا لە کۆتایی ساڵدا، بچێت بۆ هەندەران، تاکو لە نهێنییەکانی ڕژێم بگات.

لە سەرەتای هاوینی (١٨٠٩)دا پیێەر گەڕایەوە. برایانی ماسۆنیش، بە هۆی هەواڵگرانیانەوە، زانیبان پیێەر پیزۆخۆف متمانەی چەندین گەورە پیاوانی پلە و، پایەداری باڵای وەدەستهێناوە و دەستنیشانیان کردووە: بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا.

پرۆژەیەکی زۆریشی بۆ ماسۆنییان هێناوەتەوە. بۆ رازی کردنی پیەر لە خۆیان، هاتنە سەردانی و وایان دانابوو، کە شتێکیان لێ شاردراوەتەوە.

دواتر کە بۆیان دەردەکەوێت، بڕیاریان دا کۆڕێکی ئاستی پلە دوو ساز بدەن و پیەریش بڕیاریدا هەر لەوێدا برایان ئاگادار بکاتەوە، لەو نامەیەی کە لە باڵاکانی رژێمەوە، بۆی هێناون: دوای رێ و رەسمی کۆڕەکە، پیەر هەستا و، وتارێکی بە دەستەوە بوو.

سوور هەڵگەڕابوو و، زمانی دەیگرت و بە شەرمەوە وتی:

برا ئازیزەکان....

هێندە بەس نییە، لە کۆڕەکاندا بە نهێنی کارەکانمان جێبەجێ بکەین. بەڵکو پێویستە ئێمەیش کار بکەین... بەڵێ... کار بکەین. بەڵام ئەوەتا لە جێی ئەوەی کار بکەین، ئێمە لە پرخەی خەودایین!

"پەڕەکانی بە دەستەوە گرتەوە و، کەوتە خوێندنەوە":

بۆ ئەوەی راستییەکان باڵاو بکەینەوە و سەرکەوتنی خێر و چاکە، بە دەست بێنین. پێویستە گەندەڵی و، خراپەکارییەکانی دەوروبەری خۆمان، لە ڕەگ و ریشەوە دەربێنین. پێویستە تازە پێگەیشتووەکان ڕۆشنبیر بکەین و، بایەخیان پێ بدەین. بە کەسانی ڕۆشنبیرەوە پەیوەست بین و، خورافە و ئەفسانەکان و، درۆ و دەلەسەکان و، بێ بڕوایی بە خوا: بە دانایی و بوێرانە ڕسوا بکەین. لە دڵسۆزانمان کۆمەڵێک پێک بهێنین کە ئامانجی هاوبەشیان هەبێت و، دەسەڵاتیان بدەینە دەست.

تا بەو ئامانجانەیش بگەن: دەبێت خێر و چاکە زاڵ بکەین بە سەر شەڕ و خراپەدا. هەوڵ بدەین پیاوچاکان لەم دنیای فانییە و، ئەو دنیادا پاداشت بدرێنەوە و، ئەوانە خەڵات بکرێن. بەڵام ژمارەیەکی زۆر، لە دامەزراوە سیاسییەکانی دەرەوە، بوونەتە بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە ئامانجە مەزنەکانمان.

لە بارو دۆخێکی وادا: چی بکەین باشە؟ ئاخۆ پشتگیریی شۆڕشگێڕان بکەین تا حکومەتەکانیان هەڵبگێڕنەوە؟ یا بە گژ هێزەکانیاندا بچینەوە؟ کە ئێمە زۆر لە ئەمەیانەوە دوورین. هەر چاکسازییەک بە زۆر بسەپێنرێت، ئەوا جێی گلەیی و لۆمە دەبێت. گەر کەسەکان هەر وەکو خۆیان بمێننەوە، شتە خراپەکان چاک ناکرێنەوە. بوونی توندوتیژی: هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە. پێویستە ئامانجی ئێمە بنیاتنانی کەسانی بە هێزی بڕوا دامەزراو و، پیاوچاکان بێت. بیرو باوەڕ، پێکیانەوە ببەستێتەوە و، لە سەر راونانی خراپە و گەندەڵی و رسوایی، یەک بگرن. سەرچاوەکانی خێر و چاکە، لە هەرکوێیەک هەبوو: بیانپارێزین و، کێشی بەرەی خۆمانیان بکەن. یاساکانی ئێمە لە توانایدایە: دەستی یارمەتەرانی گەندەڵی و خراپەکاری، وشک بکات و، ئاراستەیان بەرەو خێرو چاکە بگۆڕێت، بێئەوەی هەر بە خۆیشیان بزانن.

بە کورتییەکەی: پێویستە بەرێوەبەرایەتییەکی جیهانی دابمەزرێت و، لە بەرژەوەندیی هیچ دەوڵەتێک نەدات و، ئازاد بێت لە کارەکانیاندا. تەنیا ئەو دەوڵەتانە نەبێت کە

دەچنەوە، بە گڕ بەرنامەکانی پشتگیریکردنمان لە چاکە و سەرخستنی بە سەر خراپەدا. هەر ئەم پرۆگرامەیش، لە نێو نەصرانیاندا پەیرەو کراوە. ئەوانیش خەڵکیان وا راهێناوە، کە ژیرو نیان بن و، لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیاندا راوێژ بە پیاوە ژیرەکان بکەن و، ڕێنماییەکانی پیاوچاکان بگرنەبەر. لەوانەی کە حیکمەت و ژیریی زۆریان لایە.

ئەو دەمەی هەموو شتێک نقووم دەبێت و، تەنیا ئامۆژگاری کردن بەس دەبێت. ئاشکراکردنی راستی بە تۆندی خۆی دەنوێنێت. بەڵام لە ئێستای ئێمەدا هۆیەلێکی تواناداڕتر و، کاریگەرتر پێویستە. پێویستە ئەو مرۆڤانەی گوێ لە مستی هەستەوەرەکانی خۆیانن، بە قووڵی سەرسامی خێر و چاکە بکرێن. لەبەر ئەوەی ئێمە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤمان لە ڕەگ و ریشە بۆ دەرناهێنرێت، کەوابوو دەبێت بەرەو ئامانجی پاک و بێگەرد ئاراستەیان بکەین. دەبێت رژێمەکەمان ئاراستەکەرانیش کۆمەک بکات. پێویستە هەر یەکەیشمان لە سنووری خێرو چاکەدا تێریان بکەین.

گەر توانرا لە هەر دەوڵەتێکدا، چەند لایەنگیرێکمان دەست بکەوێت. ئەوا هەر یەکێک لەوان لەگەڵ دوانی تردا، یەک بگرن. ئەوا ئێمەش لە توانامانداە دەبێت، کارە چاکەکانمان پیادە بکەین، هەر وەکو چۆن ئێستا بە نهێنی دەیکەین.

وتارەکە کاریگەرییەکی تۆندی بەسەر ئامادەبووانی کۆڕەکەوە هەبوو. تەنانەت پشێویشی نایەوە. زۆرێنەی ئامادەبووان، بە ساردییەوە قسەکانیان وەرگرت. ئەمەیش پییەری سەرسام کرد و، وای بۆچوو، کە لە درێژەی قسەکانیدا لە بنەماکانی ئاینەکەی تێپەڕاندووە.

ڕابەری مەزن، بەرگری لێ کرد و، پییەریش بە تامەزرۆییەوە، کەوتە شیکردنەوەی بیروڕاکانی خۆی.

هیچ کەسێک لە برایانی کۆڕ، تا ئەو کاتە کۆڕی ئاوا بە ژاوەیان نەبینی بوو. چەندین کۆمەڵیان لە خۆیان دروست کرد. هەندێکیان پییەریان بەوە تاوانبار دەکرد، کە قسەکانی هەڵەج و بەڵەج بوون. بڕێکی تریان بەرگرییان لێ دەکرد. بۆ یەکەمجار پییەریش هەستی بەوە کرد، کە جیاوازی بیر و ژیریی بێ سنوور، دەبێتە هۆی وێن بوونی راستی و ڕەوایی ـ هەر چۆنێکیش بێت ـ لای دوو کەسی جیاواز یەک شێوە وەرناگرێت! تەنانەت ئەوانەیشی کە بەرگرییان لێ دەکرد، بە هێندەی بیرو ژیریی خۆیان، لە پییەر گەیشتبوون و، چەندین کۆت و بەندو راستکردنەوەیان بۆ بیرۆکەکانی دانابوو. ئەمەیش بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆیان.

لە کۆتاییشدا، هەستی بە لاقرتێی مامۆستای مەزنیش کرد. بەوەی کە زیاد لە پێویست هەژاوە. بێگومان پاڵنەری حەز بە خەبات کردنی، لە خێر و چاکە، پێ خۆشتر بوو.

پییەر نەهاتە گۆ و، بە کورتی پرسیاری ئەوەی کرد: ئاخۆ وتارەکەی پەسەند بووبێت؟ هەر کە بە نەرێنی وەڵامەکەی بیستەوە، بێئەوەی لە کەس بڕوانێت چووە دەرەوە.

بەشی هەشت
گەڕانـەوەی هیلین

دوا بە دوای وتار خوێندنەوەکەی لـە کۆڕەکەدا، ئـەو خەمۆکییـەی کە پییـەر زۆری لێ دەترسا، زاڵبووەوە بەسەریدا. سێ رۆژ لە سەر یەک، لە ماڵەوە و، لە سـەر قەنەفەکـەی راکشا و، نەچووە دەرەوە و، پێشوازیی لە کەس نەکرد.

هەر لەو کاتەدا، نامەیەکی لە ژنەکەیەوە بۆ هات و، تێیدا لێی پاڕابووەوە کە ژوانێکی بۆ دابنێت، تاکوو ببینێت. دوای ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر، لە هەندەران مابووەوە، ئەوەی تێدا دەربڕی بـوو، کـە بـە ویسـتی خـۆی دەیـەوێت بمێنێتـەوە.. لـە کۆتـایی نـامەکەدا ئەوەیشـی راگەیاندبوو، کە بەم نزیکانە، دەگەڕێتەوە بۆ پیترزبۆرگ.

دوای ماوەیەک، یەکێک لە برایانی ماسۆنی و، لەوانـەی کە ئەو زۆری خـۆشنەدەویست، خـۆی کـرد بـە ماڵەکەیـدا و، باسـی ژیـانی هاوسـەرگیریی پییـەری لـەلا کـردەوە و، ئـامۆژگاریەکی برایانـەی کرد کـە ئـەم پێداگرتنـەی، لـە بەرامبـەر ژنـەکەیدا رەوا نییـە و، نەبەخشینی تۆبەکار لەگەڵ یەکێک لە بنەما سەرەکییەکەی پەیڕەوە پـیرۆزەکەمان نایەتەوە.

هەر لەو کاتەیشدا خەسـووی پییـەر "ژنەکەی میر بازیل" هـەواڵی پێ راگەیاندبوو: کـە دەیەوێت ببینێت. ئەویش لێی پاڕابووەوە، کە هەندێک لـە کاتی خـۆی، بـۆ تـەرخان بکات. چونکە کێشەکە زۆر گرنگە و، دەیەوێت لەو بارەیەوە قسـەی بۆ بکات.

پییـەر هەستی کرد کە ژێربەژێر، هەموویان پیلانی ئەوە دەگێڕن لەگەڵ ژنەکەیدا ئاشـتی بکەنەوە.

لە رووی دەروونییەوە، پییەر داڕووخاو بوو و، هەر گوێیشی بەوە نەدەدا و، هەموو شتێک بە لایەوە بێبەها بوو. بڕوایشی وابوو، کە لە ژیاندا شتێک نییە هێندە بایەخی هەبێت، تاکوو لێی بکۆڵێتەوە. بوو بووە نێچیری وردەی رووخاو و، مت بوو. وەکوو جارانیشی ئازادیی خۆی، بەلاوە گرنگ نەمابوو و، وا هەستی دەکرد، کە ئەو بڕیارەی بە سزادانی ژنەکەی، شکستی خواردووە. وا بیری دەکردەوە: کەس لە سەر حەق نییە و، دواتر کێ تاوانبارە!؟ کەوابوو منیش ناتوانم تاوانباری بکەم. گەر زوویش نەچێت بە پیر ئەم رێکەوتنەوە، لەگەڵ (هیلین). ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە داروخانە دەروونییەکەی، دەستەکانی دەبەستێتەوە و، ناهێڵێت هیچ بکات. لەبەر ئەوە گەر ژنەکە خۆیشی بهاتایە، بێگومان رووی لێی وەرنەدەگێڕا.

لە یەکێک لە ڕۆژە خۆشەکاندا، بەرەو مۆسکۆ کەوتەڕێ. بێ ئەوەی وەڵامی نامەکانی خەسووەکەی و، ژنەکەی بداتەوە. ئەویش بۆ ئەوە بوو، تا راوێژ بە جۆزیف ئەلکسییڤیتش) بکات.

ئەمەی خوارەوەیشی لە دەفتەری بیرەوەریەکانیدا تۆمار کرد:

"مۆسکۆ ١٧ی تشرینی دووەم نۆڤێمبەر:

هەر ئێستا لای پیاوچاکەکە هاتمە دەرەوە و، دەست دەکەم بە نووسینەوەی هەستی خۆم. جۆزیف دووڕەڕێز دەڕی و، سێ ساڵە بە دەست ئازاری بەرموسەڵانەوە دەنااڵێنێت. هەرگیز خەڵکیش نااڵە و بێزاریی، لێ نەبیستووە.

ڕۆژانە هەر لە بەیانییەوە تا نیوەشەوێکی درەنگ، خەریکی لێکۆڵینەوەیە. تەنیا ئەو ساتانە نەبێت، کە خواردنە ساردەوەبووەکەی دەخوات. ئەو پیاوە بە خۆشەویستییەوە پێشوازیی لێکردم و، لەسەر ئەو نوێنەی کە خۆی لێی ڕاکشابوو داینام. منیش بە شێوەی سوارانی ڕۆژهەڵات، سڵاوم لێ کرد. ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دامەوە.

پرسیاری ئەوەیشی لێ کردم: کە ئاخۆ لە کۆڕەکانی ئیکۆسیا و، بڕووسیاوە چی فێر بووم؟ منیش بە گوێرەی توانای خۆم: بۆم شیکردەوە و، ئەو بیروڕایانەی لە کۆڕەکەی پیترز بۆرگدا وتبووم، بۆم گێڕایەوە. پێشوازییە خراپەکەیشیان لە ڕاو بۆچوونەکانم، نەشاردەوە و پێم وت. ئەو ڕەفتارە خراپەیان بووە هۆی دابڕانم لە برایان.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر. جۆزیف ئەلکسییڤیتش، تیلەچاوی خۆی، بۆ باس کردم و، هەر زوو ڕابردووی وەبیر هێنامەوە. ڕێی ئێستایشی بۆ ڕووناک کردمەوە. بەوەیش سەرم وڕما... کە پرسیاری ئەوەی لێ کردم: ئاخۆ ئێستایش، هەر سێ ڕێنماییە سەرەکییەکەی یاسا و ڕژێمەکەی خۆمانم بیر ماوە!؟ کە بریتین لەمانە:

(١) ـ پاراستنی نهێنییەکان و، قوولا بوونەوە تێیاندا.

(٢) ـ پاک کردنەوەی خود و، لێ پێچینەوە سزادانی نەفس و، بەرەنگاربوونەوەی. ئەمەیش بۆ ئەوەی نهێنی پارێز بێت.

(٣).ـ راستکردنەوە و سازدانەوەی رەگەزی مرۆڤ. لە رێی ئەو خەباتانەوە.

کام لەم سێ ئامانجانە بایەخدارترە؟ بێگومان پاک کردنەوەی "نەفس". ئەمەیش ـ با بە ماندووبوونێکی زۆریش بێت ـ تەنیا ئامانجێکە لەگەڵ ئەو هەموو گریمانەدا، دەتوانین پێی بگەین.

هەرزە گۆیی لەگەڵ لووتبەرزیی خۆمان، فریومان دەدات و، لەم بنەما و ئامانجەمان دوور دەخاتەوە. دەبا بە نهێنییەکانی خۆماندا رۆ بچین. پیسیی خۆمان: رێمان پێ نادات، کە ئەمەیش بکەین! یان کار بۆ پاک کردنەوە و، سازدانەوەی رەگەزی مرۆڤ بکەین. لە کاتێکدا خۆمان وەکوو نموونەیەکی گەندەڵیی مرۆڤ پیشان دەدەین.

رێبازە نوێیەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بۆ بینینی رۆڵی کۆمەڵایەتی، بە لووتبەرزی و خۆ ویستی، پۆخڵ بوون. ئەوانە لە بڕوایەکی ناساز و گەندەڵ پتر، هیچی تر نین.

جۆزیف ئەلکسیێفیتش لەسەر ئەو بنەمایانە، لۆمەی خۆم و وتارەکەی کردم. منیش لە ناخی خۆمدا، پشتگیریی قسەکانی ئەوم کرد.

کەوتینەوە باسی کێشەی هاوسەرەکەم و پێی وتم:

"ئەرکی سەرشانی ماسۆنیی ڕاستەقینە ـ کە هەمیشە دەیڵێم و دەیڵێمەوە ـ ئەوەیە: کە پێویستە یەکەمجار ماسۆنیی خۆی راست بکاتەوە و، خۆی ساز بداتەوە. بەڵام زۆرینەی جارەکان فریوی ئەوە دەخۆین، کە بە زووترین کات بە و مەبەستە، دەگەین. ئەویش بە دوور کەوتنەوەمان لە ماندوویی و، قورسییەکانی ژیان. لە کاتێکدا ئازیزەکەم... پێچەوانەی ئەوە راستە! چونکە ئێمە بەو ئامانجە ناگەین، تاکوو خۆمان لە نێو کارەساتەکانی زەمانە و، کێشەکانیدا نەبین.

ئەویش لەبەر ئەم هۆیانە:

(١) ـ خۆ ناسین... مرۆڤ بە هۆی خۆ بەراوردکردنەوە نەبێت، خۆی ناناسێت.

(٢) ـ خۆ پاک کردنەوە و، سازدانەوە. ئەمەیش بە خەبات کردن بۆی دەستەبەر دەبێت.

(٣) ـــ پاکیزەیی... واتە مەرگدۆستی. تەنیا بارەکانی ژیان دەتوانێت بە بااییە ساختەکەی، خۆمان بناسێنێت و، مەرگدۆستیمان لە کن شیرین بکات و، ئارەزوومان بە زیندوو بوونەوەی رۆژی دوایی، پێ پەیدا بکات.

ئەم وشانە زۆر گرنگ و بە بایەخن. هیچ هاوتایەکیان نابێت. تەنیا ئەو گرنگییە نەبێت،

کە جۆزیف ئەلکسیيفیتش دەیزانیت. کە لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە جەستەییەدا هەرگیز سکالای لە ئازارەکانی ژیانی خۆی نەکردووە.

هەرچەند مەرگدۆست و مەرگ ویستیشە، کەچی بەو هەموو پاکیزەیی و بالاییەوە، کە پێی بە ناوبانگ بوو، وا هەست دەکات هێشتا بە باشی خۆی بۆ ئەو مردنە: ئامادە نەکردووە. پاشان ئەو پیاوچاکە واتای چوارگۆشەی خولقێنەری مەزنی بۆ شیکردمەوە و بایەخی ژمارەکانی (٣) و (٧). کە ئەوانە بناغەی هەموو شتەکانن.

ئامۆژگاریشی کردم، کە لە برایانی پیترزبۆرگ دانەبڕێم. پێویستە لە مەترسییەکانی بەخۆنازین و، ئاکامەکانی ئاگاداریان بکەمەوە. بیانخەمەوە سەر خۆ سازدانەوە و، راستەڕێ.

لە هەمان کاتیشدا، خۆم بە کارە لاوەکییەکانی کۆڕەکەوە سەرقاڵ بکەم. بۆ خۆیشم چاودێریی خۆم بکەم و، بۆ ئەم کارەیشم ئەم دەفتەرەی پێدام. کە ئێستا ئەم یادەوەرییانە و، هەڵس و کەوتەکانی داهاتوومی تێدا دەنووسمەوە.

پیترزبۆرگ ٢٣ی تشرینی دووەم.

"لەگەڵ ژنەکەمدا ئاشت بوومەوە... خەسووم بە دەم فرمێسک رشتنەوە، پێی وتم، کە هیلین لێرەیە و، دەیەوێت کە گوێی لێ بگریت. خۆ من باش دەزانم گەر ڕێ بە خۆم بدەم و، بڕۆم بۆ بینینی ئەو. ناتوانم پاڕانەوەکەی ڕەت بکەمەوە. بۆ ئەم دڵەڕاوکێیەشم، نازانم پەنا بۆ کێ ببەم!؟ گەر پیاوچاکە رابەرەکەم لێرە بوایە: ئامۆژگاریەکانی بۆ من زۆر بە نرخ و بە سوود دەبوو. ماوەیەکی زۆر دانم بە خۆمدا گرت و، نامەکانی جۆزیف ئەلکسییفیتش)م زۆر خوێندەوە. بیرم لە وتوێژەکان کردەوە. تا گەیشتمە ئەم ئەنجامە...

لە سەرمە دەست بۆ ئەوانە درێژ بکەم: کە هانام بۆ دێنن و، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە نێوانماندا سۆزێکی بە تین هەیە. کەوابوو پێویستە شان بدەمە بەر ئازارەکانم. هەر بۆ چاکە کردن، لێی خۆش ببم. چاوەڕوانی ئەوە دەکەم لە پەیوەندیەکی ڕەوانی زیاتر، شتێکی دی نەبێت پێکمانەوە ببەستێت. بەڵام تکایشم لە ژنەکەم کرد کە لە هەڵەکانی رابوواردووم خۆش ببێت. بەڵام من شتێکی وام لا نییە کە پێویست بە لێبووردن بکات.

خۆشحاڵیش بووم، بەوەی کە توانیم بەو شێوەیە، قسەی لەگەڵ بکەم. با هەر بێئاگایش بێت، لەوەی کە من بەو فڕو فێڵەیم زانیوە، کە کردوویەتی: بۆ ببینینم.

لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەمدام و چێژ لەو نوێبوونەوەی ژیانەم وەردەگرم.

بەشی نۆ
گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا

لەو دەمەدا وا باو بوو، ئەندامانی چینە باڵاکانی کۆمەڵگا، کاتی کۆ بوونەوەیان لە دەربار، یان لە ئاهەنگە مەزنەکانی سەمادا، دەبوونە چەند بەشێکەوە. هەر بەشە و، تایبەتمەندیی خۆی دەبوو. بازنەی بەشە فەڕەنسییەکان، لە هەموو بەشەکانی دی گەورەتر بوو. کەسەکانی ئەو بازنەیەیش، هەواداری ناپلیۆن بوون و، یارمەتیی ئەویان دەدا و، کۆنت رۆمانتسیۆف و، کۆنت "دوکۆلنکور"[1] دەبوونە دەمڕاستی ئەو کۆڕانە.

هیلینیش بەو گەڕانەوەیەی بۆ نیو ژیانی مێردەکەی باڵاترینی پلەو پایەی لە کۆمەڵگادا بۆ خۆی داگیر کرد. ئەو کەسە نەناسراوانەی، کە دەچوونە باڵیۆزخانەی فەڕەنسا و، کەسانێکی خاوەن کەسێتی بوون، هاتوچۆیان دەکرد.

بە رێکەوت ئەو دەمەی پێک گەیشتنەکەی هەردوو ئیمپراتۆرەکە، هیلینیش لە ئێرفۆرت بوو. سەرکەوتنێکی باشی بە دەستهێنا و پەیوەندیی، بە زۆرێک لە کەسێتییە ئەوروپاییەکان و، ئەوانەی هەواداری ناپلیۆن بوون و، گرنگ و بە ناوبانگ بوون، کرد. تەنانەت ناپلیۆن خۆیشی، لە یەکێک لە هۆڵەکانی شانۆدا سەرنجی هیلینی دابوو و، بینی بووی، کە جوانییەکانی خەملاوە...لە بارەیشیەوە وتبووی: ئاژەڵێکی شۆخ و شەنگ و جوانە!

---

١ ـ مارکیز لویز دو کۆانکور: ژەنەرالێکی فەڕەنسی بوو. دواتر بووە باڵوێزی ڕووسیای سەردەمی پاشایەتی.

بەلای پییەریشەوە سەرکەوتنی ئەو ژنە جوان و رێکپۆشە و، راکێشانی سەرنجی خەڵکی ئاساییە. بەڵام هەمیشە لە خۆی دەپرسی: کە چۆن لە ماوەی دوو ساڵدا، ژنەکەی: توانیی ئەو هەموو ناوبانگە بە دەست بێنێت و، بە ژنە جوانەکە بناسرێت!؟

میر "دولین"[1]ی بە ناوبانگیش نامەی (٨) لاپەڕەیی بۆ دەنووسی! بیلیبینیش بێدەنگ دەبووو رێی بۆ هیلین خۆش دەکرد، تا قسە بکات! لەبەر ئەمە چوونە هۆڵی کۆنتیسی ژنی پییەر بیزۆخۆف لە خۆیدا، شانس بووە مەدالیایەکی بیرو ژیریی کەسەکە! پێش ئەوەی لاوان بچنە کۆڕەکانیەوە، کتێبیان دەخوێندەوە. تاکو خۆیان ئامادەی گفتوگۆ بکەن، لەگەڵ هیلیندا. رازگرانی باڵیۆزخانەکانو باڵیۆزەکان نهێنیە دبلۆماسیەکانی خۆیان لای ئەو دەدرکاند!

بە کورتی، هیلین بۆ خۆی خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها بوو. پییەریش ـ کە زۆرباش دەیزانی هیلین گێلێکی ڕسوایە ـ جاروبار ئامادەی کۆڕەکەی دەبوو. بەو کارەیشی دەبووە نێچیری ترس و دڵەڕاوکێی ئەو ئاهەنگو شەوانە بەزمەو بانگهێشتکردنانەو سفرەو خوانەی کە تێیدا باس هەر باسی سیاسەتو شیعرو فەلسەفە بوو. لەکەسێکی دەست تەڕ دەچوو کە هەمیشە لە خەمی ئاشکرابوونی فرۆفێڵەکانیدا بێت. بەڵام ناوبانگی هیلینی کۆنتیسی پییەر بیزۆخۆف بەوە دەرچووبوو کە زۆر زیرەکو شۆخو شەنگو قەشەنگو سەرنجراکێشە. جا ئیدی گیلی سیفەتێکی پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە کۆڕانە! یان فریوخواردووان چێڕ لە فریودانی خۆیان وەربگرن. نازانم تەنانەت هێندە بەس بوو، بۆ دانیشتووان بدوێت. گەر قسەکانیش هەڵەجو بەڵەجیش بوونایە ئەوان چەپڵەیان بۆ لێدەداو قسەکەیان بەگرنگ وەردەگرتو بە یەکەیەکەی وشەکانی سەرسام دەبوون! هەوڵی ئەوەیشیان دەدا لە واتای قوواڵی وشەکانی بگەڕێن! واتای وشەگەلێک کە هیلین هەر خۆیشی بە وتنیەوە ماندوو نەکرد بوو. پییەریش کەڵەمێردی دانسقەی ئەو کۆڕە پرشنگدارانە بوو. هەم مێردی و هەم گەورەی بوو. خاوەن بیرو ژیریی کارا و، هەم خوو و خدە ریزپەڕ بوو! نە بە ژاوەژاوی هۆڵەکە پەست دەبوو و، نەکەسی بێزار دەکرد. لە هەمان کاتدا هاندەرێکی باشیش بوو بۆ رێکپۆشیی ژنەکەی.

بیرو بۆچوونەکانی خۆیشی ئەوانەی پەت دەکردەوە و، لە ماوەی دوو ساڵی ڕەبەقدا، بێزی لە هەموو ئەو ڕێ و ڕەسمانە دەهاتەوە، کە لەگەڵ بیری ئەودا نەدەهاتنەوە. بۆیە بایەخی بەو کۆ بوونەوانە نەدەدا. کە خۆیشی دەکرد، بە هۆڵی کۆڕەکانی ژنەکەیدا. پێی وابوو، دەچێتە پێشانگاوە. هەموو ئامادەبووانیش دەناسێت. هەموویشیانی بە شێوازێک پێشوازی دەکرد. دواتر لێیان دوور دەکەوتەوە. گەر وتوویژی گرنگ و بە سوودی زانیبایە، بە ئارەزوویەکی فرەوە بەشدار دەبوو. بیروڕاکانی تێکەڵ بە گۆشە نیگایەک

---

١ ـ شارل جۆزیف دولین ژەنەڕاڵێکی بەلچیکی و لە خزمەتی نەمسادا بوو.

دەکرد، کە لەگەڵیدا نەدەهاتەوە! بێ ئەوەی هەر گوێیش بدات بە گەورەپیاوانی باڵیۆزخانە، کە ئاخۆ لەو کۆڕەدا ئامادەن! یان نە؟ بەڵام خەڵکانی کۆڕەکە دەیانزانی چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ مێردێکی ناوازەی سادە بکەن، کە مێردی ناودارترینی ژنانی پیترزبۆرگە. گوێیان بە گیلی و کەرێتیەکانی نەدەدا و، بە هەند وەریان نەدەگرت. کەسیشیان لەو ژمارە زۆرەی ئامادەبووانی کۆڕەکانی هیلینی کۆنتیسە پیزۆخۆف، بە هێندەی بۆریس درۆپتسکۆی، بایەخی پێ نەدرابوو!

هیلین ناوی نابوو، یاوەرو پاشکۆی خۆی. هەر وەکوو منداڵ هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرد. لە راستیدا، ئەو بزەیەی بۆ پییەر دەکرد. هەر وەکوو ئەو بزەیانە بوو، کە بۆ ئەوانی تری دەکرد. ئەمەیش ببووە مایەی خەم و خەفەت بۆی.

بۆریس رێزێکی تایبەتیی بۆ پییەر هەبوو و، هەندێک جار ئەمەیش دەبووە مایەی پەژارە بۆ پییەر. ئەو سوکایەتییەی سێ ساڵ لەمەوبەری ژنەکەیشی، لە خۆیدا خەمێکی گەورە بوو بۆی. بۆیە تا تووشی ئەو سوکایەتییەیش نەبێتەوە. هەوڵی ئەوەی دەدا لەگەڵ کەسی تردا دووبارەی نەکاتەوە.

لە دڵی خۆیدا وتی،"ئێستا ئەو ژنە، بووەتە کەسێکی گومان لێکراو. لەبەر ئەوە ئەویش بڕیاری داوە ئەو هەڵسوکەوتانەی خۆی کە لە رابردوودا کردوویەتی وەلاوە بنێت."

ئەمەیشی چەند بارە دەکردەوە،"لەمەوبەر ئەو ژنە گومان لێکراوە تووشی لاواز بوونی سۆز نەبووە."

هەر خوا خۆی دەزانێت: چۆن ئەم دروست بوونی گومانەی لا دروست بوو!؟ لای خۆیشیەوە هەر پاکیزە بوونی بۆ دروست دەکرد. لەگەڵ ئەمەیشدا، بوونی بەردەوامی بۆریس لە هۆڵی ژنەکەیدا، کارێکی نامۆی دەکردە سەر هەڵسوکەوتی و، جەستەی لە کار دەخست و، غەریزە سروشتییەکانی دەوەستا.

بە خۆی دەوت:

"ئای لەم دابڕانە سەرسوڕهێنە!! لە کاتێکدا جاران زۆر پێی سەرسام بووم!"

لە تێڕوانینی نێوەندە باڵاکەی کۆمەڵگایشەوە، پییەر کەسایەتییەکی مەزن بوو و، مێردێکی چاو بەستراوەی ناوازە، بۆ ژنێکی بە ناوبانگ. بێ ئەوەی گێل بێت.

هەرچەند پییەر بێکارە بوو. بەڵام بێ زیانیش بوو، بۆ خەڵک. بە کورتییەکەی لاوێکی نیانی پاڵەوان بوو.

بەڵام لەو ماوەیەدا گێژەڵووکەیەکی تێکەڵەی گومان، لە ناخی پییەردا هەڵی کردبوو و، هەژاندبووی ئاسوێەلێکی فرەیشی بۆ والا دەکرد و دەیدا بە دەستی گومان و دڵەڕاوکێیەکی فرەوە، ئەمەیش چێژێکی ڕەوانیی پێدەبەخشی.

بەشی دە
بیرەوەرییەکانی پییەر

پییەر لە سەر تۆمار کردنی بیرەوەرییەکانی خۆی، سەرومڕ بوو. ئەمەیش بڕێک لە تۆماری لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی:

"٢٤ ی تشرینی دووەم نۆقەمبەر...

کاتژمێر هەشتی بەیانی، لە خەو هەستام و، کتێبی پیرۆزم خوێندەوە. دواتر چووم بۆ "کۆمەڵەکە". ئەمەیشم گوێڕایەڵی بوو، بۆ رابەرەکەم. بۆ نانخواردنیش گەڕامەوە و بە تەنیا نانم خوارد. چونکە کۆنتیسەی ژنم، خانەخوێی کۆمەڵێکی فرەی، ئەو میوانانە بوو، کە من خۆشم لێیان نەدەهات.

پاشان کەوتمە لەبەر گرتنەوەی، بەڵگەنامەکان، بۆ بڕایان. ئێوارەیش چوومە بەشی تایبەت بە کۆنتیسەی ژنم و، چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشم لە بارەی (ب...)ەوە بۆ گێڕایەوە. بەڵام بە هۆی پێکەنین و ژاوەژاوی میوانانەوە، بۆم دەرکەوت، کە هەڵەم لە گێڕانەوەکەیدا کردووە و، تازە کارییش لەکار ترازاوە!

ئێستایش وا بە رەوانی ئاسوودەوە، لێی دەنووم. ئەی خوای بە توانا یارمەتیم بدە، تا رێگای تۆ بگرمە بەر، کە مەبەستم ئەمانەیە:

(١) ـ بە ئارامبوون و نیان بوون، تا بتوانم تووڕەبوونم بڕەوێنمەوە.

(٢) ـ سەرم بخە بە سەر خراپەکاندا، ئەویش بە توندبوون، بەرامبەریان و، قێزەون کردنیان.

(٣) ـــ دوورکەوتنەوەم لە لووتبەرزی و، بەخۆنازینی دنیایی. بەڵام بێ لابردن و ترازاندنم لە:

ا ـ کاروباری دەوڵەت.

ب ـ بەرژەوەندییەکانی خێزان.
ج ـ پەیوەندییە خۆشی هێنەکان.
د ـ ئەو سەرقاڵییانەی، رووی ئابووری لە خۆ دەگرن.

درەنگ خەبەرم بووەوە و، تەمەڵیم کرد و، ماوەیەکی زۆر لە جێگادا مامەوە. خوایە دەستی یارمەتیم، بۆ درێژ بکە. توانا و تینم پێ ببەخشە، تا ڕاستەڕێی تۆ بگرمەبەر. بێ گوێدان بە واتاکانی و، تێگەیشتنی..کتێبی پیرۆزم خوێندەوە.

بڕا ئۆرۆسۆف هات و، لەبارەی ئەو مایەپووچانەوە دواین کە خەڵکیی لە سەری دەڕۆن. پڕۆژە گرنکەکانی ئیمپراتۆری بۆ باس کردم. منیش خەریک بوو بکەومە ڕەخنە گرتن. کتوپڕ بنەماکانی خۆم و، وتەکانی پیاوچاکی ڕابەرم بیرکەوتەوە. کە دەیوت: پێویستە ماسۆنیی ڕاستەقینە: ئەو دەمەی دەوڵەت داوای بەشداربوونی لێ دەکات لە کارێکیدا، پێویستە کەرەسەیەکی گەرم و گوڕ و، سوور بێت بە دەستییەوە .. پێویستە کەسێکی نەرێنییانە نەبیت! زمانم دوژمنی خۆمە.

برایانی"ج. ف" و "ا. و" هاتنە سەردانم. ئامادە باشی و، کارە پێویستەکانی پێشوازی کردنمان لە کۆڕێکی نوێ کرد. هەرچەند دەشمزانی شایستەی ئەوە نەبووم. کرامە بیرخەرەوە و، فێرکەر و، ڕێبەری ئەندامی نوێ.

گفتوگۆمان لەبارەی ئەوەوە کرد، کە چ پێناسەیەک بدەینە ڕاگرەکان و، حەوت پلەی پێکهێنەری پەیکەری هێڵکارییەکەی. لەگەڵ حەوت زانستە و، حەوت چاکە و حەوت خراپە و، بەخشینەکانی "ڕەوانی پیرۆز ـ روح القدس"؟

بڕای "ا. و" بۆ خۆی، بە گفتو لفت و پاراو بوو. ئێوارە کۆڕەکە سازا و، ئەویش ڕوخسارێکی قەشەنگی پێبەخشی. ئەو ئەندامە نوێیەش کە وەرمانگرت، بۆریس درۆپتسکۆی بوو. خۆم دەرسم دادا و، بەدرێژیی کاتەکە، لە ژووڕە تاریکەکەدا، لەگەڵیدا بووم و، هەستێکی نامۆ پڕی پێداکردبووم!

هەستم بە ڕق و کینە دەکرد و، بێسوودانە تەقەلام دەدا، بەسەر ئەو هەستەدا زاڵ ببم. دڵسۆزانە ئارەزووم دەکرد، ڕزگاری بکەم و، بیخەمە سەر ڕێی ڕاست. بەڵام بیرە خراپەکانیش، هەر لێم دوور نەدەکەوتنەوە.

بە خۆم دەگوت:

"بۆیە بووەتە ئەندام و هاتووەتە نێومانەوە، تاکوو لە کەسە ناسراو و باڵاکانی کۆمەڵگا، نزیک بێتەوە و، بەڵای خۆیدا ڕایانبکێشێت. ئەی چەندین جار لێی نەپرسیوم: کە ئاخۆ "ن." و "س." سەر بە کۆمەڵەی ئێمەن و دێن بۆ کۆڕ و کۆبوونەوەکانمان!؟ منیش بۆم نەبوو ئەو نهێنییە بدرکێنم.

لە سەروو ئەمانەیشەوە... وا بۆی دەچم، هەست بە یاسا پیرۆزەکانمان ناکات و، وەکوو پێویست هەواداریان نەبێت. دەیشبینم کە زۆر سەرقاڵ و لە خۆ ڕازییە و، چاوەڕوانیی ئەوەیشی لێ ناکرێت نەفسی خۆی پێ پاک بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە

هۆی تایبەتم بە دەستەوە نەبوو، تا گومانی لێ بکەم. بەڵام وا هەستم دەکرد، کە دڵسۆز نییە و، وا بە درێژیی ئەو ماوەیەی لەو ژووڕە تاریکەدا لەگەڵیدا بە سەرم بردۆ پێم پێدەکەنێت و قیزەونانە لە ئامۆژگارییەکانی من دەڕوانێت.

ئارەزوویەکی وا داگیری دەکردم کە شمشێرەکەی دەستم لە سنگە ڕووتەکەیدا بچەقێنم. هەرچەند لە قسە کردندا ڕەوانبێژ و بە سەلیقە نەبووم. بەڵام هیچ بنەمایەکم بە دەستەوە نەبوو، تا بە پشت بەستن پێی، مامۆستای مەزن و بڕایانی لێ بە ئاگا بێنمەوە.

ئای ئەی ئەندازیاری مەزن... یارمەتیم بدە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک، کە لە نشێوییەکانی درۆ ڕزگارم بکات."

دوای سێ پەڕەی سپی. بەم شێوەیە بیرەوەرییەکانی دەست پێ دەکردەوە:

"ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بڕا "ف."دا کۆ بوومەوە و، وتووێژی بە سوودم کرد و، ئامۆژگاریی کردم، کە خۆم لە بڕا نزیک بکەمەوە. لە زۆرێکیش لە شتەکان بە ئاگای هێنامەوە، کە شایانی زانینی نەبووم. ئادانۆی ناوی دروستکەری گەردوون بوو. ناوەکەی تر لە سەروو وەسف کردنەوە بوو. بە واتای "گشت" دەهات. دڵم پشتگیری گفتوگۆکەم بوو، لەگەڵ بڕا "ف."دا. دڵا و هەنگاوەکانم، لە سەر ڕاستەڕێی، خێر و چاکە توند کرد، بەوەی کە هەر خۆی باقییە و، شتەکانی دی هەموو دەپووکێنەوە و، نامێنن. بە ڕوونی جیاوازی لە نێو زانستە قاڵوڕەکانی دنیادا دەبینم! ئەو جیهانەی کە ئێمەی تێیدا فێر دەکرێین. بەڵام بنەما پیرۆزەکانی خۆمان کە هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە، نە پووچە و نە قاڵوڕ. زانستەکانی نێو مرۆڤ هەموو شتێک تێک دەشکێنێت، تاکوو تێی بگات! هەموو شتتێک دەکوژێت: تاکوو پشکنینی بۆ بکات! بەڵام بنەماکانی نیزام و ڕژێمەکەی ئێمە: پێچەوانەیە بە هەموومان: یەکەیەکن و، شتەکان بە هەموو ئاڵۆزی و ژیانیانەوە، تێیان دەگەین و ئاشکران.

سێکوچکەکە: هۆکاری سێ شتەکەن. کە "گۆگرد" و "جیوە" و "خوێ"ن. گۆگرد بۆ خۆی تایبەتمەندیی تێکەڵەی ڕۆن و ئاگر لە خۆ دەگرێت. بە یەک گرتنیشی لەگەڵ خوێ، بە هێندەی ئاگرێکی نێو خۆی، کار لە ڕەوانی (نەفس)ی دەکات. ئەو حەزەی کە بە هۆیەوە جیوەکە بەکێش دەکات. توند بە خۆیەوە دەگرێت و، دەستی بە سەردا دەگرێت. بەو یەک گرتنەیش: جەستە بەرجەستەکان پێکدێن. بەڵام جیوە، لە دۆخی شلەییدا کرۆکی ڕەوانە. لە باڵا بوونیشیدا.. مەسیح، ڕەوانی پیرۆز گەردوون."

"(٣)ی کانوونی یەکەم دیسەمبەر...

درەنگانێک لە خەو هەستام و، کتێبی پیرۆزم خوێندەوە. بەڵام هەستم بەوە نەکرد کە خوێندمەوە. کەوتمە هاتوچۆ بە هۆڵەکەدا. دەمویست بیر بکەمەوە. بەڵام بیرم ڕۆیشت بۆ دیمەنێک، کە چوار ساڵی بە سەردا تێپەڕی بوو. دوای شەڕی بەرامبەرینەکەمان و، کاتێک

لە مۆسکۆ، دۆلۆخۆڤی ڕێزدارم بینی، پێی وتم کە هەرچەند ژنەکەیشت لای خۆت نییە. بەڵام هیوادارم دەروون جێگیر بیت. کاتی خۆی وەڵامێکم نەدایەوە. بەڵام ئەوەتا ئێستا و بەم بەیانییە، زۆر بە وردی ئەو یادەوەرییە و، پێک گەیشتنەم بیرکەوتووەتەوە و، لاقرتێی تۆندتر لەوەی ئەوی پێ دەکەم.

هەژام و تووڕە بووم. ئەو یادەوەرییەشم لە مێشکم دوورخستەوە، بێ ئەوەی ئاسوودەی بم.

پاشان بۆریس درۆپتسکۆی هات و، هەندێ شتی بۆ گێڕامەوە و، لەسەرتاوە بە هاتنی ئاسوودە نەبووم. لەبەر ئەوە، منیش وا قسەم نەکرد، ببێتە مایەی لێک نزیکبوونەوەمان. وەڵامی دامەوە و، منیش قسەکانم سنووری ڕێزی بەزاندبوو و، دواتر پەشیمانیش بوومەوە، لەو قسانەم. خوایە گیان بە هۆی لووتبەرزیی و، خۆ بە زل زانینی خۆمەوە ـ دوا جاریش تڵۆر دەبمەوە بەرەو خوار ــ نازانم چۆن هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکەم! لە راستیشدا ئەو سادە و گوێ نەدەر، بە قسەکانم خۆی پیشان دەدا. کەچی من لە بەرامبەریدا، لە هەست کردن بە ڕق و کینە، زیاترم نەبوو! خوا هەستی پێزانین بە خەوشەکانی خۆمم پێ ببەخشە و، لەوەیش زۆرتر کە خۆم هەستی پێ دەکەم. تا ڕەفتاری خۆمی وا پێ ڕاست بکەمەوە، کە لەگەڵ ئەودا بێتەوە.

دوای نانی نیوەڕۆ کەمێک ڕاکشام و، بەرە بەرە خەو دەیبردمەوە. دەنگێکم بیست، چرپاندی بە گوێمدا: ڕۆژی تۆیش هات. لە خەونمدا بە شوێنێکی تاریک و نووتەکدا دەڕۆیشتم! سەگەلێکم هاتە ڕێ. بێ ئەوەی لێیان دوور بکەومەوە، درێژەم بەڕۆیشتنەکەمدا. لەناکاو سەگێکی چکۆلە قەپاڵی پێداکردم و، کەڵبەکانی لە گوڵمەی ڕانی چەپم گیرکرد و لێم نەبووەوە. منیش پەلامارم دا و، خنکاندم. هێشتا لەوەیان نەبووبوومەوە، سەگێکی گەورەتر لەوەی یەکەمجار، خۆی دا بەسەرمدا و، قەپاڵێکی لێ گرتم. منیش بە هەردوو دەستم بڵندم کردەوە و، سەگەیش تا بڵندتر ببوایەوە، گەورە و قورستر دەبوو! لە ناکاو برا "ئا" هات و، دەستی گرتم و رایکێشام و، بەرەو خانوویەک بردمی. کە لە تەختەیەکی درێژ زیاتر ڕاڕەوی نەبوو، تاکوو بچینە ناوییەوە.

هەرکە پێم لە سەری دانا: تەختەکە لەرییەوە و داڕما. پاشان بە دیوارێکی بازنەییدا هەڵزنام. کە زۆر بە ناڕەحەت دەستم پێیدا دەگەیشت. دوای تەقەلایەکی بێ وچان توانیم کەمێک خۆم بڵند بکەمەوە. ناوقەدم بە ڕووکاری ئەودیودا شۆڕ کردەوە و، لاقەکەکانیشم بەم دیودا. برا "ئا"م بینی، لەسەر دیوارەکە بوو و، دەستی بۆ ڕاڕەوێک ڕاکێشا، کە لەباخەکەدا بوو، لە نێویشیدا خانوویەک بوو.

خوایە... ئەی ئەندازیاری مەزنی گەردوون: یارمەتیم بدە، بۆ دەرباز بوون لە سەگەکانم ـ مەبەستم لە حەز و ئارەزووەکانمە ـ بە تایبەتی ئارەزووبازیم کە هەموو حەز و ئارەزووەکانمی تێدا چڕ دەبێتەوە. خوایە یارمەتیم بدە... بۆ چوونە نێو ئەو پەیکەر و هێلکێشییەی، کە لە خەونەکەمدا بینیم."

(٧) ی کانوونی یەکەم (دیسمبەر)...

لە خەونمدا جۆزیف ئەلکسییڤیتش لای من بوو و، بە سەردانەکەی زۆر دڵخۆش بووم. حەزم دەکرد شیاوترین هەڵس‌وکەوتی لەگەڵ بکەم. هەرچەند فرەبێژییەکەم لەگەڵ خەڵکانی تردا بێ سنوور بوو. بەڵام هەستم کرد ئەمەم ئەو بێزار دەکات. ئەو دەمەی ویستم لێی نزیک ببمەوە. زۆرم حەز دەکرد لە ئامێزی بگرم. روانیم روخساری گۆڕاوە و، گەنج بووەتەوە. بە چرپە هەندێک لە بنەمای یاساکانی پێووتم. هێندە دەنگی نزم بوو، کە بە باشی تێی نەدەگەیشتم.

دواتر هەموومان لە ژوورەکە چووینە دەرەوە. شتێکی زۆر نامۆ رووبدا. دانیشتبووین. یان لە سەر زەوی راکشابووین و، ئەو هەر قسەی بۆ دەکردم. منیش ناخ و رەوانی خۆمم، دەهاتە پێش چاو و، فرمێسک لە چاوانمدا دەبریسکایەوە. بە تاسەی ئەوەیشەوە بووم، کە ئەویش بینیبێتی. بەڵام بە سەرنجێکی بێزارانەوە، بە خێرایی دوورکەوتەوە و، کۆتایی بۆ قسەکانی خۆی، دانا.

منیش ئەوەم لێپرسی: کە ئاخۆ دەیەوێت لە بارەی منەوە بدوێت؟ هەرچەند وەڵامی نەدامەوە. بەڵام بەر سەرنجێکی هۆگرانەی دام. لە ناکاو لەوێیش گواستمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم، کە سیسەمێکی دوو کەسیی تێدابوو. بێ ئەوەی خۆیشم بزانم چۆن چۆنی بوو! ئەو لەسەر لایەکی سیسەمە راکشا و، منیش بە تەنیشتییەوە تامەزرۆی ئەوەیش بووم: کە سۆزو خۆشەویستیی خۆمی بۆ دەر ببڕم.

"وا بە خەیاڵمدا هات کە لێی پرسی بم:

کام ئارەزووە بە سەرتا زاڵە!؟ بێ پێچ و پەنا پێم بڵێ: ئاخۆ گەیشتویتە پەراوێز خستنی ئەو ئارەزووە زاڵانەی خۆت و، چارە کردنی!؟ بێگومان ئەو ئارەزووە باش دەناسیتەوە.

ئەو پرسیارە شڵەژاندمی و، بەم شێوەیە وەڵامم دایەوە:

"ئەو ئارەزووە تەمبەڵی بوو."

ئەویش هەر زوو بە سەربادانێک، بە درۆی خستمەوە.

منیش وتم:

"هەرچەند ـ وەکو ئامۆژگاری کراوم ـ لەگەڵ ژنەکەمدام. بەڵام وەکوو ژن هەڵس و کەوتی لەگەڵ ناکەم."

ئەویش بەرپەرچی ئەوەی دامەوە و، تێی گەیاندم کە ئەوە ڕەوانییە، ئاوا لە سۆزی خۆمی بێ بەش بکەم. لابەلایش تێی گەیاندم کە پێویستە لە سەرم سۆز و خۆشەویستیی بەرامبەر بنوێنم.

منیش وتم:

"ئەوە بۆ من شەرم هێنە!"

کوتوپڕ هەموو شتێک ون بوو! کە لە خەو هەستامەوە. ئەم چەند وشەیەی کتێبی پیرۆز لە میشکمدا، دەزرنگایەوە: ژیان رووناکیی مرۆڤ بوو. رووناکییش لە تاریکیدا پەخشان دەبێت. تاریکیش رووناکیی هگەیشتوویەتێ.

رووی جۆزیف ئەلکسیۆیتش رووناک و بریسکەدار بوو. هەر لەم رۆژەدا نامەیەکم، لە پیاوچاکی ڕابەرەوە بۆ هات. کە لە ئەرکەکانی میردەوە دەدوا.

(٩)ی کانوونی یەکەم/دێسەمبەر...

خەونێکی نوێ بە ئاگای هێنامەوە و، دڵم کەوتە تەپ و کۆ. لە شاری مۆسکۆ بووم، لە ماڵی خۆمدا و ئەو هۆڵە گەورەیەی: قەنەفە دارەکانی تێدا بوو. هێندەم زانی جۆزیف ئەلکسیۆیتش لە دەرگاوە بەرەو رووم هات. خێرا چوومە پێشوازیی و دەستەکانیم ماچ کرد.

ئەویش پێی وتم:

"سەرنجی روخساری منت داوە .. کە وەکوو جارانی نەماوە؟"

لەو کاتەدا کە بە سنگی خۆمەوە نووساندبووم، بە وردی سەرنجیم دەدا. زەرد هەڵگەڕا بوو و، چرچ و لۆچەکانی گۆڕدرابوو و، تاڵێک موو چییە، بە سەرییەوە نەمابوو!"

ئیدی منیش پێم وت:

"گەر بە ڕێکەوتیش تۆم ببینیایە، بە سەرمدا تێنەدەپەڕی و، دەمناسیتەوە."

لە دڵی خۆیشمدا، لە خۆم پرسی:

"بە راست... بڵێی ئەمە وابێت و، درۆم نەکردبێت؟"

لە ناکاو وەکو جەستەیەکی مردوو، لە بەر دەستمدا درێژ بوو! دواتر وردە وردە بە ئاگا هاتەوە. پاشان لەگەڵمدا هاتە ژوورێکی گەورەوە. کتێبێکی گەورەیشی بە دەستەوە بوو. کە لە گەڵای بەردای چەور دروست کرابوو.

پێم وت،"خۆم ئەم کتێبەم نەخشاندووە و، رازاندوومەتەوە."

ئەویش پێزانینی خۆی بۆ دەرخستم. وێنەیەکی زۆر جوان لاپەڕەکانی رازاندبووەوە. دەمزانی ئەو وێنەیەلە سەرکێشییەکانی ڕەوانە، لەگەڵ یارەکەی خۆی. لە لاپەڕەیەکیدا مەریەمی پاکیزە بە بەرگێکی تەنکەوە. کە لەژێریدا جەستە بلوورینەکەی دەینواند. لە سەری نەخش کرابوو. بە نێو هەورەکاندا دەفڕی. دەشمزانی کە وێنەی ئەو پاکیزەیە: هێمایە بۆ سوودەکان. هەستم کرد هەڵەم کردووە، کە سەیری ئەو وێنانەم کردووە. بەڵام نەیشمدەتوانی سەرنجیان نەدەم و، چاوی خۆمیان لێ بپارێزم.

"خوایە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکە! ئۆ و .. ئەی پەروەردگارم! ئەگەر ئەم دابڕانەم دەستکردی خۆتە... با بە ویستی خۆت بێت. بەڵام ئەگەر خۆم بە دەستی خۆم کردوومە و، بە هەڵە ڕووی داوە. فێرم بکە چی بکەم؟ گەر بە یەکجاری پشتم تێ بکەیت.. گەندەڵی دەمکوژێت..."

بەشی یازدە
دیاریکردنەکەی بێرج

هەرچەند بنەماڵەی بێرج گەڕابـوونەوە لادێ و، دوو سـاڵیان تێدا گوزەراندبوو. بـاری ئابووریان وەکوو ئەوەی چـاوەڕوانی بوون، نەگۆڕدرابوو.

راسـت بـوو، نیکـۆلا ڕۆسـتۆف ڕێـزی پـەیمانی خـۆی گـرت و، لەگەڵ خـودی خۆیـدا ڕاسـتگۆ بـوو. لـە فەیلەقەیـدا سـادە و، مـام ناوەندانـە دەژیـا و، لـە خـەرج کردندا دەسـتی دەگرتـەوە. بـەڵام شـێوازی ژیـان لـە نێوەنـدی ئاواییـدا و، لـە ئـۆتراداتۆی و بەڕێوەبـەرێتیی میتانکا، وای کرد کە قەرزارییەکانیان سالا لە دوای سالا فرەتر بێت.

کۆنتـە پیـرە بـۆ رزگـار بـوون لـە مەترسـیی قـەرزەکانی سەرشـانی، لـەوە باشـتری بـە دەستەوە نەمابوو کە بگەڕێتەوە بـۆ خـزمەتی سـەربازی. لەبەر ئەوە چـوو بـۆ پیترزبـۆرگ، تاکوو بۆ کار بگەڕێت. هەر وەکوو خۆیشی دەیوت ماوە بە کیژە لاوەکانی خۆی بدات، بـۆ دوایەمین جار، خۆش بژین و دڵـی خۆیان بدەنەوە.

بـە ماوەیـەکی کـەم، دوای گەیشـتنیان بـە پیتـرز بـۆرگ. بێـرج داوای ڤیـزای کـرد و، داواکەیشـی پەسـەند کـرا. بنەماڵەکـەی ڕۆسـتۆف، لـە بنەماڵـە بالاکـانی کۆمـەڵگای مۆسـکۆ دادەنرا. بەڵام لە پیترزبۆرگدا، بـە پێچەوانـەوە بـوون و، بـێ گوێدانـە ئـەوەی، سـەر بـە کـام چـین و تـۆژێکن، بـە چەنـد پەیوەندییـەکی نـادیارەوە پاپەنـد بـوون. چونکـە ئەوانـەی لـە شوێنی خۆیان بە هـاوچین و تـوێژی خۆیانیـان دادەنـا، لـە پیترزبـۆرگ هـەمان لێکدانـەوەیان نەبوو بۆیان.

زۆرینەی دانیشتوانی پیترزبۆرگ لە دێهاتەکانی دەوروبەرییەوە هات بوون و، ئـەمانیش هـەر بـە شـێوەی مۆسکۆ دەیانگوزەراند و، نەیاندەویست لەگەڵ کەسانێک کـۆ ببنـەوە، کـە

لە هەڕێمەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون و لە چین و تۆڕێژە جیاوازەکان بوون و، هەمە چیزە بوون.

بەڵام دراوسێی لادێیە دەوڵەمەندەکان بوون و، سفرەکەیان زۆرێکی لێ کۆ دەبووە: وەکوو هاوڕازانی دەربار و، کچە پترۆنسکی. لە هەرە نزیک و هۆگرەکانی بنەماڵەی ڕۆستۆف... پییەر و بۆریس بوو.

کۆنتە پیرە بیرجی لە سەر شەقامەکە بینی و، ناچاری بردنەوەی کرد، بۆ ماڵی خۆیان. بێرجیش بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵیان دەمایەوە و، تامەزرۆیی خۆی بۆ کۆنتیسە ڤیرای کچە نۆبەرەیان، پیشان دەدا و بە تەمای مارە کردنی دەکرد.

بێرج لە خۆڕا بێرج ئەو برینەی دەستی و ئەوەی لە شەڕەکەی ئۆستەرلیتزدا، بریندار بوو، پیشانی هەموو کەسێکی ڕەوتەنی نەدەدا. بێ سوودی تایبەتیی خۆیشی : شمشێرەکەی بە دەستی چەپەوە نەدەگرت. ئەو زمان و گفتوگۆیەی کە پێی دەدوا، بێ جیاوازی، هەموو ڕەوتەنییەکی پێ دەگەیاندە قایل بوون، بە ئازایەتییەکەی و، ئەو بریندارییونەی. تەنانەت ئەو دوو مەدالیایەیشی کە درەنگانێک وەریگرت بوو، "دیتووی ـ شاهد"ی، ئازایەتییەکەی شەڕی ئۆستەرلیتزی ئەو بوون.

شەڕەکەی فنلندەیش هەلی ناوبانگ دەرکردنی بۆ ڕەخساند. ئەو پارچە تۆپەیش کە یاریدەدەرێکی سەربازیی، لە نزیک سەرکردەی بالاوە کوشت بوو: هەڵی گرت بووەوە و، دابوویەوە بە سەرۆکەکەی. ئەمەیشی دوای شەڕەکەی ئۆستەرلیتز کرد. بۆ ئەمەیش دەستی کردبوو، بە گێڕانەوەی و، بە سوور بوون و، بڕوا بەخۆ بوونێکی زۆریشەوە. بە جۆرێک ئەو چیرۆکەیشی ـ کە دوو مەدالیای لەسەر وەر گرت بوو ـ دەگێڕایەوە، دەورو بەرەکەی بە ئازایەتیی خۆی سەرسام دەکرد!

لە ساڵی (١٨٠٩)دا پلەی سەرۆکی پاسەوانی وەرگرت و، وای لێهات بنکەیەکی تایبەتیی وەرگرت و، سوودێکی زۆری لێ بینی. هەندێکیش لە وانەی گومانیان لێی هەبوو. ئەو دەمەی باسی ئازایەتی و، تواناکانی بێرج دەکرا:بزەیان دەهاتە سەر لێو و، نەیاندەوێرا هیچ بڵێن. بەڵام نەیاندەتوانی نکوولّی لە ناسراوی و، دەرکەوتوویی و، ئازایەتییەکەی لای سەرکردەکان بکەن. یان نکوولّی لە ژیانە خۆشەکەی ئەو گەنجەو، تۆکمەیی پێگەی لە کۆمەڵگادا بکەن. چوار ساڵ لەمەوبەر و لە باخی خانووی شانۆیەکدا لە مۆسکۆ، بێرج هاوڕێیەکی ئەڵمانیی خۆی بینی و، دەستی بۆ ڤیرا درێژ کرد و وتی،"ئا ئەمە دەبێتە هاوسەرم." هەر لەو کاتەوە بڕیاری خۆی دابوو. گەیشتبووە ئەو بڕوایەی، کە پلە و پایەی ئەویش، هاوشانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤە. کەوابوو جێی خۆی بووە، داوای کردووە.

سەرەتا بە پارێزەوە، پێشوازی لە داوا کردنەکەی کرا و، لەوە نەدەچوو پەسەندیان بێت: ئەو کوڕی سیدلیفونییە، بێتە داوای کۆنتیسە ڕۆستۆڤ. بەڵام خوو و خدەی بێرج و، خۆ ویستییە سادەییەکەی، جۆرێک بوو، کە بە شیاو زانرا و جێی خۆیەتی: بیری لێ بکرێتەوە.

ئەوەیش بیر نەچێت کە باری ئابووریی بنەماڵەی کچەییش لەبار نەبوو. ڤیرایش (٢٤) ساڵانە بوو و، وەکوو زۆریش تێکەڵ و ئاشنای بنەماڵەکان بوو و، جوان و گیراوە و، بە رەوشتیش بوو. کەچی تا ئەو کاتە: یەکێک داوای نەکردبوو!

هەر ئەو هۆیانە بوو، کە پاڵی بەو بنەماڵەیەوە نا، ئەو زاوایە پەسەند بکەن.

بێرج بە هاوڕێکەی وت:

"گوێ بگرە.. هەموو شتێکم پێوانە کردووە و، هەڵسەنگاندووە. گەر سادەترین لەمپەر لە بەردەمدا بوایە، ژنم نەدەهێنا. لەو کاتەوەی کە بڕێک لە زەویی هەرێمەکانی بەڵتیقم بۆ دابڕیوون. ئیدی پێویستیان بە هیچ نییە. ژمارەنیش زۆر باش دەزانم و، وام داناوە کە بە ئاوێتە بوونی مووچەکەی خۆم و سامانەکەی ئەو، ژیانمان لە پیترزبۆرگدا سەخت نابێت. بێگومان ئەوەش کارێکی مەردانە نییە، کە بۆ خاتری سامانەکەی: ئەو کچە، مارەی بکەم. بەڵام خۆ دەبێت هەر یەکە لە ژن و مێرد، بە گوێرەی توانای خۆیان، بەشداریی لە پێکەوەنانی ژیانی خۆیان بکەن.

من پێگەی خۆم هەیە و، ئەویش لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە بچووکەکەی خۆیدا. پێیشم وایە لە ئێستادا ئەمە کارێکی ناشایستە نەبێت. لە هەموو ئەمانەیش گرنگتر، کچێکی بە رەوشت و چاکە و، منیشی خۆشدەوێت.

پاشان کەمێک سوور هەڵگەڕا و، لە سەری ڕۆیشت: منیش ئەوم خۆشدەوێت. چونکە ژیرێکی تایبەتمەندە و، لە خوشکەکەی جیاوازە! ئەویان رەوشتی بەدە و، بێ هەستە و، خۆیشم نازانم بۆ چارەیم ناوێت!؟ بەڵام ئەمەی من دیاریم کردووە، زۆر جار دێت بۆ ـ ویستی بڵێت نانخواردن لەگەڵ منداـ بەڵام زوو هەستی کرد و، گۆڕیی بە چا خواردن. بە جوڵاندنی زمانی، بازنەیەکی لە مژی دووکەڵی جگەرەکەی دروست کرد.

دۆخێکی خۆش و شاد، لە مااڵی ڤیرادا هات بەو بۆنە خۆشەی، داوا کردنەکەی بێرجەوە، دروست بوو. بەڵام لەوە دەچوو، شادی و خۆشییەکەیان سەرزارەکی بن!

پیرە کۆنت لە ژنەکەی بە داختر بوو بۆ کچەکەیان. چونکە ـ ئەو هەستەیشی دەر نەدەبڕی ـ کێشەی ئابووری، بنەماڵەکەی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو. بێرجیش لای خۆیەوە، بێ ئاگا بوو لە باری ئابووری و، سامان و پارەی پیرە کۆنت و، ئەو جیازییەی کە بۆ ڤیرای پێ ئامادە دەکرێت. چونکە پیرە کۆنت بۆ هەر کچێکیان (٣٠٠) کۆیلەی زەویی داناوە، کە وەکو جیازیی پێیان ببەخشێت.

بەڵام یەکێک لەو دێیانەی، کە بۆ ئەمەیانی داناوە، فرۆشرابوو و، دێیەکەی تریشی، بە هەموو شتەکانییەوە، لە بارمتەی قەرزدا بوو. لە بەر ئەوە مووڵکەکانی نەدەچوونە، بازنەی دەسەڵاتی خاوەنەکەیەوە!

لەم بارەی پیرە کۆنتدا دەبوو: پەنا بۆ پارەی نەختینە بەرێت. بەڵام ئەی ئەو بڕە پارە نەختینەیە، لە کوێ بێنێت؟

مانگێک پتر بە سەر دیاری کردنی کچەکەیدا تێپەڕی بوو و، دەبوو لە هەفتەیەکدا ئاهەنگیان ساز بدرێت. بەڵام کۆنت هێشتا لە بارەی ئەو جیازییەوە بڕیاری نەدابوو و، ژنەکەیشی لێ ئاگادار نەکردبووەوە.

دەمێک لە دڵی خۆیدا بڕیاری دەدا: مووڵکەکانی "ریازان"ی بۆ بفرۆشێت. دەمێکی دی، بیری لەوە دەکردەوە، دارستانێکی بۆ بفرۆشێت. دواتر دەیویست قەرزی تر بکات و، کومپیالەی بۆ واژۆ بکات. چەند رۆژێک بەر لە ئاهەنگەکە و، بەیانییەکی زوو. بێرج خۆی کرد بە نوسینگەکەی، پیرە کۆنتدا. زۆر بەڕێزەوە و، بە زەردەخەنەوە، داوای لە خەزووری ئایندەی کرد، کە ئامارێکی راست و دروستی جیازییەکەی قیرای بداتێ. هەرچەند دەمێک بوو، کۆنت چاوەڕێی ئەو پرسیارەی دەکرد. بەڵام کە پرسیارەکەی لێ کرا، زۆر شڵەژا! هەرچەند بە ویستی خۆیشی نەبوو. بەڵام خێرا وەڵامی دایەوە کە هەرچیەکی بەلاوە باش بوو، دەیدات."

وتیشی: "بەختیارم بەوەی کە خۆت بەم بابەتەوە سەرقاڵ کردووە و، شتێکی باشت کردووە. پێویستیش ناکات خۆت لەمە بدزیتەوە."

دەستێکی خستە سەرشانی بێرج و، هەستا وەکوو ئەوەی، بیەوێت کۆتایی بە قسەکانی بێنێت.

بێرجیش کە هێشتا زەردەخەنەکەی بە لێوانەوە بوو، پێی راگەیاند، کە ئەگەر بە رووتی بڕی جیازییەکەی قیرا و، بەشەکەی نەزانێت و، لانیکەم بڕێکی وەکو پێشەکی، لێ وەرنەگرێت. ناچار دەبێت کە لە داخوازییەکەی قیرا، پەشیمان بێتەوە!

بە پیرە کۆنتیشی وت:

"خۆت دەزانیت ئەی کۆنت: گەر ژن بێنم و، ئاسوودە نەبم، لەوەی کە دەتوانم بژێوی خێزانەکەم دابین بکەم و، خواستەکانی بۆ بێنمە دی: ئەوا هەڵس و کەوتم شەرەفمەندانە نابێت." کۆنتیش بۆ ئەوەی بەخشندەیی و، دەستکراوەیی خۆی بسەلمێنێت و، ڕێ لە داواکارییەکانی داهاتووی ئەو ببڕێتەوە، پەیمانیدا کە چەکێکی پارەی بۆ واژۆ بکات بە بڕی (٨٠٠٠٠) ڕۆپڵ.

بێرجیش بزەیەکی هاتە سەر لێوان و، شانی پیرە کۆنتی خەزووری ماچ کرد و، سوپاسگوزاریی خۆیی بۆ دەربڕی و، ئاشکرایشی کرد، کە ناتوانێت بناغەی خێزان دامەزرێنێت، تا (٣٠٠٠٠) ڕۆپڵێکی لێ وەرنەگرێت.

زانیارییەکەی خۆی پشتڕاست کردەوە و وتی:

"واتا لانیکەم (٢٠٠٠٠) ڕۆپڵێک... کۆنت. ئەوەیشی کە دەمێنێتەوە و، بڕی (٦٠٠٠٠) ڕۆپڵە. با بە چەکێکی باوەڕ پێکراو بێت.

کۆنتیش هەر زوو، قسەکانی پەسەند کردو وتی:

"بەڵێ... بەڵێ! ببووڕە. (٢٠٠٠٠) ڕۆپڵ پێشەکی وەردەگریت و، ئەوەیشی دەمێنێتەوە، بە چەکێکی باوەڕ پێکراو. ... دەی ماچم بکەوە."

بەشی دوازدە
بۆریس و ناتاشا

ساڵی (١٨٠٩) ناتاشا بووە شازدە ساڵان. ڕێک ئەو ساڵە بوو، کە چوار ساڵ لەمەوبەرو ئەو دەمەی ناتاشا خۆی بە ملی بۆریسدا هەڵواسی و، ماچی کرد، دواتر بۆریس پەیمانی دایە کە بووە شازدە ساڵان دڵداریی لەگەڵ بکات و ئەمیش ساڵەکانی بە پەنجەکانی دەستی ژمارد و زانیی هێشتا چوار ساڵی ماوە.

لەو کاتەیش بە دواوە، بۆ یەکجاریش ئەو بۆریسەی نەبینی بووەوە.

گەر لای سۆنیا و دایکیدا، ناوی بۆریسیان ببردایە، ئەوا ڕاشکاوانە دەیوت: "**ئەوانە چیرۆکێکی منالانە بوون و، کاتیان بەسەرچووە و بیر چوونەتەوە.**"

لە ناخیشیدا لە خۆی دەپرسی،"**کە ئاخۆ ئەوانە یارییەکی منالانەی سەردەمی کۆن بوون!؟ یا پەیمانێکی ڕاستەقینە؟**"

لە (١٨٠٥) و ئەو دەمەی بۆریس چوو بووە ریزی سوپاوە. هەرچەند چەندین جار هاتبووەوە مۆسکۆ و، بە لای ئۆترادنۆیدا تێپەڕی بوو. بەڵام پێی نەنابووە نێو ماڵی بنەماڵەکەی ڕۆستۆڤەوە.

هەندێ جار، ناتاشا وا بۆی دەچوو، کە بۆریس نایەوێت ببینێت. ئەو شێوە وتوونژە پەژارە هێنانەیشی، کە بەسالاچوانی خێزانەکەی لە بارەی بۆریسەوە پێی دەدوان، دەکردە

بەڵگە، بۆ ئەو بۆ ئەو بیر کردنەوەیەی خۆی.

کۆنتیسەی دایکیشی، هەرکات ناوی بۆریس ببرایە، لەلای ناتاشادا دەیوت،" خەڵکی ئەم سەردەمە، هاوڕێ کۆنەکانی خۆیان لە بیر دەکەن!"

ئانا میخائیلۆڤنایش ــ کە سەردانی ئەم بنەماڵەیەی کەم کردبووەوە ــ گەرم و گوڕ نەبوو لەگەڵیان. هەرکاتێکیش ناوی بۆریس بهاتایە نێوانەوە، بە ڕوونی بە توانست و سەرکەوتنە پرشنگدارەکانی بۆریس و، پلە و پایەکەیدا هەڵی دەدا.

کاتێک بنەماڵەی ڕۆستۆڤ لە بیترزبۆرگ جێگیر بوون. بۆریس چووە سەردانیان و، هەستی بە پشێوی خۆی کرد. بیرەوەرییەکانی ناتاشایشی بە لاوە هەستیارانە بوو. بڕیاریشی دابوو، ناتاشا و بنەماڵەکەی تێ بگەیەنێت، کە پەیوەندی منالانەی لەگەڵ کچەکەیاندا، نابێتە هۆی پابەند بوونی ئەو. هاوڕێیەتییەکەی، لەگەڵ هیلینی کۆنتیسەی پیزۆخۆڤدا، بوو بووە مایەی دەرکردنی ناو و ناوبانگی ئەو، لە نێو کۆمەڵگادا. کەسێتی خۆی پێ دەپاراست و، پشتی بوو.

ئێستایش بێ خۆ هەڵکێشان، دەتوانێت بۆ پرۆژەی هاوسەرگیرییەکی بالای بەکار بهێنێت و، لە دەوڵەمەندترینی کچانی پیترزبۆرگ، مارە بکات.

کە بۆریس گەیشتە نێو هۆڵەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ. ناتاشا لە ژوورەکەی خۆیدا بوو و، هەر کە بە هاتنی ئەوی زانی، سوور هەڵگەڕا و، ڕووکراوە و، بەو بزەیەوە، کە چەندین واتای خۆشەویستیی لە خۆ دەگرت، کەوتە پەلە پەل.

بۆریسیش یادەوەریی بەرگە قاوەییەکەی و، چاوە ڕەشە بە بریسکەکانی و، ئەگریجە پەڕش و بڵاوەکەی و، پێکەنینە شێتانە زیوینەکەی ئەوی، بیر نەچوو بووەوە. هەرکە ناتاشای بینی، شڵەژا و ئەو سەرسام بوونەی کە بە ڕوخساریەوە دیار بوو، ناتاشای بەختەوەر کرد. کۆنتیسەی دایک لە بۆریسی پرسی،"چۆنە هاوڕێ چکۆلە نەگریسەکەی خۆت، ناناسیتەوە!"

بۆریس دەستی ناتاشای ماچ کرد و، سەرسامبوونی خۆی، لەو ئالاو گۆڕەی، بە سەریدا هاتووە، دەربڕیو، پێی وت،"ئای .. چەند جوانتر بوویت!"

چاوانی ناتاشایش وا وەڵامی دایەوە،" خۆیشم هەر پێم وایە!"

بەڵام وەکو تریش، بە بۆریسی وت،"ئەی باوکیشم! ئاخۆ ئەویش پیر بووە؟"

دانیشت و کپ و بێدەنگ، چاودێریی زاوا زێڕینەی سەردەمی منالیی خۆی دەکرد. بێئەوەی بەشداریی وتوویژی دایکی و ئەو بکات، سەرنجی جووڵە هەرە بچووکەکانیشی دەدا.

بۆریسیش لای خۆیەوە، هەستی بە سەنگینیی ئەو سەرنجە بە سۆزانەی ناتاشا دەکرد و، لەوە بوو هەر بەو زمانی روانینە تووش ببێت و، وەڵامی بداتەوە.

ناتاشایش سەرنجی دوو نێرکە زیوینەکەی پاژنەکانی و، بەرگ و بۆینباخەکەی ملی و، شێوە داهێنانەکەی سەری کرد، کە زۆر هەستیارانە و وەکوو پێویست، رێکخرابوون، دەدا. لە سەر سێ چوارییەکی کورسیەکە و، بە تەنیشت کۆنتیسەی دایکییەوە دانیشت بوو. بە دەستی راستی دەستکێشی دەستی چەپی رێکخستەوە. دەمێک خۆشی و بەختەوەرییەکانی چینە بالاکانی پیترز بۆرگی دەگێڕایەوە و، بە شێوە جوولەیەکی جوان، لێوانی دەکرۆشت و، دەمێکیش بە سووکە لاقرتێیەکەوە یادەوەرییەکانی مۆسکۆی دەگێڕاوە.

هەواڵێک لەو هەواڵانەی، چینی بالای گێڕاوە، کە تێیدا باڵێۆزێک ئامادەی ئاهەنگی سەما ببوو. یان ئەو بانگهێشتانەی دەگێڕاوە، کە لە "ن . ن"و "س . س"ەوە پێی گەیشتبوو.

ناتاشایش ئەو قسانەی بۆریسی بە هەرزەیی و منالانە، لێ وەرنەگرت و، بێدەنگانە و، بە دزییەوە سەرنجی ئەوی دەدا. بەوە بۆریسی شلەژان و، لە پڕ قسەکانی بڕییەوە و، بە تامزرۆییەوە لە ناتاشای روانی. هەر دوای دە خۆلەکێک هەستا و، داوای لێ کردن رێی بدەن و بڕوات.

رۆیشت و سەرنجی چاوە نیوە نیشتووەکانی ناتاشا، شوێنی کەوت.

دوای ئەو یەکەمین سەردانەی بۆریس ددانی بەوەدا نا: کە ئێستایش ناتاشا هەروەکوو جارانی خۆی: سەرنجراکێشە! لە هەمان کاتیشدا، ددانی بەوەیشدا نا، کە نابێت خۆی بدات بە دەستەوە. چونکە مارە کردنی کچێکی نابووتی، مایەپووچی نیمچە هەژار، پڕۆژەکانی ئایندەی دادەڕمێنێت و، هەرەسی پێ دێنێت. تۆندوتۆڵ کردنەوەی پەیوەندییەکانی پێشوویشی، کارێکی نامەردانە دەبێت. بۆیە بڕیاریدا بە دوورەپەرێزی لێیانەوە، بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەو بڕیارە رێک و پێکەیشدا، کەچی جارێکی دی چووەوە، بۆ ماڵی رۆستۆف و، دوای چەند رۆژێکی کەمیش، سەردانەکەی دووبارە کردەوە! وایشی لێهات هەر کاتێک سەردانیی بکردنایە، بە درێژیی رۆژەکە، لایان دەمایەوە. هەر لەو بڕوایەیشدا بوو کە دەبێت راشکاوانە و، راستگۆیانە ناتاشا تێ بگەیەنێت، کە دەبێت رابردووی خۆی لە بیر خۆی بباتەوە. پاشان گونجاویش نییە ببێتە خێزانی ئەم. چونکە کەسێکی بێ پارە و سامانە. لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە، ئەو شوو کردنەی پەسەند ناکەن. هەرچیشی دەکرد نەیدەزانی چۆن چۆنی، هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات و، نازیشی دەکێشا! بە لای سۆنیا و، دایکیشییەوە وابوو: کە ناتاشا گەڕاوەتەوە سەر عیشقە کۆنەکەی جارانی خۆی

و بۆریس.

ناتاشایش ئەو گۆرانیانەی بۆ دەچڕی، کە بۆریس حەزی لێیان بوو. داوایشی لێ کرد، کە شتێکی لە دەفتەری بیرەوەرییەکەیدا بۆ بنووسێتەوە و، ئەویش وا دەینووسی کە - نەهێڵێت بیر لە رابردوو بکاتەوە. بەوەی کە ئێستای لە رابردووی چاکترە.

هەموو رۆژێک بۆریس وەکوو سیحرلێ کراوێک، لە مانّیان دەچووە دەرەوە. بێ ئەوەی بزانێت کە بۆچی هاتووە و، کۆتایی ئەم کارەی، چۆن دەبێت!؟

بەوەیشی کە نەدەچووە ئاهەنگەکانی هیلینەوە، کارتە پڕ گلەییەکانی خۆی بەسەر بۆریسدا باران بوو. بەڵام رێگریی لە بۆریس نەدەکرد بۆ هاتۆچۆ کردنی بنەماڵەی رۆستۆڤ.

بەشی سیازدە
کۆتایی هاتنی بارو دۆخەکە

پیرە کۆنتیس بە رۆبە قۆچکەدارەکەیەوە و، لە ژووری نوستنەکەیدا، ورتە ورتی نوێژی ئێوارەی بوو. نەرمە کۆکەیەکی کرد و، چەند جارێک نووشتایەوە و، چووە سەر چۆک. لەو کاتەدا ناتاشا بە بەرگی نووستنەوە، جیپڕەی لە دەرگاکە هەستان و، بە پرتاو خۆی کرد بە ژووردا. کۆنتیسەی دایکیشی، بارۆکەکەی سەری لادابوو و، قژە سروشتییەکەی خۆی، وا بەست بوو، چەند زوڵفێکی بچووکی کورتی لێ هاتبووە دەرەوە. ناتاشایش بە قوماشێکی تایبەت، سەری بەستبوو و، جووتێک سۆلەی لە پێدابوو.

کۆنتیسە، برۆکانی یەک هێناوە و، لای کردەوە و بە دەم ویردەکە: "بە راست... بڵێی ئەو جێ و نوێنە، بۆم ببێتە تابووت!؟" کتوپڕ کڕنووشی بردەوە.

ناتاشایش هەر کە دایکی بینی، لەگەڵ نوێژەکەیدا جۆشی خواردووە. سوور هەڵگەڕا و، لە شوێنی خۆی وەستا و، بە رووپەکی خۆشەوە، چوارمشقی لێی دانیشت و، وەکوو ئەوەی بە کارێکی هەڵەوە گیرابێت، زمانی بە لێوانی گرتبوو! بەڵام کە بینیی دایکی، سەرگەرمی نزاکانیەتی. بەرەو نوێنەکەی کشا و سۆلەکانی داکەند و، بازێکی هەڵدایە سەر نوێنەکانی دایکی. ئەو نوێنانەی کە دایکی گومانی ئەوەی بوو، بۆی ببێتە تابووت! لە ژوور سەرەکەیدا پێنج جۆر پشتیی پەڕی گەورە و، بچووک هەبوو. ناتاشا خۆی تێیاندا نقووم کرد و، تەپاوتلی بە خۆی دا و، سەری کەوتە نێوان دوو پشتییەوە. پاشان سەری خۆی داپۆشی و، کەوتە پێکەنینێکی بێدەنگ و، جوولە جوول. دەمێک یاریی بە لاقەکانی دەکرد و، دەمێکیش سەری دەخستە نێوان دوو ئەژنۆیەوە. دەمێک بە دزییەوە لە روخساری دایکی دەڕوانی و، تاوێکی تریش، سەری خۆی دادەپۆشییەوە. ئەویش کە لە نزا و پاڕانەوەکەی خۆی بووەوە، گورجانە لە سیسەمەکەی نزیک بووەوە.

کە بینیی ناتاشا سەری خۆی داپۆشیوە، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"دەی...! دەی...!"

کچەکەیشی وتی:

"دایە... قسە بکەین پێکەوە!؟ بەڵــێ! وا نــا دایە گیان؟"

دیکیشی وتی:

"دەی... "جارێ لاملــم ماچ بکە! مــاچێکی تــریش! دیســان مــاچێکی تریشــم دەوێت! باشــە... دەی. شتێکی باشە..."

کۆنتیسە دەست لەملانی بوو و، خوار لاملی ماچ کرد. هەرچەند ئەویش لەگەڵ دایکیدا، جرپن بوو. بەڵام وریاش بوو، کە باوەشی بە دایکیدا بکردایە، هێندە توند نەیدەگوشی، نەبادا، ئازاری پێ بگات.

دوای ئەوەی کۆنتیســە دوو جار ئەمدیو و ئەودیوی کرد. لەســەر چەنــد پشتییەکیان شانی دادا و، سەرچەفەکەی بە خۆدا داوە و، دەستەکەی تری درێژ کرد.

کە هەردوکیان خۆیان داپۆشی، دایکی لێی پرسی:

"زۆر باشە... دەی با بزانم ئــەمڕۆ چیت پێیــە؟"

ســەردانی ناتاشــا و، چوونــە نێــو نوێنەکەیــەوە. کــارێکی شــەوانە بــوو و، کۆنتیســە پێی راهاتبوو. ناتاشا ئەمەیشی پێش هاتنەوەی باوکی دەکردو، ئەمەیش خۆشییەخشی ئەو کچ و دایکە بوو.

کۆنتیس پرسییەوە:

"ئــەمڕۆ دەتەوێت چی بڵێیت؟ چونکە منیش نیازم بوو: قسەت لەگەڵ بکەم."

ناتاشا دەستی خستە سەر دەمی و جدیانە وتی:

"لە بــارەی بۆریسەوە. خۆیشم ئەوەی تۆم دەزانی و، هەر لەبەر ئەوەیش هاتووم."

دەستی لە دەمی کردەوە و، لە سەری رۆیشت:

"پێم بڵێ... ئاخۆ ئــەو کەسێکی نیانە! وا نــا؟"

دایکی وەڵامی دایەوە:

"ناتاشا... ئێستا تۆ شازدە ساڵانەیت. منیش لە تەمــەنی تۆدا بووم، کە شووم کرد. کە دەڵێیت بــۆریس کەســێکی نیانــە. بەڵــێ... بێگومــان وایــە. منیش لای خۆمــەوە، بــە هێندەی کوڕی خۆم، خۆشم دەوێت. بەڵام تۆ خۆت دەڵێیت چــی؟" چونکە بــە رووتی دەیبینم، کە بیرو ژیریی ئــەو کوڕەت بردووە!

کۆنتیس رووی کردبووە کچەکەی و، لە سەر لا روخساری ئەوی دەبینی و، ئەویش لە نەخشی قووچەکی سەر تەختەی سیسەمەکەی دەڕوانی.

دوای کەمێک دڵان بەخۆدا گرتن، ناتاشا هەڵیدایــە:

"زۆر بــاشە! چیی تــر؟"

دایکیشی وتی:

"لــە کاتێکدا کە دەزانیت شــوو کردنت بــە ئــەو، ســەخت و دووڕە دەســتە. بیــرو ژیریــی

ئەوت، بە تاڵان بردووە!! مەبەستت لەم کارەت چیە و، تا کوێ لەگەڵی دەڕۆیت؟"

ناتاشایش وتی:

"ئەمە بۆ سەختە!؟ بۆ خاتری خوا!"

دایکیشی هەڵیدایە:

"لەبەر ئەوەی، هێشتا ئەو کوڕە هەرزەکارە و، هەژارە و خزمیشە! لەگەڵ ئەوەیشدا کە خۆشت ناوێت."

ناتاشایش لێی پرسی:

"ئاخر چۆن دەزانیت کە خۆشم ناوێت؟"

دایکیشی وەڵامی دایەوە:

"دەزانم کچی خۆم! دەزانم! ئەمەیش بۆ خۆی کارێکی باش نییە."

کچەکەیشی وتی:

"بەڵام ئەی ئەگەر خۆشم بوێت!"

دایکی قسەکەی پێ بڕی:

"ناتاشا... ناتاشا... من بە جدی قسەت لەگەڵ دەکەم..."

ناتاشایش نەیهێشت دایکی قسەکانی تەواو بکات و، دەستە ئەستوورەکەی راکێشا و، پشتی دەستی ماچ کرد. پاشان بەری دەستی. دواتر هەڵی گێڕایەوە و، کڵاوەی پەنجەکانیشی ماچ کرد و، کەوتە نوشتاندنەوەیان: کانوونی دووەم... شوبات..ئازار...نیسان... حوزەیران... دەی دایە گیان بۆ بێدەنگیت!؟ قسەم بۆ بکە.

کە بینیی دایکی لێی دەڕوانێت، سەرنجێکی پرسایانەی ئەوی دا. وەکوو ئەوەی ئەوانەی بیرچووبێتەوە کە دەیویست باسیان بکات!

دایکیشی وتی: "ئازیزەکەم... ئەوەی تۆ دەیکەیت، کارێکی شیاو و لەبار نییە! ئاخر خەڵکانی تر، ئاگایان لە هاوڕێیەتی ئێوە نییە و سەردەمی منااڵیتان و، ئەو هۆگرییەی کە ئێستا لەگەڵ ئەودا هەتە: رەنگە ببێتە مایەی زیان بۆت! بە تایبەتیش لای ئەو کوڕانەی هاتوچۆمان دەکەن. پاشان دەبێتە هۆی ئازارێکی بێ بڕانەوەیش بۆ ئەو داماوە. چونکە دوور نییە ئەویش بتوانێت کچی خێزانێکی دەوڵەمەند بۆ خۆی بدۆزێتەوە و، ئەوە بۆ ئەو لەبارتر بێت! کەچی ئەوەتا تۆیش بیرو ژیریی ئەوت بە تاڵان بردووە!"

ناتاشایش وتی:

"هەر بە ڕاست!!"

دایکیشی وتی:

"کچەکەم... ئێستا دەتوانم زۆر بە ئاگاییەوە، بتدوێنم. ئامۆزایەکم هەبوو..."

کچەکەی هەڵیدایە:

"ئاە! مەبەستت... سیریل ماتڤییتشە! بەڵام... بەڵام ئەو پیرە..."

دایکیشی بە تووڕەییەوە وتی:

"ئاخر خۆ ئەو داماوە، بە پیری لە دایک نەبوو بوو! لە سەر ئەوەدا گیانەکەم خۆم قسە لەگەڵ بۆریس دەکەم. پێیشی دەڵێم: کە پێویست ناکات بەم جۆرە و زوو زوو، سەردانمان بکات."

ناتاشایش وتی:

"جا کە خۆی ئەوەی پێ خۆش بێت... ئیدی تۆ بۆ رێگریی دەکەیت؟"

دایکیشی وتی:"لەبەر ئەوەی سەردانەکانی بێ ئاکام دەبێت!"

هەر وەکو ئەوەی ناتاشا ئاوەزی خۆی لە دەست دابێت وتی:

"ئاخر تۆ چووزانیت!؟ نەخێر دایکە تۆ پێی مەڵێ. ئای چ گێلییەکە! شووی پێ ناکەم! شووی پێ ناکەم! با هەر وا تێ بگات. بەڵام بۆ بەردەوام نەبێت لەسەر هاتنی بۆ ئێرە؟ لە کاتێکدا کە هەردوکمان بەوە ئاسوودە دەبین! هەرچەند شووی پێ ناکەم. بەڵام هەروا هاکەزایی، ئێمە یەکترمان خۆش دەوێت."

پاشان بە زەردەخەنەیەکەوە، ڕووی لە دایکی وەرگێڕا.

دایکیشی لێی پرسی:

"چۆن... چۆن؟ هاکەزایی؟"

کچەکەیشی وتی:"بەڵێ خۆشەویستییەکی هاکەزایی! من شوو کردنم بەلاوە گرنگ نییە! کەوابوو خۆشەویستی هاکەزایی."

دایکیشی بە هۆی پێکەنینەکەیەوە، هەموو لەشوڵارە قەبە و، کەتەکەی دەلەرزییەوە، کە پێی وت:

"هاکەزایی!! هاکەزایی!!"

ناتاشایش هـــاواری کرد:

"بەو تونديیە پیسەکەنە! سیسەمەکەت هێناوەتە لەرزین! تۆیش چوویتەوە سەر خۆم و، هەمیشە دەم بە پێکەنین و خەندانیت! ڕێک لە خۆم دەچیت!"

دەستی گرتەوە و کڵاوەی پەنجە تووتەی ماچ کردەوە و وتی:

"حوزەیران..."

پاشان دەستەکەی تری بڵند کردەوە و لە سەری ڕۆیشت:

"تەموز... ئاب... دایکە... منت زۆر زۆر خۆشدەوێت؟"

"ئەی بیروڕات لە بارەی ئەوەوە چۆنە؟"

"کاتی خۆی: تۆیشیان هێندە خۆشویستووە؟"

"بەڵێ زۆر نەرم ونیان و میهرەبانە! زۆر زۆریش نیانە! بەڵام بەلای منەوە زۆر قۆشمە دیارە. لە سندوقی سەعاتی دیوار دەچێت! هاوڕێیەکی خاکیی سفتە."

دایکیشی وتی:

"ئەم هەرایە چییە؟"

ئەویش هەڵیدایە:

" چۆن... چۆن!؟ تۆ هەر لێم تێناگەیت! نیکۆلا ڕۆستۆڤ زۆر باش تێمدەگات. بۆ نموونە بیزۆخۆڤ. ئەو شینێکی تۆخی سووربارەوە! پاشان چوارگۆشەییشە!"

کۆنتیسیش بە پێکەنینەوە وتی:

"پێم وا بێت: لەگەڵ ئەویشدا، هەر هەرزەیی دەکەیت!"

کچەکەیشی وتی:"هەرگیز..! بەڵام وەکوو بیستوومە... لە برا ماسۆنییەکانە. .لاوێکی نیان و ڕوو خۆشە. ئەویش شینێکی تۆخی سووربارەوە. نازانم ئەمەت چۆن بۆ شی بکەمەوە. "

دەنگی کۆنت لەودیو دەرگاکەوە هات و وتی،"کۆنتیسە چکۆلەکەم... ئەوە هێشتا نەنوستوویت؟"

ناتاشا خۆی لەسەر سیسەمەکەوە هەڵدایە خوارەوە و، سۆلەکانی بە دەستەوە گرت و بە پێخاوسی بۆی دەرچوو. ناتاشا ماوەیەکی زۆر، لە ناو نوێنەکەی خۆیدا، بیری لەوە کردەوە، هەرچەند ناخی ڕوون و ئاشکرایە. کەچی کەس تێی ناگات و، نازانن چۆن بیر دەکاتەوە! هەر ئەگریجەی لە ژێر نوێنەکەوە، بە دەرەوە بوو و، سەرنجی پشیلە لوول بووە نوستوووەکەی ژوورەکەی دەدا.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"سۆنیا!؟ ئۆو.. نەخێر! ئەو زۆر بە تووندی پابەندە بە چاکە و باشی و، پاکییەوە! ئەو نیکۆلا ڕۆستۆڤی خۆی خۆشدەوێت... لەو بترازێت... کەسی تری ناوێت! دایکیشم تێمناگات! ئای کە ئەو ناتاشایە زیرەکە!"

بە جێناوی کەسی سێیەمی تاک، لە خۆی دەدوا... وەکو ئەوەی قسەکان هی کەسێکی ڕەگەزی، پێچەوانەی خۆی بێت!

پاشان کەوتە دەرخستنی هەموو تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزیی خۆی:

بە ڕاستی ناتاشا دڵبەرێکی زۆرداره! شتەکان بۆ خۆیەتی و خاوەنیانە! ئەو کچە جوان و نیان و ژیر و، سەرنجکێشە! مەلەوانە! شۆڕە ژنە! گۆرانیبێژێکی سیحراوییە! بەڵێ دەتوانرێت بە گۆرانیچرێکی سیحراوی ناوزەد بکرێت!

پاشان کەوتە ورتە ورتی وتنەوەی: **یەکێک لەو گۆرانیانەی کە بە لای خۆیەوە خۆش بوو. ڕستەیەکی وتەوە کە لە ئۆپرای "شیرۆبینی"[1] یەوە وەر گیرابوو.**

خۆی دایەوە بە نوێنەکەیدا و، کەوتە پێکەنین بە خۆی. بەوەیش پێکەنی کە بە تەمای نووستنە! دنیاشای کارەکەری بانگ کرد، بۆ ئەوەی مۆمی ژوورەکەی بۆ بکوژێنێتەوە.

هێشتا دنیاشا، ژوورەکەی جێ نەهێشت بوو، کە ناتاشا کەوتە فڕین بە ئاسمانی خەونەکانیدا. ئەو جیهانەی کە لەم جیهانەی زیاتر تێیدا بەختەوەر دەبوو.

---

١ ـ سیلڤادۆر شرۆبینی (١٧٦٠ـ ١٨٤٠): خاوەنی چەندین کتێبی ئایینی و چەند دەقێکی شانۆیی ڕۆمانسییانە بوو.

بەشی چواردە
بانگهێشت

(٣١)ی کانوونی یەکەم و، شەوی سەرەتای ساڵی نوێی (١٨١٠) ئاهەنگێکی شەوانە، لە لایەن یەکێک لە کەسایەتییە باڵاکانی، پاشماوەی سەردەمی (کاترین)ەوە ساز درا. ئیمپراتۆر و کەسانی دیبلۆمات، ئامادەی بوون.

کۆشکی ئەو پیاوە مەزنە ـ کە بە مرواریی شۆستەی ئینگلیز ناسرابوو ـ هەزاران گڵۆپی تێدا داگیرسابوو. هەر لە بەلەکۆنی دەرگای دەرەوە، فەرش راخرابوو. پیاوانی هێزی دەرەکی بە لاشە و جەستەی خۆیان پەرژینێکیان دروست کردبوو و، لە ژێر فەرمانی بەرێوەبەری پۆلیس و دەیان ئەفسەردا بوون. ئەوەیشیان بۆ ئەوە بوو، تا فشار نەخرێتە سەر رێگاکە.

ئەو گالیسکانەیش کە یاوەران و، پیاوانی دەرباری بەرگ سووریان لەگەڵدابوو و، کەسانی مەزنیان بە بەرگی فەرمی و کڵاوی پەڕدار بە سەروبەرۆک بە مەدالیای هەڵگان و نیشان بە سینەوەیان، تێدا بوو: دەهاتن و دەچوون.

خانمانی سەر بە سەرپۆشی تووکی سمۆرەی سپی داپۆشراو و، باڵاپۆشی ئاوریشمینیش، بە نیانی دادەبەزین و، بە سەر فەرشەکەدا شۆڕ دەبوونەوە، بەرەو دەروازە و بەلەکۆنەکە.

هەرکە گالیسکەیەک دەگەیشت. ورتە ورت لە نێو خەڵکەکەدا پەیدا دەبوو. بۆ بەخێر هێنانیشی، شەبقەکانیان بڵند دەکردەوە.

هەندێکیشیان دەیان پرسی:

"ئاخۆ ئەوە ئیمپراتۆر خۆی بوو!"
هەندێکیش وەڵامی دەداوە:
"نەخێر! ئەوە وەزیر بوو!"
یان:
"میر بوو!"
یان:
" باڵیۆز بوو! ئەی پەڕەکەی سەری نابینن!"
گێلێکیان تێدابوو، کە لە هەموویان رێکپۆشتر بوو، لەوە دەچوو هەموو کەسێک بناسێت و، هەر هەموو گەورە کەسایەتییە، خاوەن پلە و پایەکانی سەردەم و، ناوەکانیان لە یەک جوێ بکاتەوە.
سێ یەکی میوانان، گەیشتنە شوێنی ئاهەنگەکە و، بنەماڵەی ڕۆستۆفیش ـ کە ئەوانیش بانگهێشتی ئەو ئاهەنگە کرابوون ـ هەر خەریکی خۆ ڕازاندنەوە و، سەرداهێنان بوون.
ئەو ئاهەنگ و سەمایە، ترس و دڵەڕاوکێ و سەرقاڵییەکی فرەی بۆ دروست کردبوون.
بڕێک لە خەمەکانی بنەماڵەی ڕۆستۆفیش ئەوەبوو: "بڵێی بانگهێشتی ئەو ئاهەنگە بکرێن!" بڵێی جلوبەرگە بە دووریندراوەکانیان تەواو بێت و، فریای لەبەر کردنی بکەون!؟
" ئاخۆ ئامادەکارییەکانیان شایستەی ئاهەنگەکە دەبێت؟"
ماری ئینیاتییگنا پیرۆنسکییش: کە خاتوونێکی باریکەلەی زەردباو بوو و، هاوڕازی پێشوو بوو لەو دەربارە، ئێستایش هاوڕێیەکی نزیکی کۆنتیسە و، پەیمانی بەم کۆمەڵەی دەوروبەری شارە دابوو ـ واتە بنەماڵەی ڕۆستۆف ـ کە ببێتە چاوساغیان و، یاوەر و ڕێنوییان بێت، لە نێو ئەو نێوەندە بااڵیەی پیترزبۆرگەدا. بۆیە دەبوایە ئەمان، سەعات (١٠) بە بەر ماڵی ئەو ماریییەدا بڕۆیشتنایە و، لەگەڵ خۆیان بیانبردایە بۆ ئاهەنگەکە.
ماڵەکەیشی کەوتبووە "جاردان تۆریدـ"ەوە و، ئەو شۆێنەی کە بنکەی خاتوونی ئیمپراتۆری دایکیش بوو.
کات بووبووە نۆ و پەنجا و پێنج خولەک و، هێشتا کچان خۆیان نەگۆڕی بوو. ئەو ئاهەنگی سەمایەیش، یەکەمین ئاهەنگ بوو، کە ناتاشا، ببینێت. هەر لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە، هەستا بوو و، بەردەوام شپرزە بوو.
ئەوپەڕی توانایشی خستبووە گەڕ تاکو کۆنتیسەی دایکی و، سۆنیای خوشکی ڕێکپۆش بکات. ئەو دوانەیش جلەوی خۆیان دابووە دەستی ئەو.
کۆنتیسە بڕیاریدا کراسی مەخمەڵیی گرانبەها بپۆشێت. کچەکانیش کراسی سپیی سوک و سۆاڵ، بپۆشن و، ناوقەدیان بە گوڵا بڕازێننەوە. هەرسێکیشیان سەریان یۆنانیانە دابێتن.
ئامادەباشییە گرنگەکان کران و، شتەکان ڕێکخران. دەست و پێ و پووز و، گەردن و

روخسار و گوێیەکانیان جوان شۆردرا و، عەتر پرژێن کران. گۆرەوی ئاوریشمی نوێیان، لە پێیان هەڵکێشا و، پێڵاوی چەرمی "ساتان"ی قەیتانداریان لە پێ کرد.

رێکخستنی سەر و قژیان کۆتا بوو بوو. سۆنیا لە دوا دوای خۆڕازاننەوەکەیدا بوو. بەڵام ناتاشا لەبەر ئەوەی هەر خەریکی رازاندنەوەی ئەوان بوو. لە رازاندنەوەی خۆی دواکەوت. لەبەر ئاوێنەکە دانیشتبوو و، سەرشانەکانی خۆی ڕێک دەخستەوە. سۆنیایش لە ژوورەکەدا بوو. خەریکی لێدانی دەرزییەک بوو، لە پشتوێنەکەی و، بە تووندی پاڵی پێوەنا و، پەنجەی ئازاری پێگەیشت.

ناتاشایش بە هەردوو دەستی قژەکەی گرتبوو و، لای کردەوە و نەیهێشت کارەکەرەکە هیچ بکات و وتی،"سۆنیا بەو شێوەیە نابێت. گرێیەکە وا لێنادرێت... وەرە وەرە."

سۆنیایش لە تەنیشتییەوە دانیشت و، ئەویش پشتوێنە قوماشەکەی هەڵگیرایەوە و وتی،"ڕێم بدە کچێ... ڕێم بدە!"

کچە کارەکەرەکەیش ــ کە هێشتا قژی ئەوی بە دەستەوە بوو ــ وتی،"لێم ببووڕە کچەکە... هیچ ڕێیەکی تر نییە..."

ئەویش وەڵامی دایەوە،"ئای خوایە گیان! دەتوانیت کەمێک چاوەڕوان بیت؟"

"ئە! ئاوا! ئێستا راست بووەوە."

کۆنتیسیش پرسیی،"لێبوونەوە؟ ئەوەتا وا کاتژمێر دەبێتە دە."

ئەویش وەڵامی دایەوە،" هەر ئێستا دایە گیان... ئەی تۆ خۆت ئامادەیت؟"

دایکیشی وتی،"هەر کڵاوەکەم ماوە، تاکوو لە سەری بنێم."

ناتاشایش هاواری کرد،"بە بێ من، لە سەری مەنێ. چونکە نازانیت، جوان بیکەیتە سەرت."

دایکیشی وتی،"ئاخر ئەوە کات بوو بە دە ی ڕێک."

هەرچەند دەبوو دە و نیو بگەن. کەچی هێشتا ناتاشا بەرگەکانی خۆی لەبەر نەکرد بوو. دەبوو بە بەر کۆشکی تەوریدیشدا بڕۆیشتنایە، تا خزمە رێنوێنەکەیشیان هەڵ بگرن و، لەگەڵ خۆیان، بیبەن.

هەر کە ناتاشا لە سەرداهێنانەکەی بووەوە. بەرگێکی ژیرەوەی لە خۆوە پێچا و، تەنیا پێڵاوی سەماکەی بە دەرەوە مایەوە. چاوێکی بە سۆنیادا گێڕا و، چووەوە سەر کۆنتیسە. سەر و قژەکەی وەرچەرخاند و، بە دەرزی کڵاوەکەی لە قژەکەی سەری بۆ توند کرد و، ماچێکی قژە ماش و برنجەکەیی کرد.

پاشان رایکردەوە، بەردەم ئەو کارەکەرەی کە جلەکانی بۆ رێکدەخستەوە. دەبوو ئەو کراسەی بۆ قارس بکەن. چونکە زۆر درێژتر بوو. دوانیان زۆر بە دڵسۆزی خەریکی بوون و، بە ددانەکانیان دەزووی دروومانەکەیان بۆ دەقرتاند.

سێیەمیشیان ــ کە چەند دەرزییەکی بە لێوەکانی گرتبوو ــ دەمێک دەچووە لای

کۆنتیسه و، دەمێکیش دەهاتەوە لای سۆنیا.

چوارەمیشیان بەرگێکی سووکەڵەی دابوو، بە سەر باسکیدا و، هاواری کرد:

"مافروشا... خێراکە ئازیزەکەم."

ئەوی تر هاواری کرد:

"ئەو موستیلەی دروومانەم، بدەرێ."

پیرە کۆنت لەولاوە گەیشتە بەردەم دەرگاکەیان و، هاواری بۆ کردن:

"بەم زووانە لێ دەبنەوە؟ ها ئەوە چەند جۆری بۆنیش. گومانی تێدا نییە ئێستا پیرۆنسکبی قەیرە کچیش، چاوەڕێی گەیشتنی ئێمەیە."

کارەکەرێکیان بە دوو پەنجە کراسەکەی هەڵتەکاند، تا جوانتر بیپشکنێتەوە.

پاشان کردییەوە و، وتی:

"کچەکە ئەوەتا من لە ئیشی خۆم بوومەوە."

ناتاشایش کەوتە لەبەر کردنی. هەستی کرد، وا باوکی خەریکە ئەودیوی دەرگاکە جێ دێڵێت.

بۆیە هاواری باوکی کرد:

"یەک خولەک... ساتێک مەیە ژوورەوە بابە!"

لە نێو قوماش ون بوو بوو و، تەنیا دەنگی دەهات. بە تووندیش دەرگاکەی جووت کردەوە. دوای چرکەیەک رێیان دا و، پیرە کۆنت هاتە ژوورەوە.

ئەویش بۆن پژێنی خۆی کردبوو و، جووتێک گۆرەوی ئاوریشم لە پێیدا و، جووتێک پێڵاو و، بەرگەکەشی شین بوو.

ناتاشا لە ناوەندی ژوورەکەدا وەستابوو و، بەدەم رێکخستنەوەی لۆچەکانی کراسەکەیەوە وتی،"ئای بابەی دڵا و گوڵا... چەند شۆخ و شەنگیت!"

کارەکەرێکیان کە لەسەر چۆک بوو و، هەر ئەمسەروسەری بە دەرزییەکانی نێو لێوانی دەکرد وتی،"رێم بدە کچێ... رێم بدە!"

سۆنیایش بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە،"تۆ بۆ خۆت، هەرچییەک دەڵێیت بیڵێ! بەڵام من هەر سوورم لە سەر ئەوەی کە درێژە!"

ناتاشا چووە بەر ئاوێنەکە، تا خەریکی چاک کردنی خۆی بێت. کە سەرنجیدا تێگەیشت کە بە ڕاستی کراسەکەی درێژە.

مافرۆشایش ـ کە بە گاگوڵکێ هەر بە شوێنییەوە بوو ـ بەرپەرچی دایەوە،"هەرگیز وا نییە! بەم شێوەیە... کراسەکەت زۆر لە بارە... کچەکە."

دنیاشایش بە زمانێکی پر بڕوا بەخۆ بوونەوە وتی،"ئەگەر هەر درێژە... درێژە! قارس کردنی لە خولەکێک پتر نابات."

کەوتە بەکار هێنانی ئەو دەرزییەی، کە بە دەسرۆکەکەیەوە بوو. لەو کاتەدا کۆنتیسە بە خۆی و بەرگە نەرمەکەیەوە، خۆی کرد بە ژووردا.

کۆنتە پیرە هاواری کرد"ئۆو! ئۆو.. چەندە جوانیت! بڕوا بکەن: هەمووتان شەرمەزاری جوانییەکەی خۆی دەکات!"

وێستی هەر لەوێدا ماچی بکات. بەڵام کۆنتیسە لە خۆیی دوورخستەوە، نەبادا جوانییەکەی، بهەژێنێت.

ناتاشایش هاواری بۆ کرد،"کەمێک کڵاوەکەت لارتر بکەوە... دایە. پەلە مەکە با بۆت رێک بخەمەوە."

هێندە لە ناکاو بەرەو لای دایکی چوو، کارەکەرەکانیش فریای شوێنکەوتنی نەکەوتن و، کەمێک لە دامێنی کراسەکە، بە دەستیانەوە هەڵقەڵیشا.

هەر کە بە ئەوەی زانی هاواری کرد،"ئای ئەوە چیتان کرد!؟ هەرگیز من لەمەی ئێوە بەرپرس نیم!"

دنیاشایش وتی،"بێخەم بە! جۆرێک دەیدروومەوە، کەس هەستی پێ نەکات!"

دایەنەکەیش هاتە ژوورەوە و وتی،"ئای جوانێ! پەرییە چکۆلە! سۆنیا تۆیش! ئای جوانکیلەکانی من!"

کاتژمێر دە و چارەک، هەموویان لە نێو گالیسکەکەدا بوون. دەبوو لە پێشدا بچن بۆ گاردن تۆرید. پیرۆنسکیی قەیرە کچیش، ئامادە ببوو و، لەگەڵ ئەو بە سالاچوون و ناشیرینیەیدا، هەموو ئەو غەڵبە غەڵبەیشی لە دەوروبەری دروست بوو بوو. بەڵام بە هێندەی شڵەژاویی بنەماڵەی پۆستۆف نەبوو. چونکە ئەم ئەزموونێکی فرەی لەو جۆرە بۆنانەدا هەبوو.

ڕوخسارە داکەوتووەکەی، هێندە چەور و بۆندار دەکرد، تا بناگوێی تێدەنا! هەر کە کارەکەرەکەیشی، خاتوونەکەی خۆی، بە کراسە زەردە رازاوەکەیەوە، بە ئارمی خاتوونی ئیمپراتۆر، بینی. ئەو دەمەی خۆی کردەوە، بە هۆڵەکەدا. هەلهەلەیەکی بۆ لێدا. کە بنەماڵەی ڕۆستۆفیش گەیشتن. هەموویان دەستخۆشییان لێکرد، بە هەڵبژاردنی لەبەر کردنی ئەو بەرگەی و، ئەو سەلیقە جوانەی!

هەر کە کاتژمێر بوو بە یازدە، کۆمەڵەی خاتوونان کەوتنە خۆیان و، زۆر بە بایەخەوە، خەریکی بەرگەکانی بەریان و هەستی خۆیان بوون.

بەشی پازدە
لە ئـــاهەنگەکەدا

بە درێژیی ئەو ڕۆژەی کە بۆ شەوەکەیدا دەچووە ئاهەنگ، ناتاشا هێندە سەرقاڵی کارە زۆرەکانی بوو: تەنانەت ئەوەندەی کات بە دەستەوە نەبوو، بیر لەوە بکاتەوە، چی لەو ئاهەنگەدا، چاوەڕێی دەکات!؟ ئەوە یەکەمجاری بوو، کە وای لە خەیاڵیدا دانـا، بە تایبەتی ئـەو کاتـەی، کـە سـواری ئـەو گالیسـکە لەرزۆکـە بـوو و، هـەوا کـەمێ سـاردەکەیش، لـە ڕوخساری دەدا. کە لە هۆڵە ڕووناکەکاندایـە و، لە نێو ساز و ئاواز و، سەمایەکی زۆردایە و، خودی ئیمپراتۆر خۆیشی سەر تۆپی گوڵانی لاوانی ناوداری شاری پیترزبۆرگە!

ئەوەیشی کە چاوەڕێی ئـەمی دەکرد، هێندە جوان بوو. پێچەوانـەی هەست کردنەکـەی بوو، بەو سەرما و، تـاریکی و، شپرزە بوونەی. تەنانەت وایشی لێ هات بوو، کە بڕوا بـەو بارو دۆخەی خۆیشی نەکات، کە تێی کەوتووە! بڕوای بەوە نەبوو، کە ئەوە ئـەو بێت: بـە سەر فەرشە سوورەکەدا دەڕوات! کە گەیشتە دالانەکە. فەرووەکەی سەری لابرد و، لەگەڵ سۆنیادا، دوای دایکیان کەوتن و، بەو پلیکانانەدا سەرکەوتن، کە ڕووناک و بـە گوڵ ڕازاوە بوو. لەو کاتەدا بیری کەوتەوە، کە بەرنامەی دانابوو، چۆن لەو ئاهەنگەدا بجوواڵێتەوە. لـە شێوەی ئەوەی کە پێویستە: کچانی تەمەنی خۆی بیکات.

بەختی یار بوو و، لەو کاتەدا بە خەیاڵ کەوتـە فڕین و، دڵـی کەوتـە کوتەکوت و، هـیچ شتێکی بـە ڕوونـی نـەدەبینی. هـەر بۆیـە نەیدەتوانی ئـەو ڕێنماییانـەی بـۆ هـەڵس و کـەوتی خـۆی، لـەو ئاهەنگـەدا دابنـابوو، جێبـەجێیان بکـات. خـۆ ئەگـەر لـەو ئاهەنگـەدا، جێبـەجێی بکردنایە، ئەوا دەبووە، جێی پێکەنینی خەڵکەکە!

بە شپرزەییەوە دەڕۆیشت و، خۆی بۆ زەوت نەدەکرا.

بنەماڵەی ڕۆستۆڤ نوقمی نێو خەڵکانێک بوو، کە ئـەوانیش بـەرگی ئـاڵا والایـان پۆشـی بـوو و، بـە چرپـە دەدوان. ئاوێنـەی بـەر پلیکانەکـەیش، هـەموویانی لـە خـۆ گرت. وێنەیـەلی

ژنانێکی بەرگ گوڵ گوڵی و، سپی و شین، بەسەر شان و مل و، دەستیاندا، ملوانکەی ئەڵماس و مرواری شۆڕ ببووەوە.

هەرچەند ناتاشایش بە تیلەی چاوانی و، بە دزییەوە سەرنجی دایە ئاوێنەکە. بەڵام وێنەی خۆی بۆ نەدۆزرایەوە. چونکە ئەوان زۆر بە جوانی و کراوەییەوە، لێک ئاڵۆزا بوون.

هەرکە ناتاشا چووە هۆڵەکەوە. ئەو هەموو تیشک و بریق و باقە، شڵەژانی و تووشی دڵەکوتە بوو و، وەختەبوو کوێر ببێت!

خانەخوێ و یاوەرانی لەبەر دەروازەی کۆشکدا وەستابوون و، بەو رستە گەرم و گووڕەیان بۆ میوانەکان کە: "شادمانین بە بینینتان" بوو. بە خێرییان دەهێنان. بە تایبەتیش بنەماڵەکەی ڕۆستۆف و، قەیرە پیرۆنسکی. دوو خوشکە سپی پۆشەکەیش، کە تەنانەت بە ئەو دوو گوڵەیشەوە، کە قژە ڕەشەکانیان پێ رازاندبووەوە، زۆر لە یەک دەچوون. بە ڕێزەوە بۆیان نووشتانەوە. بەڵام سەرنجەکانی خاتوونی خانەخوێ، بە ناتاشای ناوقەد باریکەوە گیرسایەوە. بە بزەیەکی جیاواز لەو بزە ساردانەی، بۆ میوانەکانی تری کردبوو، بۆ ئەوی کرد. بێگومان گەنجیی خۆیی و ئەندێشەکانی ئەو دەمە و، ئاهەنگە زێڕینەکانی وەبیر هێنایەوە. ئەو ئاهەنگانەی کە هەرگیز جارێکی دی، نایان بینیتەوە. خانە خوێ بە چاو بە شوێنیەوە بوو و، لە پیرە کۆنتیشی پرسی: کە ئاخۆ کامیان کچێتی؟

دوای پرسیارەکە، پەنجەکانی کۆکردەوە و وتی،"چەند قەشەنگە!"

بانگ کراوانی هۆڵی سەماکە، لەبەر بەلەکۆنەکەدا چاوەڕێی گەیشتنی ئیمپراتۆر بوون. کۆنتیسە توانیی لە ڕیزی پێشەوەدا، جێی خۆی بکاتەوە. ناتاشایش گوێی لێ بوو چەند کەسێک باسی ئەو دەکەن. زانیشی کە پێی سەرسامن و، چۆن چۆنی سەرنجی دەدەن. بۆیە شڵەژاوییەکەی ڕەوییەوە. لە دڵی خۆیشیدا وتی،"کەسانی ئێمە ئاسایش هەن و، هەیشن لە ئێمە لە خوارترن!"قەیرە پیترۆنسکییش کەوتە ژماردن و، باسی کردنی، پیاوە ناسراو و، بە ناوبانگەکان بۆ کۆنتیسە. دەستی بۆ پیرەمێردێکی زیوینی قژ لوولی لێو بە بزەی نێو ژنان درێژ کرد:"ئەوە... ئا ئەو پیرە سەر سپییە، وەزیری هۆڵەندەیە."

کە بینیی هیلین، هاتە ژوورەوە: لە سەری ڕۆیشت،"ئەوەیش شازادەی پیترزبۆرگە و، کۆنتیسەی هاوسەری پییەر بیزۆخۆڤە و، هیچی لە "ماری ئەنتۆنۆڤنا ناریکشین"ی دۆستی ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، کەمتر نییە! بڕوانە چۆن لاوان و پیران وەکو پەروانە بە کەمەریدا دەخولێنەوە! ئەو ژنێکی قەشەنگ و جوان و، زیرەکە! دەڵێن گوایە میر "سین" شێت و هاری بووە!

پەنجەی بۆ خاتوونێک و کچەکەی درێژ کرد، کە بە هۆڵەکەدا تێدەپەڕین:

"بەڵام ئا ئەو دوانەی تریش، لەگەڵ ناشیرینیشیاندا، کەسانێکی زۆری پیاوان لێیان کۆبوونەتەوە. لە ڕاستیدا ئەو دایک و کچە، دوو قەشەنگ و جوانی کەم وێنە بوون."

قەیرە پیترۆنسکی لە سەری ڕۆیشت:،"ئەمە بۆ خۆی گوڕمەیەکی ملیۆنییە و، ئەوانەیش

سەرسام بووانن... سەیر بکە کچێ... ئەوەیش بـراکەی پیزۆخۆڤە! ئاناتۆلا کۆراگین."

لەو کاتەیشدا دەستی بۆ سوارەیەکی قۆز و جوانی: هێزی پاسەوان درێژ کرد. کە سەری بڵند گرتبوو و، چاوانی بـڕی بووە بەرپێی خۆی و، بە بەردەمیاندا تێدەپەڕی و وتی،"ئـای کە لاوێکی قەشـەنگ و جـوانە! وا نـا!؟ دەڵێن ئەو تووڕەکە ملیۆنەی لێ مارە دەکـەن! پاشـان ئـەوەیش درۆپتسـکیی ئامۆزاتـە! ئـەویش هـەر خـەریکی دڵـداری کردنـی خۆیەتی." وەڵامی پرسیارێکی کۆنتیسەیشی وا دایەوە:

"ئەی چۆن! بـەڵام ئـەوەیش کولنکـوری نوێنـەری فەڕەنسـا خۆیـەتی. هـەر لـە پاشـایان ناچێت! ئەمـەیش بـا لـەلاوە بوەسـتێت. ئـەو فەڕەنسـیانە زۆر نیـان و چـاکن! لـەوان رێک و پێکتر: لە نێو کۆمەڵگەدا نییە!" "ئۆو ئەوەیش ماری ئەنتۆنۆڤنایە! نەخێر! بێگومـان لـە وێنـەی، هەر نییە! پاشان ئـای لە ساکاریی دیمەنی! بە راستی خەڵکەکە وەک پەرستن دەیپەرستن!"

دەستیشی بۆ پییـەر پیزۆخۆڤ ڕاکیشـا: "ئـەی ئـەو لاوە چاویلکـە لـە چـاوە! ئەمەیشیان: ماسۆنییەکی نێو دەوڵەتییە! دەڵێی بووکە شوشەیەکی ناجۆرە و، لای ژنەکەیەوە دانراوە!"

پییەریش پێش ژنەکەی کەوتبوو و، ڕێی بە نێو خەڵکەکەدا دەبڕی و، لەشی دەلەرییـەوە و، وەکوو منالێکی سەر لێشێواو: سەری بە لای ڕاست و چەپی خۆیدا نەوی دەکرد.

ناتاشایش بەختەوەرانە، سەرنجی ئەو "بووکەشوشە ناشیرینە"ی کە قەیرە پیترۆنسکی ناوی نابوو و، باشی دەناسی، دەدا. دەیشیزانی پییەریش لای خۆیـەوە بۆ ئـەمان دەگـەڕێت و، بـە تایبەتیش بۆ ئەمەیان. ئـەی زووتـر پـەیمانی نـەدابوو پێی کە ئامـادەی ئـەم ئـاهەنگە دەبێت؟لەگەڵ ئەوەیشدا، پێش ئـەوەی بگاتـە لای ئـەوان. لای کابرایـەکی گـەنم ڕەنگی بـاڵا ناوەندی چاکەت سپیدا وەستا، کە ئەویش قسـەی بۆ کەسێکی باڵابـەرزی سـەرسنگ ڕازاوە بە مەدالیا دەکرد. مەدالیایـەکیش بـە قردێلەیەکـەوە هەڵواسـرا بـوو ،و، بەسـەر ئـەوانی تـردا شۆڕ ببووەوە. ئەو پیاوەش پۆلکۆنسکی بوو. کە زۆر تەڕ و بـڕ و گەنج دەینواند.

ناتاشا وتی:

"ئەمە یەکێکە لە ناسیاوەکانمان و پۆلکۆنسکییە! باش سـەرنجی بدە! بیـرت ناکەوێتـەوە؟ لە ئۆتراد نواییش شەوێک لامان مایەوە."

قـەیرە پیترۆنسـکییش وتـی: "ئـاە ئێـوەیش دەیناسـن!؟ مـن بەرگـەی بینینـی نـاگرم! ئـەوە ئـەمرۆ ـ وەکو دەڵێن کوچک و کەڵەک دەبارێت ــ لووتبەرزیەکەیشـی بـێ سـنوورە و، لـە باوکییەوە بۆی ماوەتـەوە! کە لەگەڵ سبیرانسکییشدا، سـەر دەکـەن بـە یەکدا: پرۆژەیـەڵێک دادەنێن، خوا نەبێت کەس پێیان نازانێت! ئێوە سـەرنجی بدەن... چۆن لەگەڵ خانماندا هـەڵس وکەوت دەکات!؟ ئا ئەوە یەکێکیانە و، خۆی قسـەی بۆ دەکات! هـەر خۆیشی بەڕێوەبـەرێتی. بە خوا ئەگەر من لە جێی ئەو خانمە دەبووم کە ئەو قسـەی بۆ دەکات: مامەڵەیـەکم لەگەڵ دەکرد کە شیاوی خۆی بوایـە!"

بەشی شازدە
گەیشتنی ئیمپراتـۆر

لە ناکاو بووە ژاوەژاو لە هۆڵەکەدا. چپەچپیش دەستی پێکرد. بانگهێشتکراوان هاتن و، دواتر دڕیان پێدرا و، ئیمپراتـۆر دەرکـەوت و، کۆمەڵـەی خانـەخوێ و، کەسـانی مـەزنی شارەکەیش بە دەوریيەوە بوون.

دەنگـی سـاز و ئـاواز بڵنـد بـووەوە و، ئیمپراتـۆریش بـە ڕاسـت و چەپـدا: سـڵاوی دەبەخشییەوە. دەستەی موزیکیش کەوتنە ژەندنی ئاوازی بـاوی ئەو سەردەمە. کە ئـاوازی "پۆلـۆنیز" بوو و، ئەمەی لەگەڵ دەوتـرا:

"ئەلکسەندەرو ئەلیزابیت: ئێوە سەرچـاوەی خۆشگوزەرانیی ئێمەن."

هـەر کـە ئیمپراتـۆر گەیشـتە هۆڵەکـە. خەڵکەکـە لێـی کـۆ بوونـەوە. هەنـدێکیش لـە ماستاوچییان و، دووڕووانیش دزەیـان کردە نێویانەوە.

دوای کەمێک هاتنە دەرەوە و، دڕیان بە خەڵکەکە دا و، ئیمپراتـۆر و خانەخوێ، بینران. کە پێکەوە دەدوێن.

پیاوێکی تەمەن نێوەند چووە، نێو خاتوونان و پارێزەوە، کە خۆیان کۆ بکەنـەوە. بـەڵام خـاتوونان هەر لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە گوێیان بە داب و نـەریت نەدەدا و، لە سیمایاندا شەرم نەدەبینرا و، هەر یەکەیان خـۆی دەنواند و تەکانی پێشەوەی دەدا.

پیاوانی هێزی سواوە، لـە خاتوونـەکان نزیک بوونـەوە و، لەگەڵ ئاوازی "پۆلـۆنیز"ەکە جۆشیان خوارد.

دواتر خەڵکەکە دڕیان پێ درایەوە و، ئیمپراتۆر بە بزەیەکەوە، دەرکەوتەوە و، ماری ئەنتۆنوفنا ناریشکینی خانەخوێ، بە دوایەوە. پاشان بالۆێزان و، وەزیران و، ئەو ژەنەرالانەی، کە قەیرە بیرۆنسکی ناوی نەدەزانین.

نیوەی خاتوونان لە لایەن پیاوانی هێزی سوارەوە دەستیان گیرا و، بران بۆ سەما کردن.

ناتاشا بۆی دەرکەوت، خۆی و سۆنیای خوشکی و، دایکی بوونە تەماشاچیی سەماکە. لە جێی خۆیدا مایەوە و، قۆڵە باریکەکانی بە تەنیشتدا شۆڕ کردنەوە. قوڕگی ـ کە هێشتا گەشەی مابوو ـ هەژا و، دڵتەنگانە چاوانی، دەبڕیسکانەوە. بە مۆنییەوە لە بەردەمی خۆی دەڕوانی. چونکە ئەو چاوەڕێی شادی بوو لەو ئاهەنگە. نە ئیمپراتۆرو نە ئەو کەسایەتییە مەزنانەی قەیرە بیرۆنسکی ناوی هێنابوون، بە لایەوە گرنگ بوو.

ئەوەیشی بە لای ئەوەوە گرنگ بوو، ئەوە بوو کە لە دڵی خۆیدا وتی،"ئاخر ئەمە راستە: کەس لێم نەهاتە پێشەوە، تاکو لەگەڵ یەکەمین کۆمەڵەی جووتەکان سەمام لەگەڵ بکات؟ ئاخۆ لای ئەو بەڕێزانەی ـ کە پێموایە هەر نەیشیان بینیوم ـ هێندە بەدەرەوە نیم؟"

ڕەنگە لە دڵی خۆیاندا وتبێتیان:

"ئاە!! ئەمە خۆی نییە! با ڕووی لێ وەربگێڕین! نەخێر نابێت ئەمە سەرومڕ بێت... پێویستە ئەوە بزانن، کە منیش دەمەوێت سەما بکەم! سەمایەکی ئەفسوونناوی سەرنجڕاکێشێش، دەزانم ئەوان لەگەڵ منیشدا، چێژ وەردەگرن!"

ئاوازەکانی "پۆلۆنیز" خایاندی و وەکو ژاوە ژاو دەهاتە گوێی ناتاشا! وای لێ دەکرد ئارەزووی گریان بکات.

کۆنت لەوسەری هۆڵەکە بوو و، قەیرە پیرۆنسکییش دەمێک بوو، لە بنەماڵەی ڕۆستۆف دابڕابوو. کۆنتیسە و سۆنیایش، وەکوو دوو بزر بووی نێو دارستان، لە شوێنی خۆیان نەجوولا بوون. میر ئاندریەیش لە تەک خاتونێکدا بوو و، بەلایاندا تێپەڕی و نەیناسینەوە. ئەناتۆلیی شەنگیش بە بزەوە خاتوونەکەی خۆی دەدواند و، وەکوو سەیری پەردەی پەنجەرە بکات، لە ناتاشای روانی! دوو جاریش بۆریس دەرکەوت. هەردوو جارەکە ئەویش نەیدەویست، سەیریان بکات.

بێرج و خاتوونەکەی هاوڕێیشی ـ کە هێشتا سەمایان نەکردبوو ـ تێکەڵ بە خێزانەکەی بوون. بەڵام ئەو کۆبوونەوە خێزانییە، ناتاشای بریندار کرد. باشە شوێنی لەبارتر نەبوو، وتوویژی تێدا بکەن!؟ زۆر بێتامانە لە بارەی کراسە سەوزەکەیەوە دەدوا.

دوو سێ جاران، ئیمپراتۆر چۆپی سەماکەی گرت و، موزیکەکە وەستا. یاریدەدەرێکی وڕو کاس، چووە لای بنەماڵەکەی ڕۆستۆف و، هەرچەند بە دیوارەکەیشەوە وەستابوون،

کەچی پێی وتن، کە بچنە دواوە.

پاشان تیپەکە ئاوازی قاڵسی هێواشی ژەند. ئیمپراتۆر سەرنجێکی زۆری هۆڵەکەی دا. پێش ئەوەی دوانەی سەماکاران، بچنە سەر سەکۆی سەماکە، یاریدەدەری یاوەرێ ئیمپراتۆر هات و، داوای لە کۆنتیسەی بیزۆخۆڤ کرد کە سەمای لەگەڵ بکات. ئەویش بێ ئەوەی سبەیری بکات، دەستی خستە سەرشانی.

یاریدەدەریش بە هێمنییەوە بە خۆوەی نووساند. بەرەو شوێنی سەماکەی خلیسکاند. پاشان دەستی چەپی گرت و، لەسەر رەزمی ئاوازەکە ـ کە تا دەهات خێراتر دەبوو ـ بە دەوری خۆیدا خولاندییەوە.

لە دەنگی پاژنەی سەماکەرە لێزانەکان زیاتر، هیچی تری نەدەبیست! خشەی کراسی سەماکەرەکەیش، لە گڕی ئاگر دەچوو.

ناتاشایش کە سەیری ئەو جووتە سەماکەرەی دەکرد، هەستی دەکرد گریانی دێت. ئاخر ئەی بۆچی لەم یەکەم هەلی سەمایەدا، بۆی نەڕەخسا ئەویش سەما بکات؟

میر ئاندریەیش بە دەستکێش و گۆرەوییە ئاوریشمینەکەیەوە و، بەرگە سپییەکانییەوە ـ کە ئەوە هێمای سەرۆکی پاسەوانیی بوو ـ لە ریزی پێشەوە و، زۆر ئارامانە و، لە نزیکی بنەماڵەی ڕۆستۆڤەوە وەستابوو. فیرهۆفی باروون، لە بارەی دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی دەوڵەتەوە، دەیدوان. کە زۆڕی دواتر کاتی بەستنی بوو.

لەبەر ئەوەی ئاندریە هاوڕێی دڵسۆزی سبیرانسکی و، ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانان بوو. لە توانایدا بوو، زانیاریی ورد لە بارەی ئەو دانیشتنەوە ـ کە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرا ـ بداتە باروون. بەڵام ئەو زۆر گوێی بە باروون و قسەکانی نەدا. دەمێک لە ئیمپراتۆر و، دەمێکیش لە سەماکەی دەڕوانی. سەرنجی ئەو لاوە سەماکەرانەی دەدا، کە تامەزرۆی سەما کردن بوون و، لەبەر ئامادەبوونی ئیمپراتۆر لەو ئاهەنگەدا، پڕکێشی ئەوەیان نەدەکرد، بەشداری بکەن.

لە هەمان کاتدا چاودێریی ئەوانەیشی دەکرد، بوونی ئیمپراتۆر تۆقاندبوونی. لەگەڵ ئەو کیژ و ژنانەی مەڵاسیان دابوو و، ئامادەی پەسەند کردنی ئەوانە بوون، تا دەستیان بگرن و، فەرمووی سەمایان لێ بکەن.

پییەر لە ئاندریە نزیک بووەوە و دەستی گرت و پێی وت:

"تۆ ئارەزووت لە سەمایە و، لەوێشدا کیژێک هەیە ـ کە دەمێکە چاودێریی دەکات ـ کەوابوو دەی بانگی بکە و، سەمای لەگەڵ بکە."

ئاندریە پۆلکۆنسکییش پرسیی:

"کوا؟ لە کوێیە؟"

پاشان ڕووی کردەوە باروون و، داوای لێبووردنیشی لەو کرد،"باروون... ببوورن! لە شوێنێکی تر، درێژە بە وتوێژەکەمان دەدەین. چونکە پێویستە منیش سەما بکەم."

بەرەو ئەو شوێنەی، کە پییەر دەستی بۆ ڕاکێشابوو چوو. لە ناکاو ڕوخساری ناتاشای وەرە ڕووخاوی، هاتە بەرچاو. هەر زوو ناسییەوە و، بە زەردەخەنەیەکەوە لە کۆنتیسە نزیک بووەوە.

ئەویش سوور هەڵگەڕا و پێی وت،"ڕێم بدە با کچەکەمت پێ بناسێنم."

ئاندریەیش نووشتایەوە و، ئەو قسانەی قەیرە بیرۆنسکیی بە درۆ خستەوە، کە لە بارەیەوە وتبووی، کە گوایە مۆن و وشکە و پێی وت،"ئێمە ناسیاوی کۆنیی یەکترین. کۆنتیسە ڕەنگە خۆیشت ئەمە بزانیت!"

پێش ئەوەی قسە بکات و، بانگهێشتی سەمای بکات. باسکی بۆ ناوقەدی ناتاشا درێژ کرد و، فەرمووی سەمای ڤالسی، لێ کرد.

گرژیی ڕوخسار و دڵەڕاوکێکەی ناتاشا، ڕەوینەوە و، ئاندریەیش کتوپڕ بزەیەکی بە ڕوویدا دا. زەردەخەنەیەک بوو، خەریک بوو، فرمێسکی بەختەوەریی پێ دابوەرێنێت!

لەوە دەچوو ناتاشا بیەوێت بڵێت: **زۆر دەمێکە چاوەڕوانت بووم!**

هەر لەو دەمەدا بە ڕوویەکی گەشەوە، دەستی خستە سەرشانی ئاندریە. دووانەی دووەمیش بە سەمای خۆیانەوە گەیشتنە شوێنی سەماکە. میر ئاندریەیش لە هەرە سەماکەرە چاکەکانی سەردەمی خۆی بوو.

ناتاشایش بە سەماکەی سەلماندی کە سەماکەی جوان و، داهێنەرانەیە! دوو پێی بچووکی لە نێو پێڵاوە ئاوریشمینەکەیدا وەکوو ئەوە وابوو، جووڵەیەکی نادیاریان تێدا بێت. ڕوخساری کراوە و دوو باسکی ڕووت بوون. گەردن و دوو باسکی لاوازی بەراورد بکرانایە بە هیلین لە جوانیدا.. پێی نەدەگەیشتنەوە و، هیلین جوانتر بوو! ڕاستە شانەکانی گەشەیان مابوو و، قورگی بە خۆدا نەهات بووەوە. ئەوەبوو هیلین لە ژێر باری گرانی سەرنجی ئامادەبووان لە کۆی لەش و لارییەوە دەینالاند. لە کاتێکدا ناتاشا هێشتا کێژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتووی مناڵ بوو. هێندەش شەرمن بوو، کە تەنانەت لە پۆشینی ئەو بەرگانەیشیدا کە پێیان وتبوو بۆ تێکەڵبوونت بەو کۆڕ و کۆمەڵانە پێویستە بیپۆشیت، شەرمی دەکرد.

میر ئاندریەیش بۆ دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و بێنە و بەرە جدییانەی کە تێی کەوتبوو، حەزی لە سەما بوو. دەیشیویست ئەو باری هاتنەوەیەکەی کۆت و بەندی ئازادییەی بە هۆی لەوێ بوونی ئیمپراتۆرەوە سەپابوو، بڕەوێنێتەوە.

کە ناتاشایشی بۆ سەما کردن، هەڵبژارد تاکو پییەر دڵخۆش بکات. بەڵام هەر کە دەستی لە کەمەر خست و، لە نزیکەوە هەستی بە جووڵەکانی کرد. هەستی بە گەڕانەوەی لاوێتیی خۆی کرد. دواتر بە سەماوە گەیاندییەوە شوێنی یەکەمجاری و، هەردوکیان، بە هەناسەبڕکێوە، کەوتنە ڕوانین، لە سەماکەران.

بەشی حەڤدە
ناتاشا و ئــاندریە

دوا بــە دوای ئــاندریە، بــۆریسیش هــات و، ســەمای لەگەڵ ناتــاشا کــرد و، بــە دوای ئەویشدا یاریدەدەری یــاوەر. ئــەو کەســەی کە بۆ خــۆی ئاهەنگەکــەی کردەوە. بــە دوایدا چەندین گــەنج هــاتن و، داوایــان لــە ناتاشــا کرد، کــە ســەمایان لەگەڵ بکات. ئــەویش ناچــار هــەندێکیانی بەرەو رووی سۆنیا دەکردەوە.

بــە درێژیی ئــەو شــەوە ناتاشــا گوێی بــە قســەی کــەس نــەدا و، ســەمای کرد و شــاد و بەختەوەر بوو. لەبــەر ئــەوە هــەر ئاگایشی لە وتووێژی ئیمپراتۆر و باڵیۆزی فەرەنسا نەبوو، نە بــەو هۆگریو فرە بایەخەی بــەو خاتوونــە. نــە ئاگایشــی بــەم میر و ئــەو میر و، کاریــان بوو، چییان وتووە؟ تەنانەت لە جێ هیشتنی ئاهەنگەکەی ئیمپراتــۆریشدا، ئەوی نەدی و، بە ژاوە و جەوجووڵی ئامادەبووواندا زانیی کە لە هۆڵــەکە چووەتە دەرەوە!

ئــەو شــەوە ئــاندریە یــەکێک لــە ســەما ئارامــەکانی لەگەڵدا کرد و، یــەکەم پێگەیشــتنی رازەوی باخەکەی ئۆترادنوای، وەبیر هێنایەوە و، ئەو مانگەشــەوەی کە خــەو نــەچوو بــووە چاوانی و، ئەو گفتوگۆیەی کە نزیک بە پەنجەرەکە هاتە گوێی.

نێوچاوانی سوور هەڵگەڕا و، ویستی بیانوو بۆ هەستراگرتنەکەی بێنێتــەوە. کــە کاتی خــۆی بــە بــێ ویســتی خــۆی گــوێی لــێ بــووە ،و تــا ئێستاش ئــەو گڕکانــە: لــە دەروونیدا نەنیشتووەتەوە!

میر ئــاندریەیش وەکوو هــەموو ئەوانــەی لــە چین و تــوێژە بــاڵاکاندا پێگەیشت بــوون، حــەزی بە ناسینی ئــەو کەسانە بوو، کە خوو رەوشتی نزمیان نییە. ناتاشــایش لــە نیانی و

سادەییەکەیدا، هەر وەکوو ئەوە بوو، کە ئەم خوازیاری بوو. گفتوگۆ فەرەنسییەکەیشی پێرفێکت بوو.

بۆیە میر ئاندریە، بە ناسک و نیانیی، هەڵس و کەوتی لەگەڵ کرد. لە تەنیشتییەوە دانیشت و، لە بارەی شتی هاکەزاییەوە دەیدوان و، بە سەرنجە نیانە پڕ بەختەوەرییەکەی، زیاتر سەرسام بوو بوو، تا واتای وشە و رستەکانی! ئەو کاتەیشی کەسێکی دی، دەستی لە کەمەر دەخست و، سەمای لەگەڵ دەکرد: ئەم سەرنجی قەشەنگی و شوخێنی و سادەییەکەی ئەوی دەدا!

دواتر ناتاشا لە جووڵەیەکی سەمای قەشەنگدا، بە هەناسە بڕکێوە گەڕایەوە شوێنی خۆی. سەماکەرێکی دی لێی چووە پێش و، داوای لێ کرد، کە دەست لە کەمەری بخات.

ئەویش لە بەر ماندوێتیی وەختەبوو پەسەندی نەبێت. لە ناکاو سەیرێکی میر ئاندریەی کرد و، دەستی خستە سەرشانی کوڕە سەماکەرەکە!

وەکوو ئەوەی بیەوێت بەو میرە بڵێت،"بە دانیشتن لە تەنیشتتەوە، شاد بووم! ئیستایش کاتی خۆی بوو. چونکە ماندووم. ئەوەتا خۆت دەیبینیت، چۆن بۆم دەگەڕێن و، سەمام لەگەڵ دەکەن! زۆریش بەمە دڵخۆشم. بەڵێن بەختیارم و، ئەم ئێوارەیە هەموو کەسێکم خۆش دەوێت! بەنیشم لەگەڵ هەموویان خۆشە!"

بزەکەی ناتاشا ئەمە و کۆمەڵێک شتی تریشی دەگەیاند.

شۆڕە سوارەکە گەڕاندییەوە شوێنی خۆی. ناتاشا بە راکردن هۆڵەکەی بڕی و خۆی گەیاندە دوو خاتوون و، داوای لێ کردن کە سەمای داهاتوو ئەوان بیکەن.

میر ئاندریەیش لە دڵی خۆیدا وتی،" مەرج بێت: گەر یەکەمجار بۆ لای کچە مامەکەی بچێت و، دواتر خاتوونەکەی تر... بیکهمە هاوژینم."

کەچی ناتاشا راستەوخۆ، بۆ لای کچە مامەکەی ئەو چوو!

ئاندریە کە ئەوەی بینی بە خۆی وت،"ئای لەو شتە قۆڕانەی: جاروبارێک بە بیرو خەیاڵی مرۆڤدا دێت!! هەر چۆنێک بێت. ئەم کیژە زۆر نەرم و نیان و، ساکارە و، ڕەنگە مانگێگ نەبات بیقۆزنەوە و، شوو بکات! چونکە هەر بە راستی لەم ئاهەنگەدا، لە وێنەی ئەو نییە!"

ناتاشا گەڕایەوە شوێنی خۆی و، بە تەنیشتی میرەوە دانیشت و، کەوتە ڕێکخستنەوەی گوڵی سەر کراسەکەی. ئەوە بوو، میریش بەو شێوەیە بیری لێ دەکردەوە.

سەما خۆشەکە کۆتا بوو و، پیرەمێردە کۆنت، بە بەرگە شینەکەیەوە، لە سەماکەران

نـزیک بووەوە. داوای لە میر کرد، کە پێیان لێ نەبـڕێت و، لە کچەکەی خۆیشی پرسی، کە ئاخۆ ئـەم ئێوارەیە بەختەوەر بووە!؟ ناتاشایش وەڵامی ئەوی نەدایەوە. بـزەیەک گرتی و، وەکوو ئـەوەی ئەویش لێی بپرسێت: چۆن پرسیاری وا دەکەیت!؟

دواتر دڵانی پێدا ناو وتی،"لە ژیانمدا، هێندە دڵخـۆش نەبـووم!"

ئـاندریەیش سەرنجی ئەوەیدا، کە چۆن، ناتاشـا بـە باسکە باریکەکانی باوکی لـە ئـامێز گرت و، دواتر بەریدانەوە. لە راستیشدا هـەرگیز ناتاشـا هەسـتی بـەو خۆشـییە نـەکرد بـوو. وەکو یەکێکی لێ هاتبوو، پڕ بێت لە نیانی و، بڕوای بە خراپەکاری و، هـەژاری و، ئـازار و ئەشکەنجە نەبێت. بۆیە هەستی بەوپەڕی شادی و بەختەوەری دەکرد.

یەکەمجاری بوو پیـەر خەم بـەو پلە و ناسراوییەی ژنەکەی بخوات کە لـە نێو خەڵکیدا هەیـەتی. بـە پەسـتی و خەمبارییـەوە، لـە لای پەنجەرەیەکـەوە وەسـتابوو. هەرچەند لـەودیو چاویلکەکەیـەوە دەیڕوانـی. بـەڵام هیچـی نـەدەبینی! ئـەو دەمـەی ناتاشـا بـە لایدا تێپـەڕی و، بـەرەو ژووری نـانخواردن. تـاکو نـانی ئێوارە بخـوات. خەمبارییەکـەی پیـەر، هەڵوێسـتەی پێکرد و، هەرچەند خۆی لەوپەڕی بەختەوەریدا بوو. زۆر حـەزی دەکرد یارمـەتیی ئـەویش بدات.

پێی وت،"ئای ئێرە چەندە خەمرەوێنە بۆ مرۆڤ! وا نـا؟"

پیـەریش بـزەیەکی ساردی بۆ کرد و وتی،"بەڵـێ ئەوەتا منیش شاد و، بەختـەوەرم!"

ناتاشـایش دوای بیرکردنـەوە، لـە دڵـی خۆیـدا وتی،"چۆن دەبێت مـرۆڤ خـەمبار بێت؟ کەسیش نا ئەم پیـەر پیـرۆخۆڤە! خـۆ ئەو هەموو گیانی نیانی و خۆشی و بێوەییە! خۆی و هاوسـەرەکەی یـەکتریان خۆشـدەوێت و، کەسـیان سـوکایەتی بـە ئـەوی تریـان ناکـات و، هەستی بریندار ناکات."

بەشی هەژدە
خاڵی وەرچەرخان

ڕۆژی دوای ئـاهەنگەکە، بیرەوەرییـەکی سـەرپێی نـەبێت، مـیر ئـاندریە هیچـی وای لا نەمابووەوە.

بۆیە لەبەر خۆیـەوە وتی:

"بـەڵێ ئـاهەنگەکە خۆش بـوو.. ئـەی چیـی تـر؟ ئـۆو .. بەڵـێ کچـە چکۆلەکـەی بنەماڵـەی ڕۆسـتۆف! نـازدارەکـەی مـن! ئـەو شـتێکی لـە تـەڕوبڕی تێـدابوو. نـازانم چـی بڵـێم! تایبەتمەندیەکی وای هەبوو، لە ژنـانی پیترزبۆرگی ئێمەی جیادە کردەوە."

هـەر کـە لەخواردنـەوەی چایەکـەی بـووەوە، گەڕایـەوە سـەر کارەکـەی. ئـەوە چێـوەی بیرکردنەوەی ئاندریە بـوو. بـەڵام هـەر زوو هەستی بـە نـاجۆرێی خـۆی کرد. جـا ئیتر بـە هـۆی ماندوو بوونـەوە بووبێت، یـان شـەونخوونی. پێشـووتریش، زوو زوو هـەستی بـەو بێزاریـە لە کار کردن، کردبـوو. نـاوە نـاوەیش خـۆی لـە کارەکـەی دزی بـووەوە. بۆیـە کـە پێیان ڕاگەیاند میوانی هاتووە کۆڵێک ئـاسوودە بوو.

میوانەکەی پیتسکیی ناو بوو و، ئـەندامی چەندین لیژنـەی جیـاواز بـوو. ئـامادە بـوونی لە هەموو هەڵەفەکانی کۆڕیشدا هەبوو. هـەواداری سبیرانسکی و چاکسازییەکانیشی بـوو. نـاودارترینی گوازەرەوەی پڕوپـاگەندەکانی نێو پایتەخت بـوو! یـەکێک بـوو لەوانـەی وەکـو کۆمـەڵگا، بیری دەکردەوە و، شـوێن بیروڕاکانی ئـەو کـەوتبوو و. ئەمـەیش وای لـە ئـەو و هاوشێوەکانی کردبوو، کە پەرۆشی بیروڕا پێشکەوتنخوازەکانی بن.

هێشتا میوانەکە شەپقەکەی لە سەر دانەگرتبوو، بەرەو رووی چوو و، ئامێزی بۆ کردەوە و، کەوتنە قسە و باسی دوور و درێژ و، خۆی وا پیشان دا کە بایەخ بە باسەکە دەدات. دەریشیخست کە ئاگاداری وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتە.

ئیمپراتۆر خۆی کۆبوونەوەکەی کردووەتەوە و، وتارێکی جوانی وای تێدا خوێندووەتەوە، کە هەر لە سەرکردەی دەوڵەت بێت!

راشکاوانە وتبووی، ئەنجومەنی دەوڵەت و، ئەنجومەنی پیران، لە بەشەکانی دەوڵەتن. پێویستە حکومەتیش سەرپێیی نەبێت و لەسەر چەند بنەمایەکی تۆکمە بووەستێت. پێویستە یاسای دارایی و داهاتی گشتی سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە.

پیتسکی بە ئارەزووی خۆی، چاوانی دەگێڕا و ڕستەکانی دادەتاشی.

دواتر پوختەی قسەکانی بەم شێوەیە وت، بەڵێ بەو کارەی، دەروازەی ئاسۆیەکی نوێی خستە سەرپشت. کە مەزنترین ئاسۆی مێژوومانە.

میر ئاندریەیش کە ئەم چیرۆکەی، ئاهەنگی کردنەوەی ئەنجومەنەکەی بیست و، خۆیشی لە مێژەوە بوو، چاوەڕێی ئەو کۆڕە بوو و، بایەخێکی زۆریشی پێدابوو، سەری سوڕما، بەوەی کە بەو شێوەیە بێبایەخ و هیچ بووە، بە لایەوە! وای کرد پیتسکییش لای خۆیەوە، ئەو خرۆشییەی بۆ قسەکان نەمێنێت.

دواتر ئەمە هات بە میشکیدا:

چ بایەخێکی بۆ من و پیتسکی هەیە، گەر قسەکانی ئیمپراتۆر، لەبار بوو بێت بۆ ئەنجومەنەکە! ئاخۆ پێی باشتر دەبین و، بەختیارترمان دەکات؟

کتوپڕ ئەو بیرکردنەوەیەی لە میشکی خۆی دەر کرد. هەموو بایەخی لەو چاکسازیانەدا چڕ کردەوە، کە بە ڕێی جێبەجێ کردنەوەن.

دەبوو ئاندریە نانی ئێوارەی ئەو ڕۆژە لای، سپیرانسکی بخوات و، لەگەڵ لیژنە بچووکەکە و لای ئەو کەسەی کە پێی سەرسام بوو و، پەرۆشی و خرۆشیی پێ بەخشی بوو و، جۆرێک بوو، لە هەموو تێکەڵی و پەیوەندییەکانی تری بە لاوە خۆشتر بوو. بۆیە بانگهێشتی میوانەکەیشی بۆ ئەو نان خواردنە کرد.. بەڵام ئەوە بوو، هیچ حەزێکی چوونە ئەوێی لا نەمابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا، خۆی کرد بە دەروازەی خانووەکەی سپیرانسکیدا. کە کەوتبووە شەقامی جاردان دو تۆرید"ەوە. ئەو خانووەیش لە پاکو خاوێنیدا، هەر لە کڵێسەکان دەچوو!

ئاندریە ، هەرچەند کەمێک دێر گەیشتبوو، خۆی کرد بە هۆڵی نانخواردندا و، هەموو میوانانی ئەندامانی لیژنە بچووکەکەی لە هۆڵی نانخواردنەکەدا بینی، کچی وەزیر، ئەو کچەی دەم و چاوێکی درێژکۆلەی وەکو باوکی خۆی هەبوو و، دایەنەکەی نەبێت. میوانەکانیش سیان بوون. گرفیس و ماننیتسکی و ستۆلیپین.

میر ئاندریە گوێی لە دەنگە دەنگ و پێکەنینێکی پوختی وەکو پێکەنینی ئەکتەرانی فیلمەکان بوو. قاقایەکی لەسەرخۆ و قریکەیەکان، لە دەنگی سپیرانسکی دەچوو و، زووتر

ئەوەی لێ نەبینرابوو. ئەو پێکەنینە تیژە و لە گەرووی پیاوێکی دەوڵەتەوە: کارێکی تایبەتیی کردە سەر دەروونی ئاندریە.

چووە هۆڵی نانخواردنەکە و، کۆرپێکی بە دەوری مێزی خواردنەکەوە بینی و، بڕێک خواردنیش بە سەرەوە مابوو و، کەوتبووە نێوان دوو پەنجەرەوە.

سپیرانسکییش بە مەدالیاکەی سەر کراسە خۆڵەمیشی و بەرملە سپییە فەرمییەکەوە و، هەر ئەوەی، کە بۆ کردنەوەی کۆرەکانی دەوڵەت بەکاری دەبرد و، بە رووبەکی خۆشەوە دانیشت بوو.

مانییتسکییش رووی کردبووە خانەخوێ و، رووداوێکی چکۆلەی بۆ دەگێڕایەو و خانەخوێیش، پێش ئەوەی هیچی لێ ببیستێت، بۆی پێدەکەنی!

ئاندریە کە چووە ژوور، قاقا لێدانە بەرزەکە، قسەی ئەمیان خنکاند و، کردیانە ژێرەوە. فستولیپنیش لەگەڵ جوینی، پارچە پەنیرێک قاقایەکی بەرزی لێدا. بەڵام گرفیس، خەریکی پێکەنینێک بوو، کە لە فیکە دەچوو. سپیرانسکییش سەرگەرمی پێکەنینە پڕ پڕەکەی خۆی بوو.

بەو پێکەنینەیشەوە، دەستە سپییە قەڵەوەکەی بۆ ئاندریە درێژ کرد و وتی:

"ئەی میر... پێخۆشحاڵ بووم بە بینینت."

قسەکانی بە مانییتسکییش بڕی و بەویشی وت:

"چرکەیەک..."رووی کردەوە میر و درێژەی بە قسەکانی دا،"ئێوارە خوانەکەمان تەنیا بۆ خۆشی و شادییە. لەسەر ئەوەیش ڕێک کەوتووین کە باسی کار نەکەین."

پاشان بە لای قسەکەری پێشوودا لای کردەوە و، بۆ ئەویش پێکەنی.

ئاندریەیش کە گوێی لە پێکەنینەکەی سپیرانسکی بووەوە، سەری لێی سوڕما!

نا ئومێدانە لێی روانی و لە خۆی پرسی،"بڵێی ئەمە سپیرانسکی خۆی بێت؟"

هەرچی سەرسامبوونێکی پێی هەبوو: هەمووی رەوییەوە. هەستیشی کرد کە شتێک نەماوە پێکیانەوە ببەستێتەوە! لاقرتێ ئاگرینەکان و سوعبەتەکان لە کاتی نانخواردنەکەدا، سەرنجی ئەویان دەهێنا و دەبرد.

هەر کە مانیتسکی لە گێڕانەوەی نوکتەکەی دەبووەوە. یەکێکی دی نوکتەیەکی پێکەنینهێنتری دەگێڕایەوە. هەرچەند ئەو نوکتە و سوعبەتانە، لە بارەی بەڕێوەبەرێتییەوە نەبوون. بەڵام لە نزیکەوە ئەندامانی ئەو بەڕێوەبەرێتییەی دەگرتەوە.

سپیرانسکی ئەوەی بۆ میوانەکان دەگێڕایەوە، کە چۆن بەیانییەکیان و، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەوڵەتدا، بیروڕای یەکێک لە گەورە بەرپرسانی دەوڵەتیان وەردەگرت، کە لە خۆیدا تووشی گوێ گرانی بوو بوو. ئەویش بێ ئەوەی هیچ لە کێشەکە گەیشتبێت... بە بەڵێ وەڵامی دایەوە!

گیرفیسیش بە دوور و دریژی رووداوێکی پشکنینی گێڕایەوە. کە زۆر هیچ و پووچ بوو

و، ئەویش وای دەگێڕایەوە کە گوێگران بە کەسایەتیی ناو ڕووداوەکە پێ بکەنن. بەڵام ستۆلۆپین زۆر بە تونـدی هێرشـی دەکـردە، سـەر سـەردەمی کـۆن. ئەمـەیش وای کـرد وتوویژەکان، شێوازی جدی وەر بگرن.

مانییتسـکی لاقرتیی بـە پەرۆشـیی دوا قسـەکەر و، گیرفیسـیش نوکتەیـەکی گێڕاوە، بـۆ بارودۆخی گفتوگۆکە بلوێت.

بـاری گفتوگۆکـەیش شـیوازی سـوعبەت و فشـقیاتی یەکـەمجاری خـۆی، وەرگرتـەوە. ئاسایی بوو، کە سپیرانسکی بڕێک بارسـووکی و، حەوانـەوە بـە خـۆی بدات. چونکە زۆر ماندووی کار بـوو. زۆر ئاسایی بـوو، هـاوڕێ و، میوانـانی لـە نزیکـەوە، بناسـێت. ئـەوانیش تەقـەلای ماندوویی دەرکردنـی ئـەو و، خـەمڕەوێنیی ئـەویان بـوو. لـە هـەمان کاتدا، خـەمی خۆیشـیان بـە بـا دەدا. بـەڵام ئـەو خۆشـییانە، بـە گـران لـە سـەر ئـاندریـە کـەوتن. دەنگـە زیقەکـەی سپیرانسـکییش، بێـزاری دەکردبـوو. پێیشـی وابـوو ئـەو پێکەنینـە درێـژخایەنەی سروشـتی نییـە! لای خۆیشـیەوە تـەنیا کەسـێکی ئـەو کـۆڕە بـوو، کـە کەسـێتیی خـۆی دەپاراست. ترسی ئەوەیشی بوو، بە کەسێکی نەشیاوی سـەرخوانی تێ بگـەن. کەسـیش وا هەسـتی نـەکرد، کـە ئـەویش وەکـوو ئەوانـە و دڵخۆشـە. چەنـد جارێـک ئـاندریە ویسـتی بەشداریی وتوویژەکانیان بکات. بەڵام هەموو جارێک وا هەستی دەکرد، کە قسـەکانی ئـەو پشتگوێ دەخەن و، پەسـەندیان نییە. هـەر وەکوو ئـەو تەپەتـۆرەی لێهاتووە، کە هـەر چۆنێک نقوومی نێو ئـاو بکرێت، هـەر سـەر ئـاو دەکەوێتەوە.

سـوعبەتەکانیش دژە ڕەوشـت نـەبوون و، لەگەڵ پلـە و پایـەی شـوێنەکە دەهاتنـەوە. نوکتـەکان زۆر بـە وردی هەڵدەبژێردران و، زیرەکانـە و، پێکـەنیناوی دارێـژرا بـوون و، واتـای شاراوەیشیان تێدا نەبوو و، زوو بیردەچوونەوە.

ئێوارە خوان کۆتابوو و، کچەکەی سپیرانسکی و، دایەنەکەی هەستان. بەڵام پێش ئـەوە، جۆرێک دەسـتی خسـتە سـەر دەمـی، کـە ئـاندریـە لای خۆیـەوە، وا هەسـتی کـرد، کـارێکی نـاسروشتیی کردووە! پیاوانی دەوری مێزی خوانەکە، ئینگلیزانە، دەستیان کرد بـە هەڵـدانی شەرابی بۆرتۆ. وتوویژەکانیان بەرەو شەڕەکانی ئیسپانیای بـردن. هـەموویان پشـتگیرییان لە هەڵوێستی ناپلیۆن کرد. لێرەدا میر ئاندریە ڕێی بە خۆیدا، بەرەنگاریان ببێتەوە.

سپیرانسکی بـزەیەک گرتی و، ڕووداوێکی گێڕایـەوە، بـۆ ئـەوەی بابـەتی وتوویژەکـەیان پێ بگۆڕێت و، خامۆشیی باڵی بە سەریاندا کێشا.

دوای کـەمێک سپیرانسـکی سـەرقاپی شوشـەیەکی نایـەوە و وتـی،" عـەرەقی بـاش لـە کووچە و کۆڵانـەکاندا نەماوە!"

شوشەکەی دایە دەست خزمەتکارێک و، هەستا و ڕۆیشت. دانیشتوانیش بە دوایدا، بـە دەنگە دەنگ هەستان و، بەرەو هۆڵەکە بوونەوە. پۆستەبەر دوو زەرفی بۆ هێنا و، ئـەویش وەریگرتن و، چووە نووسینگەکەی خۆی. هەر کە ئەو چووە دەرەوە، دەنگە دەنگەکە نـەما و، بە چرپە کەوتنەوە، گفتوگۆ لە بـارەی بابەتیەلێکی جدییەوە.

دوای کەمێک سپیرانسکی گەڕایەوە و وتی،"ئێستایش با بچینەوە، سەر شیعر خوێندنەوە و، وتووێژەکەی خۆمان."

دەستیشی بۆ مانییتسکی راکێشا و وتی،"ئەمیش دەستێکی بالای هەیە لەم بوارەدا!"

هەر زوو مانییتسکی باری دانیشتنەکەی خۆی چاک کرد و، بە فەڕەنسی شیعرێکی خوێندنەوە، تەنز ئامێز بوو و، خۆی هەڵی بەست بوو. لە بارەی چەند کەسایەتییەکی ناسراوی پیترزبۆرگەوە بوو و، چەند جارێک بە چەپڵە رێزان شیعرەکەیان پێ بڕی! کە لێ بووەوە، میر ئاندریە لە سپیرانسکی چووە پێشەوە و داوای لێ کرد رێی بدات تا بڕوات.

ئەویش وتی،"هێشتا زووە! بۆ کوێ دەچیت؟"

میر ئاندریەیش وەڵامی دایەوە،"ژوانێکی ترم هەیە و، لە ئاهەنگێکی تریشدا. دەبێت شەو بەسەر ببەم."

هیچی تریان نەگوت و، ئاندریەیش لە نزیکەوە، سەرنجی ئەو چاوە سفتە ئاوێنەییانەی ئەوی دەدا، کە رێیان بە کەس نەدەدا ئەودیویان بخوێنێتەوە. وا هەستی کرد، ژیری نییە، گەر بڕوای وابێت، یەکێک لە قسەکانی ئەو پیاوە بە کەڵک بووبێت!

هەستی بە گێلیی خۆیشی کرد، کە چۆن زووتر، بڕوای بە قسەی کەسێکی لەو شێوەیە کردووە؟ تاکو ماوەیەکی زۆریش دوای چوونە دەرەوەی لە کۆڕەکەی وەزیر پێکەنینە پچڕ پچڕەکەی ئەوی، هەر لە گوێیدا دەزرنگایەوە.

دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ و، هەر وەکو ئەوەی کە یەکەمجاری بێت، بیری لێ بکاتەوە! جارێکی دی چاوی بە مانەوەکەی لە پیترزبۆگدا خشاندەوە.

هەڵسو کەوتی چوار مانگی پێشووی و، چیرۆکی ئەو "یاسای سەربازی"یەی کە خۆی داینابوو و، بۆ پێداچوونەوە لێی وەرگیرابوو: وەبیر خۆی هێنایەوە. گەیشتە ئەوەیش ئەوانە لەودیو دیواری بێدەنگییەوە بهێڵێتەوە! دانیشتنەکانی ئەو کۆڕانەی کە خۆی تێیدا ئەندام بوو، وەبیر هاتەوە، کە هەر بە ئاشکرا خۆیان لە کرۆکی بابەتەکان دەدزییەوە و، تەنیا قسەیان لە سەر ئەوە دەکرد، کە چ شتێکی تری بخرێتە سەر، تاکوو سوپاکەیان باشتر کۆنترۆڵ بکەن و، بیانخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە!

بیری لە یاسادانانەکەی خۆی و، دەستپاکیی لە وەرگێڕانی دەقی یاسا رۆمانیەکان و، یاساکانی ناپلیۆن دەکردەوە. بە وەبیرهێنانەوەیشیان تەریق دەبووەوە.

کەوتەوە وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە بۆگۆتشارڤۆ و، سەرقاڵیی ناو دێ و، چوونی بۆ "ریازان" و، جوتیارەکانی ئەوێی کە چۆن کاریان دەکرد و، چەسپاندنی زۆر وردی ئەو یاسا مرۆڤایەتییەی کە خۆی داینابوو، بە سەریاندا. سەریشی لە خۆی سوڕما کە بەو شێوەیە کاتی خۆی بە سەرقاڵبوونی شتێکەوە بە فیڕۆ داوە کە بەو رادەیە بە لایانەوە بێ بایەخە!

بەشی نۆزدە
ئاسۆی پۆلکۆنسکی

ڕۆژی دواتر لە نێو ئەو مااڵنەی، کە میر قەرزاری سەردانیان بوو، بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بوو و، سەردانی کرد. بنەماڵەی ڕۆستۆڤیش لە شەوانە ئاهەنگی سەماکەوە، ناسیاوییان لەگەڵدا نوێ کردبووەوە. بۆیەش دەبوو ئەم سەریان لێ بداتەوە. هەرچەند ئەو سەردانەیشی بە هۆی، ئەو نەرێتەوە نەبوو. بەڵکو دەیویست ئەو کێژە منااڵکارە سادەیە ببینێتەوە، کە ئەو هەستە ناسکە جوانەی لا دروست کردبوو.

ناتاشایش لە بەرایی بەخێرهێنەرەکانی بوو. کراسە شینەکەی نێوماڵی، زۆر لە بەرگە نوێیەکەی، نێو ئاهەنگەی، بەاڵی میرە قەشەنگتری کردبوو. ناتاشا و ئەندامانی تری بنەماڵەکە، وەکو هاوڕێیەکی کۆنی خێزانەکە، سادە و دڵپاکانە بەخێریان هێنا.

ئەویش الی خۆیەوە وا هەستی کرد، ئەم خێزانەی کە زووتر بە دڵیدا نەدەچوو و خۆشی نەدەویستن: غەدری لێ کردوون! ئەمانە کەسانێکی سادە و نیانن. نەیدەتوانی لە بەرامبەر هەڵس و کەوتی پیرە کۆنتی خانەخوێیدا خۆی بگرێت. کە بەو شێوەیە و، جیاواز لە ڕەفتاری باوی پیترز بۆرگ لەگەڵی دەجوواڵنەوە. هەر بۆیەش بانگهێشتکردنی ئێوارەخوانەکەیانی پەسەند کرد.

لە دڵی خۆیشیدا وتی،"بەڵێ ئەمانە کەسانێکی ئازان و، گوێیش نادەن بەم ناتاشایە، کە لە خـۆیدا گەنجینەیـە! خۆیشـیان مەبەسـتیانە ئـەم کیـژە جوانـەی کـە کـەیلی جـوانی و هەستیاریە، دەربکەوێت!"

وا هەسـتی دەکـرد ئـەو کیـژە بۆخـۆی، دنیایـەکی پـەنهانی تایبەتمەنـدە و، کـەیلی بەختەوەریـی چـاوەڕوان نـەکراو. ئـەو دنیایـەی کـە کـاتی خـۆی، لـە ڕاڕەوی باخەکـەی ئۆترادنـوای و، لای سـەروویدا بێزاری کردبوو. ئـەو دەمـەی تیشکی مانگەکـە، باخەکـەی داپۆشـی بـوو. ئێسـتایش ئـەو دنیایـە بـە لایـەوە نـامۆ نییـە و، خۆشـی و شـادیی تێـدا دۆزیوەتەوە.

دوای نـانی ئێوارە، ناتاشـا چـووە بـەردەم ئـامێری سـازەکە و، دەسـتی کـردە گـۆرانی چـڕین. هـەرچەند میـر ئـاندریە، لەبـەر پەنجەرەیەکدا، سـەرقاڵی گـوێگرتنیش بـوو لـە چەند خاتوونێک. لە ناکاو قورگی گیرا و، حەزی بە گریان دەکرد. سـەری لـەو هەسـتەی سـوڕما! چونکـە هـەرگیز چـاوەڕوانی ئـەوەی نـەکردبوو. بـێ ئـەوەی بزانێت بـۆچی؟ هەسـتی بـە شـڵەژانێکی نـامۆ و، بەختەوەرییـەکی تێکەڵا بـە خـەم و پـەژارە کـرد. وای بینـی دەیـەوێت فرمێسکێکی زۆر بڕێژێت! لەبەر چی دەگری؟ ئـاخۆ بە سـەر دڵداریی یەکەمیدا دەگری؟ یان بە سـەر ئەم خاتوونە چکۆلەیەدا؟ یـان بـە سـەر بـە دواداهـاتن و، ڕەوینـەوەی خەونەکانیدا؟ یان بەسـەر هیوا و ئومێد ،و هیواکانیدا بگری؟ بـەڵێ و نـەخێریش! ئـەو حـەز کردنەیشی بـە گریان: پتر بـە هۆی ئـەو دژوارییە مەزنەوە بوو، کە لە نێوان مەزنایەتیی خۆی و، ئـەو توانـا بەربڵاوەی و جەستەی وردیلە و، بەرتەسکی و، سادەییەی ئـەو کێژەدا هەبوو. کـەچی زۆر بەختەوەر و ئاسوودانە، گۆرانیی دەچڕی! هەر ئـەوەیش بـوو، خـەم و بەختـەوریی لـە یـەک ئان و ساتدا پێ بەخشی بوو!"

هـەر کـە ناتاشـا لـە گۆرانییەکـەی بـووەوە، هاتـە بـەردەمی و لێـی پرسـی کـە ئـاخۆ گۆرانییەکەی بە دڵا بووە و، دەنگی خۆشـە؟ بـەڵام هێشتا قسـەکانی تـەواو نـەکرد بـوو کـە هەستی کرد کارێکی شیاوی نەکردووە و ڕاچڵەکی!

میر ئـاندریەیش بزەیەکی هاتە سـەر لێوان و، تێگەیاند، کە نـەک هـەر دەنگی.. بـەڵکوو هەموو جووڵەکانیشی سەرسامی کردووە!

درەنگانێک ئـاندریە گەڕایەوە ماڵ. لە سـەر نوێنەکەی خـۆی، ڕاکشـا و دواتـر تێگەیشـت، کە هەوڵی نوستن، بێهوودەیە. ناچـار هەسـتا و مـۆمێکی داگیرسـان. بـێ ئـەوەی نـەفرەت لـە خەو زڕاندنـەکەی بکات، دیسان ڕاکشایەوە. ئەوەیش لە بـەر ئـەوە بـوو، خـەو زڕاندنەکە کۆمـەڵێک هەسـتی نـوێی لەگەڵ خۆیـدا بـۆ هێنـابوو. وەکـوو کەسـێکی بەسـەرهاتبوو، کـە

ماوەیەکی فرە، لە ژوورێکی داخراودا بووبێت و دواتر هاتبێتە نێو هەوایەکی کراوەوە و، پڕ بە سییەکانی هەوای هەڵمژی بێت. ئەوەی بە خەیاڵیدا نەهاتبوو و، هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە: ئەوە بوو کە بکەوێتە داوی عیشقی ناتاشاوە! بەڵام هەرگیز ناتاشا لە بەرچاوی وون نەدەبوو! هەر بۆیەیش وا هەستی کرد کە هەموو بیرو هۆشی، داگیرکردووە. بەوەیش رۆژێکی نوێی پێ دەبەخشێت.

لە دڵی خۆیدا وتی:

بۆ دەبێت بەم شێوەیە، لە چێوەیەکی تەسکی داخراودا بژیم!؟ لە کاتێکدا ژیان بەو هەموو بەربڵاوی و خۆشییانەوە، لەبەر دەممدا کراوەیە!

ئەوە یەکەمجاری بوو ئومێدی خۆش و جوان لە داهاتووی خۆی بکات و، پیلانی بۆ داڕێژێت و، بڕیاریشیدا فێرکردن و ڕۆشنبیر کردنی منداڵەکەی بە دایەنێک بسپێرێت و، خۆیشی خانەنشین بکات و، بەرەو ئینگلتەرە، یان سویسرا و ئیتالیا سەفەر بکات.

دیسان بە خۆی وتەوە:

"ئیدی پێویستە لەم ماوەیەدا، کە گەنجم و چالاکم: سوود لە ئازایەتییەکەی خۆم وەر بگرم!"

پییەریش لەوەیدا راستی دەکرد کە دەیوت،"بۆ ئەوەی بەختەوەر بین... پێویستە بڕوامان بە توانای وەدەستهێنانی بەختەوەری هەبێت!"

ئێستایش خۆم دەبینم کە بڕوام بەم قسەیە هەیە! جا با مردووان هەر مردوو بنێژن! لەبەر ئەوەی ئێمە لە ژیاندابن. کە وابوو دەبێت بژین و بەختەوەرانەیش.

بەشی بیست
ئاهەنگەکەی بێرج

بەیانییەکیان ئۆدلۆف بێرجی سەرکردە، خۆی کرد بە ژوورەکەی پییەردا و، بەرگێکی نوێی لەبەردا و، قژە داهێنراوەکەی، بە شێوازی ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، بە سەر هەردوو لاجانگیدا شۆڕ بووبووەوە.

بە بەزەییەکیشەوە پێی وت،"هەر ئێستا لای هاوسەرەکەت هاتمە دەرەوە و، داواکاریەکەمی ڕەت کردەوە. بەو ئومێدەم، بەختم لەگەڵ تۆدا یار بێت... ئەی کۆنت."

ئەمیش وتی،"ئەی کۆلۆنێل چیت دەوێت!؟ لە خزمەتتدام."

هەرچەند بێرج لەو بڕوایەدا بوو، کە بە خۆشحاڵییەوە قسەکەی لێ وەرناگرێت بەڵام وتی،"ئەی کۆنت... خانوویەکی نوێم بۆ خۆم دروستکرد و، تەواویش بوو. جا دەمەوێت ئاهەنگێکی بچووک، بۆ هاوڕێ و ناسیاوانی خۆم و هاوسەرەکەم ـ لێرەدا بزەیەک گرتی ـ بگێڕم. حەز دەکەم تکا لە کۆنتیسەی هاوسەرت بکەم تاکو بەشداریی چاخواردنەوەو دواتر ئێوارەخوانێکی سادە بکا.

تەنیا هیلین سیلیڤنای کۆنتیسە ـ کە پێی وابوو تێکەڵاو بوون بە بنەماڵەی بێرج لە نرخ و بەهای دێنێتە خوارەوە ـ دەیتوانی ئەو دڵڕەقییە بنوێنێت و، داواکارییەکی لەو جۆرە پەسەند نەکات.

بێرج زۆر لێزانانە هۆی ئەو خوانە و کۆ کردنەوەی ئەو بەڕێزانە، لە ماڵی خۆیدا ڕوون کردەوە و، هۆی هەست کردنی بە بەختەوەریی ئەو دەمەی، پێشوازی لەو کۆڕە

دەکات. سازاندنی یاری کاغەزێن و کۆمەڵێک یاریی تریش، تاکو بەو کارانەی میوانە بەڕێزەکانی بەختەوەر بکات. بە کورتی هێندە پێداگریی کرد. تاکوو وای لە پییەر کرد، کە پەیمانی ئامادەبوونی بداتێ.

بێرج وتی،"بەڵام کۆنت: تکات لێ دەکەم کە دوا نەکەویت! لێت دەپاڕێمەوە. با دەی بوێت بۆ هەشت، ئامادە بیت. چونکە یاریی کاغەزێن دەکەین و، خۆیشت ژەنەرالّی کۆڕەکەمان دەبێت. ئەوەیش بزانە ئەی کۆنت... کە بە هاتنت، رێزێکی پیرۆزم لێ دەگریت. دواتر نانی ئێوارەیش دەخۆین. پەسەندتە... وا نـا؟"

بە پێچەوانەی جارانییەوە. کە هەمیشە پییەر لە ژووانەکانی دوا دەکەوت! ئەمجارەیان لە جیاتی ئەوەی دەی بوێت بۆ هەشت: چارەکی دەویست، ئامادە بوو.

بنەماڵەی بێرج لای خۆیانەوە سازو ئامادە بوونو لە پێشوازیی میوانەکانیاندا بوون و، لە نووسینگە ڕووناکە رازاوەکەیاندا، بە چەندین پەیکەری بچووک و، تابلۆیەلێک کە بە پەڕەموچی نۆێکاران کێشرابوو، ئامادەبوون.

بێرج لە بەرگێکی جوانی قۆپچەڕێزدا بوو. ئەوەی بە هاوسەرەکەی دەوت، کە مرۆڤ دەتوانێت، لە نزیکەوە کەسانی باڵا بناسێت. بە تایبەتی ئەوانەیان لە ناوبانگ و پارەدا باڵان. پێویستیشە هەروا بکرێت. چاوەڕێی خێریان لێ دەکرێت. مرۆڤ هەموو کاتێک دەتوانێت سوود لەو جۆرە کەسانە وەر بگرێت.

چونکە لە دێرزەمانەوە وتراوە:

کەسانی دەستڕۆیشتوو، پێ و باڵی: نزکانیانن.

بەشی بیست و یەك
سەرنجەکانی پییەر

لەبەر ئەوەی پییەر میوانێکی دیار و ناسراو بوو. ناچار لەسەر مێزی یارییەکە و، نزیک کۆنت ئیلیا ئاندرۆڤیتش و، ژەنەرالا و کۆلۆنێلەوە دانیشت. لەبەر ئەوەی کە بەرامبەر ناتاشایش بوو: بە سەرسامییەوە هەستی بەو ئاڵوگۆڕە کرد، لەو کچەدا، کە لە دوای بینینەکەی ئەو شەوی ئاهەنگی سەماکەیەوە: بە سەریدا هاتبوو. هەرچەند بێدەنگتر بوو بوو. بەڵام جوانتر نەبوو بوو. بەڵکو کەمێ ناشیرینتریش بوو بوو! بە دەم سەرنجدانییەوە، لە خۆی پرسی،"ئەرێ ئەوە چییەتی!"

ناتاشا لە سەر مێزی چاخواردنەوەکە و، نزیک بە خوشکەکەی دانیشتبوو و، بە لالێو وەڵامی قسەکانی بۆریسی دەداوە و، هەر سەیریشی نەدەکرد. پییەریش، پێنج فڕەی یارییەکە براوە بوو.

لەو کاتەدا کاغەزەکانی بەردەمی خۆی کۆ دەکردەوە، گوێی لە ترپەی پێ و، چاک وچۆنی بوو.

ئەویش بە لاچاو سەرنجێکی ناتاشای دایەوە و، دیسان لە خۆی پرسییەوە،" ئاخۆ چیی بەسەر هاتبێت!؟

میر ئاندریەیش لە بەردەم ناتاشادا وەستابوو و، بە ناسکی و ئاگاوە، چاوانی تێ بڕی بوو و سوور هەڵگەڕابوو و، ناتاشای دەدوان. هەناسەی ئەو سەرسامبوونەیشی بەو بۆ رکێف نەدەکرا. وەکوو پشکۆیەکی زووتری بن خۆڵەمێش، بەرەو رووی کرابێتەوە:

روونـاکی بـوو بـووەوە. بەلایـەوە ئـەو کیـژە تـەواو گۆڕابـوو و، ناشـیرینیەکەی، کـەمێک زووتری، نەمابوو! هەر وەکوو ئەو شەوی ئاهـەنگی سـەمایەی لێ هـاتبووەوە و، قەشـەنگ بوو بووەوە!

میر ئـاندریە هات و، سڵاوی لە پیـەر کرد. ئـەویش سـەرنجێکی ئـەمی دا و، وا هەسـتی کرد، ئەمیش لاوێتی خۆی بۆ گەڕاوەتەوە.

ڕێ و ڕەسمی یارییەکە، چەند جـارێک جێی بە پیـەر گۆڕی. دەمێک بەرامبەر ناتاشا و، دەمێکیش پشـتی تـێ دەکرد. بـەڵام لـە هـەر شـەش فـڕەی یارییەکـەدا: کـۆڵی لـە چـاودێری کردنی ئەو کچە و هاوڕێکەی نەدا!

لە دڵی خۆیدا وتی:"شتێکی مەترسیدار، لە نێو ئەو دوانەدا هەیە!"

هەستێک دەروونی داگیر کرد، کە هـەم بـە داخ بـوون و، هـەم پێخۆش بـوون بـوو. بـە جۆرێـک سـۆزی جـوولا، وەختـەبوو یارییەکەیشـی بیـر بچێتـەوە! دوای شەشـەم فـڕەی یاریەکە، ژەنەرالا هەستا و، رایگەیاند کە یاری کردنی بەو مەرجانە پێ سەختە.

بەمەیش پیـەر رزگاری بوو، لە ڕێ و ڕەسمی، ئـەو یارییـە. ناتاشـایش لەگەڵ سـۆنیا و بۆریس و ڤیرا دەدوا و، ناوە ناوەیش، بە بزەیەکی ناسک بەشداریی میر ئاندریەی دەکرد.

پیـەریش خۆی گەیاندە ئەو هاوڕێیەی و، لە تەنیشتییەوە دانیشت. ئـەوەشی لێ پرسین: کە ئاخۆ وتووێژەکەی لێ تێک نەداون؟ ڤیرایش ـ کـە هەسـتی بـەوە کردبوو، میـر ئـاندریە بایـەخ بـە ناتاشـای خوشـکی دەدات ـ پێی وابـوو، ئـەو ئاهـەنگە شـەوانەیە: بێخەوشـە و لـە باریشـە بـۆ خۆشـەویسـتییەکی ناسـک و سـنووردار. تـەنیا بوونەوەکـەی میـر ئـاندریەی قۆسـتەوە و کەوتـە باسـی خۆشـەویسـتی و، بـە شـێوەیەکی گشـتی. بـە تایبـەتیش لەگەڵ خوشکەکەیدا.

لەگەڵ نـەرم و نیانیەکەیشـیدا، پێویسـت بـوو لەگەڵ میـوانێکی زیـرەکی وەکـو میـر ئـاندریەدا، پەنـا بـۆ لێهـاتوویی ببـات. کـە پیـەر نزیکیـان بـووەوە، هەسـتی کـرد ڤیـرا بـە هەژاوییەوە، لـە سـەر قسـەکانی دەڕوات و، میـریش جۆرێـک شـەرم و هـەژاویی ـ کـە زۆر کەم بە سەری دەهات ـ پێوە دیار بوو.

بە بزەیەکی ناسکەوە ڤیرا دەیوت،"تـۆیەک کە زۆر ورد سەرنج دەدەیت و، هەر زوو لە بەرامبەرەکانت دەگەیت: چـۆن لـە ناتالی ناتاشا تێدەگەیت؟ ئـاخۆ جرپن نییـە و، لـە سـەر پابەند بوون بە کەسێکەوە، سـەرومڕ دەبێت؟ بڵێی وەکو هەموو ژنانی تر ـ زیاتر مەبەستی لە خۆی بوو. ـ لە سەر خۆشویستنی کەسێک بمێنێتەوە و، دڵسۆز بێت بۆی و پشـتی تـێ نەکات؟ کە بەڵای منەوە خۆشـەویستی دەبێت، وابێت! تۆ دەڵێی چی... میر؟

ئەویش شێواوییەکەی خۆی شاردەوە و، بە بزە و لاقرتێوە وەڵامی دایـەوە،" ئـاخر من زۆر بـاش خوشـکەکەت ناناسـم، تـاکوو بتـوانم پرسـیاریەلێکی وردی لـەم شـێوەیە، وەڵام بدەمەوە!

ڕوویشی کرده پییەر که بەرەو لای ئەو دەهات و، لە سەری ڕۆیشت،"دوای ئەوە.. من وا هەستم کردووە، کە تاکو سەرسامبوون پێیان، کەمتر بێتەوە... ئەوا دڵسۆزییان بۆ خۆشەویستەکانیان پتر دەبێت!"

فیرایش وتی،"بەڵێ ئەی میر.. ئەوە ڕاستە! بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا..."

بە شێوەیەک کەوتە باس کردنی ڕۆژانی خۆی، کە هەر لە کاڵفامان دەوەشایەوە. وەکوو ئەوانە دەدوا، کە پێیان وابوو، هەر خۆیان ئەو ڕۆژانەیان درک پێ کردووە. هەر خۆیشیان بە باشی ڕێزیان لە کاتی خۆیان گرتووە! پێیشان وابووە، گفت و پەیماندان، بە گوێرەی سەردەم دەگۆڕدرێت! بەڵام لە ئێستادا کچان ئازادیەکی ڕەهایان هەیە. تەنانەت هێندە بایەخیان پێدەدرێت و، چێڕ لە پێداهەڵدانی دەوروبەریان وەردەگرن... تاکوو هەستی ڕاستەقینەی خۆیان دەخنکێنن!!

لە ڕاستیدا "ناتالی - ناتاشا" زۆر هەستیارە ـ ئەم هێنانە پێشەوەی ناوی ناتالی ـ ناتاشایە هۆشداریانە ـ برۆکانی بە میر ئاندریە هێنایەوە یەک و، ویستی هەستێت و بڕوات.

بەڵام زەردەخەنەکەی ڤیرا جوانتر بوو و، لە سەری ڕۆیشت،"پێم وایە هیچ کچێک بە هێندەی ناتاشا کوڕان بە لاوولویدا نەهاتوون و پێیدا هەڵیان نەداوە! بەڵام تا ئێستا کەسی بە دڵ نەبووە."

ڕوویشی کرده پییەر و وتی،"ئەی کۆنت: خۆت چاک دەزانیت، کە بۆریسی ئامۆزامان ـ بەینی خۆمان بێتو لە نێومان دەر نەچێت ـ زۆر پێی سەرسامە و، هێندە شێت و هاری بووە! کە لە جیهانی ئەو هەستەیدا ون بووە!"

میر ئاندریەیش بە ڕووە گرژەکەی و برۆ یەکەوە هاتووەکانییەوە، مابووەوە و، هیچی بۆ نەوترا.

ڤیرا دەستی پێکردەوە،"تۆ هاوڕێی بۆریسیت... وا نـا؟"

ئەویش وەڵامە دایەوە،"بەڵێ دەیناسم."

ڤیرایش وتی:

"بێگومان باسی عیشقە منداڵانەکەی خۆی و ناتاشایشی بۆ کردوویت!"

ئەویش کتوپڕ سوور هەڵگەڕا و پرسیی،"ئاه! بۆچی لە منداڵییشدا: عیشق و خۆشەویستی هەیە؟"

ڤیرایش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! بۆ خۆت دەزانیت: هەندێک جار هۆگربوونی، کوڕە مام و کچە مام پێکەوە، بەرەو خۆشەویستیان دەبات. هەر وەکو وتوویانە: خزمایەتیی و ئامۆزا بوون، لە خۆیدا جێی مەترسییە! ئەی... وا نـا؟"

میریش وتی:

"ئاه... بێگومان!"

میر ئاندریەیش بە سوعبەتەوە، پییەری بە ئاگا هێناوە، لە دوو ئامۆزا تەمەن دەوروبەر: پەنجا سالەکەی، کە هەردوکیان لە مۆسکۆدا نیشتەجێ بوون. لەمەودوا هێندە هاتوچۆیان نەکات!

پاشان قۆڵی گرت و دوور کەوتنەوە.

پییەر کە هەژاویی بە روخساری ئاندریەوە بینی، سەری سوڕما لەو روانینەی ئەو بۆ ناتاشا و لێی پرسی:

"زۆر باشە.. ئێستا چی لە ئارادایە؟"

ئاندریەیش هێمای بەو دەستکێشانە دا کە ماسۆنییان دەیبەخشن بە برا نوێیەکانیان، لە ئەوانەی کە دەبنە ئەندامیان و، ئەوانیش لای خۆیانەوە دەیبەخشنە: ئەو ژنانەی کە خۆیان خۆشیان دەوێن.

پاشان وتی:

"پێویستە قسەت بۆ بکەم. تۆ دەزانیت کە دەستکێشە ژنانەکەمان چۆنە! باشە ئەوەت بە جیا بۆ دەگێڕمەوە."

لە تەنیشت ناتاشاوە دانیشت و، هەژاوی بە ڕوخساریەوە دیاربوو و، چاوانی گرێکی نامۆی تێدابوو. ئەوەیشی بینی کە پییەر داوای شتێکی لە کچەکە کرد و، ئەویش بە روخساریکی سوورهەڵگەڕاوەوە، وەڵامی دایەوە.

هەر لەو کاتەیشدا بێرج هات و، تکای لە پییەر کرد، کە ئەویش بێت و، بەشداری لەو وتووێژەیاندا بکات، کە ژەنەراڵ و کۆڵۆنێلیشی، تێدا بەشدارن و، مشتومڕەکەیش، لە بارەی ئیسپانیاوەیە.

بێرج ئاسوودە و کراوە بوو و، بزەکەی سەر لێوی، روناکیی لەخۆ رازی بوونی پێ بەخشی بوو. چونکە بار و دۆخی ئاهەنگەکەی، هاکەزایی و، هاوشێوەی ئەو ئاهەنگانە بوو، کە بینی بوونی و، تێیدا سەرکەوتوو بوو.

وتووێژی ناسکی ژنانە و، فڕەیەکی یاری کردنی لەگەڵ ژەنەراڵە دەنگ زلەکە و، سەماوەر و شیرینیەکان... هەموو شتێک بێ کەم و کووڕی بوو. تەنیا سەرنجێک نەبێت کە بێرج بایەخێکی زۆری پێدەدا و، لە ئاهەنگە نموونەییەکاندا هەبوو. ئەویش ئەو دەنگە دەنگە بوو، کە لە نێوان پیاواندا هەموو جارێک رووی دەدا و، قسەکانیان لە بارەی بابەتێکی مەترسیداری هەنووکەییەوە بوو.

ئەمەیش کە بێرج دەیویست، ژەنەراڵ دروستی کردبوو و، وای لە بێرج کرد پەنا بۆ پییەر بەرێت، تاکو ئەویش بەشداریی تێدا بکات.

بەشی بیست و دوو
خۆشویستنێکی سەرکێشانە

میر ئاندریە بانگهێشتەکەی کۆنت ئیلیا ئاندرییڤیتشی پەسەند کرد و، رۆژی دواتر نانی ئێوارەی لە سەر خوانەکەی ئەو خوارد و، کاتی خۆی لای ئەو بەسەر برد. ئەندامانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤیش پەیوەندی نێوان میر و ناتاشایان بە گۆترە لێکدەدایەوە. چونکە میر بە ئاشکرا بە لاوولوی ناتاشادا نەدەهات و، دڵداریی لەگەڵ نەدەکرد.

لەولایشەوە ناتاشا چەندە بەو بەختەوەر بوو، هێندەیش تۆقابوو! ئەندامانی بنەماڵەکەیش، بە هەمان شێوەی ئەو بوون و، لە چاوەڕوانی ئەو ساتە پیرۆز و جوانەی، ئاشکرا بوونی، ئەوەدا بوون. لە کاتێکدا خاتوو کۆنتیسە قسەی لەگەڵ کچەکەی دەکرد، سەرنجی خەماویانەی میریشی دەدا. کە ڕوویشی دەکردەوە کچەکەی خۆی، دڵەڕاوکێکەی لە بابەتە سادەکاندا، ون دەبووەوە.

سۆنیایش لەو ترس و بیمەدا، زەرد هەڵگەڕابوو و، نەیدەوێرا لە ناتاشا دوور بکەوێتەوە. بە تایبەتیش، ئەو کاتانەی لەگەڵ میر ئاندریەدا، دوو بە دوو دەمانەوە و، هەستی دەکرد، میر دەیەوێت نهێنییەکی لا بدرکێنێت. بەڵام تەریق دەبێتەوە و، ڕووی لێ وەردەگێڕێت و، پڕکێشی ناکات!

هەر کە میر بنەماڵەکەی جێهێشت. خاتوو کۆنتیسە هاتە لای ناتاشاوە و، بە چرپە پرسیی:

"زۆر باشە چیی تر؟"

ناتاشایش وەڵامی دایەوە:

"دایکە لێت دەپاڕێمەوە... ئێستا هیچم لێ مەپرسە! ئەمە هی ئەوە نییە قسەی لە بارەوە بکرێت."

لەگەڵ ئەوەیشدا، بە درێژایی ئەو شەوە، ناتاشا لە سەر جێگەکەی دایکی پاڵکەوت و، بو بووە نێچیری هەژان و هاتنەوەیەک و، چاوانی بڕی بووە دایکی و، بۆی دەگێڕایەوە، کە چۆن میر وەسفی کردووە و، بە لاوولوویدا هاتووە. پێیشی وتووە: کە ئارەزوویەتی سەفەری هەندەران بکات و، پرسیاریشی لێ کردووە کە خزمانی ئەو، هاوین لە کوێ بەسەر دەبەن!؟ جارێکی تریش باسی بۆریسی کردووەتەوە.

پاشان ددانی پێدانا و وتی،"لەمەو پێش، هەستێکی وەکوو ئێستام نەبوو! کە روو بە رووبیشی دەبمەوە، هەست بە ترس دەکەم! ئاخۆ ئەمە چی بگەیەنێت!؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بابەتەکە راستە و، گاڵتینە نیە! وا نـــا؟"

"ئەرێ ئەوە چییە... دایکە، نوستوویت؟"

دایکیشی وەڵامی دایەوە:

"نەخێر ئازیزەکەم...نەنووستووم. منیش وەکو تۆ دەترسم! دەی بڕۆوە جێی خۆت."

قسەکەی دایکی هەڵوێستەیەکی پێ کرد و دواتر وتی،"هەرچۆنێک بێت... نانووم! بنووم؟ بە خوا نووستنیش کارێکی هیچە!"

"دایکە... دایکە! هەرگیز لەمەوبەر هەستێکی لەم جۆرەم نەبووە! خۆم و خۆیشت، بەم جۆرە بیرمان نەکردووەتەوە! "

ناتاشا پێی وابوو، هەر لە یەکەم پێک گەیشتنییەوە بە میر ئاندریە، لە ئۆترادای، حەزی لێ کردووە! بۆیە ئێستایش هەمان پیاو گەڕاوەتەوە ـ گومانیشی لەم قسەیەی خۆی نەبوو ـ پاشانیش رای خۆی دەردەبڕێت و، هاکەزایی سەرنج نـادات. ئەو بەختەوەرییە نامۆیە تۆقاندبوویشی.

پاشان لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەو کاتەی ئێمە گەیشتین، بێگومان دەبوایە ئەویش لە پێترزبۆرگ بوایە و، لەو ئاهەنگی سەمایەدا، پێک بگەیشتینایە. چونکە ئەم جۆرە کارانە، قەدەر رێکی دەخات. بەڵی دەبوو کارەکە بەو شێوەیە بوایە! ئیدی منیش هەر کە ئەوم بینی هەستم بە شتێک کرد!"

دایکیشی لە بارەی ئەوەوە، لێی پرسی، کە ئاخۆ چیی لە دەفتەری یاداشتەکانی خۆیدا نووسیوە!؟ لێیشی پرسی،"چیی تری پێ وتیت؟ ئەو شیعرانەی بۆی وتیت... بۆم بخوێنەوە."

کچەکەیشی پرسیی:

"دایکە تۆ بڵێی شوو کردن بە بێوەپیاو، کارێکی خراپ بێت؟"

دایکیشی وەلامی دایـەوە:

"بێدەنگ بـە ناتاشـا بێدەنگ! نـۆیژ و نـزا بـۆ خـوا بکـە! هاوسـەرگیری لـە ئاسـماندا ڕوو دەدات!"

ئەویش بە هەژاوی و ڕشتنی فرمێسکی بەختەوەرییەوە هاواری کرد:

"ئای دایکە گیان! چەندم خۆشدەوێیت! ئای چەندە شادمانم!"

پاشان باوەشی بە ملی دایکیدا کرد.

لە هەمان کاتدا ئـاندریەیش، باسـی خۆشەویستیی ناتاشـای بـۆ پییـەر دەکرد و، سـوور بوونی لەسـەر هاوسـەرگیری لەگەڵیدا، دەردەبڕی.

خاتوو کۆنتیسـە هیلین فاسیلییڤایش هـەر لەو ڕۆژەدا، سفرەو خوانی بـۆ گـەورە پیـاوان ڕازاندبووەوە. لەوانە بـاڵێۆزی فەڕەنسا. کە ئەویش ببووە، یەکێک لەو کەسانەی هاتوچۆی، مـاڵی هیلینیان دەکرد و، لەگەڵ کەسـە باڵاکان، لەوێدا کۆ دەبووەوە.

پییەریش بە دڵی تەنگەوە، بـە هۆڵـەکاندا دەگـەڕا و، سـەرنجی هـەموانی دەدا و، خـۆی دەخـواردەوە. هـەر لـە شـەوی ئاهەنگـە سـەمائامێزەکەیشـەوە، وا هەسـتی دەکـرد، تـەمێکی ڕەش، دەڕوونی داگیر دەکات و، بە ورەیەکی ڕووخـاوەوە دەیویست بیڕەوێنێتەوە.

لـەو کاتـەوەی پەیوەنـدیی ژنەکـەی و بـاڵێۆزی فەڕەنسـا پتـەو بـوو بـوو. پییـەریش - چاوەڕواننەکراوانـە ــ بـوو بـە یـاوەری دەربـار! ئیـدی هـەر لـەو دەمـەوە هەسـتی بـە شەرمەزاری دەکرد لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا.

بیروڕا کۆنەکانی خۆی لە بارەی حەز و هەڵپەکانی مرۆڤ و هیچ و پووچیی دنیابینی و بیر و ژیرییەوە، بیردەهاتەوە. لە سەروو ئەمانەیشـەوە، خۆشەویستیی ئـاندریە بـۆ ناتاشـا و، بەڕاورد کردنی هەڵوێستەکانی ئەو هاوڕێیەی بە هەڵوێستەکانی خۆی. چۆن بـە تونـدی بیـروڕای، بەرامبـەر ئـاندریە و ناتاشـا ڕەت دەکـردەوە. هـەر وایش بیروڕاکـانی بەرامبـەر ژنـەکەی ڕەت دەکردەوە. وایش هاتەوە بـە خـەیاڵیدا، کـە هـەموو شتەکانی دنیا هـیچن! لـە چـاو تاهەتایی خوادا.

سەر لە نوێ لە خۆی پرسییەوە:

"چ سوودێکی هەیـە؟"

هەر بە هۆی ئەوەیشەوە بوو، خۆی سەرقاڵی کاروباری ماسۆنییان کرد. بەو ئومێدەی، بتوانێت بە سەر بیروڕا ناڕەواکانی خۆیدا زاڵ بێت.

نیـوە شـەو هـۆڵ و، کۆڕەکـەی جـێ هێشـت و، گەڕایـەوە نهـۆمی یەکـەمی کۆشـک و چـووەوە ژوورە دوکەڵاویەکـەی خـۆی و، بـە بەرگـە کۆنەکـەی نێـو مـاڵـەوە، کەوتـە نووسینەوەی ئەو شتە دروستە شەرعییانەی، لە کۆڕە پیرۆزەکانی "ماسۆن"یاندا بەکار

دەبڕێت.

هەر لەو کاتەدا میر ئاندریە خۆی کرد بە ژوورەکەیدا و، ئاسوودانە وتی:

"ئای ئەوە خۆتیت!"

ئەویش وەکو کەسێکی داماو، کە بیەوێت بە خۆ سەرقاڵکردن خەمەکانی بیر خۆی ببات‌ەوە وتی،"هەر وەکو دەمبینیت، کار دەکەم و ئەوەیش دەفتەرەکەمە."

میر ئاندریەیش بێئەوەی گوێ بە خەمەکانی ئەو بدات، بزەیەکی بۆ کرد. هەر وەکو ئەوەی، کە باری گۆڕدرابێت و، ئێستا کەسێکی تر بێت. وتی،"بەڵێ ئازیزەکەم... ئێستا کە لێرەم، دەمەوێت لە بارەی ئەوەی دوێنێوە قسەت بۆ بکەم. هەر لەبەر ئەمەیش هاتووم. چونکە هەرگیز هەست و هۆشم بەم جۆرە نەبووە! هاوڕێ ... ئێستا من عاشقم! عاشق!!"

پییەریش هەناسەیەکی هەڵکێشا و خۆی بەردایەوە نێو کورسییەکە و وتی:

"عاشقی ناتاشا ڕۆستۆف بوویت! وا نـــا؟"

ئاندریەیش وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! لەو زیاتر کێ هەیە!؟ هەرگیز خۆیشم بڕوام بە ئەمە نەدەکرد! بەڵام ئەم عەشقە، لە خۆم بەهێزترە! دوێنێ هەر دوێنێ، وەکو شەهیدانی عەشق چەشتوو... ئازارم چەشت! بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، وام هەست دەکرد، ئەو ئازارەم، لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە بە نرختر!! وەک ئەوەی لەمەو پێش نەژیا بووبم و، ئێستا لەدایک بووبم، دەستم بە ژیان کردووە. بیئەویش ناتوانم بژیم. بەڵام بڵێی ئەویش منی خۆشبوێت! ئاخر لە چاو تەمەنی ئەودا من پیرم! باشە ئەوە تۆ بۆ هیچ نااڵێیت و بێدەنگیت؟"

پییەر هەستا و کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا و وتی:

"من! من! دەتەوێت چی بڵێم!؟ هەمیشە بیرم لەوە کردووەتەوە... ئەو کێژە گەنجینەیەکی ڕاستەقینەیە! بەڵێ... گەنجینەیە! گەنجینە! چۆلەکەیەکی ناوازەیە! هاوڕێی ئازیزم... لێتدەپارێمەوە دوو دڵا مەبە.. بیخوازە... بیخوازە! بێگومان بە کە بەختەوەرترین کەس دەبیت."

ئاندریەیش وتی:

"بەڵام ئەی ئەو؟"

ئەویش وتی:

"ئەو کێژەیش تۆی خۆشدەوێت!"

ئاندریەیش بە بزەیەکەوە، چاوانی لە چاوانی پییەر بڕی و هەڵیدایە:

"گێڵانە مەدوێ!"

پییەریش خۆی بۆ نەگیرا و هاواری کرد:

"زۆر چاک دەزانم کە ئەویش تۆی خۆشدەوێت."

کتوپڕ ئاندریەیش قۆڵی گرت و وتی:

"کەوابوو گوێم لێ بگرە... دەزانیت دەروونم، لە چ باریکدایە؟ بۆیەیش پێویستە ئەوەی لە مێشکم دایە، بۆ کەسێکی هەڵبڕێژم."

پیەرێش بە رووپەکی گەشەوە وەڵامی دایەوە:

"زۆر باشە... قسەم بۆ بکە. منیش بە ئەوە بەختەوەر دەکەیت."

هێڵە چرچەکەی نێوچاوانی نەما و، بە بزەیەکەوە گوێی لە ئاندریە گرت. هەر بە راستیش ئاندریە بوو بووە، کەسێکی دی! کرانەوە و هەرزەکاری، بە رووخساریەوە دیار بوو. خۆیشی نەیدەزانی تاڵیی ئەم عەشقە، لە خۆی بەهێزترە! دوێنێ هەر دوێنێ، وەکوو شەهیدانی عەشق وابوو، پیەریش تەنیا کەسێک بوو بتوانێت راز و نیازی خۆی بۆ دەربڕێت و، باری خەمی خۆی کەمێک سوک بکات.

دەمێک پیلانی سادەی بۆ ژیانی دوورو درێژی بوێرانەی داهاتووی خۆی، بۆ باس دەکرد و، دەیوت کە ناتوانێت هەموو ژیانی بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووەکانی باوکی تەرخان بکات. ئەگەر بێت و، باوکیشی پرۆژەی هاوسەرگیرییەکەی پەسەند نەبوو، ئەوا ئەمیش لای خۆیەوە، ئەو پشتگوێ دەخات. دەمێکیش سەرسامییە مەزنەکەی خۆی، بەرامبەر ئەو سۆزەی، کە وێرانی کردبوو دەردەبڕی!

دواتر بە کڕووزانەوە و نزاوە وتی:

"هەر کەسێکی تر بۆی بگێڕامایەتەوە، کە بەم شێوەیەی من عیشق و خۆشەویستی دەکات، بڕوام پێ نەدەکرد. هەرگیز لەمەوبەر ئەم هەستەم نەبووە! ئێستا بە لای منەوە، دنیا دەبێت بە دوو بەشەوە. بەشێکیان هەموو شتێک تێیدا ئومێدە و رووناکییە و، پڕە لە بەختەوەری! بەشەکەی تریشی لە تاریکی و بێزاری بەولاوە هیچی تری تێدا نییە!"

پیەریش دووبارەی کردەوە:

"تاریکی و بێزاری! بەڵێ بەڵێ! لێت تێ دەگەم!"

ئاندریەیش وتی:

"ئێ منیش ناتوانم رووناکیم خۆش نەوێت. چونکە لە توانای خۆم بەرەو بانترە! منیش زۆر بەختیارم! تێم دەگەیت؟ خۆ ئەوەیش دەزانم دڵت بە من دەکرێتەوە."

پیەریش بە چاوی سۆزەوە، پێیدا هەڵدەڕوانیو پشتگیریی ئەوی کرد:

"بەڵێ... بەڵێ!"

بەڵام هەر جارە و داهاتووی میری بە رووناکی و خۆشی ببینیایە، پێی وابوو بەرەو تاریکتر هەنگاو دەنێت.

بەشی بیست وسێ
نیشانکردن

لەبـەر ئـەوەی میـر ئـاندریە نەیـدەتوانی بـێ قـایلبوونی بـاوکی، هاوسـەرگیری بکـات. بەرەبـەیانی زۆژی دواتـر بـەرەو لای بەڕێکـەوت. هەرچەنـد میـرە پیـرەی باوکیشـی، بـە ئارامی پێشوازیی لێ کرد. بەلام لە ناخیدا زۆر لێی تووڕە بوو. چونکە ئەوەی بـەلاوە بـاش نەبوو، یەکێک بێت و، خۆی بترنجێنێتـە ڕێڕەوی ژیانییـەوە و، بیگۆڕێت. ئـەمێک کـە لـە دوا کاتەکانی تەمەنیدایە و، وا خەریکە لێ دەبێتەوە.

جارو باریش بە خۆی دەوت:

لانی کەم ڕڕێم بدەن... بە دڵی خۆم دوایین ڕۆژەکانی ژیـانم بەسـەر بەرم. کە مردیشم بە ئارەزووی خۆیان چی دەکەن با بیکەن!

زۆر بـە سـاردییەوە لـەم بابەتـەی کۆڵی بـووەوە. پێی وابـوو.. یەکـەم شـتێک: سـامان و نەوەیە. هەموویشیان خراپن. دووەمیشیان: دروستیی ئاندریە لاوازە و، چووەتە سـاڵەوە و، کچەکە لە سەرەتای تەمەنیدایە. پێداگریی زۆریشی لەم خاڵەی دووەمیان دەکرد. سێیەمیش ئـاندریە کوڕێکی هەیە و، بە خوشکەکەی سپاردووە و، ئەمـەیش لـە خۆیـدا جێی بەزەییـە. چوارەم: بە لاقرتێوە و، بە بیرکردنەوەیەکی قوواڵەوە، لە کوڕەکەی خۆی دەڕوانی.

پاشان پێی وت:

"سـاڵێک ژنهێنانەکەت دوا بخە و، سـەفەری هەندەران بکە. گوێیش بـە دروسـتیی خـۆت بدە و، چارەسـەری خۆت لەوێ بکە. دایەنێکی باشیش بۆ نیکۆلای میـرە چکۆلـە پەیدا بکـە. ئەگـەر عیشـق و تامەزرۆییشت ــ خـۆت نـاوی چیی لێدەنێیت... لێی بنـێ ــ بـەو گـوژم و

توندییەی خۆیەوە، هەر مایەوە. مارەی بکە و بیهێنە. ئەوەیش چاک بزانە کە ئەمە دواییین قسەمە."

بە شێوەی قسە کردنەکەیدا دیار بوو، کە هێز نەبوو لە دنیادا، بتوانێت ئەو بیروڕایەی پێ بگۆڕێت. مەبەستی میرە پیرەی باوکیشی، لە دواخستنی هاوسەرگیرییەکەی، ئەوە بوو کە بەڵکوو لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئارەزووەکەی دامرکێتەوە.

لەولایشەوە دەزگیرانەکەی بێزار ببێت و، پاشەکشە لە هاوسەرگیرییەکەی بکات. خۆ ئەگەر لەو ساڵەدا، هەر هیچ نەگۆڕدرا، بەڵکو خۆی بمرێت و، ئەو هاوسەرگیرییە نەبینێت.

میر ئاندریەیش لە مەبەستی باوکی گەیشت و، بڕیاریدا بە گوێی بکات. بڕیاریدا: داوای ناتاشا بکات و، ئەوەیشی پێ بڵێت کە دوای ساڵێک دەیگوێزێتەوە.

ئەو دەمەی ئاندریە گەڕایەوە بۆ پێترزبورگ، سێ هەفتە بە سەر دواییین سەردانیدا بۆ بنەماڵەی ڕۆستۆف، بەسەر چوو بوو.

لەبەر ئەوەی ناتاشا ئاگاداری سەفەرەکەی ئاندریە نەبوو، ڕۆژی دوای دان پیانانەکەی لە بەردەم دایکیدا، چاوەڕێی هاتنی بوو. دوو ڕۆژی دواتریش بەو شێوەیە بوو. بەڵام بێهودە بوو. هەرچەندیشی کرد و کۆشا، لە دیار نەمانەکەی نەگەیشت.

لەو سێ هەفتەیەدا ناتاشا، لە ماڵ نەچووە دەرەوە. ورەی ڕووخا و، بە بێزارییەوە هەر ئەم ژوور و ئەو ژووری بوو. لە سەردانی شەوانەی لای دایکیشی بوو بوو. هەر کە تەنیا دەکەوتەوە، دەگریا. بە هەموو شتێک هەڵدەچوو و، پێی وابوو هەموو دنیا پێی زانیوە و، گاڵتەی پێ دەکەن و، بەزەییشیان پێیدا دێتەوە. ئەم شکاندنەی بێزارییەکەی فرەتر کردبوو.

ڕۆژێکیان چووە لای دایکی، تاکو قسەی بۆ بکات و، لەبەر ئەوەی خەمەکەی لە خەمی منداڵێک دەچوو، کە نەزانێت چ هەڵەیەکی کردووە. کتوپڕ دایە پرمەی گریان و، زۆریش بە کوڵ. کۆنتیسەی دایکیشی بە سەریدا هات. ئەویش لە سەرەتادا گوێدێری دایکی بوو.

دواتر قسەکەی پێ بڕی وتی:

"دایکە گیان... قسە کردن لە بارەی ئەمەوە بەسە! لەمەودوا هەر بیریشی لێ ناکەمەوە. پاشان کێشەکەیش زۆر ئاسانە... جاروبارێک سەردانمان دەکات و، دواتر کۆڵا دەدا..."

هەنسک قوڕگی گرت و، هیچی تری بۆ نەوترا.

پاشان بە سەر خۆیدا زاڵ بووەوە و وتی:

"هەرچۆنێک بێت... منیش نامەوێت شوو بکەم!! دوای ئەوە لێیشی دەترسم! ئێستایش ئارام ئارام بوومەتەوە."

ڕۆژی دواتر ئەو بەرگە کۆنەی پۆشی، کە پێی وابوو ئارامیی بۆ دەهێنێت! دەستی کردەوە، بە ژیانە ئاساییەکەی ڕۆژانەی جارانی خۆی. ئەو ژیانەی کە لە دوای ئەو شەوانە ئاهەنگی سەمایەوە، بە خۆیەوە نەدی بوو. چایەکی خواردەوە و بەرەو ئەو هۆڵە

گەورەیە چوو، کە خۆشیدەویست و، ماوەیەک ئاوازی تێدا، بۆی ژەند بوو. کە راهێنانی وانەی یەکەمی کۆتایی پێ هێنا. خۆی گەیاندە ناوەڕاستی هۆڵەکە. جارێکی دی ئەو بەشەی ئاوازەکەی دەردەهێنایەوە و، کپی و چۆڵی هۆڵەکەی پێ پڕ دەکردەوە، کە خۆی پێی سەرسام بوو و، هەستی بە چێژێکی نوێ دەکرد.

کتوپڕ هەستی بە خۆشی و کرانەوەی خۆی کرد و، لە خۆی پرسی:

"بیر کردنەوەم لەو هەموو شتانە چ سوودێکی هەیە! ژیان بەم شێوەیە خۆشتر نییە!"

کەوتە پیاسە کردن بە هۆڵەکەدا. یەکەمجار لەسەر پاژنەکانی پێی ڕۆیشت و، دواتر نووکی پێیەکانی. ئەو جووتە پێڵاوە نوێیانەیشی لە پێدا بوو، کە لە پێڵاوەکانی تری خۆی، بە لاوە پێ باشتر بوو. کە ترپەی پاژنەکانی نووکی پێیەکانی خۆی دەبیست، شاد دەبوو. گەیشتە ئاوێنە گەورەکە و، سەرنجی ڕوخساری خۆی دا.

هەر وەکو ئەوە وابوو، ڕوخسارەکەی خۆی پێی بڵێت:

"بەڵێ ئەمە خۆمم و، ئا بەم شێوەیە باشم و، پێویستم بە کەس نییە!"

خزمەتکارێک هات و ویستی شتومەکی هۆڵەکە ڕێک بخاتەوە. بەڵام ناتاشا نەیهێشت. دواتر دەروونی ئاسایی بووەوە و، کەوتەوە هاتوچۆ بە هۆڵەکەدا و، هەر ئەو بەیانییە لەگەڵ خۆی ئاشت بووەوە و، سەرلەنوێ بە خۆی سەرسام بووەوە.

لەبەر خۆیەوە لە خۆی دەدوا و بە ناوی کۆمەڵە هەرزەکارێکەوە دەیوت:

سەیری ئەو شۆخ و شەنگی و قەشەنگییەی بکەن! کێژێکی تازە پێگەیشتووی دەنگ خۆش!

پاشان خۆی دەکردەوە، بە یەکێکی تری کۆمەڵە هەرزەکارەکە و، خۆی تووڕە دەکرد:

"نەکەی کوڕە: کەس بێزار بکەیت... کۆڵی لێ بدە! خۆ دەزانم کۆڵیشی لێ بدەیت... هەر ئارام نابیتەوە!"

لە دەرگای بەلەکۆنەکەی ئەوسەری دالانەکەوە، کەسێک بە دەنگی بڵند پرسیاری ئەوەی کرد، کە ئاخۆ کۆنتیسە ڕێی دەدات ببینێت؟ پاشان ترپەی پێیەکانی بیست و، تا دەهات نزیکتر دەهاتە بەر گوێ. ئەمیش سەر لە نوێ سەرنجێکی ئاوێنەکەی دایەوە و، سەرەتا هیچی تێدا نەبینی، بیری فڕییەوە لای ترپەی پێی نێو دالانەکە. کە وردتر سەرنجی ئاوێنەکەی دایەوە. هەرچەند باشیش دەنگەکەی نەدەهاتە گوێ. بەڵام هەر پێی وابوو خۆیەتی و، سوور هەڵگەڕا.

کتوپڕ هاواری کرد:

"دایکە... ئاندریە پۆلکۆنسکی هاتووە. شتێکی پڕووکێنەرە و، لە توانای مندا نییە! حەزیشم لەو بێزاری و ئازارەی نییە! نازانم چی بکەم؟"

لەبەر ئەوەی میر ئاندریە بە دڵەڕاوکێوە، بەرەو ڕووی کۆنتیسە بووەوە. فریای وەڵامدانەوەی کچەکەی نەکەوت. ئاندریەیش کە هەردوکیانی بینی، کرایەوە و، دەستی ماچ کردن و، لێی دانیشت.

کۆنتیسه پرسیی:

"ماوەیەکە دیار نیت!"

میر قسەکەی پێ بڕی و پەلەی ئەوەی بوو، زوو ئامانجی خۆی بپێکێت:

ــ ئەو ماوەیەی کە دیار نەبووم... لەگەڵ باوکمدا پرۆژەیەکی زۆر گرنگم تاووتوێ دەکرد! تا دوێنێ ئێوارە، نەگەیشتمە بڕیاری کۆتایی.

سەرنجێکی ناتاشای دایەوە و، بێدەنگ بووەوە و، دوای کەمێک لە سەری رۆیشت:

"خاتوو کۆنتیسە: دەمەوێت قسەت بۆ بکەم."

کۆنتیسەیش چاوێکی وای داگرت، ناتاشای تێگەیاند تا جێیان بهێڵێتو وتیشی:

"گوێم لێتە."

ناتاشایش هەستی کرد، شتێک قورگی گرتووە و، پەلەی لە رۆیشتنەکەی نەکرد. بە دوو چاوە گەورەکەی و، بێ گوێدانە نەرێتێ باوی کۆمەڵایەتی، سەرنجی ئاندریەی دا و، لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"باشە چۆن هەر لە ساتەوەختێکدا، دەتوانێت بڕیاری هەموو شتێک بدات؟ ئەمە ژیریی نییە!"

سەرنجێکی تری ئاندریەی دایەوە و، گەیشتە ئەوەی، کە هەرگیزیش بە هەڵەدا نەچووە! بەڵێ لە چرکەیەکیشدا چارەنووسی ئەمیش دیاری دەکرێت!

کۆنتیسە بە چرپە بە ناتاشای وت:

"ناتاشا ئێستا جێمان بهێڵە... دواتر بانگت دەکەمەوە."

ئەویش وەکو ئەوەی لێیان بپارێتەوە. بە لای هەردوکیاندا لای کردەوە و، چووە دەرەوە.

پاشان میر ئاندریە بە کۆنتیسەی وت:

"خاتوو کۆنتیسە بۆ داوا کردنی کچەکەت هاتووم."

ئەویش سوور هەڵگەڕا و، لە کاتێکدا ئاندریە، چاوانی تێ بڕی بوو، ماوەیەک هیچی بۆ نەوترا.

پاشان ترسناکانە وتی:

"داواکاریەکەت... "

دەنگی تێکچوو و، ویستی بڵێت،"داواکارییەکەت لە جێی خۆیدایە و، بە خۆشحاڵییەوە، پەسەندە و، مێردەکەیشم بە هەمان شێوەیە. بەڵام بڕیاری کۆتایی لە دەستی ناتاشا خۆیدایە. هەر تۆ ڕازی بیت. دواتر قسە لەگەڵ ناتاشا دەکەم. ئاخۆ پەسەندی دەفەرموویت؟"

کۆنتیس دەستی بۆ درێژ کردو وتی:

"بەڵێ."

ئاندریەیش نوشتایەوە و، دەستی ماچ کرد. خەسوویشی بە پارێزەوە نێوچاوانی ماچ کرد و، پڕ لە سۆز. لە ناخیشەوە دەیویست، وەکوو کوڕی خۆی خۆشی بوێت. بەڵام هەستی بە ترس و نامۆیی ئەو کوڕەیش دەکرد.

خاتوونی خەسووی لە سەری ڕۆیشت:

"بێگومان باوکیشی پەسەندی دەکات. بەڵام ئەی باوکی خۆت؟"

میر ئاندریەیش لە وەڵامیدا وتی:

"قسەم لەگەڵ باوکم کردووە و، پەسەندی کردووە. بەو مەرجەی گواستنەوەکەی بخرێتە ساڵێکی دی. دەمویست ئەمەیشت پێ بڵێم."

کۆنتیسەی خەسووشی وتی،"خۆ هەرچەند ناتاشا هێشتا منداڵە. بەڵام ئەو ماوەیە هەر زۆرە."

ئاندریە هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی،"زۆر تەقەلای کەم کردنەوەی ئەو ماوەیەمدا. بەڵام سەرکەوتوو نەبووم."

کۆنتیسە هەستا بڕوات و بە میری وت:

"ئێستا ناتاشات بۆ دەنێرم."

کە چاوێشی بۆ ناتاشا دەگێڕا. لەبەر خۆیەوە ئەمەی دەوتەوە،"خوایە بەزەییت پێماندا بێتەوە.

سۆنیا پێی وت: کە ناتاشا لە ژووری نوستنەکەی خۆیەتی و، دایکیشی بەرەو ئەوێ چوو. کە سەرنجیدا لەسەر جێگەکەی خۆیەتی و، دوو چاوی زەقەوەبووی، لە تابلۆی وێنەی پیرۆز، بڕیوە و، لەبەر خۆیەوە ورتە ورتێتی و، وێنەی خاچ لەسەر سنگی خۆی دەکێشێت. هەر کە چاوی پێی کەوت، بازێکی هەڵدایە خوارەوە و، رای کرد بۆ لای و پرسیی:

"ها دایکە! چی بوو؟"

کۆنتیسەیش وتی:

"داوای کردیت! بڕۆ دەی بڕۆ! چاوەڕێت دەکات."

هەر کە ئەو بە راکردن دایکی جێ هێشت. ئەمیش لەبەرخۆیەوە بە خەم و لۆمەوە وتی:

"بڕۆ بۆ خۆت! بڕۆ!"

هەناسەیەکی قوونڵیشی بە دوایدا هەڵکێشا.

جۆرێک ئەو ناتاشایە خۆی کرد بە هۆڵەکەدا، کە دواتر خۆیشی نەیدەزانی چۆن بوو!

کە گەیشتیشە نێو دەرگاکە، بە خۆیی وت:

"بڵێی ئەم کەسە نامۆیە، ببێتە هی خۆم؟"

هەر خۆیشی لە وەڵامی خۆیدا وتی:

"بەڵێ... بێ کەم و زیاد! هەر بە راستییش، لە هەموو شتێکی ئەم دنیایە شیرینترە لام!

ئاندریەیش سەری نەوی کرد و، لێی نزیک بووەوە و، پێی وت:

"هەر یەکەمین جار تۆم بینی، خۆشم ویستیت! ئاخۆ تۆیش نا ئومێدم ناکەیت؟" کە سەریشی بڵند کردەوە. سەری لە روخسارە پڕ رازو ترسەکەی ناتاشا سوڕما!

لە روخساری ناتاشایشدا ئەمە دەخوێندرایەوە:

"جا.. ئەوە پرسی بۆ چیە؟ بۆ گومان لە شتێک دەکەیت، کە تێگەیشتنی دووڕەدەست نییە! بۆچی قسە لە هەستێک دەکەیت، کە مەحاڵە وشە و رستەکان لە توانایاندا بێت، دەری ببڕن!"

ناتاشایش چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە و وەستا. ئەویش دەستەکانی گرت و ماچی کرد.

کچەیش وەکو ئەوەی زۆر لە خۆی بکات وتی:

"بەڵێ... بەڵێ."

هەناسەکانی تێکچوو و، دایە پڕمەی گریان.

میر ئاندریەیش لێی پرسی:

"ئەمە چی بوو! چیت بە سەر هاتووە؟"

ناتاشایش بە دەم گریانەوە پێکەنی و وتی:

"ئاە! من زۆر بەختەوەرم!"

لە کاتێکدا سەری لێ نزیک کردبووەوە، دووداڵی ئەوەبوو، کە ئاخۆ دەشێت ماچێکی بداتێ؟ئاندریەیش دەستەکانی گرت و، جۆرێک سەرنجیدا، کە تا ئەو کاتە، ئاوا بە هەڵچوون و وروژاندنەوە، کەسی خۆشنەویست بوو! پاشان هەموو ئەو هەستە شاعیرانە و، وروژاندنە دەروونییەی، گۆڕدرا بۆ بەزەیی هاتنەوە، بەو هەستە منداڵانەی ناتاشا و، لاوازییە منداڵانەیدا. هەروەها بەو دەستەمۆبوونەی و، خۆ بەدەستدانەوەیدا. بەمەیش پەژارە تێکەڵا بە بەختەوەرییەکەی بوو و، هەرچەند بریق و باقی کەمتر بووەوە. بەڵام جدی بوونەکەی زۆرتر بوو.

ئاندریەیش ـ کە هەر خەریکی سەرنجدانی بوو ـ لە سەری ڕۆیشت و وتی:

"دایکت تێی گەیاندیت کە دوای ساڵێک هاوسەرگیرییەکەمان دەکەین؟"

ناتاشایش فڕی بە دنیاوە نەبوو و، لە دڵی خۆیدا لە خۆی پرسی:

"بڵێی ئەمە راست بێت! منێک کە خەڵکی بە منداڵی دادەنام، ببمە هاوسەری ئەم پیاوە زیرەکە ناسراوەی، کە تەنانەت باوکیشم خۆشی دەوێت! لە کاتێکدا من هێشتا خۆم نەمناسیوە! ئاخر ئەمە راستە!؟ هەر بە راستی لێرە بە دواوە ژیان یاری و گەمە کردن نابێت! منیش بوومەتە خاوەن کەسێتی و، بەرپرسی هەڵس و کەوت و یەکە یەکەی قسەکانی خۆم. بەڵام ئۆی خوایە گیان... خۆ هەر نایشزانم پرسیاری لە بارەی چییەوە لێ کردم!؟

خوا و راسان هات بە خەیاڵیدا و وتی:

"نەخێر. "

ئاندریەیش وتی:

"رێم بدە: با ئەوەیشت پێ بڵێم، کە تۆ هێشتا منانیت و، لە سەرەتای ژیاندایت. بەڵام من بە ئەزموونێکی زۆری ژیاندا تێپەڕیوم. خەمی تۆیشمە و دەترسم هێشتا باش خۆت نەناسی بێت! "

ناتاشایش بە وردی گوێی لێ گرتبوو و دەیویست لە رستەکانی تێ بگات.

ئەویش درێژەی بە قسەکانیدا:

"هەرچەند بە درێژایی ساڵێک لە بەختەوەری خۆم دوور دەکەومەوە و، ئازار دەچێژم. بەڵام هەر ئەو ساڵە، ماوەیەکی باشە، بۆ ئەوەی لە هەستی خۆت بەرامبەر من، تێ بگەیت. تۆیش بۆ خۆت ئازادیت. بە دیاری کردنەکەیش نهێنی بێت. بۆ ئەوەی گەر تا ئەو دەمە، منت بە دڵ نەبوو، بۆت هەبێت داوا کردنەکە هەڵ بوەشێنیتەوە. یان بە پێچەوانەوە، منت خۆشویست و...بزەیەک گرتی و ناتاشایش قسەکەی پێ بڕی:

"بۆ دەبێت بەم شێوەیە بدوێین!؟ خۆیشت زۆرچاک دەزانیت، کە لە یەکەم سەردانتەوە بۆ ئۆترانداى من خۆشم ویستوویت."

ناتاشا زۆر بە بڕوا و متمانە بەخۆ بوونەوە قسەکانی دەکرد.

ئاندریەیش وتی:"لە ماوەی ئەو ساڵەدا باشتر لە خۆت دەگەیت. "

ناتاشا لەوە تێگەیشت، کە هاوسەرگیرییەکەیان، دوای ساڵێکی دی دەبێت و، هاواری کرد،"یەک ساڵی رەبەق! بەڵام بۆچی دوای ساڵێک!؟ ئاخر بۆ!؟"

ئاندریەیش کەوتە شیکردنەوەی هۆیەکانی ئەو دواخستنە.

بەڵام کچە هەر گوێیشی نەگرت و، پرسییەوە:

"هەر ناتوانیت هیچ لەم بڕیارە بگۆڕیت؟"

هەرچەند ئاندریە، وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. بەڵام ئەو لە خۆیدنەوەی روخساریدا، تێگەیشت کە ئاندریە ناتوانێت بڕیارەکە هەڵ بوەشێنێتەوە.

لە ناکاو دەستی کردەوە بە گریان و وتی:

"ئەم بڕیارە ترسناکە! ترسناک! جا خۆ تاکو ساڵێکی تر، من دەمرم! مەحاڵە! ئەمە پڕووکێنەرە!"

بەڵام کە سەری بڵند کردەوە و، بۆی دەرکەوت، ئاندریە خەم بە قسەکانی دەخوات. خێرا فرمێسکەکانی سڕییەوە و وتی:

"نە... نە!! بە هەموو شتێک رازیم! زۆریش بەختەوەرم!"

لەو کاتەدا دایک و باوکی ناتاشا، خۆیان کرد بە هۆڵەکەدا و، هاوسەرگیریی هەردوکیانیان پیرۆز کرد.

ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە، ئاندریە وەکو ئەندامێکی خێزان و بنەماڵەکە، سەردانی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی دەکرد.

بەشی بیست و چوار
سەفەرەکەی میر

لە سەر پێداگریی میر ئاندریە خۆی، بۆ نیشانکردن، ئاهەنگ ساز نەکرا. پێی باش بوو، کارەکە بە نهێنی بمێنێتەوە. چونکە ئەوە ئارەزووی خۆی بوو. دەبوو ئەنجامەکەیشی لە ئەستۆ بگرێت. ئەو گفتەیشی دابووی پەشیمان بوونەوەی بەدوادا نەیەت. لە هەمان کاتدا نەیشیدەویست بە زۆر ناتاشا بە خۆیەوە پابەند بکات و، ئازادیی رەهای پێدابوو: گەر دوای شەش مانگیش، بۆی دەرکەوت ئاندریەی خۆش ناوێت و ناچێتە دڵییەوە، مافی خۆیەتی نیشانکردنەکەی خۆی هەڵ بوەشێنێتەوە. لە کاتێکدا کە لەسەر ئەو قسەیەی خۆی سوور بوو. سووریش دەیزانی کە نە ناتاشا خۆی و نەخزمانیشی ئەو کارە ناکەن.

هەموو ڕۆژێک سەردانی مانگی دەکردن. بەڵام هەڵس و کەوتی دەزگیرانیی لەگەڵ کچەکەیان نەدەکرد. هەر بە ڕانەوی کۆیش دەیدواند و، دەستیشی ماچ دەکرد. پەیوەندیەکەیان و، هۆگر بوونیان بە یەکترەوە پێوە دیاربوو.

دەوروبەرەکەیشیان ئەمەیان پێدەگوتن. هەر یەکەیشیان بیری لەوە دەکردەوە، کە ئاخۆ ئەو دەمەی کە ئەم پەیوەندیەیان پێکەوەی نەبەستبوون. چۆن ئەوی تری بینیبێت؟ بێگومان ئەو دەمە هەر زوو یەکتریان بیردەچووەوە. بەڵام ئێستا دوانی سادە و دڵسۆزن بۆ یەکتری و، دوو گیانلەبەری جیاوازیشن.

سەرەتا خێزانەکە لە ئاستی ئاندریەدا، شەرزە دەبوون و، پێیان وابوو کەسێکی دنیا جیاوازە. بۆیەش ماوەیەکی زۆری ویست، تاکو ناتاشا، توانیی خێزانەکەی خۆی، هۆگری ئاندریە بکات.

هەموو جارێکیش بە شانازییەوە لە ئاندریە دەدوا و، پێی دەوتن:

"ئێوە زووکەشی ئاندریە دەبینن. بەڵام وەکوو تر کەسێکە، وەکوو ئەو هەموو مرۆڤانەی تر و، بە هیچ شێوەیەک لێی نەترسن."

دوای ماوەیەک بەو ئەندامە نوێیەیش ڕاهاتن و، شڵەژاوییان ڕەوییەوە و، ژیانیان ئاسایی بووەوە. لە سەروو ئەمانەیشەوە، میر ئاندریە، بە گفتو لفت و قسە زان، لە بواری کشتوکاڵدا و شارەزا بوو و، لەگەڵ کۆنتدا لێوەی دەدوا. لەگەڵ کۆنتیسەی خەسووی و ناتاشایشدا، لە بارەی پۆشین و پۆشاکەوە، یان لە بارەی شتومەکە دێرینەکانی مۆزەخانەوە دەدوا. لەگەڵ سۆنیایش، لە بارەی تابلۆ بە ناوبانگەکانەوە. جاری وایش بوو، لەبەردەم میر ئاندریەیشدا، باسی قەدەریان دەکرد و، چۆن چۆنی ڕۆڵی هەیە، لە هەموو کێشەکاندا!

سەفەری ئاندریە بۆ ئۆترادنوای و، هاتنیان بۆ پیترزبۆرگ و، بیروڕای کارەکەرە پیرەی یاوەر، بەوەی کە هەر لە یەکەم سەردانی ئاندریەوە وتبووی: ناتاشا و دەزگیرانەکەی، زۆر لە یەک دەچن! دوژمنایەتییەکەی، نێوان ئاندریە و نیکۆلای سالّی (١٨٠٥) و، شتیەلێکی تر کۆمەڵە باسێکی هێمادارى پێش وەخت بوون.

بێزارییەکی کپی شاعیرانە، بەدوایدا هات ـ کە ئەویش ئاسایی بوو ـ و مالّەکەیشی گرتەوە. زۆر جارانیش کە ئەو خێزانە، یەکیان دەگرتەوە. کپ و خامۆش دەبوون. یان یەکە یەکە، خۆیان دەدزییەوە و، دوو دەزگیرانەکەیان پێکەوە جێ دەهێشت. دوانەکەیش زۆر کەم لە داهاتووی خۆیانەوە دەدوان.

میر ئاندریەیش، کە خۆی لەو باسە دەدزییەوە، لەترسی ئەوە بوو، نەکوو قسە قسەی لێ ببێتەوە و، ئاستەنگی بۆ هاوسەرگیرییەکەی دروست ببێت.

ناتاشایش نە لەم کارەیدا و، نە لە بیروڕاکانیدا پشتگیریی دەکرد. جارێکیان بڕیاریدا لە بارەی منالّەکەیەوە، بیدوێنێت. ئەوە بوو ئاندریەیش وەکوو جارانی سوور هەلّگەڕا و، تێی گەیاند: کە کوڕە چکۆلەکەی لای خۆیان گەورە ناکرێت. ناتاشایش بە سەرسوڕمانەوە پرسیی:

"جا ئەوە بۆچی؟"

ئاندریەیش وتی:

" لەبەر ئەوەی ناتوانم، لە چنگی باپیرەی دەر بێنم! و... "

ناتاشایش هەر زوو لە نهێنی ئەودیوی قسەکەی گەیشت و وتی:

"ئای کە منیش خۆشم دەوێت! خۆ لە مەبەستیشت تێ دەگەم. دەتەوێت ئەو منالّە نەبێتە

مایەی قسە و قسەڵۆک بۆمان."

جارو باریک پیرە کۆنتیش لە بارەی نیکۆلای چکۆلەوە و، پەروەردە بوونی لای پیتیاوە پرسیاری دەکرد. کۆنتیسەی هاوسەریشی کە ئەو دوو دەزگیرانەی پێکەوە دەبینی، هەناسەی بۆ هەڵدەکێشان.

سۆنیایش هەمیشە خەمی ئەوەی بوو، خۆی وەربداتە نێوانیانەوە و، گەر ئەو دوانە پێیشیان خۆش نەبوایە، بیانوی بۆ خۆی دروست دەکرد و، دوو بە دوو جێی دەهێشتن. کە ئاندریەیش بە زمانە شیرینەکەی، دەکەوتە ئاخاوتن، ناتاشا بە شانازییەوە، گوێی لێ دەگرت. کە ناتاشایش دەدوا. ئاندریەیش بە وردی و ترس و بەختەوەرییەوە، سەرنجی ئەوی دەدا.

بۆیەش ناتاشا بە دڵەراوکێوە لە خۆی دەپرسی:

"بڵێی لە چی بگەڕێت لە مندا!؟ مەبەستی لەم سەرنجانەی چی بێت!؟ باشە گەر ئەوەی ئەو وێڵە بۆی، لە مندا نەبوو: چی!؟"

هەمیشە حەزی لەم خۆ دواندنە بوو! کە ئاندریەیشی بە دڵخۆشی و دەم بە پێکەنینەوە دەبینی، شاد دەبوو. هەرچەند ئاندریەیش کەم پێدەکەنی. بەڵام کە پێدەکەنی هەموو گیانی لەگەڵیدا پێدەکەنی. کە ناتاشا پێی وابوو ئەمە دەبێتە هۆی نزیک بوونەوەی زیاتر لێی. گەر خەمی دابڕانەکەی ئاندریە نەبوایە، بە هۆی سەفەرەکەیەوە، کە جاروباریک بیری دەکەوتەوە و، زەرد هەڵ دەگەڕا بەختیارییەکەی بێ سنوور دەبوو.

بۆ ئێوارەی پێش رۆژی سەفەرەکەی میر. کۆنت پییەری بانگ کرد. پییەریش لە شەوی ئاهەنگی سەماکە بە دواوە، بنەماڵەی ڕۆستۆڤی نەبینی بوو. زۆر جارانیش شپرزە و، بڵاو بوو. ناتاشا و سۆنیایش، دەستیان کردە یاری شەترەنج و، ئاندریەیشیان بانگی لای خۆیان کرد.

ئەویش هەر کە لایان دانیشت لێی پرسی:

"ناتاشا تۆ هاوڕێیەتیت لەگەڵ پییەر بیزۆخۆڤدا کۆنە و، لە مێژە دەیناسیت. هەست بە هاوڕێیەتی ئەو دەکەیت؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ... لاوێکی ئازا و نەبەردە! بەڵام کەمێک ریزپەڕە!"

وایش راهاتبوو، هەر کە باسی پییەری بکردایە، دەکەوتە گێڕانەوەی چەندین نوکتە، لە بارەی دانغە لێدان و بیربڵاویی ئەوەوە. زۆربەی نوکتەکانیش دەست هەڵبەست بوون و وانە بوون.

میریش وتی:

"حەز دەکەم ئەوە بزانیت، کە متمانەم پێی هەبوو و، نهێنی ئەم نیشانەمان دەزانێت. هەر

لە منالّیمەوە، دەیناسم و، دڵێکی زێڕینی هەیە."

کتوپڕ لە سەری ڕۆیشتەوە:

"ناتالی ـ ناتاشا" گیان... تکات لێ دەکەم، سبەینێ من سەفەر دەکەم و، خوا خۆی دەزانێت چی ڕوو دەدات. هەرچەند ئەوەیش دەزانم، کە نابێت لەو بارەیەوە قسەت بۆ بکەم. بەڵام هەر بۆت هەیە، لەم خۆشەویستییەمان پاشگەز بیتەوە. لە کاتی دابڕانمدا هەر کێشەیەکت..."

ناتاشایش قسەکەی پێ بڕی:

"ئاخر دەبێت چیم بەسەر بێت؟"

ئاندریەیش وتی:

"تکا دەکەم کچێ.. هەر کێشەیەکت بوو، تەنیا بە ئەو بڵێ و، با ئامۆژگاریت بکات. هەرچەند ئەوە ڕاستە، کە کەسێکی بێربڵاوە، بەڵام دڵی لە هەموو کەسێک باشترە."

نە دایک و باوکی ناتاشا و، نە سۆنیا و، نە ئاندریە خۆیشی، چاوەڕێی ئەو پەرچە کردارەی ناتاشا نەبوون، لە بەرامبەر ئەو دابڕانەی لە دەزگیرانەکەی. هەڕا و لێوانی سوور هەڵگەڕا و، بە ژوورەکاندا کەوتە هاتوچۆ. سادەترین شت سەرقاڵی دەکرد و، خۆیشی نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چی چاوەڕێی دەکات. تەنانەت بۆ دوایین جار ئاندریە، دەستەکانی ماچ کرد و، خواحافیزیی لێ کرد. نە گریا و نە هیچی وت.

هەموو قسەکەیشی ئەوە بوو کە پێی وت:

"مەڕۆ... بەڵام بە شێوەیەکی وا پێی وت، وەختەبوو، لە سەفەرەکەی پەشیمانی بکاتەوە.

دواتریش ئەو قسەیەی ئەوی بیر نەدەچووەوە. هەرچەند بۆی نەگریا، بەڵام بۆ چەند ڕۆژێک دووڕەپەڕێزیی، لە خێزانەکەی کرد و، لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە.

جارو بارێک هاواری لێ هەڵدەستا و دەیوت،"ئاخ! ئاخ! ئەرێ ئەوە بۆچی ڕۆیشت؟"

لەگەڵ ئەو هەموو سەرسامییەی، دەور و بەرەکەیشیەوە، بەو ڕەفتارانەی..دوای پازدە ڕۆژێک، بە ئاگا هاتەوە. ئیدی گەڕایەوە سەر ژیانە ئاساییەکەی خۆی. چونکە وەکو ئەو منالّە نەخۆشە هەڵس وکەوتی دەکرد، کە تازە بە تازە لە نەخۆشی هەستابێتەوە و، کاریگەریی نەخۆشییەکەی، هەر پێوە مابێت.

بەشی بیست و پێنج
میرە پیرە

لە سالّی دوای رۆیشتنی کوڕەکەیەوە، دروستیی میر پیرە پۆلکۆنسکی خـراپ بـوو و، رەوشی ئـالۆز بوو. تووڕە بوونە بێ هۆ و ناڕەواکانی، فرەتر بوو بـوو. زۆرینـەی خـەم و ماندوو بوونەکەیشـی هـەر بـۆ مـاریی کچـی بـوو. باوکیشـی درێغیـی لـێ نـەدەکرد و، بـۆ بابەتانێک دەگەڕا، کە قورستڕین و، بە ئـازارترین، کاریگـەریی لەسـەر کچەکـەی هـەبێت، تـا لاقرتێ بە کچەکەی پێ بکات.

مـاری لای خۆیـەوە دوو شـت ئاسـوودەیی و بەختـەوەریی پـێ دەدا. ئەوانـەیش ئـایین پەروەری و، برازاکەی بوون. کەچی میرە پیرە، ئەو دوو جەمسەرەی کرد بووە سەنتەر و کاکڵـەی لاقرتێکـانی بـە کچەکـەی. ئیـدی بابـەتی گفتوگۆکـان هـەرچی بوونایـە، ئـەو هـەر دەیبردەوە سەر ئەفسانە و، قسەی پڕوپووچی پیر و قەیرەکان و، لێبوورەیی لە منالاّن و بەزەیی هاتنەوە پێیاندا و، زۆر جاران خراپ دەکەوێتەوە لەسەر ئەو منالاّنە.

لەو قسانەیش کە بە کچەکەی دەوت:

تۆ دەتەوێت ئەم کوڕە نیکۆلا چکۆلانەیە: بکەیتـە کچێکی پیرا لـە کاتێکدا میر ئـاندریە پێویستی بە کوڕ هەیە، نەک کچ!

یـان گـەر کچەکـەی و بـۆریین، پێکـەوە بوونایـە، رووی لـە بـۆریین دەکـرد و گاڵتەجاڕییەکەی، پرسیار ئایین و قەشە و خواپەرستانی لێ دەکرد.

هەرچەند باوکی ماری زمانی تیژ و گاڵتەجاڕییەکانیشی توند و تیژ بوو، بەاڵم ئەو بە دڵپاکییەکەی خۆی، دەیبەخشی. لە خۆی دەپرسی چۆن دەبێت، بەرامبەر باوکی هەڵە بکات،

کە سوور بزانێت خۆشەویستی باوکێتی!؟ پاشان ئەی دادپەروەری دەبێت چۆن بێت؟ هەرگیز پێچەوانەکەی ئەوەی لە خۆی نەدەپرسی. چونکە واتای ئەو وشە فوودراوەی (دادوەری)یەی نەدەزانی! بەلای ئەوەوە هەموو یاساکانی مرۆڤ لە یاسایەکی سادەدا چڕ دەبووەوە. کە خۆشەویستی و بوورەیی بوو و، کەسێک فێری کردوون کە لە پێناوی مرۆڤ و، خۆشەویستییاندا ئازاری چەشتووە. ئێدی بۆ دەبێت ماری دادی مرۆڤ و زۆرداریی ئەوانی بەلاوە گرنگ بێت!؟ ئەرکی سەرشانێتی تا لە ژیاندایە، دڵی پڕ خۆشەویستی بێت و، تا دەمرێت ئازار بچێژێت.

زستانی ئەو ساڵە، میر ئاندریە سەردانی لیساگۆریی کرد. ماریش سەرنجی براکەی دا و، هەستی کرد زۆر گۆڕدراوە! هەرچەند ئەو لای خۆیەوە، وشەیەکی خۆشەویستی چییە، بە خوشکەکەی نەوتبوو. دڵی پڕ سۆزەو هەرگیز بەو جۆرەی نەدی بوو!

پێش ئەوەی جێیان بهێڵێت، ماوەیەکی باش، لەگەڵ باوکی کۆبووەوە. ماریش هەستی کرد لەو کاتە بە دواوە، هیچیان ئاسوودە نابن.

ماوەیەکی کەم، دوای رۆیشتنی براکەی، هەڵی بۆ رەخسا و، نامەیەکی بۆ جولی کاراگینی دانیشتووی پیترزبورگ نووسی. ئەو هاوڕێیەشی، وەکوو هەر کچێکی دی، ئەویش حەزی لە شوو کردن بوو. خەویشی بەوەوە دەبینی، کە شوو بە براکەی ئەم بکات. ماریش ئەوەی بەرگوێ کەوتبوو، کە برایەکی جوولی لە تورکیا کوژراوە.

بۆی نووسیی:

زۆر باش ئەوە دەبینم، کە بەشی هەردوکمان لە دنیادا هەر خەم و پەژارەیە... ئەی هاوڕێی ئازیزو بە سۆزم... جوولی گیان. لە دەستدانی براکەت فرە سەختە. لەوە پتر ناتوانم لەسەری بڕۆم. ئەو خەمەی تۆ نیعمەتێکی خوایە و، هەر خۆیشی دەتوانێت پاداشتی خۆت و دایکە نیانەکەت بداتەوە و، هەر خۆیشی هەردوکتانی خۆشدەوێت.

ئای هاوڕێ! لە ئایین بەولاوە، شتێکی تر نییە، پەنای بۆ بەرین. ئەمەیش تەنیا بۆ سەبووری نییە. بەڵکو بۆ ڕزگاربوونیشمانە لە بێزار بوون. تەنیا ئایین لە توانایدایە، شیکردنەوەمان بداتێ، لە بارەی شتەکانەوە و، بێ ئایین دەسەوسان دەمێنین. ئەگەر توانیت ئەوە بزانیت بۆچی خوا گیانلەبەران بانگهێشتی خۆشەویستیی خۆی دەکات؟ ئەوا دەشزانیت بەختەوەریی وەدەست بێنیت و، لە لەژیانتدا هەڵمەتی ڕزگار کردنی ئەوانی تر بەریت و، دوور بکەوێتەوە لە ئازار دانیان. ڕێیش بدەیت بە زیندەوەرە بێکەڵکە زیانبەخشەکان، هەرچەند بارێکی گرانیش بن بە سەرشانی کەسانی ترەوە، تاکوو زۆرتر بژین. ئەمەیش ئەو هەستە بوو، کە دوای ئەو و بۆ تامەتایە، بیرم ناچێتەوە. مەبەستم مردنی براژنە ئازیزەکەمە. پرسیاری ئەوەم، لە خۆم دەکرد: کە بۆچی مەرگ ئەو برا شیرینەتی لە دەست دەرهێنایت؟ هۆی چی بوو، هەرچەند لیز ڕەوانیشی پاک و، کەسێکی نیان بوو و، ئازاری کەسیشی نەدەدا، مرد؟

دوای پێنج سال بە بیرو ژیریيە لاوازەکەی خۆم، تێگەیشتم هۆی چیيە مردنیش ئەرکێکی تری سەرشانی مرۆڤە و، بێگومان مردنیش هێمای بێسنووریی بەزەیی خوایە، پێی بەخشیوە. ئەو خوایەی، زۆر جار لە هەڵسوکەوتەکانی تێناگەین. نازانین ئێمە بەڵگەی بەزەیی و خۆشەویستیی بێسنووری خۆیین! بێگومان ئەمە هەر وایە و، هەر بە ئەمەیش وەڵامی خۆم دەدایەوە.

براژنەکەم ئالوودەی ئینجیل بوو و، بۆی نەدەکرا دایکایەتی بکات. لە کاتێکدا نەدەتوانرا بووترێت، بە کەڵکی دایکایەتی نایەت. بەڵام پەژارەیەکی قوواڵی بۆ ئێمە و، ئاندریە بەجێ هێشت. گەر دەمزانی خەمێکی لەم جۆرەم بۆ بەجێ دێڵێت، هەر زوو ئەوم لە مێشکی خۆم دەردەهێنا. بەڵام ئەوەتا ئێستا شتەکان روونن.

کە ئەمەیشت بۆ دەنووسم: هەر لەبەر ئەوەیە تا لە راستی و، دروستیی ئینجیلت تێ بگەیەنم و، بووەتە بناغەی ژیانی منیش، کە دەڵێت:

بە بێ ویستی خوا مووێک لە سەرمان نابێتەوە! ویستێک کە لە خۆشەویستیی خۆیەوە، هەڵدەقوڵێت. بۆیە هەرچییەکمان بەسەر بێت، لە سوود و قازانجی خۆمانە. پرسیبووت: ئاخۆ ئەم زستانەیش لە مۆسکۆ بە سەر دەبەین؟ دەڵێم کە هەرچەند زۆر تامەزرۆی بینینی تۆیشم، بەڵام پێم وابێت ناگەڕێینەوە مۆسکۆ و، خۆیشم حەزم لێی نییە. رەنگە سەرت سوڕ بمێنێت گەر بزانیت: هۆیەکەیشی بێزناپارتەیە. هۆیەکەیشی: بەرەو خراپ چوونی دروستیی باوکمە. ئەمەیش وای کردووە، بەرگەی بەرهەڵست بوونەوە نەگرێت. زۆر بە ئاسانی و خێرا تووڕە دەبێت. ئەمەیشی بە هۆی سیاسەتەوە بەسەر هاتووە. ناتوانێت بەرگەی گریمانی روو بە ڕوو بوونەوەی بیوناپارتەیە، لەگەڵ پاشاکانی ئەورووپا و بە تایبەتیش لە بەرامبەر پاشاکەی خۆمان و نەوەی کاترینی مەزن. خۆت دەزانیت من زۆر بایەخ بە سیاسەت نادەم. بەڵام بە هۆی ئەو بابەتانەوەی باوکم لەگەڵ میخائیل ئیڤانۆڤیتشدا دەیوروژێنێت.

چی لە جیهاندا روو بدات، منیش پێی دەزانم. بە تایبەتیش ئەو سەرشۆڕ کردن و، خۆ بە دەستەوەدانانەی بۆ ئەو بۆناپارتە دەکرێت. لیساجورییش تەنیا هەرێمێکە لە جیهاندا، کە وەکو کەڵە پیاوێکی مەزن و ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان، ددان بە ناپلیۆندا نانێت! هەر ئەمەیشە وا لە باوکم دەکات، لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە. جا کە حەز ناکات سەفەری مۆسکۆ بکات، ئەوە لەبەر بیروڕا سیاسیەکانێتی. پێش وەختەیش دەزانێت، کە دەربڕینی بیروڕاکانی خۆی لە سەرئێشە بەوڵاوە هیچی تری پێ ناگەیەنێت. ئەو ئازارەی بە هۆی وتووێژەکانییەوە، لە بارەی "بۆناپارتە"وە، پێی دەگات، وای لێ دەکات، کە هیچ چارەسەر و دەرمانێک بە کەڵکی ئەو نەیەت.

بە هەرحاڵ.. سەفەری براکەم نەبێت، ژیانمان شێوەی ئاسایی خۆی وەرگرتووە.

ئەویش بەم دواییانە، وەکوو بۆیشم نووسی بووبێت، ئالوگۆڕی مەزنی بەسەرهاتبوو. لەو کارەساتەوەی ئەو برایەم ئەم ساڵا بە سەری هات، هێشتا سەرخۆی نەهاتووەتەوە. هەر وەکو چۆن خۆت، بە منالی بینی بووت، نیان و بە بەزەییە و، دڵێکی زێڕینی هەیە. کە هێندەی من بزانم، لە شێوەی نەبوو. هەرچەند لە ناخدا گەیشتبووە ئەوەی کە کارەساتەکە دوایی ژیانی ئەو نییە. بەڵام لە ڕووی جەستەوە، زیانی لێکەوت. ئەوەتا ئێستا لە جاران لاواز و تووڕە تڕە. تووشی دڵەڕاوکێی کردووم و، بەوە خۆشحالم، لە سەر داوای سەرۆمڕی پزیشکەکانی: سەفەری هەندەرانی کردووە. بە هیوایشم تووشی خێر و چاکە بێت. خۆیشت بۆت گێڕاومەتەوە، کە لە پیترزبورگدا چۆن بە لاوێکی چالاک و زیرەک و ڕۆشنبیر ناوی دەبەن. لێم ببوورن گەر بە شانازییەوە وەکو خوشکی ئەو بڵێم: خۆیشم گومانم لەو تایبەتمەندیانەی ئەو نییە. پاشان ئەو خێر و چاکانەی بۆ خەڵکەکە نووسراوە. هەر لە جوتیارانەوە، تا دەگاتە چین و توێژە باڵاکان، لە ژماردن نایەن. ئەوانەیشی لە پیترزبورگدا، هێندەی پێ دەدەن کە شایستەی بێت. بڵاو بوونەوەی پڕو پاگەندەکانیش و، بەو خێراییە و، لە پیترزبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ، بێزارم دەکات. بە تایبەتی ئەو پڕوپاگەندەیەی، بەم دواییانە تۆ بۆت باس کردم. ئاخر چۆن ڕۆستۆڤە چکۆلەی برام، ژن دێنێت!؟ من پێم وا نییە ئاندریە بیر لە ژن هێنان بکاتەوە! بە تایبەتی خواستنی ئەو کچەیش.

لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: هەرچەند ئەو زۆر کەمیش، لە ژنەکەی دەدوێت. بەڵام ئازارێکی قوڵی لە دەروونیدا بۆ جێ هێشتووە و، مەحاڵە ژنێکی دی بتوانێت، جێی ئەوی بۆ بگرێتەوە!

دووەم: هێندەی من ئاگادار بم: ئەو کچەی تۆ باست کردووە، هێندەیش شۆخ و شەنگ نییە، تاکو براکەم پێی سەرسام بێت. بۆیە بە چاکی نازانێت، بیکاتە هاوسەری خۆی. لە ڕاستیدا منیش خوازیاری ئەوە نیم.

هێندەیش چەنەبازیم کرد: وا پەڕەی دووەمیشم پڕ کردەوە. خوات لەگەڵ ئازیزەکەم... لە پەنای خوای بە توانا و پیرۆزدا بیت. کچە بۆربینی هاوڕێیشم ماچت دەکات.

مـاری

بەشی بیست و شەش
هەوڵەکانی ئاندریە

دەوروبەری چلەی هاوین بوو، کە ماری نامەیەکی لە ئاندریەی برایەوە بۆ هات و، هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوی نامۆی بۆ هات. ئەوەی تێدا نووسی بوو، کە کچی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی نیشانە کردووە و، زۆریشی خۆشدەوێت. ددانی بەوەیشدا نابوو، کە هەرگیز کەسی تری، بە هێندەی دەزگیرانەکەی ئێستای خۆی خۆش نەویستووە و، ئێستا لە ژیان گەیشتووە. سۆزو خۆشەویستیشی بۆ خوشکەکەی دەربڕی بوو و، نووسیبوویشی، کە ناکرێت خوشکەکەی لەمە ئاگادار نەکاتەوە. لە کاتێکدا ئەو دەمەی لە لیساجوری بووم، بۆ نیکۆلا چکۆلەم باس کردبوو.

بەڵام نەمویست تۆی لێ ئاگادار بکەمەوە و، بکەوینە پاڕانەوە لە باوکم، تاکو پیرۆزباییم پێ بڵێت و، دواتر ئەویش چی تووڕەبوون و، هەڵچوونەکانی خۆی هەیە، لە تۆدا بەتاڵی بکاتەوە.

بە دوایدا نووسی بووی:

دواتر کێشەکەم ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆی بەخۆوە نەدی بوو. باوکم داوای لێم کرد بوو، کەوا سااڵێک گواستنەوەکەی دوا بخەم و، وا (٦) مانگی ڕۆیشتووە و، منیش پتر و پتر سوورم لە سەری. خۆ ئەگەر پزیشکان، بە هۆی ئاوی مەعدەنیی ئێرەوە گیریان نەدامایە: هەر زوو دەگەڕامەوە بۆ ڕووسیا. بەڵام ناچارم سێ مانگی تریش لێرە بمێنمەوە. خۆیشت

دەمناسیت و، دەزانیت کە پـەیوەندیم، لەگەڵ باوکم چۆنە؟ داوای هیچم لەو نەکردووە و، لە ژیانی خۆیشمدا ئازادم و، هەمیشەیش ئازاد دەبم. بەڵام حەز لە بەختەوەرییەکی وا دەکەم، کە بە پێچەوانەی ویستی ئەو رەفتار نەکەم و، تووڕەی نەکەم. چونکە ئـەو زۆری نـەماوە، لـە نێو ئێمـەدا. لـەم بارەیەشـەوە نامەیـەکم بـۆ ئـەویش نووسـیوە و، داوا دەکـەم لـە کـاتی گونجاودا بیدەیتێ. رەفتاریشی بەرامبەر نامەکە چۆن بـوو، بـۆم بگێڕەوە. بڵێی هێندە نیان بێت. دڵی نەرم ببێت و، چوار مانگم لە سـاڵـەکە بـۆ کەم بکاتـەوە و بیگوێـزمەوە!؟

دوای ڕاڕایی و نـزا و پاڕانەوەیەکی فرە، ماری نامەی بـراکەی دایە باوکی.

ڕۆژی دواتر میرەپیرە، کچەکەی خۆی بانگ کردە لای خـۆی و پێی وت،" نامەیـەک بـۆ براکەت بنووسە و پێی بڵێ: بـا چاوەڕوانـی مردنی من بێت! زۆری پێناچێت و، ڕزگاری دەکەم.

ماریش ویستی بەرپەرچی بداتەوە و باوکی مۆڵەتی نەدا و قیژاندی:

"دەی ژن بێنە! کوڕە ئازاکە... ژن بێنە! بە خوا خزمایەتییەکی جوانـە! ئەوان سـەنگین و بااڵن! ئەی وانییە کچی خۆم!؟ خاوەن سامان و دارایشن.. وا نا؟ دەبێتە باوەژنێکی ڕێک و پێکیش بـۆ نیکـۆلای چکۆلـە! بـۆی بنووسـە: گـەر پێی باشـە... بـا لـە سـبەینێ زووتـر نییـە، بیگوێزێتـەوە. دەیـەوێت پـوور ببەخشـێتە نیکـۆلا! زۆر باشـە، منـیش پـووری تـری پـێ دەبەخشم. بەوەی کچە بۆرپین مارە دەکەم.. ئاخ! ئـاخ! ئـاخ! بەڵام هیچ ژنێکی دی، لای من جێی نابێتەوە. بـا ژن بێنێت. بـا بڕوا و لێم دوور بکەوێتەوە و، ئازاد بژیێت. ڕەنگە تـۆیش لەگەڵ خۆی ببات. ها؟ کەوابوو سەفەرێکی خۆش بۆ تۆیش و خوات لەگەڵ!

دوای ئـەو هەڵچوونـەی، ئیـدی میـرە پیـرە لـە بابەتەکـە نـەدوا. بـەڵام ئـەم لاوازییـەی کوڕەکـەی، لـە پەنـاوە بـووە بابـەتی سـێیەم بـۆی و، بـووە جومگـەی گاڵتـەجـارِی و لاقرتێکـانی. دوو جومگەکـەی تـری لاقرتێکـانی ژنـە نوێیەکـەی ئـاندریە و، ئـەو دڵـداری کردنەی، کە بیری لێدەکردەوە، لەگەڵ کچە بۆرپین بیکات.

بە کچەکەی خۆی دەوت،"ئەی بۆ منیش کچە بۆرپین مارە نەکەم!؟ ئیدی ئەویش دەبێتە خاتوونێکی شۆخ و شەنگ."

ئەوەی کە زۆریش بە لای ماریـیەوە، سەرسوڕهێن بوو، ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم، تێبینیی کرد: باوکی خۆی لەو کچە فەڕەنسییە نزیک دەکاتەوە و پەیوەندیی لەگەڵیدا باشتر بووە!

مـاری نامەیـەکی بـۆ ئـاندریە نـارد و، ئـەو شـێوازەی وەرگرتنـی نـامەکەی، لـە لایـەن باوکییەوە بۆ گێڕایەوە. بەڵام بێ ئومێدی نەکرد و، بـۆی نووسـی کـە تەقـەلا دەدات بـاوکی قایل بکات و، بیرورای بگۆڕێت.

فێر کردن و ڕۆشنبیر کردنی برازاکەی و، بیر کردنـەوە، لە ئـاندریەی برای و خـەریک بـوونی، بـە ئایینپـەروەریی خۆیـەوە، بـوو بوونـە مایـەی تەسـەلا بـۆ مـاری و، دڵدانـەوە و

ئاسوودەیی رەوانیی خۆیشی بۆ ئەو و بۆ خوارەخساوان و دەروێشان دەگێڕایەوە، کە جاروبار بە دزیی باوکییەوە سەردانیان دەکرد.

تا پتر سەرنجی ژیانی بدایە و، بیری بکردایەتەوە، پتر سەری لە مرۆڤ و هەڵپە و، شوێنکەوتنی ئارەزووەکانی، سووڕ دەما و لێک راست بوونەوەیان و خراپە کردنیان، بەرامبەر بە یەک: بۆ گەیشتن بەو تراویلکەی فریودەرانە خۆیان!!

میر ئاندریە ژنێکی خۆشدەویست و، ئەویش مرد. ئەمەیش دادی ئەوی نەدەدا و، دەبوو خێزان بۆ کوڕە چکۆلەکەی پێک بێنێتەوە و، خێزانێکی مەزن و، بووەیش. لەبەر ئەوەیە هەر یەکە و، لای خۆیەوە، تەقەلا دەدات و، ئازار دەچێژێت و، رەوانی خۆی بێزار دەکات، تا بگاتە مەبەست.

کەچی زۆر درێژە ناخایەنێت و، جێی دێڵێت! هێندەیش بەس نییە بگەینە ئەم راستییە. بۆیە مەسیح هات، بۆ ئەوەی پێمان بڵێت: ژیان... ئەزموونێکە: دێت و دەڕوات! کەچی ئێمە خۆمانی پێدا هەڵدەواسین و، تۆند دەیگرین، بەڵکوو بەختەوەریی تێدا وەدەست بێنین!!

لە خۆی دەڕوانی و دەپرسی:

باشە چۆن ئەم دەروێش و حاجی و بۆ خوارەخساوانە نەبێت، کەس لەم راستییە نەگەیشتووە! ئەو بۆ خوارەخساو و دەروێشانەی، کە لە رق و کینەی خەڵکی بەولاوە، هیچی تریان دەست ناکەوێت! ئەوەتا بە دزییەوە: بە خۆیان و کۆڵەکانیانەوە و بە ترس و لەرزی ئەوەوەی، نەبادا میرەپیرە، بیانبینێ بە پلیکانەی ڕاڕەوی خزمەتکارانەدا، سەردەکەون. ئەوان لە میرە پیرە ناترسن و، خەمی ئەوەیانە ئازاری بدەن! ئەوان خێزانەکانی خۆیان و، شوێنی نیشتەجێ بوونیان جێ دێڵن و، پشت دەکەنە هەموو ئەو نیعمەتانەی سەر زەوی و، خاوەندارێتی هیچ شتێک ناکەن! لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، سەر هەڵدەگرن و، پارچە کەتانێکی زبر دەپۆشن و، هەرگیز بیر لەوە ناکەنەوە ئازاری خەڵکی بدەن. بگرە نۆێژ و نزا و پاڕانەوەیش بۆ ئەوان و، ئەوانەیش دەکەن کە دەیانپارێزن! ئاخر کام ژیان و کام راستی، لە ئەمە ڕەوا و باڵاترە؟

یەکێک لەو پەڕەوازانە ڤیدۆسیوشکا بوو. کە تەمەنی لە دەوروبەری پەنجا ساڵێدا بوو. نیانێکی کورتەباڵای باریکەڵە بوو. سی و چەند ساڵێک بە پێخاوسی و شان و مل بە کۆت و زنجیرەوە گەڕابوو! وایشی دەردەخست، کە بەو ڕەفتارەی ناوبانگی پەیداکردووە.

ڕۆژێکیان ماری لە ژووڕەکەی خۆی ـ کە مۆمێکی کز ڕووناکی دەکردەوە ـ دانیشت بوو و، ڤیدۆسیوشکا بەسەرهاتی ژیانی خۆیی، بۆ دەگێڕایەوە. لە ناکاو هات بە خەیاڵیدا، کە تەنیا ئەو ژنە ڕێگای ڕاستی ژیانی دۆزیوەتەوە! هێندە بیرۆکەکەی ئەوی بە دڵا بوو، بڕیاریدا، کە ئەویش بیر لە هەمان ڕێچکەی ژیان بکاتەوە. ژنە گەڕۆک جێی هێشت و، ئەویش هەستا تا بڕوات کەمێک بحەوێتەوە. دواتر زۆر وریایانە بڕیاریدا، ئەویش

وەکوو ئەوان بکات و، ژیانی گەڕۆکی بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

باوکە "هیراسات"ی قەشە نەبێت، کەسی تر بەو بیرۆکەیەی ئەوی نەزانی. چونکە وا راهاتبوو، هەمیشە لە سەر دەستی ئەودا ددان پێدانانەکانی بخاتە روو و، نەفسی خۆی پاک بکاتەوە. باوکەیش بێ سێ و دوو، بیرۆکەکەی ئەوی پەسەند کرد. ئەویش پۆشاکی پێویستی ئەو کارەی کە کراسێک و، دزداشەیەک و، کۆڵوانەیەکی رەش و، جووتێک سۆلە بوو، ئامادەی کرد و، لە کەنتۆرەکەی خۆی تووندکرد. هەر جارێک لەو کەنتۆرە نزیک بوایەتەوە، هەڵوێستەیەکی دەکرد و، لە خۆی دەپرسی، "ئاخۆ کاتی جێبەجێ کردنی پیلانەکەی هاتووە؟"

جاروبارێک گوێی لە داستانی ژنە خوا پەرستەکان دەبوو و، قسە ساکارەکانیان زۆر بە قوولی کاری لە هەستی دەکرد و، جۆرێک دەهەژا و، لەسەر بڕیاری هەڵاتنی لە مااڵ، سوورتری دەکرد. زۆر جاران لە خەیاڵی خۆیدا خۆی بە ڤیدۆسیوشکایەکی تر، دەبینی و، کاڵایەکی زبری بە خۆدا داوە و، هەگبەیەکی پێیە و، گاڵۆکێک بە دەستەوە و، گەڕۆکیی خۆی دەکات و، لەم کڵێسەوە، بۆ ئەو کڵێسە دەڕوات و، لە خۆشەویستی و ئارەزووەکانی مرۆڤ و، رق و کینە داماڵراوە. تا دەگەیشتە دواین مەنزڵگە... ئەو شوێنەی جێی خەم و حەسرەت و، ئازارەکانی تێدا نابێتەوە و، ئاسوودەیی تاهەتایی، باڵی بە سەردا کێشاوە.

لە دڵی خۆیدا دەیوت:

ـ بۆ خۆم دەچمە شوێنێک و، هەر خەریکی نوێژ کردن دەبم. گەر دڵیشم تێیدا ئۆقرەی نەگرت، ئەوا دوورتر دەکەومەوە. هێندە دەڕۆم تاکوو لە پێ دەکەوم. لە هەر شوێنێکیش گیرسامەوە، لێی رادەکشێم، تاکوو دەمرم. ئیدی بۆ خۆم دەگەمە ئەو کەنارە هێمنەی: کە نە خەم و پەژارەی تێدایە و، نە حەسرەت و، ئاخ هەڵکێشان!

هەرچەند ئەمە زیندەخەون و، دڵەکانی ماری بوو. بەاڵم هەر کە چاوی بە باوکی و، کوو کووی چکۆلە دەکەوت: بیرۆکەکە لە میشکیدا کاڵا دەبووەوە و، وا هەستی دەکرد، کە باوک و برازاکەی لە خوا خۆشتر دەوێت! بە نهێنی فرمێسکی هەڵدەڕشت و، دەگەیشتە ئەوەی، کە لەو بیرۆکەیەیدا، بە هەڵەدا چووە!

پاری چوارەم

بەشی یەك
گەڕانەوەی نیكۆلا

نەریتی ئایینیش وای داناوە، كە كەوتنی مرۆڤ، لە بێكارەبوونیدایە. ئەوە كەسانی رووخاو و كەوتوون، كە ئالوودەی تەمبەڵی و، كار نەكردن دەبن. نەفرەتی خوایش دەبێتە سایە بۆیان. چونكە ئەوانیش لە سەریانە بە ئارەقی نێوچاوانی خۆیان، رۆزیی خۆیان پەیدا بكەن. سروشتی مرۆڤیش وایە: چێژ لە سستی و بێكارە بوون وەرنەگرێت. لە ناخیشماندا دەنگێك پێمان دەڵێت هەڵەیت گەر خۆت بدەیت: بە دەست سستی و، تەمبەڵی و كارنەكردنەوە.

ئەگەر كەسێك لێی روون بوو و، بەو بڕوایە گەیشت، بە كار نەكردن و سست بوون، سوود بە كەسانی دی دەگەیەنێت، ئەوا بەختیاریی بۆ خۆی دەستەبەر كردووە. بۆیەیش چین و توێژێكی كۆمەڵایەتی، بەنێوی سوپاوە، بێكارەبوونیان بە زۆر بە سەردا سەپێنراوە و، رەوایی بە بێكارەبوونیان، لە سەردەمی دێرین و ئێستا و، لە داهاتوویشدا، دراوە. ئالوودەبوونی خەڵكانێكی فرەیش بە سستی و بێكارە بوون، بووەتە پاڵنەر بۆ كێشكردنیان، بۆ بوونە سەرباز و، چەك هەڵگرتن و، چوونە نێو سوپاوە.

نیكۆلا ڕۆستۆڤیش لە ساڵی (١٨٠٧)ەوە، چێژی لەم بێكارە رەوایە وەردەگرت و لە فەیلەقی پاقڵۆگراد، بووە سەركردەی ئەو گرووپەی كە پێش خۆی، لە ژێر ركێفی دینسۆڤدا بوو. ئێستایش لاوێكی بەهێزە و، هەرچەند ناسیاو و، هاورێیانی مۆسكۆی لەسەر ئەوە كۆك بوون، كە كەسێكی باش نییە و، بێكەڵكە. سەركردەكانی سەرووی خۆی و، سەربازانی ژێر دەستی، رێزی لێدەنێن و، خۆشیان دەوێت. نیكۆلا ڕۆستۆڤیش شانازیی زۆری بە خۆوە دەكرد.

بەم دواییانە و لە ساڵی (١٨٠٩)دا، چەند نامەیەکی لە دایکییەوە بۆ هات و، سکاڵای هەژاری و نەداریی خۆی، تێیاندا کردبوو و، نووسیبووی: کەوا رۆژ لە دوای رۆژ، باری ئابووریی، بەرەو خراپی دەڕوات و، کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێتەوە لایان و، کارێکیان بۆ بکات و، لەو پیرییەیاندا، کەمێ بەختەوەریان بکات.

خۆیشی ترسی ئەوەی بوو، مەبەستی لەم نامانە، ئەوە بێت، لەم ژیانە خۆشە حەواوەی سەربازیی دەری بێنن... جا چ زوو بێت، یان درەنگ: بیخەنەوە نێو ئەو ژیانە جەنجاڵە و، خێزانەکەی پێ ڕێک بخەنەوە و، بەو حسابە تۆمار کراوانەی بنەماڵەکەیدا بچێتەوە و، دەست بکاتەوە، بە نۆێ کردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی و، نزیک بوونەوە لە ناسیاوانی و، یەکلایی کردنەوەی سۆنیا و، ئەو پەیمانانەی پێی دابوو، کە زۆر ئاڵۆز و ترسناک بوو.

وەڵامی نامەکانی دایکی بەم شێوەیە دەست پێ دەکرد:

"دایکی ئازیزم..."و بە "کوڕی گوێڕایەڵت..." کوتایی پێ دەهێنا. بێ ئەوەی هیچ بڵێت لە بارەی گەڕانەوەکەی خۆیەوە، بۆ لایان. لە ساڵی (١٨١٠)دا، نامەیەکی بۆ هات و، هەواڵی هاوسەرگیریی ئاندریە پۆلکۆنسکی و نیشانە کردنی ناتاشای تێدا بوو و، بە هۆی رازی نەبوونی میرە پیرەی باوکی ئاندریەوە، دوای ساڵێک، بووکە، دەگوێزرێتەوە.

ئەمە لە لووتی دا و، هەستی ڕووشان. خەمی گەورەیشی دوور کەوتنەوەی ناتاشا بوو، لە ماڵا. بە داخی ئەوەیش بوو، کە لەماڵ دوورە، تاکو بە شەڕی بەرامبەرێن و سوارچاکی، چارەسەری ئەو کێشەیە بکات. ئاندریە تێ بگەیەنێت کە گەر ناتاشای خوشکی ئەوی خۆش دەوێت، با رازی بوونەکەی باوکە پیرەی خۆی، پشتگوێ بخات. ئەمەیش تووشی ئەو ڕاڕاییەی کرد، کە ئاخۆ مۆڵەت وەر بگرێت یان نا؟ تاکوو پێش گواستنەوەکەی قسە بۆ خوشکی بکات. بەڵام گەیشتە ئەوەی کە کار لەکار ترازاوە.

پاشان کەوتە بیری سۆنیا و، ئەو کێشانەی بۆی دروست دەبێت. وای بە باش زانی: ئەو کێشەیەیش دوا بخات. بەڵام هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدا، نامەیەکی تری لە دایکییەوە پێگەیشت، کە بە دزیی کۆنتەوە نووسرابوو و، داوای لێ کرابوو بە پەلە بگەڕێتەوە. گەر بە خێرایی خێزانەکە نەخاتە ژێر رکێفی خۆی. ئەوا هەموو مۆڵکە میراتییەکەی ئەویش، وەکوو بەشەکانی ئەوانی تر: دەخرێتە مەزادی ئاشکراوە و، پارەی خاوەن قەرزەکانی لێ دەدرێتەوە و، خێزانەکەیش دەکەوێتە سەر ساجی عەلی! کۆنت بڕستی لێبڕاوە و، متمانەیەکی فرەی بە میتانکایە.

کارەکان بەرەو خراپی بەڕێوە دەچن و، خەڵکەکەیش زۆر بێشەرمانە هەڵسی دەخەڵەتێنن.

هەروەها دایکی نووسیبووی:

"کوڕەکەم بۆ خاتری خوا... لێت دەپاڕێمەوە! گەر دەتەوێت خێزان و بنەماڵەکەت،

تووشی بەدبەختی و، سەختی نەبێت... ئەوا زوو بگەڕێرەوە.'

نامەکە کاری کردە سەر نیکۆلا و، ئەو هەستە ناسکەی کە هەیبوو. لەو هەستانەی کە راستەڕێی بۆ گێلان پێ دەکێشرا و، چارەنووسیانی پێ دیاری دەکرا. لەوە زیاتر کە دەست لەکار کێشانەوەی خۆی رابگەیەنێت. یان مۆڵەتێکی دوور و درێژ وەربگرێت، هیچی تری بە دەستەوە نەمابوو. بەڵام بۆ دەبێت هەر بگەڕێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیشی لە لا ڕوون نەبوو.

فەرمانیدا دوای پشووی نانخواردنی نیوەڕۆ. ئەسپە 'ماریس'ی بۆ زین بکەن. ماریس ئەسپێکی خۆڵەمێشیی پتەو بوو و، ماوەیەکی زۆر بوو لە تەویلەکەی نەچوو بووە دەرەوە.

نیکۆلا لە پیاسەکەی گەڕایەوە و، ئەسپەکەی چەورییەکی زۆری دەردابوو. پاشان بە لاقڕۆشکای یاوەر و بەردەستی خۆی، کە پێش ئەویش یاوەری دینسۆف بوو و ، بەو هاوڕێیانەی کە لە ئاهەنگی ئێوارەخوانێکدا بوون وت: کە داوای پشووی درێژ و حەوانەوەی خانەنشینی دەکات. تاکو بگەڕێتەوە نێو بنەماڵەکەی. ئەمەیشی پێش ئەوە کرد، کە هێشتا لە ئەرکانی گشتی دڵنیا نەبوو. کە دەستنیشان کردووە بۆ وەرگرتنی مەدالیای 'ئان'ی پیرۆز یان بۆ وەرگرتنی پلەی 'سەرۆک'؟ ئەمانەیشی بەلاوە زۆر بە بایەخ بوو. بە لایشیەوە نامۆ بوو پێش گالیسکە خلیسکێنە گەورەکەی و، ئەو ئەسپە ڕەنگاو ڕەنگانەی بە کێشیان دەکرد، بفرۆشێت بە کۆنت جۆلۆشوسکی. زووتر مامەڵەی لەگەڵ کردبوو و، دوو هەزار ڕۆبڵی پێ دابوو، تاکوو لێی بکڕێت. گەیشتە ئەوەیش کە مەحاڵە بەشداریی ئاهەنگی هێزی سوارە نەکات. ئەو ئاهەنگەی لە 'بورزوزوئوشکا' بەڕێوەدەچێت. سوکایەتیش دەبێت بە ئەو ڕمبازێنەی کە هەر لەوێدا ساز دەکرێت. ناچارە بەشدار نەبێت و، هەر خوا خۆیشی دەزانێت بە چ ئاقارێکدا ژیانی دەڕوات.

دوای هەشت ڕۆژ مۆڵەتەکەی وەرگرت. هاوڕێیانی هێزی سوارە و هەموو سەربازانی لەشکر بۆ ڕێزنان لێی، ئاهەنگێکی ئێوارەخوانیان سازدا. ڕۆستۆف خۆی لەو ئاهەنگەدا سەمای تریباکی لەگەڵ مێجۆر باسۆڤدا کرد. ئەفسەرانیش یەک لە یەک سەرخۆشتر بوون. خۆیان بە ملیدا هەڵدەواسی و، لە زەویدا تەختیان دەکرد. بەو شێوەیە سوعبەتیان لەگەڵ دەکرد.

هاواریان بۆ دەکرد،' **هووراا!**'

دواتر سواری گالیسکەکەی خۆیان کرد و، خۆیشیان شوێنی کەوتن و، ڕەوانەیان کرد. بە درێژایی نیوەی یەکەمی ڕێگاکە و، هەر لە کریمتشۆکەوە، تا شاری کیێف، هەر لە بیری گرووپەکەی خۆیدا بوو. بەڵام لەوە بە دواوە ئەسپەکان و، ڕەقیبی جێگری ـ کە دگۆئیڤییکۆ بوو ـ بیر چووەوە و، بیرە شڵەژاوەکەی بۆ ئەو کێشانە چوو، کە لە

ئۆتـرادنوای، چـاوەڕێی دەکـەن. تـاکوو لـە ماڵـەوەیش نزیکتـر دەبـووەوە، سـۆزی بـۆ بنەماڵـەکەی پتر دەبوو.

لـە دواین قـۆناغ و گـەیشتنە ئـۆترادنـوای، سێ رۆژلـی بـە رووبـەکی خـۆشـەوە، دایـە گالیسـکەوانەکە. پاشـان هـەر وەکـوو منـاڵ بـە قەڵـەمباز و راکـردن، خـۆی هەڵدایـە نێـو زەوییەکـەی خۆیانـەوە. دوای ژاوە ژاوی شـادبوونەوە بـە کەسـی دووڕە دەسـت. نیکـۆلا هەسـتی بـە نائومێدی کـرد و لـە دڵـی خۆیـدا وتی،"بـەڵام ئێسـتایش هـەر وەکـوو جـارانی خۆیانن! ئـاخر چ پێویستی بەم گەڕانەوەی بە پەلەیەم بوو؟"

ئیدی وردە وردە لەگەڵ خێزانەکەیـدا راهاتـەوە. تـەنیا ئـەو ئـاڵۆ گـۆڕەی هەسـتی پـێ کردبێت: کـەمێک پیر بـوونی دایک و بـاوکی بـوو. ئەمـەیش بەڵایـەوە نـوێ نـەبوو. گەیشـتە ئەوەی کە ئەوەی بە سـەریان هاتووە بداتە پاڵ پیربوونەکەیان.

سـۆنیا پێی نابووە بیست سـاڵانەیەوە. هـەرچـەند جوانتر نـەبوو بوو. بـەڵام توانیبووی، کـە قەشـەنگیی خـۆی رابگرێت. بـەشـی خۆیشـی جـوان بـوو. گەیشتنی نیکـۆلا بەختـەوەریی و خۆشـەویسـتی سـۆنیای داگیر کرد و، ئـەو هـەواداری و دڵسـۆزییەی بـۆی، دڵـی نیکـۆلای خۆش کرد بوو. بـەڵام ئەوەی لە هەموو ئەمانە پتر، سـەرسامی کردبوو، پیتیا و ناتاشا بوو. پیتیا ببووە لاوێکی جوانی بـاڵابـەرزی سـیازدە سـاڵانە. خـوو رەوشـتی شایسـتە و کەسـێکی چالاک بوو و، دەنگیشی گڕ بوو بوو.

ناتاشا ماوەیەکی باش، بـە سـەرسامییەوە لێی روانی و دواتر وتی:

"وەکو جاران نەماویت!"

نیکۆلایش پرسیی:

"چییە؟ چیم بەسـەر هاتووە؟"

نیکۆلایش بە چپە پێی وت:

"بە پێچەوانەوە، ئێستا جدیتر دیاریت... خاتوون!"

ئەویش بە پەرۆشەوە وتی:

"بەڵێ! بـەڵێ!"

پاشان ناتاشا لێی پرسی:

"من لە ناخدا بەختەوەرم و، زۆر ئارامم. ئـاخۆ تۆیش بەختەوەریت؟"

نیکۆلایش هەڵیدایە:

"ئاخر ئـەو پیاوێکی بە ناوبانگ و ناسراوە و، منیش پێی بەختەوەرم."

"ئاخۆ تۆیش ئەوت خۆشدەوێت؟"

ناتاشایش لە وەڵامدا وتی:

"یەکـەمجار بۆریسـم خۆشویسـت! پاشـان دینسـۆڤی مامۆسـتام. بـەڵام ئـەمەی ئـەم جارەیان، لە هەموو ئەوانەی تر جیاوازترە! پشت ئەستوورم لێی و، شوێنپێم پتەوە! دەزانـم

پیـاوی لەو چاکتریشم دەست ناکەوێت. زۆر بەختەوەرم! نـەخێر وەکو ئـەوانەی پێشـوو نییە!"

نیکـۆلایش قسـەی لـەوە کـرد، کـە زۆر پەسـتی ئـەو مـاوە دوور و درێژەیـە، کـە بـۆ گواستنەوەکەی دیاری کراوە. ناتاشـایش بە بێزارییەوە بـۆی سـەلماند هەرچـەند خۆیشی خـۆشی لەوە نایەت ، بەڵام هیچی بـۆ ناکرێت.. لە کاتێکدا تێکەڵ بـوون بـە بنەماڵـە و، بـە رەزامەندی نەبێت: زۆر زەحمەتە.

پاشان درێژەی دایە:

"تۆ هیچی لێ نازانیت و، هەرگیز تێیشی ناگەیت."

نیکۆلایش نەیوێرا دژی بوەستێتەوە و پشتگیریی ئەوی کرد. ئیدی لەو کاتە بـە دواوە، چاودێریی ئەوی دەکرد. سەریشی لەوە سـوڕمابوو، وەکو هـەر کچێک بێزار بوونـی بـە دوورییەکەی مێردی داهاتووی پێوە دیارنەبوو! وا دەردەکەوت زۆر سەقامگیرە و، شادە و نەگۆڕاوە. ئەمەیش گومانی خستە مێشکییەوە، لەو کارەی کە کوڕەی پۆلکۆنسکی ئـاندریە کردوویەتی و، ئومێدی لەوە بـڕی کـە ئـەو دووانـە چارەنووسیان پێکەوە بێت. ئـەوێک کـە هێشتا پێکەوە نەیبینی بوون، تاکو بڕوا بـە ئایندەی خوشکەکەی بکات. گەیشتە ئـەوەی، ئـەم هاوسەرگیرییەیان، پێویستی بە رامان و چاوەڕوانبوونە.

لە خۆیشی دەپرسی:

"ئەم ماوەیە چییە بۆ گواستنەوەی دیاری کراوە!؟ بۆ دەبێت نیشانە کردنی خوشکەکەم، نەبێتی بێت؟"

رۆژێکیـان کـە نیکـۆلا لـە بـارەی ناتاشـاوە، قسـەی بـۆ دایکـی دەکـرد. بـۆی دەرکـەوت ئەویش لە ناخی خۆیدا، هـەمان بۆچـوونی ئـەوی هەیـە و، دەری نابڕێت. ئەمـە دڵـی ئـەوی خۆش کرد.

دایکی بە تووڕەییەوە نامەیەکی ئـاندریەی پیشانی نیکۆلا دا و وتی:

"هـا فـەرموو ئـەوەی کـە ئـەو نووسـیویەتی. ئـەوەتا دەڵێت: تـا کـانوونی یەکـەم ناتوانێت بگەڕێتـەوە. ئـاخر چ کـارێکی ئـەوێی دوای دەخـات!؟ گومـانی تێـدا نییـە کـە بـە هـۆی نەخۆشییەوەیە. دیارە دروستیی باش نییە و بـە ناتاشـا نالێت. کوڕەکـەم بـە رووخۆشـیی خوشـکەکەت، فریـو مـەخۆ. ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتای، دوایـین بەختـەوەریی کچێتییـەتی. باشیش دەزانـم چی نـامەی بۆ دەنووسـێت. خـەم و پـەژارەی دەداتـی. بـەڵام کێ دەزانێت داهاتوو چیی لە خۆ گرتووە؟ بەڵکو خوا بـە خێریشـی بگێڕێت! کوڕەکـە بـۆ خـۆی پیـاوێکی سەرنج راکێشە."

بەشی دوو
قسە کردن لە بارەی حساباتەوە

لە چەند رۆژێکی سەرەتادا، نیکۆلا کپ و بێزار بوو. گرنگیی چارەسەرە نەفرەتییەکەی دارایی ماڵەکەیش ـ کە دایکی لە پێناوی ئەوەدا کورپەکەی پەلکێشی ماڵەوە کرد بوو ـ سەری لێ تێکدابوو. جا بۆ ئەوەی زوو ئەو بارە گرانەی سەرشانی لە کۆڵا بێتەوە. بەیانی رۆژی دواتر، بێ ئەوەی بە کەس بڵێت، بە رەنگی هەڵبڕزکاوەوە، بەرەو شوێنی میتانکا بووەوە. بۆ ئەوەی پێداچوونەوە و، حسابات بۆ هەموو شتێکی لەگەڵدا بکات.

هەرچەند میتانکا لە حساباتەکەدا، لە نیکۆلا شارەزاتر بوو. بەڵام ئەو سەردانەی نیکۆلا، ئەوی ترساندبوو. پێداچوونەوەکە و، حساباتەکەی ئەو پیاوە زۆری نەخایاند. بە هۆی ئەو شیرە و هاوار هاوارەوە، کە کۆنتی لاو بە سەریدا کردی و، چەندین جنێوی پێدا و، بریکار و یاریدەدەران، کە لە راڕەوەکەدا وەستابوون و، گوێیان لێ بوو. لەگەڵ ئەوەدا زۆریان پێخۆش بوو. بەڵام تۆقی بوویشن!

"هەی دزی جەردە! وەکو سەگ بە شمشێرەکەم پارچە پارچەت دەکەم!"

"تاوانبار! ئیدی تۆ حەق و حساب لەگەڵ باوکم ناکەیت."

بریکاران و یاریدەدەرانیش، خۆیان لە ترس و ئاسوودەییدا بینی و، کۆنتیش سوور هەڵگەڕاو و تووڕە و، چاوانی خوێنی تێزابوو. بەرۆکی میتانکای گرتبوو و، شەقی تێهەڵدەدا و، ئەژنۆی لە ژێر سکی دەدا و، دەی شیراند بە سەریدا:

"بـڕۆ دەرەوە و، جارێکی دی، پێ نەخەیتە ئەم ماڵـەوە! هەی تاوانبار!"

میتانکا بە هەر شەش پلەی پلیکانەکەدا تلۆر بووەوە و، لە دەغڵەکەدا ون بوو. هـەر ئەو دەغڵـەی کە جاروبار بە سەرخۆشی دەهاتەوە خۆی تێدا ون دەکرد، تـا کـەمێک سـەرخۆی بێتەوە. کەسانی تـری ئـۆترادنوواییش و، ئەندامانی خێزانـەکیش خۆیـان تێدا دەشاردەوە و، حەشارگەی چاک بوو، بۆ ئەوانیش. بەڵام ئـەوان ئەوەیان بۆیە دەکرد. تاکوو لـە بـەرچاوی میتانکا نەبن. بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەو ژووردا نەبینرێن، کە لـە دەرگـا کراوەکەیـەوە، بـە جـوانی سـەماوەر و، ئـاوە کوڵاوەکـەی و، نـۆێن و پشـتییە بەرزەکـەی، شـوێنی نووسـتنی میتانکای لێوە دەبینرا. هەر لەو دەرگایەوە، ژن و منداڵەکانی، سەریان هێنابووە دەرەوە.

نیکۆلا بە هەناسە بڕکێوە دای بە لایاندا و، هـەر گوێیشـی نـەدانێ و، بـەرەو ژوورەکـەی خۆی بووەوە.

هـەر کـە کۆنتیسـەیش لـە کارەکـەرانی بیسـت، حسـاب بـە دەسـتی بنەماڵـە: چیـی بەسەرهاتووە، بە دەست کوڕەکەیەوە. زۆری پێخۆش بوو و، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە بـە زووترین کات باری دارایيان دەگەڕێتەوە دۆخـی جـارانی.

بـەلام دوای ئەو هەڵشاخانەی کوڕەکـەی، بـە رووی میتانکادا، خـەمی دڵـەڕاوکێی بـاری دەروونیی کوڕەکەیشی بوو. چەند جارێک بێ خشپە چووە بەر ژووری کوڕەکەی و، گوێی لە کێشانی خیرا خێرای سەبیلەکەی کوڕەکەی دەبوو و، دەگەڕایەوە.

رۆژی دواتر پیرە کۆنت کوڕەکەی بردە پەناوە و بە شڵەژاوییەوە پێی وت:

"هاوڕێی نیان، دەزانیت دوێنێ بـە هەڵـە هـەڵچوو بوویت!؟ ئـاخر میتانکا خۆی هـەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە."

نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتی:

"هەر لەمەم کەم بوو! خۆم دەزانم لەم دنیا لنگەوقووچەدا من ناگەمە ئەنجام!"

باوکی لە سەری ڕۆیشت:

"لـەوە تـووڕە بـوو بوویـت کـە بـڕی (٧٠٠) ڕۆپڵـی لـە دەفتـەری حسـابەکەدا تۆمـار نەکردبوو. بەڵام ئـەو بـڕە پارەیە، لە لاپەڕەی دواتردا تۆمار کراوە!"

نیکۆلایش وتی:

"بـابە گیـان .. ئـەو پیـاوە پـارە کێشـەرەوەیەکی، رسـوا و دزە! ئـەوەیش مـن بەرامبـەری کردووەمە، کارێکی باش و بەسوود بووە. ئەگەر ئەمەیشت پێ بـاش نیە..ئەوا بـە یـەکجاری کۆڵی لێ دەدەم و، ئیدی هیچی لەگەڵ نالێم."

کۆنت باری زۆر باش نەبوو. هەستی بـە تـاوانی هەڵـەکانی دەکرد، بەرامبـەر منالـەکانی. چونکە وەکوو نەیتوانی بـوو، سامان و دارایيەکەی دایکیان سەرکەوتووانە، بـەکار بـەرێت. نەیشی دەتوانی کورتبڕیەکەیش چارەسەر بکات.

وتـــی:

" نـا هـاوڕێی نیـانم نـا! بـەڵکو کاتێک خـۆت سەرپەرشـتیی کارەکانمـان دەکـەیت شـادم دەکەیت. ئاخر من پیر بووم و..."

نیکۆلا هەڵیدایە:

"بـابـە گیان لێم ببووڕە، گەر هەڵچوونەکەم بە دڵت نەبووبێت. ئـاخر منیش بـە هێندەی تۆ، شارەزا نیم لەم کارەدا."

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"خۆیـان و هـەموو جوتیـاران و، حسـاباتیان و، بـڕی (٧٠٠) ڕۆپڵـی لاپـەڕەی ئـەودیوو، ئەولاتر بچن و، لە پەنای شـەیتاندا بن! ئـاخر منیش مـاوەی وام بەسـەردا تێپەڕیوە شـەش جـاران بـڕە پـارەی پێشـبڕکێی، ڕەوە ئەسـپم گۆڕیـوە. بـەڵام ئەمـە نـەڤڵی کۆنـە زۆر بـە داخـەوە!"

لـەو کاتـە بـە دواوە خـۆی، لـە هـیچ هەڵنەدەقورتانـد. لەگەڵ ئـەو بڕیارەیشـدا، کـەچی ڕۆژێکیـان چـووە بـەردەمی و، تێبگەیانـد، سـەنەدێکی بـاوەڕپێ کـراوی بـە واژۆی ئـانا میخائیلۆڤنا بـەبـڕی (٢٠٠٠) ڕۆبڵەو لێی قەرز کردوونو ئـاخۆ چیی لێ بکات!؟

ئـەویش وتی:

"زۆر باشـە! ئێسـتا تۆ دەپرسیت: کـە ئـاخۆ مـن چـی لـەو سـەنەدە بکـەم!؟ مـن نـە ئـانا میخائیلۆڤنـا و نـە بۆریسـم خۆشـدەوێت! بـەڵام پەیوەنـدیان لەگـەڵمان بـووە و، کەسـانێکی هەژارن. تۆیش دەتەوێت لە سەر ئەو بنەمایە، لەگەڵیان بجوولێیتەوە."

پاشان کاغەزی بەڵگەنامەکـەی گرت و، لەبـەرچاوی دایـکی دڕاندی. دایکـە پیرەیشـی لـە خۆشیدا دەستی کردە گریان.

لەو کاتە بە دواوە، ڕۆستۆڤی لاو، کەوتە ڕاو وشکار بە تووڵـە و تانجی و، هەرچەند بە ڕاوەیشـی نـەدەزانی، هـەموو کێشـەکانی پشـتگوێ خسـت. باویکیشـی بـە پـەرۆشـەوە پشتگیریی دەکرد و، ئاهەنگی بۆ کوڕەکەی دەسازاند.

بەشی سێ
هەنگاوی یەکەم

شەپۆلی یەکەمی سەهۆڵبەندان لە زەوییە پاراوەکانی پاییزە باراندا، دەستی پێکرد و، قەرسیلی سەوزی گەنم، کەوتە گەشە و، لە پووش و پەڵاشی پارسااڵدا دەرکەوتەوە. پەڵە زەوییە رەشباوەکان، بە شوێنپێی مەڕ و مااڵت، وەدیار کەوتن و، زەوییە زەردە کاڵەکانیش بە هێڵی رەشی قەرسیلی رەشباوی گەنم، رەنگ کرانەوە.

گورزەی درەختە وردەکان و، گیاکەڵەیش، تا کۆتایی مانگی ئاب، دەمانەوە و پەڵەی چکۆلەی نێو پاشماوەی پووش و پەڵاشە رەشباوەکەی گەنمیان پێکدەهێنا. ئەوانە بوو بوونە، دوورگەیەلێکی ئااڵتوونیی: نێو وەردە زومڕوودییەکان.

کەرۆشکە دەشتییەکانیش دەزێن و، وەک راوچییان دەڵێن: خۆیان پیس دەکەن! رێوییانیش پەڕاگەندە و، بێچووە گورگانیش، گەورە دەبن و، لە سەگ قەبەتر دەبن. ئیدی ئەوە لە بارترین کاتی راو و شکارە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، هێشتا رەوە تووڵە و تانجییەکەی رۆستۆف، ئامادەی راو نەکرا بوون. سااڵی رابردوویش گروپی راوچییان، سێ رۆژیان پشوو بەو رەوە تووڵە و تانجییە دابوو، تا بحەوێنرێنەوە. تاکو لە شازدەی ئەیلوولدا، بتوانن بۆ راویان ببەن. ئیدی رۆستۆف لەو دەوەن و داربەڕووانەدا، خۆی ون بکات.

هەواڵیان بۆ هێنا کە رەوە گورگێک، لەو داربەڕووانەدایە و، هێشتا کەس دەستی بۆ نەبردووە!

کەش و هەوای رۆژی چواردەی ئەیلوول وابوو، بە هۆی سەرما و سۆڵەوە راوچییان، نەیانتوانی بچن بۆ راو. بەاڵم دەمە و ئێوارەکەی کەمێک باشتر ببوو.

بەیانیی رۆژی پازدە، ڕۆستۆف بە بەرگی نێو ماڵەوە، لەبەر پەنجەرەکەدا وەستا بوو. وای بۆچوو، کە خەو بە رۆژێکی لەوە خۆشترەوە نابینرێت. بۆ ڕاو وشکار. لەوە دەچوو، ئاسمان لە زەویدا توابێتەوە! تەنانەت شنەی بایەکیش لە ڕوخساری نەدەدا! شۆڕ بوونەوەی هەڵم و، تەم و مژەکە، تەنیا جوڵەی ئاسمان بوو. لقو پۆپی دار و درەختی باخەکە، مرواریی دەوەراندە، سەر گەڵا تازە وەریوەکان. ئەو زەویانەی لە بێستانی سەوزەکاندا وەدەر کەوتبوون، بە ڕەشیی دەنکۆڵەکانی گوڵاڵە سوورە، ڕەش داگەڕابوون و، تا دوور بکەوتایەوە، لە نێو تەمەکەدا ون دەبوو!

نیکۆڵایش لە زەوییە خاڵ خاڵە بە قوڕ و لیتە، پۆخڵ بووەکەدا، چووە دەرەوە. بۆنی گەڵا وشکەوەبووەکانیش، تێکەڵ بە بۆنی تووڵە و تانجییەکان بوو بوو. دەڵەسەگە "گراسیۆز"یش، کە خاوەنەکەی خۆی بینی، بە پاشەڵی پان و ڕەنگە بەڵەکییەکەی و، دوو چاوە دەرپۆقیوە ڕەشەکانییەوە، هەستا و، وەک کەرۆێشک هاتەوە یەک و، لە پڕێکدا خۆی هەڵدا و، دەمی گەیشتە لووت و جووتە سمێڵەکەی و، لستییەوە. سەگێکی کلک قیتی تر، لە ڕاوەکەوە پەیدابوو و، لەسەر دوو لاقی دەڕۆیشت.

لەو کاتەدا هاواری ڕاوچییانە ـ کە هەرگیز لاسایی ناکرێتەوە ـ دەنگی دایەوە:

خۆیەتی! خۆیەتی! خۆیەتی!

لە هەموویان بە نەڕەتر، دەنگی دانیلۆی سەگەوان بوو. کە لە سووچێکی خانووەکەوە هاواری دەکرد.

ئەو پیاوە دێزێکی قژەسەر ماش و برنج بوو و، ئۆکرانیایانە سەری تاشی بوو. قامچییەکی هەڵەفە کراوی بە دەستەوە بوو. وەکوو سەگەوانەکانی تر ڕوو گرژ بوو. کڵاوەکەی بۆ ڕۆستۆفی گەورەی خۆی، بڵند کردەوە و، سڵاوی لێ کرد. نیکۆڵا ڕۆستۆفیش لە سەگەوانیک زیاتر، بایەخی پێ نەدەدا. چونکە لێی ڕوون بوو، ئەو هیچ کەسێکی خۆشناوێت.

تامەزرۆییەکەی نیکۆلا بۆ ڕاو، وەکوو تامەزرۆیی عاشقان بوو، بۆ مەعشوقانیان و، ئەو کەش و هەوا لە بارە و، تووڵە و تانجییانە: وای لێ کرد بە پەرۆشەوە، لە دانیلۆ بڕوانێت و، کێشەکانی ڕابردوو و پرۆژەکانی داهاتووی بیر بردبووەوە!

هـــاواری کرد:

دانیلۆ!

دانیلۆیش لەگەڵ خۆیدا لە پرس و ڕادا بوو. هاندانی سەگەکان و، جوڵاندنیان، وای لێ کرد، بە تووڕەییەوە بدوێت و، بە لاچاویش سەیری گەورەکەی خۆی بکات.

وەکو ئەوەی بیەوێت بڵێت:

ئـاخ! ئاخ! تەنانەت ناتوانی، بەرگری لە خۆیشت بکەیت!

پاشان پرسیی:

"فەرمانتان بە چییە گەورەم؟"

نیکۆلایش بە دەم خواردنی پشت گوێیەکانی: سەگە نیانەکەیەوە وتی:

"رۆژێکی خۆشە! وا نـا!؟ زۆر بۆ کێومآل و راو کردن لەبـارە!"

دانیلۆیش چاوانی داگرت، بێئەوەی هیچ بڵێت.

دوای کەمێک بە دەنگێکی نـزم وتی:

"لـە بەرەبەیانـەوە ئۆڤارکـام نـاردووە بـۆ چـاودێری کردنیـان. ئـەو دەیـوت کـە ڕەوە گورگەکە، بـەرەو گردەکـەی "ئۆترادنـوای" بووەتـەوە و، لـەو شـوێنەوە گـوێم لـە لوورەیـان بـووە. ئەمـەیش ئـەوە دەگەیـەنێت، کـە دێڵـە گورگەکـە: بێچووەکـانی بـەرەو کێڵگـەکان و، دارستانەکەی ئۆترادنوای برد بێت. کە هەروا نیو میلێک لێیانەوە دوور بوو.

نیکۆلایش وتی:

"کـەوابوو دەبێت تـا زووە، خۆمـان بگەیەنینـە ئـەوێ. وەرە تـۆو ئۆڤارکـا، لەگەڵ خـۆم وەرن."

ئەویش وتی:

" فەرمانتە قوربان. هێندە لە سـەرم بووەستە با تووڵـەو تانجییەکان تێر بکەم."

دوای پێنج خولـەکێک، دانیلـۆ و ئۆڤـارکا، لـە نووسـینگە پـان و پۆڕەکـەی نیکـۆلا ئامـادە بوون. هەرچەند دانیلۆ کورتەباڵایش بوو، بـەڵام بـوونی لـە ژووروێکی رازاوە بـە شـتومەکی ماڵدا: کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسـەری هەبوو. هـەر لە ئەسپێک یان ورچێکی بەرەڵا دەچوو، کە لە نێو کۆمەڵێک شتومەکی تەختەی ماڵدا بێت! دانیلۆ بۆ خۆیشی ئەمـەی دەزانـی. وەکـو جارانی، لە دەم دەرگاکەدا وەستابوو و، هەوڵـی ئـەوەی بوو بە دەنگی نزم بدوێت و نەیش دەجوولا بۆ ئەوەی شتێک نەشکێنێت. پەلە قسە بوو و، چی پێ بوایە زوو بە زوو، هەڵی دەڕشت، تا زووتر بچێتە دەرەوە. دوای ئەوەی نیکۆلا، وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی لە دانیلۆ وەرگرتەوە. ئیدی ئەمیش هەموو هـەوڵێکی دوور کەوتنـەوە بـوو، لێی. کـە نیکـۆلا گومـانی لـەوە نـەما: تـووڵە و تانجییـەکانی، تووشـی مەترسـی نـابن. هەسـتا و فـەرمانی دا ئەسپەکان زین بکەن.

لـەو کاتـەدا دانیلـۆ دەیویسـت بچێتـە دەرەوە. ناتاشـا بـە جلوبـەرگی نێـو ماڵـەوە و، سەرپۆشەکەی پیرەژنی یاوەری خۆیی، بە سەردا دابوو.

لەگەڵ پیتیا، بە را کردن هات و وتی:

"ئـەوە بـۆ راو دەچیت!؟ مـن دڵـم خەبـەری دابـوو و، سـۆنیایش دەیـوت ناچێت! بـەڵام مەحاڵە پیاو لە رۆژێکی لە باری وادا. بەرگری لە ئـارەزووی چوونە راو بکات! "

نیکۆلایش بە بێزارییەوە، وەڵامی دایـەوە. چونکە دەیویست راوێکی راستەقینە بکات و پیتیا و ناتاشا لەگەڵ خۆی نەبات.

بۆیە وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! وەدووی گورگ دەکەوین! ئەمەیش بۆ تۆ گونجاو و خۆش نییە!"

ناتاشایش وتی،"بە پێچەوانەوە نەفرەتیی! هەر زۆریشم حەز لێیەتی! ناشێ بتەوێت بە دزیی ئێمەوە بچیتە راو وشکار؟"

پیتیایش هاواری کرد،"بڕۆن! بڕۆن! بۆ پێشەوە... هیچ شتێک ناتوانێت. ڕێ بە ڕووسییان بگرێت!"

نیکۆلایش هەڵیدایە:

"بەڵام ناتاشا گیان... ناتوانیت لەگەڵمان بێیت! چونکە دایکمان ڕێتان پێ نادات!"

بەم بیانووە نیکۆلا دەیویست، نەهێڵێت بێن! بەڵام ناتاشا بە ورەیەکی تۆکمەوە، سوور بوو لە سەری و وتی،"بەڵام هەر دێم! چی دەبێت... با ببێت! دێم و دێم. دانیلۆ بڵێ با ئەسپەکان زین بکەن. بە میخائیلۆیش بڵێ: جلەوی ڕەوە تووڵە و تانجییەکانی خۆمم بۆ بێنێت و، بیداتە دەستم."

هەرچەند دانیلۆ ئۆقرەی نەدەگرت، بۆ ماوەیەکی فرە لەگەڵ گەنجاندا بێت. بەڵام دۆخەکە ناچاری کردبوو. سەری داخست و، وێستی بڕوات و، بەری نەکەوێت. هەر وەکوو ئەوەی ئەو کچە هەر لەگەڵ ئەویشی نەبوو بێت، وابوو.

بەشی چوار
گورگەکە

ئەو رۆژە پیرە کۆنت لە باریکی دەروونیی لەبار و کراوەدا بوو و، شتومەکیکی زۆری لە پێداویستییەکانی راو و شکار هەبوو. بڕیاری دا جڵەوەکە بداتە دەست کوڕەکەی و تێکەڵ بە راوچییانی ببێت. سەعاتی نەبرد و خۆیان و، شتومەکەکان لە بەر پلیکانەکاندا ئامادە بوون.

نیکۆلا بە بەردەم ناتاشا و پیتیادا تێپەڕی و، هەر گوێی بەوەیش نەدا، کە دەبێت؟ وای پیشان دا کە کاتی ئەوەی نییە، بە قسەی هیچ و پووچەوە بە سەری بەرێت!

دوای ئەوەی هەموو شتەکانی بە سەر کردەوە، هیچی لەو ناوەدا نەهێشتەوە و، هەمووی ڕەوانە کرد. تەنانەت ڕەوە تووڵە و تانجییەکەیشی، لەگەڵ ڕێنوێیەکان ڕەوانە کرد. تاکوو پێشیان بکەون. پاشان خۆیشی سواری ئەسپە دونیتزە خەنەییەکەی بوو و، بە فیکە لێدان کەوتە بانگ کردنی ڕەوە تووڵە و تانجییەکەی خۆی. بە وەردەکەدا تێپەڕی و، بەرەو دارستانەکەی ئۆترادنوای.

پیرە کۆنتیش بە سواری ئەو ئەسپە بۆرە کلک سپییەوە جرپنە ڤیولانەوە و یاوەرەکەی ڕەشمەکەی گرتبوو و لە پێشیەوە دەڕۆیشت.

دەبوو نیکۆلا بگەیشتایەتە خاڵی بۆ دیاری کراوی خۆی و، چاودێریی بکردایە. خێرا پەنجا تووڵەی دایە دەست، شەش خزمەتکاری سەگەوان و هەشت سەگەوانی تریشی بانگ کرد و، چل تانجیی پێدان. ڕەوە تووڵە و، تانجییەکان سەد و سی دانە بوون. سواڕە ڕاوچییەکانیش بیست کەس بوون. هەر تووڵە و تانجییەک ناوی خۆی هەبوو و، خاوەنی خۆی هەبوو. هەر ڕاوچییە و، شوێن و کاری خۆی بۆ دیاری کرابوو.

گەیشتنە دەشتاییەکە و" بێدەنگ بڵاوەیان لێ کرد. هەر سوارە و، بە تووڵە و تانجیی خۆیەوە بەرەو دارستانەکە بووەوە. وەکوو ئەوە دەبینران، ئەو ئەسپانە بەسەر فەرشدا بڕۆن. لە تێکەڵاو بوونەوەی تووڵە رێیەکاندا، چاڵاو هەبوو و، لە تووانەوەی بەردەوامی زوقمدا دروست دەبوون. هەوا گەرم و سووک بوو. ناو بە ناو فیکەی راوچییەک. یان پرمەی ئەسپێک. یان هوشپەی قامچی و قرووسکەی سەگێک و هێنانەوەی بۆ نێو رەوەکەی خۆی، دەنگی دەدایەوە.

راوچییان هەروا چارەکە میلێکیان بڕی بوو. کە پێنج سوارە لە تەم و مژەکەوە دەرکەوتن. پیرێکی روخسار قەشەنگ، پێشەنگیان بوو. جووتێک سمێڵی ئەستووری سپیی پێوە و، بە چوست وچالاکیی خۆی مابووەوە.

کە پیرە نزیک بووە، نیکۆلا لێی پرسی،"چۆنیت مامە؟"

مامەیش کە لەمەوە نزیک و، لە بنەماڵەی ڕۆستۆڤەوە دوور بوو. زۆر دەوڵەمەند نەبوو. بەڵام دراوسێیان بوو.

پاشان پیرە وتی،" هەر زۆر ڕوون و ئاشکرایە: بڕۆ... بڕۆ. بۆ پێشەوە. گومانم لە هاتنی ئێوەیش نەبوو! دەمزانی بەرگری ناکەیت . ئەوا ڕوون و ئاشکرایە دەی بۆ پێشەوە!"

بەم ڕستەیە سەرسام بوو و، زۆری دەوتەوە! ـ زوو پەلاماری دارستانەکە بدە! چونکە دوو پیاوەکەی گرێتشیک پێیان وتووم کە بنەماڵەی ئیلاگین ڕەوە تووڵە و تانجییەکەیان، لە (کۆرتیکی) مۆڵا داوە و، بێچووە گورگەکانت لە چنگ دەردێنن! ئەمەیش ڕوون و ئاشکرایە! دەی بۆ پێشەوە!

پاشان وتی،"دەڵێی چی! بـا ئێمەیش هەردوو ڕەوە تووڵە و تانجییەکان بدەینە دەم یەک و، بەرەو دارستانەکە بـڕۆین!"

هەر وایان کرد و مامە پیرە و نیکۆلا، بە جووتە ڕۆیشتن و، ناتاشایش سەرپۆشێکی بە سەردا دابوو و، چاوانی بە پەڕۆشەوە لە ژێرێدا دەبریسکایەوە و، لەگەڵ پیتیادا شوێنیان کەوتن. بـە دوای ئەوانیشدا، میخـائیلۆی سـەگەوان بـوو. ئـەوەی کـاتی خـۆی پیرەژنـە کارەکەرەکەی کۆشک ئەو کارەی بۆ دۆزیبووەوە.

پیتیا بەختەوەرانە قامچی لە ئەسپەکەی ژێری دەوەشاند، تا خێراتر بێت. ناتـاشایش بـە جووڵەیـەکی تـایبەتی دەست ـ کە زووتـر فێر کرابـوو ـ ئـەسپە ڕەشـە نیگرێـۆنی ژێـری، لەسەر دوو پاشوو وەستاند!

مامە پیرەیش سـەرنجێکی ئەو دوو کێژۆڵـەیەی دا و وتی،"نەدەبوو ئەم کارە جدییـە، بکرێتە یاریی منااڵن!"

پیتیا هـــاواری کرد،"بەیانیت باش: مامە پیرە! ئـەها ئێمەیش لێرەین!"

مامه پیرەیش وتی،"بەیانیتان باش! بەیانیتان باش! ئـاگاتان لـە خۆتـان بێت و، تووڵـە و تانجییەکان نەکەن بە ژێر دەست و پێی، ئـەسپەکانتانەوە!"

ناتاشـا کەوتـە وەسـف کردنـی سـەگە ڕاکەرە کەی و وتـی،"نیکۆلا سـەرنجی تووڵـە "تاکان"ی نەرم و نیان بدە! چەندە شەڕەنگێزە! هەر زوو منی ناسییەوە!"

نیکۆلایش لە دڵـی خۆیدا وتی،"گەر تووڵەکەی، تووڵەیەکی شەڕەنگێز بێت... مانای وایە، تەنیا بە کەڵکی ڕاکردن دێت!"

ئـەویش بـە سـەرنجدانێک خوشـکەکەی تێگەیانـد، کـە دەبێت مـاوەی نێوانیـان لـەو ڕاو کردنەدا چەند بێت. ناتاشایش بە گوێی کرد.

ناتاشا ڕوویشی کردە مامـە پیرەو وتی،"بێخـەم بـە...مامـە گیـان! بێزارتـان ناکەین و، لـە جێی خۆمان ناجووڵێین!"

مامـە پیـرەیش وتی،"کـارێکی چـاک دەکەن..کۆنتیسـە چکۆلـەی کچـۆڵە! منـیش هێنـدەم دەوێت لـە ئەسپەکەت نـەگلێیت! ئێستایش شـتەکان ڕوون و ئاشکران! بـڕۆن... بـڕۆن! بۆ پێشەوە."

ئـەو دوورگەیـەی دارسـتانەکەی ئۆترادنـوای پێکـی هێنـابوو، لـە دووریـی چەنـد سـەد مەترێکەوە دیاربوو و، ڕەوە تووڵە و تانجییەکەی پێگەیشت بوو.

نیکۆلا کەوتـە کۆڵینـەوە لەگەڵ مامـە پیـرە، بـۆ دیـاری کردنـی باشـترین شـوێن، بـۆ ڕاو کـردن بـە ڕەوە تووڵـە و تانجییەکـەی. دوای چـارە کردنـی ئـەو کێشـە گەورەیـەیش، ئـەو شوێنەیان بۆ ناتاشـایش دیـاری کـرد، کـە دەبێت تێیـدا بوەسـتێت و ئەوەیشـیان بیـر نـەچوو بـوو، کـە دەبێت لـەو شـوێنانە بێت، کـە زیندەوەری ناگـاتێ! پاشـان خۆیشـی لـە سـەرووی دۆڵەکەوە، خۆی کرد بە دارستانەکەدا.

مامـە پیـرە وتی،"ئاگـات لـە خـۆت بێـت بـرازا! ئێسـتا تـۆ ڕوو بـە ڕووی گـورگێکی مـەزن دەبیتەوە! هەوڵ بـدە نەهێڵیت لە دەستت دەربچێت."

نیکـۆلایش بـۆ ئـەوەی بیسـەلـمێنێت ئامـۆژگاریەکـەی مامـە پیـرەی وەرگرتـووە هـاواری کرد،"دەی... "ڕافاجۆر"ی هەڵقۆڵیشێنەر ببینن! وەرە ئێرە!

ڕافاجۆریش تووڵەیەکی شەڕابیی دێزی ناشیرین بوو و، وای بـۆ دانرابـوو، کـە بـە تـەنیا خۆی پەلاماری دێڵە گورگەکە بدات! ئیدی هەر کەسە و چووەوە بنەی چاودێریی خۆی.

پیرە کۆنتی باوکی ڕۆستۆڤیش کە زۆرباش ئاگای لە پەرۆشیی کوڕەکەی بوو، بـۆ ئـەو ڕاوە، هەرچەنـد ڕاوچییـانی تـریش، هێشـتا جێگیـری شـوێنی خۆیـان نـەبوو بـوون. کـەچی ئـەمیش خـەمی ئـەوەی بـوو، درەنـگ بگاتـەوە شـوێنەکەی خـۆی. تـا ئـەو دەمـەیش ئیلیـا

ئاندریەیش لێوە سوور هەڵگەڕاوەکانی، بە هۆی هەڵچوونەوە دەلەرینەوە و، بە خۆی و گالیسکە رەشەکەیەوە، وەکوو ئەوەی لەگەڵ بایەکە پێشبڕکێ بکات، زۆر بە خێرایی هات و، شوێنی خۆی گرت. دوای ئەوەی شتومەکە راوییە پێویستەکانی خۆی لە سەر پێستە تووکنەکەی سەر زەویەکە دانا و، خۆی هەڵدایەوە سەر ئەسپە ڤیڤلیانکای خۆی. ئەو ڤیڤلیانکایەیش ئەسپێکی هێوری، فرە خۆری هەمیشە تێر بوو و، پێستی دەبریسکایەوە و، وەکوو خاوەنەکەی پیر بوونی پێوە دیار بوو.

هەرچەند کۆنت لە ناخیدا، راوچی نەبوو. بەڵام یاساکانی راوی هەموو دەزانی و، ئەویش شوێنی خۆی لە سنووری دارستانەکەدا گرت و، "سیمۆن تیشکمار"ی یاوەری لەگەڵ بوو. لەسەر ئەسپەکەی قیت وەستاو پەتی رستی رەوە تووڵەو تانجیەکەی بەدەستەوە بوو. هەرکە تێگەیشت هەموو شتێکی تەواوە، بزەیەکی بۆ کردو بە دەوروبەری خۆیدا هەڵیرووانی. سیمۆنیش سوارەیەکی پیر بوو و، کووپڕی باری گرانی تەمەنی خۆی بوو و، پەتی رستی سێ تووڵەی بەهێزی بە دەستەوە بوو و، وەکوو کە ئەوانیش وەکوو ئەسپەکەی، قەڵەو بوون. دوو تووڵەیش لەسەر زەوی و لە نزیکیانەوە راکشابوون. لە کەناری دارستانەکە و بە سەد هەنگاوێک، دوور لە خۆیەوە میتکا بوو. ئەمیش یاوەرێکی تری کۆنت خۆی بوو، جێگیر بوو بوو. ئەمیش بۆ خۆی شۆڕەسوارێکی چاپووک و، راوچییەکی وریا بوو.

بە ڕێ و ڕەسمی کۆنینە، کۆنت پێکێکی گەورەی لە پەرداخێکی زیویندا هەڵدا و، بە پەلە پارچە بیبەرێکی نقووم کراوی نێو ئارەقی بۆردۆی ـ کە خۆی حەزی لەو جۆرەیان بوو ـ بە دوایدا خوارد. ئەمەیش سووری هەڵگێڕا و، چاوانی تەڕی وەکوو پشکۆ دەبریسکانەوە! بە پێستە تووکنە کورتەکەی، خۆی داپۆشی و، لەسەر زینی ئەسپەکە خۆی قیت کردبووەوە. هەر لە منالێک دەچوو، چووبێتە سەیران.

دوای ئەوەی تیشکماری بەلەباریکەی لێ شۆڕ، لە ئامادەباشیی خۆیدا بوو. کەوتە پرسیار کردن لەو گەورەیەی کە ئەوە بۆ سی سالا دەبوو بە گونجاوی لەگەڵیدا ژیابوو. بە کرانەوە و رووە خۆشە گەورەکەیدا، دیاربوو کە دەتوانێت قسەی تەڕوبڕ و، خۆشی لەگەڵ بکات.

کەسی سێیەمیش زۆر بە ئاگاییەوە، لە دارستانەکە هاتە دەر مارەنگازیش لە خشەی پەتیش دەترسێت. ئەویش بێدەنگ لە پشت کۆنتەوە، جێگیر بوو. ئەمیشیان پیرەمێردە ریش سپییە سوعبەتچییەکە بوو و، پاڵتۆیەکی ژنانەی لەبەردا و، کڵاوێکی قووچی بە سەرەوە بوو و، بە نازناوی ناستاسیا ئیڤانۆڤنایشەوە بانگ بکرایە، وەڵامی دەداوە!

کۆنت چاوێکی لێداگرت و بە چرپە پێی وت، "ئاە... ناستاسیا! کارێک مەکە درندەکە بسڵەمێتەوە و، خۆت مەکە بە تووشی دانیلۆوە!"

ئەویش لە وەڵامیدا وتی،"منیش وەکو تۆ، زمانم لە گیرفانمدا نییە! "

کۆنت لێی راست بووەوە:

ش...

پاشان رووی کردە سیمۆن و لێی پرسی،"ناتالی ئیلینیتشا ـ ناتاشا"ت بینیوە؟ کوا لە کوێیە؟"

سیمۆنی یاوەریشی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"لە دەمی بێشەڵانەکەی گاروقە و، لەگەڵ بیوتەر ئیلیتش دایە. هەرچەندە کچیشە، کەچی زۆری حەز لە راو و شکارە!"

ناستاسیا ئیڤانۆڤنایش وتی:

"ئای سیمۆن! کە ئەو کچە شۆڕەسوارە! لە سوارەییدا پیاو دەبەزێنێت! "

سیمۆنیش وتی:

"بەڵـــێ لە غاراندا چاپووکە! ژیر و سەرنجڕاکێشیشە! "

کۆنتیش بە چرپە پرسیی:

"ئەی نیکۆلای کوڕم لە کوێیە؟ گومانی تێدا نییە، کە ئێستا ئەویش لە دۆڵـی لیادۆڤدایە."

سیمۆنیش کە دەمێک بوو، خاڵـی لاوازی ئاغای خۆی دۆزی بووەوە، وتی:

"بێگومان! ئۆ و بنکەکەیش باش پێ دەزانێت! پاشان گومانیش لـەوە ناکرێت کە ئەویش شۆڕەسوارێکی کەم وێنەیە!"

پیرە کۆنتیش هەڵیدایە:

"ئـــێ! ئـــێ! سـواریـیەکی باشـیش دەزانێت! رۆژێکیان لـە "ئاگام زاڤارزینۆ" ڕێوییـەکی هەڵستاند و، بە ئەسپەکەیەوە بازێکی هەڵدایـە سـەری، مەگـەر خـوا بۆ خـۆی بزانێت چۆن بووە؟ ئەو ئەسپەی ئەو (١٠٠٠) ڕۆپڵ دێنێت! سوارەکەیشی، ئەوە نرخی هەر تـەواو نابێت! خـۆیشت دەزانیت، کە سەختە یەکێکی تری وەکوو خـۆی بدۆزیتەوە!"

پیرە کۆنت ئەم قسانەی بـە جۆرێک دەکرد: وەکو ئـەوەی بـە دایخی ئـەوەوە بێت کـە سیمۆن وەسفی باشتری لا نەبووە بۆ کوڕەکەی و وتی،"وەکو ئەو بوو! وەکو ئەو بوو!"

بە دەم گەڕانەوە بۆ قوتووە بڕنووتییەکەی، لەبەر خۆیەوە ئەمەی دەوت و دەوتەوە.

سیمۆنی خزمەتکار و بەردەستیشی، درێژەی بە قسەکانی نەدا.

پاشان پیرە کۆنت لە سەری ڕۆیشت،"ئەو ڕۆژە نیکۆلا بە بەرگە نوێیەکەیـەوە، لـە نـوێژ کردن دەگەڕایەوە" لەبەر ئەوەی سیمۆن گوێی لـە قرووسکەی دوو سـێ تووڵـەیەک بـوو. دەستی لە ئاغاکەی هەڵتەکاند، تاکو بێدەنگی بکات.

لە بەر خۆیشییەوە وتی،"دۆزییانەوە و بەرەو دۆلّەکە راوی دەنێن!"

کۆنتیش قوتووە بـڕنووتییەکەی هـەر بـە دەستەوە بـوو و، بێئـەوەی بـە کـاری بـەرێت، لەبەردەمی خۆی دەڕوانی و، ئەو شوێنەی کە چاوەڕێی هێرشی تووڵە و تانجییەکەی لێوە دەکرد. زۆری نەبرد کە دانیلۆ بە دەنگە گرەکەی هاواری کرد،"بـەرەو گورگەکە!"

تووڵـە و تانجییـەکان، یـەکیان گرتـەوە و بـە سـێ تووڵەکـەی دوای دێڵـە گورگـەکەدا گەیشتنەوە و، دەنگیـان تێکـەڵ بـە یـەک بـوو و، بـە هووشـپەکەیاندا دیـار بـوو، کـە شـوێن نێچیرەکەیان کەوتوون!

ئیدی خزمەتکارانیش هاواری تایوتیان نەکردو، هەڵەیان بۆ هـاڵـۆ بوو!

دەنگی نزمیی هەندێک جاری، دانیلۆ و، دەنگە کەڕ و کاسکەرەکەی جارانی تری. بـە سـەر ئـەو هـەموو دەنگانـەی تـردا زاڵا بـوو و، پـڕ بـە دارسـتانەکە بـوو. خـۆ رەنگـە لـە دارستانەکەیشی تێپەڕاند بێت بەرەو پێدەشتەکان!

دوای ئـەوەی کـپ و گـوێ هەڵخسـتن. کۆنـت و یـاوەرەکـەی بۆیـان دەرکـەوت، راوەکـە بووەتـە دوو بەشـەوە. بەشـی یەکـەمیان زۆرتـر بـوو و، ژاوە ژاوەکـەیان مـەزنتر بـوو و، تـاکوو دەهـات دوور دەکەوتنـەوە. دووەمیشـیان هـاواری: (هـارلـۆ)ی دانیلـۆ بـوو لـە نێـو دارستانەکەدا و، تا دەهات لـە کۆنت نزیکتر دەبـووەوە. دواتـر دوو ژاوەژاوەکـە تێکـەڵ بـە یەک دەبوونەوە و، دوور دەکەوتنەوە.

سیمۆن هەناسـەیەکی هـەڵکێشا و، پەتی رستی تووڵەکەی لە ملی سەگە چکۆلەکەی خۆی کردەوە. کۆنتیش لەگەڵیدا هەناسـەیەکی قـووڵی هـەڵکێشـا. هـەر کـە بـۆی دەرکـەوت هێشتا قوتووی بـڕنووتییەکەی هـەر بـە دەستەوە ماوە. پەنجەتووتەی تێ وەردا.

کتوپڕ تووڵەیەک لە دارستانەکەوە دەرکەوت و سیمۆن دەنگی دا پیرە کۆنتی دا و پێی وت،"بگەڕێوە! "

کۆنتیش راچڵەکی و قوتووە بڕنووتییەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە!

ناستاسـا ئیڤانۆڤنایش خێرا لـە ئەسـپەکەی دابـەزی و، لـە بـەر چـاوی کۆنـت و سـیمۆن، هەڵی گرتەوە و، ئەوانیش کەسیان لە جێی خۆیان نەجووڵان.

لە پڕێکدا ـ کە زۆرجاران ئەوە روو دەدات ـ دەنگە دەنگی تووڵـە و تانجییـەکان هێندە لێیانەوە نزیک بووەوە، پێیان وابوو، کە سەر و کەللەی ئەو تووڵـە و تانجییانەی، کە دانیلۆ دەنگی دەدان، لە بەر چاویاندا قوت بووەتەوە!

کۆنت بەلای راستدا ئاوڕی دایەوە و میتکای بینی ئەبڵەق بووە! سـەیری ئـەم دەکـات و کڵاوەکەی هەروا بە دەستەوەیە! بەرەو ئەمان هەڵیدەسووڕێنێت.

خێرا بە رووبدا تەقییەوە و هاواری کرد،"ئاگادارببە!"

پاشان ئەویش هۆش خۆی هاتەوە و، بەرەو ئاغاکەیڕۆیشت. کۆنت و سیمۆنیش لە دارستانەکە دوور کەوتنەوە و، لای چەپی خۆیانەوە گورگەکەیان بینی. بە لەشە نەرمەکەیەوە قەڵەمبازی کورت کورت دەدات و، بەرەو ئەو شوێنە را دەکات کە ئەم دووانە جێیان.هێشتبوو.

تووڵە و تانجییان خرۆشان و، هەر گوێیشیان بەوە نەدا، ببنە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە و، پەتی رستبوونی خۆیان لە دەستی خاوەنیان دەرهێنا و، کەوتنە راکردن بەرەو دێڵە گورگەکە. لە ناکاو گورگەکە، گێلانە هەڵوێستەیەکی کرد و، بەلای تووڵە و تانجییە هێرشبەرەکاندا ئاوڕی دایەوە. پاشان بە دوو سێ قەڵەمباز خۆی کرد بە دارستانەکەدا. هەر لەو کاتەدا تووڵەیەک... پاشان بوون بەدوان و سیان، بە دەنگە دەنگ و، زڕەی زنجیرەکانیانەوە وەدووی کەوتن.

پاشان هەر رەوە تووڵە و تانجی بوو، بەرەو ئەو شوێنە رایدەکرد، کە گورگەکە تێیدا لە چاو ون بوو. بە دوای ئەواندا و، لە نێو دار فستقەکانەوە، دانیلۆ بە سواری ئەسپە بەڵەکە سوور و سپییەکەیەوە، دەرکەوت و، هەموو گیانی لە ئارەقدا شڵقەی دەهات. بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە، کووڕ بوو بووەوە و، بەسەر قەڵپووزی زینەکەدا کەوتبوو. سەری رووت و قژە بژە سپییە پەرش و بڵاوەکەی، بەسەر روخسارە سوور هەڵگەڕاوەکەیدا پەخشان بوو.

پڕ بە دەمی هاواری دەکرد:

هارلۆ! هارلۆ!

کە کۆنتیشی بینی، وەکو پەڵە هەورێک چەخماخە لێ بدات، قامچییەکەی هەڵسووڕان و وتی،"ئای خوایە گیان! ئای لە بەدبەختیی راوچییانیش! ئەوە گورگەکە لە دەستیان دەرچوو!"

هێندەی وت و کەوتە وەشاندنی قامچییەکەی، لە پاشووی ئەسپەکەی و، بە خەیاڵی خۆی لە ئاغاکەی خۆی دەوەشێنێت. ئەسپە نقوومبووەی ئارەقەی، بەرەو تووڵە و تانجییەکان تاودا. بەم کارەی کۆنتی حەپەساند و، کۆنت بە بزەیەکەوە لە سیمۆنی روانی، وەکوو ئەوەی داوا لە ئەویش بکات کە شتێک بڵێت. بەڵام کە سەرنجیدا، ئەویش لە شوێنی خۆی نەماوە و، گەیشتووەتە کەناری دارستانەکە و، دەیەوێت دێڵە گورگەکە، ناچاری هاتنە دەرەوە بکات.

تووڵە و تانجییەکانیش ڕاست و چەپیان، لە گورگەکە گرتبوو. بەڵام نەیان دەتوانی بێشەڵانە چڕ و پڕەکە، تێپەڕێنن! ئیدی نەیانتوانی ڕێ لە گورگەکە ببڕنەوە.

بەشی پێنج
کوژرانی گورگەکە

تـا ئەو دەمـە نیکۆلا ڕۆستۆف، چـاوەڕوانی دەرکـەوتنی گورگەکە بـوو. بـۆ ئەمەیشـی، پەنای دەبردە بەر دوور و نزیکیی ڕاوگەکە و، جیاوازیی قرووسکەی تووڵەکان و، دوورو نزیکیی ماوەی بانگ کردنەکان. ئەوانەیش بە هێمایەڵێکی دروستی ڕێنوێنی دادەنران.

هێندەی دەزانـی، لـە دارستانەکەدا، بێچـووە گـورگ هەیـە و، گـورگی گەورەیشـی لێیـە. ئەوەیشی لا ڕوون بوو، کە تووڵـە و تانجییەکان کراون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان شوێن ئاژەڵە دڕندەکە کەوتوون و، بەرەو لایەک بوونەتەوە و، شتێک ڕووی داوە. هـەر چـاوەڕێی ئـەوە بـوو کتـوپڕ لـق و پـۆپی درەختـەکانی دارسـتانەکە لـە ڕووی گورگەکەدا هەڵبماڵرێن.

لە دڵی خۆیشیدا هەزاران سێ و دووی دەکرد، لە بارەی ئەو ئاراستەیەوە کە گورگەی بۆ دەڕوات و، شێوازی پەلاماردانەکەی خۆیشی بۆ گورگەکە. ئومێدەکانی تێکەڵ بـە نـزم بوونـەوەی وردی دەبـوو. چەنـد جارێـک لـە خـوا پاڕایـەوە، کـە گورگەکـە لای ئـەوەوە دەرپەڕێت! بە تەریقییەوە کەوتـە نـزا و پاڕانـەوە. مـرۆڤ چـۆن هەندێک جار لە بۆنەکاندا تووشی پشێوی دەبێت. ئەویش وای لێ هاتبوو و، زمانی دەیگرت و، تەتەڵەی دەکرد!

لەبەر خۆیەوە دەیوت:

خوایە گیان! چی دەبێت، گەر لەبەر دڵی من، ئەمە بکەیت! بێگومانیشم لەوەی کە ئێوە

لەم شتە لاوەکی و بچووکانە، زۆر مەزنترن. هەرچەند بە هەڵەیشی دەزانم کە بۆ کاری وا بچووک، لێتان بپارێمەوە. بەڵام هەر لە تۆ دەپارێمەوە. خوایە وا بکە گورگە گەورەکە بەرەو ڕووی من بێت! تووڵە هەڵگیرەکەم بە بەرچاوی مامە پیرەمەوە ـ کە ئێستا سەرنجی من دەدات ـ کەڵبەکانی لە قورگی گیرکات.

ئەو ڕۆستۆفە لە نیو سەعاتێکدا، چەندین جار بە چاوی چاودێری و بە دڵەڕاوکێوە سەرنجی سنووری دارستانەکە و، ئەو دوو داربەڕووە باریکە و، ڕێگای لێژی لاپاڵەکە و، کڵاوەکەی سەری مامە پیرەی دا، کە بە ئاستەم لەودیو قامیشەڵان و چغوورەکەوە، دەبینرا.

پاشان بە خۆی وت:

نەخێر! ئەوە بەختی من نییە! جا باشە چیی تێدەچوو؟ نەخێر! هێندە بەختم یار نییە! هەمیشە ئەمە حاڵی من بووە! لە شەڕەکاندا! لە یاریی کاغەزێندا! هەروا بووم! بەشی من هەر دۆڕاندن بووە!

زۆر بە خێرایی بیرەوەریی ئۆستەرلیتز و، دۆڵۆخۆف بە مێشکدا تێپەڕی و، زۆر بە ڕوونی وا بیری کردەوە:

خۆزگە گەر بۆ یەک جاریش بوایە، وەدووی گورگێکی گەورە بکەوتمایە و، بمکوشتایە! ئیدی لەوە زیاتر، هیچی ترم نەدەویست!

لەسەر چاودێری کردنی خۆی، سەرومڕ بوو و، گوێی بۆ نزمترینی دەنگی ڕاوگەکە هەڵخست بوو. کاتێک سەرنجی لای ڕاستی خۆی دا. بە دەشتە ڕووتەنەکەدا و، بەرەو لای ئەم شتێک وا ڕادەکات! ئەویش وەکوو یەکێک لە مێژ بێت، چاوەڕوانی خۆزگەیەکی خۆی بووبێت و، ئێستا هاتبێتە دی: هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و، بە پەرۆشەوە لە خۆی پرسی:

"ئـــای!! جا باشە: ئەمە عەقڵ دەیبڕێت؟"

بێ قڕە و بە ئاسانی، بەوپەڕی بەختەوەریی خۆی گەیشت! نە پێشتر کەسانێک گورگەکەیان پێشان دابوو و، نە هیچ! ماوەیەک لە دوو دڵیدا مایەوە و، بڕوای بە چاوانی خۆی نەدەکرد! گورگەکەیش ڕاست بەرەو ئەو ڕای کرد و، بە گران توانیی بەسەر ئەو چاڵەدا باز بدات، کە لە سەرەڕێیدا بوو.

گورگەیش دێڵە پیرێکی، سەرپشت سپیی ژێر سک قاوەیی بوو. کلکێکی چڕی تووکن و، گوێ قوتی نینۆک تیژ بوو. لەو کاتەدا دێڵە گورگەکە بەرەو ڕووی ڕایدەکرد، ئەمیش لە خۆی پرسی:

"بڵێی کاتی ئەوە هاتبێت، تەقەی لێ بکەم؟"

لە ناکاو گورگە هەستی کرد، مرۆڤێک سەرنجی دەدات! هەڵسڵەمیەوە. رووی لەو راوچییە وەرگێڕا و، هەڵوێستەیەکی کرد.

وەکوو ئەوە وابوو لە خۆی بپرسێت:

"ئێستا من چی بکەم!؟ بەرەو رووی بڕۆم؟ یان بگەڕێمەوە؟ ئاە! دەی با هەر رابکەم! چی دەبێت... با ببێت!"

ئیدی گورگە کەوتەوە راکردن و، بە شێوەیەکی ئاڵۆز! بەڵام خۆڕاگرانە.

نیکۆلا هاواری کرد:

هارلۆ...!

زۆر بە خێرایی و بە غار کردن، بەرەو لاپاڵەکە بووەوە. بەسەر چاڵا و چۆڵی و، دار و بەرددا، بازی بە ئەسپەکەی دەدا و، تاکوو رێ لە گورگەکە ببڕێتەوە. بەڵام رەوی تووڵە و تانجییەکان، خێراتر بوو و، پێشی ئەویان دایەوە و، شوێن نێچیرەکە کەوتن. ئەویش نە ئاگای لە خۆی بوو و، نە تووڵە و تانجییەکەی بەردەمی خۆی دەبینی: چۆن گورگەیان راودەنا و، نە ئەو زەوییەی تەراتێنەکەی تێدا دەکرا! تووڵە نیانی پاشەڵا پانی بینی، بە تەنیشتی گورگەگەوە رایدەکرد. نەخێر گورگەکەیشی گرتەوە. ئەوا دێڵە گورگەکەیش لە تووڵە سەگە نیان دەڕوانێت. لە بری ئەوەی وەکوو جارانی پێشی بکەوێت و، بەری لێ ببڕێتەوە. هەستایەوە و، لەسەر هەردوو پاشووی وەستا.

نیکۆلا هـــاواری کرد:

هارلـۆ...!

لە ناکاو سەگە موختا پێش سەگە نیانی دایەوە و، پەلاماری هەردوو رانی گورگەی دا! بەڵام خێرا بە ترس و بیمێکی فرەوە، خۆی فرێدایە لاوە.

گورگەیش کەڵبەکانی جێڕ کردەوە و، لەو لاوە کەوت! دیسان هەستایەوە و، کەوتەوە راکردن و تووڵە و تانجییەکانیش، هەروا نیو مەترێکیان مابوو بیگەنێ و، بە دوایەوە بوون. لەوەیش دەچوو، پڕکێشی ئەوە نەکەن، کە پێی بگەنەوە!

نیکۆلایش لەگەڵ هاوار و قیژەکردنەکەیدا، لە دڵی خۆیشیدا دەیوت:

"وا بڕوات... لە دەستم دەردەچێت! بەڵام مەحاڵە بە دەم نەڕەنەڕەوە، چاوی بۆ گەماڵە پیرەی خۆیشی دەگێڕا و، بە تەنیا فریادڕەسی خۆی دەزانی"

دەیشی قیژاند:

هارلـۆ! هەی گەماڵە هەڵقلیشێنەر!

پاشان گەماڵە پیرەی بینی، زۆر بە قورس و گرانی رایدەکرد و، پیرییەکەی پێوە دیـار بوو و، چاوانی بڕیبووە دێڵـە گورگەکە و، تەقەلای ئەوەی دەدا، بەری لێ ببڕێتەوە. بەڵام نـەرمیی رەوتـی دێڵـە گـورگ و، خـاویی راکردنـەکەی گەماڵـە پیـر، دەریدەخسـت، کـە

پیلانەکەی گەمالّـە پـیر، سـەرکەوتن بـە دەست ناهێنێت. ئەوا نیکۆلایش بـە چـاوانی خـۆی نزیکبوونەوەی، دێلّە گورگە دەبینێت، لە دارستانەکەوە.

بەلّام لەوەدابوو، ورە بەربدات و بێ ئومێد ببێت. لە ناکاو راوچییەکی بینی بە خـۆی و تووڵـە و تانجییەکانیـەوە، بـە هانـای گەمالّـە پیـر و تووڵـەکانی تـرەوە چـوو و، کەوتـە یارمەتیـدانیان. نیکـۆلایش ئومێـدی پەیـداکردەوە. لـەولاوە تووڵەیـەکی خۆڵەمێشـی خـۆی گەیاندە دێلّـە گورگە و، بەجۆرێک خۆی پێداکێشا، وەختەبوو بیکوژێت! بەلّام دێلّەگورگ بە خێرایییەکی چاوەڕوان نـەکراوەوە، هەستایەوە و، پـەلاماری تووڵەکـەی دا و، کەلّبـەکانی لـە لەشیدا نقووم کرد.

تووڵەی داماویش بە هەموو توانایەوە، قرووسکاندی و، سـەری بـوو بـە ژێر لەشییەوە و، کەوتە زەوی.

نیکۆلایش بە تووڕەییەوە نـەڕاندی:

"دڕەی هەڵقڵیشێنەر! ئەوە چییە؟ هەستەوە هـــاوڕێ! "

لەم کەین و بەینەدا گەمالّە پیرە توانیبووی پێنج هەنگاوێک بکەوێتە پێش دێلـە گورگەوە، دووگـــەی گوڵمـــەی رانـــەکانی دەلەرینـــەوە. بـــەردەمی دێلّـــە گـــورگی گرتبـــوو و، لای لـــێ بڕیبووەوە. دڕندەکەیش هەستی بـەو مەترسییە کردبوو. بۆیـە سـەرنجێکی گشـتیی تووڵـە هەڵقڵیشێنەری دایەوە و، کلکی بە نێوانی رانەکانیدا کرد و، کەوتەوە راکردن. بـەلام لـە چـاو تروکاندنێکدا، سـەگە هەڵقڵیشـێنەر، جـارێکی دی لێـی راسـت بـووەوە و، پـەلاماری دێلّـە گورگی دایەوە و، لەگەڵیدا کەوتە تەپاوتل و، هەردوکیان کەوتنە چاڵێکی بەردەمیانەوە!

سـەرەتا نیکـۆلا نـەیزانی تووڵـە هەڵقڵیشـێنەر، چیـی بەسـەر هـاتووە. دواتـر هەسـتی بـە خۆشـترین سـاتەکانی ژیـانی خـۆی کـرد: کاتێک بینیـی، تووڵەکـەی پێسـتە بۆرەکـەی دێلّـە گورگی گرتووە و، پاشووی لە زەویی چاڵەکە توند کردووە و، گوێیەکانی شۆڕ بوونەتەوە و، زۆر شپرزەیە.

بـە دوای ئەویشدا گەمالّـە پیرە قەپی کردووە، بە قورگی گورگەکەدا. نیکـۆلا قـەڵپووزی زینەکەی گرت و، ویستی باز بداتە سـەر زەوی. کاتێک بینیی دێلّە گورگ قورگی لـە قـەپاڵی گەمالّـە پیرە دەرهێناوە و، پێیەکانی لە دیواری چاڵەکە توند کرد و، خێرا پێیدا هەڵگـەڕا و، خۆی لە تووڵە و گەمالّە پیر، رزگار کرد و، کلکی کردەوە بە نێوگەڵیدا و، کەوتەوە راکردن و، لە هەردوو وەدووکەوتووەکەی دوور کەوتـەوە.

تووڵـە هەڵقڵیشـێنەر، بـە گـران و بـە چەندین تۆپەڵـە تـووکی وەریـو و، رووشـاوی و، بریندار بوونەوە، لە چاڵەکە هاتە دەرەوە.

نیکۆلایش بە وڕەیەکی نـزمەوە هاواری کرد،"ئای خوایـە گیان! ئـاخر چیم کردبوو، تـا بەم جۆرە سزام بدەیت؟"

لەو کاتەدا مامە پیرەی سەردەستەی سـەگەوانان پەیدا بـوو و، جلّـەوی بـۆ ئەسپەکەی شـل کـرد و، بـەری لـە دیلّـە گورگـە بڕییـەوە و، جـارێکی تـر گـەمارۆی دایـەوە. نیکۆلا و سـەگەوانەکەی و، مامـە پیـرە و سـەگەوانەکەی، بازنـەیەکیان پێکهێنـا و، دیلّـە گورگـەیان خستە نێوانەوە.

پێکەوە دەیانقیژاند:

هارلـۆ...!!

نیکۆلا وێستی لـە سـەر پشـتی ئەسپەکەی بێتـە خـوارەوە و، دڕنـدەکە بـە ئـارامی و، بـە خشەخش بەرەو دارستانە رایدەکرد، تاکوو خۆی رزگار بکات.

دانیلۆیش هـەر لە سەرەتای پەلاماری گورگەکەوە و، بـە دەم دەنگەدەنگی راوچییانـەوە، چوو بوو و، شوێنی دیاریکراوی خـۆی جێ هێشتبوو و، لـە دارسـتانەکە هـاتبووە دەرەوە. چونکە کە تووڵـە هەڵقلیشـێنەری دیبـوو، وا قـوڕگی دیلّـە گـورگی گرتـووە! پێی وابـوو، کـە هـەموو شـتێک کۆتـا بـووە. ئەسـپەکەی ژێـری وەسـتاندبوو. بـەڵام هـەر کـە بینـی بـووی، راوچییان، هـەر بەسـەر پشـتی ئەسپەکانیانەوەن و، دیلّـە گـورگ خـۆی لـە دەسـت تووڵـە و تانجییەکان، رزگار کردووە و، بەرەو دارستانەکە را دەکات. ئەمیش لغاوی بۆ ئەسپە رەش شـل کـردوە و، غـاری داوە. یەکسـەر شـوێن گورگەکـە نەکـەوت. بـەڵکو شـوێن تووڵـە هەڵقلیشـێنەر کـەوت و، قەدبـڕی کـرد و، بـەرەو دارسـتانەک، تـاکو بـەر بـە دیلّـە گورگـە هەڵاتووەکە بگرێت.

ئـەم بـەم کـەین و بەینـە لـە بارەیـەوە، گەیشـتە سـەر گورگەکـە. قەمچییـەک بـە دەسـتی راستییەوە بوو و، لە ئەسپە رەشی پێدەدا. لە کاتێکدا تووڵـە و تانجییەکەی مامـە پیـرەیش، بۆ دووەمجار، گەمارۆی دیلّە گورگیان دا.

بەرچاوی نیکۆلا تاریک بوو و، تەنیا هەستی بە هەناسەبڕکێی ماندووانەی خۆی کرد و، کەوتنێکی لە ناکاو! دواتر دانیلۆی لە نێوان تووڵـە و تانجییەکاندا بینی، کە پەلاماری پاشـەڵی دیلّـە گورگە دەدا و، تەقەلای ئەوە دەدا، هەردوو گوێی توند بگرێت.

راوچییـان و، تووڵـە و تانجییـان و، گورگەکـە خۆیشـی، هەسـتیان کـرد کـە پاشـانرەیان هەموو شتێک کۆتا بـووە. دڕنـدە داماوەکـەیش بـە تـرس و لـەرزێکی فرەوە، تەقـەلای دەدا، خۆی رزگار بکا. بەڵام تووڵـە و تانجییان خۆیان دا بەسـەریدا و، گورگەیان داپۆشی!

دانیلۆیش ماندووانە هەستایەوە و، وەکوو کەسێک خۆی هەڵبداتە شـوێنی نووسـتنەکەی

خۆی، ئـاوا خۆی بەردایەوە بەسەر دێڵـە گورگەکەدا و، هەردوو گوێی گرت.

نیکۆلا ویستی گوزگە بەر خەنجەر بدات. بەڵام دانیلۆ چرپاندی بە گوێیدا،"مەکە! ئەوەی دەتەوێت بیکەیت. بێسوودە! هەر ئێستا چـوارپەلی دەبەستین."

باری خۆی گۆڕی و، پێی خستە سەر ریسی ملی گورگـە. داریکیان لە دەمی توند کرد و، بە پەتێکی رستی تووڵـەکان، چوارپەلیان بەست.

دو سێ جـار دانیلـۆ سـەرنجی ئـەملا و لای خـۆی دا و، راوچییـانیش دێڵـە گورگیـان، خستە سـەر پشـتی ئەسـپێک و، ئەسـپەش سڵەمیەوە و، بـەرەو دوا گەڕایـەوە و، پڕماندی. پاشـان هـەموویان بـە رووبـەکی خۆشـەوە و، تووڵـە و تانجییـان بـە دوایـانەوە و، بـە دەم وەڕینیانەوە بە گورگە شۆڕەوەبووەکە، بە قەڵپووزی زینی ئەسپەکەدا، بـەرەو شـوێنی کۆ بوونەوەی دیاریکراوی خۆیان، بوونەوە.

ناوە نـاوە راوچییانی سـوارە و پیادە، لـە گورگـە شـۆڕەوەبووەکە نزیـک دەبوونـەوە و، ئەویش سەری زلی بە تەنیشتی ئەسپەکەدا، شـۆڕ بووبـووەوە و، بـە ددانـەکانی ئـەو دارەی دەکرۆشـت، کـە دەمـی پـێ قەمتـەر کرابـوو. بـە چـاوە گـەورە شووشـەییەکانی، سـەرنجی راوچییان و تووڵە و تـانجییەکانیشی دەدا. گەر یەکێکیان دەستی بۆ ببردایە. یەک دەهاتـەوە و، تەکانی بە دەست و قاچە بەستراوەکانی خۆی، دەدا و ددانە چیڕەی لە دەستدرێژکارانی دەکرد.

کۆنت ئیلیا ئاندریـەیتش خـۆی هـات و، دەسـتی بـۆ دڕندەکـە بـرد و، لـە دانیلـۆی نزیکی پرسی:

"ئـاە! ئـاە! گورگێکی کەتەی چەند جوانـە! وا نـا!"

ئەویش شەپقەکەی سـەری داگرت و، وەڵامی دایـەوە:

"قسەی ئێوەیـە... گەورەم!"

کۆنتیش ئـەو هەڵەیـەی خـۆی بیـر کەوتـەوە، کـە چـۆن ئـەو دێڵـە گورگـە، لـە بندەسـتی ئەوەوە دەرچووە و، دانیلۆ چ هەڵوێستێکی بەرامبەری بووە!؟

بۆیە پێی وت:

"دەزانیت ئـازیزەکەم... تۆیش زۆر کارامە و لێهاتوویت؟"

دانیلۆیش بەوە کۆتایی بەو قسەیەی ئەو هێنا، کە بزەیەکی سادەی منالانەی بۆ کرد و، ئەو زەردەخەنەیە، بووە وەڵام بۆی.

بەشی شەش
ئیلاگینی دوژمن

دوای ئەوەی پیتیا و ناتاشا، پەیمانیان بە پیرە کۆنت دا، دوابەدوای ئەو بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە و، هێشتا کاتیش زوو بوو و، راو سەرومڕ بوو. کۆنت بەرەو ماڵەوە بووەوە. راوچییان تووڵە و تانجییەکانیان بەردایە، ئەو دۆل أو زەبەنگ و دەوەن و بێشەلانە. خۆیشیان لە نێو مەڵۆی گەنمە دووراوەکاندا، چاودێرییان دەکرد.

سەگەوانەکەی نیکۆلا، لە نێو نزمایی پەڵە گەنمێکدا، کە کەوتبووە پشت، کۆمەڵە درەختێکی فستقەوە، ون بوو. لە ناکاو نیکۆلا گوێی لە وەڕینی پچڕ پچڕی یەکێک لە سەگەکانی بوو! بە دەنگەکەیدا زانیی، کە ئەوە دەنگی سەگە (ڤانڤاران)ەی پاشان تووڵەکانی تریش لێی کۆ بوونەوە. هەندێکیان نووزەیان نەدەهات و، هەندێکی تریشیان، دەیانمڕاند و، دەوەڕین.

دوای کەمێک دەنگێک لە دارستانەکەوە پەیدابوو، کەوا ڕێوییەکیان دۆزیوەتەوە ڕەوە تووڵە و تانجییەکان کپ بوونەوە. پاشان لە نیکۆلا دوور کەوتنەوە و، بە وەردە چۆڵەکەدا کەوتنە ڕاکردن، بەرەو قەرسیلی گەنمەکە.

نیکۆلایش سەگەوانەکانی بە خۆیان و کڵاوە سوورەکانیانەوە بینی، بە کەناری دۆڵەکەدا وەدوویان کەوتبوون. ئەمیش لای خۆیەوە، چاوەڕێی ئێستا نا ئێستای دەرکەوتنی ڕێوییەکە بوو، لەوبەر پەڵە گەنمەکەوە!

سەگەوانـە ونبووەکەیش، پەیدابووەوە و، کەوتە بڵاوە پێ کردنی تووڵە و تانجییەکان. لەو کاتەدا نیکۆلا رێـوییەکی شێوە سەیری بینی! رەنگی ئاگری و، چوارپەل تـووکنی کلک ئەستوور بوو و، بە نێو قەرسیلی سـەوزی گەنمەکەدا رایدەکرد و، لـەوە بـوو، تـووڵەکان پێی بگەنەوە.

رێوییەکەش کلکە تووکنەکەی خۆی بە کێش دەکرد و، کەوتـە دروست کردنی چەندین بـازنە لە نێو قەرسیلەکەدا.

لە ناکاو دوو تووڵە خۆیان دا بەسـەریدا! یـەکێکیان سپی و، ئـەوی تریان رەش بوو و، نـەیدەزانی هـی کێن؟ پاشـان تووڵـە و تانجییـەکان، تێکـەڵ بوونـەوە و، ئەستێرەیەکیان بـە دەوری رێوییەکەدا، دروست کرد! رێوییش لـە شـوێنی خـۆی وشـک ببـوو و، لـەو هـەموو دوژمنەی خۆی دەڕوانی!

دوو سـەگەوان پەیدا بوون. یەکێکیان کڵاو سـوورێک بوو و، ئـەوی تـریش نەناسـراوێکی کراس ئاودامانی سـەوز بوو و، لە ئەسپەکانیانەوە دەژەند.

نیکۆلا لە دڵی خۆیدا پرسیی:

"ئەمە چی دەگەیەنێت؟ ئەم نـامۆیانە لە کوێوە پەیدابوون؟ ئەمانـە لـە سـەگەوانانی مامـە پیرەیش نین!"

رێوییەکـەیان خسـتە ژێـر دەسـتی خۆیـان و، ماوەیـەکی بـاش لەوێـدا مانـەوە! نـە رێوییەکەیان بەستەوە و، نە سواری ئەسپە قەڵپووز بەرزەکانیشیان بوونـەوە و، نـە بـەرەو ئەو دەغڵە بوونەوە، کە لێوەی هاتبوون!

تووڵـەکانیش بـە دەوروبـەری دوو سـوارەکەدا درێژ بـوو بـوون. دوو سـوارەکەیش وا دەستیان رادەوەشاند: وەکوو ئەوەی لە پێشبڕکێی نێچیرەکەدا بووبن! پاشان دەنگی تەپـڵا لێدان بڵند بووەوە. کە بۆ خۆی هێمای هەڵگیرساندنی شەڕ بوو.

تووڵـە و تانجی بە دەستەکەی نیکۆلایش وتی:

"ئەوانە لە بنەماڵـەی ئیلاگینن و، لەگەڵ ئیڤاننا بەشەڕ هاتوون! نیکۆلایش سـەگەوانەکەی خسـتە پـێش ناتاشـا و پیتیـا و، رەوانـەی ئـەو شـوێنەی کـردن، کـە خزمـەتکاران، تووڵەوتانجییەکانی لێ مۆڵا دەدەن و، هەندێکی ئەمانیش گەیشتنە شوێنی شەڕەکە."

خۆیشی دابەزی تاکو لە ناکۆکییەکەیان بگات. لە تەنیشت سـەگەلەکە و، ناتاشا و پیتیاوە وەسـتا، کـە دەمێـک نـەبوو، ئـەوانیش گەیشـتبوون ــ ئـەو سـەگەوانەی کـە رێوییەکـە بـە قەڵپووزی زینەکەیەوە بوو، بە سواری ئەسپەکەوە، بەرەو ئاغا لاوەکەی هات و، کڵاوەکەی بۆ بـڵند کردەوە و، تەقەلای ئەوەی بوو، بـە شـێوازێکی پڕ لـە رێـزەوە بـدوێت. بـەڵام زۆر تـووڕە و رەنگ هەڵبزڕکاو دیار بوو و، چاوێکی سور هەڵگەڕابوو.

نیکۆلا لێی پرسی:

"چی لە نێوانتاندا، رووىداوە؟"

ئـەویش وتی:

"ئاخر ئەوە چۆن دەبێت؟ دەکرێت نێچیرەکەمان لە دەست دەربێنن؟ هـەر لەمـەمان کـەم بوو! دێلە سەگە خۆڵەمێشییەکەی کە رەنگی لـە رەنگی مشک دەچێت، نێچیرەکەی گرت. بەڵام ئەو نایەوێت تێ بگات! بـە کورتییەکەی دەیـەوێت رێوییەکە بۆ خۆی بـەرێت! منیش نـەمکردە نامـەردی و مسـتێکم لـە قـەپۆزی دا! ئـەوەیش رێوییەکەیـە و، بـە قـەڵپووزی زینـەکەمدا هەڵمواسیوە."

هـەر وەکـو ئـەوەی لـە بـەردەم دوژمنەکەیدا بێت. چەقۆکـەی راوەشـاند و لـە سـەری رۆیشت،"ئەگەر هێندەت بەس نییە... کوڕی باش: چەقۆکەیشم لە خزمەتتدایە!"

نیکۆلا هیچی نـەگوت و، داوای لـە هـەردوو براکـەی ئـەو کرد، چـاوەڕێی بـن. خۆیشـی بەرەو شوێنی کۆمەڵە راوچییەکەی ئیلاگین بووەوە.

لەو لایشەوە سەگەوانی شەڕکەر، کەوتە گێرانـەوەی ئەوەی کە کردوویـەتی و، سـۆزی دەوروبەری بۆ لای خۆی راکێشا.

رووداوەکەیش ئـەمە بوو:

"بنەماڵـەی ئیلاگـین و، بنەماڵـەی رۆسـتۆف، لـە نێـو خۆیانـدا نـاکۆک بـوون. ناکۆکییەکەیشیان، مەحکەمەی لەسەر گیرابوو. ئـەویش لە زەوی و زارێکدا راوی کرد بوو، کە ئەمان خۆیـان بـە خاوەنی دەزانی! ئەمەیش بە پێودانگی ئەوەی: کە ئەمان لە مێژە ئـەو زەوییانە بەکار دەبەن. ئەمڕۆیش هـەر بە ئارەزوو ئیلاگین لە دارستانی قەدەغەی بنەماڵەی رۆستۆف، نزیک بووەتەوە و، ئەو نێچیرەی بینیوە، کە ئـەوان هەڵیانسـاندووە. رێیشـی بـە سەگەوانەکەی خۆی داوە، کە وەدووی بکەوێت.

نیکۆلایش شوێن سۆزی خۆی دەکەوت. نـەک بـە ژیریـی خـۆی و، کـەمێکیش سـەرکێش بوو. زۆریشی رق لە ئیلاگین بوو. بێئەوەی ببینێت، بە دوژمنی سەرسـەختی خـۆیی دادەنا و، بـە شـیاوی مردنـی دەزانی! بنـەمای ئـەم حوکمەیشـی لەسـەر ئـەو شـتانە بـوو، کـە لێیـان دەگێڕایەوە. دیارە ئەو بنەمایانەش تۆکمە نەبوون."

دەسکی قامچییەکەی گوشـی و، بـە تووڕەییـەوە بـەرەو رووی چـوو. لـە دڵـی خۆیشـیدا بڕیـاری دابـوو، کـە ئەوپـەڕی تونـدوتیژی بەرامبـەر ئـەو دوژمنـەی بـەکار بێنێت. هێشـتا نەگەیشتبووە سنووری دارستانەکە، کەسێکی کەتەی بە سواری ئەسپێکی رەشـی جوانـەوە بینی و، دوو یاوەر بە دوایەوە و، بەرەو رووی دەهاتن.

نیکۆلا چاوەڕێی بینینی دوژمنێکی فێڵباز بوو، کەچی پیاوێکی خاوەن نگینی جوانی بینی: کە دەیویست، کۆنتی لاو ببینێت! هـەر کـە پێیشـی گەیشت، شـەپقەکەی بـۆ بڵند کردەوە و، داوای لێبووردنی کرد، لەوەی کە رووی داوە!

پاشان وتی،"خزمەتکارە تاوانبارەکەم، سزای خۆی وەرگرت. خۆیشم چاوەڕوانی ئەوەم لەمەودوا، کۆنتی لاو رێم بدات لە زەوییەکانیدا راو بکەم."

ناتاشایش لە ترسی ئەوەی نـەکوو بـراکەی کارێکی نـەخوازراو بکات. بـە شـپرزەییەوە

دوور و نزیک شوێن براکەی کەوتبوو. بەڵام هەر کە ئەو شێوازە جوان و، رەفتارە دۆستانەی لە ئیلاگین بینی، ئارام بووەوە و، لێیان نزیکتر بووەوە.

ئیلاگینیش کە ناتاشای لە نزیکەوە بینی، شەپقەکەی بۆ بڵند کردەوە و، رایگەیاند کە "دیانا"ی خوشکیشی وەکو ئەو، زۆری حەز لە راو و شکارە! چۆنیش وەسفی جوانی ناتاشای بۆ کراوە، وایە و زێدەڕەویی تێدا نییە!

بۆ ئەوەی هەڵەی سەگەوانەکەی خۆی لە بیر نیکۆلا بەرێتەوە. تکای لێ کرد، کە شوێنی بکەوێت و، بڕۆن بۆ گردەکەی ئەوبەر و، هەر چارەکە میلێک لێیانەوە دوورە! چونکە زۆر نێچیری قەڵەوی بە دیاردە بۆ خۆی تێیدا دیوەتەوە و، کەرووشکێکی زۆری دەشتییشی لێیە.

نیکۆلای لاو ڕەزامەندی پیشاندا و راو و شکار، دەستی پێکردەوە. راوچییانی هەردوولا تێکەڵ بوون. بۆ گەیشتن بە گردۆڵکەکانیش، دەبوو کێڵگەکان تێبڕەڕێنن.

مامە پیرە و ئیلاگین و، ڕۆستۆف، پێکەوە دەڕۆیشتن و، سەرنجی تووڵە و تانجیی یەکتریان دەدا. هەر یەکە و لای خۆیەوە، خەمی ئەوەی بوو، هاوتای بۆ پەیدا بووە. تووڵە سوورێکی ڕەسەنی چکۆلەی، بازۆڵە تۆکمەی لووت باریک و، لووسی ئیلاجین سەرنجی ڕۆستۆفی ڕاکێشا! لەبەر ئەوەی، وەسفێکی زۆری خەڵکیی بیستبوو، لە بارەی تووڵە و تانجییەکانی ئەم هاوتا سەرسەختەیەوە. گەیشتە ئەوەی گومانی نەمێنێت، کە ئەم تووڵە سوورەی ئەو، ڕکابەرێکی سەرسەختی تووڵە نیانی خۆی دەبێت! لە کاتێکدا نیکۆلا زۆر جدییانە، باسی بەروبوومی بۆ ئەو دەکرد: دەستیشی بۆ تووڵە سوور ڕاکێشا و وتی:

ـ تووڵەیەکی زۆر چاکت هەیە! ئاخۆ ئەم دێڵە درۆ بێت!؟

ئیلاجینیش بە شێوازی ئەو وەڵامی دایەوە،"ئەم دێڵە؟ بەڵێ درندەیەکی چاکە و، ڕاوێکی باشیش دەکات! "

پارسأل ئیلاگین سێ سەر بزنە کێوی، دابوو بە دراوسێیەکیان و ئەو تووڵەیەی لێ وەرگرتبوو.

ئیلاجین لەسەر قسەکانی پێشووی ڕۆیشت و وتی،"کەوا بوو، ئەی کۆنت... دانەوێڵەکانتان وانییە، جێی ڕامان بێت!"

بۆ موجامەلە کردنی هاوڕێ لاوەکەیشی، دەستی بۆ تووڵە نیانی ڕاکێشا،"تۆیش تووڵەیەکی جوانت هەیە! بەڵای منەوە لە چاک دەچێت!"

نیکۆلایش وتی،"بەڵێ! تووڵەیەکی خراپ نییە! "

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"ئاخ بەڕێز! ئەگەر ئێستا کەرووشکێک بەم کێڵگەیەدا، تێدەپەڕی! ئەوسا پیشانم دەدایت، کە تووڵەکەم چ تووڵەیەکە!!"

بەڵای سەگەوانەکەیدا لای کردەوە و، تێی گەیاند کە هەر کەسێک کەرووشکێک هەڵ

بستێنێت: رۆپڵێک مژدانە وەردەگرێت!"

پاشان ئیلاجین لە سەری رۆیشت:

"تێناگەم چۆن راوچییەک دەتوانێت، ببێتە رکابەری راوچییەکی تر! یان تووڵەکانی، ئیرەیی پێ ببات!؟ من لای خۆمەوە ئەی کۆنت: لەسەر ئەوە سوورم کە: راو کردن وەکوو گەشت و سەیران کردن وایە! گەشتێک وەکو ئەمەی لەگەڵ ئەم هاوڕێ نیانانەدا ئێستا دەیکەم!"

سەرلەنوێ شەپقەکەی بۆ ناتاشا بڵند کردەوە،"چی هەیە لەمە خۆشتر تاکو راوچییان خەوی پێوە ببینن؟ من گاڵتەم پێدێت!"

نیکۆلایش پشتگیریی کرد:

"بێگومان! بێگومان!"

ئیلاجینیش دریژەی دایە:

"ئاخر ئەوە سووکایەتی پێکردنە، گەر تووڵەی دراوسێکەم، ئەو نێچیرە بگرێت کە من زووتر هەڵم ساندووە؟"

هەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

"نەخێر! گرنگ ئەوەیە، من چێژ لەو دیمەنی راوە وەر بگرم! ئیدی ئەو رووداوانەی کە بە دوای ئەمەدا دێن: بە لای منەوە گرنگ نییە! ئاخۆ ئەمەی من دەیڵێم ئەی کۆنت ... راست نییە؟ ئاخر بە لای منەوە. ... "

لەو کاتەدا سەگەوانێک کە بە سەر تەپۆڵکەیەکی نێو مەڵۆکانیی گەنمەکەوە بوو، قامچییەکەی دەستی راوەشاند و هاواری کرد:

"فیلۆ! فی... ی... لۆ!"

ئەم هاوارە پڕ پڕە، چەندجارە بووەوە. هێمای دۆزینەوەی کەرۆێشک بوو. هەر بە هۆی ئەو دەنگەیشەوە، شوێنی کەرۆێشکە دیاردەکە دەزانرا.

ئیلاجینیش بێ بایەخ پێدان، وتی:

"ئەوە پێی وایە: کەرۆێشکێکی دۆزیوەتەوە! دەی کۆنت: راوی بنێین؟"

نیکۆلایش سەیرێکی سەگە تریبیدانت و، سەگە تاباجۆری مامە پیرەی ـ کە هەگیز پێشووتر بە یەکتریی بەراوردی نەکردبوون ـ کرد و وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! بەڵام چۆن چۆنی، پێکەوە؟"

ئەو کاتەیشی لەگەڵ مامە پیرە و، ئیلاجین بەرەو شوێنی کەرۆێشکە دیاردەکە دەچوون، لە خۆیی پرسی:

"ئەی ئەگەر بە هەردوو لایان بەسەر سەگە (نیان)ی منداسەربکەون... چی دەبێت؟"

ئیلاجینیش کە دای بە لای سەگەوانەکەدا، لێی پرسی:

"کەرۆێشکەکە... گەورەیە!"

پاشان بە دڵەڕاوەکێوە، بە فیکە لێدان تریبیدانتی بانگ کردو بە پیرەیشی وت:

"زۆر باشە! میخائیل نیانۆریتش... تۆیش لەگەڵمان دێیت؟"

مامە پیرەیش رەنگی هەڵبزڕکا و وتی:

"سوودی چیيە!؟ ئـاخر تووڵـەکانی تۆ.. ئەوە رووندە! بـڕۆ! بـڕۆ! بۆ پێشـەوە! کێوێک پارە دەهێنن! هەر تووڵەیەکت (١٠٠٠) رۆپڵ دێنێت! تۆ ریزیان بکەو منیش هەر سەیرکردنم بەسە!"

بە ئومێد و خۆشەویستییەکی فرەوە تووڵەکەیشی بانگ کرد:

"ئەی ئاباجۆری جوانکیلەی نازدار! "

کتـوپڕ ناتاشـایش مەزەندەی دڵـەڕاوکێی هـەر سـێ راوچییەکـەی کـرد و، بەشـداریی شڵەژاوییە شاردراوەکەی براکەی و مامە پیرەی بوو.

سەگەوانیش بە خۆی و قامچییەکەی دەستییەوە، لەسـەر تەپۆڵکەکەوە هـەر وەستابوو. لـە کاتێکدا ئـەو بەڕێزانـەیش بـە پشـتی ئەسپەکانیانەوە نزیک دەبوونـەوە. سەگەوانـان و تووڵە و تانجییانیشیان، زۆر لە دووری ئەو شوێنەوە بـڵاوەیان لێ کرد بوو. بـەڵام زۆری پێتەچوو و، جارێکی تر کۆ بوونـەوە. نزیکەی سەد مەترێکی مابوو، نیکۆلا بگاتە شوێنی بە دیاری بینینی کەرویشکەکە لە خزمەتکارەکەی پرسی،"کەرۆێشکە دیارەکە رووی لە کوێ بـوو؟"خزمـەتکار فریـای وەڵامدانـەوە نەکـەوت و، کەرویشـکەکە لـە لانـەکەیەوە بـە قەڵـەمبازێک دەرچـوو! دوو تووڵـەی لاپاڵـەکە وەکـوو تیـر لـە کـەوان بـە دوایـدا بـۆی دەرچوون. ئیدی لە هەموو لایەکەوە، تووڵـە و تانجییە، رست نەکراوەکان شـوێنی کەوتن. کۆمەڵـەکەیش ـ کـە تـا ئـەو دەمـە خـاو وخلیچک بـوون ـ گـورج بوونـەوە. سـەگەوانانیش تووڵە و تانجییە رستکراوەکانیان رادەکێشایەوە و، ئەوانیش وا تـەکانیان دەدا، تـا وەدووی کەرویشکەکە بکەون. سەگەوانانیش لە جیاتیی ئەوەی بڵێن: "هالت" واتـا بوەستە.. هاواریـان دەکرد: **تایوت ـ کس کس!**

ئیلاجینی ئارام و، مامە پیرە و نیۆلایش، کەوتنە خۆیان و، هەموو شتێکیان بیر چووەوە و، خـەریکی تووڵـە و تـانجیی خۆیـان بـوون و، خەیاڵیشـیان هـەر لای کەرویشـکەکە بـوو. ترسی ئەوەیشیان بوو، ئەو دیمەنەیان لە دەست دەربچێت. کەرویشکەکە، قەڵـەوێکی قورس بوو. هەر لە لانەکەی دەرپەڕی، دەستی بە راکردن نەکرد، بەڵکوو لە پێشدا گوێیـەکانی کۆ کردەوە و، سووسـەی دەنگە دەنگ و خرمـەی پێی ئەسپەکانی دەوروبەری خۆی کرد. کە لە هەموو لایەکەوە دەهات. بە چەنـد قەڵـەمبازێکی کورت مۆڵـەتی نزیک بوونـەوەی تووڵـە و تانجییەکانی دا. هەر کە هەستی بـە مەترسییەکە کرد. ئـاراستەی خۆی دیـاری کرد و، بـە پەڕێزی گەنمە دووراوەکە و، ئەو زەویانـەی کـە هێشـتا گەنمـە سـەوزەکەی بـە پێوە بـوو، کەوتە راکردن و، دوو تووڵـەکەی کە هەر زوو، بینی بوویان، شوینی کەوتن. بـەڵام دوور بوون لە کەرویشکەکەوە.

تریبیدانتی تووڵـە سووری ئیلاجین، تێی پەراندن. هەر بە هێندەی درێژیی خۆی مابوو،

بگاتەوە بە نێچیرەکە. بە قەڵەمبازێک خۆی بۆ کلکی نێچیرەکە هەڵدا و، بۆی نەگیرا و بە تەپاوتل کەوتە سەر زەوی.

کەرۆشکەکەیش پشتی کوور کردەوە و، هێندەی تر گوژمی دایە خۆی و، کەوتەوە راکردن. کتوپڕ تووڵە "نیان" گوژمی دایە خۆی و، گەیشتەوە بە کەرۆشکە هەڵاتووەکە.

نیکۆلایش سەرکەوتووانە قیژاندی:

"ئای "نیان"ی جوانکیلەم!

هێندەی نەمابوو، تووڵە نیان، کەرۆشکەکە بگرێت! بەڵام تێی پەڕاندو نەیتوانی لە کاتی پێویستدا بوەستێتەوە! لەبەر ئەوە نێچیرەکە جارێکی دی، قوتار بوو!

سەر لە نوێ تریبیدانتی ئیلاجین، شوێنی کەوتەوە. هەر رێک کلکی کەرۆشکەی گرت! دوو جاریش لەوەبوو بیخات و بیگرێت.

ئیلاجینیش لەوە دەچوو، هەنسک قورگی گرتبێت قیژاندی:

"تریبیدانتی جوانکیلەم!" بەڵام تووڵە تریبیدانت، گوێیشی بە پاڕانەوەکەی خاوەنی نەدا، لەکاتێکدا راوچییان چاوەڕێی گرتنی نێچیرەکە بوون: کەرۆشکەکە خۆی گەیاندە ئەوبەر هێڵــە هەڵکەندراوەکــەی نێــوان گەنمــە ســەوزە نەدوورراوەکــە و، مــەڵۆکانی گەنمــە دووردراوەکە. تووڵە نیان و تــووڵە تریبیدانت بە جووتە، دەتوت: دوو ئەسپی بەستراوەن بە کۆڵەکەی کەپرێکەوە و، هاوشانی یەک، بە دوای کەرۆشکەکەوە بوون! کەرۆشکەکە شوێنەکەی لەبار بوو، دوو تووڵەکە پێی نەدەگەیشتنەوە.

کتوپڕ دەنگێکی دی بڵند بووەوە:

"ئاباجۆری نازدار! ئەوە رووتە... بــڕۆ! بــڕۆ! بۆ پێشەوە!"

تووڵــە کــووڕە ســووڕباوەکەی مامــە پیــرەیش، بــەرەو دوو تووڵــەکەی دوای کەرۆشکەکە کەوتە راکردن و، شوێنیان کەوت. جۆرێک رای دەکرد.. دەتوت: دەیەوێت لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە. پێیان گەیشتەوە! نەخێر هــەردوکیانی تێپەڕاند! زۆر ســەیر گەمارۆی کەرۆشکەی دا و، لە رێی خۆی دەری کرد! زۆر بە تونــدی لــەو زەوییــە قــوڕ و لیتەیەدا، سنگیان تێ نابوو و، شوێنی کەوتبوون و خــەریک بوو، لە چاو ون دەبوون.

دواتر بینییان کــە هــەردوکیان لــەو قــوڕ و لیتەیــەدا تــەپ و تلیان بــوو. پاشــان تووڵــە و تانجییانی تریش، وەکو ئــەستێرە دەوریان گرتن و، زۆری پێنــەچوو راوچییــانیش گەیشتنە سەریان.

میرە پیرە بە دڵی خۆشــەوە، لە ئەسپەکەی دابەزی و، کەرۆشکەکەی لــە بــەردەم تووڵــە و تانجییــان هەڵگرتــەوە و، بڵنــدی کــردەوە. نێچیــرە داماوەکــەیش خــوێنی لــێ دەتکــا. بــە دەستەکەی تری، چاوانی خۆی گرت و، بە شــپرزەییەوە، لــەو هــەموو تووڵــە و، تانجییانــەی روانی.

لەبەر خۆیشییەوە دەیوتو دەیوتەوە:

"روون و ئاشکرایە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشــەوە! ئای لــەم تووڵەیــە! پێش هــەمووپانی دایــەوە!

ئای که بارگیرێکی رەسەنە!! ڕوون و ئاشکرایە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە!"

هەڵچوونەکەی خۆی دەکرۆشت و، دڕندانە چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا! قسەکانیشی شێوە جنێودان بوو و، وا دەدوا، وەکوو ئەوەی دەوروبەرەکەی دوژمنی بووبن و، هەر هەموویان سووکایەتییان پێ کردبێت. ئەمیش ئێستا ئەم هەلەی دەست کەوتووە و، تاکوو تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

لە سەری ڕۆیشت:

"سەگەکانت جوانن! هەر یەکەیان (١٠٠٠) ڕۆپڵ دێنێت! ئەوە ڕوونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە!"

لاقێکی قوڕاویی کەرۆێشکەکەی بەرەو تووڵەکەی خۆی کردەوە و بانگی کرد:

"دەی تاباجۆر بەرەو خواردنەکەت ببەوە... دەیهێنێت! ئەوە ڕوونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە!" نیکۆلایش کە هەر بە لایشییەوە گرنگ نەبوو، گوێی لێ دەگرن، یان نا! وتی:

"ئەو سەگە لەوپەڕی برسێتیدایە. ئەمڕۆ سێ جاران وەدووی نێچیر کەوتووە."

یاوەرێکی ئیلاجینیش هەڵیدایە:

"هەر نێچیر گرتنەکەیشی وەکوو پێویست نەبوو! بەڵام کارێکی جوان بوو."

ئیلاجینیش کە هەناسەسواریەکەی سووری هەڵگەڕاندبوو، وتی:

"لەبەر ئەوەی تووڵە شوێنکەوتووەکەی پێش خۆی، کەرۆێشکەکەی هەڵاویردبوو، هەر تووڵەیەکی تر بە دوایەوە بوایە: ئەم کەرۆێشکەی دەگرت و، دەیکردە نێچیری خۆی!"

لەو کاتەیشدا، ناتاشا زریکەیەکی کرد، خەریک بوو، گوێیان کەڕ بکات. گەر لە شوێنێکی تردا بوایە و، کپ نەبوایە و، بەو شێوەیە بیقیژاندایە، خۆی لە تەریقیدا دەبووە دڵۆپێک ئاو!

کەس بڕوای نەدەکرد کە ئەو قیژە قیژە ئەو بێت! میرە پیرە بە دەستی خۆی کەرۆێشکەکەی بە سەر قەڵپووزی زینی ئەسپەکەی خۆیدا هەڵواسی و، بە گیانی بەرەنگار بوونەوەوە، سواری ئەسپەکەی بوو و، لە خەڵکەکە دوور کەوتەوە. وەکوو ئەوەی هەر بێزیشی نەیەت، قسەیان لەگەڵ بکات.

ئەوانیش لای خۆیانەوە، وەکوو ئەوەی سوکایەتییان پێ کرابێت، بڵاوەیان لێ کرد و، تا ماوەیەک کپ بوون و، نەگەڕانەوە دۆخی جارانی سوعبەت و قسەی خۆشی خۆیان.

ماوەیەکی باشیش لەو ئاباجۆرە سوور و سپییەیان ڕوانی، کە کپ و سەرکەوتووانە، وەدووی ئەسپی خاوەنەکەی کەوت بوو.

نیکۆلایش وا هات بە خەیاڵیدا، کە ئێستا ئەو تووڵە سوورباوە دەیەوێت بڵێت:

"ڕاستە بە دیمەن هیچ نیم! بەڵام، ڕاو هاتە پێشەوە...جوان سەرنجم بدەن!"

دواتر مامە پیرە لە نیکۆلاوە نزیک بووەوە و، کەوتە دواندنی. ئەویش لای خۆیەوە، کە بینیی مامە لێ بڕاوە و، دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی لە ڕاوەکەدا دەیدوێنێت: هەستی بە شانازی کرد.

بەشی حەوت
بانگ کردنی سەگە(نیان)

کە ئێوارە ئیلاجین داوای لە نیکۆلا کرد، تاکو رێی بدات، بگەڕێتەوە ماڵی خۆیان. نیکۆلایش بیری لەوە کردەوە، کە ئەویش لە ماڵی خۆیان زۆر دوور کەوتووەتەوە. ئەمە وای لێ کرد، کە قسەی نەشکێنێت و، خزمەتکاران و سەگەوانان و، تووڵە و تانجییەکان، بنێرێتەوە بۆ ماڵەوە و، خۆی و خوشک و براکەیشی، میوانی بن و، ئەو شەوە لە رەز و باخەکەی میخائیلۆڤکادا، بەسەر بەرن. ئەو رەزەیش، میرە پیرە خاوەنی بوو.

میرە پیرە وتی،"تەنانەت ئەگەر هەر هەموتان لای من بمێننەوە.. ئەوە روونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە! ئەوە باشترە! ئێستا ئێوارەیەکی شێدارە! هەر کە حەوانەوە. کێژەکە بە گالیسکەی خلیسکێنەکە دەنێرینەوە بۆ ماڵەوە."

ئەوانیش پێشنیارەکەیان پەسەند کرد و، ئەویش خزمەتکارێکی ناردەوە بۆ ئۆترادنوای، تاکوو گالیسکە خلیسکێنە بێنێت.

ناتاشا و پیتیا و نیکۆلا، وەدووی پیرە کەوتن و، بەرەو ماڵەکەی بوونەوە.

پێنج شەش خزمەتکاری گەورە و بچووک، خۆیان گەیاندە دەروازەی ماڵا، بۆ پێشوازی کردن لە گەورەکان. دەیەهایش لە پیرەژن و کێژۆلان و، منالانیش چوونە بەردەرگا، بۆ بینینی میوانەکان.

ناتاشا وەکو خاتوونێکی بە ناوبانگ و، بە سواریی: هێندە سەرنجی پێشوازیکەران راکێشا، لێی نزیک بوونەوە، هەر وەکوو سەیری شتێکی جوانی نێو پیشانگا بکەن وابوو! لە روخساریان دەڕوانی و، قسەیان لە بارەوە دەکرد.

لەوە نەدەگەیشت کە دەیان وت:

"ئاربنکا! سەرنجی بدە! دەڵێی لەسەر بەرمیل هەڵنیشتووە! ئای لە تەنوورە شۆڕەوەبووەکەی! یان: ئای خوایە گیان! چەقۆیشی پێیە!"

یەکێکیان لەوانی تر، ڕوو قایمتر بوو و، لە ناتاشا چووە پێش و لێی پرسی:

"ئەڕێ ئەوە چۆن: لە سەر پشتی ئەسپەکەت، ناکەوێتە خوارەوە!"

میرە پیرەپیش لە بەردەم پلیکانە نقووم بووەکەی نێو سەوزایی بەردەم خانووە تەختەکەیدا، دابەزی و پەنجەی بۆ خزمەتکارانی درێژ کردو قیژاندی بە سەریاندا:

"ئەوانەی پێویست نییە لێرە بن... با بڕۆن. با پێشوازی لە میوانان و ئەسپەکانیان و، تووڵە و تانجییانیان بکەن. خێرا و هەر بە ڕاکردن..."

هەر یەکە و بە لایەکدا، بۆی دەرچوو. خۆیشی دەستی ناتاشای گرت و، لە ئەسپەکەی هێنایە خوارەوە. قۆڵی ئەوی کرد بە قۆڵی خۆیدا و، بەسەر پلیکانە لەرزۆکەکەدا، سەری خست.

دیوارەکانی ئەو خانووە لە تەختەی ئەستووری بۆیە نەکراو بوو. وایش دەرنەدەکەوت کە کاتی خۆی، بایەخ بە و تەختانە درابێت. ڕەنگە دانیشتوانی ئەو خانووە، زۆر گوێیان بە دار و دیواری ئەو خانووە نەدابێت، بۆیە هەر پەڵە و پۆخڵی بوو! بۆنی سێوی گەیشتوویش لە دالانەکەیەوە دەهات. پێستی ڕێوی و گورگیش، بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابوو. میرە پیرە پێش میوانەکان کەوت و، بە دالانەکەدا گەیاندنییە ژوورێکی بچووکی بە شتومەکی لە تەختەی "کابل" دروستکراوی، نێو ماڵ ڕازاوە. لەوێشەوە بۆ هۆڵێک، کە مێزێکی خڕی دار سەروو، لە نێوەڕاستیدا و قەنەفەیەک بە تەنیشتییەوە بوو. لەوێشەوە بۆ ژووری نووسینگەکەی خۆی. میوانەکان قەنەفەیەکی کۆن و فەرشێکی شڕیان تێدا بینی! وێنەی سۆقۆرۆڤیش بە تەنیشت، وێنەی دایک و باوکی خانەخوێوە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لەولا تریشەوە وێنەی میرە پیرە خۆی بوو، بە جلوبەرگی سەربازییەوە. بۆنێکی تیژی تووتن و تووڵە و تانجییش بە ژوورەکەدا بڵاو بووەوە.

خانەخوێ تکای لێ کردن، وا بجوولێنەوە وەکوو ئەوەی لەماڵی خۆیاندا بن. تووڵە ئاباجۆریان بینییەوە، هێشتا قوڕ و چڵپاوەکە، هەر بە پشتییەوە بوو! زمانی درێژ ببوو و، بە هەناسەبڕکێوە، بازێکی هەڵدایە سەر قەنەفەکە. ژووری نووسینگەکەیش، بەسەر ڕاڕەوێکیدا دەڕوانی و، ئەوبەری ڕاڕەوەکەیش لاوانەیەکی قوماشی شڕ و دڕاوی پێوە بوو. لەودیوی ئەو لاوانەیشەوە، دەنگی قیژ و هوڕو پێکەنینی ژنان دەبیسترا.

نیکۆلا و ناتاشا و پیتیا، هەر زوو تەگبیری حەوانەوەی خۆیان کردبوو. لەسەر قەنەفەکە دانیشتن. پیتیا خێرا باسکی خۆی کردە سەرین و، خەوی لێکەوت. نیکۆلا و براکەیشی، کپ و خامۆش. سوور هەڵگەڕابوون و، هەرچەند گەدەیان چۆڵ بوو، بەڵام شادمان بوون. لە دوای ڕاوەکە، نیکۆلایش هێندە گوێی بە خۆنواندن نەدا، لە بەردەم خوشکەکەیدا. چاوێکی لە براکەی داگرت و دایانە قاقای پێکەنین. هێندەی پێنەچوو، میرە پیرە بە ئاودامانێک و، پانتۆڵێک و، جووتێک پیلاوی بچووکەوە و، ڕووبیەکی خۆشەوە، گەڕایەوە بۆ لایان. لەبەر ئەوەی خۆیشی پیاوێکی قۆشمە بوو. پێکەنینی ئەو دوو برایە

بێزاری نەکرد و، داوایشی لێ کردن تا خۆیشی بەشداری پێکەنینەکەیان بێت. بە دەم خولاننەوەی سەبیلە کورتەکەی خۆیەوە، سەبیلێکی دریژی دایە ڕۆستۆف و پێی وت،"سەرنجی کیژۆڵە کۆنتیسە بدە! ئەوە ڕوونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە!مرۆڤ هاوتای ئەوی بۆ نادۆزرێتەوە! بە دریژیی ڕۆژێک بە سەر کۆڵی ئەسپەوە بووە! ئەمەش ماندووبوونێکە... هەموو پیاوێک بەرگەی ناگرێت! کەچی ئەم کیژۆڵەیە هەر پێیشییەوە دیار نییە!"

دوای کەمێک لە هاتنەوەی میرە پیرە بۆ لایان. هێندە بێ چرپە کارەکەرێک پەیدا بوو، دەتووت بە پێخاوسی هاتووە! جوانکیلەیەکی چل سالانە بوو. بە ڕوخسارێکی تەڕوبڕ و، لێوە ئەستوورەکانییەوە، سەرنجی دانیشتوانی دا و، بەخێری هێنان. جوولەکانی کەیلی نەرم و نیانی بوو. هەرچەند کەتەییەکەی، وای بۆ ڕەخساندبوو، سنگی بەرز و، سەری کەمێ بە پشتا بکەوێت. بەڵام تا بڵێی بالا ڕێک و هەڵس وکەوت جوان بوو. هەر خۆیشی ڕاپەڕێنەری کاروبارەکانی، مامە پیرە بوو. سینییەکەی دەستی لە سەر میزەکە دانا و، بە دەست و مەچەکە خرپنەکانی سەرقاپەکانی لە سەر قاپە شووشەکان لادا. پاشان دوور کەوتەوە و لە دەم دەرگاکەدا بە زەردەخەنەیەکەوە وەستا. ڕۆستۆڤیش پێی وابوو، ئەو خانمە دەیەوێت پێی بڵێت،"ئەمە منم! ئێستا جا میرە پیرە تێدەگات!" لە ڕاستیشدا وابوو و، تازە خەریک بوو لە میرە پیرە بگات. تەنانەت ناتاشایش بە هاتنە ژوورەوەی ئانیسیا فیدرۆڤنا و، هاتنەوەیەکی برۆکانی میرە پیرە و، زەردەخەنە پڕ بەختەوەری و، لە خۆ ڕازی بوونەکەی گەیشت! خواردنێکی سووکەڵەیەی بۆیان ئامادە کردبوو، مەی و پیازی جنراو و کێکی ئاردی جۆی بە شیر کراو و، هەنگوین و قەیماغ و، فەریکە گوێز و، مرەبا و ئارەقی نەعنا بوو. ئەو ژنە چەند جۆرێکی مرەبای تێکەڵیشی بە هەنگوین و شەکر، لەگەڵ گۆشتی بەراز و مریشکێکی تازە دەرهێناوی، نێو فڕنی بۆ ئامادە کردبوون. ئەو هەموو خواردنە و جۆرەکانی میوە ـ کە زۆر خاوێن و ڕێک و پێک بوون، بۆنی ئانسیا فیدرۆڤنایان گرتبوو و، لەگەڵ زەردەخەنەکەیداجۆشیان خواردبوو! کە یەک لە دوای یەک قاپەکانیشی دایە دەست ناتاشا، پێیشی وت،"بە چێژەوە بخۆ! کیژۆڵەکەم! کۆنتیسەی چکۆلە!"

ناتاشایش وەکوو ئەوەی، شتی وای بەخۆوە نەدیبێت و، هەرگیز گۆشتی مریشکی برژاوی وای، نەخواردبێت! یان ئەو کێکە و، مرەبای گوێزە! لە هەموو جۆرەکانی چەشت!

ئانسیا فیدرۆڤنا چووە دەرەوە و، میرەو نیکۆلایش، کەوتنە خواردنەوەی ئارەقی گێلاس. بە دەم خواردنەکەوە، باسی ڕاوی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە چاوەڕێی چییان لە تووڵە ئاباجۆر و، تووڵەکانی ئیلاجین کردبوو.

ناتاشایش قیت دانیشتبوو و، بە چاوانی بریسکەدارەوە، گوێی لێیان گرتبوو. چەند جارێکیش ویستی پێتیا لەخەو هەڵبستێنێت. تاکوو نانی بداتێ. بەڵام پێتیا هەموو جارێک بڵمە بڵمێکی دەکرد و، دەنووستەوە! ناتاشا لەو خانووەدا هەستی بە بەختەوەریەکی فرە دەکرد. بۆیە خەمی ئەوەی بوو، گالیسکە خلیسکێنەکان زوو بگەن و، بیانبەنەوە بۆ ماڵی

خۆیان. دوای بیدەنگییەکی وەکوو ئەوەی لە دانیشتنی یەکەمجار، لەگەڵ تازە ناسیاواندا روو دەدات. میرە پیرەیش وەکو ئەوەی وەڵامی پرسیاری گینگڵ خواردووی مێشکیان بداتەوە، وتی،"بەڵێ! وا بەرەو نەمان دەڕۆم! کاتێک مرۆڤ دەمرێت... ئەوە روونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە! هیچی بۆ نامێنێتەوە! کەوابوو نابێت بێبەری بین... بێسوودە."

لەو کاتەدا بە بزەیەکەوە، بەو شێوەیە دەدوا. روخساری بڕێک جوانتر بوو. ڕۆستۆڤیش وەسف و پیاهەڵدانەکانی باوکی خۆی و، خەڵکەکەی بەرامبەر ئەو پیرەمێردە وەبیر هاتەوە. کە بەلایانەوە لە کەسە ڕێزدارەکانە و، لە هەموویشیان دەستکراوە و، نانبدەترە! تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێزانییەکانیان ئەویان بانگ دەکرد و، جێی متمانەی خەڵکەکە بوو و، جێبەجێ کردنی وەسییەتی مردووانیش، بە ئەو دەسپێردرا. کاتی خۆی لە چەند فەرمانگەیەکیش دامەزرابوو. جارێکیش پۆستی دادوەری، پێ درابوو. بەڵام ئەو هەمیشە کارە گشتییەکانی ڕەت دەکردەوە و، بە سواری ئەسپە ڕەشەکەیەوە، هەر خەریکی گەڕان بوو بە دێهاتەکاندا. زستانانی لە بەر ئاگر و هاوینانی لە سایەی سێبەری دارە بڵندەکاندا بەسەر دەبرد.

نیکۆلا لێی پرسی:

"باشە مامە، بۆ نابێتە فەرمانبەری دەوڵەت؟"

ئەویش وتی،"بوویشم بە فەرمانبەر! بەڵام هەر زوو وازم لێ هێنا. ئەو جۆرە کارانە بۆ من گونجاو نین. ئەوە روونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە...!"

هەموان حەزیان لە فەرمانبەری بێت... من نە ء!!ئاە! ڕاو شتێکی تڕە! زۆر جیاوازە! لە کاتی ڕاو و شکاردا هەست بە بوونی خۆم دەکەم! ئەوە روونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە...!

پاشان قیژاندی:

"دەرگاکە بکەنەوە! ئەرێ ئەوە بۆچی داتانخستووە؟"

دەرگاکە لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا بوو و، دەچووەوە سەر خانووی سەگەوانی تووڵە و تانجییەکانی و، خۆی ناوی نابوو:"منش"! ژنە پێخاوسێک بە پەلە خۆی گەیاندێ و، کردییەوە.

لە هەمان کاتدا ئاوازی بالالایکا، دەهاتە گوێ و، دیاربوو ژەنیارێکی کارامە دەیژەند! ناتاشایش ڕای کردە ڕاڕەوەکە، تاکو لە نزیکتڕەوە ببیستێت، چونکە زوو تڕیش ئەو ئاوازەی بیستبوو.

مامە پیرە وتی،"ئەوە میتکای گالیسکەچیە! خۆم ئەو ئامێرە نایابەم بۆ کڕیوە."

هەموو جارێک، کە مامە پیرە لە ڕاو دەگەڕایەوە، حەزی دەکرد گوێ بۆ ئاوازەکانی میتکا بگرێت. ئەمەیش ئارەزوویەکی تری کات بەسەر بردنی ئەو بوو.

نیکۆلایش وەکوو ئەوەی ترسی لەوە بێت، ددان بەوەدا بنێت کە ئەویش چێژ وەر دەگرێت، وتی،"شتێکی چاکە! لە ڕاستیدا زۆر چاکە!"

لەوە دەچوو ناتاشا قسەکەی ئەوی بە دڵا نەبێت هەڵیدایـە:

"چۆن؟ هەر چاکە و بەس؟ زۆر قەشەنگیشە! بـەڵێ!"

چۆن هـەنگوین و پیـاز و مەیەکـەی لـە هـەموو شتێکی دنیـا بـەلاوە خۆشـتر بـوو. ئـەو ئاوازەیشی بە لاوە بالاترینی هونـەری موزیک بوو.

کە گۆرانیبێژ لە گۆرانییەکەی بووەوە، ناتاشا هاواری کرد:

"دووبارە! تکات لێدەکەم دووبارەی بکەوە!"

میتکا جارێکی دی ئامێرەکەی کۆ کردەوە و، کەوتە دەرهێنانی پارچـە مـوزیکی باردینیـا و، ئاوازی "بەڵێ خاتوون". کە لەو سەردەمەدا گۆرانییەکی میللیی زۆر باڵاو و، ناسراو بوو. ئەویش زۆر جوان دەری دەهێنا.

مامە پیرەیش، بە بزەیەکی سەر لێوانەوە، ملی بەلارەوە نابوو و، گوێی بۆ هەڵخستبوو. میتکایش چەند جارێک، هـەمان ئـاوازی (بالالایکـا)ی دووبـارە کـردەوە و، کەسـیش بێـزار نەبوو!

ئانسیا فیدرۆڤنایش شانی بە لاشانی دەرگاکەدا دادابوو و، وەک خاتوونێک، خۆی نواند و وتـی:

"گوێ بگرە، کیژە خان. ئەمە ژەنیارێکی زۆر بە توانا و جوانـە! وا نا؟"

لە ناکاو میرە پیرە هـــاواری کرد:

"ئەم پـارچە ئاوازەیان باش دەرناهێنیت! دەبوو لەمە باشتر بتژەنیایە."

جارێکی دی وتییەوە:

"بـەڵێ! ئەوە روونە! بڕۆ! بڕۆ! بـۆ پێشەوە...! دەبوو باشتر دەرتبهێنایـە."

ناتاشایش لێی پرسی:

"بۆچی تۆیش ژەنیاریت... مامە؟"

مامە پیرەیش بە بـزەیەک وەڵامی ئەوی داوە و بە ئانسیایشی وت:

"ئانسـیا.. بـــڕۆ هـەموو ژێیـەکانی گیتارەکـەم، بەسـەر بکـەوە و رێـک بخـەوە. چونکـە ماوەیەکی زۆرە بە کارم نەهێناوە. ئەوە روونـە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە...!"

ئانسیا فیدرۆڤنایش ورد ورد رۆیشت و فەرمانی گەورەکەی خۆی بە جێ هێنا.

مامە پیرەیش هەر گوێی بە دەوروبەرەکەی نەدا و فووی بە ئـامێرە تۆزاوییەکەدا کرد، تـاکوو پاکی بکاتـەوە. پاشـان بـە پەنجـە ئەستوورەکانی، بـە قـەبارەی گیتارەکەیدا کێشـا و، ژێیـەکانی کـۆک کـردەوە. دواتـر بـاری دانیشـتنەکەی لـەبار تـر کـرد و، بـە خۆنواندنـەوە گیتارەکـەی گرت بـە دەسـتەوە و ئانیشـکی چـەپی لە خـۆی دوور خسـتەوە و، چـاوێکی لە ئانسـیا داگرت. بـە دەسـتە موزیکییەکـەی بـە خـاوی، کەوتـە ژەنینـی ئـاوازی گۆرانیی: بـە درێژیی شەقامەکە... شەقامە قیرتاوە! ئەمەیش گۆرانییەکی بەربڵاوی بە نێوبانگ بوو.

زۆری پێنـەچوو، سەرسـامییەکەی نیکـۆلا و ناتاشـا بـە ئانسـیا رەوییـەوە و، لەگەڵ ئاوازەکەدا جۆشیان خـوارد. ناتـاشا سوور هەڵگەڕا و، سەرپۆشەکەی بـە روخسـاریدا داوە

و، له هۆڵەکه چووه دەرەوه. مامەیش لەسەر ژەنینەکەی سەرومڕ بوو و، چاوانیشی بڕی بووه، ئەو شوێنەی ئانسیا جێی هێشتبوو و، زۆر قەشەنگانە ئاوازەکەی دەردەهێنا و، زەردەخەنەکەی لە جوونە سمێڵە ماش و برنجەکەیدا توایەوە. تا رەوتی ئاوازەکە خێراتر بوایە، ئەویش پتر دەکرایەوە. لە ژەنینەکەی بووەوە و، ناتاشا رای کردە لای و ماچی کردو وتی،"زۆر قەشەنگ و سەرنجڕاکێش بوو... مامە! دووبارەی بکەوە! دووبارە! "

بە لای براکەیشیدا وا لای کردەوە، وەکوو ئەوەی بیەوێت، بڵێت:

"بەڵام ئەوە ئێمە چیمانە؟"

پاشان هاواری کرد:

"نیکۆلا! نیکۆلای چکۆلەم!"

وەکو نیکۆلا شەیدای گۆرانییەکە بووا! مامەیش درێغی نەکرد و، دووبارەی کردەوە. ئانیایش دەرکەوت و چەند کەسێکی تری چێشتخانەکە، بە دوایەوە بوون. ئەمەیش کۆپلەکە بوو:

جێم مەهێڵە! چاوەڕێم کە! هەی جوانکیلەکەم.

با پێکەوە، بەرەو خۆشەویستی راکەین!

تاکو ئاوی ژیانەوە و نەمری، بێنین...

لێرەدا مامە پیرە ئاڵ و گۆڕێکی لێهاتووانەی کرد و، بڕیارەکەی شکاند و بە جوولەیەکی کەوانەیی، کەوتەوە کۆک کردنەوەی ئامێرەکەی دەستی. وەکو ئەوەی گۆرانییەکە بۆ ناتاشا: بڕیاری مردن و ژیان بێت، هاواری کرد:

"خێرا مامە! خێرا بکە!"

مامەیش هەستا و وەکوو ئەوەی دوو مرۆڤی لە خۆدا حەشار دابێت. یەکەمیان پڕ مەترسییەکی شارراوە و شێتانە بێت و، دووەمیشیان: دەست بکاتە سەما لەسەر ئاوازی سادە و قەشەنگ.

دەستی راوەشاند و هاواری ناتاشای کرد:

"ئامادەیت!؟ کەوابوو: برۆ! برۆ! بۆ پێشەوە...! کێژە برازاکەم. "

ناتاشا رای کردە بەردەمی مامە پیرە و، دوای ئەوەی شانە کووڕەکەی جوولاند و، هەر دوو دەستی لەسەر کەمەری خۆی دانا و، خۆی سازدا. بەڵام لە کوێ و چۆن ئەم کۆنتیسە چکۆلەیە ـ کە ژنە کۆچبەرێکی فەڕەنسی پەروەردەی کردبوو ـ توانی بووی وا بە هەڵمژینی هەوای نیشتمان پاراو و، بە گیانی نەتەوە دۆستی، تا ئەو رادەیە، پەروەردەی کردبوو، کە بتوانێت ئاوا جوولەی قەشەنگ بکات و ـ هەر چەند دەمێکیش بوو ئەو سەمایەی نەکردبوو ـ لەگەڵ سەمای (شالا)دا بگونجێت!؟ هەر وەکوو مامە پیرە لێی را دەبینی. بە سیمای رووسیانەیدا دەردەکەوت، کە ئارەزووەکەی خۆڕسکانە بوو.

هەر کە شێوازی لەباری خۆی وەرگرت. بزەیەکی مەکربازانەی کرد و، وەی دایە بەر

نیکۆلا و، هەموو ئەو تەماشاچییانەی کە هەر ئەوەیان لێ رادەبینی، بە هەڵەی جوواڵەکانی تەریقیان بکاتەوە. کەچی هەر زوو سەرسامبوونیان بە ناتاشا پیشان دا!

ناتاشا لێهاتووانە سەماکەی کرد. تەنانەت ئانسیایش ـ کە خۆی دەستە سرێکی ئاوریشمی گونجاوی دابووە دەست، تا سەماکەی پێوە بکات. ـ کاتێک ئەو کۆنتیسە چکۆلە ناسکەی بینی، بەو شۆخ و شەنگییەوە، لە ناو ئەو قوماشە ئاوریشم و قەیفەیانەی بەریدا، سەمای دەکرد. فرمێسک زایە چاوانی! بە ناخیدا ڕۆچوو و، لە دەروونیدا جێگیربوو. هەر ڕووسییەک لەو کاتەدا، بیبینیایە، هەمان هەستی ئەوی لا دروست دەبوو، بەرامبەر ئەو کێژۆڵەیە!

سەماکە کۆتا بوو و، مامە پیرە بە پێکەنینەوە پێی وت:

"ئافەرین! زۆر باشە..ئەی کۆنتیسە چکۆلە! ئەوە ڕوونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە! ئافەرین کێژە بەرازام! ئێستایش هەر لەوەت کەمە، لاوێکی قۆز هەڵبژێریت و، بیکەیتە مێردی خۆت! ئەوە ڕوونە! بڕۆ! بڕۆ! بۆ پێشەوە...!"

نیکۆلایش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"ڕێکو پێک.. لاوی قۆزی خۆی هەڵبژاردووە!"

پیرەیش بە سەرسامییەوە سەرنجێکی پرسایانەی کێژۆڵەکەی دا.

ناتاشایش بە نەوێکردنی سەری. وەڵامی ئەرێیانەی داوە و بەختەوەرانە وتی:

"جا چ مێردێکیش!"

کە ئەوەی وت، چەندین بیرۆکە بە میشکیدا هات. بۆچی کاکەم کە وتی: لاوی قۆزی خۆی هەڵبژاردووە؟ بزەیەک چووە سەر لێوانی!؟ ئەی ئەم هاوسەرگیرییەی منی بە دڵا بووە!؟ یان نە!؟ پێم وا بێت، نیکۆلا لەو شادمانییە ناگات، کە ئێستا لە دەروونماندایە! بەڵام دەتوانێت کە تێ بگات. ئێستا ئەو مێردەم لە کوێیە؟ دەی با هێندەیش بیر لەمانە نەکەینەوە.

ڕوخسارە پەشۆکاوەکەی، جارێکی دی کرایەوە. لای مامە پیرەوە دانیشت و، پرسیاری ئەوەی لێ کرد، کە ئاخۆ دەتوانێت پارچە ئاوازێکی تری بۆ بژەنێت!؟

پیرە ئاوازی گۆرانییەکی تری بۆ ژەند و، دواتر ئاوازی سەمای ڤاڵس. کەمێ کپ بوو و، کۆکەیەکی بۆ کرد و، کەوتە وتنی گۆرانیی ڕاو. کە خۆی زۆری حەز لێبوو:

ئەو دەمی کەوتنەوەی بەفری دوێنێ

بە سەر تەم و مژەکەدا.....

پیرە ... ئاوازی گۆرانییەکەی میللییانە دەوت و، پێی وابوو، شیعری گۆرانییەکە، ئەو بایەخەی نییە! بۆیەیش ئەو گۆرانییە خۆشە سادەیە و لە خوێندنی باڵندەیان دەچێت و، جۆرە جوانییەکی پێ بەخشیووە.

ناتاشایش لەبەر خۆیەوە و، لەگەڵیدا شیعرەکەی دەوتەوە. بڕیاریدا عوودەکەی دەستی وەلاوە بنێت و، بچێتە پاڵ مامە پیرە و گیتارەکەی.

کات لە سەعات نۆی تێپەڕاندبوو، کە دوو گالیسکە خلیسکێنە گەورەکە و، بچووکەکە

گەیشتن. سێ سوارەیشیان لەگەڵدا بوو. بۆ ئەوەی ناتاشا و پیتیا سوار بکەن. ئەوەیشیان پێووتن، کە دایک و باوکیان لە دڵەڕاوکێی ئەوەدان، نازانن منداڵەکانیان لە کوێن!؟ هەر بە خەوتوویی پێتیایان هەڵگرت و، خستیانە گالیسکە خلیسکێنە بچووکەکەوە. نیکۆلا و ناتاشایش، سواری گالیسکە گەورەکە بوون.

مامە پیرەیش بە سۆزێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، ناتاشای لە نێو گالیسکەکەدا داپۆشی. تاکوو سەر ئەو پردەی کە دەبوو پێیدا بسووڕێنەوە و، بە زەوییە رووتمەنەکەدا بڕۆن، لەگەڵیان ڕۆیشت.

کە گەیشتنە ئەو شوێنە فەرمانی بە خزمەتکاران دا، کە لەو زەوییەدا، بە فانۆسەکانیانەوە پێش گالیسکەکان بکەون.

لە سەر هەمان ڕەزمی گۆرانییەکە، هاواری کردەوە:

"ئەو دەمەی دوێنێ بەفرەکە...! خوات لەگەڵ کێژە برازای ئازیزم!"

گالیسکە خلیسکێنەکان، بە نێو دێیەکەدا تێدەپەڕین و، ڕووناکییە سوورباوەکان، تێکەڵ بە بۆنی دووکەڵی بڵندبووەوەی ماڵەکان دەبوو.

هەر کە گەیشتنە شارێیەکە، ناتاشا وتی:

"ئای لەم مامە پیرەیە! چ پیاوێکی نایابە!"

نیکۆلایش پشتگیریی کردو وتی:

"بەڵێ! ئەڕێ سەرمات نیە!"

ئەویش کە سەرسامی بەختەوەرییەکەی خۆی بوو، وتی:

"نەخێر! من زۆر باشم! زۆر باشم. ئای کە هەست بە حەز و خۆزگەکانی خۆم دەکەم!"

ماوەیەکی زۆر کپ بوونەوە. شەوێکی شێداری ئەنگوستەچاو بوو و، سەرنشینانی گالیسکەکە، ئەسپەکانیان بەردەمی خۆیان، نەدەبینی و، لە نێو قوڕو لیتەکەدا، تەنیا هەستیان بە بوونی دەکرد! ئاخۆ لەو دەروونە چکۆلە سادەیەدا، کە پڕبوو لە سۆزی جۆراو جۆر: چی دەچەسپێت!؟ ئەو شتانە چۆن چۆنی باری خۆیان لە دەروونی ناتاشادا وەردەگرن!؟ بە هەرحاڵ ئەو بەختەوەر بوو. هەر کە نزیکی ماڵی خۆیان بوونەوە. ناتاشا لەبەر خۆیەوە، گۆرانییەکەی دەگوتەوە:

ئەو دەمەی بەفر دوێنێ...!!

زۆریشی پێچوو، تاکو ئاوازی گۆرانییەکەی بیرکەوتەوە.

هەر بۆیەیش نیکۆلا لێی پرسی:

"ئاخری ئاوازەکەیت بیرکەوتەوە!"

ناتاشایش لەوی پرسی:

"ئەی تۆ بیرت لە چی دەکردەوە، نیکۆلا؟"

ئەم پرسیارەیش باوی نێو خێزانەکەیان بوو.

نیکۆلایش وتی:

"من؟ زۆر باشە ئێستا پێت دەڵێم: بیرم لە چی دەکردەوە؟ بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاباجۆر تووڵە سورباوەکە... هەر لە مامە پیرە دەچوو! بە خۆمم دەوت: گەر ئەو تووڵە سوورباوە، مامەپیرە بوایە و، مامەیش تووڵە سوورباوەکە بوایە. ئەوا مامەپیرەی لای خۆی، هەر دەهێشتەوە. نەک بۆ ئەوەی راوی بۆ بکات! بەڵکوو لەبەر ئەوەی زۆر پێکەوە گونجاون! ژیان لەگەڵ مامە پیرە زۆر ئاسانە! وا نا؟ ئەی باشە، تۆ بیرت لە چی دەکردەوە؟

ناتاشایش وتی:

"من؟ کەمێک لە سەرم بوەستە. ئا... بیرم کەوتەوە! بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمە هەڵەین، کە پێمان وایە بەرەو مااڵ دەبینەوە! لە راستیدا، لەم شەوە تاریکە ئەنگوستەچاوەدا، هەر خوا خۆی دەزانێت بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆین! تا کاتێک دەزانین خۆمان کردووە بە وڵاتی جنۆکە و پەریاندا! نەک ئۆترادنوای! دواتر... دواتر... نەخێر! بیرم لە هیچ نەدەکردەوە.

نیکۆلا هەڵیدایە:

"ئێستا بڕوام کرد، بەو شێوەیەی باست بۆ کردم. بیرت کردووەتەوە!"

ناتاشایش زۆر بە جدی بیری لە میر ئاندریە کردەوە و، دواتر لێی پرسی کە ئاخۆ ئەویش میری بە دڵە؟

نیکۆلایش وتی:

"نەخێر! ئاە! بەڵێ بەڵێ! با ئەوەیشت پێ بڵێم، کە بەدەم ڕێوە بیرم لە چی دەکردەوە؟ ئاگات لێ بوو کە ئانسیا چ هەڵوێستێکی جوانی هەبوو!"

بە دەنگی خوشکەکەیدا تێگەیشت، کە خوشکەکەی زەردەخەنەیک گرتوویەتی و لەو تاریکییەدا قاقای پێکەنینە باوەکەی لە گوێیدا، دەزرنگایەوە.

لە ناکاو ناتاشایش وتی:

"ئەزانیت ئەو بەختەوەری و ئارامییەی، کە ئەمڕۆ چەشتم، لە ژیانمدا جارێکی دی نایبینمەوە!"

نیکۆلایش پشتگیری نەکرد و وتی:

"قسەی هیچ و پووچ مەکە."

لە دڵی خۆیشیدا وتی:"ئای لە جوانیی ئەم ناتاشایە! نە لە ئێستا و، نە لە داهاتوویشدا هاوڕێیەکی لەم باشترم دەست ناکەوێت. ئەم هاوسەرگیرییەیش، لە منی دادەبڕێت! گەر وا نەبوایە: هەمیشە ژیانمان وەکوو ئەمڕۆ بە خۆشی دەبردەسەر."

لەولایشەوە ناتاشا لە دڵی خۆیدا، وا بیری دەکردەوە،"ئەم نیکۆلایە چەندە نیانە!"

لە پەنجەرەی گالیسکە تاریک و شێدارەکەوە، ڕووناکیی پیشانی نیکۆلا داو وتی:

"ئاە! تائێستایش هۆڵەکەمان، هەر ڕووناکە!"

بەشی هەشت
پیلانی کۆنتیسە

هەرچەند بەو تەگبیر و پیلانەیش باری ئابووریی باشتر نەبوو. بەڵام ئیلیا ئاندرییتش بەرپرسیارێتییە پڕۆکێنەرەکەی ـ کە ـ نقیب النبلا ۞ بوو: لەکۆڵا خۆی کردەوە و، دەستی لەو پۆستەیشی کێشایەوە.

نیکۆلا و ناتاشایش زۆر جاران بە سەر نەزا و پاڕانەوە دڵەڕاوکێکانی باوکیاندا دەچوون. دوو بە دوویش، لە بارەی فرۆشتنی کۆشکەکەی شاری مۆسکۆ و، رەزو باخەکەی دەوروبەرییەوە دەدوان.

کۆنتیش دوا بە دوای خۆدزینەوەکەی، لە پۆستی "نقیب النبل" ئیدی پێویستی بە دەستبڵاوی و ئاهەنگ گێڕان نەما. ژیانیشی بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا لە ئۆترادنوای، ئارامتر بوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، کۆشکە مەزنەکەی هەر جمەی دەهات و، لە هاتوچۆکارانی ساڵانی پێشوو، کەم نەبووەوە. مێز و خوانەکەی هەمیشە لە بیست جۆر خواردنی کەمتر لەسەر نەبوو! نانخۆرانیش کەسانی خێزانیەلێک بوون، کە لە مێژەوە لەو کۆشکەدا لەنگەریان خستبوو و، کەسانێک کە پێیان وابوو، ژیان لە دەرەوەی بنەماڵەکەی ئەو، مەحاڵە! لەوانەیش دیملەری ژەنیار و، خێزانەکەی و، ڤۆگلی مامۆستای سەما و، خێزانەکەی و، پیلۆڤای پیرەژنە قەیرە و، زۆرێکی تریش. لەوانە: مامۆستایانی پیتیا و، ژنە رێبەری ئەوسای کچانی بنەماڵەکە و، کەسانێکیش کە پێیان وابوو، ژیان و گوزەران لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا، لە ماڵی جیای خۆیان خۆشترە.

هەرچەند میوانانی بنەماڵەکە کەمتر بووبووەوە. بەڵام ڕەوشی ژیانی ماڵەکە وەکو خۆی مابووەوە. چونکە کۆنتە و کۆنتیسەی هاوسەری، هێند لێهاتوو نەبوون بتوانن ڕەوشی ژیانی خۆیان لە ماڵەکەدا، بگۆڕن. پێداویستییەکانی ڕاو و شکار لە شوێنی خۆی مابووەوە و، بگرە بە هۆی هاتنەوەی نیکۆلایشەوە، گروپێکی تری ڕاوچییانیشی چووە سەر. پەنجا ئەسپەکەی گەووڕەکانیش هەر وەکوو جاران بوو و، پازدە گالیسکەوانیش سەرپەرشتیی دەکردن.

دیاریيە گرانبەهاکانیش لە بۆنە و ئاهەنگە گەورەکاندا، وەکوو جاران پێشکەش دەکران. ئاهەنگ و دانیشتنەکانی یاریی کاغەزێنەکەیش، بە هەموو جۆرەکانییەوە ـ کە زۆر جاران کۆنت کاغەزە قوماڕەکانی خۆی بۆ دەخستنە ڕوو و، قومارچییانیش کێبڕکێی یاری کردنیان لەگەڵیدا، وەکو خۆی مابووەوە.

لەبەر ئەوە کۆنت خۆیشی هۆیەک بوو، لە هۆیەکانی داڕووخاندندنی باری دارایی و ئابووریی بنەماڵەکە. هەمیشەیش لە تەقەلای ئەوەدابوو کە کۆنتیسە بێنێتە سەر ئەو باوەڕەی، کە پیاوێکی ئاساییە و، لە ڕێ دەرچوو نییە! بەڵام توانای ئەوەیشی نەبوو، ئەو تۆڕە بە ئەرکەی بنەماڵەکەی تێ کەوتووە، لەبەر یەک هەڵبوەشێنێت! لەبەر ئەم بێتوانایيەی ئەو بوو، کۆنتیسە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە بنەماڵەکەیان، بەرەو داڕووخاندن دەڕوات.

زوو زوویش خۆی قایل دەکرد، کە کۆنت تاوانبار نییە. چونکە هەر هێندەی بۆ دەکرێت و، هەرچەند لێیشمان دەشارێتەوە. بەڵام خەمێکی زۆر بەو ئابووریيە لەرزۆکەی خۆیان دەخوات. کە هەڕەشە لە ئایندەی بنەماڵەکەیان دەکات.

ئەوەبوو کۆنتیسە کەوتە بیرکردنەوە و، گەڕان بۆ چارەسەری ئەم دەردە کوشندەیە. لەبەر ئەوەی ژن بوو: ئەوەی بە چارەسەر زانی کە کچە میراتگرێکی ساماندارى دەوڵەمەند، بۆ نیکۆلا بخوازێت و، بیکاتە بووکی خۆی. وای دانا کە ئەمە دواین ئومێدیانە و، خۆ گەر نیکۆلا ڕۆستۆفیش ئەم جۆرە ژنهێنانەی ڕەت کردەوە. واتە ئەو کچەی کە خۆی بۆی دیاری دەکات. ئەوا ئابووریی بنەماڵەکەی لە داڕووخاندن ڕزگار نابێت! ئەو کچە میراتگرە زۆر دەوڵەمەندەیش، کە کۆنتیسە بۆی دیاری کردبوو. کچە جوولی کاراگین بوو. ئەو کچەیش منالّی دایک و باوکێکی زۆر باش بوو و، بنەماڵەکەی خۆیان، هەر لە منالّییەوە دەیانناسی و، بەم دواییانەیش و بە مردنی تەنیا براکەی، بووە میراتگری تەواوی سامان و دارایی بنەماڵەکەیان.

کۆنتیسە نامەیەکی بۆ خاتوو کاراگین نووسی و، بیرۆکەکەی خستە بەردەمی. دواتریش وەلامێکی لەباری نامەکەی وەرگرتەوە. دایکی جوولی، مێرد کردنی کچەکەی بە نیکۆلا پەسەند کردبوو. بەڵام دەبێت بڕیاری کۆتایی، لە دەست کچەکە خۆیدا بێت. بانگهێشتی نیکۆلایشی کردبوو، بۆ مۆسکۆ، تاکو سەردانیان بکات. چەندین جار بە چاوانی بە فرمێسکەوە، بە نیکۆلا ڕۆستۆفی کوڕی وتبوو، کە دوو خوشکەکەی لە سایەی

میردەکانی خۆیاندان و، ئیستا تەنیا ئاواتی ئەوان: ئەوەیە کە براکەیان ژن بێنێت! خۆیشی دەیەوێت ژنی کوڕەکەی ببینێت. تاکو بە ئاسوودەییەوە بمرێت.

هەر کە زانیشی کاری لە ناخی نیکۆلا کردووە، وای پیشاندا، کە لەمێژە خۆی کێژۆڵەیەکی سەرنجراکێشی جوانی بۆ هەڵبژاردووە. چەند هەلێکی قۆستەوە و، تێیدا کەوتە پێداهەڵدانی جوولی و ئامۆژگاری نیکۆلا ڕۆستۆفیشی کرد، کە بایەکی باڵی خۆی بدات و، لە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیحدا، سەردانی شاری مۆسکۆ بکات. هەر زوو نیکۆلایش لای خۆیەوە لەوە گەیشت کە دایکی دەیەوێت: ئەو جوولی یە ببینێت. لەبەر ئەوە کەوتە قسە لێ دەرهێنانی و، بن زمان کێشانەوەی. تا وای لە کۆنتیسی دایکی کرد ددان بەوەدا بنێت: کە مارەکردنی جوولی تەنیا پاڵپشتە، بۆ رزگار کردنی باری داریی بنەماڵەکەیان.

نیکۆلایش بێ ئەوەی گوێ بە ڕەقیی پرسیارەکەی بدات و وتی:

"ئای دایە گیان! ئاخۆ ئەگەر کچێکم خۆش ویست. نە جیازی باشی هەبوو و، نە میراتگر بوو: ڕەتی بکەمەوە و شەرەف و خۆشەویستی، بکەمە قوربانیی سامان و دارایی؟"

دایکیشی هەڵیدایە:

"نیکۆلا چکۆلەکە! من لە بەختەوەریی تۆ دەگەڕێم. بەڵام تۆ لێم تێناگەیت."

لەبەر ئەوەی خۆیشی بڕوای بە قسەکەی خۆی نەبوو! بۆیە شڵەژا و، دایە پڕمەی گۆیان.

نیکۆلایش وتی:

"دایە گیان مەگری! هەر ئەوەندە بڵێ کە خۆت حەزت لەو کارەیە. ئەوسا دەبینیت چۆن ژیانی خۆم و هەموو شتێک دەخەمە پێناوی ڕازی کردنی تۆوە. بەڵێ! قوربانیی بە هەموو شتێکی خۆم دەدەم. تەنانەت بە سۆز و هەستیشم لە پێناوی تۆدا!"

کۆنتیسە چاوەڕێی ئەمەی لە کوڕەکەی نەکردبوو. ئەوێک کە زۆر لەوەوە دوورە، داوا لە کوڕەکەی بکات، خۆی بکاتە قوربانی ئەو. بەڵکو بە پێچەوانەوە بوو. خۆی وەکو هەر دایکێک ئامادەبوو، ببێتە قوربانی کوڕەکەی.

بە دەم سڕینەوەی فرمێسکەکانیشیەوە وتی:

"نەخێر! تۆ لە من نەگەیشتیت! دەی... با لێرەدا وتوویژەکەمان بوەستێنین."

نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەڵام لە ڕاستیشدا وایە، ئەی ئەوە نییە کچە هەژارێکم خۆش دەوێت؟" کەوابوو پێویستە قوربانیی بە خۆشەویستی و، شەرەفی خۆم بدەم! سەرم لە دایکم سوڕماوە، کەوا ئەمەم پێ دەڵێت! ئێستا سۆنیا هەژارە و، منیش مافی ئەوەم نییە خۆشم بوێت و، وەڵامی

ئەو خۆشەویستی و دڵسۆزی و پاکییەی ئەو بدەمەوە. با لەگەڵ ئەمیشدا بەختەوەرتر بم، تا ئەو جوولییەی، کە هەر لە بووکەشووشە دەچێت. هەرچەند دەتوانم قوربانیی بە سۆز و خۆشەویستیی خۆم بدەم، لە پێناوی باوکمدا. بەڵام من فەرمان بەسەر ئەواندا بدەم. ئەوە مەحاڵە! خۆشەویستییەکەی سۆنیایش بە هێزترین شت دەبێت بە لامەوە و، هەمیشەیش بە باڵایی لام دەمێنێتەوە.

نە کۆنتیسەی دایکی دواتر لەو بارەیەوە دوا و، نە نیکۆلا ڕۆستۆڤیش سەردانی مۆسکۆی کرد. بەڵام کۆنتیسە هەرچەند سەرزەنشتی خۆیشی دەکرد، بۆ ئەو هەڵوێستە خراپەیشی، بەڵام لای خۆیەوە هەستی بە خەم و ڕق لێ بوونەوە دەکرد لەو سۆنیا هەژارە بێ جیازییەی، کەوا کوڕەکەی هۆگری بوو بوو. بەڵام خۆی بۆ نەدەگیرا و، تەنانەت ئەو کاتانەیش کە بە جێناوی کۆ دەیدواند. یان پێی بووتایە ئازیزەکەم. هەر بەرەنگاری دەبووەوە. ڕق و کینەی ئەستوورتر کردبوو، بەرامبەر ئەو خوشکەزا چاو ڕەشەی خۆی. لێزانی و دڵسۆزییەکەی بۆیان و، بە تایبەتی بۆ نیکۆلا. گەیاندبوویە ئاستێک، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرا ڕەخنەی لێ بگیرێت.

نیکۆلا پشووەکەی لای ئەو خزمانەی بەسەر برد، کە لە ڕۆماوە، چوارەم نامەی میر ئاندریەیان پێگەیشت بوو و، تێیدا هاتبوو:

"ئەگەر بە هۆی نالەباریی کەش و هەواوە بڕینەکانی هەڵی نەدایەتەوە. کە هەر ئەمەیش هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەکەیەتی، بۆ سەرەتای ساڵی داهاتوو. ئەوا ئێستا بە ڕێی گەڕانەوەوە بوو."

ئێستایش ناتاشا بەو ئارامییەوەیە کە لە سەری ڕاهات بوو و، دڵی هەر وا بە لای دەزگیرانەکەیەوە بوو. بە کراوەییەکەی خۆیەوە بە ڕووی ژیاندا، مابووەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا لە کۆتایی چوارەم مانگی دوای سەفەرەکەی میر ئاندریەوە، هەستی بە چەندین پەڵە هەوری، خەم و پەژارە دەکرد، بە ئاسمانی بیر کردنەوەی خۆیەوە، کە مەحاڵا بوو، بتوانێت بەرگەیان بگرێت!

ئیدی بەزەیی بە خۆیدا دەهاتەوە و، ئاخی بۆ خۆی و بۆ ئەو بە فیڕۆ چوونەی، تەمەنی خۆی هەڵدەکێشا. لە کاتێکدا لە ناخیشەوە هەستی دەکرد کە هێشتا کاتی زۆری بە دەستەوە مابوو، بۆ ئەوەی خۆشەویستیی بکات و خۆش بوبستریت. لەبەر ئەوە، لەوەناچێت ژیان لەگەڵ بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا وەکو ئەو پێی وابوو، کە ئاسوودە دەبێت بە ئاسوودەیی بەسەربەرێت.

بەشی نۆ
ئازارەکانی ناتاشا

جەژنی لە دایک بوونی مەسیح هاتەوە و، لە نوێژە شکۆیەکەی و، پیرۆزبایی خزمەتکاران و، دەرو دراوسێ بێزراوەکان و، لەبەر کردنی جلوبەرگی نوێ بەولاوە، جیاوازییەکی لە رۆژانی تر نەبوو. بیست پلەی خوار سفرەوەکەی ئەو رۆژە، بە پاڵپشتیی رەشەبا و، ساماڵەکەی و، سایەقەی شەوی و، ئاسمانە بە ئەستێرەکەی، وای لە مرۆڤ دەکرد، بە شێوازی نائاسایی بە رێی بکات. دوای نانی نیوەڕۆی سێیەم رۆژ: هەر یەکە و چووەوە ژوورەکەی خۆی و، بێزاربوونیان گەیشتە ئەوپەڕی.

دوای ئەوەی نیکۆلا سەردانی دەرو دراوسێکانی کرد. چووەوە سەر جێ و نوێنەکەی خۆی، تا کەمێک بنوێت. پیرە کۆنتیش لە نووسینگەکەی خۆی لێی راکشا.

سۆنیایش وێنەیەکی هۆڵەکەی دەگواستەوە و، کۆنتیسەش، بە تەنیا خەریکی یاریی کاغەزێن بوو و، نستاسیا ئیڤانۆڤنای سوعبەتچیی بەر پەنجەرەکە و ئەو دوو پیرەژنە نیانەی لەگەڵی بوون، پشتگوێ خست بوو.

ناتاشایش هاتە ژوورەوە و، سەرنجی کارەکەی سۆنیای دا. پاشان لە بەردەم دایکیدا قوت بووەوە.

دایکیشی وتی:

"ئەوە بۆ وەکوو رەوانێکی ئازار چەشتوو. خەیاڵا دەتباتەوە؟ چیت دەوێت؟"

ناتاشایش بە روخسارێکی تۆقێنەرەوە وتی:

"ئەوم دەوێت! هەر ئێستایش و، هەر لەم ئان و ساتەدا..."

کۆنتیسەی دایکیشی سەری بڵند کردەوە و سەرنجێکی قووڵی کچەکەی دا.

ناتاشایش هەڵیدایە:

"دایکه"بەم شێوەیە سەیرم مەکە! ئاخر سەیرم مەکە، با کتوپڕ نەدەمە پڕمەی گریان."
دایکیشی وتی:
"وەرە لە نزیکی خۆمەوە دابنیشە."
ناتاشایش وتی:
"دایکە... ئەوم دەوێت! خوایە گیان... ئاخر بۆچی ئەم ئازارەم بە سەردا دەسەپێنیت؟"
فرمێسک زایە گۆشەی چاوانی و تێکچوو. رووپشی وەرگێڕا. تاکوو دایکی نەیبینێت. لە هەڵاتن بەولاوە، هیچی تری بۆ نەمایەوە. بە راکردن خۆی کرد بە ژووری نوستنەکەیدا و، دواتر چوو بۆ ژووری کارەکەرەکان.
لە ئەوێیش ئەو پیرەژنەی بینی کە بەرپرسی جلوبەرگ و، قاپ و قاچاغە زیوینەکانی کۆشک بوو و، لەو کاتەدا سەرزەنشتی کێژۆڵە کارەکەرێکی بەردەستی خۆیی دەکرد، کە هەنسکی دەدا و تازە لە سەر ئاوەکە گەڕابووەوە و، لە سەرما هەڵدەلەرزی.
ئەو پیرەژنە دەیشێراندو دەیوت:
"ئەرێ ئەوە یاری کردن هەر کۆتا نەبوو؟ هەر شتە و کاتی خۆی هەیە!"
ناتاشا هەڵیدایە:
"وازی لێ بینە! برۆ ماڤرۆشا... بـــڕۆ."
دوای ئەوەی ئەو چاکەیەی بەرامبەر ئەو کێژۆڵەیە کرد، هۆڵـی سەماکەی تێپەڕاند و، گەیشتە ڕاڕەوەکە. لەوێیش سێ خزمەتکاری بینی. پیرەمێردێک و دوو هەرزەکار و، خەریکی یاریی کاغەزێن بوون. هەر کە ئەویان بینی. یاریەکەیان وەستاند و، لەبەری هەستان.
ناتاشایش لە دڵی خۆیدا وتی:
"ئەرێ بە چییەوە سەرقاڵیان بکەم!؟ ئا... بیرم کەوتەوە! میتکا بچۆ کەڵەشێرێکم بۆ بێنە. میتشا تۆیش، کەمێک هەرزنم بۆ بێنە."
میتشایش سادانە پرسیی:
"زۆر یان کەمێک هەرزن بێنم؟"
ناتاشا ڕووی کردە ئەوی تریان:
ـ فیدۆر تۆیش "حکاک"م بۆ بێنە.
بە لای گەنجینەکە و فۆکای سفرەچیدا ـ کە زۆری چێژ لە بەسەرداخورپینی وەردەگرت. چونکە پیاوێکی هێمن و شێنەیی بوو ـ ، تێپەڕی و هەرچەند کاتیشی نەبوو.
بە ئەویشی وت:
"تۆیش سەماوەرەکە ئامادە بکە."
ئەویش تا فەرمانەکەی لێ دوبارە نەکرایەوە. بـڕوای بە گوێی خۆی نەکرد.
پاشان بە بێزارییەوە وتی:
"ئۆو! ئەمە چۆن کچێکە؟"

هیچ کەسێک بە هێندەی ئەو ناتاشایە، لەو کۆشکەدا، ئەوانی بێزار نەدەکرد و، لێی تێک نەدەدان! دەیشیویست ئەوەی بۆ دەر بکەوێت، کە کارەکەران و خزمەتکارانی کۆشک، لێی وەڕز نین! فەرمانبەکانی جێبەجێ دەکەن و، هەمیشە لە تەقەلای ئەوەدان کە لە خۆیانی رازی بکەن.

لە ڕاڕوەکەدا دەهات و دەچوو و، بە سەرسامییەوە لە خۆی دەپرسی:

"ئاخر من دەتوانم چی بکەم؟ ڕوو لە کوێ بکەم؟"

پیرەمێردە قۆشمەچییەکەیش بە جلی ژێرەوەی ژنانەوە هات و، ئەویش لێی پرسیی:

"نیستاسیا ئیڤانۆڤنا تۆ لە چی دەترسیت؟"

ئەویش خێرا وتی:

"لە سیسرک و کێچ و، مێشوولەی زۆنگاوەکان..."

ناتاشایش وتی:"ئۆی خوایە گیان! خوایە! هەر هەمان شتە و ڕۆژانە چەند بارە دەبێتەوە! چۆن خۆم بشارمەوە!؟ بە چییەوە خۆم خەریک بکەم؟"

بەو پلیکانەیەدا سەرکەوت کە دەچووەوە سەر ماڵەکەی ڤۆگل و خێزانەکەی و، زرم و هورێکی زۆری دروست کرد. دوو کەیبانووی بینی. قاپ و قاچاخی خوانیان پێ بوو. کە شەربەتی مێووژ و چوالە بادەم و، خرنووکیان تێدابوو. کە چ لە مۆسکۆ و، چ لە ئۆدیسادا خۆراکی سەرەکیی بژێویی بوون.

ناتاشا وەکوو ئەوەی بایەخ بە قسەکان بدات، دانیشت.

لە پڕێکدا هەستا و وتی:

ما..دا.. غاس...کر..

بە شێوەی بچڕ بچڕ کەوتە چەندبارە کردنەوەی ئەو زاراوەیە.

لای ئەوان کشایەوە. بێ ئەوەی وەڵامی ئەو خاتوو شووسەیش بداتەوە، کە داوای ڕوون کردنەوەی زیاتری لە بارەی ئەو زاراوەیەوە لێ کردبوو. کە هەر دەیوت و دەیوتەوە! پاشان پێتیای بینی، وا لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی خۆیدایە و، ئەویش تیری ئاگرینی بۆ ئامادە دەکات. تاکوو ئێوارە و، دنیا تاریک بوو، بیان هاوێژێت.

هاواری کردە ئەویش:

"پێتیا بمکەرە کۆڵت و بمگەیەنە خوارەوە! "

پێتیایش ڕای کردە لای و، بۆی داموکایەوە و، ئەویش خۆی هەڵدایە سەر پشتی و، باوەشی بە ملیدا کرد!

پێتیایش بە کۆڵەکەیەوە وەکوو ئەسپ کەوتە لۆقە کردن. دواتر ناتاشا خۆی هەڵدایەوە سەر پلیکانەکە.

بە دەم هاتنە خوارەوەوە وتی:

"هێندە بەسە! دوورگەی مەدەغەشقەر..."

دوای ئەوەی دەولەتەکەی خۆی بە سەر کردەوە. ناتاشا خۆی: ئەو ناوەی لە بەشەکانی کۆشک نابوو. سنووری دەسەلاتی خۆی تاقی کردەوە. لەوە گەیشت کە ئەوانەی نێو کۆشکی بێزار کردووە و، بە گوێیشی دەکەن و، هێشتا لە ژێر جلەوی خۆیدان.

پاشان کشایەوە بۆ هۆڵی موزیک و، لە سوچێکی تاریکدا لێی دانیشت. دواتر کەوتە یاری کردن بە ژێیەکانی گیتارەکەی و، لە تەقەلای ئەوەدا بوو، کۆپلەیەکی یەکێک لەو ئۆپێرایانەی بیر بکەوێتەوە، کە لە پیترزبورگ و، لەگەڵ میر ئاندریەدا بیستبوونی. ئەوەی گوێی لە ژەنینەکەی بگرتایە: تێی نەدەگەیشت! بەڵام خۆی وا نەبوو و، ئاوازەکە دنیایەک هەستی تێیدا دەوروژاند.

چووە پشت سندوقی شتومەکەکەوە و، لەوێوە سەرنجی ئەو رووناکییەی دەدا کە لە دەرگای ژووری گەنجینەوە دیار بوو. دواتر خۆی دا بە دەست چێژی بیرەوەرییەکانی خۆیەوە و، رووە و گەنجینەکە، سەرنجێکی ئەوێی دا و، پەردەخێکی بە دەستەوە گرت و، هۆڵەکەی تێپەڕاند. پاشان بە لای دەرگاکەی تردا، لای کردەوە و ئەو رووناکییەی بینی، کە لە کونی کیلوونەکەیەوە، داهاتە ژوورەکەوە. وا بە خەیاڵیدا هات، کە ئەو دیمەنەیش بەشێک لە بیرەوەرییەکانی پێک دێنێت.

ئاوایش ویستی خۆی قایل بکات:

"بەڵی لەمەوپێش، هێڵا بە هێڵی ئەمەم بینیوە."

کە سۆنیایشی بینی، یاری بە ژێیەکانی گیتارەکە دەکات، هاواری لێکرد:

"سۆنیا لێرەدا، کام ئـــاواز بژەنم؟"

سۆنیایش لێی نزیکتر بووەوە و وتی:

"ئۆو! ئەوە تۆیش لێرەیت!؟ خۆیشم نازانم چیت پێ بڵێم!"

هەرچەند خەمی ئەوەیشی بوو، وا نەبێت و بە هەلەدا چووبێت، پرسیی:

"ئەوە ئاوازی "گەیژەڵووکە" نییە؟"

ناتاشایش لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەی! بەڵێ! ئەو هەمیشە ئەمە حاڵێتی! روو بە خەندەیە و، هەمیشە ئەمەم وتووە و، وا ئێستایش دەیڵێمەوە: ئەم کچە: لە شتێکی کەمە!"

دواتر سەرخۆی هاتەوە و، وەڵامی سۆنیای دایەوە:

"نەخێر وا نییە! ئەمە پارچە ئاوازی "گۆزەی کانی"ی ئۆپێرای "شیرۆبینی"یە. باش گوێم لێ بگرە. بۆ ئەوەی سۆنیا قایل بکات. خۆیشی تا کۆتایی ئـاوازەکەی وتەوە.

سۆنیا لێی پرسیی:

"بۆ کوێ دەچیت؟"

ئەویش وتی:

"دەچم ئاوی ئەم پەرداخە بگۆڕم. ئـاخر ئێستا لە نیگار کێشان بوومەوە."

سۆنیایش وتی:

"تۆ وەکوو من نیت و، هەمیشە زانیوتە کاتەکانت چۆن بەسەر بەریت... ئەی نیکۆلا لە کوێیە؟ رەنگە نوستبێت."

ناتاشایش وتی:

"دە برۆ هەڵی بستێنە و، پێی بڵێ: با بێت گۆرانیم لەگەڵ بڵێت."

لە سووچی ژوورەکەدا، خۆی یەک هێناوە و، لە خۆی پرسی: کە چۆن ئەو هەموو شتە رووبدا و، پاشان بە لای دەرگاکەی تردا لای کردەوە خۆی بدۆزێتەوە. هەرچەند زۆر بە داخیش نەبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی وەربگرێتەوە.

سەرلەنوێ بە ئاسمانی ئەندێشەیدا، لە شەقەی بااڵی دایەوە و، گەڕایەوە بۆ ئەو بڕە سەعاتە کەمەی، لەگەڵ میر ئاندریەدا بە سەری برد بوو و، چەندە بە پەرۆشەوە لێی دەڕوانی!

پاشان بە خۆیی وت:"ئاخ! دە با زوو بگەڕێتەوە! ئاخر من زۆر لەوە دەترسم، هاوسەرگیرییەکەمان هەڵ بوەشێتەوە! مۆڵەتی قسەی تێدا نەماوە و، وا دادەکەوم. ئاخر دوای ماوەیەکی تر، وەکوو ئێستای خۆم نامێنمەوە... بەڵام کێیش دەزانێت؟ رەنگە هەر ئەمڕۆ بگەڕێتەوە و، لە هۆڵەکەماندا چاوەڕوانم بێت! دوور نییە دوێنێ گەیشت بێت و، خۆم ببرم چووبێتەوە!"گیتارەکەی خستە الوە و، لە جێی خۆی هەستا و، بەرەو هۆڵەکە بووەوە. ئەو هۆڵەی هەر لە مامۆستایان و، کابانەکانی مااڵ و، خزمان و میوانانەوە تاکو خزمەتکاران، چایان تێدا دەخواردەوە و، بە بەر مێزی نانخواردنەکەیدا، دەهاتن و دەچوون و، هەموو شتێک تێیدا زۆر ئاسایی بەڕێوە دەچوو. تەنیا ئەوەی هەبوو کە میر ئاندریەی لێ نەبوو. کە پیرە کۆنت کچەکەی خۆی بینی: وا دێتە ژوورەوە، وتی:

"ئاە! ئەوە خۆیەتی! وەرە لای خۆمەوە ... دابنیشە."

بەڵام ناتاشا لە بەردەم دایکیدا قوت بووەوە و، وەکوو بۆ شتێک بگەڕێت، لە دەورو بەری خۆی روانی. زۆر بە سۆزەوە ویستی قسە بکات. بەڵام زۆر بەگران و، نەیهێشت کە فرمێسکەکانی دابوەرن. لەسەر خوانەکە دانیشت و، گوێی بۆ وتوویژی پیران و قسەکانی نیکۆلا گرت. کە ئەویش هەر لەو کاتەدا هاتبووە نێویانەوە.

پاشان ناتاشا لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای پەروەردگار! پەروەردگارم! هەمیشە هەمان روخسارن! هەمان وتوویژ دەکەنەوە! تەنانەت شێوازەکەی باوکیشم. هەر لە گرتنی کووپەکەیەوە. تا دەگاتە فوو لێ کردنەکەی!"

ناتاشا هەستی بە ترسێکی تۆقێنەر کرد و، رقبوونەوەیەکی تۆخ، لە هەموو دانیشتوانی ماڵەکە.

کتوپڕ وا هات بە مێشکیدا: کە ئەوان هەر وەکو خۆیانن و، بە هیچ شێوەیەک ناگۆڕدرێن! دوای چا خواردنەوەکە، نیکۆلا و ناتاشا و سۆنیا، چوونەوە ژێرزەمینە کۆنەکە: وەکو جارانیان، دەردە دڵی خۆیان بۆ یەکتر بکەن."

بەشی دە
قایل بووان

هەر کە دانیشتن، ناتاشا بە براکەی وت:

"هەرگیز ئەوە بە خۆتەوە نابینیت، کە پێت وابێت: هیچ شتێک لە چاوەڕوانیی تۆدا نییە! هەموو بەختەوەرییەکت، دەستکەوتووە و، هەست بە خەم و پەژارە ناکەیت."

ئەویش وتی:

"بێگومان! ئەو کاتانەی هەموو شتانی دەوروبەرم باشن و، شیرین و شادمانن. کەچی لە ناکاوێکدا قێزم لە هەموو شتێک دێتەوە و، وا بیر دەکەمەوە، کە پێویستە هەموومان بمرین!"

جارێکیان کە لە فەیلەق بووم. لە سەیرانگاکەیشەوە، زرمەی تەپڵ و، دەنگی مووزیکیش دەهات، کەچی هێندە بێزار بووم.. نەچووم!

ناتاشایش وتی:

"ئاە! منیش بەوەم زانیوە! منیش ئەو هەستەم لە لا دروست بووە! هێشتا زۆر منالّیش بووم کە ئەوەم بەسەر هاتووە! بیرم دێت جارێکیان لەسەر قۆخێک سزا درام. ئێوەیش لەولاوە سەماتان دەکرد. ئەوان منیان بە تەنیا جێ هێشت! ئای کە منیش فرمێسکم هەڵرشت! هەرگیز ئەوەم بیر ناچێتەوە! دەکرووزامەوە و، بە خۆم و ئێوەمدا هەڵدەدا. ئەوەیشی کە خەمی زیاتری پێ خواردم. ئەوەبوو: کە شتێکی خراپی ئەوتۆم نەکردبوو! بیرت دێتەوە؟"

نیکۆلایش وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! تەنانەت ئەوەیشم بیر ماوە، کە هاتم بۆ لای تۆ و، دڵم دایتەوە. نەیشم دەزانی چۆن لەگەڵت بجوولێمەوە. دەزانی هەردوکمان ترسناکانە: ناجۆر بووین! بووکە قۆشمەیەکی سەماکەری مقەبام هەبوو و، ویستم پێشکەشی تۆی بکەم... بیرت ماوە؟"

ناتاشایش بە بزەیەکی ئەندێشاوییەوە وتی:

"بیرت دێت، بەر لە رووداوەکە و، ئەو دەمەی ئێمە منداڵ بووین. جارێکیان مامەمان بانگی نووسینگەکەی خۆی کردین. ئەو دەمە هێشتا لە خانووە کۆنەکەدا بووین. ئێوارەیەکی تاریک و، ئەنگوستەچاو بوو! هەر کە چووینە ژوورەوە. کتوپڕ ئەومان بینی..."

نیکۆلایش بە رووبەکی کراوەوە، قسەکانی ئەوی دڕێژە پێدا:

"مەبەستت کۆیلە رەشەکەیە؟ جا چۆن ئەوەم بیر دەچێتەوە!؟ ئێستا و ئەوسایش نەمزانی: ئەوە کۆیلەی راستەقینە بوو!؟ یان ئێمە لە خەیاڵی خۆماندا دروستمان کردبوو؟ ئاخۆ بۆ کەسمان گێڕایەوە؟"

ناتاشایش وتی:

"رەنگی خۆڵەمێشی و، ریزە ددانەکانی سپی بوو! بە پێوە وەستابوو و، لە ئێمەی دەڕوانی! سۆنیا تۆیش بیرت دێتەوە؟"

سۆنیایش بە کەمێک تەریقییەوە وتی:

"بەڵێ! بەڵێ!"

ناتاشایش هەڵیدایە:

"لە بارەی ئەو کۆیلەیەوە، قسەم بۆ دایک و باوکم کرد و، ئەوانیش لەسەر ئەوە سوور بوون، کە هەرگیز خاوەنی کۆیلە نەبوون! کەچی ئەوەتا تۆیش لە بیرت ماوە!"

نیکۆلایش وتی:

"بێگومان! هەر وەکو ئەوە وایە: دوێنێ رووی دابێت!"

ناتاشایش هەڵیدایە:

"لەو چیرۆکەدا، تەنیا ئەوەیم پێ جوانە: کە هەر لە خەون دەچوو!"

نیکۆلایش وتی:

"رۆژێکی تریان، هێلکەیەکمان لە هۆڵی سەماکەدا، خل دەکردەوە. لە ناکاو دوو پیرەژن پەیدا بوون! بیرت ماوە؟ تووخوا ئەو ڕووداوە قەشەنگ نەبوو؟"

ناتاشایان وتی:

"ئەی چۆن؟ ئەی تۆیش بیرت دێتەوە کە: بابە بە فەرووە شینەکەی بەرییەوە، بە سەر پلیکانەکانەوە تفەنگی دەتەقاند؟"

ئەو بیرەوەرییە منالانانە یەک لە دوای یەک بە بەر چاویاندا تێ دەپەڕین. بیرەوەرییە رابردووەکان، تێیاندا راستییەکان ئاوێزانی ئەندێشە دەبوون و، دەیهێنانە پێکەنێنێکی ناسکی وا، کە پێی بەختەوەر دەبوون.

هەرچەند سۆنیایش بەشداری بیرەوەریەکانیان بوو. بەڵام وەکوو ئەوان، دیمەنەکانی بە روونی، بیر نەدەهاتەوە. دووڕە پەرێزیان بوو، وەکوو ئەوان دەستی وەرنەدەدایە رابردووی خۆی. بەڵام هەر کە هاتنەوەکەی نیکۆلایان بۆ ماڵەوە، گێڕایەوە. کاتێک تووڕەکەیەکی بە دەستەوە بوو، ئەم زۆر ترسابوو، چونکە کارێکیان، پێی وتبوو، ئێستا دەتخەنە ئەو تووڕەکەوە و، سەرت دەنێنەوە!

ناتاشا رووی کردە سۆنیا:

"وایان بۆم گێڕایەوە: تۆ لە نێو کەلەرمێکەدا لە دایک بووبیت و کچی تۆ کەلەرمیت!"

هەر چەند سوورپش دەمزانی ئەمە راست نییە! بەڵام نەمدەوێرا بە درۆیان بخەمەوە و شلەژا بووم!

لەو کاتەدا دیملەر هاتە ژێرزەمینەکەوە و، بەرەو ئەو سووچە چوو کە ئامێری مووزیکەکەی لێ بوو. هەر کە قوماشەکەی سەری دامااڵی، دەنگێکی ناسازی لێوە هات.

دەنگی کۆنتیسە لە هۆڵەکەوە، بڵند بووەوە:

"ئەدوار کالتیس... تکایە ئاوازی "نۆکتۆرن[1]"ی "جۆن فیلد[2]" بژەنە! زۆرم حەز لێیەتی.

دیملەریش کە نیکۆلا و ناتاشا و سۆنیای، پێکەوە بینی وتی:

ـ ئای ئەم گەنجانە: چەند دڵیان خۆشە!!

پاشان سەرەتای ئاوازەکەی دامەزراند.

ناتاشا هەڵیدایە:

ـ بەڵێ ئێمە فەلسەفە لێ دەدەین!

پاشان کەوتەوە قسەکردن لەسەر بابەتەکەی خۆیان، کە خەون گێڕانەوە بوو.

دیملەر کەوتە دەرهێنانی ئاوازەکە و، ناتاشایش لەسەر نووکی پێ و، بێ چرپە، لە میزی پیانۆکە نزیک بووەوە و، مۆمێکی هەڵگرت. بەڵام هەروا و بێ ئەوەی هیچ بێنێتەوە گەڕایەوە. تاریکییش باڵی بەسەر پەنجەرە بڵندەکاندا کێشابوو، بەڵام تیشکی مانگەشەوەکە، تیشکی زیوینی خۆی، پەخشی نیو ژێر زەمینەکە کردبوو.

---

۱ ـ نۆت کۆرن: واتا شەوگار".

۲ ــ ئاوەزدانەرێکی ئینگلیزی بووە و، یەکەم کەس بووە ئاوازی بۆ میوزیکی یەک ئامیریی داناوە و گۆرانیبێژ نەزمی خۆی وتووە. تەمەنی نێوان (۱۷۸۲ـ ۱۸۳۷) بووە.

دیملەر پارچە موزیکەی دەر هێناو، لە سێودووی ژەنینی ئاوازێکی تردا بوو.

ناتاشا خۆی لە نیکۆلا و سۆنیا، نزیکتر کردەوە و پرسیی:

" دەزانن بیر لە چی دەکەمەوە!؟ وا بە خەڵمدا هاتووە: بە هەڵدانەوەی خۆڵەمێشی بیرەوەرییەکانی رابردوو: دەتوانین ئەو شتانەیش بۆ مێشک بگێڕینەوە، کە لە پێش لە دایک بوونیشیدا، لەم دنیایەدا، رووبان داوە... "

سۆنیایش ـ کە مێشکی باش بوو و، هیچی بیر نەدەچووەوە ـ وتی:

"بەوە دەوترێت: زانستی "تناسخ"! میسرییەکان وتوویانە: رەوانی ئێمە، پێش هاتنە جیهانمانەوە، لە ئاژەڵاندا بوون! بە مردنیشمان دەگەڕێنەوە جەستەی ئاژەڵان! "

هەرچەند ئاوازەکەیش کۆتا بوو بوو. بەڵام ناتاشا بە چرپە وەڵامی دایەوە:

"زۆر باشە! دەبێت ئەوە بزانیت: کە من لەو بڕوایەدا نیم رەوانمان پێش هاتنە دنیامانەوە، لە ئاژەڵاندا بوو بن. ئەوەی لێم روونە ئەوەیە: پێش هاتنە دنیامانەوە.. رەوانمان فریشتە بووە و، لە هەموو شوێنێک بوون. هەر بۆیەش ئەو هەموو شتەمان بیر دەکەوێتەوە..."

دیملەر بە دزییەوە لێیانەوە نزیک بوو بووەوە و، جێی خۆی گرتبوو، پرسیی:

"دەتوانم بێمە نێوتانەوە؟"

نیکۆلایش هەڵیدایە:

"ئاخر گەر ئێمە پێشووتر فریشتە بووینایە: بۆچی ئێستا دەکەوتینە ئەم گێژ و لێژییەوە؟ ئەوە هەرگیز وا نییە!"

ناتاشایش زۆر بە پەرۆشەوە وتی:

"ئەم گێژ و لێژیە بۆ!؟ کێ دەڵێت ئێمە پلەمان هاتووەتە خوارەوە!؟ رەوان نەمرە! وا نا؟ کەوابوو هەر دەبێت نەمرانە، لە گەردووندا بژیم و، بە درێژیی تەمەنی ئەو، منیش ژیاوم!"

تا ئەو کاتەیش دیملەر زەردەخەنەکەی سەر لێوانی نەڕەوی بووەوە. کەچی دواتر وەکو ئەوان دوا: هەرچەند ئەوە گومانی تێدا نییە. بەڵام سەختە مرۆڤ بتوانێت ئەو ژیانە نەمرییە، بێنێتە بەرچاوی خۆی!

ناتاشایش وتی:

"سەختە!؟ بۆ!؟ دوای ئەمڕۆ سبەینێیە. دوێنێ و پێرێیش هەر هەمان شت بووە! ئیدی هەمیشە بەم شێوەیەیە."

دەنگی کۆنتیسە هاتەوە گوێ:

"ناتاشا سەرەی تۆیە. گۆرانییەک، شتێکمان بۆ بڵێ... ئەوە چی دەکەن لەوێ!؟ دەڵێی

پیلان دادەنێن!"

ناتاشایش لە وەڵامیدا وتی:

"ئـــاە! دایە... ئێستا بۆ من گونجاو نییە. "

"هیچ کەسێک و تەنانەت دیملەریش کە ئەویش گەنجێک بوو. ئارەزووی جێهێشتنی ئەو شوێنەی چرپە چرپەی نەدەکرد.

ناتاشا هەستا و، نیکۆلایش بەرەو ئامێری موزیکەکە بووەوە. دوای ئەوە ناتاشا چووە ناوەندی شۆینەکە و، پێی وابوو، ئەوێ باشترین شوێنە بۆ ئەوی دایکی گوێی لێ بێت. هەرچەند پیشووتریش وتبووی کاتەکە گونجاو نییە. بەڵام لەبەر ئـــەوەی دەمێک بوو، وەکوو ئـەو ئێوارەیە، گۆرانیی نەگوتبوو. دەستی کرد، بە گۆرانی وتن.

کۆنتیش لە نووسینگەکەیدا، لەگەڵ میتانکا دانیشتبوو. گوێی لە گۆرانییەکە گرت بوو. هەر وەکوو منالێکی کۆتایی وانەی قوتابخانەی لێهاتبوو، کە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی زەنگی پشوو بێت. شلەژا و نەیزانی چ فەرمانێک دەربکات و، کپ بووەوە.

میتکـایش ــ کـە وەکـو ئـەویـش گـوێی بـۆ گۆرانییەکـە گرتبـوو ــ بـە بزەیەکـەوە رەپ راوەستابوو.

نیکۆلایش چـاوانی بـڕی بـووە خوشکەکەی و، چـاوی لەسـەری لا نـەدەبرد. سـۆنیایش خەریکی مەزەندە کردنی ئەو نێوانە پـان و پۆڕە بوو، کە لە کچە مامی دووری دەخستەوە. بە خۆیشی دەگوت کە هەرگیز ناتوانێت بەشێکی زۆر کـەمیش، لـە شـەیداییەکەی ناتاشـا بـە دەست بێنێت!

فرمێسکیش زابووە چاوانی کۆنتیسە و، خنووکەیەکی شادیی ئاوێتە بـە خـــەمیش، سـەر لێـوانی کـــەوتبوو و، گـــەنجیی خـــۆی، بیـــر کـــەوتبووە و بـــیری لـــە کچەکـــەی و، ئـــەو هاوســـەرگیرییە نائاســـایی و مەترســـیدارەی ئـەو دەکـردەوە. جـارو بـــارێک ســـەری بـۆ گۆرانییەکە دەلەقان.

دیملەریش لە تەنیشت کۆنتیسەوە دانیشتبوو و، بـە چـاوانی نیـوە نیشـتووەوە گـوێی لـێ گرت بوو.

دواتر پێی وت:

"لە راستیدا کۆنتیسە ئەو کچەت بۆن و بەرامەی ئەوروپایی هەیە! شتێک نـەماوە فێری ببێت. ئەو ناسکییە! ئەو توانایە! یان ئـەو شیرینییەی!..."

کۆنتیسەیش بێ ئـەوەی بایەخ بە بەرامبەرەکەی بدات، وتی:

"ئـــاخ! چەندە لە دوارۆژی دەترسم!"

هـەر بـە نەسـتی دایکایـەتیی، هەسـتی دەکـرد، شـتێک لـە نـاخی کچەکەیدایـە و، ناهێڵێت بەختەوەر بێت!

هێشتا ناتاشا لە گۆرانیەکەی نەبوو بووەوە. پیتیا خـۆی بـە ژوورەکەدا کرد و، وەکو لاوێکی چواردە سالانە، هاواری کرد، وا دەمامک بەسـەرەکان گەیشتن!

کتوپڕ ناتاشا گۆرانییەکەی وەستان و، قیژاندی بەسـەریدا:

"سووک و رسوا!"

بـەرەو کورسـییەک رای کـرد و، خـۆی بەردایـەوە نـاوی و، دایـە پرمـەی گریـان. تـا ماوەیەکیش خۆی بۆ رکێف نەدەبوو.

دواتر بە زۆر بزەیەکی سەر لێوان خست و بە دایکی وت:

"دایە گیان! خەمی منت نەبێت..گوێ مەدەرێ، پیتیا بوو کە ترساندمی."

بـەڵام هـەر فرمێسـک لـە چـاوانی دەبـاری و، هەنسـکی هەڵدەکێشـا. خزمـەتکارانیش لـە شێوەی ورچ و تورکان و، مەی فرۆشان و، خاتوونەکانی کۆمـەڵگادا، خـۆیان پۆشی بـوو. هەندێکیان کۆمیدی و، پێکەنینهێن بـوون و، بڕێکیشـیان ترسـناک و تۆقێنـەر بـوون. ئەمانـە سـەرما و سـۆڵەکەی دەرەوەشـیان لەگەڵ خـۆیان هێنـابووە هۆڵـی سـەماکەوە. دواتـر لـە ڕاڕەوەکەدا وەستان و، لە شەرم و تەریقیدا هـەر یەکە و، خۆی دابـووە پشت ئـەوی پێش خۆیەوە.

دواتر چالاک بوونەوە و، کەوتنە سەما و گۆرانی وتن و، خۆ بادان و، یارییە باوەکانی جەژنی لەدایک بوون. دوای ئەوەی کۆنتیسە راستیی دەمامک بەسـەرەکانی بۆ دەرکـەوت. تێر بە خۆ گۆڕینەکەیان پێکەنی و، گەڕایـەوە بۆ هۆڵەکە.

بـەڵام کۆنـت بـە ڕوویـەکی خـۆشەوە، لـە هۆڵـەکەدا مایـەوە و، هـانی دەدان. هەرزەکارانیش بڵاوەیان لێ کرد.

دوای نیـو سـەعاتێک، کۆمـەڵێک خۆگـۆڕی تـر هـاتن و، تێکـەڵا بـە ئـەمان بـوون. پاشـان پیرەژنێک و، بە دوایدا تورکییەک ـ کە پیتیا بوو ـ و، پاشان دیملەری قۆشمەچی هات.

ناتاشا و سۆنیایش خۆیان گۆڕی بوو و، ناتاشا خۆی وەکو سوارەیەک لـێ کردبوو و، سۆنیایش وەکو قەرەجێک! هەردووکیان بە خەڵووز سمێڵا و بڕۆیـان بۆ خۆیـان دروسـت کردبوو.

ئەوانەیشی خۆیان نەگۆڕی بوو، بە سەرسامییەوە پیرۆزباییان لێ دەکردن و، وایان لێ کردن کـە هەسـت بکـەن، لـە کارەکەیاندا سـەرکەوتوو بـوون. زۆریشـیان حـەز دەکـرد کـە خۆیـان پیشـانی کەسـانی تـریش بـدەن. ڕێگاکـە بـاش و نەگـیراو بـوو. کـەچی نیکـۆلا زۆر

سوور نەبوو لە سەر گواستنەوەیان بە گالیسکە خلیسکێنەکەی خۆی و، پێی وتن: دە کەسێک لەو دەمامک بەسەرانەتان، لەگەڵ خۆم دەبەم، دەچین بۆ ماڵی مامەپیرە.

کۆنتیسەیش وتی:

"بەڵام نەخێر! بێسوودە و مامەی داماو، بێزار مەکەن. باشتر وایە روو لە بنەماڵەی میلیوکۆڤ بکەن."

خاتوو میلیوکۆڤیش بێوەژنێکی دراوسێی ماڵی ڕۆستۆڤ بوو. منداڵانێکی فرەی تەمەن جیاوازی هەبوو و چەند دایەن و پەروەردەکارو مامۆستای لابوو.

پیرە کۆنتیش چالاکانە وتی:

"ئازیزەکەم، بیرۆکەکەت زۆر باشە! منیش وەکوو ئەوان خۆم دەگۆڕم و، شوێنیان دەکەوم. هەر زۆر چاکیش دەزانم، بڕێک خەمی، باشیتە، بڕەوێنمەوە."

بەڵام کۆنتیسە زۆر گوێی بە قسەکەی ئەو نەدا. لەم ڕۆژانەی دوایدا ئاندرییتش هاواری لە دەست ئازاری لاقی بوو و، ڕێی بە خۆی نەدەدا ئەو کارە بکات. لە بەرامبەر ئەوەیشدا گەر خاتوو شوس لویز ئیڤانۆڤنا بیەوێت لەگەڵیان بچێت. ئەوا کچەکانیش سەفەری لەگەڵ دەکەن.

کۆنت لە خاتوو شوس پارایەوە و، لە هەموویشیان زیاتر پێداگریشی کرد، کە سۆنیا لەگەڵیاندا سەفەر بکات.

لە ڕاستیشدا خۆ گۆڕین و، دەمامکەکەی خاتوو شوس، لە هەموویان سەرکەوتووتر بوو. جووتە سمێڵ و بڕۆکانی، لە ڕوخساری هاتبوو. هەر هەموویان دەست خۆشییان لێ دەکرد و، ئەویش بە پێچەوانەی جارانییەوە، زۆر متمانەی بە خۆی و ئامادەباشییەکەی خۆی بوو. لە ناخی خۆیشییەوە پێی دەگوتن، گەر ئەمڕۆ بڕیاری چارەنووس سازی خۆی نەدا: جارێکی دی، هەلی وای بۆ هەڵناکەوێتەوە. ئەو بەرگەی خۆی پێ گۆڕی بوو، پیاوانە بوو و، زۆر لە خۆی جیاواز بوو. هەر دوا بە دوای قایل بوونی خاتوو شوس، نیو سەعاتی پێنەچوو. چوار گالیسکەی خلیسکێنە، بە خۆیان و زەنگ و زەنگۆڵەکانیانەوە، خرچەیان لە بەفر و زوقمەکەی ژێریان هەستان و، لەبەر پلیکانەکەدا ڕیز بوون.

ناتاشا یەکەم هێمای ئاهەنگی جەژنی لە دایکبوونی دا و، خۆشییەکەی لەبەر ئەو ماڵەدا، گەیشتە ئەوپەڕی.

دواتر لە چەند گروپێکدا خۆیان ڕێکخست. لەو چوار گالیسکە خلیسکێنانە، دوانیان بۆ ڕەوی خێرا ئامادە کرابوون. سێیەمیشیان تەنیا یەک ئەسپ بە کێشی دەکرد و، تایبەت بوو بە پیرە کۆنت. گالیسکەی چوارەمیش تایبەت بوو بە نیکۆلا و ئەسپێکی ڕەشی تیسکن

بـه کێشـی دەکـرد. خۆیشـی بـەرگی بێـوەژنێکی پۆشـی بـوو و، دەمـامکێکی کۆمیـدیی بـه رووبـەوە کردبـوو. پاڵتۆیـەکی سوارەیشـی بـه سـەردا لەبـەر کـرد بـوو و، لـه ناوەڕاسـتی گالیسکەکەدا وەستابوو. تیشکی مانگەشەوەکەیش هێنـدە بـه تـین بـوو، سـندوقە مسـینەکانی گالیسکەکان و چاوانی ئەو ئەسپانەیش کە بە لای ئەو گۆشە تاریکەدا لایان دەکردەوە، کە خەڵکەکە جمەی تێدا دەهات، دەبریسکانەوە.

خـاتوو شووس و ناتاشا و سۆنیا و، دوو کارەکەر، لە گالیسکە خلیسکێنەکەی نیکۆلادا جێی خۆیان گرت. دیملەر و هاوسـەرەکەی و پێتیایش لـه گالیسکەکەی پیـرە کۆنتدا سـوار بوو بوون. ڕوو بە دەمامک و، خۆگۆڕەکانی تریش بە سەر دوو گالیسکەکەی تردا دابـەش بوون.

نیکۆلا هاواری کردە گالیسکەوانی گالیسکەکەی باوکی، تاکوو لێی تێپەڕێنێت: زاخـار تۆ دەربچۆ و، پێش بکەوەوە!

گالیسکەکە لەڕەیەکی کرد و، بـه دوایدا ماوەیـەک جیـڕەی نێڵـە و ئاڵقـە ڕێزەکـەی هـات. هەردوو پاشـووی ئـەسپەکان لـەو بـەفرەدا داچـوون، کـه وەکـوو شـەکر دەبریسکایەوە. وا دەردەکەوت، کە زۆقمـی سـەر بەفرەکە ئەسپەکانی بەستبێتەوە. پاشـان بەدوایدا و، ئـەوانی تریش بـه دەنگـه دەنـگ و قیـژو هـوڕەوە، شـوێنی کـەوتن. لـه پێشـدا گالیسـکەکان بـەو ڕێگا تەنگەدا دەخلیسکان، کە سێبەری درەختەکانی کەناری بە سەریدا و، بـه دریژیـی ڕەزەکـەی تەنیشتیدا درێژ بـوو بوونـەوە و، بـەری مانگـه شـەوەکەی لـێ گرتبـوون. بـەڵام هەرکـه ئـەو لاوانە: وشکە کەڵەکە بەردەکـەیان جـێ هێشت، تاچـاو بـڕ بکـات دەشـتاییەک بـوو، لـه بـەفر. وەکوو ئەڵماسێکی شینی کاڵا، دەبریسکایەوە.

یەک دوو جار گالیسکەی بەرایی، بە سـەر بـەردا بـازی دەدا و، گالیسـکەکانی تـریش بـه دوایـدا و، هـەمان هەڵتەکـەیان دەکـرد و، بـێ لـەخۆ بوونـەوە، ئـارامیی ئـەو دەشـتە قـوواڵە ئەفسـوناوییەیان، دەشـڵەژاند. دواتـر لـه ڕاسـتە هێڵێکدا و، کـەمێک دوور لـه یـەکتـرەوە: ڕیـز بوونەوە.

لە ناکاو لەو ئاسمانە بەستەڵەکەدا، هاواری ناتاشا دەنگی دایـەوە:

"ئـای شۆین پێی کەرۆشک!! شـوێن پێیەکی فرەی کەرۆشکێک!"

سۆنیایش وتی:

"مرۆڤ، چەند ڕوون و جوان، شتەکان دەبینێت... نیکۆلا!"

نیکـۆلایش بـه لایـدا داموکایـەوە، تـا ڕوخسـاری باشـتر ببینێت. ئـەوانیش ڕوخسـاری شەنگی و دوو بـرۆ و، سمێڵـە بە خەڵووز کێشراوەکەی ئەویان بینی.

نیکۆلایش بە زەردەخەنەیەکەوە پرسیی:

"ئەرێ ئەوە، سۆنیاکەی جاران لە کوێیە؟"

ئەویش پرسیی:

"حەزت لە چییە .. نیکۆلا؟"

نیکۆلایش رووی وەرگێڕایەوە بە لای ئەسپەکاندا و وتی:

"هیچ."

هەر کە گەیشتە شارێ تەختەوەبووەکە، بە هۆی خلیسکاندنی گالیسکەی یەکەمەوە، کە زۆر بە رووڕی لە ژێر تریفەی مانگەشەوەکەدا دیار بوو، هەمان ڕێچکەی بەفرە شکاوەکەی ئەویان گرت و، گوژمی فرەتریان دایە بەر خۆیان.

ئەسپی لای چەپ، ملی بە پێشدا چەماندبووەوە و، ڕەشمەکەی دەلەرزاندەوە. بەڵام ئەوەی پێشەوە، گوێیەکانی قوت و دەلەرینەوە.

لەوە دەچوو بپرسێت:

"ئێستا کاتی خۆیەتی؟ یان هێشتا ماوێتی؟"

گالیسکە خلیسکێنە ڕەشەکەی زاخار و، سێبەرە ڕەشەکەی ـ کە پێش ئەسپەکە خۆی کەوتبوو ـ بە سەر بەفرە سپیەکەدا، دەخلیسکا. هاوارو قیژە و بانگە بانگی خۆ گۆڕیوو و، دەمامک بە ڕوخسارەکان، تێکەڵا بە دەنگی زەنگۆڵەی ئەسپەکان دەبوو و، تا دەهات ئەو دەنگانە دوورتر دەکەوتنەوە.

نیکۆلایش ڕەشمەکە بەدەستێکییەوە بوو و، قامچییەک بە دەستەکەی تریبەوە، هاواری کرد:

"دەی! ئەی لاوە چکۆلەکەم!"

بە هۆی ئەم کزە بایەوەی کە لە ڕوخساری دەدا. یان بە هۆی جووڵە و شڵەژاویی ئەسپەکانی تەنیشتی گالیسکە خلیسکاوەکەوە، دەتوانرا مەزەندەی خیراییەکە بکرایە.

نیکۆلا لە نێو خرمەی پێی ئەسپەکان و، چوارناڵەیان و، تەقو هۆڕو جێڕەی گالیسکەکە و، هووشپەی قامچیدا، سەرنجی گالیسکەکەی دوای خۆی و، ماوەی نێوانیانی دەدا. ئەسپی ناوەند ئازایانە تەکانی دەدا و، بیری لە گۆڕینی خێراییەکەی خۆی نەدەکردەوە.

لەو کاتەدا کە بە ڕێچکەیەکی پانی نێو کێڵگەکاندا و، بە درێژیی کەناری یەکێک لە ڕووبارەکاندا، بەرەو خوار دەبوونەوە. گالیسکەکەی نیکۆلا بە یەکەم گالیسکە گەیشتەوە.

پاشان پرسیی:

"بەڵام ئێمە لە کوێداین!؟ ئاخۆ لە کێڵگە درێژەکاندایین!؟... بێگومان... بەڵام نـــەء! من هیچ لەم زەوییە نازانم! ئێرە کێڵگە درێژەکان نییە! کەناری دامیانیش نییە! شتەکانی ئێرە بە من نوێن! ئێرە دەڵێی شوێنێکی ئەفسووناوییە! بەڵام گرنگ نییە."

کەوتە ژەندن لە ئەسپەکانەوە. بۆ ئەوەی گالیسکەی یەکەمیش تێپەڕێنێت. زاخاریش ئەسپەکانی گرتەوە، تا روخسارە بە زوقم سپی بووە تا برۆکانی، بەرەو ئاغا گەنجەکەی خۆی وەربگێڕێت.

نیکۆلا جڵەوی بۆ ئەسپ شل کرد، تاکوو خێراتر بێت. زاخاریش هـەردوو دەستی درێژ و زمانی دەرهێنابوو و، لە ئەسپەکانییەوە ژەند و هاواری کرد:

"ئـاغام ئـاگات لە خۆت بێت."

دوو گالیسکەکە بە تەنیشت یەکەوە بوون و، هەر ئەوە بوو نەدەفڕین! کە نیکۆلا نزیکتر بووەوە، زاخار دەستێکی بۆ ئاغاکەی بڵند کردەوە و هاواری کرد:

"نەخێر گەورەم... پێشم نادەیتەوە و، لێم نابەیتەوە!"

نیکـۆلایش خیرایـی گەیانـدە ئەوپـەڕی‌و، پـێش زاخـاری داوە. ئەسـپەکانیش لـە کـاتی چوارنالّـەیاندا و، بـە هـۆی پاشـووەکانیانەوە، وردە بـەفریان بـۆ دواوە و بـۆ روخسـاری سەرنشینەکان هەڵدەدا.

لە کاتێکدا سێبەری گالیسکەی رکابەر، بە سەر بەفر و، بە ناو ئەو جێڕو هـوڕەدا، تێی دەپەڕاند. جێڕەی تەختە و ئاڵقەرێزەکان، تێکەڵ بە دەنگی تیژی ئافرەتەکان دەبوو.

نیکۆلا جارێکی دی خێرایی ئەسپەکانی ڕێکخستەوە و، سەرنجێکی پشکنیناویی بە دەور و بەریاندا گێڕایەوە. دەر و دەشتیش، رووناکیی مانگەشەوەکەی بە سەردا پەخشان بوو و، لەملاولایشییەوە، ئەستێرە زیوینـەکان زۆر جـوان دەدرەوشـانەوە و، ئـەو نـاوە وەکـوو دەشتێکی ئەفسووناوی بوو!

لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئـاخۆ بۆچی زاخار هانی ئەوەی دەدام، لای چەپ بگرم؟"

بڵێی راستەخۆ بەرەو بنەماڵـەی میلیکـۆڤ بچین!؟ ئـاخۆ میلیکـۆڤ لـەوێ بێت!؟ خـوا خۆی دەزانێت بۆ کوێ دەچین!؟ خوایش دەزانێت کە چیمـان بەسـەر دێت!؟ بـە هـەرحاڵا سەرکێشییەکەمان نامۆ و سەرنج راکێشە!

رووی کردە یەکێک لـەو گالیسکەوانە نەناسراوەوانەی، کـە سـمێڵا و برۆکانی سـەرنج کێشییەکی تایبەتی پێ دابوون و وتی:

"سەیری برژانگ و، جووتە سمێڵەکەی بکەن! یەک پارچە سپیین! "

نیکۆلا وا بیری کردەوە:

"پێموابێت... ئەوە ناتاشا خۆیەتی! ئەوەیشیان خاتوو شووسە! نەخێر رەنگە ئەویش نەبێت! ئەوەیش چەرکەسە جوت سمێڵە. هەرچەند ناشزانم ئەوی تریان کێیە!؟ بەڵام ئەوە دەزانم، کە خۆشم دەوێت. پاشان لێی پرسین: سەرماتان نیە؟"

وەکو وەڵامیان نەدایەوە، هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. لە گالیسکەکەی تریشەوە هاواری شتێک کرا و، هەرچەند نەیاندەزانی چی بوو. بەڵام پێدەچوو شتەکە پێکەنینهێن بێت.

بۆیە بە پێکەنینەوە وەڵامیان دایەوە: "بەڵێ! بەڵێ!"

دارستانێکی سێبەر رەشی ئەفسووناوی و، بە بریق و باقی ئەڵماسانەوە، هاتە بەردەمیان. پاشان دیوارێکی مەڕمەڕ و، بنمیچێکی زیوین، خانوویەکی ئەفسووناوی لە خۆ گرتبوو. گوێیشی لە وەڕینی سەگ بوو.

نیکۆلا لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەگەر ئا ئەمە: میلیوکۆڤا بێت. ئەوا هەر بە راستی گەشتەکەمان سەرسووڕهێن دەبێت! ئەو گەشتەی کە بەرەو نادیاربوو."

لە راستیشدا میلیوکۆڤنا بوو. خزمەتکاران و، کارەکەرانیش بە رووبەکی خۆش و پڕ مزگێنییەوە و، بە چراکانی دەستیانەوە. بەرەو پلیکانەکە رایان کرد.

یەکێکیان بە دەنگێکی بڵند پرسیی:

"هاتووەکانی ئێرە کێن؟"

دەنگەکانی تریش وەڵامیان دایەوە:

"دەمامک بە سەر و، خۆ گۆڕیوەکانی کۆنتن و، بە ئەسپەکانیاندا ناسیمنەوە."

بەشی یازدە
دوو عاشقەکە

بیلاجی دانیولۆڤنا میلیوکۆف، خاتوونێکی بە توانای چاویلکە لە چاوی قاپووت خۆڵەمێشی بوو. لە هۆڵەکەدا دانیشتبوو و، سوعبەتی بۆ کچەکانی دەکرد و، ئەوانیش خەریکی سەرنجدانە دڵۆپی تواوەی مۆمەکان بوون. تاکوو بزانن دڵۆپە تواوە، کەڵەکەبووەکان، چ وێنەیەک پێکدێنن.

لە دالانەکەیاندا گوێیان لە ترپەی پێ و دەنگە دەنگی هاتووەکان بوو. سواران و، بێوەژنانی رووخۆش و، تەرزەستان و قۆشمەچییان، بە کۆکەکۆک و، بە دەم سرپینەوەی دەم و چاوە زوقماوییەکانیانەوە، خۆیان کرد بەو هۆڵەدا، کە پێشوازیکاران، بە پەلە رووناکیان کردبووەوە.دیملەری قۆشمەچی و، پیرەژنە روخسار کۆمیدی ـ کە نیکۆلا بوو ـ ئاهەنگی سەماکەیان، دەست پێ کرد. خۆگۆڕیوە دەمامک بە ڕووەکانیش لە نێو قیژوهوڕی منالاندا، بە ڕوخساری شاردراوە و، دەنگی گۆڕاوەوە، سڵاویان لە خاتوونی ماڵ کرد و، دواتر لە هۆڵەکەدا خۆیان ڕێکخستەوە.

خاتوونی خانەوادە وتی:"مەحاڵە بناسرێنەوە!... ئاە ئەوەیان: ناتاشایە! بۆ خاتری خوا، لە کێ دەچێت؟" لە راستیدا بینینی ئەو، کەسێکم بیر دێنێتەوە! ئیدوار کارلیتس! زۆر چاکە. خۆ ئەوەیشیان سۆنیایە! سەیر... ئەو بەرگەی زۆر لێهاتووە!. .. ئەی ئەوەیان کێیە؟... نیکیتا! ڤانیا!... دەی سفرە و خوانەکە هەڵبگرن... چ یاری و مەزاقێکی جوان و قەشەنگتان بۆ هێناوین! بۆ ئێمەیەک کە کەمێک پێش هاتنتان، کپ و خامۆش بووین!

چەند دەنگێک هاتە گوێ کە دەیانووت،"ئاە! ئاە! ئاە!.. سوارەکەیان! سەیری ئەو سوارەیە بکە.... لاوێکی ڕاستەقینەیە! پێیەکانی... ناتوانم باش ببینم."

کچۆلانیش دەستی ناتاشایان گرت و، لە نێو ژووڕە جۆر بە جۆرەکانی خانووەکەدا، دیار نەمان. دوای دە خولەکێک، لەگەڵ خۆگۆڕیوەکانی تردا، یەکیان گرتەوە. بیلاجی دانیلۆڤنایش، خواردنی سادە و، شوێنی بۆ میوانان و، خزمەتکاران، وەکوو یەک ئامادە کردبوو. بە چاویلکەی سەرلووت و بزەی سەر لێوانیەوە، بە نێو خۆگۆڕیوو و ڕوو بە دەمامکاندا دەهات و دەچوو و، سەرنجیانی دەدا، بێئەوەی کەسیان لێ بناسێتەوە. نە لە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و نە دیلمەر، تەنانەت کچانی خۆیشی نەدەناسیەوە!.

لە نێو ئاپوورەی ئەو هەموو ڕوخسار و، بەرگ گۆڕیوانەدا، هانای بۆ ژنە پەروەردکارەکەی برد. کاتێک بینیی، وا ئەویش لەودیو چاوێلکەکەیەوە، سەرنجی یەکێک لە کچەکانی ئەوی دەدا.

ئەوەیانی کە بەرگی تەتەرێکی قازانیی پۆشی بوو، لێی پرسی:

"ئەی ئەم ئافرەتەیان کێیە!؟ ڕەنگە یەکێک بێت لە بنەماڵەکەی ڕۆستۆڤ! ئەی تۆ... ئەی شۆڕەسوار... سەر بە کام فەیلەقیت؟"

دوای ئەوەی دوایین پرسیاری لە ناتاشا کرد. بە سەرگەورەی خزمەتکارانی کە ئەویش لەولاوە کولیچەی بەسەر میواناندا دابەش دەکرد، وت:

"کێک بە میوەیەکیش بدە بەم ئافرەتە تورکە... با بیخوات، خۆ ئایینەکەی کێکی لێ حەرام نەکردووە!"

هەر کە جووڵە و هەنگاوە پێکەنینهێنە سەمەرەکانی، سەماکەرانی بینی، کە بە گوێرەی خۆگۆڕینەکانیان و گۆڕیویەکەیان شەرمیانی ڕەواندبووەوە، خۆی بۆ نەگیرا و، بە دەسرۆکەکەی دەم و چاوی خۆی داپۆشی و، جۆرێک کەوتە پێکەنین: هەموو جەستەی دەلەرزیەوە.

پاشان هاواری کرد:"شینیت هۆو! سەرنجی شینیتی کچم بدەن. "وشەی شینیت... بە شێوەی فەڕەنسیانە: کورتکراوەی ساشا بوو".

هەر دوا بە دوای سەما و هەڵپەڕکێ، ڕووسییەکە... بیلاجی دانیلۆڤنا، بازنەیەکی لە خزمەتکاران و سەرگەورەکانیان پێکهێنا و، مستیلەیەک و پەتێک و پارچە پارەیەکی ڕۆپڵی هێنا. پاشان یاریپە هەڕەوەزییەکە دەستی پێ کرد.

لە سەعاتێکدا جلوبەرگەکانیان دامالڕان و، سمێڵ و برۆ بە خەڵووز کێشراوەکانیان، بە هۆی عارەق کردنیانەوە، ڕەوینەوە و نەمان.

ئیدی بیلاجی توانیی کەسەکان بناسێتەوە و، بەوەش شاد بوو، کە خۆگۆڕیوەکان و، بە تایبەتیش ئافرەتەکانیان زۆر سەرکەوتوو بوون.

سوپاسی هەموویانی کرد، بۆ ئەو چێژ و خۆشییەی پێیان بەخشیوە. پاشان فەرمووی لە هەمووان کرد بۆ هۆڵەکە و، نانخواردنی ئێوارە.

خزمەتکارانیش بۆ هۆڵە گەورەکە و، بە جیا نانیان خوارد. لە سەر نانخواردنەکە، لە بارەی بەختگرتنەوەوە دوان.

پیرەژنە قەیرەیەکی هاوڕێی میلیوکۆڤ وتی:

"نەخێر! ئـاخر ئەوە زۆر تۆقێنەرە!"

کچە نۆبەرەکەیش پرسیی:

"ئەوە بـۆ؟"

پیرەژنە قەیرەیش وتی:

"نەخێر! نەچنە ئەوێ! چونکە ئەوێ پێویستیی بە کەسێکی ئازا و بوێر هەیە."

سۆنیایش وتی:

"من دەچم."

خوشکە چکۆلەکەی میلیوکۆڤیش وتی:

"ئێستایش بەسەرهاتەکەی کچەکەمان، بۆ بگێڕەوە."

پیرەژنە قەیرەیش وتی:

"زۆر چاکە. جارێکیان ئەو کچە دەچێت بۆ گەرماو. کەڵەشێرێک و دوو قاپـی مسـین و، چەند پێداویستیی لەگەڵ خۆی دەبات. شوێنی گونجاو، بۆ خۆی دەڕەخسـێنێت و، ماوەیـەک گوێ هەڵدەخات و، چاوەڕوان دەبێت. لە ناکاو گوێی لە زرنگەی زەنگۆڵە دەبێت! پتر گوێ شل دەکات و، گالیسکەیەکی خلیسکێنە، نـزیک دەبێتـەوە. پاشـان هەندێک لـە سەرنشینانی دێنـــە ژوورەوە و، شێوەیـــان لـە پیـاو دەچێت. تەنانـەت ئەوەیشـی وتبـوو، کـە یـەکێکیان ئەفسەر بووە و، لە تەنیشتییەوە و، بەرامبەر جوڕنەکەی دادەنیشێت و...

ناتاشا بە ترسەوە چاوانی گێڕا و هاواری کرد:

ئـــۆو! ئـــۆو!

پیرەژنە قەیرەیش لە سەری رۆیشت و وتی:

"دواتر دەستی کردە قسە کردن. بێگومان هەر وەکو کەسێکی ئـاسایی... پاشان دەسـتی کردە پـاڕانەوە لێی... ئیدی دەبوو تا قووقەی کەڵەشێری بەرەبەیان قسـەی لەگەڵ بکردایە. بـەڵام تـرس دایگرتبوو و، روخسـاری ترنجاندبووە نێوان دوو بـەری دەسـتییەوە. ئـەوەی تەنیشتی خـۆی، گرتبووی... کچەیش بەختی یـار دەبێت و، کارەکەران لەو کاتەدا ڕا دەکەن بۆ لای."

بیلاجییش خۆی هەڵقورتانە قسـەی پیرەژنە قەیرەوە:

"ئای کە ئەم کارەت بیرۆکەیەکی چاکە، بۆ ترساندنی ئەم کچانە!"

یەکێک لە کچەکانی خۆی بەڕەڕچی داوە:

"بەڵام دایە... ئەی ئەوە نەبوو، جارێکیان تۆیش بەختت گرتـەوە!"

سۆنیایش وتی:

"ئاخۆ لەسەر خەرمانیش بەخت و چارەنووس دەگیرێتەوە؟"

ئەویش وتی:

" بێگومان. ئەگەر ئازایت: هێندەت لە سەرە بچیتە ئەوێ. پاشان گوێ هەڵدەخەیت. گەر تەقەی چەکووش لێدان هات. یان شت کوتان بیسترا، ئەوە نوقڵانەی ڕوودانی شتی خراپە! بەڵام گەر دەنگی ڕژاندن و، پرژاندنی گەنم هات، ئەوە مزگێنیی ڕوودانی شتی باشە! شتەکان وەکوو پێشبینی روو دەدەن."

کچەیش بە دایکی وت:

"دایە گیان، تۆیش ئەوەمان بۆ بگێڕەوە، کە ڕۆژێکیان لە سەر خەرمانەکە بە سەرت هاتبوو."

بیلاجیی دایکیشی وتی:

"ئۆو! ئێوە بۆ خۆتان دەزانن کە من هەموو شتێکم بیر چووەتەوە. پاشان خۆ ئێوە کەستان بیر لەوە ناکەنەوە بچن بۆ ئەوێ."

سۆنیا درێژەی دایە:

"بەڵام بەڵێ! ئەی بیلاجی دانیلۆڤنا! مەگەر تۆ نەهێڵیت.. دەنا من دەچم."

بیلاجییش وتی:

"زۆر باشە! گەر ناترسیت: بچۆ."

سۆنیایش لێی پرسییەوە:"لویز ئیڤانۆڤنا: ڕێم پێ دەدەیت؟ ئەگەر یارییەکەیان بە دزییەوە بکەن. یان قسەی لە بارەوە بکەن، ئەوە پەیوەندیی بە خۆیانەوەیە."

بەڵام نیکۆلا یەک بست لە سۆنیا دوور نەدەکەوتەوە. ئیدی بە دیدی جیاوازەوە، لێی دەڕوانی. بە هۆی خۆگۆڕیوی و، جووتە سمێڵە دەستکردەکەیەوە، لە راستیی سۆنیا گەیشت. یان بە لانیکەمەوە، بەو شێوەیەی نەبینی بوو.

ناتاشایش بیری بەلای ئەوەدا نەچوو بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان کچە مامی بەو جوانی و، ناسکی و، چالاکییەوە بینیبێت: کە کەیلی شادی بوو. چاودێریی چاوانی بریسکەدار و، بزەی لێوانی ژێر سمێڵە دەستکردەکەی دەکرد و، زووتر ئەمەی لێ نەبینی بوو! وا بیری کردەوە:

"کەوابوو: ئا ئەمەیان سۆنیای ڕاستەقینە خۆیەتی! ئای چەندە گێل بووم، کە زووتر بە ئەمەم نەزانی بوو!"

سۆنیا بە دەم هەستانەوە وتی:"لە هیچ ناترسم و، ئەگەر خۆم بمەوێت: هەر ئێستا دەچم."ئەوانیش بۆیان ڕوون کردەوە، کە خەرمانەکە لە کوێیە و پاشان لە سەرییەتی لەوێدا بە کپ و بێدەنگی بمێنێتەوە و، گوێ هەڵبخات. لەو کاتەدا لە نیکۆلای دەڕوانی. فێستێکیان دایە و، ئەویش لە سەری کرد.

نیکۆلایش وا بیری لەو دەکردەوە:

"ئای کە منااڵێکی قەشەنگە! باشە تاکو ئێستا، من بیرم لە چی کردبووەوە؟"

هێشتا سۆنیا نەگەیشتبووە ڕاڕەوەکە. نیکۆلا بە بیانووی گەڕماوە، لە دەرگا گەورەکەوە، خۆی ون کرد. لە ڕاستیشدا قەرەباڵغیی خەڵکەکە، لە نێو ژوورەکانی ئەو

ماڵەدا، ماڵەکەی گەرم کردبوو.

لە دەرەوەیش ئاسمان بەستەڵەک و، مانگەشەوەکەیش، تا دەهات رووناکتر دەبوو. بریسکەی بەفرەکەیش هێندە بە تین بوو، وای دەکرد، بریسکەی ئەستێرەکان کاڵا ببنەوە و، مرۆڤ حەز بە سەیر کردنی ئاسمان نەکات. ئاسمان تاریک دەبینرا و، زەویش بە پێچەوانەیەوە رۆشن دەبینرا.

نیکۆلا سەرومڕ بوو و، وابیری دەکردەوە:

ئای چەندە کەرو گێل بووم! کەوا تاکوو ئێستا چاوەڕوان بووم!

بەو پلیکانەدا هاتە خوار و سەر ئەو ڕێ باریکەی بەدەوری ماڵەکەدا خولی خواردبوو و، لەوێشەوە دەچووەوە سەر شوێنی خزمەتکاران و ڕێی هاتوچۆی سۆنیایش بوو. لە ناوەندی ئەو ڕێیەیەدا کۆمەڵە داری هەڵچنراوی، سەر بە بەفر هەبوو و، سێبەریان خستبوو. کەوتبوونە بن سێبەری درەختە زەینەفوونە رووتەکانەوە و، نێو ئەو پەرژینە دارەی کە بۆ شوێن خەرمانەکان، کرابوون. پاشان ئەو پارچە تەختاییە بەفرینەی ژێر تریفەی مانگەشەوەکە بوو و، وا دەبریسکایەوە و، بە پارچە بەردی بەنرخ دەچوو. لقە درەختێکی قورس بوو، بە بەفرە کەڵەکەبووەکەی سەری: هاڕەی کرد و دیسان کپی بە شێوەیەک باڵی کێشایەوە بەسەر ناوچەکەدا: وەکو ئەوەی هەناسەیشی تێدا هەڵنەکێشرێت. لە نێو ئەو کپییەدا ترپەی پێ لە پلیکانەی خزمەتکارانەوە دەبیسترا و، لە دواییین پلەی بە بەفر داپۆشراویدا، دەنگەکە گەورەتر دەبوو.

بە دوایدا دەنگی پیرەژنە قەیرە هاتە گوێ:

"هەر راست بڕۆ... کچێ! سەیری ئەملاولا مەکە و، لا مەکەرەوە."

دەنگی پێیە بچووکەکانی نێو پیلاوە تەنکەکانی سۆنیا، لەولا نیکۆلاوە دەهات.

" باکم نییە و، نایشترسم!" کەوڵەکەی هەر بە سەرەوە بوو و، بەرەو پێشەوە دەچوو. دوو هەنگاوێک لەولایەوە، بوو کە نیکۆلا ئەوی بینی. کچەیش ئەمی بینی. بەڵام لە جارانی جیاوازتر بوو! وەکوو پێشووتر بە بەرگی ژنانەوە و، قژە بڕاوەکەیەوە و، بزەکەی سەرلێوانییەوە نەبوو. ڕێک ئەو پیاوە خۆی بوو، کە هەمیشە سۆنیا لێی دەترسا. کەچی ئەم جارەیان بەرەو ڕووی رای کرد! نیکۆلایش لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەوەکە، کەوتە سرینەوەی دەم وچاوە زوقماوییەکەی و، لە دڵی خۆیشیدا وتی،"هەرچەند هیچیشی تێدا نەگۆڕاوە... بەڵام هەر جیاوازە!" پاشان باوەشی پێدا کرد و، نووساندی بەخۆیەوە. سمێڵە دەستکردەکەیشی، بۆنی خەڵووزی سووتاوی لێ دەهات. کتوپڕ ماچی کرد!

سۆنیایش دەستی لە ژێر چەناگەی کوتا و، ماچی ئەوی کردەوە!

ئیدی گوێیان لە ناوی خۆیان بوو،"سۆنیا!... نیکۆلا... "

فریای ئەوە نەکەوتن، هیچ بە یەکتری بڵێن! هەر یەکەیان بە پلیکانەیەکدا سەرکەوتنەوە بۆ ماڵەوە.

بەشی دوازدە
ئەندێشەکانی کچە عاشقەکە

کە مالّی بیلاجی دانیلۆڤنایان جێهێشت. لوویز ئیڤانۆڤنایش، لە تەک ناتاشادا سواری خلیسکێنەکەی "دیملەر" بوو. سۆنیایش لەگەڵ کارەکەراندا، لە گالیسکە خلیسکێنەکەی نیکۆلادا بوو. نیکۆلا بە خێرایی ئاسایی دەیئاژوو. گەڕایەوە بێئەوەی پێشی کەسی تر بداتەوە.

لە ژێر تیشکی مانگەشەوەکەدا، وا سەرنجی سۆنیای دەدا. تاکوو جیاوازیی دوێنێ و ئەمڕۆی تێدا بدۆزێتەوە. لە دڵی خۆیشیدا بڕیاری ئەوەی دابوو، کە لەمەودوا لێی دوور نەکەوێتەوە. هەرچەند کچە وەکوو جارانی خۆی بوو. بەڵام هەر جیاوازیی هەبوو! چێژی ماچە تێکەڵ بە تامی خەڵووزە سووتاوەکەی بیر کەوتەوە. جارێکی تر سەرنجی دیمەنی دەوروبەری سۆنیای دا و، وا هەستی کرد لە مەملەکەتێکی ئەفسوونایدایە!

پاشان جێناوی تاکی لە بری ناوەکەی بە کار دەهێنا و کەوتە دواندنی:

"سۆنیا ئاخۆ ئێستا، تۆ باشیت؟"

ئەویش بە هەمان شێوە وەڵامی دایەوە:

"باشم... ئەی تۆ؟"

لە ناوەندی ڕێگاکەدا ڕەشمەی ئەسپەکانی، دایە دەست گالیسکەوانەکەی و، خۆی هەڵدایە خوارەوە و، بە ڕاکردن بەرەو گالیسکەکەی ناتاشا بووەوە و، خۆی پێدا هەڵواسی.

پاشان بە چرپە و بە فەڕەنسی پێی وت:

"ناتاشا.. دەزانیت بـڕیاری کۆتایی خۆم، لە بارەی سۆنیاوە دا؟"
ناتاشایش کتوپڕ لە خۆشیدا گەشایەوە و لێی پرسی:
"قسەت لەگەڵ کرد؟"
نیکۆلایش وتی:
"ئای بەم سمێڵ و برۆ دەستکردەوە پێکەنین هێنیت! ئاخۆ تۆیش پێت خۆشە؟
ناتاشایش وەڵامی دایەوە:
"بەڵێ، هەر زۆرم پێخۆشە! دەزانیت کە هەر لەبەر ئەویش بوو، رقم لە تۆ دەبووەوە!؟ من هیچم لە بارەی ئەوەوە پێ نەدەگوتیت و، تۆیش مامەڵەی خراپی سۆنیات دەکرد! ئەوە بزانـە کـە ئـەو کچـە، دڵێکـی زۆر ناسـک و نیـانی هەیـە... ئـای نیکـۆلا گیـان، کـە ئێسـتا بەختەوەرم! هەرچەند جاروبارێک خۆیشم دڵم خراپـە. بەڵام رووزەردی ئەوە بـووم، کە هەر خۆم بە تەنیا بەختەوەرم. بەڵام ئێستا پتر ئاسوودە و بەختەوەرم. دەی... هـەر ئێستا بگەڕێوە بۆ لای ئەو."
نیکۆلا چاوی لە ناتاشا نەدەتروکاند و شتی جیاوازی لە روخساریدا دۆزییـەوە، کە زووتر هەستی پێ نەکردبوو.
دووبـارەی کردەوە:
"کەمێک مۆڵەت بدە... ئـای کە پێکەنین هێنیت، ناتـاشا! ئەمەیشت جۆرێکە لە ئەفسانە! وا نـــا؟"
ئەویش وەڵامی دایەوە:
"بەڵـێ! کارێکی زۆر باشت کردووە."
نیکۆلایش لە دڵی خۆیدا وتـی:
"ئەگـەر زووتر وەکوو ئـەمڕۆ دەمبینـی. پرسـیارم لـێ دەکرد و، داوای ئامۆژگـاریم لـێ دەکرد. ئێستا هەموو شتێکم لە بارەی سۆنیاوە دەزانی. بگرە هـەر لەویشـەوە فێر دەبـووم و، شتەکان لە ئێستا لەبارتر دەبوون."
دیسان بە ناتاشای وتەوە:
"کەوابوو تۆیش بەمە بەختەوەریت و، منیش کارێکی باشم کردووە؟"
ناتاشایش وتی:
"ئـــاە! بەڵـــێ! ئـای چەندە چاکت کردووە! بـەم دواییانە منیش قسـەم لەگەڵ دایـە کرد. تووەز دایکیشم وا تێگەیشتووە سۆنیا تۆ هەڵدەنێت و، هەمیشە بە دواتەوەیە! ئاخر چۆن دەبێت دایکم بەو شێوەیە بیر بکاتەوە؟ بۆیە خەریک بوو لە سـەر ئـەو بۆچوونـەی بچمـەوە بە گژیدا. چونکە ڕێ نادەم هیچ کەسێک بەو خراپییە، قسە لە بارەی سۆنیاوە بکات. ئاخر سۆنیا بێخەوشە!"

نیکۆلا سەرنجێکی وردی خوشکەکەی دایەوە، تا لە راستگۆیی خوشکەکەی دڵنیا بێت و وتییەوە:

"کەوابوو کارێکی چاکم کردووە! "

پاشان بازی هەڵدایە خوارەوە و، تەپەی پێیەکانی هات. بە را کردن گەڕایەوە بۆ لای گالیسکەکەی. لەوێش جارێکی دی چەرکەسەکەی بینییەوە، بە خۆی و جووتە سمێڵەکەیەوە و، لە ژێر کڵاوە فەرووە سمۆرەکەیدا، چاوانی دەبریسکایەوە. ئەڵبەتە ئەو چەرکەسە: سۆنیا خۆی بوو. هەر ئەو سۆنیایەی، کە دەبێتە هاوسەرە بەختەوەرەکەی و، لەوەیش بێگومانە.

هەر کە دوو کچەکە، گەیشتنە ماڵەوە. بە سەر بردنی کاتەکەیان لە نێو بنەماڵەی میلیوکۆڤدا بۆ گێڕایەوە. پاشان چوونەوە بۆ ژوورەکەی خۆیان. دوای ئەوەی بەرگەکانی بەریان گۆڕی و، سمێڵ و برۆکانیان وەلاوە نا. کەوتنە باسی هاوسەرگیریی داهاتوویان و بەختەوەر بوونیانەوە. ئیدی زۆر باش لە مێردەکانیان دەگەن و، هەردوکیان تێیدا سەرکەوتوو و، بەختەوەر دەبن. دنیاشایش چەند ئاوێنەیەکی هێنابووە سەر مێزی نانخواردنەکە.

ناتاشا لە ئاوێنەیەکەوە، نزیک بووەوە و پرسیی:

"جا ئەمە کەی روو دەدات؟ ڕەنگە هەر ڕوویش نەدات! من زۆر لەمە دەترسم. گەر روو بدات، هەر زۆر بە لامەوە خۆش دەبێت!"

سۆنیا پێی وت:

"دابنیشە ناتاشا گیان. دوور نییە بە چاوی خۆت، ببینیت!"

ئەویش مۆمەکانی داگیرسان و لێی دانیشت و، لە ئاوێنەکەدا سەرنجێکی روخساری خۆی دا و وتی:

"من هەندێکیان بە جووتێک سمێڵەوە دەبینم!"

دنیاشایش لەولایەوە هۆشداریی دایە:

"پێویست ناکات پێبکەنیت... کچێ!"

بە سۆنیا و کارەکەرەکە، یارمەتیی ناتاشایاندا، لە دانانی ئاوێنەی یەکەمدا. ئەویش بە ڕوویەکی زۆر جدیەوە کپ بووەوە. ماوەیەک بەو شێوەیە مایەوە و، سەرنجی ریزبەندیی مۆمەکانی نێو ئاوێنەکەی دەدا. کە وا دەردەکەوتن لە یەکەوە دوور بن. بە گوێرەی ئەو چیرۆکانەی بیستبوونی، لە دواین چوارگۆشەدا کە شتەکان نامۆیانە، تێکەڵ بە یەک دەبن. چاوەڕێی ناوە ناوەی میر ئاندریە و بە دوایدا دارەمەیت بوو. هەرچەند ئامادەباشیی ئەوەیشی تێدابوو، کە چکۆلەترین پەڵەی سەر ئاوێنەکەیش بە دارەمەیت یان روخساری مرۆڤ ببینێت. کەچی هەر هیچیشی نەبینی!

چاوانی کەوتنە فڕین و تێکچوون و وتی:

"ئەمە چۆن وا دەبێت!؟ خەڵکان شت دەبینن و، من هیچ نابینم!؟ دەی سۆنیا وەرە لەم شوێنەی من دابنیشە. ئەمڕۆ رۆژی خۆتە! لە بەر خاتری من، تۆیش سەیرێک بکە. من زۆر دەترسم."

سۆنیا دانیشت و دنیاشا گۆشەیەکی بۆ دەستنیشان کرد و ئەویش کەوتە تێ ڕوانینی.

دنیاشا بە چرپە پێی وت:

"سوفی ئەلکسەندرۆڤنا... بێگومان تۆ شتێک هەر دەبینیت. گەر هەر هیچیشت نەبینی، ئەوە هی ئەوەیە: کە تۆ هەر خەریکی پێکەنینیت!"

کە سۆنیا ئەمەی بە گوێدا درا. ناتاشایش بە ورتە ورت وتی:

"بەڵێ دەزانم شتێک هەر دەبینێت. ئاخر پاریش شتێکی بینی بوو."

دوای کەمێک بێدەنگی، تێهەڵچووەوە و وتی:

" بێگومان..."

بەڵام کاتی ئەوەی نەبوو، رستەکەی تەواو بکات و، کتوپڕ سۆنیا، ئاوێنەکەی هەڵدایە ئەو لاوە و، دەم و چاوی لە بەری دەستەکانیدا شاردەوە و، هاواری کرد:

"ئـــاە! ناتاشا!"

ناتاشایش ئاوێنەکەی راست کردەوە و هاوای کرد:

"بینیت! ئاخۆ ئەوت بینی؟ چیت بینی؟"

سۆنیا هیچی نەبینی بوو! ئەو داماوە لەو کاتەدا گوێی لە "بێگومان"ەکە بوو بوو و، هێندەیش دانیشتبوو، وێستبووی چاوانی ماندووی هەڵگۆفێت و، کەمێک بحەوێتەوە. چاوەڕوانی ئەوە نەبوو سۆنیا، یا ناتاشا بخەڵەتێنێت. تەنانەت خۆیشی هۆی هاوار کردنەکەی و، چاو گرتنەکەی خۆی نەدەزانی!

ناتاشا دەستەکانی گرت و لێی پرسی:

"ڕێک خۆیت بینی؟"

سۆنیایش کە نەیدەزانی مەبەستی لەو "ئەو"ە کامیانە: ئاندریە، یان نیکۆلا؟

وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! ئا کەمێک لە سەرم بوەستە!... ئەوم بینی!"

لە خۆیشی پرسی:

"پاشان بۆ نەڵێم: شتێکم بینیوە؟ خۆ زۆرێک لە خەڵکی تریش شتیان بینیوە! دواجار کێ پێم دەزانێت، کە فێڵم کردووە؟"

پاشان خۆی رکێف کردەوە و وتی:

"بەڵێ... ئـەوم بینی!"

ناتاشایش پرسیی:

"چۆن چـۆنی ئـەوت بینی؟ بە پێوە بوو؟ یان راکشابوو؟"
سۆنیایش وتی:
"پـەلـەم لێ مەکە..یەکەمجار هیچ دیار نەبوو. پاشان لە ناکاو بە راکشاوی بینیم."
ناتاشایش بە سەرنجێکی مەترسیدارەوە، لە کچە ئامۆزاکەی خۆی روانـی و پرسیی:
" ئاندریە راکشابوو" بۆچی؟ نەخۆش بوو؟"
سۆنیا خۆیشی بینینەکەی لێ ببوو بە راست و، کەوتە باس کردنی:
"نـەخێر! بە پێچەوانەوە. بەختەوەر دیـاربوو! تەنانەت ئاوڕیشی لێم دایەوە."
ناتاشایش لێی پرسییەوە:
"چیی تـر؟"
سۆنیایش وەڵامی دایـەوە:
" لـە دوای ئـەوەوە، هـیچم بـۆ جیـا نەدەکرایـەوە... هێندە دەزانـم کـە شـتێکی سـوور و شینیشی لێ بوو."
ناتاشا لێی پرسی:
"سۆنیا ئـەو، کەی دەگەڕێتەوە؟ ئـاخۆ جـارێکی دی، دەیبینمـەوە؟"خوایـە گیـان چەند لـە خۆم دەترسم! هەموو شتێک دەم ترسێنێت و لە هەموو شتێکیش دەترسم!"
دوای ئـــەوەی ئـەوان مۆمـەکانیان کوژانـدەوە. ئـەویش لـە سـەر جێیەکـەی راکشـا و، جوولّـــەی لـە خـۆی بـڕی و، بـە چـاوانی کـراوەوە، لـە پەنجـەرە زۆقماوییـــەکانەوە، لـە مانگەشەوەکەی دەڕوانی.

بەشی سیازدە
ددان پێدانانی نیکۆلا

هەر دوا بە دوای بە سەرچوونی جەژنەکانی لە دایکبوون، بە ماوەیەکی کەم. نیکۆلا لای دایکی، ددانی بەوەدا نا کە سۆنیای خۆشدەوێت و سووریشە لەسەر هاوسەرگیری کردن لەگەڵیدا! کۆنتیسەیش کە لە مێژەوە بوو، هەڵس وکەوتی ئەو دوانەی خستبووە ژێر چاودێریی خۆیەوە، چاوەڕێی ئەو هەواڵە خۆشەی دەکرد. تا کۆتایی، بە بێدەنگی گوێی بۆ کوڕەکەی شل کرد. پاشان تێی گەیاند کە دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ هەر کەسێک کە خۆی دەیەوێت، بیکات. بەڵام نە خۆی و نە مێردەکەی پشتگیریی ئەم هاوسەرگیرییەی دەکەن.

ئەوە یەکەمجاری بوو کە نیکۆلا دایکی ببینێت: لەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ کوڕەکەی، کەچی لێی رازی نییە! کۆنتیس بێئەوەی هەر سەیری نیکۆلایش بکات، بە ساردێکەوە، بانگی کۆنتی مێردی کرد.

کە کۆنت گەیشتە لای، تەقەلای دا زۆر بە ئارامی و بە کورتی، کێشەکەی تێ بگەیەنێت. بەڵام ڕکێفی خۆی لە دەست دا و، بە دەم گریان و فرمێسک هەڵڕشتنەوە جێی هێشتن.

کۆنتیش لای خۆیەوە، کەوتە سەرزەنشت کردنی کوڕەکەی و، لێی پاڕایەوە کە لەو کارەی پەشیمان بێتەوە. نیکۆلایش ئەوەی ڕەت کردەوە، کە پاشگەز بێتەوە. کۆنت کۆڵی لێدا و، هەناسەیەکی هەڵکێشا و، بە تەریقییەوە، خۆی گەیاندەوە کۆنتیسە.

هەموو جارێک کە لەگەڵ کوڕەکەی ناکۆک دەبوو. لۆمەی خۆی بەوە دەکرد، کە سامان و دارایی کوڕەکەی بە فیڕۆ داوە و، ستەمی لێ کردووە، گەر وا نەبوایە: ئێستا کچێکی لە سۆنیا باشتری دەکردە هاوسەری خۆی. تاوانباری راستەقینەیەیش خۆیەتی و میتانکای جێگری و، هەڵسووڕێنەری داهات و دارایی، کە هەرگیز چاوەڕوانی گۆڕان و باشتر بوونی ئابووریی ماڵەکەی لێ نەدەکرا.

نە باوک و نە دایکی، لەو ڕۆژە بە دواوە دوور و نزیک وشەیەکیان لە بارەی ئەو هاوسەرگیرییەوە، لە بەردەم کوڕەکەیاندا نەدرکاند. دوای چەند ڕۆژێک کۆنتیسە سۆنیای بانگ کرد و، زۆر دڵڕەقانە، کەوتە سەرزەنشتی و، ئەوەیشی پێوت کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەدەکرد. گوایە ئەو ئیغرای کوڕەکەیی کردووە.

سۆنیایش سەری نەوی کرد بوو و، گوێی لە سەرکۆنە سەختەکانی ئەو گرت بوو. لە کاتێکدا ئامادەیش بوو، خۆی بخاتە پێناوی ئەو کەسانەی، زووتر چاکەیان لەگەڵ کردووە. بەڵام لێرە بە دواوە، نەیدزانی بە قوربانی کێ بێت!؟ نیکۆلای خۆشدەویست و، دەیزانی بەختەوەریی بەو خۆشەویستەیەوە بەندە. بۆیە خۆی بەندی بێدەنگی کرد.

نیکۆلاش وای مەزندە کرد، کە ئەو هەڵوێستە لاواز و بەرگە نەگرە. بۆیە بڕیاری دا دانووسان و لێک تێگەیشتن لەگەڵ دایکی بکات. لە سەرەتادا لێی پاڕایەوە کە لە هەردوکیان خۆش ببێت و، رازی بوونی خۆییان پێ ببەخشێت. پاشان هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد کە ئەگەر ئەشکەنجەی سۆنیا بدەن. ئەوا ئەویش زوو بە نهێنی مارەی دەکات.

کۆنتیسەیش بە ساردێکەوە ـ کە لەوە و پێش لە دایکی نەبینی بوو ـ پێی وت کە ئێستا لاوێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە و، ئەویش وەکو میر ئاندریە دەتوانێت بە بێ رازی بوونی کۆنتی باوکی، هاوسەرگیری بکات.

بەڵام خۆیشی هەرگیز ئەو کچە سەرەڕۆیە بە کچی خۆی نازانێت. ئەو ناتۆرەی سەرەڕۆییەی کە دایکی دایە پاڵ سۆنیا، نیکۆلای تووڕە کرد و، بە دەنگی بڵند ئەوەی پێووت، کە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، دایکی هانی ئەو کچە بدات تا خۆی بفرۆشێت.

مادام کارەکە وای لێهات. بۆ دوایین جار هۆشداریی دایە دایکی، کە ئەویش... کاتی ئەوەی نەبوو بە وشە گونجاوەکەی ئەو ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی بێنێت خۆ گەر دایکی لەو کاتەدا ڕوخساری ئەوی بخوێندایەتەوە، لە سەختی و گرانیی ئەو وشانە دەگەیشت، کە نیکۆلا فریا نەکەوتبوو، بیانڵێت. چونکە هەر لەو کاتەدا ناتاشا گوێی لە دەنگیان بوو و، بە ڕەنگی زەرد و هەڵبزرکاوەوە لە دەرگاکەوە دەرکەوت.

هـــاواری کرد:

"نیکۆلا قسەی هەلەق و مەلەق مەکە و، خۆت کەر مەکە! ش..ش...وس بە... "

بۆیە هاواری کرد و قیژاندی تاکوو دەنگی نیکۆلا بشارێتەوە و، نەهێڵێت دایکی گوێی لێ بێت.

نیکۆلا لە سەری ڕۆیشت:

"دایکە! دایە چکۆلەکەم! دایکە ئازیزەکەم... کارەکە پەیوەندیی بە..."

دایکیشی زۆر بە ترسەوە، لە کوڕەکەی دەڕوانی و، هەستی کرد کە خەریکە لە یەکتر دادەبڕێن! بەڵام کەللەڕەقی و، ئامادەیی بۆ ئەو دابڕانە، نەیدەهێشت خۆی بە دەست کوڕەکەیەوە بدات.

ناتاشا بە براکەی وت:

"نیکۆلا پاشەکشە بکە... خۆم هەموو شتێکت بۆ شی دەکەمەوە. تۆیش دایکە چکۆلەی ئازیزم! گوێم لێ بگرە..."

هەرچەند ئەم چەند وشەیەی ناتاشا، واتایەکی ئەوتۆی نەبوو! لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی خۆی پێکا. کۆنتیسە سەری خستە سەر سنگی کوڕەکەی و دایە پڕمەی گریان. ئەویش هەردوو دەستی خستە سەر سەری خۆی و، هەستا و گەڕایە دواوە.

ناتاشا دانوسانەکەی هەردوکیانی بە ئاقارێکی باشدا برد و، دایکی قایل کرد کە لەمەودوا بەرامبەر سۆنیا، زبر نەبێت و، بێزاری نەکات. لە بەرامبەر ئەمەی ئەویشدا: نیکۆلا بڕیاریدا هیچ شتێک بە نهێنی و بە دزیی دایکو باوکیەوە نەکات.

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمدا، نیکۆلا بە پەشیمانییەکی فرەوە، لەو بەرەنگار بوونەوەیەی لەگەڵ خێزانەکەیدا. پەیوەندیی بە فەیلەقەکەیەوە کردەوە. بەڵام بڕیاری ئەوەیشی دابوو، کە هەموو کێشەکانی چارەسەر بکات و، دواتر خۆی لە سەربازییەکەی کارکەنار بکات و، سۆنیا مارە بکات.

گەڕانەوەی نیکۆلا بۆ فەیلەق" مالّی ڕۆستۆڤی نقوومی خەم و پەژارە کرد و، کۆنتیسە نەخۆش کەوت. سۆنیایش بە دابڕانی لە نیکۆلا و، تووشبوونی بەو زمانە تیژە و، رق و کینەیەی کۆنتیسە، کە خۆی بۆ رکێف نەدەکرا. ئەمەیش تووشی پەژارە و ئازار و بێزاری کردبوو.

کۆنتی باوکی نیکۆلایش، بە هۆی دارمانی باری دارایی بنەماڵەکەیەوە. کە کێشەکەی پێویستی بە ڕێنمایی و، کار بۆ کردنی فرەتر بوو. تووشی دڵەراوکێ بوو بوو. فرۆشتنی کۆشکەکەی شاری مۆسکۆی. یان زەوییەکانی دەوروبەری ئەو شارە. دەیسەپاند بە سەریدا، کە سەفەر بکات بۆ مۆسکۆ. بەڵام خراپیی باری دروستیی وای دەکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوابکەوێت.

ناتاشایش کە چەند مانگێکی سەرەتای سەفەرەکەی میر ئاندریەی بێباکانە بەڕێ کردبوو. ئێستا تووشی هەڵچوونی کردووە و، سەعات دوای سەعات ئارامی لەبەر هەڵدەگیرێت. ئەوەیش کە وای دانابوو، سەرکەوتووانە ڕۆژە جوانەکانی خۆشەویستیی، تێدا بەسەر دەبات. با بردوویەتی و، پووچ بووەتەوە و، ئازاری پێ دەچێژێت.

زۆر جاران نامەکانی ئاندریە، هەڵچوونەکانی فرەتر و تووندتر دەکرد. بە حەسرەتەوە بە خۆی دەوت: **من لێرە کات بە بیر کردنەوە لە ئەو، بەسەر دەبەم و، ئەویش وەکوو خەڵکە زۆر ئاساییەکە، لەوێ دەژی و، چەندین شاری نوێ دەبینێت و، هاوڕێ و ناسیاوانی نوێ، بۆ خۆی پەیدا دەکات. بە تێکەڵبوونیان و هاوڕێیەتیانەوە، کات بەسەر دەبات.** .

تا ئاندریە لە نامەکانیدا باسی فرەتر و گرنگیی زۆرتری بە ناتاشا بدایە. زیاتر دەبووە مایەی بێزاریی ناتاشا. تەنانەت ئارەزووی ئەوەشی نەمابوو، تا وەڵامی نامەکانی بداتەوە. چونکە ئەوەی بە کات بەفیڕۆدانێکی بێزارکەر دەزانی. ئاخر نووسین چۆن دەتوانێت: وا بکات لێی تێ بگات؟ کەی وەکو گفتوگۆی ڕاستەوخۆ زیندووە و زیندوویەتیی زەردەخەنە و، سەرنج و سەرکیی بۆ دەردەبڕدرێت! لەبەر ئەوەبوو، نامەی وشکی بێزارکەری بۆ دەنووسی! نامەیەلێکی کلاسیکیی ئەوتۆ، کە خۆیشی هێندەی بایەخ پێ نەدەدان.

بەڵام دایکی هەموو جارێک پێیاندا دەچووەوە و هەڵە زمانەوانییەکانی بۆ ڕاست دەکردەوە و، دواتر دەبوو ناتاشا سەر لە نوێ بینووسیایەتەوە.

دوای ماوەیەکی زۆریش دروستیی کۆنتیسە هەر بەرەو باشتر بوون نەدەچوو. لە کاتێکدا مەحاڵ بوو، کە لەوە زیاتر سەفەرەکەی مۆسکۆی، دوا بخات.

کۆنت زۆر تامەزرۆی ئەوە بوو، خۆی پێویستییەکانی شایی ئامادە بکات. ئەم لای خۆیەوە خانووەکە بفرۆشێت و، وایش چاوەڕوان دەکرا، میر ئاندریەیش بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و، باوکیشی ئەو زستانە لە ئەوێ بەسەر دەبات.

ناتاشایش لای خۆیەوە گەیشتبووە ئەوەی، کە هەر بە ڕاستی میر ئاندریە، گەیشتووەتەوە مۆسکۆ و، لای باوکێتی.

بەو شێوەیە، کۆنتیسە بە نەخۆشییەکەیەوە مایەوە و، کۆنت و سۆنیا و ناتاشا سەفەری خۆیان، لە دوا ڕۆژەکانی کانوونی دووەمدا، بەرەو مۆسکۆ کرد.

پاری پێنجەم

بەشی یەك
دەردەسەرییەكانی پییەر

دوای نیشانە كردنەكەی ناتاشا، بۆ میر ئاندریە و، لە ناكاو و بە بێ هۆ پییەر هەستی كرد، ئیدی مەحاڵە بتوانێت وەكوو جاران، بژیێت! هەر چەند پابەندی ئەو راستییە تۆكمانەیش بوو، كە رابەرە ماسۆنییەكەی لێی بە ئاگا هێنابووەوە. لەگەڵ ئەو هەموو بەختەوەرییەیشیدا، كە بە هۆی ئەو تەقەلا گەرم و گوڕییەوە لە پێناوی پاكژ بوونەوەی دەروونیدا و، كامڵ بوونبیەوە، لە دیوی ناوەوەی خۆیەوە دەیدا. ئەو ئاشكرا بوونەی نیشانەكردنە و، بە تایبەتیش مردنی جۆزیف ئەلكسییڤیتش. كە هەر بەم نزیكانە ئەمەیشیانی پێ راگەیەندرابوو.

هەموو خۆشییەكانی ژیانیان لێ زەوت كردبوو. لەو ژیانەیدا تەنیا و تەنیا تۆیكڵەكەی دەرەوەی دەبینی. كە ئەویش كۆشكەكەی و، هاوسەرە هەمیشە بە ناوبانگەكەی و، پەیوەندییەكانی نێو پیترزبورگ و، پلەی دەرباری دەوڵەت و ئەركە بێزراوەكەی بوو. ئەم قێزەون بوونە كتوپڕە، وای كرد كۆڵ لە نووسینەوەی بیرەوەرییەكانیشی بدات و، خۆی بە دوور بگرێت، لە برایانی ماسۆنی خۆی و، دەستی كردەوە بە هاموشۆكردنی یانە و زێدەڕەوی لە خواردنەوەدا و، تێكەڵ بوونەوەی بە ڕەبەنانەوە.

بە كورتییەكەی ئەم ڕەفتارانەی، وای لە كۆنتیسە لیكلین كرد، كە پێی وابێت ئیدی پێویستە لۆمە و سەرزەنشت بكرێت. پییەریش هەر زوو دانی بەوەدا نا، كە ئەو ڕاست

دەکات و، چووەوە بۆ مۆسکۆ، تاکوو خۆی لەو لۆمە و سەرزەنشتە بدزێتەوە. سەر لە نوێ خۆی لە کۆشکە پان و پۆرە ئاوەدانەکەی، بە ژمارەیەکی زۆری خزمەتکاران و، ئەو خاتوونانەی کە هەر لە مۆمیاکراوانی زەمانە دەچوون، بینییەوە. کە بە شارەکەیشدا تێپەڕ دەبوو، کڵێسەی "کچە ئیبریا"ی رووناک بە مۆمیەلێک دەبینی، کە لە بەردەم پەیکەرە پۆشراوەکاندا بە بەرگی زێڕین دانرابوون و، گۆڕەپانی کرملینی پۆشراو، بە بەرگی سپی بەفرینەوە و، شەقامی راڤان سیڤتسۆڤ و، گالیسکە و کۆشکە بڵندەکانی بینیەوە.

کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو پیرانەدا، کە ژیانی دوورودرێژیان بە ئارامی و ئاسوودەیی بەسەر دەبرد و، بە ئەو خاتوونە نیانانەی مۆسکۆ و، ئاهەنگەکانی سەما و "یانەی ئینگلیزی" نوێ کردەوە. دواجار هەستی کرد کە گەڕاوەتەوە بنکە و پێگەی راستەقینەی خۆی.

بەلایەوە مۆسکۆیش هەر وەکو ڕۆبەکەی ماڵەوەی خۆی وابوو. ئەو ڕۆبە نەرم و شلە خۆش ئامێزە، کەمێک پۆخڵەی کە خاوەنەکەی پێی راهاتووە و، بەلایەوە زۆر گرنگ و بە نرخە! مۆسکۆییەکانیش، هەر لە پیرانیانەوە تا بە منالانی، وەکوو میوانێکی نیان و نانبدە و دەستکراوەیەک، کە لە مێژەوە چاوەڕوانی بووبن و، شوێنی شایستەی خۆیان بۆ دانابێت، پێشوازییان کرد.

بە لایانەوە پییەر: کەسێکی بە سۆز و بەخشندە و بدە و کەسێتییەکی ڕەسەنی پێگەیشتوو و سەرنجکێشکەر و ڕووخۆش بوو. نموونەی کەسێتیی شەرەفمەندی ڕووسی بوو. چونکە گیرفان و جزدانی هەمیشە کراوە بوو، بۆ هەموو کەسێک. زوو زوو جزدانی چۆڵ دەبووەوە. خۆ گەر کارەکە پەیوەندیی بە شانۆ و، نمایشی بااڵ و بەرهەمەوە بوایە. یان تابلۆیان و پەیکەر و قوتابخانەکان و ئاهەنگەکانی کۆکردنەوەی پیتاک. یان ئاهەنگە ئیغراکان. یان پیتاکی کۆڕی ماسۆنییان و کڵێسەکان. یان چاپ و پەخشی کتێب: ئەوا هەرگیز درێغیی لێ نەدەکردن. خۆ ئەگەر ئەو سێ هاوڕێیەیشی نەبوونایە، کە بە بڕی مەزن قەرزیان لێ دەکرد و، بوو بوونە نوێنەر و ڕاوێژکاری... ئەوا لەوە بوو، هەموو شتێکی خۆی ببەخشێتەوە. بێ ئامادە بوونی ئەو، هیچ ئاهەنگێک نەدەگێڕدرا.

ئەویش هێندەی خۆش بوو تا دوو قاپ عەرەقی شاتوو ماجووی دەخواردەوە. ئیدی دادەکەوتە نێو ئەو قەنەفەیەوە، کە خۆی خۆشیی لە دانیشتنی هاتبوو! پاشان بازنەیەکیان بە کەمەری قەنەفەکەیدا پێک دەهێنا و دەکەوتنە قسە و چیرۆک گێڕانەوە و، وایان دەکرد کە کاتێکی خۆش بە سەر ببات.

گەر پێکداپژانێک، یان دەمە قاڵەیەک دروست ببوایە، بە زەردەخەنەیەکی نیان. یان بە سوعبەتێک ئەو گرژییەی دەڕەواندەوە. کۆڕە ماسۆنییەکانیش، بێ ئەو زیندوویی و بایەخی خۆیان لە دەست دەدا.

دوای ئێوارەخوان و ئەو دەمەی لاوان زۆریان لێ دەکرد و، هەڵیاندەستاند و، بە کێشی نێو خۆیان دەکرد. قیژە و هاواری شادی و خۆشییان لێ بڵند دەبووەوە. لە ئاهەنگە سەما ئامێزەکانیشدا، دەستی بە ڕووی خانمانەوە نەدەنا و، سەمای لەگەڵ دەکردن. لە ئێوارەخوانەکانیشدا بە لاولووی هیچ خاتوونێکدا نەدەهات و، عیشقی لەگەڵ نەدەکردن و لەگەڵ هەموویاندا نیان بوو.

بەوەیشی خانمان حەزیان بە سەما کردن دەبوو لە تەکیدا. هەموویشیان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە کەسێکی قەشەنگە و، هەواداری کاری سێکس نییە.

بە کورتییەکەی، ئەو پیاوە بوو بووە یەکێک لەو سەدان کەسە پلەدارانەی دەوڵەت. کە بێکارەن و بە ئارامی ژیانیان لە شاری مۆسکۆدا بەسەر دەبەن.

ئای چەندەی پێ ناخۆش دەبوو، گەر یەکێک پێی بوتایە: کە تۆ لە هەندەران بوویت. هەر کەسێکی تر بوایە، هەر ئەوەی تۆی دەکرد! شتێک نەبوو لێی بگەڕێت و، یان بە خەیاڵیدا بێت. لەوانەی لە چارەی نووسرابوو، هەرچییەکی بکردایە، هەر هێندە دەبوو کە هەر کەسێکی دی، لە شوێنی بوایە، بۆی دەکرا. خۆ ئەگەر ئەمەیان بە خۆی بوتایە، بڕوای بە گوێی خۆی نەدەکرد.

ئەی هەر ئەو نەبوو دەمێک حەزی بە دامەزراندنی کۆماری ڕووسیا بوو و، دەمێکیش حەزی دەکرد ناپلیۆنێک، یان رابەرێک یان فەیلەسووفێک بێت و، ئیمپراتۆر ببەزێنێت. ئەی هەر ئەو نەبوو پێی وابوو: دەکرێت ڕەگەزی گەندەڵی مرۆڤ نوێ بکرێتەوە؟ زۆر بە تامەزۆییەوە پاکژ کردنەوەی دەروونیی، لێ بە مەراق بوو بوو؟ ئەی هەر خۆی نەبوو قوتابخانە و، خەستەخانەیەکی فرەی دروست کرد و، جوتیارانی ئازاد کرد!؟ هەموو ئەمانە بە چی گەیشتن؟ ئەمە گەیاندییە ئەوەی کە بووە، میردێکی کاریگەری سادە بۆ ژنێکی بێ وەفا و، نادڵسۆز و دەرگاوانی شەرەفی خۆی و، هەوادارێکی باشی خواردنی نایاب و، دوای خواردنەوەیش بە دڵێکی کراوەوە، لاقرتێی بە دەوڵەت دەکرد. ئەندامێکی کارای یانەی ئینگلیزی و وتاربێژ و مەراییکاری کۆمەڵگەی مۆسکۆڤی بوو.

بە کورتی هەرچەند ماوەیەکی زۆریش بوو، ئەم بیرۆکەیەی لا گەڵاڵە نەبوو بوو. دواتر بووە یەکێک لەو کەسانەی کە، حەوت ساڵیش بوو، دڵی لەوە پتری بۆ هەڵنەدەگیرا، لە رق و کینە بۆیان.

هەندێ جار بەوە دڵی خۆی دەداوە، کە ئەو جۆرە ژیانە کاتییە. بەڵام دواتر بە ترسەوە بیری لە ژمارەی ئەو خەڵکانە دەکردەوە، کە بە شێوەیەکی کاتیی رێیەکەی ئەمیان گرتووە و بە هەموو هەست و لێکدانەوەیانەوە هەڵدێراونەتە ئەم یانەیەوە و، دواتر بە دەم و ددان، تەقەڵایان داوە بێنەوە دەرەوە. بەڵام کاتێک هاتوونەتە دەرەوە کە پێست و تووکیان داماڵراوە و، ددانیان لە دەمدا نەماوە. لە ساتەکانی بە خۆنازیندا، خۆی بە جیاواز

دەزانی لە بەرامبەر ئەوانی تردا! ئەو دەرگاوانانەی کە لە رابردوودا، رقی لێیان دەبووەوە. ئەو زیندەوەرە کەرانەی بێ سەروبەر بوون و، گێلانە لە خۆیان ڕازی بوون. ئەو کاتە ئەو وا بیری دەکردەوە: من بە پێچەوانەوە، تا ئێستایش لە هیچ شتێک ڕازی نیم. هەمیشە ئارەزووی ئەوەمە کارێک بکەم سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەبێت.

لەو کاتانەیشدا کە سادە و خۆ بەزلزان نەبوایە، وا بیری دەکردەوە: بەڵام کێ دەزانێت؟ ئەوانیش ـ واتە هاوڕێکانم ـ وەکو من خەباتیان کردووە. هەوڵیان داوە ڕێبازی تایبەت بە خۆیان ببڕن. پاشان گەیشتوونەتە ئەم خاڵەی ئێستا منی پێگەیشتووم. ئەویش لە ژێر فشاری دەوروبەر کە مرۆڤ توانای پاڵنان و ئاڵوگۆڕی نامێنێت و، توانای بە سەریدا ناشکێت.

دوای ماوەیەک مانەوەی لە مۆسکۆ، وای لێهات کە هاوڕێکانی خۆش بوێت و، لە کێشەکانیاندا دڵیان بداتەوە و، هەستیان پێ بکات و، بیان لاوێنێتەوە. هەرگیز رقی لێیان نەدەبووەوە. ڕاست بوو پییەر لە بێزاریی ناوەناوەی و، تونـدو تیژی و، ڕەشبینی و، بوغزاندنی ژیان ڕزگاری بوو بوو. بەڵام پشێوی و دڵەڕاوکێ شاردراوەکەی دەروونی، بە توندی ئازاری دەدا. ڕۆژانە چەند جارێک ناچار دەبوو، لە خۆی بپرسێت: ئامانج لەم شتە چییە؟ چ کارەساتێک لە سەر شانۆی ژیان، خۆی دەنوێنێت؟

بە گوێرەی ئەزموونەکانی خۆی بۆی دەرکەوتبوو، کە ئەو جۆرە پرسیارانە هەمیشە بێ وەڵام دەمێننەوە. جا بۆ ئەوەی خۆی لەو جۆرە بیرۆکە و وەڵامانە بدزێتەوە، پەنای بۆ کتێب خوێندنەوە، یان بە هەڵاتن بەرە و یانە، یان بە پەنا بردنە بەر ئەو بارودۆخە چەلەحانێیەی دەوروبەری: ئابۆلۆن نیکۆلا ئیڤیتش دەبرد و، بە خۆی دەوت:

هیلین باسیلیڤنا هێندە گێل بوو، خۆ پەرست و تەنیا خۆی خۆشدەویست! بەڵای خەڵکیشەوە موجیزەی بیر و ژیریی فریودەر بوو! خۆ ناپلیۆنیش زۆر باش تێگەیشتبوو، کە بە درێژیی ماوەی حوکمڕانیی خۆی، خەڵکی رقیان لێی بوو. کە لە مەزنیی خۆی کەوت: بەزەیی خەڵکیی دەبزوان و بەزەییان پێیدا دەهاتەوە! تەنانەت فرانسوای ئیمپراتۆریش، کە لە تەقەلای ئەوەدابوو، بە نافەریمیش بوایە، خـوشکەکەی خـۆی پێشکەشی بکات.

ئەگەر بە دۆستیشی بوایە، نەک هەر پەسەندی دەبوو، بەڵکو شانازیشی پێوە دەکرد. ئیسپانیایەکانیش بە هۆی قەشە کاسۆلیکیەکانیانەوە، ڕێ و ڕەسمی سوپاسگوزاریی خۆیان بۆ خوا بە جێ گەیاند، کە لە (١٤)ی حوزەیراندا سەرکەوتنی بەسەر فەرەنسییەکاندا پێبەخشیون.

لە هەمان کاتدا فەرەنسییەکانیش لای خۆیانەوە، هەر هەمان شتیان دەکردەوە و، بە هۆی هەمان ئـەو قەشانەوە. چونکە ئەوانیش لە هەمان ڕۆژدا، کە (١٤)ی حوزەیران بوو،

به سەر ئیسپانییەکاندا سەرکەوتبوون.

برایانی ماسۆنیش سوێندیان بە خوێن خواردبوو، کە هەموو شتێکی خۆیان لە پێناوی برا مرۆڤەکانیاندا ببەخشن. بەڵام لە کاتی باربوو و کۆمەک و، بەخشیندا یەک رۆپڵ چییە، نەیاندەبەخشی! لە بەرامبەر ئەمەیشدا هاوکاری پیلانەکەی ئاسترەیش بوون، لە دژی تۆندوتیژی بووین و بۆ بڵاو کردنەوەی یاساکانی مەسیح و، لێبوورەیی.

هەر تەنیا لە شاری مۆسکۆدا چل کڵێسەمان دروست کردبوو. کەچی هەر دوێنێ سەربازێکی هەڵاتوومان، هێندە دارکاری کرد و، قامچیمان لێدا، چونکە ویستبووی خۆی لە مردن رزگار بکات و، نەهێڵێت پێستی بەرن بۆ دەباغانە، تاکوو گیانی لە دەست دا! کەچی قەشە کە وەزیری یاساکانی مەسیحە و، هەمیشە داوای بەخشین و، یەکتر ویستن دەکات: خاچەکەی لەو سەربازە نزیک کردەوە، تاکوو بەر لە مردنی، ماچی بکات!

هەر جارێک پییەر وا بیری بکردایەتەوە، سەری لەو ماستاو و مەراییەی رەمەکی خەڵکەکە و، پەسەند کردنی ئەو جۆرە هەڵوێستانە سوور دەما! هەرچەند خەڵکەکەیش بەوە راهاتبوون، بەڵام ئەم پێی وابوو، ئەوە یەکەم جارە رووی ئەم کارە دزێوە هەڵدەمالێ!

بە خۆی دەوت:

هەست بەم مەراییەی خەڵکی دەکەم و، ئەو لە ڕێ دەرچوونە رەوشتییەی، کە تێیدا ون بووین! بەڵام ئاخۆ ئەمەی من هەستی پێ دەکەم، چۆن بۆ خەڵکیی باس بکەم و بە ئاگایان بێنمەوە!؟ تەقەلای ئەمەم داوە و، هەستم کردووە لە ناخیانەوە هاوڕای منن. بەڵام بینینی ئەو درۆیە ڕەت دەکەنەوە! بێگومان دەبێت ئەمە هەر وایێت. بەڵام ئەی من پەنا بۆ کوێ بەرم!؟ ئەمە چۆن لای زۆرینەی خەڵکەکە و، بە تایبەتیش لای ڕووسیاییەکان باس بکەم؟

کە ئەمیش بڕوای بە رەوا بوون و چاکە بوو، لە هەمان کاتدا تایبەتمەندیش بوو بەوەی چاوی تیژ بوو و، شەڕ و خراپە و دووڕوویی و، درۆی بە دەوری خۆیەوە دەبینی. هەر ئەمەیش بۆی بوو بووە بەربەست و، لە هەڵپەی چوونە ژیانەوەی کەم دەکردەوە.

بەڵای ئەوەوە هەموو جۆرەکانی چالاکی بە شەڕ و درۆ و، دووڕوویی پیس و لێخن بووە. دەست بە هەر کارێکیش دەکات، شەڕ و درۆ و دەلەسە، دەبێتە رێگر و نیوەناچڵی دەکات. بەو جۆرە هەموو رێگاکان بە رووبدا داخرابوون.

لەگەڵ ئەمانەیشدا هەر دەبوو، ژیانیکی لە بار بژی. شتێک بکات و خۆی بە کارەوە سەرقاڵا بکات. ئەو پرسیارانەیش تەنگی پێ هەڵچنی بوو و وای لێکردبوو، بۆ خۆدزینەوە لەو شتانە بگەڕێتەوە سەر کردەوە کۆنەکانی. کەوتەوە سەردانی کۆڕە مەزهەبییەکان و، یانە و بەدمەست بوون و، کۆ کردنەوەی تابلۆ ناوازەکان و، بەسەر بردنی کاتی بە خوێندنەوەوە. هەر چییەکیشی بەر دەست بکەوتایە دەیخوێندەوە.

کە دەگەڕایەوە ماڵ و خزمەتکارەکەی بەرگی ماڵی پێ دەپۆشی: کتێبێکی بە دەستەوە

دەگرت. کە لە خوێندنەوەیش دەبووەوە، دەچووە یانەکان و، تێکەڵ بە وتوو وێژەکانی ئەوێ دەبووەوە. دووبارە لێی دەنووستەوە.

مەی بوو بووە پێویستییەکی هەمیشەیی جەستەی ئەو. رۆژ لە دوای رۆژ بە نرختر دەبوو لە لای. هەرچەند پزیشکیش هۆشداریی دابوو پێی، کە باش نییە بۆی و، ئیدی مەی نەخواتەوە. بەڵام ئەو هەر دەیخواردەوە و، زێدەرەویشی تێدا دەکرد. تا چەند پێکێکی ئاودیوی گەدەی نەکردایە، ئارام نەدەبووەوە. ئیدی فێنکییەکی زۆر بە لەزەت دایدەگرت و، سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر مرۆڤانی تر دەبزوا و، ئامادەبوو لە هەموو بابەتێکیانەوە بدوێت. وای نەدەکرد تەنیا لە یەک بابەتدا قوڵ بێتەوە. هەر قاپێک یان دوانی هەڵدەدا. ئەو کێشە زۆر ئاڵۆزەی ژیان، کە بەو قەبەییەیش نەبوو، بە لێڵی دەبینی، بەڵام ئەم ترس دایدەگرت. ئەو کێشەیەی لە کاتی نانخواردندا باس دەکرد و، لە کاتی کتێب خوێندنەوەدا بیری لێ دەکردەوە. بەردەوامیش لە مێشکیدا بوو.

کە مەستییەکەیشی دەڕەوییەوە، وای لێ دەهات بە خۆی بڵێت:

شتێکی هیچە! هەر بە ڕێی دەکەم! شیکردنەوە و پێناسەی خۆمم هەیە بۆی. بەڵام هێشتا کاتی نەهاتووە. دواتر بیری لێدەکەمەوە.

بەڵام ئەو هەر نەدەگەیشتە ئەو "دواتر"ە!

ڕۆژی دواتر و ئەو دەمەی مەستییەکەی ڕەوی بووەوە و، بەری دابوو، دیسان پرسیارەکان گەمارۆی مێشکیان دایەوە و، تۆقێنەر و لە جاران ئاڵۆزتریش و، جۆرێک کە چارەسەریان مەحاڵ بێت.

کتێبێکی بە دەستەوە گرت. کە بیستیشی هاتوونەتە سەردانی. دڵی زۆر بە هەواڵەکە کرایەوە.

هەندێک جار وا بە خەیاڵیدا دەهات، کە سەربازەکانی بەرەی پێشەوەی شەڕەکە، دەگەڕان بۆ خۆ سەرقاڵ کردن بە شتی ترەوە، تاکو بە ئاسانی مەترسیی مردنیان بیربچێتەوە. ئەمەیش دەیگەیاندنە ئەوەی، کە ڕەمەکی خەڵکەکەیش هەر ڕەفتاری ئەو سەربازانە دووبارە دەکەنەوە، بەوەی کە ڕوو لە ئافرەت و خواردنەوە و، قومار کردن و لووتبەرزی و سوارچاکی و ڕاو وشکار و یاری کردن بکەن.

ئەمانەیش هەمووی بۆ ئەوە بوو، خۆیان لە ژیان ڕزگار بکەن. هەر بۆیەش دەوڵەت یاسایەلێک دادەنێت و، بایەخ بە کارە گشتییەکە دەدات.

پاشان بەم شێوەیە بیری کردەوە:

"ئەنجامیش ئەوەیە، هیچ شتێک پشتگوێ ناخرێت و، هیچیش نییە جێی بایەخ و گرنگی پێدان بێت! شتەکان بۆ خۆیان هیچ و پووچن! ئارەزوویشمە خۆم بە دوور بگرم، لە درۆی ژیان و، بە دووریش بم لەم گۆشەنیگا قێزەونە.

بەشی دوو
دەردەسەرییەکانی ماری

سەرەتای زستان بوو، میر نیکۆلا ئاندرییڤیتش پۆلکۆنسکی و کچەکەی، گەیشتنە مۆسکۆ تاکو تێیدا نیشتەجێ بن. بە هۆی ڕابردووی و ئەو هاتنە خوارەوەی پەرۆشیی مۆسکۆڤیەکان، بە گەیشتنە دەسەڵاتی ئەلکسەندەر و، هەستی رقبوونەوە لە فەڕەنسییەکان، کە لەو ماوەیەدا لە نێو خەڵکیدا بەربڵاو بوو. وایان کرد کە لە ماوەیەکی کەمدا پۆلکۆنسکی ببێتە جێی ڕێز و خۆشەویستی، لای مۆسکۆڤییەکان و، بنکەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەت.

ئەو سالّە میرە پیرە زۆر داکەوت. خەوە نووچکەکانی و، بیرچوونەوەی ڕووداوە نوێیەکان و بیرکەوتنەوەی ڕووداوە زۆر کۆنەکان و، بە خۆنازینە منالانەکەی ـ کە ڕۆڵی سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە دەوڵەتی دەبینی. ئەمانە نیشانەی ڕوونی داکەوتن و پیربوونی ئەو بوون.

لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم پیرە دەمە و ئێواران و، بە تایبەتی کاتی چاخواردنەوە، پەیدا دەبوو و، بە دەم چاخواردنەوە وتاری دەدا و، زۆر بە بڕوا بەخۆ بوونەوە لە ڕووداوەکانی سەدەی رابردوو دەدوا و، بە پشتبەستن بە ئەنجامەکانی ئەو رابردووە، حوکمی بە سەر سەردەمەکەی خۆیدا دەدا. هەر ئەمەیش وای دەکرد ئامادەبووان ڕێزی بگرن.

ئەو خانووە کۆنەی تێیدا نیشتەجێ بوو، ئاوێنەیەکی گەورەی تێدابوو و، شتومەکەکانی

هی سەردەمی پێش شۆڕش بوون. ئەڵبەتە خۆیشی پیرێکی زبری سەردەمی ڕابردوو بوو و، خۆی و کچە نیانە جوانەکەی، دیمەنێکی نگیندار و سەرنج کێشکەریان پێک هێنابوو. بەم دواییانە، ئەو ژیانە تایبەتە خاتوو ماریی شەکەت و ماندوو کردبوو. لە راستیشدا ئەو شارە گەورەیە، هیچ تایبەتمەندییەکی پێ نەبەخشی بوو. خۆیشی لە خۆشترین چێژەکانی ژیان بوو بوو. ئەمەیشی بە هۆی دوورکەوتنەوەی بوو، لە دەروێشان و پیاوانی بۆ خواسوڵحاوەوە بوو. ئەو دەروێشانەی کە لە لیساجۆری، لە دەوروبەری بوون. ئیدی هەرگیز تێکەڵ بە کۆمەڵگا نەدەبوو. خەڵکەکەیش دەیانزانی، کە باوکی ڕێی نادات، بە تەنیا لە ماڵ بچێتە دەرەوە. باوکیشی لەبەر باری نادروستی خۆی، نەیدەتوانی لەگەڵیدا بچێتە دەرەوە. لەبەر ئەوە، ئیدی بانگهێشتی دەرەوە نەدەکران.

ناچار کچەیش شوو کردنی بیر خۆی بردەوە. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە باوکی دەبینی، بە ڕووی گرژەوە و بە ساردییەوە، پێشوازیی لەو لاوانە دەکات، کە سەرکێشییان دەکرد و، بە مەبەستی داواکردنی ئەو، خۆیان بە ماڵیدا دەکرد. چاوەڕێی ئەوەیش نەبوو کورێک لێی بێتە پێشەوە و هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات.

لە دوو باشترین هاوڕێی خۆیشی دابڕا، کە جوولی و کچە بۆرییەن بوو و، زۆری متمانە پێیان بوو! کچە بۆرییەن، متمانەی لای ماری نەمابوو، بۆیە خۆی بە دوور دەگرت لێی.

جوولییشیان کە نیشتەجێی مۆسکۆ بوو و، بە درێژایی پێنج ساڵ نامەی بۆ دەنووسی و، وەڵامی وەردەگرتەوە. ئێستایش دوای پێک گەیشتنیان: ئەوی پێی نامۆیە! چونکە ئەو جوولییە، لە دوای مردنی براکەیەوە، ببووە گەورەترین میراتگری نێو شاری مۆسکۆ. ئیدی لاوان ـ هەر وەکو خۆی دەیوت ـ توانا و لێهاتوویی ئەویان بۆ دەرکەوت و، گەمارۆیان دا. ئەویش لە تەمەنێکی ئەوتۆدا بوو، کە دواییین تیری نێو کەوانی بهاوێژێت و، بەختی خۆی پێ تاقی بکاتەوە. دەنا کاتی بە سەر دەچێت.

ماریش بە بزیەکی خەمبارەوە، پێنج شەموان بیری دەکەوتەوە، کە ئیدی کەسی بە دەستەوە نەماوە، نامەی بۆ بنووسێت. چونکە جوولییش لە هەمان شاری خۆیەتی و، هەفتانە دەیبینێت و چێژیش لە بیبنینی وەرناگرێت.

ئەو کچە کۆچبەرە پیرەیش کە بە درێژایی چەندین ساڵ، ئێوارانی لای ئەو بەسەر دەبرد، کەچی هەر دوای مارە بڕینی: ئەوی ڕەت کردەوە! بۆیە ماری خەفەتی بەوە دەخوارد کە جوولی لێوەی نزیکە. ئەی لەمەودا سکالای خۆی بۆ لای کێ ببات و هاوبەشی خەمی بێت؟

باوکێک کە تەنیا ناوی کۆنیسە بەس بوو بۆی، تاکو نیگەران بێت و لە پێستی خۆی بچێتە دەرەوە. ئەوێک کە هەمیشە زبر و تووڕە بوو. سەرەڕای ئەمەیش ئەو وانانەی کە

به بـرازا تەمەن شەش سالانەکەی ئەوی دەوتـەوە، بوو بووە خـەمێکی تر بۆی. ئـەوەیش ترساندبـووی، کاتێک هەستی کرد ئەو برازایەیشی: وەکو باوکە پیرەی خۆی، توند و تیژ بووە و چووەتەوە سەر ئەو.

هەموو جارێک ماری، کتێبی ئەلف باکەی بـە دەستەوە دەگرت" لای خۆیـەوە سوێندی دەخوارد، کە نەهەژێت و تـووند و تووڕە نەبێت. چونکە منالەکە لـەوە دەترسا پووڕەکەی تـووڕە بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی کە پەلەی بوو لە فـێر بوونی منالـەکە و، دەیویست زوو شتەکان فێر ببێت: بە سادەترین بێ ئاگایی منالـەکە، ئەو ماری بێزار دەبوو و، هەڵدەچوو.

جاروبـار قـۆڵی منالـەکەی دەگرت و، پەلکێشـی سـووچێکی ژوورەکـەی دەکرد. تـاکو سـزای بـدات. دواتـر خۆیشـی هەڵچوونەکـەی دەڕەوییـەوە و، دەیدایـە پڕمـەی گریـان. منالەکەیش بەو گریانەی پووری دەهەژا و، ڕایدەکردە بـەردەمی و دەستی پووڕەی لە دەم و چـاوی دەکردەوە و، لە تەکیدا دەگریا.

ئەوەیشیان کە لە هەمووی بە ئـازارتر بوو ئـەوە بوو، کە باوکە پیرەی، داخی خـۆی بە ماری دەڕشت و، لێی تووڕە دەبوو. ئەو زبر و تونديیەی پیرەکۆنتیش جـۆرێک بوو لـە درندەیی. گەر شەوانە بە زۆر کڕنووشی پێ ببردایە بۆ وێنـە پیرۆزەکان. یـان دارو ئـاوی پێ بهێنایە. ئەو ماریيە بەلایەوە گران نەبوو. بەڵام ئەم قامچی وەشێنەی باوکی ـ هەرچەند توند و دڵڕەقیش بوو ـ بـەلاوە خۆشەویست بوو! ئـەویش پیرەمێردەیش هـەر بەوەندەوە نـەدەوەستا کە سووک و ڕسوای بکات، بەڵکو دەیویست تێیشی بگەیـەنێت، کـە هەمیشـە لـە هەموو شتەکانیدا، هەڵـە بووە.

ماوەیەکیش بوو زۆر بە لاوولووی، کچە بۆرییەنیشدا دەهات. ئـەم کردەوەیەیشی ئازاری زۆری ماریی دەدا. ئەویش وای لێهاتبوو، هەر بۆ سووکایەتی کردن بـە مـاری و، بـرینـدار کردنـی هەسـتی ئـەو، پتـرو پتـر بایـەخی بـەو کچـە بـۆرینەی کـارەکەری مـاڵ دەدا. ئـەم ڕەفتارەیشی دوای ئـەوە بـوو، کـە لـە نیـازی هاوسـەرگیریی کوڕەکـەی تێگەیشت. خـۆ بـە سوعبەتیشەوە بێت: ئاشکرای کردبوو، کە کچە بۆرییـن مارە دەکات.

ڕۆژێکیان لـە مۆسکۆ و بـە ئامـادەبوونی مـاری ـ ئـەو ماریيـەی کـە ئاگای لـەوە بـوو، باوکی بە ئارەزوو ئەوە دەکات ـ میرە پیرە دەستی کچە بـۆرییـنی ماچ کرد و، بـەرەو خۆی ڕایکێشا و باوەشی پێدا کرد و، کەوتە مەرایی کردنی!

ماریيش سوور هەڵگەڕا و، بە ڕاکردن خۆی کردەوە بە ژوورەکەیدا. دوای کەمێک، کچە بۆرییـن بە زەردەخەنەیەکەوە، چوو بۆ لای ماری. ئەویش هەر زوو فرمێسکەکانی سڕی و بە خێرایی بەرەو ڕووی چوو.

هەموو گیانی دەلەرزی کە قیژاندی بە سەریدا:

"زۆر ناشیرینە!... ئەوپەڕی ڕسوا بوونە، کە لاوازیی کەسێک... "

ڕستەکەی کۆتا نەهێنا و قیژاندییەوە:

"بـــڕۆ دەرەوە... دەی بـــڕۆ!"

ڕۆژی دواتر میرە پیرە وشەیەک چییە، لەگەڵ ماریی نەگوت. بەڵام کە سەرنجی دا، باوکی فەرمانی داوە: لە پێش هەموواندا، نان لە بەردەمی کچە بۆرییندا دابنرێت. لە دوای نانخواردنیش یەکەمجار، قاوە لە بەردەم کچە بۆرییندا دابنرێت!

پاشان میرەپیرە هاتە ژوورەوە و، گاڵۆکەکەی خستە سەر فیلیپ و فەرمانیدا، کە بچێتە ریزی سوپاوە و خزمەتی سەربازی بکات.

زۆر بە تووڕەییش قیژاندی:

"گوێت لێم نەبوو؟ ئاخ! ئـاخ! ئەوە دوو جاریشم وتەوە... هەر گوێت لێ نییە؟" کچە بۆرییەن لای ئێمە بە پلەی یەکەم دێت و، لە هەموان لە پێشترە! باشترین هاوڕێی منیشە."

لە دوێنێیشەوە، ئەوە یەکەمجاری بوو کچەکەی خۆی بدوێنێت و وتی:

"تۆیش ئەگەر جارێکی دی، ڕێت بە خۆت دا: سەر و دەستت ون بکەیت و خۆت بۆ ڕکێف نەکرا، لە بەرامبەر ئەم کچەدا... ئەوە پیشانت دەدەم: گەورەی ماڵ لێرە کێیە!؟ ئێستایش تا زووە داوای لێبووردنی لێ بکە و، لە بەر چاوم ون ببە. کارێکیش بکە: ئیدی نەتبینم! "

ماریش ناچار داوای لێبووردنی لە کچە بۆرییەن و باوکی کرد و، بۆ فیلیپیش بەخشینی لای باوکی بۆ بە دەست هێنا. چونکە هەر لەو کاتەدا، ئەویش لە ماری پـاڕابووەوە، کە داوای لێبووردنیش بۆ ئەو بکات."

لەم بارو دۆخانـەدا ماری وا دەهـات بـە خەیاڵیدا، کە قوربانیدانەکەی زۆر مەزنـە... چونکە ئـەو باوکەی، کە ئەم ڕێی پێداوە سەرزەنشتی بکات... ئەوەتا هێندە چاوانی کـزە، پەل دەکوتێت بۆ چاویلکەکەی و، دەوروبەری خۆی نابینێت! نازانێت لە تەنیشت خۆیەوەیە! تەنانەت ئەوەی: پێش ساتێک لەمەوبەری خۆی بیرچـووەتـەوە. هـەنگاوی لـەرزۆک دەنێت و، بە دڵەڕاوکێوە دەپرسێت: ئاخۆ لاوازی و، بێتوانایی پێوە دیارە؟ لەمـەیش خراپتر ئەوە بوو: لەسەر مێزی نانخواردنەکەیش، گەر یەکێک نەیدوانایە... ئـەوا خەوەنووچکەی بوو و، خەو دەیبردەوە! دەستەسڕەکەی لە دەست دادەکەوت و سەری دەکەوتـە سـەر مێزەکە و، خەوی لێ دەکەوت!

ئـا لەو دەمانەیشدا ماری بە خۆی دەوت:

"ئای کە پیرێکی لاوازە!!"

ئەم بارە تۆقاندبووی و زۆر بۆی بە خەم بوو!

بەشی سێ
هاوڕێیانی میرە پیرە

لە (١٨١٠)دا، پزیشکی ناسراو، لە مۆسکۆدا: فەرەنسییەک بوو، بە نێوی "میتیف"یەوە. کەتەیەکی وەکو هەر هاوڵاتییەکی فەرەنسیی، رووخۆش بوو. زۆریش لێهاتوو بوو. لەلایەن پیاوانی مەزن و تـوێژە باڵاکـانی کۆمـەڵگاوە پێشـوازی دەکـرا. وەکـو هاوتـا و هاوشـان، بانگهێشتی بۆنەکان دەکرا، نەکو وەک پزیشکێک.

لەسەر فەرمانەکانی کچە بـۆربین، میرە پـیرە نیکۆلا ئیڤیتش ـ کە گاڵتەیشی بـە پزیشـک دەهات ـ ڕازی بوو، بە سوود وەرگرتن لـەو پزیشکە و بـە جۆرێک لـە جۆرەکـان هـۆگری بـوو بـوو و، هەفتـەی دوو جـاران، دەیبینـی. لـە بۆنـەی جەژنـی قەشـە پیـرۆزی نیکـۆلادا، هەموو دانیشتوانی مۆسکۆ، بۆ سەردانیی میرە پیرە، هاتنە بەر دەروازەکەی.

بەڵام میرە پیرە نەیدەویست، لە تەنیا چەند کەسێکی دڵسـۆزی خـۆی زیـاتر، پێشـوازیی لە کەسی تر بکات. لەبەر ئـەوە لیستی ئـەو ناوانـەی دابوو، بـە کچەکـەی تـاکو پێشـوازییان بکات. بۆ هەموو میوانانی تریش فەرمانی دابوو، کە بۆ نانخواردن بیانهێڵنەوە.

میتیڤیە پێی وابوو، شتێکی باش دەکات و تایبەتمەندیی ئـەوەی هەیـە، خۆوسـەر بچێتـە ژوورەوە و، ئەو فەرمانە بشکێنێت و، بڕواتە پیرۆزبایی کردنی ئەو جەژنـە، لـە میـرە پیـرە. هەر ئەمەیشی بە ماری وتبوو. لەولایشەوە میرە پیرە لـە رۆژە ناجۆرەکانی بـوو و، بـاری دەروونیـی ئـاڵۆز بـوو. لـە ژوورەوە هـەر دەهـات و دەچـوو. بـە هـەر کەسـێکی ماڵـەکە بگەیشـتایە، پێیـدا هەڵدەشـاخا! وای پیشـان دەدا، کـە لـە هـیچ ناگـات و، کەسـیش لـە خـۆی نەدەگەیشت!

ماریش له هەموو کەس باشتر لەو هەژاوییەی تێ گەیشتبوو و، هەموو جارێک ئەو شەڕەنگێزییەی بە تەقینەوە بەسەر یەکێکدا، کۆتایی پێ دەهێنا. لەبەر ئەوە بە درێژیی ئەو رۆژە، ماری هەستی دەکرد کە لە بەرامبەر تفەنگێکی لەسەرپێ دایە و، چاوەڕوانی راکێشانی پەلەپێتکەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەیشدا تا گەیشتنی ئەو پزیشکە، هیچ رووی نەدا. دوای ئەوەی ماری ئەوی کردە ژوورەوە و، لای میرە پیرەی باوکی. خۆیشی کێبێکی بە دەستەوە گرت و، لە شوێنێکی وادا دانیشت، کە گوێی لە دەنگی کەسانی نێو نووسینگەکە بێت.

لە سەرەتادا تەنیا گوێی لە دەنگی میتیڤیەی پزیشک بوو. دواتر دەنگی باوکی و، پاشان هەردوکیان. لەناکاو دەرگا کەوتە سەر گازی پشت و، پزیشکە کەتە بە خۆی و، پەرچەمە ڕەشەکەیەوە، بە شڵەژاوییەوە دەرکەوت! بە دوایدا میرە پیرە بە بەرگە نێو ماڵییەکەی و کڵاوە لۆکەکەی سەرییەوە و، ڕوخساری گرژ و چاوانی زەقەوە، هاتە دەرەوە.

بە نەڕە نەڕیش وتی:

"هەر تێناگەیت! بەڵام من زۆر باشی تێ دەگەم! سیخوڕێکی فەڕەنسییت و، خزمەتکاری ناپلیۆنیت! ..هەی سیخوڕ! لێرە بچۆ دەرەوە... پێت دەڵێم برۆ دەرەوە!"

پاشان بە دوای خۆیدا، توند دەرگاکەی پێکدا دایەوە. میتیڤیەیش شانەکانی هەڵتەکاند و، کە بینیی کچە بۆرییەنیش بەرەو دەنگە دەنگەکەی ئەمان هاتووە. خۆی لێ نزیک کردەوە و تێی گەیاند کە بێدەنگ بێت.

پێیشی وت:

"میرە پیرە، لە باریکی دەروونیی زۆر خراپدایە! حولحولییە و، لە مێشکی داوە! تۆیش ئارام ببە."

پاشان بە پەلە چووە دەرەوە. کچەیش لەو کاتەدا، گوێی لە خشەی سۆلەکانی پێی میرە پیرە بوو، دیار بوو کە لە ژوورەکەیدا، دەهات و دەچوو.

پاشان گۆیی لێبوو دەیقیژاند:

سیخور! ناپاک! ئەمانە دنیایان لێ پڕە! لە هەموو شوێنێک هەن! ڕێ نادەن خەڵکی لە ماڵی خۆیشیدا، ئاسوودە بێت!!

هەر دوای ڕۆشتنی میتیڤیە، میرە پیرە کچەکەی خۆی بانگ کرد و، داخ و تووڕەیی خۆی پێ ڕشت. چونکە ڕێی دابوو، سیخوڕێکی لەو جۆرە: بێتە ژوورەوە. بە دەم بۆڵە بۆڵەوە، فەرمانەکەی دووبارە کردەوە، کە بێ لەو کەسانەی، نێو ئەو لیستەی کە پێی داوە، کەسی تر نەکاتە ژوورەوە.

پاشان پرسییەوە:

"کەوابوو بۆچی ئەو ڕسوایەت کردە ژوورەوە؟"

"ماری هۆی هەموو ڕووداوەکانە و ناتوانێت بۆ ساتێکیش بێت لەگەڵیدا ئاسوودە بێت.

تەنانەت ناتوانێت بە ئارامیش بمرێت!"

پاشان پێی وت:

"بەڵێ ئازیزەکەم... پێویستە لێک دابڕێین. ئەوە بزانە. بەڵێ... چاک بزانە من لەوپەڕی ئارامیدام."

خەمی ئەوەیشی بوو کە بە جدی قسەکانی لێ وەرنەگیرێت. بۆیە گەڕایەوە سەری و وتی:

"پێت وا نەبێت لەبەر ئەوەی تووڕەم، ئەمە دەڵێم. زۆر ئارامم و دەمێکیشە بیر لە ئەمە دەکەمەوە! پاشان بڕیارم لەمە داوە. با لە یەک جیا ببینەوە. هەر لە ئێستاوە شوێنێک بۆ خۆت بدۆزەوە." بە هەموو توانایەوە دەستی لێ بڵند کردەوە و قیژاندی بە سەریدا:

"ئاخ! خۆزگە گێلێکت لێ پەیدا دەبوو و مارەی دەکردیت و، لە کۆڵی منی دەکردیتەوە."

پاشان دەرگاکەی بە ڕووی ئەویشدا داخستەوە و خۆی و کچە بۆرییەن لە ژوورەکەدا مانەوە. ئیدی کەمە کەمە ئارام بووەوە.

سەعات دوو بوو، ئەو شەش کەسەی بانگهێشتی خواردنەکەی کردبوون، گەیشتن. ئەوانەیش: کۆنت ڕۆستۆبتشینی بە ناوبانگ و، میر لۆبۆخین و، بەرازاکەی ـ کە کوڕی ژەنەراڵ تشاترۆڤی، هاوڕێی کۆنی سەربازیی میر خۆی بوو و، هەروەها پییەر پیزۆخۆف و، بۆریس درۆبتسکی.

کە ئەم دوانەیان نوێنەری لاوان بوون. ئەمانە هەموویان لە هۆڵەکەدا چاوەڕوانی میرە پیرە بوون.

بۆریس لە کاتی پشووەکەیدا و، لە مۆسکۆ بەوە سەرکەوتوو بوو کە توانی بووی، زیرەکانە خۆی بە میر نیکۆلا ئاندرییێتش بناسێنێت و، لە خۆیی رازی بکات.

هەرچەند میرە پیرە خۆی لە ڕەبەنان بە دوور دەگرت. بەڵام ئەمەی بەرامبەر ئەو کردی، جیاواز بوو. هەرچەند بە تەواوی، مااڵی میر لە ریزی ئەو مااڵنەدا نەبوو، کە ناویان لێ نرابوو "کۆمەڵگەی سەردەم". کەسیش لەو چێوە بچووکە نەدەدوا. لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ شتێک لەوە سەرنجکێشکەرتر نەبوو، گەر مرۆڤ لەوێ پێشوازیی لێ بکرایە!

بۆریسیش زۆر باش لەوە گەیشتبوو. بە تایبەتی هەشت رۆژ لەوەو پێش، لە کۆنت ڕۆستۆبتشین خۆیی بیستبوو، کە بانگهێشتەکەی ژەنەرااڵی حاکمی ڕەت کردبووەوە.

کە بە بۆنەی ئاهەنگی جەژنی (نیکۆالی پیرۆز)ەوە پێی وترابوو، وتبووی،"لەم بۆنەیەدا هەمیشە دەچم بۆ ڕێزلێنان لە وەچەکانی میر ئاندرییێتش.

ژەنەرااڵیش وتبووی،"ئۆ وا! بەڵێ ڕاست دەکەیت... ئەی ئەو چۆنە؟"

بانگ کراوان لە پێش نانخواردندا، لە هۆڵی نهۆمی دووەم، دانیشتبوون و، هۆڵەکەیش بە شتومەکی کۆنینەی نێو مااڵ پڕ کرابووەوە و بینەری وا لێ دەکرد، کە پێی وابێت: لە دادگایەکی نگینداری پیرۆزدا بێت! دانیشتوان کپ و بێدەنگ. گەر یەکێکیش بدوایە. ئەوا بە چپە قسەی دەکرد.

میرە پیرە نیکۆلا ئاندرییتش بە سەنگین و سەلاری دەرکەوت و، بە دوایدا ماریی کچی و، ئەویش شەرمنیی پێوە دیار بوو. بانگهێشتکراوان رووی دەمیان لە ئەو نەدەکرد و دەیانزانی لە ئاستی گفتوگۆی ئەواندا نییە! ئەوەیشی گفتوگۆکەی بە ڕێوە دەبرد و سیاسەتی تێکبەڵ بە ورتە ورتی خەڵکەکە دەکرد، کۆنت ڕۆستۆبتشین بوو. لۆبۆخین و ژەنەرالّە پیرەیش ناوەناوە قسەیان دەکرد. میرە پیرە نیکۆلا ئاندرییتش وەکو دادوەری یەکەمی بالّا. چۆن گوێ بۆ ڕاپۆرت دەگرێت. بە کپ بوون. یان بە چەند وشەیەک دەری دەخست کە لە ڕاپۆرتەکە گەیشتووە. بە شێوەیەکی گشتی، گفتوگۆکان، رق و تووڕەیی و، بێزارییان پێوە دیاربوو. لە هەندێک ڕووداوی تایبەتەوە دەدوان و وایان پیشان دەدا، کە شتەکان بەرەو خراپی و ئاڵۆزی دەڕۆن. ئەوەیشی کە سەرسوڕهێن بوو! ئەوەبوو کە ئاراستەی وتوێژەکان دەگەیشتە قسە کردن لە بارەی ئیمپراتۆرەوە. قسەکەر دەوەستا و سڵی لە سنووری باسی ئەو دەکردەوە.

کاتی نانخواردن، باس بوو بە باسی ڕووداوی ڕۆژ. ئەویش داگیر کردنی دۆقیەی "ئۆلدنبێرگ"[1]ی گەورە بوو. ئیمپراتۆری ڕووسیایش یاداشتێکی لە بارەی ئەو دوژمنکارییەوە، بە سەر هەموو ئەوروپادا بڵاوکرد بووەوە.

کۆنت ڕۆستۆبتشینیش هەمان ڕستەی دووبارە کردەوە، کە ئەوە ماوەیەک بوو لەملاو ئەولا دەیووتەوە: "ناپلیۆن وا هەڵس‌و کەوت لەگەڵ ئەوروپادا دەکات، وەکوو ئەوەی هەموو ئەوروپا کەشتییەک بێت و، جەردەی دەریا، گرتبێتی! سەیرەکەیش لەوەدایە: سەرۆکی دەوڵەتانیش دەڵێن، لە بەردەم خاوەن شکۆدا هەڵەی کردووە... خۆیانی لێ کوێر و کەڕ دەکەن! ئا ئەوەتا دەروازەی دەوڵەت لە مەترسیدایە. بۆناپارت پڕوپاگەندەی هێنانە خوارەوەی، سەرۆکی کاسۆلیک، لە سەر کورسی دەکات. کەچی خەڵکەکەیش کپ و خامۆشن!! تەنیا ئیمپراتۆر خۆی ناڕەزایی بەرامبەر داگیر کردنی دۆقیی ئۆڵندن بورگی گەورە، دەربڕی." دیسانەوە نەدەبوو ڕۆستۆبتشین لەوە زیاتر شووڵی لێهەڵبکێشێت. چونکە گەیشت بووە ئەوپەڕی و، نەدەبوو سنوور ببەزێنێت.

میرە پیرەیش وتی:

"لە بەرامبەر ئۆڵندن بورگدا، مووڵکی تریان داوە بە غراندۆق. ئەوان وەکو من چۆن مامەڵە لەگەڵ جوتیارەکانمدا دەکەم، کاتێک لە لیساجورییەوە بمەوێت، بیانگوێزمەوە بۆ بۆرتشارڤۆ، یان مووڵکەکانی ڕیازانم.

بۆریسیش ڕێی بە خۆی دا و، بە فەڕەنسی و بە ڕێزەوە وتی:

"دۆق ئۆڵندن بۆرگ بە و ئازایانە و بە جۆرێک شان دەداتە بەر بەڵاکەی خۆی، کە سەرسامی ببیت!"

---

١ ــ ئۆلدنبێرگ: هەرێمێکە لە ئەڵمانیا و بە دوای ڕایەخ دا دێت.بەشی سەرەکیی لە ناوەڕاستی هانۆڤەردایە.پایتەختەکەی لە ئۆڵدن بێرگە.

لە راستیشدا بۆریس لە کاتی سەفەرەکەیدا لە پیترزبورگەوە بۆ مۆسکۆ. ئەو ڕێزی ناسینی دۆقەیشی پێ بەخشرابوو.

ئەویش وتی:

"بە پوختی بابەتی کێشەکە چی بوو؟ چونکە جۆرێک بۆیان گێڕامەوە کە باش تێنەگەیشتم..."

ئەویش وتـــی:

"لە نمایشە سەربازیەکەدا. لەو دەمەدا، کە خاوەن شکۆ ئاوڕی لە فەیلەقی تۆپخانە دابووەوە و سەرنجیانی دەدا. باڵیۆز وشک وەستابوو و، وێرابووی بڵێت: کە لە فەڕەنسادا گوێ بەم گاڵتەجاڕییە نادەن. "

ئیمپراتۆریش هیچی نەگوتبوو. بەڵام لە نمایشی دوای ئەودا بە هیچ جۆرێک ڕووی نەکردبووە ئەو باڵیۆزە."

بێدەنگی باڵی بە سەردا کێشایەوە.

پاشان لە سەری ڕۆیشت:

"مادام کارەکە پەیوەندیی بە ئیمپراتۆرەوەیە کەس بۆی نییە حوکمی بدات. "

لە دواییدا میرە پیرە بە بۆڵەوە وتی:

"ئەوانە ڕسوا و قێزەونن! ئێوە میتیۆیە دەناسن؟ ئەم بەیانییە من لە مااڵی خۆمم دەرکرد..."

بە گرژ و مۆنییەوە لە ماریشی ڕوانی و لە سەری ڕۆیشت:

"هەرچەند فەرمانیشم دابوو، کە پێشوازی لە هەموو کەسێک نەکەن. کەچی ڕێیان پێ دابوو بێتە ماڵەوە!"

پاشان کەوتە گێڕانەوەی ئەوەی، کە لە نێوانیاندا ڕووی دابوو و، ئەو هۆیانەی دیاری کرد، کەوا دەریدەخست ئەو پیاوە سیخوڕە. هەرچەند بیانووەکان لاواز بوون. بەڵام کەسێک بەرپەرچی نەداوە و، بەرگری لە میتیۆیە نەکرد.

شامپانیا پێشکەش بە دانیشتوان کرا و، میوانانیش هەستان و پیرۆزباییان لە میرە پیرە کرد.

ماری خۆی لێیان نزیک کردەوە. میرە پیرەی باوکیشی لێوی لە ڕوخساریەوە نزیک کردەوە و، ئەوەیشی تێدا دەخوێنرایەوە کە: وتوێژەکەی دوێنێی بیر نەچووەتەوە و، بڕیارەکەی جێی هەڵوەشاندنەوە نییە. ئێستایش کە هیچ لەو بارەیەوە نااڵێت، لە بەر ئەوەیە کە لە بەردەم میوانانێکی زۆردایە.

کە میوانەکان چوونەوە هۆڵەکە تا قاوە بخۆنەوە. بازنەیەکیان دروست کرد و، جێیان بە میرە پیرە تەنگ کرد. ئیدی ئەویش بە پەرۆشەوە کەوتە ئەو شەڕەی کە چاوەڕوان دەکرا.

لەو هۆڵە و بە کەێک تووڕەییەوە، میرە پیرە لە بارەی شەڕی داهاتووەوە وتی،"بێگومان هەوڵەکانمان لە دژی ناپلیۆن بۆناپارتەوە شکستی هێناوە. وەکو ئەو

دەیگوت مادام بـە هـۆی یـەک گرتنمانـەوە لەگەڵ ئـەوروپا، خـۆمان کردووەتە هاوبەشی کێشـەکانی ئـەوان. ئەمـەیش ئـەو سیاسـەتە بـوو، کـە پەیماننـامەی تیلیسـت بـە سـەریدا سەپاندین، نەدەبوو دژی نەمسا بوەستین و، شـەڕی لەگەڵ بکـەین. بەرژەوەندییەکانیشمان لـە ڕۆژهەڵاتدا، چڕ بـوو بـووەوە. تـەنیا هەڵوێستیش کـە چـاوەڕوان دەکرا، لـە چەکدارانی سنووورەکانمان، پشتگیری کردنیان بوو. بەو ڕێگەیەیش نیاز و بـڕوای خۆمـان پیشـان دەدا و، بەمـەیش ئـەو نەیدەوێرا، بێتـە زۆنگاوەکانمانـەوە. وەکو ئـەوەی کـە لـە ساڵـی (١٨٠٧)دا کردی.

لێرەدا کۆنت ڕۆستۆبتشین هەڵیـدایـە:

"میرم... چۆن بە گڕ فەڕەنسییەکاندا بچینەوە؟ ئـاخر دەکرێت بچینـەوە بـە گڕی ئـاگا و خواوەندەکانماندا!؟ تۆ سـەرنجی لاوەکانمان بدە، سـەرنجی ئافرەتانمـان بـدە. فەڕەنسییەکان، بوونەتە خواوەندمان و پاریسیش بەهەشتمان."

میرە پیرەیش بە جۆرێک دەنگی بڵند کردەوە، تا هەموویان گوێیان لێبێت:

"بـەرگ و پۆشـاکمان فەڕەنسـییە! بیرو بـاوەڕمان فەڕەنسـییە! هەسـت و سـۆزمان هـەر فەڕەنسـییە! بەکورتییەکـەی، هـەموو شـتێکمان فەڕەنسـییە! کـەمێک لەمـەو پـێش میتیۆیـەم دەرکرد، چونکە فەڕەنسی بوو. ڕسوا بوو! بـەڵام خاتوونانمـان بـەم شـێوەیە بیر ناکەنـەوە! ئەوان دەچنە سەر رانیان! دوێنێ لە ئاهەنگێکدا بووم. لەو پێنج خاتـوونەی لـەو ئـاهەنگەدا بوون: سیانی کاسـۆلیکیان، ڕۆژانی یـەک شـەمووان بـە مۆڵـەتی پاپا، بـە بـەرگی چنراوی قەشـەنگ خۆیـان رازاندبووەوە. سـەرەڕای ئـەوەیش نیمچـە ڕووت بـوون! دەشـێ ئەوانـە نموونەی گێلیی ڕەمەکی خەڵکەکە بووبن ـ ڕووی دەمم لە ئێوە نەبێت ـ !"

ڕۆستۆبتشین هەڵیدایە:"ئـاخ! میرم. ئـاخ! کـە هـەرزەکاران و لاوان بـەو شـێوەیە دەبینم... حـەز دەکـەم تێڵاکەی پتروسی گەورە، لە مۆزەخانەکەوە بهێنمە دەرەوە و، لەسـەر شـێوەی ڕووسـە کۆنەکان: هێندەیان بکوتم، تـا هـەموو پەراسـووەکانیان دەشکێت! لـەو بڕوایەشدام بـەم شـێوە نەبێت، عاقڵ نابن!"

کـەس وەڵامـی ئـەم قسـەیەی ئـەوی نـەداوە. تـەنیا میـرە پیـرە بـە زەردە خەنەیـەکـەوە، سەری بۆ دەلەقاند و پشتگیریی کرد.

ڕۆستۆبتشـین هەسـتا و دەسـتە قورسـەکـانی بـۆ میرەپیـرە درێـژ کـرد و، لـە سـەری ڕۆیشت و وتی،"دەی... خوات لەگەڵ میرم. دروستیی خۆت بپارێزە."

میرە پیرەیش کە هێشتا دەستی ئەوی لە نێو دەستدا بوو، وتی:

"خـوات لەگەڵ ئـازیزە فـرە خۆشەویسـتەکەم. مانـدوویش نـابم لـە گـوێ گـرتن لـە ئاوازەکانت."

سەریشی لە ڕوومەتییەوە نزیک کردەوە، تاکو ماچی بکات.

میوانانیش بە هەمان شێوەی ڕۆستۆبتشینیان لەگەڵ کرد و، بڵاوەیان لێکرد.

بەشی چوار
تێڕامانەکەی ماری

بیئەوەی ماری هیچ لە وتوویژی ئەو پیرانە تێ بگات، گوێی گرتبوو! تەنیا شتێکیش کە پێوەی سەرقاڵ بوو، ئەوەبوو: **دەیویست میوانەکان هەستیان بەو وشکییەی باوکی، نەکردبێت بەرامبەر بە خۆی.** هێندە بە خەمی ئەوە بوو، کە باوکی ئەو بەو لاولووهاتنەی بۆریس درۆپتسکۆییش لە کاتی نانخواردنەکەدا، هەستی پێ نەکردبێت. ئەمەیش سێیەمین سەردانی بۆریس بوو، بۆ ماڵیان.

ماری سەرنجێکی پرسایانەی پییەری دا و، ئەویش شەپقەکەی بە دەستەوە و بزەیەک لە سەر لێوانی بوو. کە میرە پیرە شوێنەکەی خۆی جێ هێشت، لە ماری نزیک بووەوە و تەنیا هەردوکیان لە هۆڵەکەدا مانەوە.

شانی لەسەر کورسییەکەی دادا و لێی پرسی:

"دەتوانین ماوەیەک پێکەوە بمێنینەوە؟"

ماریش وەڵامی دایەوە:

"ئەی بۆ نا؟"

ئەم پرسارەیش لە روخساریدا دەخوێنرایەوە: **هەست بە هیچ ناکەیت!؟**

پییەریش دوای هەموو خواردنێکی خۆش، کراوە و، رووخۆش دەبوو. هەرچەند بیریشی بڵاو بوو، بەڵام بزەیەک گرتی و پرسیی،"خاتوو ماری... دەمێکە ئەو گەنجە دەناسیت؟"

ماریيش پرسيی:

"کام گەنجە؟"

پييەريش لە وەڵاميدا وتی:

"بۆريس درۆپتسکۆی."

پاشان ماری وتی:

"نەخێر... کەمێک لەمەو پێش ناسيم."

ئەويش لێی پرسييەوە:

"ئەوت بە دڵە؟"

ماری هێشتايش مێشکی جەنجاڵی وتوويژەکەی ئەو بەيانييەی باوکی بوو وتی،"بەڵێ! ئەو لاوێکی سەرنجڕاکێشە!... بەڵام ئەم پرسيارە بۆ؟"

ئەويش وتی:

"چونکە شتێکم تێيدا بەدی کردووە. ئەو لاوە ئەو دەمانەی پشووی دەبێت. لە پيترزبورگەوە دێتەوە بۆ مۆسکۆ: وا ڕاهاتووە سەری ئەو شوێنانە بدات، تاکو کچە ميراتگرێکی دەوڵەمەند بدۆزێتەوە و مارەی بکات!"

ماریيش پرسيی:

بە ڕاست!

پييەريش بە بزەيەکەوە:

"بەڵێ! ئەو هاتوچۆی شوێنانێک دەکات، تا لەو جۆرە کچانە بدۆزێتەوە. هەر وەکو کتێب مێشکی ئەوم خوێندووەتەوە. ئێستايش ئەو نازانێت چۆن هەڵمەتەکەی دەست پێ بکات؟ من لێم ڕوونە ئەو لە دڵەڕاوکێی هەڵبژاردنی تۆ... يان جوولی کاراگين دايە! سەرو مڕيش دەبێت لە سەر ئەم سەردانانەی.

ماریيش پرسيی:

"ئيدی هاتوچۆی ماڵی ئێمەيش دەکات!"

پييەريش بە لاقرتێ و ڕەوشتێکی جوانەوە، لە سەر نەزمی لاقرتێکانی بە خۆی، لە کاتی نووسينەوەی بيرەوەرييەکانيدا، وتی،"بەڵێ! ئەی تۆ شێوازە نوێيەکەی پێداهەڵدان بە کچانی... ئەو دەزانيت؟"

ماری وتی:

نەخێر!!

پييەر وتی:

"بۆ ئەوەی پياو لە بەرچاوی کچانی مۆسکۆ، شياو و لەبار بێت: دەبێت کەمێک ڕەشبين بێت! جا ئێستا ئەويش لەگەڵ کچە کاراگين کەمێک ڕەشبينە!"

ماری هەڵیدایە:

بە راست؟

کەوتە سەرنجدانی روخساری پیاوەری نیان و، لە خەمی خۆیشیدا نقووم بوو.

وا بیری دەکردەوە:

ئیدی متمانەم بەوە نەماوە، خۆم بدەمە سایەی هیچ کەسێک! حەزیش دەکەم، هەموو شتێک بە پیاوەر بڵێم و، دەردە دڵی خۆمی بۆ بکەم. تەنیا دڵە نیانەی ئەو دەزانێت چۆن ئامۆژگاریم بکات. لێیشم ڕوونە: ئەو چاکەیەم لەگەڵ دەکات.

پیاوەر لێی پرسی:

"ئاخۆ هاوسەرگیریی ئەوت پەسەندە؟"

ماریش خۆی بۆ رکێف نەکرا و هاواری کرد:

"ئای خوایە گیان بە دەست ئەم کۆنتەوە! هەندێک جار وای دەبینێت: من بە هەموو کەسێک ڕازی بم! ئۆوو! ئەمە چ ستەمێکە تۆ کەسێکی نزیکی خۆت خۆش بوێت و، هەست بکەیت کە ئەویش لە خەم زیاتر هیچی تری بۆت نەبێت!"

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە درێژەی دایە:

"چ نەگبەتییەکی بێ چارەسەرە!...بەڵام لەم بارو دۆخەدا ئەو دوور بکەوێتەوە! ئەی من بۆ کوێ بچم؟"

پیاوەریش پرسیی:

"ئەوە دەڵێی چی، خاتوو ماری؟"

ماری دایە پڕمەی گریان و هیچی بۆ نەگوترا.

دوای کەمێک بێدەنگی وتی:

"نازانم ئەمڕۆ من چیمە! گوێ بە قسەکانم مەدە! لە بیر خۆتی ببەوە."

ئاسوودەیی و شادییەکەی پیاوەر ڕەوییەوە و زۆری داوا لێ کرد، کە چ خەمێک لە دڵیدایە، بۆی هەڵبڕێژێت.

کچەیش لای خۆیەوە لەو پاڕایەوە، کە بیری خۆیی بباتەوە. چونکە شتێکی ئەوتۆ نییە و خۆیشی بیری چووەتەوە کە دەیویست چی بڵێت. هەر دەردەسەرییەکیش لە دەروونیدا بێت، ئەو دەیزانێت. ئەی ئەوە نەبوو: هاوسەرگیرییەکەی ئاندریە نێوانی باوک و کوڕی تێک نەدا؟

پاشان بۆ گۆڕینی بابەتەکەیش لێی پرسی:

"هەواڵی بنەماڵەی ڕۆستۆف دەزانیت؟بیستوومە بەم نزیکانە بار دەکەن بۆ مۆسکۆ! منیش لای خۆمەوە چاوەڕێی ئەمڕۆ و سبەینێم، کە ئاندریە بگەڕێتەوە. لە ناخیشەوە ئارەزوو دەکەم، لەوێ ئەوان یەکتر ببینن."

پیاوەریش کە مەبەستی میرە پیرە بوو، پرسیی:

"ئەی ئێستا ئەو چۆن ئەو کارە دەبینێت؟ هیچ نەگۆڕاوە؟"

ماریش سەری ڕاوەشاند و وتی:

"چی بکەین؟ چەند مانگێکی کەمی ماوە و کاتی گواستنەوەکەی دێت. لەگەڵ ئەوەیشدا من گەشبین نیم بەوەی شتێکی باش ڕوو بدات. ئارەزووی ئەوەیشمە لە ڕۆژانی سەرەتای هاتنەوەیدا کەمێک خەمی سەرشانی سووک بکەم. خۆزگە تۆیش پێش هاتنەوەیان دەتبینین. ئومێدیشم هەیە لەگەڵ هاوسەرەکەی بگونجێم. لە مێژە تۆ دەیانناسیت؟ ڕاست و دروست پێم بڵێ: کچێکی چۆنە بە لاتەوە؟ بەڵام هەر بە ڕاستی پێم بڵێ. چونکە بۆ خۆت دەزانیت: ئەو لەسەر ئاندریە زۆر کەوتووە و، لەسەر ویستی باوکیشی نەبووە. بۆیە دەمەوێت بزانم..."

پاڵنەرێکی شارراوە پیێەری بە ئاگا هێناوە، کە لە پشت ئەم قسە و وتووێژانەوە، وا باشە هەموو ڕاستییەکانی پێ بڵێت. تاکو بیروڕای نادروست لە دڵی ماریدا نەهێڵێت بەرامبەر براژنی داهاتووی و دەبێت ئەو هەڵبژاردنە بە نادروست لە قەڵەم نەدات.

سوور هەڵگەڕا بێئەوەی خۆیشی بزانێت: بۆچی ئەوەی وت کە هەستی پێ دەکرد؟ نەک ئەوەی کە بیری لێ دەکردەوە و وتی،"نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە؟ من نازانم ئەو چۆن کچێکە! ناشتوانم بیرو ڕیزیی ئەو شی بکەمەوە. بێگومان کچێکی تا بڵێی سەرنجڕاکێشە! بەڵام چۆن؟ نازانم! دەتوانم هێندە بڵێم..."

ماریش هەناسەیەکی هەڵکێشا و، لەوە دەچوو بە خۆی بڵێت:**خۆیشم چاوەڕێی ئەمە بووم! لەمەیش دەترسام!**

پاشان لێی پرسییەوە: **ئاخۆ کچێکی ژیرە!؟**

پیێەریش کەمێک راما، دواتر وتی:

"پێم وا نییە! لەگەڵ ئەوەیشدا، بەڵێ... بە هەرحاڵ وا بیر ناکاتەوە، کە زۆر زیرەک بێت!"

ئەو دەیەوێت: قەشەنگ و سەرنجڕاکێش بێت!

ماری سەرلەنوێ سەرێکی بادایەوە و وتی:

"ئوی! حەز دەکەم خۆشم بوێت. گەر پێش من ئەوت بینی: ئەمەی پێ بڵێیت."

پیێەریش وتی:

"بیستوومە لە چەند ڕۆژێکی کەمی داهاتوودا دەگەن."

ماریش ئەمەی بۆ کردەوە:

"چاوەڕێی ئەوە دەکات، لەگەڵ براژنی داهاتوویدا، زۆر گونجاو و ڕێک بێت. تا بە هەردوکیان وا لە میرە پیرە بکەن، هەر زوو هۆگری ئەو ڕوخسارە نوێیەی نێو ماڵ ببێت. "

بەشی پێنج
نیشانە کردنەکەی بۆریس

بۆریس بۆی ڕێک نەکەوت، لە پیترزبۆرگ نیشانە کردنێکی بازرگانیانە و هاوسەرگیری بکات. هاتە مۆسکۆ تا لەوێیش بەختی خۆی تاقی بکاتەوە. لە سێ و دوو و دڵەڕاوکێی هەڵبژاردنی یەکێک بوو، لەو دوو کچە دەوڵەمەندە. کە ئەوانیش جوولی کاراگین و، خاتوو ماری بوون.

لەگەڵ ئەوەیشدا خاتوو ماری جوانیش نەبوو، کەچی لە جوولی پتر سەرنجی بۆریسی ڕاکێشابوو! بەڵام کێشەکەی ئەوە بوو لە بە لاولوو هاتنیدا دەشڵەژا!

لە کاتی دواین بینینی میرە پیرەدا، ماندوونەناسانە، تەقەلای دا کە شێوازێکی سۆز و خۆشەویستی بە قسەکانی خۆی بدات. بەڵام ئەو تەقەلایانەی لە بەرامبەر ماریدا، بێ هووده بوو و خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو.

بەڵام جوولی بە پێچەوانەوە بوو. بە شێوەیەکی جیا بە لاولووهاتنەکەی وەرگرت و هەر لە خۆیشی دەهات.

جوولی بیست و حەوت ساڵانە بوو. هەرچەند جوانیی خۆی لە دەست دابوو. بەڵام بە مردنی براکەی فرە دەوڵەمەند بوو بوو. خۆی وای نەدەبینی و سامانەکەی بە هەڵەیدا بردبوو و، پێی وابوو لە جارانی خۆی جوانترە!

لە ڕاستیدا تاکو بچووایەتە سااڵەوە، مەترسیی بۆ پیاوانی دەوروبەری کەمتر دەبووەوە و، پتر لەگەڵیدا ڕەها دەبوون و، چاکتر چێژیان لە سفرە و خوانی وەردەگرت و کەسیش پابەندی نەدەبوو. ئەو بۆریسەی کە لە کۆندا، مەترسیی لە سەردانی کچێک بوو کە حەڤدە ساڵانە بوو و، لەوە تۆقی بوو، بکەوێتە داوییەوە. بەڵام ئێستا ڕۆژانە سەردانی دەکات و، وەکو کچە هاوڕێیەکی نیانانە، هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکات. لەوەوە دوورە کە ئەو پەیوەندییەی سێکسیانە بێت و، کچەکە لە تەمەنی شوو کردندا بێت.

میوانانی بنەماڵەی کاراگین لە هەموو بنەماڵەکانی تر باشتر پێشوازی دەکران. ئەو ساڵە تێکەڵییەکانی جوولی لەگەڵ پیاواندا، لە شەوانە ئاهەنگ و، سەر سفرە و خواندا، زۆرتر بوو. میوانانان ئێوارانێکی درەنگ نانیان دەخوارد و، دەوروبەری سەعات سێی بەرەبەیان بڵاوەیان لێ دەکرد. هەر ئاهەنگێکی بگێڕایە. یان هەر دەعوەتێکی بکردایە. ئەوا بۆریس ئامادەی دەبوو. جوانترین بەرگی دەپۆشی و، خۆی دەڕازاندەوە. ئاهەنگەکەی وا بەڕێ دەکرد وەکو ئەوەی گوێ بە هیچ نەدات.

ئەم جوولییە بە میوانانیشی دەگوت کە بڕوای بە هاوڕێیەتی و، خۆشەویستی نەماوە! دڵیشی بە دنیا ناکرێتەوە. بە زمانێک دەدوا وەکو ئەوە دەینواند کە خۆشەویستترین کەسی لە دەست دابێت. یان زۆر دڕندانە فریو درابێت.

هەرچەند میوانان سوور دەیانزانی ڕووداوی لەو جۆرانەی، بەسەر نەهاتووە. کەچی لە بەرەو ڕوو وایان پیشاندەدا بڕوایان بە قسەکانی هەیە! هێندەیش وا خۆی پیشاندابوو. خۆیشی هاتبووە سەر ئەو بڕوایەی کە چەندین ڕووداوی سەختی تێپەڕاندووە. ئەو خووە قێزەونە وای لێ نەکردبوو، چێژ لە کاتەکانی وەرنەگرێت. کارێکی وایشی نەکردبوو، لاوان سەردانی نەکەن و کاتی خۆشی لەگەڵدا بەسەر بەرن. دوای ئەوەی میوانان لە بەرچاوی کاڵی ئەو، تێر دەخۆن. دەکەونە وتوێژی کۆمەڵایەتی و، سەما و یارییە ژیرییەکان و شەڕە شیعر و، ئەودەم لەو ماڵەدا باو بوو. کەمێک لە لاوان و لە نێویاندا بۆریس، بەر ئەو هەڵس و کەوتە ڕەشبینییەی جوولی کەوتبوو. دەکەوتە گفتوگۆ لە تەکیاندا کە چۆن خۆشییەکانی ژیان پووچن. ئیدی ئەو وێنا کردن و، بیرۆکە و شیعرانەی بۆ دەگوتن، کە خەفەتیان تێدا زاڵ بوو.

ئەو جوولییە خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ بۆریس هەبوو. دڵی دەداوە و، بۆ لاوییەکەی جۆرێک بە خەم بوو، وەکو ئەوەی ئازارەکەی زۆر سەخت بێت. وێنەی دوو دڕەختی کێشا و، لە ژێریاندا نووسیی: **ئەی دڕەختە بە خەمە لق و پۆپ ڕەش داگەڕاوەکان... ئێوە ڕەشی و تاریکیم بە سەردا دەبارێنن.** لەو دیویشی وێنەی گۆڕێکی کێشا و، لە سەری نووسی: **مردن پاڵپشت و ڕاگرە... مردن ئارام بوونە! ئاە! لە مردن بەولاوە دااڵدەیەکی تری دژە ئازارەکان نییە.**

جوولـی چیژی لەمە وەرگرت و پێی وت:

"شتێکی قوولّی ئەفسووناوی لـە بزەی ڕەشبیندا هەیـە! کـە وەکو پڕیشکی ئـاگری نێو تاریکی وایە. خاڵی نێوەندی ئازار و بێ وڕەییە و سەبوورییی بەر دەستە."

ئەم بیۆکەیەیشی لـە کتێبێکەوە هەڵهێنجابوو.

بۆریسیش بەم چەند دێڕە شیعرە وەڵامی دایەوە:

ئەی پاکیزەی ژەهراوی بوو، بە ڕەوانـی فرە هەستیار.

ئەوە تۆیت بە بێ بوونت ، بەختەوەری بەدی نایەت!

ماخۆلان گرتووەکەی سۆزدار ئـاخ! وەرە دڵنەواییم بکە.

وەرە ئـازارەکانی گۆشەگیری و تاریکیم ئـارام بکەوە.

شیرینیی پەنهانت، تَێکەڵ بەو فرمێسکانەم بکە

کە وا هەست دەکەم: دادەوەرن.

جوولـی لەو شەوانە بە ئازارەدا تـاریی بۆ بۆریس دەژەنـد و، ئەویش چیرۆکی "لیزە داماوەکە"ی بۆ جوولـی دەخوێندەوە، کـە چیرۆکێکی سـۆزینە بـوو و، لـە نووسینی "کارا مـزین" بـوو و، لـە سـاڵی (١٧٩٢)دا بـڵاو ببـووەوە و، ئـەوی دەهەژانـد و لـە خوێندنـەوەی دەخست.. خـۆ گەر لە نـاو خەڵکیدا بوونایە. سـەرنجەکانیان بۆ یـەکتری، وای دەردەخست کە دوانەن و، لە یەکتری تێ دەگەن.

ئانا میخائیلۆڤنا سـەردانێکی فرەی بنەماڵـەی کاراگینی دەکرد و، بـە وەفایی خـۆی بۆ دایکیان دەنواند. دەیشیویست زانیاریی بڕوا پێکراو، لە بـارەی جیازییەکەی جوولییـەوە، بـە دەست بێنێت. جیازییەکەی جوولـییش، بریتی بوو لە دوو پارچە موڵک، لـە هـەرێمی "بانزا" و، چەند دارستانێکی هـەرێمی "ینجی ـ نۆفجورود". ئـانا بـە دڵێکـەوە کـە دابوویـە دەست قەدەر و، خەمە قوولّە ساختەکەی، بوو بووە پردی گەیەنەری نێوان کوڕەکەی و جوولیی دەوڵـەمەند و، چاودێریی دەکردن.

کە بە جوولی دەگەیشت پێی دەوت:

"هەمیشە سـەرنجڕاکێشیت و، بۆریس لەبارەی تۆوە دەڵێت: تەنیا لای ئەو دڵم ئاسـوودە دەبێت!"

ڕوویشی دەکردە دایکی جوولـی و وا باسی کوڕەکەی خۆی دەکرد:

"ڕووداو و کارەساتی زۆری بەسەر هاتووە و، خاوەنی هەستێکی ناسکە."

کـە لەگەڵ کوڕەکەیشیدا بوایـە، پێی دەوت،"ئـای هـاوڕێم! چەنـدە بـەم دواییانـە هـۆگری جـوولی بـووم! هەرچەنـدیش دەکـەم نـاتوانم ئـەو هۆگرییـە دەربـبـڕم. جـا کـێ جـوولیی خۆشناوێت؟ ئەو فریشتەیەکی ئاسمانە و، بۆ خۆی! ئـــای بۆریس! بۆریس!"

دوای کەمێک بیرەنگی لە سەری ڕۆیشت و وتی،"چەند بـەزەییم بـە دایکیدا دێتـەوە! بـەم دواییانە لەو نامە و حسابانەی ئاگادار کردمەوە، کە لە "بانزا"وە بۆی هاتبوو. ئاخر لەوێیش

مولّکێکی زۆریان هەیە. ئەو ژنە داماوە ناچارە کە هەموو ئەو کارانە خۆی جێبەجێیان بکات. ئەوانیش زوو زوو هەڵی دەخەڵەتێنن!"

بۆریسیش بزەی شاردراوەی بۆ دەکرد. گوێی لێ دەگرت و هەندێک جاریش لە بارەی مولّکەکانی بانزا و نیجنی ـ نۆڤگوروودەوە پرسیاری لێ دەکرد.

دەمێک بوو، جوولی چاوەڕێی عاشقە ماخۆلان گرتووەکەی خۆی بوو، تاکو خۆی بنوێنێت و، داوای بکات. لای خۆیشییەوە بڕیاری دابوو کە دەست بە رووبەوە نەنێت و، شووی پێ بکات. بەڵام پاڵنەرێکی شاردراوە، کە هۆیەکەی لای کچان ئەوە بوو، زۆر بە پەرۆش دەیانوویست مێرد بکەن. لەگەڵ ئەوەی ترسی ئەوەیشیان بوو، ڕۆژێک بێت ئۆمێد لە خۆشەویستیی ڕاستەقینە ببڕن. ئەمانە وایان کردبوو کە بۆریس ددان بە خۆیدا بگرێت و، جارێ ئەو دواییەن هەنگاوە نەنێت.

ئەو پشووەیشی وەریگرتبوو لە کۆتابووندا بوو. هەموو ڕۆژەکانی لە ماڵی "کاراگین"دا بەسەر دەبرد. بەڵام ڕۆژانە و دوای بیر کردنەوەیەکی زۆر. پێ وتنەکەی دەخستە ڕۆژی دواتـر. هـەموو جارێک بـۆریس، هەرچـەند دەمێکیش بـوو لـە خەیاڵیدا دەستی بـە سـەر مولّکەکانی بانـزا و نینجی ـ نۆڤگورووددا گرتبوو و، هـەر بـە خـەیاڵ داهاتەکەیشی خـەرج کرد بوو. بەڵام هەر کە ڕوخسارە زاخی و لاجانگە چەورەکەی و، چاوە تەڕەکانی جوولیی دەدی، دەستە و سان دەما! نەیدەتوانی ئەو وشە جیاوازە هەستیارانە بڵێت!

جوولییش لای خۆیەوە، هەستی بە ڕاڕایی بۆریس کردبوو و ترسی ئەوەیشی بوو، کە ئەو حەزی لێ نەکات و، نەچێتە دڵییەوە. بەڵام بەخۆنازینە ژنانەکەی بەوە فریوی دەدا، کە ئەوە خۆشەویستییە وا لە بۆریس دەکات شەرم بکات و، ڕاڕا بێت! کە کاتی سـەفەرەکەی بۆریس نزیک بووەوە. لای خۆیـەوە بڕیاریدا، ئەمـە یـەکلایی بکاتـەوە. بـەڵام بـەم دواییانـە ئاناتۆل کۆراگین، لە مۆسکۆ گەڕایـەوە و کەوتـە هـاتوچۆی مـاڵی کۆراگین و، هێندەی پێ نەچوو، جوولـییش پەرۆشییەکەی خۆی گۆڕی و، ڕوویـەکی زۆری بـە ئـەو میوانـە نوێیـە دەدا.

ئانا میخائیلۆڤنایش بە کورەکەی خۆی وت:

"ئازیزەکەم... لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە بیستوومە: میر قازیلی و کورەکەی، لە مۆسکۆوە بۆ ئەوە هاتوون: تاکو داوای جوولیی بۆ بکات! منیش لای خۆمەوە جوولیم زۆر خۆشدەوێت. شوو کردنی بە ئاناتۆل ئازارم دەدات. هـاوڕێ تـۆ دەڵێیت چی؟"

بۆریس ڕاچڵەکی و ترسی ئەوەی لێ نیشت، کە ئەو سامانە مفتەی لە کیس بچێت و تـا مـاوە پشت بـە سـامان و پـارەی خـۆی ببەستێت! ئـەو هـەموو خـۆ نزیک کردنەوەیـەی لـە جوولی و پەرۆشی پیشاندان بۆی، بە فیڕۆ بچێت! داهاتی ئەو مولّکانەی کە زۆر جاران لە خەیاڵیدا جم و جوولّی پێ کردبوو و، بـە جـوانی هـەمووی بـەش بـەش کردبوو: بکەوێتـە

دەستی کەسێکی دی، بە تایبەتییش ئەو ئاناتۆلە ڕسوایە. بە پەلە خۆی گەیاندەوە، مالّی کاراگین، بەو نیازەی بێ سێ و دوو، نیازەکەی بۆ جوولی ئاشکرا بکات.

جوولی بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی کرد و بۆیشی گێڕایەوە، کە دوێنێ چیژێکی زۆری لە ئاهەنگی سەماکە وەرگرتووە. دواتر ژووانی سەفەر کردنەکەی لێ پرسی. چونکە بڕیاری دابوو خۆشەویستیی خۆی بۆ ئاشکرا بکات. لەگەڵیدا نەرم و نیان و بە سۆز بوو. بەڵام دواتر خۆی بۆ نەگیرا و هەڵچوو و، کەوتە تانە و تەشەر لە ئافرەتان، بەوەی هەر زوو ڕەنگی خۆیان دەگۆڕن و، لە خەمێکی قوواڵەوە دەگۆڕدرێن بۆ بەختەوەری و شادی! وەکو خۆی دەیوت: سروشتیان بە گوێرەی ئەو کەسە دەگۆڕدرێت، کە بە لاولوویاندا دێت! جوولییش لە وەڵامیدا پشتی گرت و، قسەکەی ئەوی بە ڕاست زانی. وتیشی کە ئافرەتان حەزیان لە گۆڕینی کتوپڕی دەروونییە. هیچیش هێندەی هەڵچوون و ماخۆلانگرتن بەلایانەوە بێزارکەر نییە!

بۆریس بە مەبەستی نقورچ گرتن لە کەرامەتی، کەوتە شیکردنەوە:

" لەم بار و دۆخانەدا ناتوانم ئامۆژگاریت نەکەم..."

لەم کاتەیدا بیری کەوتەوە، کە ئەگەر مۆسکۆ جێ بهێڵێت و، بە مەبەستی خۆی نەگەیشت بێت. ئاخۆ چەندە خۆی لا قێزەون ببێت! بە تایبەتی ئەوێک کە هەرگیز تەقەلا و، کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداوە. لە بەر ئەوە لە ناوەڕاستی ڕستەکەیدا وەستا. تاکو خۆی لە ببینینی ئەو ڕوخسارە گرژەی جوولی بدزێتەوە.

پاشان لە سەری ڕۆیشت،"خۆ من بۆ ئەوە نەهاتووم، شەڕ و دەمەقاڵەت لەگەڵ بکەم. بەڵکو بە پێچەوانەوە ..."

تیلە چاوێکی دایە جوولی، تا بزانێت: هەڵدەگرێت تا لە سەری بڕوات؟ هەڵچوونەکەی جوولی کتوپڕ دامرکایەوە. وایشی پیشاندا کە هەمیشە ڕێ بەدێی خۆی دەکات.

پاشان سوور هەڵگەڕا و سەرنجی چاوانی ئەوی دا و پێی وت:

بۆ خۆت لە سۆزی من ئاگاداریت.

ئیدی پێویست نەبوو لەمە زیاتر بڵێت. شادی بە ڕوخساری جوولییەوە دەرکەوت. بەڵام هەر بۆریسی ناچار کرد، کە چی لەو هەڵوێستانەدا دەوترێت، ئەویش بیڵێت. وەکو خۆشم دەوێیت. تا ئێستا بە هێندەی تۆ، پەڕۆیشیم بۆ هیچ کچێکی دی نەبووە!

خۆ لانیکەم لەبەر هەردوو مولّکەکەی بانزا و نینجیش بوایە، دەیهێنا لەو جۆرە ڕستانە بڵێت. خۆیشی ئەوەی دەزانی و ئەوەتا پێیشی گەیشت.

پاشان کەوتنە ئەوەی پیلان دابنێن، چۆن لە پیترزبورگدا شوێن و جێ ئامادەی ئاهەنگی هاوسەرگیری بکەن. چۆن خۆیان بۆ زەماوەندی بووکەخان ساز بدەن.

بەشی شەش
ماری دمیتریيڤنا و ئاخرۆسیمۆڤ

لە کۆتایی کانوونی دووەمدا، کۆنت ئیلیا ئاندرییتش و ناتاشا و، سۆنیای کچی گەیشتنە مۆسکۆ. دوای ئەوەی ئومێدیان لە پێڕاگەیشتنی ئاندریە و گەڕانەوەی بڕی. چونکە دەبوو کێڵگەکەی کەناری شاری مۆسکۆ بفرۆشن و، جیازیی بووکەی پێ ئامادە بکەن. خۆ نەدەبوو بە هۆی ناساغیی کۆنتیسەوە دوا بکەون.

لەبەر ئەوەی ماوەی مانەوەکەی خێزانەکەی ڕۆستۆڤ، لەو مۆسکۆیە کەم بوو و، خانووەکەیش گەرم نەبوو و، کۆنتیسەی خێزانیشی، نەخۆش بوو. ئیلیا ئاندرییتش بانگهێشتەکەی ماری دمیتریيڤنا ئاخرۆسیمۆنی ــ کە دەمێک بوو دەعوەتی کردبوون ــ پەسەند کرد. درەنگانێکی شەو چوار گالیسکە چوونە حەوشەی ماڵی ماری دمیتریيڤناوە، لە شەقامی "ڤیی ئیکۆری"[1].

ئەو خاتوونە کچەکەی بە شوو دابوو و، چوار کوڕەکەیشی هەر یەکە و لە شوێنێکی فەرمانگەکانی میریدا، دامەزرابوون. بۆیە خۆی بە تەنیا لە ماڵەکەدا مابووەوە. ژنێکی هەمیشە قنج و قیت و، بڕوا بە خۆ و، قسە لە ڕوو بوو. گەیی لە مرۆڤی دەستبلاو و شوێن ئارەزوو کەوتووان بوو و، ددانی خێری پێدا نەدەنان.

بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و باڵاپۆشەکەی لەبەردەکرد و، دەستی دەکردە ئیشی

---

۱ ـ ڤیی ئیکۆر: بە واتای تەویلەی کۆن دێت.

مـاڵ. دواتر کارەکانی دەرەوەی جێبـەجێ دەکرد. یەکشـەممووان دەچووە کڵێسـە و، دواتر بـەندیخانە جۆرا و جۆرەکانی بەسـەر دەکردەوە و ئـەو کارانـەی بەندیخانـەکانی، لای کـەس نەدرکاندبوو. ڕۆژانی تریش ڕاپەڕەوی بەر ژوورەکەی بە خەڵکی پڕ دەبوو و، پێشوازیی لێ دەکردن. نیوەڕۆانیش خوانەکەی چەور بوو. هەمیشـەیش لەگەڵ سـێ و چـوار میواندا نـانی دەخوارد.

کە لێیش دەبوونـەوە. لـە دەوری مێزەکـە کۆ دەبوونـەوە، بـۆ یـاری کاغـەزێن. خۆیشـی خۆی بە دروومانەوە سەرقاڵ دەکرد. هەرگیز بانگهێشتی دەرەوەی پەسـەند نـەبوو. مەگـەر کەسێکی باڵا و مەزن! ئەگەرنا نەدەچووە دەرەوە.

هێشتا نەچوو بووە نێو نوێنەکەیـەوە بـۆ نووسـتن. لـە بەلەکۆنەکـەوە گـوێی لـە دەنگێک بوو، کە لە ترپەی پێی بنەماڵـەی ڕۆستۆف و، دارو دەستەکەیان دەچـوو. هەسـتا و چـووە نێـو دەرگاکـە، سـەری کـەمێک بـە پشـتدا خسـتبوو و، چاویلکەکـەی لـە سـەر لـووت بـوو. ڕوانینـە مۆنەکـەی، وای پیشـان دەدا کـە لەوەیـە هـاتووان دەر بکـات. بـەڵام بـە پێچەوانـەوە، فەرمانیدا شتەکانیان لە شوێنی شیاودا بۆ دابنێن.

بێئەوەی سڵاو لە کەسیان بکات، وتی:

"ئـاخۆ ئەمانە هی کۆنتن؟ لێرەوە..ئەمەیشیان شوێنی کچانە. بە لای چەپدا..."

پاشان قیژاندی بە سەر کارەکەرەکانیدا:

"ئەوە بۆچی دەستتان سـەر دەسـت ناوە و لێرە وەستاون؟ بڕۆن سـەماوەرەکە سـاز بدەن."

دەستیشی بە دەستی ناتاشاوە بوو کە هاواری کرد:

"ئای لەش و لارت چەندە پەرە گرتووە! چەندەیش جوانتر بوویت! بر... ر.."

لەو کاتەدا کۆنت دەیویست دەستەکانی ماچ بکات.

ماری بە ئەویشی وت:

"بەڵام جارێ چاکەتە تووکنەکەت دابکەنە...بێگومان ئێستا دەست و پێیەکانت، ڕچیوون."

بە فەڕەنسی کەمێک خۆشەویستیی بەرامبەر کچەکەی تر پیشان دا و وتی:

"ئای بەخێر هاتی سۆنیا چکۆلەکەم."

کـە هـاتووان چاکەتـە قورسـەکانیان داکەنـد و لـە مانـدووبی سـەفەرەکەیان کـەمێک حەوانەوە، کەوتنە هەڵقوڕاندنی چا.

ماری دمیتریێفنایش یەکە یەکە ئەملا و لای ماچ کردن و وتی:

"لە ناخیشەوە بەختەوەرم، لە مااڵـی خۆم و لە مۆسکۆدا، ئێوە دەبینم."

سەرنجێکی ناتاشای دا و لە سەری ڕۆیشت:

"لە کاتی خۆیدا هـاتن. میرە پیرەیش لێرەیـە و چاوەڕێی هاتنـەوەی کتـوپڕی کوڕەکـەی دەکات. بێگومان دەبێت لە نزیکەوە ببینن."

سەرنجێکی سۆنیایشی دا و وای پیشان دا کە نایەوێت لای ئەودا قسە بکات وتی،"پییەر دواتر لەم بارەیەوە دەدوێین."

پاشان بە لای کۆنتدا لای کردەوە و وتی:

"ئێستایش کەمێک گوێم لێ بگرە. دەیەوێت سبەینێ کێ ببینێت؟ کێ بانگ دەکەیت؟ شینشین! ئەمە یەک. ئانا میخائیلۆڤنای کرووزکەر؟ دوو. ئەویش لەگەڵ کوڕەکەی لێرەیە. کێی تر؟ پیزۆخۆف! ئەویش خۆی و ژنەکەی، لێرەن. لە ڕاستیدا لێی هەڵاتبوو! بەڵام ژنەکەی شوێنپێی هەڵگرت و خۆی پێدا هەڵواسیوەتەوە. ئاخر چوارشەمەی پێشوو، نانی نیوەڕۆی لای من خوارد."

دەستی بۆ دوو کچەکە ڕاکێشا و قسەکانی وا کۆتا کرد:

"ئەم دوو کچەیش سبەینێ دەبەمە زیارەتی نۆتردام دیبیریی پیرۆز، تاکو دەروونیان پاک بکەنەوە و، نزای خۆیان بکەن. دواتر دەیانبەم بۆ لای خاتوو ئۆبێیر شالمیەی خاوەن کۆگای پۆشاکی ئافرەتان. بێگومان هەردوکتان حەزتان لە دوایین مۆدێلی جل و بەرگە. بە هەرحاڵ ئێوە لە بەرگ کڕیندا، خۆتان بە منەوە مەبەستنەوە. ئاخر ئەوان بەرگی کەنار بریسکەداری لەم شێوەیە دەپۆشن.

دوێنێ کچۆڵە ئیرین ڤاسیلییڤنای هات بۆ لام، تاکو بمبینێت. دوو سەردەستی بەرگەکەی بەری، تۆقێنەر بوو. بە هەر حاڵ پۆشاکیش ڕۆژانە..."

پاشان بە شێوازێکی کەمێک زبر لە کۆنتی پرسیی:

"تۆ بۆ خۆت، چی کارێک تۆی گەیاندە ئێرە؟"

کۆنتیش لە وەڵامیدا وتی:

"شتەکان پێکەوە چارەسەر کران. دەبێت پۆشاک بکڕم. کڕیاریش بەسەر کێڵگە و کۆشکەکەی مۆسکۆمەوە هەیە، تاکو بیکڕێت. ئەگەر بۆیشم بڕەخسێت، سەرێکیش لە "مارانیسکوای" دەدەم و کچەکانیشم بە تۆ دەسپێرم، تا دەگەڕێمەوە. تەنیا ڕۆژێکیشم پێدەچێت."

ماری دمیتریییڤنایش دەستە قەبەکانی بە نێوچاوانی ناتاشادا هێنا و وتی:

"باشە! زۆر باشە! لای من ئاسوودەتر دەبن. بۆ ئەو شوێنانەیشیان دەبەم کە پێویستە بیان بینن. نازیشیان دەکێشم و بێزاریشیان دەکەم."

بەیانی ڕۆژی دواتر ماری دمیتریییڤنا پێش دوو کچەکە کەوت و، بەرەو نۆتردام دیبیری، کەوتنەڕێ و دواتر بۆ پیشانگاکەی خاتوو ئۆبێیر شالمین. ئەم خاوەن پیشانگایە زۆری لێ دەترسا و زۆر جاران بە کەمتر لە نرخی خۆی شتەکەی پێ دەفرۆشتەوە! تا هەرچی زووترە ڕزگاری بێت لە دەستی! بەشێکی زۆری جیازییەکەی ناتاشای لەو پیشانگایە کڕی.

کە گەڕانەوە، ماری دمیتریێڤنا ناتاشای لای خۆیەوە دانا و، ئەوانی تری لە خۆی دوورخستەوە.

پاشان پێی وت:

"دەی با ئێستا کەمێک پێکەوە بدوێین. پیرۆزبایی زۆریشت لێ دەکەم، کە ئێستا تۆ کچێکیت: دیاری کراویت و دەزگیراندارێت. لاوێکی نیان و باشت دەست کەوتووە."

نیو مەترێک دەستی بڵند کردەوە:

"هێندە دەبوو: کە ئاندریەم دەناسی! باش گوێم لێ بگرە.. خۆت دەزانیت میرە پیرەی باوکی، حەز ناکات کوڕەکەی ژن بێنێت! باوکەکەی کۆنەپەرستێکی کەللەڕەقە! بێگومان میر ئاندریەی کوڕیشی مناڵ نییە. دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بیت، کە هەر خۆی لە ڕەزامەندیی باوکی بۆ ژنهێنانەکەی دەدزێتەوە. بەڵام ئەوە شیاو نییە: بچیتە نێو خێزانێکەوە کە دژی ئارەزووی باوک بێت! چاکتر وایە کە ئەم کێشانە بە نەرم و نیانی چارەسەر بکرێن. خۆ تۆیش گێل نیت و دەزانیت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەکە بکەیت، تاکو ئابڕووی خۆت بپارێزیت. ئەم کێشەیە کەمێکی لە نەرمی و وریایی پێویستە! تاکو بە دڵی خۆت بێت."

ناتاشا هێندە شەرمن نەبوو کە ماری دمیتریێڤنا بۆی دانابوو. ئەوە جێی گاڵتەجاڕی بوو کە خەڵکی تر، دەست وەربداتە عیشقەکەی ئاندریەوە. ئەو بێ لە ئاندریە، کەسی تری خۆشناوێت و، بیر لە کەسی تریش ناکاتەوە.

دیارە ئاندریەیش بە هەمان شێوە ئەوی خۆش دەوێت و، هەر کە گەڕایشەوە دەیگوازێتەوە.

ماری دمیتریێڤنا لە سەری ڕۆیشت:

"وەک دەبینیت، ماوەیەکی دوور و درێژە، دەیناسم. خۆی و ماریی خوشکیشیم خۆشدەوێت. دەڵێن کەسە کۆنەکان و بە تەمەنەکان زبرن! بەڵام ئەو ماریيە، مێشوولەیەکیش بێزار ناکات. حەزیش بەوە دەکات لەگەڵ تۆدا هاوکار و یەکگرتوو بێت. ئەوە بزانە کە خۆیشی ئەمەی بە من وتووە."

سەیرێ خۆت و باوکت دەچنە ئەوێ. بەڕامبەر ماری ڕووت خۆش بێت و، تۆ ڕێزی فرەتر لەو بگرە. چونکە تۆ لە ئەو منالّتریت. بەم کارەت تا دەزگیرانەکەت دەگاتە لای تۆ، تۆ لای خۆتەوە باوک و خوشکی ئەوت ناسیوە. ئیدی تاکو ئەو دەگەڕێتەوە، ئێوە هەرخەریکی ئەوە دەبن، ڕێز و خۆشەویستی بۆ یەکتر دەربڕن. جا ئەم شێوەیە باشتر نییە؟

ناتاشایش وتی:

بێگومان.

بەشی حەوت
بەخێرهێنانەکەی میرە پیرە

لە سەر ئامۆژگارییەکەی ماری دمیتریێفنا رۆژی دواتر کۆنت رۆستۆف کچۆلەکەی لەگەڵ خۆی برد و، چوون بۆ مالّی میرە پیرەی باوکی ئاندریە. کۆنت رۆستۆفیش ئەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەی پێخۆش نەبوو و دەترسا. چونکە هێشتا دواین ڕوو بە ڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئەو پیرە پیاوەدا لە فیرقەکانی خۆبەخشاندا، بیر نەچوو بووەوە. ئەو دەمەی خۆی گرتەوە لەو وەلّامە زبرەی، کاتێک ئەوی بانگهێشتی نانخواردنی نیوەڕۆ کردبوو. ئەوەیش لەبەر ئەوەبوو چونکە ژمارەی پێویستی خۆبەخشانی پێ نەدابوو. بەلّام ناتاشا لەوپەڕی ڕووخۆشی و کراوەیی خۆیدا بوو و، جوانترین بەرگیشی پۆشی بوو.

بە خۆیی دەوت:

شیاو نابێت ئەگەر هەر زوو نەچمە دڵیانەوە و منیان خۆش نەوێت! ئەی چی! ئەی ئەوە نییە خەڵکی هەموو خۆشیان دەوێم! منیش لای خۆمەوە، ئەو دوانە چیان بوێت دەیکەم. ئامادەیشم هەردوکیانم خۆش بوێت. چونکە ئەویان باوکێتی و ئەمی تریشیان خوشکێتی. هۆیەکیش نابینم کە وایان لێ بکات، منیان خۆشنەوێت.

گالیسکەکە لە شەقامی 'ئیکزل تاسیۆن' و بەردەم خانوویەکی کۆنی دڵتەنگدا وەستا و، سەرنشینان چوونە دالانەکەوە. ناتاشا سەرنجی باوکیدا، بینیی زۆر شپرزەیە و ڕەنگی تێکچووە! ئەو دەمەی ناتاشا وەلامی پرسیاری ئەوەی کرد: کە ئاخۆ میر و کچەکەی پێشوازییان دەکەن؟ هەستی بە ئەوەیش کرد دەنگیشی تێکچووە!

خزمەتکاران و کارەکەرانی مالّەکە، هەر بۆیان دەرکەوت خۆیانن و هاتوون، شلّەژان. هەوالّهێنەکەیان بردە پەناوە و بە چرپە کەوتنە پرسیار کردن لێی.

کابانێکی ماڵەکە چووە لای میوانەکان و، چەند وشەیەکی بە خێرایی پێ وتن و، ئەوانیش تەنیا لە وشەی خاتوونەکەی تێگەیشتن.

دواتر خزمەتکارێکی پیر هات و، پێی راگەیاندن کە میرە پیرە ناتوانێت بیان بینێت، بەڵام خاتوونی کچی دەڵێت: با بفەرموون.

پاشان کچە بۆرپین دەرکەوت و، بە رێزێکی فرەوە، بە خێری هێنان و، فەرمووی لێ کردن، بۆ لای خاتوونی گەورە و، لەولایشەوە خاتوونی گەورە، خۆیشی بە پەلە و روخسارێکی سوورهەڵگەڕاوەوە، بەرەو ڕوویان چوو. بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، لەوەدا کە دەیویست خۆی دڵخۆش دەربخات. هەر لە یەکەم سەرنجیدا، ناتاشای نەچووە دڵەوە! وای دانا ئەو کچە زێدەڕەویی کردووە، لە ڕازاندنەوەی خۆیدا و، لووتبەرز و سەرکەشە! ئەوەی بیر چوو بووەوە، کە پێش ئەوەی ئەو بڕاژنەی ببینێت، ئیرەیی بە جوانییەکەی برد بوو. نەستی کەیلی ئیرەیی بردن بوو، بە چکۆلەیی و تەمەنە کەمەکەی و، جوانی و بەختەوەرِ بوونی، بەو خۆشەویستییەی، کە براکەی خۆی هەیەتی. ئەمانەیش وای لێ کردبوو، ڕقی لێی ببێتەوە. لەمەیش خراپتر ئەوە بوو، کە میرە پیرە هاواری کرد بوو: **خۆشیی نایەت لە پێشوازی کردن لە بنەماڵەی ڕۆستۆف و، ئەگەر خۆی دەیەوێت: با ماریی کچی پێشوازییان لێ بکات. ئاگادار بن. کەس نەیان هێنێت بۆ لای من.**

هەرچەند ماری لە تووڕەبوونی باوکیشی دەترسا، لە ئەو سەردانەی بنەماڵەی ڕۆستۆف، بەڵام بڕیاریدا کە پێشوازییان لێ بکات. کۆنتی باوکی ناتاشایش، ڕێزی لە ماری نا و بۆی نووشتایەوە و، سەرنجی دەوروبەری خۆی دا. وەکو ئەوەی خەمی پەیدا بوونی لە ناکاوی، میرە پیرە بێت.

ئەمجا وتی:"وەکو دەبینیت، خاتوونە چکۆلەی گۆرانیبێژی خۆمم، هێناوەتە سایەت. زۆریش بەوە بەختەوەرم کە یەکتر بناسن. بەداخیشەوەم کە میری باوکت، ناساغە."

دوای چەند ڕستەیەکی تری لەو جۆرە، هەستا و وتی:

"خاتوونەکەم... گەر ڕێم بدەیت. ئەوا بۆ چارەکە سەعاتێک ناتاشات، لە لا جێ دەهێڵم، تاکو بچمە سەردانی کەسێکی نزیک لێرەوە، نێوی "ئانا سیمیونۆڤنا"یە. دواتر دێمەوە و کچۆڵەکەم لەگەڵ خۆم دەیبەمەوە."

ئیلیا ئاندرییتش، ئەم چیرۆکەی بۆیە ڕێکخست، تاکو کچەکەی و دشەی داهاتووی لە نزیکەوە و دوو بە دوو، یەکتر بناسن و، دواتر ددانی بەم فێڵەی خۆیدا نا. بەڵام خۆی لەوەیان دزییەوە کە خۆیشی نەیویستووە، تووشی ببێت بە تووشی ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی نەخوازراوەوە، لەگەڵ میرە پیرە! خۆ ناتاشایش هەستی بە پەشۆکاوی و، ڕەنگە سوور هەڵگەڕاوەکەی کردبوو و، زۆر بە خەم بوو بۆی.

ڕقبوونەوەکەی ناتاشا لە شەرم کردنەکەی ماری فرەتر بوو و، سەرنجێکی بوێرانە و بزوێنەرانەی خاتوو ماریی دا و،وای دەرخست خۆی لە کەس ناترسێت.

ماریش وا قسەی دەکرد کە بەختەوەرە بەو بینینەی و، پڕ بە دڵ حەز دەکات، باوکی

ناتاشا درەنگ بگەڕێتەوە. هەرچەند ماری دەیویست بە سەرنجەکانی لە کچە بۆرییەن بگەیەنێت، کە خوازیارە هەرچی زووترە، جێیان بێڵێت. بەڵام کچە بۆرییەن، هەر خۆیشی تێک نەدا و، هێڵەزدە هەژدە قسەی دەکرد و، لە بەسەربردنی کاتە خۆشەکانی لە ئاهەنگەکانی مۆسکۆوە دەدوا.

ڕووداوی دالاّنەکە و، ئەو ترسەی باوکی پێی دا. شێوازی قسە کردنەکەی خاتوو ماری. ئەمانە وایان لە ناتاشا کرد، کە لە بارێکی دەروونیی خراپدا بێت. بۆیە بە خۆیدا شکایەوە و، شێوازی قسە کردنەکەی گۆڕی و، بێباکانە دەدوا. ئەم ئاڵ و گۆڕەی، وای کرد لای ماری ببێزرێت.

دوای پێنج خولەکێک، گوێی لە دەنگی سۆلە لە پێیەک بوو، کە بە خێرایی دەڕۆیشت. ماری ترس دایگرت و، دەرگای لە میرە پیرە کردەوە. ئەویش ئاودامانێکی نێو مالّی لەبەردابوو و، کلاّوێکی لۆکەی بە سەرەوە بوو.

هەر بە هاتنە ژوورەوەی وتـــی:"ئای! کچەکە! کچەکە! کۆنتیسە ڕۆستۆڤ، ئەگەر من بە هەڵەدا نەچووبم!! لێم ببوورن: خوا ئاگادارە نەمزانی بوو! کچۆڵەکە نەمزانی بوو! ئەوە تۆیت: بەم سەردانەت گەورەت کردووین... بێ لە کچۆڵەکەی خۆم، چاوەڕوانی بینینی کەسێکی تر نەبووم! ببوورن کە بەرگی شیاوم نەپۆشیوە... خوا ئاگادارە نەمزانی بوو!

چەند جارێک ناوی خوای ناشیرین و، نائاساییانە وتەوە. بەم کارەی ماریی لە جێی خۆیدا وشک کرد و، نەیدەوێرا نە لە باوکی و، نە لە ناتاشا بڕوانێت. ناچار بێ ئەوەی خۆیشی بزانێت چی دەکات، دانیشت. لەو نێوەدا تەنیا کەسێک کە بێ خەم و، ڕوو بە خەندە بێت: ئەو بۆرییەنە بوو.

میرە پیرە جارێکی دی بە بڵمە بڵم، وتییەوە:"لێم ببوورن... خوا دەزانێت نەمزانی بوو!"

دوای ئەوەی سەرنجێکی سەرتاپای ناتاشای دا، چووە دەرەوە.

بۆرییەن یەکەم کەس بوو، کە ئەو سیناریۆیە ڕایچڵەکاند و، هێنایەوە هۆش خۆی و کەوتە قسە کردن لە بارەی دروستیی خراپی میرە پیرەوە.

ماری و ناتاشایش هەر لە یەکتریان دەڕوانی. تا ئەو کارەیشیان درێژەی بکێشایە: لای یەک قێزەونتر دەبوون و، پتر ڕقیان لە یەک دەبووەوە!

کە کۆنتی باوکی ناتاشا گەڕایەوە، ناتاشا گەشایەوە. بەڵام نەیتوانی ڕق و کینەی لەو زیندەوەرە پیرە بشارێتەوە! چونکە زۆر لێی بە قین بوو. هەر ئەویش خستبوویە ئەو هەڵوێستە نەخوازراوەوە و، یەک وشە چییە، لە بارەی ئاندریەی برایەوە نەدوا!

لە خۆیشی پرسی: "جا دەبوو من لە بەردەم ئەو کچە فەڕەنسییەدا، باسی ئاندریەی برای خۆمی بۆ بکەم؟"

زۆر چاک دەیزانی چی بۆ ناتاشا، باس بکات. کەچی کپ و بێدەنگ بوو! لەبەر ئەوەی: **یەکەم... بوونی کچە بۆرییەن لە لایان ترساندبووی. دووەم... لە ناخەوە ئەو**

هاوسەرگیرییە تۆقاندبووی و، ئەمە لە نەستیدا چەسپابوو.

باوکی ناتاشا داوای کرد ماریی ڕێیان بدات خۆی و کچۆڵەکەی بـڕۆن.

ئەو دەمەی کۆنت و کچۆڵەکەی چوونە دەرەوە" ماری چەند هەنگاوێک لە ناتاشا چووە پێشەوە و، قۆڵی گرت و بە دەم هەناسەیەکی قووڵەوە وتی،"لێم بوەستە، دەمویست... "

ناتاشایش بە لاقرتیوە سەرنجێکی ماریی دا.

ماریش وتـــی:

"ناتالی.. ڕێم بدە هێندە بڵێم: کە زۆر بەختەوەرم بـەوەی کە بـراکەم بە بەختەوەریـی خۆی گەیشتووە... "

تا ئێرە و وەستا، چونکە خۆیشی دەیزانی کە بـە ڕاستی نییـە. وەنـەبێت ناتاشـایش لـە ئەمە بێئاگا بووبێت و، هۆیەکەیشی نەخەملاندبێت!

ناتاشایش بە بەخۆنازین و، هەناسە هەڵکێشانێکەوە وتی:

"ئیستا کاتی ئەم قسانە نییە."

کە چوویشە دەرەوە، بە خۆیی وت: **ئەوە من چیم کرد؟ چیم وت؟**

نیـوەڕۆی ئـەو ڕۆژە ناتاشـا لـە هاتنـە سـەر مێزی نـانخواردن دوا کـەوت و، خـۆی لـە ژوورەکەیـدا بەنـد کـرد و، پـەژارە داگیـری کـرد بـوو. وەکـو منـداڵ بـە دەنگی بڵند کەوتـە کڕووزانەوە. سۆنیایش بە سـەریدا داموکابووەوە و قژەکەی ماچ دەکرد و لێی پرسی:

"ئـەوە بـۆ دەگریـت ناتاشـا؟ بـۆچی هێنـدە ئـەو بنەمـاڵەیـەت بـەلاوە گرنگـە! خـەمت نـەبێت هەموو شتێک ڕێک دەبێتەوە."

ناتاشایش وتی:

ئـاخ! خۆزگە دەتزانی ئەو پێشوازییە، چەندە گاڵتەجارانە بوو! هـەر وەکو... پێشوازییان لێ کردم!...

سۆنیایش هەڵیدایە:

"بەسە! هێندە بیر لەوە مەکەوە... خۆ ئەوە هەڵەی تـۆ نەبووە... ئەی وا نییە؟"

" کەوابوو بۆ هێندە خۆتـی پێوە سـەرقاڵ دەکەیت؟ دەی هەستە و من ماچ بکە... بگرە."

ناتاشـایش سـەری بڵند کـردەوە و هاوڕێکـەی مـاچ کـرد و، سـەرو ڕوخسـارە تەڕەکـەی خستە سەرشانی.

پاشان وتی:

"نـاتوانم هـیچ بڵێم. خۆیشـم نـازانم! هەڵـەی کـەس نییـە... بـەڵێ! پێموابێت هەڵەکـە خـۆم کردووەمە... بەڵام تۆ بڵێی ئەم هەڵـەیە، هێندە تۆقینەر بێت! ئـاخ! ئەوە بۆ خۆی ناگەڕێتەوە؟"

دەرەنگانێک بە چاوانی سووری بە فرمێسکەوە، هاتە سـەر مێزی نانخواردنەکـەی خـوانی نیوەڕۆ.

ماری دمیتریێڤنایش سوور دەیزانی کە پێشوازییەکەی میرە پیـرە، چـەندە نالـەبار بـووە! وایشی پیشان دەدا کە سـەیری ناتاشا ناکات و، لەسـەر خوانەکە، ئەو نابینێت.

بەشی هەشت
ئـاهەنگی ئۆپیرا

ئەو ئێوارەیە ماری دمیترۆیڤنا لۆچێکی لە هۆڵی شانۆکەدا بۆ بنەماڵەی ڕۆستۆڤ گرت و، هـەموویان ئامـادەی ئاهـەنگی ئۆپیراکە بـوون. هەرچەند ناتاشـا حـەزی بـە ئامـادەبوونی ئـەو ئـاهەنگە نـەبوو، بـەڵام نـەیتوانی بانگهێشـتە تایبەتەکـەی، مـاری ڕەت بکاتـەوە و، بـە جوانترین پۆشاکەوە، خۆی کرد بە هۆڵەکەدا و، چاوەڕوانی باوکی بـوو. سـەیرێکی ئـاوێنە گەورەکەی کرد و، گەیشتە ئەوەی کە هەر زۆر جوانـە!

بەڵام دڵیشی هەر بە خەم بوو و، وا بیری کردەوە:

ئای خوایە گیان! خۆزگە ئـەویش لێرە بووایـە! ئەوکات منیش وەکو جارانم، شـەرمن نەدەبووم و، دەمخستە نێوان دوو باسکمەوە و، تـوند خـۆمم پێوە دەنووسـاند. پاشـان دەکەوتمە پێکەنین بۆی. ئەو دەمە: چـاوانی! ئـای لە چاوانی! ئێستا لە بەرچاومە!... ئیدی خوشکی و، باوکی بە لای منەوە گرنگ نین! منیش تەنیا هەر ئـەوم خۆش دەوێت. ئـای لەو چاوە جوانانەی! لە ڕوخساری! پیاوەتی و، هەرزەکاریی تێدا کۆ بـووەتەوە! بۆیە وا باشە هەر بیر لەو کێشەیەیش نەکەمەوە. نەک هەر ئەم کێشەیە. بگرە بیر لە هیچ نەکەمـەوە! با لانیکـەم، بـۆ ماوەیـەک ئـەوم بیـر بچێتـەوە. ئـاخ! ڕۆژێک دێت کـە ئـەم دابڕانـەی ئەو دەزگیرانەم بمکوژێت! ئـۆو خۆ ئـەوە خۆمم!

پشتی لە ئاوێنەکە کرد و، بە گران توانیی فرمێسکەکانی بسڕێت.

ئەو دەمەی سۆنیا بەرگێکی جوانی پۆشی بوو و، دەست بە باوەشێنەوە، هاتە ژوورەوە.

ئەم بەم شێوەیە لەگەڵ خۆی دەدوا:

"ئەی ئەم سۆنیایە چی دەکات؟ وا ئەویش بە ئارامی نیکۆلای خۆشدەوێت و، ددان بە خۆیدا دەگرێت! بێگومان ئەو زۆر جیاوازە و، وەکو من نییە! من ناتوانم وەکو ئەو، ئارام و هێور و خۆڕاگر بم."

ئەو ساتە ناتاشا بەرەو ئەوە دەچوو، پێویستیی بە کەسێک بێت، نازی بکێشێت. ئەو بە هێندە قایل نەدەبوو، کەسێکی خۆش بوێت. بەڵکو دەیویست خۆیشی خۆشەویست بێت. ئێستا وا هەست دەکات! پڕ بە دڵ حەز دەکات ئاندریەی لە لا بووایە و، باوەشی پێدا بکردایە و، بیچرپاندایە بە گوێیدا و، هەموو ئەوانەی نێو دڵ و دەروونی خۆیی، پێ بوتایە. بیشیچرپاندایە بە گوێیدا کە خۆشی دەوێت! بە دەم رێوە و، لە نێو گالیسکەکەدا و، بە تەنیشت باوکییەوە دانیشتبوو. لە پەنجەرە زۆقماوییەکانی گالیسکەکەوە، لە رووناکیی کەناری شەقامەکەی دەڕوانی. وای هەست دەکرد ماندوویی و شەکەتییەکەی، بە هۆی عەشقەکەیەوەیە. هەر نەیشیدەزانی لەگەڵ کێدایە و، بۆ کوێیشی دەبەن!؟

بە دوای ئەواندا، چەند گالیسکەیەک هات و، پێچکەکانیان، خرمەیان لە بەفرەکە هەڵدەستان. دواتر گەیشتنە دەروازەی شانۆیەکە. سۆنیا و ناتاشا لێهاتووانە بازیاندایە خوارەوە.

خزمەتکارێکیش دەستی کۆنتی گرت و، هێنایە خوارەوە. لەگەڵ بینەران و، فرۆشیاراندا تێکەڵ بوون و، گەیشتنە بەر دەرگای لۆچەکان و دەنگی کۆک کردنی ئامێرەکانی مۆسیقایش دەهاتە گوێیان.

سۆنیا بە چرپە وتی:

"ناتالی ناتاشا... قژەکەت...

چاودێریکاری لۆچەکان پێشیان کەوت و، لۆچەکەی خۆیانی بۆ کردنەوە. لە پێشدا هەردوو کچۆڵەکە چوونە ژوورەوە. پاشان دەنگی ئاوازەکان باشتر دەبیسترا. لە دەرگا کراوەکەی خۆیانەوە، لۆچەکانی تریان بە رووناکی دەبینی و، لۆجەکانیش بە ئافرەتانی ئالا و والا لەبەر و، قوماش لە مل گرێدراو، پڕ بوون. پاشان ئەو هۆڵە گەورە سیخناخە بە نەخش و نیگاریش رازابووەوە.

خاتوونێک لە کاتی چوونە نێو لۆچێکی تەنیشتیانەوە، وا سەرنجی ناتاشای دەدا، کە لە

تەماشای ئافرەتانە نەدەچوو! هێشتا پەردەی شانۆکە هەڵنەدرابووەوە، کە تیپی مۆسیقاکە ئاوازی کردنەوەی پەردەی ژەند.

ناتاشا بەرگەکەی بەری ڕێکخستەوە و، لەگەڵ سۆنیادا، چوونە پێشەوەی لۆچەکە. سەرنجی کەسانی نێو لۆچەکانی دەوروبەری کێشی خۆی کرد و، خۆیشی دەمێک بوو، هەستی بەوە نەکرد بوو، کە بە شان و ملە ڕووتەکەی سەرنجی خەڵکیی ڕاکێشاوە. هەندێک لە حەز و ئارەزوو و، هەڵچوونەکانی لە هەست و نەستیدا، بووژایەوە و، کاریگەرییەکی خۆشی ئازاراویی لە سەر جێهێشت.

ئەو دوو کچە جوانە، سەرنجی بەرچاوی خەڵکەکەیان بە لای خۆیاندا کێش کرد. کۆنت خۆیشی لە مێژ بوو، لە مۆسکۆدا نەبینرابوو. دواجار خەڵکەکەیش هەموویان دیاری کردنی ناتاشایان بۆ میر ئاندریە بیستبوو. ئەوەیشیان دەزانی کە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ، دێ نشینن. بۆیە کەوتنە سەرنجدان و، پشکنینی ئەو کچۆڵەیان کە شوو دەکات بە کەسێکی زۆر ناسراوی بە ناوبانگی مۆسکۆ.

نیشتەنی بوونی ناتاشا لە لادێ، هێندەی دی جوانی کردبوو. خەڵکەکەیش هەر هەمان بۆچوونیان هەبوو. هەژاوییەکەی ئەو ئێوارەیەی، هێندەی تر جوانی کرد بوو! هەرچەند ئەو جوانییەی سەرنجی ئەو هەموو خەڵکەی ڕاکێشابوو، بەڵام وای لە ناتاشا کردبوو کە گوێ بە کەس نەدات.

چاوە ڕەشەکانی، لە خەڵکەکە دەبڕی، بێئەوەی سەرنجی کەسێکی دیاری کراو بدات! قۆڵ و مەچەکی، خستبووە سەر دیواری پێشەوەی لۆچەکە و، بێ ئاگایانە لەگەڵ ڕەزمی ئاوازی کردنەوەی شانۆکەدا، دەستی دەجوولاند.

سۆنیا پێی وت:

"بڕوانە... ئەوە کچە ئالینە! پێم وابێت لەگەڵ دایکیدایە."

کۆنتیش لای خۆیەوە وتی:

"ئای خوایە گیان! خۆ ئەوە میخائیل کیریلیتشە! خۆ ئەوە قەڵەوتر بووە! کچەکە، سەرنجی ئانا میخائیلۆڤنا بدە. ئای لەو شەپقەیەی سەری! بنەماڵەی کاراگین و جوولی، بۆریسیان لەگەڵدایە! ئەو دوانەیان بە ئاشکرا پێیانەوە دیارە دەزگیرانی یەکترین. کەوابوو درۆپتسکۆی داواکردنەکەی لە بنەماڵەکەیان کردووە."

شینشینیش کە دەمێک نەبوو هاتبووە لۆچەکەوە، وتی:

"بەڵێ! دەمێک نییە و منیش ئەمەم بیستووە."

ناتاشایش سەیری ئەو شوێنەی دەکرد، کە باوکی بۆی دەڕوانی. جوولیی بینی بە

ڕوویەکی کراوەوە، لای دایکە مل سوورە ئەستوورەکەیەوە ــ کە دەیزانی ئێستا ملوانکەیەکی قورسی شیلانیشی پێدا هەڵواسراوە ــ دانیشتبووە.

لە دوای ئەوانیشەوە، ملی بۆریس و، قژە داهاتووە زۆر جوانەکەی بوو. بە بزەیەکەوە سەری بە سەر جوولیدا داموکاندبووەوە، تاکو گوێی لێ بگرێت.

بۆریسیش بە تیلەچاوێک سەرنجی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی دا و، بە جوولیی وت:

"بێگومان ئێستا ئەوان، لە بارەی ئێمەوە دەدوێن. ئەگەر ئێمە تووشی دڵەڕاوکێمان کردبن، ئەوا هەڵەن. خۆزگە هەردوکیان دەیانزانی کە من ئەوانم هەر لە بیریش نەماوە."

دوا بە دوای ئەوانیش ئانا میخائیلۆڤنا دانیشتبوو. ئەویش بە خۆی و شەپقە سەوز و، ڕووە خۆشەکەی بەو سەرکەوتنەوەیەوە ــ کە وەکو خۆی دەیوت: بە ویستی خوا بوو، دانیشتبوو. دانیشتنەکەیان بووک و زاوایانە بوو.

ناتاشا ئەوە ڕەفتارەیانی مەزن ڕادەگرت و، پێی دەزانی. کتوپڕ ڕووی لێ وەرگێڕان و پێشوازییەکەی ئەو دوای نیوەڕۆیەی خۆیی بیرکەوتەوە.

لە دڵی خۆیدا وتی:

"لە بەرچی لە خێزانەکەی خۆیدا قبووڵم ناکات!... ئاخ! ئاخ! وا چاکە تاکو خۆی نەگەڕێتەوە، منیش بیری لێ نەکەمەوە."

پاشان کەوتە سەرنجدانی ڕوخسارە ناسراو و، نەناسراوەکانی نێو هۆڵەکە. دۆلۆخۆڤ لە ناوەڕاستی یەکەمین ڕیزی کورسییەکانی پێشەوەدا دانیشت بوو و، بەرگی فارسیی پۆشی بوو. قژە لوولەکەی لێ بڵند کردبووەوە. دەشیزانی بووەتە جێی سەرنج و، بایەخی دانیشتوانی هۆڵەکە و، زۆر ئاسوودە و، وەکو ماڵی خۆیان لێی دانیشتبوو.

لاوە ناسراوەکانی مۆسکۆ، هەر وەکو پاسەوانی ئەو بن، دەوریان دابوو. ئیلیا ئاندرییتشیش، ئانیشکی لە سۆنیاوە ژەند و، هەوادارە کۆنەکەی خۆیی پیشاندا و، لێی پرسی:

ناسیتەوە!

لە شینشینیشی پرسی:

"ئەمە لە کوێوە هەڵقوڵا؟ لە مێژبوو نەدەبینرا!"

شینشین وەڵامی دایەوە:

"ڕاست دەکەیت. کاتی خۆی ئەمە لە قەوقاز بوو. دواتر بەرەو ئێران هەڵات. دەڵێن گوایە لەوێ بوو بووە وەزیر و، گوایە بۆ شای شای ئەوێی کوشتووە!" ئیدی نازانم. ئێستایش ئافرەتانی مۆسکۆ شێت و هاری بوون! ئافرەتان بە سەری ئەم دۆلۆخۆڤە فارسییە سوێند

دەخۆن و، سەری زمان و بنی زمانیان هەر ناوی ئەوە! کە ناویشی دەهێنن، دەڵێی چێژی گۆشتی باشترین ماسی دەکەن!"

لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵێ! دۆڵۆخۆڤ و ئەناتۆل کۆراگین ئافرەتانیان شێت و هارکردووە!"

لەو کاتەدا خاتوونێکی باڵابەرزی پرچ درێژی کەتەی سەرشان ڕووتی جوان، دوو ڕیز شیلانی گەورەی لە مل ئاڵاندبوو، خۆی کرد بە لۆچەکەی تەنیشتی ئەماندا و، لە نێو خشەی کراسە ئاوریشمینەکەیدا، نیان و نەجیبزادانە، لێی دانیشت.

ناتاشایش بێ ویستی خۆی، سەرنجی ئەو گەردن و سەر شانە جوان و، ملوانکە شیلانە دەنک گەورەیەی ئەوی دا. خاتوونەکەیش لەو کاتەدا، لای کردەوە و کۆنتی بینی و، بە بزەیەکەوە سەری ڕێزی بۆ دانەواند.

ئەو ژنە کۆنتیسەی هاوسەری پیزۆخۆڤ بوو. کۆنتیش بۆ خۆی خەڵکێکی زۆری دەناسی و، خۆی بە لای ئەودا لار کردەوە و، کەوتە دواندنی.

پێی وت:

"کۆنتیسە ماوەیەکی زۆرە ناتبینم! بەڵێ! بەڵێ! هەر ئێستا دێمە پەزیرایيت، تاکو دەستەکانت ماچ بکەم. منیش بۆ کاری پێویست هاتوومە مۆسکۆ و، کچۆڵەکانیشم لەگەڵ خۆم هێناوە. دەڵێن: سیمینۆڤای ئەکتەر، لەم شانۆگەرییەیشدا، سەرنجڕاکێشانە ڕۆڵ دەبینێت! "پییەر کیری" و "ڤێتش"یش خۆشەویستی ئێمەن، ئاخۆ ئەویش لێرەیە؟"

هیلینیش سەرنجێکی وردی ناتاشای دا و وتی:

"بەڵێ ئەویش لە مۆسکۆیە و، بە نیازیشە بێتە ئێرەیش."

کۆنت گەڕایەوە بۆ کورسییەکەی خۆی و، بە چرپە بە کچۆڵەکەی خۆی وت:

"ژنێکی جوانە! وا نا؟"

کچەکەیشی وتی:

"زۆر شۆخ و شەنگە! ئێستا تێگەیشتم بۆچی خەڵکی عاشقی بوون."

ئاوازی شانۆ کردنەوەکە، کۆتابوو. بینەرانیش بە پەلە چوونەوە شوێنەکانی خۆیان و، پەردە لادرا. کپی و بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا. پیران و لاوان کەوتنە سەرنجدان لە ئافرەتانی ناو قەد و سنگ ڕووتی بە زێڕ ڕازاوە. دواتر چاوانیان لە تەختەی شانۆکە بڕی بوو و، ناتاشایش بە هەمان شێوەی ئەوان.

بەشی نۆ
کۆراگینی شەنگ

لە ناوەڕاستی شانۆکەدا، شوێنێک جیا کرابووەوە و، بە دەوریدا دیمەنی دار و درەخت بوو. لە دوای ئەویشەوە، پارچەیەک قوماشی بۆیەکراو بوو. لە ناوەراستیشیدا کچۆلانێکی پشتوێن سووری سپی بوو.

کچێکیان دوور لەوانەوە دانیشتبوو و، پاڵی دابوو بە مقەبایەکی سەوزەوە و، بەرگی سپی ئاوریشمینی پۆشی بوو.

کچان پێکەوە گۆرانییان دەوت. هەر کە لێبوونەوە، کێژە کراس سپییەکەیان، بەرەو ئەو کەلەبەرە چوو، کە ڕاهێنەرە یارمەتیدەر و بیرخەرەوەکە خۆی تێدا حەشار دابوو و، ڕستە و هێمایەلی بە ئەکتەران دەدا.

پاشان پیاوێکی پانتۆڵ ئاوریشمین، قوماشەکەی بە لاقەکانیەوە نووسابوو و، ئەستوورییەکەیانی وەدیار دەخست و، پەڕێکیش بە شەبقەکەی سەرییەوە بوو و، خەنجەرێکیش بە پشتوێنەکەیەوە. لێی نزیک بووەوە و، بە دەم گۆرانی وتنەوە دەستەکانی دەجوواڵاند.

لە پێشدا پانتۆڵ تەسکەکە بە تەنیا گۆرانیی چڕی. دواتر کاتی کچە هاوڕێکەی هات. پاشان پیاوەکە چاوەڕێی ڕەزمەکەی کرد. تا پێکەوە گۆرانی بچڕن.

گۆرانییەکەیان پێکەوە وت و، هەرچییەک لە هۆڵەکەدابوو، چەپڵەیان بۆ لێدان. دوو

ئەکتەرەکەش وەکو دوو عاشق خۆیان پیشان دەدا و، بە پاست و چەپدا وەردەچەرخان و، بۆیان دەنووشتانەوە.

ناتاشا لە لادێوە هاتبوو و، بیر کردنەوەی جدیانە بوو. نمایشەکەی بە لاوە نامۆ و، بگرە سەرسووڕهێن بوو! نەیدەتوانی پێ بە پێی ڕووداوی شانۆگەرییەکە بڕوات. تەنانەت بە وردی گوێیش بۆ ئاوازەکان بگرێت. تەنیا و تەنیا، قوماشێکی بۆیە کراو و، پیاوان و ژنانی بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی دەبینی، لە ژێر ڕووناکییەکی زۆر تووندا، دەجوواڵێن و قسە دەکەن و، گۆرانی دەڵێن.

بەاڵم بڕێک لە واتای نمایشی دەزانی و، هەستی دەکرد هەندێک جووڵەیان دەستکردە و، هەندێکیشی سەرپێی و، سروشتییە. هەندێک جار شەرمی لە ئەکتەران دەکرد و، جاری وایش بوو، حەزی لە پێکەنین بوو. چاوی بە بینەرانیشدا دەگێڕا و دەیویست بزانێت، ئاخۆ ئەوانیش وەکو خۆی بە ئەکتەران سەرسامن؟ بەاڵم سەرنجی بینەران، بە پەڕۆشەوە بوو و کەمێک گومانی لێیان بوو.

لە دڵی خۆیدا وتـــی:

"بێگومان ئەمە دەبێت هەروا بێت."

ناوە ناوەیش سەرنجی کەللەسەرەکان و ئافرەتانی نێو هۆڵەکە و، بە تایبەتی لۆچەکانی دراوسێیان و، هیلینی نیمچە ڕووتیشی دەدا. دەیبینی بە زەردەخەنەیەکی ئارامەوە، چێژی لە ڕووناکییە بەتین و هۆڵـە کپەکە وەردەگرێت.

خەیاڵێک بردییەوە، کە دەمێک بوو، شتی وای بە خۆوە نەدی بوو! خۆیشی نەیدەزانی چـی دەکـات و، لـە کوێیـە و، بـە بەرچاوییـەوە چـی ڕوو دەدات!؟ هەرچەنـد زەق زەق دەیڕوانی، بەاڵم هیچی نەدەبینی! سەختترین ڕووداوی خۆی بیر دەکەوتەوە. حەزی دەکرد بە سەر دیواری هۆڵەکەدا باز بداتە خوارەوە و، خۆی بگەیەنێتە سەر تەختـەی شانۆکە و، گۆرانیی ئەکتەرە کچۆڵەکەیان بڵێتەوە.

ناوە ناوەیش حەزی بەوە بوو، بە بـاوەشێنەکەی دەستی، پیرەکـەی تەنیشتی هەراسـان بکات. یان بەسەر هیلیندا بنووشتێتەوە و، کەمێک خنووکەی بدات!

لـە مـاوەی پشـووی نێـوان دوو گۆرانییەکـەدا، جیـڕەی دەرگـای لۆچەکـەی تەنیشـت بنەماڵەی ڕۆستۆف هات و، دەنگی پێی بینەرێکی دواکەوتوو.

شینشین بە چرپە وتی:

"ئـــاه! ئەوە کۆراگین خۆیەتی!"

کۆنتیسـە پیزۆخـۆڤیش بـە لای هـاتووە نوێیەکـەدا لای کـردەوە و، بزەیـەکی بـۆ کـرد.

ناتاشایش ـ که ئەویش سەرنجی هەمان شۆینێکی دەدا ـ یاریدەدەرێکی سەربازیی زۆر جوانی ڕوو کراوەی بەخۆ نازی بینی، بەرەو لۆچەکەیان دەهات. ئەمەیشیان: ئاناتۆل کۆراگین بوو. ئەو ئاناتۆلەی که زووتر له ئاهەنگێکی سەمادا، له پیترزبورگ بینی بووی. ئاناتۆل بەرگی سەربازیی لەبەردابوو و، چەندین مەدالیا و، نیشانی بە بەرۆکەوە بوو. بە شێوەیەک نزیک بووەوە گەر قۆز و جوان نەبوایە، دەبووە مایەی پێکەنین.

بەسەر فەرشی ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشت و، ترپەی پاژنەی پێی و، تەقەی شمشێرەکەی دەهات. سەر و قژە بۆندارەکەی، بڵند گرتبوو. ناتاشای بینی و له سۆنیای خوشکی نزیک بووەوە و، شانی لەسەر دیواری لۆچەکەیان دادا.

سەرنجێکی ناتاشای دا و پێی وت:

ئای که سەرنجکێشە!

ناتاشایش بە جوولّەی لێوەکانیدا، خەملاندی که سەرسامیی خۆیی دەربڕیوە. لێیشی ڕوون بوو باسی ئەوی بۆ دەکات. پاشان بەرەو ڕیزی پێشەوە بووەوە و، له تەنیشت دۆلۆخۆڤەوە لێی دانیشت. ئەو دۆلۆخۆڤەی که خەڵکی خوا خوای ئەوەیان بوو لێی نزیک ببنەوە و، بیان دوێنێت. کەچی ئەم وەکو سوعبەت کردنێک، ئانیشکێکی تێوەژەند و لێی دانیشت و، قاچەکانی خستە سەر دیوارەکەی بەردەمیان.

کۆنت وتی:

"ئای که ئەم خوشک و برایە، له یەک دەچن! چەندەیش جوانن!"

شینشینیش بە چرپە ڕووداوێکی قێزەونی شاری مۆسکۆی، کۆراگینی بۆ گێڕایەوە. ناتاشایش لەبەر ئەوەی ئەو پێی وتبوو، سەرنجڕاکێشە. ئەویش لەگەڵ باوکیدا بە وردی گوێی بۆ گێڕانەوەکە گرت.

بەشی یەکەمی شانۆکە کۆتابوو و، دانیشتوانی هۆڵەکە کردیانە غەڵبە غەڵب. بۆریس هاتە نێو لۆچەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤەوە. ئەوانیش زۆر بە سادەیی پیرۆزباییان لێ کرد. ئەویش برۆکانی بڵند کردەوە و، بە بزەیەکەوە بە نێوی هاوژینەکەیەوە: ناتاشا و سۆنیای بانگهێشتی ئاهەنگی نیشانە کردنەکەی خۆی کرد. ناتاشایەک که کاتی خۆی، زۆر بەو بۆریسە سەرسام بوو، پێشوازییەکی گەرمی بۆریسی کرد و، پیرۆزبایی هاوسەرگیرییەکەیشی لێ کرد. بەلایشیەوە شتەکان سروشتی و ئاسایی بوو.

ئەمەیشی بە هۆی خەیاڵبوونەکەی خۆیەوە بوو، بە هاوسەرگیرییەکەی. پاشان بۆریس گەڕایەوە. هیلینی نیمچە ڕووتیش له تەنیشتیەوە دانیشتبوو و، بۆ هەموو خەڵکەکە یەک جۆر زەردە خەنەی هەبوو: بۆ ناتاشا و بۆریسیش بە هەمان شێوە بوو. هێندەی پێنەچوو لۆچەکەی پڕ بوو له پیاوانی باڵا و ناسراو. که بە هەڵس و کەوتیاندا وا دەردەکەوت، که

حەز دبکەن هەموو دنیا بزانێت کە ئەو ژنە دەناسن! بە درێژیی ماوەی پشووەکە، کۆراگین لەگەڵ دۆلۆخۆڤدا بوو و، پاڵی دابووەوە و، لە لۆچەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤی دەڕوانی.

ناتاشایش بۆی دەرکەوتبوو، کە باسی ئەو دەکەن. لای خۆیەوە لاو نیو، دانیشتبوو و پێی وابوو: بەو شێوەیە جوانییەکانی دەردەکەوێت.

کەمێک پێش دەست پێ کردنی بەشی دووەمی شانۆگەریەکە، پییەر پیزۆخۆڤ لە هۆڵەکەوە دەرکەوت. لەو کاتەوە ئەو بنەماڵەیە گەیشتبوونە مۆسکۆ، ئەویان نەبینی بوو. بە بەراوورد لەگەڵ دوایەمین جاردا، کە ناتاشا بینی بووی، پییەر کەمێک قەڵەوتر بوو بوو و، خەمبار دیار بوو. ئەویش بیئەوەی سەرنجی کەس بدات، بەرەو یەکەمین ریزی کورسییەکان چوو.

ئاناتۆلیش کە بەرەو بنەماڵەی ڕۆستۆڤ دەچوو، ئەوی وەستان و شتێکی پێ وت. کە چاوی بە ناتاشا کەوت، دڵی کرایەوە و، هەنگاوەکانی بەرەو ئەو خێراتر کرد. هەردوو ئانیشکی لەسەر دیواری لۆچەکە دانا و کەوتە وتوێژێکی درێژخایەن لەگەڵیدا. لەو کاتەدا ناتاشا گوێی لە دەنگی پیاوێک بوو، لە لۆچەکەی کۆنتیسەوە دەهات. یەکسەر زانیی کە ئەوە دەنگی کۆراگینە. هەر کە ڕووی بەلای ئەودا وەرگێڕا، چاوی بە چاوانییەوە گیرسایەوە. ئەویش سەرسامانە سەرنجێکی سەرتاپای ناتاشای دا. نزیکیی ناتاشا لە کۆراجینەوە تەریقی کردەوە. لێیشی ڕوون بوو، کە پێش ئەوەی بیناسێت، ئەو پێی سەرسام بووە!

لە دیمەنەکانی بەشی دووەمی شانۆگەریەکەدا، دیمەنی خانوویەکی داڕووخاو بوو و، لە کونێکی شاشەکەیشەوە مانگ دەبینرا. تەپڵ و کەمانەکان، دەستیان پێ کرد و، دەنگێکی کپ و کەمێک نزم دەبیسترا.

لە هەمان کاتدا، کەسانێکی ڕەشپۆش لەلای ڕاست و چەپی شانۆکەوە پەیدا بوون. تا دەهات جوولەیان زیادی دەکرد. بە تایبەتی جوولەی دەستەکانیان. وایش دەردەکەوت خەنجەریان بە دەستەوە بێت. کۆمەڵێکی سپی پۆشیش، بە پەلە هاتن و بە نیاز بوون ئەو کچە بفڕێنن، کە لە بەشی یەکەمی شانۆگەریەکەدا بەرگی سپی پۆشی بوو. ئێستا ئەو کچە، بەرگی شینی پۆشیوە و، نەیشیان فڕاند و، ماوەیەکی زۆریش گۆرانییان لەگەڵ وت. دوای ئەوە بردیان و، سێ جار دەنگێک بڵند بووەوە و، هەموو ئەکتەرەکان بە چۆکدا هاتن.

نزایان دەکرد و، هاواریان دەنگی دەدایەوە. ئەو دیمەنەیان وای کرد، چەندین جار بینەران، بە چەپڵەڕێزان و، هاوار کردن، شانۆگەریەکەیان وەستان!

لەو کاتەدا ناتاشا، چاوی بە هۆڵەکەدا دەگێڕا و، ئاناتۆل کۆراگینی دەبینی. کە شانی

دادابوو و، بە روانینە تینووەکانی: خەریک بوو دەیخواردەوە. ئەمیش لە ناخەوە، چێژی لەو روانینە، پڕ تامەزرۆییەی ئەو دەبینی.

هەر کە بەشی دووەمی شانۆگەریەکە کۆتابوو. خاتوو کۆنتیسە پیزۆخۆڤ هەستا و، بە ناوقەدە رووتەکەیەوە و، بێ ئەوەی هەر گوێ بە دەوروبەری خۆیشی بدات، رووی کردە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بە پەنجەیەکی، نێو دەستکێشەکەی، ئیشارەتی دایە کۆنتی پیر.

بە زەردە خەنەیەکەوە کەوتە دواندنی:

"دوو کچۆڵە سەرنجڕاکێشەکەتم پێ بناسێنە. خۆ خەڵکی ئەم شارە هەموویان باسی ئەوان دەکەن و، تەنیا من نایانناسم!"

ناتاشایش هەستا و ڕێزی لێنا و، بۆی نووشتایەوە. پیاهەڵدانەکەی ئەوی هێندە پێخۆش بوو، سوور هەڵگەڕا.

هیلین لە سەری ڕۆیشت:

"بە نیازم منیش ببمە مۆسکۆڤییەکی ڕاستەقینە. ئەرێ تۆ تەریقیی ئەوە ناکێشییت: کە ئەم شیلان و مەرجانەت، لە کوێرە دێیەکدا شاردووەتەوە!؟"

لە راستیدا وەسفی سەیر و، نازناوی ئەنتیکەی بەکار دەهێنا! ئەو ژنە تایبەتمەندییەکی وای هەبوو، کە زۆر لێزانانە و ناراستەوخۆ، بەرامبەرەکەی هەڵدەدا و خۆیشی لێڵ نەدەکرد!

دیسانەوە وتی:

"کۆنتی ئازیز... هەرچەند زۆریش لێرە نامێنمەوە. دەبێت ڕێم بدەیت: بڕێک بایەخ بەم دوو کچۆڵەیەت بدەم. دڕێغییش ناکەم لە پێناوی ئەوەدا کە بەختەوەریان بکەم. هەروەها ئەرکی تۆیشە بەختەوەریان بکەیت."

بە زەردەخەنەیەکەوە لە ناتاشای ڕوانی و دەستی پێ کردەوە:

"گوێم لە خەڵکەکە بووە کە لە پیترزبۆرگدا، زۆر باسی تۆ دەکەن! هەر ئەمەیش بوو وای لێ کردم، تامەزرۆی ناسینی تۆ ببم! یەکەمجار درۆپتسکۆی هاوڕێم باسی تۆی بۆ کردم. ئەرێ .. دەزانیت کە ئەویش خەریکە هاوسەرگیریی دەکات؟ دوای ئەو پۆلکۆنسکی، یان باشتر بڵێم: میر ئاندریە پۆلکۆنسکیی هاوڕێی میردەکەم."

بەڵام ئەمیانی وا باس کرد، کە ئاگاداری ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بێت. پاشان داوای لە کۆنتە پیرە کرد بۆ ئێستایش تا کۆتابوونی شانۆگەریەکە با یەکێک لە کچۆڵەکانی بنێرێتە لای، تاکو باشتر لە نزیکەوە، بیناسێت.

ناتاشایان ئەوەی کرد و، لەگەڵیدا بۆ لۆچەکەی ئەو چوو. وێنەکانی بەشی سێیەمی شانۆگەریەکە، تەلارێکی نێو ڕوناکییەکی فرە بوو و، بە چەندین تابلۆ ڕازابووەوە. پاشان

شۆڕە سوارانێک بوون و، لە ناوەڕاستیاندا شاو شاژن وەستابوون.

پاشا دەستی جوولان و، گۆرانییەکی چڕی، کە ئاوازەکەی باش نەبوو و، تۆقێنەر بوو! پاشان لە سەر تەختی قەیفەی پاشایەتی دانیشت. ئەو کچەیشی کە یەکەمین جار بەرگی سپی و، جاری دووەمیش شینی پۆشی بوو، ئێستا کراسێکی ئاوامانی لە بەردایە و، بە قژی بژەوە بە تەنیشت تەختی پاشایەتییەکەوە وەستا بوو و، رووی کردبووە پاشا و شیعرێکی پەژارەهێنی بۆ دەخوێندەوە. لە ناکاو پاشا هێمایەکی توندی دایە و وەستاندی.

لە پشت پەردەکەوە، کۆمەڵێک کوڕ و کچی لاق ڕووت، هاتنە سەر شانۆکە و، دەستیان کردە سەما کردن. کەمانەکانیش ئاوازێکی ئارامیان دەژەند. کچێکی قۆڵ باریکی ڕان ئەستوور، لەوانی دی جیا بووەوە. دوای ئەوەی ماوەیەک لەودیو پەردەکەوە ون بوو، تاکو پشتوێنەکەی چاک بکاتەوە. گەڕایەوە ناوەڕاستی شانۆکە و، کەوتە بازدان لە هەوادا و، لە بڵند بوونەوەکانیدا، قاچەکانی لێک دەدا.

بینەرانیش بەو جوولانەی خۆشحاڵ دەبوون و، هاواریان بۆ دەکرد و، چەپڵەیان بۆ لێدەدا. پاشان یەکێکیان بە بەرگی مەلە کردنەوە، هاتە گۆشەیەکی شانۆکە و لە سەر نەزمی تەپڵەکە، کەوتە بازدان و، خۆ خولاندنەوە.

ئەو کەسەیش ئەو "دوبووورە" بوو، کە سالانە بەو جوولانەی (٦٠٠٠٠) ڕۆپڵی پەیدا دەکرد. ئەوانەی نێو ڕاڕەوەکان و، نێو لۆچەکانیش، بە هەمان شێوە کەوتنە چەپڵە لێدان.

"دوبووور" وەستا و بەملاولای خۆیدا ئاوڕی دەداوە و، بزەی بە سەریاندا دەبەخشییەوە. بە دوای ئەودا، کۆمەڵێک لە سەماکەرانی کچ و کوڕ هاتن و، یەکێکیان لەسەر نەزمی ئاوازەکە، چەند وشەیەکی وت. بە دوایدا پێکەوە گۆرانییەکیان وتەوە.

کتوپڕ لێشاوی دەنگی ئەکتەران و دەنگی توندی تەپڵەکان و، خێرا بوونی ئاوازەکە تێکەڵ بوو و یەکێکیان چووە ئەودیو پەردە و، پەردە دادرایەوە.

بینەران هەژان و، هۆڵەکە پڕ بووەوە لە ژاوەژاو.

هەموو هاواریان دەکرد:

– دوبووور! دوبووور! دوبووور!

هیچێک لەو دیمەنانە، بەلای ناتاشاوە نامۆ نەبوو. کەچی هەستی بە چێژی بینینەکەی دەکرد و، بە زەردەخەنەوە، سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد.

هیلین لێی پرسی:

"ئەم دوبووورە: سەرسوڕهێنە! وا نا؟"

ناتاشایش وەڵامی دایەوە:

"ئۆو! بەڵێ! بێگومان."

بەشی (١٠)
بەرەو دارمـان

لە پشووی شانۆگەریەکەدا. شنەبایەکی فێنک خۆی کرد، بە لۆچەکەدا. ئاناتۆلیش بە دەم رێوە وا خۆی دەنووشتاندەوە، کە بەرکەس نەکەوێت.

هیلین لە کاتێکدا چاوی پێیاندا دەگێڕا، وتـــــی:

"خاتوونەکەم... رێم بدە، تا بـراکەمت پێ بناسێنم."

ناتاشـایش بـە شـان و ملـە ڕووتەکەیـەوە، سـەری بـەلای لاوە جوانەکـەدا نـەوی کرد و، بزەیەکی بۆ کرد.

ئاناتۆلیش کە لە دوور و نزیکەوە، هەر جوان بوو. لە تەنیشتی کچەکەوە دانیشت. پێی وت کە ئەو ڕۆژە، خۆشەی بیر نەچووەتەوە، کە ئاهەنگی سەماکەی مالّی ناریشکیندا ناسی بووی. هەر ئەو ڕۆژەیش ئارەزووی بوو، داوای بکات و، هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات.

ئاناتۆڵ وا ڕاهاتبوو، خۆی لـە نـاو ژنانـدا سـادەتر لـەوەی هەیـە و، ژیرتـر پیشـان بـدا و، وەکو نێو پیاوان نەبێت. بـە پەرۆشـەوە دەدوا و، ناتاشـایش پێی سـەیر بـوو، کـە ئەو پیـاوە مەترسیدارە نییە: وەکو ئەوەی باسی دەکەن!

ئاناتۆل کەوتنەکەی سیمینۆفنای نمایشەکەی پێشووتری، سەر شانۆی بۆ گێڕایەوە. هەر وەکوو ئەوەی، لە مێژەوە ناتاشای ناسی بێت.

لە ناکاو وتی:

" ئاخۆ دەزانیت .. خاتوو کۆنتیسە: کە ئاهەنگێکی ڕوو پۆشین ساز دەدەین و، دەبێت تۆیش بەشداریمان بکەیت. زۆریش خۆش دەردەچێت! ئاهەنگەکەیش لە ماڵی کۆراگین دەبێت. تۆیش ئامادە دەبیت، وا نـا؟"

لە کاتی قسە کردنەکەیشیدا، چاوانی لەسەر گەردن و شان و ملە ڕووتەکەی هەڵ نەدەگرت.

ناتاشایش گومانی نەبوو لەوەی کە ئەوی سەرسامی خۆی کردووە. بەڵام جۆرێک لە شڵەژان تێکەڵ بەو چێژ وەرگرتنەی ببوو. کاتێک ڕووی لە ئاناتۆل وەرگێڕا، قورسیی ئەو سەرنجانەی ئەوی بۆ دەرکەوت. بێئاگایانە جۆرێک ئاوڕی لێ دەدایەوە، تا ناچاری بکات، ئەویش سەرنجی ئەم بداتەوە. ئەو کاتانەیشی کە لە ئاناتۆلی دەڕوانی وا هەستی دەکرد، کە ئەو دیواری سڵ کردنەوەیە، لە پیاوانی تر، بەرەو دارمان دەچێت! خۆیشی تێنەگەیشت کە چۆن لە ماوەی پێنج خولەکدا وا دەکات لەو پیاوە، ئەمەندە هەستی بە نزیک بوونەوە بێت. تەنانەت خەمی ئەوەیشی بوو، کە لە کاتی ڕوو وەرگێڕانیدا لێی، ئەو پیاوە پرکێشیی بکات و ماچێکی لاملی بکات.

وتوویژەکەیان بە هەر ئاقارێکدا بڕۆیشتایە، ئەو لەوە گەیشتبوو، کە بە جۆرێک هۆگری ئەو پیاوە بووە، بە هیچ جۆرێک ڕێی بە پیاوانی تر نەداوە، وەکو ئەو بێت! بە جۆرێکیش لە چاوانی کۆنتی باوکی و، ئەوی دەڕوانی، بەڵکو شیکردنەوەیەک، بۆ ئەو هەستەی خۆی و، بیر و هۆشی بدۆزێتەوە.

گیانی بەوە بوو، کە هیلین لەبەر ئەوەی سەرقاڵی قسە کردن بوو، لەگەڵ ژەنەرااڵدا: لە هەست و نەستی ئەم، نهدەگەیشت. لە چاوانی باوکیشیدا وای دەخوێندەوە کە بە خۆی بڵێت: دیارە کات بە سەر دەبەیت و، منیش بەوە خۆشحاڵم.

لە ساتەوەختێکی کپ و بێدەنگدا و، ئەو دەمەی ئاناتۆل کۆڵی لە سەرنجدانی ناتاشا نەدەدا. ناتاشا لەوی پرسی: **کە ئاخۆ مۆسکۆی بە لاوە خۆشە؟** بەڵام هێشتا پرسیارەکەی تەواو نەکردبوو، سوور هەڵگەڕا. چونکە پێی وابوو، تەنیا بە قسە کردنیش لەگەڵ ئەو پیاوەدا خەوشدار دەبێت.

لەوە دەچوو ئاناتۆل بیەوێت هانی قسە کردنی بدات، وتی:

"تا ئـەمڕۆیش مۆسکۆم بەلاوە خۆش نەبوو. چونکە تەنیا کچۆڵانی جوان و شۆخو شەنگ، ئەم مۆسکۆیە، خۆش دەکەن... ئەی وا نییە؟ بـەڵام ئێستا کارەکە پێچەوانەیە و، زۆریش پەرۆشم بۆ ئەم مۆسکۆیە!"

سەرپێیانە سەرنجێکی تری ناتاشای دایەوە و پرسیی:

"خاتوو کۆنتیسە دێیت بۆ ئـاهەنگەکە... وا نا؟ ئـاخر بێیت."

دەستی بۆ بەرۆکی ناتاشا درێژ کرد و بە چرپە وتی:

"گەر بێیت... ئەوا جوانترینی خاتوونانی ئامادە بوو دەبیت. ئەی کۆنتیسەی ئازیز. ئا ئەم گوڵەیش وەکو پێشینەی پەیمانی هاتنەکەت. وەردەگرم."

ناتاشا بێئەوەی، لە واتای ئەو دیوی وشەکانی تێ بگات. ئەو کارەی ئەوی پێ شەرم بوو و، تەریق بووەوە و، نەیزانی وەڵامی بداتەوە. بۆیە وا ڕووی وەرگێڕا، وەکو ئەوەی گوێی لە قسەکانی ئەو نەبووبێت.

هێندەی پێنەچوو نزیک بوونەوەکەی ئاناتۆلی بە لاوە بێزارکەر بوو و، لە خۆی پرسی،"ئەرێ ئەوە چی دەکات؟ بڵێی لێم تووڕە بێت؟ نەخێر... پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێت."

نەیتوانی خۆی لە سەرنجدانی بگرێتەوە و، چاوی لە چاوانی بڕی. ئەو بیرۆکەیە بە سەریدا زاڵ بوو، کە گوایا بارۆدۆخەکە ڕکێفە و، ئیدی پەردەیەک لە نێوان خۆی و ئاناتۆلدا نەماوە.

سەرلەنوێ پەردەی شانۆ هەڵدرایەوە و، ئاناتۆل بە دڵێکی خۆشەوە، لە لۆچەکە چووە دەرەوە. ناتاشایش گەڕایەوە بۆ لۆچەکەی باوکی و، تەواو کەوتبووە سایەی ئەو جیهانە نوێیەی کە بە ڕوویدا کرابووەوە.

لەو دەمە بەدواوە، ئەوانەی لە دەوروبەری ڕووی دەدا، بەلایەوە سروشتی بوو. ئیدی بیری نە لە دەزگیرانەکەی و، نە لە خاتوو ماری دەکردەوە و، نە لە ژیانی لادێ. وا بۆی چوو کە هەموو ڕووداوەکان، بەشێک بوون لە رابردوو و، کۆتا بوون.

لە بەشی چوارەمی شانۆکەدا. یەکێک پەیدابوو، لە شەیتان دەچوو. کەوتە جووڵە جووڵێکی فرە! گۆرانیی دەوت و دەوتەوە! تاکو دەلاقەیەکی بۆ کرایەوە و، تێیدا ون بوو. بە دووریش ناگیرێت، ناتاشا هەر هێندەی لە ئەو سەرەتای بەشە دی بێت! چونکە ئەو دەمە بە هۆی شڵەژانییەوە بە ئاناتۆل کۆراگینەوە زۆر ئاگای لە خۆی نەبوو.

دواتریش کە هۆڵەکەیان جێهێشت، ئاناتۆل پێشیان کەوت و، لە سوار بوونی گالیسکەکەدا یارمەتیی هەموویانی دا. لەو کاتەیشدا کە بۆ یارمەتیدانی کەمێک سەرووی ئانیشکی ناتاشای گرتبوو، تاکو سەری بخات. توند گووشی بووی و، ناتاشایش سوور هەڵگەڕابوو و، تەریق ببووەوە. ئاناتۆلیش بە بزەیەکەوە سەرنجی ئەوی دەدا. ناتاشایش بە گەیشتنە ماڵەوەی، لە ناخەوە هەستی بەو ڕووداوە کرد.

لە ناکاو میر ئاندریەی بیر کەوتەوە و سڵەمییەوە. کاتێک ئەوانی تر، خەریکی چاخواردنەوە بوون، ئەو هەناسەیەکی هەڵکێشا و خۆی گەیاندەوە ژوورەکەی خۆی.

بە خۆیی وت:

"خوایە گیان! خۆ ئەوە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، تێدا چووم! ئاخر چۆن توانیم ڕێی بدەم وا بکات؟"

ماوەیەکی زۆر لە شوێنی خۆی دانیشت و، ڕوومەتەکانی خستە نێو بەری هەردوو

دەستی، تاکو کەمێک هێور ببێتەوە.

شتەکانی نێو ئەو هۆڵە گەورە رووناکەی، کە دووبوور بە بەرگی مەلەوانییەوە لە سەر رەزمی ئاوازەکە، تێیدا بازبازێنی دەکرد، بەلای ناتاشاوە تاریک بوو. ئەو هۆڵەی بە هاواری دەست خۆشی کردنی بینەرانی لاوان و، پیرانی کوڕان و کچان و، هیلینی دەم بە زەردەخەنە پڕ بوو بوو، لە سایەی ئەو هیلینەدا، ئەو شتانە روون و سادە بوون. بەڵام ئێستا کە بە تەنیا ماوەتەوە. شتەکان بە لایەوە پێچەوانەن و، هیچیان لێ تێ ناگات.

ئەویش لە خۆی پرسی:

"ئەمە چی دەگەیەنێت! ئەم ترسە چییە ئاوا چنگی لێ گیر کردووم و، بۆچی بوومەتە نێچیری وێژدان؟"

نەیدەتوانی ئەم نهێنیانەی خۆی لە پیرەژنە کۆنتیسە بەولاوە، بۆ کەسی تر بدرکێنێت. بۆیە لە سەردانیدا بۆلای. شەوێکیان بۆی گێڕایەوە. نەیدەتوانی لای سۆنیا دان بەو بیرکردنەوەی خۆیدا بنێت. چونکە سۆنیا، هیچێکی لە بایەخی ئەو دانپیانانە نەدەزانی و، لێیشی تێ نەدەگەیشت. بەڵکوو لەوە بوو، لەو دانپیانانەیش بترسێت! بۆیە دەبوو تەنیا پشت بە خۆی ببەستێت.

بە دڵەڕاوکێوە لە خۆی پرسی:

"ئاخۆ هەست کردنم بە خۆشەویستیی ئاندریە، نەماوە؟"

بەڵام هەر زوو بە بزەیەک خۆی دڵنیا کردەوە و وەڵامی خۆیی دایەوە:

ئای! خۆ هەر بەم پرسیارە، بۆ خۆمم روون کردەوە کە: چەندە کەرو گێلم! هەر بە راست چی قەوماوە!؟ هیچ رووی نەداوە و، خۆ من هەڵەیەکم نەکردووە! بەرپرسیش نیم لەوەی کە رووی داوە. کەسیش ددان بە هەڵەی مندا نانێت.. لەمڕۆ بە دواوە هەرگیز نایبینم و بڕایەوە... بەڵێ خۆ ئەوەیش روونە کە هیچ رووی نەداوە. وایش هەست ناکەم کە پێویست بکات: سەرزەنشتی خۆم بکەم. بەوەی کە هەڵەیەکم کردبێت. ئاندریەیش دەبێت من چۆنم ئاوا منی خۆش بوێت. بەڵام خوایە گیان! ئاخۆ من هیچم بەسەر هاتووە؟ ئای خوایە گیان! ئاخر بۆچی خۆی لێرە نییە!؟

کەمێک ئارام بووەوە. بەڵام هێندەی پێنەچوو، هەستێکی شاردراوە لە ناخییەوە پێی دەوت:

مادام کارەکە وا کەوتووەتەوە... خۆشەویستییەکەی بۆ ئاندریە، هەر وا بە پاکی نامێنێتەوە. لێرەدا جارێکی دی روخسارە جوانەکەی ئاناتۆل کۆراگینی هاتەوە بەرچاو و، زەردەخەنە شیرینەکەی و، ئەو سەرنجە پڕ سۆز و خۆشەویستییەی لە کاتی قۆڵ گوشینەکەدا، لێی بینی بوو.

بەشی یازدە
نیازەکانی کۆراگین

ئاناتۆل کۆراگین لەسەر قسەی باوکی لە مۆسکۆدا مایەوە. ئەو باوکەی کە بە خەرج کردنی (٢٠٠٠٠) رۆپڵ لە سالێکدا و، لە پیترز بورگ بێزاری کردبوو. هەروەها بە قەرز کردنی ئەو بڕە پارەیەیش لە قەرزدەران. هەر لەو خاوەن قەرزانەیش کە هەمیشە داوای قەرزی کوڕەکەیان لە میرە پیرەی باوکی دەکردەوە.

بۆ دواین جار بەوە قایل بوو، کە نیوەی قەرزی کوڕەکەی بداتەوە. ئەویش بەو مەرجەی خێرا ئاناتۆل بڕواتەوە بۆ مۆسکۆ. چونکە ژەنەرالە باڵاکەی وا لێ کرد بوو، کە بە پلەی یاریدەدەر، وەریبگرێت. هەوڵی ئەوەیش بدات، کچە میراتگرێکی دەوڵەمەند مارە بکات. کچێکی وەکوو خاتوو ماری. یان لانیکەم: وەکوو، جوولی کۆراگین.

ئاناتۆل مەرجەکانی باوکی پەسەند کرد و، سەفەری مۆسکۆی کرد. لەوێش لای پییەر مایەوە. پییەریش لە سەرەتادا، بە گەرمی پێشوازیی نەکرد. بەڵام دواتر هۆگری بوو و، تەنانەت پارەیشی بە قەرز دەدایە. جارو باریش بەشداریی خەرجی و دەستبڵاوییەکانی ئەوی دەکرد.

شینشین راستی کرد کە دەیوت،"بە گەیشتنە مۆسکۆی: ژنان خۆیان لێی نزیک کردەوە. بەڵام ئەو وێڵی دەکردن و، پتر گوێی بە ئەکتەرە فەرەنسییە ئافرەتەکان دەدا. لە پێش هەموویانەوە، بووەهیمییەکان و، کچە جۆرجی کردە دەستگیران."

لە هیچ ئاهەنگێکی دانیلۆ دوا نەدەکەوت و، یەکێک بوو، لە رووخۆشەکانی مۆسکۆ. لە ئاهەنگەکانی سەمای تۆیژە باڵاکان بەشدار دەبوو و، لەگەڵ بەهێزترین و، تۆکمەترین کەسانی سەرخۆشدا، روو بە ڕوو دەبووەوە.

عەشـقبازیی لەگەڵ ئـەو ئافرەتانـەدا دەکـرد و، چەنـدین چیرۆکـی سـەرکەوتووی عەشقبازییان، لێ دەگێڕایەوە! بەڵام لە کچە دەوڵەمەندەکان، نزیک نەدەبووەوە. چونکە زۆربەی ئەو کچانەی میراتگر و دەوڵەمەند بوون: ناشیرین بوون. زۆرخۆی دەگرتەوە. هۆیەکەیشی ئەوە بوو، کە هاوڕێ نزیکەکانی دەیانزانی: دوو ساڵێک بوو ژنی هێنابوو. چونکە ئەو دەمەی لە پۆڵۆنیا، لە فەیلەقی سەربازیی ئەوێ بوو. یەکێک لە دەوڵەمەندانی دێیەکە، رازیی کردبوو، کە کچەکەی خۆیی لێ مارە بکات. زۆری پێ نەچوو دەستی لەو ژنەی هەڵگرت و، لە بەرامبەریدا بڕە پارەیەکی دا. بەمەیش کوڕێنیی خۆی و کوڕێنی و، رەبەنیی: بۆ خۆی گەڕاندەوە.

هەمیشە ئاناتۆل، لە خۆی و داهاتووی خۆی، رازی بوو. لە ناخەوە وا هەستی دەکرد، بە دڵی خۆی دەژی و، زیانی بۆ کەس نییە. توانای بەسەر ئەوەدا نەدەشکا زیانی هەڵس و کەوتەکانی خۆی، بۆ دەورو بەری هەست پێ بکات.

هەر وەکو ئەوەی چۆن بەچکە مراوی بۆ ئەوە دروست بووە، تا بەسەر ئـاوەوە بێت. هەر وایش بڕوای بەوە هەبوو، ئەویش شوێنێکی بـاڵای لە کۆمەڵگەدا هەبێت و، سـاڵانە بڕی (٣٠٠٠٠) رۆپڵ خەرجیی بێت! زۆریش بڕوای بەم بیرۆکەیە بوو. هەرچەند خۆیشی وا بیری نەدەکردەوە کە قەرزەکانی بداتەوە. کەچی خەڵکەکە دەستیان لێ نەدەگرتەوە و، نـەکوو هـەر قـەرز، بـەڵکوو پلـە و پایەیشـیان دەدایـە! خۆیشـی وەکـوو قومـارچی نـەبوو: لانیکەم، بۆ بردنەوە نەدەگەڕا.

نە لووتبەرز و بە خۆناز بوو. نە گوێیشی بە قسەی کەس دەدا. بە تەماعکاریش وەسف نەدەکرا. بەڵام چەند جارێک باوکی خۆی ڕسوا کرد و، پلـەی کۆمەڵایـەتیی ئەویشـی خسـتە مەترسییەوە و، سوکایەتیی بە هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکان کرد.

دەست نووقاویش نەبوو و، هەمیشە کیسـەی پارەی بۆ قـەرز بـە خەڵکیدان کراوە بـوو. حەز و ئـارەزووی ئـافرەت بوو. لە بـەر ئەوە هـەڵس و کـەوتی خۆی بـە خـراپ نـەدەبینی. تێر کردنی ئارەزووەکانی، وا نەدەبینی کە زیـان بەکەس بگەیەنێت. ڕێزی لە خۆی دەگرت و، ڕقیشی لە کەسانی نەفس نزم و رسوا بـوو. بـە کورتییەکەی، سـەری بـەرز دەگرت و، ویژدانیشی ئـاسوودە بوو.

لایـەنگرانی حـەز و ئـارەزوویش هەمیشـە پێیـان وایـە گوناهبـار نـین. ئـەو بـڕوا هێنانـە سـادەیەیش، لای ئـەو جـۆرە کەسـانە، لەسـەر بەخشـین و بـووردەیی بەنـد بـوو. ئەوانـەیش وەکو ئافرەتە سۆزانییەکان: بە هیوای گەڕانەوە و بەخشینیان بوون لە لایـەن کۆمـەڵگەوە: هەمیشە دەست بڵاو و بەخشندەن و بە خۆیان دەڵێن:

لێمان خۆش دەبن: چونکە دڵی خەڵک خۆش دەکەین!

بەشی دوازدە
هە نگاوی یەکەم

ڕۆژی دوای بینینی شانۆگەریەکە، نە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ، چوونە دەرەوە و، نە کەسیش سەردانی کردن. ماری دمیتریێڤنا بە چرپە لەگەڵ ئیلیا ئاندرییتش دەدوا و، ناتاشایش لای خۆیەوە، وای دانابوو کە ئەوە باسی میرە پیرە دەکەن و، پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ دادەنێن. هەرچەند گاڵتەی پێیان دەهات، بەڵام تووشی دڵەڕاوکەیشی کرد بوو. چاوەڕێی ئان و ساتی، هاتنەوەی میر ئاندریەیش بوو.

ئارامیی لەبەر هەڵگیرا بوو و، دوو جاران دەرگاوانەکەی ناردبووە شەقامی ئیکزلتایسۆن، تا هەواڵی گەیشتنەوەی ئەوی بۆ بێنێتەوە. هەموو جارێکیش دەرگاوانەکە دەگەڕایەوە و، پێی ڕادەگەیاند کە میر ئاندریە هێشتا نەگەڕاوەتەوە. هەموو جارێکیش لەگەڵ ئەو بێ ئارامیەیدا پێشوازییەکەی میرە پیرە و، ماریی کچی، بیر دەکەوتەوە و، دابڕانە درێژخایەنەکەی، میر ئاندریە و، هێندەی تر ئاراماییان لێ دەبڕی. هەمیشە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە: یان هەر ناگەڕێتەوە! یان پێش گەڕانەوەی، شتێک ڕوو دەدات.

وەکو جارانیش، نەیدەتوانی لە تەنیاییدا ئارامانە بیر بکاتەوە. هەر کە وێنەی میر ئاندریەی بهاتایەوە پێش چاو: میرە پیرە و ماریی کچی و، ئاناتۆڵ کۆراگین و، نمایشەکەیشی دەهاتەوە بەرچاو. سەر لەنوێ لە خۆی دەپرسییەوە: کە ئاخۆ گوناهبار نییە؟ ئاخۆ ئەو پەیمانەی نەشکاندووە، کە بە میر ئاندریەی دابوو؟ سەر لە نوێ

وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوە و، سادەترین جوولّە و وشەکانی ئەو پیاوەی کە توانیی هەستێکی نادیاری ترسناکی تێدا بەخەبەر بێنێتەوە، دەهاتەوە بەر چاو.

کەسانی دەوروبەریشی پێیان وابوو، لەو کاتە بە دواوە: هەرچەند ئارامیی بۆ نەگەڕاوەتەوە، بەڵام چالاکتر بووە.

ماری دمیتریێڤنا داوای لە میوانەکانی خۆی کرد، ڕۆژی یەکشەمە لەگەڵیدا بچنە کڵێسەی "دورمیسیۆن ئۆتۆمبۆ".

بە بەخۆنازینێکی هەبوونی ئازادیی ڕەهاوە لەو بارەیەوە پێی وتن:

"خۆشم لەم کڵێسە سەردەمییانەی ئەمڕۆ نایەت! خوا هەر یەک خوایە و، لە هەموو شوێنێک هەیە. خۆیشمان قەشەیەکی نایابمان هەیە و، مجێورێکی کڵێسەیش کە بۆ خۆی پێشەنگێکە! ڕقیشم لەو ئاهەنگە موزیک ئامێزانەیش دەبێتەوە، کە لە شوێنە پیرۆزەکاندا هەیە و، بە پۆخڵکەری پیرۆزییەکانی دەزانم."

ماری دمیتریێڤنا "ڕۆژی پەروەردگار"ی زۆر خۆشدەویست و، خۆی بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەو بۆنەیە ئامادە دەکرد. هەر لە ڕۆژی شەمەوە، کارەکەران ماڵەکەیان بۆ پاک دەکردەوە. میوانەکانی ئەو ڕۆژەی، وێڵ دەکرد و، خۆی و کارەکەرەکانی بەرەو کڵێسە دەبوونەوە و، ئەو ڕۆژە پشوویان بوو و، کاریان نەدەکرد.

هەر لەو ڕۆژەدا چەندین جۆری نوێی خواردن، لەسەر خوان دادەنرا و، دوای خواردنی قاز و بێچووە بەرازێکی سوورکراوە، ڕێ بە خزمەتکاران دەدرا: مەی بخۆنەوە. هیچ کامیان وەکو ماری دمیتریێڤنا خۆی، خۆشیی ئەو جەژنەیان پێوە دیار نەبوو!

دوای قاوە خواردنەوە، لە هۆڵەکەدا. خزمەتکارێک هات و بە ماری دمیتریێڤنای ڕاگەیاند، کە گالیسکەکەی نزیک بووەتەوە. ئەو ئافرەتە نیانەیش کە شاڵێکی جوانی پۆشی بوو. هەستا و ڕایگەیاند، کە دەیەوێت بچێت بۆ لای میر نیکۆلا ئاندرییڤیتش پۆلکۆنسکی، تاکوو لەبارەی ناتاشاوە، قسەی لەگەڵ بکات.

دوا بە دوای ئەو، لە لایەن ژنە شالمیەوە، بەرگدروویەک هات و، ناتاشای بە دڵێکی خۆشەوە، لەگەڵ خۆی برد، تا بەرگە نوێیەکانی پرۆڤە بکات. کە چوونە ژوورەکەی تر، دەرگاکەی داخست و، کەوتە لەبەر کردنی بەرگە نوێیەکانی.

کاتێک سەری بە پشتدا داخستبوو و، سەیری ئاوێنە گەورەکەی پشت خۆیی دەکرد. گوێی لە وتوویژی باوکی و کەسێکی تر بوو. هەر کە بۆی دەرکەوت ئەوە هیلینە هاتووە، لێوانی سوور هەڵگەڕا. هێشتا بە تەواوی خۆی پۆشتە نەکردبووەوە، کە کۆنتیسە "پیزۆخۆف ـ هیلین" بە ڕوویەکی خۆش و کراسێکی مەخملی وەنەوشەییەوە، خۆی کرد

به ژووردا و پێی وت:

"ئـای شیرینه! سەرنجکێشەکەم!"

پاشبان سەیرێکی ئیلیا ئاندریفیتشی باوکی ناتاشای کرد و، بەئەویشی وت:

ـ کۆنتی ئازیز! لە راستیدا ئەمە ناو دەنێیت چـی: لـە مۆسکۆدا بـن و، بـۆ هـیچ شـوێنێک نەچن!؟ نەخێر بیانوو مەهێننەوە و، ئـەم ئێوارەیە هەندێک لە هـاوڕێیان پێشوازی دەکەم و، کچە جۆرجی جوان و نیانیش، بڕێک شـیعرمان بـۆ دەخوێنێتـەوە. خـۆ ئەگـەر بێت و تـۆیش ئەم ئێوارەیە دوو کچەکەت نـەهێنیت. ئیدی منیش حـەز بـە ناسـینت ناکـەم! مێردەکـەم لێرە نییە و، چووە بۆ تفیر. گەر لێرە بوایـە، ئـەوم بـە شـوێنتاندا دەنـارد. ئاهەنگەکـە لـە سـەعات هەشت بە دواوەیە و، دەبێت ئێوەیش بێن.

بەرگدروودەکە کورسییەکی لای ئاوێنەکەوە دانـا و، بـە رێزەوە بـۆ ناتاشـا نووشـتایەوە. ئـەو بەرگـدروودە، کەوتـە رێکخسـتنەوەی بەرگەکـەی بـەری و، هـەر بـە جووڵـەی سـەری ناتاشـادا، تێدەگەیشت. بـە شـێنەیی بـە دەم کارەکەیـەوە کەوتـە پیاهەڵدان بـە جوانییەکـەی ناتاشادا.

دوای سـەرنج و پشـکنینەکەی، بـۆی دەرکـەوت بەرگەکـە لەگەڵ ئـارەزووی ناتاشـادا دەگونجێت. پاشـان کەوتـە باسـی جـوانیی بەرگەکـە و، ئەوەیشـی وت کـە قوماشـەکەی لـە پاریسەوە هاتووە و، نایابترین قوماشە. ئامۆژگاریشی کرد کە کراسێکی تریش لەم قوماشە بۆ خۆی هەڵبژێرێت.

پاشان پێی وت:

"بە هەرحاڵ کچۆڵـەکەم، چونکە خۆت جوانیت: هەموو قوماشێکت لێ دێت."

ناتاشـایش بـەم قسـانە و، پێداهەڵدانەکـەی کۆنتیسـە پیزۆخـۆڤی هاوسـەری پیـەر زۆر دڵخـۆش و کـراوە بـوو و، هـەر لـە یەکـەم بینینـی کۆنتیسـەدا، بـۆی دەرکـەوت کـە ژنێکـی پـایەدار و تۆکمەیە. لەبەر ئەوەی ئێستا هێندە نیانانە پێیدا هەڵدەدا. ئەویش لای خۆیەوە بـە هێندەی جوانییەکەی رێزیشی لێ بگرێت. چونکە دەیهێنێت.

"هیلین"یش لای خۆیەوە ئارەزوومەندی ئەوە بوو، ئەو دوانە پێک بگەیەنێت. هـەر لەبـەر ئەمەیش بوو چووە نێو بنەماڵـەکەی ڕۆستۆڤەوە. هەرچەند، جارێکیان ئـەو ناتاشـایە، بـووە هۆی تووڕە بـوونی، بـە هـۆی ڕاکێشـانی سـەرنجی بۆریس، بـۆ خـۆی و لـە پیترزبـورگ و، کێشکردنی و دابڕینی لەو. بەڵام دواتر هەرگیز بیری لەمە نەکردەوە و، لە قووڵایی دڵییەوە خـوازیاری خێر و خۆشی بوو، بۆ ناتاشا.

هیلین پێش ئەوەی جێیان بهێڵێت، پێی وت:

"دوێنێ نیوەڕۆ، براکەم نانی نیوەڕۆی لێرە خوارد. هێندەی پێ پێکەنیوین، هەر خەریک بوو بمرین. بەم دواییانە کەمخۆر بووە و، هەمیشە هەناسەت بۆ هەڵدەکێشێت! جوانکیلەکەم شێت و هاڕت بووە!"

وەکو ناتاشا سوور هەڵگەڕا، ئەمیش لە سەری ڕۆیشت:

"ئای ئەوە خۆ هەر زوو سوور هەڵگەڕا! ئازیزەکەم ئەوە سوور هەڵگەڕایت!؟ کەوابوو پێک هاتین. دێیت... وانییە؟ شیرینەکەم هەر کە یەکێکت خۆشویست، ئیدی نابێت خۆت بەند بکەیت. تەنانەت ئەگەر دیارییش کرابیت. لێم ڕوونە کە مێردەکەیشت، بە کرانەوە و تێکەڵ بوونت بە کۆمەڵگە، خۆشحاڵ دەبێت. با خۆیشی لە لای تۆ نەبێت. نەک بە ئەمەی کە تۆ دەیکەیت!"

ناتاشایش بە خۆی وت:

"کەوابوو دەزانێت من نیشانەیش کراوم! بێگومان خۆی و پییەری مێردی، باسی ئەمەیان کردووە و، هەرچەند ئەمە ڕێیەکی ڕاستە، بەڵام بێگومان ئەوان بە سەرکێشییان داناوە و، پێکەنینیان پێمان هاتووە! کەوابوو شتێکی خراپ لەم بابەتەدا نییە."

سەرلەنوێ هەموو شتە تۆقێنەرەکانی، بە هۆی ئەم قسانەی هیلینەوە لا سادە و سروشتی بووەوە.

بە چاوە بێگەردەکانییەوە، لە هیلینی دەڕوانی و ئەمە بیرکردنەوەی بوو:

ئای کە ئەم خاتوونە، شیرین و خۆشەویست و، لەبەر دڵانە! لەوەیش بێگومانم کە لە ناخەوە، منی خۆشدەوێت. جا بۆچی دڵی خۆمی پێ خۆش نەکەم!؟

ماری دمیتریێفنا نیوەڕۆ گەڕایەوە. ڕوخسارە مۆنەکەی دەریخست کە میرە پیرە ئەوی بەزاندووە. هەڵچوونەکەی مۆڵەتی نەدا، ئارامانە بە وردی بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە. لە وەڵامی پرسیارێکی کۆنتدا وتی: کە شتەکە ئاساییە و سبەینێ هەموو شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە.

کە بانگهێشتەکەی هیلینیان پێوت، ئەویش وتی:

"من خۆشم لەو ژنەی پیرۆخۆف نایەت و ئامۆژگاریشتان دەکەم: کە هێندە لێی نزیک مەبنەوە."

ڕوویشی کردە ناتاشا و پێی وت:

"ئێستا مادام تۆ پەیمانت پێ داوە: تۆ بڕۆ بۆ لای و بێگومان بە، کە کاتێکی خۆشی لەگەڵ بەسەر دەبەیت."

بەشی سیازدە
ئاهەنگەکەی هیلین

ئیلیا ئاندرییتش دوو کچەکەیی شوێن خۆی خست و، چوون بۆ ماڵی کۆنتیسە پیزۆخۆف ٔواتە هیلین ٔ. میوانانێکی زۆر لەوێ بوون و، ناتاشا کەسانێکی نەدەناسی. باوکیشی بێزاری ئەوە بوو، کە زۆرینەی میوانەکان، کەسانێکی خراپ و گومڕا بوون! لاوەکان لە سوچێکی هۆڵەکەدا بازنەیەکیان بە دەوری کچۆڵە جۆرجیدا، پێک هێنابوو و، هەندێک کەسایەتیی فەرەنسییشی تێدا بوو، وەکوو میتیڤیە. ئەو پیاوەی هەر لەو رۆژەوەی هیلین لە مۆسکۆدا نیشتەجێ بوو: ئەم کەوتبووە هاتوچۆی ماڵیان.

کۆنت لای خۆیەوە بڕیاریدا، کە قومار نەکات و، تا کۆتابوونی ئاهەنگەکە، لای دوو کچەکەی بمێنێتەوە. ئاناتۆلیش لە نزیک دەروازەکەوە، چاوەڕوانیان بوو. دوای چاک و چۆنیی، لەگەڵ کۆنت، شوێن ناتاشا کەوت.

ناتاشایش کە ئەوی بینی، هەمان هەستی نامۆی کردەوە. هەمان ئەو هەستەی ئەو شەوەی، نمایشی شانۆکە و، ترسەکەی لە هەرەس هێنانی ئەو دیوارەی لە نێوان خۆی و، ئەو پیاوەدا هەیبوو.

دوای کەمێک هیلین پێشوازیی لێ کردن و، بە دەنگی بەرز، کەوتە هەڵدان بە رازاندنەوەکەی ناتاشادا و، ئەو هەموو جوانییەی ئەو! کچە جۆرجیش رۆیشتو بەرگی خۆی پۆشی و، کەوتە ریز کردنی کورسییەکان و، هەر یەکە و، چووە شوێنی دیاری

کراوی خۆی. ئاناتۆل کورسییەکی بۆ ناتاشا دانا و، کورسییەکیشی بە تەنیشتییەوە، بۆ خۆی دانا.

بەڵام کۆنت زیرەکانە، لە سەری دانیشت. ئاناتۆل ناچار بوو، لەسەر کورسییەکی دوای ئەوانەوە، دابنیشێت.

کچە جۆرج بە شاڵەکەی سەرشانی و، دوو قۆڵە ئەستوورەکەیەوە، لە بۆشایی نێوان ریزی کورسییەکاندا وەستا. خەڵکەکەیش بە سەرسامییەوە و، بە چرپە پێشوازییان لێ کرد. ئەویش دوای ئەوەی سەرنجی روخساری دانیشتوانیدا، کەوتە خوێندنەوەی شیعرێک کە باسی خۆشویستنی کورێکی کردبوو. لە خوێندنەوەی کۆپلەیەکی شیعرەکەدا، دەنگی بڵند دەکردەوە و، لە کۆپلەیەکی تریدا نەویی دەکرد. هەناسەی قوواڵی هەڵدەکێشاو بە چاوە گەورەکانی، لە خەڵکەکەی دەڕوانی.

میوانانیش لە هەموو لایەکەوە هاواریان دەکرد:

"خۆشەویستی ئاسمان! هەی شیرین! هەی فریشتە!"

ناتاشایش لای خۆیەوە، نە هیچی دەبینی و، نە هیچی دەبیست! تەنیا چاوی لە کچە جۆرجی کەتە بڕی بوو. وا هەستی کرد، کە لە جیهانە کۆنەکەی دابڕاوە و، تێکەڵی ئەم جیهانە ئەفسوناوییە نوێیەی کە زۆر لە جیهانەکەی خۆی جیاوازە، بووە! جیهانێک کە تێیدا: ژیری لە شێتی و، چاکە لە خراپە، جیا ناکرێتەوە! لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ئاناتۆل، لە دواوەیەتی و چاودێریی دەکات. بۆیە وێک هاتبووەوە.

کە کچە جۆرج لە چیرۆکە شیعرەکەی بووەوە. چواردەوریان گرت و، جڵەویان بۆ سەرسامبوونی خۆیان پێی، شل کردبوو.

کۆنتیش بە دەم چەپڵە لێدانەوە، هەستا و ویستی بچێتە لای کچە جۆرج.

ناتاشا پێی وت:

"ئای کە ئەو کچە کە جوانە!!"

ئاناتۆلیش بە دوایدا وتی:

"بەڵام من کە تۆ دەبینم، بیروڕایەکی ترم لا دروست دەبێت...!"

کە زانیی ناتاشا گوێی لێ دەگرێت: هەڵەکەی قۆستەوە و وتیەوە:

"زۆر شیرینیت!... لەو کاتەوەی تۆم بینیوە، کۆڵم نەداوە لە..."

لەو کاتەدا کۆنت گەڕایەوە، لای کچەکەی و پێی وت:

"وەرە ناتاشا... ئای ئەو کچە کە جوانە!"

ناتاشایش سەرنجێکی باوکی دا و، شوێنی کەوت. دوای ئەوەی کچەکە چەند نمایشێکی تری کرد، گەڕایەوە شوێنی خۆی.

کۆنتیسە پیزۆخۆڤیش " هاوژینی پییەر" میوانانی بانگی هۆڵی سەما کرد. کۆنت ویستی

کراوی خۆی. ئاناتۆل کورسییەکی بۆ ناتاشا دانا و، کورسییەکیشی بە تەنیشتییەوە، بۆ خۆی دانا.

بەڵام کۆنت زیرەکانە، لە سەری دانیشت. ئاناتۆل ناچار بوو، لەسەر کورسییەکی دوای ئەوانەوە، دابنیشێت.

کچە جۆرج بە شاڵەکەی سەرشانی و، دوو قۆڵە ئەستوورەکەیەوە، لە بۆشایی نێوان ریزی کورسییەکاندا وەستا. خەڵکەکەیش بە سەرسامییەوە و، بە چرپە پێشوازییان لێ کرد. ئەویش دوای ئەوەی سەرنجی روخساری دانیشتوانیدا، کەوتە خوێندنەوەی شیعرێک کە باسی خۆشویستنی کورێکی کردبوو. لە خوێندنەوەی کۆپلەیەکی شیعرەکەدا، دەنگی بڵند دەکردەوە و، لە کۆپلەیەکی تریدا نەویی دەکرد. هەناسەی قوواڵی هەڵدەکێشاو بە چاوە گەورەکانی، لە خەڵکەکەی دەڕوانی.

میوانانیش لە هەموو لایەکەوە هاواریان دەکرد:

"خۆشەویستی ئاسمان! هەی شیرین! هەی فریشتە!"

ناتاشایش لای خۆیەوە، نە هیچی دەبینی و، نە هیچی دەبیست! تەنیا چاوی لە کچە جۆرجی کەتە بڕی بوو. وا هەستی کرد، کە لە جیهانە کۆنەکەی دابڕاوە و، تێکەڵی ئەم جیهانە ئەفسوناوییە نوێیەی کە زۆر لە جیهانەکەی خۆی جیاوازە، بووە! جیهانێک کە تێیدا: ژیری لە شێتی و، چاکە لە خراپە، جیا ناکرێتەوە! لەبەر ئەوەی دەیزانی کە ئاناتۆل، لە دواوەیەتی و چاودێریی دەکات. بۆیە وێک هاتبووەوە.

کە کچە جۆرج لە چیرۆکە شیعرەکەی بووەوە. چواردەوریان گرت و، جڵەویان بۆ سەرسامبوونی خۆیان پێی، شل کردبوو.

کۆنتیش بە دەم چەپڵە لێدانەوە، هەستا و ویستی بچێتە لای کچە جۆرج.

ناتاشا پێی وت:

"ئای کە ئەو کچە کە جوانە!!"

ئاناتۆلیش بە دوایدا وتی:

"بەڵام من کە تۆ دەبینم، بیروڕایەکی ترم لا دروست دەبێت...!"

کە زانیی ناتاشا گوێی لێ دەگرێت: هەلەکەی قۆستەوە و وتیەوە:

"زۆر شیرینیت!... لەو کاتەوەی تۆم بینیوە، کۆڵم نەداوە لە..."

لەو کاتەدا کۆنت گەڕایەوە، لای کچەکەی و پێی وت:

"وەرە ناتاشا... ئای ئەو کچە کە جوانە!"

ناتاشایش سەرنجێکی باوکی دا و، شوێنی کەوت. دوای ئەوەی کچەکە چەند نمایشێکی تری کرد، گەڕایەوە شوێنی خۆی.

کۆنتیسە پیزۆخۆڤیش " هاوژینی پییەر" میوانانی بانگی هۆڵی سەما کرد. کۆنت ویستی

ئاهەنگەکە جێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە. بەڵام هیلین لێی پاڕایەوە کە بمێنێتەوە و، قەشەنگیی ئاهەنگەکەیان لێ تێک نەدات.

بنەماڵەی ڕۆستۆف مانەوە و، ئاناتۆل لەسەر ئاوازی ڤالس، سەمای لەگەڵ ناتاشا کرد. بەدەم گوشینی قۆڵ و ناوقەدییەوە، تێگەیاند کە زۆر جوانە و، خۆشی دەوێت. پێکەوە سەمای ئێکۆسیزیشیان کرد و، بە هێندە قایل بوو کە سەرنجی بدات و یەک وشە چییە، نەیگوت.

ناتاشا لە خۆی پرسی:

"بڵێی ئەوانەی لە کاتی سەمای ڤالسەکەدا بیستبێتی: ڕاست بن و، ئەندێشە نەبن!؟"

هەر کە جوولەی سەرەتای سەماکە دەستی پێکردەوە، دەستی گوشییەوە. ناتاشایش چاوانی ترس تێزاوی بڵند کردەوە. بەڵام سەرنجە بە ورەکەی ئاناتۆل وای کرد، کە نەتوانێت هەموو قسەکانی بکات و، هەر هێندەی پێ کرا بڵێت:

"لەم قسانەم بۆ مەکە! من نیشانە کراوم و، کەسێکی ترم خۆشدەوێت."

کەچی جۆرێکیش لە ئاناتۆلی دەڕوانی، ڕێک پێچەوانەی قسەکانی بوو.

ئاناتۆلیش نە گوێی بەو هەواڵە دا و، نە بە قسەکانی و، بە چرپە پێی وت:

"جا من چ دەربەستم!؟ لەو بارەیەشەوە هیچ مەڵێ. من هێندە دەزانم کە: عاشقێکی شێت و هاری تۆم! ئاخر کەی ئەمە تاوانی منە: کە تۆ هێندە جوان و ئەفسووناوییت!؟ ئەمەی ئێستا گرنگە و کاتی خۆمانە!"

ناتاشایش بە شڵەژاوی و چاوی ئەبڵەقەوە، هەرچەند شاد و بەختەوەر بوو. بەڵام هیچی نەدەدی و، دوا بە دوای سەمای ئێکۆسیزەکە، هەستی بە دەوروبەری خۆی نەدەکرد.

لە سەمای "جەدیشدا، کە سەمایەکی وێنا کردنی ئەڵمانی بوو و، لە ڕووسیادا باوی بوو و، هەموو جارێک ئاهەنگی هاوسەرگیریان پێ کۆتا دەهێنا. باوکی وێستی لەگەڵیدا بگەڕێتەوە و، ئاهەنگەکە جێ بهێڵێت. بەڵام ناتاشا داوای لێ کرد کە هەندێکی دی بمێننەوە.

جێگۆڕکێی زۆر و، ئەملاو ئەولای ئاهەنگەکەی کرد. بەڵام هەمیشە هەستی بەوە دەکرد کە سەرنجی ئاناتۆلی بەدواوەیە. دواتر بە بیریدا هات و، داوای لە باوکی کرد، ڕێی پێ بدات تاکو خۆی بکات بە ژووری خۆڕازاندنەوەدا، تاکو کەمێک خۆی ڕێک بخاتەوە.

هیلینیش ــ کە شوێنی کەوتبوو ــ لەو ژوورەدا، بە پێکەنینەوە باسی خۆشەویستیی براکەی خۆیی بۆ کرد. لە ناکاو خۆی و ئاناتۆلی لە سوچێکدا پێکەوە بینییەوە! چونکە هیلین هەردوکیانی جێهێشتبوو.

ئاناتۆل هەردوو دەستی ناتاشای گرت و، لە سەرخۆ پێی وت:

"با نەتوانم پێت بگەم! بەڵام ئایا دەکرێت لەمەودوا نەتبینم!؟ ئاخر شێت و هارت بووم!

ئاخۆ هەرگیز...'

ڕێی دەرباز بوونی ناتاشای بڕی بووەوە و نەیهێشت لە چنگی دەربچێت! هێندە لە ڕوخساریەوە خۆی نزیک کردەوە، کە ناتاشا تەنیا چاوانی ئەوی دەبینی.

دەنگێکی وەکو پاڕانەوە، هاتە گوێی کە دەیوت: **ناتالی!**

سەرنجە بێ ئامانجەکەی 'ناتالی ـ ناتاشا'یش وای پێشان دەدا کە بڵێت:

ئاخر خۆیشم لە خۆم تێ ناگەم! هیچم نییە، تا بە تۆی بڵێم!

لێوانێکی گەرم، سەر لێوانی کەوت و، هەر زوو هەستی کرد، وا خەریکە لەم هەڵوێستەی ڕزگاری دەبێت. چونکە گوێی لە ترپەی پێ و خشەی کراس بوو. تێگەیشت کە هەبێت و نەبێت، ئەوە 'هیلین' خۆیەتی! ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و، بە ڕاکردن خۆی گەیاندە دەرگاکە.

ئاناتۆلیش هاواری کرد:

بۆ خاتری خوا... تەنیا وشەیەکم پێ بڵێ!

کچە جووڵەی لە خۆی بڕی و، فرە تامەزرۆی ئەوە بوو، کە ئەو چەند وشەیەی لێ ببیستێت. چونکە ئیدی دەیزانی چۆن چۆنی لەمەودوا وەڵامی بداتەوە .

ئاناتۆلیش بە چرپە و، جۆرێک کە خۆیشی باش تێی نەدەگەیشت وتی:

'ناتاشا... تەنیا وشەیەکم پێ بڵێ.'

تا هیلینیش گەیشتە لایان، ئاناتۆل هەر ئەو ڕستەیەی دەوتەوە.

هیلین و ناتاشا گەیشتنەوە هۆڵەکە و، پێش نانخواردنی ئێوارە بنەماڵەی ڕۆستۆف، هۆڵەکەیان جێ هێشت و گەڕانەوە.

ئەو شەوە ناتاشا بە هۆی ئەو کێشە ئاڵۆزەوە، خەوی لێ نەکەوت. ئاخۆ کامیانی خۆش بوێت؟ ئاناتۆل، یان ئاندریە!؟ ئەوەی وەبیر خۆی هێنایەوە، کە ئاندریەی خۆش دەوێت. بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە ئاناتۆلیشی هەر خۆشدەوێت!

لە دڵی خۆیدا وتی:'نەخێر! چۆن دەبێت: شتی وا ڕوو بدات؟'

ئەگەر دوای ئەو هەموو شتەی ڕوویدا، تواندبێتم وەڵامی زەردەخەنەکەی بە زەردەخەنە بدەمەوە و، گەیشتبێتمە ئەو قۆناغە. ئەوە وا دەگەیەنێت، کە هەر لە یەکەم ساتەوە، خۆشم ویستووە. واتا ئەو کەسێکی نیان و ڕێزدار و، پێگەیشتووە و، سەختە خۆشم نەوێت. باشە: ئەی ئەگەر هەردوکیانم خۆشویست... چی بکەم؟'

کێشە دڵەڕاوکێدارەکەی ناتاشا، ئەمە بوو و، هەرچەندی دەکرد و دەکۆشا... سەری لێ دەر نەدەکرد.

بەشی چواردە
نامەکەی ئاناتۆل

رۆژێکی نوێ بە خۆی و سەرقاڵییەکانیەوە بووەوە. هەموو لە خەو هەستان و بووە دەنگە دەنگ. ئەوان لە دەوری مێزی چاخواردنەوەکە کۆ بووبوونەوە، کە بەرگدرووەکە پەیدابوو.

ناتاشا بە سادەییەوە لە دەوروبەرەکەی خۆی دەڕوانی و، دەیویست، ئاگای لە هەڵس و کەوتی دەوروبەرەکەی بێت.

دوای نانخواردنی ئێوارە، ماری دمیتریێفنا، لەسەر کورسییەک دانیشت و ناتاشا و باوکی بانگ کردە لای خۆی و پێی وتن،"زۆرچاکە هاوڕێیان... بە پەرۆشەوە، بیرم لە بابەتەکە کردووەتەوە و، بەم شێوەیەیش ئامۆژگاریتان دەکەم: وەکو خۆتان دەزانن، دوێنێ لە مااڵی نیکۆلا بووم و، قسەم لەگەڵ کرد. راستە ئەو دەنگی بە سەرمدا بڵند کردەوە. بەاڵم ناتوانێت دەمم دابخات. ڕاشکاوانە بیروڕای خۆمم پێ راگەیاند."

کۆنت لێی پرسیی:

"ئەی بڕیاری چیی دابوو؟"

"ئەو؟ نەخێر نایەوێت وشەیەکیش لەو بارەیەوە ببیستێت. ئیدی دانووسان چ سوودێکی هەیە؟ ئەم کچۆڵە ناسکۆڵە چکۆلەیەیش، تاکو ئێستا خەم دەخوات! ئامۆژگاریشم ئەوەیە بۆتان: کە کاروبارەکەی کۆتا بوو، بگەڕێنەوە بۆ ئۆترادنوای و مااڵی خۆتان و، ددان

بەخۆتاندا بگرن و، چاوەڕوان بن."

ناتاشا هـــاواری کرد:

"ئـــای! نەخێر! "

ماریيش هەڵیدایـە:

"بـەڵـێ! بـەڵـێ! پێویستە ئێوە بگەڕێنـەوە و زۆر بـە کاوەخـۆی چـاوەڕوان بـن. چونکە ئـەگەر دەزگیرانیش بگەڕێتەوە بۆ ئێرە و، لەگەڵ میرە پیرەدا ڕوو بـە ڕوو بـووەوە. ئـەوا بێگومان بەسـەر باوکیدا زاڵ دەبێت و، سـەرکەوتووانە دەگەڕێتەوە بۆ لای ئێوە."

هـەر زوو ئیلیا ئاندرییێتش، بیرۆکەکـەی ئەوی بە دڵ بوو. خۆ ئەگـەر هـات و میرە پیرە، بیروڕاکـەی گـۆڕی، ئـەوا بـە ئاسـانی دەتـوانین ببینـین. جـا چ لـە مۆسـکۆ بێـت، یـان لـە لیساجوری. بـەڵام گەر بە پێچەوانەوە بوو. ئەوا مەگەر ئەو بێتە سـەردانم لە ئۆترادنوای."

بۆیە کۆنتی باوکی ناتاشایش وتـی،"قسـەکەت زۆر ڕاستە و مـن بـە داخـی ئـەوەوەم، کە ناتاشام برد و چوومە سـەردانی ئەو."

ماری دمیتریيڤنایش وتی:

"پێویست ناکات بۆ ئەوە بە داخ بیت. چونکە نەدەبوو لێرە و لە مۆسکۆ بن و، سـەردانی ئەو نەکەن."

بە دەم گەڕانی جانتاکەی قۆڵییەوە لە سـەری ڕۆیشت:

"گـەر هـەر لەسـەر ڕەتکردنـەوەی هاوسـەرگیرییەکەیش سـوور بـوو، ئـەوە کێشـەی خۆیەتی. مادام جیـازیی کچەکـەتان ئامـادە کردووە. ئیدی لـە چـاوەڕوانیدا مەبـن. هـەرچی کەم و کووڕیەکیش بوو: خۆم ئامادەم بۆتان دابین بکەم. بـە داخیشـەوەم کـە جێم دەهێڵن. بەڵام وا باشترە بڕۆن و، خواتان لەگەڵ."

ئەوەی کە لەجانتاکەیدا بۆی دەگەڕا ، کە نامەیەکی خاتوو مـاریی کچـی میرە پیرە بـوو دۆزییەوە.

دایە دەست ناتاشا و پێی وت:

"ماری ئەم نامەیەی بـۆ نووسـیویت و، ئـەو داماوە زۆر ناڕەحـەتی ئەوەیـە، کـە تـۆ پێت وابێت: ئەو تۆی خۆشناوێت."

ناتاشایش نامەکەی لێ وەرگرت و وتـی:

"هەرچییەک دەڵێت:با بیڵێت. خۆم چاک دەزانم، کە ئـەو منی خۆش نـاوێت."

ماری دمیتریيڤنایش ئامۆژگاریی کرد:

"بەم شێوازە من مەدوێنە... چکۆلەکەم. قسـەکانم ڕاستن. بڕۆ وەڵامی ئەو نامەیە بدەوە."

ناتاشایش بیئەوەی وەڵامی بداتەوە، بەرەو ژوورەکەی بووەوە.

خاتوو ماری ئەوەی بۆ نووسی بوو، کە زۆر نیگەرانە بەو بەدحاڵی بوونەی نیوانیان. هەست و لێکدانەوەی باوکی هەرچۆنێک بێت، با ببێت! ئەو لە ناتاشا دەپارێتەوە کە بڕوای پێ بکات: هەموو شتێک دەکات لە پێناوی ئەو و، ئاندریەی برایدا.

هەر لە ئەو نامەیەدا نووسیبووی:

"بە هەرحاڵ پێت وانەبێت: باوکم دوژمنایەتیت دەکات. ئەو پیرێکی نەخۆشە و، لێی ناگیرێت. ئەگەرنا پیاوێکی نیانە و، رۆژێک دێت ئەو کەسەی خۆش بوێت: کە کوڕەکەی بەختەوەر دەکات."

داوای ئەوەیشی لێ کردبوو، خۆی کاتێکی بۆ دیاری بکات، تاکو جارێکی دی ببینێتەوە.

دوای ئەوەی ناتاشا نامەکەی خوێندەوە. چوو بەلای نووسینەوەی وەڵامەکەیەوە و، وای نووسی:

"خاتوونە خۆشەویستەکەم..."

پاشان وەستا و لە خۆی پرسی:

"ئاخۆ دەبێت چی بنووسم، شایستەی ئەوە بێت کە دوێنێ رووبدا؟ نەخێر! نەخێر! کارەکە هەر بەوەوە نەوەستاوە! ئێستا شتەکان دۆخێکی تریان وەرگرتووە! بێگومان ئێستا دەبێت دەستی ئەو کراوە بکەم، لە بەرامبەر پەیمانەکەیدا. جا ئەمە راست و روونە؟ ئای کە تۆقێنەرە!"

بۆ ئەوەی لەو بیرۆکە تۆقێنەرانە رزگار ببێت، خۆی کرد بە ژوورەکەی سۆنیادا. دوای نانی نیوەڕۆیش، چووەوە ژوورەکەی خۆی و، نامەکەی ماریی بە دەستەوە گرتەوە و، لە خۆی پرسی:

"ئاخر چۆن بەم خێراییە و، کتوپڕ هەموو شتێک داڕما؟"

عیشقەکەی میر ئاندریە، بە هەموو گوڕ و تینیەوە، لە میشکیدا هاتەوە روو. بەڵام نەیشیدەتوانی نکوولی لە خۆشەویستیی، ئاناتۆل بکات! خۆی وا هاتە پێش چاو، کە هاوسەری میر ئاندریەیە و، وێنەی ئەو بەختەوەر بوونەی خۆی هاتە بەرچاو. لە هەمان کاتدا ئاناتۆلیشی بیر کەوتەوە و، هەموو گیانی سوور هەڵگەڕا.

ئەو کاتانەی سەرخۆ دەهاتەوە و دەیتوانی ئارامانە بیر بکاتەوە لە خۆی دەپرسی،"ئاخۆ بۆ شیاو نییە، هەردوکیانم خۆش بوێت! لە راستیدا مەگەر هەر بەم شێوەیە: من بەختەوەر ببم! بەڵام ئەوەتا ئێستا دەبێت یەکێکیان هەڵ ببژێرم! ئاخر گەر یەکێکیان بێبەش بن، ئەوا من بەختەوەر نابم! بە هەرحاڵ مەحاڵە لای میر ئاندریە بتوانم، ددان بە ئەمەدا بنێم! لە

هـەمان کاتیشـدا نـاتوانم رووداوەکـەی لـێ بشـارمەوە. ئـەی بڵێـی بتـوانم ئـەو هـەموو بەختەوەریەی ئەوم، بیر بچێتەوە؟"

یەکێک لە کارەکەرەکان چووە لای و بە چرپە پێی وت:

"کچەکە: پیاوێک ئـامۆژگاریی کردم، کە ئەمەت بدەمێ."

دەستیشی درێژ کرد و، نامەیەکی پێدا و ویستیشی پێی بڵێت،"بەڵام بۆ خاتـری خوا..."

ناتاشـا نامەکـەی هـەڵپچڕی و، کەوتـە خوێندنـەوەی و، هیچـی لـێ تـێ نەگەیشـت. هێندە نەبێت کە دەیزانی لەو پیاوەوە بۆی هاتووە، کە خۆشی دەوێت. بەڵـێ خـۆشی دەوێت! گەر وایش نەبوایـە چۆن ئەو هەموو شتە رووی دەدا؟ یـان وانەبوایە چۆن ئێستا ئـەم نامەیـەی لا دەبوو؟"

بە هەردوو دەستە لەرزۆکەکەی، نامەکەی گرتبوو. لە راستیشدا دۆلۆخۆڤ ئەو نامـەی بۆ ئاناتۆل دارشتبوو. ڕستە و گوزارشتەکانی، زۆر سۆزدارانە بـوو و، لـە گـوێی ناتاشـادا دەزرنگانەوە.

تێیدا هاتبوو:

"هەر لە ئێوارەی دوێنێوە چارەنووسم دیـاری کراوە... یان خۆشەویستی تۆ دەبم... یان لە مردن بەولاوە... دەرفەتێکم بۆ نەماوە..."

دوای ئـەم پێشـەکییەی نامەکـە. دەریخسـتبوو، کـە خزمـانی نـاتاشا رازی نـابن بیکەنـە زاوای خۆیان. چەند هۆیەک بۆ ئەمە هەیە و، لای ناتاشـا خـۆی نـەبێت، نـایدرکێنێت. ئەگـەر ناتاشایش ئەوی خۆش دەوێت: هێندەی بەسە پێی بڵێت: خۆشی دەوێت! ئیدی هیچ نابێت لە دنیادا بتوانێت ببێتـە بەربەست لـە بـەردەم بەختەوەرییاندا. چونکـە خۆشـەویستی بـە سـەر هەموو شتێکدا زاڵا دەبێت. هەر بە هەڵگرتن: هەڵی دەگرێت و، دەیباتە ئەوپەڕی دنیا!

دوای ئەوەی ناتاشا بۆ بیستەمین جار، نامەکەی خوێندەوە بە خۆیی وت:

"بـەڵـێ! بـەڵێ! خۆشم دەوێت."

وایشی بۆچوو کە لە پشت هەر وشەیەکی ئەو نامەیەوە، واتـایەکی قوولا هەیە.

ماری دمیتریێڤنایش بە نیاز بوو ئەو ئێوارەیـە: سـەردانی بنەماڵـەی ئـارخارۆڤ بکات. بە هەردوو کچەکەیشی وت کە لەگەڵـی بچن. بەڵام ناتاشا، بە بیانووی سەرئێشـەوە خـۆی دزییـەوە و، لە ماڵەوە مایەوە.

بەشی پـازدە
لەسەر کەناری نشێوی

درەنگانێکی شەو سۆنیا گەڕایـەوە و، خۆی کرد بە ژوورەکەی ناتاشادا. کە ئەوی بینی، بـە بـەرگی دەرەوە لەسـەر قەنەفەیـەک لێـی نووسـتووە و، خـۆی نـەگۆڕیوە و، لەسـەر مێزەکـەی ئـەولای خۆیـەوە، نامەیـەک دانـراوە: سـەری سـووڕما! هـەڵی گـرت و، وردتـر سـەرنجیدا. نامەکـەی ئـاناتۆل بـوو. دەسـتی کـرد بـە خوێندنـەوەی و، بـە دەم خوێندنەوەکەیشـەوە، سـەرنجی ناتاشـای دەدا و، دەیویسـت لـە روخسـاریدا شـتێک بخوێنێتەوە. بـەڵام لـە ئارامی بەختـەوەری و کرانـەوە زیـاتر، هیچـی لـە روخسـاری ئـەودا دەست نەکـەوت. ئـەویش زەرد هەڵگـەڕا و، خـۆی بەردایـەوە نێـو کورسـییەک و، دەسـتی سەرسنگی خۆی نا و، دایە پڕمەی گریان.

لە خۆی پرسی،"چۆن من لەم ڕووداوە بێئاگام! چۆن کارەکە گەیشتووەتە ئەمـە!؟ بڵێـی ئێستا میر ئاندریەی خۆش نەوێت!؟ دوای ئەمە: چۆن ڕێی بە ئاناتۆل کۆراگین داوە ئەمـەی لەگەڵ بکات!؟ دیارە ئاناتۆل کۆراگین پیاوێکی زۆر فێڵبازە! باشە گـەر ئـەو نیکۆلا ئـاندریە سـەنگینە بەمـە بـزانێت: دەبێت چـی بڵێت؟ ئـۆو ئەمـە بۆیـە لـەم ڕۆژانـەی دواییدا، ناتاشـا گۆڕدرابـوو! بـەڵام نـەخێر ئەمـە کـارێکی شـیاو نییـە و، مەحاڵـە! نـەخێر! بێگومـان دوای کردنەوەی نامەکە زانیویەتی کە لە لایەن کێوە بـۆی هـاتووە. بێگومـانم لـەوەی کـە هەسـتی بـەم کـارە پـڕ سـووکایەتییەی خـۆی کردووە. چونکـە ناتوانێت بـەم شـێوەیە هەڵسـوکەوت بکات و، بۆیشی نییە."

فرمێسکەکانی سڕییەوە و چاوانی خستەوە سەر ناتاشا و بانگی کرد:

نـاتـاشا!

کە ناتاشا هەستا، پێی وت:

"ئەوەتـا گەڕاینەوە."

ناتاشایش هەستا و، لە ئامێزی گرت. کە هەستی بە پەشۆکاوی ئەو کرد، پرسیی،"ئـەوە چیـیە سۆنیا؟ دەڵێی ئەم نامەیەت خوێندووەتەوە!

سۆنیایش بە چرپە وتی:

"بـــەڵێ!"

ناتاشایش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"ئـای! سـۆنیا چـی دی، نـاتوانم ئـەمەت لـێ بشـارمەوە. ئێمـە یـەکترمان خـۆش دەوێت! سۆنیا گیان... ئازیزەکەم: ئەو نامەم بۆ دەنووسێت... سۆنیا... "

سۆنیایش ئەبڵەق بوو بوو و، بڕوای بە گوێیەکانی خۆی نەکرد و وتـی:

"ئەی میر ئاندریەی پۆلکۆنسکی چی؟"

ناتاشایش وتی:

"ئاه! سۆنیا، خۆزگە ئاگات لـە بەختەوەرییەکـەی ئـەو کاتـەی مـن دەبـوو! بـەڵام مـن بڵێم چی: کە تۆ لە خۆشـەویستی بێ ئاگایت!"

سۆنیـایش پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

"ئەی کەسی دووەم، ناتاشا؟ بە کوێدا هەموو شتێک، لە نێوانتاندا کۆتایی هات؟"

بە جۆرێک بە چاوانی ئەبڵەقییەوە، لە سۆنیای ڕووانی، وەکو ئەوەی لێی تێنەگات.

سۆنیایش لەسـەری ڕۆیشت:

"کەوابوو پەیوەندیت لەگەڵ میر ئـاندریەدا: دەپچڕێنیت! وا نـا؟"

ناتاشایش ئارامی لە بەر بڕا و وتی:

"ئاه! کە تۆ لە هیچ ناگەیت! گێلانەیش مەدوێ. جوان گوێـم لـێ بگرە..."

بەڵام سۆنیا دریژەی دایـە:

"ئەمەیش لەبەر ئەوەیە، کە ناتوانم بـڕوا بەوە بکەم کە دەیبینم! هەر بۆیـەش دڵانـی پێدا دەنێم کە تێناگەم. ئـاخر چۆن بە دریژایی ساڵێک پیاوێکت خۆشویست و دواتر لە پـڕێکدا، کەسێکی تر! باشە خۆ تۆ دوو سێ جار ئەمت بینیوە! ناتاشا هەرچەند دەکـەم و دەکۆشـم: بڕوات پێناکەم. لەوە دەچێت: سوعبەتم لەگەڵ بکەیت. ئاوا لە سـێ ڕۆژدا هەموو شتێکت بیر چووەوە!"

ناتاشایش وتی:

"تەنیا سێ ڕۆژ؟ خۆ من پێم وابوو: سەد ساڵە، خۆشم دەوێت! پێیشـم وایـە: پێش ئـەو

پیاوه، کەسی ترم خۆش نەویستووە! بەڵام تۆ لەمە ناگەیت. دەی سۆنیا وەرە لامەوە دابنیشە.

سۆنیای لە ئامێز گرت و، بە خۆیەوە نووسان. سەیر نییە شتی لەم جۆرە روو بدات. بێگومان تۆیش ئەمەت بیستووە. بەڵام من بەلای خۆمەوە، ئەمە یەکەمجارە هەستی پێ دەکەم. ئەمەیان وەکوو جاران نییە! هەر یەکەمجار بینیم، وا هەستم کرد کە بوومەتە: کەنیزەکی ئەو! بۆیەیش تێگەیشتم کە ناتوانم خۆشم نەوێت. ئامادەیشم فەرمانەکانی هەرچییەک بن، جێبەجێیان بکەم. جا گوناهی من چییە سۆنیا گیان، کە تۆ لەمە ناگەیت!؟

لە روخساریشیدا ترس و بەختەوەری دەبینرا.

سۆنیا نەیتوانی قێزەونیی کارەکە بشارێتەوە و، هاواری کرد:

"کەمێک بیر لەوە بکەوە: کە دەیکەیت. ڕێ نادەم ئەمە هەروا بە ئاسانی بڕوات! ئەمانە نامەیەلێکی نهێنین... چۆن توانیت ڕێی پێ بدەیت!؟

ناتایش وتی:

"خۆ من پێم وتیت: کە بیر و هۆشی بردبووم! چۆن تۆ لە ئەمە ناگەیت؟ ئاخر من، ئەویشم خۆش دەوێت!"

سۆنیایش بە گریانەوە هاواری کرد:

"زۆر باشە... مەرجە نەهێلم: ئەمە بکەیت و، هەموو شتێک دەگێڕمەوە."

ناتاشایش وتی:

"ئەوە دەڵێی چی؟ ئای خوایە گیان! یەک وشە چییە: بیدرکێنیت، ئەوا دەبێتە دوژمنی من و، تێدەگەم بەدبەختیی منت دەوێت! لێکمان دادەبڕیت دەوێت."

ئەویش هەر کە ترسەکەی ناتاشای بینی، فرمێسکی تەریقیی ڕشت و بەزەیی بە هاوڕێکەیدا هاتەوە و لێی پرسی،"ئێوە چیتان لە نێواندایە؟ ئەو چیی پێ وتوویت؟ بۆ خۆی نایەت بۆ ئێرە... هـا؟"

ناتاشا وەڵامی پرسیارەکانی نەدایەوە و، کەوتە پاڕانەوە:

بۆ خاتری ئاسمان... سۆنیا گیان! لەم بارەیەوە قسە بۆ کەس مەکە و، ئازارم مەدە. ئەوەت لە بیر بێت: ئەمە بابەتێکە: کە نابێت کەس خۆی تێ هەلقورتێنێت و، وا پێم گوتیت.

سۆنیا پرسیی:

"ئەم نهێنیە بۆ؟ بۆ هاتوچۆی ماڵمان ناکات؟ بۆ بە سادەیی داوات ناکات؟ هەر وەکو خۆیشت وتت: میر ئاندریە دەست کراوەی کردوویت و، هەرچییەک بکەیت، ئازادیت. ئەگەر شتەکە ڕاستە: لەم سنووردا بیوەستێنە... هەرچەند شتی لەم جۆرە، شیاویش نییە و، من ڕەتی دەکەمەوە. ئاخۆ بیرت لەوە کردووەتەوە: ئەم کارەت بە نهێنی چ کێشەیەک دەنێتەوە؟" بەم پرسیارەی، ئەوی شڵەژاند. چونکە هێشتا پرسیاری لەم جۆرەی لە خۆی نەکرد بوو.

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"منیش نازانم هۆیەکانی چیین؟ بەڵام پێویستە: بڕوا بەوە بکرێت کە ئەویش کۆمەڵێک هۆی خۆی هەیە.

سۆنیایش هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و، سەری لەقاند و وێستی بڵێت:

"ئەگەر هۆی خۆی بە دەستەوەیە..."

ناتاشا گومانەکەی ئەو ترساندی و نەیهێشت قسەکە تەواو بکات هاواری کرد:

سۆنیا نابێت تۆ گوێی بدەیێ... نابێت! نابێت! تێدەگەیت؟

سۆنیا پرسیی:

"باشە ئەی ئەو تۆی خۆش دەوێت؟"

ناتاشایش هەڵی پرسیارە گێڵانەکەی هاوڕێکەیی قۆستەوە و بە بزەیەکی سۆز و بەزەییەوە، وتی،"ئەو منی خۆش بوێت؟ ئەی خۆت نامەکەیت نەخوێندەوە؟"

پاشان پرسییەوە،"ئەی ئەگەر پیاوێکی پیاوانە نەبوو... چی؟"

"ئەو!؟ خۆزگە دەتناسی!!"

سۆنیا لە سەری ڕۆیشت:

"ئەگەر ئەو پیاوێکی پیاوانە بێت..پێویستە نیازپاکیی خۆی بۆ تۆ دەربخات. ئەگەرنا با کۆڵت لێ بدات و، هەوڵ نەدات، بتبینێت. خۆ ئەگەر بە نیازیش نیت: ئەمە بە بابە بڵێیت... ئەوا منیش لای خۆمەوە، ئەمە بۆ ئاناتۆل دەنووسم."

ناتاشا هاواری لێ هەستا:

"بەڵام من ناتوانم بە بێ ئەو بژیم!"

سۆنیایش هەڵیدایە:

"من تێناگەم ناتاشا تۆ دەڵێی چی!؟ ئاخر بیر لە باوکت بکەوە! بیر لە نیکۆلا ئاندریە بکەوە!"

ناتاشایش وتی:

"من پێویستم بە کەسیان نییە! بێ لە خۆی کەسی ترم خۆش ناوێت. چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت ئەو قسانەی پێ بڵێیت؟ بە ئاسانی بڵێیت: پیاوێکی پیاوانە نییە!.. بڕۆ لێم دوور بکەوە و، نامەوێت ڕقم لێت ببێتەوە. خۆت دەمبینی چەند ئازار دەچێژم... تکایە بڕۆ."

زۆر بە تووڕەیی ئەمەی پێ وت و، کەوتە فرمێسک ڕشتن. پاشان لە بەرامبەر مێزێک دانیشت و، کەوتە نووسین و، بە بێ بیر کردنەوە.

وەڵامی نامەکەی ماریی دایەوە... بەڵام بە درێژیی ئەو ڕۆژە: بۆی تەواو نەکرا. بە چەند وشەیەک ئەوەی تێگەیاند، کە ئەو بەدحاڵی بوونە کۆتابوو. ئیدی وەڵامدانەوەکەی بە لاوە ئاسان بوو و، داوایشی لێ کرد، کە ئەویش لە هەڵەکانی ئەم خۆش ببێت. ئەو خۆی

منی دەست کراوە کردووە، لە بڕیاری کۆتایی... کەوابوو بـا دەستبەردارم ببێت!

رۆژی چوارشەممە، لەگەڵ کڕیارێکی زەویدا، چوو بۆ سـەر کێڵگەکـەی کەنـاری شـار. دەبـوو رۆژی هـەینیش بنەماڵەکـەی ڕۆسـتۆف، بگەڕێنـەوە بـۆ مـاڵی خۆیـان. لـە هـەمان رۆژیشدا ـ چوارشەممە ـ ناتاشا و سۆنیا، بانگهێشتی ئاهەنگێکی مەزنی بنەماڵەی کۆراگین کرابوون. ماری دمیتریێڤنایش هەردوکیانی شوێن خۆی خست و، ڕۆیشتن بۆ ئەوێ.

دیسانەوە ناتاشا و، ئاناتۆل، بە یەک گەیشتنەوە. سۆنیا هەستی بـەوە کرد کە هێندە بـە چـرپە دەدوێن، ڕێ نـادەن کەسـی دی، تێیـان بگـات. لـە کـاتی نانخـواردنـەکەیشدا، هەسـتی بەوە کرد، کە ناتاشا شڵەژاوە.

دوای گەڕانەوەیشیان، ناتاشـا چـاوەڕێی ئـەوە بـوو، کـە هـاوڕێکـەی پرسـیاری تـری لـێ بکات.

وەکوو منـاڵێک چاوەڕێی پێداهەڵدان بێت، فێڵبازانە لێی پرسی:

"سۆنیا: بینیت؟"

ئاخر تۆ گێلانە قسەت لەگەڵ دەکردم. ئەوەتا ئەوانەی وتت، هەمووی هەڵە بـوون. ئەمـە تۆزێکە لە سەر ئەم بابەتە پێکهاتین.

سۆنیایش پرسیی:

"ئاە! چیی پێ وتیت؟ بەوەیش بەختەوەرم کە رقت لـێ هـەڵنـەگرتووم. چیـی پـێ وتیـت؟ دەی ڕاستگۆیانە بۆم بگێڕەوە."

ئەویش دوای بڕێک بیر کردنەوە وتی:

"ئـاخ سۆنیا! خۆزگە تۆیش وەکو من دەتناسی! ئەو پێی وتم..."

لە بـارەی پەیماندانم بە میر ئـاندریە پۆلکۆنسکییەوە پرسیاری لێ کردم. زۆریش بـەوە خۆشحاڵ بوو، کە زانیی بڕیاری کۆتایی بە دەست خۆمە و، بۆم هەیە داوا کردن و نیشان کردنەکەم: هەڵبوەشێنمەوە

سۆنیایش هەناسەیەکی قوونـڵـی هەڵکێشا و وتی:

"هێندەی من ئاگام لێبێت..تۆ پەیوەندیت لەگەڵ میر ئـاندریە پۆلکۆنسکی نەپچڕاندووە."

ناتاشا وتی:

"بەڵام ڕێیشی تێدەچێت: هەر بە تەواوەتیش پەیوەندیم لەگەڵیدا پچڕی بێت! ئیدی بۆچی تۆ بیرۆکەی نادروست، لە بـارەی منەوە وەردەگریت!"

سۆنیایش وتی:

"هیچ بیرۆکەیەکی خراپم لە بارەی تۆوە نییە. بەڵام من تێناگەم..."

ناتاشا قسەکەی پێ بڕی:

"پەلە مەکە! دواتر هەموو شتێک لە بارەی ئەویشەوە دەزانیت و، تـێدەگەیت: چ پیاوێکە! لە منیش و لەویش خراپ تێ مەگە!"

سۆنیایش وتی:

"سۆز و خۆشەویستیم، بۆ هەموو کەسێک هەیە و، بە خراپ لە کەس ناگەم. بەڵام من دەتوانم چی بکەم؟"

لە هەمان کاتدا، زۆر گوێی بە هەڵدانەکەی بە ئاناتۆلدا نەدا و پێی وت:

"ناتاشا تۆ داوات کرد: من قسە لەو بارەیەوە نەکەم و، بێدەنگ بووم. ئێستایش ئەوە خۆت دەستت بە قسە کردەوە... ناتاشا گیان من متمانە بەو کوڕە ناکەم. ئاخر ئەم نهێنیانە بۆ؟"

ناتاشایش وتی:

"دیسان گەڕاینەوە سەر بەزمەکە!"

سۆنیا هەڵیدایە:

"من خەمی تۆمە... ناتاشا گیان."

ناتاشایش پرسیی:

"لە چی دەترسیت؟"

سۆنیایش هەرچەند هەر زوویش پەشیمان بووەوە. بەڵام بێ پێچ و پەنا ترسەکەی خۆی پێ وت،"دەترسم بەم کارەت خۆت بەرەو هەڵدێر بەریت!"

ناتاشا ڕووی تاڵ کردەوە و وتی:

"ئا خۆم دەدۆڕێنم و، زۆریش بە خێرایی! ئاخر خۆ ئەوە کێشەی تۆ نییە! کۆڵم لێ بدە! کۆڵ بدە! ڕقم لێتە... رق!"

سۆنیا کۆڵێ ترسا و، هاواری کرد:

ناتاشا!

ئەویش دووبارەی کردەوە:

"بەڵێ! رقم لێت دەبێتەوە... رقم لێتە! ئێستا تۆ دوژمنی تا هەتای منیت."

ناتاشا لێی دوور کەوتەوە و، دواتر وشەیەک چییە لەگەڵی نەدەدوا و، خۆیشی لێ دەدزییەوە. بە گیانێکی تاوانبارەوە، لە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. خۆی سەرقاڵ دەکرد و، سۆنیای وێڵ کردبوو. بەڵام سۆنیا چاودێریی وردی ئەوی دەکرد و، چاوی لە سەر هەڵ نەدەگرت.

ڕۆژێک پێش گەڕانەوەی کۆنت و، ئەو وەستانەی ناتاشا، لە بەر پەنجەرەی هۆڵەکەدا، دریژەی کێشا! هەر لەوە دەچوو، کە چاوەڕوانی ڕووداوێکی دیاری کراو بێت. کە سۆنیا سەرنجی وردتری دا، ئەوی بینی ئیشارەت بۆ کەسێکی سەرباز دەکات، کە بە ئەوێدا تێدەپەڕی. ئەمیش وا بۆی چوو، کە ئەوە ئاناتۆلە. دواتر و کاتی نانی نیوەڕۆ، هەستی کرد ناتاشا، ئاسایی نییە و، بە هەڵە وەڵامی پرسیار دەداتەوە و، رستەکان تەواو ناکات. بە هۆ

و به بێ هۆ، پێدەکەنێت! دوای چاخواردنەوە و، لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ژوورەکەی خۆی. کارەکەرێکی لەبەر دەرگاکەی ناتاشادا بینی، ئەمی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە. ئەویش تێپەڕی و، خێرا گەڕایەوە و، دەم دەرگاکە چۆلا بوو. ئەمیش گوێی نا بە دەرگاکەوە و، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ناتاشا نامەیەکی تری بۆ هاتووە و، ئەو کارەکەرە پێی داوە. خورپەیەک بە دڵیدا هات، کە ناتاشا، پیلانێکی بۆ ئەمشەو داناوە. بۆیە لە دەرگای دا، بەڵام بێ سوود بوو.

لە دڵی خۆیدا وتی:

"رەنگە نیازی وابێت: هەر ئەمشەو، لەگەڵ ئاناتۆڵدا هەڵبێت! ئەو وا بیر بکاتەوە... ئەمەیشی لێدەوەشێتەوە. ئەمڕۆ زۆر خەمبار دەردەکەوت. بەڵام لە رۆژانی تر وڕە بەرزتر بوو. کە خواحافیزیی لە مامم دەکرد، دەگریا! گومانم نییە ڕەدوو دەکەوێت! باشە ئەی من چی بکەم؟"

هەندێک لەو ڕووداوانەی وەبیر خۆی هێناوە، کە پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیەی دەکرد، وەکو:

"کۆنتیش لێرە نییە!... باشە پێویستە من چی بکەم؟ ئاخۆ بۆ ئاناتۆل کۆراگین بنووسم، تا ئەم کێشەیەم بۆ شی بکاتەوە؟ بەڵام چی ناچاری دەکات، وەڵامم بداتەوە؟ ئەی باشە بۆ لەسەر ئامۆژگارییەکەی پێش سەفەرەکەی میر ئاندریە: کە ئامۆژگاریی کردین ئەگەر تووشی هەر کێشەیەک هاتین، پەنا بۆ پییەر بەرین: منیش نامەیەک بۆ پییەر نەنووسم؟... ئاخر دوێنێ ناتاشام بینی، وەڵامی نامەکەی خاتوو ماریی، خوشکی میر ئاندریەی دەدایەوە.. دواجار مامیشم لێرە نییە! یان هەموو شتێک بۆ ماری دمیتریێڤنا بنووسم! چونکە ناتاشایش متمانەی پێیەتی..."

بەڵام سۆنیا ئەم بیرۆکەیەیشی بە دڵ نەبوو. کە گەیشتە ڕاڕەوە تاریکەکە، وا بیری کردەوە:

"بە هەر حاڵ، کاتی ئەوە هاتووە، منیش لای خۆمەوە بۆیان بسەلمێنم کە هەست بە چاکەکانیان دەکەم. هەر لەبەر خۆشەویستیشم بۆ نیکۆلا ئاندریە، ئەگەر سێ شەویشم لێرەدا ڕۆژ کردووەتەوە... ئەم ڕاڕەوە جێ ناهێڵم! گەر بە زەبری هێز و توندوتیژییش بووە، ڕێی نادەم: کە ئێرە جێ بهێڵێت. نەخێر ناهێڵم بنەماڵەکەیان، تووشی سەرشۆڕی ببێت."

بەشی شازدە
پیلانی هەڵگرتن

چەند رۆژێک بوو، ئاناتۆل لای دۆلۆخۆف مابووەوە. پیلانی هەڵگرتنی ناتاشای دانابوو. دەبوو هەر ئەو ئێوارەیەیش، جێبەجێی بکات، کە سۆنیا هەستی پێ کردبوو و، بڕیاری دابوو، کە دەرگای ژوورەکەی ناتاشا، بخاتە ژێر چاودێرییەوە و، بەرهەڵستی ئەو کارە بکات و، نەهێڵێت کە ناتاشا هەڵ بێت.

ناتاشایش لای خۆیەوە، گفتی دابوو کە سەعات دە بە پلیکانەی خزمەتکاراندا بچێتە خوارەوە و، خۆی بگەیەنێتە ئاناتۆل کۆراگین. ئەویش سواری گالیسکەیەکی خلیسکێنەی بکات و، پازدە فرسەخێک لە مۆسکۆوە دووری بخاتەوە. بۆ کامانکای کەناری شار و، لەوێیش قەشە مەترووود، لێکیان مارە بکات. پاشان فرسەخ بە فرسەخ ئەسپەکان بیانبەن، تا دەگەنە گالیسکەی پۆست و، بە هۆیەوە دەچنە دەرەوە.

ئاناتۆل پاسپۆرتی ئامادە کردبوو و، مۆڵەتی سواربوونی گالیسکەی پۆستی وەرگرتبوو. خوشکەکەیشی (١٠٠٠) ڕۆپڵی پێدابوو و، ئەوەندەی تریشی لە دۆلۆخۆف قەرز کردبوو. دوو شاهیدی مارە برینەکەیشیان ئامادە کردبوو، کە یەکێکیان خۆستیکۆڤی، فەرمانبەرێکی کۆنەی فەرمانگەی ڕاوێژکاریی بوو و، دۆلۆخۆف، بۆ کاروباری قوماڕەکەی خۆی، بە کاری دەبرد. شاهیدەکەی تریش ماکارین بوو. ئەمەیشیان سوارەیەکی سەربازیی، خانەنشین کراو بوو و، کەمێک هێڕ بوو و، متمانەیەکی فرەی بە ئاناتۆل کۆراگین بوو و، ڕۆژانە لە یەکەم ژووری تەلارەکەدا، چای لەگەڵ دەخواردەوە.

لەو کتێبخانە گەورەیەدا، کە بە قاڵیی بیانی و پێستی ورچ و، بڕێک چەک رازابووەوە، دۆلـۆخۆف بـە بـەرگی سـەفەر و، پـیلاوە پاژنـە بەرزەکانییـەوە، لـە نووسـینگە کراوەکـەی خـۆی دانیشـتبوو و، چەنـد سـەفتەیەک پـارەی لەبەردەمـدا بـوو و، ئانـاتۆلیش خـەریکی قۆپچەی بەرگەکەی بەری بوو و، بە ژوورەکەی ئەمدا تێپەڕی و، بەرەو ئەو ژوورە چوو، کە خزمەتکارە فەڕەنسییەکە، تێیدا خەریکی ئـامادە کردنی شتومەکی سەفەرەکەی بوو.

دۆلـۆخۆف بـە دەم پـارە ژماردنـەوە وتی،"ئـەوە دەزانیت کـە دەبێت (٢٠٠٠) ڕۆپڵ، بدرێت بە خۆستیکۆف؟"

ئاناتۆلیش وتی،"جا چییـە! بیدەری."

دۆلـۆخۆفیش لیستەکەی پێشان دا و وتی:

"بەڵام ماکارین، خۆڕاگرە و، پـارەی ناوێت. هەر بۆ ڕازی کردنی تۆ لـە خـۆی، ئامادەیـە خۆیشی فڕێ بداتە ئـاگرەوە! دەی ژماردنەکەم کۆتـابوو. بەمانە ڕازیت؟"

ئاناتۆلیش چاوی لە بەرپێی خۆی بڕی بوو و، خەیاڵی ڕۆیشتبوو و، وتی:

بێگومان.

دۆلۆخـۆف بـە زڕەی زنجیـر و، تـەقوهوڕ، نوسـینگەکەی داخسـت و، بـە لاقرتێـوە بـە هاوڕێکەی وت:

"گوێ بگرە... بێخەم بە. هێشتا کاتمان بە دەستەوە ماوە."

ئەویش هاواری کرد:

"هەی ڕسوا... گێلانـە مەدوێ! ئەگەر دەتزانی... ئـاخۆ پێی وایـە..."

دۆلۆخۆف هەر سوور بوو لەسەری و وتی:

"بـە ڕاسـت وێڵـی بکـە. مـن سـوعبەتت لەگەڵ ناکـەم. چارەسـەری ئـەم کێشـەیەت بـەم شێوەیە مسۆگەر نییـە. دەزانیت..."

ئـاناتۆلیش وتی:

"دەی... دەستت پێ کردەوە؟ دوای بڕانەوەی هەموو شتێک، بێزارم دەکـەیت... هـەی بـە شەیتانم سپاردیت...دەی! من لە بارێکی هێندە لـە باردا نـیم تـا گوێ لـە بزڕکاندنـەکانی تۆ بگرم."

بەرەو دەرگاکە بووەوە و، ئەویش بە بزەیەکی لاقرتێ ئـامێزەوە پێی وت:

"کەمێک چاوەڕێم بکە. سوعبەتت ناکەم و، زۆر بە ڕاستیشمە... وەرە، دەی."

ئاناتۆل بیرو هۆشی خۆی، لە دۆلـۆخۆفدا چڕ کردەوە و، بێ وێستی خۆی دەبوو گوێ لەمستی بێت و، ئـەویش پێی وت،"بۆ دواییـن جار تکات لێ دەکەم: کە گوێم لێ بگریت. کوا

سـوعبەتت لەگەڵ دەکـەم؟ ئـاخر هـیچ کاتێـک تـێڵام خسـتووەتە نێـو تووڵـی چەرخـەکانی گالیسکەکەتەوە!؟ لە خۆت ناپرسیت: کێ هەموو شتێکی بۆ ڕێک خستووم؟ کێ قەشـەی بۆ دۆزیومەتەوە و، بۆی ئامادە کردووم؟ یان کێ بوو پاسپۆرتی بۆ دەرهێنام؟ ئەی ئەوە کێ بوو، پـارەی ئەمەی پەیدا کرد؟ ئەوانە هەمووی خۆم بووم.

ئـاناتۆلیش وتی:

"ڕاست دەکـەیت و، منـیش لای خۆمـەوە، سوپاسـت دەکـەم. بـاشە جارێـک لـە جـاران هەست کردووە، کە من سپڵە و پێنەزان بووبم؟"

دۆلـۆخۆف درێژەی دایە:

"بە دڵنیانەکانی خۆیشتدا دیارە کە درێغیم لێ نەکردوویت، بـەڵام ئـەرکی منیشـە کـە ڕاستییەکانت پێ بڵێم. ئـەگەر بـە وردی بیـری لـێ بکەیتـەوە. ئـەم سـەرکێشـییەت: هەڵەیـە و گێلانەیشە! زۆر باشە! ئێستا وای دابنێ: ئەوە فڕاندت. زۆرباشە! تۆ پێت وایە: کارەکە بەمـە کۆتا دەبێت؟ ئەی ئەگەر بزانن کە: ژنێکی ترت هێناوە...چی!؟ خۆ لێت ناگەڕێن و، سکاڵای خۆیان دژی تۆ، لای دادوەر تۆمار دەکەن..."

ئاناتۆلیش بە بێزارییەوە، وتـی:

"ئەمانە جۆرێکن لە گێلی! بەڵام خۆ من زووتر، بارەکەم بۆ شی کردیتەوە."

بە کەللەڕەقییەوە، لەو چەند کەسـە دووا، کـە مێشکیان بـەو بیرۆکـە ئاخنیوە و، سـەدان جار ئەمەیشی بۆ دۆلۆخۆف باس کردبوو و وتی:

"زووتر بیروڕای خۆمم، لەم بارەیەوە باس کردووە. بە پەنجـە کەوتـە ژمـاردن... ئەگـەر ئەم هاوسەرگیرییە، فەرمی نەبێت: ئەوا هیچ کێشەیەکم ناکەوێتە ئەستۆ. خۆ گـەر فـەرمیش بوو.. ئـەوا.. وێڵی دەکەم! تەنیا دوو کەس نەبێت: کەسی دەوروبەریشم بەم کارەم نازانێت. خۆ ئەم قسـەیەم ڕاستە! وا نـا؟ کە وابوو یەک وشەی تر چییە: مەیڵێ! تەنانەت یەک وشە!"

دۆلـۆخۆفیش وتی:

"بڕوام پێ بکە..گوێ بەوانە نادەم. بەڵام پیلانەکە بەسـەر خۆتدا، قڵپ دەبێتەوە!"

ئـاناتۆلیش وتی:

"بڕۆ... بە شەیتانم سپاردیت!... دەی!"

هەردوو دەستی گرت بە سـەرییەوە و، چووە دەرەوە. دوای کەمێک گەڕایەوە و، لەسـەر کورسـییەکی تەنیشت دۆلـۆخۆفەوە لێی دانیشت و، دەسـتی گرت و، خسـتییە سـەر دڵی خۆی و وتی:

"ئەوەتـا هەزاران بروسکە دەدات... ئەمە چی دەگەیەنێت؟ دەی سـەرنج بدە، چۆن لـێ

دەدات .. دەی! ئـاە! ئـازیزەکەم... ئـەو چـۆن سـەرنج و روانینێکـی بەلاوەیـە!! ئـای... پەروەردگارم!"

ئەویش بە بزەیەکی ساردەوە، لە ئاناتۆلی روانی و، چاوانی گڕی لێ دەبووەوە و، لە هەمان کاتدا چێژیشی لەو دەمە قاڵێیە وەردەگرت.

دواتر لە ئـاناتۆلی پرسی:

"ئەی دوای ئەوەی ئەم پـارانەت خەرج کرد... چی دەکەیت!"

ئەویش هەرگیز وەڵامی ئەم پرسیارەی بە مێشکدا نەهاتبوو دووبارەی کردەوە:

"چی بکـەم؟... ئـاخر مـن چـی بکـەم؟ بـڕوا بکـە: خۆیشـم نـازانم چـی بکـەم؟ ناچـار ئـەم وڕاوەیەیش بە شەیتان دەسپێرم!"

سەرنجێکی سەعاتەکەی دا و، بەم شێوەیە کۆتایی بە قسەکان هێنا:

"کاتی رۆیشتنیش هاتووە."

بەرەو ژوورەکەی پشتەوە چوو و، بانگی کردە خزمەتکارەکە:

"هۆلا..هەی خاو و خلیچک، چی بوو! هەر کارەکانتان بە کۆتا نەهێنا؟"

دۆلـۆخۆفیش پارەکەی پێچایەوە و فەرمانیدا، بە خزمەتکارەکەی، تاکو پێش رۆیشتنیان شـتێک ئامـادە بکـات تـاکو بیخـۆن. پاشـان بـەرەو ئـەو ژوورە رۆیشـت کـە ڤۆسـتیکۆف و ماکارینی تێدابوو."

ئـاناتۆل لەسـەر قەنەفەیەک لێی راکشـابوو و، دالغـەی رۆیشـتبوو و، چـەند وشـەیەکیش بەسـەر لێوە جوانەکانییەوە بوو.

دۆلـۆخۆف لە ژوورەکەی بەرامبـەرییەوە بانگی کرد:

"وەرە شتێک بخۆ. لانیکەم پەرداخێک بخۆرەوە."

ئـاناتۆلیش، کە هێشتا بزەی سـەر لێوانی نەڕەویبووەوە، وتی:

"نەخێر! زۆر سوپاس."

جاریکی تریش بـانگی کردەوە:

"وەرە... وەرە. ئەوە بلاجایش لێرەیە!"

ئاناتۆل هەستا و، بەرەو ژووری نانخواردن بووەوە.

"بلاجا پیاوێکی بە کرێدەری گالیسکە خلیسکێنەی بـە ناوبانگ بـوو. پێنج شـەش سـاڵێک بوو، ئەم دوو هاوڕێیەی باش دەناسی و، زۆر جاران ئەو دووانە پێویستیان بەم بووە. ئەو دەمەی فەیلەقەکەی ئاناتۆل لە "تفیر" هەڵی دابوو، چەند جارێک ئێواران سواری کردبوو و، بەرە بەیان گەیاندبوویەوە مۆسکۆ، شەوی دواتریش گەیاندبوویەوە، شوێنی خۆی."

چەند جارێکیش دۆلـۆخۆفی لە دواکەوتنەکانی رزگار کردبوو. چەند جارێکیش ئەو دوو

هاوڕێیەی، لەگەڵ بوهێمییەکان ـ کە خۆی شوێنی کچۆڵەی پێ دەوتن ـ لە نێو شاردا دەری کردبوون. چەند جارێکیش خۆی کێشاوە بە ڕەوتەنیانی سەر شەقامەکاندا. یان لە کاتی ئەو سواربوونە نادروستانەیاندا، خێرا بووە و، گالیسکەی تری وەرگەڕاندووە. ئەو دوو بەڕێزەیش ـ کە ئەو وا ناوی دەهێنان ـ لەو تووشبوونانەیدا، رزگاریان کردووە. چەندین جاریش هەر ئەو دوانە لە خۆیشیان داوە و، دواتر ئاشتیان کردووەتەوە و، شامپانیا و مادیریان ـ ئەمەیش دوو جۆری مەی بوو و، بلاجا زۆری حەزی لێیان بوو ـ لەگەڵ نۆش کردبوو!

ئەویش کەم نەبوو و، ئاگاداری چەندین جارەی سەرکێشییەکانی ئەو دوانە بوو، لە تاراوگە "منفی"کانی سیبریادا. زۆریشیان لێ دەکرد کە لەگەڵ کچۆڵە بوەیهیمیەکان، سەما بکات.

ساڵ نەبوو پتر لە بیست جاران سەرکێشی بە تەمەنی خۆیەوە نەکات و، خۆی نەخاتە مەترسییەوە بۆیان! چەندین جار بە هۆی ئەوانەوە، ئەسپەکانی لە نێو دەچوو و، کتێک کرێیەکەشیان دەدایە: بڕەکەی نەدەگەیشتە نرخی ئەو ئەسپانە!

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، بلاجا هەردوکیانی خۆشدەویست و، زۆریشی حەز لەو سەفەرە سەرکێشیدارانە و، لێخورینە خێرایانە بوو.

هەر پێنج فرسەخی بە سەعاتێک دەبڕی و، زۆریشی حەز بە ئاژوونی خێرا و، سەرسام کردنی ڕەوتەنیانی سەر شەقامەکان بوو و، گالیسکەکەی بشکێنێتەوە سەر گالیسکەکانی تر و، وەریان بگێڕێت! حەزی بەوە بوو سەرخۆشانی نێو شەقامەکان، بە دوایدا هاوار بکەن و، هانی بدەن: خێرا تر...! خێرا تر...! با خۆیشی لەوە زیاتر نەتوانێت خێراتر گالیسکەکەی بئاژووێت.

کە ناوی ئاناتۆل و دۆلۆخۆڤیشی بهێنایە، پێی دەوتن: ئەوانە کەسانی باڵا و مەزنی راستەقینەن! ئەوانیش بەویان دەوت: باشترین و خێراترین گالیسکەچییە!

بلاجا لەگەڵ ڕێبواران مامەڵەی دەکرد و، هەر دوو سەعات ڕێی بە بیست و پێنج ڕۆبڵا دەبڕی و، ئەگەر لەگەڵیان ڕێبکەوتایە: ئەوا یەکێک لە شاگردانی بەردەستی خۆی دەنارد تا بیان گەیەنێت. بەڵام بۆ سەفەری ئەم دوانە، خۆی گالیسکەکەی لێ دەخوڕی. هەر کە بەهۆی یاوەری ئەو دووانەوە بیزانیایە: شتێک پارەیان بە دەستەوەیە. بۆ بەیانییەکەی پێش ئەوەی هیچ بخواتەوە، دەگەیشتە سەریان و، داوای پارەی لێ دەکردن و، داوای دەکرد: فریای بکەون.

ئەو دوو بەڕێزەیش لای خۆیانەوە دایان دەناو ئەویش دەستی پێ دەکردو دەیوت:

ئەی فیدۆر ئیڤانیتش... بەڕێزی نیان. یـان دەیوت: ئەی خاوەن شکۆ... پشتم تێ مەکە. ئەسپێک چییە! نیمە تا بیخەمە ژێر گالیسکەکەم! خۆ دەشبێت بچمە مەیدانی ئەسپ و، ولاغی بەرزەوە! جـا چەندت پێ هەڵدەسووڕێت، بەڵکو یـارمەتیی پـارەم بدەیت."

ئـاناتۆل و دۆلـۆخۆڤیش دڕێغیـان لـێ نـەدەکرد و، هـەزار یـان دوو هـەزار ڕۆبڵێکیـان دەدایـە!

بـلاجا پیاوێکی بیست و حەوت سالانەی چوارشانەی سووربـاوی، مل ئەستووری، چاو چکۆلەی، ڕیش تەنک بوو. ئـاودامانێکی نـاوداری ئـاوڕیشمینی نـەرمی شینی لەبـەردا بـوو. هـەر کە گەیشت، لە بەردەم وێنە پیرۆزەکەدا خاچێکی لە سـەر سنگی خۆی کێشا.

بەرەو دۆلـۆخۆڤ چوو و، بۆی نووشتایەوە و، دەستە سوورە ڕەش باوەکەی بۆ درێژ کردو وتی،"ڕێـزم بۆ فیدۆر ئیڤانۆڤیتش هەیـە!"

ئـەویش وەڵامی دایـەوە:

"مەرحەبـا ئـازیزەکەم... ئـاه! خۆ ئـەوە خۆیـەتی!..."

لـەو کاتـەدا ئـاناتۆلیش خـۆی کرد بـە ژووردا و، دەستی بـۆ ئـەویش درێژ کرد و بـە ئەویشی وت:

"ڕێـزو خۆشەویستیشم بۆ بەڕێزتان! "

ئـاناتۆلیش دەستی خستە سـەرشانی و وتی:

"بلاجا گوێ بگرە... هەر بە راست منت خۆشدەوێت...هـا؟ پێویستم بـە کارێکە تۆ بۆم بکەیت... ئادەی با بزانم چۆن ئەسپێکت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ ئح!"

ئەویش تێگەیاند و وتی،"کە هـەر لـەو جۆرەیە کە خـۆت دەفـەرموویت... زیندەوەرێکی درندەیە."

ئـاناتۆلیش وتی،"کەوابوو بلاجا گیان..ئـاگادارببە: گەر پێویستی کرد، ئەوا ئەسپەکانیشتم بۆ بدە بە کوشت و، ئەو ڕێگایەم بە سێ سەعات بۆ ببڕە... ئح!"

بلاجایش چاوێکی داگرت و فێڵبازانە وتی:

"باشە گەر کارێک بکەم ئەسپەکانی تێدا بتۆپێت! ئیدی چۆن دەگەینە جـێ؟"

ئـاناتۆلیش مرخە و ئـحێکی تری کرد و، چاوانی گێڕا و پێی وت:

سوعبەت مەکە... بـا سمتەجۆڵەت نەشکێنم!

گالیسکەوانەکەیش بە سوعبەتەوە وتی،"هەرگیز سوعبەت کردن، کارێکی خراپ نـەبووە! جا چۆن من دەتـوانم فـەرمانی گـەورەکانم بـە جێ نـەهێنم!؟ بێگومـان بەوپـەڕی خێرایـیـەوە ڕێگاکە دەبڕین!"

ئـاناتۆلیش وتی:

"زۆرباشە... کەوابوو دابنیشە."

دۆلـۆخۆڤیش زۆری لێ کرد و پێی وت:

"دابنیشە... دەی!"

بلاجایش وەڵامی دایەوە:

"بەم شێوەیەی ئێستام حەواوەم... فیدۆر ئیڤانۆڤیتش!"

ئـاناتۆلیش پێکێک "مادیرا"ی بۆ تێ کرد و وتی:

"پێویست بەو ئەتەکێتە ناکات... ئح... دانیشە."

گالیسکەوان هەر کە پێکە گەورە مەیەکەی بینی گەشایەوە. وەکوو شـەرمێک، یەکـەمین جار وای نیشاندا کە ناخواتەوە. دواتر بینی پێوەنـا و، پاشان دەسرۆکە سوورەکەی لە ژیر شەپقەکەی سەریدا دەرهێنا و، لێوەکانی خۆی پێ سڕی.

دواتر پرسیی:

"کەوابوو کەی دەردەچین... خاوەن شکۆ؟"

ئـاناتۆلیش سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

"ئێستا دەڕۆین. بەڵام بلاجا ئەوەیش بزانە..ئح! دەبێت لە کاتی خۆیدا بگەین."

بلاجایش وتی:

"ئەمەیان پەیوەندیی بە سەفەرەکەوەیە. ئـەگەر بـە رێک و پێکی کارەکـە بـەڕێوە چـوو... دوای ئەوە: ئـاخر بۆ لە کاتی خۆیدا ناگەین؟ خۆ جارێکیان بـە حـەوت سـەعات گەیشتینە "تڤیر". بێگومان خاوەن شکۆ، خۆیشت ئەمەت بیر ماوە."

ئـاناتۆلیش بـەو بیـر خستنەوەیە، بزەیـەکی کرد و، ئـاوڕێکی بۆ ماکارین دایـەوە. ئـەو ماکارینەی کە وەختەبوو بە سەرنجەکانی ئـاناتۆل بخوات وتی: بەڵێ.

بلاجا وتی:

"دەزانیت جارێکیان لـە جـەژنی لـە دایکبـوون و سـەری سـاڵدا، هاتیت بـۆ تـڤیر! بەڵـێ ئازیزەکـەم، هێندە لـە رێگـا خێرا بـووین، هەناسـەمان لـێ بـڕابوو! فیدرۆ ئیڤانۆڤیتش: ئـەو ئاژەڵـە بچووکانـە: بێوچـان پـازدە فرسـەخیان بـڕی! بەسـتەڵەکێکی سـەخت بـوو! دەسـتمان رچی بـوو. نەماندەتوانی رەشمەکە بـە دەسـتەوە بگـرین! ئـەوەبوو، ناچـار رەشـمەکەم دایـە دەستی تۆ... خاوەن شکۆ! پارچـە زوقمێکی گەورەیش کەوتە گالیسکەکەمانەوە. تا گەیشتینە جـێ و، سـەفەرەکەیش کۆتـابوو. من نەمتوانی رەشمەکە بگرمەوە دەست."

ئەو شەیتانانـە: ئەو ماوە دوور و درێژەیان بە سێ سـەعات بـڕی!

بەشی حەڤدە
سەرنەگرتنی پلانەکە

ئاناتۆل چووە دەرەوە و، دوای کەمێک هاتەوە و کەوڵێکی لە خۆیەوە ئاڵاند بوو و، بە پشتوێنێکی کون کونی زیوینی رازاوە، ناوقەدی خۆی شەتەک دابوو. فیستێکی پێستی سمۆرەیشی لەسەر نابوو، کە تا سەر گوێیە جوانەکانی رایکێشابوو. زۆر جوان لەگەڵ دەم و چاوی دەهاتەوە. هەندێک لەبەر ئاوێنەکە لە خۆی روانی. پاشان پەرداخێک مەیی بە دەستەوە گرت.

دواتر رەپ لە بەردەمی دۆڵۆخۆڤدا وەستا و وتی:

"دەی... خواحافیز ڤیدیا... سوپاسی یارمەتییەکانت دەکەم.. خواحافیز."

دوای کەمێ بیرکردنەوە لە وشەیەلێک بۆ ئەم هەڵوێستە بشێت، پاشان وتی:

"دەی هاورێکانم... هاورێیانی... هاورێیانی منالیم، خواتان لەگەڵ بێت."

مەبەستیشی لەم دواییین رستەیەی ماکارینو ئەوانیتر بوو. هەرچەند ئەوانیش وەدووی دەکەوتن. هەر دەیویست وشەکانی کاریگەر بن. بۆیە بە دەنگێکی بڵندو رێکو پێک دەدوا. سنگی بڵند گرتبوو و، بەسەر لاقە چەسپاوەکانییەوە دەلەرییەوە.

لە سەری رۆیشت:

"هەموتان بێنە ئێرە و، تەقە لە پەرداخەکانتان هەڵبستێنن. بلاجا ئێوەیش، هەی هاورێیان و، ئازیزانی منالیم. ئای کە سەردەمانێکی خۆشمان پێکەوە گوزەراند!!

سەرکێشی و پڕکێشیی زۆریشمان پێکەوە کرد! ئێستایش ئاخۆ دوای ئەمە... کەی بەیەکتر شاد دەبینەوە!؟ من دەڕۆمە هەندەران... خواحافیز ئەی شادی و، بەختەوەری. خواحافیز هاوڕێ نەبەزەکانم. لە چاوی ئێوە! هووراا!"

پێکەکەی بە سەرەوە نا و، یەکبینە هەڵیقوڕاند و، بە دوایدا پەرداخەکەیشی شکاند. بە دوایدا بلاجایش پێکەکەی هەڵدا و، بە دەسرۆکەکەی دەستی، لێوانی سرپییەوە. ماکارینیش ئانتۆلی لە ئامێز گرت و، چاوانی پڕ فرمێسک بوو و وتی:

"ئاە! ئەی میر، بە دابڕانت، ئازاری زۆر دەچێژم."

ئاناتۆل هاواری کرد:

"دەی! با ڕێ بگرینە بەر!"

بلاجا خۆی بۆ چوونە دەرەوە، ئامادەکرد و، ئاناتۆلی بانگ کرد و پێی وت:

"یەک خولەک! دەرگاکە دابخە و، وەرە دابنیشە. ئا... ئاوا و هەر لێرە."

پاشان هەموویان دانیشتن و، دەرگایان لەسەر خۆیان داخست. لە نێو ڕووسەکاندا باو بوو: پێش سەفەر کردن... بە تایبەتیش لە بۆنە پیرۆزەکاندا، بۆ ئەوەی پشوو بدەن و، سەرخۆ بێنەوە. دادەنیشتن!!

پاشان ئاناتۆل هەستا و، پێی وتن:

"ئێستایش جەربەزەکان... بۆ پێشەوە."

جۆزیفی یاوەریشی شمشێر و قایش و قوروشەکەی، دایە دەست.

دۆلۆخۆف پرسیی:

"بەڵام ئەی کەوڵەکە کوا؟" ئەوە نا! ئینیاس هەر ئێستا بچۆ بۆ لای ماترۆن ماتڤیئیڤنا و، داوای کەوڵێکی ئاودامان، یان پاڵتۆ پێستە سمۆرەکەی لێ بکە... گوێت لێ بوو؟"

چاوێکی داگرت و درێژەی دایە:

"خۆم دەزانم کێ هەڵگرتن چۆنە! بەشی زۆری هەڵاتووان، بە مردوویی دەگەنە ئەودیو سنوور! ئەگەریش بەخت یاوەریان بوو و، بەرگەیان گرت... ئەوا ڕووت و ڕەجاڵ دەمێنن! کەمێکیش دواکەوتن... دەبێتە هۆی ڕشتنی خوێنیان! ئیدی ئەو کاتە هانا بۆ باوک و دایکیان دەبەن و، دەپارێنەوە تاکوو بگەڕێنەوە! بەڵام گەر تۆ کەوڵت پێ بوو. ئەوا دەستت دەگاتە گالیسکە خلیسکێنەکە."

کارەکەرەکەی کەوڵێکی پێستە گورگی هێنا.

ئەویش هاواری کرد:

"کەوڵی پێستە سمۆرەم وت... هەی ئاژەڵ! ئەی خۆم وام پێ نەگوتیت؟ دەی بڵێ ئا...

یان نا."

پاشان بە دەنگێکی هێندە بڵند هاواری کرد، کە خەڵکانی نێو تەلارەکە هەموویان بیستیان،"ئەها! خۆ ئەوە دەبینن: کەوڵەکەی خۆی پێستە سمۆرەیە!"

کارەکەرەکە... کچۆڵەیەکی باریکەڵەی جوانی، زەرد هەڵگەڕاو و، شاڵی سوور لەبەر بوو. بە راکردن هات و، پاڵتۆ سمۆرەکەی خستبووە، سەر دەستی و تاڵە موەکانی زوڵفە رەشەکەی: شینی دەنواند و، چاوە رەشەکانی دەبریسکانەوە. هەرچەند خەمی لە ناو چوونی کەوڵە پێستە سمۆرەکەی خۆیشی بوو. لە تووڕە بوونی گەورەکەی خۆیشی دەترسا.

کارەکەرەکەیش وتی:

"بیگرە... دەی بیگرە! هەرکامێکیان بێت، بۆ من وەکو یەکە."

دۆڵۆخۆڤ وەڵامی ئەوی نەدایەوە و، کەوڵە داکەنراوەکەی دا بە سەرشانی کچەکەدا و، ئەویش لەوڵاوە، ئەوی تریانی قۆڵ تێ هەڵکێشا و، ناوقەدی بە قایشەکەی سەر ئەوێتریان بەست و، یەخە پان و پۆڕەکەی، بە جۆرێک بڵند کردەوە ، کە بە ئاستەم دەم و چاوی بەدەرەوە بوو.

پاشان بزەیەک گرتی و بە کچۆڵە بوەیهیمیەکەی وت:

"ئا.. ئاوا! دەیبینیت!؟ یەکەمجار بەم شێوەیەو دواتر... ئا... ئاوا! بینیت؟"

ئاناتۆل لەوڵاوە بە ئاگای هێنایەوە و، پێی وت:

"خواحافیز... خواحافیز ماترۆن... ژیانە خۆشەکەیشم وا کۆتابوو! پیرۆزبایی لە ستیڤانییش دەکەم. دەی خواحافیز! خواحافیز ماترۆن. نزای بەختی باشم بۆ بکە!"

کچۆڵە ماترۆنیش وتی:

"خوا دنیایەک بەختەوەریت پێ ببەخشێت... میرم."

دوو لاوی بە خۆوەی گالیسکەوان، بەسەر دوو گالیسکەی خلیسکێنەوە وەستا بوون. بلاجا سواری گالیسکەیەکیان بوو و، قامچییەکەی دەستی، هەڵەفە کردبوو و، ئانیشکەکانی بڵند گرتبوو. ماکارین و خفۆستیکۆڤ و، یاوەرەکە، لە گالیسکەی دووەمدا سوار بوون.

بلاجا پرسیی:

"ئاخۆ ئێستا کۆکی ڕۆیشتنین؟"

پاشان رەشمەی ئەسپەکانی، لە قۆڵی هەڵەفە کرد و، هاواری کرد:

"کەوابوو بۆ پێشەوە بڕۆن."

زۆر بە خێرایی بە شەقامی نیکۆلای پیرۆزدا شۆڕ بووەوە.

پاشان بلاجا و دوو یاوەرەکەی هاواریان کرد:

هۆ...! ئـۆو...! هۆ...! ئـۆو...!

گالیسکە خلیسکێنەکانیان، کـرد بـە گۆڕەپـانی ئـارباتدا. خرمـەی پێـی ئەسپەکان و، هـاواری خۆیـان بڵنـد بـووەوە. دوای ئـەوەی بەرەوژوورەکـەیان بـڕی بـە شـەقامی بۆدنۆڤیسکیدا شۆڕ بوونەوە و، بە درێژی شەقامەکە: لە چوارنـاڵەیان دا.

پاشـان بلاجـا غـار کردنەکـەی خـاو کردەوە و، لـە گۆشـەیەکی شـەقامی "ڤیی ئیگۆریدا گالیسکەکەی وەستان.

مێردمنداڵێک دابـەزی و، لغاوی ئەسپەکانی بۆ گرت. ئـاناتۆل و دۆلۆخۆڤ دابـەزین و، چـوونـە سەر شۆستەکە. کە گەیشتنە بـەر دەروازەکە، دۆلـۆخۆڤ فیکەیەکی لێدا و، بە فیکەیەک وەڵام درایەوە.

کارەکەرێک بەرەو رووبان رایکرد و پێی وتن:

"خۆتان بکەن بە دااڵنەکەدا: با نەتانبینن. هەر ئێستا ئەویش دەگات."

دۆلۆخۆڤ لە دەم دەروازەکەدا مایەوە و، ئاناتۆل شوێن کارەکەرەکە کـەوت و، بـە نێو خانووەکـەدا گـەڕا. بـە پلیکانەکـەدا سـەرکەوت و، لـووتی تـەقی بـە لووتـی جاڤریلدا. ئـەو خزمەتکارە کەتەکەیەی، یاوەری ماری دمیتریێڤنا بوو.

رێی لە ئـاناتۆل برێەوە و بە چرپـە پێی وت:

"خاتوونەکەم دەیەوێت بتبینێت. فەرموو شوێنم بکەوە."

ئاناتۆلیش لەبەر خۆیەوە و پچڕ پچڕ وتـی:

"کام خاتوون! تۆ کێیت؟"

ئەویش لێی دووبارە کردەوە:

"فەرموو شوێنم بکەوە. فەرمانم پێ دراوە یـاوەرت بم."

لەو کاتەدا، دۆلـۆخۆڤیش لەوالوە بانگی کرد:

"ئـاناتۆل کۆراگین بگەڕێوە! ناپاکیمان لەگەڵ کراوە! دەی بـا هەڵ بێین."

چووەوە بـە گڕ دەرگاوانەکـە، چونکـە وێستبووی دەرگاکـە لەسـەر ئاناتۆل دابخـات. بـە ناڕەحەت توانیی بەسەریدا زاڵا بێت و، نەهێڵێت لەو ماڵەدا بەند بکرێت.

ئـاناتۆل هـەر زوو گەڕایـەوە بۆ لای دۆلـۆخۆڤ و، ئەویش قۆڵـی گرت و زۆر بە پەلە رایان کردە دەرەوە و، خۆیان گەیـاندە گالیسکە خلیسکێنەکەیان.

بەشی هەژدە
پەرچە کردار

ماری دمیتریێفنا کەوتە پرسیار کردن، لە سۆنیا و، کۆڵی لێ نەدا تاکو دوای رشتنی فرمێسکێکی فرە، وای لێ کرد، کە ددانی پێدا بنێت. زووتر دەستی بەسەر نامەکەی ناتاشادا گرتووە و، خوێندوویەتییەوە. هێشتا بە دەستییەوە بوو، پێی وت:

"ئەی ناپاک! نامەوێت هیچت لێ ببیستم."

لە کاتێکدا زۆر بە وردی سەیری ئەوی دەکرد، پاڵێکی بە ناتاشاوە نا و، بردییە ژوورەوە و، دەرگاکەی بە کلیل لەسەر داخست. فەرمانیشی بە دەرگاوانەکە دا: رێی ئەوانە بدات، کە دێنە ژوورەوە و، نەهێڵێت کەس بچێتە دەرەوە.

بە یاوەرەکەی خۆیشی وت: کە هەرکەسێک هاتە ژوورەوە، با بیهێنێت بۆ لای خۆی. خۆیشی لە هۆڵەکەدا لێی دانیشت و چاوەڕێی هەڵخەڵەتاوە هەڵاتووەکان بوو.

هەر کە "جاڤریل" چوو بوو و، پێی راگەیاندبوو کە ئەوان هەڵاتوون. ئەویش هەستا و پەنجەکانی لە پشت خۆیەوە ئاڵشت کرد و، بە هۆڵەکەدا کەوتە هاتوچۆو بیر کردنەوە، لەوەی کە ئاخۆ دەبێت چی بکات؟

نیوە شەو گەڕایەوە ژوورەکەی سۆنیا. دوای ئەوەی دەستی بەر کلیلی دەرگاکە کەوت. ناتاشا لە ڕاڕەوەکەدا بوو.

هەر کە ماریشی بینی، لێی پاڕایەوە:

"ماری ڕێم بدە، لەگەڵتدا بێمە ژوورەوە."

ئەویش بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، دەرگاکەی بە دوای خۆیدا داخستەوە. هەرچەند دەیویست رکێفی هەڵچوونەکەی خۆی بکات، بەڵام لەبەر خۆیەوە وتی:

"ئەمە شەرمهێنە! رسوایەتییە! ئاخر ئەمە لە مااڵی منداا، رووویداوە!..ئـای لەو کچە خراپە... بێ ئـابڕووە!! بەزەییشم بە باوکیدا دێتەوە. هەر سەختیشە خەڵکەکە بە گوێم بکەن... بەڵام فەرمان بەو خەڵکە دەدەم: لەم کارەساتە بێدەنگ بن و، منیش لای خۆمەوە ئەمـە لـە کۆنت دەشارمەوە."

بـە شێنەیی هـەنگاوی بـەرەو ژوورەوە نـا و، بینیـی ناتاشـا سـەری خسـتووەتە نێوان هەردوو بەری دەستییەوە و، لەسـەر قەنەفەیەک راکشاوە و، لەشی خاو بووەتەوە.

ماری پێی وت:

"زۆر باشە! ئەو بە ناموسە: ژووانی پێداوە و، ماڵەکەی منی کردووە بە جێژوان. خۆت بە پاکی و ساکاری نیشان مەدە! کە قسەت بۆ دەکەن: گوێیان لێ بگرە. "

قۆڵی گرت و دووبارەی کردەوە:

"گوێت لێ نییە!؟ وەکوو خراپترین کچ خۆت بێ رەوشت کرد! من زۆر چاک دەزانم، چی بکەم بەڵام بەزەییم بە باوکتدا دێتەوە و، هیچی پێ نااڵێم!"

ناتاشا بە بێدەنگی مایەوە.

ماریش سەرنجێکی سۆنیای دایەوە و، چووە سەر کورسییەک و لێی دانیشت.

پاشان بە تووڕەییەوە، وتـی:

"تـوانیی لـە چنگم، هـەڵبێت!.. بـەڵام هـەر دەیدۆزمـەوە... بـۆ کوێ دەچێت!؟ زۆر باشـە! ئێستا هەرچییەکت پێ بڵێم: لێم دەبیستیت؟"

پاشان دەستی خستە، سەر پشتی سـەری ناتاشـا و، بـەرەو لای خـۆی وەری چـەرخان. خۆی و سۆنیا، زۆر لەو دوو چاوە گەشە و، لێوە یەکهاتووەوەی تۆقیبوون.

ناتاشا هاواری کرد:

"وازم لێ بێنن... ئیدی هیچم بە لاوە گرنگ نییە... مردن بە ئاوات دەخوازم."

زۆر بە تووڕەییەوە، قۆڵـی لە دەست، ماری دیمیتریچنا دەرهێنا.

ماری دیمیتریچناش وتی:

" ناتاشـا: مـن تـەنیا بەرژەوەنـدیی تـۆم دەوێت. گـەر پێت باشـە: بـەم شـێوەیەی ئێسـتا بمێنیتەوە، وێڵت دەکەم. گوێ بگرە... من نامـەوێت ئـەوەت پێ بڵێم کـە تاوانەکـەت تـا چـەند گەورەیـە!؟ تـۆیش وەکـو خـۆم: ئاگـاداری ئەمـەیت... بەڵـێ زۆر بـە تـەواوی. بـەڵام سـبەی باوکت دەگەڕێتەوە! ئـاخر من چیی پێ بڵێم؟ هـا؟"

ناتاشایش بە قۆڵپی گریانەکەی وەاڵمی دایەوە.

ماری دیمیتریچنا درێژەی دایە:

"ئەگـەر خـەڵکی تـر ئەمـەیان بـۆ گێڕایـەوە.. چـی دەڵێیـت؟ ئـەی بـراکەت؟ ئـەی دەزگیرانەکەت... چی؟"

له ناکاو ناتاشا هـــاواری کرد:

"ئیستا من دەزگیراندار نیم! ئـاخر پەیوەندیم لەگەڵیدا نەماوە! بۆ تێناگەن؟"

ماری لە سەری رۆیشت:

"ئـەوەیش گرنگ نییـە... بـەڵام ئەگـەر تاوانەکـەیان بیستـەوە، پێت وایـە بـە ئاسـانی کـۆڵا دەدەن!؟ مـن باوکـت زۆربـاش دەناسـم... شـەڕی بەرامبـەرێنی لەگەڵ دەکـات و، روو بـە ڕوویشی دەبێتەوە! ئەمە بە جوان دەزانیت... هـا؟"

ناتاشا سەرنجێکی پڕ رق و کینەی ماریی دا و هاواری کرد:

"ئـاخ!! ئـاخ!! کـۆڵم لـێ بـدە!... بـۆ شـتەکە ئـاڵۆز دەکـەیت؟ بـۆ؟ کـێ تکـای ئەمـەی لـێ کردووویت؟"

پاشان ماری دیمیتریێفنا خۆی بۆ رکێف نەکرا و قیژاندی:

"ئەی تۆ دەتەوێت چی بکەیت؟ وا تێگەیشتبوویت کە سـەرزارەکی تۆمـان خۆشدەوێت؟ ئەی ئەو چی دەبووە ڕێگری و، نەدەهاتە مالّتان!؟ ئاخر بۆچی وەکوو کچۆڵەکانی یانەکان... هـەڵت بگرێت!؟ باشـە ئەگـەر لـەو هەڵگرتنـەی تۆیشدا سـەرکەوتوو بوایـە... لـەو بـڕوایەدا بوویـت، ئـەویان بـۆ دەسـتگیر نـەدەکرا!؟ ئـاخر باوکـت بوایـە... یـا براکـەت! یـان دەستگیرانەکەت! یـەکێک لەوانـە: هـەر دەستگیریان دەکردیت. بـا پێت بڵێم: ئـەو ئـاناتۆلە... خوێڕییە و بڕایەوە!"

ناتاشا هەستایە سەرپێ و هاواری کرد:

"لە هەر هەمووتان باشترە! ئـاخ پەروەردگارا...! بەخوا... ئەگەر نەدەبوونە ڕێگرم! ئاخر بۆچی؟ بۆچی؟ سۆنیا ئاخر من چیم کردبوو؟ کۆڵم لێ بدەن... "

پاشـان خـۆی دا بەدەسـت ئـەو بێزاریـیەوە، کـە هـەر ئەوانـە هەسـتی پـێ دەکـەن کـە بـە دەستی خۆیان، خۆیان تووشـی نەگبـەتی دەکـەن!! هـەر بۆیـەیش زۆر بـە قوولـی بـۆ خـۆی گریا. ماری دیمیتریێفنا وێستی درێژەی بداتـێ...

بەڵام ناتاشا کردییەوە بە هاوارکردن:

" لێم دوور بکەونەوە! کۆڵم لێ بدەن! ئێوە رقتان لە منە! هەمووتان قینتان لە منە... "

دیسان دەستی کردەوە بە گریان.

مـاری دیمیتریێفنـا بڕێکـی تـر، سـەرکۆنەی کـردەوە. لـە هـەموو بارێکدا دەبـوو ئـەم سەرکێشیە، لـە کۆنـت بشـارنەوە. بـەو مەرجـەیش لـە پـێش ناتاشـایش لەبـەردەم کەسـدا نەشـڵەژێت. ئـەوانیش نـاهێڵن کـەس بزانێـت و، تەنانـەت باوکیشـی. ئـەویش لای خۆیـەوە دەبێت... ئەو کوڕە لە بیر خۆی بەرێتەوە.

ناتاشا کە ئەمەی بیست: موچڕکەیەک بە لەشیدا هات و گریانەکەی بـڕییەوە.

ماری هەستا و دوو پشتیی خستە ژوور سـەری و، دوو پۆشـەری پێدادا و پـەرداخێک شەربـەتی زەیزەفوونی بۆ هێنا.

که بینیی ناتاشا دڕێژەی بە بێدەنگییەکەی دا. پێی وابوو، نووستووە. بۆیە رووپشی کردە ئەوانی تر و وتی:

"دەی... با لێی دوور بکەوینەوە، تاکوو کەمێک بنووێت."

ئەو گەڕایەوە دواوە... بەڵام ناتاشا خەوی لێ نەکەوت و، هێزی لەبەر بڕابوو.. بە دڕێژایی شەو چاوانی نەچووە خەو. هەرچەند ئاگای لە سۆنیایش بوو، شەو چەند جارێک هەستایەوە سەری، بە مەبەستی بە ئاگابوون. بەڵام ناتاشا ئەوی نەدواند.

ڕۆژی دواتر و کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، لە کاتی خۆیدا کۆنتیش لە کێڵگەکەوە بە دڵێکی خۆشەوە، بۆ مااڵ گەڕاوە. چونکە لەگەڵ کڕیارەکەیدا پێک هاتبوون و، هیچ کارێکی لە مۆسکۆدا، نەمابوو و، دەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ لای کۆنتیسەی ژنە خۆشەویستی خۆی.

بەڵام ماری دیمیتریێڤنا، وای تێگەیاند کە ناتاشا، لە دوێنێوە زۆر نەخۆشە و، پزیشکیش بینیویەتی و، ئێستا کەمێک باشترە. ئەو بەیانییە، ناتاشا لە ژوورەکەی خۆی نەهاتە دەرەوە و، لەبەر پەنجەرەکەدا وەستابوو و، لە ڕەوتەنیانی سەر شەقامەکەی دەڕوانی و، لێوی خۆی دەکرۆشت. هەر کەسێکیش خۆی بکردایە بە ژوورەکەیدا، ڕادەچڵەکی. بێگومان چاوەڕێی هەواڵی ئەو بوو و، پێی وابوو، گەر خۆیشی نەیەت... لانیکەم: ئەوا نامەیەکی هەر بۆ دەنێرێت. کە گوێی لە ترپەی پێی کۆنت بوو، ڕاچڵەکی. بەڵام کە تێگەیشت باوکی بوو، ڕەنگی هاتەوە سەر خۆی و، هەر لە بەریشی هەڵنەستا.

باوکی دوای سەرنجێکی ورد، لێی پرسی:

"پەرییەکەم... ئەوە چیتە؟ ئەوان پێیان وتم کە نەخۆشیت!"

ناتاشایش دوای کپییەکی فرە، وەڵامی دایەوە: "بەڵێ نەخۆشم!!" کۆنت کەوتە، دڵەڕاوکێی ئەو بێ هێزییەی بە کچەکەیەوە دیاربوو. ئەوەیشی لێ پرسی: کە ئاخۆ هیچ ئاڵا و گۆڕێک بە سەر پەیوەندیی خۆی و، دەزگیرانەکەیدا نەهاتووە؟

ناتاشایش تێی گەیاند، کە شتی نادروست ڕووی نەداوە و، بێخەم بێت! ماڕییش کە دواتر خۆی کردبوو بە ژووردا، هەمان قسەکەی ناتاشای بۆ سەلماندەوە. بەڵام شڵەژاویی ناتاشا و نەخۆشییە، ساختەکەی و، تێکچوونی ماری دیمیتریێڤنا وای کرد، کە کۆنت بخاتە گومانەوە و، وای لێک بداتەوە، کە شتێکی ترسناک ڕوویداوە! بەڵام ئەوەی بیری لێ نەدەکردەوە، لەکەدار بوونی ڕەوشتی کچە ئازیزەکەی بوو!

هێندە بە خەمی ئەو کچەی بوو، کە پرکێشیی نەکرد، پرسیاری تری لێ بکات. دواتر نەبادا: ئارامییەکەی لێ تێک بدات. خۆیشی بەوە ڕازی کرد، کە گومانەکانی بێ بنەمان و، هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نییە.

بە داخی ئەوەیش بوو، کە ئەم نەخۆشیی کچەی، دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەکەیان.

بەشی نۆزدە
دەستێوەردانی پییەر

لەو کاتەوەی هیلینی هاوسەری، گەیشتبووە مۆسکۆ. پییەر لە تەقەلای ئەوەدا بوو، خۆی لێ دوور بخاتەوە. دوای کەمێک لە گەیشتنی بنەماڵەی ڕۆستۆف. کاریگەرییەکەی ناتاشا لە سەری، وای کرد کە پەلە بکات لە سەفەرەکەی.

ڕووی کردە شارۆچکەی تڤیر و، بۆ لای ئەو بێوەژنە جۆزیف ئەلکسییتشەی، کە لە مێژبوو پەیمانی ئەوەی پێدابوو، کە مامەڵە فەرمییەکانی خوالێخۆشبووی پێ بسپێرێت. هەر کە گەیشتیشە مۆسکۆ. ماری دیمیتریێڤنا نامەیەکی بۆ نارد و، تێیدا تکای لێ کرد بوو، سەرێک لە مااڵیان بدات. تاکو پێکەوە لە بارەی بابەتێکی بچوکی گرنگەوە کە پیوەندیی بە میر ئاندریە و دەستگیرانەکەیەوە هەیە، هەردوکیان قسە بکەن.

پییەریش خۆی لە ناتاشا بە دوور دەگرت. چونکە بە بینینی، وای لێ دەهات لە بەرامبەر دەزگیرانی هاوڕێیەکی خۆیدا، هەستی لەوە پتر ببزوێت کە پێویست بێت، ئەوی خێزاندار ببێت. لەگەڵ ئەمانەیشدا، پێدەچوو کە قەدەر مامەڵەیەکی فێڵبازانە بە هەستەیەوە بکات و، ئارەزوومەندانە بیەوێت، هەردوکیان بە یەک بگەیەنێت! جا پییەریش دوای خۆ گۆڕین و، ئامادە بوون.

بە دەم خۆ گۆڕینەوە، بۆ ڕۆیشتنی بۆ مااڵی ماری دیمیرییڤنا، لە خۆی پرسی:

"تۆ بڵێی چی ڕوویدابێت؟ ئاخر منیش چۆناوچۆن، سوودم هەبێت بۆیان؟"

بە دەم ڕێگایشەوە، بە خۆیی وت:

"جا با ئاندریە زوو بگەڕایەتەوە و، بە پەلە ناتاشای بگواستایەتەوە! "

کەسێک لە شەقامی تڤیر، بیرکردنەوەکەی پێ بڕی و، هاواری لێ کرد:

"پیەر ئەوە دەمێکە گەڕاویتەوە بۆ ئێرە؟"

دوو ئەسپی خۆڵەمێشیش بە شەقامەکەدا، غاریان دەدا و، خرمەی پێیان لە نێو بەفرەکەدا دەهات و، پێشی گالیسکە خلیسکێنەکەیان بەفر پرژێنی دەکرد.

گالیسکە خلیسکێنەیەک، ماکارینی بە سەرەوە بوو، ئاناتۆلیش قنج و قیت و، سەربازانە دانیشتبوو ،و، خۆی لە سوچێکی خزاندبوو، بەشی خوارەوەی روخساری، خزاندبووە، نێو ئەو یەخە کوڵکنەی، کە لە پێستی سەگڵاو دروست کرابوو.

پێشی خلیسکێنەکە پرووشەی بەفرەکەی گرتبوو و، بوو بووە زوقم! سەر و ملی تەڕوبڕ و، گوڵ ئاساشی، نابوو بە لارەوە. شەپقە لارەکەی سەریشی ڕێی بە قژە بژە بەفراوییەکەی دابوو، بێتە دەرەوە.

پیەر بە خۆی وت:

"ئاە!! ئا ئەوەیە ژیریی راستەقینە! هەر لەبەر ئەوەیشە: خەم و پەژارەی نییە، چونکە لە چێژەکانی بەردەستی دوورتر ناڕوانێت!! کەوابوو هەمیشە بەختەوەر و ئارامە! هەر بۆیەیش بەش بە حاڵی خۆم، ئامادەم دەستبەرداری هەموو موڵک و سامانەکانم ببم، بەو مەرجەی: منیش وەکو ئەوم لێ بێت!"

بەو ددان پێدانانەیشیدا دەرکەوت کە بەو کارەی ئەو شادمان بوو. لە داڵانی ماڵی "ئەخرۆسیمۆڤ"دا و، هەر ئەو کارەکەرەی شەپقەکەی سەری پیەری وەرگرت. تێیشی گەیاند کە خاتوو ماری دیمترییڤنا، کە بفەرموێت بۆ ژووری نووستنەکەی.

کە پیەر دەرگای هۆڵە گەورەکەی کردەوە، ناتاشای لەبەر پەنجەرەیەکدا بینی کە بە هەڵچوونەوە، لە پەنجەرەکەوە، لە دەرەوەی دەڕوانی. هەر کە هەستی بە بوونی پیەر کرد: برۆکانی یەک هێناوە و، لە بەر پەنجەرەکە، کشاوە دواوە و، وا خۆی پیشاندا کە شەرم دەکات.

پیەریش خۆی کرد بە ژووری نووستنەکەی ماریدا و، لێی پرسی:

"چی ڕوویداوە؟"

ماری دیمترییڤنایش وەڵامی دایەوە:

"شتی تۆقێنەر!! ئەوە پەنجا و هەشت ساڵ تەمەنمە و، هێشتا شتی رسواهێنی وام نەدیوە!"

دوای ئەوەی پیەری سوێند دا، کە ئەم نهێنییە بپارێزێت، وتی:

"ناتاشا پەیوەندیی لەگەڵ ئاندریە پچڕاندووە، بێ ئەوەی کە دایک و باوکی بەوە ڕازی بووبن! ئەمەیشی بە هۆی هەڵەی ئاناتۆل کۆڕاگین و، پشتگیریی ژنەکەی تۆ کردووە و، ژنەکەت یارمەتیی ئاناتۆلی برای داوە و، بە نیازبووە، ناتاشا هەڵ بگرێت و، دواتر بە دزییەوە مارەی بکات."

پییەریش کە ئەمەی بیست، کەمێ نووشتایەوە و، بەرەوای بە گوێیەکانی خۆی نەکرد!چۆن ناتاشایەک کە میر ئاندریەی خۆشدەویست. توانیویەتی وێڵی بکات و، ئانتۆلیکی رسوای بێوەپیاو ـ کە زووتر هاوسەرگیریی کردبوو ـ هەڵ ببژێرێت!؟ کە ئاوا بیری کردەوە لە بەر ئەوەبوو، کە زووتر ئەو هەواڵەی ئاناتۆلی بیستبوو.

دیسان لە خۆی پرسییەوە:

"چۆن ئەو ئاندریەیە دەگۆڕێتەوە بەو گێلە و، ڕێ پێ دەدات، کە هەڵی بگرێت؟"

پییەر ئەمەی پێ هەرس نەدەکرا! چونکە پێی وابوو: هیچ خراپە و رسواییەک ناتوانێت: ناتاشایەکی وا ناسک ـ کە هەر لە منداڵییەوە ناسیبووی ـ کۆ بکاتەوە، لەگەڵ کەسێکی لەو شێوەیەدا!؟ بیری لە هیلینی ژنی خۆیشی کردەوە و، گەیشتە ئەوەی کە ئەو یەکەمین کەسێک نییە، ژنێکی هێندە خراپی هێنابێت.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ژنان: هەموویان چوون یەکن!!

ئەم چارە نووسەی میر ئاندریە هێندە کاری تێکردبوو، هەستی کرد کە قوڵپی گریان قورگی گرتووە. زۆریش ڕقی لە ناتاشا بووەوە. چونکە نەیدەزانی کە ئاخۆ تا چەندە شەرمەزاری ئەو کارەیەتی!؟ ئاخر کەمێک لەوە و پێش، ئەوی بینی بوو، کە چۆن بە فیزێکەوە بە بەردەمیدا تێپەڕی و، فیزەکەی کردبوو بە دەمامک و، ڕووە تەریقییەکەی پێ شاردبووەوە.

کە ماری دیمتریێفنا قسەکانی بە کۆتا هێنا، ئەمیش هەڵچوو و هاواری کرد:

"ناتاشا مارە دەکات؟ ئەوە مەحاڵە! ئاخر ئەو زووتر هاوژینی هەبووە!"

ئاخر ئاناتۆل پێش ئەم کارەی: مێرد بووە! ئاخۆ ئەم پیاوێکە بێ کەم و کوورِ بێت؟ یان خوێڕییە!؟ لەو لایشەوە، ئەوە دوو ڕۆژە، ئەم کچە چاوەڕێی ئەو دەکات لانیکەم دەبوو بە ئاگا بهێنرێتەوە. چاوەڕێ کردنی زۆر درێژە ناکێشێت.

ماریی لە هاوسەرگیرییە کۆنەکەی ئاناتۆل، تێگەیاند و، کەوتە جنێو پێدانی.

ماری دیمیتریێفنایش هۆی بانگ کردنەکەی ئەوی تێگەیاند و، بە ئاگای هێنایەوە، کە هەر بەم زووانە ناتاشا دەگەڕێتەوە و، دەبێت کۆنت و کونتیسەی دایک و باوکی، بەم ڕووداوە نەزانن. پاشان پێویستە پییەریش ئاناتۆل ئاگادار بکاتەوە، کە بە زووترین کات مۆسکۆ جێ بهێڵێت... نابێت جارێکی تر، ئەم کچە ببینێتەوە! خۆ ئەگەر کۆنت و ئاندریەیش، بەم کەین و بەینەیان زانی: ئەوا بێگومان داوای شەڕی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی لێ دەکەن.

هەر کە پییەریش بۆی دەر کەوت، کە ژیانی کۆنت و ئاندریە، لە مەترسیدایە. پەیمانی بە ماری دیمتریێفنادا، کە بە گوێرەی ئامۆژگارییەکانی ئەو بجوولێتەوە. ئەویش سەر پێیانە ڕێنمایی کرد و، ناردییەوە، هۆڵەکە.

پێشی وت:

"زۆر ئاگات لە خۆت بێت. کۆنت ئاگاداری کێشەکە نییە. وا خۆت دەر بخە، کە ئاگات لە هیچ نییە. من تێی دەگەیەنم: کە چاوەڕوانی هیچ نەکات."

پیرەر هەستا و،.وێستی بڕوات، ماری دیمترییڤنا پێی وت:

"ئەگەر بۆت دەکرێت: نانی ئەم نیوەڕۆیەمان لەگەڵ بخۆ."

پیرەر لە ژوورەکە هاتە دەرەوە و، کۆنتی بینی و، تێگەیشت کە رووی تاڵە. چونکە پێش بینینی ئەو، ناتاشای کچی بینی بوو و، پێی وتبوو کە لە میر ئاندریە، جیا بووەتەوە.

کۆنت بە شڵەژاوییەوە بە پیرەری وت:

"ئای ئازیزەکەم!.. دوورکەوتنەوەی کچ لە دایکی، لە خۆیدا کارەساتە! ئای کە پەشیمانی ئەم سەفەرەمم! لێت ناشارمەوە: ناتاشا لە کوڕەی پۆلکۆنسکی جیا بووەتەوە! بڕوا دەکەیت، ئەمەی کرد بێت و، راوێژی بە باوک و دایکی نەکردووە! منیش لای خۆمەوە، ناهێڵم کە ئەمە روو بدات."

چونکە ئاندریە کوڕێکی ڕێک و پێکە. بەڵام گەر بە ویستی باوکی خۆی نەجووڵێتەوە. ئەوا بەختەوەر نابێت. ئێ خۆ ناتاشایش پەکی لە شوو کردن نەکەوتووە. راستە هاوسەرگیریی ئەم دوانە: درێژەی کێشا. بەڵام چۆن وا دەبێت کە ناتاشا بەم شێوەیە لەگەڵیدا بجووڵێتەوە و، بێ ئەوەی وشەیەکیش لەم بارەیەوە، بە دایک و باوکی خۆی بڵێت؟ ئەوەتا ئێستایش نەخۆشە و، هەرخوا خۆی دەزانێت چییەتی!؟ ئای لەم نەگبەتییەی کۆنت!!

پیرەریش کە ئەو پەرۆشی و، شڵەژاوییەی بە کۆنتەوە بینی، چەند جارێک هەوڵیدا باسەکەی پێ بگۆڕێت. بەڵام بێ سوود بوو.

سۆنیایش لە دەرگای هۆڵەکەوە دەرکەوت و، وتی:

"هەرچەند باری دروستیی ناتاشا خراپە و، ماری دیمترییڤنایشی لایە. بەڵام دەیەوێت کە پیرەر ببینێت."

کۆنتیش هەڵیدایە:

"ئەوە راستە... تۆ هاوڕێیەکی خۆشەویستی ئاندریە پۆلکۆنسکییت و، رەنگە کچەکەی منیش راسپێرییەکی هەبێت و، داوات لێ بکات، کەمێ قسەی ئەوی پێ بگەیەنیت... ئای خوایە گیان!! خۆ هەموو شتێک ڕێک و پێک بوو!"

کۆنتیش بە دەم ڕنینەوەی لاجانگە ماش و برنجەکەی خۆیەوە، گەڕایەوە دواوە. ماری دیمترییڤنایش لای خۆیەوە، ناتاشای تێگەیاندبوو: کە کاتی خۆی و، ئەوەی ناتاشای هەڵگرتووە، زووتر ژنی تری بووە و، ئێستا بێوەپیاوە!

سۆنیایش پیرەری تێگەیاند، کە ناتاشا بڕوای پێ نەکردووە. ماریش بۆیە ئەوی ناردووە بە دوایدا، تا ئەوەی بۆ روون بکاتەوە. کە پیرەر گەیشتە لایان. ناتاشای بینی، بە

رووبەکی گرژەوە، لای ماری دیمیتریێفناوە دانیشتبوو. کە پییەریشی بینی. نە سەری نەوازشی بۆ نەوی کرد و، نە بە رووبدا پێکەنی.

تەنیا ئەو پرسە لە نێو چاوانیدا دەخوێنرایەوە کە: ئاخۆ هاوڕێی راستەقینەی ئاناتۆلە! یان ئەمیش وەکوو ئەوانی تر دوژمنییەتی!؟

پییەریش بە لایەوە ئەو کەسە بوو، کە ئەو هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە.

ماری ئیشارەتی بۆ پییەر کرد و، بە ناتاشایشی وت:

"ئەم پیاوە هەموو شتێک لەو بارەیەوە، دەزانێت."

ناتاشایش وەکو چۆن نێچیرێکی بەندکراو، لە راوچی و ئەو سەگەلەکەی دەوروبەری خۆی دەڕوانی، کاتێک لێی نزیک دەبنەوە، ئەویش لە خەڵکەکەی ڕوانی و دواتر ڕووی لە هەمووان وەرگێڕا.

پییەریش سەری داخست و، هەستی بەزەیی هاتنەوە پێیدا و، قێزەونیی ئەو کارەی دایگرت.

دواتر وتی:

"ناتالی ئیلینیتشنا... ناتالی ئیلینیتشنا! پێویستە وەلامی ئەم پرسیارە بەلای تۆوە گرنگ نەبێت. ڕاست بێت! یان نا! مادام تۆ..."

ناتاشا قسەکەی پێ بڕی و هەڵیدایە:

"کەوابوو ئەوە ڕاست نییە کە: پێش من... ئاناتۆل هاوسەرگیریی کردبێت."

پییەریش لە وەلامیدا وتی:

"بەڵێ هەواڵەکە ڕاستە و، زووتر هاوسەرگیریی کردووە!"

ناتاشایش لێی پرسی:

"ئەمە لە کەیەوە، ئەو هاوسەرگیرییەی کردووە!؟ تۆ سوێند بە شەرەفی خۆت بۆ ئەم ڕاستییە: دەخۆیت!؟"

ناچار پییەریش سوێندی بە ناموسی خۆی خوارد.

دوای کەمێک بێدەنگی، ناتاشا بە تووڕەییەوە، لێی پرسی:

"ئێستایش هەر لێرەیە؟"

پییەر وەلامی دایەوە:

"بەڵێ لێرەیە و، کەمێک لەمەو پێش، خۆم بینیم."

ئیدی، ناتاشا نەیتوانی گوێیان لێ بگرێت و، داوای کرد، ژوورەکەی جێ بهێڵن.

بەشی بیست
هەڵسوکەوتی پییەر

پییەر هەر زوو لە ماڵ چووە دەرەوە و، نانخواردنەکەی نیوەڕۆی بنەماڵەکەی پەسەند نەکرد. کەوتە گەڕان بە شوێن ئاناتۆل کۆراگیندا. کە هەر بە بیر کەوتنەوەی ناوەکەی، خوێنی هەڵا دەچوو و، سوور هەڵدەگەڕا. شاخی بۆ گەڕا و نێو بوەهیمییەکان و، لای جۆمۆنینۆ. خۆی گەیاندە یانەکە و، لەوێش شتەکان ئاسایی بوون، ئەندامەکانی ئامادەی نانخواردنی نیوەڕۆ بوون و، کۆمەڵا کۆمەڵا دانیشتبوون و، سەرقاڵی گفتوگۆ بوون.

خزمەتکارێک هات و پێی راگەیاند، کە لە هۆڵە بچووکەکە شوێنی نانخواردنی بۆ ئامادەکراوە. "ن.ن" لە کتێبخانەکەدایە و "ت.ت"یش، هێشتا نەگەیشتووە. پاشان بەنەوازشەوە بۆی نووشتایەوە. ناسیاوێکی لە بارەی کەش و هەواوە، پرسیاری لێ کرد. پاشان پرسیاری ئەوەی لێ کرد، کە ئاخۆ هیچی لە بارەی هەڵگرتنی کچەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و، ڕەدووکەوتنی کۆراگینەوە بیستووە!؟ ئاخۆ ئەم دەنگۆیە راستە!؟ یان راست نییە!؟ هەر چۆنێک بێت، ئەمە بە شاردا بڵاوبووەتەوە.

پییەریش بە پێکەنینەوە، تێی گەیاند کە ئەمە راست نییە و، هەڵبەستراوە! چونکە هەر ئێستا خۆی لە ماڵی بنەماڵەی ڕۆستۆڤەوە، هاتووەتە دەرەوە!

کە پرسیاری ئاناتۆلیشی کرد، پێیان وت، هێشتا نەهاتووە. یەکێکیان لەسەر ئەوە سوور بوو، کە هەر ئەمڕۆ، ئامادەی ئەم نیوەڕۆخوانە دەبێت.

پییەر کەوتە سەرنجدانی، ئەو خەڵکە و، ئەو بێئاگاییەیان، لەوەی لە نێو دڵیدایە! ماوەیەک پیاسەی بە حەوشەکەدا کرد. کە دواتر خەڵکەکە، دەستیان کردە نانخواردن و،

ئاناتۆلیش هەر نەهات. ئەویش گەڕایەوە بۆ ماڵا. ئاناتۆلیش ئەو نیوەڕۆیە لای دۆلۆخۆڤ نانی خواردبوو و، لێیشی پرسیبوو: ئاخۆ گەر لەو هەڵگرتن و فڕاندنەی ئەو کچەدا سەرنەکەوت، چی بکات!؟ وایش هاتبوو بە خەیاڵیدا کە پێویستە دوای ئەو کارەساتەیش، هەر ناتشا ببینێت! ناچار ئێوارەیش چووەوە ماڵی خوشکی، تا ئەویش قسەیەکی بۆ بکات. لەولایشەوە، دوای گەڕانێکی فرەی بێهوودە. پییەر گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی.

لە ماڵەوە خزمەتکارەکەی پێی راگەیاند، کە ئاناتۆل لای کۆنتیسە و هۆڵەکەیان جمەی دێت لە خەڵکدا! ئەمیش چونکە لەو رووداوەوە هاوسەرەکەی لەبەرچاو کەوتبوو. بێ ئەوەی چاک و چۆنییەکی لەگەڵ بکات. خۆی بە هۆڵەکەدا کرد و، رووبەڕووی ئاناتۆل بووەوە.

کۆنتیس رووی تێ کرد و پێی وت:

"ئای پییەر گیان، نازانیت کە ئاناتۆل، چیی بەسەر خۆی هێناوە؟"

بەڵام کە سەرنجی هاتوچۆی مێردەکەی دا، تێگەیشت زۆر تووڕەیە قسەکەی بڕییەوە.

بەڵام پییەر زۆر بە توندی وەڵامی ژنەکەی خۆی دایەوە:

" ژنەکە.. تۆ لە هەر شوێنێک بیت، ئەوا تاوانەکانیش لە ئەوێن!"

بە فەڕەنسییش بە ئاناتۆلی وت:

"ئاناتۆل... وەرە! دەمەوێت: قسەت لەگەڵ بکەم."

ئاناتۆلیش سەرنجێکی خوشکەکەی خۆی دا و، کەوتە شوێن پییەر. ئەویش هەڵگەڕایەوە و قۆڵی گرت و، بردییە هۆڵەکەوە.

هیلین خۆی تێهەڵقورتاند و وتی:

"چۆن ڕێ بە خۆت دەدەیت، ئاوا لە ماڵەکەی منداا..."

پییەر نەیهێشت، قسەکەی تەواو بکات و، ئاناتۆلی برد و، چووە دەرەوە. خۆی کرد بە نووسینگەکەیدا و، دەرگاکەی بە دوای خۆیدا، داخستەوە.

بێئەوەی لە ئاناتۆل بڕوانێت، پێی وت:

"تۆ پەیمانت بە کۆنتیسە چکۆلەی ڕۆستۆڤ دابوو، کە بیکەیتە هاوسەری خۆت! ئاخر کە ئەو پەیمانەت دابوو: بۆ دەتویست، ئەم کچۆڵەیە هەڵ بگریت و، بیڕفێنیت؟"

لەبەر ئەوەی وتوێژەکەیان بە فەڕەنسی بوو.

ئەویش بە فەڕەنسی وەڵامی دایەوە:

"پێم وابێت... ئازیزەکەم، ناچار نیم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە! بە تایبەتیش کە بەم شێوازەیش لێم دەپرسیت. "

گرژی و تووڕەیی، رووی پییەری کەمێک تێکدابوو. ئەویش بە دەستە قەبەکانی یەخەی ئاناتۆلی گرت و، ڕایتەکاند و پێی وتەوە:

"پێت دەڵێم: دەبێت قسەت لەگەڵ بکەم."

ئاناتۆلیش دەستی برد بۆ شوێنی قۆپچە هەڵوەشاوەکەی و وتی:

"بەڵام ئەمەی تۆ دەیکەیت: ڕاست نییە!"

پییەر بە فەڕەنسی بە شیراندنەوە، وتی:

"خراپترین و خوێڕیترین کەسیت! خۆیشم نازانم: بۆچی دەستم تێتناچێت کە مێشکت بپژێنم؟"

پارچە ئاسنێکی لێ هەڵگرت، کە خرابووە سەر کۆمەڵە کاغەزێکی سەر مێزەکە بۆ ئەوەی پەرش و بڵاو نەبنەوە.

بەڵام هەر زوو خستییەوە شوێنی خۆی و پرسیی:

"تۆ پەیمانی مارە برینی ئەوت داوە! وا نا؟"

ئەویش وتی:

"هێندەی من پێی بزانم: نەخێر! کە کارەکەیش وا بکەوێتەوە: چۆن دەتوانم پەیمانی بدەمێ؟"

پاشان لێی پرسییەوە:

"هیچ نامەیەکی ئەوت لە لایە؟"

ئەویش سەرنجێکی پییەری دا و، جزدانەکەی دەرهێنا. دوای ئەوەی پاڵی بە مێزێکی ئەولای خۆیەوە نا و، کورسییەکی کێشایەوە دواوە و، لە سەری دانیشت. کە هەستیشی کرد ئاناتۆڵ سڵەمییەوە: پێی راگەیاند کە بێخەم بێت و، هیچی لێ ناکات.

هەر وەکو ئەوەی وانەیەکی دەرخ کردووی بیر کەوتبێتەوە، وتی:

"نامەیەکی زۆرو..."

دوای کەمێک بیرەنگی. کەوتە هاتوچۆ کردن بە ژوورەکەدا و، پاشان تێی گەیاند کە پێویستە لە سبەینێ زووتر نییە، مۆسکۆ جێ بهێڵێت!

ئاناتۆڵیش پرسیی:

"بەڵام چۆن دەتوانم؟"

پییەریش گوێی لێ نەگرت و وتـــی:

"سێیەمیش ئەوەیە: دەبێت ئەنگۆ هەڵ نەهێنیتەوە و، لای کەس باسی ئەم کارە نەکەیت. ئا ئەمەی لە نێوان تۆو کۆنتێسە چکۆلەدا رووی داوە. خۆیشم دەزانم کە بۆ ئەمەیان من هیچم لە دەست نایەت. بەڵام تۆیش لای خۆتەوە: گەر تۆزێک ویژدانت تێدا مابێت... شتی وا ناکەیت."

بێدەنگ بووەوە و، کەوتە، هاتوچۆ کردنەوە بە ژوورەکەدا. ئاناتۆل لە سەرکورسییەک و، لەلایەوە دانیشتبوو و، لێوی خۆی دەکرۆشت.

پاشان سەرنجێکی ئاناتۆلی دایەوە و، لە سەری رۆیشت:

"ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بزانیت: ناموسی خەڵکی، لە دەرەوەی سنووری حەزەکانی تۆیە و، بەو رابواردنەی خۆت: هەموو گەردوون دەپووخێنیت! تۆ بۆت هەیە، کە بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ ئەو ژنانەی وەکو منن... رابببوێریت. چونکە هەر ئەو جۆرە ژنانە، دەزانن تۆ چیت لێیان دەوێت. بەڵام تۆ بچیت: پەیمان بە کچۆڵەیەک بدەیت، کە مارەی بکەیت... فریوی بدەیت!... هەڵی بخەڵەتێنیت!!... ئەوە مەحاڵە و، تۆ بۆت نییە ئەوە بکەیت!! ئەی باشە تۆ ئەوەت نەزانیوە: ئەوە نامەردییە: کەسێک لە پیرێک یان لە منداڵێک بدات؟"

کە تێگەیشت تاکو بە ئارامتر بدوێت: ئاناتۆلیش ورە وەبەر خۆی دێنێتەوە. کپ بووەوە. پاشان لەسەرخۆ وتی:

"ئا ئەمەیە کە من نایزانم... لەمە تێناگەم... ناشمەوێت تێی بگەم."

ئاناتۆلیش بە دەم سەرنجدانی لەرینەوەی لاجانگی پییەرەوە، وتی:

"تۆ کۆمەڵێک سووکایەتیت پێ کردم! بە خوێڕیش وەسفت کردم! لەگەڵ چەند سیفەتێکی تریش. کە وەکو کەسێکی بە رەوشت، پەسەندم نەبوون."

پییەریش بەو واتایەی کە ژنبراکەی تێی گەیشتبوو... هیچی نەگوتبوو. بۆیەش بە سەرسوڕمانەوە، لەوی روانی!!

ئاناتۆلا لە سەری رۆیشت:

"هەرچەند دوو بە دوو، ئەمانەت پێ وتم. لەگەڵ ئەوەیشدا من ناتوانم..."

پییەریش بە لاقرتێوە وتی:

"پێم وابێت: بە هیوای ئەوە بوویت، کە لە خۆمت رازی بکەم! وا نا؟"

ئاناتۆلیش وتی:

"خۆ دەتوانی کە شێوازی قسە کردنەکەت راست بکەیتەوە! ئەمە لە کاتێکدا گەر بتەوێت بە ئارەزووی خۆت قسە بکەیت. ئح...!"

پییەریش بێ ویستی خۆی، لە قۆپچە وەریوەکەی ئەوی روانی و وتی:

"با وابێت! من قسەکانی خۆم دەکێشمەوە و، داوای لێ بووردن دەکەم... تەنانەت ئەگەر پێویستت بە پارەیش بێت: تاکو سەفەر بکەیت..."

بە بایەخەوە لەو بزەیەی سەر لێوانی ئاناتۆل و ژنەکەی روانی.

بۆیەش هاواری کرد:

"ئای لە رسواییتان! لە بێ دڵیتان!"

ئیدی کۆڵی لە ئاناتۆڵ دا و، رۆژی دواتر سەفەری پیترزبۆرگی کرد و، پییەری لە نێو دنیایەک سەرسامیدا، هێشتەوە.

بەشی بیست و یەك
گەڕانەوەی میر ئاندرییە

پییەر گەڕایەوە بۆ لای ماری دیمیتریێفنا و، پێی راگەیاند، کە ویستەکەی ئەوی بەجێ گەیاندووە و، کۆراگین، مۆسکۆی بەجێ هێشتووە. ماڵەکەی ئەویشی بە شپرزەیی بینی و ناتاشایش زۆر نەخۆش بوو.

ماری دیمیتریێفنایش، بەو مەرجەی کە ئەم نهێنییەی هەر ئیستا پێی دەڵێت: بیپاریزێت، پییەری تێگەیاند: هەر ئەو رۆژەی کە هەواڵی هاوسەرگیرییە کۆنەکەی ئاناتۆلیان پێ وتووە: ناتاشا بە دزییەوە... ئەستیکی خواردووەتەوە و، خۆی دەرمانخوارد کردووەو! دوا بە دوای خواردنەوەی بڕێکی فرە لەو ژەهرە. خۆی گەیانووەتە لای سۆنیا و، ددانی بەو کارەیدا ناوە!

سۆنیایش بوێرانە: کەوتووەتە هەڵپە و، ژیانی ئەوی لە مردن رزگار کردووە. ئیستا ناتاشا هێندە بێهێزە، کە ناتوانێت بگەڕێتەوە، گوندەکەی خۆیان. ناچار ناردوویانە بە شوێن دایکیدا، تاکوو ئەو بێت بۆ لای ئەم.

پییەریش ئەوەی لە توانایدا بوو، بۆ کۆنتی لاواز و سۆنیای چاو بە فرمێسکی کرد. بەڵام هەر بۆی ڕێک نەکەوت ناتاشا خۆی، ببینێت!

ئەو رۆژە لە یانەکە نانی نیوەڕۆی خوارد. کە بینیی باس هەر باسی هەڵگرتنی خاتوو کۆنتیسە چکۆلەی، بنەماڵەکەی ڕۆستۆف و، هەڵگرتنەکەیەتی، لە لایەن ئاناتۆلەوە و، بووتە بنێشتەخۆشەی سەر زاری، خەڵکانی یانەکەوە. کەوتە بە درۆخستنەوەی ئەوانەی ئەو پڕوپاگەندەیەیان کردووە. تێیشیگەیاندن، کە ئەمە بە هۆی ئەو داوا کردنە کاڵفامییەوە بووە، کە ژنبراکەی لە کۆنتی کردووە. تاکوو هاوسەرگیری لەگەڵ ناتاشای کچی بکات. جا کە بە نەرێنی وەڵامیان داوەتەوە ئەمیش لای خۆیەوە، بە باشی زانیوە، بۆ کڕینەوەی

کەسێتیی خۆی، ئەم درۆیەی بۆ هەڵا ببەستێت و، هەواڵەکەی خستووەتە نێو خەڵکەوە.

پیـەر بـە دڵـەڕاوکێیەکی فـرەوە، چـاوەڕوانی گەڕانـەوەی ئـاندریـە بـوو. هـەموو رۆژێکیش خۆی دەگەیاندە میرە پیرە، بۆ هەواڵپرسینی ئەو. کچـە بـۆرییەنیش لای خۆیـەوە، هـەر قسـە و باسێک لـەو بارەیـەوە لـە شـاردا بڵاو ببوایەتـەوە، بـۆ پیـەری دەگێڕایـەوە و، ئەوەیشی پێ راگەیاندبوو، کە لە وەڵامی نامەکەی خاتوو مارییدا، ناتاشا پێی راگەیاندبوو کە: با ئاندریە، دەستی لە دەستی ببێتـەوە و، کۆڵی لێ بدات! میرە پیرەیش لای خۆیـەوە، زۆر بەو کارەی ناتاشا دڵخۆش بوو و، پەرۆشی گەڕانەوەی کوڕەکەی خۆی بوو.

دوای چەند رۆژێکی کەم، لە سـەفەرەکەی ئاناتۆل. پیـەر نامەیەکی لە لایەن ئـاندریـەوە بۆ هـات و، تێیدا پێی راگەیاندبوو، کە دەگەڕێتـەوە و، تکایشـی لێ کردبـوو کـە سـەردانی ماڵی باوکی بکات.

کچـە بـۆرییەنیش بـە هـەر فڕوفێڵێک بـوو، نامەکـەی ناتاشـای لـە مـاری دزیبـووەوە و، دابووی بە میرە پیرە. ئەویش پێش ئەوەی ئـاندریە خـۆی بگەڕێتەوە. بە نامەیەک هەواڵـی ئـەو نامەیـەی کـە ناتاشـا بـۆ مـاریی کچـی نووسـیبوو و، تێیـدا داوای لـە مـاری کردبـوو ئـاندریـەی برای تێ بگەیەنێت: ئیتر دەست لە ناتاشـا بشـوات و، بـە تـەمای نـەبێت. هـەرچی قسـە و قسـەڵۆکێکیش لـە بـارەی هـەڵگرتنی ناتاشـا و، رفانـدنی لـە لایـەن ئاناتۆلـەوە، لـە مۆسکۆدا بڵاو بووبووەوە، هەمووی لەو نامەیەدا بە کوڕەکەی گەیاندبوو.

بەرە بەیانی رۆژی دواتر، پیـەر بە پەلە خۆی گەیاندە ماڵی هاوڕێکەی. وای دانابوو کە ئەویش بـە شـێوەی شـەڵەژانی ناتاشـا ببینێت. بـەڵام سـەری سـوڕما، کـە گوێـی لـە دەنگی زوڵاڵی ئاندریـەی هـاوڕێی بـوو، لـە بـارەی پیلانێکی پیترزبۆرگـەوە دەدوا و، جـاروبارێک میرە پیرە. یان میوانەکەی، قسەیان پێ دەبڕی.

خاتوو ماری، پیـەری بـە خێر هێنـا. پاشـان هەناسـەیەکی قوواڵی هەڵکێشـا و، سـەیرێکی نووسینگەکەی بـاوکی کرد. بێگومان سەرنجدانەکەی ئەو، بـەزەیی هاتنـەوەی: بـە براکەیـدا پێوە دیار بوو.

بـەڵام ئەوەیشـی پێـوە دیـاربوو، کـە رازی بـووە بـەو ناپاکییـەی ناتاشـا کردبـووی. براکەیشی هەرمان پەرچەکرداری هەیە بەرامبەری.

پاشان بە ئاگا هاتەوە و بە پیـەری وت:

"براکـەم خۆیشـی چـاوەڕێی ئـەو کـارە ناهـەمواڕەی لـێ کردبـوو! بێگومـان کەسـێتیی براکەیشم، ڕێ بە ئەوە نادات کە: جڵەو بۆ سۆزی خۆی شل بکات. بە هەر حاڵ زۆر باش بەرگەی ئەو خەمەی خۆی دەگرێت. لەوەیش باشتر خۆڕاگر بوو، کە خۆم چـاوەڕێم لێی دەکرد."

پیـەریش وتی:"بەڵام ئـاخۆ ئەم لێک دابـڕانەیان راستەقینەیە و، تەواوە؟"

ماڕییش بە سەرسامییەوە، لێی روانی! پێی وانـەبوو، کە ئـەم جۆرە پرسـیارانە شیاوی ئەوە بێت کە بکرێت.

که پییەر خۆی کرد بە نووسینگەکەدا. بینیی میر ئاندریە، بەرامبەر باوکی دانیشتووە. میر میشتشیرسکییش، بەرگی ئاسایی پۆشی بوو و، بە پەرۆشەوە دەدوا و، چالاکانە هەردوو باسکی دەبزوان. زۆریش گۆڕدرابوو. لە رووداوی رۆژ دەدوان. باسی ناپاکییەکەی و، دوورخستنەوەی سبیرانسکییان دەکرد.

لەو کاتەدا، میر ئاندریە دەیوت:

"ئەوەی کە مانگێک لەمەوبەر، هێندە ئەوی بالا کردبوو و، گەیاندبوویە کەشکەڵانی فەلەک... ئەمڕۆ یەکەم بەردی نەفرەت کردنی تێ دەگرێت! ئەوانە هێشتا خۆیان داوەتە سایەی کەسانێک، کە ناتوانن لە پیلانەکانیان و، لە نیازیان بگەن. ئاسانە ئەنجامی هەڵەکانی کەسانێک، بخەیتە ئەستۆی کەسانێکی بێزراوی تر. زۆر باشە! من وای لە قەڵەم دەدەم: کە هەر شتێکی بە سوود لەم سەردەمەدا، روو بدات بە هۆی ئەوەوە بووە.

ئاندریە هەرکە پییەری بینی، قسەکەی بڕیەوەو رووی تاڵ بووو درێژەی دایە:

"نەوەکانی داهاتوو مافی خۆی دەدەنێ."

بە رووبەکی گرژەوە لای کردەوە بە لای پییەردا و وتی:

"زۆر باشە... چۆنیت!؟ ئەوە چییە... زۆر بە خێرایی قەڵەو بوویت! "

پاشان وەڵامی ئەوی دایەوە:

"بەڵێ! منیش تەندروستیم زۆر باشە."

پییەریش بزەکەی ئەوی وا لێکدایەوە:

"بەڵێ هەرچەند تەندروستیشم باشە... بەڵام کەس بایەخم پێ نادات!"

دواتر لەگەڵ هاوڕێکەی، قسەیان لە بارەی خراپیی رێگاوبانەوە کرد و، بە تایبەتیش لە سنووری پۆڵۆنیاوە. پاشان باسی ئەو هاوڕێیانەی پییەر، کە لە سویسرا بینی بوونی و، ئەو بەڕێز دیسالەی کە لە هەندەرانەوە هێنابووی، تاکوو کوڕە چکۆلەکەی: فێرە خوێندن و رۆشنبیری بکات.

پاشان گەڕایەوە سەر باسە کۆنەکەی و پێش گەیشتنی پییەر و وتی:

"ئەگەر ناپاکی لە ئارادا بووبێت و، بەڵگەی دەستخستنە ناودەستی سبیرانسکی، لەگەڵ ناپلیۆندا، هەبووبێت. ئەوا بە فەرمی ئاشکرا دەکرا. من نە سبیرانسکیم خۆشویستووەو نە خۆشیشم دەوێت. بەڵام پیاو دەبێت دادپەروەر بێت."

پییەر لەو گفتوگۆ فرە رەهەندەدا. هەستی بە جوولەی زۆری نائاسایی ئاندریە کرد و، ئاخر لەوەو پێش ئەوی بەو شێوەیە، نەبینی بوو! بۆچوونیشی وابوو بۆیە ئەو رەفتارەی نواند، تاکوو خەم و ئازارەکانی خۆی بیر ببایتەوە.

دوای رۆیشتنی میر میشتشیرنسکیی میوانیان، ئاندریە قۆڵی پییەری گرت و، بردییە ئەو ژوورەی ماڵەکەیان، کە بۆ خۆی تەرخان کرابوو. شوێنی نووستنی خۆی بوو و، چەند جانتا و سندوقێک، ئەو ژوورەی تەنگ کردبووەوە. پاشان بەسەر سندوقێکی چۆڵدا

نووشتایەوە و، گوڕزەیەک کاغەزی لووڵکراوی دەرهێنا. کتوپڕ ئەمەی کرد و هیچیشی نەگوت.

نەرمە کۆکەیەکی کرد و، بە ڕەنگی هەڵبزرکاو و، لێوە لەڕەوە وتی:

"بمبەخشە کە بێزارت دەکەم..."

بە هەڵچوون و، ڕووە سۆزاوییەکەیدا، بۆی دەرکەوت، کە دەیەوێت لە بارەی ناتاشاوە بدوێت.

ئاندریە وتی:

"ناتاشای کۆنتیسە چکۆلەی ڕۆستۆف، لە پەیمانەکەی خۆی پاشگەز بووەتەوە! تەنانەت ئەوەیشم بیستووە، کە ژنبراکەت، داوای ئەوی کردووە! یان شتێکی لەو جۆرە!"

پییەر وێستی قسە بکات و بڵێت: ئەمە راستەو...

بەڵام میر ئاندریە قسەکەی پێ بڕی‌و وتی:

"ئا ئەمانەی بە دەستمەوەیە: وێنەو نامەکانی ئەوە! "

دەستی گوڕزەی نامەکانی بۆ پییەر درێژ کرد و، درێژەی دایە:

"هەر کۆنتیسە چکۆلەی ڕۆستۆفت بینی، ئەمانەی بۆ بگێڕەوە!"

پییەریش بە نیانییەوە وتی:

"ئاخر ئێستا ئەو زۆر نەخۆشە!"

میر ئاندریەیش کتوپڕ هەڵیدایە:

"ئۆو! کەوابوو ئێستا خاتوون لیزەیە! ئەی ئاناتۆل کۆراگین لە کوێیە؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"ماوەیەکە ئەو پیاوە ئێرەی جێهێشتووە. ناتاشایش نەخۆشە و خەریک بوو بمرێت!"

بە زەردەخەنەیەکی فێڵبازانەی واوە، کە باوکی وەبیر دەهێناوە، وتی:

"نەخۆشییەکەی زۆر ئازارم دەدات. بێگومان ئاناتۆل کۆراگینیش بە شایستەی خۆیی نەزانیوە، بۆیە هاوسەرگیریی لەگەڵ نەکردووە!"

پییەریش لە وەڵامی ئەو لاقرتیەیدا وتی:

"نەخێر وا نەبوو! لەبەر ئەوە، نەیتوانی هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات: چونکە ئەو زووتر هاوسەرگیریی کردووە و، خێزانی پێکەوە نابوو!"

پاشان ئاندریە لێی پرسی:

"ئاخۆ دەتوانم: بزانم بەڕێزەکەی ژنبرات لە کوێیە؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"سەفەری... لە ڕاستیدا: نازانم لە کوێیە!"

ئاندریە لە سەری ڕۆیشت:

"بە هەرحاڵ ئەمە گرنگ نییە... کە کۆنتیسە ڕۆستۆفی چکۆلە ناتاشات بینی، بە زمانی منەوە پێی بڵێ...ئێستایش هەر وەکو جاران: خوازیاری بەختەوەریی ئەوم."

پییەریش لای خۆیەوە: گورزە کاغەزەکەی هەڵگرت. میر ئاندریەیش جۆرێک سەرنجی ئەویدا، وەکوو ئەوەی قسەی تری مابێت و، هێشتا نەگوتبێت. یان وەکوو ئەوەی چاوەڕێی قسەیەک بێت لە پییەر.

پییەریش وتی:

"گوێ بگرە... بێگومان تۆ وتوویژەکەی نێوانمانت لە شاری پیترزبۆرگدا: بیر ماوە. بیرت نەچێ..."

ئاندریە هەڵیدایە:

"لە بیرمە... هێشتا بیرم ماوە کە وتبووم: دەبێت لێبووردە بین، بەرامبەر بە ژنێک کە هەڵدەدێرێت. بەڵام خۆ نەمگوتووە: دەتوانم لێیشی خۆش ببم! ئاخر من ناتوانم لێبوردە بم!"

پییەریش پرسیی:

"ئاخۆ دەتوانین: کەمێک بەراورد بکەین؟"

بەڵام ئاندریە قیژاندی:

"بەڵێ! بەڵێ! ئاخۆ سەرلەنوێ، داوای بکەمەوە و، بەم کارەم: پیاوەتی و بە ویژدانی و، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی، لەو جۆرەی خۆمی بۆ بسەلمێنم!?... بێگومان ئەوپەڕی پیاوەتییە. بەڵام ناتوانم بە سەر داروپەردووی، پاشماوەی ئەو بەڕێزەی تردا... بڕۆم! ئەگەریش دەتەوێت هاوڕێیەتییەکەمان وەکوو خۆی بمێنێتەوە، ئەوا: لە ئەمڕۆ بە دواوە، هەرگیز لەم بارەیەوە مەمدوێنە! ئێستایش لە سەر ئەوە پێک هاتووین، کە ئەم گورزە نامانە، بگێڕیتەوە بۆی... خوات لەگەڵ."

پییەریش گەڕایەوە بۆ بنەماڵەی ڕۆستۆڤ و، بینینی میرە پیرە و کچەکەی.

میرە پیرە لە جارانی، بە ئاگاتر بوو و، ماریی کچیشی، هەر وەکوو خۆی بوو. هەرچەند ئەو کچە پییەری دەبینی، بۆ براکەی دەکڕووزایەوە. بەڵام لە ناخیدا: شاد بوو، بە سەرنەکەوتنی ئەو پرۆژەی هاوسەرگیرییە.

پییەریش دوای سەرنجدانێکی قوولا، تێگەیشت کە ئەم بنەماڵەی میرە پیرەیە تا چەندە رقیان لە بنەماڵەی ڕۆستۆڤ دەبێتەوە و، شیاو نییە بە هەر هۆیەک بێت ناوی ئەو کچەیان لا بهێنرێت. بە تایبەتیش پرسی ئەوەی: کە چۆن ئەو کچە توانیویەتی ناپاکی لە میر ئاندریە بکات!?

کاتی نان خواردن و، لە سەر خوانەکە، باسی ئەو شەڕە نەگریسە چاوەڕوانکراوەیان کرد، کە لە ئان و ساتی بەرپابووندا بوو.

میر ئاندریەیش وتوویژەکەی هەڵدەسووڕاند و، دەمێک ڕووی لە باوکی دەکرد و، دەمێکیش بەڕێز دیسال و، پێیشییەوە دیاربوو، کە لە جارانی چاکترە.

پییەریش لە هەموو کەسێک باشتر دەیزانی، کە هۆی ئەو گڕو تینەی ئەو چییە.

بەشی بیست و دوو
بەخشین و خۆشویستن

ئێوارەی هەمان رۆژ، پییەر بەرەو بنەماڵەکەی ڕۆستۆف بووەوە. تاکو ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بێنێت. ناتاشا لە جێدا کەوتبوو. کۆنتی باوکی نەخۆشەکەیش، لە یانە نەگەڕابووەوە.

ئەمیش گورزەی نامەکانی دایە دەست سۆنیا و، بەرەو ژوورەکەی ماری دیمیتریێفنا چوو. ماریێش لای خۆیەوە، تامەزرۆی ئەوە بوو، بزانێت کە میر ئاندریە، بە چ شێوەیەک ئەو هەواڵەی وەرگرتووە!

دوای دە خولەکێک، سۆنیا هات و، بە پییەری راگەیاند: کە ناتاشا خوازیارە ببینێت.

ماری دیمیتریێفنایش بەرپەرچی داوە و پرسیی:

"جا شیاوە پییەر ببرێتە ژوورەکەی ناتاشاوە؟ کێشەکان مەترسیدارو ئاڵۆزن!"

سۆنیایش وەڵامی دایەوە:

"ئاخر ناتاشا خۆی پۆشیوە و، لە هۆڵەکە چاوەڕێی دەکات."

ماری دیمیتریێفنایش شانی رازیبوونی هەڵتەکاند و، ئامۆژگاریی پییەریشی کرد: ئاخۆ کەی دایکی خۆی، بگاتە ئێرە!؟ ئیدی بەرگەی ئەم کێشەیە ناگرم!... تۆیش ئاگات لە خۆت بێت. هیچی وای پێ نەڵێیت... باشە!؟ چونکە مرۆڤ کە دەیبینێت: پرکێشیی ئەوە ناکات، کە

سەرکۆنەی بکات. ئەو کچە جێی بەزەییە.

لەولایشەوە ناتاشا، بە رەنگی زەردەوە لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستابوو. پییەریش کە ئەوی بینی، ئەوەی بەلاوە سەیر بوو، کە تەریقی و شەرمی پێوە دیار نەبوو. بەڵام هەر ئەو لە دەرگای هۆڵەکەوە دەرکەوت، ناتاشا شپرزە بوو. نەیدەزانی چی بکات؟ ئاخۆ بەرەو رووی بچێت!؟ یان هەر لە جێی خۆیەوە، پێشوازیی لێ بکات!؟ پییەر هەنگاوەکانی بەرەو ئەو خێراتر کرد و، پێی وابوو کە وەکوو جارانی ئەو دەستی تەوقە کردنی بۆ درێژ دەکات. بەڵام ناتاشا دوای کەمێک نزیک بوونەوە، بااڵکانی بەمدیوو ئەودیوی خۆیدا، بەردانەوە. هەر وەکوو ڕاوەستاندنەکانی جارانی ناوەڕاستی هۆڵی سەماکە، خۆی هاتەوە بەرچاو. کە گۆرانی دەچڕی و، لە رەنگ و رووی زیاتر، هیچی نەگۆڕدرابوو.

ئەمجا ناتاشا بە هەناسە سواربییەوە وتی:

"پییەر کریلۆڤیتش... میر ئاندریە هاوڕێی تۆیە...!"

وا بۆی چوو شتەکان بە رابردووەوە بەندن و، قسەکانی ڕاست کردەوە و وتی:

"خۆ ئێستایش هەر هاوڕێی تۆیە! ئاخر کاتی خۆی، منی وا ئامۆژگاری کرد بوو، کە هەر کێشەیەکم بوو، پەیوەندی بە تۆوە بکەم."

پییەریش بە دڵێکی خۆش و، پەرۆشییەکی فرەوە، گوێی لێ گرتبوو. چونکە تا ئەو دەمە لای خۆیەوە، لۆمەی ناتاشای کردبوو و، لە ناخەوە رقی لێی بوو و، بووغزاندبووی. بەڵام ئێستا سەرنجەکانی پێچەوانە بوونەتەوە و، بەرە بەرە بەزەیی دزە دەکاتە دەروونییەوە و، جێی ئەو هەموو رق و کینە کۆنەی دەگرتەوە!

ناتاشا لە سەری ڕۆیشت:

"ئەو ئێستا لێرەیە! پێی بڵێ... با لێم خۆ... ش ببێت."

ئەو داماوە هێندەی تر وشک هەڵگەڕا و، هەناسەی سوار بوو و، کپ بووەوە.

پییەر هەڵیدایە:

"بەڵێ باشە... ئەمەی پێ دەڵێم! بەلام..."

ئیدی ئەویش زمانی چووە کلیلە و، نەیزانی هیچی تری پێ بڵێت.

ناتاشا لای خۆیەوە، لەوە ترسا کە رەنگە بە مێشکی پییەردا هاتبێت و وتی:

ـ ئۆو!! منیش دەزانم کە هەموو شتێک بۆ تاهەتایە کۆتایی هاتووە! بەڵام ئەوەی کە بێزاری کردووم، ئەو خەم و پەژارەیەیە، کە بە هۆی منەوە، ئەو تووشی بووە. هەر هێندەی پێ بڵێ: ناتاشا لێت دەپارێتەوە، کە لێی خۆش ببیت و لە هەموو شتێکم ببوورێت.

موچڕکەیەک لە تەوقی سەرییەوە هات و، لە ئەموستی پێیەوە دەرچوو و، خۆی بە پێوە بۆ.نەگیرا و، خۆی فڕێ دایە نێو کورسییەکەوە.

کتوپڕ سۆز و بەزەیی: دڵی پییەری داگیر کرد. بە جۆرێک بوو، کە لەوەو پێش بە خۆیەوە نەیبینی بوو! بە پەرۆشەوە دووبارەی کردەوە... لێت روون بێت کە هەر دێت، ئەمەی پێ بڵێم. دەبێت هەموو شتێکی پێ بڵێم. بەڵام زۆر حەز دەکەم: شتێک بزانم!

سۆنیا لەولاوە هەڵیدایە و پرسیی:

"دەتەوێت... چی بزانیت!؟"

پییەر پرسیی:

"حەزت لە کوێی ئەو کردبوو!؟ کام لە تایبەتمەندییەکانی ئەو؟"

پییەری داماو هەرچەندی کرد و کۆشا، نەیوێرا بە خراپ باسی ئاناتۆل بکات و، ناتۆرەیەکی خراپی بداتە پاڵا! هەر بە ناوهێنانەکەیشی سوور هەڵگەڕا!

ناتشایش هاواری لێ هەستا:

"ناوناتۆرەی پێ مەڵێ! من هیچ نازانم! وام لێ هاتووە: هیچ نەزانم."

دەستی کردە گریان.

"خۆشەویستی و بەزەیی پێداهاتنەوە، دڵی پییەری داگیر کردەوە."

هەستی کرد وا فرمێسک لە ژێر چاویلکەکەیەوە، بە سەر روومەتیدا، تلۆر دەبێتەوە. ناچار وتی،"هاوڕێ... با چی تر، باسی ئەم بابەتە نەکەین. بێگومان شتێکی هەر پێ دەڵێم. تەنیا هێندە لە تۆ دەخوازم: کە من وەکو هاوڕێیەکی خۆت دابنێیت. گەر پێویستیشت بە یارمەتی یان ئامۆژگاری بوو. یان هەر کاتێک خۆت ویستت... دەردەدڵی خۆت بۆ من هەڵبڕێژە. نەک هەر ئێستا... بەڵکو دوای ئەوەی هەموو شتەکانت بۆ روون دەبێتەوە: منت بیر بکەوێتەوە."

پاشان پییەر، دەستەکانی گرت و، ماچی کردن و وتی:

"زۆر بەوە بەختەوەرم کە دەتوانم..."

پییەر شڵەژا و ناتاشا هاواری کرد:

"بەم شێوەیە مەبە لەگەڵ من... چونکە تێی ناهێنم و، شایستەی ئەوە نیم! "

ناتاشا ویستی بڕوات و، ئەویش دەیزانی شتێک لە دڵیدایە و، پێویستە ئەم گوێی لێ بگرێت، بۆیە وەستانی.

هەر کە ناتاشا ویستی قسە بکات. پییەر مۆڵەتی نەدا و پێی وت:

"شتی لەم جۆرە مەڵێ!..کچێ! تۆ تەمەنێکی دوورو درێژت لە بەردەمدایە..."

ناتاشایش ویستی له خۆی کەم بکاتەوە و وتی:

"من!؟ نەخێر!! من هەموو شتێکم دۆڕاند!"

ئەویش هەڵیدایە:

"هەموو شتێکت لە دەست چوو؟ بۆچی تۆ پێت وایە..."

"زۆر باشە! بڕوا بکە: گەر من ئەمەی ئێستا نەبوومایە و، ژیرترین و جوانترینی لاوان و رەبەن و، کوڕ بوومایە... بە بێ سێودوو: لەبەر دەمتدا بە چۆکدا دەهاتم و، کڕنووشم بۆ دەبردیت و، داوام لێ دەکردیت کە: هاوسەرگیریم لەگەڵ بکەیت!"

ناتاشایش لای خۆیەوە، فرمێسکی سوپاس و پێزانینی خۆی، بۆ رشت و، تێی گەیاند، کە زۆر دەمێکە فرمێسکی شادیی وەکوو ئێستای هەڵنەڕشتووە!

پییەریش بە دوایدا چووە دەرەوە و، بەرەو دالآنەکە بووە و، خۆی لەوە گرتەوە، کە فرمێسکە بەختەوەرییەکەی دانەوەرن. پاڵتۆ کەوڵەکەی هەڕەمەکیانە پۆشی و سواری خلیسکێنەکەی بوو.

گالیسکەوان لێی پرسی:

"بۆ دەبێت بچین؟"

پییەریش وتی:

"دەتوانم بۆ کوێ بچم؟ ڕوو بکە یانەکە و، بۆ لای هاوڕیان... مەحاڵە."

لە بەرامبەر ئەو سۆز و بەزەییەدا، هەموو شتەکانی تری، بە هیچ زانی. چونکە شتەکان بەهای ئەو سۆز و خۆشەویستییەیان نەبوو، کە بە ناتاشای بەخشی.

پاشان خلیسکەوانەکەی وت:

دەی... بەرەو ماڵەوە بڕۆ.

هەرچەند گەرما دە پلەی خوار بەستنەوە بوو. بەڵام ئەو کەوڵە پێستە ورچەکەی داکەند و، لە سەر سنگە پان و پۆڕەکەی خۆیی لادا و، هەناسەیەکی پڕ ئاسوودەیی خۆشی هەڵکێشا.

کاتەکە کاتێکی زوقم و بەستەڵەک و، شەختەی جوان بوو. ئاسمان تاریک و، بە ئەستێرە چێنرا بوو و، بەسەر شەقامە پۆخڵە نیمچە تاریک و سەربانەکاندا کشابوو. بەڕوانینی ئەو دیمەنە قەشەنگە و، بەراوردی شتە بێ نرخەکانی دنیا، بەو سۆزو خۆشەویستییەی پییەر هەستی پێ کردبوو، هەمووی بیر بردەوە.

کە گەیشتە گۆڕەپانی ئاربات، بۆشاییەکی پان و پۆڕی گوومەزی بە ئەستێرەی، لە دڵی ئاسماندا هاتە پێشچاو. کە بەسەر شەقامی بریتشی شتنکییەوە بوو.

لەنێوەندیدا کۆمەڵە ئەستێرەکی پرشنگداری سپیی تایبەت و، کلکێکی درێژی بڵند بە کەنارییەوە بوو. ئەو کلکدارە، کلکدارەکەی ساڵی (١٨١٢) بوو. ئەوی وایان پڕوپاگەندە بۆ کردبوو، کە ئەوە نوقڵانەی ئاڵۆزبوونێکی مەزنە و، بگرە کۆتایی دنیایە! بەڵام ئەو ئەستێرە کلکدارە، هیچ ترسێکی لە دڵی پییەردا نەجووڵان و، بەڵکوو بە پێچەوانەوە. بە چاوانی تەڕەوە و، شادمانانە لێی دەڕوانی.

بەخێرایییەک ئەو ماوەیەی بڕی کە سنوری بۆ نەبوو. وا بە قوڵایی ئاسماندا ڕۆچوو بوو، هەروەکوو ڕۆچوونی تیرێک، بە قوڵایی زەویدا!

کلکدارەکە دەبریسکایەوە و، تیشکە سپییەکەی، لە نێو ئەستێرەکانی تردا جیاواز بوو.

پییەریش لای خۆیەوە پەیوەندیەکی نادیاری لە نێوان خۆی و، ئەو ئەستێرەیە و، ژیانەوەی ڕۆح و کرانەوەی بە ڕووی ژیانێکی بەختەوەرانەدا هەست پێ کرد.

• • •

پـــاری یـــەکەم

بەشی یەك
دیاریکردنی لێپرسیاوێتی

لە مانگەکانی دوایی ساڵی (١٨١١)دا، ئەوروپا هێزێکی زۆری ئامادە کرد. لە (١٨١٢) دا ئەو هێزە زەبەلاحەی کە لە ملیۆنان پیاو پێکهاتبوو، لە ڕۆژئاواوەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و سنووردەکانی ڕووسیا ئاراستە کرا. هەر لە ساڵی (١٨١١)وە ڕووسیایش هەرچی هێزە سەربازییەکانی خۆی هەبوو کۆی کردبووەوە. لە دوازدەی حوزەیراندا سوپا مەزنەکەی ئەوروپای ڕۆژئاوا سنووری بەزاند و شەڕ هەڵگیرسا. واتا ڕووداوێکی پێچەوانەی مێشک و ژیریی، سرووشتی مرۆڤ ڕوویدا. ئەو ملیۆنان کەسە تاوانێکی زۆریان بەرامبەر یەک کرد و یەکتریان فریو دا و، یەکتریان خەڵەتاند و، چەندین ناپاکی و دزییان کردو، لە یەکتریان کوشت و قسەیان بۆ یەک هەڵبەست و، ئاگریان خستەوە و، ڕاو و ڕووتیان بە جۆرێک کرد، لە دادگاکانی جیهاندا، بە درێژایی چەندین سەدەیش لە وێنەی ئەو تاوانانە نەبوو. بێئەوەی کە ئەنجامدەرانی ئەم ڕسوایەتی و خراپەکارییانە بە تاوانبار هەژمار بکرێن.

چی بووە هۆی ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنە و، هۆیەکانی چی بوو؟ میژوونووسان بە سووربوونەوە، سووکایەتی پێکردنەکانی دۆق کۆڵدنبرگ و، شکاندنی ئابڵووقەی وشکانی. لەگەڵ تەماعکاریی ناپلیۆن و کەللەڕەقیی

ئەلکسەندەر و، هەڵە دبلۆماسیەکان.. هتد: بە هۆکار دەزانن، بۆ هەڵگیرساندنی ئەم جەنگە. ئەگەر کارەکە وا بوایە. بۆ بە دووربووون لە شەڕ "مەتەرنیخ[1]" یان "ڕۆمیان تسیف"، یان "تالیران[2]"، دەیانتوانی لە شەو و ڕۆژێکدا بروسکەیەکی سیاسی ناوازە بنێرن. یان ناپلیۆن زۆر سادانە بۆ ئەلکسەندەری بنووسیایە: بڕا گەورەم! من گەڕاندنەوەی دۆقییەت بۆ دۆق "دۆڵدنبیرگ" پەسەند دەکەم. ئەوا وا دەبینرا: کە ئەمە تیلەچاوی کەسانی سەردەمە!

ناپلیۆنیش هۆیەکانی شەڕی دەدایە پاڵ پیلانەکانی بەریتانیا و، بێ پێچ و پەنا، لە دوورگەی سانت هیلانە، ئەم قسەیەی کردبوو. ئەندامانی "ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا"یش ئەو بەرپرسیارێتیەیان دەدایە پاڵ، چاوچنۆکی و تەماعکاریی ئیمپراتۆر. گومانیش لەوەدا نەبوو، کە دۆق دۆڵدنبێرگ، شایەتی ئەو ڕەقی و تووندییە بوو. کە خۆی و دواتر کەسانی ئەندامانی دانووسان و ئەو ئابڵووقەیەی کاولکاریی بەسەر ئەوروپادا هێنا و، بووە قوربانیی ئەو تووندوتیژییە. کەسایەتیانی سەربازیی کۆنیش بوونە بەڵگەیەڵێکی تر و، پێویست بوونی خستە بەردەمی کار بۆ ئەندامانی یاسادانان و، دامەزراندنی بە پەلەی دانوسانی "بنەماکانی باشبووون"ی دبلۆماتان. لە واقیعیشدا خراپی و پەراوێزەکانی کێشەی پێشەکیی ڕاپۆرتی "میوراندۆم"ی ژمارە (۱۷۸)ی ئەو هاوپەیمانێتیەی کە لە ساڵی (۱۸۰۹)دا لە نێوان نەمسا و، ڕووسیادا مۆر کرایش، بۆ خۆی کێشە بوو و بۆ هۆکار بۆ هەڵگرسانی ئاگری ئەو جەنگە.

ئێمەی هاوچەرخ و، نەوەی دوای ئەوان، سەرنج دەدەین کەوا پەنایان بۆ ئەو هەموو هۆیانە و، چەندینی تریش بردووە. ئەویش بە هۆی فرە ڕەهەندیی تیلەچاوی خۆیانەوە بووە. ئێمە بە پاشخانیان دەزانین و دەتوانین ئەو ڕووداوە مەزنە بەربڵاوەی دانوسانیان بەرز بخەملێنین، واتا ساکارەکەی بەلانی کەمەوە بە هێندەی تۆقێنەرییەکەی تێی بگەین. کەوا چۆن بە ملیۆنان مەسیحی ئازار دران و سەربڕدران. ئەمانەیش تەنیا لە بەر ئەوەی ناپلیۆن تەماعکار و، ئەلکسەندەر کەللەڕەق بوو. سیاسەتی بەریتانیایش خوار و خێچ و، دۆق دۆڵدنبێرگ، ڕسوا

---

۱ ـ کلیمانت ونسلاس: (۱۷۷۳ـ ۱۸۵۹) میری مەتەرنیخ بوو و یەکێک بوو لە سەرانی دەوڵەتی نەمسا. ئەم پیاوە هاوسەرگیریی "ماری لویز" و ناپلیۆنی یەکەمی سازاند.

۲ ـ شارل مۆریس دوو تالیران: میری بیێڤان سیاسیەکی فەڕەنسیە و لە پاریس لە دایکبووە.سەرەتا قەشەی "ئۆتۆن" بوو و بە دوایدا بووە سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی.

کرابوو. ئەمانە بۆ خۆیان بۆ ئیمە شتیەلێکن، تێگەیشتن لێیان ئەستەمە.

عەقڵمان بە ئەوە نەدەشکا، کە شتێک هەبێت، ئەم بار و دۆخانە و، کوشتوبڕ و تاوان و، ئەم کارە تۆند و تیژییانە پێکەوە ببەستێتەوە! نەماندەبینی کەوا چۆن رسوا و، سەرکۆنە کردنی "دۆق"ێک لە توانایدایە: بە هەزاران پیاوی چەکدار لەمسەری ئەوروپاوە بگەیەنێتە ئەو سەری دنیا: بۆ کوشتنی یەکتر و، ڕووتاندنەوەی دانیشتوانی هەرێمەکانی "سمولنسک"و مۆسکۆ!؟ یان بە دەستی ئەوان بکوژرێن.

هۆیەکان بە لای ئیمەیەک، کە نەوەی داهاتووین. ئیمە مێژوونووس نین و بە جۆرێکین کە لە ژێر زەبری لابردن و دوورخستنەوەدا چەواشە نابین. بەڵکو دەتوانین هەستیارانە ڕووداوەکان بپشکنین و، لە هەژمارکردنی بترازێنین. تاکو قوونڵتر بینەوە لە گەڕان بە شوێن هۆکارەکانی ئەو جەنگە نەگریسەدا، هۆیەکانیش زۆرتر دەبن و، هەر هۆیەکیش بە جیا وەربگرین، کۆمەڵێک هۆکاری تر پێکەوە و، لە یەک کاتدا وەدەردەکەون و، ڕەوایشن. بەڵام هەڵەیە کاتێک ئەودەمەی بەراوردی دەکەین بە مەزنیی خودی ڕووداوەکە خۆی.

چۆن دەکرێت بە ملیۆنان مەسیحی، بە گڕ یەکدا بچنەوە و، یەکتر سەر ببڕن و ئازار بچێژن، تەنیا بە هۆی تەماعکاریی ناپیلۆن و، کەللەڕەقیی ئەلکسەندەر و دوو فاقیی سیاسەتی بەریتانیا و، سوکایەتی کردن بە دۆق دۆلدنبۆرگەوە، بووبێت!؟

چونکە ناتوانین بە بێ تێکەڵ کردنەوەی بە هۆیەکانی تر، قسەی لێوە بکەین. ئەگەر وایە، ئەی بۆ قسە لەسەر چوونە ڕیزی سوپای عەریفە فەڕەنسییەکانەوە یان نەچوونیان ناکرێت!؟ گریمان ئەو پیاوە کە لە پشتییەوە، هەزاران عەریفی تر هەبوو، ڕەتیان بکردایەتەوە، کە پەیوەندی بکەنەوە بە ڕیزەکانی سوپاوە. ئەو کاتە سوپای ناپلیۆن کەم و کورتی دەهێنا و، شەڕ هەڵنەدەگیرسا. گەر ناپلیۆن خۆشاردنەوەی لە سایەی فیستۆلدا بە سەرشۆڕی نەزانیبایە، پێشڕەویی بە هێزەکانی نەدەکرد و، شەڕ نەدەقەوما. با وایدابنێین کە ئەو ئەفسەر و عەریفانە، پەیوەندییان نەکردایە بە سوپاوە، دیسان شەڕ نەدەقەوما. هەروەها ئەگەر پیلانگێڕان دۆلدنبێرگیان نەگێڕایەوە. یان ئەلکسەندەر زوو هەڵنەچووایە و نەهەژایە و، ڕووسیایش حکومەتێکی ئۆتۆکراتی نەبوایە. یان شۆڕشی فەرەنسی و، دەوڵەتەکانی "ئیدارە" و مەملەکەت نەبوونایەتە هۆی شۆڕش و...هتد. مەحاڵ بوو شەڕ و دەستدرێژی ڕوو بدات. تەنانەت یەک هۆیش لەو هۆیانە لە ئارادا نەبوایە، هیچ ڕووی نەدەدا. ئەوە ئالّشتبوونی چەندین هۆ بوو، ئاگری خستە بارو

دۆخەکەوە!! مادام شەڕەکە قەومابوو ناتوانین یەک هۆیش چییە لای بەرین. چونکە دەبوو هەروا بوایە. دەبوو بە ملیۆنان پیاوانی ژیر و سۆزە مرۆڤانەکانیان لە دەستبدایە. لە ڕۆژئاواوە، خۆیان بگەیانایەتە ڕۆژهەڵات، تاکو لە وێنەی خۆیان بکوژن. هەروەکو بەر لە چەند سەدەیەک پیاوانی ڕۆژهەڵاتیش، ڕەوی ڕۆژئاوایان کردبوو ٚو، هەر وەکو ئەمانیش شەڕیان کردبوو.

لە راستیدا کردەوەکانی ناپلیۆن و ئەلکسەندەر ئەو جووتەی کە هەر یەکەیان بە تەنیا دەیتوانی ڕووداو دروست بکات و، بیجوولێنێت. یان ڕووداو بوەستێنێت. بە هێندەی ئەو کردەوە سادە و بێبەهایانەی سەربازێکی ئاسایی دەبوو، کە بە زۆرەملێ و، ناچاری چارەنوسیانی بە دەستەوە بوو و، بەشداری شەڕی پێ کردبوون.

نەخێر نەدەبوو ئەو شەڕە سەرتاسەریە ڕوو نەدات. دەبوو ویستی ناپلیۆن، یان ئەلکسەندەری دەسەڵاتداری ڕووسیا جێبەجێ بکرێت. بۆ ڕووداوی ئەمەیش دەبوو هەموو ئاڵۆزییەکان بەشدار ببوونایە. چونکە گەر یەکێک لەو دوانە دوور بخرانایەتەوە ٚ ئەوا شەڕەکە ڕووی نەدەدا. ئیدی بە هەزاران پیاوی خاوەن هێزی کاریگەر، لەبەر ئەوەی سەربازی شەڕ و گواستنەوەی خۆراک و تۆپخانە بوون، دەبوو هەر هەموویان ڕازی بونایە و، واژۆی ویستی ئەو دوو لاوازە دووڕەڕێزەیان بکردایە.

ئەو سەربازانە خۆیشیان بۆ ئەو شەڕەیان پەنایان بۆ هۆگەلێک دەبرد، کە لە ژماردن نەدەهاتن! لە بەرامبەر هەندێک دیاردەی مێژوویی بێواتادا، دەبێت پەنا بۆ سەپاندن ٚالجبریە ٚ ببەین. یان واتایەک کە لە ئاستی تێگەیشتندا نەبێت. لەراستیشدا تاکو بیر و ژیریمان تەقەلای زۆرتر بدات بۆ کۆڵینەوە لەم جەنگە، تێگەیشتنی سەختتر دەبێت و پتر لە ڕاستییەکەیەوە دوور دەکەوینەوە.

هەموو پیاوێک بۆ خۆی دەژی و ئازادیی خۆی بۆ گەیشتنە ئامانجە خۆییەکانی کار دەکات. بە هەموو هەست و هۆشی خۆیەوە درک بەوە دەکات کە دەتوانێت ئەو کارە بکات ٚ یان نەیکات. هەر کە کارەکەیشی کرد، ئیدی ئەوەی کردوویەتی، نەمر دەبێت و ڕەهەا نامێنێت و، مێژوو دەبێتە خاوەنی و، لەژێر ڕکێفی قەدەردا دەمێنێتەوە.

ژیانی مرۆڤ دوو ڕووی هەیە. لە ڕووی یەکەمیدا، ژیانی تایبەتیی خۆیەتی. کە تێیدا ئازادی دەگاتە ئامانجە ڕووتەکانی. لە ڕووی دووەمیدا: ژیانە کۆمەڵایەتییە

سەرەتاییەکەیەتی کە مرۆڤ تێیدا دەچێتە ژێر رکێفی ئەو یاسایانەوە کە کۆمەڵگە بۆی دارشتووە. مرۆڤیش ئارەزوومەندانە لە پێناوی خۆیدا دەژی. بەڵام بێئەوەی بە خۆی بزانێت بەشداریی ئامانجە مرۆڤایەتیە گشتییە مێژوویییەکەیشی کردووە و، کارە کراوەکانیش ناگەڕێنە دواوە و، بە تێکەڵبوونی ئەو کارەیش لەگەڵ ملیۆنان کاری خەڵکانی تردا، تەواوکەری یەکتر و نرخێکی مێژوویی پێکدێنن. تاکو پلە و پایەی مرۆڤ لەسەر پەیژەی کۆمەڵایەتی بااڵتر بێت، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ کەسانی بااڵدا دەبێت. دەسەڵاتیشی بەسەر خەڵکیدا فراوانتر دەبێت و، کارەکانی بەربڵاوتر و، روونترو پاکژتر دەبن.

دڵی پادشایان لە دەستی خوادایە...

پاشایانیش کۆیلەی مێژوون!

مێژوویش، یان ژیانی مرۆڤایەتی بە گشتیی، ئاراستەکراوی مرۆڤ خۆی نییە! بەڵام خولەکانی ژیانی پادشایان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی خۆی بە کار دەبات.

هەرچەندە ناپلیۆن لە ساڵی (١٨١٢)دا لە هەموو کاتێکی تر، پتر لەو بڕوایەدا بوو، کە ڕشتنی خوێنی نەتەوەکان، یان نەڕشتنی، لەسەر شانی ئەو بەندە. هەر وەکو ئەلکسەندەریش لە نامەکەی دواییدا ئەمەی بۆ نووسیبوو، کە ئەویش پتر لە هەموو کاتەکانی تری، لە ڕکێفی یاسا (جەبری)ەکاندایە و، بە سەریدا سەپاوە کە دەبێت کاری مێژوویی گشتی جێبەجێ بکات. دەبێت هەر بکرێت. بەڵام ئەو وای پیشان دەدا کە بە ویستی خۆیەتی.

پیاوە ڕۆژئاواییەکان بەرەو پیاوانی ڕۆژهەڵات جووڵان، تاکو بەربنە یەک و یەکتر بکوژن! بۆ ئەو کارەیشیان یاسا و هۆیەکانیش دەرکەوتن و، بە هەزاران هۆی بچووکیش چوونە پاڵ هۆکانی تر و، لەسەر ئەو جووڵەیە ڕێک کەوتن کە ئەوەیان بۆ شکاندنی "ئابڵووقەی وشکانی"یە و، سووک و ڕسوا کردنی دۆق "دۆڵدنێرگ". ڕۆیشتنی چەندین سوپا لەو بروسیایەوە کە ناپلیۆن، بیری لە دەست پێکردنی جووڵەکەی خۆیی تێدا کردبووەوە، بە مەبەستی ئاشتی بەرپاکردن. لەگەڵ ئەو عیشقەی لە ناخی ئیمپراتۆری فەرەنسادا هەبوو، بۆ شەڕ لەگەل ئامادەباشیی گەلەکەی بۆ شەڕ. ئەو بەکێشکردنە ڕاستەوخۆیەی جبەخانە مەزنەکەیشی سەپاندبووی، لەگەڵ ئەوەی سوود وەربگیرێت لەو بڕە تێچوونەی لەو شەڕەدا

بەکار دەبرێت. لەگەڵ پێشوازییەکانی "دریسد"[1] و ئەو دانووسانە دپلۆماتیانەی کە خەڵکە نوخبەکە پێیان وابوو دڵسۆزانە و، ئارزوومەندانە دەیانەوێت ئاشتی بەرپابێت. لە ڕاستیشدا بەشدار بوون بۆ هەندێک کەسی خۆپەرستی ئەملاو ئەولایش، لە هەردوو بەرەکەدا زیانبەخش بوو. لەگەڵ ملیۆنان هۆی تر.. بوونە هۆی بەرپا بوونی ڕووداوەکە.

سێو کە دەگات دەکەوێتە خوارەوە. ئاخۆ بۆچی بەردەبێتەوە!؟ بڵێی قورس بوو بێت و، زەوی بەکێشی بکات! یان لاسکەکەی وشک دەبێت. یان تیشکی خۆرە" یان با دەیجووڵێنێت؟ ئایا زۆر ئاساییانە وەڵامی نزاکەی ئەو منالّکارە دەداتەوە، کە حەزی لێی بووە؟ نەخێر هیچ شتێک لەوانە، هۆکاری کەوتنە خوارەوەی نەبوون. لەوێکهاتنەوەی هۆیەکانی خۆی بەولاوە، بۆ نمایشە ژیانییە ئەندامییەکان شتێکی تر نەبووە!! زانایانی ڕووەکناس دەڵێن: سێوە کە لە ئەنجامی لەرەی پێکهاتەکەیەوە، یان شتێکی لەو جۆرە، دەکەوێتە خوارەوە. کەچی لەوالییشەوە منالّکارەکە دەڵێت بۆیە سێوەکە کەوتە خوارەوە، چونکە من حەزم لێی بوو و، نزام بۆ کردبوو. هەردوو لایشیان ڕاستن! ئەویان لە سەر ئەوە سوورە کە ناپلیۆن خۆی دەیویست بچێتە مۆسکۆوە و، شکستهێنانی خۆی تێدا دەستکەوت و، ئەلکسەندەریش سوور بوو لەسەر ئەوەی زیانی پێ بگەیەنێت.

بەڵام ئەویتر دەڵێت: کێوێکی هەزاران تەن قورس، بە وەشاندنی دواین پاچی دەستی دواین کرێکار لە بنەکەی: دایڕووخاند. ئەو دوانە: هەڵەیشن و ڕاستیشن! گەورە پیاوان ـ هەرچەند ئەو دوانە خۆیشیان پێیان وابوو، کە هەڵسوکەوتیان بە دەست خۆیانە ــ سەردێڕی بابەتەکەن لە مێژوودا و، هیچ پەیوەندییەکیش بە ڕووداوەکانیانەوە، نایانبەستێتەوە! بەڵام هیچیان بە گوێرەی واتا مێژوویەکەی ئارەزوومەندیی، ئەو هەڵسوکەوتەیان نەبووە! لەوە دەچوو تەنیا هەڵسوکەوتیان بە دەست خۆیان بێت. بەڵام بە واتا مێژوویەکەی، ئەوان هیچیان بە ئارەزووی خۆیان نەبووە. بەڵکو هەر لە سەرەتای بوونەوە، ڕاپێچی ڕەوی مێژوو بوون.

---

١ ـ دریسد بە ئەڵمانی "درسدن"ی پێ دەوترێت. شارێکی سەر ڕووباری "ئیلب"ە.

بەشی دوو
سەرەتای بارانــەکە

دوای ئــەوەی ســێ هەفتــەیان تێـدا بەســەر بــردبوو، لــە "٢٩"ی حوزەیرانـدا، ناپلیۆن و پیاوانی دەربار، هــەر لە پاشـایانەوە، تـا میر و دۆقـەکان، ئـەو دریسـدەیان جێهێشت. نـاپلیۆن پێش ئەو ســەفەرەی مامــەڵەیــەکی وەفادارانــەی، لەگــەڵ ئیمپراتــۆر و پاشایان کرد. ئەو پاشا و میرانەیشی دوور خستەوە، کە لێیان بێزار بـوو. ئـەڵماس و مەرجانیشی پێشکەش بە خاتوونی ئیمپراتـۆری نەمسـا کرد. ئـەو دیاریانەیشـی لـە سـندوقی تایبـەتیی خـۆی دەرهێنـابوو. ئـەویش کـاتی خـۆی بـە دیـاری لـە پاشـایانی تـرەوە بۆی هاتبوو. زۆریش بـە ڕێز و سـۆزەوە مـاری لـویزی لـە ئامێز گرت. هـەر وەکو مێژوونووســە تایبـەتەکەی خـۆی نووسـیبووی: ئـەو ماریـیـەی وێڵ کرد و، بـە پەژارەیەکی فرەوە، جێی هێشت.

وەکـو دەرکـەوت مـاری توانـای بەرگـە گرتنـی ئـەو ســەفەرەی نـەبوو. چونکـە هەرچەند نـاپلیۆن لە پاریس ژنی فـەرمیی خـۆی هـەبوو، بـەڵام ئـەم ماریـیـەیش، هـەر خۆی وەکو ژنی ئەو دانابوو!

دیپلۆماتــەکان هێشــتا بــڕوایان بــە ئــاشتی و ســەقامگیری هــەبوو و، چالاکانــە کاریـان بـۆ دەکـرد. هەرچەنـد نـاپلیۆنیش نامەیـەکی بـە دەسـت وخـەتی خـۆی بـۆ ئەلکســەندەر نووسـیبوو و، تێیـدا بـە: " گـەورەم... بــراکەم" دەسـتی پـێ کردبـوو،

دووپـاتی ئـەوەی کردبـووەوە، کـە شـەڕخواز نیـیە و، ڕێـز و خۆشەویسـتیی هەیـە. بـەڵام ئیمپراتـۆر بـە مەبەسـتی پەلـە کـردن بـۆ ڕۆشـتن بـەرەو ڕۆژهـەڵات، هـەمیشـە بەرەو سوپا دەچوو و، لە هەر قۆناغێکی نوێدا، فەرمانی نوێی دەدا.

شبـەش ئەسـپ گالیسـکەکەی ئیمپراتـــۆر و، تەنکییـەکی ئـــاویان بـەکێش دەکـرد. یاوەران و یاریدەدەرانی گۆڕەپان و، پاسەوانان دەوریـان دابوو. بـە ڕێگـەی "بـوزن[1]" و "پـۆرن[2]" و "دانتزیـگ[3]" و "کـۆنیگزبێرگ"دا ڕۆیشـت و، خەڵکەکـە بـە پەرۆشـی و شتێک لە ترسەوە، پێشوازییان دەکرد. سوپایش وەکو ئەو شەش ئەسپەی نـاپلیۆن، بـە غـار خـۆی بـەرەو ڕۆژهـەڵاتی مـەزن بەکێشـیان دەکـرد. لـە هـەر یـەکێک لـەو شارانـەدا، بـە هـــەزاران کەس بـە هـەژانێکی تێکەڵ بـە ترسـەوە پێشوازییان دەکرد. ئـەو شـەش ئەسپەی گالیسکەکەی بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەڕۆیشت لـە هـەر قۆناغێکدا دەگۆڕدران بە ئەسپی تر و، ناپلیۆنیان بەرەو سوپا دەبرد.

لـە دەی مـانگی حوزەیرانـدا، پێیـان گەیشـتەوە و، ئـەو شـەوەی لـە دارسـتانی ڤیلکۆڤیسـزکیی، مـوڵکی کـۆنتی پۆڵـۆنی، کـە شـوێنێکی تایبـەتی بـۆ تـەرخان کرابـوو، بەسەر برد. بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، سوپـا ئەوێشی تێپەڕاند و، گەیشتە "نییمن[4]" هەرخۆی لە گالیسکەدا بوو و، بەرگی پۆڵۆنیی پۆشـیبوو و، لـە کـەنارەکانی دەڕوانی تاکو بواریک بـۆ پەڕینـەوەی یەکـەکانی سـوپا دیاری بکات. کـە قەوقازییـەکانی سـەر کـەنارەکانی ئەوبـەری ڕووتمـەن و وشـکی بینـی. هـەر ئـەو شـوێنەی کـە مۆسـکۆی پیرۆزی تێدایـە. مۆسـکۆی پایتـەختی وڵاتێـک، یـاجووج و مـاجووج ناسـراوە و کـاتی خـۆی ئەسـکەندەری مەکـدۆنی داگیـری کـردووە، لـە نێـو سـەرسـامی و سـوکایەتی کـردن بـە سـتراتیج و زاراوە سیاسـیەکاندا، هـەر لـە بـەرە بـەیانی ڕۆژی دواتـرەوە ناپلیۆن فەرمانی پێشڕەویی دا و، لە سوپای نییمنیشی تێپەڕاند.

لـە دوازدەی مانگـدا نـاپلیۆن لـە دەوارە هەڵدراوەکـەی لای چـەپی لاپاڵـەکە، هاتـە دەرەوە و، بـە دووربینەکەی کەوتـە سـەرنجدانـی هاتنـە دەرەوەی سوپـاکەی خـۆی، لـە دارسـتانی ڤیلکۆڤیسـنکی. تـاکوو بـە سـەر ئـەو سـێ پـردەدا تێپـەڕن، کـە بەسـەر ڕووبـاری نییمنەوە بوو.

---

١ ـ بۆزن: شارێکی وپۆڵۆنیە و پایتەختی "بۆزنانیا"یە و دەکەوێتە سەر ڕووباری "وارتا".

٢ ـ پۆرن: شارێکی پۆڵۆنیە و پایتەختی یۆمیریلیایە دەکەوێتە سەر ڕوباری ڤیستۆل.

٣ ـ یان دانزیج: شارێکی ئەورووپای ناوەڕاست بوو و دواتر چووە "ڕایخ"ەوە.

٤ ـ ڕوبارێکی ڕۆتانیای سپی و لیتوانیایە و "٨٣٠"کم و دەڕژێتە بەڵتیقەوە.

سەربازان بە ئاگابوون لەوەی، کە ئیمپراتۆریشیان لە تەکدایە و، چاویان بۆ دەگێڕا. هەر کە بە لاپاڵەکەوە و، بە بەرگی ڕۆدنجۆتەکەی بەری و، شەپقە بچووکەکەی سەرییەوە دەیانبینی: شەپقەکانیان هەوا دەدا و هاواریان دەکرد:

بـژی ئیمپراتـۆر!

بێوچان یەکە سەربازییەکان لە دارستانەکەوە، دەردەپەڕین و، بەسەر هەر سێ پردەکەدا دەپەڕینەوە کەناری ئەو بەر.

ـ ئەمجارە یان دەگەین.. ئاە! هەر جارەی خۆی بەشدار ببێت، ئەوا شەڕ گەرم دەبێت.

"پشت بە خـوا!... ئـا ئەوە خۆیەتی!! بـژی ئیمپراتـۆر!"

"ئا ئەوە ئێمەین کە لە ڕووتمەنی ئاسیاداین! هەرچەند ولاتێکی نالەباریشە، بەڵام خواحافیز! ئەی بۆشیە.. خواحـافیز..."

یەکێکی تر:

"ئیمپراتـۆر.. خۆیت بینی!؟ بـژی ئیمپراتـۆر!"

"جیرار گیان، ئەگەر منیان کرد، بە حاکمی ولاتی هیند، ئەوا بڕیار بێت: منیش تۆ بکەم بە وەزیری کشمیر.. بـژی ئیمپراتـۆر! بـژی! ئـای قەوقازییە خوێڕییەکان! سەیر بکەن.. چۆن هەڵدێن! بـژی ئیمپراتـۆر!"

ـ ئـا ئـەوە خۆیـەتی! دوو جارانیش وەکو چۆن تۆ دەبینم.. ئـاوا خـۆیم بینیوە.. هەی عەریفە چکۆلەکە... جارێکیان خۆیم بینی، کە خاچێکی بە یەکێک لە پیرەکان دەبەخشی... بژی ئیمپراتۆر!"

ئەمە کۆمەڵە قسەیەکی، پیران و لاوانی چینە هەمە جۆر و تـوێژە جیاوازەکان بوو. ڕوخسارەکانیش یەک جۆرە شادییان پێوە دەبینرا. ئەویش دەست پێ کردنی ئەو پەلاماڕە سەربازییە بوو، کە لە مێژەوە بە پەرۆشەوە، چاوەڕوانی بوون و، ئامادەی گیان بەخشینیش بوون، بۆ ئەو ڕۆدنجـۆرت خۆڵەمێشی لەبەرەی، کە بە لاپـاڵە بەرزە لێژەکەوە بوو.

ڕۆژی سـیازدەیەم، ئەسـپێکی عـەرەبیی ڕەسـەنیان بـۆ نـاپلیۆن هێنـا و، ئـەویش سواری بوو و، بە غار، بە نێو سەربازەکاندا، کە وەختـەبوو بە هوتافکێشان کاسی بکـەن و، خـۆ نەیشـیدەتوانی نـەهێڵێت سـەربازەکانی: خۆشەویسـتیی خۆیـانی بـۆ دەربڕن و، خۆی گەیاندە سەر یەکێک لە پردەکانی سەر ڕووباری نییمن.

بەو هوتافانەیان، بیرو هۆشی هەمیشە قاڵی سەربازیی ئەویان ـ کە لەوەتـەی

چوو بووە سوپاوە ماندووی بوو ـ دوور خستەوە.

بە سەر پردە لەرزۆکەکەی نییمندا پەڕییەوە ئەوبەرو، لە ناکاو بە لای چەپدا رۆیشت و، دواتر بەرەو "کۆفنۆ" بووەوە. چەند نیشان شکێنکیش بە غار پێشی کەوتبوون و، دڕیان بە سەربازەکان دەدا و، رێیان بۆی دەکردەوە.

کە گەیشتە کەناری فیلییای بەرین. لە نزیک فەیلەقێکی سوارەی پۆڵۆنییەوە کە لەوێ لایاندابوو، وەستا. ەو پۆڵۆنیانەیش لای خۆیانەوە هاواریان دەکرد: **بـا بـژی!** بە مەبەستی بینینی ئەو، بە هووترە و خۆ بردنە پێشەوەیان، ریزەکانی خۆیان تێکدا. ناپلیۆنیش لە ئەسپەکەی دابەزی و، سەرنجێکی رووبارەکەی دا و لەسەر پارچە تەختەیەکی کەنارەکە، لێی دانیشت. بێدەنگ ئیشارەتێکی دا و، دووربینەکەیان بۆ هێنا. ئەویش خستییە سەرشانی یەکێکیان و، بە دڵێکی خۆشەوە کەوتە روانین و، پشکنینی کەنارەکەی بەرامبەری. ئەمجا لەسەر نەخشەیەکی هەڵواسراو بە قەدی درەختێکەوە و بێ ئەوەی سەری بڵند بکاتەوە: کەوتە کۆڵینەوە. وشەیەکی گوت و فەرمانی بەو دوو یاریدەدەرەی گۆڕەپانەکەی خۆیدا. ئەوانیش سواری ئەسپەکانیان بوون و، بە غار بەرەو پۆڵۆنییەکان بوونەوە.

یەکێکیان زووتر گەیشتە ناویان و، بووە مقۆ مقۆی: **چیی وت؟ چیی وت؟**

فەرمانەکە کۆڵینەوە بوو، لە چۆنیەتیی پەڕینەوە لە رووبارەکە. سەرۆکی پاسەوانانی سوارە ـ کە پیرێکی ڕێکپۆش بوو ـ بە ترس و خەمێکی واوە، وەکو منداڵێک بوو، داوا بکات تا رێی بدەن سواری ئەسپێک ببێت. ـ داوای ئەوەی کرد کە رێی بدەن بە مەلە لە رووبارەکە بپەڕێتەوە و، خەمی ئەوەی بوو، کە بە بەرچاوی ئیمپراتۆرەوە، ڕێ بەم پەڕینەوەیەی نەدەن.

یاریدەدەر وەڵامی دایەوە، کە ئەو کارەی ئەو داوای دەکات، مەحاڵە و شتی وا نابێت. ئەفسەرە پیرەی خاوەن جووتە سمێڵی درێژیش، خێرا شانەکانی هەڵتەکاند و، شمشێرەکەی لە هەوادا هەڵسووڕاند و، بە رووبەکی خۆشەوە هاواری کرد:

ڤیڤا ـ بـژی!

ئەمجا فەرمانی بە سەربازانی دا، تا شوێنی بکەون و، خۆیشی ئاوزەنگی لێدا و، بەرەو رووبارەکە بووەوە و، لە ئەسپەکەی توند کرد، بەرەو ئەو شوێنەی رووبارەکە کە ئاوەکە تێیدا زۆر خوڕو خێرا بوو، بە سەدان سوارە شوێنی کەوتن.

هەر هێندەیان خۆش بوو، تا گەیشتنە ناوەڕاستی رووبارەکە. ئیدی سەرما زۆری بۆ هێنان و، ناچار خۆیان بە یەکتر دەگرتەوە و، شپرزە بوون و، نەیاندەزانی

چی بکەن! هەندێ لە ئەسپەکان و سەربازەکان، خنکان. هەندێکی تریان، خۆیان بە زینی ئەسپەکاندا هەڵواسیبوو و، تەقەلای پەڕینەوەیان بوو. هەرچەند بە دووریی (٥٠٠) مەترێک لەولا خۆیانەوە، بواری پەڕینەوەیش هەبوو. بەڵام شانازییان بەوەوە دەکرد کە مەلە بکەن و، بخنکێن بە بەرچاوی ئەو پیاوەوەی لە بن دارەکەدا لێی دانیشتبوو.

ئەویش لای خۆیەوە، هەر سەیریشی نەدەکردن: تا بزانێت چی دەکەن! کە یاریدەدەرە سەربازییەکە گەڕایەوە، هەلەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی سەرنجی ئیمپراتۆر رابکێشێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت: کە تا چەندە پۆلۆنییەکان خۆیان بۆ کەسی ئیمپراتۆر بەخت دەکەن.

ناپلیۆنیش هەستاو رۆدنجۆتە خۆڵەمێشییەکەی لەبەرکرد و، پێرتییەی بانگ کرد و، بە درێژایی کەناری رووبارەکە، کەوتنە پیاسە کردن. فەرمانەکانی پێ دەدا و، پەستی ئەوەیش بوو، کە ئەو سەربازانە بە خنکاندنی خۆیان، سەرقاڵی دەکەن و، لە کارە گرنگەکانی خۆیی دوورەدەخەنەوە. گەیشتبووە ئەوەی کە بوونی لە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا، هەر لە ئەفریقاوە تا رووتمەنییەکانی مۆسکۆڤا، تەنیا بینینی ئەو بۆیان: دەبێتە هۆی کێشکردنی خەڵکەکە و، وەکوو موگناتیس، پەرۆشانە خۆیان قوربانی ئەو دەکەن!

ئەسپەکەی هێنا و، بەرەو دەوارەکەی سواری بووەوە. هەرچەندە چەند بەلەمێکیان نارد، بۆ رزگار کردنی سەربازەکان لەو ئاوی رووبارە خوڕە. بەڵام ئاخری نزیکەی چل سوارەیەکیان خنکا. زۆربەیشیان گەڕانەوە کەنارەکە. هەر بەو بەرگە تەڕەی بەریانەوە سەیری ئەو شوێنەیان دەکرد کە ناپلیۆنی لێ بوو و، بە خۆشی و شادییەوە، هاواریان دەکرد: ڤیڤا!

بۆ ئێوارەیش، ناپلیۆن لە بەردەم دوو بڕیاردا بوو. یەکەمیان: بە زووترین کات بردنە ناوەوەی ئەو بڕە پارە زۆرەی ساختە بوو، کە زووتر ئامادە کرابوو، بۆ ناو رووسیا. دووەمیشیان لە سێدارەدانی سەکسۆنی بوو. چونکە ئەو پیاوە نامەیەکی پێ گیرابوو، کە زانیاریی لە بارەی جوولەکانی سوپای فەرەنساوەی تێدابوو. ئیمپراتۆر خۆیشی بڕیاری سێیەمی دەرکرد، بەوەی کە ئەو سەرۆکە پۆلۆنییەی، بێ ئەوەی پێویست بەوە بکات، کە سەرکێشی بکات، خۆی فڕێدایە رووبارەکەوە بۆ ئەوی ببێتە ئەندامی ئەو جەوقەی شەرەفە کە، خۆی سەرۆکێتی.

ئەو کەسانەی: کە مردن هەڵدەبژێرن..ئەوانەن ژیریی خۆیان پشتگوێ دەکەن!!

بەشی سێ
هەواڵــەکە

پتر لە مانگێک بوو، ئیمپراتــۆری روسیا لە ڤیلنا بوو. لەوێ سەرقاڵی بەسەر کردنــەوەی ســوپاکەی و، راهێنانــەکانی بــەرەی شــەڕەکان بــوو. خەڵکەکــەیش چاوەڕوانی ئــەو جەنگــە بــوون. هەرچەنــد هێشــتا هیچــیش رووی نــەدابوو، بــەڵام ئیمپراتۆر بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ شەڕ پێترزبۆرگی جێ هێشت.

هەرچەند پیلانێکی گشتیشی بۆ شەڕ نەبوو، بەڵام چەند پلانێکیشیان خست بووە بەردەم و هیچیانی هەڵنەبژاردبوو. تاکوو مانــەوەی ئیمپراتۆریش درێژەی بخایانایــە، پشــێوی دەکەوتــە بڕیــارِ و هەنگاونانــە پێویســتەکانەوە. هــەر یــەکێک لــەو ســێ سوپایەیش سەرکردەی باڵای خۆی هەبوو. بەڵام بە هەرسێکیان یەک سەرکردەیان نەبوو و، ئیمپراتۆر خۆیشی ئەو پلە باڵایەی وەرنەگرتبوو.

کات لە چاوەڕوانییەکی بێزارکەردا دەڕۆیشت و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لەمپەرەکانی خۆسازدان فرەتر دەبوو. پیاوانی دەربار و دەوروبەریشی، سەرقاڵی ژیانی خۆیان بوون و، مەترسیی جەنگیان پشتگوێ خستبوو.

دوای بەڕێوەچوونی چەندین ئاهەنگی سەما و جەژن. کە نەجیبزادە پۆڵۆنییەکان و، پیــاوانی دەربــار و، ئیمپراتــۆر خــۆی، ســازیان دابــوو. یــەکێک لــە یاریــدەدەرە سەربازییە پۆڵۆنییەکان بە خەیاڵیدا هات، کە لە مانگی حوزەیراندا، ئێوارەخوانێک و ئاهــەنگێکی ســەما، بــە نــاوی هــەموو هاوڕێکانییــەوە، بــۆ ئیمپراتــۆر ســاز بکــات.

ئیمپراتۆریش بە پەرۆشەوە پەسەندی بوو. جێگران و، یاریدەدەرەرە سەربازییەکان کەوتنە نامەی بانگهێشت نووسین و, دەستپێشخەریی ئەلکسەندەری دەرخست، بەوەی کە ئەلکسەندەر خانەخوێیی بەو بەخشیوە. لەبەر ئەوەی کە مولکەکانی کۆنت (بینیگسن)( )یش، مولکەکانی، لە دەورو بەری ڤیلنا بوو، ئەویش کۆشکەکەی زاکریتی خستە بەردەستی رێکخەرانی ئێوارە خوانەکەوە و، بڕیاریش درا کە هەر ئەو ڕۆژی سیازدەی حوزەیرانەی کە ئەو جەژن و ئێوارەخوانەی تێدا بەڕێوە دەچێت، ئیمپراتۆر پیاسەی سەر ئاو بکات و، ئاگرە دەست کردەکانیشی تێدا ببینێت.

کەوابوو هەر ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن فەرمانی پەڕینەوەی سوپای دا لە رووباری نیمن و، بەزاندنی سنووری رووسیا. ئەلکسەندەری ئیمپراتۆری روسیایش، لە لایەن یاریدەدەرە سەربازیەکانییەوە بانگهێشت کرابوو و، کاتی خۆیی لای کۆنت بینیگسن بە سەر دەبرد. ئاهەنگەکە قەشەنگ و خۆش بوو.کەسانی دنیادیدە و زیرەکەکانیش، لەسەر ئەوە سوور بوون، کە تاکوو ئەو کاتە، هەرگیز ژنانێکی زۆری وەها قەشەنگ و جوان، لە هیچ ئاهەنگێکدا کۆ نەبووەتەوە!

خاتوونی کۆنتیسەی پیزۆخۆڤیش وەدووی ئیمپراتۆر کەوتبوو. خۆی و چەند خاتوونێکی رووسی، هاتبوونە ڤیلناوە. کۆنتیسەی پیزۆخۆڤیش بە جوانییە روسیاییەکەی خۆی، سەرنجی خەڵکێکی زۆری راکێشابوو و، بە جوانییەکەی خۆی، خانمە پۆڵۆنییەکانی رووزەرد کردبوو!

رێزی تایبەتیی ئیمپراتۆریشی پێدرابوو، بەوەی کەسی ئەلکسەندەر خۆی: سەمای لەگەڵ کردبوو. بۆریس درۆپتسکۆییش ـ وەکو دەیانووت ـ دەستی لە ژنە مۆسکۆییەکەی هەڵگرتبوو و، ڕەبەن بوو ـ هەرچەند هەرگیز نەکرابووە یاریدەدەری سەربازی و، نەکرابووە ژەنەراڵ. بەڵام بە بڕێکی باشی پارە بەشداریی کرد. ئەو دەمە پیاوێکی دەوڵەمەندی باڵا بوو! لە سەرەڕێی پلە و پایە بوو و، لەوەوە دووربوو کە بۆ خۆپاراستن، خۆی بداتە پەنای کەس. دەیتوانی لەگەڵ باڵاترین کەسدا ڕوو بە ڕوو ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ماوەیەکی باش بوو هیلینی نەبینی بوو و، تا رادەیەکی باش رابردووی ئەوی بیرچووبووەوە. ئەویشی بینییەوە! بەڵام لەبەرئەوەی هیلین لا لێ کراوە بوو و بۆریسیش ماوەیەک بوو، هاوسەرگیریی کردبوو. هەر زوو بوونەوە هاوڕێی دێرینی یەکتر.

سەما کردن تا دەوروبەری نیوەشەو بەردەوام بوو. هیلینیش کەسی شیاوی خۆی دەست نەکەوت، تاکوو سەمای لەگەڵدا بکات. بە پێی خۆی چووە لای بۆریس

و، داوای لێ کرد کە سەمای مازۆکای لەگەڵدا بکات و، هەر زوو بوونە سێیەمین جووتی سەماکەران.

لەو کاتەدا کە دووبەدوو باسی هاوڕێ دێرینەکانی خۆیان دەکرد. بۆریس بێباکانە لە شان و ملە رووتەکەی هیلینی دەڕوانی. لەگەڵ ئەو قژە لوولەیدا، کە بە قوماشێکی تۆخی بە زێڕ رازاوە بەسترابوو. بێ ئەوەی میوانان بە خۆیان بزانن لە ئیمپراتۆریان دەڕوانی و، ئەویش لە هۆڵەکەدا لەگەڵیاندا بوو. سەمای نەدەکرد و، لە نزیکی دەرگاکەوە دانیشتبوو. دەمێک ئەمی دەوەستاند و، دەمێکیش ئەو بە شێوازێکی جوان و شیرین، دەیدواندن.

لە سەرەتای سەمای مازۆکاکەوە، بۆریس سەرنجی پالاشیڤی ژەنەرالّی یاردەدەری سەربازی دا. کە ئەم ژەنەڕاڵە یەکێک بوو لە نزیکەکانی ئیمپراتۆر. لە ئیمپراتۆر نزیک بووەتەوە و، چاوەڕێی ئەوە دەکات، تا ئیمپراتۆر لە قسە کردنی ببێتەوە، لەگەڵ خاتوونێکی پۆڵۆنیدا.

ئەلکسەندەر بە سەرنج لێی پرسی. بەڵام کە تێگەیشت، کارەکەی پیاوی دەرباری خۆی مەترسیدارە، خاتوونەکەی بەڕێ کرد و، یەک هەنگاو لێی چووە پێشەوە. ئەو خەریک بوو، چەند وشەیەکی پێ بڵێ. سەرسامییەکی قوواڵ بە روخساری ئەلکسەندەرەوە دەرکەوت! بۆیە قۆڵی یاریدەدەرەکەی گرت و، بە هۆڵەکەدا بردی و، هیچ بایەخی بەو میوانانە نەدا، کە رێیەکی درێژیان لە هۆڵەکەدا بۆ کردەوە.

ئاراکتشیڤ خۆی پێی تێکچوو و، هاتە دەرەوە، وەکو ئەوەی چاوەڕێی ئەوە بێت ئەلکسەندەر داوای شیکردنەوەی لێ بکات. دوای ئەوەی سەرنجێکی روخساری گەورەکەی خۆی دا، لووتە سووڕەکەی خوران. بۆریس وای بۆچوو کە ئاراکتشییڤ ئیرەیی بە پالاشیف دەبات. بەوە ناڕەحەتبوو، کە هەواڵێکی گرنگ بە ئیمپراتۆر گەیەندراوە و، لەڕێی خۆیەوە نەبووە!

ئیمپراتۆریش بێ ئەوەی هەر سەیریشی بکات، تێپەڕاند و، پالاشیڤی بردە باخەکەوە. ئاراکتشییڤیش دەست بە شمشێرەوە بە دووریی بیست مەترێک لە ئیمپراتۆرەوە وەستا و، بە تووڕەییەوە لە دەوروبەری خۆیی دەڕوانی و، دواتر شوێنی کەوت.

بە درێژیی سەمای مازۆکاکە، بۆریس لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بوو، چۆن ئەو هەواڵەی کە پالاشییڤ لایەتی پێش هەموو کەسێک خۆی نەیزانیوە!؟ ئەو کاتە کە پێویست بوو خاتوونێک هەڵبژێرێت، بە گوێی هیلینیدا چرپاند، کە دەیەوێت بچێت

بۆ لای کۆنتیس بوتـوکا و، پێی وایـە ئـەویش چووەتـە بانیژەکـەوە. هـەنگاوەکانی بەرەو دەروازەی باخەکە، خێرا کرد. هەرکە ئیمپراتـۆر و پالاشییڤی بینی، بـە پەلـە بۆ هۆڵەکە دەگەڕانەوە، ئـەویش بە رێزەوە لە تەنیشتی دەرگاکەوە وەستا.

ئیمپراتۆر بە هەڵچوونەوە قسەکانی لەگەڵ پالاشییڤ کۆتا کرد و وتـی:

"هاتنە نێو زەوییەکانی روسیاوە و، بەبێ ئەوەی شەڕ رابگەیەنێت! نەخێر تا یـەک دوژمنـی چەکـدار لەسـەر زەوییەکـەم بێـت، دانوسـانی ئاشـتی ناکـەم و، هـیچ پەیماننامەیەک واژۆ ناکەم."

بۆریس پێی وابوو: ئیمپراتـۆر بێباکانە ئەمـەی وتـووە و، بیرۆکەکـەیی پێ خۆش بوو. بەڵام بەوەیش دڵتەنگ بوو، کە هەندێک کەس گوێیان لە قسەکانی بوو.

بۆیە برۆکانی یەک هێنایەوەو وتـی:

"نابێت خەڵکی هیچ بزانن!"

بۆریسیش لای خۆیەوە، تێگەیشت کە مەبەستی لەو بووە و، چاوانی داخست و، سەری بـۆی نەوی کرد. ئیمپراتـۆریش خۆی کردەوە بـە هۆڵـەکەدا و، نزیکەی نیو سـەعاتێک مایـەوە. بـەم جـۆرە بـۆریس یەکـەم کەسـێک بـوو، بـەوەی زانـی کـە فەڕەنسییەکان لە رووباری نییمنـەوە پەڕیونەتـەوە ئەمبـەر. بـەم هەواڵانـەیش توانیی بـۆ کەسـانی پلـە بـاڵای بسەلـمێنێت کـە ئـەوەی لای خـەڵکی شـاراوەیە، ئـەم لێی بـە ئاگایە. بەمـەیش هێندەی دی، لای کەسـە باڵاکان.. باڵا بـوو. ئـەم هەواڵـە خەڵکەکـەی سەرسام کرد، چونکە لە گەرمەی ئاهەنگێکی دوای مانگێک لە چاوەڕوانی بێهوودەدا رووی دا! ئـەو شـێوازە رەفتارەی دوژمـن ئیمپراتـۆری زۆر تـووڕە کرد. لـە هـەمان کاتدا پێشی ئاسوودە بوو. چونکە لەگەڵ ویستی ناخ و سۆزی خۆیشیدا دەهاتەوە.

سـەعات دووی بەرەبـەیان گەڕایـەوە و، ناردییـە دووی شیشـکۆڤی راوێژکـار و نهێنـی پـارێزی و، فـەرمانێکی پێـدا، بـۆ ئـەوەی ڕۆژانـە خـۆی بگەیەنێتـە یەکـە سـەربازیەکان و، نوسـراوێکی شاهانەیشـی پێـدا، تـاکوو بیگەیەنێتـە مارشـاڵ میـر ستالیتکۆڤ و پێداگریی لەسەر ئەم رستەیە بکەنەوە:

"پـەیمانی ئـاشتەوایی واژۆ ناکرێـت، تـاکو پێـی فەڕەنسـییەکی چەکـدار، بەسـەر زەویی رووسیاوە بێت"

ڕۆژی دواتریش ئەم نامەیەی بۆ نـاپلیۆن نووسی:

"بـــرا گەورەکـــەم.. دوێنـــێ زانـــیم، هەرچەنـــد پابەنـــدیش بـــوین بـــە ڕێکەوتننامەکانیشـمانەوە، کـەچی یەکـە سـەربازییەکانت، سـنووری روسـیایان

بەزاندووە. ئێستاش لە پیترزبۆرگەوە نوسراوێکی هۆشدارییەکم، لە کۆنت لۆریستۆنەوە و، هەر لە بارەی ئەو دەستدرێژییەوە، پێگەیشتووە. لای خۆتانەوە، بەرپا بوونی جەنگتان راگەیاندووە خاوەن شکۆ... هەر لەو دەمەوەی، کۆراکینی باڵیۆزتان داوای دۆسییەی متمانەی خۆی لێکردینەوە، تۆ لەگەڵ ئێمەدا خۆت لە بـاری شەڕدا داناوە. پێیشم وانەبوو رەتنەکردنەوەکەی ئەو دۆسیەیە، لە لایەن دۆق دۆبانسۆوە، دەبێتە بیانوو بۆ ئەم دەستدرێژییە. ئەو نوێنەرەیشمان هەرگیز رێی پێنەدراوە ــ وەکو خۆیشی ددانی بەوەدا نـاوە ــ ئـەو کارە بکات. منیش لای خۆمەوە، هەر کە ئەو هەواڵـەی ئەوم پێگەیشت.. نیگـەرانیی خـۆمم پێ ڕاگەیاند. فەرمانیشم دا کە پلەکەی دابگیرێت. ئەگـەر بەڕێـزتتان مەبەستتانە بـە هـۆی ئـەم بەدحاڵی بوونەوە خوێنی گەلەکەتان نەڕژێت و.. بەوە رازین سوپاکەتان بکشێننەوە.. ئەوا منیش لای خۆمەوە، وای دادەنێم کە هیچ ڕووی نەداوە. دواتریش دەتوانین لە رێی دانوسـانەوە، کێشـەکان چارەسـەر بکـەین. خـۆ ئەگـەر کارەکـە پێچەوانـەیش بووەوە.. ئەوا ئـەی خاوەن شکۆ، ناچار دەبم: بەرپەرچی هێرشەکە بدەمەوە. رزگار کردنـی مرۆڤایەتیش، لە دەردەسـەرییەکانی جـەنگێکی نـوێ، لە ئەستۆی تۆیـــە. منیش.... هتد.

واژۆ

ئەلکسەندەر

بەشی چوار
نێردراوەکە

سەعات دووی بەرەبەیانی ڕۆژی سیازدەی حوزەیران، ئیمپراتۆر پالاشیۆس بانگ کرد و، دوای ئەوەی ئەو نامەیەی بۆ خوێندەوە، کە بۆ ناپلیۆنی نووسیبوو. فەرمانی پێدا کە بە دەستی خۆی، بیگەیەنێتە ئیمپراتۆری فەڕەنسا.

کە ڕێی پێدا بڕوات، ئەمەی دووبارە کردەوە: کە دانووسان ناکات و، هیچ ڕێکەوتنێک واژۆ ناکات، تا چەکدارێکی داگیرکەر بەسەر زەویی ڕووسیاوە بێت. لە سەریشی پێویست کرد کە ئەم وتەیەی بدات بە گوێیی ناپلیۆندا. چونکە ئەو ڕستەیەیش لە نامەکەدا نەهاتبوو. ئەوەیش لەبەر ئەوە بوو ئیمپراتۆر ویستبووی هەلی ڕەخساوی چارەسەر کردن بەرتەسک نەبێتەوە.

بەرەبەیانی چواردەی حوزەیران، پالاشیۆف گەیشتە دێی ریکۆنتی. ئەو دێیەی بە هۆی پێشڕەوییەکانی سوپای فەڕەنساوە، داگیر کرابوو و، قەوقازییەکانی تێدا بوو. پاسەوانانی سوارەی فەڕەنسی وەستانیان و، دەرەجەدارێکی پلە یەک، فەرمانی پێدا کە بووەستێت. پالاشیۆف گوێیشی نەدایە و، بە پیادەیی درێژەی بە ڕۆیشتن دا. دەرەجەدارەکە، برۆکانی یەک هێنایەوە و، کەوتە جنێودان. ئەمجا بە سوارەیی چووە بەردەمی ژەنەرالّە روسەکە و، وەستاندی. شمشێرەکەی دەرهێنا و، کەوتە لێپرسینەوەی:

ئەڕێ ئەوە کەڕیت.. وا هیچ نابیستێت؟

پالاشیۆف ناوی خۆی وت. دەرەجەدارەکەیش، سەربازێکی خستە پێشی و ڕەوانەی کرد و، کەوتە قسە کردن لەگەڵ ئەوانی تردا و، ژەنەرالّە روسییەکەی وێڵ

کرد. پالاشییڤێک که پەیوەندیی بەردەوامی، لەگەڵ دەسەڵاتە بااڵکاندا هەبوو و، بەر لە سێ سەعات پێش ئێستا، قسەی لەگەڵ ئیمپراتۆری روسیادا دەکرد و، لە سەر رووی خۆش پێدانی، بە هۆی پلە و پایەکەیەوە، راهاتبوو. ئێستا پێی سەیرە ڤ، ئازار دەچێژێت کە دەبینێت، وەکوو دوژمن ،و لە سەر زەویی روسیا خۆیشیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و، بایەخ بە هێز و توانای دەوڵەتەکەی نادەن.

خۆر بە نێو پەڵە هەورەکاندا تێدەپەڕی و، شەونم هەوای شێداری سارد دەکردەوە. جوتیاران رانەکانیان بەرەو کێڵگەکان دەبرد. کەرویشکەی قەرسیلی گەنمەکان، لە شەپۆلی دەریا دەچوو.

پالاشییڤ لە چاوەڕوانیی ئەو ئەفسەرەدا مایەوە، کە ئەویان بۆ لای بردبوو و، چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕا. دوو قەوقازی و بووقلێدەرەکە، سەرنجی سواره فەڕەنسییەکانیان دەدا. سەرکردەی سواره، هەر لە خەو هەستا، جوانترین بەرگی پۆشی و، بە سواری ئەسپە خۆڵەمێشییەکەی هات و، وەکوو ئەوەی لە بەرەبەیانێکی نمایشی سەربازیدا بێت، یان لە سەرەتای هێرشی سەربازیدا بێت. هەرچەند سەرکردە باوێشکدانەکەی بۆ نەدەشاردرایەوە، زۆر نیان خۆی پیشاندا و، ئەوەی پشتگوێ نەخست، کە ئەوەی پالاشییڤ بۆی هاتووە گرنگە. دڵنیای کردەوە کە زۆری پێناچێت، ئیمپراتۆر دەبینێت.

دوای ئەوەی هێڵی یەکەمی بەرەیان تێپەڕاند، تێی گەیاند، کە وا ئیمپراتۆر لەم دەوروبەرەدایە. دێی ریکۆنتێی و، پاسەوانانی ئەسپەکان و، نەقیبەکان و سوارەکانیان تێپەڕاند و، ئەوانیش سڵاویان لەو سەرکردەیەیان دەکرد و، بە بەرگی ئەو روسییەیاندا دەڕوانی.

هەر لەو شوێنە چوونە دەرەوە، سەرکردەکە پالاشییڤی تێگەیاند، کە سەرکردایەتیی فەوج، کەوتووەتە دووریی (٢) کیلۆمەترێک لێرەوە. ئەو سەرکردایەتیەیش لای خۆیەوە رەوانەی سەرکردایەتیی گشتیی دەکات.

خۆر هەڵاتبوو و، تیشکی خۆی، بە سەر سەوزاییە بریسکەدارەکاندا، پەخش کرد بوو. هەر کە بە لاپاڵێکدا سەرکەوتن، کۆمەڵێک سەربازیان بینی، کە بە لاپاڵی ئەو دیویدا سەردەکەوتن و، پیاوێکی کەڵەگەتی شەپقە پەڕدار بە سەر و، کاکۆڵ رەشی، پەخشانی سەرشان و ملدا و، بە دوو لاقی درێژ و، بە سواری ئەسپێکی خۆڵەمێشییەوە بینی، پێشیان کەوتبوو و، چەک و شتومەکەکانی لە ژێر ئەو خۆری حوزەیرانەدا، دەبریسکانەوە.

پالاشییڤ هەروا دوو باڵێکی مابوو پێیان بگاتەوە، کە "ئۆلز"ی سەرکردەی فەڕەنسی بە ڕێزەوە، چرپاندی بە گوێی پێشەنگەکەدا:

ئەوە پاشای ناپۆلی... خۆیەتی!

لە راستیشدا ئەو سوارەیە "مۆرا"[1] خۆی بوو و، ئێستا بە پاشای ناپۆلی بانگ دەکرێت. هەرچەند مەحاڵ بوو بزانرێت کە لەبەرچی ئەو نازناوەی پێ بەخشراوە؟ بەو شێوەیە بانگ دەکرا و، خۆیشی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە پاشایە. تەنانەت پێش ئەوەی سەفەرەکەی بکات و، کاتێک لە شەقامەکانی ناپۆلیدا خۆی و، هاوسەرەکەی پیاسەیان دەکرد.

چەند ئیتالییەک، سڵاویان لێ کرد و هاواریان بۆ کرد: بژی پاشا!

ئەویش بە لای هاوسەرەکەیدا لای کردەوە و، پێی وت:

ـ ئەو داماوانە، نازانن کە سبەینێ جێیان دەهێڵم!

لە کاتێکدا کە خۆی بە پاشای ڕاستەقینە دانابوو، بەزەییشی بە گەلەکەیشیدا دەهاتەوە، کە ئاخۆ بە دوور کەوتنەوەی ئەو لێیان، چییان بەسەر بێت!؟

کاتێک مۆرا فەرمانی گەڕانەوەی بۆ خزمەتی سەربازی وەرگرت و بە تایبەتیش لە دانتزیگدا، ئەو دەمەی کە مێردە بەڕێزەکەی خوشکی، فەرمانەکەی بۆ خوێندەوە، پێی وت: تۆم کردە پاشا، تاکوو لە سەر ڕێبازی من، حوکمڕانی بکەیت، نەک ڕێبازی خۆت.

ئەویش لاف و گەزافەکەی خۆی دەست پێ کردەوە و، وەکو ئەسپێکی ئالیک باش و لە بار و، کەم دووگ و بەز، هەر هێندەی خۆش بوو، تا سواری گالیسکەکەی بووە وە. ئیدی کەوتەوە پۆشینی جوانترین بەرگو بەبێ هۆ، لە گالیسکەکەیدا بە دەم بڕینی ڕێگای پۆلۆنیاوە، کەوتەوە باوێشکدان.

هەرکە ژەنەراڵە ڕووسییەکەی بینی، بە جوولەیەکی پاشایانەوە، قژەکەی بە دوادا هەڵدا و، سەرنجێکی پرسایانەی سەرکردە فەرەنسییەکەی دا. ئەویش زۆر بەڕێزەوە ـ هەرچەند نەیتوانی بە جوانیش ناوەکەی بڵێت ـ پالاشییڤی پێ ناساند پاشاش کێشەکەی یەکلایی کردەوە و وتی:

دو پالاشییڤ!

ئەمجا نەوازشی کرد و لەسەری ڕۆیشت:

خۆشحاڵ بووم بە ناسینت.. ئەی ژەنەراڵ!

بە دەنگی بڵند و، بە خێرایی کەوتە قسە کردن و، پلە و پایەی خۆی بیر چووەوە، و زۆر سادانە دوا. ڕەشمەی ئەسپەکەی پالاشییڤی گرت و، وای پیشاندا، کە ئەو هیچی بۆ ئەو کێشەیە پێ ناکرێت.

پاشان وتی:

زۆر باشە ژەنەراڵ.. لەوە دەچێت هەموو ئەوانە بە هۆی جەنگەوە بن.

پالاشییڤیش کە زۆر زاراوەی خاوەن شکۆی دووبارە دەکردەوە، وتی:

---

۱ ـ جواشیم مۆرا ژنبرای "ناپلیۆنی یەکەم" و میردی "کارۆلین"یش بوو.

خاوەن شکۆ.. ئیمپراتۆری سەرۆکم، هەرگیز شەڕخواز نەبووە و، نابێت. ئەی خاوەنشکۆ خۆیشتان ئەمە چاک دەزانن.

ئەو دەمەی دو پالاشییف قسەکانی بۆ دەکرد. ئەو فیز و بەخۆ نازینی پێوە دیار بوو. چونکە بە حوکمی پاشایەتییەکەی، دەبوو قسەی سیاسیانە لەگەڵ نوێنەری ئەلکسەندەر بکات. لە سەر ئەسپەکەی دابەزی و، قۆڵی گرت و، چەند هەنگاوێک لە کەسانی دەوروبەری خۆی دووری خستەوە و، کەوتە پیاسە کردن لەگەڵیدا. باسی ئەوەی بۆ دەکرد، کە رەنگە کشانەوەی سوپاکەیان بە خراپ بە سەر وڵاتەکەیدا بشکێتەوە و، دەیویست قورسایی بە قسەکانی خۆی بدات.

کە پالاشییف ئەوانەی بیست، کەوتە قسە کردن و، دەیوت کە ئەو کارە نابێتە سووکایەتی بۆ...

مۆرایش بە بزەیەکەوە وتی:

کەوابوو تۆ پێتوایە کە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، هۆکاری هەڵگیرساندنەوەی شەڕ نییە!

پالاشییف ئەو هۆیانەی بۆ باس کرد کە دەریاندەخست ناپلیۆن، شەڕەکەی هەڵگیرساندووە.مۆرا قسەکەی پێبڕی و، بە شێوەی خزمەتکارێک، کە لەو شەڕو شۆڕەدا نەهێڵێت هیچ ئاغایەکیان دڵگران ببێت، وتی:

"ئێی ژەنەرالی ئازیز، خوازیارم ئیمپراتۆر کێشەکەی نێوانیان چارە بکات و، ئەم شەڕەی کە بە ویستی من نەبوو، کۆتا ببێت."

ئەمجا پرسیاری لە دروستیی غەراندۆقی کرد و ،ئەو کاتە کەمە خۆشانەی بۆ باس کرد، کە لەگەڵیدا و، لە ناپۆلی بەسەری برد بوو.

لە ناکاو وەکو ئەوەی فیز و خۆبەزلزانینی پاشایەتییەکەی بیر کەوتبێتەوە، خۆی قیت کردەوە و، وەکوو ئەو دەمەی، کە تاجە شاهانەکەیان لەسەرنا و، بە خۆ فش کردنەوەیەکەوە وتی:

"لەمە پتر لە کاتت ناگرم ئەی ژەنەرالْ.. خوازیارم لەم ئەرکەتدا سەرکەوتوو بیت."

ئەمجا بە پاڵتۆ سوورەکەیەوە و پەڕەکەی سەری کە بایەکە دەیشەکاندەوە و ئەو چەند پارچە زێڕەی، کە بە تیشکی خۆرەکە دەبریسکایەوە، خۆی گەیاندەوە ناو دەست و پێوەندەکانی.

پالاشییف رێی گرتەوەبەر. مۆرا وای ئاسوودە کرد بوو، کە پێی وابوو هێندە نابات ناباڵیۆن دەبینێت. بەڵام لە دێیەکەی تر، دیسان پاسەوانانی فەوجی تۆپخانەی"داڤۆ" وەستانیانەوە. هەر وەکو ئەوەی کە لە هێڵی بەرەی شەڕەکەدا، بە سەری هاتبوو. لەوێش یاریدەدەرێکی سەربازییان بانگ کرد، تاکو بیبات بۆ لای مارشاڵ.

بەشی پێنج
گەڕانەوە بۆ ڤیلنا

داڤۆ ئاراکتشییڤ وەکو بێ ترس بوو، نوێنەری ناپلیۆنیش بوو و، هەر وەکو ئەویش ورد بوو. بە توندوتیژی نەبوایە، نەیدەتوانی دڵسۆزیی خۆی بۆ گەورەکەی بسەلمێنێت. بوونی کەسانێکی زیانبەخشی وەکو ئەو، لە نێو کۆمەڵە دەوڵەتانێکدا وەکو پێویستییەکانی بوونی گورگ بوو، بۆ سروشت. ئەو جۆرانە بوونیان هەیە و، مانەوەی خۆیشیان دەپارێزن. مەحاڵە سەرۆکی دەوڵەتیش بیانبینێت. ئەم پێویست بوونەیش لە خۆیدا، ئاراکتشییفی زبر و، توندوتیژ کردبوو.

بە دەستەکانی خۆی سمێڵی کۆمەڵێک لە باشترینی سەربازەکانی هەڵدەکەند، بێ ئەوەی بە هۆی لاوازیی مێشکییەوە، ڕوو بە ڕووی کەمترین مەترسییش ببێتەوە. ئەمەیش ئەوەی ڕوون دەکردەوە کە چۆن کەسێکی بێڕەوشتی، ناڕۆشنبیری خراپ توانیی کاریگەریی بەسەر ئەلکسەندەری ڕەوشت پاکەوە هەبێت.

پالاکشییڤ "داڤۆ"[1]ی بینی، لەسەر بەرمیلێک دانیشتبووە و سەرقاڵی حساباتە، لەولایشیەوە یاریدەدەرە سەربازییەکەی وەستابوو. خۆ مارشاڵ دەیتوانی شوێنی

---

١ ـ "داڤۆ" مارشاڵێکی فەڕەنسا بوو و لە باشترینەکانی ناپلیۆن بوو.

لەوە باشتر بدۆزێتەوە. بەڵام ئەو لەو جۆرە پیاوانە بوو، کە دەیویست لە شوێنی سەخت و دژواردا بێت، تاکو بۆ خەڵکیی دەر بخات، کە پیاوێکی سەختە. مرۆڤ لە ڕوخساریدا، ئەوەی دەخوێندەوە کە: مرۆڤ چۆن بیر لە خۆشییەکانی ژیان دەکاتەوە، کە ئەمە دەبینێت ـ وەکو دەبینن ـ لە سەر بەرمیلێکی خۆڵ و خاشاکی پۆخڵ دانیشتووە و، کارەکەی دەکات.

خۆشی و حەزی ئەو جۆرانە، ئەوەیە کە ئەو کارە بێزراوانەیان بدەنەوە بە ڕووی ئەوانەدا، کە خۆیان داوە بە دەم شەپۆلی ژیانەوە. داڤۆ کە گەیشتنی پالاشییڤی بینی، هەستی بەوە کرد، حساباتەکەی لە جارەکانی تری زۆرتری پێچوو.

دوای ئەوەی لەودیو چاویلکەکەیەوە، سەرنجێکی ڕوخساری ژەنەرالّی دا. ئەو ژەنەرالّەی کە سەفەرە کورتەکەی و، وتوویژەکەی لەگەڵ مۆرا ڕووە خۆشەکەی بۆ گێڕایەوە. بێئەوەی بجوولّێت، بزەیەکی بێتامی هاتە سەر لێو. کە کاریگەریی نادروستی لە کاتی بەخێرهێنانیدا هەست پێ کرد. سەری بڵند کردەوە و، لێی پرسی، "که ئاخۆ چیی دەوێت؟"

پالاشییڤیش ئەو پێشوازی کردنە سارد و سڕەی، بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەو داڤۆیە نازانێت ئەم لە لایەک نوێنەری ئەلکسەندەرە و، بۆ لای ناپلیۆن نێردراوە و، لە لایەکی تریشەوە، یاریدەدەرێکی سەربازییە. بۆیە کەوتە وتنی نازناوەکانی خۆی.

بەڵام کارەکەی پێچەوانە کەوتەوە و، هەڵس و کەوتی ساردتر بوو و وتی:

"کوا نامەکەت؟ ئیستا بینێرم بۆ ئیمپراتۆر."

پالاشییڤ ئەوەی ڕەت کردەوە و، وتی دەبێت بە دەستی خۆی نامەکەی بداتێ.

داڤۆیش وتی:

"فەرمانەکانی ئیمپراتۆرتان، لە نێو سوپای خۆتاندا، جێبەجێ دەکرێت. بەڵام لێرە چیت پێ دەڵێن، پێویستە بە گوێیان بکەیت و، جێبەجێی بکەیت."

وەکو ئەوەی بیەوێت بۆ ژەنەرالّە ڕووسییەکەی دەربخات، کە ئێستا لە ژێر سایەی هێزێکی تواناداردایە. یاریدەدەرە سەربازییەکەی نارد تاکو ئەفسەرێک بانگ بکات. پالاشییڤ نامەکەی خستە سەر ئەو دەرگا کۆنەی وەکوو مێزێک، کە خرابووە سەر دوو بەرمیل و، کرابووە مێز. داڤۆیش نامەکەی هەڵگرت و بەرگەکەی خوێندەوە.

پالاشییڤ وتی:

"تۆ لەوەدا ئازادیت بە ڕێزەوە هەڵس و کەوتم لەگەڵ بکەیت یان نەء." بەڵام بە

ئەرکی خۆمی دەزانم، کە سەرنجت بۆ ئەوە رابکێشم، کە من بە یاریدەدەرێکی خاوەن شکۆی نێو ژەنەرالەکان دانراوم.

داڤۆ بێ ئەوەی هیچ بڵێت، سەرنجێکی دا. پێی باش بوو کە جۆرێک دڵەڕاوکێی پێوە دیار بێت و وتـی،"جۆرێک مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت، بە هێندەی خۆت رێزت لێ بگیرێت. بێخەم بە."

ئەمجا نامەکەی خستە گیرفانی و، گەنجینەکەی جێ هێشت. لە خولەکێکدا بەڕێز دوگاستری یاریدەدەری مارشاڵی سەربازی پەیدا بوو. تاکو ئەو خانووەی پێشان بدات، کە بۆی ئامادە کراوە. لەو گەنجینەدا و، لە سەر ئەو مێزەی سەر دوو بەرمیلەکە نانی ئەو ڕۆژەی لەگەڵ مارشاڵدا خوارد.

بەرە بەیانیی ڕۆژی دواتر، هەر زوو پێش پالاشییف کەوت و، سەپاندی بە سەریدا، کە لە دوگاستری بەولاوە، قسە لەگەڵ کەسی دی نەکات و، لە شوێنی خۆی نەجووڵێت. لەگەڵ قافڵەی سەربازیدا نەبێت نەڕوات بەملاو لادا.

دوای چوار ڕۆژ مانەوە، بە تەنیایی و دوای بڕینی چەند ناوچەیەک، لەگەڵ شتومەکەکانی مارشاڵ و، یەکە سەربازییە فەڕەنسییەکاندا، ئەو یەکانەی کە ناوچەکانیان داگیرکردبوو، پالاشییف گەڕایەوە بۆ ڤیلنا. ئەو شارەی، کە ئێستا لە ژێر دەستی دوژمنداید و، هەر لەو دەرگایەوە، کە پێش چەند ڕۆژێک لێوەی چوو بووە دەرەوە.

ڕۆژی دواتر دوو تۆرینی پیاوی دەربـاری ئیمپراتـۆر هات و، پێی ڕاگەیاند کە ناپلیۆن ڕێی داوە تاکو ببینێت. چوار ڕۆژ بەر لە بینینەکە، پاسەوانانی فەوجی بریوبراجنیسکی، لەبەر دەرگای ئەو خانووەدا وەستابوون، کە بالاشیفیان بۆ دەبرد. بەڵام ئێستا دوو سەربازی فەڕەنسیی بەرگ شین و شەپقە بەسەر لە شوێنیانن و، کۆمەڵێک سوارەی فەڕەنسی و ئەڵمانی و، چەند پیاوێکی ڕێکپۆشی دەربـاری شاهانە، لە یاریدەدەرانی سەربازی و، چەند کورۆکاڵێک کە چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی ناپلیۆن بوون و ئەسپ و یاوەرەکەی لە کۆتایی پلیکانەکاندا وەستابوون. هەر لەو شوێنە ناپلیۆن پێشوازیی کرد، کە کاتی خۆی ئەلکسەندەر نامەکەی دابوو بە پالاشییف.

بەشی شەش
لە بەردەم ئیمپراتۆردا

هەرچەند پالاشیف، لە سەر بینینی کۆشکی رازاوەی شاهانە راهاتبوو. بەڵام رازاندنەوە و، خۆش گوزەرانیی ئەو پێگە شاهانەیە، کارێکی زۆری لە رەوانی کرد بوو. کۆنت دووتۆرین ئەوی کرد بە هۆڵێکی پان و پۆڕدا، کە چەندین ژەنەرالا و پیاوانی دەربار و، ناسراوانێکی زۆری پۆڵۆنیی تێدا بوو. کەسانێکی زۆری لێ ناسینەوە و هەندێکیانی زووتر، لە دەوروبەری ئەلکسەندەر بینی بوو. ئێستا لە چاوەڕوانیدان. "دوروک[1]" بۆی ئاشکرا کردن، کە ئیمپراتۆر پێش دەرچوونی، دەیەوێت ژەنەرالە روسییەکە ببینێت.

دوای چەند خولەکێک، دەرگاوان بە رەوشتەوە بۆ پالاشیف نووشتایەوە و، داوای لێ کرد، تا شوێنی بکەوێت. پالاشیف گەیشتە ئەو ژوورە بچووکەی، کە یەکێک لە دەرگاکانی دەچووەوە سەر ئەو نووسینگەیەی کە کاتی خۆی دواترین فەرمانەکانی ئەلکسەندەری تێدا وەرگرتبوو. دوو سێ خولەکێک چاوەڕوان بوو. دەنگی پێی لە پشت ئەو دەرگایەوە بیست، کە هێندەی پێنەچوو کرایەوە و، کەوتە سەر گازی پشت.

کپ بوونەوەیەک و، ئەمجا دەنگی پێ هات. تا دەهات، دەنگەکە نزیکتر دەبووەوە. تومەز ئەوە ناپلیۆن خۆی بوو. تازە لە پۆشینی بەرگەکەی بووبووەوە و، چاکەتە

۱ـ جیرۆکریستۆفمیشێل: مارشاڵێکی مەزنی کۆشک بوو.

شینەکەی بە سەر بەروانکە سپیەکەیدا ئاواڵ بوو و، لەگەڵ بەرزیی ورگیدا جوان هاتبووەوە. شەروالەکەیشی لە چەرمی سپی بوو و، شێوەی رانە خڕەکەی وەرگرتبوو و، لە خوار ئەژنۆیشییەوە، نوقمی پووتە بەرزەکانی بوو.

دەمێک نەبوو سەری داهێنابوو. چەند تاڵێک پێکەوە کەوتبوونە سەر نێوچاوانە پانەکەی. ئەو نێوچاوانەی، کە هێشتا دڵۆپی ئەو قۆڵۆنیایەی پێوە بوو، کە پێیدا پژابوو. روخسارە سپیەکەیشی، لە نێو یەخە رەشەکەیدا، بە جوانی وەدیار دەکەوت.

روخساری پڕی و، لاجانگە بەرزەوەبووەکەیشی، شێوەی ئیمپراتۆریی پێدابوو. سەری کەمێک بە پشتدا خستبوو و، هەنگاوەکانی خێرا و، بە قەڵەمباز بوو. کورتە باڵایەکی ناوشان پان و تۆکمە و، سنگ و سکی بەرز بوو و، دیمەنێکی جوانی دەبەخشی و، وای پیشان دەدا کە کەسێکی بووەی چل ساڵانە بێت و، ئەو ڕۆژە لە باریٚکی دەروونیی باشدا بێت. بە سەرنەوی کردن، وەڵامی سڵاوە گەرمەکەی پالاشیڤی دایەوە و، بە قسە کردنەوە بەرەو ڕووی چوو. وەکو یەکێک دەدوا، کە کات لە لای زۆر بە نرخ بێت و، هەمیشە قسەکانی لە جێی خۆیدا بن.

پێی وت:

بەخێر بێیت، ئەی ژەنەرال. ئەو نامەیەم پێگەیشت کە لە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆرەوە، هێنابووت. شادیشم بە بینینت.

بۆ ساتێک چاوە گەورەکانی، خستە سەر پالاشیڤ و، هەر زوو ڕووی لێ وەرگێڕا. بێگومان کەسێتیی پالاشیڤ، بە لای ئەوەوە گرنگ نەبوو. چونکە تەنیا ئەوەی مێشکی خۆی، جێی بایەخ بوو. ئەی ئەو پێی وا نەبوو: کە هەرچییەک لە دنیادا هەیە، بە خواستی خۆیەوە بەندە!؟

ئەمجا پێی وت:

نە حەزم لە شەڕەو نە حەزیشی لێدەکەم. ئەوان ناچاریان کردم، شەڕ بکەم.

ئەمجا لە سەری ڕۆیشت:

"ئێستایش ئامادەم هەموو ئەو بیانووانە وەربگرم، کە دەیخەیتە بەردەستم."

ئەمجا بە کورتی و بە ڕوونی هۆی ناڕەزایی لە حکومەتی ڕووسیا بۆ باس کرد. شێوەی قسە کردنی و، نیانی گفتوگۆکەی ناپلیۆن، پالاشیڤی هێنایە سەر ئەو بڕوایەی، کە ئیمپراتۆری فەڕەنسییەکان، ئارەزووی لە دانووسانە و، بە دڵ دەیەوێت ئاشتەوایی بکات.

پالاشیف خەریک بوو بڵێت: **گەورەم، ئیمپراتۆری گەورەیشم...**

ناپلیۆنیش بە روانینی دوا بە دوای قسەکانی ئەودا، خۆیی خەریک کرد. نێردراوە رووسییەکەیش، دەمێک بوو وتارەکەی ئامادە کردبوو، تاکو پێی بڵێت. بەڵام بە تێبڕینی ئەو چاوە گەورانەی، ناپلیۆن، دەروونی ئاڵۆز بوو. ناپلیۆن بە زەردەخەنەیەکەوە کە بە گران دەبینرا، کەوتە سەرنجدانی بەرگ و ئەو شمشێرەی قەدی و، هەروەکوو ئەوەی بیەوێت پێی بڵێت:

"تۆ پەشۆکاویت! جارێ خۆت رکێف بکەوە!"

ئەویش دوای ئەوەی خۆی رکێف کردەوە وتی:

"ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، دامالێنی پاسپۆرت لە کۆراگینی بە کەوتنە شەڕەوەی لە قەڵەم نەداوە. ئەوەی لەبەر ئەوە کردووە، چونکە ئەو بە بێ راوێژ کردن بە ئەلکسەندەر و، هەر لە خۆیەوە ئەو ڕەفتارەی نواندووە. نە شەڕخوازە و نە پەیوەندیشی لەگەڵ بەریتانیادا هەیە."

ناپلیۆنیش هەڵیدایە:

"تا ئێستا پەیوەندیی لەگەڵیاندا نییە."

بەڵام بڕۆکانی یەک هێناوە و، سەرێکی بۆ پالاشییف لەقاند، وەکو ئەوەی خەمی ئەوەی بێت، بە سۆزەوە قسەکەی لێ وەرگیرابێت. دوای ئەوەی پالاشییف هەموو ئەو زانیارییانەی بۆی دیاری کرابوو، خستییە روو. پێداگریی ئەوەیشی کرد کەوا ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر هەرچەند ئارەزوومەندی ئاشتەواییە، بەڵام بە مەرجێ دانووسان دەکات...

لێرەدا دوودڵ بوو و ئەوەی بیرکەوتەوە کە ئیمپراتۆر ئەمەی لە نامەکەدا نەنووسیوە! بەڵام ئەمی راسپاردووە، کە لە بەردەم ناپلیۆندا ئەو رستەیە بڵێت. رستەکەیشی بە جوانی هاتەوە یاد: کە دانوسان ناکات و هیچ رێکەوتنێک واژۆ ناکات، تا چەکدارێکی داگیرکەر، لەسەر زەویی رووسیا مابێت. بەڵام هەستێکی زۆر ئاڵۆز ئەم رستەیەی لەسەر لێوانی وەستاند. هەرچەند مەبەستیشی بوو بیڵێت، ناچار بە رووزەردییەکەوە گۆڕیی بە ئەمە: بە مەرجێک یەکەکانی سوپای فەڕەنسی بەرەودوا بە سەر رووباری "نییمن"دا سەرلەنوێ بگەڕێنەوە.

ناپلیۆن لە شڵەژاوییەکەی پالاشییف بە ئاگا بوو و، رووی گرژ بوو و، ماسوولکەی پووزی چەپی کەوتە جووڵە. بێئەوەی شوێنەکەی بگۆڕێت، کەوتەوە قسە کردن و، بە دەنگی بڵندتر لە جاری پێشووی و بە درێژیی قسە کردنەکەی،

هەستی دەکرد جوولـەی ماسـوولکەکەی گولمـەی پـووزی چـەپی لەگـەڵ دەنگەکـەدا زیاتر دەبوو.

ئەمجا لە سەری ڕۆیشت:

"منیش لە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، کـەمتر ئارەزوومەندی ئاشـتی نیم. ئـەی ئـەوە نییـە: هەشـت مانگـە لـە پێنـاوی ئاشـتیدا تەقـەلام داوە؟ هـەژدە مانگیشـە چـاوەڕوانی، ڕوونکردنەوەم."

ئەمجا دەست و مەچەکە سپییەکەی جوولان و، لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵام ئـاخۆ داوای چیم لێ دەکەن، تاکوو دانوسان بکەم؟"

پالاشییڤیش وتـی:

"پاشەکشەی سوپاکان بۆ ئەوبەر ڕووباری "نییمن".. خاوەن شکۆ."

ناپلیـۆنیش هەڵیدایـە:

"ئەوبەر نییمن؟ کەوابوو ئێستا: داوای کشانەوە بۆ ئەوبەری نییمنم لێ دەکەن!"

ئەمجا چاوانی بڕییە چاوانی پالاشییڤ و دووبارەی کردەوە:

"تەنیا ئەوبەری نییمن؟"

وەکو هێمایەک بۆ قایل بوون، نووشتایەوە:

"ئێستا ئەوان لە بری چۆڵ کردنی بۆمیرانیا کە چـوار مانگ لەمەوبـەر پێداگرییان لە سەری دەکرد، داوای کشانەوە دەکەن بۆ ئەوبەری نییمن."

ناپلیۆن پشتی تێ کردن و، کەوتە هاتوچۆ بە هۆڵەکەدا و، لە سەری ڕۆیشت:

"ووتت: ئەوان داوای ئەوە دەکەن تـا بکشێمـەوە بـۆ ئەوبـەری نییمن؟ بـەڵام پێش دوو مانگ داوایان لێ کردم، تـا بگەڕێمـەوە ئـۆودر و ڤیسـتۆل، ئـەمجا بـە دانووسـان قایل دەبن."

بێئەوەی هیچی تر بڵێت، کەوتەوە هاتوچـۆ بە هۆڵەکـەدا و، کـە چـووە ئـەوبەر و، لـە بـەردەم پالاشـییڤدا وەسـتا. پـووزی ئیمپراتـۆر پتـر شـڵەژابوو و، ماسـوولکەکانی دەم و چاویشی ڕەق بوو بوو.

ناپلیۆن ئەو تایبەتمەندییەی خۆیی، چاک دەزانی و، لە بارەییەوە وتبووی:

" لەرینەوەی پووزی رانی چەپم، بۆ من، هێمایەکی گەورەیە."

لە ناکاو بە هەڵچوونەوە ـ خۆیشی لەو کارەی خۆی حەپەسابوو ـ هاواری کرد:

"بۆ ئەو دەست پێشخەرییانەی وەکوو: چۆڵکردنی ئۆودر و ڤیستۆل، دەکرێت لـە "غەراندۆق دو باد" بپرسرێت، نەک لە من. چونکە ئەگـەر پیترزبـورگ و، مۆسکۆیشـم

بدەنێ، من ئەو مەرجانە پەسەند ناکەم. دەڵێن: کەوا من جەنگم دەست پێ کردووە؟ بەڵام منیش دەپرسم: ئەی ئەوە کێ بوو، کە لە پێش هەموو کەسێکەوە، پەیوەندیی بە سوپاوە کردەوە؟ ئەوە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر بوو.. نەک من! ئێستایش دوای ئەوەی، چەندین ملیۆنم خەرجی ئەو پێشرەوییە کردووە و، لە لایەکی تزیشەوە، ئێوە هاوپەیمانی ئینگلیزن و، هەڵوێستتان بەرامبەرمان خراپە! قسەی ئەوەم بۆ دەکەن: دانووسان بکەم! ئەی باشە ئێوە ئامانجتان لەو هاوپەیمانییە لەگەڵ ئینگلتەرە چییە؟ ئاخر ئەوان چییان پێ بەخشیون؟

ئەم رستانەی ئاراستە دەکردن و، بیری لە دەرخستنی سوودەکانی ئاشتەوایی و، لە توانادا بوونی وەدیهێنانی نەدەکردەوە. بەڵکو ئەو هەر ئەوەندەی مەبەست بوو، ڕەوایی پێ بدات و، توانای خۆی بسەلمێنێت و بیکاتە پاساوی هەڵەکانی ئەلکسەندەر و، زیانەکانی. هەر لە سەرەتاوە دەیویست تایبەتمەندیەکانی هەڵوێستی خۆی بنوێنێت و تێیانبگەیەنێت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەستکردنە دانووسانیشی پەسەندە. بەڵام تا لەسەر قسە کردن بەردەوام بووایە رکێفی وشە و رستەکانی لە دەست دەدا. تا وای لێهات قسەکانی بووە خۆهەڵکێشان و کەمکردنەوەی توانای ئەلکسەندەر. واتە پێچەوانەی سەرەتای قسەکانی چاوپێکەوتنەکەی بوو.

لە سەری ڕۆیشت:

"ئەوان دەڵێن گوایە ئێوە، پەیمانتان لەگەڵ تورک مۆر کردووە؟"

پالاشییڤ سەری پشتراست کردنەوەی وتەکەی ئەوی، بۆ لەقاند و وتی،"پەیمانی ڕێککەوتن...."

بەڵام ناپلیۆن قسەکەی پێ بڕی. هەستی کرد کە پێویستە قسە بکات. قسەی کەسانێک کە سامان و دەوڵەمەندیی بۆگەنی کردوون و وتی،"بەڵێ لەوە بە ئاگام کە پەیمانی ڕێککەوتنتان لەگەڵ تورک بەستووە. بێئەوەی مۆلداڤی و ڤالاکی وەدەست بێنن. لە کاتێکدا من هەر وەکو چۆن فیلندەم بە دیاری پێ بەخشی، ئەو دوو هەرێمەیشم بە دیاری دەدایە.

لە سەر قسەکەی سوورتر بوو و وتی:

"بەڵێ خۆم پەیمانم بە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر دابوو، کە مۆلداڤیا و، ڤالاکیی پێ ببەخشم و، وا ئێستا ئەو دوو هەرێمە جوانەی، لە کیس چوو. دەیتوانی بیداتە دەم مەملەکەتەکە و، ئەوکات مەملەکەتەکەی لە دوورگەی بۆتنی یەوە درێژ دەبووە و، دەگەیشتە ڕێژگەی دانووب. کاتیرینی مەزنیش هەر هێندەی بۆ دەکرا."

هەڵچوونەکەی زۆرتر بوو و، بە ژووڕەکەدا کەوتە هاتوچۆو وشە بە وشەی ئەو دانیشتنەی کە ئەلکسەندەر لە پێک گەیشتنەکەیدا لە تیلیست وتبووی، دووبارە دەکردەوە و وتی:

"ئەو هەمووەی بە هۆی هاوڕێیەتیی منەوە، بە دەست دەهێنا.. ئاە! ئای لەم پاشا جوانە! ئای لەم پاشا جوانە...! "

چەند جارێک ئەو وشانەی دووپات کردەوە. ئەمجا قوتووە زێڕینە بڕنووتییەکەی دەرهێنا و، کەمێکی خستە سەر پەنجەی و، هەڵی مژی.

ئەمجا لەسەری ڕۆیشت و وتی،"ئای لەم پاشا جوانە! لەم پاشایەتییەی ئەلکسەندەر دەیکات!"

ئەمجا بە بەزەییەوە سەرنجی پالاشییڤیدا. دەیویست ئەویش شتێک بڵێت. بەڵام کە ویستی قسە بکات، دەستی خستە سەر شانی و قسەکەی پێ بڕی و وتی،"گەر هاوڕێیەتی منی بە دەست بهێنێت، هەموو شتێکی بە دەست دەهێنا! ئەی ئەو حەزی لە چییە!؟ نەخێر ئەوەی بە باشتر زانیوە کە دوژمنەکانی من، لە خۆی کۆ بکاتەوە! بنەماڵەی ستین و، بنەماڵەی ئارمفێلت و بینیگسن و، نیتزنگیرۆد! ئاخر ستین ناپاکێکە لە ولاتی خۆی دەرکراوە و، پەیوەندیی بە دوژمنی خۆیەوە کردووە. ئارمفێلتیش داوێن پیسێکی زۆر فێڵبازە و، وینتزگیرۆدیش، فەرەنسییەکی خزمەتکاری دوژمنە و، بینیگسن کەمێک لەوانیتر سەربازییە، بەڵام ئەویش هێندە بێدەسەڵاتە، کە ساڵی (١٨٠٧) هیچی بۆ نەکرا. لە کاتێکدا کە دەبوو، یادەوەرییە زۆر تاڵەکان وەبیر ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر بێنێتەوە."

ناپلیۆن دریژەی پێدا و، لەبەر چڕیی بەڵگەی سەلماندنەکانی، بۆ ڕەوایی دان بە هێز و بەو کارەی خۆی، وتی:

"گەر ئەوانەی لە دەوری ئەون، نرخێکیان هەبوایە، قایل دەبووم منیش بەکاریان بەرم. ئاخر ئەوانە بە کەڵکی هیچ نایەن. نە لە شەڕدا و نە لە ئاشتیدا. وەکو دەڵێن: "بارکلی"[1] لە هەر هەموویان باشترە. بەڵام ئەگەر سەرنجی سەرەتای هەڵسوکەوتەکانی بدەین، من وا بیری لێ ناکەمەوە. ئەمجا ئەمانە چییان بۆ دەکرێت؟ بفویل هەر خەریکی پێشنیار کردنە و، ئارمفلیتیش راوێژ و بینگسن ئەوە ورد دەبێتەوە لە کێشەکان.

---

١ ـ بارکلی: ژەنەرالێکی ڕووسی بوو و ڕکابەرێکی سەرسەختی ناپلیۆن بوو.

بارکلییەک کە هەر بۆ کار کردن بانگ دەکرێت، خۆیشی نازانێت لە کوێوە دەست پێ بکات. کات تێدەپەڕێت و هیچی نوێی پێناکرێت!

تەنیا پاگراسیۆن پیاوی جەنگە. هەر چەند گێلیشە، بەڵام خاوەن ئەزموونە و، سەرنجی قوواڵی هەیە و، بە وردەیە. ئاخر لە نێو ئەو تێکەڵەیەدا ئیمپراتۆرەکان چ ڕۆڵێکیان هەیە!؟ ئەوانە تاوان دەکەن و، ئەنجامەکەی دەخەنە ئەستۆی ئیمپراتۆر. پاشایەک پلەی ژەنەراڵیی نەبێت نابێت بچێتە نێو سوپاکەیەوە."

ئەم قسانەی وەکو رکابەرایەتی، لەگەڵ ئەلکسەندەردا دەوت. لەوەیش بێئاگا نەبوو، کە ئەو دەیویست لاوازیی ئەلکسەندەر دەربخات و، متمانەی وەکو پیاوی جەنگ پێی لاواز بێت.

لە سەری ڕۆیشت:

"ئەوە هەشت ڕۆژە، پەلامارەکە دەستی پێ کردووە و ئەوان نەیانزانیوە چۆن چۆنی بەرگری لە ڤیلنا بکەن. کرانە دوو بەشەوە و، لە هەرێمەکانی پۆلۆنیا وەدەرنران. سوپاکەتان هەر بۆڵەبۆڵێتی.

پالاشییف قسەکانی پێ هەرس نەبوو و پێی وابوو کاتی قسە کردنە و وتی،"بە پێچەوانەوە، ئەی خاوەن شکۆ. یەکە سەربازییەکانمان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی جەنگن."

ناپلیۆن قسەکەی پێبڕی:

"خۆم ئاگام لە هەموو شتێکە! بەڵێ ئاگام لە هەموو شتێکە! وەکو چۆن ژمارەی لیواکانی سوپای خۆم دەزانم... ئاوایش ژمارەی لیواکانی سوپای ئێوەیش دەزانم! لە کاتێکدا کە ئێوە (١٠٠٠٠٠) سەربازتان نییە.. من سێ هێندەی ئێوە سەربازم هەیە!"

ئەوەی بیرچووبووەوە کە سوێندەکەی هیچ بایەخێکی نەبوو، لەسەری ڕۆیشت،"بە ناموووسی خۆم سوێند دەخۆم کە (٥٣٠٠٠٠) سەربازی چەکدارم لە سەر ئەم کەناری ڤیستۆلە هەیە. تورکەکان ناتوانن یارمەتیتان بدەن. ئەوان بە کەڵکی هیچ نایەن. هەر بە پەیمانبەستن لەگەڵ ئێوە ئەو ڕاستییەیان سەلماند. بەڵام سویدیەکان ژێر رکێفی پاشایەکی شێت کەوتبوون. ئەوانیش ئەویان گۆڕی و، یەکێکی تریان کردە پاشای خۆیان کە "برنادۆت" بوو. ئەویش هەر زوو ئاوەزی لە دەست دا. چونکە مەگەر کەسێک شێت بێت، تا لەگەڵ ڕووسیادا وەکو سویدییەکە کردی، یەک بگرێت..

ناپلیۆن کەمێک دەمی داچەقاند و، کەمێک لە بڕنووتییەکەی هەڵمژی. پالاشیۆیش لای خۆیەوە، بۆ هەر قسەیەکی ئەو، بەرپەرچدانەوەی خۆی هەبوو. بەڵام هەرکە دەیویست دەمی بکاتەوە، ناپلیۆن دەمی پێ دادەخستەوە.

ویستی لە بارەی هێڕیی سویدییەکانەوە قسە بکات. کە بە هۆی ئەو هاوپەیمانییەیانەوە وەکوو دورگەیەکیان لێهاتووە و، لە پشتیانەوە دەیانپارێزن.

ناپلیۆنیش بە هاوار و قیژەی تووڕە بوونی خۆیەوە، سەرقاڵا بوو. جۆرێک پالاشیۆی جووڵاند کە وابکات پێویست بێت: بڵێت و بڵێت و بڵێت. تاکو بیسەلمێنێت کە خۆی لە سەر هەقە. پالاشیۆیش وەکو بە سەر درێکەوە بێت وابوو. ئەو وەکوو باڵوێزێک خەمی کەرامەتی خۆی بوو، بەوی کە مۆڵەتی نەدەدا وەڵامی بداتەوە. بەڵام وەکوو کەسێکی سادەی ئاسایی، پشتی بۆ ئەو گەردەلوولی تووڕە بوونە بێ سەرو بەرەی ئیمپراتۆر، نەوی کرد. لە شوێنی خۆی وشک ببوو و لە هەردوو رانی ئەو ئیمپراتۆرەی دەڕوانی.

لە سەری ڕۆیشت:

"دواجار ئەو هاوپەیمانیەتییەی ئێوە، چ کارێک لە من دەکات!؟ من لای خۆمەوە هاوپەیمانانێکم هەن، زۆر چاکیشن. لە نێویاندا پۆڵۆنییەکان. ئەوان ئێستا خاوەنی (٨٠٠٠٠) سەربازن و، شێرانە دەجەنگن. کە چاوەڕوان دەکرێت ژمارەیان بگاتە (٢٠٠٠٠٠) سەرباز."

هەرکەسێک گوێی لەو قسانەی ناپلیۆن بوایە، هەر زوو تێدەگەیشت، کە درۆ دەکات. هەڵوێستی پالاکشییۆیش کە بێدەنگی بوو، ئەوی تووڕە کرد. ئەمجا بە نیوە بازنەیەک خولی خوارد.

بە دەم جووڵاندنی دەستە سپیەکانییەوە کەوتەوە قسە کردن:

"ئەوە بزانن ئەگەر بروسیاتان دژی من هەژاند ـ دەستێکی لە دەست خشاند ـ ئەوا ناچار دەبم، لەسەر نەخشەی ئەوروپای بسڕمەوە."

دیسان لە سەری ڕۆیشت:

"فرێتان دەدەمە پشت "دۆنا" وئەوبەری "دنییبر"ەوە. دەتانکەمە بەربەستێک بە ڕووی خۆتاندا. ئەو بەربەستەی، کە ئەوروپا کوێر بوو بوو لە ئاستیدا و، نەیدەبینی! خۆم بە تاوانبار دەزانم، گەر ڕێ بدەم ئەو بەربەستە هەرەس بێنێت. بەڵێ بە دوورکەوتنەوەتان لە من، هەر ئەوە چاوەڕێتانە."

دوو شانی هەڵتەکاند و، بە بێدەنگی کەوتە ڕۆیشتن و، ناوشانە پانەکەی

دەلەرییەوە. قوتووی بڕنووتییەکەی خستەوە گیرفانی و، دەری هێنایەوە و، چەند جارێک لە لوتی نزیک کردەوە. دیسان گەڕایەوە سەر پالاشییف و، بە سوکایەتی پێکردنێکەوە، سەرنجی دایەوە.

ـ دوای کەمێک بێدەنگی وتـــی:

"ئـای لەو پاشایە! چ پاشایەکە: کە نەتوانێت من ببات‌ەوەو دەست خۆیم بخات!"

لە کاتێکدا کە دەبوو پالاشییف شتێکی بوتایە و، بەرپەرچی ئەوی بدایەتەوە، بەوەی کە هیچنا بڵێت: رووسەکان لای خۆیانەوە بارو دۆخەکە بە گرژی نابینن.

ناپلیۆن بۆ ئەم قسەیەی ئەو، هیچ وەڵامێکی پێ نەدەبوو. بەڵام ناپلیۆن هەر وەکوو ئەوەی هیچی نەبیستبێت. هەر چاوانی سوکایەتی پێ کردنی تێ بڕی بوو. هەر کە پالاشییف لە سەری رۆیشت و قسەی لەوە کرد کە ئەوان چاوەڕوانی ئەنجامی باش دەکەن. ئیمپراتـۆر بە ئاگاییەوە سەری لەقاند و وەکو بیەوێت بڵێـت: **بەڵێ خۆیشم ئەوە دەزانم! تۆ لە سەرتە بەم شێوەیە قسە بکەیت. بەڵام لە دڵەوە بڕوات بە یەک وشەی قسەکانی خۆت نیە! چونکە من توانیم قەناعەتت پێ بکەم.**

پالاشییف کپ بووەوە و ناپلیۆن سەرلەنوێ قوتووی بڕنووتییەکەی بردەوە بۆ لوتی و بۆنێکی کردەوە. ئەمجا دوو جاران پێی لە زەوی کوتا. بەو ئیشارەتە دەرگایەک کرایەوە و خزمەتکارێک هاتە دەر و شەپقە و، دەستکێشەکانی بۆ هێنا. بە دوایدا خزمەتکارێکی دی هات و، دەسرۆکەکەی بۆ هێناو، ناپلیۆن بە لای پالاشییڤدا لای کردەوە.

بێ گوێدانە خزمەتکارەکان، وتی:

"ئەلکسەندەری ئیمپراتـۆر، بە نـاوی خۆمـەوە دڵنیا بکەوە، کە ئێشتایش وەکوو جاران دڵسۆزی ئەوم. باش دەیناسم و، رێز لە تایبەتمەندییەکانی دەگرم. ئیدی لەمە پتـر دواتنـاخەم و، لێـرە ناتهێڵمـەوە... ئـەی ژەنـەرالا. بێگومـان ئـەم نامەیـەم بـە ئیمپراتـۆر دەگەیەنیت."

ئەمجا رووی کردە دەرگای چوونە دەرەوە و، هەموو ئەوانەی لە چاوەڕوانیدا بوون، بە پەلە پێشی کەوتن و، خۆیان گەیاندە بەر پلیکانەکە.

بەشی حەوت
گەڕانەوەی تـــەتـەر

دوای ئەو هەموو قسانەی کە ناپلیۆن بە تووڕەییەوە دەری بڕین، وتی:

"نامـەوێت لەمـە زۆرتـر دوات بخـەم.. ئـەی ژەنـەڕاڵ. دیـارە کـە ئـەم نامەیـەم دەگەیەنیت. پالاشییف گەیشتە ئەوەی کە ناپلیۆن ئارەزووی بینینەوەی ناکاتەوە و، بگـرە لەمـەودوا خۆیشـی لـە بینینـی دەدزێتـەوە، چونکـە ئیمپراتـۆر سـوکایەتیی پـێ کردبـوو و، ئـەو هـەموو هەڵچوونـەی خـۆی پیشـاندابوو. بۆیـە هـەر مەپرسـە چەنـدە سـەری سـووڕما و، ئەبڵـەق بـوو، کاتێـک کـە دۆرۆکـی بانگهێشـتی سـەر خـوانی ئیمپراتۆری کرد و، هەر ئەو ڕۆژەیش!

"بیسبیر[1]" و "کۆلنـکۆر[2]" و "برتییە"یش، لە سەر ئـەو خوانـە ئـامادە بـوون. نـاپلیۆن تووڕە و قسەکانی سەر لەبەیانیی خـۆی بـیر چووبووەوە و، پێوەی دیـار نـەبوو و بـە ڕوویـەکی خۆشـەوە پێشـوازی لـە پالاشـییف کـرد. بـەڵکو دەیویسـت شـاد و بەختەوەریشی بکات. چونکە پێی وابـوو کەسێک نییـە هەڵـە نـەکات. ئەوانەیشـی بـە باش دەزانی کە دەیکردن.

نـاپلیۆن بە ڕوویەکی خۆشەوە لە شەقامەکانی ڤیلناوە گەڕایـەوە و، هاوڵاتیـان بـە سـۆزەوە پێشـوازییان کـرد و، بـە درێژیـی ئـەو شـەقامەی پێیـدا تێپـەڕی، پەنجـەرەی

---

١ ـ جان باتسیت بیسبیر: مارشاڵێکی فەڕەنسی بوو. لە شەڕی لۆتزندا کوژرا.

٢ ـ کلنکور: ١٧٧٢ـ ١٨٢٧ ژەنەڕاڵێکی فەڕەنسی بوو.

مالآن له سەر پشت بوو و، بە فەرشی رەنگا و رەنگ و، ئالآی شەکاوە و، چەندین رەنگی قوماشی رازاوە: بە نووسینی دوو پیتی سەرەتای ناوی دوو ئیمپراتۆرەکە رازێنرابووەوە. ژنە پۆڵۆنییەکانیش، دەسرۆکەکانی خۆیان بۆ رادەوەشاند و، بەخێریان دەهێنا.

ناپلیۆن لەسەر مێزی خوانەکە پالآشییقی لای خۆیەوە دانا و، نەک هەر بە رووبەکی زۆر خۆشەوە، بەڵکو وەکو کەسێکی دەربار و ئەوانەی پشتگیری لە پیلانەکانی دەکەن و، خۆشحاڵن بە سەرکەوتنەکانی و، نزیک بە خۆی لێی رووانی.

ناپلیۆن هەر وەکو ئەوەی پێش سەردانی کردن، لە بارەی مۆسکۆوە، زانیاری کۆ بکاتەوە: کەوتە پرسیار کردن لە پالآشییڤ و، پێیشی وابوو، کە میوانەکەی ئەو پرسیارانەی پێخۆشە.

لێی پرسی:

"دانیشتوانی شاری مۆسکۆ چەندە؟ ژمارەی خانووەکانی چەندە؟ ئاخۆ راستە بە شاری پیرۆز ناوبانگی دەر کردووە؟ ئەو شارە چەند کڵێسەی تێدایە؟"

کە وەڵامی بە (٢٠٠) کڵێسە دایەوە، ئەویش بە سەرسامییەوە پرسیی:

"جا ئەو هەموو کڵێسەیە بۆ؟"

پالآشییڤیش وتی:

"مۆسکۆییەکان بڕوادارو ئیماندارن."

ناپلیۆنیش بە تیلەچاوێک، پەنای بۆ کولنکور برد و لە سەری رۆیشت:

"جا خۆ زۆریی کڵێسەکان هێمای دواکەوتوویی کۆمەڵگاکانن!"

پالآشییڤیش زۆر بە ڕێزەوە وەڵامی ئیمپراتۆری دایەوە:

"هەر وڵاتە و، نەرێتی تایبەت بە خۆی هەیە."

ناپلیۆنیش هەڵیدایە:

"بەڵام لە هەموو ئەورووپادا، شارێکی تری وەکو ئەو مۆسکۆیە نییە!"

پالآشییڤیش وتی:

"خاوەن شکۆتان لێم ببوورن: ئیسپانیایش هەر وەکو مۆسکۆ ژمارەیەکی زۆر کڵێسەی هەیە."

کە ئەم وەڵامە بە تونکڵەی پالآشییڤ گەیشتەوە رووسیا، ڕێزێکی زۆریان لێ نا. چونکە ئەو وەڵامەی پالآشییڤ: شکاندنی سوپای فەرەنسای لە ئیسپانیا، وەبیر دەهێنایەوە! بەڵام لە ئەوێ و سەر مێزی خوانەکەی ناپلیۆن، هیچ کاریگەرییەکی جێ

نەهێشتبوو. بگرە هەر تێیشی نەگەیشتبوون! بە تایبەتی روخساری مارشاڵە بێئاگاکانی ، هەر بە ئاشکرا دەریدەخست، کە ئەو وەڵامە بە تۆپکڵە کاری تێ نەکردوون و، بگرە هەر تێیشی نەگەیشتوون! رەنگە گەر تێیشێ بگەیشتنایە، پێیان بوتایە، ئەگەر قسەکەیشت واتایەکی شاراوەیەیشی هەبووبێت، ئاسایی و، بە سەر ئێمەدا تێدەپەڕێت! تەنانەت ناپلیۆنیش بێئاگایانە، درێژەی بە پرسیارەکانی داو سادانە، لە پاڵاشییڤی پرسی: **ئاخۆ کورتترین ڕێگا بۆ مۆسکۆ کامەیە و چەندیشی کات دەوێت؟** پاڵاشییڤیش کە بە درێژیی کاتەکە، چاودێریی دەکرد. پێی وابوو مادام هەموو ڕێیەک: بۆ پاریس دەچێتەوە. کەوابوو بۆ مۆسکۆیش دەچێتەوە. لە نێوانیاندا ڕێیەک هەیە بۆ بۆڵتاڤا دەڕوات و، هەر ئەو ڕێیەشە کە شارلی دوازدە هەڵیبژاردبوو. پاڵاشییڤ هێندە شاد بوو، بەوەی کە وەڵامەکەی لاقرتێ ئامێز بووە، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا.

کۆلنکور کە بۆڵتاڤای لە پاڵاشییڤ بیست، ویستی گفتوگۆ لاقرتێ ئامێزەکانی ئەو کۆتا پێ بێنێت و، کەوتە پیاهەڵدانی ڕێگای نێوان پیترزبورگ و مۆسکۆو قسەی لەوە کرد کە ئەو ڕێیە زۆر سەخت و، هەڵەت و بێکەڵکە. ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی لەو پایتەختەدا.

دوای نانخواردن، بۆ قاوە خواردنەوە، چوونە نووسینگەکەی ناپلیۆن. هەر ئەو نووسینگەیەی کە چوار ڕۆژ لەمەوپێش نووسینگەی ئەلکسەندەر بوو. ناپلیۆن بە دەم جوڵاندنی کوویە سیڤەرە پڕ لە قاوەکەی دەستییەوە، بە دەستەکەی تری بانگهێشتی پاڵاشییڤی کرد، تا لە نزیک خۆیەوە دابنیشێت. وەکوو کەسێکی ئاسوودەی: تێری ژەمێک خواردنی بە چێژ. بە رازی بوونەوە، لە کەسانی دەوروبەری دەڕوانی و، خۆی بە پێشەنگی ئەوان دەزانیو پێی وابوو پاڵاشییڤیش یەکێکە لەوانەی کە پێی سەرسامن.

بۆیە بە لاقرتێیەکی ناسکەوە بە بالاشیڤی وت:

"وا بۆیان گێڕاومەتەوە کاتی خۆی ئەم ژووڕە نووسینگەی ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر بووە! ئاخۆ ئەمە لە خۆیدا سەرنجڕاکێش نییە!؟"

پاڵاشییڤیش کە هیچ وەڵامێکی پێ نەبوو، سەری بۆ نەوی کرد.

ناپلیۆنیش بە زەردەخەنەیەکەوە لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵێ چەند ڕۆژێک لەمەوبەر و، هەر لەم ژووڕەدا "وێنتزن گیرۆد" و "ستین" گفتوگۆیان دەکرد. ئەوەی کە من تێی ناگەم ئەوەیە کە ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر

هـەموو ناحـەزانی منـی لـە دەوری خـۆی کـۆ کردووەتـەوە! ئـاخۆ بیـری لـەوە نەکردووەتەوە کە رەنگە منیش وەکو ئەو بکەم!؟"

کووپی قـاوەکەی وەلا نا و، هەستا و درێژەی دایـە:

" بـا ئەوە باش بزانێت: کە منیش هەر وەکو ئـەو دەکـەم! هـەموو خزمـانی ئـەو لـە ئـەڵمانیا وەدەردەنـێم! هـەر لـە بنەماڵـەی ورتمبیرگـەوە، تـا دەگاتـە بـاد و ویمـار. بـەڵـێ... هـەموویان وەدەردەنـێم. کـەوابوو بـا هـەر لـە ئێستاوە، لـە رووسـیادا پەنـاگایـان بۆ ئامادە بکات."

پالاشییڤ سەری بۆ نەوی کرد و، وای پیشاندا کە ئارەزوویەتی رێی بدەن تـاکو بـڕوات. چونکـە نایـەوێت ئـەو قسـانە ببیسـتێت. بـەڵام نـاپلیۆن، هەسـتی بـەو ئـارەزووەی ئـەو نـەکرد. وەکـو نوێنـەری دوژمنەکـەی، هـەڵس و کـەوتی لەگـەڵ نـەدەکرد. بـەڵکو وەکو یـەکێک لێی دەڕوانی، کـە بـە لای خۆیدا کێشی کـرد بێت و، کردبێتییە هەواداری خۆی و، پێیشی خۆش بێت.

ئەمجا ناپلیۆن وتـی:

"جا بۆچی ئەلکسەندەر، جڵەوی سوپای گرتـە دەست!؟ سـوودی چی بـوو؟ شـەڕ پیشـەی کەسـێکی وەکـو خۆمـە! بـەڵام ئـەو، دەبـوو حـوکمڕانیی خـۆی بکات، نـەکو سەرکردایەتیی سوپا! ئاخر بۆچی ئەو ئەرکەی خستە سەرشانی خۆی!؟"

قوتـووی بـڕنووتی یەکـەی بـە دەسـتەوە گرت و، چـەند هـەنگاوێک بـە بێدەنگی ڕۆیشت. لـە ناکاو گەڕایـەوە سـەر پالاشییڤ و، دەستی لـە ژەنەرالـە ڕووسییە چل سالانەکە راوەشاند و، لەسەرخۆ گوێی راکێشا و، بزەیەکی خستە سەر لێوانی.

"لە سەرای پاشایەتیی فەڕەنسیدا: ئیمپراتۆر گوێی کەسێکی رابکێشـایە.. ئـەوە بـۆ گوێ ڕاکێشراوەکە شەرەفێکی مەزن و بەختێکی باش دەبوو!"

ئەمجا پرسیی:

"باشە ئەی قسەیەک بۆ ناکەیت: هەی بە ئەلکسەندەری ئیمپراتـۆر سەرسام!"

دواتر سەری نەوی کرد، وەکو وەڵامی سڵاوی بالاشیف و درێژەی دایـە:

"ئـاخۆ ئەسپەکانتان بۆ ژەنـەراڵ ئامادە کردووە؟ لە ئەسپەکانی خۆمی پێ بدەن. رێیەکی دووری لەبەرە."

ئـەوە دوایـین نامـەی نـاپلیۆن بـوو، پالاشـییڤ لەگـەڵ خـۆی بردییـەوە بـۆ ئیمپراتۆری ڕووسیا و، جەنگ دەستی پێ کرد.

بەشی هەشت
گەڕانەوە بۆ لیساجوری

دوای پێشوازییەکەی لە پییەر، لە شاری مۆسکۆ، میر ئاندریە بۆ بەجێ هێنانی بڕێ کاروبار، سەفەری پیترزبۆرگی کرد. بەڵام هەر وەکوو بە خزمانی خۆیشی وتبوو، کە دەیەوێت لەگەڵ ئاناتۆل کۆراگیندا کۆبێتەوە و، هەر کە گەیشتە ئەوێ زۆری بۆ گەڕا، بەڵام بێسوود بوو.

ئەو ئاناتۆلەیش ژنبراکەی پێی وتبوو، کە میر ئاندریە وەدووی کەوتووە. هێندەی پێنەچوو و، داوای لە وەزیری جەنگ کرد، کارێکی لە سوپای مۆڵداڤیادا بداتێ. وەزیریش بە دڵی خۆیی لەگەڵ کرد.

ئاندریەیش لەو ماوەی مانەوەیدا لە پایتەخت کۆتۆزۆڤی بینی. ئەو ژەنەرااڵە کۆنەی بینی، کە هەمیشە ئامادە بوو، داواییەکانی بۆ جێبەجێ بکات. ئەویش داوای لێ کرد شوێنی بکەوێت و، بچن بۆ مۆڵداڤیا. چونکە ئەوێ، بە "سەرکردەی باڵا" دانرابوو. ئاندریەیش پێشنیارەکەی ئەوی پەسەند کرد و، چوو بۆ تورکیا و، بووە مولحەق لە ئەرکانی جەنگ.

هەواڵی نەناردبوو، تاکوو شەڕی روو بە ڕوو و بەرامبەرێن: لەگەڵ کۆراگین بکات. چونکە بە هەر نرخێک بوایە، دەیویست رەوشتی کۆنتیسە ڕۆستۆڤی بپارێزێت. هەر بۆیەش وەدووی ئاناتۆل کەوتبوو، تا خۆی ببینێت و، لەگەڵی رێک بکەوێت و، بیانوویەکی تر بۆ ئەو زۆرانبازییەیان دروست بکات. بەڵام تەقەلاکەی بێسوود بوو. چونکە تا ئەو گەیشتە نیۆ سوپای تورکیا: ئاناتۆل گەڕابووەوە بۆ ڕووسیا.

ئاندریه لەو شوێنه نوێیەدا و، بە هۆی ئەو ژیانه نوێیەوه، هەستی بە ئارامیی دەکرد. چونکە ئەو ناپاکییەی دەزگیرانەکەی، لێی کردبوو، پشتی شکاندبوو. ئەوەیشی ئازارەکەی هێندەی تر قوڵ کردبووەوە: ئەوە بوو کە نەیدەهێشت پێوەی دیار بێت. ئیتر لەو کاتە بە دواوە، خۆشییەکانی ژیانی لێ تاڵا بوو بوو. ئەو ئازادی و، رەهاییەی جاران، پێوەی دەنازی، لێی ببووە هیچ. ئەو بیرۆکانەی لە ژێر ئاسمانی ئۆسترلیتزدا بە مێشکیدا رابوورد، لە بوگوتشارڤۆ و، سویسرا و، رۆما ژیانی لەلا شیرین کرد بوو، ئێستا هەر لە بیریشی نەماوە. ئێستا هەر لە بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی دەڕوانێت و، بە رابردوویەوە نابەستێتەوە. تا لە رابردوو دوورتر بوایە، پەرۆشیی بەوە بەرەوبانتر دەبوو. ئەو گوومەزە شینە ئاسمانە بەرینە بێکۆتایەی ئەوسا، کە بە سەر سەرییەوە بوو: ئێستا بەلایەوە تەسک و تەنگەبەر و، کەم مەودایە. ئەو گوومەزە ئێستا هیچ نهێنییەک و، نەمرییەکی پشت خۆ نەداوە. خزمەتی سەربازییەکەی لە ئەو سەرقاڵییە هەرە ئاسان و سوکانەی بوو، کە زۆر بە باشی بۆی بەڕێوە دەبرا. وەکو ژەنەرالێکی یاریدەدەری سەربازی، زۆر بە وردی و وریایی، کارەکانی دەکرد. تەنانەت کۆتۆزۆڤیش پێی سەرسام بوو.

کە کۆراگینی لە تورکیا بۆ نەدۆزرایەوە، هەرچەند کاتیش بەسەر رق لێ بوونەوەکەیشیدا رۆیشتبوو، بەڵام چەندین هۆی خۆی هەبوو بۆ بوغزاندنی و، بە شایانی روو بە ڕووبوونەوەی نەدەزانی. بەڵام لەگەڵ یەکەم بینین و، یەکەمین هەلی بۆ رەخساودا: بڕیاری زۆرانبازیی دابوو لەگەڵیدا و، وەکوو مرۆڤێکی برسی، چۆن پەلاماری خواردن دەدات: ئاوا ئەویش پەلاماری بدات. وا هەستی دەکرد، گەر بێت و تۆڵەی خۆی نەکاتەوە، هەستی دەڕووشێت و، لە تورکیایش ئارامیی دەروون، لە دەست دەدات و، ژیانی ناخۆش دەبێت.

کە جارێ هەڵگیرساندنی شەڕ لە ساڵی (١٨١٢)دا لەگەڵ ناپلیۆن، گەیشتە بوخاریست، ئەو شوێنەی کە ئەوە دوو مانگ بوو، کۆتۆزۆڤ شەو و ڕۆژی لای دۆستە ژنەکەی کە ڤالاکی ناو بوو، بەسەر دەبرد. میر ئاندریەیش داوای کرد، راژەکەی بگوێزرێتەوە بۆ سەر، سوپای ڕۆژئاوا. کۆتۆزۆڤیش، هەرچەند گلەیی لە داواکەی بوو، ناردی بۆ لای بارکلی دوتۆللی. ئەویش لە مانگی ئایاردا و، پێش ئەوەی پەیوەندی بەو سوپا نوێیەیەوە بکات، کە دریسای داگیرکردبوو، بڕیاریدا کە سەرێک لە لیساجوری بداتەوە. ئەو مولکەیشی کە فرسەخێک لە سمولنسکی مەزنەوە دوور بوو دەکەوتە سەرە ڕێی. لەم سێ ساڵانەی دواییدا ئەم مولکە،

ببووە مایەی ئاڵوگۆڕی ژیانی و، جۆری بیر کردنەوەی و، حەز کردنی لە سەفەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای. تەنانەت کە بینیی، ژیانی لیساجوریی ئاڵوگۆڕی تێدا نەبووە و، وەکوو خۆی ماوەتەوە، سەری سووڕما! کاتێک ڕاڕەوەکەی دەروازە گەورەکەی دەرەوەی تێپەڕاند. وا هەستی کرد کە چووەتە کۆشکێکی خێو و جنۆکەدارەوە! ڕێکی و کپی و پاکوخاوێنیی، شت و مەکەکانی نێوی، هەر وەکوو خۆیان بوون.

دیوارەکان و دەمو چاوەکان ــ هەرچەند کەمێکیش داکەوتبوون ــ بۆن و بەرامەکان، هەر وەکوو خۆیان مابوونەوە. خاتوو ماریش وەکوو جارانی خۆی بوو و، ڕوخسارێکی ترساو و، کەمێک بەسالاچوو بوو. هەموو ژیانی لە ترس و بیمێکی بەردەوام و، دوور لە چێژەکانی ژیان بە سەر بردبوو.

کچە بۆرییەنیش وەکوو خۆی، بە عەیاری و لە خۆرازی بوویی خۆی مابووەوە و، دەیزانی چۆن چێژ لە ساتەکانی ژیانی خۆی وەربگرێت و، هەمیشە خۆش خەیاڵ بوو. دیسالیش کە لە سویسراوە، وەکوو مامۆستای منداڵەکانی، هێنابووی، ئێستا وەکوو ڕووسییەکان ڕۆدنجوتی پۆشیوە و، لەگەڵ خزمەتکارانیشدا ڕووسییەکی ناجۆر دەدوێت. هەرچەند ئەو دیساله، ژیرییەکەی مامناوەندیش بوو، کەچی خۆهەڵکێش و، خۆی بە زیرەک دەزانی. بەڵام میرە پیرە تەنیا ئاڵوگۆڕێکی ژیانی، داکەوتنەکەی ڕوخساری بوو. هەڵچوون و تووڕە بوونەکەی، لە بەرامبەر ڕووداوەکانی دنیادا، فرەتر بوو بوو.

تەنیا نیکۆلای منداڵ بوو، کە گەورە ببوو و، بە خۆدا هاتبوو. بە چاوە گەشەکانی ژێر قژە خەڵووزییەکەیەوە: بە هۆ و بە بێ هۆ، دەخنایەوە و، وەکو کۆنتیسەی چکۆلەی خوالێ خۆشبووی دایکی، لێوی سەرەوەی بە سەر دەمە جوانەکەیدا بڵند دەبووەوە. تەنیا ئەویش بوو، لە ژێر ڕکێفی ڕێکی و کپیی ماڵەکەدا نەبوو. هەر دەتووت خۆی بەڕێوەبەری ئەو کۆشکە ئەفسوناویەیە.

هەرچەند شتە ڕووکەشەکان، وەکوو خۆیان مابوونەوە، بەڵام پەیوەندیی تاکەکانی دانیشتوان ئاڵا و گۆڕیان بەسەردا هاتبوو. لەو دەمەوەی کە ئاندریە، جێی هێشتبوون، هەر وەکو دوو سەربازگەی دژ بە یەکیان لێ هاتبوو. بەدرێژیی ماوەی مانەوەکەی، لە سەر میزی خوان پێکەوە نانیان دەخوارد. بەڵام ئاندریە وا هەستی دەکرد: کە وەکو میوان هەڵس و کەوتی لەگەڵ دەکەن.

ڕۆژی یەکەم هەستی بەو شڵەژانەی ئەوان کرد و، ئەمیش بە بێدەنگی نانەکەی

خـوارد. میـرە پیـرەیش هەسـتی بـە بێـدەنگیی ئەنقەسـتی کوڕەکـەی کـرد و، دوای نانخواردنی لە مێزەکە پاشەکشەی کرد.

دەمەو ئێوارە، میر ئاندریە چووە لای باوکی، تاکوو ببینێت و، کەوتـە گێڕانـەوەی پەلامارەکـەی کۆنـت کامنسـکیی لاو و، پێـی وابـوو بـەو قسـانەی، میـرە پیـرە ئـارام دەبێتەوە و، قسەکەی پێدەبڕێت و، گلەیی لە دەست ماری دەکات، بـەوەی کە بڕوای بە ئەفسانە و، بیرۆکەی هیچ و پووچ هەیە و، رقیشی لـە کچـە بـۆربین دەبێتـەوە. بـە قسـەی خـۆی: ئـەو تـەنیا کەسـەی کـە بـە راسـتی دڵسـۆزە بـۆی. تـەنیا هـۆی نەخۆشکەوتنیشی، ماریی کچێتی، کە دەیهـەژێنێت و، تـووڕەی دەکات. بـە هـۆی ئـەو چیرۆکە پڕوپووچانەیشیەوە: نیکۆلای چکۆلە دەشێوێنێ.

لە راستیدا خۆیشی باش لە ئەو راستییە گەیشتبوو، کە خـۆی خـەم و پـەژارە بـە کچەکـەی دەدات. بـە هـەرحاڵ، ئەوەیشـی دەزانـی کـە خـۆی بـۆ رکێـف ناکرێـت و، کچەکەیشی ئەوە دەهێنێت، کە پێی دەکات.

لە خۆیشی دەپرسی:"باشە کە ئـاندریە دەزانێت ئەمە رەفتـار و هـەڵس و کەوتمـە، لەگەڵ مـاری، بـۆچی هـیچ ناڵێـت؟ بڵێـی خـۆی گەیشـتبێتە ئـەوەی، کـە بـۆ ئـەوە لـە کچەکەم خۆم بە دوور دەگرم، تـا لەگەڵ ئـەم کچە فەڕەنسییەدا رێک بکـەوم و، لێی نزیک ببمەوە؟ ئەوە وا دەگەیەنێت کە لە من تێناگات."

کەوتـە شـیکردنەوەی ئـەو هۆیانـەی، کـە وا دەکـات خـۆی لەبـەر بـیر و ژیریـی کچەکەیدا نـەگرێت.

چونکـە یەکـەمجاری بـوو گلـەیی لـێ بکـات، بـێ ئـەوەی سـەیری بـاوکی بکـات، وتی،"خۆت ئـەم بابەتـەت بـاس نەکردایـە: مـن هـیچم نـەدەگوت. بـەڵام ئـەوا خـۆت بیـرۆڕای منـت لـەو بارەیـەوە دەوێـت. مـن بـێ پێچ و پـەنا، دەڵێـم ئەگـەر بـەدحاڵی بوونێک لە نێوان ماشاڵ (کورتکراوەی ماریـە) و تـۆدا هـەبێت. نـاتوانم ئـەو تاوانبار بکەم. چونکە دەزانم چـەندە تۆی خۆشدەوێت."

ئـاندریە جۆرێک هەڵچوو، ماوەیەک پێوەی راهاتبوو و، درێژەی دایـە:

"مادام لە من دەپرسیت. من تەنیا یەک شتت پێدەڵێم: لێک نەگەیشتنێک ـ ئەگـەر هـەبێت ـ بـە هۆی ئەو کچە قێزەونەوەیە، کە نەدەبوو بکرێتە یاوەری خوشکەکەم."

لە پێشدا باوکی بە حەپەسانەوە، لەکوڕەکەی خۆی روانی. ئەمجا ئەو کەلەبـەرەی کە پیرییەکەی لە لاشەویلاگەیدا جێی هێشتبوو، دەرکـەوتبوو و، هێشـتا ئـاندریە پێی رانەهاتبوو.

ئەمجا وتـی:

"ئەو دۆست و هاوڕێیە کێیە.. ئـازیزەکـەم؟ لـەوە دەچێت پێش ئـەوەی بێیت بۆ لای من، چووبنە بن کڵێشەتەوە و، لە منیان هاندابیت.. هـا؟"

ئـاندریەیش بە تووڕەییەوە وتـی:

"باوکـە مـن نەمدەویسـت ئـەو حوکمـە بـدەم. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی، خـۆت ئـەو رووبکردنەوەیـەت دا. ئـەوەم پـێ وتیـت و، سـووریش دەبـم لەسـەر قسـەکەم و، دەیڵێمەوە: کە **ماری بێتاوانـە**.. نەخێر وا نییە و، تـەنیا و تـەنیا، ئـەو کچـە فەڕەنسییە تاوانبارە."

میرە پیرە لەسەرخۆ وتـی:

"ئـۆوا! ئەوە تۆیش حوکمی خۆتت بەسەرمدا سەپاندا! دادوەریی خۆتت کرد!"

بەڵام لە ناکاو لێی ڕاپەڕی و هاواری کرد:

"بڕۆ دەرەوە! ون بە لەبەرچاوم! جارێکی دی پێ نەخەیتەوە ئێرە!"

ئـاندریە وێستی هەر ئەو کاتە ئـەو شـوێنە جێ بهێڵێت. بـەڵام مـاری تکای لێکرد کە ڕۆژێکی تریش بمێنێتەوە.

بـە درێژایـی ئـەو ڕۆژە، بـاوکی نـەبینی. باوکیشـی لـە ژووورەکـەی خـۆی نـەچووە دەرەوە و، لـە کچـە بـۆربین و تیخـۆن بـەولاوە، نەیدەهێشـت، کـەس بیبینێت. چەنـد جـارێکیش پرسیاری ئەوەی کرد کە ئـاخۆ کوڕەکەی ڕۆیشتووە؟

ڕۆژی دواتر پێش ئەوەی بڕوات، نـاردی نیکۆلا چکۆلـەی کوڕیـان بـۆ هێنـا، تـاکو بیبینێت. کوڕە تۆکمە قژلوولە ڕەشـەکەی. قژەکـەی دایکی وەبیـر دەهێنایـەوە. لەسـەر ڕانی بـاوکی دانیشت و، باوکیشـی کەوتـە گێڕانـەوەی چیرۆکی "باربی بلوو[1]" بـەڵام چیرۆکەکەی هێشتا بە کۆتـا نـەهێنابوو، بـۆی کەوتـە بیرکردنـەوە. ئـەو منـاڵە نـاسکە جوانکیلەیەی سەر ڕانی بـیرچووەوە و، کەوتە بیرکردنەوە لە خۆی.

ئـاخر ئـەو بـاوکی لـە خـۆی تـووڕە کردبـوو و، ئەمـە یەکـەمجارە کـاری وا بکـات. هەستی بە پەشیمان بوونـەوە دەکرد و، بـە داخ بـوو. لـە ناخـەوە هەسـتی بـە سـۆزو خۆشەویستیی باوکی کرد بۆی، ئەویش بە هـۆی منـاڵە چکۆلەکـەی خۆیـەوە بـوو کە جارێکی تر، هەسـتی بـەو خۆشـەویسـتییەی خـۆی کردەوە، لای بـاوکی خـۆی. بـەڵام ئێستا ئەوەیشی دۆڕاند.

---

١ ـ باربی بلوو: واتە ڕیش شینەکە! ئەمەیش پاڵەوانی چیرۆکی "لبیرۆ"یە و ٦ژنی کوشتووە!

کورەکەی وتـی:

"باشە... دەی چیرۆکەکەم بۆ تەواو بکە."

باوکیشی لەسـەر رانـەکانی دایگرت و، ژوورەکـەی جـێ هێشت. هـەر کـە ژیـانی خۆشی جارانی خۆیی وەبیر دەهاتەوە، قێزی لە ئێستای خۆی هاتـەوە. تەقـەلای دەدا هەر زوو خۆی لەو بیرکردنەوانە بدزێتەوە و، خۆی سەرقاڵی کارێک بکات.

خوشکەکەی لێی پرسی:

"هەر دەبێت بـڕۆیت؟"

ئەویش لە وەڵامیدا وتـی:

"سوپاسگوزاری خوام کە دەتوانم لێرە دوور بکەومەوە! بۆیە بەزەییم بـە تۆیشدا دێتەوە: چونکە ناتوانیت وەکو من لێرە هـەڵ بێیت و، دوور بکەویتـەوە و، وەکو مـن بکەیت."

ماریش هاواری کرد:

"ئـەوە تـۆ دەڵێیـت چـی!؟ بیـرت نـەچێت، تـۆ دەچیتـە جـەنگێکی تۆقێنـەرەوە و، باوکیشت پـیرێکی پەککەوتەیـە! ئـەوەیش بزانـە کـە ئـەو پرسـیاری تـۆی کردووە کـە ئاخۆ هێشتا لێرە ماویتەتەوە؟ کچە بۆربین خۆی ئەمەی بۆ گێڕامەوە."

مـاری بـە دەم قسـە کردنـەوە، فرمێسـک کەوتـە چـاوانی و هـەڵچوو و، تووشـی لێوەلەرە بوو. ئـاندریەیش ڕووی لێ وەرگێڕا و، کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەدا.

بە شێوەیەک قسەی کرد، کە خوشکەکەی سەری لێی سوڕما و وتـی:

"ئـای پـەروەردگارا! پـەروەردگار! خـۆ ئـەوە لـە سـەر ئـەم زەوییـە، زیندەوەرانێک هـەن، هێندە پۆخڵن، کە دەتوانن کەسانی تر کڵۆڵ و کاول بکەن!!"

ماریی خوشکیشی، وای خەملاند کە مەبەستی تـەنیا کچـە بـۆربین نییـە وا بـوو بێتـە دڕنـدەیەکی وا مایـەی خـەم و، سـتەم بێـت، بەڵکـو ئـەو پیـرە پیـاوەیش: بەختەوەریی ئەوی لەبەر یەک هەڵوەشاندووە.

یۆیە بە چاوانی بە فرمێسک و، سەرنجێکی پڕ بەزەییەوە وتـی:

"مـن تێتدەگـەم.. ئـاندریە. بـەڵام تـۆ نابێت پێت وابێت، کـە مـرۆڤ خـۆی، خـەم و پەژارە بەرهـەم دێنێت. چونکە مرۆڤەکان خۆیان کەرەسەی خەم و پەژارەن!"

خوشکەکەی لێی روانییەوە و لە سەری رۆیشت:

"ئـەوە هـەر خۆیـەتی. مـرۆڤ نییـە، کـە ئـازار و ئەشکەنجەمان بـۆ دێنێت! چونکـە پیـاوان خۆیـان کەرەسـەکەن و، تاوانبـار نـین. گـەر پێت وابێت کـە کەسـێک ئـازاری

داویت. بیری خۆتی ببەوە. لێبووردە بە! لێبووردە!! چونکە ئێمە بۆمان نییە سزای کەس بدەین. گەر بەم شێوەیەش بیرت کردەوە، کە من دەیڵێم: ئەوا چێژ لە لێبووردەیی و بەخشین وەردەگریت."

هەرچەند تا ئەو دەمە بیری کۆراگینیشی هەر نەبوو. بەڵام کتوپڕ رق و کینەی بەرامبەر ئەویش جووڵا و، هەڵچوو.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی:"مادام ماری بوێرانە داوا دەکات کە لەویش خۆش ببم. ئەوا وا دەگەیەنێت کە دەبوو هەر زوو تۆڵە لەو کۆراگینەیش بکەمەوە."

رووی لە ماری وەرگێڕا و، کەوتە دڵخۆش کردنی خۆی بە و کاتەی کە لەگەڵ "کۆراگین"دا ڕوو بە ڕوو دەبێتەوە. چونکە زانیبووی ئەویش لە سوپادا دامەزراوە.

ماری لە ئاندریە پارایەوە، کە ڕۆژێکی تریش بمێنێتەوە. بەڵکو باوکی ئاشت بکاتەوە. چونکە گەر وا نەکات، زۆر خراپ دەکەوێت لە سەر باوکیان. ئاندریەیش تێی گەیاند کە دەتوانێت جارێکی تر و، هەر بەو نزیکانە بگەڕێتەوە و، نامەیش لە باوکی نابڕێت و، هەر بەردەوام دەبێت، لە سەر نامە نووسین بۆی. مانەوەی لەوە زیاتریش، دەبێتە ئاڵۆزتر کردنی کێشەکەیان.

ماری رووی تێ کرد و پێی وت:

"کەوابوو خوات لەگەڵ ئاندریە. ئەوەیشت بیر نەچێتەوە" ئازار و ئەشکەنجە لای خواوەیە و، مرۆڤ تاوانبار نییە تێیدا!" ئەمە دواییین وتەی ماری بوو لە کاتی خوا حافیزی کردنی براکەیدا. ئاندریە لە کاتی بڕینی ڕێی چوونە دەرەوەی لیساجۆریدا، وا بیری کردەوە:**بێگومان دەبوو بارەکە هەروا بکەوێتەوە، چونکە خوشکە داماوەکەم ژیریی خۆیشی بە دەست خۆی نییە و، هەمیشە دەبێتە نێچیری ئەو پیرە. ئەو پیرەیش زۆر چاک دەزانێت تاوانبارە. بەڵام ناتوانێت هەڵەکانی خۆی ڕاست بکاتەوە. کوڕە چکۆلەکەیشم، بە دەم ژیانەوە دەخنێتەوە و، وەکو هەموو کەسانی تر، یا دەبێتە کەسێکی فریودەر! یان کەسێکی فریودراو! منیش بەرەو سوپا دەبمەوە و، پەیوەندییان پێوە دەکەمەوە.. بەڵام بۆچی؟ خۆیشم لە ئەمە تێناگەم! دوای ئەوە دەمەوێت ڕوو بە ڕووی ئەو بێ نرخە ببمەوە، تاکو هەڵێکی بۆ بڕەخسێنم، یا بمکوژێت، یان بمکاتە گاڵتەجاری خۆی!**

پێکهاتەکانی ژیانی هەر ئەوانەی جاران بوو. بەڵام گونجاندنی خۆیان لە دەست دابوو. کە دڵغەکانی نێو مێشکی، پێکەوە نەبەستراو بوون و، بیر و هۆشیشی پەرش‌و بڵاو بوو.

بەشی نۆیەم
بارو دۆخی سوپا

لە کۆتایی مانگی نیساندا، میر ئاندریە گەیشتە سەرکردایەتیی گشتی. بەشی یەکەمی ئەو سوپایەی، کە ئیمپراتۆر سەرکردایەتیی دەکرد. دریسای داگیر کردبوو.

سوپای دووەمیش لە پاشەکشەدا بوو، تاکوو بگاتەوە بە سوپای یەکەم. چونکە وەکوو دەیانوت، "سوپایەکی مەزنی فەڕەنسی، کەوتبووە نێوانیانەوە. هاوڵاتیانیش زۆر لە ڕەوشی کردەوە سەربازییەکانی ڕووس نارازی بوون. کەس چاوەڕوانی داگیر کردنی هەرێمە ڕووسیەکانی نەدەکرد و، چاوەڕوانی گەیشتنی سوپای فەڕەنسیی بۆ ئەودیو پۆڵۆنیاوە نەبوو."

سوپاکەی بارکلی دو تولليی و، ئەو سوپایەی کە کۆتۆزۆف میر ئاندریەی، بە گواستنەوە بۆ ناردبوو، لە کەنارەکانی دریسادا جێگیر بوو. لە بەر ئەوەی لە دەورو بەریاندا، هیچ دێیەکی: نەگەورە و نەبچووک نەبوو و، ژەنارڵانیکی فرەی سەر بەو لەشکرە هەبوون: سێ هەرێمی بازنەییان داگیر کردبوو لەو هەرێمانەشدا دەستیان بەسەر باشترین خانوو بەرەکانی هەردوو کەناری ڕووبارەکەدا گرتبوو و، تێیدا نیشتەجێ بوون. بارکلی قوناغێک لە ئیمپراتۆر خۆیەوە دوور بوو.

ئەم سەرکردەیە پێشوازیەکی ساردی لە ئاندریە پولکۆنسکی کرد و، بە زمانی بێگانە تێی گەیاند، کە تاکوو ڕاوێژ بە خاوەن شکۆ، نەکات هیچ کارێکی پێ ناسپێرێت. بەڵام تاکو خاوەن شکۆ دەبینێت، دەبێت پەیوەندی بە دەستەی ئەرکانەوە بکات.

ئاناتۆل کۆراگینیش، که هەر لە بیرو ئەندێشەی میر ئاندریە دەر نەدەچوو و، بە ئومێدی ئەوە بوو لە ڕیزەکانی سوپادا بیدۆزێتەوە، گەڕابووەوە بۆ پیترزبۆرگ. کەچی ئەم هەواڵە لە ناخەوە ئاندریەی ئاسوودە کرد، نەک ناڕەحەت! چونکە هەر کە گەیشتە بنکەی کارە جەنگییەکان ـ کە بەربڵاوییەکەی بێ سنوور بوو ـ لە ناخیدا هەستی بە بووژاننەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی کرد.

ئیدی هەستی شکاندنەوە و رق و کینەی گەر بۆ ماوەیەکیش بوو بێت، دامرکایەوە و، بیری لە کۆراگین نەدەکردەوە.

میر ئاندریە لە چوار ڕۆژی سەرەتای لەوێ بوونیدا و، دوای ئەوەی کەس ئەرکی بە سەردا نەدا، بە نێو سەربازگە دیوار پارێزە، تۆکمەکە سووڕایەوە و هەرچەند، خۆی بە حوکمی ئەوەی، کەسانێکی بااڵی دەناسی، شارەزایی هەبوو. بەاڵم دەیویست سوود بگەیەنێت و کەسێکی بە کەاڵک بێت لەو شوێنەی خۆیدا.

بەاڵم ئەو ڕۆژانەی بە بێ سوود تێپەڕی و هەمیشە لە خۆی دەپرسی،ئاخۆ ئەم سەربازگەیە، چ سوودێکی هەبێت؟

بەاڵم وەاڵمی بۆ ئەم پرسیارە پێ نەبوو. ئەزموونەکانی شەڕ و بە تایبەتی شەڕی ئۆستەرلیتز، ئەوەیان فێر کردبوو، کە باشترین پیلانی داڕێژراوی جەنگ و، ئامادەکاری، لە گەرمەی شەڕەکاندا، سوودێکی ئەوتۆی نابێت! چونکە هەموو شتێک لەسەر چۆنیەتی و، ڕێ و شوێنی، بەڕێچ دانەوەی ئەو پەالمارە، ناکاو و هێرشە چاوەڕوان نەکراوانە بەندە، کە دوژمن دەیکات! لەگەاڵ شێوازی بەڕێوەچوونی شەڕەکە و، نرخ و بەهای سەرکردەکان. بۆ قووڵ بوونەوەیش لەم خاڵەی دوایی، بە هۆی پێگەی خۆی و، ناسیاوانیەوە بە ناخی ژیری و بۆچوونی سەرکردایەتیی باڵادا، شۆڕ بوو بووەوە و، ئەو کەسایەتییە باڵا و ئەو گروپانەدا کە تێیدا بەشدارن. دواتر گەیشتە ئامادە کردنی ئەم تابلۆیە.

هێزەکانی ئیمە ببوونە سێ بەشەوە. لەشکری یەکەم: بارکلی دوتۆللی سەرکردەیان بوو. لەشکری دووەم پاگراسیۆن و لەشکری سێیەمیش تۆرماسۆف سەرکردە بوو.

هەرچەندە ئیمپراتۆر خۆی لەگەاڵ لەشکری یەکەمدا بوو. بەاڵم پێگەی سەرکردایەتی بااڵی وەرنەگرتبوو. فەرمانی پاشایەتی وابوو، کە دەبێت لەوێ ئامادە بێت و، تێیدا نەهاتبوو، کە دەبێت سەرکردایەتیی باڵایشی هەبێت.

تەنیا دەستەی ئەرکانی گشتیی تایبەت نەبێت، کە ئەویش بە سەرۆکایەتیی

ئاناتۆل کۆراگینیش، که هەر لە بیرو ئەندیشەی میر ئاندریە دەر نەدەچوو و، بە ئومێدی ئەوە بوو لە ڕیزەکانی سوپادا بیدۆزێتەوە، گەڕابووەوە بۆ پیترزبۆرگ. کەچی ئەم هەواڵە لە ناخەوە ئاندریەی ئاسوودە کرد، نەک ناڕەحەت! چونکە هەر کە گەیشتە بنکەی کارە جەنگییەکان ـ کە بەربڵاوییەکەی بێ سنوور بوو ـ لە ناخیدا هەستی بە بووژاننەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی کرد.

ئیدی هەستی شکاندنەوە و رق و کینەی گەر بۆ ماوەیەکیش بوو بێت، دامرکایەوە و، بیری لە کۆراگین نەدەکردەوە.

میر ئاندریە لە چوار ڕۆژی سەرەتای لەوێ بوونیدا و، دوای ئەوەی کەس ئەرکی بە سەردا نەدا، بە نێو سەربازگە دیوار پارێزە، تۆکمەکە سووڕایەوە و هەرچەند، خۆی بە حوکمی ئەوەی، کەسانێکی بالای دەناسی، شارەزایی هەبوو. بەڵام دەیویست سوود بگەیەنێت و کەسێکی بە کەڵک بێت لەو شوێنەی خۆیدا.

بەڵام ئەو ڕۆژانەی بە بێ سوود تێپەڕی و هەمیشە لە خۆی دەپرسی،'ئاخۆ ئەم سەربازگەیە، چ سوودێکی هەبێت؟'

بەڵام وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە پێ نەبوو. ئەزموونەکانی شەڕ و بە تایبەتی شەڕی ئۆستەرلیتز، ئەوەیان فێر کردبوو، کە باشترین پیلانی داڕێژراوی جەنگ و، ئامادەکاری، لە گەرمەی شەڕەکاندا، سوودێکی ئەوتۆی نابێت! چونکە هەموو شتێک لەسەر چۆنیەتی و، ڕێ و شوێنی، بەرپەرچ دانەوەی ئەو پەلامارە، ناکاو و هێرشە چاوەڕوان نەکراوانە بەندە، کە دوژمن دەیکات! لەگەڵ شێوازی بەڕێوەچوونی شەڕەکە و، نرخ و بەهای سەرکردەکان. بۆ قووڵ بوونەوەیش لەم خاڵەی دوایی، بە هۆی پێگەی خۆی و، ناسیاوانیەوە بە ناخی ژیری و بۆچوونی سەرکردایەتیی بالادا، شۆڕ بوو بووەوە و، ئەو کەسایەتییە بالا و ئەو گروپانەدا کە تێیدا بەشدارن. دواتر گەیشتە ئامادە کردنی ئەم تابلۆیە.

هێزەکانی ئێمە ببوونە سێ بەشەوە. لەشکری یەکەم: بارکلی دوتۆللی سەرکردەیان بوو. لەشکری دووەم پاگراسیۆن و لەشکری سێیەمیش تۆرماسۆف سەرکردە بوو.

هەرچەندە ئیمپراتۆر خۆی لەگەڵ لەشکری یەکەمدا بوو. بەڵام پێگەی سەرکردایەتی بالای وەرنەگرتبوو. فەرمانی پاشایەتی وابوو، کە دەبێت لەوێ ئامادە بێت و، تێیدا نەهاتبوو، کە دەبێت سەرکردایەتیی بالایشی هەبێت.

تەنیا دەستەی ئەرکانی گشتیی تایبەت نەبێت، کە ئەویش بە سەرۆکایەتیی

ژەنەرالّـی یەکـەم "ڤۆلکۆنسکی[1]" بـوو. هـیچ دەستەیەکی سـەرکردایەتیی بالّایشـی بـە دەورەوە نەبوو.

بـرێک لە ژەنـەرالّەکان و، یاریدەدەرە سـەربازیەکان و، دیپلۆماتـەکان و، چەنـدین کەسـی نـامۆی لـێ بـوو. بـەلّام ئەوانـە کەسـیان لـە دەسـتەی سـەرکردایەتیی سـوپا نەبوون.

میـر ئـاندریە وەزیـری بەرگریشـی بـە دەوری ئیمپراتـۆرەوە بینـی و، بێئـەوەی ئەرکی تایبەتیی شەڕی پێ سپێررا بێت.

وەزیری شەڕیش کـە ئاراکتشـیف بـوو، لەگـەڵ کۆنت بینیگسـن، کـە ئەمیشـیان لـە کـۆنترین پلـەدارانی ژەنەرالّـەکان بـوو و، لـە کۆنسـتانتان پاڤلۆڤیتشـی قەیسـەرەوە نزیک بوو و، کۆنت رۆمیانتسـیڤی راوێژکار و، وەزیـری پێشووتـری بروسـیا، کـە ستین بوو و، ژەنـەرالّی سـویدی: ئارمفلیت وبفریل. لەگـەڵ بولوکشـیی پلان دانـەری هێرشە سەرەکییەکە، کە لە "سەردینیا"وە هاتبوو و، ژەنـەرالّ فولزوگنی یاریدەدەری سەربازی و، زۆرێکی تر.

هەرچەند ئەمانـە کـاری فـەرمییان پـێ نەسـپێردرا بـوو: بـەلّام دەسـەلاتی خۆیـان هـەر دەسەپاند.

زۆربەی کات، سـەرکردەی فـەوج، یـان سـەرکردایەتیی گشـتیی، نـەیان دەزانـی بـە کـام دەسـەلاتێک: بینگسـن یـان غەراندۆق، یـان ئاراکتشـیف، یـان ڤۆلکۆنسـکی لێیـان دەپرسرێتەوە؟ نەدەزانرا فەرمانەکان لە ئیمپراتۆرەوە بوو، یـان هـەر خۆیـان دەریـان دەکرد. نەشیاندەزانی کە ئـاخۆ جێبەجێ بکرێن، یان نەء؟

ئەمانـە لـە ڕووکـەش بـەولاوە، هیچـی دی نـەبوون. خـەڵکی هـەموو دەیـانزانی کـە پیاوانی دەربارن، چی دەگەیەنێت. دەشزانرا کێ دەستی لای ئیمپراتـۆر دەڕوات.

خـۆ ئەگـەر ئیمپراتـۆر خـۆی، دەسـەڵاتی سـەرکردایەتیی بـالّای سوپاکەیشـی وەر نەگرتایە، سـوپا فەرمانـەکانی ئـەوی هـەر جێبـەجێ دەکرد. ئەوانـەی دەورو بەریشـی تـەنیا یاریـدەدەری دەبـوون. ئاراکتشـیف پاسـەوانێکی متمانـە پێکـراوی، رژێـم و، یـاوەری خـاوەن شـکۆ بـوو. بینیگسـنیش هـەرچەند خـۆی بـە پیـاوێکی کـەم هـەڵپە پیشان دەدا، کەچی دەرەبەگێکی مۆڵکداری، ئـەو دەورو بـەر و، ژەنـەرالّێکی نایـاب و گوێی لێ دەگیرا و لە پارێزی ئەوەدا بوو، کە جێی بارکلی بگرێتەوە.

غەراندۆقیش ئامـادەی بەجـێ هێنـانی ویسـتەکانی ئیمپراتـۆر بـوو. سـتینی کۆنـە

---

١ ـ خوێنەر ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم ڤۆلکۆنسییە میر ئاندریە بۆلکۆنسی نییە.

وەزیریش، ڕاوێژکارێکی زۆر باش بوو و، ئیمپراتۆر بە کەسێتیەکەی سەرسام بوو.

لە کاتێکدا ئامرفلیتیش، سەرسەخت ترین دوژمنی ناپلیۆن و، کەسێکی بە خۆ ناز بوو. ئەمەیش کارێکی گەورەی لە دەروونی ئیمپراتۆر کردبوو.

بوێریی نێۆلۆکسی یش، لە قسە کردندا و، کاریگەریی لە سەر گوێگرانی، وای کردبوو، کە لە دەربار بمێنێتەوە. ژەنەرالە یاریدەرە سەربازییەکانیشی، لە سەریان بوو کە هەمیشە بە دوای ئیمپراتۆرەوە بن

دوای هەموو ئەمانە و، گرنگترینیشان، لەوێ بوونی بفویل بوو. ئەم پیاوە داڕێژەری پیلانی ئەو هێرشە بوو و، توانیبووی، ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر، رازی بکات، بە پیلانەکەی خۆی. لە راستیشدا، هەر خۆیشی سەرپەرشتیی، هێرش و پەلامارداناکانی دەکرد.

فۆلزوگینیش پاڵپشتی بفویل بوو، لە پیلانە داڕێژراوەکەیدا و، وەکوو خۆی، لە هێرشەکاندا جێبەجێی دەکرد. پیلانی ئەو بفویلەی کارا دەکرد، کە زۆر بە خۆی دەنازی و، بێ لە کەسایەتییە رووسی و نامۆکانیان، قێزی لە دەور و بەرەکەی دەهاتەوە. بە تایبەتیش ئەو نامۆیانەی کە هەرڕۆژە و، پیلانێکی جەربەزەیان دەخستە نێوەندێکەوە، کە شیاو نەبوون. ئەمجا وەدوو کەوتوانێکی تریش لەوێ بوون، کە بەدوای سەرکەوتنەکانی سوپاوە بوون.

زۆری پێ نەچوو، میر ئاندریە هەموو بیرو ڕایەکانی لە دنیای ئەواندا جوێ کردەوە. لەو دنیا جەنجاڵە پفدراوەدا بۆچوونە جۆراو جۆرەکان بە ئاشکرا دەرکەوت بوون.

گروپی یەکەم: پفویل و، چەند کەسێکی تر بوون، کە بڕوایان بە زانستی جەنگ هەبوو. ئەو زانستەی لەسەر چەند یاسایەکی چەسپاو بە جووڵە و، گەمارۆی دوژمنەوە بەند بوو. پفویل و هەوادارانی، داوای پاشەکشەیان دەکردەوە، بۆ نێو وڵات و، بەجێ هێنانی، وردی بیردۆزی جەنگ. هەر سەرپێچی یەکیان لەو بیردۆزە، بە هێمایەک دەزانی، بۆ بەربەرییەت و، نەزانین و کورتبینی.

میرە ئەڵمانیەکان و، فۆڵزوگن و، وینتزنگیرۆد و، زۆری تریش، لە ئەڵمانیەکان، پشتگیریی ئەم گروپەیان دەکرد.

گروپی دووەمیش بەرهەڵستکاری ئەو گروپی یەکەمە بوون و، دژی بیرۆکەکانیان بوون. شوین کەوتووانی ئەمان، هەر لە ڕووداوەکەی ڤیلناوە، داوای هێرشبردنیان دەکرد لە پۆڵۆنیادا و، وێڵ کردنی، هەموو پلانەکانی پێشوو. ئەمانە

کۆمەڵێک بوێر بوون و، بیری نەتەوایەتیی خۆیان دەسەپاند.

دواتریش لە بەرامبەر دوژمناندا، خۆیان بە هەرە پێگەیشتوو دەزانی. ئەوان ئەو رووسییانە بوون، کە پاگراسیۆنیش سەر بە ئەوان بوو و، لە یەکێک لە پەلامارەکانیدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست هێنا و، وای لە ئیمپراتۆر کرد، جۆرێ پاداشت کردنی بداتەوە دەست خۆی. ئەویش ئەوەی لێ خواست، کە پلەیەکی هاوشێوەی ئەڵمانیی بداتێ.

ئەندامانی ئەو گرووپە هەمیشە، یادەوەریی سۆفۆرۆفیان دەخستە روو و، ئەوەیان دووپات دەکردەوە کە مەحاڵە یاری بە تیۆرەکان بکرێت و، نەخشەکان دەرزی ئاژن بکرێن. بەڵکو شەڕ پێویستە و، بەزاندنی دوژمن و دەبێت رێگری لە پلانی هاتنە ناوەوەی دوژمن، بۆ رووسیا بکرێت و، نەهێڵین ورەی هێزەکانمان داڕووخێت.گرووپی سێ یەمیش: کە یاوەران و، نزیکان و کەسانی سەربازیی دەوروبەری ئیمپراتۆر بوون و، ئاراکتشیڤیش یەکێک بوو لەوان. ئەمانە دەیانویست ناڕاستەوخۆ، ئیمپراتۆر تێ بگەیەنن کە پێویستە هاوسەنگی لە نێوان ئەو بەرانەدا، بهێنێنە ئاراوە. بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە و، ئەوانەیان دەوتەوە کە ئەو بەرانە دەریان دەبڕی. ئەمانە لە بە دەست هێنانی، بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بوون. پێداگریی ئەم گروپە لەسەر ئەوە بوو کە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و، بە تایبەتیش ئەم بۆناپارتە زیرەکە ـ دیسانیش ناپلیۆنیان بەو نازناوەوە بانگ کردەوە ـ پێویستە زۆر زانستیانە و لێهاتوانە بێت.

نکوولی لەوەیش نەدەکرا کە تیۆرییەکان، زۆر جاران بەربەست دەبوون. لەبەر ئەوەی بفۆیلیش ژیرێکی ڕاستەقینە بوو لەو بوارەدا، بۆیە دەبوو، گوێ لە بەرهەڵستکارانی بفویلیش بگیرایە.

چونکە ئەوانیش کەسانێکی خاوەن ئەزموون بوون. هەر بۆیەش دەبوو میانڕەوی پەیڕەو بکرایە، لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا. لەو روانگەیەوە دانیان بەوەدا نا، کە پێویستە سەربازگەی "دریسا" کە لە پیلانەکەی پفویلدا هاتبوو، وەکو خۆی بمێنێتەوە. چاویشیان لەوە بڕی بوو، کە پێداچوونەوە و ڕاست کردنەوە بۆ دوو سوپاکەیش بکرێت.

هەرچەندە بەو ڕێیەی کە دیاریان کردبوو نەدەگەیشتنە ئامانجە دەست نیشان کراوەکەیان، بەڵام لە نێو ئەو گروپەدا دەنگوێ ئەوە هەبوو، کە ئەمە باشترین چارەسەرە.

بەڵام ئاراستەی گروپی چوارەم: کە تسیزاریۆیتش سەرکردەیان بوو، وابوو کە نسکۆکەی ئۆستەرلیتز لە بیر و هزریاندا هەر مابوو. ئەو دەمەی بە خۆی و خوودەکەی سەری و چاکەتە کورتەکەیەوە، پێشڕەویی دەکرد و، پێی وابوو کە لە نمایشێکی سەربازیدایە.

کە سەرکردەی پاسەوانانیش بوو، لەوە دڵنیا بوو کە سوپای فەڕەنسی دەبەزێنێت. بەڵام ئەوەبوو لە ناکاو سەروبەری سوپاکەی تێکچوو و، سەربازەکانی شەڵەژان و، بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، لەو شەڕە ڕزگاری بوو.

پیاوانی ئەم گروپەیش، تەنیا پەسەندیدەیی، دڵسۆزیی خۆیان بۆ مایەوە. ئەو سەربازانە لە هێز و توانای زۆری ناپلیۆن و، لاوازی و بوودەڵەیی خۆیان بە ئاگا هاتنەوە.لە باس کردنی ئەم ڕاستییەیش نەدەسڵەمینەوە و دەیانوت،"ئەمەی ئێمە دەیکەین لە بەزین و زیان و ڕسوا بوونمان زیاتر، هیچی تری لێ ناکەوێتەوە."

تا ئێستا ڤیلنامان داگیر کراوە و لە دەستمان داوە و، بە دوایدا ڤیتیبسک و، وایش بڕوات، دریسایش لە دەست دەدەین. تەنیا چارەیەکیش کە پێویستە کاری بۆ بکەین ئەوەیە کە زۆر بە پەلە دانوسان بکەین و، تاکو لە پیترزبۆرگیش دەرنەکراوین، بگەینە ئاشتەوایی!

ئەم بیرو ڕایە، لە نێو پیترزبۆرگ و لە توێژە باڵاکانی سوپایشدا، دەنگی دایەوە. تەنانەت لە بیرو هزری ڕۆمیانتسیڤی ڕاوێژکاریشدا. ئەو خۆیشی حەزی بە ئاشتەوایی بوو و وەستاندنی جەنگ.

بەڵام ئەوەی هەبوو کە ئەم پاڵنەری تری هەبوو بۆ ئەو حەزەی خۆی. گروپی پێنجەمیش هەبوو. ئەم گروپەیش پشگیریی بارکلی دوو تواللی سەرکردەی باڵایان دەکرد. نەک وەکو ئەو کەسێتییەی کە هەیبوو.

پیاوانی ئەم گروپە دەیانوت،"هەڵەکانیشی هەرچۆنێک بێت. ـ ئەوان هەمیشە قسەکانیان بەم پێشەکییە دەست پێ دەکرد ـ پیاوێکی چالاک و لەبارە و، لەو باشترمان دەست ناکەوێت. ئێوە دەست کراوەی بکەن. چونکە کاتێک سەرکەوتن بە دەست دێت، کە هەموو لەشکرەکانی سوپا لە ژێر ڕکێفی یەک سەرکردەی باڵادا بێت. ئەوسا سەرنجی بدەن و بڕوانن چیی لە دەست دێت! هەر وەکو زووتر لە فیلندە نواندی، بۆتان دەسەلمێنێت چەندە بە توانا و کارایە. ئەو دەمەیش کە سوپاکەمان توانیی بێ بەربەست، تاکو دریسا پاشەکشە بکات. گەر ئێستایش ئەم سوپایە ڕێکخراو و تۆکمە و بە هێزە، بە هۆی بارکلییەوەیە و، خەڵکی قەرزاربارى

ئەو پیاوەیە. گەر بینیگسن بخەینە شوێنەکەی، هەموو شتێک لە دەست دەدەین. چونکە ئەو پیاوە بەرووتی لە سالّی (١٨٠٧)دا لاوازی و بوودەلّەیی خۆی سەلماند.

گروپی شەشەمیش پالّپشتانی بینیگسن بوون. ئەوان بە پێچەوانەی گروپەکەی پێشووەوە بوون و، پێداگریی ئەویان دەکرد، کە بینیگتسن لەو چالاک تر و بە ئەزموون تر و، ڕۆژێک دێت کە پەنای پێ بگیرێت. پاشەکشەیشمان بەرەو دریسا، بۆ خۆی بەزینێکی سەر شۆڕکەرانە بوو و، هۆیەکەیشی چەندین هەلّەی یەک لە دوای یەک بوو. تا هەلّەکانیش کەلّەکە بکرانایە، باشتر دەبوو و، دەبووە سەلماندنی ئەوەی کە نەدەبوو، کارەکان بەو شێوەیە بڕۆیشتنایە. ئێمە پێویستمان بە کەسێکی وەکوو بارکلی نییە. بەلّکو پێویستمان بە کەسێکی وەکوو بینیگسنە. ئەو پیاوەی کە زووتر و، لە سالّی (١٨٠٧)دا، بەلّگەکانی خۆی، دابوو بە دەستەوە. تەنانەت ناپلیۆنیش، ددانی بە لێهاتوویی و تواناکانی ئەودا نابوو، بەوەی ئەو تەنیا کەسێکە: دەبێت خەلّکی سەری نەوازشی بۆ دابنەوێنن.

پێویستە ئیمپراتۆر تێ بگەیەنن کە پێویستە، هاوسەنگیی لە نێوان ئەو بەرانەدا بهێننە ئاراوە. بەم شێوەیە بیریان دەکردەوە و ئەوانەیان دەوتەوە. ئەمان لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بوون. پێداگریی ئەم گروپە لەسەر ئەوە بوو کە بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و بە تایبەتیش ئەم ناپلیۆنە زیرەکە ـ دیسانیش ناپلیۆنیان بەو نازناوەوە بانگکردەوە ـ پێویستە زۆر زانستیانەو لێهاتوانە بێت. نکوولی لەوەیش نەدەکرا کە تیۆرییەکان زۆر جاران بەربەست بوون. لەبەر ئەوەی بفویلیش ژیرێکی ڕاستەقینە بوو لەو بوارەدا، بۆیە دەبوو گوێ لە بەرهەلّستکارانی پفویلیش بگیرێت. چونکە ئەوانیش کەسانێکی خاوەن ئەزموون بوون. هەر بۆیەش دەبوو میانڕەوی پەیڕەو بکرایە لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا. لەو ڕوانگەیەوە دانیان بەوەدا نا کە پێویستە سەربازگەی دریسا کە لە پیلانەکەی پفویلدا هاتبوو، وەکو خۆی بمێنێتەوە. چاویشیان لەوە بڕیبوو کە پێداچوونەوەو ڕاستکردنەوە بۆ دوو سوپاکەیش بکرێت. هەرچەندە بەو ڕێیەی کە دیاریان کردبوو نەدەگەیشتنە ئامانجە دەستنیشانکراوەکەیان، بەلّام لە نێو ئەو گروپەدا دەنگوێ ئەوە هەبوو، کە ئەمە باشترین چارەسەرە.

بەلّام گروپی حەوتەم: ئەوانە بوون کە لە دەوروبەری ئەلکسەندەر خۆی بوون. یاریدەدەرە سەربازیەکان و، ژەنەرالانێک، کە دڵپاکانە ئەویان دەپەرست. هەروەها

ڕۆستۆفیش ساڵی (١٨٠٥) وەکو ئەوانی تر، دەیپەرست و، نەک هەموو چاکەکارییەکانیان دەدایە پاڵ ئەلکسەندەر، بەڵکو هەموو سیفاتەکانی مرۆڤایەتیشیان دەدایە پاڵ! گروپی هەشتەمیش، بە بەراورد لەگەڵ گروپەکانی تر، ڕێژەیان ٩٩% بوو و، کەسانێکی شەڕنەویست و، ئاشتی ویستی لە خۆ گرتبوو. تۆکمە کردنی سەربازگەیشیان نەدەویست. نە بۆ دریسا و، نە بۆ شوێنانی تر. نە بارکلی و، نە ئیمپراتۆر و، نە پفویل و نە بینیگسن. ئەو ئامانجە سەرەکییەیان پێخۆش بوو، کە ئەو هەموو خەڵکە شوێنی کەوتبوون. چونکە بەختەوەری و بەرژەوەندیی خۆیان بە لاوە گرنگتر بوو. شتە مەحاڵەکانیش لەو پشێوی و پێکداپژانی دەسیسە و پیلانانەدا، لە سەربازگەی ئیمپراتۆر وەدی دەهاتن!

یەکێک تاکو پلەکەی نەدۆڕاندایە، پشتگیریی لە پفویل دەکرد و، ڕۆژی دواتریش، هەر ئەو کەسە پشتگیریی لە دوژمنەکەی ئەو پفویلە دەکرد و، بیروڕای خۆی لەسەر خاڵی جیاوازی نێوانیانیشی، هەرگیز نەدەدا بە دەستەوە.

ئەمانەشیان بۆ ئەوە بوو، تاکو پێگەی خۆیان بەو کارەیان لە دەست نەدەن و، لە پاشا دوور نەخرێنەوە. یەکێکی تریان ئارەزووی بوو، کە بە پێگەیەکی جێگیر بگات و، سەرنجی ئیمپراتۆریش، کێشی خۆی بکات. لە کۆ بوونەوەی ئەنجومەندا بشیرێنێت و، داوا لە بەرهەڵستکارانی بیروڕاکەی خۆی بکات، تا زۆرانبازیی لەگەڵ بکەن و، بەوەیشی بیسەلمێنێت کە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا: ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات. یەکێکی تریشیان لە نێو ئەو دوو ئەنجومەنەدا بێشەرمانە داوای باربووی بۆ خۆی دەکرد، لە بەرامبەر ئەو خزمەتەیدا، کە بە ئەوانی تری دەکرد. هەر ئەو کەسە، کە سەرۆکەکەی خۆیشی دەبینی، وای دەردەخست کە زۆر ماندووی کارکردنە و، دەیشیزانی نایانپەرژێتە سەر ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەی!

خەڵکی تریش هەبوو، هەر بۆ ئەوەی میوانی سفرە و خوانی، ئیمپراتۆر بێت، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە، بیانووی جۆرا و جۆری دەهێنایەوە، لە سەر ئەو بیرۆکانەی کە لە دەربارەوە دەردەچوون.

کۆمەڵە گێلێک بە کەمەری دەربارەوە بوون، کە لە هەڵ لووشینی پارە و سامان و، مەدالیای ڕێزلێنان و، پلە و پایە وەرگرتن بەولاوە، هیچی تریان مەبەست نەبوو. ئارەزوویشیان لە نزیک بوونەوە لە ئیمپراتۆر و، هەواداری بوون.

کە لە بارەی لایەنێکەوە دەدوان و، تیشکیان دەخستە سەر. ئیدی مۆڵەتی ئیمپراتۆریان نەدەدا، کە بیری بە لایەکی تردا بڕوات و، لایان لێ دەبڕییەوە.

ئەم گروپی هەشتەمە کەوتبووە نێوان ئەو دڵەراوکێ و، شڵەژان و، پشێوییەوەی کە ئەو سەردەمە ترسناکە و، لێشاوی ئەو هەموو پیلانگێڕی و، خۆپەرستی و، ڕکابەرایەتییەی ئەو بەرە جیاوازەی ئۆپۆسیۆنانەوە، هێنابوویە ئاراوە. ئەوان کەسانێکی ڕەگەز جیاواز بوون. هەرچەند ئەم گروپە زۆرینەیش بوون، بەڵام سەرگەرمی بەرژەوەندیی خۆیان بوون و، ڕەوتی کارەکەیان ئاڵۆز کردبوو. لەو بارە هەستیارەیشدا، گێلانی خۆ هەڵواسی، کەمەری دەرباری ئیمپراتۆر، هێشتا لە دەنگۆ و هەڵای بابەتێک نەدەبوونەوە، کە شاڵاویان بۆ بابەتی دوای ئەو دەبرد. بە گرمە گرم و، دەنگە دەنگ دڵسۆزانیان لە وتوویژەکاندا کپ دەکردەوە!

کە میر ئاندریە گەیشتە سەربازگەکە، تازە فیرقەی نۆ کەوتبووە ژێر ڕووناکیی سەرنجەوە. فیرقەکە، فیرقەی پیرە ژیرەکان بوو و، کار کردن پشتی شکاندبوون. تاکوو لێکۆڵینەوەی زانستیانەیان بۆ نەکردایە، پشتگیریی هیچ بیروڕایەکیان نەدەکرد. ڕێ و شوێنی گونجاوی وایان بۆ کێشەکان دادەنا، کە خەڵکێیان لە دڵەڕاوکێ و، تەم ومژ و، ورە بەردان رزگار دەکرد. ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە زیان بەخشی یەکەم، بوونی خودی ئیمپراتۆر و، کەسانی دەرباری بوو. چونکە پێکهاتنو هەڵگەڕانەوە سیفەتی کەسانی دەرباری ئەو بوو. بەوەیش زیانێکی زۆریان بە سوپا گەیاند. ڕۆڵی پاشایش تەنیا حوکم کردن بوو، نەک سەرکردایەتی کردنی سوپا. تەنیا ڕێیەکیش بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە، ڕۆیشتنی ئیمپراتۆر خۆی بوو، بۆ نێو سوپاکەی و بەرەی شەڕەکە. چونکە بە بوونی، ئەو (٥٠٠٠٠٠) سەربازە، سست بوو بوون و، تەنیا سەرقاڵی پاراستنی ئەو بوون. بوونی ژەنەراڵێکی باڵای بێکەڵک بەڵام ئازاد، لە سەرۆکێکی پلە یەکەمی، پابەند بە ئیمپراتۆر و ئارەزووەکانییەوە، باشتر بوو.

لە کاتێکدا میر ئاندریە، لە سەربازگەدا مابووەوە و، هیچ کارێکی ڕانەدەپەڕاند. چیخکۆڤی کەسی باڵا، کە دەسترۆیشتووی ئەو فیرقەیە بوو. نامەیەکی واژۆ کراوی لە لایەن پالاشیڤ و، ئاراکتشیڤەوە، گەیاندە ئیمپراتۆر. هەلی ڕێ پێدراویی خۆی قۆستەوە و، نیانانە هێمای ئەوەی دا کە مانەوەی ئیمپراتۆر لە پایتەختدا، بۆ خۆی دەبێتە هۆی پەرۆشیی و خرۆشیی، جەماوەری جەنگاوەرانی جەنگەکە.

ئەلکسەندەریش تێگەیشت کە پێویستە بەو شێوەیە هاوڵاتیان بوروژێنێت، تا بەرگری لە نیشتمان بکەن. سوپای جێ هێشت و، گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. ئەمەیش هۆیەک بوو، لە هۆیەکانی سەرکەوتنەکەمان.

بەشی دە
ژەنەرالّ پفویل

هێشتا نامەکە نەدرابوو بە ئیمپراتۆر، کە لە کاتی نانی نیوەڕۆدا بارکلی، پۆلکۆنسکیی ئاگادار کردەوە، لەوەی کە خاوەن شکۆ دەیەوێت ببینێت، تا لەبارەی تورکیاوە پرسیاری لێ بکات. هەروەها دەبێت ئیمپراتۆر سەعات شەش لە مالّی بینیگسندا میر ئاندریە ببینێت. هەر ئەو ڕۆژەیش سەرکردایەتیی ئیمپراتۆریەت، هۆشداریی بە جولّەیەکی نوێی ناپلیۆندا. کە رەنگە مەترسیدار بێت، بۆ سەر سوپا. بەلّام دواتر ئەو هەواڵە بە درۆ خرایەوە. میشۆی سەرکردە لەگەڵ ئیمپراتۆردا بە چواردەوری دریسادا سووڕایەوە و، بۆی سەلماند کە ئەو دیوارە تۆکمەی دریسایە، پفویل دروستی کردووە. ئەوە بۆ خۆی تەکتیکێکی هیچیش بوو. چونکە نەکو هەر نەدەبووە تێداچوونی سوپاکەی ناپلیۆن و بەس. بەڵکو دەبووە هۆی تێداچوونی سوپای ڕووسیش! هەر کە میر ئاندریە گەیشتە خانووە چکۆلەکەی میرانە. ئەو خانووەی کەوتبووە سەر ڕووبار و، مالّی بینیگسنیشی تێدابوو. نە ئیمپراتۆر و نە ژەنەرالّی لێ بوو. بەڵام یەکێک لە ژەنەرالّە یاریدەرە سەربازییەکان، کە نێوی تشیرنیشیڤ بوو، پێشوازیی لێ کرد و، تێگەیاند کە هەر ئەمڕۆ، بۆ دووەمین جار، ئیمپراتۆر خۆی، ڕۆیشتووە، تاکو چاو بە حەساری سەربازگەی دریسادا دەگێڕێتەوە. چونکە گومانی ئەوە دەکرێت، بێسوود بێت و، یەرگەی ئەو شەڕە نەگرێت، کە لەگەڵ ناپلیۆن دەیکەن. بینیگسن و بۆلۆکشیی لەگەڵ بوو. تشیرنیتشیڤیش لەبەر پەنجەرەی یەکەم ژووردا، دانیشتبوو و، ڕۆمانێکی فەڕەنسیی دەخوێندەوە. هەر دیار بوو کە ئەو ژووڕە لە کۆندا هۆڵی سەما بووە. چونکە پیانۆیەک، هێشتا لە نێویدا مابووەوە و، هەندێک کەلوپەلی خرابووە سەر.

لـــه گۆشـــەیەکی ئـــەو ژوورەیشـــدا، قـــەرەوێلەیەک هـــەبوو و، دەتـــوانرا بنووشترێنێتەوە و، یـاریدەدەرێکی بینیگسن، دوای خواردنێکی قورس و چـەور تێیدا راکشابوو. پرخەی دەهات و، لەوە دەچوو، ماندووی کارکردن بووبێت. هۆڵەکە دوو دەروازەی هەبوو. دەروازەی لای چەپ بەرەو هۆڵە کۆنەکە دەچـوو و، ئـەوەی لای راستیش بەرەو نووسینگەی کاروبار دەڕۆیشت.

ناوە ناوەیش لەودیو دەروازەی یەکەمیانەوە، دەنگە دەنگێک دەهـات و، دووان بـە زمانی ئـەڵمانی و فەڕەنسـی دەدوان. هێشـتا ئەنجومـەنی جـەنگیش کۆ نـەبووبووەوە. ئیمپراتۆریش حەزی بە کۆ بوونەوەی گەورە و بـەرفراوان نـەبوو. بـەڵکو دەیویست چەند کەسێکیان ببینێت، تـاکوو لـە بـارەی ئـەو بـارە نالەبـارەوە، گـوێ لـە بیروڕایـان بگرێت. بـە کورتییەکـەی، ئـەو ئەنجومـەنێکی نهێنیـی دەویسـت. لـە نێـو بانگهێشـت کراوانـدا: ئارمفیلـت و فـۆلزوگن کـە ژەنـەرڵانێکی سـویدی بـوون و، وینتزنگیـروود هەبوو. ئەو پیاوەی هەروەکو بە میر ئـاندریەیش وترابـوو، پڕوپاگەندەی بـۆ نـاپلیۆن دەکرد. ئەمـەیش بـە قسـەی نـاپلیۆن و، میشـۆ و تـووەل و، کۆنـت و سـتین، زووتـر ئامادەکاریی بۆ کرابوو. ئـەو ستینەی کە تەنیـا پیاوێکی سەربازی نەبوو.

میر ئـاندریەیش کاتێکی زۆری بە دەستەوە بـوو، بـۆ کۆڵینـەوە لـەو پیاوە. لەبـەر ئـەوەی پفویل دوای ئـەو گەیشتبوو و، پێش ئـەوەی کـە خـۆی بکات بـە هۆڵەکـەدا، ماوەیـەک لەگەڵ تشیرنشیڤ قسـەی کرد. هـەرچەند پێشتر ئەویشـی نـەبینی بـوو هـەر لـــە یەکـــەم ســـەرنجەوە، کـــە پفـــویلی بـــە بەرگـــە ژەنەرڵییـــە ڕووســـییە خـــراپ دووراوەکەیەوە بینی: بە شێوەیەکی نادروست و ناشیرین، هاتە بەرچاوی.

پفویلیش زۆر بە باشی وێرۆدەر و ماک و، شمیتی ژەنـەرالّی دەناسی. چونکـە لـە (١٨٠٥)دا چەنـد کەسـێکی تـری هاوشـێوەی ئـەوانی ناسـی بـوو. بـەڵام خـۆی لـە هەموویان پێگەیشتووتر بـوو. ئـەڵمانیایش هێشـتا پۆلکۆنسکیی نەناسـی بـوو. ئـەمیان پیـاوێکی کورتـەبالای رەقەڵـە، بـەڵام تۆکمـە و دامـەزراو و، چـاو بـە قووڵاچـوو بـوو. قژەکەیشی زۆر بـە پەلـە داهێنـابوو و، قیتێکی کـەمێک بـە پشـتدا کـەوتوو بـوو. بـە دڵـەڕاوکێوە بـە هۆڵەکەیـدا ڕووانـی و، وەکـو ئـەوەی شـتەکانی ئـــەو هۆڵـــە فراوانـــە بیترسـێنن. تشیرنشـیڤ ناشـیرینانە مسـتووی شمشـێرەکەی گـرت و، بـە ئـەڵمانی پرسیاری شوێنی ئیمپراتۆری کرد. بـە پەلـە بەبـەر ژووڕەکانـدا تێدەپـەڕی و، وەڵامـی سەرپێیی خەڵکەکەی دەداوە و، دەیویست بگاتە لای نەخشەکە و، وەکوو ئـەوانی تـر، جێی خۆی بگرێت و، ئارامانە بەشداریی بکات.

هـەر کـە تشنیتشـیڤ پێـی ڕاگەیانـد خـاوەن شـکۆ ڕۆیشـتووە، تـا سـەرنجی ئـەو قایمکاریانە بدات، کـە بـۆ دیـواری سـەربازگەکە کراوە، ئـەو دیـوارەی کـە هـەر خـۆی

فەرمانی بە پڤویل دابوو، لە سەر ئەو نەخشەیەی کە خۆی داینابوو، دروستی بکرێت. تشیریتشیف بە توندی سەرێکی بادا و، بزەیەکی لاقرتی، نیشتە سەر لێوانی. وەکو هەر ئەڵمانییەک لە ژێر لێوەوە وتی:

ـ گێلییە! گێلی!... بڵێی هەموو شتەکان هەرەس بێنن!؟ یان دەبێت چاوەڕوانی شتی قەشەنگتریش بین!؟

هەرچەند میر ئاندریە نزیکیشی بوو، بەڵام تێنەگیشت لە ورتە ورتەکەی و، ویستی بێدەنگانە بە لایاندا تێپەڕێت. بەڵام تشیرنشیف وەستاندی و، بە پڤویلی ناساند و، تێگەیاند کە ئەو لە تورکیاوە هاتووەتەوە. ئەو وڵاتەی بەختەوەرانە شەڕی تێدا بە کۆتا گەیشت.

پڤویلیش بە ئاستەم بزەیەکی بۆ کرد و بە ورتەورت وتی،"بێگومان پەلاماڕێکی تاکتیکی قەشەنگ بووە."بە پەلە هەنگاوی نا و، خۆی بۆ ئەو ژوورە کوتا، کە غەڵبە غەڵبی لێوە دەهات. رەخنە گرتنی خەڵکەکە و، بوێرییان لەو کاتانەدا کە خۆی لەوێ نەبوایە، پڤویلی پتر تووڕە کرد و، کەوتە گاڵتە پێ کردنیان.

هەر ئەو پێشوازییە ساردە، وای لە میر ئاندریە کرد، کە بۆ زانینی زانیاریی زیاتر، لە بارەی شەڕی ئۆستەرلیتزەوە، پتر پشت بە زانیارییەکانی خۆی ببەستێت و، بیرۆکەی ڕوونتر لە بارەی ئەو پیاوەوە وەربگرێت.

پڤویل یەکێک بوو لەو پیاوانەی کە بڕوابوون و، دەست لە خۆشتن، وای لێ بکات، خۆی بخاتە پێناو بیرۆکەی خۆی و، ئەو کەسانەی کە لە ئەڵمانیادا نەبوایە لە هاوشێوەیان هەرگیز دەست نەدەکەوت. چونکە تەنیا و تەنیا ئەڵمانییەکان لە سەر بیرۆکەی ڕووت، وەک بیرۆکە و لە سەر زانست ــ مەبەستیشم زانستی پشتبەستووە بە ڕاستی و دروستی ـ کۆ دەبوونەوە. کەسی فەرەنسییش بڕوای بە خۆیەتی، چونکە وای دادەنێت کە کار دەکات. جا چ بە بیر کردنەوە بێت، یان بە جەستە بێت. نە مێ و نە نێر، خۆی لە بەریدا بۆ ناگیرێت.

ئینگلیزەکانیش بڕوایان بە خۆیانە. چونکە ئەوان پێیانوایە هاوڵاتییەکی سەر بە چاکترین نیشتمانی دنیان، لە شارستانیدا. لە بەر ئەوەی کە ئینگلیزن هەمیشە دەزانن کە دەبێت چی بکەن. هەر لەبەر ئەوەی کە ئینگلیزیشن، دەزانن کە لەوە باشتریان پێ ناکرێت، کە خۆیان دەیکەن و، ئەم لێکدانەوەیەیشیان هیچ وتوێژێکی هەڵنەدەگرت. ئیتالیاییەکانیش متمانەیان بە خۆیانە. چونکە هەڵپێکە لەرزۆکەکەیان وایان لێ دەکات، خۆیان و کەسانی دەوروبەریان، بیر بچێتەوە. بەڵام کەسی ڕووسی بڕوای بە خۆیەتی و، لەبەر ئەوەی کە نەزانە و نایەوێت هیچ بزانێت! ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە، بڕوای بەوە نییە بتوانێت شتێک فێر بێت.

ئەوەی کە ئەڵمانییەکان پێداگریی فرەی لەسەر دەکەن و، تێیدا کەللە ڕەق و، نەگۆڕن، ئەوەیە: کە پێیان وایە ڕاستییەکان دەزانن. بە واتایەکی تر ئەو زانستەی کە ئەڵمانییەک بە دەستی خۆی دروستی کردووە و، وای داناوە کە ڕاستییەکی نەگۆڕە و، چەسپاوە. پڤویلیش پیاوێکی خاوەن زانستی بوو و، هەر بەو شێوەیەیش بیری دەکردەوە. مەبەستم ئەوەیە بە هۆی کۆڵینەوەی لە شەڕەکانی "فردریکی گەورە"[1]وە گەیشتبووە گەلاڵەی بیردۆزی لەرێ دەرچووەوە. جا بەو هۆیەوە ئەو پەلامارانەی دوای ئەو دەستی پێکرد، بە لای ئەوەوە لە زنجیرەیەک پێکداپژانی درندانە و، ڕسوایی بەولاوە، هیچی تر نەبوو. تێیدا هەڵەیەلێکی فرە، لە دوو بەرەی بەرەنگاربووەوەدا ڕوویدا بوو و، وای کردبوو کە نەخرێنە خانەی جەنگەوە. ئەمەیش هەر لەبەر ئەوەی، کە لەگەڵ بیردۆزەکەی ئەودا نەدەهاتنەوە. وای دانابوون کە تەنانەت شایانی ئەوەیش نین لێیان بکۆڵرێتەوە.

ساڵی (١٨٠٦) یەکێک بوو، لە پیلان دانەرەکانی، شاری ئیینا و، ئۆیرستات. بەڵام ئەم شکست هێنان و، بەزینانە هەرگیز نەیگەیاندە، ئەوەی کە بزانێت: هەڵە بووە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بەلای ئەوەوە سەرپێچی لە بیردۆزەکەی ئەو، تەنیا هۆی بەزین و شکستی ئەوان بووە.

بۆیە بەو شێوازە تونده‌ی تایبەت بە خۆی وتی:"هەر زوو پێشبینیی ئەوەم کردبوو، کە جڵەوی هەموو شتەکان، دەکەوێتە دەست شەیتان!" پڤویل یەکێک بوو، لە ئەوانەی، کە هێندەی ئالوودەی بیردۆزەکانن.. هێندە بە تەنگ پراکتیزە کردنیانەوە نین. زۆریش وابەستەی بیردۆزەکانی خۆی بوو. بە جۆرێک کە جاروبار ئامانجی سەرەکیی بیردۆزەکەی بیر دەچووەوە! دواتر جێبەجێ کردنەکەیشی. هەر هێندە ئالوودەی بیردۆز بوو، هێندە تامەزرۆی بە کردە کردنی نەبوو! بە بەزین و شکستە سەربازییەکان، دڵخۆش دەبوو و، پێی وابوو شکستەکان، لە ئەنجامی بەزاندنەکانی ڕیسا و، ڕێ و شوێنەکانی، پراکتیزە کردنییەوە، هاتوونەتە ئاراوە. بە چەند وشەیەکی کەم و وەکوو ئەوەی، زووتر خۆی پێشبینیی ئەو ئەنجامانەی کردبێت، کۆتایی بە وتوویژەکەی لەگەڵ تشرشیڤ و، میر ئاندریە هێنا و، بە هیچ جۆرێک دڵگرانیی خۆی، دەرنەبڕی بەرامبەر ئەنجامەکان.

ئەو کۆمەڵە قژەی کە بە پشتا پرژو بڵاو بوو، هێمای شێوازی ڕوانینی بوو بۆ شتەکان. هێشتا سەری نەکردبوو بە هۆڵەکەی تردا، دەنگە بڵندەکەی بیسترا.

---

١ ـ فردریکی گەورە: یەکەمین پاشای وڵاتی بڕووسیا بوو. ساڵی ١٧٤٠ چووە سەر کورسیی پاشایەتی.وەکو جەنگاوەرێکی بە نێوبانگ بوو، بەڕێوەبەرێکی چاکیش بوو.

بەشی یازدە
ئەنجومەنی جەنگ

هێشتا میر ئاندریە چاوی لەسەر پفویل هەڵ نەگرتبوو، کە بینیگسن خۆی کرد بە ژووردا. دوای ئەوەی بە نەوی کردنی سەری، سڵاوی لە پولکۆنسکی کرد، بەرەو نووسینگەکەی چوو و بە کورتییش یاریدەرە سەربازییەکەی خۆی تێگەیاند، تاکوو ئەویش لای خۆیەوە، زانیارییەکان لە خەڵکەکە بگەیەنێت.

ئیمپراتۆریش هەمیشە مولازمێکی بە دواوە بوو. ئەو مولازمەیش پەلەی ئامادەکاری بوو بۆی. تاکو زوو دەستکراوە بێت و، هەر خاوەن شکۆ گەیشت بتوانێت، شوێنی بکەوێتەوە. تشیرنشیف و میر ئاندریە، بە پلیکانەکەدا هاتن و، ئیمپراتۆر لە ئەسپەکەی دابەزی و، ماندوو بوونی پێوە دیاربوو. بەلای چەپدا سەری لار کردەوەوە بە بایەخەوە گوێی بۆ کۆڵینەوەی ئەو بابەتانە شل کرد کە پولکۆنسکی لێیان دەدوا. ئەمجا چەند هەنگاوێک هاتە پێشەوەو وێستی قسەکە بە پۆلۆشکی ببڕێت. بەڵام ئیتالییە سوور هەڵگەڕاوە هەڵچووەکە بە پەلە پێشی کەوتو نەشیاوانە ئەو هەڵس‌و کەوتەی کرد. ئەو دەمەی ئیمپراتۆر لە میر ئاندریە پۆلکۆنسکی دەڕوانی، کە بە ڕێز لێنانەوە وەستابوو.

بۆلۆکشی بە هەڵچوونەوە، شێتانە لە سەری ڕۆیشت:

"بەڵام ئەوەی لە بارەی سەربازگەی درێساوە، هێمای پێدرابوو من لای خۆمەوە

لە ئەوەی بە باشتر نازانم، کە یەکێک لەم دوانە هەڵ ببژێردرێت: یان خانووبەرە زەردەکە ـ مەبەستی لەو خانووبەرەیەی خەڵوەتگەی پیرییە بوو، کە بۆیەیێ زەرد کرابوو ـ یان پەتی سێدارە."

هەرچەند دەمێک نەبوو ئاندریەی ناسی بوو، بەڵام نیانانە و بێ گوێدانە قسەکانی ئەو ئیتالییە وتی:

شاد بووم بە بینینت. ئێستا برۆ، بۆ ئەو ژوورەی کە ئەو بەڕێزانەی تر تێیدا کۆبوونەتەوە و، لەوێ چاوەڕێم بکە."

ئەلکسەندەر خۆی کرد بە نووسینگەدا و، میر پییەر میخائیلۆڤیتش ڤۆلکۆنسکی و بارون و ستین، بە دوایدا و، دەرگاکە داخرایەوە. میر ئاندریە و، بۆلۆکشیش کە لە تورکیا یەکتریان ناسی بوو. چوونە ئەو هۆڵەوە، کە ئیمپراتۆر بۆ کۆ بوونەوەکە دیاریی کردبوو.

ئەو دەمە میر ڤۆلکۆنسکی، بە نافەرمی لای ئیمپراتۆر سەرۆکی دەستەی ئەرکانی جەنگ بوو. لە نووسینگەکە هاتە دەرەوە و، چەند نەخشەیەکی بە دەستەوە بوو. لە سەر میزێکی هۆڵەکە یەکالای کردنەوە و، لە سەر دووانیان، داوای بیروڕای ئەندامانی کۆڕەکەی کرد.

هەر لەو شەوەیشدا، هەواڵێک هات، کەچی دواتر نادروستیی ئەو هەواڵە دەرکەوت. ئەویش ئەوە بوو، کە گوایە فەرەنسییەکان بڕیاریان داوە، دوور لە سەربازگەی دریسا یەک بگرن و، گەمارۆی دریسا بدەن.

ژەنەراڵ ئارمفیلّت، دەستی بە قسە کردن کرد و، خۆی لە کێشە هەنووکەییەکە دزییەوە و، ئەوەی خستە ڕوو کە گوێگران چاوەڕوانیان لێی نەدەکرد! لەوە دەچوو لە بەر ئەوە ئەو قسانە بکات، تاکو بیسەلمێنێت، کە ئەویش دەتوانێت بیروڕای خۆی دەربببڕێت.

بە گوێرەی قسەکانی ئەو، دەبوو سوپا شوێنێکی دوور لە پیترزبۆرگ و مۆسکۆ بگرێت و، چاوەڕوانی هێرشی دوژمن بێت. میر ئاندریەیش وای بۆچوو بوو، کە ئارمفیلّت لە میژە ئەو پیلانەی داناوە.

بە هەرحاڵ ئەویش لای خۆیەوە، وەڵامی پرسیارەکانیشی لەو بارەیەوە هەر نەدایەوە و، ئەو هەلەی قۆستبووەوە، بۆ ئاگادار کردنی ئەو خەڵکە، لە پیلانەکەی خۆی و، ئەو پیلانە و، ئەو هۆیانەی کە لە ژماردن نەدەهاتن. بە شێوەیەک بوو، گەر بۆ هەر جێیەک دابنرایە، کە بارو دۆخی نائاسایی بوایە، بەسوود بوو. هەندێکیان بە گژیدا چوونەوە و، هەندێکیشیان پشتگیریان لێ کرد.

سەرۆک تووەلی هەرزەکاریش، ڕەخنەی تونْدی لێ گرت. بە تایبەتیش

پرۆژەکەی ئەو ژەنەرالە سویدییە. دەستی بە گیرفانیدا کرد و، پیلانێکی دەرهێنا و داوای لێ کردن، تاکو رێی بدەن، بۆیان بخوێنێتەوە. ئەمجا کەوتە خوێندنەوەی و، زۆر بە دڕێژی.

پیلانێکی تەواوی شەڕ بوو. سەرلەبەریشی، پێچەوانەی پیلانەکەی ئارمفیلت و پڤویل بوو. بۆلۆکشی ئەو پیلانەیشی بە دوور گرت و، ئامۆژگاریی کردن، کە هێرش بەرن. تا لەو دڵەراوکێیە و، وەکو خۆی دەیوت لەو تەپکەیەی سەربازگەی دریسا، کە بۆیان نراوەتەوە، ڕزگار بن.

لەو کاتەدا پڤویل و فولزوگنی وەرگێڕی ـ ئەو پیاوەی کە دەربار بۆی دانابوو ـ فزەیان لە خۆیان بڕی بوو. پڤویل بە لووتبەرزییەوە، دەیفیشکاند و، وای پیشان دەدا، کە لەوە بااڵترە تا لەو گفتوگۆیەدا بەشدار بێت.

فۆلکۆنسکیش کە گفتوگۆکەی بەڕێوە دەبرد، داوای لێکرد، تا ئەویش بیروڕای خۆی دەربببڕێت.

ئەویش لە وەاڵمیدا وتی،"بۆ لە من دەپرسن!؟ ئاخر خۆ ژەنەراڵ ئارمفیلت بار و دۆخەکەتان بۆ دەڕازێنێتەوە و، پاشەڵێشی بە ڕووتی دەهێڵێتەوە! ئێوەیش بۆتان هەیە، خۆتان سەرپشک بن، لە هەڵبژاردنی ئەو هێرشبردنەی، ئەم ئیتالییە بەڕێزە، پێشکەشتان دەکات و، شتێکی باشیشە. یان پاشەکشە بکەن. کە ئەمەیشیان بۆ خۆی هەر شتێکی باشە. ئیدی بۆ پرسیاری بیروڕای من دەکەیت؟ خۆ تۆ خۆیشت زۆر لە من شارەزاتریت. فۆلکۆنسکیش بە ڕوویەکی گرژەوە، هۆشداریی دایە کە ئەو بە ناوی ئیمپراتۆرەوە لێی دەپرسێت.

پفویلیش کتوپڕ بە هەڵچوونەوە هەستا و وتی:

"لێی تێک داین! شتەکانی تێکەڵ کرد! هەر هەموویان دەیانویست لە من پتر بزانن. کەچی ئێستا بۆچوونی منیان گەرەکە! چۆن هەڵەکان ڕاست بکەینەوە؟ ئاخر شتێک نەماوە، تاکو ئێمە چاکی بکەینەوە. ئێستایش پێویستە ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکەین، کە بە وردی خۆم دیاریم کردووە."

پۆلکۆنسکی پەنجە ئێسک ئەستوورەکانیی دا بە مێزەکەدا و بەم قسانە، کۆتایی پێ هێنا:

"سەختیی هەڵوێستەکە!؟ ئەمە یاریی منااڵنەیە!... تۆرپەهاتە!"

نەخشەکەی بۆ بەردەمی خۆی راکێشا و، دەستی پێدا دا و، پێداگریی ئەوەی کرد و وتی،"کە هیچ شتێک نابێتە ڕێگری هێز و توانای سوپا. گەر دوژمنیش ـ وەکو دەڵێن ـ بجوواڵێت و گەمارۆمان بدات. بێگومان ئەو کارەی دەبێتە هۆی تێداچوونی خۆی."

بۆلۆکشی لەبەر ئەوەی زمانی ئەڵمانیی نەدەزانی، بە فەڕەنسی هەندێک پرسیاری لێ کرد. فولزوگینیش لەولاوە بۆ یارمەتیدانی گەورەکەی، لەو ڕاپەڕی، چونکە دەیزانی گەورەکەی، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی، بە فەڕەنسی بدوێت و، وەڵام بداتەوە. بۆیە شیکردنەوەکانی بۆ وەرگێڕا. چونکە ئەمیش بە ناڕەحەت دەیتوانی شوێن قسەکانی پفویل بکەوێت. ئاخر ئەو بە زمانێکی زۆر پاراو، توانیی پیلانە تۆکمە: بە هەموو پێداویستییەکانی تەنراوەوە، شی بکاتەوە و، ئەگەرەکانی ڕوودانی شتێکی چاوەڕوان نەکراو، بخاتە ڕوو.

گەر ئێستایش لووتیان دەتەقێت بە شتێکی چاوەڕوان نەکراودا، ئەوە بە هۆی ئەو بۆشاییانەوە بووە، کە کەوتووەتە جێبەجێ کردنی پیلانەکەوە. بەڵگەکانیشی بە پێکەنینێکی لاقرتێ ئامێزەوە، دەگوت و، تا کۆتایی قسەکانی سوکایەتیی کرد، وەکو ئەو زانا بیرکارییەی لێهاتبوو: کە لە کێشەیەکی بیرکاری بووبێتەوە و، ئیدی پێویستیی بە هێنانەوەی بەڵگەی تر نەمابێت، لەو بارەیەوە.

فولزوگین بە فەڕەنسی لە بری پفویل، کەوتە شیکردنەوەی بیروڕاکانی و، ناوە ناوەیش، پەنای بۆ پفویل دەبردەوە و لێی دەپرسی:

"وانییە خاوەن شکۆ؟"

بەڵام پفویل بە تووڕەییەوە و، وەکوو ئەو چەکدارەی لە گەرمەی شەڕدا، تەقە لە کۆمەڵەکەی خۆی بکات، وەڵامی دەدایەوە،"بێگومان وایە! ئەی ئەم شیکردنەوانە چ سوودێکیان هەیە؟"

بۆلۆکشی و میشوویش، بەردەوام بە فەڕەنسی، قسەی فولزوگینیان بەڕپەرچ دەدایەوە و، ئارمفیلتیش بە ئەڵمانی پفویلی دەدواند و، تووەلیش شتەکانی بە ڕووسی بۆ فۆلکۆنسکی باس دەکرد.

میر ئاندریەیش پتر سەرنجی بە لای پفویلدا ڕۆیشتبوو و، بە بێدەنگی گوێی گرتبوو. ئەو پیاوە زوو تووڕە دەبوو و، بڕیارەکانی خێرا بوو. سەرکەشانە و زیاد لە پێویست بڕوای بە خۆی بوو.

ئەوە هەر خۆی بوو و خۆی، لە نێو ئەو هەموو ڕاوێژکارانەدا، لە بەرژەوەندیی خۆی نەدەگەڕا و، ڕق و کینەیشی لە کەس هەڵنەگرتبوو. ئەو تەنیا یەک شت مەبەستی بوو. ئەویش پیادە کردنی پیلانەکەی و، ڕۆیشتن لە سەر بیردۆزەکەی خۆی بوو. ئەو پیلانەی کە بەرهەمی سالانێکی زۆری لێکۆڵینەوەی خۆی بوو. بێگومان خۆیشی پێکەنینهێن بوو و، بزە لاقرتێ ئامێزەکەیشی لوتەلاکەر بوو. بەڵام توند ڕاگرتنی بیروڕاکانی خۆی، وای کردبوو، کە ڕێز گرتنی خۆی بسەپێنێت. لە سەروو هەموو ئەمانەیشەوە، بێ لەم لێکۆڵینەوە سەربازییەی، هەموو

لێکۆڵینەوەکانی تری، شێوەیەکی هاوبەشیان هەبوو.

ئەمانەیش لە ساڵی (١٨٠٥)دا و، ئەو دەمەی "ئەنجومەنی گشتیی جەنگ". ژیری و، وریایی و لێهاتوویی ناپلیۆن، ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە دڵی ئەو هەموو ڕاوێژکارە سەربازییانەوە. تەنانەت کاری لە سادەترین بەڵگە کرد بوو. چونکە ئەو پیاوێک بوو، کە مەحاڵ: لە بیر و فەرهەنگیدا نەبوو. لە هەر کات و ناکاوێکدا ، چاوەڕێی هەڵمەتی ئەو بوون و، لە هەموو لایەوە.

لە بەگژاچوونەوەی یەکتریشدا، ناوی ئەویان دەبرد و، یەکتریان پێ دەترساند! تەنیا و تەنیا پفویل نەبێت، کە بە کەسێکی دڕندە و بەربەری، ناوی ناپلیۆنی دەبرد و، بێ کەم و زیاد، وەکو دوژمنێکی پیلانە سەربازییەکەی خۆی لێی دەڕوانی. ڕێز گرتنی میر ئاندریەش، لێی: شتێکی لە سۆز تێدابوو، بەرامبەری. بە گفتو لفتی کەسانی دەرباری ئیمپراتۆردا دەردەکەوت، کە کەوتن و هاتنە خوارەوەی پێگەی پفویل، لە ئان و ساتدایە.

بۆلۆکشیش ڕێی بە خۆی دا و، ئەو دەمەی ئەو پیلانە سەربازییەکەی خۆی شی دەکردەوە و، سوور هەڵگەڕابوو و، تووڕەبوو، کە بە ئیمپراتۆر بڵێت: هەموومان دەزانین کاتی ئەوە هاتووە، پفویلیش پلە و پۆستەکەی خۆی بدۆڕێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە پفویلیش وەکو هەر ئەڵمانییەک، بڕوا بە خۆو لاقرتێکار بوو، بەڵام ئەو قژ شۆڕەوە بووە بە لاجانگەکانیدا و، پرژو بڵاو، بە پشتی سەردا، جێی بەزەییش بوو. هەرچەند سۆزی خۆی، لەودیو دیمەنە بێزارکەرەکەی خۆیەوە مەڵاس پێدابوو. بەڵام هەر بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو، کە وڕەی داڕووخاوە و، ئەمەیش دوایین هەلە بۆی ڕەخساوە، تا بتوانێت سەرکەوتوویی و، دروستیی بیردۆزەکانی، تێدا بدات بە ڕووی هەموو جیهاندا.

وتوویژەکەیان درێژەی کێشا و، تا دەهات گەرم وگوڕتر دەبوو. کاریش گەیشتە ئەوەی کە بەسەر یەکدا بشیڕێنن و، سووکایەتی بە یەک بکەن. تا وتوویژ و یەکتر دواندنیان، درێژەی بکێشایە، ئومێدبڕاوتر دەبوون، لە گەیشتن بە ئەنجامێکی کردەیی.

میر ئاندریەیش کە بەو هەموو شێوە زمانانە گوێی لە هاوار و قیژە و ئەو هەموو بیروڕا جیاوازەیان بوو، بڕوای بە خۆی نەکرد. ئەو زۆرجار لە خزمەتی سەربازیی خۆیدا، لێکۆڵینەوە درێژخایەنەکانی، لە بارەی پیشەی چەکدارییەوە کرد بوو. ئەوەی بە بیردا هاتبوو، کە ناکرێت زانستێک هەبێت، بە نێوی، زانستی جەنگەوە! دەستەواژەی "ژیری و لێهاتوویی سەربازیی"یش، بۆ خۆی قسەیەکی پووچ و بێ واتا بوو بە لایەوە! ئەوەتا ئێستاش لەم گفتوگۆیانەدا، بە شەنگی

پشتگیری لەم بۆچوونەی من دەکرێت! "ئاخر چۆن دەکرێ کە قسە لە بارەی بیردۆز و زانستێکەوە بکرێت، کە ناتوانرێت مەرج و پێکهاتەکانی پێشوەختی تێدا دەستنیشان بکرێت. یان گەر توانرایش، زۆر بە ناڕەحەت بکرێت؟. هەرگیز کەس نەیتوانیوە و، ناشتوانێت بزانرێت بارودۆخی سوپاکەمان دواتر چۆن دەبێت!؟ یان بارودۆخی سوپای دوژمنەکەمان، لە بیست و چوار کاتژمێری داهاتوودا، چۆن دەبێت؟ یان بەهای ئەم فەوج و ئەو فەوجیان: تا چەندە؟ خۆ گەر لە بری هەڵاتنی سەربازێکی ترسنۆک، لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕەکە، بە هۆی هاوارێکەوە، کە لە کەسێکەوە دێت و دەڵێت: "ئەها دایان بڕانین لە یەکتر و، گەمارۆیان دایـن!" لەولایشەوە لاوێکی ڕوو کراوەی ئازا هاوار بکات،"هۆرا!!" لەو کاتەدا گەر ئەو فیرقەیە (٥٠٠٠) سەربازیش بێت، ئەوا بە هێندەی (٣٠٠٠٠) سەرباز کاریگەرییان دەبێت. هەر وەکو ئەوەی لە شوینگراین ڕووی دا! لە بەرامبەر ئەمەیشدا دەکرێت (٥٠٠٠٠) سەرباز لە بەرامبەر (٨٠٠٠) سەربازدا، هەڵبێت و ببەزێت. هەر وەکو ئەوەی لە ئۆستەرلیتز ڕوویدا. ئاخۆ زانستێک هەیە، زاڵ بێت و لە میتاڵێک بگات ـ هەر وەکو تێگەیشتنە گشتییەکانی تر ـــ پێش وەختە و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەی بزانێت؟ پێشبینی لە شتێک: کە هەموو شتەکانی بەندە بە بارو کارلێکێکی فرەی بێ ئەندازەوە و، بەهای ئەو بارو دۆخانەیش لە چرکەساتێکدا وەدەردەکەون، کە کەس نییە بتوانێت، ئەو چرکەساتە دیاری بکات و، بزانێت چ کاتێکە!؟"

ئارمفیڵت هەرای پارچە بوونی سوپاکەمانی نابووەوە و، بۆلۆکشیش بە پێچەوانەی ئەو بوو و، هەڵای ئەوەی نابووەوە، کە سوپای فەڕەنسیمان خستۆتە نێوان دوو ئاگرەوە.

میشوویش پێی وابوو، سەربازگەی دریسا، جێی مەترسییە، چونکە ڕووبار لە پشتییەوەیە و، پۆویلیش بە پێچەوانەی ئەمەوە، کێشەکەی دەبینی، پێی وابوو، ئەو ڕووبارە پاڵپشتی دەبێت و دەیپارێزێت.

تووەل پیلانێک دەخاتە بەردەم و، ئارمفیلت یەکێکی دی. هەموویشیان وەکوو خراپ بوون، باشیش بوون! چونکە تایبەتمەندیی هەر یەکێک لەو، پیلانانەی شەڕ، لە کاتی بەرپا بوونی شەڕەکەدا نەبوایە، دەرنەدەکەوت. جا ئیتر چۆن پیلانە هەرە باشەکەیان بۆ هەڵدەبژێردرا و، بۆیان دەردەکەوت، کە ژیری و لێهاتوویی سەربازیی، پێوە دیارە!؟ ژیرێتی کوا لە ئەوەدایە کە توند و تۆڵی بدرێت بە سوپا. ئەمیان ڕەوانەی لای ڕاست و، ئەویان ڕەوانەی لای چەپ بکرێت. نەخێر بەڵام سەربازان ڕەشبین بوون بە خۆیان و دەسەڵاتدارانیان و، ئەو جەماوەرە

ترسنۆکەیش وەسفی ئەو جێبەجێکارە بەهێزانەی دەکرد و، بە هەڵە دەیاندایە پاڵ باشترین ژەنەرالانێک، کە خۆیان دەیان ناسین. لە پێش هەموویشیانەوە پاگراسیۆن بوو. کە بەلای ناپلیۆنیشەوە، ئەم سەرکردەیە، بەهرەدارترینی دوژمنەکانی بوو. من ئێستایش رووی ئەو پیاوەم لەبیر ماوە کە چەندە لە گۆڕەپانی شەڕەکەی ئۆستەرلیتزدا، لە خۆی رازی بوو.

تەنانەت ناپلیۆن خۆیشی! ئاخر سەرۆکی باش، پێویستیی بە تایبەتمەندی و ژیریی زۆر نییە! بەڵکو بە پێچەوانەوە، پێویستە لە بااڵترینی سروشتە مرۆڤایەتییەکان بێبەش بێت، وەکو: خۆشەویستی، شیعر و ئەدەب، سۆز و، گومانە فەلسەفییەکانی لە هەموو شتەکان. دەبێت کەسێکی سنووردار بێت و، لە هەڵس و کەوتەکانی خۆی رازی بێت. گەر وا نەبێت: ئارامی و خۆگریی خۆی لە دەست دەدات. ناشبێتە سەرکردەیەکی ئازا، گەر باجەکەی نەدات! مەگەر هەر خوا بیپارێزێت، کاتێک خۆی وەکو مرۆڤدۆست دەردەخات! یان ئەوکاتەی خاتری یەکێک بگرێت! یان بەزەیی پێدا بێتەوە! یان بیر لەوە بکاتەوە کە کامە دادوەرییەو، کامە ناڕەواییە!؟

ئاشکرایە کە هەموو دەمێک بیردۆزی ژیر بوون و باڵایی، لە لایەن ئەو پیاوە بەهێزانەوە، ساختە کراوە، چونکە بۆ خۆیان دەسەڵات بە دەست بوون. بردنەوەی شەڕێک یان دۆڕاندنی بە دەست سوپا هێرشبەرەکە نییە، بەڵکو لای ئەو سەربازەیە کە لە ناو ڕیزی سەربازەکاندا هاوار دەکات:

"ئەی هاوار!! تێداچووین!"

یان ئەو سەربازەی کە هاوار دەکات:

"هوورا! بۆ پێشەوە!!"

هەر لەو ریزەدا مرۆڤ دەتوانێت دەری بخات کە کەسێکی بە سوودە بۆ دەوروبەرەکەی.

میر ئاندریە بە دەم گوێگرتنەوە لە هاوڕێکانی، خەیاڵی ڕۆیشتبوو. وا بیری دەکردەوە. دواتر خەڵکەکەی بینی کۆڕەکەیان جێ دەهێشت و، بۆلۆکشییش ئەوی بانگ کردە لای خۆی. ڕۆژی دواتر و، لە کاتی پێشکەش کردنی سەربازانی گۆڕەپانەکە، ئیمپراتۆر لە میر ئاندریە پۆلکۆنسکیی پرسی، کە ئاخۆ ئارەزوو دەکات، لە چ ناوەندێکی سوپادا، خزمەت بکات؟ ئەویش بەوەی کە داوای خزمەت کردنی لە دەربardا نەکرد، بۆ تاهەتایە هەلەکەی لە دەست چوو. ئەوە بوو داوای لە خاوەن شکۆ کرد، ڕێی بدات لە ریزی سوپا گشتییەکەدا خزمەت بکات.

بەشی دوازدە
سەرۆك ڕۆستۆف

پێش هێرشە سەربازییەکە، ڕۆستۆف نامەیەکی خێزانەکەی خۆیەوە پێگەیشت. بە کورتییەکەی ئەوەیان پێراگەیاند کە خوشکەکەی نەخۆشە و، مارە برینەکەی لە میر ئاندریە هەڵوەشاندووەتەوە! چونکە نەیویستووە درێژە بە ڕەوشی شوو کردنەی خۆی بدات. جارێکی تریش تکایان لێ کردبوو، کە دەست لە کارەکەی خۆی بکێشێتەوە و، بگەڕێتەوە نێو خێزانەکەی. چونکە زۆریان پێویست پێیەتی.

نیکۆلا ڕۆستۆفیش بێئەوەی هەر بیریش لە دەست لە کارکێشانەوەی خۆی بکاتەوە، بۆ کەس و کارەکەی نووسی، کە نەخۆشیی ناتاشا و، هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیرییەکەی، زۆری دڵتەنگ کردووە. تەقەلایش دەدات کە حەز و ئارەزوو و داواکارییەکەی ئەوان بهێنێتە دی. لە نامەیەکی تایبەتیشدا بۆ سۆنیا، هەڵسوکەوتی خۆی وا بۆ شیکردەوە:

هاوڕێی ڕەوانی و شازادەم.. ئەوە تەنیا بەشەرەفیمە، کە ڕێم نادات بگەڕێمەوە بۆ لات، چونکە بەم نزیکانە هێرشە سەربازیەکەمان دەست پێ دەکەین. پێم وایە گەر لەم کاتەدا من بگەڕێمەوە. شەرەف و غیرەتی خۆم نەک هەر لە لای هاوڕێکانم دەدۆڕێنم! بەڵکو شەرمەزاری ویژدانی خۆیشم دەبم. چونکە گەروا بکەم، ئەوە بەختەوەریی خۆم لە بەجێ هێنانی ئەرکی نیشتمانیی سەرشانم پێ باشتر

دەبێت! ئەوەیش باش بزانە: کە ئەمە دواپین دابڕانمان دەبێت. بڕوام پێ بکە: بە کۆتا بوونی شەڕ، هەموو شتەکانی تر وەلاوە دەنێم و، بەرەو لای تۆ دەفڕم تاکو تاهەتایە لە ئامێزت بگرم و، بە دڵە بە کوڵەکەی خۆمتەوە بنووسێنم.'

لە ڕاستیشدا هەر ئەو هێرشە سەربازییە ڕۆستۆڤی وەستاند و، نەیهێشت بگەڕێتەوە و، هەر وەکو خۆیشی، پەیمانی بە سۆنیا دابوو: مارەی بکات و، پەیمانەکەی بەڕێتە سەر.

پاییزی ئۆترادنوای و، چوونە ڕاوی زستان و، جەژنی سەری ساڵ و، عیشقەکەی بۆ سۆنیا، ئاسۆیەکی نوێیان لە خۆشی و بەختەوەری خستبووە بەردەم و، بە تووندییەکی کەموێنەوە، بەرەو لای خۆیان رایانکێشابوو.

وا کەوتەوە بە خۆی بڵێت،'بەڵێ! ژنێکی نایاب و منالانێک! ڕەوێک تووڵە و سەگ و، دە دوازدە جووت تووڵە و تانجیی تیژڕەو و بە پیت کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانم و، زۆرتر کردنی داهاتەکانی و، سەردانی دراوسێکانی دەوروبەرم و، بوونی جۆرێک لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەم، یارمەتیدەرم دەبێت، بۆ هەڵبژاردن و، خزمایەتی و، هاوسەرگیری و، شتی لەو جۆرە.'

بەڵام شەڕ هەڵگیرسا و، ئەوی ناچار کرد کە لە کەتیبەکەیدا بمێنێتەوە و، بە هۆی بیر و ژیرییە سادەکەیەوە، نەیتوانی بە کەمترین خۆزگەکانی خۆی بگات.

بە گەڕاندنەوەیشی بۆ کەتیبەکەی. هاوڕێیانی بە سۆزێکی زۆرەوە، پێشوازییان لێ کرد. ئەوەبوو دواتر داوای لێکرا، بڕوات بۆ ڕووسیای بچووک. لەو سەریشەوە بە ڕەوە ئەسپێکی ڕەسەنەوە گەڕایەوە. سەرۆکەکانیشی پیرۆزبایی ئەو ئەسپانەیان لێ کرد. هەموو کەتیبەکە مووچەیان بەرزتر کرابووەوە و، ئەویش پلەکەی کرابوو بە سەرکردە. دواتر ئەویش پەیوەندیی بە کەتیبە کۆنەکەیەوە کردەوە.

لە سەرەتای هەڵگیراسانی شەڕەکەدا، ئەو کەتیبەیەیان ڕەوانەی پۆڵۆنیا کرد. چەندین ئەفسەری تر و، پیاوانێکی زۆریان دایە پاڵ کەتیبەکە و، کەتیبەیش چالاکییەکی زۆری بە خۆوە بینی. لەو جۆرە چالاکییانەی، کە سوپا پێش هەر هێرشێکی سەربازی، بەخۆیەوە دەیبینێت.

ڕۆستۆڤیش دوای پلە وەرگرتنەکەی ـ هەرچەند لێیشی ڕوون بوو کە ڕۆژێک دێت: خزمەتی سەربازی جێ بهێڵێت و، دەزانێت درەنگ و زوو کەوتووە ـ هەستی بە تایبەتمەندییەکانی پۆستە نوێیەکەی خۆی دەکرد. کەچی چالاکانە، خۆی بۆ ئەرکە سەربازییەکەی تەرخان کردبوو!

دەبێت! ئەوەیش باش بزانە: کە ئەمە دواپین دابڕانمان دەبێت. بڕوام پێ بکە: بە کۆتا بوونی شەڕ، هەموو شتەکانی تر وەلاوە دەنێم و، بەرەو لای تۆ دەفڕم تاکو تاهەتایە لە ئامێزت بگرم و، بە دڵە بە کوڵەکەی خۆمتەوە بنووسێنم."

لە ڕاستیشدا هەر ئەو هێرشە سەربازییە ڕۆستۆڤی وەستاند و، نەیهێشت بگەڕێتەوە و، هەر وەکو خۆیشی، پەیمانی بە سۆنیا دابوو: مارەی بکات و، پەیمانەکەی بەڕێتە سەر.

پاییزی ئۆترادنوای و، چوونە ڕاوی زستان و، جەژنی سەری ساڵ و، عیشقەکەی بۆ سۆنیا، ئاسۆیەکی نوێیان لە خۆشی و بەختەوەری خستبووە بەردەم و، بە تووندییەکی کەموێنەوە، بەرەو لای خۆیان رایانکێشابوو.

وا کەوتەوە بە خۆی بڵێت،"بەڵێ! ژنێکی نایاب و منالانێک! ڕەوێک تووڵە و سەگ و، دە دوازدە جووت تووڵە و تانجیی تیژڕەو و بە پیت کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانم و، زۆرتر کردنی داهاتەکانی و، سەردانی دراوسێکانی دەوروبەرم و، بوونی جۆرێک لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەم، یارمەتیدەرم دەبێت، بۆ هەڵبژاردن و، خزمایەتی و، هاوسەرگیری و، شتی لەو جۆرە."

بەڵام شەڕ هەڵگیرسا و، ئەوی ناچار کرد کە لە کەتیبەکەیدا بمێنێتەوە و، بە هۆی بیر و ژیرییە سادەکەیەوە، نەیتوانی بە کەمترین خۆزگەکانی خۆی بگات.

بە گەڕاندنەوەیشی بۆ کەتیبەکەی. هاوڕێیانی بە سۆزێکی زۆرەوە، پێشوازییان لێ کرد. ئەوەبوو دواتر داوای لێکرا، بڕوات بۆ ڕووسیای بچووک. لەو سەریشەوە بە ڕەوە ئەسپێکی ڕەسەنەوە گەڕایەوە. سەرۆکەکانیشی پیرۆزبایی ئەو ئەسپانەیان لێ کرد. هەموو کەتیبەکە مووچەیان بەرزتر کرابووەوە و، ئەویش پلەکەی کرابوو بە سەرکردە. دواتر ئەویش پەیوەندیی بە کەتیبە کۆنەکەیەوە کردەوە.

لە سەرەتای هەڵگیراسانی شەڕەکەدا، ئەو کەتیبەیەیان ڕەوانەی پۆڵۆنیا کرد. چەندین ئەفسەری تر و، پیاوانێکی زۆریان دایە پاڵ کەتیبەکە و، کەتیبەیش چالاکییەکی زۆری بە خۆوە بینی. لەو جۆرە چالاکییانەی، کە سوپا پێش هەر هێرشێکی سەربازی، بەخۆیەوە دەیبینێت.

ڕۆستۆڤیش دوای پلە وەرگرتنەکەی ـ هەرچەند لێیشی ڕوون بوو کە ڕۆژێک دێت: خزمەتی سەربازی جێ بهێڵێت و، دەزانێت درەنگ و زوو کەوتووە ـ هەستی بە تایبەتمەندییەکانی پۆستە نوێیەکەی خۆی دەکرد. کەچی چالاکانە، خۆی بۆ ئەرکە سەربازییەکەی تەرخان کردبوو!

دەبێت! ئەوەیش باش بزانە: کە ئەمە دواپین دابڕانمان دەبێت. بڕوام پێ بکە: بە کۆتا بوونی شەڕ، هەموو شتەکانی تر وەلاوە دەنێم و، بەرەو لای تۆ دەفڕم تاکو تاهەتایە لە ئامێزت بگرم و، بە دڵە بە کوڵەکەی خۆمتەوە بنووسێنم."

لە ڕاستیشدا هەر ئەو هێرشە سەربازییە ڕۆستۆقی وەستاند و، نەیهێشت بگەڕێتەوە و، هەر وەکو خۆیشی، پەیمانی بە سۆنیا دابوو: مارەی بکات و، پەیمانەکەی بەڕێتە سەر.

پاییزی ئۆترادنوای و، چوونە ڕاوی زستان و، جەژنی سەری ساڵ و، عیشقەکەی بۆ سۆنیا، ئاسۆیەکی نوێیان لە خۆشی و بەختەوەری خستبووە بەردەم و، بە تووندییەکی کەموێنەوە، بەرەو لای خۆیان رایانکێشابوو.

وا کەوتەوە بە خۆی بڵێت،"بەڵێ! ژنێکی نایاب و منداڵانێک! ڕەوێک تووڵە و سەگ و، دە دوازدە جووت تووڵە و تانجیی تیژڕەو و بە پیت کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکانم و، زۆرتر کردنی داهاتەکانی و، سەردانی دراوسێکانی دەوروبەرم و، بوونی جۆرێک لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەم، یارمەتیدەرم دەبێت، بۆ هەڵبژاردن و، خزمایەتی و، هاوسەرگیری و، شتی لەو جۆرە."

بەڵام شەڕ هەڵگیرسا و، ئەوی ناچار کرد کە لە کەتیبەکەیدا بمێنێتەوە و، بە هۆی بیر و ژیرییە سادەکەیەوە، نەیتوانی بە کەمترین خۆزگەکانی خۆی بگات.

بە گەڕاندنەوەیشی بۆ کەتیبەکەی. هاوڕێیانی بە سۆزێکی زۆرەوە، پێشوازییان لێ کرد. ئەوەبوو دواتر داوای لێکرا، بڕوات بۆ ڕووسیای بچووک. لەو سەریشەوە بە ڕەوە ئەسپێکی ڕەسەنەوە گەڕایەوە. سەرۆکەکانیشی پیرۆزبایی ئەو ئەسپانەیان لێ کرد. هەموو کەتیبەکە مووچەیان بەرزتر کرابووەوە و، ئەویش پلەکەی کرابوو بە سەرکردە. دواتر ئەویش پەیوەندیی بە کەتیبە کۆنەکەیەوە کردەوە.

لە سەرەتای هەڵگیراسانی شەڕەکەدا، ئەو کەتیبەیەیان ڕەوانەی پۆڵۆنیا کرد. چەندین ئەفسەری تر و، پیاوانێکی زۆریان دایە پاڵ کەتیبەکە و، کەتیبەیش چالاکییەکی زۆری بە خۆوە بینی. لەو جۆرە چالاکییانەی، کە سوپا پێش هەر هێرشێکی سەربازی، بەخۆیەوە دەیبینێت.

ڕۆستۆڤیش دوای پلە وەرگرتنەکەی ـ هەرچەند لێیشی ڕوون بوو کە ڕۆژێک دێت: خزمەتی سەربازی جێ بهێڵێت و، دەزانێت درەنگ و زوو کەوتووە ـ هەستی بە تایبەتمەندییەکانی پۆستە نوێیەکەی خۆی دەکرد. کەچی چالاکانە، خۆی بۆ ئەرکە سەربازییەکەی تەرخان کردبوو!

به هۆی چەندین هۆی سیاسی و هونەرییەوە، یەکەکانی ڤیلنا شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کردبوو. هەر هەنگاوێکی پاشەکشە و بەرەو دواوە، لە دەستەی ئەرکانی گشتیدا، مقۆ مقۆی دروست دەکرد. گومانی کۆمەڵێک پیلان و، قسەڵۆکی دەورووژاند.

بەڵام پاشەکشەکەی سوارانی پاقڵۆگراد، لە باشترین وەرزی ساڵدا بوو و، خۆراکی پێویستیان پێ بوو. سەربازان پێی رازی بوون و، بە لایانەوە هەر وەکوو گەشتێکی خۆش بوو.

سەرکردایەتیی گشتی دەیتوانی ژیری و، ویژدانی خۆی لە دەست بدات و، بە ئارەزووی خۆی، پیلانگێڕی و، ناپاکیی بکات. چونکە سوپا نەلێی دەپرسی: بۆ کوێ دەنێردرێت و، نە لەبەرچی پاشەکشە دەکات؟ بۆیە گەر نیگەرانییەکیان بوایە لە پاشەکشەیان، تەنیا لەبەر جێ هێشتنی کچە پۆڵۆنییەکی جوان بوو، یان لەبەر جێ هێشتنی ئەو خانووە بوو، کە پێی ڕاهاتبوون و، تێیدا دەژیان. خۆ ئەگەر یەکێکیشیان وا بیری بکردایەوە، کە ڕەوشەکە بەرەو خراپی دەڕوات. ئەوا کراوە و دەم بە پێکەنین خۆی پیشان دەدا و، بارە گشتییەکەی بیر خۆی دەبردەوە و، تەنیا گوێی بە خزمەت کردنە ڕاستەوخۆکەی خۆی دەدا.

لە سەرەتادا بە دڵی خۆشەوە، باروبنەی سەربازگەی خۆیان لە دەوروبەری ڤیلنا دەخست و، هەر زوو دەبوونە هاوڕێی لادێیە پۆڵۆنیە دەوڵەمەندەکان و، خۆیان بۆ ئەو نمایشانە ساز دەدا کە ئیمپراتۆرو گەورەپیاوانی تر دەچوونە سەیری.

دواتر فەرمان هات بۆ پاشەکشەیان بەرەو سۆینسیانی و لە ناو بردنی ئەو زەخیرە و، پێداویستییانەی، کە ناتوانن بیانگوازنەوە. سوارەکان یادەوەرییەکانی سەربازگەی سۆینسیانییان لە بیر نەدەچووەوە و، ناویان لێنابوو: سەربازگەی مەستان. سوپاکە لە خۆڕا ئەو سەربازگەیەی بەو ناتۆرەیەوە ناوزەد نەکردبوو. دانیشتوانی ئەو ناوچانەیش سکاڵای زۆریان لەو یەکە سەربازییانە هەبوو. لەبەر ئەوەی کە بە فەرمی ڕێیان پێ درابوو، تێکەڵی دانیشتوانی ناوچەکە ببن. ئیدی بۆیان ڕەخسابوو، سەرەڕای بازرگانی کردن بە خۆراکەوە، گالیسکە و، ئەسپ و تەنانەت کەلوپەلی ماڵە دەوڵەمەندە پۆڵۆنییەکانیش هەنارده بکەن. ڕۆستۆڤیش لای خۆیەوە، سۆینسیانی لە بیر دەرنەدەچوو. چونکە هەر بە گەیشتنی بەو شوێنە، ناچار بوو، ڕەقیبی یەکەم ئامادە بکات. بەڵام بە هۆی سەرخۆشیی گرووپەکەیەوە، بۆی نەکرا. چونکە ئەوان پێنج بەرمیل بیرەی کۆنیان دزی بوو و

نەیانهێشت بوو، کەس پێی بزانێت. ئەوەبوو هەر هەموویان سەرخۆش و بەدمەست بوو بوون! دواتر لە سۆینسیانییەوە، بەرەو دریسا، پاشەکشەیان کرد. ئەمجا لەوێیشەوە بەرەو دوورتر. هەمیشەیش بەرەو سنووری رووسیا لە کشانەوەدا بوون.

ڕۆژی سیازدەی تەموز، بۆ یەکەمجار ئەو کەتیبەی پاقڵۆگرادە بۆی ڕێکەوت و، کارێکی ڕاستەقینەی کرد. ئەو هاوینەی ساڵی (١٨١٢)ەو ڕێک شەوی (١٣/١٢)یە: باو بۆڕفتێکی توند بە سەرما و بارانێکی زۆرەوە بوو. دوو گروپی سەربباز لە کێڵگەیەکی شێلمدا هەڵیاندابوو. ئەسپ و ئاژەڵانیان تەواوی شێلم و سەوزەکانیان شێلا بوو. هەرزەکارێک کە نێوی ئیلین بوو، ڕۆستۆفی بردە نێو کوخێکی پچووکەوە. ڕێژنەی بارانە زۆرەکەیش، ئەفسەرێکی تری کەتیبەکەی ناچارکرد، تاکو پەنا بباتە بەر هەمان کوخت.

کە خۆی کرد بە ژووردا وتـــی:

"کۆنتی ڕێزدار: کەمێک پێش ئێستا من لە ئەرکان هاتمە دەرەوە. ئاخۆ تۆ هیچ لە بارەی ڕووداوەکەی ڕابیڤسکییەوە دەزانیت!؟

بە دوور و درێژی، شەڕی ساڵتانۆڤکای بۆ گێڕایەوە. ڕۆستۆڤیش چەندین دڵۆپە باران بە لاملیدا هاتبووە خوارەوە و، پاپێیشی دەکێشا و، بە بیرێکی بڵاوەوە گوێی لە چیرۆکەکەی ئەو گرتبوو. جار و بارێکیش لە ئیلینی هەرزەکاری دانیشتووی نزیک خۆیەوە، دەڕوانی. نیکۆلایش ئەو هەرزەکارە شازدە ساڵانەیەی، کە دەمێک نەبوو گەیشتبووە کەتیبەکە، هەر وەکو دینسۆڤی حەوت ساڵ لەوەوبەری دەهاتەوە بەرچاو.

ئیلینی هەرزەکاریش لای خۆیەوە زۆری تەقەلا دەدا شوین پێی ڕۆستۆف هەڵبگرێتەوە و، بە هێندەی ئافرەتێک خۆشی دەویست.

زدرگینسکییش ئەو ئەفسەرەی جووتە سمێڵە درێژەکەی هەبوو. پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد: کە بایەخی بەربەستی ستانۆڤکا بۆ ڕووسیا، هەر وەکوو بایەخی "تیرمبیل"[١] وایە بۆ یۆنان و، ژەنەرالا ڕابیڤسک داستانێکی تێدا تۆمار کردووە. کە

١ـ ترمبیل یان دەروازە گەرمەکان:ڕاڕەوێکی بەناوبانگی "تیساليا"ی یۆنانە ودەکەوێتە ناوەندی "ڕابیڤسک"ەوە و کاتی خۆی داستانێکی مەزنی تێدا تۆمار کراوە. لوێنیداس بە "٢٠٠" چەکداری سپارتەییەوە بۆسەی نایەوەو وێستی هێرشی لەشکرەکەی کسیرکیس بوەستێنن. چاوەڕوان نەدەکرا شمشێر بە دەستانێکی ئاوا کەم، ئەو دەربەندە بگرن! کەچی سەرکردەی دوو سەد شمشێر بە دەستەکە نامەیەکی بۆ "لوینداس"ی

هاوتـای داستانه پـڕ له شانازییه دێرینەکانه! چونکه خۆی و هـەردوو کوڕەکەی لـه ژێر ڕێژنەی گوللەدا، پێشڕەوییان کرد و، هانی پیاوەکانیان دا بۆ هێرش بردن.

(ڕۆستۆف) به هیچ شێوەیەک پشتگیریی قسەکانی ئەوی نەکردو بگرە خۆی زۆر بـه کەمتەرخـەم دەزانـی کـه بەرهەڵستی قسـەکانی ئـەوی نـەکردووه. چونکـه بـەهۆی ئەزموونی خۆیەوەو ساڵی (١٨٠٧)و له ئۆستەرلیتز دەیزانی کـه هەمیشـه ئـەم جۆرە چیرۆکانـه درۆن. بـه هـیچ شـێوەیەک وەکـو ئـەوەی چاوەڕوانییـان لـێ بکرێـت ڕوو نادەنو وەکو ئەوەیش نین کەدوای ڕووداتی دەبینرێن. هەر بۆیەش خۆی له بیستنی چیرۆکەکـەی زدرگینسـکی و، بینینـی خـۆی دەدزیـەوە. خـۆ ئـەویش ڕەفتـارێکی قێزەونـی هـەبووو سـمێڵە درێژەکـانی بەسـەر گـوێگری خۆیـدا شـۆڕ دەکـردەوە. سەرەڕای ئەوەیش بۆشاییەکی فرەی لەو کوخته بچووکەدا گرتبوو. ڕۆستۆفیش بـێ ئەوەی هیچ بڵێت لێی ڕوانی.

ئەمجا له دڵی خۆیدا وتـی:

یەکەمجار، بێگومـان پشـێوی لـه سـەر ئـەو پـردە کۆنـه بـەرپـا بـووه. تـا ئەگـەر ڕاییڤسکی و دوو کوڕەکەیشی وایان کردبێت، ئەوا ئـەو بزووتنەوەیـه، کاریگـەریی لـه سـەر دە دوازدە کەسێکی دەوروبـەر بـووه و، ئـەوانی تـر بۆیـان نـەلواوە ڕاییڤسـکی ببینن، تاکوو بزانن ئەو لەگەڵ کێ ڕۆیشتووه، بـۆ هێرش بردن! تەنانەت ئەوانەیشی کـه بینـی بوویـان، هێنـدە کـاری لـه نەسـتیان نـەکردبوو، چونکـه ئـەوان بـه هێنـدەی بیرکردنەوە، له دەربـازکردنی پێستیان، له کەوڵکردن لەو شەڕەدا، بـیریان له سـۆزی باوکانـەی ئـەو ژەنەرااڵـه نـەکردبووەوە. سـەرباری هـەموو ئەمانـەیش، ئەگـەر بێت و بـڕوا بـه مێژوونووسـانیش بکـەین، هـەرگیز وەکـوو ئـەوەی تیرموبیـل بـەو پـردەوە نەبەسترا بووەوە. کەوابوو ئەو قوربانیدانەی ئەو چ سوودێکی بووە!؟ دواجار ئەمـه چ بیرۆکەیەکـه دوو کوڕەکـەی پـێش خـۆی، بـدات بـەڕەو هێڵـی سـووری بـەڕەی شـەڕەکە؟ مـن لای خۆمـەوە پێتیـای بـرام پـێش خـۆم نـادەم و، وەکـوو ئـەو ناکـەم. تەنانەت ئیلینی لاویش، کە نە خزممـه و نـەهیچ. بەڵکو هـەرزەکارێکی ئازایـه. بگـرە وا دەکەم کە له مەترسی بپارێزم.

سەرکردەی ئەو لەشکرە مەزنە نووسی بوو: چەکەکانی سوپاکەت دابمـاڵە! سـەرکردەیش خـۆی دا بـوو بە دەستەوە و بە نامەیەک وەڵامی دابووەوە: فەرموو بێن و چەکمان بکەن! بەڵام "ئیقالیت" ناوێکی ناپاک لە نێو خۆیـانەوە، خـۆی گەیانـدبووە سـوپای دوژمـن و ئەوانـی هێنـابووە سـەر هاوڕێکـانی خـۆی! کە لیونداسـی سـەردەیش بەم کەین و بەینەی زانی و تێگەیشت دەربـاز بوونیان نییە، هاوڕێکانی لەسـەر میزێکی پۆخڵ کۆکردەوە و پێی وتن: نانی ئەم نیوەڕۆیەمان لە سەر خوای "بلووتوون"ی خواوەندی مردووان دەبێت!

ڕۆستۆف نەیدەویست بیرورای خۆی دەربېڕێت. ئەم چیرۆکەیش هەر بۆ پیرۆز ڕاگرتنی سوپاکەمان بوو. لای خۆیەوە بەمەی زانی بوو، کە بۆ دەبێت وای پیشان بدەین، کە بڕوامان بەو چیرۆکە هەبێت!؟

ئیلینیش ئاگای لە بێزارییەکەی ڕۆستۆف بوو و وتی،"ناتوانین لەمە زیاتر دان بە خۆماندا بگرین. گۆرەوی و کراس و بەرگەکانی بەرم تەڕن. ئیدی بۆ پەناگایەکی تر دەگەڕێم. پێموایە بارانەکە خوڕییەکەی نەماوە."

ئیدی چووە دەرەوە و، زدرگینسکییش ڕێی خۆی گرتەبەر.

دوای پێنج چرکەیەک ئیلین بە ڕاکردن بە ناو قوڕ و لیتەکەدا گەڕایەوە و هاواری دەکرد،"هـۆرا!!! ڕۆستۆف، خێراکە وەرە! دۆزیمەوە."

بـە (٢٠٠) هـەنگاوێک دوور لێـرەوە، خانووبەرەیـەک هەیـە و، ئێسـتا هـەڤاڵان و مـاری هینریخۆڤنـایش لـەوێن. بەلایـەنی کەمـەوە دەتـوانین جلوبەرگـەکانی خۆمـان وشک بکەینەوە.

مـاری هنریخۆڤنـا، کچـە ئەڵمانییـەکی جوانکیلـە بـوو و، پزیشـکی ئـەو گروپـە سەربازییە، لە پۆلۆنیا، مارەی کردبوو. ئیدی ئەو مێردە پزیشکەی بۆ هـەر شـوێنێک، لەگەڵ گروپەکەیدا بگوازرایەتەوە، ئەوا ژنەکەیشی لەگەڵ خۆی دەبرد. جا ئیتر لەبـەر هۆکاری ئابووری، یان تازە زاوایـیەکەی خۆی بوو بێت. دڵپیسـییەکەی ئـەم میجـۆری تازە زاوایەیش، ببووە هەوێنی سوعبەتی سەربازە سوارەکان.

ڕۆستۆف خۆی بـە پاڵتۆکەی داپۆشـی و، بـانگی کردە لاڤرۆشکا، تـاکوو شـوێنی بکەوێت و، هەندێک نوێنیش لەگەڵ خـۆی بهێنێت. خۆیشـی لەگەڵ ئیلین ڕۆیشت و، لە قوڕ و لیتەکەدا چەقی و، لە ناکاو کەوتە گۆماوێکەوە و، بـاران بەسـەریدا دایکرد. ئیـدی بـۆ شـەوێدا بارانەکـە خۆشـی کـردەوە و، جـارو بارێـک ئـەو شـەوە ئەنگووستەچاوە بە هەورە بروسکە روناک دەبووەوە.

ئەمانیش بەم شێوەیە کەوتنە یەکتر دواندن:

ڕۆستۆف ئەوە تۆ لە کوێی؟

ئـەویش وەڵامی دایەوە:

لێرەوەم! ئەی ئەو هەورە بروسکەیە نابینیت؟

بەشی سیازدە
لە ماڵــەوە

چـوار پێـنج ئەفسـەر لـەو ماڵـەدا دانیشـتبوون و، گالیسـکەکەی پزیشـکیش لەبـەر دەرگاکـەدا وەسـتابوو. "هینریخوڤنـا"ی کچـە ئـەڵمانیی ڕەشـتاڵەی کـەمێک قەڵـەو بـە بـەرگی شـــەو و بەرکۆشـــەکەی بەرۆکییـــەوە، لەســـەر کورســـیی ســـەرەکی مێزەکـــە دانیشت بوو و، مێردەکەیشی لە پشتییەوە نوستبوو. لـەکاتی هاتنـە ژوورەوەی ئیلین و ڕۆستۆڤدا پێشوازیی لێ کردن و، دەنگە دەنگێکی خۆشیش دەهات.

ڕۆستۆڤ بە پێکەنینەوە وتـــی:

"ئـاە! بێزاریتان پێوە دیـار نییە!"

ئـەویش پرسیی:

"ئـەی پێش ئێستا بۆ نەهاتیت؟"

ڕۆستۆڤیش وتـــی:

"ئای.. هەردوکتان چەند تەڕن!! دەڵێی پلووسکی ئاوەڕۆن. لایەنیکەم هۆڵەکەمان مەکەن بە ئاو! هەر هیچ نەبێت، جلوبەرگەکەی ماری هنریخوڤنا تەڕ مەکەن."

ڕۆستۆڤ و ئیلین، بۆ سوچێک دەگەڕان، تاکو خـۆیانی تێدا بگۆڕن و، خاتوونەکـە ئاگـای لێیـان نـەبێت و، هەسـتی بریـندار نەکـەن. ڕاسـت بـوو لـەودیو دیوارەکـەوە نـەدیوی بـوو. بـەڵام هـەر سـێ ئەفسـەرەکە لەوێـدا و لەبـەر ڕووناکی مـۆمێکی سـەر

سندوقێک یاری کاغەزێنیان دەکرد. بۆیە ڕێیان نەدان و، دەستبەرداری ئەو نەدیوییە نەبوون. تا ئەوەبوو دواجار بەختیان یاربوو و "ماری هنریخۆڤنا" ڕێی پێدان یەکێک لە کراسەکانی بکەن بە پەردە و لەودیویەوە و، بە یارمەتیی "لاڤرۆشکان خۆیان بگۆڕن. لاڤرۆشکایش، زووتر جلوبەرگی وشکی بۆ ئامادە کرد بوون. ئەمجا ئاگرێکیان لە کوانووە نیمچە ڕووخاوی ژوورەکەدا کردەوە و، پارچە تەختەیەکیان خستە سەری. هەردوو زینی ئەسپەکانیان بە لباد داپۆشی و، شوشەیەک گوڵاویان هێنا و، سەماوەرێکی پچووک. لە ماری هنریخوڤنا کۆبوونەوە و، تکایان لێ کرد کە وەکوو کابانی مااڵ بێت، لەگەڵیان.

یەکێکیان دەسڕێکی پاکی دایە، تاکو دەستە پچوکە ناسکەکانی، پێ بسڕێت و، یەکێکی دی، چاکەتە سەربازییەکەی دا بەسەر ڕانەکانیدا، تاکوو لە سەرما و شێ بیانپارێزێت. یەکێکی دی پاڵتۆکەی بە پەنجەرەکەدا هەڵواسی، تاکو بۆنەکەی ناڕەحەتیان نەکات. یەکێکی تریان، مێشی لە مێردە نووستووەکەی دەر دەکرد، تاکو خەبەری نەبێتەوە.

ماری هنریخۆڤنا بە بزەیەکی جوانەوە وتی،"بێدەنگ بن و، جێی بهێڵن. بڕوانن چەندە خەوەکەی خۆشە!"

ئەفسەرەکەیش وەڵامی دایەوە،"بەڵام.. نەء خاتوو ماری! پێویستە بایەخ بە پزیشکە ڕێزدارەکەم بدەم. ڕەنگە ئەویش دواتر لە برینەوەی دەستێکم! یان لاقێکمدا، بەزەیی پێمدا بێتەوە."

لە ژوورەکەدا تەنیا سێ پەرداخ هەبوو، لەبەر لیخنیی ئاوی چایەکە، نەدەتوانرا بزانرێت کە چایەکەی نێویان خەستە یان ڕوون! سەماوەرەکەیش، هەر شەش پەرداخێک ئاوی دەگرت.

دانیشتنەکەیان خۆش بوو. ماری هنریخۆڤنایش، بە دەست و نینۆکە کوڵەکانییەوە، بە نۆرە چای بۆ تێ دەکردن. بێگومان ئەفسەرەکانیش عاشقی ئەو ژنە جوانە بوون. ئەوانەیشی یاریی کاغەزێنیان دەکرد. کاغەزەکانیان فڕێدا و، لە دەوری سەماوەرەکە کۆ بوونەوە، بە مەبەستی بە لاولوو هاتنی ئەو ژنە جوانەدا.

هەرچەند بە هەر جوڵەیەکی ماریش، مێردە نووستووەکەی ڕادەچڵەکی. بەڵام کە ئەو هەموو هەرزەکارەی، بە دەوری خۆیەوە دەبینی، دڵخۆشییەکەی خۆی بۆ نەدەشاردرایەوە و، هەمیشە دەم بە خەندە بوو.

شەکرەکە زۆر بوو. بەڵام لە بەر ئەوەی، تەنیا یەک کەوچکە چایان هەبوو.

ناچار ماری بە سەریانەوە دەگەڕا و، پەرداخە چایەکەی بۆ دەشێواندن. هەر کە ڕۆستۆف پەرداخەکەی خۆی دەستکەوت. بە هێندە رازی بوو، کە کەمێک گوڵاوی تێ بکات. ئەمجا دەست و پەرداخەکەی بۆ ماری هنریخۆفنا درێژ کرد، تاکو بۆ ئەوێشی تێک وەردات. بێئەوەی ماری بزەکەی لابەرێت و، وەکو ئەوەی کە قسەکانی ئەوان بۆ رابواردن بێت و، واتای ژێرەوەیان هەبێت، وتی،"بەڵام ئەی خۆت شەکرت لە لا نییە؟"

ئەمیش لە وەڵامیدا وتی،"گوێ بە هەبوونی شەکر نادەم! ئەوەی من دەمەوێت، ئەوەیە چایەکەی منیش: بەو دەست و پەنجە زۆر جوانانەت، بشێوێنیت!"

ماری هنریخۆفنایش بە قسەی کرد و، کەوتە گەڕان بە دوای ئەو کەوچکە چایە تاقانەیەی، کە لای ئەوانی تر بوو.

ڕۆستۆف وتی:

"ماری گیان! بە پەنجەکانی خۆیشت، چایەکەم بۆ بشێوێنیت، باشترە."

ماری لە تەریقیدا سوور هەڵگەڕا و وتی:

"ئای چایەکەت، چەندە گەرمە!!"

ئیلیا قاپی ئاوەکەی هێنا و، چەند دڵۆپێک گوڵاوی تێکرد و، لە ماری نزیک بووەوە وتی،"ئەمەیش پەرداخە چایەکەی منە و، تۆ پەنجەی تێ بخە، تا بینی پێوە بنێم و چۆڕبڕی بکەم."

سەماوەری چا چۆڵ بوو و، ڕۆستۆف کاغەزەکانی هەڵگرت و، پێشنیاری یاریی "پاشا"ی کرد، لەگەڵ ماری هنریخۆفنا. ئەمجا لێی پرسین کە ئاخۆ کێ پشتگیریی دەکات؟ پێشنیاریشی کرد کە ئەو کەسەی دەبێتە پاشای یارییەکە: با دەستی ماری هنریخۆفنا ماچ بکات. خزمەتکاری یارییەکەیش لە سەرێتی، کە سەماوەرێکی تر ئاو بۆ مێردە نووستووەکەی ماری، گەرم بکات.

ئیلین پرسیی:

"ئەی ئەگەر ماری هنریخۆفنا خۆی بوو بە پاشای یارییەکە، چی دەبێت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"ئەو ئێستا بۆ خۆی پاشایە و، فەرمانەکانی یاسایە."

هێشتا دەست بە یارییەکە نەکرابوو، کە سەرە قژ هەڵواوییەکەی پزیشک، بڵند بووەوە. چونکە ئەویش ماوەیەک بوو، بە ئاگا هاتبووەوە و، گوێی لە قسە خۆشەکانیان گرتبوو. ژنەکەی ئەوی بە ڕوو تاڵ و نیان و، سایە گران هاتە بەرچاو.

بێ ئەوەی مێردەکەی چاک و چۆنییان لەگەڵ بکات. بە دەم سەر خوراندنەوە داوای لێ کردن رێی بۆ کراوە بکەن، تاکوو بڕواتە دەرەوە. هەر کە چووە دەریشەوە، بە دوایدا دەستیان کردە پێکەنین.

ماری هنرێخۆڤنا وا سوور هەڵگەڕا، لەوە دەچوو کە بگری. ئەوەی بەلای هەموانەوە زیاتر سەرنجڕاکێش بوو، ئەوە بوو، کە دوای هاتنەوە ژووڕەوەی مێجۆر، فەرمانێکی زاڵمانە بدات بەسەر ژنەکەیدا.

بەڵام ئەو دوای هاتنەوە ژووڕەوەی، ئەوەی روون کردەوە، کە بارانەکە خۆشی کردووەتەوە و، پێویستە بڕواتە نێو گالیسکەکانەوە و، لەوێ بنوێت. چونکە ئەگەر وا نەکات، ئەوا شتومەکەکانیان دەدزرێت.

ڕۆستۆف وتی:

"دکتۆر.. بێخەم بە! هەر ئێستا یەک دوانێک دەنێرم، بۆ پاسەوانی کردنی گالیسکەکە. یان چەند کەسێک ئەگەر تۆ پێت باش بێت."

ئیلینیش وتی،"خۆم پاسەوانیی گالیسکەکە دەکەم."

پزیشکی بۆڵە بۆڵکەر، لای ژنەکەیەوە دانیشت و، چاوەڕوانی تەواو بوونی گەیمی یارییەکە بوو.

بە روویەکی تاڵیشەوە وتی:

"هەر وەکوو خۆتان بینیتان، ئێوە خەونکی قوولّی خۆشتان کرد. بەڵام ئەوە دوو شەوە، من نەنووستووم."

روخسارە شڵەژاوەکەی پزیشک، لە بەرامبەر ژنەکەیدا، وای کرد هەندێکیان خۆیان پێ نەگیرێت و، دایانە قاقای پێکەنین و، دواتر لە بیانوویەک دەگەڕان، بۆ پێکەنینەکەیان.

کاتێک ئەو ژن و مێردەیش، شوێنەکەیان جێ هێشت. ئەفسەرەکانیش پاڵتۆ تەڕەکانیان لە خۆوە پێچا و، لاڵ و پاڵ ،لێی کەوتن و، ماوەیەکی باش لێی نووستن. بیریشیان هەر بە لای ڕووە پەشۆکاوەکەی پزیشک و نیانیی و، ڕووە خۆشەکەی ماریەوە بوو. یان لێیان دەچووە بەر دەرگا و، دەگەڕانەوە ژووڕەوە و، باسی نێو گالیسکەکەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. چەندین جار ڕۆستۆف پاڵتۆکەی بەرەو لای سەری خۆی راکێشا و، ویستی بخەوێت. بەڵام خۆی بۆ نەدەگیرا و، تێکەڵی گفتوگۆ و پێکەنینە، خۆشە منداڵانەکانی، ئەوانی تر بوو.

بەشی چواردە
یەکەم پێکداهەڵپژان

دەوروبەری سێی بەرەبەیان بوو. ئەو شەوە کەس نەنووستبوو، کە رەقیب هات و فەرمانی بەرەو ئۆستەرڤنیای پێ بوو. ئەفسەرانیش بە دەم فرەبێژییەوە کەلوپەلەکانی خۆیان، ئامادە کردبوو.

سەر لە نوێ سەماوەرە بە ئاوە لیخنە پڕەکەیان، هەڵگیرساندەوە. بەڵام ڕۆستۆڤ چاوەڕێی کوڵاندنی چایەکەی نەکرد و، خۆی گەیاندەوە گروپەکەی خۆی.

بەرەبەیان هات و، ناو ناوە باران دایدەکرد و، گەواڵە هەورەکان بڵاوەیان دەکرد. سەرماکەیش بە نێو جلە تەڕەکانیاندا، بەرەو جەستەیان، دزەی دەکرد.

دوای چوونە دەرەوەیان ڕۆستۆڤ و ئیلینیش، لە بەر روونـاکیی ئەو بەرەبەیانە، سەرنجی گالیسکە بە چەرم داپۆشراوەکەیان دەدا. کە بە هۆی تەڕ بوونییەوە، بریسکەی دەدایەوە. دوو لاقە درێژەکەی پزیشکیش، لە ژێر پاڵتۆ چەرمینەکەیدا، دەرکەوتبوو و، لە پێشەوەی گالیسکەکەوە، لێی دانیشتبوو. کلێتەی ژنە منداڵەکەیشی، لە نێو گالیسکەکەدا کەوتبوو. پرخە پرخی هەندێکی تریشیان دەبیستراڕۆستۆڤ بە ئیلینی وت:

"بە راستی ئەو ژنە زۆر نیانە!"

ئیلینیش بە بیری شازدە ساڵانەکەی خۆیەوە، وەڵامی دایەوە:

"قەشەنگ و جوانیشە!"

هەر دوای نیو سەعاتێک، گروپە سەربازەکە، لە سەر ڕێگا ڕیز بوون.

ئەمجا هۆشیاری بە سوارەکان درا:

"بەرەو زینی ئەسپەکان بڕۆن!"

سوارەکانیش وێنەی خاچیان، لە سەر سینەی خۆیان کێشا و، خۆیان هەڵدایە سەر پشتی ئەسپەکانیان.

ڕۆستۆف جێی خۆی لە پێشی ڕیزەکەدا گرت و، هاواری کرد:

"بەرەو پێشەوە بڕۆن."

ئیدی ریزە سەربازەکان، کەوتنە لەرە و نێوان تەقەی شمشێر و، خرمەی پێی نێو قوڕ و چڵپاو و، ڕێگای پڕمە و هەناسەی ئەسپەکان و، گفتوگۆی بە چرپەی سەربازە سوارەکانەوە.

چوار چوار و، بە نێوان دوو ریزە درەختی سیندەرەکەدا دەڕۆیشتن. لە ناوەراستی ئەو سوپایەدا، یەکەیەکی سەربازیی پیادە و، یەکەیەکی تۆپخانە دەڕۆیشتن. پەڵە هەورەکانیش، ڕەنگێکی وەنەوشەیی تۆخیان هەبوو و، بە هۆی ڕەشەباکەوە، پەرش‌و بڵاو بوون.

تا دەهات دنیا روونتر دەبووەوە. گڕ و گیای باخوارد و و شکاوە، بە هۆی قورس بوونیانەوە، بە دڵۆپە ئاوی بارانەکەوە، دادەوەرین. تا دەهات، سەربازەکانیش ڕوونتر ڕوخساری یەکتریان دەبینی و، باشتر یەکتریان دەناسییەوە.

ئیلینیایش بە دوای ڕۆستۆفەوە بوو و، لێی دوور نەدەکەوتەوە و، لە نێوان دوو ریزە دار سەندە روسەکانی ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگاکەدا، بە لا نشێوی ڕێیەکەدا دەڕۆیشت. بەم دواییانە ڕۆستۆف ئەسپێکی مارۆنیی لە "دون"ەوە، بۆ هاتبوو و، خۆیشی سوارچاکێکی لێهاتوو بوو. دوور لە ڕێ و ڕەسمی سەربازیانە و، وەکوو دێ نشینە قەوقازییەکان، سواری دەبوو. ئەسپەکەیشی تۆکمەیەکی قەڵەو بوو و، لە غاردا ڕێی نەدەدا ئەسپەکانی تر پێشی بکەون.

ڕۆستۆفیش چێژێکی زۆری لە سوار بوونی وەردەگرت. بە جۆرێک، کە بەیانیان بیری هەربەلای ئەو ئەسپە و، ژنە پزیشکەکەوە بوو. کەچی بۆ جارێکیش بیری لەو مەترسیانە نەدەکردەوە، کە بەم نزیکانە بە هۆی شەڕەوە، ڕوو بە ڕووی دەبێتەوە!

جاران ڕۆستۆف بەر لە ڕوودانی شەڕ و پێکدادانەکان، هەستی بە مەترسی یەکانی دەکرد. ئەوەتا ئێستا هەست بەو مەترسیانە ناکات. ئەمەیش لەبەر ئەوە نەبوو، کە لەگەڵ بار و دۆخی شەڕدا ڕاهاتبوو. چونکە مرۆڤ هەرگیز ترسی بۆ دەستەمۆ نابێت!

هۆیەکەیشی ئەوە بوو، کە دەیتوانی بە سەر خۆیدا زاڵ بێت و، خـۆی ڕکێف بکات. لـەو بـارانەدا ڕاهـاتبوو، کـە هـەر هـەموو بیرۆکـەکان: بوروژێنێت، تـەنیا بیرۆکـەی نزیکبوونەوەی ئەو مەترسییانە نەبێت، کە بـە هـۆی شـەڕەوە، بـەرەنگاری دەبـووەوە. لەگەڵ ئەو ماندوو بوونـەی ڕۆژانـی ڕابردوو و، لـە قەڵەمدانی خـۆی بـە ترسنۆک. بەڵام بە تێپەڕینی ساڵ ئەو خۆ بە ترسنۆک زانینەی کاڵ بووەوە.

لەگەڵ ئیلین و بە نێوانی دوو ڕیزە دار سـەندە ڕووسـەکاندا دەڕۆیشت. ئـەو لقـە دارانـەی، دەسـتی پێیانـدا بگەیشـتایە، یـان بـەر ژێـر سـکی ئەسـپەکەی بکەوتنایـە گەڵاکـەی لێ دەکردەوە. سـەیری دوای خـۆی نـەدەکرد و، ئـارام بـوو و، دەتـوت بـۆ سەیران دەچێت!

بەڵام لە ڕوخساری ئیلینی دەڕوانی و، کە دەیبینی خەریکی قسە کردنـی خۆیـەتی، خـەمی بـۆی دەخـوارد و، ئـازاری دەدا. بـە ئـەزموونی خۆیـدا، دەیزانـی کـە ئـەو چاوەڕوان کردنەی، چەندە ئازاری ئـەو هـەرزەکارە دەدات و، دەیخاتـە دڵەڕاوکێوە!؟ هەروەک چۆن دەشیزانی: کە تەنیا زەمانە دەتوانێت چارەسەری بکات.

هەر کە خۆر لە نێو پەڵـە هەورەکانـەوە دەرکـەوت، وەکـوو ئـەوەی بایەکـە، ڕوو زەردی ئەو ڕۆژە خۆشە بێت، بەوەی کـە بـە دوای شـەوێکی بـاو بارانـاویدا هـاتووە، ئـارام بـووەوە. خـۆر لـە ئاسـۆوە هـەڵهات و، هـەر زوو کەوتـە ئەودیـو کۆمەڵـە هـەورێک و، بـەری گیـرا. بـەڵام هـەر دوای کـەمێک، دیسـان دەرکەوتـەوە و، ئەمجارەیان بـە تینتر و، ورشـەدارتر بـوو و، درێ بـە پەڵـە هـەورەکان دەدا. هـەموو ئـەو نـاوەی ڕوونـاک کـردەوە و، شـتەکان لـە ژێـر تیشـکەکانیدا، دەدرەوشـانەوە. لەولایشـەوە، گرمـەی تـۆپی تۆپخانـەیەکیش، وەکـوو وەڵام بـوو، بـۆ ئـەو ڕۆژە درەوشاوەیە. ڕۆستۆفیش گەیشتبووە ڤیتیفسک و، هەرچەندی کرد نـەیتوانی بزانێت شوێنی ئەو تۆپخانەی تۆپەکانی هاویشتووە: لە کوێیە و چەندە دوورە؟

سوارەیەکی یاریدەدەری سەربازیی، سـەر بـە ڤۆسـتەر، بـە غـار لای تۆلسـتۆیەوە هات و، فەرمانی بۆ هێنان، کە بە شێوەی خۆ شاردنەوە، بە ڕێدا بڕۆن. گروپەکەیش یەکەکانی پیادە و تۆپخانـەی تێپەڕاند و، بـە لاپاڵێکدا شـۆڕ بـووەوە. ڕوخسـارەکان سوور هەڵگەڕابوون و، ئەسپەکان ئـارەقەیان دەردابوو.

سەرکردەی گروپەکە فەرماتیدا:

"بوەستن.. خۆتان ڕێک بخەنـەوە.. نیـوە بازنەیـەک پێک بێنن.. بـەرەو پێشـەوە بـە ئاسایی بـڕۆن."

سوارەکان لە پێشەوەی باڵی چەپی یەکەکانەوە و، بە بەردەم نیشان شکێنانەوە دەڕۆیشتن. لای راستیشەوە، یەکەیەکی تێکەڵی پیادەی یەدەکیش هەبوو. بە سەر بەرزاییەکانیشەوە، تۆپخانەکانمان وەکو راستە هێڵێک، بەدەم ئاسۆوە لەو هەوا پاک و بەرەبەیانە پرشنگدارەدا، دەردەکەوتن. لە بەردەمیشماندا و، لە پێدەشتەکەدا، سوپای دوژمن و، یەکەکانی دەبینران.

یەکەکانی بەراییمان، بەرەنگاریان بوونەوە و، کەوتنە دەستڕێژ کردن لە یەک. ڕۆستۆف دەمێک بوو، گوێی لە ویزەی گوللە نەبوو بوو، بۆیە زۆر پێی خۆشحاڵ بوو و، وەکو پێشەکیی پارچە موزیک، دەهاتە گوێی."تراب ـ تا ـ تا ـ تاب"!

دمێک فیشەکەکان بە تاک دەتەقین و، دەمێکیش ریز دەکرا و، بە دوایدا دنیا کپ دەبووەوە. ئەمجا وەکوو ئەوەی، پێ نرابێت بە "مین"دا، دەنگی تەقینەوە دەبیسترا. بۆ ماوەی کاژێرێک سوارەکان لە شوێنی خۆیان مانەوە. تۆپ باران دەستی پێکردەوە.

کۆنت ئۆسترمان و یاوەرانی، کە بە دوای گروپە سەربازەکەیانەوە بوون. وەستا و، بڕێک قسەی لەگەڵ سەرۆک کرد. ئەمجا لەو دوور کەوتەوە و، بەرەو تۆپخانەکە چوو. دوای کەمێک و، بە دەنگی بڵند، فەرماندار فەرمانی بە تیرهاوێژان دا کە ئامادەبن و بەرەو پێشەوە بڕۆن. یەکەکانی پیادەیش، یەک هاتنەوە و، ڕێیان بۆ سەربازانی سواره کردەوە، تا پێیدا بڕۆن.. جڵەویان بۆ ئەسپەکانیان شل کرد، تاکوو بەرەو ئەو لاپاڵی گردە بڕۆن، کە سەربازە فەڕەنسییەکان، بە لای چەپیەوە دەبینران و نووکی رمەکانیان دەبریسکایەوە. هەر تیرهاوێژان گەیشتنە لاپاڵەکە فەرمانی سەرکەوتنیان بۆ بەرزاییەکە پێ درا، تاکو ببنە پاڵپشتی یەکەی تۆپخانەکەیان. ئەمان فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکرد. ویزەی گوللەیەکی زۆریان بیست. ئەمجارەیان لە ویزەی گوللەکانی جاری پێشوو پتر هەستی ڕۆستۆفی بزواند. لە سەر زینی ئەسپەکەی راست بووەوە و، کەوتە سەرنجدانی گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانەکە. چونکە لە سەرەتای بەرزاییەکەوە بە باشی دەبینرا.

لە هێرشەکەدا هەست و نەستی لەگەڵ جەنگاوەرانی خۆیاندا بوو و، ئیدی سوارەکان بە لای چەپ و، شوێنی فەڕەنسییەکاندا شۆڕ بوونەوە. لە نێو هێرشبەراندا، بەرگ پرتەقاڵی و، ئەسپ خۆڵەمێشی هەبوون و، کەوتبوونە پشتیانەوە. سەربازە فەڕەنسییەکانیش، بەرگەکانیان شین و، ئەسپەکانیان خۆڵەمێشی بوو و، بە چڕی دەبینران.

بەشی پازدە
هێرشی هێزی سواڕە

ڕۆستۆف لە پێشەوەی ئەو کەسانە بوو، کە بە وردی سوارە بەرگ شینە فەڕەنسییەکانی بینی، کە چۆناو چۆن، تیرهاوێژەکانی ئێمەیان ڕاو دەنا. تا دەهات ڕاونەر و ڕاونراو لێک نزیکتر دەبوونەوە. ئەو پیاوانەی کە لە بەرزاییەکەوە پچووک دەیاننوان، شان و قۆڵا و دەستی بە شمشێریان دەکوتا و بەرگرییان دەکرد.

ڕۆستۆف وەکو سەیری تووڵە و تانجیی ڕاو، لەو پێکداپژانەیشی دەڕوانی. بەو گۆترەیەی کە خۆی بۆ ئەو باری شەڕەی دانا بوو، گەر خۆی بۆیان دابەزێتە گۆڕەپانی شەڕەکەوە، ئەوا فەڕەنسیان خۆیان بۆ ناگیرێت و، دەبەزن!

بەڵام دەبێت کاری خێرا بکەین و، هەر ئێستا. ئەگەرنا هەڵەکە بە فیڕۆ دەڕوات. چاوی گێڕا و، سەرکردەی گروپەکەی لە نزیک خۆیەوە بینی و ئەویش لە شەڕەکەی دەڕوانی.

سەرکردەکە بە ئەمی وت:

"ئاندریە سیڤاسیتیانیتش، دەتوانین ئێمە پاشەکشە بە ئەوان بکەین."

ئەویش وتی:

"ئا.. ئەرێ.. ڕاست دەکەیت! لێدانەکانمان لەوان، زۆر جوان دەبێت!"

بیئەوەی چاوەڕێی وەڵام بێت، دای لە ئاوزەنگی ئەسپەکەی و، چووە بەردەم گروپەکە و فریا نەکەوت فەرمانیان پێ بدا. چونکە ئەوانیش هەمان هەستی ئەویان

هەبوو. شوێنی کەوتن. ئەو رەفتارەی راوچییانە بوو و، بیری لە ئەنجامەکەی هەر نەکردەوە! سوارە فەڕەنسیەکانی دەبینی، لە دەوروبەرەکەدا بڵاوەیان لێ کردبوو و، دەهاتن و دەچوون. بڕوای وابوو: ئەوان خۆیان لە بەردەم ئەماندا، بۆ ناگیرێت. جارێکی تر، ئەم هەلەیان بۆ رێک ناکەوێتەوە! ویزەی گوللەکان ڕۆستۆفی هەژاند و، ئەسپەکەیشی، جێی بە خۆی نەدەگرت و، ئارەزووی غاری دەکرد. بۆیە جڵەوی بۆ ئەسپەکەی شل کرد و، قیژاندی و، فەرمانیدا.

کە گروپەکەی دواوەی خۆی، ئەمەیان بیست: لەرینەوە. بە خێرایی بە لای دوژمنەکەیاندا لار بوونەوە و، گەیشتنە لاپاڵی گردەکە. ئەسپەکانیش بە نزیک بوونەوەیان لە تیرهاوێژان و، سوارانی فەڕەنسی، غارەکانیان خێراتر کرد.

فەڕەنسیەکان زۆر نزیک بوون و، هەرکە ئەو سوارانەیان بینی، کە هەڵیانکوتاوەتە سەریان. لە پشتەوە پێکداهاتن و، ئەوانەی ناوەند و کۆتاییش، لە جێی خۆیان نەجوڵان و، وەکو ئەوەی ڕێ لە گورگان بگرن.

ڕۆستۆفیش لە نێو دوژمناندا، جڵەوی بۆ ئەسپە "دوونی"ی خۆی شل کرد. ڕمێک دەوەستا و، ڕمێک بەرەو ڕوخساری دەکشا. ئەسپەکەی خۆی ون کرد و، ئەسپێک کە سوارەکەی گلابوو، لەولاوە هات و خۆی بە سوارەکانیدا دەکێشا.

سوارە فەڕەنسییەکانیش بەرەو دواوە دەبوونەوە. ڕۆستۆفیش لە نێو ئەو ئەسپە بێ سوارانەدا، ئەسپێکی خۆڵەمێشیی لێ هەڵبژاردن و، سواری بوو و، کەوتە غار پێ کردنی. کۆمەڵە نەمامێکی کورت، هاتە بەردەمی ئەسپەکەی و، ئەمیش ئەسپەکەی تاو دا و، قەڵەمبازێکی بە سەریدا دا. سوارەیەکی بینی کە بە باشی خۆی بە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە بۆ نەدەگیرا. کاتێکی زانی زۆر لە دوژمنەکەیەوە نزیکە! بە بەرگەکەیدا بۆی دەرکەوت، کە ئەو سوارە دوژمنە و، پلەکەی ئەفسەرە. بۆیە خۆی بە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە، درێژ کرد و، بە لای پانی شمشێرەکەی ددانەیەکی لە ژێر سکی ئەسپەکەی دەدا. لە چاو تروکاندنێکدا، ڕۆستۆف گرتییەوە و، ئەسپەکەی ژێر خۆی، سنگی خستە سەر سمت و کەڵەفتی: ئەسپی ژێر ئەو ئەفسەرە. ڕۆستۆف بێئاگایانە شمشێری لە فەڕەنسیەکە بڵند کردەوە و، پێیدا کێشا. هەژاندنەکەی خۆی خواردەوە و، ئەفسەرەکەیش بە هۆی پێکرانی ئەسپەکەی ڕۆستۆف، بە سمت و کەڵەفتی ئەسپەکەیدا، لەتری دا و، کەوتە خوارەوە و، ئانیشکی کەمێک بریندار بوو بوو.

ڕۆستۆفیش جڵەوی ئەسپی فەڕەنسیەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە و، کەوتە

سەرنجدانی دوژمنەکەی، تا بزانێت لە چ کەسێکی داوە!؟ ئەویش قاچێکی لە ئاوزەنگیی ئەسپەکەی خۆی گیرابوو و، شانێکی کەوتبووە ژێر خۆی و، بە ڕوویەکی گرژو دڵەڕاوکێوە، سەیری بەرەو بان و ئەفسەرە ڕووسییەکەی بە ترسەوە دەکرد و، لە چاوەڕوانیی ئەوەدابوو، کە بەر شمشێر بدرێت!

لاوێکی قژ خورمایی، چاو شینی، ڕەنگ زەردی قوڕاوی و، کڵاوەکەی تا سەر گوێ و، لاجانگەکانی هاتبوو. هەر لە ئەندامی خێزانێکی نیان دەچوو. نەک ڕەخساوێک، بۆ گۆڕەپانی جەنگ.

ڕۆستۆڤیش لەو ساتەدا، لە خۆی پرسی،'ئاخۆ لەم هەڵوێستەیدا، کە گوێی لێیە، وا ئەو ئەفسەرە هاوار دەکات: خۆم بە دەستەوە دەدەم و، چاویشی لێ ناتروکێنێت، چی بکات باشە!؟

بە دەم ڕوانینەکەیەوە بەرەو بان، سەرقاڵی دەرهێنانی قاچیشی بوو، لە ئاوزەنگییەکە. ئەمجا چەند سەربازێک بە هانایەوە چوون و، سەریان خستەوە سەر پشتی ئەسپەکەی خۆی. سوارەکان لە چەندین لاوە، لە پێکداپژاندا بوون لەگەڵ دوژمن. دیلێکی تری دوژمن سەروچاوی خۆێناوی بوو و، ئەسپەکەی نەدەدا بە دەست سەربازە ڕووسەکانەوە! یەکێکی تریان لە پاشکۆی سوارەیەکەوە، سوار ببوو و، سێیەمیشیان بە هاوکاریی سوارەیەکی تر، سواری ئەسپەکەی بووەوە.

سەربازە فەڕەنسیەکانیش، هەر زوو دەستیان کردە تەقە کردن، تاکوو بە هانای هاوڕێیانەوە بچن. ڕۆستۆڤ بە دوای ئەو دیلانەوە بوو. بە هۆی دەست وەشاندنەکەی لەو سەربازە، فەرەنسییە، دڵی گوشرابوو و، تارماییەک بە سەر چاوانیدا هات و، هەرچەندی دەکرد، لە خۆی نەدەگەیشت!!

لەولایشەوە کۆنت "ئۆسترمان ــ تۆلستۆی" بەرەو پێش و، بۆ لای سوارەکان چوو. ڕۆستۆڤی بانگ کرد و، سوپاسی کرد و، پێی وت، کە ئەو هەڵوێستە پاڵەوانانەی ئەو دەدا بە گوێی ئیمپراتۆردا! داوایشی لێ دەکات، کە مەدالیای "سان جۆرج"ی پێ ببەخشێت.

کە لەگەڵ بانگ کرا. لای خۆیەوە ئەو هێرشەی بیرکەوتەوە، کە بە بێ فەرمان وەرگرتن، کردبیە سەر دوژمن. لەبەر ئەو هۆیە، چاوەڕوانی سەرکۆنە کردنێکی تاڵا بوو لێیانەوە! بۆیە پێویستە هەستیارانە، گوێ بۆ ڕستە و وشە بە وشەی ئۆسترمان، شل بکات و، بە پاڕێزەوە وشە شیرین و خەڵات کردنەکەیان، لێ وەربگرێت. ئەم هەستەیش دڵی گوشی بوو.

ڕۆستۆف لە کاتی جێ هێشتنی ژەنەرالّدا لە خۆی پرسیی:

"ها... کەوابوو چ شتێک بێزارم دەکات؟ ئیلین؟ نەخێر!! ئەو ڕێکو دروستە. ئەی ئاخۆ خراپم کردووە؟ نەخێر، هۆیەکە ئەمەیش نییە!!"

لەناخیدا شتێکی دی ئازاری دەدا و، لە ئازاری وێژدان دەچوو. بۆیە بەخۆی وت:

ئۆو! هۆکارەکە ئەو ئەفسەرە فەڕەنسیەیە، لە کاتی شمشێر بڵند کردنەوەیدا بۆ وەشاندنی، تووشی ئەم دڵەڕاوکێیەی کردووم.

جارێکی دی کۆمەڵە دیلێکی بینی، کە دەیانبردن. ڕۆستۆڤیش شوێنیان کەوت، تاکوو بەڵکو دووبارە ئەو ئەفسەرە ببینێتەوە، کە خۆی گرتبووی. کە روانیی ئەو ئەفسەرە، بە بەرگە نامۆکەیەوە، بە سواری ئەسپێکی ڕووسییە بوو و، زامەکەی قۆڵیشی زۆر سەخت نەبوو و، بەدڵەڕاوکێوە، لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی. کە ڕۆستۆڤی بینی، بزەیەکی بە پەشۆکاوییەوە بۆ کرد و، بە دەستیش سڵاوی لێ کرد. ڕۆستۆڤیش هێندەی تر وێژدانی ئازاری دا و، باری دەروونیی ئاڵۆز بوو. هاوڕێکانیشی هەستیان بەوە کرد، کە ئەو ڕۆژە و ڕۆژی دواتریش، کش و بێدەنگ و، دوورە پەرێز بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا خەمبار و، تووڕە نەیدەنواند. ئارەزووی شەرابی نەبوو و، بە تەنیا هەر خەریکی ئەم دیو و ئەودیوی کێشەکەی خۆی بوو. هەمیشە بیری بە لای گیانبازییە پرشنگدارەکەی خۆیەوە بوو. هێندە پاڵەوانێتیەکەی باڵابوو، کە بە هۆیەوە مەدالیای خاچی سان جۆرجی وەرگرت و، تایبەتمەندیی درایە پاڵا. ئەمەیش تەنیا شتێک بوو، کە هەرچەندی دەکرد، خۆی تێی نەدەگەیشت!؟

لە دڵی خویدا دەیووت: "کەوا بوو ئەوان لە من ترسنۆکترن! ئاخۆ ئەمەیە کە پێی دەوترێت: پاڵەوانێتی!؟ ئەمجا بە ڕاست: تۆ بڵێی ئەوەم لە پێناوی نیشتماندا کردبێت؟ ئەی بەرامبەرەکەیشم کە ئەو فەڕەنسییە چاو شینە بوو، تاوانی چی بوو؟ ئای چەندە دەترسا! پێی وابوو کە من دەیکوژم! ئاخر بۆ دەبێت بیکوژم؟ دواجار ئەوان مەدالیای خاچی "سان جۆرج"م پێشکەش دەکەن.. نەخێر ئەمە ڕەوا نییە، من هیچ لە ئەمە تێناگەم!" بەڵام کاتێک ئەم هەموو پرسیارەی لە خۆی دەکرد. نەدەگەیشتە قەناعەتێکی ڕوون. ئەوە ڕەوڕەوەی بەختیاریی بوو، لە بەرژەوەندیی ئەو سوڕا بوو. هەر وەکو زۆر جار ڕوو دەدات.

بە سەرکردەی گروپی سەربازی دایانمەزراند. ئەمجا بەو ئازایەتییەی کە ناوبانگی پێ دەرکردبوو، وای بۆ ڕەخسا: کە ئەرکە جەنگییە پڕووکێنەرەکان بخەنە ئەستۆی.

بەشی شازدە
نەخۆشکەوتنی ناتاشا

هێشتا کۆنتیسەی کۆنت، لە نەخۆشییەکەی خۆی، هەڵ نەستابووەوە نەخۆش کەوتنی ناتاشای کچی بیست. ناچار پیتیای کورپی لەگەڵ خۆی برد و، خۆی گەیاندە مۆسکۆ. داوای جێ و رێی لە ماری دیمترۆییڤنا کردو لەوێ مایەوە. نەخۆشینەکەیش، بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی، مارە برینەکەیەوە، لە ناتاشای توند کرد و، نەخۆشەکە وای لێهات کە ئەو هەڵوەشاندنەوەیە، لە بیر خێزانەکە ببات‌ەوە! چونکە مۆڵەتی ئەوەی نەدەدان، بیر لە کێشەکانی پێشوو بکەنەوە. خەو و خۆراکی لەبەر هەڵگیرابوو و، کۆکەکەیشی تووندتر بوو بوو. پزیشکەکانیش ئەوەیان بۆ ڕوون کردنەوە، کە ژیانی لە مەترسییەکی راستەقینەدایە. ئیدی نەدەبوو لە نەخۆشەکە زیاتر، بیر لە هیچی تر بکەنەوە.

کەسانی پسپۆر بە تاک و بە کۆ، دەهاتنە سەری. ئەوان بە فەڕەنسی و، بە ئەڵمانی و لاتینی گفتوگۆیان لە بارەی نەخۆشینەکەیەوە دەکرد و، جارو بارەیش ڕەخنەیان لە یەکتری دەگرت. دەرمانی جۆرا و جۆریان بۆ ئەو نەخۆشینە، دیاری دەکرد، کە پێیان وابوو تووشی هاتووە. بەڵام کەسیان ئەو بیرۆکە سادەیە بە

مێشکیاندا نەهات، کە ئەم نەخۆشییەی ناتاشا، وەکوو ئازارەکانی تری مرۆڤ نییە هەروا بە ئاسانی چارەسەر بکرێت.

لە ڕاستیدا هەر یەکە لە ئێمە، لە پێکهاتەیەکی تایبەت بە خۆی پێکهاتووە و، نەخۆشیی تایبەت بە خۆیشی هەیە و، شتی نوێ و ئاڵۆزە و، بە پزیشک نامۆیە! ئەمانە ناچنە لیستی تایبەت بە نەخۆشییەکانی سییەکان، یان جگەر، یان پێست و دڵا و دەمارەکانەوە. بەڵکو ئەو نەخۆشینانە، لە دەرئەنجامی چەندین کارلێکەوە دروست دەبن، کە لە ژماردن نایەن. ئەمانە دەبنە هۆی دروست کردنی خەوشیەلێک بۆ هەموو کۆ ئەندامەکان.

ئەم بیرۆکەیەیش بە بیری پزیشکاندا نەدەهات! هەر وەکوو ئەو ساحیرانانەیان لێ هاتبوو، کە بیرۆکەی دەست خوێندنەوەیان بە خەیاڵدا نایەت. چارەسەر ببووە سەرچاوەی هێز و، نهێنیی بوونیان. کارێک بوو کە زۆرترینی ساڵەکانیان بۆ تەرخان کردبوو. دوایی گەیشتبوونە ئەوەی، کە بە کەڵکی شتێک هەر دێن. لە ڕاستیشدا بوونیان بە لای ڕۆستۆڤەوە، بێسوود نەبوو و، کاریگەریی هەبوو. زۆرترینی ئەو دەرمانانەی کە بە سەر ناتاشایاندا دەسەپاند، تا بیخوات. زیانبەخش بوون. بەڵام بوونیان لە خۆیدا بۆ ناتاشا بە سوود بوو و ڕەوانی پێیان شاد دەبوو. ئەمەیش وای کردبوو، کە لە نێو چارەکاراندا ساختەچی و، دەستبڕ پەیدا ببێت و، بە دەرمانی دژ بە یەک، چارەسەری نەخۆشینەکە بکەن. تێێشیاندا بوو بە دەرمانی لە یەکچوو و، لە سەر دەرمانی پێشووتر، چارەی دەکرد.

ئەوان ئەو حەزە لە بن نەهاتووەی کەس و کاری نەخۆشەکەیان بە ئەو کارەیان خەندان دەکرد. حەزیان بە پاکیزەیی و، کۆ کردنەوەی خەڵک لە دەوری خۆیان و، پیشان دانی بە خەمبوونیان بۆ ئازارەکانی ناتاشا بوو. ئەو ئازەزووە لە بن نەهاتووانەی، ناتاشایان دەستەبەر دەکرد، کە زۆر منالانە بوو. منالیش کە تووشی ئازارێک دەبێت: خۆی دەخاتە ئامێزی دایکی، یان دایەنەکەیەوە. تاکوو ئەو دڵنەوایی بکات و، دەروونی ئاسوودە ببێت.

پزیشکان و دایکانیش هەستیان بەوە نەدەکرد، کە کەسانێکی لەوان بە تواناتر و، زاناتریش ناتوانن، بە هانایانەوە بچن! بۆیە ناتاشایش بەو ئومێدەوە، خۆی لە ئامێزی دایکی دەخست، بەڵکو بتوانێت بەدەست هێنانیش بێت، بە شوێنی ئازارەکانیدا، هێوری بکاتەوە و، ئازارەکەی بشکێت.

پزیشکانیش وایان لێهاتبوو، ئەو ڕۆڵەیان دەبینی. بەڵام وەکوو دایکەکە ئەمانیش

فوویان له شوێنی ئازارەکان بۆ نەدەکرا. سەیرەکە لە ئەوەدابوو، هەموو جارێک ئەو پزیشکانە، پێداگریی ئەوەیشیان دەکرد، کە بە گەڕانەوەی گالیسکەوانەکە و، هێنانی قووتوی هاڕڕاوەی دەرمانە دیاری کراوەکەیان، لە دەرمانخانەی (ئاربات) ـ کە نرخەکەی رۆپلا و (٧٠) کۆبیک بوو ـ دوای ئەوەی ڕۆژانە و، هەر دوو سەعات جارێک، لێی دەخواتەوە، دەم و دەست ناتاشا، ئەو نەخۆشینەی دەپەرێنێت و، چاک دەبێتەوە!

کۆنت و کۆنتیسەی ژنی و، سۆنیا چییان لێ دەهات گەر لە بری ئەوەی دەست بە سنگی خۆیانەوە بگرن. لە جیاتی ئەوەی دەرمانی گیراوە و، شۆربای برنج بە فڕوجاوێک، کە لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا، بە قورگی ئەو ناتاشا داماوەیاندا دەکرد، لەگەڵ جێبەجێ کردنی سەدان ڕێنماییی.. بهاتنایە و، لە ئامێزیان بگرتایە و، هێندەیش کات و پارەی خۆیان بە فیڕۆ نەدایە!؟

ئاخۆ کۆنت گەر زانیبای، ئەو نەخۆشینەی کچە ئازیزەکەی: (١٠٠٠) ڕۆبڵی بە بێ سوود، بە ئاودا داوە. بەرگەی دەگرت!؟ ئاخۆ ئامادەیش دەبوو، کە (١٠٠٠) ڕۆبڵی تر، بدات بە ئەو دەرمان و پزیشکە بێکەڵکانە و، بگرە (١٠٠٠)ی سێیەمیش تاکو بیگەینێتە هەندەران و، لای پزیشکانی ئەوێ؟ هەرچەند هەلی بۆ نەدەڕەخسا، تا بە هەر هەموو میوانان لە ئەوانەی سەردانی نەخۆشەکەی ئەویان دەکرد، بڵێت کەوا نە میتیڤیە و نە ڤیللێر، هیچیان ئەو پزیشکە لێهاتووە نین و، فرێز لەو دووانە بە ئەزموونتر بوو. دواجار ئەوە مۆدرۆت بوو، کە توانیی نەخۆشینەکەی دەستنیشان بکات و، بیدۆزێتەوە! کۆنتیسەی دایکیشی، هەر هێندەی لە دەست دەهات: لەگەڵ نەخۆشیی کچەکەیدا لە شەڕدا بێت و، زۆر بە وردی ڕێنماییەکانی ئەو پزیشکانە، بسەپێنێت بە سەر کچەکەیدا، کە دەرچووی کۆلێژە پزیشکییەکان بوون.

زۆرجاریش لە کچەکەی تووڕە دەبووو پێی دەوت:

ــ ئەگەر بەم شێوەیە لە پزیشک تەرە ببیت و، دەرمانەکانت لە کاتی دیاری کراوی خۆیاندا نەخۆیت، هەرگیز چاک نابیتەوە. کچەکەم کەمێک خۆت ماندوو بکە! گەرنا ئەم نەخۆشینە لێت پیس دەکات و، دەگۆڕدرێت بۆ نەخۆشیی سیل!

"زۆر بە ناسۆرەوە ناوی ئەم نەخۆشینەی دەهێنا". سۆنیا چی بکات!؟ ئەو بەو بارە رازی نەبوو و، چاکبوونەوە نەدەچووە دڵییەوە! ئەوە سێ ڕۆژیش بوو، خۆی نەگۆڕی بوو. ئیدی چۆن بتوانێت کەوا ڕێنماییەکانی پزیشک وەکوو خۆی جێبەجێ بکات!؟ خەو نەدەچووە چاوی. تاکوو حەبەکانی نێو قوتووە جوانەکان بخوات.

خۆیشی گەیشتبووە ئەوەی کە دەرمانی پێ ناکەوێت! هیچ شتێکیش نییە بتوانێت: چاکی بکاتەوە و، ئەو دەرمانانە هیچ و تـوڕەهات بـوون، بـە لایـەوە! لـەوە زیـاتر کـە بۆ چاکبوونەوەی خزمەتیان دەکرد. هیچی تری بەدی نەدەکرد. کەمتەرخەمیەکەیشی بۆ ئەوە بوو، بۆ دەوروبەری خۆی بسەلمێنێت کە هێندە بە تەنگ ژیانەوە نییە!

هەموو ڕۆژێک پزیشک دەهـات و، لێدانی دڵی دەژمـارد و، سـەرنجی زمـانی دەدا و، بـڕێک قسەی خۆشی بۆ دەکرد. بێ ئەوەی بـە وردی سـەرنجی روخسـاری بـدات و، تێ بگات کە ئـەو نەخۆشـە پشـتگوێ خـراوە. دواتـر خـۆی دەکـرد، بـە ژووڕەکـەی ئەوبـەردا و، کۆنتیسـەی دایکـی نـەخۆش بـە دوایـدا. پزیشـکیش روخسـاری خـۆی وا پیشان دەدا کە بایەخ بە وەڵامەکەی بدرێت. بۆ وەڵامـی پرسـیارەکانی، ئـەو دایکـەیش چاوی دەسـووڕاند و، سـەرێکی بۆ بـادەدا و، تێی دەگەیاند کـە هەرچـەند نـەخۆشـەکە لـە مەترسـیدایە! بـەڵام چـاوەڕێی ئـەرێنیی لـەو دەرمانـە دەکـات، کـە بـۆی دیـاری کـردووە. پێویسـت دەکـات هـەموومان چـاوەڕوان بـین. هەرچـەند ئـەم نەخۆشـییە دەروونیشـە! بـەڵام... کۆنتیسـەیش پـارەی پشـکنینەکەی دەکـردە دەسـتییەوە و، بـە ڕاکردن دەچووەوە ژووری نەخۆشەکە و، کەمێک سەرخۆی دەهاتەوە.

لە دیـاردەکانی نەخۆشیی ناتاشا، کەم بوونەوەی مەیلی خواردن و، خەوتن بـوو. لەگەڵ کۆکەی ناو بە ناو و، سارد و سڕیی جەستەی.

حەکیمـەکانیش پێداگریی ئـەوەیان دەکـرد، کـە نابێـت ناتـاشا پشـتگوێ بخرێـت و، دەبێت چـارە پزیشـکییەکانی بـدرێتێ. بۆیـەش لـە ئـاو و هـەوا، پیس و خنکاوەکـەی مۆسکۆدا ئەویان هێشتبووەوە و، بە درێژایی هاوینی (١٨١٢) بنەماڵەی ڕۆستۆف لـە مۆسکۆدا مایەوە. هەرچەند حەب و دڵۆپەیەکی فرەی دەرمانی قووت دا و، هـاڕاوەی دەرمانی دژ بەیەکی خوارد. کە لـە نێو شووشـەیەڵێکی جوانـدا بـوون و، ژنـە شـوس کـۆی کردبوونـەوە، کـە گوایـا نـەبادا لـە سـەری بکڕنـەوە. بـەڵام بـاری نەخۆشـەکە وەکوو خۆی مایەوە.

بەڵام هەمیشە هەرزەکاران، زاڵترن بـە سـەر نەخۆشـینەکانیاندا. ئـەو ئاپوورەیـەی ناسیاوان و، بـایەخی فرەی، دەوروبەرەکـەی، وای کرد، ناتاشـا نەخۆشـینەکەی وردە وردە بیر بچێتەوە و، هێز و توانا: بۆ جەستەی بگەڕێتەوە.

بەشی حەڤدە
چاکبوونەوە

هەرچەند ناتاشا، بە چاکبوونەوە ئاسوودەتر بوو. بەڵام دڵخۆشتر نەبوو. خۆی لە رابواردن و، کات بەسەر بردن و، سەیران و شانۆگەرییەکان و، ئاهەنگ و سەما نەدەبوارد. نەک هەر هێندە، بەڵکو لەودیو پێکەنینەکانییەوە، ڕێژنەی فرمێسک بوو. توانای گۆرانی وتنیشی نەمابوو. هەر کاتێ بیویستایە، پێ بکەنێت، یان دەنگی خۆی تاقی بکاتەوە، لەو کاتانەدا، تاک دەبووەوە و، هەر خۆی ئەوەی دەکرد. فرمێسکی تووڕە بوونیش قورگی دەگرت. زۆر گێلانە هەرزەکار بوونی خۆی ـ کە دەبوو لە باڵاترینی بەختەوەریدا بە سەری ببردایە ـ کاول کرد! پێکەنین و بە تایبەتی گۆرانی وتن و، خەم و ئازارەکانی، ژیانی پۆخڵ کردبوو.

هەر بێ ئەوەی هەست بە خۆیشی بکات، ناز و نازداریی خۆی، لە دەست دابوو. وای هەست دەکرد، کە خەڵکەکە هەموو بوونەتە "ناستاسیا"ی کۆمیدی و گاڵتەجاڕ!!

دەنگێکی ناخی خۆی لە هەموو ئەرێنی و، چێژەکانی ژیانی بێبەش کردبوو. لەو ساتانەی لاوێتیی، خۆی بێئاگا بوو. ئەوەی کە زوو زوو، وە بیری دەهاتەوە، مانگەکانی ئەو پاییزە و، مامەکەی و، جەژنەکانی سەری سااڵی، ئەو دەمانەی ئەتراندوای بوو، کە لەگەڵ نیکۆلا، بە سەری برد بوو. هەرچییەکیشی هەبوایە دەیدا لە نرخی ئەو ڕۆژانەدا، تا بۆی بگێڕدرێتەوە! بەڵام نەخێر! ئەوانە بۆ تاهەتا ڕۆیشتن و، جارێکی دی ناگەڕێنەوە. هەستێکی وا دایدەگرت و، تێی دەگەیاند: کە ئیدی جارێکی دی، ڕەوانە ئازادەکەی پێشووی بۆ ناگەڕێتەوە. بەڵام پێویستیشە درێژە

به ژیانی خۆی بدات. بیری وا دەکردەوە.. نەک هەر نائاسوودەییەکەی، خراپە. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەیشەوەیە، کە خۆی بۆی چوو بوو، گوایا لە کچانی دی باشترە! ئەمەیش لە خۆیدا دڵدانەوەیەکی بەسوود بوو بۆی.

بێهوودانەیش لە خۆی دەپرسی:

"ئاخۆ داهاتوو و، چارەنووس چیی لە خۆدا، بۆ من شاردووەتەوە؟"

هەرچەند ژیان، هیچ خۆشییەکی بۆ نەهێشت بووەوە. بەڵام دەبوو ئەو لەگەڵیدا بیگوزەرێنێت! هەر بۆیەش تەقەلای ئەوەی بوو، کە نەبێتە بار و قورسایی بەسەر کەس و کارییەوە و، داوای هیچیشی نەدەکرد. لە پێتیای برایشی بەولاوە، خۆی لە کەسی تر، نزیک نەدەکردەوە. هەر لەگەڵ ئەویشدا گەمەی دەکرد و، دڵخۆش دەبوو و، پێدەکەنی. تەنانەت زۆر پێویست نەبوایە.. نەدەچووە دەرەوەیش! لە پییەریش بەولاوە و، لە ئەوانەی هاتوچۆی ماڵیانی دەکرد، حەزی بە بینینی کەسی تر نەدەکرد. لە راستیشدا، لەو پەیوەندەیدا کە لەگەڵ کۆنت پیزۆخۆف هەیبوو، سۆز و نیانی لەوە فرەتری رادەبینی. ناتاشا لە نێو تەم و مژێکی تەڵخدا، هەستی بە سۆز و خۆشەویستیی ئەو دەکرد و، لە ناخی خۆیشیدا، ددانی پێدا نەدەنا. پێی وابوو کە ئەو وا پیشاندانە وردە، دەستکردەی پییەر، ماندووی ناکات و، لە سەری ناکەوێت. ئەو هەر خۆیشی لەگەڵ خەڵکیدا نیانە و، وا کەوتووەتەوە لەگەڵ ناتاشایشدا تایبەتمەندیەکی ئەوتۆی نەبێت. جاروبارێک ناتاشا هەستی بە پەشۆکاوییەکەی پییەر دەکرد. لەوەش دەترسا کە ئەو پیاوە، بیرەوەرییە تاڵەکانی وەبیر بێنێتەوە. گەر وایش بکات. تەنیا بە هۆی دڵە نیانەکەی و، شەرمنییەکەیەوەیە و، هیچی تر. چونکە ـ وەکو خۆی دەیووت ـ لەگەڵ خەڵکی تریشدا، هەروا شەرمنە! هەر بەو شێوەیەی لەگەڵ من هەیەتی.لەو ڕۆژەوەی بێ مەبەست، بە شڵەژاوییەوە پێی وتبوو: گەر هاوسەرگیریم نەکردایە و، هەر کوڕ بوومایە..بۆت بە چۆکدا دەهاتم و، داوام دەکردیت! ئیدی خۆ هیچی تری نەگوتبوو. بەڵام ئەو قسەیەو لەوکاتەدا، بایەخێکی فرەی لای ئەو هەبوو.ناتاشا وای دانابوو، لێرە بە دواوە، لەو قسە هیچ و پووچانە بەولاوە، کە وەکوو منااڵ بۆیان دەکرد. گوێ بە هیچی تر نادات. هەر لەبەر ئەوە نا، کە پییەر هاوسەرو خێزانی هەیە. بەڵکو بەوەی ناتاشا هەست بە و دیوارانە دەکات، کە بە ڕووی کۆراگیندا نزم دەبوونەوە. ئێستا زۆریش بڵندن و، بۆیە وا بیری نەدەکردەوە ڕۆژێک بێت، ئەو پەیوەندییە، پەرە بسێنێت و، ببێتە خۆشەویستی. یان بگاتە ئەو هاوڕێیەتییە: پڕ سۆز و نیان و شاعیرانەیە. کە لە نێوان ژن و پیاودا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لە نموونەی ئەمەیشی دی بوو.

دوای ڕۆژە ڕۆژووەوانەتییەکەی قدیس پترۆس. ئافرەتێک کە ناوی ئیگراڤینا ئیڤانۆڤنا بیلۆڤا بوو و، دراوسێی بنەماڵەی ڕۆستۆڤ بوو و، کاتی خۆی، لە

گوندەکەیشدا هاوسێیان بوو. هات بۆ مۆسکو، بە مەبەستی حەج کردن. بە ناتاشایشی وت کە لەگەڵیدا بێت، بۆ پیرۆز کردنی هەردوو قەیسەکە. ئەویش هەرچەند پزیشکەکانی چوونە دەرەوەیان لێ قەدەغە کردبوو. بەڵام بە دڵخۆشییەوە، بانگهێشتەکەی پەسەند کرد. لەسەر خواپەرستییەک سوور بوو، کە لەو خواپەرستییەکەی، بنەماڵەی ڕۆستۆف نەچێت. بەڵکو لە شێوەی پەرستشی ئیگراڤینا ئیڤانۆڤنا بێت. ئەم تایبەت بوو و، سێ نوێژی تایبەتی دەکرد.. هەموو هەفتەیەک قەیسەکانی بە سەر دەکردەوە و، لە هەر سێ کاتی بەیانی و ڕۆژئاوابوون و، خەوتناندا نوێژی بۆ دەکردن.

ناتاشا بە شادمانییەوە، ئەمەی پەسەند بوو. کۆنتیسەیش لای خۆیەوە، ئەو پەرۆشییەی کچەکەیی، بۆ ئەو پەرستشە: فرە بە دڵ بوو. لە ناخیشیدا پێی وابوو کە حەکیمەکان بە تەواوی چارەسەری نەخۆشیی کچەکەیان نەکردووە و، ئەم پەرۆشییەی کچەکەی، لە داو و دەرمانی ئەو حەکیمانە کاریگەرترە بۆی و، زووتر چاک دەبێتەوە. هەر بۆیەش ئارەزووی ناتاشای بە جێ هێنا و، کچەکەیی دایە دەست خاتوو "بییلۆڤا" و، ئەویش بە ترسەوە، خۆی لە پزیشکەکانی دزییەوە و، خاتوو بییلۆڤایش هەر لە سەعات سێی بەیانییەوە، هات بە شوێنی ناتاشادا. چونکە ئەو دەشیزانی زۆربەی بەیانیان، ناتاشا لە زووەوە بە ئاگایە و خەوی لێ ناکەوێتەوە. هەر کە لە خەو ڕابوو. بە پەلە کۆنترین بەرگی پۆشی و، پاڵتۆیەکی کۆنی بە سەریدا، لەبەر کرد و، سەرپۆشێکی کۆنی بەسەردا دا.

بە ئەو کۆڵانانەیشدا دەڕۆیشت، کە ڕووناکیی بەرەبەیانی تێ دەکەوت. لە سەر قسەی هاوڕێکەی، ئەمجارەیان خۆی نەدەکرد بە کڵێسەی خۆرنییەی جارانی خۆیدا. بەڵکو بۆ کڵێسەیەک دەچوو، کە ڕێبەری ڕێبازەکەی: ژیانێکی کولەمەرگی و، سەربەرزانە دەژیا. ئەمەیش بە گوێرەی ئەو قسانەی، کە بییلۆڤای"خۆگرەوە ـ زاهد" بۆی کرد بوو. بڕوادارانی ئەو کڵێسەیە، ژمارەیان کەم بوو. دوو ژنەکەیش هەمیشە لای چەپی هۆڵەکە و، نزیک بە تابلۆی "پاکیزە" پیرۆزەکە وەستان و، هەستێکی نامۆ باڵی بە سەریاندا کێشا و، ژنانیش هەمیشە لە ئاستی ئەو جۆرە هەستانەدا، خۆیان بۆ ناگیرێت. دەبوو ناتاشا لە بەردەم ئەو تابلۆیەی دایکی خودادا.. ڕابمایە کە تاریکییەکەی، کەمێک بە تیشکی بەرەبەیان و مۆمە داگیرساوەکان ڕوناک ببووەوە.

ئەو تەنیا لە تەقەلای ئەوەدابوو، کە لە قسەکانی قەشەکە بگات. تاکوو بە دوایدا بیان لێتەوە. هەر کە لە ڕستەیەکیش بگەیشتایە.. سۆزی بە هەموو پێگەکانییەوە،

ئالّشتی ئەو نزایە دەبوو. گەر تێیشی نەگەیشتایە، ئەوا ئەندێشە بەرزەفڕەکەی، بەرۆکی دەگرتەوە و، بە خۆی دەوت:

ـ پێویستە خۆمان بدەینە دەست یەزدانە گەورەی رەوانمان!

ئەم بیرۆکەیەیش بە لایەوە زۆر بە چێژ بوو. کڕنووشی دەبرد و، وێنەی خاچێکی لە سەر سینەی خۆی دەکێشا. ترسی لووتبەرزیی خۆی، دایدەگرت و، دەکەوتە نزاو پاڕانەوە و، خەمی ئەوەی بوو، کە خوا لێی نەبووڕێت.

بۆیەیش نزای پەشیمان بوونەوەی بە لاوە باشترین شت بوو. ئەو لەو کاتانەدا کە کرێکارانی خانووبەرە، دەچوونە سەر کارو، کارەکەران بەر مالاّنیان گسک دەدا و، خەلّکانی تریش، لە پرخەی خەودا بوون. نوێژ و نزا و پاڕانەوەی دەکرد.

سپرایزی خۆی بەوە دەکرد، کە راپەڕین لە ژیانی خۆیدا، دەکات و ژیانێکی پاک و پڕ بەختەوەری بۆ خۆی دەستەبەر دەکات. لەو هەفتەی پەرستشەدا دەروون و، نەستی لە پەرە گرتندا دابوو. ئەو هەفتەیەی کە ئیگراڤینا، ناوی نابوو هەفتەی خەلّوەتی خوا. ناتاشا زۆر بەختەوەر بوو و، خەمی ئەوەی بوو، کە تەمەن بواری نەدا و، نەگاتەوە یەکشەمەیەکی تر!

دواتر یەکشەمەی بەختەوەری هاتەوە و ناتاشایش کەوتەوە، ئەو یەکشەمەی بەختەوەرییەی، کە هەرگیز بیری ناچێتەوە. بەرگێکی لۆکەی سپی پۆشی بوو و، یەکەمجاری بوو، هەست بە ئاشت بوونەوە بکات: لەگەلّ رەوانی خۆیدا. ئیدی ژیانی هێندە بەلاوە سەخت نەما. ئەو ڕۆژە ژوانی بوو، لەگەلّ پزیشکەکەیدا. تا پشکنینی بۆ بکات. بە دوایدا پزیشکەکە: فەرمانی پێدا، کە ئەو هاڕاوەی دەرمانە، بە کار بێنێتەوە، کە دوو هەفتە لەوە و پێش، بۆی دیاری کردبوو.

وایشی پیشاندا کە خۆشحالّە بەچاک بوونەوەی و وتی:

"تکایش دەکەم بەیانیان و ئێواران، بێ هەلّە کردن و، زۆر بە بایەخ و، بە وردی بە کاری بێنە."

بە دەم وەرگرتنی پارەکەوە، لە کۆنتیسە و، بە سووعبەتەوە وتی:

"خاتوو کۆنتیسە بێخەم بە! دواین چارەسەرەکە سوودی بۆی هەبووە و، زۆر نابات و دەست دەکاتەوە بە گۆرانی وتن! ئەوەتا ڕەنگ و ڕوویشی: پێوەی دیارە و رەنگی کراوەتەوە.

کۆنتیسەیش، بۆ دوورخستنەوەی نەگبەتی، تفێکی لە زەوی کرد و، بە دوایدا لە نینۆکەکانی خۆی روانی!

بەشی هەژدە
نـزای سینۆد

لە سەرەتای مانگی تەموزدا، دەنگوباسێکی خراپ بڵاو بووەوە و، قسەیان لەوە دەکرد، گوایـا ئیمپراتـۆر، لـە بـارەی گەڕانـەوەی، بـەم نزیکانـەی خـۆی، بـۆ لایـان، بانگـەوازێک بـۆ گـەل دەردەکـات. لەبـەر ئـەوەی یـازدەی مـانگیش تێپـەڕی و، هـیچ کەسێک شـتێکی لـە بـارەی بانگـەواز و گەڕانەوەکـەی ئیمپراتـۆرەوە نەبیسـت، دواتـر دەرکەوت ئەو قسانە پڕوپاگەندە و، هەڵبەستراو بـوون. لـەو قسـەڵۆکەدا هـاتبوو کـە گوایـا ئیمپراتۆر، سوپا جێ دەهێڵێت، چـونکە سوپا لە مەترسیدایە.

سمولنسکیش دراوە بـە دەستەوە و، ناپلیۆنیش یەک ملیۆن سەربازی بە دواوەیە و، مەگەر موعجیزەی خوایی: ئـەو ڕووسیایە ڕزگار بکات، لە دەستی دوژمن!

هەرچەنـد یـازدەی مانـگ، ڕۆژی شـەمە بـوو. کـەچی بەیانەکـە دەرچـوو. بـەڵام هێشـتا مـابووی و، دەبـوو چـاپیش بکرایـە. ئـەو ڕۆژە پییـەر، لـە مااڵـی بنەماڵەکـەی ڕۆسـتۆف بـوو و، پـەیمانی پێیـان دابـوو، کـە سـبەینێ دیسـان بـۆ نـانخواردن دەگەڕێتـەوە و لەگەڵ خـۆی، بەیانەکـەیش بـۆ دێنێـت و هـەر لەسـەر سـفرەکەش دەخوێنرێتەوە.

هـەر ئـەو یەکشـەمەیە، بنەماڵـەی ڕۆسـتۆفیش وەکـو جـارانیان، چوونـەوە بـۆ

کڵێسەکەی بنەماڵەی ڕازۆمۆفسکی، بۆ گوێگرتن لە پیرۆز کردنەکە. لە سەعات دەی بەیانییەوە و، ئەو دەمەی، ئەوان لە گالیسکەکە دابەزین، هەوا گەرم بوو. هاوار و قیژەی حەماڵ و، جەماوەرە بەرگ کاڵەکان و، ژاوەژاوی مووزیک و، تەق و هۆڕی پێی ئەسپەکانی سەر قیری شەقامەکە و، ئەوانەی بۆ نمایشەکە دەچوون تێکەڵ بوو بوو.

درەختەکانی شۆستەی شەقامەکان و، شەروالّی سەربازەکانی ئەو کەتیبەیەی، کە بۆ نمایشەکە دەچوو، تۆزاوی بوون. گەرمیی تیشکی خۆرەکەیش، لەوە بوو مرۆڤ کوێر بکات. ئەو دیمەنانەیش وای کردبوو، مرۆڤەکان هەست بە ماندوو بوون بکەن. بە روونی بێزاری بە خۆشییەکانی، خەڵکی شارەکەوە هەست پێ دەکرا.

بە هۆی ڕووداوەکانی شەڕەوە، دەوڵەمەندان و پیاوماقوڵانی مۆسکۆ و، ناسیاوانی بنەماڵەکەی ڕۆستۆف، لەبەر ئەوەی، هێشتا نەگەڕابوونەوە نێو زەوییە کشتوکاڵییەکانی خۆیان: ئامادەی کڵێسەکە بوو بوون. ناتاشایش شوێن دایکی و کارەکەڕێکیان کەوتبوو و، کارەکەرەیش سەرقاڵی دڕ بە خەڵکەکە و، ڕێ کردنەوە بوو بۆیان.

ناتاشا بە دەم ڕێوە گوێی لێ بوو، گەنجێک بەوی تری وت:

"ئەمە کچەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆفە!!... ئەوەی کە...."

دیسان لە سەری ڕۆیشت و وتی،"ئای چەندە لاواز بووە! بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا: هەر جوان و قەشەنگە!"

ئەمیش لای خۆیەوە، گوێی لە دوو ناو بوو، ئەو دوانەیش کۆراگین و، پۆلکۆنسکی بوو.

بە هەرحاڵ ئەمیش زوو زوو، ئەو گوێ زرنگانەوەیەی بەسەر دەهات. هەرچییەکی ببینیایە، سەرکێشییەکانی خۆی وەبیر دەهاتەوە. بەرگێکی ئاوریشمی تێکەڵ بە ڕەشی لەبەر کردبوو و، بە سینە و دڵێکی تەنگەوە، بۆ ئاهەنگەکە دەچوو. بەم کارەی شێوەیەکی بە خۆی دابوو، کە ژنان حەزیان لێی بوو.

بە هێندەی ئازار و ئەشکەنجەکەی و، شەرمنییەکەی نێو هەناویشی، کپ و بێدەنگ بوو. هەرچەند بە خۆیشی زانیبوو، کە فرە جوان و قەشەنگە! بەڵام دڵی پێی خۆش نەبوو. بە پێچەوانەیشەوە، بوو، چونکە هەر ئەو جوانییەی بۆیشی بوو بووە، مایەی خەم. بە تایبەتیش لەو یەکشەمەیەدا و، بیریشی هاتەوە یەکشەمەی

پێشوویش، بە هەمان شێوەی ئێستای، لێرە بوو.

بۆیە لە دڵی خۆیدا وتـــی:

"یەک شەمەیەکی تر و هەفتەیەکی تریش ڕۆیشت و، ژیان وەکو خۆی بەردەوام بـوو. ژیـانی ڕابـردووم، چیڕۆکـی ڕاسـتەقینەی بـوو. مـن لاوێکـی جـوان و کەسـێکی باشیشم. لە کۆندا کەسێکی باش نەبووم، بەڵام ئێستا ئاگام لە خۆمە و، بـەوە دەزانـم کە کەسێکی نیانم. کەچی ئەوەتـا باشترین سـاڵەکانی ژیانم بە فیـڕۆ دەڕوات! تەنانـەت ناتوانم سوودبەخشیش بم، بە دەوروبەرەکەم!

بە لای دایکییەوە وەستابوو و، لەگەڵ ناسیاوان چاک و چۆنیی دەکرد و، سـەری نەوازشی بۆ نـەوی دەکردن. هـەر وەکـو جـارانی، سـەرنجی قەشـەنگیی ژنـانی دەدا. ناوەناوەیش ڕەخنەی لە شێوازی پۆشینی بەرگە نیمچە ڕووتەکانیش دەگرت.

ئـەویش وەکـوو ئـەو ژنـەی دراوسـێیانی دەکـرد، کـە هـەر جارێـک ژنێکـی نیمچـە ڕووتی ببینیایە، خاچێکی لە سەر سینەی خـۆی دەکێشـا! لـە دڵـی خۆیشـیدا، ئـەوەی بـۆ خـۆی دانـابوو، کـە ڕۆژێـک دادێ، خۆیشـی ببێتـە ئامـانجی لاقرتێـی بێشـەرمانەی ژنـانێکی تر!

لە ناکاو و، لە کاتێکدا کە ڕێوڕەسمی پیرۆز کردنەکەی بەڕێوە دەبرد، هەسـتی بـە تـەریقیی خـۆی کـرد، لـە بەرامبـەر ئـەو سـووک بوونـەی خۆیـدا و، چـۆن پـاکیزەیی سەردەمی کۆنی خۆی لە دەست داوە!

پیرەژنێکی کورتەباڵای، خانومانیش بە ڕەوانی بۆنەکەی لە گەڵیاندا پیـرۆز دەکـرد و، کـارێکی ئـەرێنیی لـە ڕەوانـی بـڕواداران دەکـرد. دەرگاکـە واڵا بـوو و، پـەردەکان دادرانەوە.

دەنگێکی کزی خۆش، خۆی بـە گوێیاندا دەکرد. ئـەو فرمێسکانەیش کـە نـەدەزانرا بۆ دێنە دەرەوە، قەتیس دەمان و، خـاو بوونەوەیەکی پـڕ بەختەوەری ڕووید!ا

ئەو پیرەژنەیش دەستی بە نزاکردن کرد و وتـی،"فێرم بکـە چی بکـەم؟ چۆن لـە ژیاندا و بۆ تاهەتایە هەڵس و کەوت بکەم؟"

مجێورەکە چووە بەر سەکۆیەکە و قژە درێژە گیرخواردووەکـەی، لـە نێو بەرگـە ئایینیەکەیدا بە پەنجە کەڵەی ڕاکێشا و، بەری دایەوە.

دوای ئـەوەی وێنـەی خـاچێکی لەسـەر سـینەی خـۆی کێشـا، بـە دەنگـی بـەرز وتـی،"با بە ئاشتی نوێـژ بۆ مەولامان بکەین."

ناتاشایش لە دڵـی خۆیدا وتـی:

"بەڵێ با پێکەوە نۆیژ بکەین و، بە بێ جیاوازیی چینایەتی. با خۆشەویستی برایەتی کۆمان بکاتەوە. با لەمەولا نزا بکەین و، بۆ ئاشتیی بالا و، بۆ ڕەوانمان بپارێینەوە."

ناتاشا تێگەیشت، کە لە پێناوی جیهانی فریشتەکان و، ئەو هەموو ڕەوانە نەبینراوانەی: کە لە سەروو خۆمانەوەن: ئێمە دەژین و، نوێژ و پاڕانەوە دەکەین.

کە نزا و پاڕانەوەیشیان بۆ سوپا کرد، دینسۆقی بۆ بۆ خۆی، بیر کەوتەوە. کە بۆ پیادەیان و دەریاوانانیش پاڕانەوە، ئەو میر ئاندریەی بیرکەوتەوە. بۆیە نزای تایبەتیی بۆ ئەویش کرد. هیوای ئەوەیشی خواست، کە لە ئەو خەم و ئازارانە خۆش ببێت، کە بە هۆی ئەمەوە تووشی هاتووە.

کە نوێژ و پاڕانەوەیشیان بۆ ئەوانە کرد، کە خۆشیاندەوێت.. ئەمیش لای خۆیەوە، نزای بۆ هەموو خزمانی خۆی کرد. هەروەها بۆ دایە و بابە و، بۆ سۆنیایشی کرد.

ئەوە یەکەم جاری بوو، کە مەترسیی ئەو هەڵانەی سەردەمی زووی خۆیی بۆ دەربکەوێت. کە نوێژ و نزایشیان بۆ دوژمنانی خۆیان کرد و، ئەوانەی ئەم نۆیژکەرانەیان خۆشناوێت: ئەمیش لە دڵی خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە لەوانەی کە بنەماڵەکەی ئەویان خۆشناوێت. لەو کەسانە زیاتر، کە قەرزیان لای باوکی بوو، کەسی تری بیر نەکەوتەوە.

هەرچەند ئاناتۆل بوو بووە هۆی: ئازارێکی فرە بۆی. کەچی نەیخستە نێو لیستی دوژمنانی خۆیەوە. لە هەمان کاتدا، لەگەڵ نزا بۆ دوژمنانی تری خۆی، نزای بۆ ئەویش کرد. هەر ئەو کاتانەیش بە توانا بوو، کە ناوی ئاناتۆل و ئاندریەی بیر بکەوتایەتەوە، نەدەپەشۆکا و، نە هەڵدەچوو. لە ترسی خوا لەو کاتانەدا سۆز و خۆشەویستیی، بۆ ئەو دووانە، لە دەروونیدا دەوروژا و، خۆی ڕکێف دەکرد.

کاتێکیش نوێژ و نزایان بۆ ئیمپراتۆر و "سینۆد"[1] کرد: وێنەی خاچێکی لەسەر سینەی خۆی کێشا و، بە سۆز و بوورەییەکی فرەوە، پتر نووشتایەوە. لە دڵی خۆیشیدا وا بیری کردەوە، کە هەرچەند مەبەست لەم نوێژەیشیان ڕوون نەبێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، پێویستە سینۆدی خۆشبوونێت و نوێژی بۆ بکات.

نوێژ خوێنەکە شاڵەکەی بە سەر سنگی خۆیدا شۆڕ کردەوە و وتی:

---

۱ ـ زاراوەیەکی کۆنە و واتا: کۆبوونەوەی پیرۆز.

"بـا خودی خۆمان و، ژیانمان بخەینە بەردەستی "مەسیح"ی پەروەردگارمان."

ناتاشایش زۆر نا ئارامانە و، لە ناخی خۆیەوە دووبارەی دەکردەوە:

" خوایە خۆم بە تۆ سپارد. نە هیچم دەوێت و، نە ئارەزووی هیچیش دەکەم. تەنیا ئەوەم فێر بکە کە دەبێت بکرێت و، ویستەکانی خۆم چۆن بەکار بەرم! خـوایە بمبەرەوە بۆ دیوانی خۆت."

خاچەکەی لەسەر سینەی خۆی نەکێشا و، هەر دوو قۆڵی بەردایەوە. هـەر وەکو ئەوەی، چـاوەڕێی هێزێکی نادیار بێت.. تـاکو بێت و لـەو حەسرەت و ئارەزوو و پەشیمان بوونەوەیە، دەریبێنێت.

کۆنتیسیش چەندجارێک لە روخساری ناتـاشای کچی و، چاوە بریسکەدارەکانی ڕوانی و، لە خـوا پاڕایەوە کە بە هانایەوە بچێت.

ناتاشایش لە ناوەڕاستی ڕێوڕەسمی پیرۆز کردنەکەدا، هەستی بە شتێکی نامۆی نائاسایی کرد! ئەوەیش ئەوە بوو سەرپەرشتیاری کڵێسـەکە هـات و، ئەو کورسییە چکۆلەیەی هێنا، کە لەسـەر چـۆک نوێژیـان لـە سـەر دەخـوێند. قەشـەکە بـە کڵاوە قەیفە کاڵەکەیـەوە، لـە شـوێنی پێشنوێژییەکەی خۆی هاتـە دەرەوە و، دەستێکی بـە سەری خۆیدا هێنا و، بە زەحمەت توانیی، بچێتە سەر چۆک.

نوێژکـەرانیش وەکـو ئـەویان کـرد و، بـە دڵـەڕاوکێوە لـە یـەکتریان روانـی. کارەکەیشیان بـەو شێوەیە کرد، کە کاتی خۆی، سینۆد بۆ خـوای خۆیی کردبوو و، لێی پاڕابووەوە، تاکو ڕووسیا لە داگیرگارانی بپارێزێت.

قەشـەکە بـە دەنگێکی ڕەوان و، پـڕ نەوازشـەوە" نـەک بـە قەبـە کردنـی وشـە و، ڕستەکانەوە و، وەکـو سـلاڤیەکانی تـر. ئەوەیشـی کاریگـەریی فـرەی لـە سـەر ڕووسییەکان هەبوو و وتـی:

ئەی پەروەردگاریخاوەن هەژموون بەسەر هەموو شتەکاندا .. پەروەردگاری سەرفرازکارمان. بەزەیی خۆت: ببارێنە بە سەرماندا.. بەرەو خوار بـڕوانە و خـزمەتکارانی ساکاری خـۆت ببینە.. گوێدێری نوێژەکانمان ببە و بمانپارێـزە و، بەزەییت پێماندا بێتەوە.. ئـەو دوژمنەی ئێستا بە ڕووماندا بـزێو و چالاک بووە و زەویـی تـۆی هـەلگێڕاوەتەوە و، بـە نیـازە جیهـان بکاتـە چۆلـەوانی و بیابـان، تەفروتوونا بکە. وا زندیقەکان یەکیان گرتووە، تاکو مولکەکانی تۆ، خاپوور بکەن و ئۆرشەلیمی پاکیزەت، کاول بکەن و، ڕووسیا شیرینەکەت. کڵێسەو پەرستگاکانت، پۆخڵا بکەن و، پیرۆزییەکانمان قێزەون دەکەن.

ئەی پەروەردگار... تا کەی هەڵەکاران، سەردەکەون؟ تا کەی توانا تاوانیەکانیان بەکار دەبەن؟ ئەی توانادار.. نوێژەکانمان پەسەند بفەرموو و، بە توانا لە بن نەهاتووەکانت، پشتگیریی لە ئیمپراتۆرە، خوا پەرستەکەمان بکە و، دەسەڵاتی پێ بدە. خەون و ڕاستڕەوییەکانی وەبیر بێنەوە، کە بەو نیانییەی لەگەڵ ئیمەی میللەتی تۆدا، دەیکات، ڕەفتاری لەگەڵ بکە. بڕیار و پڕۆژەکانی پیرۆز بکە. هێز و مولکی فرەی پێ ببخشە و، وەکو موسا، بە سەر زالمی "ئامالک"[1] زەبەلاحان دا، یان سەرکەوتنی جەدعون بە سەر دوژمنانیدا و، داوود، بە سەر جلیاتدا سەری بخە.

سوپاکەی بپارێزە و، تیر و کەوانی میدییەکان بخە دەستی ئەوانەی، بە ناوی تۆوە دەجەنگن. سنگیان پڕ بکە لە تواناکانی خۆت. چەک و، قەڵغانت بێنە و، فریامان بکەوە.

خەوش و دڵەڕاوکێ، بکە بە بەشی ئەوانەی خراپەی ئیمەیان دەوێت. بیانکە بە پووشی دەم بای سوپامان و، هەڵیان ببڕە. هەر بێ ئەوەیی بە خۆیان بزانن.. با بکەونە تۆڕی تۆوە. خوایە لە بەردەم سوپا خزمەتکارەکەی خۆتدا.. بە چۆکیاندا بێنە. پەروەردگار... دوژمنان بخە ژێر سوپاکەی خۆتەوە. هەر خۆت سەرچاوەی ئاشتیت، بۆ گەورە و بچووکەکان. هەر خۆت خوایت و، مرۆڤ ناتوانێت بەرەنگارت بێتەوە و، لە بەرامبەرتدا هیچی بۆ ناکرێت.

ئەی پەروەردگاری باو و باپیرانمان. بیری بەزەیی و، لێهاتوویی بێکۆتای خۆت ببێت بۆمان و، لە خۆتان بە دوورمان مەگرە و، بە خراپیی خۆمانمان لەگەڵ مەکە. بە بەزەییە بێسنوورەکەی خۆتەوە، لە تاوان و هەڵەکانمان بڕوانە.

دڵنیکمان پێ ببەخشە و، بیری "ڕەوا"بوونمان لە دڵدا نوێ بکەرەوە. بڕوامان تۆکمە بکە و، بە ئاواتی خۆمانمان بگەیەنە و، خۆشەویستییەکی ڕاستەقینەمان بۆ یەکتر پێ ببەخشە. بمانخەرە سایەی یەک ڕەواوە، بۆ بەرگرییە ڕەواکە، لەو پاشماوە دێرینەی بە خۆمان و نەوەکانی دواڕۆژت بەخشیوە، بە ئیمەیشی ببەخشە. خوایە نەهێلیت قامچیی بێ بڕوایان، بە ڕووماندا: بلند بکرێتەوە.

پەروەردگارا... ئەی ئەو کەسەی: بڕوامان پێ هێناویت و، متمانەمان پێتە. نائومێدمان مەکە و، هێمایەکمان لە بەرژەوەندیی خۆمان، پێ ببەخشە. تاکو ئەوانەی ڕقیان لە ئاینی ئەرسۆدۆکسی پیرۆز دەبێتەوە..کوێر ببن. تاکو نەتەوەکان تێ بگەن،

---

۱ ـ ئامالک واتا زەبەلاحەکان.

که تەنیاو تەنیا، خۆت سەرپەرشتیارمانیت و، ئێمەیش نەتەوەی خۆتین.

ئەی پەروەردگارا... بەزەیی و ڕزگارکاریی خۆتمان پێ ببەخشە. هەر خۆت قڵپیان بکەوە و، بیانخەرە ژێر پێی بڕوادارانی بە وەفای خۆتەوە. چونکە هەر خۆت پشت و یاریدەدەر و، سەرخەری ئەوانەیت کە بڕوایان پێتە. سەرکەوتنیش هەمیشە لە ئێستا و سەدەکانی داهاتوویشدا، بۆ: باوک و کوڕ و، ڕەوانی پیرۆزە.

ڕەوانی ناتاشا بە ڕووی هەستەکانیدا والابوو. ئەمە وای کرد نوێژەکە کاریگەریی توندی لە سەر دابنێت. لە راستیشدا سەرکەوتنی موسا، بەسەر ئەو زەبەلاحانەدا و جەدعونیش لە مودیەندا و، داوود بە سەر جلیاتدا و، هەرەس هێنانی ئۆرشەلیم، وای لێ کرد بە پەرۆشەوە، پڕ بە دڵ نوێژ بکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، نەیدەزانی بۆ خودی خۆی، داوای چی لە خوا بکات!؟ بە تەواوی لەگەڵ ئەو نەفرەتانە، جۆشی خوارد، بۆ وەدەست هێنانی دڵێکی ڕاست و دروست و ئاوەدان، بە باوەڕ. ئەمەیش ببووە پاڵنەر بۆ نوێژ و، پڕ لە ئومێدی و ئاوەدان، بە خۆشەویستی. بەڵام چۆن دەکرێت، داوای لە نێوچوونی دوژمنان بکات!؟ خۆ هەر کەمێک لەمەوپێش، دوژمنەکانی وەبیر خۆی دەهێنایەوە تاکو نوێژ و، داوای لێخۆش بوونیان بۆ بکات! لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نوێژەکەی خۆی نەخستە ژێر گومانەوە. هەرکە بیریشی لە سزا کردەوە، لە ناخەوە هەستی بە موچڕکەیەک و، سڵەمینەوەیەکی پیرۆز دەکرد. ئەمجا لە خوا پاڕایەوە کە لە هەموان خۆش بێت و، ئاسوودەیی و بەختەوەری، بە سەر وڵاتدا بڕژێت. وایش بە خەیاڵیدا هات، کە پەروەردگار گوێ بۆ نوێژ و نزاکەی دەگرێت.

بەشی نۆزدە
بیزۆخۆڤی ڕووسی

هەر لەو ڕۆژەوەی پییەر، لە نێو بنەماڵەی ڕۆستۆڤەوە، گەڕابووەوە و، بە دەم ڕێوە، کشانی هەسارە کلکدارەکەی بینی بوو. لە ژێر کاریگەریی نیگا کردنەکانی ناتاشادا مابووەوە. هەستی بە ئاسۆیەکی نوێی لە بەردەمیدا دەکرد.

ئیدی نەچووەوە سەر ئەو پرسیاری 'بۆچی'یە پڕ دەردەسەرییەی ژیان. ئەوەی مێشکی ئەوی داگیر کردبوو، هەر ناتاشا بوو.

خۆ گەر ناتاشا گفتۆگۆکیشی ببەزاندایە.. یان شتێکی خوێندبایەتەوە.. یان کەرێتییەک.. یان خراپەیەکی بکردایە..وەکو جاران، لاقرتێی پێ نەدەکرد. تەنانەت لە شڵەژاویی، هیچ مرۆڤێکیشی نەدەکۆڵییەوە! تا ئەو دەمەیشی ژیانی تووشی ئەو هەڵاواردنە نەبووبوو، هەموو شتەکان بە لای ئەوەوە، کورتیان هێنابوو! بۆ ڕەوینەوەی گومانەکانیشی، هێندەی بەس بوو، کە پەنا بۆ هێنانەوە بەرچاوی دوایەمین سەرنجەکانی ناتاشا بەرێت.

خۆ وەنەبێت ناتاشایش تا ئەو دەمە، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئەوی

دابێتەوە! کەچی تەنیا بە هاتنەوە بەرچاوی، وێنەی ناتاشا، ئەو پییەرە، دەفڕیە کەنارەکانی ڕۆح و، هێندە مەست دەبوو، کە ڕەوا و نارەوای، لە یەکتر بۆ جوێ نەدەکرایەوە! هەرچەندە ڕەشبینییەکانی ژیانیش لە بەردەمیدا قوت ببوونایەتەوە، کاریگەریی لەسەری نەبوو و، بە لای ئەوەوە پەمەیی دەیان نواند!

بەم شێوەیە خۆی دەدواند:

"بەلامەوە هیچ گرنگ نیە "ن.. ن" دزی لە دەوڵەت و قەیسەر بکات. یان قەیسەر و دەوڵەت، دزەکە نوقمی خەڵات و پاداشت بکەن! ئەوەی بە لای منەوە گرنگ بێت، ئەوە بوو کە دوێنێ ناتاشا بە ڕوومدا پێکەنی! تکایشی لێ کردم کە جارێکی تریش سەردانی بکەم! منیش خۆشم دەوێ و ناهێڵم کەسیش پێی بزانێت!

هەر بەم قسانەیش دڵی خۆی بە گەشاوەیی هێشتبووەوە. لەبەر ئەوەی ئەو کاتانەی لە نێو بنەماڵەی ڕۆستۆڤدا نەبوایە، بێکارە بوو و، خۆی بە هیچی ترەوە سەرقاڵ نەدەکرد. لە سەر چوونە شوێنە گشتییەکان و، خواردنەوەی زۆر و، بەسەر بردنی زۆربەی کاتەکانی ژیانی، بە داوێنپیسییەوە، خۆی ڕاهێنابوو. هاوڕێکانیشی بێ ویژدانانە پەلکێشی ئەو شوێنە قێزەونانەیان دەکرد.

بەڵام بەم دواییانە و، ئەو دەمەی کە شەڕ لە ئان و ساتی بەرپابووندا بوو و، خەڵکەکە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ بوو بوون. تارمایی خەمۆکییەکی نامۆیش، باڵی بەسەر دەروونی ئەودا کێشابوو. تا دەهات کاریگەریشی فرەتر دەبوو. وایش هەستی دەکرد کە بەڵایەک بەڕێوەیە و، ژیانی قڵپ دەکاتەوە. بە پەرۆشیشەوە چاودێریی ئەو پێشگۆییەیشی دەکرد، کە یەکێک لە هاوڕێیانی ماسۆنیی، لە بارەی ناپلیۆنەوە بۆی کردبوو.

ئیسحاقی سیازدە، لە خەونەکەی یوحەنای پیرۆزدا، لە ئایەتی (١٨)دا هاتووە:

"حیکمەتەکە لێرەدایە.. با ژمارەی زیرەکیی وەحش بزانێت.. چونکە ئەوە بۆ خۆی ژمارەی مرۆڤیشە! ژمارەکەیش (٦٦٦)ە".

لە ئیسحاحیشدا و، ئایەتی (٥)دا هاتووە:

"دەمی پێدراوە تا وشەی مەزنی پێ پاڵا بدات! ڕێی پێدرا کە (٤٢) مانگ کار بکات".

ئەگەر ژمارە عیبریەکان بگۆڕدرێت بە فەرەنسیو، ئەو (١٠) سەرەتای ئەلفبێیەی کە بەدوای یەکدا دێن و، یەک یەک زیاد دەبن. لە یازدەیەم پیتییەوە: هەر جارە و(١٠)ی بۆ دەخرێتە سەر و، ئەم خشتەیەمان بۆ دەردەچێت:

A	B	C	D	E	F	G	H	I	J	K	L	M	N
1	2	3	4	5	6	7	8	9	10	20	30	40	50

O	P	Q	R	S	T	U	V	W	X	Y	Z
60	70	80	90	100	110	120	130	140	150	160	170

گەر ژمارەکان بە گوێرەی ئەو ئایەتە بنووسرێتەوە، ئەم دوو وشەیە کە: ((lempreur napoleon. دەکاتە (٦٦٦). کە بەگوێرەی ئەمە: ئەو دڕندەیەی یوحەنا پێشگۆیی بۆ کردووە: ناوی "ناپلیۆن" دەردەچێت!

لە لایەکی تریشەوە، گەر بەو ئەلفبێ یە، ژمارە (٤٢) بە زمانی فەڕەنسی بنووسین کە: "qparante deuz"ە، کاتی دیاری کراوی دڕندەکەیە و، قسەی قەبە قەبە، فڕێ دەدات.

کۆی ئەو ژمارانەیش، دیسانەوە دەکاتەوە (٦٦٦)!! کەوابوو بە گوێرەی ئەم حساباتە: حوکمڕانیی ناپلیۆن لە ساڵی (١٨١٢) کۆتا دەبێت! کە دەکاتەوە (٤٢) ساڵ.

ئەم پێشگۆییە پیەری زۆر سەرسام کردبوو و، زۆرجاران لە خۆی پرسیبوو،"ئاخۆ ئەوە کێ بێت، بتوانێت سنووورێک، بۆ دەسەڵاتی ئەو دڕندەیە دابنێت، کە ناپلیۆنە!؟"

هەر بە گۆڕینی ئەو پیتانە، بە ژمارە. دەیویست وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە! یەکەمجار دوو وشەی "ئیمپراتۆر ـ ئەلکسەندەر" و، دواتر "نەتەوەی رووس"ی کردەوە بە ژمارە! بەڵام دوای کۆ کردنەوەی ژمارەکان، یان کەمتر بوون و بۆ (٦٦٦)ەکە: کورتیان دەهێنا. یان بەرە و بان دەبوو.

ڕۆژێکیان بیرۆکەی ژمارەی پیتەکانی "پییەر پیزۆخۆف" هات بە میشکیدا! بەڵام ئەویش نەبوو. ئەمجا پیتی (Z)ی خستە شوێنی (S)ی ناوەکەی و، وشەکە وای لێهات "بیزۆخۆف ـ "Bezukhoff لە بری (ال)ی ناسراو کردن کە (de)ە، بەڵام ئەمەیش بێهوودە بوو. ئەمجا ئەوە هات بە میشکیدا، کە ئەگەر وەڵامەکە لە پشت ناوەکەی خۆیەوە بێت. ئەوا پێویست دەکات، کە وشەی ناوی نەتەوەکەی خۆی بخاتە سەر و، ناوی خۆی وا نووسییەوە: "پیزۆخۆڤی رووسی". هەر کە پیتەکانی ئەمەی کردەوە، بە ژمارە و، کۆی کردنەوە. کردییە (٦٧١). واتە (٥)ی زیاتر بوو، لە ژمارەی مەبەست کە (٦٦٦) بوو.

به گوێرەی خشتەی پیت و ژمارەکانی بەرامبەریان، ئەوا ئەو (٥)ە پیتی (e) بوو. واتا هەمان ئەو پیتەی کە ناوەکەی دەکردە "ناسراو- شوناس" و، پیتی (e)ەکە بوو! دەکەوتە پێش وشەی ئیمپراتۆرەوە. کەوابوو لابردنی ئەو پیتەی ناوەکەی خۆی - کە بۆ خۆی هەڵە بوو - ڕێک ژمارە مەبەستەکە، کە (٦٦٦) بوو، دەردەچوو! ئەم حساباتەیش بیرو بۆچوونی پیەری سەرو بن کرد! ئاخر چی ئەوی دەبەستەوە، بە ئەو رووداوە مەزنەوە، کە خەونەکەی یوحەنای پیرۆز بوو!؟

خۆیشی سەری لەمە دەرنەدەکرد! بەڵام هەرگیز پێی راست نەبوو خۆشەویستییەکەی بۆ کچەکەی بنەماڵەی ڕۆستۆف و، فاڵچی و داگیرکارییەکانی ناپلیۆن و، ئەو هەسارە کلکدارە کشاوە و، ئەم ژمارە (٦٦٦)ە، کە "ئیمپراتۆر ناپلیۆن" و "پیزۆخۆڤی ڕووسی" بوو، پشتگوێ بخات.

وای کردبوو، کە ئەمانە ببنە هۆکاری تەقینەوەیەک تێیدا و، پەلکێشی بکەن و، دووری بخەنەوە لەو ڕەوشتە قێزەونەی، کە خۆیشی وا هەستی دەکرد، تێیدا دیل بوو بێت و، دەستی بەستراو بێت، لەوەی بە کارێکی پاڵەوانانە هەڵ بستێت و، بە لوتکەی چێژی بەختەوەر بوون بگات.

هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژەی، کە نوێژ و نزاکەی تێدا کرا. پییەر پەیمانی بە بنەماڵەی ڕۆستۆف دا، کە چی هەبوو لە بەیان و زانیاری، لەبارەی سوپاوە، لەوانەی کە ڕۆستۆبتشین بۆی دێنێت. ئەویش بۆیان بێنێتەوە.

کە بەیانی ڕۆژی دواتر گەیشتەوە سەربازگەکەی. سەیری کرد پۆستی نوێی بۆ هاتووە. ئەو پۆستەچییەیشی، لە کۆنەوە و، لە نێو یانەکانی ئاهەنگە سەما ئامێزەکانی شاری مۆسکۆدا، ناسی بوو.

پۆستەچییەکە وتی:

"نیانیم لەگەڵ دەکەیت، گەر دەست و برد بکەیت و، زوو پۆستەکانت وەر بگریت.. چونکە پڕ بە پڕی ئەم هەگبەیە، نامەی خزمانم پێیە."

پییەریش لە نێو نامەکاندا، نامەیەکی دۆزییەوە، کە لە ڕۆستۆڤەوە، بۆ باوکی نێردرابوو و، هەڵی گرت. لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆستۆبشین، نامەیەکی تری دایە دەست کە تازە لە چاپکردنی بوو بوونەوە و،"بەیان" و بانگەوازەکەی ئیمپراتۆر بوو و، ئاراستەی شاری مۆسکۆ کرابوو. لەگەڵ فەرمانە کارگێڕییەکانی، دەرکردەی سوپا و، ئاگادارییەکیش، لە بارەی خۆیەوە.

لە کاتێکدا کە چاوی بە لیستی ناوی کۆژراوان و، بریندار بووان و، خەڵات

کراواندا گێڕا. ناوی نیکۆلا ڕۆستۆڤی بینی. تێگەیشت کە مەدالیای پلە چواری "سان جۆرج"ی پێ بەخشراوە: بۆ ئەو ئازایەتییەی، لە کێشەی ئۆسترۆڤینا نواندبووی.

هەر لە فەرمانە کارگێڕییەکانی ئەو ڕۆژەدا: فەرمانی دەستنیشان کردنی ئاندریە پۆلکۆنسکی بوو، بۆ سەرکردایەتی کردنی: فەوجی نیشان شکێنان.

لەبەر ئەوەی خۆی نەیدەویست، ئەو پۆستەی بە کوڕەکەیان دراوە، بۆیان باس بکات. هەرچی فەرمانە کارگێڕییە ڕۆژانەکە و، بەیانەکەی سوپا بوو، لە کاتی نانخواردندا، پێی نەدان. هەر بانگەوازە چاپکراوەکە و، بەیانەکەی سوپای بۆ باس کردن. لەگەڵ نامەکە. ئەمجا کەوتە گێڕانەوەی گفتوگۆکەی خۆی و ڕۆستۆبتشین و، سەرقاڵییەکەی و، دڵەڕاوکێیەکەی لە کاتی گەیشتنیدا، بەو پۆستەبەرە.

بۆیشی گێڕانەوە: کە بە قسەی ئەو، پاشاگەردانییە و، دەیشیووت کە بارودۆخمان زۆر ناڵەبارە. ئەمجا ئەو دەنگۆیەی بۆ گێڕامەوە، کە سیخوڕێکی فرەی دوژمن، بە نێو مۆسکۆدا بڵاو بوونەتەوە.

ئەو ناحەزانە کاغەزێک بڵاودەکەنەوە، کە تێیدا هاتووە:

"ناپلیۆن لە ئامادەکاریدایە، بۆ داگیرکردنی هەردوو پایتەختەکە و، پێش هاتنی وەرزی پاییز و، چاوەڕێی سبەینێی ئیمپراتۆریش دەکرێت.

ئەم دەنگ و باسانە، بوونە هۆی ئاڵۆز کردنی دەروونی پییەر و، بووە سەرباری ئەو ئاڵۆزییەی، کە بە کشاندنی ئەستێرە کلکدارەکە و، دەنگۆی ئان و ساتی، دەست پێ کردنی شەڕ.

دەمێک بوو بیرۆکەی چوونە سوپاوە، لە دڵیدا، چەکەرەی کردبوو. بەڵام ئەو سوێندە ماسۆنییەی، کە لە بارەی ئاشتیی تاهەتایی و، پووچەڵ کردنەوەی شەڕ، ئەوی بەست بووەوە. بۆیە بینینی ئەو هەموو هاوڵاتییە مۆسکۆڤیانە و خۆنواندنیان بە بەرگی سەربازییەوە و، لاف و گەزافیان، بەو خۆشەویستییەیان بۆ نیشتمان، ئەوی نەدەبزواند و، پاڵی پێوە نەنا، بۆ ئەوەی وەکوو ئەوان بکات. لە ناخی خۆیدا، فرە پابەندی ئەو بیرۆکە تەم و مژاوییەی ماسۆن بوون بوو، کە هەیبوو. هەر بۆیەیش نەدەچووە ریزی سوپاوە.

"ڕووسی یە پیزۆخۆف". یان "پیزۆخۆڤی ڕووسی" و، خۆ بە خاوەن کردنی "درندەی ٦٦٦" کە لە ناخی خۆیدا پێی وابوو، هەر لە سەرەتای بوونەوە، لە چارەی نووسراوە، کە دەبێت ئەو درندەیە، لە نێو بەرێت. بۆیە نەدەبوو هەر لە خۆیەوە هیچ کارێک بکات. بەڵکو پێویستە لە چاوەڕوانیی کارێکدا بێت، کە نەکردنی مەحاڵە!

بەشی بیست
بانگەوازی شاهانە

بنەماڵەی ڕۆستۆف، وا ڕاهاتبوون ڕۆژانی یەکشەموان، پێشوازییان لە بڕێک لە خزمانی خۆیان دەکرد و، نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ دەخواردن. ئەو یەکشەمەیە پییەر زووتر گەیشتە ماڵیان، بەڵکو بۆی بڕەخسێت و، بە جیا هەندێک بیان دوێنێت. قەڵەو بوونەکەی ئەو ساڵەی هێندە بوو: گەر کەڵەگەتی و ئێسکە تۆکمەکانی نەبوایە، وا بە ئاسانی ئەو هەموو کێشەی بۆ ڕاگیر نەدەکرا و، خێڵو خوار دەبوو. بە دەم هەناسەبڕکێوە، بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و، لەبەر خۆیەوە، هەر ورتە ورتی بوو.

گالیسکەوانەکەیشی دەیزانی تا درەنگانێکی شەو، لە نێو ئەو بنەماڵەیەدا دەمێنێتەوە، بۆیە هەر لێیشی نەپرسی: کە ئاخۆ چاوەڕێی بکات، یان نا؟

خزمەتکاران بە پەلە بەرەو ڕووی چوون، تاکو پاڵتۆکەی لەبەر دابماڵن و، دارەکەی دەستی لێ وەربگرن. خۆیشی وا ڕاهاتبوو، لە بەلەکۆنەی یانەکاندا، پاڵتۆ و دارەکەی دابنێت.

یەکەم کەسێک بە هاتنە نێو هۆڵەکەی ئەوی زانی و، گوێی لە قسەکانی بوو: ناتاشا بوو. چونکە لەو کاتەدا لە هۆڵەکەدا ڕاهێنانی لە سەر گۆرانییەک دەکرد. لەبەر ئەوەی هەر لە نەخۆش کەوتنەکەیەوە، پییەر لەوە بە ئاگا بوو، کە ناتاشا گۆرانیی نەگوتووە، بۆیە هەر کە گوێی لە دەنگی گۆرانیی ئەو بوو، زۆر خۆشحاڵ

بوو. له سەرخۆ دەرگای هۆڵەکەی کردەوە.

ناتاشا بەرگێکی وای پۆشی بوو، دەتووت لە پەرستگایەکدایە و، رێ و رەسمی پیرۆز کردن، بەجێ دێنێت. دەهات و دەچوو و، راهێنانی بە دەنگی خۆی دەکرد.

لە ناکاو بە لای دەرگا کراوەکەدا، ئاوڕی دایەوە و، روخسارە پفدراوە سوور هەڵگەڕاوە، تۆقێنەرەکەی پییەری بینی. لای خۆیەوە کەمێک سوور هەڵگەڕا و، بەرەو رووی چوو.

وەکو ئەوەی، داوای لێبووردنی لێ بکات، وتی:

"دەمەوێت سەرلەنوێ گۆرانی بڵێم! چونکە لێرە بە دواوە، دەتوانم کاتی خۆمی پێ بە سەر بەرم."

پییەریش وتی:

"کارێکی باش دەکەیت!"

بە چالاکییەکەوە، ناتاشا کەوتەوە قسەکردن، کە زووتر پییەر لێی نەبینی بوو.

ناتاشا لە سەری رۆیشتو وتی:

"ئای چەندە خۆشحاڵم بە هاتنت! بۆیەیش وەک دەمبینیت، ئەمڕۆ بەختەوەرم. دەزانیت کە نیکۆلا خەڵات کراوە!؟ مەدالیای خاچی سان جۆرجی وەرگرتووە! ئەوەتا منیش لای خۆمەوە، شانازیی پێوە دەکەم."

پییەریش هەڵیدایە:

"بەڵێ ئاگادارم وَ، هەرخۆیشم، فەرمانی ئەو خەڵاتەم بۆ ناردن."

لە کاتێکدا کە پییەر بەرەو هۆڵەکە دەبووەوە، وتی:

"دەی... نامەوێت لەمە پتر بێزارت بکەم."

هەرچەند ناتاشا سووریش هەڵگەڕابوو. بەڵام چاوانی تێبڕی و پرسیی:

"کۆنت..! ئاخۆ من هەڵەم، کە گۆرانی دەڵێم؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"نا! نا! ئەم پرسیارە چییە کە دەیکەیت؟"

ناتاشایش وتی:

"لە راستیدا خۆیشم نازانم بۆ ئەم پرسیارەم کرد! راستییەکەی، نامەوێت کارێک بکەم بە لای تۆوە ناشیرین بێت. چونکە متمانەی بێسنوورم بە تۆ هەیە."

بێئەوەی سوور هەڵگەڕاندنەکەی پییەر، سەرنجی رابکێشێت، لەسەری رۆیشت:

"بەڵێ! ئەو! پۆلکۆنسکی!.. گەڕاوەتەوە بۆ خزمەتی سەربازی! تۆ پێتوایە کە

ڕۆژێک بێت: لێم خۆش ببێت؟ یان پێتوایە هەمیشە رقی لێم دەبێتەوە؟ تۆ پێتوایە: ئەو چۆن بیر لە ئەمە دەکاتەوە؟"

"پرسیارە یەک بەدوای یەکەکانی و، بەو خێراییە، لەبەر ئەوە بوو، کە ئێتر هەلی لەو جۆرەی بۆ نارەخسێتەوە".

پییەریش لە وەڵامیدا وتی،"پێموایە هیچی وای بە دەستەوە نییە، تاکوو لێت خۆش ببێت! من بوومایە لە جێی ئەو ..."

لە ناکاو ئەو قسانە کۆمەڵێک بیرەوەریی وەبیر ناتاشا هێنایەوەو، گەڕاندییەوە ئەو دەمەی، کە پییەر ویستبووی، دڵی بداتەوە و، دڵنەوایی بکات و، پێی وتبوو،"گەر کەسێکی ئازاد و بێ هاوسەر بوایە و، لە چاکترینی پیاوان. ئەوا لەبەر دەمیدا بە چۆکدا دەهات و، داخوازیی دەکرد!"

ویستی هەمان ئەو رستانە لەبەردەمیدا دووبارە بکاتەوە. بەڵام ناتاشا مۆڵەتی نەدا و، هاواری کرد و، زۆر باشیش ددانی بە جێناوی "تۆ"دا نا:

"ئۆو! تۆوا!.. تۆ..! ئەمە شتێکی جیاوازە! منیش لای خۆمەوە، پیاوێکی لە تۆ باشتر و، نیانتر شک نابەم! هەرچەند وەکو زووتر نەمناسی بوویت و، ئێستایش بە باشی تۆ ناناسم: بەڵام هەر بڕوایش ناکەم، کە کەسێکی لە تۆ باشتر هەبێت! نازانم گەر تۆ نەبوبتایە: من چیم بە سەر دەهات! چونکە..."

فرمێسک زایە چاوانی و، ڕووی لەودیو دەفتەری نۆتەکەوە شاردەوە. دواتر کەمێک بۆی جوولا و، دەستی کردەوە بە تەواو کردنی گۆرانییەکە.

لەو کاتەدا پیتیا لەوسەری هۆڵەکەوە بە راکردن هات. پیتیا هەرزەکارێکی پازدە سالانەی شەنگ و نێوچاوان پەمەیی، لێو ئەستوور بوو و، زۆر لە ناتاشای خوشکی دەچوو. هەرچەند کاتی چوونە زانکۆی بوو. بەڵام ئەوە ماوەیەک بوو، لەگەڵ ئۆپۆلنسکیی هاوڕێیدا، لە دانانی پیلانی چوونە خزمەتی سەربازی و، بەشی "سوارە"دا بوون.

هەر لە دوورەوە، پیتیا بانگی پییەری کرد، کە ئاخۆ پرسی بۆ کردووە، کە لە بەشی "سوارە" وەردەگیرێت. یان نا!؟ بەڵام پییەر کە بە هۆڵەکەدا دەڕۆیشت. هەر گوێیشی لەو نەبوو.

ناچار هەر پیتیا گەیشتە لای، قۆڵی راکێشا و، بردییە لاوە و لێی پرسی:

"زۆر باشە..پییەر کیریللیتش: ئەی کێشەکەی من چی، بۆ خاتری ئاسمان!؟ ئاخر هەموو ئومێدی من: تۆ بوویت."

پییەریش لە وەڵامیدا وتـــی:

"ئـۆو! بـەڵێ! کێشەکەی تۆ.. بەشی سواوە!؟ قسەی لـە بارەوە دەکـەم. ئـا! ئـا..! هەر ئەمڕۆیش بۆت دەپرسم و، دوای ناخـەم."

پێتایش وتـــی:

"زۆر باشە ئـازیزەکەم! هیچی ترت نییە، تاکوو پێم بڵێیت؟"

کە بەو شێوەیە پیرە پیاو پێشوازیی ئەوی کرد، ئەویش وتـــی:

"کۆنتیسە چکۆلەکەم، لەگەڵ بنەماڵەی رازۆمۆسکی، لە پیرۆز کردنی ئایینی یـە و، منیش گوێم بۆ نوێژ و پاڕانەوە نوێیەکە گرت و، هەر زۆریش خۆش بوو."

پییەریش هەڵیدایـە:

"بەڵـێ منیش شتێک هەیە دەمەوێت پێت بڵێم.. سبەینێ ئیمپراتۆر لێرە دەبێت. کۆ بوونـەوەی نائاسـاییش دەکرێت: بـە پیاوماقوولان. قسـەیش لـە باجێک دەکـەن، کـە ڕێژەکەی (١%) دەبێت. با ئەوەیشم بیر نەچێت..پیرۆزبایی گەرمیشم هەیە!"

ئەویش وتـی:

"بەڵـێ.. بەڵـێ! سوپاس بۆ خوا! ئەی هەواڵـی سوپـا؟"

پییەر لە وەڵامیدا وتـی:

"لەوە دەچێت سەرلەنوێ پاشەکشەمان کردبێتەوە، تا دەوروبەری سمۆلنسک."

ئەویش وتـی:

"ئـۆی خوایە گیان!... ئەی بەیانەکە؟"

پییەریش وتـی:

"بەیـانەکە! ئـا.. بـەڵـێ پێمە ..."

بـە دەم مـاچ کردنـی دەستی کۆنتیسـەی گـەورەوە ـ کـە دەمێک نـەبوو هـاتبووە ژوورەوە و، دڵـی هـەر لای ناتاشـای کچـی بـوو. چونکـە وەکـو لـە گـۆرانی وتـن کەوتبوو، هەر نەیشدەهاتە هۆڵەکەوە ـ کەوتە پشکنینی گیرفانەکانی.

کە بۆی نەدۆزرایەوە، لەبەرخۆیەوە وتـی:

"ئـەڕێ خۆ نازانم، هەر لە کوێیشم دانـاوە!"

کۆنتیسیش وتـی:

"ئـای لە تۆیش! هەر خەریکی شت ون کردنیت!"

هـەر لـەو کاتـەدا ناتاشـا، بـە ڕوویـەکی پڕ سـۆزەوە، هاتـە ژوورەوە و، لـە نزیـک پییەرەوە دانیشت و، بێ ئەوەی هیچ بڵێت: لە پییەری دەروانـی. بـە هاتنـە ژوورەوەی

ئەو مۆنی و گرژی لە رووی پیرەر هەڵگیرا و، چاوانی دەگێڕا و، چەندین جار لە کچەکەی روانی.

تاکوو دواجار پیرەر وتی:

"بێگومانم کە لە ماڵەوە بیرم چووە! هەر ئێستا دەچم دەیهێنم..."

کۆنتیسیش وتی:

"بەڵام لە نانخواردنەکە دوا دەکەوێت."

پیرەریش وتی:

"ئۆوو! تۆ راست دەکەیت. دوای ئەوە گالیسکەوانەکەیشم لێرە نییە."

سۆنیایش بە نێو شتومەکەکانی پیرەردا، کەوتە گەڕان بۆ بۆ بانگەوازەکە. لە نێو شەپقەکەیدا، دۆزییەوە. هەر دایەوە دەستی. ئیدی پیرەر کەوتە خۆیەتا بۆیان بخوێنێتەوە.

پیرە کۆنت بە خۆشحاڵییەوە، کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ گوێگرتن.

بەڵام دواجار وتی:

"نا! نا! پەلە مەکەن و، دوای نانخواردنەکە، بیخوێننەوە."

ئەمجا لە سەر خوانەکە و بە خۆشیی شۆڕە سواری خاوەن مەدالیای خاچی "سان جۆرج"ەوە، کەوتنە هەڵدانی شامپانیا.

دواتر شینشین، کەوتە باس کردنی هەواڵەکانی شار:

"نەخۆشکەوتنی خاتوو پیرەژنە جییۆرجیین.. ونبوونی میتیڤییە. لەگەڵ چیرۆکی ئەو پیرەمێردە ئەڵمانییەی، هێنایانە بەردەم رۆستۆبشین و، بە سیخووڕ وەسفیان بۆ کرد، نەدەهاتنەوە. ئەویش لای خۆیەوە، پیرەمێردەی ئازاد کرد و، خەڵکەکەی تێگەیاند کە ئەم جۆرەی سیخووڕان، ژەهریان نییە و زیانبەخش نین.

کۆنت هەڵیدایە:

"بەڵێ! بەڵێ! دەستیان بەسەر ئەمانەدا گرتووە! دەستیان بە سەر ئەمانەدا گرتووە! ئای چەندە، لە کۆنتیسە پارامەوە، هێندە و بەو بەر فراوانییە، بە فەڕەنسی نەدوێت." شینشینیش وتی:"ئاخۆ دەزانن میر جۆلیتسین، پەروەردەکارێکی رووسیی بەکارهێناوە؟ بەڵێ مامۆستا پەروەردکارەکەیش، بە زمانی رووسی وانەکانی دەڵێتەوە. وای لێهاتووە لە شەقامەکاندا، قسە کردن بە زمانی فەڕەنسی، جێی مەترسی بێت."

پیرە کۆنتیش وتی:

"ئـای..! بەڵام پییەر کیریللیتش، گەر ئـەوان میلیشـیای چەکدار بـەکار بێنن، ئـەوا تۆپش ناچار دەبیت، سواری ئەسپ ببیت و، ببیتە سوارە."

پییەریش کە تا ئەو دەمە، نووقمی بیر کردنەوەی خۆی بوو. بـە جۆرێک لـە پیرە کۆنتی ڕواڵنی، هـەر وەکو ئەوەی، تێی نەگەیشتبێت.

ئەمجا بە ئاگا هاتەوە و، وتـی،"ئـۆو! بەڵـێ! کاتی چوونـە شـەڕ هـاتووە. منیش ڕوخسـارێکی جـوان دەبـم، تێیدا. بـە هـەرحاڵا شـتەکان زۆر سـەیرن!! وام لێهـاتووە خـۆم ناناسـمەوە! هـیچ ئامادەباشـییەکی وایشـم تێدا نییـە، بـۆ بوونـە سـەرباز. لـە ئێستایشدا کەس وەڵامی پێ نییە."

دوای نانخواردن، کۆنت لەسـەر قەنەفەیـەک پاڵی دایـەوە و، لەبـەر ئـەوەی سـۆنیا خوێندنەوەکەی باش بوو. تکای لێ کرد کە ئەو بانگەوازەکە شاهانەیە بخوێنێتەوە.

سۆنیایش دەستی پێ کرد:

"بـۆ شـاری مۆسـکۆ.. یەکـەمین پایتـەختمان! دوژمـن بـە سـوپایەکی زەبـەلاحەوە، سـنووری ڕووسـیای بەزاندووە. بۆیـەیش هـاتووە تـا نیشـتمانە خۆشەویسـتەکەمان، خـاپوور بکات..."

سـۆنیا بـە دەنگـە ناسـکەکەی و، زۆر بـە بایەخـەوە دەیخوێنـدەوە. کـۆنتیش بـە چـاوانی نیمچـە نیشـتووەوە، گـوێی گرتبـووو و، جاروبـاریش هەناسـەیەکی قوواڵـی هەڵدەکێشـا. ناتاشـایش بـە بـاڵا قەشـەنگەکەیەوە: دەمێـک سـەرنجی کـۆنتی دەدا و، دەمێکیش سەرنجی ئەو پییەرەی کە سەرنجەکانی ئەمی دەبینی خۆی لێدەدزییەوە.

کۆنتیسـەیش هـەر کـە لـەو ڕسـتە پفدراوانـەی بانگەوازەکـەی دەبیسـت، سـەری ناڕازی بوونی بادەدا. ئەو مەترسیانەی کە تووشی کوڕەکەی دەبـوو کۆتـایی هـەموو شتەکان نەبوو. لەو هەموو ڕستانەیش هەر هێندەی لێ تێگەیشتبوو.

شینشینیش لێوی هەڵدەقورچاند و، بزەیـەکی وای بـۆ دەکرد، کـە دەری بخات لـە یەکـەم مۆڵـەتی دوای خوێندنەوەکـە، ڕەخنـەی خـۆی دەبێت. جـا هـەر هیچی دەسـت نەکـەوت ڕەخنـەی لـێ بگرێـت. پـەلاماری شـێوە خوێندنەوەکـەی سـۆنیای دا. یـان مامەڵەی کۆنت لەگەڵ بانگەوازەکە.

دوای خوێندنـەوەی ئـەو کۆپلانـەی کـە ڕووسـیای خسـتووەتە مەترسـییەوە. هەروەها ئەو کۆپلانەیش، کە تێیدا ئیمپراتۆر لە مۆسکۆقییەکانی ئومێد دەکات و، بـە تایبـەتیش لـە پیاومـاقوولانی. دەنگـی بـە جۆرێـک گـڕ دەکـردەوە. تـا سـەرنجیان ڕابکێشێت.

سۆنیا بەم چەند دێڕە، کۆتایی بە بانگەوازەکە هێنا:

"ئێمە لەوە دواناکەوین کە لە نێو گەلی خۆماندا و، بە تایبەتی ئەم پایتەختە و، شوێنەکانی تریشدا، خۆمان دەربخەین بۆ راوێژ کردن و، سەرکردایەتی کردنی خۆ بەخشەکانمان، لەوانەی کە تا ئێستایش بەریان بە دوژمن گرتووە. لەوانەی کە خۆیان رێک دەخەنەوە، تاکوو لە هەر شوێنێک دوژمنی لێ بێت، پەلاماری بدەن و، بەڵایان بە سەردا ببارێنین. لەوەیش دوا ناکەوین کە هەموو ئەوروپا، جۆش بدەین و، بە نێوی رووسیاوە، لە کۆیلایەتی رزگاریان بکەین."

کۆنت هاواری کرد:

"بە راستی بانگەوازێکی تا بڵێی قەشەنگە! "

ئەمجا پێڵوی چاوەکانی، بڵندتر کردەوە و، چەند پرخەیەکی بۆ کرد و، وەکو ئەوەی خوێیان بە لوتیدا دابێت.

لەسەری رۆیشت:

"هەر هێندە ئیمپراتۆر بڵێت: ئادەی. ئیدی بێئەوەی گوێ بە هیچ بدەین. خۆمانی لە پێناودا بەخت دەکەین."

بێئەوەی ناتاشا بهێڵێت شینشین، فریا بکەوێت، وەسفی نیشتمانی بوونی کۆنت بکات، باوەشی بە باوکیدا کرد و وتـــی:

"ئای.. بابە گیان، تۆ چەندە نیانیت!"

ئەمجا بە نازێکی بێ مەبەستەوە، لە پییەری رووانی و، ئەمیشیان لە سەر ئەو نازەی ناتاشا، راهاتبوو.

شینشین وتـــی:

"پەلەم لێ مەکە ئەی هاوڵاتییە چکۆلەکە."

ناتاشایش بە لاقرتێوە وتـــی:

"بەڵام نەخێر..ئای! ئای! تۆ هەمیشە گاڵتەم پێ دەکەیت! بەڵام من بە گاڵتەم نییە."

کۆنتیش وتـــی:

"کارەکە پڕوپاگەندە نییە. با تەنیا یەک وشەمان پێ بڵێت! ئیدی هەموومان ئامادەین و، بۆی دەڕۆین! ئێمە.."

پییەر هەڵیدایـــە:

"تۆ سەرنجی ئەوەت داوە کە لە بانگەوازەکەدا باس لە راوێژ کردنیش دەکات؟"

ئەویش وتـــی:

"جا ئەوە چ بایەخێکی هەیە؟"

هەر لەو کاتەدا پیتیا ـ کە تا ئەو کاتە کەسیان رووبان نەدابوویە ـ بەرەو لای باوکی چوو و، بە دەنگێکی پچڕپچڕی، کەمێک ترسناکەوە وتی:

ـ باشە بابە گیان، ئێستا شتێکت بۆ دەردەخەم! هەروەها بۆ دایکیشم! ئیدی ئەویش چۆنی لێک دەداتەوە.. ئەوە ئارەزووی خۆیەتی! ئەوەتان بۆ دەردەخەم کە پێویستە رێم پێ بدەن.. بڕۆم بۆ خزمەتی سەربازی. چونکە ئیدی ناتوانم لەمە پتر دوا بکەوم. ئەمەیش هەموو شتەکەم بوو.

کۆنتیسەی دایکی بە ترس و بیمێکەوە، چاوانی هەڵبڕی و، دەستی لەسەر دەست دانا و وتی،"هەمیشە دەمویست کارەکە بە ئەمە نەگات!"

بەڵام کۆنتی مێردی و، باوکی پیتیا، وەکوو ئەو، باسەکەی بە خەمەوە وەرنەگرت و وتی:

"دەی..! دەی..! کوڕی من.. کەرە کەر مەکە! سەرنجێکی خێرای خۆت بدە.. ئەی جەنگاوەرە شۆخ و شەنگەکە! باشتر وایە تۆ خوێندنەکەت، تەواو بکەیت."

پیتیایش هەڵیدایە:

"ئەمەی وتم.. کەرێتی نییە: باوکە! خۆ ڤیدیا ئۆبۆلنسکی، لە منیش منالا ترە.. کەچی دەبێتە سەرباز! بە هەرحالا، من ناتوانم خوێندنەکەم تەواو بکەم.. لە کاتێکدا..."

کتوپڕ بێدەنگ بوو. سوور هەڵگەڕابوو. چاوانیشی خوێنی تێزابوو.

دیسان لە سەری رۆیشت و وتی،"بە تایبەتی کە ئێستا نیشتمان لە مەترسیدایە!"

باوکی هەڵیدایە:

"بەسە... بەس!! ئای! ئەمە لە کەرێتی بەولاوە هیچی تر نییە!"

پیتیایش وتی:

"بەڵام خۆ ئەوە هەر تۆ بووی، کەمێک لەمەوپێش وتت: هەموو شتێک دەکەینە قوربانی نیشتمان!"

کۆنتیش کە بینیی، کۆنتیسە: زەرد هەڵگەڕاوە و، لەم کوڕە بچووکەی دەڕوانێت، قیژاندی،"پیتیا بێدەنگ بە!"

پیتیایش وتی:

"رێم بدەن با پێتان بڵێم و، سووریش دەزانم کە پییەریش پشتگیریم دەکات..."

باوکی قسەکەی پێ بڕی:

"وتم: دەمت دابخە!! ئەمانە کەریتین! تۆ ئیستایش بۆنی شیری خاو، لە دەمت دێت! کەچی دەتەوێت ببیتە سەرباز! بەسییەتی! ئاخر شتەکە وانییە: خەڵکینە؟"

ئەمجا بانگەوازەکەی هەڵگرت و بە پیرەری وت:

"پیرەر کیریللتیش، واباشە برۆین پێکەوە پایپ بکێشین."

پیرەریش زۆر پەشۆکابوو. چونکە کەمێک پێشووتر ناتاشا، چاوی تێ برِی بوو و، پێوەی دیاربوو، کە بە لاوولوی ئەمدا دەهات.

ناچار وتی:

"بمبەخشن..! دەڕۆمەوە بۆ ماڵەوە!"

کۆنتیش سەرنجێکی ناتاشای دا و، بە پیرەری وت:

"شتی وا چۆن دەبێت! خۆ تۆ جاران، تا درەنگانێکی شەو، لامان دەمایتەوە! ئەوەتا بەم دواییانە: درەنگ درەنگ سەرمان لێ دەدەیت! لە کاتێکدا خۆیشت ئەوە باش دەزانیت، کە ناتاشا زۆر دڵی بە تۆ دەکرێتەوە."

پیرەریش خێرا وتی،"بەڵێ! بەڵام من بیرم چوو بوو! هەرچۆنێک بێت، دەبێت بگەڕێمەوە... کارێکی فرەم بە سەردا کەوتووە."

کۆنتیش هەنگاوێک چووە دواوە و وتی:

"زۆر باشە..! کەوابوو خوات لەگەڵ."

ناتاشایش سەرنجێکی بوێرانەی پیرەری دا و پرسیی:

"بۆ دەڕۆیت؟ ئەی ئەوە بۆ شڵەژاویت! بۆ؟"

پیرەریش زۆر حەزی دەکرد، وەڵامی بداتەوە و بڵێت: "چونکە تۆم زۆر خۆشدەوێت!" بەڵام نەیتوانی ئەمە بڵێت و، سوور هەڵگەڕا و، سەری داخست.

لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"وا باشە هامشۆی ئێرە کەمتر بکەمەوە. بەڵام ئەمجارەیان کاری زۆرم هەیە."

ناتاشایش پرسییەوە،"بۆچی؟ دەی.. هەر ئێستا هۆیەکەیم پێ بڵێ!"

هەرچەند لە پێشەوە زۆر سوور بوو، لەسەر بیستنی وەڵامەکەی ئەو. بەڵام لە ناکاو بێدەنگ بووەوە.

بە پارێزەوە لە یەکتریان ڕوانی و، پیرەر وێستی بزەی بۆ بکات. بەڵام دیاردەی نەوێرانی پێوە دیار بوو. ئەمجا دەستی ناتاشای ماچ کرد و، بە بێدەنگی ڕۆیشت و لە بەر چاویان ون بوو. لە دڵی خۆیشیدا بڕیاریدا: هەرگیز جارێکی دی، سەر نەکاتەوە، بە ماڵی ڕۆستۆڤەدا!

بەشی بیست و یەك
ئیمپراتــۆر لە مۆسكۆدا

دوای ئەوەی داواكارییەكەی پیتیا، پەسەند نەكرا: خۆی لە ژووڕەكەی خۆی توند كرد، تا بە خوڕ بۆ خۆی بگری. كاتی چاخواردنەوە، بە چاوی سوور هەڵگەڕاو و، دڵێكی تەنگەوە دەركەوتەوە، ئەندامانی خێزانەكەیشی، وایان پیشاندا كە هیچێك لەو دیاردانەیان پێوە نەدیوە!

بــەیانیی ڕۆژی دواتــر، ئیمپراتــۆر گەیشــت. زۆرێــك لــە خزمــەتكارانی بنەماڵــەی ڕۆستۆڤ، داوای مۆڵەتیان كرد، بــۆ ئەوەی خــۆیان بگەیەننە دەروازەی شار. تــا لــە كاتی هاتنە ناوەوەی ئیمپراتۆر بۆ مۆسكۆ، ببینن.

ئەو بەیانییە پیتیا لــە خۆ گۆڕین و ســەرداهێنان و، لــە ملكردنی بۆینباخ لــە ســەر شــێوەی پیاومــاقوواڵان، پێــی چــوو. لەبــەر ئــاوێنە باڵانماكەیشــدا، بــڕۆكانی یــەك هێنایــەوە و، وا خــۆی پیشــاندا، كــە كەســێكی زۆر لــە خــۆی بــە تەمــەنترە. دواتــر شەپقەكەی لە ســەر كردەوە و، لە ڕاڕەوی خزمەتكارانەوە چووە دەرەوە، بێ ئەوەی كەس بدوێنێت. بڕیاریشــی دابــوو، خــۆی بگەیەنێتــە شــوێنی حەوانــــەوەی ئیمپراتــــۆر. لەوێیشــەوە خــۆی بگەیەنێتــە یــەكێك لــە یــاوەران و، نــزیكانی ئیمپراتــۆر و، بوێــرانە قســەی لەگەڵ بكات و، تێی بگەیــەنێت كــە ئــەویش یەكێكــە لــە بنەماڵــەكەی ڕۆســتۆڤ

و، هەرچەند بە تەمەن منالّە! بەڵام زۆر ئـارەزووی خزمەت کردنی نیشتمانییەتی و، ئـامادەیە...

بەکورتییەکـەی، رسـتەیەلێکی زۆر جـوانی ئامـادە کردبـوو، تـا بـەو یـاوەرەی ئیمپراتۆری بڵێت، کە بـۆی ڕێک دەکـەوێت قسـەی لەگەڵ بکات. وایشـی دانـابوو، کـە تەمەنە کەمەکەی، هەمووان سەرسام دەکات و، هـەر لەبەر ئەمەیش، پەلە دەکـەن بـۆ ئەوەی بیگەیەننە بەردەم ئیمپراتۆر.

خۆیشـی بـە هـۆی بـە ئـارامی ڕۆیشـتن و، ریکخسـتنی بۆینباخ و، شـێوەی سـەر داهێنانەکەیەوە، کارێک دەکات، کە لـە پیـاو بچێت! خـۆ ئەگـەر لـە هـەڵس و کـەوت و، ڕۆیشتنیدا، ئەم هونەرە بنوێنێت، ئـەوا خەڵکەکـەیش خۆیـانی لـێ بـە دوور دەگـرن و، سڵی لێ دەکەنەوە!

هـەر کـە لـە کریملینیشـەوە نزیـک بـووەوە، بـە وریاییـەوە بـە ڕێدا ڕۆیشـت، هـەڵ نەخلیسکێت و، بـە ئانیشکەکانی دڕی بـە ئـاپوورەی خەڵکەکـە دەدا و، ڕێی بـۆ خـۆی دەکردەوە. تەقـەلای زۆری دا و، گەیشـتە سـێ کوچکەکـە و، لەوێدا بـە هـۆی هـاتنی ڕەوێـک گالیسـکەی بـــە ژاوە و، تـــەق و هـــوڕ و، زۆریـــی خەڵکەکـــەوە. ئـــەمیان بـــە دیـــواری شۆسـتەکەوە نووسـاند و، نەیانـدەزانی کـە خـاوەنی ئـەو لـەش و لارە، ڕێکپۆشە چ دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیی نیشتمانی هەیە! بێباکانە وێڵیان کرد!!

پیتیـا ویسـتی گـوێ بـەو ڕەوە گالیسـکە و، سـەربازە پیادانـە نـەدا و، دڕێـژە بـە ڕۆیشتنەکەی خۆی بدات و، کەوتەوە جوڵاندنی دوو ئانیشکی. بـەڵام یەکـەم کەسـێک کە بەردەمی گرتبوو، ژنێک بوو.

ئەو ژنە بۆی هەڵگەڕایەوەو بە سەرزەنشتەوە پێی وت:

"هـــا.. ئاغـا چکۆلـە! کـەمێک لـەو پاڵنانـەت کـەم بکـەوە. ئـەوەتا خۆیشـت دەبینیت، خەڵکەکە ناجوڵێن. بۆیە دەبێت تۆیش ئارام و لەسەرخۆ بیت."

خزمەتکارێکیش لەولایەوە وەستا بوو وتـــی:

"بێگومان راست دەکات. خۆ گەر تۆ پاڵ بنێیت. خەڵکەکەیش وەکو تۆ دەکەن."

پیتیایش قسەکەی ئەوی تاقی کردەوە و، پاڵێکی نا. ئەوانیش پاڵیـان بـە خۆیـەوە نایەوە و، لە دەرگایەکیان توند کرد، کە بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات.

پیتیـــایش ئارەقـــەی نێوچـــاوانی ســـڕییەوە و، ئـــەو بۆینباخـــەی کـــە وەکـــو پیاوماقوولان بەستبووی، ڕێک یخستەوە.

ئیدی لـە پیاومـاقوول نـەدەچوو و، پێیشـی وابـوو، گـەر بـەم شـێوەیەی ئێستایەوە

خۆی بگەیەنێتە هەر یاوەر و نزیکێکی ئیمپراتۆر، یارمەتیی نادات و، ئامادە نابێت ببیاتە بەردەم ئیمپراتۆر.

ئەو ئاپوورە خەڵکەی کە ڕێی نەدا لە پیاوماقوول بچێت و، بۆینباخەکەی بە دڵی خۆی بێت... زیپشی نەدا، لەم ئاپوورەیە ڕزگاری ببێت. لە نێو ئەو ژەنەرالانەی بە بەردەمیدا تێ دەپەڕین، ناسیاوێکی بنەماڵەکەی خۆی بینی. خەریک بوو، داوای یارمەتیی لێ بکات. بەڵام وا بە خەیاڵیدا هات، کە ئەو کارە بۆ کەسایەتییەکی وەکو ئەو، شیاو نییە.

ڕیزە دوور و درێژەکەی گالیسکەکان، کۆتا بوو. هووترەی پاڵنانێکی بە هێز پێتیای گەیاندە، گۆڕەپانێکی ڕەشەوەبوو، بە خەڵک و، هەر لە گرد و لاپاڵە ڕەشەوەبووەکانی دوور دەچوو. بە گەیشتنە ئەو شوێنەی پێتیا، گوێی بە زرنگەی زەنگەکان و، غەڵبە غەڵبی خۆشی و شادیی، خەڵکەکە زرنگایەوە. لە ناکاو هووترەی پاڵێکی تر، تەنگی پێ هەڵچنی و، تەنگەنەفسی کرد.

خەڵکەکەیش بە یەک دەنگ هاواریان دەکرد:

هووورا..! هووورا!

هەرچەند پێتیا چووە سەر نووکی پەنجەکانی و، ملی بڵندتر کردەوە. بەڵام لە دەوروبەری خۆی بەولاوە، هیچی دیی نەبینی. هەموو ڕوخسارەکان، یەک سۆزو یەک پەرۆشییان لەخۆ گرتبوو.

ژنە فرۆشیارێکیش، بە کوڵ دەگریا و، فرمێسکی دەڕشت و، فرمێسکەکانی سڕییەوە و وتی،"باوکە گەورەمان هاوار! پادشامان! هاوار!"

ئەمجا هوتاف کێشان لە هەموو لایەکەوە بڵند بووەوە:

هووورا..!!

دوای وەستانەوەی کەمی، ئاپوورەی خەڵکەکە. دیسانەوە پاڵدرانەوە بەرەو پێش. پێتیایش بە هەژاوییەکی فرەوە، پاڵدرایەوە. ناچار دانەکانی جیڕ کردەوە و، وەکوو ئەوەی بە پەلامارێکی لە ناکاو، خۆی بکاتە قوربانیی ئەو خەڵکە ماندووە. بە تایبەتیش کە لە ڕوخساری خەڵکەکەی دەڕوانی و، دەیبینی ئەوانیش وەکوو خۆی هەژار بوون و، لە تەکانی بەرەو پێشچووندا بوون و، پێکەوە هاواریان دەکرد:

هووورا..!

پێتیایش بە خۆی وت:

"کەوابوو ئەمەیە ئیمپراتۆر! بەو خوایە زۆر سەختە، لە بارو دۆخێکی ئاوادا،

هەرچەندەیش بوێریش بم، مەحاڵە بتوانم داواکاریەکەی خۆمی پێ بگەیەنم!

ئیدی ئەویش بە بێزارییەوە، کەوتە پاڵنان. لەسەرشانی خەڵکەکەوە روانی و، گۆڕەپانێکی چۆڵی بینی. ڕاڕەوێکی سووری لەسەر کێشرابوو. دیاربوو ئاپوورەی خەڵکەکە، سنووری دیاری کراوی خۆی بەزاندبوو.

بۆیە لە ناکاو، خەڵکەکە بە دوادا هاتنەوە. ئیمپراتۆریش لە کۆشک هاتبووە دەرەوە و، بەرەو "کاتدرائیبەی ئەسۆمسیۆن ـ گواستنەوەی پاکیزە" بوو بووەوە. لە ناکاو بە قەبرغەی پیتیادا کێشرا و، هێندە بە تووندی بوو، کە چاوی بە گێژەوە چوو و، بوورایەوە.

کە بە ئاگا هاتەوە، مجێورێکی چاکەت کورتی کلکداری لاجانگ سپیی بینی. پێوەی دیار بوو، کە خزمەتکاری کڵێسە بوو. دەستێکی دابووە بن باڵی و، بە دەستەکەی تری، خەڵکەکەی لێ دوور دەخستەوە.

ئەمجا وتـــی:

"ئـــەم بەڕێزە چکۆلەیەیان: کردووە بە ژێر دەست و پێـوە! کەمێک بەزەییتان هەبێت! دەی... بوەستن!... ئەم داماوەیان شێلاوە..!"

ئیمپراتۆر گەیشتە کاتدرائیە و، خەڵکەکە کپ بوونەوە. مجێوری کڵێسەکە توانیی پیتیای شینبووەوەی، تەنگە نەفەس، بگەیەنێتە شای تۆپان! ئەو تۆپەی نزیک بە دەرگای قدیس نیکۆلا بوو و، لە سەدەی (١٦)دا دانرابوو و، کێشەکەی (١٩٦٠٠٠٥) کگم بوو. بە هۆی قورسییەکەیەوە ناو نرابوو شای تۆپان.

سۆزی خەڵکەکەی دەوروبەری پیتیا بزوا و، بە پەلە خۆیان گەیاندێ. یەکێکی نزیکی گەیشتە لای و، قۆپچەکانی کردەوە و، لە سەر لایەکی بنکەی شای تۆپەکە داینا و، خەڵکەکەیش کەوتنە جنێودان، بەو کەسانەی، ئەم کۆڕەیان شێلاوە.

یەکێک هەڵیدایـە:

"لە کاتێکدا کە ئەم کردەوە خراپەیان، بەرامبەر بەم منالە کردووە.. دەیانتوانی بە ئاسانی ڕێیەکە ببڕن. فەرموو بیهێننە بەرچاوتان! ئەمە بە بیری کەسدا نەهاتووە. ئەم کارە کوشتنێکی ڕاستەقینەیە! فەرموو ئەم کۆڕە چکۆلە لە بەردڵانە، بووە بە پارچە قوماشێکی سپیی بێگەرد."

هێندەی پێنەچوو پیتیا، بە خۆیدا هاتەوە و، کەمێک ڕەنگ و ڕووی کرایەوە و، ئازارەکانی شکا. بە هۆی ئەو کارەساتەی بە سەری هاتبوو، شوێنێکی باشی سەر تۆپەکەی، دەست کەوتبوو. بۆیە بە ئومێدی بینینی ئیمپراتۆر بوو، لە کاتی

گەڕانەوەیدا. بەڵام لە بارەی داخوازییەکەیەوە، هاندەرێک نەمابوو، تا وەبیر خۆی بێنێتەوە. تەنیا بینینی ئیمپراتۆری بەس بوو، بۆ ئەوەی دڵی خۆش ببێت.

خەڵکەکە لە کاتدرائییەدا، خەریکی ڕێ و شوێنی، پیرۆز کردن و، شوکرانە بژێریی بوون، بە گەڕانەوەی ئیمپراتۆر و، مۆر کردنی پەیمانی ئاشتەوایی، لەگەڵ تورکیادا. ئەمجا بڵاوەیان لێ کرد.

جارچییان دەبینران، کە فەرموویان لە خەڵکەکە دەکرد، بۆ خواردنەوەی شەرابی "کەڤاس" و تۆو گوڵاڵە تروکاندن. پیتیایش، زۆری حەز لە تروکاندنی ئەو تۆو گوڵاڵەیە بوو.

وتوێژی ناشیرین لە دەورو بەری دەکرا و، فرۆشیارێکی ژن، شاڵەکەی پیشانی یەکێکی تر دەدا و دەیوت: زۆر گران لە سەرم کەوتووە.

یەکێکی تر دەیوت:

"ئەمڕۆ قوماشی ئاوریشم لە کڕین نایەت!"

مجێوری کڵێسەکەیش، قسەی لەوە دەکرد، کە لە ڕێ و ڕەسمی پیرۆز کردنەکەدا، چەندین کەسایەتیی بە نێوبانگ، بەشداریان لەگەڵدا کردووە! چەند جارێکیش زاراوەی گەورە قەشەی بە کارهێنا و، نە پیتیا و، نە ئەو دوو لاوەی ئەولایانەوە، کە خەریکی دەستبازی بوون، لەگەڵ ئەو دوو کارەکەرەی کە بستەیان دەتروکاند، لەو قسانەی مجێورەکە نەگەیشتن.

ئەم هەموو دیمەنانەو، ئەو دوو لاو و، دوو کارەکەرە، بستە تروکێنەکە، کە هەر کەسێکی تر، لە شوێنی ئەوان بوایە.. هەروای دەکرد، کاری لە پیتیا نەکرد و، بە سەر لوولەی تۆپەکەدا نووشتابووەوە و، لە عیشقی بینینی ئیمپراتۆردا بوو و، ساتەوەختی بوورانەوەکەی و، ترسەکەی لەو قەرەبالغییەکە، هێندەی تر وڕەی پێ بەخشی بوو. وای لێ کردبوو، بینیی ئیمپراتۆری، بەلاوە نگینێک بێت و، ئەو ڕووداوانەیش بچنە شوێنی چێژداری بیرەوەریەکانییەوە و، هەرگیز بیر نەچنەوە!

لە ناکاو بە دڕێژایی شۆستەی ئەو شەقامەی سەر کەنارەکە، گرمەی تۆپ هات. ئەوەیش بە بۆنەی مۆر کردنی، ئەو پەیمانی ئاشتەواییەوە بوو، لەگەڵ تورکیادا. خەڵکەکە هەموویان بەرەو کەنار کەوتنە ڕاکردن و، پیتیایش، ویستی وەکو ئەوان بکات، بەڵام ئەو مجێورەی کە سەرپەرشتیی دەکرد، ڕێی پێنەدا.

هێشتا گرمەی تۆپەکان کپ نەبوو بووەوە، کە بڕێک ژەنەراڵ و ئەفسەر و، پیاوانی دەربار بینران، بە خێرایی لە کاتدرائییەکە هاتنە دەرەوە و، چەند کەسایەتی

تریش، بە دوایاندا و، ئەوانی پێشوو وەکو ئەمان، پەلەیان نەبوو. کەسەکان چڕتر بوونەوە و، خۆ تێهەڵقورتێنەرەکانیش، جاریکی تر، بەرەو گۆڕەپانەکە گەڕانەوە. دواجار چوار کەسایەتیی باڵای، قردێلە بە سەرشانی بەرگ فەرمی، لە حەوشەی کڵێسەکەدا بینران.

جەماوەرەکە جارێکی تر هاواریان کردەوە:

هـــوورا..!!

پیتایش لە یەکێکی لای خۆیی پرسی:

"کامەیان خۆیەتی! کامەیان؟"

بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە و، خەڵکەکەیش زۆر سەرقاڵ بوون. ناچار بە چاوی بە فرمێسکەوە، خۆی یەکێکیانی هەڵبژارد و، چاوی بە پەرۆشی تێبڕی! هەرچەند هەڵبژاردنەکەیشی هەڵە بوو و، ئەوە ئیمپراتۆر خۆی نەبوو!

کەچی خۆی بۆ نەگیرا و هاواری کرد:

هـــوورا..

هەر لەوێیشدا، بڕیاری بە خۆی دا، کە لە سوپادا خۆی ناونووس بکات و، ببێتە سەرباز! چی دەبێت، با ببێت!!

دوای ئەوەی کە جەماوەرەکە، تا بەر کۆشک بە دوای ئیمپراتۆرەوە بوون و، بە دوایدا رایان دەکرد، ئەو گەیشتەجێ و، ئەمانیش بڵاوەیان لێ کرد.

کات درەنگ بوو و پیتیا، هیچی نەخواردبوو. ئارەق بە نێوچاوانیدا دەهاتە خوارەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا، بیری لە چوونەوە بۆ ماڵ نەکردەوە. بە درێژایی کاتی نانخواردنی ئیمپراتۆر، ئەویش وەکو جەماوەرەکە، لە گەڕاندا بوو بەو ناوەدا. ئیرەیی بە میوانەکانی دەوروبەری ئیمپراتۆر و، تەنانەت ئەو خزمەتکارانەیش، کە بە دەوری ئیمپراتۆرەوە بوون و، خزمەتیان دەکرد و، لە پەنجەرەکەوە دیار بوون، دەبرد.

ڤالۆییڤ بە دەم نانخواردن و، سەرنجدانی پەنجەرەکەوە وتی:

"تا ئێستایش گەل چاوەڕوانی بینینی خاوەن شکۆ دەکەن."

دوای نانخواردن، ئیمپراتۆر بەرەو بانێژەکە چوو و، پارچە پسکیتێک هەر لە دەمیدا بوو و، خەڵکەش بەرەو ئەو پەنجەرەیەی، ئەوی لێوە دیار بوو، رایان کرد.

پیتایش لەگەڵ جەماوەرەکەدا هاواری کرد:

"ئەی پادشامان! باوەمان!! هـــوورا! ئەی بابە گیان..!"

سەر لە نوێ، ژنان و پیاوان هەژان و، بۆ بینینی ئیمپراتۆر، بە پەرۆش بوون. پیتیا لە نێوانیاندا، فرمێسک زابووە چاوانی.

پارچەیەکی گەورەی پسکیت، لە دەمی ئیمپراتۆر، کەوتە خوارەوە و، کەوتە سەر ستارەی بانیژەکە! دەستی بۆ برد، تا هەڵی بگرێتەوە. بەڵام لەوێش کەوتە خوارەوە.

گالیسکەوانیکی پاڵتۆ گەورە، لە شوێنی پارچە پسکیتە کەوتووەکەوە، نزیک بوو و خۆی گەیاندێ و، زۆر بە پەلە هەڵی گرتەوە و، چەند کەسێکی دی خۆایاندا بە شوێنەکەیدا.

کە ئیمپراتۆریش ئەوەی بینی، گەڕایەوە ژوور و، پاکەتێک لەو پسکیتەی هێنایە دەرەوە و، بە مشت لێی هەڵدایە خوارەوە، بۆ جەماوەرەکە.

پیتیایش بە چاوانی پڕ فرمێسکەوە، بەرەو پێشەوە چوو، تا هەرچۆنێک بووە، پارچەیەک لەو پسکیتەی ئیمپراتۆری دەست بکەوێت!

پیرەژنێک لەولایەوە، پەلاماری پارچە پسکیتێکی دا و، دەستی نەگەیشتێ و، کۆڵی نەدا. ناچار پیتیایش ئەژنۆیەکی لێدا و، خۆی هەڵی گرتەوە.

هەر بە ئارەزوو وێستی هەستی خۆی دەربڕێت، هاواری کرد:

هـــوورا..

ئیمپراتۆر ون بوو و، خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد و، تێیاندا بوو دەیوت:

"خۆم لێم روون بوو، کە پێویستە چاوەڕوانی بین! ئەوەتا کە بە هەڵەدا نەچوو بووم."

تەواو بوونی بۆنەی ڕۆژەکە، خۆشییەکەی لێ تێکدا. بەڵام بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە هەر نەدا. سەرێکی لە ئۆبۆلنسکیی هاوڕێی دا، ئەوەی کە لە خۆیشی کەمێک منداڵتر بوو و، ئەویش خوازیاری هەرچی زووتری، بوونە سەرباز و، وەرگرتنی بوو، لە فەوجی سوارەدا.

هەر کە پیتیا گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، پێی ڕاگەیاندن، کە ئەگەر رێی پێ نەدەن، ببێتە سەرباز، ئەوا ناچار دەبێت لە ماڵەکە هەڵ بێت!

بۆ بەیانیی ڕۆژی دواتر ـ هەرچەند پیرە کۆنت بە دڵیشی نەبوو ـ لە شوێنێکی وای سوپا دەگەڕا، کە کەمترین مەترسیی لەسەر بێت، تاکوو پیتیای کوڕی تێدا ناونووس بکات.

بەشی بیست و دوو
وتوویژی پیاوماقوولان

ڕۆژی دواتر کە پازدەی تەمووز بوو. گالیسکەیەکی زۆر، لەبەر دەرگای کۆشکی سلۆبۆدسکیدا وەستان. هۆڵەکان بە خەڵکێکی فرە سیخناخ بوو بوون. یەکەمین جار بە بەرگە فەرمییەکانیانەوە بوون و، دواجاریش بازرگانە ڕدێن درێژەکان، بە مەدالیا شۆڕەوەبووەکەی بەرۆکیانەوە، پەیدابوون. هۆڵی پیاوماقوولان جمەی دەهات. کەسایەتییە هەرە بە نێوبانگەکانیان لە دەوری مێزەکان دانیشتبوون. ئەوانی تریش، بە هۆڵەکەدا هەر دەهاتن و دەچوون.

پییەر تێکەڵاوی لەگەڵیاندا هەبوو. یان لە یانەکان بینی بوونی. یان لە ماڵەکانیان. بەرگی بەریان مۆدێلی سەردەمانی کۆنی حوکمڕانی کاترین و، بۆل و ئەلکسەندەر بوو. یان لەو بەرگە سادانە بوو، کە زۆرینەی پیاوماقوولان دەیانپۆشی.

ئەو شێوازە فەرمییە، شێوەیەکی پیرانەی، بە لاوان بەخشی بوو. پیرەکانیش تووشی کورتبینی بوو بوون و، سەر ڕووتاوە و، ورگ شۆڕەوەبوو بوون. نە هیچیان دەگوت و، نە لە شوێنی خۆیشیان دەبزوان! خۆ ئەگەر لێیشیان هەستایە و، بدوایە.. ئەوا گفتوگۆیان ئاراستەی لە خۆیان منالْتر بوو. لەوێش و، لە گۆڕەپانەکەدا، پێتیای لێ بوو.

خـــەڵکەکەیش ســەرگەرمی بـــاسی ڕووداوەکـە بـوون. لەگەڵ ئـەو بەهرەیـەی پیترۆشکا هەیبوو.. لەگەڵ تەندروستیی دیمتریيفنا.. هتد

پییەریش بەرگەکەی، هەرچەند کەمێکیش بە بەری تەنگ بوو. بەڵام وەکو ئەوان فەرمی بوو. ئەوێش لە هۆڵەکەدا بوو و، هێشتا کاریگەریی بە سەرەوە مابوو.

ئەو کۆ بوونـەوە ناوازەیە، هـەر بۆ پیاوماقوولان نـەبوو. بەڵکو بۆ بازرگانانیش بوو. چونکە بانگەوازەکە، بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بوو.

بـە کورتییەکـەی: بۆ هـەموواڵ بـوو. لـە بیـرو ژیریـی پییەریشـدا، کۆمـەڵێک بـیرو بۆچـوون و، لەوانـەی کـە لـە کۆنـــەوە لـە مێشـکیدا کـپ بـــووبوون و لەنگەریـان خستبوو، ورووژانـد. بـــرێک لـە بـــیرۆکەکان لـە بـــارەی"پـەیمانی کۆمەڵایـەتی"[1] و "شۆڕشی فەڕەنسی"یەوە بوون.

ئەو برگەیەیشی لە بانگەوازەکەی ئیمپراتـۆردا هاتبوو و دەیوت:

"دێمە پایتەخت و، راوێژ لەگەڵ گەلەکەم دەکەم."

ئەم وتەیە کاریگەرییەکی فرەی، بەسەر پییەرەوە هـەبوو. کـە بیرۆکەکان ریزبەند بـوو بـوون لای و، کاریگـەریی گرنگیـان بـوو. دەبـوو لـە ئامادەباشـیدا بوایـە و، چاوەڕێی دەرچـوونی بکردایـە. بۆیـە هـەر لـە زووەوە، بـە هۆڵـەکەدا دەگـەڕا و، بێ مەبەست گوێی لە خەڵکەکە دەگرت و، چاوەڕێی هیچ وەڵامێک نەبوو، لەو خەڵکە بۆ ئـەو پرسیارانەی لە ناخیدا بوون.

بانگەوازەکـە خۆێنرایـەوە و، خەڵکەکـەی هەژانـد. بـە دوایـدا وتـوویژ لەگەڵ خەڵکەکەدا دەستی پێکردەوە. پییەریش هەندێک وتـوویژی لـەبارەی ئـەو شـوێنانەوە بیست، کە گەورەپیاوان لە کاتی هاتنە ژوورەوەی خاوەن شکۆدا، داگیریـان کردووە. هـەروەها لـە بـارەی ئـەو ئاهەنگـە سـەما ئامێزەیشـەوە، کـە بـۆ خـاوەن شـکۆ سـاز دەدرێـت، لـە گرتنەبـەری، باشـترین رێ و شـوێنی کـۆ بوونەوەکـە. کـە ئـاخۆ هـەر هەرێمـە و، بـە جیـا ئاهەنگەکـە سـاز بـدات، باشـە!؟ یـان هـەر هەرێمـە و، بـە جیـا بـۆ خـــۆی ئاهەنگەکـــە بگێڕێـــت!؟ بـــەڵام هـــەر کـــە باســـەکە دەهاتـــە ســـەر شـــەڕەکە، وتوویژەکان تەومژاوی دەبوون و، خەڵکەکەیش کپ و بێدەنگ دەبوون.

بـەڕێزێکی بـە سـاڵاچووی، رێکپۆشـی خانـەنشینکراوی دەریـاوان، کـەوتبووە نێـو ئاپوورەی خەڵکەکەوە. پییەریش لێی نزیکتر بووەوە.

---

١ ـ پەیمانی کۆمەڵایەتی:کتێبێکی بە ناوبانگی ژان ژاک ڕۆسۆیە و لە ١٧٦٢چاپ بووە.

کۆنت ئیلیا ئاندرییتشیش، حاکمی شارەکە بوو و، بەرگەکەی بەریشی هێندە کۆن بوو، دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی کۆنی، دەسەڵاتی کاترین. ئەو بە سالاچووەیش، بە بزەیەکی سەر لێوەوە، بە نێو خەڵکەکەدا دەهات و دەچوو. ئەویش هەر خەریکی گوێگرتن بوو و، لە روخساریشیدا هەست بە سۆز دەکرا. بەسەر لەقاندنیش وتاربێژەکەی پشتگیری لێ دەکرد.

گەر سەیری ئەو ئالۆگۆڕانەت بکردایە، لە روخساری گوێگراندا، وا بۆی دەچوویت، کە ئەو دەریاوانە زۆر بوێرانە، شتی زۆر کاریگەر باس دەکات. بەڵام لە هەندێکیاندا و، لەوانەی پییەر دەیناسین، بۆچوونەکە پێچەوانە دەبووەوە. ئەوان کەسانێکی ئاشتیخواز بوون و، لە وتاربێژەکەیش دوور دەکەوتنەوە.

پییەریش دڕی بە خەڵکەکە دا و، بەرەو ناوەڕاستی هۆڵەکە بووەوە. بە دەم ڕێوە، گەیشتە ئەوەی کە بە ڕاستی وتاربێژەکەیش، هەرچەند لەگەڵ بیروڕای ئەمدا نایەتەوە، بەڵام لە بەرەی ئازادییە مەدەنییەکان و، ئایینییەکاندایە.

دەریاوانە بە سالاچووەکەیش، دەنگێکی گڕی نزمی هەبوو و، جارو بارێک پیتە نەبزوێنەکانی نێو رستەکانی قووت دەداوە. لەو دەنگانەیش بوو، کە بە دەنگی گڕەوە بانگی ئەوانەی خوار خۆیانەوە دەکەن و هاوار دەکەن:

"ئادەی کورە.... ئەو پایپەم بۆ بێنە!"

پیاو ماقوولانی سمۆلنسک، بیرۆکەی خۆبەخشییان خستە بەردەمی خاوەن شکۆوە. ئەی چیی تریش!؟ ئاخر بۆ دەبێت ئەوان یاسامان بۆ دابڕێژن!؟

گەر پیاو ماقوولان دەیانەوێت، دڵسۆزیی خۆیان بۆ ئیمپراتۆر بسەلمێنن، ئەوا بێ لەمەی کە دەیڵێن: چەندین ڕێی تر هەیە! ئاخر بۆچی خۆ بەخشانی (١٨٠٧)مان بیر چووەتەوە، کە تەنیا قەشەیان و، فێڵبازان و، دەستبڕان تێیدا سوودمەند بوون!؟

کۆنت ئیلیا ئاندرییتشیش، بە سەرلەقاندن و، بزە فێڵاوییەکەی سەر لێوییەوە، پشتگیریی لە وتاربێژ دەکرد. ئاخۆ خۆبەخشانمان سوود بە نیشتمانمان دەگەیەنن!؟ هێندەی من پێم زانیبێت نەخێر!! ڕاشکاوانەیش دەڵێم.. ئەوان بوونە هۆی کاولکاری بۆمان. خزمەتی زۆرەملێی سەربازی لە بارترە. خۆ گەر وا نەکەین: ئەوا ئەو خۆ بەخشانە: نە بە سەربازبوونیان و، نە بە جوتیاربوونیان، سوودبەخش نابن! بەڵکو دەبنە کەسانێکی خراپ و، گەندەڵ بۆمان. پیاو ماقوولانی نەجیبزادە و دەوڵەمەندانیش، هەرگیز گرەو لە سەر ژیانی خۆیان ناکەن!!

ئەمجا بە پەرۆشییەکی سۆزاوییەوە، لە سەری ڕۆیشت و وتی:

"با ئیمپراتۆر بفەرموویت و، داوامان لێ بکات.. تەنیا داوامان لێ بکات! ئەوسا هەموومان خۆمان بە قوربانی دەکەین..."

ئیلیا ئاندرێیتشیش، تەڕییەکەی قوڕگی قووتدایەوە و، بە خۆش هاتنی لەو قسەیەوە، ئانیشکێکی لە پییەرەوە ژەند. پییەریش حەزی لەوە بوو، خۆیشی شتێک بڵێت. بەرەو پێشەوە تەکانی دا و، بێئەوەی خۆیشی بزانێت کە دەبێت چی بڵێت و، تەنیا ملی بە پاڵنەرە دەروونیەکەی خۆی دابوو!! هەر هێندەی دەمی کردەوە. یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پیران، کە لەولای وتاربێژەکەوە وەستابوو، قسەکەی پێ بڕی و، بە چرچ و لۆچیی دەم و چاویدا: لە کەسێکی ژیر دەچوو.

ئەو پیاوە، روون و ئارام و، وەکو شارەزایەکی بواری وتوویژ وتی:

"وای دابنێ ئازیزەکەم.. ئێمە بۆ ئەوە نەهاتبین: قسە لە تایبەتمەندییەکانی خۆبەخشانی چەک هەڵگرتن، یان سەربازیی زۆرەملێوە بدوێین! بەڵام لە سەرمانە کە بە دەم داخوازیی خاوەن شکۆوە بچین. فەرمانی "خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ"... یان "خزمەتی خۆبەخشانە"ی خزمەتکردنی سەربازییش، جێ دەهێڵین بۆ دەسەڵاتدارانی بااڵ."

فرەی پێنەچوو پییەریش دەرچەی بۆ دەربڕینی هەڵچوونە دەروونییەکەی خۆی دۆزییەوە! هەنگاوێک لێی چووە پێشەوە و بەو شێوە زمانە ڕووسییەی، کە لە قوتابخانەکاندا بەکار دەهێنرا و، تێکەڵ بە چەندین زاراوەی فەڕەنسی ـ هەرچەند جارو باریش قسەکەیان پێدەبڕی ـ بە پەرۆشەوە کەوتەوە وتاردان.

بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

"ببوورن.. ئەی خاوەن شکۆ..!"

هەرچەند پییەر پەیوەندیی باشیشی، لەگەڵ ئەو پیرە وتاربێژە هەبوو. بەڵام ئەوەی پێ باش بوو، لە شێوازە فەرمییەکە دەرنەچێت و، دەبێت ئەو نازناوی خاوەن شکۆیەی، پێ بدات.

ئەمجا لە سەری ڕۆیشت و وتی:

"هەرچەند هاوڕای ئەم بە ڕێزەیش نیم..."

ویستی دریژەی بداتێ و بڵێت: هەرچەند ئەو ڕێزەم پێ نەدرابوو تا پرۆژەکە ببینم. بەڵام گریمانی ئەوەم داناوە لای خۆم، کە نەجیبزادەکان، بانگهێشتی ئەوە نەکراون، تاکوو تەنیا و تەنیا، سۆز و پەرۆشیی خۆیان، دەربڕن. بەڵکو بۆ بیرکردنەوە لە هۆیەلێک هاتوون، بە هۆیەوە بتوانین بە هانای نیشتمانەوە بچن.

پتر گەرم بوو و وتـــی:

"من پێم وایــە.. ئیمپراتــۆر خۆیشی، نــاڕەحەت دەبێت، گــەر تــەنیا خــاوەن دێهات و زەوی و زارەکــان... یــان تــۆپخانەکان بوونیــان هــەبێت. بــەڵام ئەنجومــەنێکی ڕاوێژکاریی لە نێو ئێمەدا نەبینێت."

ئەم زمانە توند و ئازادە، وای لە پیرە کرد، کە بــزەیەکی لاقرتــی ئامێز بنیشێتە ســەر لێوانی و، خــەڵکێکی زۆریش لێی دوورکەوتنــەوە و، ئامــادە نــەبوون گــوێی لــێ بگــرن. تــەنیا ئانــدرییتش، پشــتگیریی لــێ کــرد. هــەر وەکــوو پێشــووتر پشــتگیریی لــە دەریاوانەکــەیش کردبــوو و، ئامــادەیش بــوو، پشــتگیری لــە دوایــین وتــاربێژی کۆڕەکەیش بکات و، بەو شێوەیەییش پشتگیریی لە پییەر کرد.

پییەر لە سەری ڕۆیشت:

"من بە ڕێزەوە دەڵێم، پێش هــەر وتووێژێک لــەم بارەیــەوە، پێــویستە پرسیار لــە ئیمپراتــۆر بکــەین. بــەڵێ.. زۆر بــە ڕێــزەوە لــە خــاوەن شکۆ بپرســین، تــاکو ژمــارەی چەکدارەکان و، شوێنی هێزەکانی سوپایشمان پێ بڵێت. ئەوکات...."

پییــەر نــەیتوانی قســەکانی تــەواو بکــات. چونکــە لــە ســێ لاوە پــەلاماریان دا. لــە هــەموو دوژمنــەکانی سەرســەختتر، کــۆنترین هــاوڕێی خــۆی بــوو، کە "ســتیبان ستیبانۆڤیتش"ی ڕێزدار بوو و، بــەرگی فــەرمیی پۆشــی بــوو. ئیدی بۆ ئــەم بۆنەیــەی ئێستا بووبێت. یان هــەر هۆیەکی تر.

پییەریش ئەوی وەکوو کەسێکی جیاواز، لە جارانی دەبینی.

ئەم سیبان سیبانۆڤیتشە قیژاندی و چرچ و لۆچەکانی پیریەکەی پتر دەرکەوت:

"یــەکەم: بۆمان نییە، پرسیار لە ئیمپراتــۆر بکەین. دووەمیش: تــەنیا نــەجیبزادەکنی ڕووس بۆیان هەیە پرسیاری لێ بکەن. ئەمجا ئیمپراتــۆر خۆیشی، ناتوانێت وەڵامی ئێمــە بداتــەوە. جووڵــەی سوپاکەیشــمان بەســتراوەتەوە، بــە جووڵــەی ســوپای دوژمنەکەیەوە. بۆ ژمارەی سوپاکەیش، سوپا ژمارەیەکی جێگیری نییە و، دەمێک لە هەڵکشاندایە و، دەمێکیش لــە داشکاندندایە." دەنگی پیاوێکی کورتــەبالای تەمــەن چل ساڵان بڵند بووەوە. کە زووتر پییەر لە نێــو "بــوەهیم"یەکاندا ناسیبووی و، کەسێکی فێڵباز و ســاختەچیی یــاریی قومــار بــوو! بــە بەرگــە فەرمییەکەیــەوە، لــە پییــەر نزیک بووەوە. قسەکانی بە ئەدراکسین بــڕی و هاواری کرد:

"بە هەرحاڵ.. ئیستا کاتی ئەم شێوە وتووێژە نییە! بەڵکو کاتی کارکردنــە! شــەڕە و کەوتووەتە وڵاتەکەمانەوە. دوژمنانیش خــەریکن، بــە ئــەوە بگەن کــە وڵاتــەکەمان

خاپـوور بکەن و، گۆڕی باو و بـاپیرانمان پۆخڵ بکـەن. بۆیـە هـەموو ڕادەپـەڕین و، هـەموو شتێکمان دەخەینە پێناوی قەیسەری بـاوکمانـەوە!"

بە سنگی خۆیدا دەکێشا و، چـاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی دەگێڕا و، دەیقژاند.

چـەند وشـەیەکی پشتگیریی، لە نێو ریزەکانی خەڵکەکەیشدا بڵند بووەوە:

"ئێمە ڕووسیایین و، خوێنمـان لـە پێناوی ئایین و، عەرشـی شـاهانە و، نیشـتماندا دەڕژێنین. ئەگەر هەر بە ڕاستی نـەوەی ڕاستەقینەی ئـەم نیشتمانەین.. بـا شـتە هـیچ و پووچـەکان، لـە دڵ دەربکـەین.. دەبێت پیشـانی ئەوروپاییـەکانی بـدەین، کـە چـۆن ڕووسیا هەڵدەستێنینەوە؟"

پیـەریش ویسـتی وەڵام بداتـەوە. بـەڵام نـەیتوانی. وای دەبینـی کـە ڕسـتەکانی ئـەویش، وەکـو ئـەوانی تـر، کاریگـەریی نـەبێت! گـەر کارەکـە وا بکەوێتـەوە، هـەر نەیانڵێت، بـاشترە!

ئیلیا ئاندرێیتشیش بە دوای خەڵکەکەدا، هەر خەریکی پشتگیری کردن بوو.

هەندێ پشتگیریی وتاربێژیان دەکرد و زۆریش ئازایانـە هـاواریان دەکرد،"زۆر باشت وت! زۆر باشت وت!"

"تـەواوە!! ئـەمەیە قسە!"

پیەریش دەیویست بڵێت: ئامادەیە خۆی و سامانی و، پیاوەکانی بکاتـە قوربانیی: ئەم مەبەستە!! گەر پێویست بوو ئەوا: خۆیشی دەکاتە قوربانی نیشتمان.

بەڵام بۆ چارەسـەر کردنی هەڵوێستەکە، دەبوو یەکەمجار خـۆیان پێ بناسێنێت. بـەڵام هـاوار و قیـژە قیـژ و ژاوەی نێوانیـان، بـە شـێوەیەک بـوو. تەنانـەت ئیلیـا ئاندرێیتشیش، کۆڵـی لە سەرلەقـاندن و، پشتگیری کردن نـەدەدا!

دەمێـک خەڵکـە پـەڕۆشەکە زۆر دەبـووون و، دەمێکـیش کـەم دەبوونـەوە و، هەمدیسـان یـەکیان دەگرتـەوە و، بـەرەو مێـزە گەورەکـەی ناوەڕاسـتی هۆڵـەکە، دەچـوون. خـۆ وەنـەبێت خـۆی نـەتوانێت وتارێک بـدات. خەڵکەکـە مۆڵـەتیان نـەدەدا. جـاری وایـش بـوو، وەکـوو دوژمـن لێیـان دەڕوانـی و، ڕوویـان لـێ وەردەگێـڕا!! وتـارەکەی ئەویش کاریگەریی لە سەر خەڵکەکە نەبوو.

هەر بە دوایدا، چەند وتارێکی تر خوێندرایەوە و، قسەکانی ئەویان بیر چـووەوە. گوێگرانیش دەبوو کاریگەریی خۆیانیان ببێت و، ئەمـەش هـەر زوو بـە سـەر پیـەردا شـکایەوە. نـەجیبزادەکان، قسـەی خۆیـان کـرد و، هەنـدێکیان کاریگـەر بـوو و، هەندێکیشیان هیچی تێدا بە سەر نەبوو.

"سێرج گیلینکا"ی نوێنەری رووسیا، بە چەپڵەڕێزان پێشوازی کرا، ئەویش وتی،"دەبێت دۆزەخ بە دۆزەخ: بەرپەرچ بدرێتەوە.. خۆ ئێمەیش ئەو منالّە نین کە بریسکە و، هەورە چەخماخە دەبینێت، بۆی پێدەکەنێت!! ئێمەیش بە تەقینەوەی تۆپەکانیان، بزە نایەتە سەر لێوانمان و، بێخەمانە پێ بکەنین."

ڕێزەکانی دواوە بە دەنگی بڵند هاواریان کرد:

بەڵێ! بەڵێ!

ئەمجا لەو مێزانە نزیک بوونەوە، کە نەجیبزادەکانی خاوەن مەدالیای، لە پشتەوە دانیشتبوون. ئەوانە تەمەنیان لە دەورو بەری حەفتا سالّانەدا بوو و، هەندێکیان سەریان ڕووتابووەوە و، پیپەریش زۆریانی دەناسی.

وتاربێژان بە دوای یەکدا قسەیان کرد و، ئەوانەی دواوەیش ئەو خالّانەیان دەنووسی، کە وتاربێژان لێوەی نەدوابوون. تاکو بیدەن بە ئەوانەی دوای وتاربێژان سەرەی قسە کردنیان دێت، تا سوودی لێ ببینن و، خۆیان باسی بکەن.

هەندێکی تریشیان، مێشکی خۆیان دەگووشی، تاکو بیرۆکەیەک بدۆزنەوە، کە کەسی تر پەیی پێ نەبردبێ و، خۆیان بیلّێن.

نەجیبزادەکانیش بێدەنگ دانیشتبوون و، بە دەم چاو گێڕانیانەوە، یەک شتیان لە دەم و چاودا، بەدی دەکرا، ئەویش **گەرماکە بوو**.

پیپەریش کاریگەریی ئەو وتاربێژانەی بەسەرەوە بوو. مەبەستیشی بوو، کە نیشتمانپەروەریی خۆی، بسەلمێنێت بۆیان. جا بە هەر نرخێک بێت و، لە ناخی خۆیشیدا هەستی بە تاوان دەکرد.

هاوارێکی وای کرد، کە لە نێو هەموو دەنگەکاندا دیاربوو:

"هەموو ئەوەی کە تۆ وتت: ئەوە بوو کە ئەگەر هۆکاری قوربانییەکانمان بزانین، ئەوا قوربانییەکانمان بەلاوە ئاسانتر دەبێت."

پیرێکی تەنیشتی خۆی سەرنجێکیدا. بەلام هێندەی نەبرد و، بەرەو لایەکەی تری مێزی نانخواردنەکە، ڕووی وەرگێڕا.

پیپەر خۆیشی، گوێی لە چەند قسەیەک بوو، لەوانە:

بەڵێ.. مۆسکۆ رزگار دەکەین!

خۆیشی هاواری کرد:

ئەو ناپلیۆنە: دوژمنی ڕەگەزی مرۆڤە! بەڕێزان.. ڕێم بدەن کە قسە بکەم! بەڕێزان دەنگم مەخنکێنن!

بەشی بیست و سێ
بڕیاری نەجیبزادەکانی مۆسکۆ

لەو کاتەدا کە کۆنت رۆستۆبتشین، بە بەرگە ژەنەرالییەکەی بەرییەوە و شالەکەی سەر شانییەوە، خۆی کرد بە هۆلەکەدا و، چاوانی دەبریسکانەوە. هەنگاوی لەسەرخۆی دەنا و، خەڵکەکەیش ڕێیان بۆ دەکردەوە.

دواتر وتی:

وا خاوەنشکۆ دەگات. هەر ئێستا خۆیشم لە کۆشکەوە هاتووم! پێموایە ئەم هەڵوێستەی ئێستامان، وتوویژی زۆر هەڵناگرێت. ئیمپراتۆر ڕێزی لێناین و، لەگەڵ بازرگانان کۆ بوونەوەی پێ کردین.

دەستیشی بۆ هۆڵی بازرگانان درێژ کرد و لە سەری ڕۆیشت:

ـ ئا لەوێوە بە ملیۆنان دێن! ڕۆڵی ئێمەیش تەنیا بەخشینی خۆبەخشانەیە و، نابێت درێغیی لێ بکەین.

دوای ئەو هەموو ژاوە ژاوە، کپ بوونەوە و، وتوویژەکان، لە نێو ئەو بەڕێزانەی دەوروبەری مێزی نانخواردنەکەدا، ئارام بووەوە و، شێوازێکی خەمۆکیی بە خەڵکەکە بەخشی بوو.

یەکێک دەیووت،"من پشتگیریی دەکەم."

یەکێکی تر رستەکەی دەگۆڕی دەیووت،"منیش هەمان بۆچوونم هەیە!"

لێپرساویش، فەرمانی پێدرا، ئەم بڕیارە لە نەجیبزادەکانی ڕووس وەربگرێت:

نەجیبزادەکانی مۆسکۆیش، هەر وەکوو نەجیبزادەکانی سمۆلنسک.. هەر لە (١٠٠٠) کەس (١٠) کەس چەکدار بکرێت و، وەکو خۆبەخش ڕەوانەی سوپا بکرێت.

کەسایەتییە ناودارەکان، بە ئارامی هەستان و کۆرسییەکانیان بۆ دواوە پاڵدا. هەر یەکە و، قۆڵی کرد بە قۆڵی ناسیاوێکیدا و، بە هۆڵەکەدا بڵاو بوونەوە و، کەوتنە ورتە ورت. هەر وەکو ئەوەی، بیانەوێت ئەوانی تریش ببزوێنن وابوو.

هەندێکیشیان هاواریان لێ هەستا:

ئیمپراتـــۆر..! ئیمپراتـــۆر..!!

ئەمجا هەموویان بەرەو دەرگاکە بوونەوە. بە درێژایی ڕێگاکە و، بەملاو ئەولای ڕاڕەوەکەدا نەجیبزادەکان وەستابوون. لەو سەریشەوە ئەلکسەندەر بەرەو هۆڵەکە هات.

ڕوخسارەکان سەرنج و نەوازشیان لێ دەباری. لەبەر ئەوەی پییەر لە دوورەوە وەستابوو. لەو چەند رستەیە نەگەیشت، کە خاوەن شکۆ وتبووی. بەڵام قسەکانی بەوە مەزندە کردبوو، کە وتوویەتی: نیشتمان لە مەترسیدایە و، ئومێدێکی فرەی بە نەجیبزادەکانی مۆسکۆیە.

بۆیە ئیمپراتۆر بە دەنگێکی دلێر وتـــی:

بـــەڕێزان...

تەنیا بەم وشەیە خـــەڵکی مووچڕکەیان پێدا هات و، بێدەنگی باڵـــی بە سەردا کێشان!!

پییەریش بە ڕوونـی گوێی لە دەنگە خۆشەکەی ئەلکسەندەر بوو، کە وتی:

من هەرگیز گومانم لە نەجیبزادەکانی ڕووسیا نەبووە! ئەمڕۆ غیرەتیان لەوە پتر سەری کردووە، کە من چاوەڕێی بووم. بە نـاوی نیشتمانەوە سوپاستان دەکەم. بەڕێزان.. بـا لە کاتی زێڕینی خۆماندا کار بکەین."

ئیمپراتۆر بێدەنگ بوو و لە خەڵکەکەیشەوە، دەنگی سەرسامبوون، دەبیسترا! ئیلیـا ئانـدرییتش لـە ڕیزەکـانی دواوە بـوو و، هەرچەنـد هیچیشـی، لـە قسـەکانی ئیمپراتۆر نەبیستبوو، کەچی دەگریا!

تەنیا بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆی تێی گەیشتبوو و، بەم شێوەیە بوو:

"بـەڵـێ! منیش قسەکانی قەیسەر بە هەند وەردەگرم."

ئەمجا ئیمپراتـۆر لە هۆڵی نەجیبزادەکانەوە بەرەو هـۆڵی بازرگانـان چـوو و، لای ئەوانیش هەروا دە دەقیقەیەک مایەوە. هەر وەکو ئـەوانی تر، سەرنجی پییەریشـی دا و، سۆزو فرمێسکی لە چاوانی ئەویشدا بەدی کرد. بگرە هێشتا ئیمپراتۆر وتارەکـەی نەگوتبوو پییەر فرمێسک لە چاوانی باری.

ئیمپراتۆر دوان لە دانیشتووەکانی هۆڵەکـەی، لـە تەکدا بـوو. پییـەریش یـەکێکیانی دەناسـی و، دەیزانـی گـەورە بازرگـانێکی "مـەی" فرۆشـە. ئـەوی تریشـیان نـەقیبی بازرگانـان بـوو و دەم وچـاو زەردبـاوێکی ڕەقەڵـەی ڕیـش تـەنک بـوو و، دوو یاوەرەکەیش پێکەوە دەگریان!

ڕەقەڵەکەیان بەدەم گریان و بە چاوانی تەڕەوە وتـی:

"هەموو سامان و تەمەنم، پێشکەشت دەکەم، ئەی خاوەن شکۆ..!"

هەموو ئارەزووی پییـەریش ئـەوەبوو، لـە بـەردەمی ئـەو خەڵکـەدا ئـەوە بڵێـت: کـە ئەویش خۆی بـە قوربـانی ئیمپراتـۆر دەکـات و، گاڵتـەی بـە بـەهای سـامان و دارایـی دێت لـە ئاسـتی ئـەم کێشـەیەدا. بـە داخیش بـوو، بـۆ ئەوانـەی وتبـووی و، لـە هـەڵێک دەگەڕا کە هەڵەکەی خۆی، راست بکاتەوە.

ئـەویش بەوەی کە زانیی کۆنت دامۆنۆڤ ئامادەیە: فەوجێک خۆبەخش بخاتە ژێر رکێفی سوپاوە، ئەمیش ئـەوەی ئاشکرا کرد کە ئامادەیـە (١٠٠٠) کـەس ئامـادە بکـات و، خۆیشی بەرپرسیان بێت.

ئـەو کاتـەی کـە پیـرە ڕۆسـتۆڤ ئەمـەی بـۆ ژنەکـەی خـۆی دەگێڕاوە، نەیـدەتوانی فرمێسکەکانی چاوانی قەتیس بکات. دەم و دەستیش بە قسەی پیتیای کـوڕی کرد و، هەر خۆیشی چوو و، لە نێو لیستی خۆبەخشاندا، ئەوی ناونووس کرد.

ڕۆژی دواتـر ئیمپراتـۆر ڕۆیشـت و، ئەنـدامانی کۆمـەڵەکـەیش، بەرگـە فەرمیـەکانی خۆیـان گـۆڕی و بـەرگی ئاسـایی خۆیـان پۆشـییەوە و، ژیـانی ڕۆژانـەیان سروشـتی بووەوە. کەوت

پاری دووەم

بەشی یەك
گوایا تەگبیر کراوە

ناپلیۆن خۆی بۆ نەگیرا و خۆیدا بە دەم مەستیی سەرکەوتن و، پۆشینی بەرگە پۆڵۆنییەکەی و، هۆگر بوونی بە جوانیی بەرەبەیانەکانی حوزەیران و، ڕشتنی تووڕەییەکانی بە کۆراکین و باڵاکتشیف و، خۆی گەیاندە "دریسد" و چووەوە بە گژ ڕووسیادا.

لەولایشەوە ئەلکسەندەر، دانوسانەکەی پەسەند نەبوو و، پێی وابوو لە کەسێتیی کەم دەکاتەوە!

بارکلی دوتۆللییش لە تەقەلای ئەوەدا بوو: بە باشترین شێوە کارە سەربازییەکانی بەڕێوەبەرێت و، ببێتە سەرکردەیەکی مەزن و، ناوبانگ دەر بکات.

ڕۆستۆفیش بۆیە پەلاماری فەڕەنسییەکانی دا. چونکە حەزی لە ئەوە بوو، لە زەوییە تەختەکاندا، ئەسپەکەی غار بدات!

ئەوانەی کە بەو شێوەیە، لە بار و دۆخەکەیان دەڕوانی، لە ژماردن نەدەهاتن! بەشداربووانی شەڕەکەیش، هەرکەسە و، بە گوێرەی لێهاتوویی خۆی بوو. وەکو کاریان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکرد. بەردی دامەیش بوون بە دەستی مێژووەوە. دڵخۆشیش دەبوون و، بە خۆیشیان دەنازی و، پێیشیان وابوو کە هەر خۆیشیان دەزانن چی دەکەن و، بۆ خۆیشیان کار دەکەن!

بەڵام چ کارێک! ئەوەی کە ئێستا: ئێمە تێی دەگەین! ئەمە چارەنووسی پیاوانی

کاره و ناگۆڕدرێت. ئاخر ئەوانیش تا پلەکانیان باڵاتر بوایە: ئازادییان بەرتەسکتر دەبووەوە. دەمێک بوو، دروستکارانی رووداوەکانی ساڵی (١٨١٢)، گۆڕیان ون بووبوو و، پاڵنەرە بەرژەوەندییەکانیشیان نەمابوو و، تەنیا و تەنیا ئەنجامەکانی ئەو سەردەمەی مێژوویش مابووەوە!

بەڵام ئەگەر وای دابنێین، کە هاوڵاتیانی ئەوروپا، بە نێو دڵی رووسیادا، خۆیان راپێچی رووداوەکانی ناپلیۆن کردووە. ئەوا هەر خۆیان وایان لەو رووداوانە دەکرد، کە ماندوویان بکات و، هێندە هەڵس و کەوتەکانیان دژوار و سەخت و درندانە بێت و، وای لێ هات کە ئێمە لێی تێ ناگەین.

ئەوە قەدەر بوو، وای کرد. هەرچەند هیچیان دەستیان لە دروست کردنی ئەو شەڕەیشدا نەبوو. هەر یەکێک لەو پیاوانە، پێکەوە و لە هەمان کاتدا بەشداری ئەو شەڕە بین!

تەنانەت نە ناپلیۆن و، نە ئەلکسەندەریش، شێوەی ئەو شەڕەیان بە خەیاڵدا نەهاتبوو! ئەوە ئێمەین، بە ڕوونی هۆیەکانی ماندوویەتی و، شپرزە بوونی ساڵی (١٨١٢)ی سوپای فەڕەنسی دەبینین. بڕوا ناکەم، لەم قسەیەدا کەسێک بەرهەڵستیم بکات، کە یەکێک لە هۆیەکانی ئەو بەڵا گەورەیە ئەوە بوو: بێئەوەی ئامادەباشیی و، خۆ ڕێکخستنێک بۆ ئەو هێرشە زستانەیە کرابێت: چوونە نێو دڵی درەنگ وەختەی ڕووسیاوە. هۆیەکی تری کاریگەری شەڕەنگێزانەی زاڵی بیرو بۆچوونی خەڵکەکان و، رقو کینەی ڕووسەکان بوو بەرامبەر داگیرکەران، ئەویش بە هۆی ئەو سووتاندن و کاولکارییەی کردیان، بەرامبەر بە ڕووسییەکان. بەڵام کەس نەیدەتوانی پێشبینیی ئەمەی ئێستا بکات، کە لێی کەوتووەتەوە. بە تایبەتیش گەر بزانین کە هەر ئەو هۆیانە بوونەتە هۆی داڕوخانی سوپایەک کە (٨٠٠٠٠٠) چەکدار بوو و، چاکترین سوپای جیهان بوو و، چاکترین کەسانێک سەرکردایەتییان دەکرد و، بەرەنگاری سوپایەک دەبوونەوە کە دوو هێندە لە خۆیان لاوازتر بوو و، دوور بوو لە هەموو زانستێکی سەردەمییانەی جەنگ و، کەسانێکی کەم ئەزموونیش رابەرایەتیی دەکرد. نەکوو هیچ کەسێک نەیدەتوانی پێشبینیی بکات.. بەڵکو تەنانەت چیش دەگوزەرێت تاکوو بیر و تەگبیری رزگار کردنی بکاتەوە. نەکوو هەر ئەوە، بەڵکو بە پەرۆشیشەوە، ئەو کارانەشیان دەکرد و، بگرە ڕووسەکان چێژیشیان لەو هێرشبردنانەیان دەبینی! ئەگەر ئەزموونداریێتیی فرەی ناپلیۆن و، ئەو ژیرییەی کە بۆیان لە قەڵەم دەدا، بوونی ببوایە: تەقەلایەکی زۆریان نەدەدا تا کۆتایی ئەو هاوینە، خۆیان بگەیەننە مۆسکۆی پایتەخت. بە واتایەکی تر لە سەر ماندوو کردن و، کاولکردنی خۆیان کاریان نەدەکرد.

لەو دانراوە مێژووییانەی سالّی (١٨١٢)دا، فەرەنسییەکان پێداگریی ئەوەیان دەکرد، کە واقیعی ناپلیۆن وابوو، هەستی بە مەترسیی درێژەدان، بە نەخشەڕێگای خۆی دەکرد. بۆیە هەرچەند مارشالّەکانی سوپاکەی ئامۆژگارییان کردبوو کە لە سمۆلنسکدا، خۆی دابکوتێت و نەجووڵێت.. بەڵام ئەو هەر پەلەی لە شەڕەکە بوو. لە لایەکی ترەوە، مێژوونووسە رووسەکان، بە رووپاییەکی فرەترەوە دەڵێن: گوایا پیلانێکی یەئجووجییانە، هەر لە سەرەتاوە هەبووە. مەبەستیش لێی کێشکردنی ناپلیۆن بووە بۆ نێو دڵی رووسیا، کە مۆسکۆ بوو.

دەمێک دەوترا ئەمە پیلانی پڤویل بووە و، خۆی دایڕشتووە. دەمێکیش بۆ ئەو پیاوە فەرەنسییەیان دەگێڕایەوە، کە تووەلی ناوبوو. بڕێکی تریش بۆ ئەلکسەندەریان دەگێڕایەوە. بەڵگەیش بۆ ئەم بۆچوونەیان، یاداشتەکانی خۆی و، پڕۆژەکانی و، ئەو نامانەی کە تێدا، نیشانە بەو کارەی دراوە. لەو کاتەیشدا کە باسی ئەوە دەکرا لەبەر ئەوە بوو، چونکە رووداوەکان لواوی ئەوە بوون.

ئەگەر شەڕەکە پێچەوانە بکەوتایەوە، ئەم بۆچوونە نەدەهاتە پێشەوە. چونکە هەر رووداوێک، کۆمەڵێک گریمانە لەخۆ دەگرێت. هەر ئەمەندە بڵێیت کەس لە سێدارە نادەم. دەڵێن منیش زووتر ئەمەم بیستبوو. ئەوەیان بیر دەچێتەوە، کە لە نێوان ئەو هەموو گریمانانەدا، چەندین گریمانەی تریان هەبووە، کە ئەم گریمانەیان هەڵدەوەشاندەوە. لە بەر ئەوە هەست کردنی ناپلیۆن بە ترسیی فراوانتر کردنی شەڕەکە و، ئەو پیلانە شیکراوەیەی، کە دوژمن کێشی دڵی ڕووسیا بکرێت.. یەکێک بوو لەو جۆرە گریمانانە. بێگومان مێژوونووسانیش لەو تیلەچاوەیاندا بۆ ناپلیۆن: فرەیان لە واقیع تێپەڕاندووە. یان بەوەی کە ئەو پیلانەیان دابووە پاڵ رووسییەکان. چونکە ئەوەی لە واقیعدا دەبینرا، بە رووبی ئەو گریمانانەی، بە درۆ خستبووەوە. هێندەی رووسییەکان لە توانایاندا بوو کردیان، دوور لەوەی سوپاکەی ناپلیۆن کێشی ناو نیشتمانەکەی خۆیان بکەن و، دەبوونە ڕێگری هاتنە ناوەوەی سوپای ناپلیۆن.

ناپلیۆن خۆی پەلەی نەبوو، لە پێشڕەوی کردن و، چێژی لە ئەو سەرکەوتنانەی خۆی، دەبینی.

هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە، سوپاکەمان، بووبووە دوو بەشەوە ،و تەنیا تەقەلایشمان یەکخستنەوەی بوو. بۆیە لەو دەمەدا، پەلکێشکردنی سوپای ناپلیۆن بۆ نێو رووسیا، نە چارەسەرێکی مژدەبەخش بوو و، نە بایەخیشی پێ دەدرا. کە ئیمپراتۆر خۆیشی لە نێو سوپادا بوو، بۆ هاندانی یەکە سەربازییەکان بوو. تاکوو بەرگری لە هەر بستێکی خاکی نیشتمان بکەن. نەکوو ببێتە سەرۆکی پاشەکشەی

سوپا. بە گوێرەی ئەو پلانەی پۆویل، داینابوو، سەربازگەی دریسایان رێکخست. ئەلکسەندەریش لە هەر پاشەکشەیەکی سوپاکەدا، لۆمەی سەرکردەی بالای دەکرد.

نە سووتاندنی مۆسکۆ و، نە دابڕانی سمۆلنسک، لە شتە پەسەندییەکان نەبوون. چە لەشکرەکانی سوپایش یەکیان گرتەوە، خۆیان لاقرتێیان بەو سمۆلنسکە دەکرد، کە بێ بەرگریکردن، کەوتە ژێر دەستی دوژمن و، ئیمپراتۆرو سەرکردەکانی سوپایش، وەکو هاوڵاتیانی رووس، بە خەم بوون بۆ ئەو پێشرەوییەی دوژمن.

هەر کە ناپلیۆنیش سەرکەوتنی لە بەش بەشکردنی سوپاکەماندا، بە دەست هێنا: کەوتە پێشرەوی کردن و، خۆیشی لە روو بە ڕوو بوونەوە دەبوارد.

ئەوە بوو لە مانگی ئابدا خۆی گەیاندە سمۆلنسک و داگیری کرد. جگە لە هێرش بردن بیری لە هیچیتر نەدەکردەوە. هەر وەکو ئێستا دەیبینین، سەرکەوتنێکی شایستەی بە دەست هێنا. واقیعی ئەو کاتە، سەلماندی کە ناپلیۆن لە پێشرەوییەکەیدا بەرەو مۆسکۆ بەربەستی نەدەهاتە رێ. گەر رووداوێکیش بقەومایە بە هۆی پیلانەکەوە نەبوو. چونکە کەس ئەو گریمانەی لا دروست نەبوو بوو. بەڵکو بە هۆی زنجیرەیەکی ئاڵۆزی دەستێوەردان و، حەز و ئارەزوو بوو.

هەرچەند داڕێژەرانی هێڵکاریی شەڕەکە، گریمانەی دیاردەکانی شەڕەکەیان دانەنابوو. بەڵام بە خێرایی شتەکان دروست بوون.

سوپاکەمان لە سەرەتای پەلامارەکەدا، پەڕەوازە بوو. لە تەقەلای وەستاندنی پێشرەویی سوپای دوژمندا، ویستمان جارێکی دی، سوپاکەمان یەک بخەینەوە. لە کاتێکدا خۆمان دەبوارد لە روو بە ڕوو بوونەوەی سوپایەک، کە لە ئێمە فرەتر و، سازدراوتری جەنگ بوو. ئێمە بە ویستی خۆیشمان پاشەکشەمان کرد و، ئەوانمان بەرەو سمۆلنسک بەکێش کرد. هێندەیشمان بەسە بڵێین: بە پاشەکشەکەمان.. گۆشەیەکی تیژمان دروست کرد. فەڕەنسیەکانیش لە نێوان دوو سوپادا، گۆشەیەکیان بۆ خۆیان پێک هێنابوو. بۆیە پاشەکشەکەی ئێمەیش زۆر خێراتر بوو.

وەکو بارکلی دوتووللی، لەبەردڵانی گەل نەبوو. لای پاگراسیۆنیشەوە کەسێکی بێزراو بوو. هەر بۆیەش لەشکرەکەی خۆی بە دوور دەگرت لە تێکەڵ بوونەوە بە لەشکرەکەی ئەو و، چوونە ژێر رکێفی ئەوەوە.

زۆرێک لە جوولە پێکردنی سوپاکەی، بەرەو لای ئەو وەستاند. چونکە ترسی ئەوەشی بوو، سوپاکەی ئەمیش، بکەوێتە مەترسییەوە. دەیویست بەلای چەپ و خواروودا پاشەکشە بکات و، لە ئۆکرانیا سوپاکەی سەروبەر بگرێتەوە و، پێکی بهێنێتەوە. بەو کارەیشی دەبووە مەترسی بۆ سوپای دوژمن. لەوەیش دەچوو، پاگراسیۆن بە مەبەست ئەو کارە بکات، هەر بە راستییش مەبەستی بووبێت، نەچێتە

ژێر رکێفی ئەو بارکلییەی کە لە راژەی سەربازیدا، کۆنتر و، لە خۆی لە پێشتر بوو. ئیمپراتۆر لە نێو سوپادا بوو، تاکوو، وردیان بەرز ببیتەوە. بەڵام دڵەڕاوکێ لە بڕیاراندا و، ژمارەی زۆری ڕاوێژکاران و، پیلانە مەزنەکان: هەڵگەڕایەوە و وا کەوتەوە، پاشەکشە بکرێت.

وا نیاز بوو لە سەربازگەی دریسا بمێننەوە. بەڵام ئەو بۆڵۆکشییەی ئامانجی وەرگرتنی پۆستی "سەرکردایەتی باڵا" بوو: دەستڕۆیشتوویی خۆی لای ئیمپراتۆر بەکار هێنا و، پیلانەکەی پڤویلیان پشتگوێ خست. دەسەڵاتیان خستە دەستی بارکللی. هەرچەند دەسەڵاتی ئەمیشیان سنووردار کردبوو، بەڵام وەکو کارەکانیان خستبووە ژێر دەستییەوە: متمانەیەکی زۆریشیان پێی نەبوو.

کەوابوو سوپا بە یەکگرتوویی نەمایەوە و، بەش بەش کرا. بارکلییش لەبەردڵانی خەڵکەکە نەبوو. بە هۆی ئەمەیشەوە، دڵەڕاوکێ کەوتەوە و، لەشکرەکان زۆر خۆیان نەدەکرد بە تووشی شەڕەوە!

پاگراسیۆن تەنیا بەشێکی سوپای لە ژێر ڕکێفدا بوو و، کەسە نامۆکانیش بە ڕووسیەکان، قێزەون بوو بوون و، پەرەنەگرتنی گیانی نیشتمانی بوونیش لەولاوە بوەستێت. دواجار ئیمپراتۆر لە سوپا دووری گرت. ئەمەیش تەنیا یەک شیکردنەوەی هەڵدەگرت: کە پێویست بوونی جووڵاندنی پەرۆشیی هەردوو پایتەختەکە بوو، بۆ چوونە شەڕێکی نەتەوایەتییەوە. بەم دوور کەوتنەوەیە وردەی سوپای ڕووسی سێ هێندە کرد. هەر بۆیە ئیمپراتۆر سوپای جێ هێشت بۆ سەرکردایەتیی باڵا. تاکو بە ویستی خۆیان سوپا بجوڵێنن. بەوەیش هاوڵاتیان چاوەڕوانی بڕیاریەلێکی جەربەزانە بوون.

بینیگسن و غەراندۆق و تووەل، بە مەبەستی چاودێری کردنی سەرکردایەتیی باڵا، لە سوپادا بە گەورە یاریدەدەرانی سەربازی دانرابوون. بارکلییش هێندەی تر، وریا بووەوە و، بە بەرچاوی ئەو هەموو چاوەی، چاودێرانی ئیمپراتۆرەوە، خۆی بە دوور گرت لە بەرەنگاربوونەوە!

تشزاریڤیتشیش لەولاوە قسەی لە ناپاکی دەکرد و، داوای شەڕێکی سەرتاسەریی دەکرد. لۆبۆمیرسکی و برۆنێکی و، ۆلۆکی و، چەند کەسێکی تر، لایەنی ئەویان گرت. دواجار باریکللی ، بە بیانووی، ناردنی ڕاپۆرت بۆ ئیمپراتۆرەوە: ڕاوێژەکارە سەربازییەکانی پۆلۆنیی، ناردەوە بۆ، پێترزبۆرگ و، کەوتە دژایەتی کردن و، ڕوو بە ڕوو بوونەوەی بینگسن و، غەراندۆق.

پاگراسیۆن بە گالیسکەکەی، خۆی گەیاندە مالّی بارکللی و، وەکو ئەوەی کە پێویستە، لەگەڵ کەسێکی لە خۆ کۆنتر و پایەدارتر لە سەربازیدا، هەڵس و کەوتی

لەگەڵ کرد. راپۆرتێکی پێدا، کە ئەوە لە خۆیدا ڕێزێک بوو، بۆ بارکللی، بەوەی پێش ئەوە ئیمپراتۆر، ئەو ڕاپۆرتە ببینێت، پێشکەشی ئەوی کردبوو.

بۆ ئاراکتشیۆشی نووسیبوو:

هەرچەند خاوەن شکۆیش ئارەزووی ئەوە دەکات.. بەڵام مەحاڵە پەیمان لەگەڵ بارکللیی وەزیر ببەستم! بۆ خاتری خوا: فەرمانی گواستنەوەم بۆ دەر بکە. تەنانەت ئەگەر بشمکەیتە سەرکردەی فەوجێک، هەر رازیم. بەڵام ناتوانم لێرە بمێنمەوە! ئاخر سەرکردایەتیی باڵا، پڕ بووە، لە ئەڵمانییەکان و، هێندە ئەو شوێنە بە ئاشووبە: جێی ڕووسییەکیش، نابێتەوە! خۆ من پێموابوو: خزمەتی ئیمپراتۆر و نیشتمان دەکەم. کەچی ئەوەتا خزمەتی، بارکلی دەکەم! بۆیە وا لە بەردەمی ئێوەدا: ددانی پێدا دەنێم، کە ئەم خزمەتە ناکەم.

سۆل برۆنیکی و وینتزیگیرۆد و، چەند کەسێکی تر، پەیوەندیی نێوان دوو ژەنەراڵەکە ژەهراوی دەکەن. ئەوەیش وایکردووە یەکپزیی سەرکردایەتی هەر ڕووکەش بێت و، هیچی تر!

ئێستا ئەوان لە ئامادەکاریدان، بۆ پەلاماردانی فەرەنسییەکانی دەورو بەری سمۆلنسک. ئەویش ژەنەراڵێک دەنێرێت بۆ کۆڵینەوە لە بارودۆخەکە. لەبەر ئەوەی ئەو ژەنەراڵە کین لە دڵی بارکلی بوو، سەردانەکەی گۆڕی بوو و بۆ لای هاوڕێکانی خۆی و، ئەو ڕۆژەی لای ئەوان بەسەر بردبوو! لەوێشەوە دەست کردووە بە ڕەخنە گرتن لە گۆڕەپانی ئەو شەڕەی، کە هەرگیز خۆی نەیبینیوە!

لەو کاتەدا کە ئەوان وتوویژیان لە بارەی گۆڕپانی شەڕی چاوەڕوانکراوەوە بوو.. بۆ سەربازگەی سوپای فەرەنسییەکان دەگەڕان و، بە هەڵەدا دەچوون، لە دیاری کردنی شوێنەکەیاندا. لەولایشەوە سوپای فەرەنسی و لە خوار سمۆلنکەوە لەگەڵ لەشکری نقییرۆسقکییدا ڕوو بە ڕوو بوو بووەوە. ئەوە بوو ناچار بووین لە سمولنسکدا هێڵی پەیوەندیمان بپسێنین و، لەگەڵیاندا بجەنگیین و، بە هەزاران لە هەردوو لا کوژرا.

بە فەرمانی ئیمپراتۆرخۆی، شارەکە چۆڵ کرا و، خەڵکەکەیش بە دەستی خۆیان شارەکەی خۆیان سووتان. ئەمەیش کە ڕوویدا بە هۆی ئەوەوە بوو، کە پارێزگار هەڵی خەڵەتاند بوون. ئەوە بوو دانیشتوانەکەی، باریان کرد و، خۆیان کرد بە مۆسکۆدا و، بوونە نموونە بۆ ڕووسییەکانی تر. ئەوان هەموو بیر و هۆشیان، بە لای ئەو هەموو زیانەوە بوو، کە لێیان کەوتبوو. ئیدی ئەوان و، هەموو هاوڵاتیان لە سەرنجی پێشڕەویی سوپای دوژمن و، پاشەکشەی سوپای خۆماندا بوون. دواجار هەر ئەمە: بووە هۆی تیاچوونی ناپلیۆن خۆی.

بەشی دوو
بووردنی میرە پیرە

نیوەڕۆی ڕۆژی ڕۆیشتنی کوڕی "نیکۆلا ئاندرێیتش ـ میرە پیرە" ماری بانگ کرد و پێی وت،"زۆرباشە! خاتوون: ئێستا تۆ بەوە بەختیاریت، کە خۆم و کوڕەکەمت لە یەک لووتەلا کرد! ئاخر ئەو پەیوەندیە خراپە من ئازار دەدات و، بە دڵی تۆیە و، ئەوەتا ئێستا تۆ بەختەوەریت! من پیرێکی لاواز و بێ هۆشم و، تۆیش براوهیت.

پیرە کۆنت نەخۆش بوو و، هەفتەیەک بوو لە نووسینگەکەی خۆی نەدەچووە دەرەوە و، تەنانەت ماری کچیشی نەبینی بوو. ئەوەیش کە پتر ماریی سەرسام کردبوو ئەوە بوو، باوکی نەیدەهێشت کە کچە بۆرییەنیش ببینێت! تەنانەت نەیشیدەهێشت تیخۆنی خزمەتکاریشی خزمەتی بکات.

دوایەهشت ڕۆژ، میرە پیرە گەڕایەوە دۆخی جارانی و، ئاسایی بووەوە. ئەمجا کەوتەوە سەر نۆژەنکردنەوەی کۆشک و، چاندنی باخەکەی. بەڵام پەیوەندییەکەی لەگەڵ کچە بۆرییەن هەر ئاسایی نەکردەوە. بەو شێوازە ساردو سڕەی، گفتوگۆ کردنی لەگەڵ کچەکەیدا، لەوە دەچوو بیەوێت پێی بڵێت: "دەبینیت..لە بارەی کچە بۆرییەنی فەڕەنسییەوە، کۆمەڵێک درۆم بۆ براکەت کرد و، تۆیش لوتەلا بووییت.

ماریش ڕۆژانە نیوەی کاتەکەی لەگەڵ نیکۆلا چکۆلەی برازایدا، بەسەر دەبرد و، خەریکی ڕۆشنبیر کردن و، چاودێری کردنی بوو. هەر خۆیشی مووزیک و زمانی ڕووسیی، فێر دەکرد.

لە بارەی ئەو منالّەوە زۆربەی جار لەگەل دیسالّا دەدوا. ئەو نیوەیەی تری ڕۆژەکەی، بە خوێندنەوە و، گفتوگۆ کردن، لەگەل دایەنە پیرە و، ئەو پیاوانەی خوادا دەدوا، کە زۆرجار پێیان بە جەرگی خۆیاندا دەنا و، دەهاتنە ڕاڕەوەکەوە، تا ئەو ببینن.

ماری ژنانە بیری لە شەڕەکە دەکردەوە و، لەبەر ئەوەی براکەی لە سوپادا بوو، خەمی ئەویشی بوو. نەفرەتیشی لە پیاوان دەکرد، کە ئاوا بە هۆی توندو تیژییانەوە، هەمیشە خەریکی لە ناوبردنی یەکترین! بەلّام لەو هێرشانە نەدەگەیشت و، لە شەڕەکانی تری نێو مێژووی جوێ نەدەکردەوە.

دیسالّیش پیاوێکی چاو کراوە و، بە ئاگا بوو و، دەیویست ماربیش وەکوو خۆی چاو کراوەی لێ دەربچێت.

بۆ خوا ڕەخساوانیش، هەر یەکە و، بە شێوازی خۆی، هەر هەمان تەقەلایان لەگەل دەدا. دەنگۆ و پڕوپاگەندەی، نێو کۆمەلّگایان بۆ دەگێڕایەوە..دەیانووت: گوایا مەسیحی دەجالی ساختەیش، دەگەڕێتەوە سەر زەوی.

لەگەل ئەو هەواڵانەی لە جوولیی هاوڕێی و، لە مۆسکۆوە پێی دەگەیشت.

جوولییش بەم شێوەیە بۆی نووسی بوو:

"خۆشەویستەکەم... کە بە زمانی ڕووسی ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم: لەبەر ئەوەیە: کە ڕقم لە فەڕەنسییەکان دەبێتەوە و، هەرچەند ئەکەم ناتوانم گوێ لە زمانەکەیان بگرم. ئێمە لە مۆسکۆدا.. بۆ پاراستنی ئیمپراتۆرە بەردەلانەکەمان بوویەتە کڵپەیەکی ئاگڕین. هەرچەند مێردە داماوەکەم، لە نێو خانە پۆخڵەکانی جووەکاندا، بەرگەی برسێتی و، هەموو شتە قێزەونەکان دەگرێت، بەلّام من هەر ئەو هەواڵانەم لە لایە کە پەرۆشیمان تۆکمەتر دەکات. بێگومان بە کارە قارەمانانەکەی ڕاپیڤسکیت زانیوە، کەوا چۆن هەردوو کوڕەکەی خۆی لە ئامێز گرتووە و پێی وتووون،"**کوڕە شیرینەکانم: لەگەل ئێوەی هاوڕێمدا، خۆم بەخت دەکەم و ناگەڕێینە دواوە!**

بەڵێ! هەڵوێستەکە... ئاوا بوو!! هەرچەند قەبارەی دوژمنەکەمان دوو هێندەی ئێمەیە. بەلّام لە بەرامبەریاندا.. بە چۆکدا نایەین. هەر چۆنێک کارەکانی تری خۆمان بە سەر بەرین ئازادین.. بەلّام لە کاتی شەڕدا، هەموو کاتی خۆمانی بۆ تەرخان دەکەین و، تێیدا بە سەری دەبەین!!

هەردوو خاتوونی ئالین و سووفی، ڕۆژی درێژی خۆیان بۆ من تەرخان

کردووه. ئێمەی بێوەژنی مێردان زیندوو: لە بارەی زۆر بابەتی خۆشەوە وتوویژ دەکەین. خەریکی نەسیلا خواردنەوەین و، هەر لە تۆمان کەمە..."

کە بایەخی ئەو شەڕە لەلای ماری، شاردراوە بوو، بە هۆی ئەوەوە بوو، کە هەرگیز میرە پیرە لەبارەیەوە قسەی نەدەکرد! کە لە سەر مێزی نانخواردنەکەیش کۆ دەبوونەوە، میرەپیرە، لاقرتێی بە دیسالا دەکرد و، وا خۆی پیشان دەدا کە لە رووداوەکان بێ ئاگایە. بە وردەیەکی فرەوە دەدوا و، جۆرێک کە ماریی کچیشی، ئەو شەڕە مەزنە، وێڵ بکات!

بە درێژایی مانگی تەمووز، میرەپیرە، باری لەبار بوو و، فەرمانی دابوو، کە نەخشەی بەشێکی نوێ، بۆ باخەکەی دابڕێژن و، بەشێکی نوێیش بۆ خزمەتکاران دروست بکەن.

ماریش لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بوو، کە باوکی خەوی کەم بووە و، زوو زوو ژوورەکەی خۆی و، شوێنی نووستنەکەی خۆی دەگۆڕێت. دەمێک دەیوت جێی نووستنم لە هۆڵەکە بۆ ساز بکەن و لەوێ دەنووست! دەمێکیش لەسەر قەنەفەی هۆڵەکە دەنووست و جاری وایش بوو، لەسەر کورسییە مۆدێل قۆڵتێرەکە دەنووست. کچە بۆربین شتەکانی بۆ نەدەخوێندەوە و، ئێستا لە بری ئەو پیترۆشکا بۆی دەخوێنێتەوە.جاری وایش بوو، میرە پیرە، شەوی لە چێشتخانەکەیان بەسەر دەبرد.

لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئابدا، نامەیەکی تری لە ئاندریەی کوڕییەوە بۆ هات. تێیدا داوای لێبوواردنی لە باوکی کردبوو و، ئەوەی نووسیبوو، کە بە داخەوە شێوەی وتوویژی لەگەڵیدا، شایستە نەبووە و، ئاواتەخوازە کە لێی ببووریت.

میرە پیرەیش بە بووردەییەوە وەڵامی ئەوی دایەوە و، لە هەمان کاتدا لە کچە فەڕەنسییش خۆی بە دوور گرتەوە.

نامەی دووەمیش، کە لە دەوروبەری ئەو ڤیتیبسکەوە نووسرابوو، کە دەستی بەسەردا گیرابوو. لە نامەکەیدا وەسفێکی کورتی شەڕەکە و، بڕێک لە بیروڕاکانی خۆی دەربارەی فراوان کردنی بەرەی شەڕەکەوە، بۆ نووسیبوو.

ئەمجا وێستبووی، بەربەستەکانی ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مەترسییەکانی بۆ باوکی شی بکاتەوە و، تێی بگەیەنێت کە بێخەم بێت و، ئەو ژیانی لە مەترسیدا نییە. ناحەقیشی نەبوو چونکە یەکە سەربازییەکەی، نزیک بە بەرەی شەڕەکە بوو.

هەر لەو ڕۆژەیشدا دیسانْ، لە سەر نانخواردنەکە دەنگۆی ئەوەی پێ ڕاگەیاند

که دەڵێن گوایە فەرەنسییەکان.. ڤیتیبسکیان داگیر کردووە.

کـە میـرە پیـرە ئـەم قسـانەی بیسـت نامـەی کـوڕەکـەی بیرکەوتـەوە بـە مـاریی وت،"دەمێک نییە کە نامەیەکی ئـاندریەم وەرگرتووە! نەتخوێندووەتەوە؟"

ئەویش بە ترسێکەوە وەڵامی دایـەوە،"نـەخێر.. بـابـە گیان!"

ئـاخر چـۆن هـەلی خۆێندنـەوەی ئـەو نامەیـەی بـۆ بڕەخسـێت!؟ ئـەوێک کـە هـەر ئاگایشی لـە گەیشتنی ئەو نامەیە نەبووە!

بەو بزە قێزەونەی، کە هەر باسێکی بکردایە دەپەڕییە سەر لێوانی وتـی:

"ئەویش لە نامەکەیدا، لە بـارەی ئەم شەڕەوە دەدوێت."

دیسانّی خزمەتکاریش وتـی:

"بێگومان گرنگ بووە. دیارە میریش لـە شـوێنی خۆیـەوە، ئـەو راستییەی هەست پێ کردووە."

کچە بۆیرینیش هاوڕای بوو و، وتـی:

"بـەڵـێ! بـەڵـێ! زۆریش بایەخدار بووە."

میرە پیرەیش رووی تێ کرد و وتـی:

"بـڕۆ نامەکە بێنە. خۆیشت دەزانیت کە لە نێو مێزەکەدایە."

کچە بۆرییـن تەکانی دا، تاکو بچێت و نامەکە بێنێت و، بەوە شاد بوو.

بەڵام کتوپڕ میرە پیرە سوور هەڵگەڕا و وتـی:

"نـا...نـا!! تۆ مەیهێنە. ئـادەی.. میخائیل ئیڤانۆڤیتش.. تۆ بـڕۆ بۆم بێنە!"

میخائیل ئیڤانۆڤیتش هەستا و، بەرەو نووسینگەکە چوو. خەریک بوو خۆی بکات بە ژووری نووسینگەکەدا.

بـەڵام میـرە پیـرە بـە دوو دڵییـەوە، سـەرنجێکی دا و ئـەمجا خاولییەکـەی دەسـتی هەڵدایە، سەر کورسییەک و، بە هەڵەداوان شوێنی کەوت و لەبەرخۆیەوە وتـی:

"ئـەو خەڵکانە نـازانن کارێکی ڕێک و پێک بکـەن! هـەر ئێستا هـەموو شتەکانـی ژوورەکەم لێ دەشێوێنێت."

ئەو چـووە دەرەوە. دیسـاڵ و خـاتوو مـاری و کچـە بـۆرییـن و نیکـۆلا چکـۆلـە، بـە بێدەنگی لە یەکتریان دەڕوانی.

میرە پیرە گەڕایەوە و نیکۆلا چکۆلەیش بـە دوایـەوە و، نامەکـەی پـێ بـوو. ئـەمجا لە شوێنی خۆی دانیشتەوە و، ئەو نامەیەیشی کە پێی بوو، خستییە ئەولای خۆیەوە. جارێ هیچی نەکرد، تـا هەموویان لە نانخواردن بـوونەوە.

کە چێشتخانەکەیان جێ هێشت و، چوونە هۆڵەکەوە، نامەکەی دایە دەست مـاری

و، تکای لێ کرد کە بە دەنگی بڵند بۆیان بخوێنێتەوە. خۆیشی نەخشەی خانووە نوێیەکەی لە بەردەم خۆیدا بڵاو کردەوە.

دوای ئەوەی ماری نامەکەی خوێندەوە، سەرنجێکی باوکیدا. باوکیشی وای پیشاندا کە زۆر بە قوولی لە نەخشەکەی بەردەمی دەڕوانێت.

دیسان پێی بە جەرگیدا نا و پرسیی:

"میرم... ئەی بیروڕای تۆ، بەرامبەر ئەمە چییە؟"

ئەویش وەکو ئەوەی لە ئەندێشەیەکی قوواڵەوە، پەلکێشیان کردبێت. سەری بڵند نەکردەوە:

"من..؟ من..!؟"

دیسان دیسان وتی:

"دوور نییە کە گۆڕەپانی جەنگەکە، لە ئێمەیشەوە نزیک ببێتەوە..."

میر هەڵیدایە:

"هـا... هـا...! شانۆی شەڕەکە! من وتوومە و، چەند بارەیشی دەکەمەوە کە شانۆی شەڕەکە.. پۆڵۆنیایە و، دوژمنیش پێشڕەویی تر ناکات و، نییمین تێ ناپەڕێنێت!"

دیسانیش بە سەرسامییەکەوە، لە میرە پیرەی رووانی و، لەبەرخۆیەوە، وتی:

"ئەم قسە لە نییمین دەکات... لە کاتێکدا دوژمن گەیشتووەتە دنییبەر!"

بەڵام لەبەر ئەوەی ماری شوێنی ڕاستەقینەی ئەو رووبارەی نەدەزانی بڕوای بە قسەکانی باوکی کرد و، پشتگیریشی کرد.

بێگومان بیریشی لە پەلامارەکەی (١٨٠٧) دەکردەوە. کە پێی وابوو بەم نزیکانە...

میرە پیرە لە سەری ڕۆیشت و وتی:

"هەر دوای توانەوەی شەختە و بەفرەکان... سوپای فەڕەنسییەکان، لە نێو زۆنگاوەکانی پۆڵۆنیادا، نقووم دەبن و، دەخنکێن. ئەوەیشی لە بەرچاویان نەبوو کە زۆر بە خێرایی دەبێت، خۆیان بە بروسیادا بکەن. جا لەوەیش بە دواوە کێشەکان شێوازێکی دی وەردەگرن."

دیسان بە پەرۆشەوە، بەرەنگاری بووەوە و وتی:

"بەڵام میرم!... خۆ نامەکە لە ڤیتیبسکەوە دەدوێت!"

ئەویش پرخەیەکی تووڕەیی بۆ کرد و وتی:

"نامەکە!! ئۆو! بەڵێ! بەڵێ!"

لە ناکاو ڕوخساری تێکچوو و، دوای بڕێک بیرەنگی وتی:

"بەڵێ وتوویەتی فەڕەنسییەکان ڕاونراون. لە نزیکی کام ڕووبارەوە بوو!؟"

دیسالّیش چاوانی لێکنا و، زۆر بە نیانییەوە وتـی:
"هیچ ناوێکی لەو جۆرەی تێدا نەهاتبوو."
میرە پیرەیش پرسییەوە:
"چۆن شتی لەو جۆرەی تێدا نەهاتبوو؟ خۆمن لە خۆمەوە ئەوەم نەوتووە!"
ماوەیەکی باش، هەموو کپ و خامۆش مانەوە.
کتـوپڕ میـرە پیـرە دەسـتی بـۆ نەخشـەکە بـرد و سـەری بڵنـد کـردەوە و وتـی،"بـەڵـێ! بـەڵـێ! دەی میخائیـل ئیڤـانۆڤیتش، پـێم بڵـێ چـۆن دەتـەوێت نـۆژەنکردنەوەکە دەست پێ بکەین؟"
دوای ئەوەی میرە پیرە، چەند قسـەیەکی تری بۆ کرد، لێی نزیک بووەوە و، بـە تووڕەییـەوە سـەرنجی مـاری و دیسـاڵی دا و، جێی هێشـتن. مـاریش سـەرنجێکی ڕوانینـە بێدەنگەکـەی دیسـاڵی دا، بـۆ بـاوکی و ئـەوەی تێدا خوێندەوە کـە دیسـاڵ تێگەیشـتووە، بـاوکی زانیاریـیەکانی نێـو نامەکـەی میـر ئاندریـەی هـەر زوو، بـیر چووەتـەوە! جـا.. لـە ترسـی ئـەوەی کـە نـەکو دیسـاڵی مامۆستایشـی بـەو بیـر و بۆچوونەی ئەوی زانی بێت.. نەیوێرا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات.
دەمـەو ئێوارە بـوو، کـە میخائیل ئیڤـانۆڤیتش هـات و، تێی گەیاند کـە میـرە پیـرە ناردوویەتی بۆ نامەکە.
مـاریش دوای هـەواڵ پرسـینی بـاوکی و، پرسـیاری ئـەوەی کـە خـەریکی چییـە.. نامەکەی دایە دەستی.
میخـائیلی ئەنـدازیاریش بـە بزەیەکـەوە، جۆرێـک وەڵامـی پرسـیارەکەی دایـەوە زەردی هەڵگەڕاندو وتـی:
"چۆنت دیوە هەر وایە و، خۆی زۆر بێزار دەکات! بێگومـان بـە دروست کردنی خانووی نوێ ماندوو بوونێکی نوێ بۆ خۆی دەسازێنێت!"
ئەمجا کەمێک نزمتر دوا و لە سەری ڕۆیشت:
"بڕێـک خـۆی سەرقاڵـی خوێندنـەوە کـرد و، ئێسـتایش لـە پشـت مێـزی نووسـینگەکەیەوەتی و، گومـانی تێـدا نییـە، کـە خـەریکی نووسـینەوەی وەسـیەت نامەکەی خۆیەتی."
ماریش لێی پرسی:
"ئـاخۆ لەوە دەچێت کە ئەلباتیتش ڕەوانەی سمولنسک بکات!؟"
ئەندازیارەکەیش وەڵامی دایەوە:
"بـەڵـێ.. وا بە نیازە و، دەمێکە ئەلباتیتشیش چاوەڕێی فەرمانی میرە."

بەشی سێ
یادەوەرییەکانی کاترین

کە میخائیل ئیڤانۆڤیتش نامەکەی هێنایەوە، میری لەبەر نوسینگە کراوەکەی خۆیدا بینی و، نێوچاوانی دەبریسکایەوە و، چاویلکەکەی بە سەر لوتەوە بوو. چەند کاغەزێکی بە دەستەوە بوو و، چەندین تێبینیی خۆی بوو و، دەیخوێندنەوە.

دەبوو ئەو بیرەوەری و سەرنجانە، دوای مردنی خۆی، رادەستی ئیمپراتۆر بکرایە. ئەویش کاغەزەکانی ئاخنی بە گیرفانیدا و، چاوانیشی بە فرمێسک بوون، بۆ ئەو کاتانەی، کە ئەو سەرنجانەی خۆی، تێدا نوسی بوو.

میر نامەکەی کۆ کردەوە و، خستییە گیرفانییەوە و ئەو ئەلباتیشەی بانگ کرد، کە دەمێک بوو، لە چاوەڕوانیی ئەودا مابووەوە. بە پارچە کاغەزێکیشەوە، کەوتبووە هات و دەچوو و، فەرمان کردن بە سەر ئەلباتیشی بەردەرگادا و پێی وت:

یەکەم شت کاغەز بۆ نامەکان... گوێت لێیە!؟ با دووسەد کاغەز بێت و، ئا لەم شێوەیە بێت و، دەبێت پەراوێزەکانیان زێڕین بن. ئەمجا مۆم بۆ لۆک کردنیان و، بە گوێرەی سەرنجەکانی میخائیل ئیڤانۆڤیتش.

بە دەم رێوە، بە کاغەزەکاندا چووەوە و لە سەری رۆیشت:

"ئەمجا بە دەستی خۆت نامەی بیرەوەرییەکانم، بدە بە دەستی دادوەرەوە."

دەبوو ئەو کێلوونی دەرگایانەی، خانووە نوێیەکەیش ئامادە بکات. کە میرە پیرە، خۆی نەخشەکەی بۆ داڕشتبوو. لەگەڵ جانتایەک بۆ تێداهەڵگرتنی وەسیەتنامەکە.

چاوپێکەوتنەکەی ئەو داماوە دوو سەعاتی پێچوو و نەیهێشت ئەلباتیتش لە شۆڕینی خۆی بجوولێت. دواتر ئەمیش دانیشت و، نوقمی ئەندێشەکانی خۆی بوو و خەو بردییەوە. لەو کاتەدا ئەلباتیتش جووڵەیەکی بۆ کرد.

کە بە ئاگا هاتەوە بە ئەلباتیتشی وت:

"دەی... ئێستا دەتوانیت بڕۆیت. گەر پێویستم بە شمەکی تر بوو.. پێت رادەگەیەنم."

ئالباتیش ئەوی جێ هێشت و، میر گەڕایەوە و چاوێکی بە نووسینگەکەدا، گێڕایەوە. دەرگاکەی داخست و، چووەوە سەر کورسی و، مێزەکەی خۆی و، دەستی کردەوە بە نووسین بۆ دادوەرەکەی. هەرچەند کات درەنگ بوو و، خەوێکی زۆریشی دەهات. لێیشی روون بوو، بچێتە نێو نوێنەکانیشی بە هۆی ئەو بیرۆکە خراپانەوەی بە مێشکیدا دێت، خەوی لێ ناکەوێت. بەڵام نامەکەی مۆر کرد و هەستا.

میرە پیرە تیخۆنی شوێن خۆی خست و، ژوورێکی فرەی گێڕا، تاکو سیسەمەکەی خۆی تێدا دابنێت. دەچووە هەر ژوورێکی ماڵەکەوە، دەکەوتە پێوانە کردنی گۆشەکانی ژوورەکە. وەکو شوێنەکانی بە دڵ نەبوو. لەبەر ئەوەی زۆرێک لە شەوان، لەو نوێنانەدا، تووشی خەو زڕاندن بوو بوو.

قێزی لە نوێنە کۆنەکانی خۆیشی دەهاتەوە. دواتر شوێنێک لەو شوێنانەی، کە هێشتا لێی نەنووستبوو، هەڵبژارد و کەوتبووە پشت ئۆکەردێونێک.

بە خزمەتکاری مێزی خوانەکە و تیخۆن، سیسەمەکەیان بۆ هێنا و، لە شوێنی دیاریکراودا، بۆیان دانا. میرە پیرەیش چەند پەنجەیەک سیسەمەکەی هێنایە دواوە و، بردییەوە شوێنی خۆی و قیژاندی:

"بەم شێوەیە.. نا! بەو شێوەیەیش.. نا!"

کارەکە کۆتا بوو، خۆی دا بە دەست تیخۆنەوە، تاکوو بەرگەکانی بەری بگۆڕێت و، لە دڵی خۆیشیدا وتی:

"ئا.. ئێستا دەتوانم بە ئاسوودەیی و ئارامی لێی بنووم!"

داکەندنی کراس و پانتۆڵەکەی بێزاری کرد و، بە ماندوویی‌یەوە، لە سەر

سیسەمەکە ڕاکشا و قێژەونانە لە ڕانە باریکە زەردباوەکانی خۆی روانی. هەرچەند وا مەزەندە دەکرا کە لە بیرکردنەوەیەکی قوواڵی گرنگدا بێت. کەچی بیری بەاڵی ئەوەوە بوو کە چۆن چۆنی قاچەکانی الببات.

لە دڵی خۆیشیدا دەیوت:

"ئۆوا! ئەمە چۆن ڕێکخراوە! زۆر گورج و گۆاڵنە کارەکە ڕایی بوو! چەندە باشیش بوو، ئەگەر ڕێیان بدامایە تا بڕۆیشتمایە."

ددانەکانی جیڕ کردەوە و، هێندەی خۆش بوو، تا چووە نێو نوێنەکەوە. ئیدی سیسەمەکە کەوتە جیڕ و هووڕ. بیستنی ئەو ئاوازانەیش پیشەی شەوانەی بوو.

نەڕاندی بەسەر، ئەو لێکدانەوانە بێزارکەرەی، هەر لە مێشکی خۆیدا هەبوو:

"ئەی بە نەفرەت بن! ئاخر بۆ ڕێم نادەن تا بە ئارامی لێی بنووم؟" بەاڵم نا! نا!! خۆ بڕێک شتم هەاڵگرت بوو بۆ نێو جێگە، تا بیریان لێ بکەمەوە! لە ئەوانە ئەو کێلوونانە بوو کە بە نیاز بووم: لێرە بیری لێ بکەمەوە؟ نە.. بیرم لەمەیان زۆر کردبووەوە.. دەمویست: بیر لە شتێک بکەمەوە، لە بارەی هۆاڵکەوە!؟ ئاخۆ بزڕکاندنەکەی ماریی کچم بوو؟ یان لە بارەی دیسااڵی رسواوە بوو!؟ خۆ شتێکم لە گیرفانی خۆمدا دانابوو! ئەرێ خۆ ئەوە هیچم بیر نەماوە! تیخۆن ... ئەوە لە سەر خوانەکە لە بارەی چییەوە دەدوان؟"

تیخۆنیش وەاڵمی دایەوە:

"لە بارەی میر میخائیلەوە بوو."

میرە پیرەیش بە مێزی تەنیشت سیسەمەکەیدا دا و، قیژاندی:

"بێدەنگ بە!! بێدەنگ! دۆزیمەوە... نامەکەی میر ئاندریە بوو! ئەو نامەیەی ماری بۆی خوێندینەوە. ئەوە بوو دیسااڵیش بڕێک شتی لە بارەی ڤیتیبسکەوە وت، کە من نەمبیست بوو. پێویستە هەر ئێستا جارێکی دی بیخوێنمەوە."

فەرمانی پێدا کە ئەو نامەیەی بۆ بێنێت. تەپڵەکەکە بە پەرداخ و مۆمە داگیرساوەکەی سەرییەوە، لە خۆی نزیک کردەوە.

چاویلکەکەی لە سەر چەسپ کۆک کرد و، لە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەی و، ڕۆشنایی تیشکی کزی مانگە شەوەکە و، ئەو سەوزە گیایەی، با دەیشەکاندەوە، کەوتە خوێندنەوەی نامەکە. کتوپڕ لە بایەخی هەواڵەکانی نێوی تێگەیشت.

ئەمجا بە خۆی وت:

"جا.. کە فەرەنسییەکان لە ڤیتیبسکدا بن، دەشتوانن بە چوار قۆناغ بچنە نێو

سمولنسکیشەوە!! کێ دەڵێت ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەوێیش؟"

ئەمجا قیژاندی:

تیـــخۆن....

هەر کە تیخۆن ڕاچڵەکی، پێی وت:**نـا..! نـا..!**

"داوا کردنەکە.. وێڵ بکە! بێسوودە."

میرە پیرە نامەکەی خستە ژێر مۆمدانەکە و، چاوانی لێک نـا. خۆی وا هاتەوە پێش چاو، کە ژەنەرالێکی هەرزەکارە و، لە نیوەڕۆیەکی ڕووناکی بریسکەداردا، لە سەربازگەیەکی ڕووسی دایە و، بەرامبەر قامیشەڵانی کەناری ڕووباری دانـووب، وەستـاوە. ئـەو دەمـەی گـورج و گۆڵانـە، خـۆی دەکـرد بـە دەواڕە بەڵەکەکـەی "باتیومکین[1]"دا.

لە ناکاو هەستی بە ئێرەیی کرد لە خۆی.. لە بەرامبەر ئەو دەمەقاڵە و خۆ سـوور کردنەوەیەدا، کە کاتی خۆی لە بەرامبەر ئەو پیاوەدا کردبووی. ئەو قسانەیشی بیر کەوتەوە کە لەو بەرەنگار بوونەوەیەدا، بە یەکتریان وت.

لە ناکاو ئەو ئافرەتە لەشوڵار پڕە، کورتەباڵا زەردباوەیشی بیرکەوتـەوە، کـە بـە خـاتوونی ئیمپراتۆر بانگ دەکرا و، وێنەکەیی هاتەوە بەرچاو.

بە ڕوونی ئەو زەردەخەنەیەی بـە ڕووی ئەمـدا دەیکرد و، سـەرلەنوێ ئـەو چـەند ڕستە نیانانەی خۆیشی، بیر کەوتەوە، کە لە بە خێر هێنانیدا پێی وتبوو.

ئەمجا هەمان ڕوخساری، ئـەو ژنـە کورتەباڵایـە، بـە سـەر دارەمەیتەکـەوە بـوو و، ئەو پێکدا هەڵپژان و، تووڕە بوونەی کە لەگەڵ زۆبـۆف( ) کردی، لـە بـارەی ئـەوەوە کە ئـاخۆ شیاوە، دەستی ئـەو خاتوونی ئیمپراتۆرە ماچ بکات! یـان نـا!؟

ئەمجـا هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشاو لەبەر خۆیەوە وتـی:

"ئـاخ! ئـاخ!! خۆزگە بـۆم دەلـوا و، دەگەڕامەوە ئەو بـارو دۆخـە کۆنـەی جـارانم! خۆزگە.. ئێستای خۆمم، بۆ دەشاردرایـەوە! یـان هـیچ نـەبوایـە لانیکـەم.. کۆڵیـان لـە من دەدا!"

---

١ ــ گریگـوار ئەلکسـەندەرۆڤیتش بـاتیومکین: یەکێک بـوو لە لەبەردڵانەکـانی کـاترینی دووەمـی خـاتوونی ئیمپراتۆری ڕووسیای ئەوکات.

بەشی چوار
بە دەستەوەدانی سمۆلنسك

لیساجوری پازدە میلێک، لە پشت سمۆلنسکەوە بوو و، سێ چارەکە میلێک لە ڕێگای مۆسکۆوە دوور بوو. هەر لەو کاتەوەی میرە پیرە فەرمانی بە ئەلباتیتشدا. دیسالێش داوای لە خاتوو ماری کردبوو، میرە پیرە ببینێت. چونکە بیستبووی دروستیی باش نییە و، ڕایگەیاندووە کە ناتوانێت ئارامییان بپارێزێت.

لەولایشەوە میر ئاندریە، لابەلا تێی گەیاندبوون، کە لەمەودوا لیساجوری بە ئارامی نامێنێتەوە، بۆ بنەماڵەکەیان! بە نەوازشەوە داوای لێیان کردبوو، خۆیان بگەیەننە حوکمداری هەرێمەکە و، لە بارەی ئەو مەترسییانەوە، پرسیاری لێ بکەن، کە ڕوو بە ڕووی لیساجوری دەبێتەوە.

خاتوو ماری نامەیەکی بۆ حوکمداری هەرێمەکە نارد و، تێیدا پرسیاری بارو دۆخەکەی لێ کردبوو. نامەکەی دایە دەست ئەلباتیتش، تا ئەویش بیبات و، بیداتە دەست حوکمدار. گەر فریایش کەوت، هەر ئەو ڕۆژە وەڵامەکەی بۆ بێنێتەوە و بگەڕێتەوە.

ئەلباتیتشیش داریکی بە دەستەوە و کڵاوێکی بە سەرەوە بوو لە پێستی سەگڵاو دروست کرابوو و، کاتی خۆی خاتوونێک، بە دیاری پێی بەخشیبوو. هەموو جارێک کە دەچووە دەرەوە، وەکو میرەکان ڕەفتاری دەکرد و، سواری گالیسکە سێ ئەسپییەکەی دەبوو و، خزمەتکارێکی لەگەڵ خۆی دەبرد.

هاوڕێ نزیکەکانیشی بریتی بوون، لە نووسیاری نووسینگەکە و، ژمێریارەکەی

و، چێشـــتلێنەرەکەی کۆشـــک و، یاریدەدەرەکـــەی و، قەوقازییـــە چکۆلەکـــە و، گالیسکەوانەکان و، جاروبارێکیش، بڕێک لە خزمەتکاران بە دوایەوە بوون.

کچەکەی خستە سەر کورسییەکە و، چەند پشتییەکی خستە پشتییەوە، زۆر بە دزییەوە دەستێکی خستە ژێریانەوە و، یەکێک لە گالیسکەوانەکان، دەستباری داو خستییە بن دەستی خۆی و، سەرکەوت.

دواجار ئەم ئەلباتیتشە لاسایی ئاغاکەی خۆی کردەوە و، شیراندی:

"ئـۆف لە خۆ ئامادە کردنی ژنـان! ئـاخ ژنـان! ئـاخ!!"

ئـەمجا بـە فیشـک و هـورِ جێی خـۆی لـە گالیسـکەکەدا، کـردەوە. کـە سـەرۆکی نووسـینگەکە ڕێنمـایی کـردن بـۆ ئـەو کارانـەی کـە دیـاری کراوبـوون. ئـەلباتیتش شەپقەکەی لە سەرە ڕووتاوەکەی کردەوە و، بێئەوەی ئەمجارەیان لاسایی ئاغاکەی بکاتەوە، سێ جاران وێنەی خاچی لە سەر سنگی خۆی کێشا.

ژنەکەیشی ترسی نزیکبوونـەوەی دوژمنی بـوو، پێش سـەفەری مێردەکـەی بۆیـە هـاواری کـرد:"گـەر خـوا نەکەران..هەرشـتێک ڕوویـدا، ئـەوا بێگومـان هـەر زوو دەگەڕێنـەوە.. ئـەی وا نـا "کـۆڤ ئـەلباتیتش گیـان؟" بـۆ خـاتری خوا،بـەزەییت بـە ئێمەیشدا بێتەوە!" گالیسکەکە کەوتە جوولّـە و، ئەلباتیتش بە ورتە ورت وتـی:

"ئـاە ژنـان! مرۆڤ هەرگیز ڕزگاری لێتان نابێت!"

جارێک تیلـەچاوی دەدایـە پەلّـە شـێلمە تـازە پێگەیشـتووەکە و، جـارێکیش پەلّـە هەرزنە سەوزە چڕەکە. یان لەو کێڵگانەی، بـە هـۆی هەلّکەندنی شـێلمەکەیەوە. لێیـان ڕەشەوەبوو بوو. ئەمجا کەوتەوە بیر هێناوەی ئـەو کارانـەی کـە ئاغاکـەی داوای لـێ کرد بـوو. بـە دەم ڕێـوە دوو جـار ئـالیکی بـە ئەسـپەکانی دا و، بـە لای بڕێـک لـە کاروانی خەلّکەکە و، یەکە سەربازییەکاندا تێپەڕی. کە گەیشتە سمۆلنسک، گۆیی لـە تەقینی چەند فیشەکێک بوو و، ئەمەیشی وێڵ کرد.

بـەلّام ئـەوەی زۆر سـەرسـامی کردبـوو، جـوانیی زەوییـە بـە هـەرزن چێنراوەکـان بـوو. بـەلّام سـەربازەکان لـە نێویـدا هـەلّیان دابـوو و، لـە قەرسـیلی ئـەو هەرزنـە جوانەیان دەسکەنە دەکرد و، وەکو ئالیک دەرخواردی ئەسپ و هێسترەکانی خۆیـان دەدا!

ئێوارەی ڕۆژی چواری ئـاب، گەیشتە نێو شـار. بـە هـەرحاڵ هێنـدە بـیری، بـەلای ئـەو کارانـەوە بـوو، کـە گەورەکـەی پێی سـپاردبوو، مـاوەی وەسـتان و ڕامـانی لـەو دیمەنانـەی نـەبوو. ئـەوە سـی سـاڵی ڕەبـەق بـوو، لـە بازنـەی وێسـتەکانی ئاغـا و

گەورەکەیدا دەسووڕایەوە و، ئەو بازنەیەی ئەوی نەبەزاندبوو. بۆیە وا ڕاهێنرابوو، کە هەرچییەک لە دەرەوەی جێبەجێ کردنی فەرمانی گەورەکەیدا بوایە، جێبەجێی نەدەکرد. سی ساڵێک بوو لە سەر ئەوە ڕاهاتبوو، کە لە دەوروبەری جانشای ئەوبەری دنیبیەر و، ئەو"خان"ەی [1] ڤیرابۆنتۆڤ بەڕێوەی دەبرد لا بدات. ئەو ڤیرابۆنتۆڤەیش سی ساڵێک لەمەوبەر ئەو خانەی کڕی بوو.

ڤیرابۆنتۆڤ هەر لە سەر ئامۆژگاریی ئەلباتیتشیش، دار و تەختەی لە گەورە و، میر و گەورەکەی خۆی دەکڕییەوە و، کاسپیی پێوە دەکرد. تا دواجار توانیی بە قازانجی ئەو کارەی، خانوویەک و ئەو خانە و گەنجینەیەک بکڕێت و، گەنجینەکەی بۆ فرۆشتنی ئارد، بە کار دەهێنا.

ڤیرابۆنتۆڤ پیاوێکی سوورفلی تەمەن دەوروبەری: پەنجا ساڵانی قژ ڕەشی لێو ئەستوور بوو. ورگێکی قژبژ، لووتیشی هەر لە سەلکە پەتاتە دەچوو! بە بەرکۆشەیەکی قوماشی هیندییەوە، لە دوکانەکەیدا دانیشتبوو.

هەر کە ئەلباتیشی بینی، لە بەری هەستا و پێی وت:

"ئای بە خێر هاتیت ئایاکۆڤ ئەلباتیتش! خەڵکەکە شار چۆڵ دەکەن و، تۆیش خۆتی پێدادەکەیت!"

ئەویش پرسیی:"چۆڵی دەکەن! بۆچی؟"

ڤیرابۆنتۆڤیش وەڵامی دایەوە:

"لەبەر ئەوەی خەڵکەکە ڕسوان و زیرەیان لە فەرەنسییەکان کردووە!"

ئەویش بۆی سەندەوە:

"بە ڕاستی هیچ و پووچن و، لە پیرەژنانێکی تۆقیو دەچن!"

ڤیرابۆنتۆڤیش وتی:

"ئەلباتیتش.. من وا بۆی دەچم، تاکو خۆمان ڕێیان بۆ خۆش نەکەین" ئەوان ناتوانن خۆیان بکەن بە شارەکەماندا! کە وابوو شتێکی ئەوتۆ نییە تاکو لێی بترسین... وا نا!؟ ئەوەتا خەڵکەکەی خۆیشمان بە دوای سێ ڕۆبڵدا، کە کرێی گالیسکەکانە ڕادەکەن! ئەو بێدینانە: شەرم نایان گرێت و، تەریق نابنەوە!"

ئەلباتیتشیش وەکو ئەوەی هیچی نەبیستبێت، داوای چا بۆ خۆی و، ئالیکیشی بۆ ئەسپەکانی کرد.

---

١ ـ خان بە واتای موتێل بە کارم بردووە. وەرگێڕی کوردی

به درێژایی ئـەو شـەوە، یەکەیـەکی فرەی سـەربازان، بـە بـەر خـانەکدا تێپـەڕین. بـەیانیش زوو ئـەلباتیتش بـەرگێکی پووختـەی پۆشـی و، چـوو بـە لای کارەکـانی خۆیـەوە. کـات هەشـتی بـەیانی بـوو و، ئـەو ڕۆژە ئاسـمان سـایەقە و، خۆرەتـاو و، پلەکانی گەرما لە هەڵکشاندا بوو.

ئەلباتیتش لە دڵی خۆیدا وتـی:

"ئـای.. چەندە کەش و هەوا لە بارە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان!"

هـەر لـەو هەشـتی بەیانییـەوە، دەنگـی ڕێژنـەی گوللـە و تۆپـە دوور هاوێژەکـان دەبیسترا! هەموو شەقامەکان، جمەیان دەهات، بـە سـەرباز و خەڵکەکـە. گالیسکەکان ئاساییانە ڕێیان دەبـڕی و دوکانەکان کراوە و، دەنگی زەنگی کڵێسەکان دەبیسترا.

کـە خـۆی گەیانـدە فەرمانگـەی پۆسـتە، لـەوێش بـاس هـەر باسـی شـەڕەکە و، گریمانەی پەلاماری شارەکەیان بوو. هەر خۆیشیان لە خۆیان دەپرسی: **لەو بازەدا.. چی بکەن باشە؟** تەقـەلای ئەوەیشیان دەدا یەکتر هێور بکەنەوە.

لەبـەر فەرمانگـەی دادگایشـدا، بـە هـۆی تێپـەڕبوونی یەکەیـەکی سـەربازیی قەوقازییەکانـەوە: ڕوو بـە ڕووی خـەڵکێکی فـرە بـووەوە. سـەربازەکان لـە دەوری گالیسکەیەکی گواستنەوەی پیاوێکی مەزن، کۆ بووبوونەوە.

لەسەر پیلیکانـەی فەرمانگەکـەیش، دوو پیـاوی لادێـی دەوڵەمەندی بینی، کـە بـە وردی سەرنجیانی دا.

یەکێکیان کۆنە سەرکردەی پۆلیس بوو و، بە پەرۆشەوە، دەیوت:

"ئەمە گاڵتە هەڵناگرێت.. پیاوی باش!! کارەکە لەوە ئاسانترە و، لەوە دەچێت تـەنیا خۆت ڕزگار بکەیت! ئـاخر کەسێک سیازدە کەسـی خێزانەکـەی لـە ژێر دەسـتا بێت.. پێویستە تا ئـەو شوێنەی بۆی دەکرێت، زۆرترینیان ڕزگار بکات.

یەکێکی تر وتـی:"دەی! دەی! ددان بە خۆتدا بگرە!"

سەرکردەی پێشووی پۆلیس وەڵامی ئەویشی دایـەوە:

"باکم نییە کێ قسەکانم دەبیستێت! هەرچۆنێک بێت، ئێمەیش سەگ نین!"

کە لای کردەوە و ئەلباتیتشی بینی، بەویشی وت:

"هـۆو! ئەلباتیتش.. ئـەوە چی دەکەیت لێرە؟"

ئەویش وەکو جارانی قسە کردنی گەورەکەی، دەستی لـە گیرفـان نـاو وتـی،"بە فـەرمانی خـاوەن شـکۆی خـۆم هـاتووم، تـاکوو ئاغـای دادوەر ببینـم و، لـە بـارو دۆخیشتان ئاگادارم."

دەوڵەمەندە لادێیش هاواری کرد:

"بارو دۆخەکە!؟ نابینیت زۆر خۆشە!؟ ئەوەتا دادوەریش جۆرێک پەنجەی لەگەڵ بار و دۆخەکە نەرم کردووە، کە نە تەنیا گالیسکەیەکیشی بە دەستەوە ماوە و، نە هیچ!"

دەستی بەرەو ئەو لایە درێژ کە تەقەکانی لێوە دەهات و لە سەری رۆیشت:

"گوێ بگرە! ئەوە خۆیانن!! فەڕەنسییەکانن!... دەیبیستیت!؟ جا بە هۆی ئەو پیاوە باشانەوە، وا ئێمەیش بەرەو دۆزەخ دەڕۆین!"

بەدەم هاتنە خوارەوەیشی لە پلیکانەکانەوە، وتی:

"ئەی.. جەردە و ڕێگرانی خوێنڕێژ."ئەلباتیتشیش بە سەربادانەوە، بە پلیکانەکاندا سەرکەوت و ئەوی تێپەڕاند. لە دالآنی فەرمانگەکەیشدا کۆمەڵێک لە بازرگانان و ژنان و، فەرمانبەران بوون و، بێدەنگ لە یەکتریان دەڕوانی. دەرگای نووسینگە کرایەوە و، هەمووان هەستانە سەرپێ. فەرمانبەرێک بە پەلە هاتە دەرەوە و، ورتە ورتێکی لەگەڵ بازرگانێک کرد. دواتر کارگوزارێکی کەتەی مل بە مەدالیای بانگ کرد و، زوو خۆی لە وەڵامی خەڵکەکە دزییەوە و ون بوو.

ئەلباتیتشی بۆی جووڵا و، خۆی لە ڕیزەکە نزیک کردەوە. هەر کە ئەو فەرمانبەرە دەرکەوتەوە، دەستێک بە دوو نامەوە بە جۆرێک بۆی درێژ کرا. نەیتوانی وەریان نەگرێت. لە سەر نامەکان نووسرا بوو: "لە ژەنەرالی بالآ پۆلکۆنسکی... بۆ گەورەی خۆم ئالبارووون ئاسش".

دادوەر ئەلباتیتشی پێشوازی کرد و، لە ژێر لێوەوە، پێی وت:

"بە میر و خاتوونی ئەمیرە ماریی کچی ڕابگەیەنە، من ئاگام لە هیچ نەبووە. لە سەر ڕۆشنایی فەرمانی بالآیان، هەڵس و کەوتم کردووە."

دەستە بە نامەکەی بۆ درێژ کرد و لە سەری رۆیشت:

ئەمە بگرە.. بە هەرحاڵ من لای خۆمەوە، ڕێنوێنی میر دەکەم، کە مادام نەخۆشە.. ڕوو لە مۆسکۆ بکات. هەر ئێستا خۆیشم ڕوو لە مۆسکۆ دەکەم. پێم باڵێ...

هێشتا ڕستەکەی نەگوتبوو کە ئەفسەرێکی تەپ و تۆزاویی، ئارەق کردووەوە، خۆی بە ژووردا کرد و، بە فەڕەنسی هەواڵێکی پێدا و، دادوەر رەنگی هەڵبزڕکاو! ناچاری کرد، بە سەر لەقاندنێک ئەلباتیتشی تێگەیاند، تا بچێتە دەرەوە. دواتر کەوتە پرسیار کردن لەو ئەفسەرە.

که هاته دەرەوە و نێو هۆڵەکە، سەرنجی خەڵکەکەی بە ترس و بیمەوە دەدا. کە بەرەو خانەکە بووەوە. گوێی لە تەقەی دوور و قسەی خەڵکە پەشۆکاوەکە بوو. تا دەهات دەنگی ئەو تەقانەیش، نزیکتر دەبووەوە.

ئەو نامەیەیش لە دادوەری وەرگرتبوو تێیدا هاتبوو:

"دەتوانم..پێداگریی ئەوە بکەم، کە سمۆلنسک ڕوو بە ڕووی مەترسی نابێتەوە. گومانم لەوە هەیە، کە بکەوێتە ژێر فشارێشەوە. هێزەکانی پاگراسیۆن لەولاوە و، هێزەکانی خۆم لەملاوە. بە سنووری سمۆلنسکەوەین و، هەر زوویش، یەکیان پێ دەگرینەوە. پێک گەیشتنیشمان لە (٢٢)ی ئەم مانگەدا دەبێت. دوای یەکگرتنەکەیش، هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەی، کە بە تۆ سپێرراوە، زۆر بە جوانی نەک هەر ئیستا.. بەڵکو تا کۆتایی جەنگەکە، دەپارێزین. یان دەبێت یەکە یەکەی سەربازی سوپامان، شەهید بکرێن.. یان ئەوەتا، دەبێت بەرگری لە هاوڵاتیان بکەین.

کەوابوو.. بۆت هەیە هاوڵاتیانی سمۆلنسک هێور بکەیتەوە و، ئارامییان بۆ بگێڕیتەوە، چونکە ئەوان دەکەونە ژێر باڵی دوو سوپاوە، کە ساربازانێکی ئازا پێکیان هێناوە. بۆیە پێویستە لە سەرکەوتنیش بێگومان بن.

فەرمانی ڕۆژانە: لە بارکللی دوتوولییەوە، بۆ دادوەری مەدەنیی سمۆلنسک.

ئەلباروون ئاسش... ساڵ / ١٨١٢"

خەڵکەکە بە دڵەڕاوکێوە، ڕژابوونە سەر شەقامەکان! لە چرکە ساتێکدا چەندین گالیسکەی بارکرا و، بە قەنەفە و کورسی و شتومەکی ماڵ، لە کۆڵانەکانەوە دەردەپەڕین!! بەرامبەر خانووەکەی نزیک ماڵی ڤیرابۆنتۆڤیش، چەندین بارە گالیسکەی شتومەکی ماڵ و ژن و منداڵ وەستاون و، قیژ و هوڕیانە و، خەریکی خواحافیزی بوون، لە یەکتری. تووتەڵە سەگێکیش، لە نێو دەست و پێی ئەسپەکاندا، دەوەڕی.

ئەلباتیتش بە پەلە خۆی کرد بە تەویلەی ئەسپەکانیدا و، بە جۆرێک گوێیشی لە گریانی ژن و منداڵی ڤیربۆنتۆڤ بوو، لە ژووری بەڕێوەبەرەکەوە، کە بەندی جگەری دەپچڕاند.

گالیسکەوانەکەی خۆیشی بینی، بێخەمانە لێی نووستووە! هەر زوو بە خەبەری هێنا و، گالیسکەکەی پێ ساز دایەوە، تاکو بە خێرایی بگەڕێنەوە و، بەرەو ماڵ ببنەوە. کە خۆیشی کرد بە دالانەکەدا، چێشتلێنەرەکەی بینی، وەکو مریشکی

سەربڕدراو بە ترس‌و دڵەڕاوکێوە هەر هەڵبەزو دابەزی بوو و دەیقیژاند،"لێی دا..! ئەو بەڕێزە لێی دا! هێندەی کوتا تا خستییە: شەرارەی مەرگەوە! ئۆو.. ژنە داماوەکە!" ٠

ئەلباتیتشیش لێی پرسی:

"لەبەر چی؟"

چێشتلێنەریش وتی:

"چونکە هێندە دەمی سووتا و، داوای لێکرد تاکو: جێی نەهێڵێت و، لەگەڵ خۆی ببیات! هەر هێندەی خۆش بوو پێی وت: خۆم و منداڵەکانیشم لەگەڵ خۆت ببە! ئەوەتا وا هەموو خەڵکەکە ڕەویان کرد و، شار چۆڵ بووا! ئیدی چاوەڕێی چی دەکەیت!؟ هەر هێندەی خۆش بوو: ئەمەی وت! ئیتر "کابۆا" کەوتە لێدانی و، حەسیرمەیدانی ئەم ناوەی پێ کرد."

ئەلباتیتش هێندەی بۆ کرا سەرێک با بدات. خۆی کرد بە ژوورەکەی بەرامبەر ژووری بەڕێوەبەردا، لە هەمان کاتدا، ژنێکی ڕەنگ زەرد کراسە درێاوەوەکەی بەردابووەوە و، لە دەرگاکەوە دەرپەڕی و منداڵێکیشی پێ بوو، بە راکردن بە پلیکانەکەدا بەرەو حەوشەکە چووە خوارەوە و، دەیقیژاند:

"هەی.. پیاوکوژی... خوێنڕێژ!"

ڤیرابۆنتۆڤ بە دوایدا، هاتە دەرەوە و، کە ئەلباتیتشی بینی خۆی ڕێک خستەوە و، سەرو قژە هەڵواوەکەی، ساز داوە و شوێنی کەوت.

ئەویش لێی پرسی:

"چییە.. ڤیرابۆنتۆڤ! لەوە دەچێت، تۆیش نیازی ڕەو کردنت هەبێت؟"

کە ئەم پرسیارەی لێ کرد، نە وەڵامی وەرگرتەوە و، نە سەیریشی کرا. ئەمجا کەوتە کۆ کردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە قەرزاریتی.

"ڤیرابۆنتۆڤ، بابە قەرز شتێکی ئەوتۆ نییە و، لە سەری ڕێک دەکەوین.. پێم بڵێ دادوەرت بینی؟ ئەوان لای خۆیانەوە.. بڕیاری چییان داوە؟"

ئەلباتیتشیش وەڵامی دایەوە:

"وەڵامیکی ڕوون و دروستی نەدامەوە!"

ئەویش پرسییەوە:

"ئاخۆ دەتوانم شتومەکەکانی خۆم بگوێزمەوە؟ ئەو چاو چنۆکانە بۆ هەر باریکی گالیسکە حەوت ڕۆپڵ دەسەندن! ئا ئەمە چ بیر کردنەوەیەکە؟ لە کاتێکدا

ئەو سیلیڤانۆڤە داماوە، ئاردی گەنجینەکەی، ئەم پێنج شەمەیەی، بە سوپا فرۆشتەوە، فەردەی بە نۆ رۆپڵ! بە هەرحاڵ.. با برۆین، سەر و چا بخۆینەوە."

کە ئەوانی تر خەریکی ئەسپی گالیسکەکان بوون. ئەمان بەدەم چا خواردنەوەوە، کەوتنە باسی نرخی گەنم و، بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و، کاتی گونجاوی درویّنە.

دوای ئەوەی ڤیربۆنتۆڤ سێ پیاڵە چای خواردەوە، هەستا و وتی:

"پێیان وایە.. ئارامی بۆ هەرێمەکە گەڕاوەتەوە و، سەرکەوتنیش هەر بۆ پیاوانی خۆمانە! ئەوە هەر بە زۆر بڕوایان پێ هێناین کە.. ڕێ بە دوژمنان نادەن تا بێنە شارەکەمانەوە! ئێمە بەهێزترین! ئەی وایان نەدەگوت!؟... پێم وایە.. ئیڤانۆڤیتش، هەموویانی فڕێدایە ڕووباری "مارینا"وە. هەر وەکو لێیشی دەگێڕنەوە: (١٨٠٠٠) کەسی لە ڕۆژێکدا، لێ بە خنکاندن داون!

لەو کاتەدا گالیسکەوانەکەی ئەلباتیتش، خۆی کرد بە دوکانەکەدا و، ئەویش ئەو شمەکانەی کۆ کردەوە، کە لە دوکانەکەی کڕی بوو و، قەرزە کۆنەکەیشی دابووەوە. دایە دەستی و، لە تەکیدا لە دوکانەکە چوونە دەرەوە. لە دەرەوەیش گوێیان لە تەق و هۆڕی، پێچکەی گالیسکە و، زڕەی زنجیر و، هەڵەفەی ئاسن بوو و، لەوسەری شەقامەکەوە دەهات.

دوای نیوەڕۆ پێشڕەویی فرەتریان کردبوو و، ئەلباتیتش، لە پەنجەرەوە سەرنجی شەقامەکەی دا و، بینیی نیوەی ئەو شەقامە: لە گالیسکە و خەڵکدا جمەی دەیت و، نیوەکەی تری، تیشکی خۆر ڕووناکی کردبووەوە.

لە ناکاو هاتە دەرەوە، تاکوو بەرەو سەرشەقامەکە بڕوات. گوێی لە هووشپەیەک بوو، هێندەی پێنەچوو، گوێی لە گرمەی تەقینەوەی گوللە تۆپێک بوو، هێندە بەهێز بوو: شووشەی پەنجەرەکانی لەرانەوە!

ئەلباتیتش گەیشتە سەر شەقامەکە و، دوو پیاو بەرەو پردەکە بوونەوە. ئەمجا هەر هووشپەی گوللە تۆپ و دەنگی تەقینەوەیان دەهات. کەچی دانیشتوانەکە هەر گوێیشیان بەو تەقینەوانە نەدەدا!

لەسەر فەرمانی ناپلیۆن هەر لە سەعات پێنجەوە (١٣٠) تۆپ گوللە تۆپی بەسەر شاری سمۆلنسکدا، دادەباران. کەچی دانیشتوانی شارەکە لە سەرەتادا هێندە بە تەنگەوە نەبوون.

سەرەتادا تۆپبارانەکە بیروهۆشی دانیشتوانی جووڵان و، لەولایشەوە، ژنەکەی ڤیرابۆنتۆڤی کپ کردەوە. ئەو داماوە ئازارێکی زۆری بەو هۆیەوە لە ژێر

زەمینەکە چەشتبوو. کتوپڕ بەرەو دەرگای دەرەوە چـوو و، منالّەکەیشی هـەر بـە باوەشەوە بوو. بـە چاوی زەقەوە، لە خەڵکی سەرشەقامەکەی دەڕوانی و، گوێیشی لە ژاوە ژاوەکە گرتبوو. بە دوایدا ئیشکەری دوکانـە و چێشتلێنەرەکە، بـە هەڵـەداوان هـاتن و، وایانـدەڕوانی کـە گوللـە تۆپـەکان بـە ئـاسمانەوە ببیـنن و، شـوێنی کەوتنەوەیشیان پێ بـزانن!

لە گۆشەی شەقامەکەوە، چەند کەسێک دەرکەوتن و، بە پەرۆشەوە دەدوان.

یەکیکیان وتـی:

"ئـای گوللە تۆپێکی بە هێز و کاولکـەر بـوو! خـانوو و سـەربانەکەیی کـردە دار و پەردوو!"

دووەمیش بە پێکەنینەوە وتـی:

"هـەر وەکـو چـۆن، بـەراز بـە لـمۆزی زەوی دەکێڵێـت! گوللـە تۆپەکـەیش ئـاوا زەوییەکەی کێڵاوە! هێندە سەیرە.. دڵ دەخاتە خوارەوە. بە خوا گەر خۆت لا نەدایـە، تۆیشی لەگەڵ زەوییەکە تەخت دەکرد!"

هـەر خـەڵکی بـوو دەیوەسـتان و، ئـەوانیش ئـەوەیان دەگێڕایـەوە، کـە چـۆن گوللەتۆپـەکان لە نزیکیانەوە دەکەوتنەوە.

لەو کاتەدا تۆپبـارانەکە بـەردەوام بوو و هووشپەی گوللـە تۆپـەکان: دەمێک بـە تـاک و، دەمێکیش بە کۆ دەبیسترا و، هەرچەند بـە سـەر سـەردا تێدەپـەڕی. بـەڵام لـە دەوروبەر نەدەکەوتەوە، تاکو شوێنی و، زیانەکەی ببینرێت.

ئەلباتیتش سەر گالیسکەکەی کەوت و، ڤیرابۆنتۆقی خـانەخۆییشی، لێی دەڕوانـی. دواتـر چێشـتلێنەرە تـەنوورە سـوورەکەی، بانـگ کـرد و، ئـەویش لـە گۆشـەی شـەقامەکە، دەسـتی لـە کەمـەری خـۆی خستبوو و، سـەیری دەوروبـەری دەکرد و، گوێی بۆ وتووێژی خەڵکەکە ڕاگرتبوو.

"چی بوو! هەر هیچت نەبینی و، تاقەتیشت لە چرپە چرپ کردن نەچوو؟"

ئەویش هەر کە دەنگی گەورەکەی خۆی بیسـت، تـەنوورە سـوورەکەی بـە دوای خۆیدا کێش کرد و وتی:

"ئـاخر تـووخوا.. شتی وا دەبێت!؟"

هووشپەی گوللەتۆپێکی تر هات و، ئـەمجارەیان بریسکەیەک وەکـو چۆلەکەیـەکی تیژ تێپەڕ بـوو. کتوپڕ بـاوەشێک گڕ لـە نـاوەڕاستی شـەقامەکە پەیـدا بـوو! قـرچ و هورێک و، بـە دوایدا دوکەڵێکی خەستی وای هەبوو، دەورو بەرەکەی خۆی لـە چـاو ون کرد!

خاوەن خانەکە، قیژاندی کە فریای ئەو چێشتلێنەرەی بکەون:

"ئەرێ ئەوە هەر تەواو نەبوویت!؟ ئەمە چ تاوانێکە؟"

قیژە و هاواری، ژنانی دەوروبەر دەبیسترا و، منالّە بەرمەمکانەکەیش، تۆقی بوو و، ذەستی کردبووە گریان. خەڵکەکەیش لە کارەکەرە تەنووڕە سوور کۆ بوونەوە و، ئەو داماوەیش هاوار و نالّەی، دەگەیشتە کەشکەشانی فەلەک! لەو قیژە و هاوارانە:

"ئۆی! ئۆی! هاوڕێ نیانەکانم!فریشتەی خوای بەخشندە! مەهێڵن بمرم!"

"ئۆو! ئۆو! هاوڕێ نیانەکانم..."

پێنج خولەکی نەبرد و، بریندارەکەیان گواستەوە و، شەقامەکە چۆڵ بوو. چێشتلێنەری داماو، پارچە تۆپێک لێی دابوو و، پەراسوویەکی شکاندبوو.

ئەلباتیتش و گالیسکەوانەکەی و، ژنەکەی ڤیرابۆنتۆڤ و، منالّەکانی و، گەورِ پاکەرەوەکە، خۆیان بە ژێر زەمینەکەدا کرد و، کەوتنە گوێ هەڵخستن.

هاوار و قیژەی تەنووڕە سووریش، بەسەر هووشپەی ئەو گوللە تۆپانەدا زاڵ بوو، کە بڕانەوەی بۆ نەبوو. ژنی خاوەن مالّیش، دەستی بە پشتی منالّەکەیدا دەهێنا و، ئارامی دەکردەوە. لەوانەیشی دەپرسی کە دەهاتنە ژوورەوە، کە ئاخۆ میّردەکەی ئەویان بینیوەوە، لە کوێیە؟ تاکو دواتر کارگێڕی دوکانەکە تێی گەیاند کە میّردەکەی ئەویش، وەکو ئەو هەموو خەڵکەی شاری سمۆلنسک، بۆ پاراستنی خەڵکەکە وێنەی پاکیزەی سمۆلنسکیان بڵند کردبووەوە و، بەرەو کڵێسە بوونەوە.

ئێوارەیەکی درەنگ، تۆپخانەکان کپ بوونەوە و، ئەلباتیتشیش لە ژێر زەمینەکە، هاتە دەرەوە و، لەبەر دەرگا وەستا. ئەو ئاسمانە بریسکەدارە، بە هۆی تۆپ بارانەکەوە و، دووکەڵی گوللە تۆپەکان و، ئاگر کەوتنەوەوە، تاریک بوو و بووە شەوە زەنگێکی ئەنگوستەچاو. تەنانەت رۆشنایی مانگەکەی ئەودیو دووکەڵەکەیش رەنگی گۆڕدرابوو.

بەدوایدا خامۆشییەکی خەمهێنەر و، بروسکەی ناوەناوەی کڵپەی ئاگری دەوروبەر و، دەنگەدەنگی دوورو، خرمەی پێی ئەسپ و هێستر و، جیڕە جیڕی گالیسکە رەوتەنییەکانیش.. کپییەکەی دەشڵەقان.

چێشتلێنەرە پێکراوەکەیش کپ بوو بوو و، هاوارو نالّەکەی نەمابوو. لوولەکی دووکەڵە رەشە باخواردووەکانیش، بە دەم باوە، بە راست و چەپدا، دەشەکانەوە. سەربازانی سەر هەموو جۆرە چەکەکانیش، هەڵهاتبوون و، وەکو میّروولەی دەمی شار ڕووخاویان لێ هاتبوو و، بە راست و چەپدا، فڕکەیان دەهات. بڕێک لەو

هەڵاتووانەیش، خۆیان دابووە پاڵ ماڵەکەی ڤیرابۆنتۆڤ.

ئەلباتیتش لە بەردەرگاوە، فەوجێک سەربازی بینی، کە بە شڵەژاوییەکی فرەوە هەڵدەهاتن.

ئەفسەرێک بە دەم راکردنەوە بە ئەلباتیتشی وت:

"وا شارەکە خۆی بە دەستەوە دەدات و، تۆیش بڕۆ و، سەری خۆت هەڵبگرە. "

بە سەربازەکانی خۆیشی وت:

"ئێوە... ئێوەیش فێر دەکرێن، کە چۆن بەو دەشتانەدا بڵاوەی لێ بکەن.."

ئەلباتیتشیش خۆی کردەوە بە ماڵدا و، بانگی کردە گالیسکەوانەکەی و پێی وت: کە خۆی ئامادەی ڕەو کردن بکات. بڕێک لە بنەماڵەکەی ڤیرابۆنتۆڤ و خزمەتکار و کارەکەران، وەدووی ئەو دوانە کەوتن و، دەچوونە دەرەوە.

ژنانیش کە کڵپەی ئاگرەکە و، ئەو هەموو دوکەڵەیان بینی، بێدەنگییەکەیان شڵەقاند و، کەوتنە دەردە دڵ. کۆمەڵە ژنانی ئەوسەری شەقامەکەیش، کەوتنە وەڵامدانەوەیان. ئەلباتیتش و گالیسکەوانەکەی، بە ژێر گوێسەبانە و، کەنار دیوارەکاندا دزەیان کرد و، خۆیان ڕزگار کرد.

کە گالیسکەکە چووەوە سەر شەقامە سەرەکییەکە، ئەلباتیتش نزیکەی دە سەربازێکی لە دوکانە کراوەکەی ڤیرابۆنتۆڤدا بینی، بە دەنگی بڵند دەدوان و، هەگبەکانیان پڕ دەکرد، لە ئارد و گوڵە بەڕۆژە.

هەر لەوکاتەیشدا ڤیرابۆنتۆڤیش لە دەرەوە گەڕایەوە. کە ئەویش ئەو سەربازانەی بینی، خەریک بوو بقیژێنێت. بەڵام هەر زوو خۆی ڕکێف کرد و، کەوتە رنینەوەی قژی سەری. ئەمجا بە دەنگی بڵند، قاقایەکی تێکەڵ بە گریانی لێدا. چووە نێو دوکانەکە و، گونییە ئاردەکانی فڕێدایە سەر شەقامەکە و، قیژاندی:

" لاوە شەنگەکان هەرچییەکم هەیە.. بیبەن بۆ خۆتان! ئەو شتومەکانە ببەن و، مەهێڵن ئەو شەیتانانە بیماشنەوە و بیبەن بۆ خۆیان.

بڕێک لەو سەربازانە هەڵاتن و، بڕێکیشیان کەوتنەوە، پڕ کردنی هەگبەکانیان.

کە ڤیرابۆنتۆڤ ئەلباتیتشی بینی، هاواری کرد:

"ڕووسیامان لە دەست چوو! لە دەستمان چوو! دنیا دەسووتێنم!"

هاتەوە سەر شەقامەکە و، لەبەر خۆیەوە هەر دەیوت و دەیوتەوە:

ڕووسیا... تێداچوو!!

لێشاوی بەردەوامی سەربازان و، ڕەوی گالیسکەکان، شەقامەکەیان گرت و، ڕێیان لە ئەلباتیتش و گالیسکەکەی بڕییەوە. ئەو گالیسکەکەی ژێری ژنەکەی

ڤیرابۆنتۆڤ و منالەکانی تێدا بوو. چاوەڕێی ئەوە بوو، ڕێپەکەی بۆ چۆڵ ببێت و، تێپەڕێت.

تاریک داهات و مانگی چەماوەیش لەودیو دووکەڵەکەوە، بە ئاستەم دەبینرا. لە سەرەوڵێژییەکەی ڕێی بەرەو دنیبیەرەوە، ئەو دوو گالیسکەیەی لەگەڵ ئەو بوون، شوێن گالیسکە سەربازییەکان کەوتبوون. بۆیە ناچار بوون، کە لە خێراییەکانیان کەم بکەنەوە. دواتر ناچار بە وەستان کران.

لە کەناری شاریشەوە و، نزیک بە ئەمان، ئاگر کەوتبووە و، مال و دوکانەکان گرێان تێ بەربوو بوو و، خەریک بوو کڵوکۆیان دادەمرکایەوە. جارو بار کڵپەی ئاگرەکە لە دووکەڵەکەدا ون دەبوو و، کە دەردەکەوتەوە، دەوروبەر و ڕوخساری خەڵکەکەی، بە شێوەیەکی ئەفسوناوی ڕۆشن دەکردەوە.

هەر تارمایی بوو، بە بەر ئاگرەکەدا دەهاتن و دەچوون. لەگەڵ قرچە قرچی بەردەوامی ئاگرەکەدا دەنگیان دەبیسترا.

ئەلباتیتش لە گالیسکەکەی دابەزی و، کەوتە ڕوانین. بۆی دەرکەوت بەو نزیکانە ڕێیان بۆ چۆڵ نابێت، تاکو تێپەڕن. بۆیە چووە سەر شەقامەکە.. تا لە نزیکەوە کارەساتی ئەو ئاگر کەوتنەوەیە ببینێت.

سەربازانیش بە بەردەم ئاگرەکەدا دەهاتن و دەچوون. دوانی لێ بینین کە پاڵتۆ زبرێکی تیسکن، یارمەتیی دەدان، لە کێشکردنی، چەند نیرگە و کۆڵەکەیەکی گڕگرتوودا، بۆ دوور خستنەوەیان لە ئاگرە گەورەکە. ئەوانی تریش بە باوەش بەڵم و پووشی تەڕیان، بۆ دەهێنا.

ئەلباتیتش لە کۆمەڵە خەڵکێک نزیک بووەوە، کە لە بەر مەخزەنێکی گەورەی گڕگرتوودا، وەستابوون. گڕ لە کون و کەلەبەر و، پەنجەرەکانیەوە دەهاتە دەرەوە و، ڕاستە دیوارەکەی پشتی هاڕەی کرد و ڕووخا.

ئەو میچ و بانەی، کە لە پارچە تەختەی تەنک پێک هاتبوو، کەوتە خوارەوە و تەختەکان گرێان گرت و لەوە دەچوو کە خەڵکەکەی دەوروبەریشی، چاوەڕوانی ڕووخانی دیوارەکانی تری ئەو مەخزەنە بن.

دەنگێکی ناسراو بانگی کرد:

ئەلباتیتش.

ئەویش زوو دەنگی لاوەی گەورە خۆی ناسییەوە و هاواری کرد:

بەڵێ.. خاوەن شکۆ!

میر ئاندریەیش، بە سەر پشتی ئەسپەکەیەوە بوو و، پاڵتۆیەکی لە خۆیەوە ئاڵاند بوو و، بەسەر خەڵکەکەدا لە ئەوی دەڕوانی.

ئەمجا لێی پرسی:

"ئەوە چی دەکەیت.. لێرە!؟"

ئەویش بە هەڵبزرکاوییەوە وەڵامی دایەوە:

"خاوەن... خاوەنشکۆ...!"

ئەمجارەیەیان بە دەم هەنسک دانەوە وتی:

"ئەی خاوەن... خاوەنشکۆ ئاخۆ.. هەر بە ڕاستی خۆمان لە دەست داوە!؟ ئاخ.. باوکی مەزن!"

جارێکی دی میر ئاندریە لێی پرسییەوە:

"چی دەکەیت.. لێرە!؟"

کڵپەی ناکاوی گڕەکە روخساری زەرد هەڵگەڕاوی میر ئاندریەی ڕووناک کردەوە. ئەمجا ئەمیش کەوتە گێڕانەوەی دەرچوونی فەرمانی ناردنی بۆ سمۆلنسک و، ئەو کۆسپانەی لە کاتی گەڕانەوەیدا. هاتوونەتە ڕێی.

ئەلباتیتش پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

"خاوەنشکۆ.. پێم بڵێ هەر بە ڕاستی.. تیاچووین!؟

ئەویش وەڵامی نەدایەوە و، دەفتەرە بەرباخەڵەکەی دەرهێنا و، پەڕەیەکی لێ کردەوە و، تەختی سەر رانی راستی کرد و، بە قەڵەمە تەختەکەی ئەم رستانەی بۆ خوشکەکەی نووسی:

"شاری سمۆلنسک خۆی بە دەستەوە دەدا و، دوای هەشت ڕۆژی تریش، دوژمن دەست بە سەر لیساجوریدا دەگرێت! هەر کە ئەم چەند دێڕەتان پێگەیشت بە پەلە و هەرچی زووترە: خۆتان بگەیەننە مۆسکۆ. دواتر بەتەرێکدا مێژووی ڕۆیشتنەکەتان بنێرن بۆ ئۆسڤیاج."

پەڕەکەی دایە دەست ئەلباتیتش و، ڕێنمایی دایە، لە بارەی سەفەرەکەی میرە پیرە و، خوشکەکەی و، کوڕە چکۆلەکەی و، مامۆستاکەی و، شێوەی ناردنەوەی وەڵامەکەیان بۆی.

هێشتا قسەکانی کۆتا نەکردبوو، کە ئەفسەرێکی ئەرکان بەرەو ڕووی هات و، چەند سەرباز بە دوایەوە بوو.

ئەو ئەفسەرە هاواری کردە میر ئاندریە:

"ئەمە تۆ سەرکردەیشیت!؟ بە بەر چاوی خۆتەوە ئاگر بەردەدەنە ئەم شوێنە و، ڕێیان دەدەیت ئەم کارە بکەن! ئەمە چی دەگەیەنێت!؟ بڕوا بکە.. هەر دێت لێپرسینەوەت لەم بارەیەوە لەگەڵ بکەن..."

میر ئاندریەیش هەر زوو، خاوەن ئەو دەنگەی ناسییەوە و، زانیی کە ئەوە: "بێرج"ە و، جێگری "سەرکردەی بالا"ی بەرەی چەپی تۆپخانەی لەشکری یەکەمە. ئەو مەڵبەندەیش وەکو دەیانووت ئەو بنکەیەیش، لەبەر دڵان بوو و، ناوبانگێکی بوو.

ئاندریەیش سەرنجێکی ئەویدا و، وەڵامی ئەوی نەدایەوە. بەم شێوەیەیش وتوویژەکەی لەگەڵ ئەلباتیتش کۆتا کرد:

کەوابوو تاکو دەی مانگ، چاوەڕێی وەڵامی ئێوە دەبم. گەر تا ئەو مێژووە سەفەرتان نەکرد.. کاتێک بە خۆتان دەزانن کە لیساجوری کەسی تێدا نەماوە! تا ئەو مێژووە، منیش وەڵامی ئێوەم پێ نەگەیشتەوە.. ئەوا ناچار دەبم کە خۆم بێم بە شوێنتاندا.

کە بێرجیش ئەوی ناسییەوە، پێی وت:

"میرم... کە بەو شێوازە نەشیاوە، قسەم لەگەڵ کردیت" لەبەر ئەوە بوو، کە دەبوو فەرمانی سەروو خۆم جێبەجێ بکەم. ببوورن! ئاخر منیش وا ڕاهاتووم، بە وردی فەرمانەکانی سەروو خۆم، بەجێ بگەیەنم."

دەنگی شکاندنەوەی شتە سووتاوەکان، لە نیو کڵپەی ئاگرەکەدا بڵند بووەوە. بایەکیش دووکەڵە ڕەشەکەی، لە کەلەبەرەکانی بنوێچ و کهلەبەرەکانەوە، هێنایە دەرەوە. دوای گرمەیەکی مەزنی تۆقێنەر: لا دیوارێکی دوور و درێژ، هاڕەی کرد و،کەوتە خوارەوە!

لەگەڵ رمانی لا دیوارەکەدا، خەڵکەکەیش هاواریان کرد:

بووم!

بۆنی نانی سووتاو بەو ناوەدا، بڵاو بووەوە و، کڵپەی ناکاوی ئاگرەکەیش ڕوخساری تەماشاچیانی ماندووی ڕووناک کردەوە.

پیاوە پاڵتۆ زبرە تیسکنەکەیش، هەردوو دەستی بڵند کردەوە و قیژاندی:

پیرۆز بێت! وا ئاگرەکەیش کڵپەی کرد! پیرۆزە.. هەرزەکارەکان!

خەڵکەکەیش هاواریان کرد:

ئا ئەوە: خۆیەتی! خاوەنی ئەم مەخزەنەیەو بە دەستی خۆی سووتاندی!

میر ئاندریەیش ڕووی کردەوە، ئەلباتیتش و لێی پرسی:

"خۆ ئێستا تێم گەیشتیت!؟ من چۆن تۆم تێگەیاند: تۆیش ئاوا بۆیان دووبارە بکەرەوە."

ئەمجا بێئەوەی گوێ بە "بێرج" بدات، کە لەولایەوە وەستا بوو، لە ئاوزەنگیی دا و، لە شەقامە تەنگەکەدا ون بوو.

بەشی پێنج
نامەکەی پاگراسیۆن

دوای بـە دەسـتەوەدانی سمۆلنسـکیش، هێزەکانمـان لـە ژێـر فشـاری دوژمنـدا، بـەردەوام لـە پاشەکشـەدا بـوون. لـە دەی ئابـدا، ئـەو فەوجـەی کـە میـر ئـاندریە سەرکردایەتیی دەکرد، بە شارێیەکدا، دەرۆیشت.

تووڵەڕێیەکیش لە لیساجورییەوە، دەهاتەوە سەر هەمان ئەو شـەقامە. ئەوە سێ هەفتە بوو، گەرما و وشکەڕۆیی بەردەوام بوو. هـەورە بڵندەکانی ئـاسمانیش، وەکـو رانەمەڕ، بە سەر شینایی ئاسمانی، زەریائاسـادا، رەویـان دەکرد. دەمـەو ئێوارەیش، هـەر ئـەو پەڵـە هەورانـە، لەبـەر زەردەی خۆرئـاوادا، وەکـوو چەنـدین پەڵـەی تـۆز، سـووربـاو، شـی دەبـوونەوە. شـەونمی شـەوانەیش هەواکـەی شێدار و، زەویـی تـەڕ کـرد بـوو. گوڵـە گەنمـەکان بـە لاسـکەکانیانەوە دەسـووتان و، زۆنگاوەکـان وشـک دەبوون و، رانە ئـاژەڵەکانیش، لە دەشت و دۆڵـە، بـە خەڵـووزبووەکاندا، بـە دەسـت برسێتییەوە دەیان نالانـد.

لـە دارستانەکانیشـدا، شـەونمی شـەوانە، لـە سـەر لـق و پـۆپی درەختەکانـەوە، دادەوەرینـە سـەر زەوییەکـەی ژێریـان. کـەچی لـە سـەرەڕێی ئـەو سـوپا زەبەلاحـەدا بونی نەبوو، چونکە قوڕ و تۆزی رەوی سوپاکە، نیو پێیەک بڵند دەبووەوە.

هەر لە بەرەبەیانەوە، کاروانیان بە رێوەبوو و، نە دەنگی پێچکەی گالیسکەکان دەهات و، نە هیچ. چونکە تا نزیک بە چەقی بازنەی پێچکەکان و خوار ئەژنۆی سەربازانەوە، لە قوڕو لیتە دەچەقین.

تۆزی نێو با شێدارەکەیش، لە سەرو گوێلاکیان دەئاڵا و، دەچووە سیپەکانی سەرباز و ئەسپ و هێسترەکانەوە. تاکو خۆری ئاسمانیش، کە لە قەبارەیەکی بازنەیی سوورباو دەچوو، باڵاتر بوایە، تۆزەکەیش چڕتر دەبووەوە.

لەبەر ئەوەی با وەستا و بوو و، سروەیەک نەبوو، زۆربەیان بە دەسڕەکانیان دەم و لووتیان هەڵ پێچابوو. بەدەم ڕێیشەوە، بۆ وەدەست هێنانی ئاو پەرۆشی بیرەکان بوون. دەبوو ئەو ئاوەیشی کە چنگیان دەکەوت، بە دەسڕەکانیان، بیپاڵێون.میر ئاندریەیش سەرقاڵی سەرپەرشتی کردنی لەشکرەکە و، ماندوو نەکردنی سەربازان و، پێوست بوونی، وەرگرتنی فەرمانەکانی بوو، لە بەرپرسانی سەروو خۆیەوە. تاکو جێبەجێیان بکات.

سووتاندنی سمۆلنسک و، ئەم پاشەکشەیەیان. تا دەهات، رق و کینەی میر ئاندریەی بەرامبەر بە دوژمن، ئەستوورتر دەبوو. ملی بۆ سەرقاڵییەکەی دابوو و، سۆز و هاوخەمیشی بۆ ئەفسەران و، سەربازان فرەتر کردبوو. بۆیەیش هەر یەکە لە ئەندامی لەشکرەکەی، بە میرم بانگیان دەکردو زۆریشیان خۆشدەویست و، شانازییان پێوە دەکرد.

خۆشەویستییەکەی میر ئاندریەیش، تەنیا بۆ پیاوانی فەوجەکەی خۆی و، فەوجی تیمۆخین بوو و، ئەوانەیشی، سەربازە نوێ بوون و، ئەویان نەدەناسی و، سەر بە نێوەندێکی تر بوون و، رابردووی ئەویان نەدەزانی.

بەڵام بە بینینی ئەوانەی سەر بە ئەرکان بوون، هەڵدەچوو و، لێیان دوور دەکەوتەوە و، لاقرتێی پێ دەکردن و، لووتبەرزیی بەرامبەر دەنواندن.

هەرچییەکیش رابردووی خۆی وەبیر بهێنایەتەوە، خۆی لێ وەدوور دەگرت. لە تەک ئەو کەسانەیشدا کە زووتر لە دەور و بەری خۆی بوون، ڕووی خۆش نەبوو. گونجاو و لە سنووری ئەرکی سەر شانی خۆیی بۆ تێ نەدەپەڕاندن.

لەراستیدا شتەکانی بەرچاوی هەر رەنگێک بوونایە، ئەو بە لێڵی و داخراوی دەیبینین! بەتایبەتیش لە دوای شەشی ئابەوە. کە ڕۆژی چۆڵ کردنی شاری سمۆلنسک بوو. چونکە بە بڕوای ئەو، دەکرا بەرگریی لێ بکرایە و، پێویستیش بوو. هەروەها ڕۆژی ڕەو کردنی باوکە نەخۆشەکەیشی بوو، بۆ مۆسکۆ و

چـۆڵکردنی لیساجوری، دوای ئـەو هـەموو ئـاوەدان کردنەوەیـە و، دروست کردنـی خانووبەرە نوێیە و، بە جوانترین شـێواز، بـە تـاڵان بردنـی، شـارە ئازیزەکـەی. بـەڵام ئەمجارەیان ئاراستەی سەر قاڵییەکەی بە هۆی فەوجەکەیەوە گۆڕدرا.

لە دەی ئابدا، گەیشتە دەوروبەری لیساجوری و، دوو ڕۆژ پێش ئـەو گەیشـتنەی، هەواڵی چوونی باوکی و، خوشکەکەی و کوڕەکەی، بۆ شـاری مۆسکۆ پێگەیشـتبوو. هەرچەند هـیچ کارێکی لـە لیساجوری نـەمابوو. بـەڵام بڕیاریدا هـەر سـەرێکی لێبدا، چونکە لەو جۆرە کەسانە بوو، کە بـۆ وەبـیرهێنانەوەی خەمـەکانی، هـیچ هـەلێکی لـە دەست خـۆی نەدەدا.

فەرمانیدا کە ئەسپەکەی بۆ زین بکـەن و، خـۆی کردەوە بـەو زەوییـە دێرینانـەدا، کە تێیدا لە دایک بوو بوو و، منداڵیی خۆیی تێدا بەسـەر بردبوو.

بە کەناری ئەو زەلکـاوەدا ئەسپی تاو دایەوە، کە جاران ژنـان دەهاتنە سـەری و، بڕێکیـان بـە گـەلا کوتـک بەرگـە تـەڕە ئـاودارەکانیان، دەکوتـا و، بـڕێکیشیان چەنەبـازییان دەکرد. کە وردتر سەرنجیدا، هێشتا کەفی جل و بەرگـە شـۆردراوەکان، بـە کەنـاری زەلکاوەکـەوە مـابووەوە. کـە گەیشـتە بـەر کۆختـەی پـاسەوانی کۆشکە گەورەکەی خۆیان. هەرچەند کەسیشی نـەبینی. بـەڵام دەروازەی کۆشـک کراوەبـوو! لـە درز و کـون و کەلەبـەری ڕاڕەوەکەیشـەوە، گـڕو گیـا سـەری دەرهێنـابوو و، گوێرەکە و ئە سپ و مایـین و، جـوانووەکانیشیان، لە بـاخە ئینگلیزیەکـەدا تـەراتێنیان دەکـرد. بڕێـک شوشـەی ڕەزی پـرتەقاڵەکەیشـیان شـکێنرابوو و، هەنـدێک لـە ئینجانەکانیشیان بە نەمامەکانیانەوە، قڵپ ببوونەوە. ئەوانی تریش گڵەکەی نێویـان لـە بێ ئـاویدا وشک بـوو بـووەوە. هەرچەند "تـاراس"ی باخەوانیشـی بانگ کرد. بـەڵام کـەس وەڵامـی نەدایـەوە. بـە دەوری ڕەزی پرتەقاڵەکـەدا، فڕەیـەکی لێدا و، گەیشـتە بەردەم بانیژەکە. سەرنجیدا: چەندین پارچـە تەختـەی تـەنک شکێنرابـوون و، زۆرێک لە لق و پۆپی دار قۆخـەکانیش شکابوونـەوە و، بەرەکانیان رنـرا بوون.

لەبـەر دەروازەکـەدا، پیرێکی بینـی. لـە سـەر کورسـییەکی سـەوز، لێی دانیشـتبوو میوەی پاک دەکرد. دوای کەمێک بیر کردنەوە، بیری کەوتەوە، کە کـاتی خـۆی و، بـە منداڵیی ئەمەی دیوە. لەبەر ئەوەی، پیرە گوێی گران بـوو، لێیشـی نزیـک بـوو بـووەوە. کەچی ئاگایشی لە نزیک بوونـەوەی، گەورەکەی خۆیشی نەبوو.

ئـاندریە گەیشـتەوە مـاڵ. ڕوانیـی بڕێک لـە لـق و پـۆپی درەختـە زەینەفونەکـەیان داهێنـابووە خـوارەوە. لـە باخـە کۆنەکەیشـدا، ماینێـک خـۆی گەیانـدەوە، نۆماکـەی و

هەردوکیان کەوتنە غاردان و، بە دەست و پاشوویان، بڕێک لە شەتڵ و نەمامە وردەکانیان شکاندەوە.

پەنجەرەکان هەر هەموویان داخرا بوون و، تەنیا تاکێکی پەنجەرەکەی خوارەوە کرابووەوە. منالێک کە میر ئاندریەی بینی، بە راکردن خۆی گەیاندە ئەلباتیتش. تا بە ئاگای بێنێتەوە. ئەلباتیتش بە تەنیا خۆی لە لیساجوری مابووەوە و، خەریکی خوێندنەوەی ژیانی کەسە پیرۆز و پاکیزەکان بوو. هەموو خێزانەکە رەویان کردبوو.

کە باخەوان بیستی میری گەورەی گەڕاوەتەوە. بە دەم قۆپچە داخستنەوە و بە ڕاکردن گەیشتە بەردەمی و، هەر دەگریا. دواتر رووی وەرگێڕا و، کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕەوی خێزانەکە. لەوەیش ئاگاداری کردەوە کە هەموو شمەکە گرانبەهاکانی مالّی بار کردووە و، گەیاندوویەتییە بۆگۆتشارڤۆ. تەنانەت (٢٠٠) "کنتال"[١] گەنمیشم گەیاندووەتە ئەوێ. ئالیکی گەنمە بەهارەیش بۆ خۆی ناوازەیە.

لەوەیش دڵنیای کردەوە، کە بە نەگەییوی گەیانبوویە بۆگۆتشارڤۆ. بەڵام ئاژەڵدارانی تر، لێیان قەوما و زۆربەیان نەیانتوانی ڕەوی بۆگۆتشارڤۆ بکەن و، هەر لێرە مانەوە.

ئاندریە نەیهێشت درێژەی بداتێ و پرسیی:

"ئەی باوک و خوشکەکەم.. ئەوان کەی ڕەویان کرد!؟"

ئەڵبەت مەبەستی ڕەوی بەرەو مۆسکۆ بووە. ئەلباتیتش وای پیشاندا کە مەبەستی مۆسکۆ نییە و بۆگۆتشارڤۆیە.

بۆیە ئاوا وەڵامی دایەوە:

"هەر حەوتی ئاب ڕەویان کرد."

ئەمجا کەوتەوە، باس کردنی زەوییەکان و، پرسیاری ئەوەی لێ کرد، کە چییان لێبکات و پرسیی:

"ئاخۆ فەرمان بدەین، کە رانە ئاژەڵەکان و، ئەو ئالیکانەی کە ماومانە وەربگرینەوە؟ چونکە ئێستایش (١٢٠٠) کنتال ئالیکمان ماوە؟"

میر ئاندریەیش لە خۆی پرسی:

"ئێستا خۆیشم نازانم کە چیت پێ بڵێم!؟"

١ـ کنتال: یەکەی کێشانەیە و ١کنتال یەکسانە بە ١٠٠ کیلۆگرام.

لە سەرە ڕووتاوە بریسکەدارەکەی ئەو پیرەی دەڕوانی، کە لە دووریانەوە و لەبەر خۆرەکە دانیشتبوو.

جا بۆ ئەوەی خەمی فرەتر نەخوات، پێی وت:

"بەڵێ.. پێیان بدە."

ئەلباتیتش لە سەری ڕۆیشت:

"بێگومان بە چاوی خۆت.. پشێوی و ئاڵۆزیی باخەکەت بینیوە. ئێمە لێرە لەگەڵ ئەم هەموو پەرۆشییەیشماندا، ناتوانین هیچ شتێک بپارێزین! هەر ئەمشەو ئەو باخە سێ فەوج سەربازی تێدابوو! زۆربەیشیان فەڕەنسی بوون! هێندەم لە دەست هات کە ناوی سەرکردەکەیان بنووسم، تاکو دواڕۆژ بتوانم، سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەم.

میر ئاندریەیش پرسیی:

"ئەی بە نیازیت: چی بکەیت؟ ئاخۆ دوژمنیش خۆی بکات بە ئێرەدا: تۆ هەر دەمێنیتەوە؟"

ئەلباتیتشیش لای کردەوە و، هەردوو دەستی بڵند کردەوە و وتی:

"هەر خۆی.. دەم پارێزێت!! خۆی چیی بوێت هەر ئەوەیە..."

کۆمەڵە جوتیارێکیش ملیان بە سەر سنگیاند شۆڕ کردبووە و، بەسەر گڕ و گیاکەدا، بەرەو میر ئاندریە هاتن.

میر ئاندریەیش بە لای ئەلباتیتشدا لای کردەوە و پێی وت:

"دەی...خواحافیز! تۆیش لەگەڵ ئەوان ڕەو بکە و، چەندت بۆ کۆ کرایەوە لەگەڵ خۆت ببە." بەو دێنیشانەیشمان بڵێ: با ڕوو بکەنە زەوییەکانی ریازان.. یان بۆ خانووەکانی دێیەکەی نزیک مۆسکۆی پایتەخت.

ئەلباتیتشیش باوەشی بە رانی ڕاستی ئاندریەدا کرد و، دەستی کردە گریان. میر ئاندریەیش بە ئارامی ئەوی لە رانی خۆی دوور خستەوە و، لە ئاوزەنگیی دا و، بە ڕێگاکەدا بە غار کردن شۆڕ بووەوە.

کە گەیشتە تەختاییەکەی بەر ڕەزی پرتەقاڵەکە، وەکو مردووی لێ هات و، تاس بردییەوە و، بێ ئاگابوو لەو هەموو مێش و مێشوولانەی، تێی ئاڵابوون.

پیرەمێردە سەر ڕووتاوەکە، هەستی بە خەمەکەی کرد و، کەوتە دەست هێنان بە پشتیدا. دوو کێژۆڵەی جوانیش دامێنی کراسەکانیان بە دەستیانەوە بوو و، لە ڕەزە پرتەقاڵەکەی باوکیدا، کۆشیان پڕ کردبوو، لە قۆخی کرچ و کاڵ و نەگەیشتوو! هەر

کـه روو بـه ڕووی میـر ئاندریـەی گـەورەیان بوونـەوە، گەورەکـەیان دەسـتی بچووکەکەیانی گرت و، بـه تـرس و لـەرزێکی فرەوە، خـۆیان گەیـاندە پشت قـەدی ئەستووری دارەبەنێکەوە و، خۆیان شاردەوە.

بـه دەم راکردنەکەیانـەوە، لـه قۆخـه نەگـەیوەکان دادەکـەوت و، خـل دەبـووەوە. ئـانذریەیش کە ئەوانی بینی، ڕووی وەرگێڕا و، وای پیشـاندا کـه نـەیبینیون! چونکه زۆر حـەزی لـه سـەیر کردنـی ئـەو دوو کیژۆلـه ناسکه جوانانـه بـوو و، بەزەییشـی پێیاندا دەهاتـەوە.

وەکو ئارام بووەوە، لە ئەوەیش گەیشت، کە ئـەوانی تـریش بەرژەوەندیی خۆیـان هەیە و، ئـەوەیش زۆر سروشتی و ئاساییە. تەنیا پەرۆشـی و، خـەمی ئـەو دوانـەیش هەڵگرتنی ئەو قۆخە نەگەییوانە و کەس پێنـەزانینیان و، خواردنیـان بـوو. حـەزی میر ئـاندریەیش، بۆ وەدەسـت هێنـانی ئـەو قۆخانـه، لـه لایـەن کچۆڵەکانـەوە، بـه هێندەی ئەوان بوو.

کیژۆڵەکانیش کە زانییان مەترسییەکیان لەسـەر نـەماوە، جارێکی دی لەسـەر لاقە باریکـەکانیان قیـت بوونـەوە و، دامێنـی کراسـه پـڕ لـه پاشـماوەی قۆخـه کـرچ و کاڵەکانیان، بە دەستەوە گرتەوە و، بە دەم قاو و قیژەوە و، بە سەر سـەوزە گیاکەدا کەوتنەوە راکردن. بەرگی بەری میر ئاندریە پێوەی دیاربوو، شێداربوو. چونکـه تـەپ و تۆزاوی و، قـوڕاویی ئـەو ڕێگا گشتییە بـوو، کـه پێیـدا هـاتبوو. هـەمان تووڵـەڕێی نزیک بە لیساجوری و، ئەوەی پێیدا بە غار هاتبوو، گرتەوە بـەر و، خـۆی گەیاندەوە کـەناری زۆنگاوەکـه و، فەوجەکـەی خـۆی. کـات دووی دوا نیـوەڕۆ بـوو. خـۆریش بازنەیەکی سـووڕباوی، پشـت تـەپ و تۆزەوە بـوو. تۆز و تیشکەکانی سـەر پشـتی، داخ کردبوو، بەرگە گرتنی سەخت بوو! بـا وەستاو و، ئەویش بە دەوری فەوجەکەدا بـه غـار کـردن فـڕەیەکی لێدا و سـووڕێکی خـوارد. بـا شـێدارەکە و بـۆنی قـوڕ و چڵپاوەکە، وای کرد کـه چەند ئـاوی ئـەو زەلکاوە پیسـیش بێت: میر ئاندریـه حـەزی مەلـەی تێدا بکـات. بـه تایبـەتیش کـه سـەرنجیدا هێنـده جـەستە و شـان و قـۆڵ و مەچەک، سپیی دەم و چاو سووڕباوی، تێدا دەجوواڵایەوە.

کـه لەسـەر پردەکەیشـەوە، لـه ئاوەکـەی ژێـری دەڕوانـی، بـه هـۆی ئـەو هـەموو مەلەوانـەی نێویـەوە، وا هەسـتی دەکـرد، ئاوەکـەی ژێـری سـی سـانتیمەترێک سەرکەوتووە. مەلەوانەکان بە هـاوار و قیژە، ئـەو نـاوەیان پـڕ کردبوو. ئاوەکەیش شێوەیەکی گەرماوی خەماوی وەرگرتبوو.

ئاندریه سەربازێکی سووربراوی لە ئاوەکەدا بینی. کە دەستێکی دەرهێنا و، خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، خۆی نوقم کردەوە و، هەر زوو ناسییەوە، کە ئەو مەلەوانە: لە فەسیلی سێیە. دیسان مەلەوانەکە، هاتەوە سەرەوە و، مەلەوانەکانی تریش، ئاویان پێکدا دەپژاند و، قسەیان بە یەک دەگوت و دەیان قیژاند. هەر لاشەی سپی بوو، بەسەر ئاوەوە و، بەسەر پردەکەوە و، دەوروبەردا بڵاوەیان لێ کردبوو.

تیمۆخینی لووت کورتی ئەفسەریش، لەولاوە بە خاولییەک خۆی وشک دەکردەوە. هەرچەند بە بینینی میر ئاندریەیش، کەمێک شڵەژا.

بەڵام دواتر وتی:

"خاوەن شکۆ.. مەلە کردن جەستە چالاک دەکات و، پێویستە هەلەکە لە دەست نەدەین!

میر ئاندریەیش لێوی هەڵقورچاند و وتی:

"ئاوەکە.. زۆر پیس و بۆگەنە!"

تیمۆخینیش وەکو ئەوەی قسەکەی ئەوی نەبیست بێت، وتی:

"وا خەریک دەبن: شوێنێکت بۆ پاک بکەنەوە و، ئامادەی بکەن."

ئەمجا بە نیمچە ڕووتییەکەوە، کەوتە فەرماندان بە خۆشۆرەکان:

"میر دەیەوێت..."

زۆرێک لەوانیش هاواریان کرد: "کام.. میر؟ میرەکەی خۆمان؟"

هەموویان بەرەو ئەمان ڕایان کرد و، ئاپوورەیان دان. ئەویش زۆر بە زەحمەت، هێوری کردنەوە. ئەمجا ئاوی پاکیان بۆ گەیاندە نێو دیواری وشکە کەڵەکە بەردینە بازنەییەکە، تاکو بە ئاسانی خۆی بشوات.

میریش ـ هەرچەند ساردییەکەی لە نێو ئاوی زۆنگاوەکە کەمتر بوو ـ بە دەم کەمە لەرزێکەوە، سەرنجێکی جەستە ڕووتەکەی خۆیدا و بە خۆی وت:

"ئەم گۆشتەی جەستەی منیش، وەکو هەر سەربازێکی کوژراو، بە گوللە تۆپێک قیمە قیمە دەبێت!"

لە دەوارەکەی خۆیدا لە میخائیلۆڤکا، سەعات حەوتی بەیانی، پاگراسیۆن، نامەیەکی بۆ ئاراکتشیڤ نووسی و، لێیشی ڕوون بوو، کە ئیمپراتۆریش دەیخوێنێتەوە. بۆیە جارێکی تر،بە رستە و وشەکانیدا چووەوە و، تا بۆی کرا داڕشتنەکەی جواتر و پووختەتر کرد.

لەو نامەیەدا نووسی بـووی:

"بـەڕێز.. کۆنت ئەلکسیس ئاندرۆڤیتشی ئـازیز..."

"پـێم وابێـت.. وەزیـر ڕاپـۆرتی خـۆی لـە بـارەی بـە دەسـتەوەدان و، چـۆڵکردنی سمۆلنسک بۆ نووسیویت. کە ئەمەیش بـۆ خـۆی، ڕووداوێکی سـەختە و سـوپا زۆر بەد داخە. مافی خۆیشیانە بە داخ بن. چونکە بە بـێ هیچ بیانوویەک، یـەکێک لە شـارەگرنگەکانمان بە دەستەوە داوە! مـن لای خۆمـەوە، چ بـە دەم و چ بـە نووسـینی نامـە بۆی، زۆری لێ پـاڕامەوە!... بەڵام هیچ سوودی نەبوو! هیچ شـتێک نـەبوو ئـەوی پـێ قایل بکرایە. ئەو دەمـەی مـن ئەمانـەم پـێ گـوت: نـاپلیۆن گـەمارۆ بدرایە و، وەکـو لـە تووڕەکەدا بێت وابوایە. نیوەی سوپاکەیشی بـە کوشـت بدایە..نەیدەتوانی سمۆلنسـک داگیـر بکـات. هێزەکانمـان ئازایانـە جـەنگاوە و، ئێستایش دەجـەنگێت. هـەر خـۆم بـە پـازدە هـەزار سـەربازەوە، نـاپلیۆنم وەسـتان و، سـی و پێنج سـەعات، بـەڕەنگاریان بوومەوە و، توانیم ڕاویـان بنـێم! بـەڵام ئـەو بـۆ چـواردە سـەعاتیش لـە بەرامبەریاندا خـۆی بـۆ نـەگیرا! ئـەو ڕووداوەی کـردە پەڵەیـەکی شـەرمەزاری، بـە تەڵـی سـوپاکەمانەوە. ڕاسـت ناکـات لـەو بیـانووەیدا کـە دەڵێـت: "زیانـەکانی مـەزن بـووە!" ڕەنگـە هـەروا چـوار هـەزار سـەربازێکی کوژرابێـت و، لـە دەسـتی دابێـت. جـا.. بـا سـەربازە کوژراوەکانیشـی نـەک چـوار هـەزار سـەرباز، بگـرە دە هـەزاریـش بوایە..بایـەخی هـەر نـەبوو، لـە بەرامبـەر ئـەو لـە دەسـتدانەدا! ئەمـە شـەڕە... شـەڕ!! ئەوەیشمان بیر نەچێت، کە زیانەکانی دوژمنیش زۆر بوو.

ئـاخر.. چـی دەبـوو: گـەر دوو ڕۆژی تـریش، خـۆی بگرتایـە!؟ ئـەو کاتـە سـوپای دوژمـن، خۆیـان و ئەسـپەکانیان تینـوو بـێ ئـاو بـوون و، پاشەکشـەیان دەکـرد! لـە کاتێکدا پەیمانی بە خۆم دابـوو، پاشەکشە بە لە شکرەکەی نـەکات، کـەچی لـە نـاکاو نامەیەکی گەیشتە دەستم، نووسیبووی:"هەر ئەمشـەو پاشەکشە دەکـەم و، شـەڕ بـەم شێوەیە ناکرێت. دەنگۆیەکیش بڵاوە، کە دانوسان و ئـاشتەوایی بـکرێت!"

خـوا لـەو بیـر و بۆچوونـە بتانپارێزێـت!! ئـاخر ئـاشتەوایی، دوای ئـەو هـەموو قوربانیـدان و، پاشەکشـە و سـووکایەتییە!! بـە پەسـەند کردنـی ئەمـەیش بـەڕەنگاری هـەموو ڕووسـیا دەبنـەوە. ئێمـەیش لای خۆمانـەوە، تـەریق و شـەرمەزاری بەرگـە سەربازیەکانمان دەبین! چونکە لە بار و دۆخێکی وادا: دەبێت ڕووسیا تا لـە توانایدا بێت، تـا دوایەمین ڕووسییش بجەنگێت.

پێویستیشـە یـەکێک ڕێبەرایـەتی سوپـا بکـات، نـەک دوان! دەکرێـت کـە

وەزیرەکەتان لە وەزارەتەکەیدا، کەسێکی سەرکەوتوو بێت. بەڵام لەوەیدا کە دەبێت ژەنەراڵ بێت، هەرگیز سەرناکەوێت! چارەنووسی نیشتمانەکەمان، خراوەتە بەردەستی کەسێکی لەو شێوەیە.

من هەژاوم و خەریکە شێت دەبم. بۆیە خوازیارم کە لەم بێ چاو و روویەم ببوورن! ئەوەیشی کە چاوەڕوانی ئاشتەواییە و، دەیەوێت وەزیرێک سوپا بەڕێوە ببات، کەسێکە ئیمپراتۆری خۆش ناوێت و، حەز بە زیانمان دەکات. دەمەوێت ئەو راستییەیشت پێ بڵێم، کە بە پەلە و بێ دواکەوتن خۆبەخشەکانی چەکدار کرد.. بۆ ئەوە بوو، لەگەڵ هاوڕێکەیدا بەرەو پایتەخت ببنەوە، تا پلە و پۆست وەربگرن!

بەرێزی یاریدەدەری سەربازیش، کە ژەنەراڵ ڤۆلزۆگینە، ناڕاستوخۆ گومان دەخاتە نێو سەربازگەکانەوە. لە کاتێکدا کە ئەو گەورە راوێژکاری وەزیریشە و، بە قسەی وتوانیش: پیاوی ناپلیۆنە! نەکو پیاوی ئێمە.

منیش هەرچەند لە خزمەتی سەربازیدا.. کۆنتر و، لەو لە پێشترم. هەر بەوەوە ناوەستم، کە بە رەوشت بم، لە بەرامبەریدا. بەڵکو وەکو هەر عەریفێکی تر: گوێڕایەڵیشی دەبم. هەرچەند ئەمەی من دەیکەم بە خەم و ئازارە و، ناچارییە. بەڵام من لە بەر خاتری پاشای بەخشندە، دەچمە ژێر رکێفییەوە. لە هەمان کاتدا بەزەییشم بە خۆمدا دێتەوە، کە بەم شێوەیە ئیمپراتۆر سوپا سەربەرزەکەمانی، خستووەتە ژێر رکێفی کەسانێکی لەو جۆرەوە.

بیهێننەوە بەرچاوی خۆتان: پازدە هەزار پیاو لە ماندوویی پاشەکشە بە نێو زۆنگاوەکاندا، گیانیان لە دەست دا! کە ئەگەر بە پێچەوانەوە و، بەرەو پێش بچوویایە: ئەوا تووشی ئەو زیانە مەزنە نەدەبووین. بۆ خاتری ئاسمان.. رووسیای دایکمان، چیمان پێ دەڵێت، کاتێک تێ دەگات کە ئێمە ترسنۆکین و، نیشتمانە ئازا نیانەکەمان، دەدەین بە دەستی رسواکانەوە و، بوغز و کینەیش، دەخەینە دڵی هاوڵاتیانی خۆمانەوە؟

ئاخۆ ئەوە هەڵەی منە، وەزیرەکەمان کەسێکی ڕاڕا و، خاو وخلیچک و، گێل و نەفس نزمە!؟ سوپا لە ئێستایدا، لە گریان و جنێودان پتر.. هیچی تری بە دەستەوە نەماوە!!'

بەشی شەش
کۆتۆزۆف سەرۆکایەتیی بالا دەگرێتە دەست

لە نێو ئەو هۆیانەی ژیاندا، کە لە ژماردن نایەن، دەتوانین هۆیەلێک دیاری بکەین، کە سەرکەوتوو بێت. دەتوانین لە نێوانی ژیانی دێنشینی و، بنکەکان و، مۆسکۆدا. یان ژیان لە پیترزبۆرگ و، بە تایبەتی ژیانی نێو چین و تۆێژەکانیدا چەندین تایبەتمەندی دیاری بکەین. چونکە ژیانیان سەقامگیرە.

لە (١٨٠٥)ەوە لەگەڵ بۆناپارتدا ئاشتەوایی دەکەین و، بە شەڕ دێینەوە. رژێمیەلێک دادەمەزرێنینەوە و، هەڵی دەوەشێنینەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دوو دیوەخانەکەی ئانا و هیلین، ئەمیان بە درێژایی حەوت ساڵ و، دووەمیشیان پێنج ساڵ، هەر وەکو خۆیان مابوونەوە.

ئەوانەی سەر بە هۆڵەکەی ئانا پاڤلۆڤنا بوون، بە سەرسامییەوە، لە بۆناپارت دەدوان و، سەرکەوتنەکانی ئەویان بە هی خۆیان دەزانی! لە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانیشیدا و، ئەو دەست و پەنجە نەرمکردنەی، میرانی ئەوروپا لەگەڵیدا.. بە پیلانێکی قێزەونیان دەبینی!

گروپەکەی هیلینیش ـ کە رۆمانتسیف بە سەردانیان بالاتری دەکردن و، وای دانابوو، ژنێکی ناوازە و ژیرە ـ نەیاندەویست، پەیوەندییان لەگەڵ فەرەنسا بپچڕێنن. هەمیشە لە چاوەڕوانی ئاشتەواییدا بوون.

بە گەیشتی ئیمپراتۆر بۆ پیترزبورگ، جوولە و چالاکییەکی تایبەت، لەو دوو

نێوەندە دژ بە یەکەدا، دروست بوو. بێئەوەی هەواداریی لایەنێکیان تۆزقاڵێک بگۆڕدرێت، بڕێک هەڵوێستی دوژمنکارانەیشیان لێ دەرکەوت.

گروپەکەی ئانا پاقڵۆقنا پێشوازیی لە فەڕەنسییەکان نەدەکرد. چ بانگهێشتکراوە فەرمییەکانیان و، چ ئەوانەی بەرگریان لە مافی رەوای پاشا دەکرد. بەمەیشیان نیشتمانپەروەریی خۆیان پیشان دەدا، کە بەرهەڵستیی شانۆی فەڕەنسی بکەن. ئەو کارە شانۆییانەی، کە خەڵک دەیانووت: گوایا.. بڕی تێچوونەکانی، هێندە زۆرە کە دەتوانرێت، بەو بڕە بەشێکی سوپا پڕچەک بکرێت. ئەوانەیشی کە بە کەمەری هیلیندا دەخولانەوە، کەسانێکی وەکو رۆمانتسیۆف بوون، لەبەرەی فەڕەنسادا بوون و، نکوولییان لەوە دەکرد، کە ناپلیۆن، درندە بێت.

گوتاریان وابوو، کە ناپلیۆن تەقەلای چەندین جاری ئاشتەوایی داوە. سەرکۆنەی ئەوانەیشیان دەکرد، کە ئامۆژگاریی هەرچی زووتری، گواستنەوەی دەرباری شاهانە بوون، بۆ کازان و، کردەوە سەربازەکانیشیان بە کارێکی نەخوازراو، لە قەڵەم دەدا و، دەیانوت کە چارەنووسییان هەر دانووسان و ئاشتەواییە.

بیلیبینیش لە کەسە ناسراوەکانی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بوو و، پێی وابوو کەسانی بیرمەند تەنیا پەنا بەم گروپە دەگرن. ئەوان پێیان وابوو، بە ئاگر و ئاسن و، بارووت، شەڕەکە یەکلایی ناکرێتەوە. بەڵکو لە رێی دانووسانەوە، لە نێوان ئەو دوانەدا، کە خۆیان ئەو شەڕەیان هەڵگیرساندووە. بە چەندین نوکتە و قسەی خۆش و نەستەق، لاقرتێیان بە شەڕەکە دەکرد و، هەر وەکوو مۆسکۆڤییەکان، پێوەی راهاتبوون زۆر بە پارێزەوە لاقرتێکانیان دەکرد و، نوکتەکانیش دەماودەم و، هەر دوای گەڕانەوەی ئیمپراتۆر گەیشتنە پیترزبۆرگیش.

بەڵام روانینەکە لای گروپەکەی ئانا پاقڵۆقنا بە پێچەوانەوە بوو. ئەوان کارەکانیان، هەر وەکو پیاهەڵدانەکانی "بلۆتارک[1]"ی مێژوونووس بوو، لە بارەی کەسایەتییە کۆنە ناوارەکانەوە. هەر بەو شێوەیەیش ئەمان لە کەسایەتییەکانی شەڕەکەیان دەڕوانی.

میر قازیلییش وەکو پردی گواستنەوەی بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی ئەو دوو گروپە وابوو. لە سەردانی بەردەوامی ئانا پاقڵۆقنادا بوو و، هەمیشە بە کچە هاوڕێ نیانەکەم، ئەوی دەدوان و، لە هەمان کاتدا، لە سەردانی بەردەوامی هیلینیشدا بوو و، بە کچەی گەنجینەی دبلۆماتەکەم، ئەویشی بانگ دەکرد. ئەم چەرخەلەیەی ئەو لە نێوان ئەو دوو گروپە خاوەن بیرو بۆچوون جیاوازەدا:

---

١ ـ بلوتارک: مێژوونووسێکی یۆنانی بوو، لە ئەسینا خوێندنی تەواو کرد و لە میسر جێگیربوو.

جاروبار تووشی کێشەی دەکرد و، جارو بارێک ئەوەی کە پێویست بوو، لای هیلین بیلێت، لێی تێکدەچوو و، لای ئانا پاقلۆقنا دەیوت و، لای ئانا پاقلۆقنایش، پێچەوانەی دەکردەوە.

دوای کەمێک لە گەڕانەوەی ئیمپراتۆر، لای ئانا پاقلۆقنا، بە سەختی هێرشی کردە سەر بارکلی دوتۆللی و، لەوەی دەپرسی، کە ئاخۆ کێ بخەنە پۆستەکەی!؟ ئەو میر ڤازیلییە، کە بە شارەزای فرە ڕەهەند، ناوبانگی دەر کردبوو، ڕێک هەر لەو ڕۆژەدا خۆ بەخشانی پیترزبۆرگی لە دیوانی خەزێنە بینی بوو، کە کۆتۆزۆڤی سەرکردەیان، قسەی بۆ دەکردن. هەر لە نێو پێشوازیکەرانی ئەو خۆبەخشانەدا وترابوو: کە ڕەنگە ئەو پیاوە، هەر پیاوە خوازراوەکەی خۆیان بێت!

ئانا پاقلۆقنا بە بزەیەکی ڕەشبینانەوە، دەریخست کە کۆتۆزۆڤ، لە فرۆفیڵ بەولاوە، هیچی تری بۆ ئیمپراتۆر نەبووە!

وتیشی:

"وتوومە و ئەمەم لە کۆمەڵەی پیاوماقوولانیشدا دووبارە کردووەتەوە، بەڵام گوێیان لێ نەگرتم. پێم وتن: دانانی ئەو پیاوە بە سەرکردەی خۆبەخشان، ئیمپراتۆر دڵخۆش ناکات. بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەگرتم. ئەوان هەر خەریکی لۆمە و لاقرتێ کردن بوون، بە یەک! جا لە بەردەم کێیشدا!؟ ئەمەیش لەبەر ملدانیانە بە مۆسکۆڤییەکان. کە زانیشی شتەکانی تێکەڵا کردووە دریژەی دایە:

"جا ئەو پەرۆشییەی مۆسکۆڤییەکان، دەبێتە بابەت بۆ گرووپەکەی هیلین و لاقرتێی پێ دەکەن. هەر بۆیەیش پێویستە ئانا پاقلۆقنایش بە جدی ئەمە وەربگرێت." بە پەلە چاکەتەکەی ڕێکخستەوە و، لە سەری ڕۆیشت:

"لەگەڵ بوونە هۆی خەم بۆ ئیمپراتۆر شیاوە کۆتۆزۆڤی کۆنترین ژەنەرالی بالا لەوێ بمێنێتەوە. عەقڵ نایبڕێت پیاوێک بکرێتە سەرکردەی بالا، کە تەنانەت ناشتوانێت سواری ئەسپەکەی خۆیشی ببێت و، لە کۆ بوونەوەکانی "ئەنجوومەنی ڕاوێژکاران"یشدا، خەوی لێ بکەوێت! سەرەڕای هەموو ئەمانەیش من هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو، وەکو ژەنەرالێک وێڵ دەکەم. بەڵام ئاخۆ شیاوە، لە کاتێکی هەستیاری وادا، پیاوێکی کەم توانا و کوێر، پێشەنگی سوپاکەمان بێت و، سەرکردایەتی بکات!؟ بە خوا جوانە! ژەنەرالێکی کوێر! ئاخر ئەو توانای بینینیشی لە دەستداوە! گۆڕ وایە بچێت یاریی شەلم، کوێرم...نای بوێرم، بکات."

کەس نەبوو، بەرپەرچی ئەو قسانەی بداتەوە.

لە ٢٤ تەموموزدا، ئەو کۆتۆزۆڤە بەمە تاوانبار کرا و، هەر لە ٢٩ ئەو مانگەدا، پلەی میری پێبەخشرا! هەرچەند دەبوو ئەو پلە پێ بەخشینەیشیان هەر بۆ ئەوە

بوایە، کە ئـابڕوومەندانە، دەستی لـەو سـەرکردایەتیکردنە، پێ بکێشنـەوە! بـەڵام وا دەرنـەچوو! هەرچەند میر بـازیل، ئـەو کارەیشی بـە بـاش دەزانی. بـەڵام لـە قسـەی زێدەڕەوی خۆی گرتەوە.

لە هەشتی ئابدا، لیژنەیەک کە لە مارشاڵ سالیتکۆڤ و ئـاراکتشییڤ و، لۆبـۆجین و فیـازمیتینۆڤ و، کتۆشـووبیی پێکهـات بـوو. کۆبـووەوە تـاکو بـارودۆخـی گشـتیی شەڕەکە تاووتوێ بکەن.

لیژنەکە زیانەکانی سوپای بۆ ئـەو لێک دوورکەوتنەوەیـەی، سـەرکردەکانی سـوپا گێڕایەوە، کـە لـە ئـارادا بـوون. هەرچەند سـوور دەشـیانزانی ئیمپراتـۆر خۆشـیی لـە کۆتـۆزۆڤ نایـەت، کـەچی دوای وتـوونێژێکی کـورت، بـڕیاریاندا کۆتـۆزۆڤ بکرێتـە "سـەرکردەی بـاڵا"! هـەر لـە هـەمان ڕۆژدا، فـەرمانی کـارگێڕیی، بـۆ دەرکـرا و، بـووە "سـەرکردەی بـاڵای: نـەک هـەموو سـوپا، بەڵکـو ئـەو شـوێنانەیش، کـە لـە شـەڕ و پەلامارەکاندا، داگیر دەکرێن! لە نۆی ئابدا میر قـازیلی، لە لای ئانا پاقلۆڤنا، بـە پیـاوە مەزنـە، فـرە بەهرەکـە و، ئـەوەی لـە دامـەزراوەی کچانـدا بـوو، گەیشـت. بـێ هـیچ ماندووبوونیش ماستاوی باشی بۆ ئاناباقلۆڤنا کرد.

وەکو پیاوێکی زاڵ و گەیشتوو بە حەزەکانی خۆی، دەستی پێکرد:

ـــ زۆر باشـە! ئـانا خـان.. هـەواڵە مەزنەکـەت بیسـتووە!؟ ئێسـتا هـەموو ناتەباییـەکان، کۆتاییـان هـاتووە و، میـر کۆتـۆزۆڤ مارشاڵـە! بەمـەیش خۆشـحاڵم!! هـەر زۆریش!

بە بایەخ و بـڕوایشەوە، چـاوی بە ئامادە بووانداگێڕا. هەرچەند ئـەو پیـاوە فـرە تایبەتمەند و بەهرەیەی لایان بـوو، زۆری حـەز دەکرد کە پلە و پایەیـەک وەدەسـت بێنێت، بـەڵام بـە جۆرێـک سـەرنجی گوێگرەکـەی کێـش کـرد. بـەوەی بـە شـێوەیەک نەدوا، کە پێوەی دیار بێت، چاوی لە پۆست بـڕی بێت. ئـاخری.. ئـەو فـرە بەهرەیـە، خۆی بۆ ڕکێف نەکرا و، سـوور هـەڵگەڕا و، بـە میـری وت:

"بـەڵام میرم.... خـۆ دەڵێن ئەو پیـاوە کوێـرە!"

میـر قـازیلییش بـە دەنگـی نـزم و، بـە نەرمـە کۆکەیەکـەوە ــ کـە هـەر جارێـک بپەشۆکایە، بـۆ کۆکردنەوەی سـەر لـەنوێی بیر و هۆشـی خـۆی، پـەنای بـۆ دەبـرد ــ وەڵامی دایەوە:

"دەی.... ئەوەندەی کە پێویستی پێی بێت: دەبینێت!"

جارێکی تر دوپاتی کردەوە:

"دەی... ئەوەندەی کە پێویستی پێی بێت: دەبینێت!"

ئەوەی کە پتر دڵخۆشم دەکات، ئەوەیە کە ئیمپراتـۆر، دەسـەڵاتێکی هێنـدە بـاڵای

پێداوه، نەک هەر بۆ لەشکرەکان و سوپاکەمان.. بەڵکو بەسەر ئەو شوێنانەیشدا، کە سوپامان داگیریان دەکات! ئەمەیش لە خۆیدا دەسەڵاتێکە، کە هیچ سەرکردەیەکی باڵا، تا ئێستا وەرینەگرتووە!

دنوای کەمێک رامان وتـی:

"ئێستا ئەو بووەتە، حوکمداری دووەم و، خاوەن دەسەڵاتی رەها لە وڵاتدا!"

ئـانا پاقلۆقنایش هەڵیدایـە:

"خـوا.. دەست بە باڵمانـەوە بگرێت!"

ئەمجا پیاوە خاوەن فرە تایبەتمەندیەکەیش، وێستی پێیدا هەڵبدات، وتـی:

"دەڵێن ئیمپراتـۆر، بـە حـەز و وێسـتی خـۆی، ئـەو دەسـەڵاتە رەهایـەی پـێ نەبەخشـیوە و، دەیشـڵێن: ژنێـک فەرمانـەکەی خوێندووەتـەوە، کاتێـک وتوویـەتی پـاشا و نیشتمان، ئەم ڕێزەیان پێ بەخشیویت.... ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە."

ئـانا پاقلۆقنایش هەڵیدایـە:

"ڕەنگە دڵ لەو کارەدا، هیچ ڕۆڵێکیشی نەبوو بێت!"

ئەو میر ڤازیلییەی کە کۆتۆزۆڤی کردبووە پاڵەوانی خۆی. وەکو ئەوەی قسەکەر پاڵەوانەکـەی ئـەوی، خۆشـنەوێت هـاواری کـرد:"هـەرگیز!! ئـەوە مەحـاڵە! چونکـە ئیمپراتـۆر، زانیویەتی چۆن ڕێز لە تواناکانی ئەو بگرێت!"

ئـانا پاقلۆقنایش بە نیانی هێمایەکی دایە ئەو پیاوە و وتیشی:

"یـاخـوا میر کۆتـۆزۆڤ دەسـەڵاتێکی ڕەهای وای هەبێت: کە ڕێ بە کەس نـەدات، تێڵا لە نێو پێچکەی گالیسکەکەی بخات."

میر ڤازلییش خێرا تێگەیشت ئـانا دەیەوێت چی بڵێت و بە ئـارامیەوە وتـی:

"لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە بیستووەمە، کە کۆتۆزۆیش مـەرجی بنـەڕەتیی خۆی خستووەتە ڕوو. کـە بانگهێشت کردنـی ئەلتسیزایڤیتش بـوو. دەزانـن چیـی بـە ئیمپراتۆر وتووە!؟ وتـوویەتی: **نـە دەتـوانم.. کاتێک هـەڵس و کـەوتی خراپ بێت، سزای بدەم و، نە ئەو کاتەیش، کە کارەکانی بە شێوەیەکی باش جێبەجێ دەکات.. خەڵاتـی بکەم! ئـای.. کە ئـەو کۆتۆزۆڤە پێاوێکی وردەکار و ژیـرە!! دەمێکە بۆ خۆم ئەو پیاوە دەناسم.**

ئەو پیاوەیش ـ کە هەر لە شێوازی دەرباری پاشای کەم بوو ـ وتـی:

"دەشـڵێن هێنـدە بـە خۆنـازە، بـە ئیمپراتۆریشـی وتـووە پێویسـت ناکـات: خـۆی بچێتە نێو سوپاوە! هـەر کـە میر ڤازیلی و، ئانا پاقلۆقنا ئەمەیان لەو پیاوە بیست. کتوپڕ بە هەناسە هەڵکێشانەوە، لـە یـەکیان ڕوانـی! وەکو ئـەوەی کـە بـە داخـەوە بـن بـۆ ئەو سادەییەی کە ئیمپراتۆر پیشانی داوە."

بەشی حەوت
لافرۆڤرۆشکا و بۆناپارت

لە کاتێکدا ئەو شتانە لە پیترزبۆرگدا ڕوویان دەدا، فەڕەنسییەکان سمۆلنسکیان تێپەڕاندبوو و، تا دەهات لە مۆسکۆوە نزیکتر دەبوونەوە.

تییەریش وەکو هەموو ئەوانەی مێژووی ڕەوشی ژیانی ناپلیۆنیان نووسیبوو. قسەکانیان وا نووسیبووەوە، کە گوایا بیئەوەی ناپلیۆن خۆی حەزی لێ بێت، دیوارەکانی شارە داگیرکراوەکان، ئەویان بۆ لای خۆیان کێش کردووە!

ئەمەیش ڕەوابوو، چونکە ئەو جۆرە مێژوونووسانە، مێژووی کەسێکیان لە ڕووداوەکاندا، دونووسییەوە.

هەر ئەم هۆیە بوو، وای لە هەندێک لە نووسەرانمان کرد، دەنگۆی ئەوە بڵاو بکەنەوە، کە گوایا لێهاتوویی ژەنەراڵە ڕووسییەکان، ناپلیۆنی کێشی پێشڕەوی کرد بوو. یاساکانی حوکمدان بە سەر ڕابردوودا، ڕابردوویان وا دەرخستووە، کە ئامادەکاریی بۆ ڕووداوێک کردووە و، ڕووی داوە.

سەربارى ئەمەیش هاوتابوونی ڕووداوەکان، هێندەی تر کارەکەی ئاڵۆز کردووە. ئەگەر یاریزانی شەترەنج، یارییەکەی دۆڕاند. بە دڵنیاییەوە خۆی بە هۆکاری دۆڕاندنەکە دەزانێت و، ئەنجامی هەڵەیەکی خۆی. دەگەڕێتەوە بۆ

سەرەتای یاریەکە و، جوولّە پێکراوەکان. تا دەگاتەوە یەکەمین جوولّەی خۆی.

ئەمەیشی هەر بۆ ئەوەیە، هەلّەی خۆی دیاری بکات. بەوەدا کە رکابەرەکەی سوودی لەو هەلّانە وەرگرتووە، تێدەگات جوولّەکانی هەلّە بووە. خۆ گەر دوژمنەکەی سوودی لە هەلّەکەی نەبینییایە، لە هەلّەی جوولّەکەی خۆی بە ئاگا نەدەهاتەوە. بەلّام ئای کە یاریی جەنگ ئالّۆزترە!! یاریی ئەو شەڕەی کە لە بارو دۆخێکی دیاریکراودا، روو دەدات، پەیوەست نییە تەنیا بە یەک ویستەوە، بۆ بەکار بردنی ئەو ئامێرە وشک و برنگانەی شەڕ. بەلّکو ئەنجامی پێک گەیشتنی ویستیەلێکی لە ژمارە نەهاتووی تایبەتە. ناپلیۆن لەو شەڕەی کۆلّییەوە، لە پشت "دوروگو بۆگ" و، نزیک "فیازما" و، بە دوایدا "سمۆلنسک" و، دواتر "تساریڤۆ ـ زائیخنیە" بەرپابوو و، لە پێشڕەویی تر دەگەڕا. بەلّام رووسەکان، ئەوەیان بۆ هەرس نەکرا و، بە هۆی ئالّۆز بوونی شتەکانەوە، لە بۆرۆدینۆی، سی کیلۆمەتر دووری مۆسکۆوە، شەڕیان دەست پێ کرد. مۆسکۆیش پایتەختی ئاسیایی ئەو مەملەکەتە، پان و پۆڕە بوو و، شاری پیرۆزی گەلەکانی ئەلکسەندەر بوو. مۆسکۆی پایتەختی ئاسیا، بەو کلّێسە زۆرانەیەوە، کە نەخشە و تەلارسازییان دەچووەوە، سەر شێوازی چینییەکان. بە توندی سەرنجی ناپلیۆنی کێشی خۆی کرد!

لە یەکێک لە قۆناغەکانیدا، بە سواری ئەسپە سپییە قەلّەوە ئینگلیزیەکەیەوە، لە فیازماوە، بەرەو زائیمیختشیە رۆیشت و، چەندین پاسەوان و خزمەتکار و پیاوانی دەربار و، چەند یاریدەدەری سەربازیی بە دەورەوە بوو. بە هۆی ئەو لێکۆلّینەوەی لەگەلّ ئەو رووسییەی کە سەربازانی پێرتیەی سەرۆکی ئەرکان دیلیان کردبوو، کردبووی. بێرتیە لە پێشوازیکردنی ناپلیۆن و بەخێرهێنانی دواکەوتبوو. بۆیە دوای کەمێ وەرگێڕەکەی لەگەلّ خۆی برد و، خۆیان گەیاندە ناپلیۆن. بە رووبەکی خۆشەوە ئەسپەکەی وەستان.

ناپلیۆن پێی وت:

زۆر باشە!

بێرتیەیش وتی:

"قەوقازییەکی پلاتۆف بوو. دەیووت فەوجەکانی پلاتۆف لەگەلّ سەرجەم سوپاکەیاندا پێک دەگەن. کۆتۆزۆقیش کراوە بە سەرکردەی بالّا و، پیاوێکی زۆر ژیرە و، چەنەباز و زۆر بلّێیشە!

ناپلیۆن بزەیەک گرتی و، فەرمانیدا ئەو قەوقازییە سواری ئەسپێک بکەن و، بۆی بێنن. دیار بوو کە حەزی دەکرد، خۆیشی لێ پێچینەوەی لەگەڵ بکات. هەندێک لە یاریدەدەرە سەربازییەکان، لە ئەسپەکانیان دا و رۆیشتن.

دوای سەعاتێک ئەو لاڤرۆشکای کۆیلەیەی، کاتی خۆی دینسۆڤ، دابووی بە ڕۆستۆڤ بە سواری ئەسپێکی: زین فەڕەنسییەوە هێنرا.

ناپلیۆن فەرمانی دا و، دایانبەزاند و، هاتە بەردەمی. ئیمپراتۆر بە پێیان کەوتە پیاسە کردن لە تەکیدا.

دوای کەمێک ڕۆیشتن، لێی پرسی:

"تۆ.. قەوقازیت؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ.. خاوەن شکۆی پایەدار."

تییەری میژوونووس، کە ئەم ڕووداوەی نووسیبووەوە، لە سەری ڕۆیشتووە:

"لەبەر ئەوەی کە ناپلیۆن، بەرگێکی سادەی پۆشی بوو. قەوقازییەکە ئەوی نەدەناسییەوە! سادە دەدوا و، شتێکی وای تێدا نەدەبینرا، کە لاڤرۆشکا بخاتە گومانی ئەوەوە، کە ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکات ئیمپراتۆر خۆیەتی! چونکە ناپلیۆنیش بە نیانی و، هۆگرییەوە دەیدوان."

لە ڕاستیدا ڕۆژی پێشوو لاڤرۆشکا، خەیاڵا و بەدمەست دەبێت و، خواردن بۆ گەورەکەی خۆی ئامادە ناکات. لەبەر ئەوە دارکارییەکی باش دەکرێت. ئەمجا بۆ پەیدا کردنی مریشک، ڕەوانەی ئەو دێیانەی دەوروبەری دەکەن. ئەویش هێندە گەڕابوو و، بە خاو وخلیچکییەوە سووڕابووەوە، تاکوو کەوتبووە بەردەستی فەڕەنسییەکان.

لاڤرۆشکا یەکێک بوو، لەو خزمەتکارانەی، کە ژیانی پڕ بوو، لە کێشە و ئەشکەنجە و خەم، هەر نەیتوانی بوو دەستبەرداری فڕو فێڵا و ڕسوایی ببێت. لە ئەو کەسانەبوو، هەمیشە ئامادەی هەموو جۆرە خزمەتکردنێکی گەورەکەی خۆی بوو. کە هێنابوویانە بەردەم ناپلیۆن، هەر زوو لە کەسێتیی گەیشت بوو. هەرچەند ڕووداوی دیلبوونەکەی، کارێکی ئەوتۆی لێ نەکردبوو. بەڵام ئەمیش لای خۆیەوە، تەقەلای ئەوەی دەدا، کە ئەم گەورە نوێیانە، پێشوازییەکی باشی لێ بکەن و، زۆرچاکیش دەیزانی کە ئەوە ناپلیۆن خۆیەتی. بەڵام بوونی لە بەردەمیدا بە هێندەی ڕۆستۆڤ یان ئەو ڕەقیبەی دارکاریی کردبوو، نەیشڵەژاندبوو.

لەبەر ئەوەی هیچی لە ژیاندا نەبوو، تاکوو خەمی لە دەستدانی بێت. بۆیە نە ناپلیۆن و، نە ئەو ریزە ئەفسەرە، نەیاندەتوانی زانیاریی لێ وەربگرن. هەموو ئەو چیرۆکانەی، گێڕایەوە کە لە نێوان شوێنکەوتووەکاندا بوو. لە بەشێکی فەرەیاندا راستگۆ بوو.

هەر کە ناپلیۆن لێی پرسی:

"ئاخۆ رووسییەکان بیر لە زاڵبوون دەکەنەوە بەسەر ناپلیۆندا!؟"

لەبەر ئەوەی ئەوانەی وەکو لاڤرۆشکا بوون بۆنی هەموو لایەکیان دەکرد. برۆکانی یەک هێناوە و، کەوتە بیرکردنەوە. وا بۆی چوو ئەمە تەپکەیەک بێت و، بیانەوێت ئەوی پێ بگرن.

دواتر وەکو بیرکەرەوەیەکی باش وتی:

"مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەر ئێستا.. شەڕەکە دەست پێ بکات. گومانی تێدا نییە، سەرکەوتن بە دەست دێنن. بەڵام ئەگەر دوای سێ ڕۆژی تر، شەڕەکە دەست پێ بکەن.. ئەوا ئەم شەڕە درێژە دەکێشێت."

بەڵام ئەوەی لیلۆم دیدڤیل بە زەردەخەنەوە بۆی وەرگێڕایە فەڕەنسی وابوو،"ئەگەر ئەم شەڕە سێ ڕۆژ لەمەو پێش دەستی پێ بکردایە، ئەوا بێگومان فەڕەنسییەکان براوە دەبوون. بەڵام ئەگەر لەمەودوا.. ڕوو بدات، ئەوا مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت، چی ڕوو دەدات!"

هەرچەند ناپلیۆن کراوە و ئارام بوو. بەڵام بزە نەهاتە سەر لێوانی و، داوای کرد کە رستەکانی بۆ دووبارە بکرێتەوە.

کە لاڤرۆشکا هەستی بە دڵخۆشی و ئارامیی ناپلیۆن کرد. وای پیشاندا، کە هەر ناشزانێت: ئەوە ناپلیۆن خۆیەتی و دەستی پێ کردەوە:

"بەڵێ ئێمە ئەوە دەزانین، کە خاوەنی کەسێکن، بە نێوی ناپلیۆن بۆناپارتەوە و، خەڵکی هەموو ئەم جیهانەی ڕاوناوە و، بەزاندوونی! بەڵام لەگەڵ ئێمەدا کارەکە جیاوازە!"

خۆیشی نەیزانی ئاخۆ بۆ خۆبادان بە نیشتمانی بوونییەوە ئەمەی لە دەم دەرچوو، یان بۆ چی بوو؟ ئەوەی کە قسەکانی بۆ ناپلیۆن وەرگێڕا. ئەم رستەیەی بۆ وەرنەگێڕا.

تییەری میژوونوس نووسیویەتی،"گوایە قەوقازییە هەرزەکارەکە، بەو وەڵامانەی ناپلیۆنی هێنایە پێکەنین."

ناپلیۆن چەند هەنگاوێک لێی چووە دواوە و، بە بێرتیەی وت:

"ئێستا ئارەزوویەتی کە تێی بگەیەنن.. ئەوەی قسەکانی بۆ کردووە ناپلیۆن خۆیەتی! ئەو ئیمپراتۆرەی کە نێوی بەسەر ئەهرامەکانەوە نووسراوە! با بزانین چ کاریگەرییەکی بەسەرییەوە دەبێت؟"

ئەمانیش ئەوەیان بە لاڤرۆشکا وت. ئەویش هەستی کرد، دەورو بەرەکەی دەیانەوێت بیشلەژێنن و، سەری لێ تێک بدەن. ناپلیۆنیش پێی وابووە ئەم ڕاستییە دەیترسێنێت.. بۆیە وای پیشاندا کە واقی ورماوە و، پێی سەیرە!! پێویستە ئەمیش کارێکیش بکات گەورەکانی دەوروبەری، لە خۆی رازی بکات. بۆیە چاوانی زەق کردەوە و، دەمی داپچڕاند و، لە دەوروبەری روانی.. وەکوو کەسێک خۆی پیشاندا کە دەیبەن بۆ دارکاریی کردنی.

تییەر نووسیویەتی:

"هەر کە وەرگێڕەکە ئەوەی پێ ڕاگەیاند. ئەویش وای پیشاندا تووشی شۆک بووە. هیچی تری بۆ نەوترا.. بە چاوە زەقەکانییەوە، هەنگاوی دەنا و، چەنەبازییەکەی نەما و، هەستی بە سەرسام بوون کرد!"

ناپلیۆنیش خەڵاتی کرد.. تا وەکوو چۆلەکەیەک بگەڕێتەوە، نێو ئەو زەوی و کێڵگەیەی، کە تێیدا لە دایک بوو بوو.

ناپلیۆن کەوتە ڕێ و بیرکردنەوە، لە مۆسکۆیەک، کە پانتاییەکی مەزنی لە بیرو هۆشیدا داگیر کردبوو. بەڵام ئەو چۆلەکەیەی کە ئازاد کرا و، گەڕێنرایەوە ئەو کێڵگەیەی کە لە دایکبوونەکەی ئەوی بینی بوو، دای لە ئاوزەنگی ئەسپەکەی و، خۆی گەیاندەوە، هێڵی پێشەوەی بەرەی شەڕەکە. بە دەم غارەوە کەوتە دانانی چیرۆکی ئەم سەرکێشییەی و، چۆن جارێکی تر دایبڕێژێتەوە و، دواتر بۆ هاوڕێکانی خۆی بگێڕێتەوە؟ چونکە هێندە بە گرنگ دانابوو، پێی وابوو کە بە گێڕانەوە، کۆتا نابێت. کە گەیشتەوە لای قەوقازییەکان، پرسیاری ئەو شوێنەی کرد کە پێویستە تێیدا بمێنێتەوە.

دەمەو ئێوارە، لە نزیک ئیاتکۆڤۆوە، نیکۆلا ڕۆستۆڤی گەورەی خۆی بینی. لەگەڵ بیلیبین دایە و، خەریکە سواری ئەسپەکەی خۆی دەبێت، تاکو سەردانی گوندەکانی دەوروبەر بکات.

کە لاڤرۆشکا گەیشتە لای. ئەویش فەرمانیدا، ئەسپەکەی لێ وەربگرن و، ئەسپێکی تری پێ بدەن. ئەمجا ئەویشی شوێن خۆی خست و لە ئاوزەنگیان دا.

بەشی هەشت
مردنی میر پۆلکۆنسکی

خاتوو ماری، نە لە مۆسکۆ بوو و، نە دوور بوو، لە ناوچەی مەترسیدار. وەکو ئەوە نەبوو، کە میر ئاندریەی بۆ تێی گەیشتبوو. هەرکە ئەلباتیتش لە سمۆلنسکەوە گەڕایەوە. وەکو ئەوەی، میرە پیرە لە خەوێکی قوول بە ئاگا هاتبێتەوە وابوو. فەرمانی چەکدار کردنی خۆبەخشانی دەرکرد. ئەمجا ژەنەرالی بالایشی ئاگادار کردەوە، لە مانەوەی خۆی لە هەرێمی لیساجوری و، تا مردن بەرگرییش لە هەرێمەکەی خۆی دەکات. پاراستنی هەر یەکەیەکی وەکو ئەوەی کە کۆنترینی ژەنەرالی رووسی ـ کە خۆیەتی ـ تێدا دیل بێت، لە دەستی خۆیدایە. تەنانەت ناسیاوان و کەسانی دەوروبەری خۆیشی ئاگادار کردەوە، کە ئەم هەرێمەی خۆی جێ ناهێلێت! لەگەڵ ئەوەیشدا کە جێهێشتنی مالی ڕەت کردبووەوە. پەلەیشی کرد لە ڕەوانە کردنی "ماری"ی کچی و، میرە چکۆلەی کوڕەزای و، دیسالی مامۆستا بۆ گیراوەکەی، بۆ هەرێمی بۆگۆتشارۆڤۆ و، لەوێشەوە بۆ مۆسکۆی پایتەخت.

ماری لەو پەلە کردنەی باوکی تۆقی بوو. چونکە جاران زۆر ئارام و، هێور بوو. ئەمجا نەیشیدەتوانی، باوکی بە تەنیا بەجێ بێڵێت. هەر بۆیەش ئەوە یەکەمجاری بوو، کە لە فەرمانەکانی باوکی هەڵ بگەڕێتەوە و، نەیویست بڕوات!

بەم کارەیشی تووڕەیی باوکە پیرەی بە سەر خۆیدا، باران. باوکەیش هەرچی خراپییەکی خێزانەکە بوو، دایە پاڵ ئەو کچە داماوە، کە گوایا کچەکەی ژیانی ئەوی

تاڵ کردووه و، بووەتە هۆی دروست بوونی رق و کینە لە نێوان خۆی و، ئاندرییەی کوڕیشیدا. هەر خەریکی ژەهراوی کردنی ژیانی باوکێتی.

بۆیە لە نووسینگەکەی خۆیی، کردە دەرەوە و، رایگەیاند رۆیشتن و نەڕۆیشتنی بەلای ئەوەوە، چوون یەکە. لە مەودوا.. وای دادەنێت ئەو کچەی مردووە و، نایەوێت جارێکی دی... ببینێت.

ماریش کە زانیی باوکی زۆری لێ ناکات، تاکو ڕەو بکات. هاتەوە سەرخۆی و، هەستی کرد، باوکیشی لە ناخەوە حەز بە مانەوەی دەکات.

ڕۆژی دوای ڕەوی میرە چکۆلە و، هەر سەر لە بەیانی، میرە پیرە بەرگە سەربازییەکەی لەبەر کرد و، خۆی ئامادەی بینینی سەرکردەی بالا کرد. هەر بۆ ئەو مەبەستەیش، گالیسکەکەی بۆ ئامادەکرابوو.

ماریش لەبەر پەنجەرەکەوە، باوکی بە بەرگە سەربازییەکەوە و، ئەو هەموو مەدالیا جۆرا و جۆرەوە بینی، کە بە بەرۆکیدا شۆڕ بووبوونەوە. لە نوسینگەکەی خۆیەوە بەرەو ڕاڕەوەکە چوو، تا خزمەتکار و جوتیارە چەکدارەکانی خۆی، بە سەر بکاتەوە.

هەر لە بەر بێستانەکەوە گوێی لە دەنگی باوکی بوو و، لە بەر پەنجەرەکەدا لێی دانیشت تاکو گوێی لە قسەکانی باوکی بێت. لە ناکاو کۆمەڵە پیاوێک بە پڕتاو و، پەشۆکاوییەوە بە ڕاڕەوە سەرەکییەکەدا و، بە راکردن بەرەو ڕووی هاتن!

ماریش لە سەرەوە بەرە و پلیکانەکە بووەوە و، هاتە خوارەوە و، بێستانە سەوزەکەی تێپەڕان. بڕێک خۆبەخشی بینی، کە بەرەو ڕووی دەهاتن. چوو بوونە ژێر باڵی پیرەی کورتە بالای بەرۆک بە مەدالیاوە.

لە سەرەتادا لە بەر چڕپی دار زەیتوونەکان، ڕووی میرە پیرە بە ڕوونی نەدەبینرا. جاروبارێک نەبێت، تیشکی خۆرەکە، لە نێو لق و پۆپی دار زەیزەفوونەکانەوە، دەکەوتە سەر ڕوخساری.

ماری ڕوخساری باوکی بینی. ئەو ورەو تۆکمەییەی پێشتری پێوە نەمابوو و، ترس و بیم جێی گرتبووەوە!

میرە پیرەیش کە کچەکەیی بینی، هەندێک بڵمە بڵمی بۆ کرد و، کەسیان تێی نەگەیشتن و، خستیانە سەر شانیان و، گەیاندیانەوە نووسینگەکەی خۆی. لە سەر ئەو قەنەفەیە دریژیان کرد، کە کەمێک پێش ئێستای، بە ترس و بیمەوە لێی ڕوانی بوو!

بۆ ئەو شەوە پزیشک گەیشتە سەری و، دوای پشکنینێکی باش. رایگەیاند نەخۆشەکە: تووشی شەلەلی لای راست بووە! مانەوەیشی لە لیساجۆری مەترسیدارترە. بەیانی بە یاوەریی پزیشکەکەی، نەخۆشەیان گەیاندە.. بۆگۆتشبارۆڤۆ. تاکو ئەوان گەیشتنە ئەوێ.. دیسانْ و نیکۆلا چکۆلە، بەرەو مۆسکۆ بوو بوونەوە.

میرە پیرە سێ هەفتە وەکو خۆی مایەوە. دواتر گەیاندیانە ئەو خانووەی کە کاتی خۆی، میر ئاندریە بۆ خۆیی دروست کردبوو. لەوێدا لە هۆش خۆی چوو و، بووە جەستەیەکی بێ گیان.

بەردەوام گلّمە گلّمی بوو و، لێو و برۆکانی، دەجووڵان! بەڵام مەحاڵ بوو بزانرایە: کە ئاخۆ هەست دەکات چی لە دەوروبەری ڕوو دەدات!؟ ئەوەیشی کە دەوروبەرەکەی هەستیان پێ دەکرد، ئەوەبوو کە ئازار دەچێژێت و، دەیەوێت شتێک بڵێت. بەڵام چ شتێک!؟ کەس نەیدەزانی: ئاخۆ خۆی حەز بەو بڵمە بڵمە دەکات! یان بە هۆی ئەو نەخۆشییەوەیە!؟ یان بە هۆی ڕووداوەکانەوەیە؟ یان بە هۆی خێزانەکەیەوە بوو!؟

پزیشکەکەیش ئەو بڵە بڵمەی بۆ ئازاری جەستەیی نەخۆشەکە دەگێڕاوە. بەڵام ماری بە پێچەوانەوە بوو. ئەو دەیوت بە شێوە خەمبارییەکەیدا دیارە دەیەوێت شتێک بە کچەکەی بڵێت. بەڵام بە ڕوونی بە نەخۆشەکەوە دیار بوو، کە ئازاری جەستەیی و دەروونیی، هەبوو.

ئومێدی چاکبوونەوەیشی نەمابوو. نەدەتوانرا بیر لە گواستنەوەیشی بکرێتەوە. چونکە دەیانووت ئەی ئەگەر بە دەم ڕێوە بمرێت.. چی!؟ هەندێک جار ماری لە خۆی دەپرسی، "کە مردن کۆتایی بە ئازارەکانی بێنێت.. ئاخۆ مردن بۆ ئەو لە هەموو شتێک باشتر نییە!؟"

شەوو ڕۆژ لە چاودێری کردنی باوکیدا بوو و، کەم خەو بوو بوو. ئەوەیشی بە لای ئەوەوە سەخت بوو، ئەوە بوو کە چاکبوونەوە بە ڕوخساریەوە نەدەبینرا و، بگرە نزیک بوونەوەی لە مەرگەوە پێوە دیاربوو. خۆشیی بوایە و ترشیی بوایە دەبوو ددان بەو ڕاستییەدا بنێت.

لەو کاتەی باوکی نەخۆش کەوتبوو. یان کەمێک پێش نەخۆش کەوتنەکەیشی و، ئەو دەمەی کە تەنیا هەر خۆیی لەگەڵدا بوو، چاوەڕوانی ڕووداوی شتێکی کرد بوو. هەموو ئومێد و ئاواتە نقووم بووەکانی دەروونی.. دیسان سەرکەوتبوونەوە

سەرەوە و، بە تووندی خۆیان بە سەر بیرو هۆشیدا سەپاندبوو.

ئەوە لە دەروونیدا سەری هەڵدابوو، کە دەتوانێت دوور لە ترس و بیمی باوکی، بژیێت و بەختیاریی شوو کردن و، خێزان وەدەست بێنێت! بە تایبەتیش ئا ئەم ئارەزووەی کە چەندین ساڵ بوو، نەک هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە. بەڵکو تەقەلای زۆریشی دابوو، کە لە میشکی خۆیی دەربکات.

بۆ ئاسوودەیی دەروونی خۆی و، زاڵبوون بەسەر ئەو ئاواتەیدا کە خۆی بە کێشەی دەزانی.. پەنای بۆ نوێژ کردن و، نزای بەردەم وێنەی پیرۆزەکان دەبرد!

نێوانێکی کەم لە نێوان خۆی و، ئەو ژیانە ئازادەی بیری لێ کردبووەوە مابوو. جیهانێکی رێک پێچەوانەی ئەم جیهانەی ئێستای بوو، کە تێیدا دیل کرابوو و، دوور لە حەز و ئارەزووە راستەقینەکانی خۆی بوو. تەنیا نوێژ کردن ئارامیی پێ دەبەخشی و، ژیانەکەی بە جۆرێکی وا سەخت بوو بوو.. نەیدەتوانی نۆێژێک چییە بیکات و، تێیدا نەگری.

مانەوە لە بۆ گۆتشارۆڤۆدا مەترسیدار بوو. چونکە فەرەنسییەکان لە پێشرەویدا بوون و، هەریمێکی چوار کیلۆمەتر دوور لەولای خۆیانەوە، لە لایەن داگیرکەرانەوە تاڵان کرابوو. پزیشکەکەیش فشاری گواستنەوەی نەخۆشەکەی باوکی خستبووە سەر ماری.

لەولایشەوە نەقیبە پشکنەرەکە، فەرمانبەرێکی ناردبووە سەری و، داوای لێ کردبوو ئەمانیش رەو بکەن و، ئەو شوێنە جێ بهێڵن. تەنانەت نەقیبەکە بە پێی خۆی هات و، تێی گەیاندن کە فەرەنسییەکان هەشت کیلۆمەتر، لێرەوە دوورن! ئەم هەواڵەیش دێ بە دێ بڵاو بووەتەوە و، گەیشتووەتە ئێرەیش. گەر تا پازدەی مانگ ئێرە جێ نەهێڵن.. ئەوا ئیدی ئەو بەرپرسیان نابێت!

ناچار ماری بڕیاریدا، هەر ئەو ڕۆژە بڕۆن و، کەوتە فەرمان دەر کردن بۆ دەوروبەری و، سەرقاڵی رەوەکە بوو. ئاگایشی لێ بوو، دەوروبەرەی قسەی پێ دەڵێن. شەوی (١٤ ــ ١٥)ی ئەو مانگە، بێئەوەی خۆیشی بگۆڕێت، لە ژووری بەرامبەر باوکە نەخۆشەکەی بردە سەر. لە خەونووچکەکانیشیدا، بە هۆی نااڵەی باوکی و، تەق و هووڕی سیسەمەکەیەوە، بە ئاگا دەهاتەوە. ناچار چەند جارێک خۆی گەیاندە بەردەم ژوورەکەی و، گوێی گرت. ئەمەیش گەیاندیە ئەوەی، کە ئەو شەوە، باوکی تەپاوتلی زۆرە و، ئاسایی نییە! بەاڵم پرکێشیی ئەوەی نەدەکرد، بچێتە ژوورەوە.

هەرچەند باوکە داماوەکەی، توانای قسەکردنی نەمابوو. بەڵام ماری باوکی باش دەناسی و، دەیزانی کە ئەگەر سۆزی خۆی، بۆ دەربېڕێت.. ئەوا زۆرێ تووڕە دەکات.

.لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو کچە، هیچ کاتێک بە هێندەی ئێستا، خەمی لە دەستدانی باوکی نەخواردبوو! بەڵام بە قۆناغەکانی پێکەوەبوون و، ژیانی خۆیدا، دەچووەوە و، لە هەر هەموو جم و جوولّە و، رستە و وشەکانیدا، خۆشەویستیی دەدۆزیەوە.

جارو بارێکیش، شەیتان شالاوی بۆ دەهێنا و، دەچووە نێو بیرەوەریەکانییەوە و، هەڵی دەنا بۆ بیر کردنەوە، لە دواڕۆژی خۆی و، ئەو ئازادی و سەربەخۆبوونەی دوای مردنی باوکی. بەڵام خێرا، ئەو جۆرە بیر کردنەوەیەی بیر خۆی دەبردەوە.

بەرە بەیان، میرە پیرە کپ بووەوە و، ماریش توانی سەرخەوێک بشکێنێت. درەنگانێک لە خەو هەستا و، کتوپڕ ئەوەی بەشی زۆری ئەو شەوە بیر و هۆشی داگیر کردبوو، کە بیر کردنەوە بوو، لە ئازادیی دوا بە دوای مردنی باوکی و، گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی.

لە ناکاو قێزی لە خۆی هاتەوە و هاواری کردە خۆی:

"بەڵام ئەی ئەگەر وا دەرنەچوو..چی؟ ئێستا چیم دەوێت؟ مردنی؟"

بەرگەکەی خۆی گۆڕی و، سەری داهێنا. دواتر چەند نزا و نوێژێکی کرد. چووە سەر پلیکانەکە و، چەند گالیسکەیەکی بینی، ئەسپیان لێ نەبەسترا بوو و، لە بەر دەرگا وەستێنرا بوون. خزمەتکارانیش شمەکی مالّیان بار دەکرد.

بەیانییەکی قەشەنگ و ناوەناوە، هەورێکی تەنک بە ئاسمانەوە دەبینرا. ماری بیری هەر بەلای بیر کردنەوە قێزەونەکەی خۆیەوە بوو و، تۆقی بوو، لەو کارەی خۆی. ماوەیەکی باش لەو شوێنەیدا مایەوە و، دەیویست ئارامتر ببێتەوە.

پزیشکەکە بە پلیکانەکەدا سەرکەوت و پێی راگەیاند،" ئەمڕۆ نەخۆشەکەمان.. کەمێک باشترە. ئێستا کەمێک لە قسەکانی دەگەین. وەرە با بچین بۆ لای... چونکە داوای بینینی تۆی کردووە."

ماری بە هەوالّەکە دلّی کەوتە پەلەپەل و، بۆ ئەوەی نەکەوێت. خۆی بە لاشانی دەرگای سەر پلیکانەکەدا هەڵپەسارد. ئەوێک کە گیری بیرکردنەوە قێزەونەکەی خۆی و، ئازادی و حەز و ئارەزووەکانی خۆی بوو بوو! ئێستا وا باوکی دەبینێت و، دەتوانێت قسەی لەگەڵ بکات! ئەمە بۆ ئەو، خۆشییەکی بە دلّەڕاوکێ بوو!

پزیشکەکە دووبارەی کردەوە:

وەرە لەگەڵم.

چووە ژوورەکەی باوکی و، لە سیسەمەکەی نزیک بووەوە. باوکیشی لە سەر سیسەمەکە دانیشتبوو و، دەستە پچووکە بە دەمارە شینەکانی بە نوێنەکەدا دەهێنا. هەرچەند چاوی چەپی لە شتێک بڕی بوو. بەڵام چاوی راستی لە ڕکێفی خۆیدا نەبوو و، شڵەژا و دیاربوو!

هەر دوو بڕۆی و لێوانی لە جێی خۆیان بێ جوواڵە بوون. جەستە وردە وشکەوەبووەکەیشی، لە خۆیدا جێی بەزەیی بوو. لەوە دەچوو بڕێک لە چرچ و لۆچەکانی دەم و چاویشی، توابووبوونەوە.

ماری دەستی ماچ کرد و، بە گوشینی دەستی، لە لایەن باوکییەوە و، هێنانەوەیەکی بڕۆکانی و، راوەشاندنی دەستی.. تێگەیشت کە دەمێکە چاوەڕوانیی دەکات.

بە ترسێکەوە لێی روانی و، ویستی ئەوە بخەملێنێت کە باوکی لێی دەوێت. میرەپیرە باری دانیشتنەکەی خۆی گۆڕی و، ویستی چاوی چەپی لە ئاستی بینیینی ماریدا بێت. ئارام بوو و، بە سەرنجێکی پاڕانەوەوە لە ماریی روانی و، لێوانی بزواند، تاکوو قسەی بۆ بکات.

کچەکەی زۆر بە وردی سەرنجیدا، ئەویش بە ماندوو بوونێکی فرە پێکەنین هێنانە لێوانی دەبزواند. ئەمە وای کرد، چی دی نەتوانێت لەو ماندوو بوونەی بڕوانێت. یان لرخە لرخی ئەو ببیستێت. بەڵام نەخۆشەکە کۆڵی نەدا و، بە بڵمە بڵم وشەکانی چەند بارە کردەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کە ماری خۆی ماندوو دەکرد، تا لە گۆترەیش بووە شتێکی لێ تێ بگات. بەڵام هیچی لێ تێ نەگەیشت. پزیشکەیش وای لێ تێگەیشت، کە لە کچەکەی دەپرسێت: **ئاخۆ زۆر دەترسێت!؟** بەڵام کە میرە پیرە ئەمەی لێ بیستن.. سەری نەرێی بۆ لەقاندن و، کەوتەوە دەر کردنی هەمان دەنگی پێشوو. بەڵام ئەمجارەیان ماری لەسەر ئەوە سوور بوو، کە باوکی دەیەوێت بڵێت: **ڕەوانی ئازاری دەدات!**

میرە پیرەی نەخۆش، بە سەر لەقاندنەکەی دەریخست کە ئەمەیان.. راستە! ئەمجا باوکی دەستی کچەکەی گرت و، خستییە سەر چەند شوێنێکی سنگی خۆی.

دواتر ڕوونتر دوا و وتی:

"بیرو هۆشم بە لای تۆوەیە! هەموو بیر و هۆشم!"

که میره پیره بۆی دەرکەوت، زۆر باش تێی گەیشتووە، بە بـڕوایەکی پتـەوەوە هەمان قسەکەی دووبارە کردەوە.

ماری فرمێسکەکانی خۆی لێ شاردەوە و، سەری بە سنگی باوکیدا هەڵپەسارد. باوکیشی بە بڵمە بڵمەوە، دەستی بە قژەکەیدا دەهێنا.

هەر بەو بڵمە بڵمە تێی گەیاند کە ئەمشەو، چەند جارێک بانگی کردووە!

ئەویش بە دەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە وتـــی:

"بەڵـێ! ئـاگام لێبوو... بەڵام دەترسام.. بێمە ژووورەکەت!"

میرە پیرەیش دەستی گوشی و پرسیی:

"خەوت لێ نەکەوتەوە.. وا نـا؟"

ماریش وتـــی:

"بـەڵـــێ."

ئەمیش هەر وەک ئەوەی، کاریگەریی باوکی بەسـەرەوە بێت: بـە سـەر لەقاندن.. تێی گەیاند. بۆیە هەر بەسەرلەقاندن و ئیشارەت باوکی دەدوان.

باوکی پێی وت:

"رۆحی ڕەوانم... هـاوڕێ ئـازیزەکەم!"

هەرچەند لە وشـەکانی نەگەیشت، بـەڵام بـە سـەرنجەکانیدا تێگەیشت. ناحەقیشی نـــەبوو شاگەشـــکە ببێـــت! چونکـــە ئـــەوە یەکـــەمجاری بـــوو، وا بـــە ســـۆز و خۆشەویستییەوە، باوکی بیدوێنێت!

جارێکی دی میرەپیرەی باوکی لێی پرسییەوە:

"بـۆچی نەهاتیت!؟"

ماریش لە دڵـی خۆیدا وتـــی:

"دە فەرموو.. دەی! منیش خوازیاری مردنی ئەو بووم!"

دوای بڕێک بێدەنگی، باوکی وتـــی:

"سوپاس! سوپاس هاوڕێ و کچە شیرینەکەم.. بۆ ئەو کارانەی بـۆ منت کردووە! لـێم ببـووڕە! سـوپاس! لـێم ببـووڕە!! سـوپاس! زۆر سوپاسـت دەکـەم، بـۆ هـەموو شتێک."

فرمێسک بەملا و لای چاوانیدا هاتە خوارەوە و، ڕوخساریشی لـەو منالـە دەچـوو کە خەمی ڕەتکردنەوەی لێ بووردنەکەی بێت.

ئەمجا بە ماریی وت:

ئـاندریەم بۆ بانگ بکە.

هـەر وەکـو ئـەوەی، هەسـتی کردبێت ئـەم داوایـەیان زۆر منالانەیـە، یـان لانیکـەم رەنگە ماری بەو جۆرە لێکی دابێتەوە!

کچەکەیشی وتـی:

"بەم نزیکانە نامەیەکی ئەوم وەرگرتووە."

ئەویش بە سەرسامییەوە لێی روانی و پرسیی:

"بـۆچی ئەو لە کوێیە!؟"

کچەکەیشی وتـی:

"بـاوکە گیان، ئەو لە سوپادایە، لە سمۆلنسکە!"

میـرە پیـرە ماوەیـەک چـاوانی لێکنـا و، بێدەنگ بـووەوە، وەکـو ئـەوەی بیـەوێت گومانی کچەکەی بڕەوێنێتەوە و، تێی بگەیەنێت، هـەموو شـتەکانی بیر کەوتووەتـەوە و، هەستیان پێ دەکات.

ئاماژەیەکی دا و بە روونی وتـی:

"بـەڵـێ.. ڕووسیامان ون بوو! ونیان کرد!"

دیسان دەستی بە گریان کرد و، فرمێسکەکانی دادەوەرییە سەر لێوانی.

ماریـیش خۆی بۆ نەگیرا و، فرمێسک بە چاوانیدا هاتـە خـوار و، رووی لـە بـاوکی وەرگێڕا.

میرە پـیرەیش، چـاوانی داخستەوە و بێدەنگ بـوو. دواتـر چـەند وشـەیەکی وت و، کەس تێی نەگەیشت تەنیا تیخۆن نەبێت.

تیخـۆن فرمێسکەکانی بـۆ سڕییەوە. مـاریـیش چەنـد تێگەیشـتنێکی بـۆ وشـەکانی باوکی کرد. لەوانـــە:

رەنگە وتبێتی ڕووسیا... یان ئـاندریە... رەنگیشە خۆم! یان کوڕەزا چکۆلەکەی.. دوور نییە، باسی مردنی خۆی کردبێت.

ئەمجا میرە پیرە پێی وت:

"بـڕۆ کراسە سپییەکەت لەبەر بکە.. چونکە بەو کراسەت زۆر سەرسامم!"

کـە تیخـۆن داواکارییەکـەی بـاوکی تێگەیانـد. مـاری دایـە پڕمـەی گریـان. پزیشکەکەیش دەستی گرت و، بردییە بانیژەکە، تـاکو ئـارامی بکاتـەوە. ئەوەیشی بیر هێنایەوە کە پێویستە خـۆیان ئامادەی ڕەو کردنەکەیان بکەن.

دوای ئەوەی ماری میرە پیرەی جـێ هێشت. جارێکی تر لـە بـارەی کوڕەکـەی و

شەڕەکە و، ئیمپراتۆرەوە دوا. بڕۆکانیشی وەکوو ئەوەی تووڕە بووبێت، هێنایەوە یەک. دەنگی بڵند کردەوە و، لە ناکاو خورپەیەکی تر لێی دایەوە و ئیدی.. ئەوە دواین خورپەی بوو.

لەو کاتەدا ماری لە بانیژەکە وەستا بوو. کەش و هەوا جوان و، تینی گەرما لە بااڵبووندا بوو. ماری خۆی رادەستی خەمەکانی باوکی کردبوو و، نەیدەتوانی لە شتەکان بگات و، ئەو خۆشەویستییەی، کە تا ئەمڕۆیش نەیدەتوانی بە ناخیدا شۆڕ ببێتەوە. بۆیە بە دەم گریانەوە، دەستەکانی لە سەر سنگی دانابوو و، بە راکردن بەو ڕاڕەوە نوێیەدا کە ئەمبەر و ئەوبەری، نەمامی چکۆلەی زەیزەفوون بوو و، میر ئاندریە بە دەستی خۆی رواندبوونی، تێپەڕی. نەوەستایەوە تا گەیشتە زۆنگاوەکە.

بە دەم هەناسەبڕکێوە بە خۆی دەوت:

ئای لە من!! ئەی لە منیش!! منێک خوازیاری مردنی ئەو بووم! بەڵێ خوازیاری ئەوە بووم، کە بە زووترین کات بمرێت! ئای چەند پەرۆشی ئارام بوونی خۆم بووم! ئەی لە ئێستا بە دواوە.. چیم بە سەر دێت!؟ جا ئەوە چ ئارامییەکە، بە بێ بوونی ئەو!؟

سووڕانەوەکەی بە باخەکەدا، گەیاندیەوە ماڵەوە. ئەو کچە بۆرییەنەی بینی کە نەیدەویست بۆگۆتشارۆڤۆ جێ بێڵێت. بەرەو ڕووی هات و کەسێکی نەناسیشی لە تەکدا بوو. ئەویش نەقیبی پشکنەری ناوچەکە بوو. بۆیەش خۆی هاتبوو، تا ماری هانی ڕەو کردن و، جێ هێشتنی ئێرەی بدات.

دوای ئەوەی ماوەیەک لەگەڵیدا بوو. داوای لێبووردنی لێ کرد.. بەوەی دەیەوێت بچێتە ژوورەکەی باوکییەوە. بەاڵم هەر لەو کاتەدا، پزیشکەکە بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوەوە، لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و، ڕێگریی لە چوونە ژوورەوەی ماریی کرد.

پێی وت:

"مەحاڵە خاتوونەکەم!! مەحاڵە بچیتە ژوورەوە."

ئەویش دیسان ڕووی کردەوە باخەکە و، ئەو ڕێگا لێژەی بەرەو زەلکاوەکە دەبووەوە و، دەیویست کەس لەو شوێنە چەپەکەدا نەبینێت و، لەسەر گژو گیاکە لێی دانیشت. خۆیشی نەیزانی بوو بەو بێهێزو توانایە، چەندە لەو شوێنەدا مابووەوە؟ بۆیە خۆی ڕکێف کردەوە و، چەند هەنگاوێکی ژنانەی نا. بە دەم ڕێوە

کچه دنیاشای یاوەری خۆی بینی، کە بۆی دەگەڕا.

ئەویش هەر کە خاتوونەکەی خۆیی بینی، وەکو ئەوەی زللەیەکی لێ درابێت.. لە جێی خۆی وشک بوو!

بە دەنگی پچڕپچڕ هاواری کرد:

"دەتەوێت.. بێیت خاتوونەکە!؟ میریش..."

ماری نەیهێشت قسەکەی کۆتا بکات:

وا هـاتم... وا دێم.

هەر بێئەوەی لە دنیاشایش بڕوانێت، بە پەلە بەرەو ماڵ بووەوە. نەقیبەکەیش لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوانی بوو.

هەر گەیشتە لای پێی وت:

"خاتوون،خەریکە ویستی خوا جێبەجێ ببێت! ئامادەی هەموو شتێک بە."

ئەویش دڕندانە شیڕاندی:

"ڕێم بدەن بـا بڕۆم!... ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاست نییە!"

پزیشکەکە ویستی ڕێگریی بکات. بەڵام پاڵێکی پێوە نا و خۆی گەیاندە دەرگاکە. لەبەرخۆیەوە وتـی:

"ئـەڕێ.. ئـەم خەڵکـە بـۆ نـاهێڵن!؟ ئـاخۆ ڕوخسـاری ئـەو خەڵکـە، بـۆچی هێنـدە تۆقێنەرە!؟ من پێویستم بە کەس نییە! ئـەی باشە ئەم هەمووە چی دەکەن لێرە!؟"

دەرگای کردەوە و هەستی بە ترس کرد. چونکە زووتر پـەردەی پەنجـەرەکان دادرابوونـەوە و، ژووڕەکـە کـەمێک تاریـک بـوو. کـەچی ئێسـتا پـەردەکـان هەڵدراونەتـەوە و، ژووڕەکـە ڕووناکـە!! دایەنەکـەی خـۆی و، چەنـد ژنێکـی تـر لـە ژووڕەکەدا بـوون. ئـەوان لـە سیسـەمەکە دوور کەوتنـەوە و، ڕێیـان بـۆ کردەوە، تـا بچێتە پێشەوە. میرە پیرەی ڕاکشاو، ڕووی مەترسیدار بوو! ئـەمەیش وای کرد، کـە هەر لە دەم دەرگـاکەدا بسڵەمێتەوە و، هەڵوێستەیەک بکات.

نزیک بووەوەو لەبەرخۆیەوە وتـی:

"نەخێر.. مەحاڵـە!! نەمردووە."

بەسـەر ترسـەکەیدا زاڵ بـوو و، لێـوانی لـە سـەر نێوچـاوانی دانـا. بـەڵام بـە پەلـە گەڕایەوە دواوە!

کتوپڕ سۆزی بزوا و، لە بەرخۆیەوە وتـی:

"کەوابوو ژیـانی تێدا نەماوە.. ئـەوەتا لـە جێی خـۆی نـەماوە! لـە شتە نادیارەکان

دەترسم و، لە بەریدا هەڵدەلەرزم."

دەستەکانی بە دەم و چاوییەوە گرت و، خۆی بە شانی پزیشکەکەدا هەڵپەسنارد.

لەگەڵ تیخۆندا ژنانیش کەوتنە کار و، دوای لە بەرداکەندنی بەرگە سەربازییە بەرۆک بە مەدالیاکەی. جەستەی مردووەکەیان شت. ئەمجا دەمیان وێکنا و، دوو لاقە بەڵاوەکەیشیان پێکەوە نووساندەوە و، بە دەسرێک پێکیانەوە بەست. شوشتیان و، دوای لەبەر کردنەوەی بەرگە سەربازییە بەرۆک بە مەدالیاکەی، لە سەر مێزی نانخواردنەکە دریژیان کرد.

دەمەو ئێوارە مۆمیان بە دەوری سندوقی مەیتەکەدا داگیرساند و، سەرچەفێکی تەنکیان بە سەر سندوقەکەدا دا. رێگاکەیشیان بە لق و پۆپی سەوزی عەرعەر داپۆشی بوو. نوێژیان لە سەر مەیتەکە کرد و نزا خوێنیش بەدەم خۆ لار کردنەوەدا، بە لای راست و چەپی خۆیدا، لە سووچێکی ژوورەکەوە کەوتە خوێندنەوە.

ئەوان وەکو رەوە ئەسپێک بوون، بە دەوری ئەسپێکی راکشاوەوە. دەمێک دەچوونەوە یەک و، دەمێک بڵاوەیان دەکرد. ئاپوورەی خەڵکەکەیش لە خزمان و ناسیاوان و، نەناس و ڕەمەکی خەڵکانێکی، وەکو نەقیبی پشکنەر و، دادوەر و ژنانی دێیەکە، پێکهاتبوون. هەموو بە چاوی پڕ ترس و بیمەوە، دەیانڕوانی و، دادەموکانەوە و، وێنەی خاچیان لە سەر سنگی خۆیان دەکێشا و، دەستی میرە پیرەیان ماچ دەکرد.

بەشی نۆ
لێزانییەکەی ئەلباتیتش

تا ئەو دەمەی میر ئاندریە، لە زەویەکانیدا نیشتەجێ نەبوو، جوتیارانی بۆگۆتشارۆڤۆ دوور بوون، لە چاوی گەورەکەیانەوە. ئەمان جیاوازییەکی زۆریان هەبوو، لە چاو جوتیارانی لیساجورییدا. چ لە بارەی زمان و گفتوگۆ و، چ لە بارەی پۆشاک و، باو و نەرێتیانەوە.

ئەوان ناو نرابوون "کۆمەڵەی بیابانی"یان. ئەو کاتانەی جوتیارانی ئەم بۆگۆتشارۆڤۆیە بۆ هەرەوز لە پڕ کردنەوەی چاڵ و زۆنگاوەکاندا، دەبرانە لیساجوری. یان کاتی دروێنە و رنینەوەی بەرو بووم. میر بە کار و ماندوو بوونی ئەوانەدا، فرە هەڵیدەدا و، وەسفی کارەکەیانی دەکرد. بەڵام لە شەڕەنگێزی و، توندو تیژییان لووتەلا بوو.

نیشتەجێ بوونی میر ئاندریە، لە نێویاندا و، پڕۆژە نوێیەکانی وەکوو دروست کردنی چەند خەستەخانە و قوتابخانە.. یان کەم کردنەوەی، پشکی خاوەن مووڵک، لە بەروبوومەکاندا و، خاو کردنەوەی هەڵس و کەوتەکانیان و، کاڵ کردنەوەی، باو و نەرێتەکانیان، کاتی خۆی میرە پیرەی خوا لێخۆشبوو، بە درندەی لە قەڵەم دەدان و کاریگەریی فرەی بە سەر ژیانیانەوە هەبووە.

هەمیشە پڕو پاگەندە لە نێویاندا بڵاو بوو و، لەوانە:

دەمێک دەیانووت ئێمەش وەکوو هەر قەوقازییەک ناونووس دەکەن. دەمێکی تر ئەوەیان بڵاو دەکردەوە، کە دەیانخەنە سەر ئاینێکی نوێ. جارێک دەیانووت کە گوایا کاتێک لە بەرامبەر بۆلی ئیمپراتۆردا، سوێندی وەفایان خواردووە، پەیمانی

ئـازاد کردنی کۆیلایەتیی مولکانیان داوە! بەڵام پەیمانەکەیان شکاندووە. تەنانەت وا بڵاو بوو: گوایا بۆلی سێیەم دەگەڕێتەوە بۆ حکومڕانی و، حەوت ساڵ ئیمپراتۆر دەبێت و، لە کاتی حکومڕانیی ئەودا: جوتیاران ئازاد دەکرێن و، کارەکان بە سادەیی بەڕێوە دەچن. تەنانەت یاسایەک لەو بارەیەوە نامێنێت! ئەوەیش لەو شەڕەیان چاوەڕوان دەکرد و، ناپلیۆن و داگیرکارییەکانی، تێکەڵ بە چەند بیرۆکەیەکی پەنهان و نادیار دەکرد. وەکو هاتنەوەی مەسیحی دەجال، واتە ساختە و، کۆتا بوونی دنیا - ئاخر زەمان - و، بەرپابوونی ئـازادیی رەها!'

لە دەوروبەری بۆگۆتشارۆڤۆیشدا، چەندین گوندی گەورە هەبوو. ئەوانە سەر بە کەسانی خاوەن تەختی شاهانە و، کەسانی تایبەت بوون و، دەبوو ساڵانە باجی بەروبوومەکانیان بدەن. کەمێک لەو ئاغایانە، نیشتەجێی مولکەکانی خـۆیان و، نێو کۆیلەیانی مولکیان بوون. هەر بۆیەیش کۆیلەی زەوی، لە نێو ئەو جوتیارانەدا کەم بـوون. جـا ئەوانـەیان کۆمەڵگایـەکی داخـراو و، دوور لـە کەسـانی شارسـتانیَ و، سەردەمی و، خاوەن باو و نەریتی تایبەت بە خۆیان بوون.

هـەر بـۆ نموونـە بیسـت سـاڵێک لەمەوبـەر و، لـە نـاکاو جوولەیـەک کەوتـە نێوانیانەوە. بە سەدان خێزان مـەڕو مـاڵاتی خۆیان فرۆشت و، لە نێویاندا چەندین جوتیاری بۆگۆتشارۆڤۆیان تێدا بوو. ڕوویان لە باشووری ڕۆژهەڵات کرد.

ئەو شوێنەی کە هێشتا مرۆڤ، پێی تێنەخستبوو! هەر وەکوو باڵندە کۆچبەرەکان ژن و مـاڵ و منـاڵیـان، لەگەڵ خۆیـان بـرد و، ڕەویـان کـرد. هەنـدێکیان خۆیـان لـە کۆیلایەتی رزگـار کرد و، هەندێکیشـیان بـە هـەڵاتن.. هـەڵاتن! بڕێکیـان گالیسکەیەکی زۆریـان شوێن یەک خست و، بڕێکی زۆریشیان بـە پیادەیی ڕەویـان کرد و، بـەرەو هەرێمی ئـاوە گەرمەکان بوونەوە. پیاوانـی دەوڵەت، شوێنیان کەوتن و، بڕێکیان لێ گـرتن و، بـە ناردنیـان بـۆ سـیبریا سـزایان دان. بڕێکی تریشـیان بـە برسـێتی و، لـە سـەرما مـردن و تێداچوون. ئەوانەیشـی کـە مانـەوە، هـەر لـە خۆیانـەوە و، بـێ هـیچ هۆیەک: کۆتاییان بە ڕەوەکەیان هێنا و، گەڕانەوە شوێنەکەی جـارانی خۆیان!!

بـەڵام ئـەو ڕاپەڕینـەیان کۆتـا نـەبوو و، لـە بیـرو هۆشـیاندا ڕەگـی داکوتـابوو! وەرەیەکی وای پێ بەخشی بوون، کە وایان دانـابوو هـەر دەبێت.. ڕۆژێک بێت، زۆر سـەر سـووڕهێنانە و چـاوەڕوان نەکراوانـە: شۆڕشـەکەیان سـەر هەڵبداتـەوە!! هـەر کەسێکیش لـە سـاڵی (١٨١٢) بـە دواوە و، لـەو سـەردەمەدا لـە تەکیاندا ژیابووبێت، تێگەیشتووە کە هەرچەند ئـەو بزووتنەوەیـە سسـت بـووە، بـەڵام هیـوای بـەو ڕۆژە بووە، کە سەرهەڵبداتـەوە.

هەرچەنـد کـەمێکیش پـێش مردنـی میـرە پیـرە، ئەلباتیتشـیش گەیشـتبووە

بۆگۆتشارۆڤۆ. بەڵام بوونی بزووتنەوەیەک لە نێو جوتیاراندا، سەرنجی ئەوی ڕاکێشا.

ئەو هەرێمە پێچەوانەی لیساجوری بوو و، ئەو هەرێمەی بازنەیەکی تیرە پازدە میلیی بوو و، گوندەکانی نێوی، چۆڵیان دەکرد و، قەوقازییەکان، مااڵە بەجێماوەکانیان تاڵان دەکردن. ئەوان کۆمەڵەی "پیاوانی ڕەشوروت"یان پێکهێنابوو. ئەوان هەرگیز بیریان لە ڕەو کردن نەدەکردەوە و، دێیەکانیان بۆ قەوقازییەکان جێ نەدەهێشت، تاکو تاڵانیان بکەن، بەڵکو پەیوەندییەکانیان لەگەڵ فەڕەنسییەکان تۆکمە دەکرد و، یارمەتییان لێ وەردەگرتن.

ئەلباتێتش لە ڕێی بڕێک لە خزمەتکارانی خۆشەویستی خۆیەوە، ئاگادار کرایەوە: کە "کارب" ناوێک دەسەاڵتدارێکی نێو جوتیارانی هەرێمەکەیە و، بەم دواییانە کاروانێک ئالیکی تاجی ڕەوانە کردووە. ئێستا هەر خەریکی ئەو پڕوپاگەندەیانەیە، لەوانە: قەوقازییەکان ئەو گوندانە تاڵان دەکەن، کە جوتیارەکانیان چۆڵی دەکەن. لە کاتێکدا فەڕەنسییەکان ڕێز لەو گوندنشینانە دەنێن!

ئەلباتێتشیان لەوەیش بە ئاگا هێنایەوە کە: یەکێک لە جوتیارانی ڤیسلۆو تخۆڤۆی داگیرکرا و، لە دێیە داگیر کراوەکەیەوە لە الیەن دوژمنەوە گەڕاوەتەوە و هەواڵێکی وای هێناوە کە: ژەنەرااڵێکی فەڕەنسی فەرمانی بۆ جوتیارانی گوندەکانی ژێر دەسەاڵتی خۆی، دەرکردووە کە هەر خێزانێکی دێنشین بگەڕێتەوە زێدی خۆی ئەوا قەرەبووی ئەو زیانانەیان دەکرێتەوە، کە بە هۆی شەڕەوە لێیان کەوتووە. لێرە بە دواوە هەرچیشیان لێ وەردەگرن، نرخەکەیان دەدەن و زیانیان پێ ناگەیەنن.

هەر ئەو پیاوە تۆندرەوە، بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت کە ئەو پارەیەی پێی دراوە ساختەیە: کاغەزێکی (١٠٠) ڕۆبڵی پیشانی ئەو خەڵکە دەدات و، دەڵێت ئەمە وەکوو پێشەکی، پێیان داوم، تا بە هێندەی ئەم پارەیە ئالیکیان پێ بفرۆشم!

ئەوەی کە مەترسیدارتر بوو. هەواڵ بە ئەلباتێتش گەیشت، هەر لەو بەیانییەدا فەرمان بە گەورەی ناوچەکە درابوو، کاروانی گالیسکەکان بۆ سەفەری ئەمیرە ماری ئامادە بکات. ئەوە بڕیارەی ئەمیرە ماری بوو: کە سەفەریان لەگەڵ نەکات و، خۆی بدات بە دەست قەزا و قەدەری ڕووداوەکانەوە! کات نزیکی مەترسییەکان بووبووەوە. هەر لە پازدەی ئاب و ڕۆژی مردنی میرە پیرەدا، نەقیبی پشکنەر هۆشداریی بە ئەمیرە ماری دابوو کە بارەکە زۆر نالەبارە و، چی دی بەرپرسیارێتی ئەوان لە ئەستۆ ناگرێت. بە پێویستیشی دەزانێت تا زووە ڕەو بکەن. ئەمجا پێش ئەوەی جێیان بهێڵێت، پەیمانی پێدان، کە سبەینێیش بگەڕێتەوە الیان. تاکوو لە ڕێ و ڕەسمی ناشتنی باوکیدا بەشدار بێت.

بەڵام بە هۆی پێشڕەوییەکانی خێرای سوپای ناپلیۆنەوە، لە ناوچەکانی دەوروبەردا. چی شمەکی گرانبەهای ماڵەکەی خۆی بوو، باری کرد و خێزانەکەی ڕەوانە کرد و، پێی نەکرا ئامادەی ناشتنەکە ببێت.

ئەوە سی ساڵی ڕەبەق بوو، هەرێمی بۆگۆتشارۆڤۆ، لە لایەن "دروون" ناوێکەوە بەڕێوە دەچوو. ئەم پیاوەیش یەکێک بوو، لە جوتیارە تۆکمەکان و، دەمڕاستی جوتیاران بوو، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێبەریان بوو. لەو کەسانە بوو کە تا دەچوونە ساڵەوە.. ریشیان درێژتر دەبوو. ئەوانەی تەمەنیان دەگەیشتە شەست ساڵان و، لەو درێژ بوونی ریشەیان بەولاوە، هیچی تریان تێدا نەدەگۆڕدرا! نە قژی سەریان دەڕووتایەوە و، نە ددانێکیان دەکەوت! بەڵکو قنج و قیت.. وەکو لاوێکی سی ساڵانە، بە تۆکمەیی دەمانەوە!!

دوای ئەو ڕەوە مەزنەی بەرەو هەرێمی ئاوە گەرمەکان، دروست بوو و، پیر و گەورەی شارۆچکەی بۆگۆتشارۆڤۆیش بەشداریی تێداکرد. دروون دامەزرا و، جوتیاران ئەو پۆستەیان پێ بەخشی. ئەویش بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ لە پۆستەکەیدا بەردەوام بوو. تا گەیشتە ئەوەی، جوتیارانیش: لە ئاغا خاوەن مولکەکانیان پتر، لێی دەترسان. سەرۆکایەتی کردنەکەی، میرە پیرە و، میرە لاوەکەی کوڕی، لە لایەن جوتیارانەوە ڕێزی لێ دەگیرا و، وەکو خۆشویستنێک بۆیان..نازناوی وەزیریان بەسەردا بڕی بوو! بە درێژایی ساڵانی خزمەتی بۆ جارێکیش "دروون" بە سەرخۆشی و بەدمەستی، یان بە نەخۆشی نەبینرا! تەنانەت لە شەوانی جەژن و ئاهەنگ و بۆنەکانیشدا نەدەبینرا!

هەرچەند ئەم پیاوە خوێندەوار نەبوو. بۆ جارێکیش کەس نەیبیستبوو کە هەڵەی ژمێریاریی چ لە نێو خەڵکدا و، چ لە گەنجینەی ئاردەکەیدا کردبێت. نە لە گورزەکانی قامیشە حەشیشە و، نە لە بڕی ئەو حەشیشەیەی، لە هەر دێراوێکی گیاکەیدا لە کێڵگەکەیدا، بەرهەمی دەهێنا، هەڵەی دەکرد.

دوای ئەوەی ئەلباتیتش لە زەویی سووتاو و، شارۆچکەی کاول و، تاڵان کراوەوە هاتبوو. ئەم پیاوەی ڕاسپارد، کە دوازدە ئەسپ، بۆ گالیسکەکانی خاتوو ماری و، هەژدە گالیسکەیش بۆ بارکردنی شمەکەکانی نێو کۆشک ئامادە بکات.

هەرچەند دێنشینان، بە یاسای پشک، کاریان بۆ خاوەن مولکەکان دەکرد و، زەوییەکانیان تۆو دەکرد. بە لای ئەلباتیتشیشەوە وابوو، کە نابێت بەربەستی بێتە ڕێ. چونکە هەرێمی بۆگۆتشارۆڤۆ لە (٢٣٠) ماڵ پێکهاتووە و، دانیشتوانەکەی دەوڵەمەند و، بووەن!

دواتر بڕێک ناسیاوی خۆی لە جوتیاران، بۆ بار کردنی شمەکەکان ئامادە کرد.

دروونیش تێی گەیاند ئەو ئەسپانە لەملاولاوە هێنراون و، ئەوانەی ناو ئاوایی لەبەر دەستدا نین.

پێداگریی ئەوەیشی کرد، کە ئەسپەکانی خۆیان "تاگ" دەستی بەسەردا گرتووە. ئەوانەیشی کە بۆیان مابووەوە، بڕێکیان لە ژێر کاردا پڕووکانو بڕێکیشیان لە برساندا تۆپین! ئەلباتیتشیش زۆر بە وردی لە "دروون"ی دەڕوانی! بەڵێ راست بوو: دروون بە پیر و دەمڕاستی شارۆچکەکە دانرا بوو. بەڵام خۆ ئەویش کەم نەبوو و، ئەوە بیست ساڵ بوو، مولکەکانی میری، بەڕێکی نمونەیی بوو. بە وردبینی و هەستیاریی خۆی، دەیتوانی باشترین و سەرکەوتووترین هەڵس و کەوت لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆی بکات.

هەر بۆیەش لە یەکەم سەرنجیدا، ئەلباتیتش تێگەیشت، کە قسەکانی لە تواناکانی کەمترە! بێ ئاگا نەبوو لەوەیش، کە دەولەمەند بووە و دێنشینان خۆشیان ناوێت! بۆیە پێویستە لەسەری: بەرەیەک لەو دوانە هەڵبژێرێت: بەرەی سەرکردەکان، یان بەرەی دێنشینان. جا هەر ئەمەی لە روخساری ئەو جوتیارە سادەیەدا بەدی کرد، برۆکانی گرژ کرد و وتی:"دروون گوێ بگرە... قسەی پڕ و پووچم بۆ مەکە! میر ئاندریە، بۆ خۆی فەرمانی پێ داوم، کە هەر هەموو جوتیاران و، خێزانەکانیان شوێن خۆمان بخەین و، کەسێک لە بەردەستی دوژمندا، جێ نەهێڵین. فەرمانی قەیسەریش لەم بارەیەوە هەیە. ئەوەیشی لای دوژمن دەمێنێتەوە، بە ناپاک لە قەڵەم دەدرێت..گوێت لێمە؟

دروونیش بێئەوەی برۆکانی هەڵببڕێت، وەڵامی دایەوە:

گوێ بگرە...

بەڵام وەڵامەکەی ئەو ئەلباتیتشی قایل نەکرد و سەرێکی بۆ لەقاند و وتی،"ئای! دوورن! بارو دۆخەکە دەشێوێت!"

ئەمجا ئەمیش بە خەمباریيەوە وتی:"چۆنت دەوێت.. با وابێت."

ئەمجا ئەلباتیتش دەستی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا و، ئاماژەی بە زەویەکەی ژێر پێی دا و وتی:

"بەسە! بەس! بە روونی دەروونی تۆم خوێندووەتەوە و، تا قوولیی سێ پێی ژێر پێیشت دەبینم!"دروونیش سەرنجێکی دا و چاوانی شۆڕکرد. ئەمجا فەرمانی دایەو وتی،"ئەم کەرێتیانە وێڵ بکە و، بڕۆ بۆ لای جوتیاران و، پێیان رابگەیەنە: سبەینێ خۆیان ئامادەی ڕەو بکەن، بەرەو مۆسکۆ. هەر لە بەرە بەیانەوە ئامادەی بار کردنی شمەکەکانی خاتوون بن. با تۆیش لە کۆ بوونەوەکەدا، نەبینرێیت! تێم دەگەیت!؟"

ئـەمجا دروون خـۆی دا بـە سـەر پیلاوەکـانی ئەلباتیتشـی تۆمارکـاردا و وتـی،"ئەیاکۆف ئەلباتیتش گیان! بۆ خاتری ئاسمان، ئەوە کلیلەکان و پۆستەکەم لێ وەربگرەوە!"

ئەویش بە ورەیەکی فرەوە وتـی:"بێدەنگ بە!"

دیسـان دووبـارەی کـردەوە:"پـێم وتیـت کـە بـە قـوولایی سـێ پێی زەویـی ژێـر پێیەکانیشت، دەبینم!"

سـەرەڕای ئەو وریایی و لێزانییەی، لە بـەخێوکردنی پـوورە هـەنگدا بـووی و، ئـەو شارەزاییەی لە تۆودان.. ئـەم ئەلباتیتشـە تـوانی بـووی بۆ مـاوەی بیست سـاڵ میرە پیرە، لە خۆی رازی بکات!"

وای لەو گەورەیەی خۆی کردبوو، کە بە پیاوی ئەفسووناوی بانگی بکات و پێی دەوت، کە گوایا بە قوولایی سێ پێی ژێـرپێی بەرامبەرەکەیشی، دەبینێت!"

دروون وا ڕاست بووەوە، قسە بکات.

بەڵام قسـەکەی پێ بڕی و خۆی وتـی: چی لە بیر و هۆشتدا دەخولێتـەوە... هـا؟ دەی پێم بڵـێ.. چیتە؟"

ئێستا دەتوانم چی لەگەڵ ئەو خەڵکە بکەم؟ ئاخر ئەوانە سەر و بـن بـوون! وەکو بێهۆش وان! جـا وا دەبێت؟"

دروونیش وتـی: "ئەیاکۆف ئـەلباتیتش گیـان.. ئـەوان خۆیـان بـۆ ڕکێف ناکرێت! ئێستایش من گوێڕایەڵـی فەرمانەکانتم."

ئەویش دریژەی نەدایـە و، دەیزانی کە باشـترین شت، بـۆ ئـەوەی بەرامبەرەکـەت گوێڕایەڵت بێت، ئـەوەیە کە گومانت لە گوێڕایەڵییان نەبێت!

هـەر کە رستەی "**گوێڕایەڵـی فەرمانەکانتم**"ی لێ بیست. هـەرچەند دەیشیزانی تاکو هێزە چەکدارەکان، دەسـت وەرنەدەنـە ئـەم کارەیـەوە، گالیسکەکان ئـامادە نـاکرێن!! بەڵام بێدەنگ بوو و، لە سـەری نەڕۆیشت.

هـەر وایش بوو! کات بـەرەو ئێوارە چوو و، تـەنیا یـەک گالیسکەیش ئامـادە نـەکرا. بەرامبـەر شـوێنی خواردنەوەکـە، خەڵکەکـەیش کۆبوونەوەیـەکیان سـاز دا و، تێیـدا بڕیاریان دا.. هـەرچی ئەسپ و هێسـتریان هـەیـە، بـەرەڵای نێو دارستانەکانیان بکـەن و، نـەهێڵن کە دوژمن لێیان سوودمەند بێت و، هیچ شتێکیان دوای خۆیـان بـۆ بـەجێ نەهێڵن. ناچار ئـەلباتیتش فەرمانیـدا: ئەسپەکانی ژێـر گالیسـکەکەی خـۆی بکەنـەوە و، لە گالیسکەکەی خاتـوو ماریی ببەستن. خۆیشی ڕووی لە دەسـەڵاتدارانی هـەرێمەکـە کرد، تاکو یارمەتییان بدەن و، ئەسپیان بدەنێ. بۆ ئەوەی بەرەو مۆسکۆ ڕەو بکەن.

بەشی دە
خاتوو ماری و دروون

دوای ئەوەی باوکی بە خاک سپێردرا، ماری چووە ژوورەکەی خۆی و مۆڵەتی ، کەسی نەدا ببینێت. خزمەتکارێک چووە بەردەرگای ژوورەکەی و، پێی راگەیاند ئەلباتیتش چاوەڕوانی فەرمان کردنێتی بە سەفەر کردنەکەیان.

ئەویش لە سەر قەنەفەکە راکشابوو و، راست بووەوە و، بێ ئەوەی دەرگای لێ بکاتەوە، پێی راگەیاند کە هەرگیز بیر لە ڕەو کردن ناکاتەوە و، کۆڵی لێ بدەن!

پەنجەرەی ژوورەکەی بە سەر ڕۆژئاوادا دەیڕوانی. راکشایەوە و، ڕووی کردە دیوارەکە و، خۆی بە قۆپچەیەکی پشتیێە چەرمینەکەی ژوور سەرییەوە خەریک کرد. چاوانی بەو پشتیێەکەوە گیرسابووەوە و، تەنیا شتێک بە میشکیدا هاتبوو و، بیری لێ دەکردەوە، مردنێک بوو، کە رزگار بوون لێی، نییە و، شیبوونەوە و بە خۆڵ بوونەوەی جەستەیە! تا مردنی باوکیشی بەو شێوەیە بیری لێ نەکردبووەوە.

پڕ بەدڵ حەزو ویستی بۆ نوێژ دەچوو. بەڵام پڕکێشیی نەدەکرد، ڕوو لە خوا بکات! تا ماوەیەکی باشیش لە سەر قەنەفەکە بە ڕاکشاوی مایەوە. لەوبەریشییەوە خۆر لە ئاوابووندا بوو و، گورزەی تیشکە زەردە شکاوەکە، لە پەنجەرە کراوەی ژوورەکەیەوە، هاتبووە ناوەوە و، لایەکی ئەو پشتیێە چەرمینەی ژوور سەری و ئەوەی کە ئەو لێی دەڕوانی، ڕووناک کردبووەوە.

لە ناکاو بیرکردنەوەکەی پچڕا و، هەستا و سەر و قژەکەی ڕێکخستەوە و، لە پەنجەرە کراوەکەوە، نزیک بووەوە و کەوتە هەڵمژینی هەوای پاکی ئەو ئێوارە قەشەنگە. ئەمجا خۆی دایەوە بە سەر قەنەفەکەی بەردەم پەنجەرەکەدا و چەناگەی خستە سەر کەناری لای پەنجەرە کراوەکەوە.

بە خۆی وت:

"بەڵێ! ئێستایش دەتوانیت لە جوانی و قەشەنگیی، خۆرنشینی ئێواران رابمێنێیت!! زۆر بە ئارامیشەوە دەتوانیت! چونکە کەس نەماوە: بێزارت بکات! کەسیش بێزار کردنی تۆی مەبەست نابێت."

دەنگێکی ناسکی ژنانە، لە باخەکەوە بانگی کرد. دوای کەمێک هەستی کرد یەکێک سەری ماچ دەکات. کە لای کردەوە، کچە بۆرییەنە و، بە بەرگی سەردەست فراوانی تازییەباریەوەیە.

لە ماری نزیکتر بووەوە و، لە ئامێزی گرت و، هەناسەیەکی قوولّی هەڵکێشا و، دایە پڕمەی گریان. ماریش ئەو ئیرەیی پێ بردنەی خۆیی بیر کەوتەوە، لەو دەمەیدا کە باوکی ڕەحمەتیی، بە لاوولووی ئەو کچە فەڕەنسییەدا دەهات و، کچەکەی خۆیی وێڵ کردبوو! ئەمجا دواتری خۆیی بیر هێنایەوە، کە چۆن ئەو کچە بۆرییەنەیشی وێڵ کرد و، بایەخی بەویش نەدا!جارێکی دی بە خۆیدا چووەوە و، تێگەیشت گومانەکەی لە باوکی لە جێی خۆیدا نەبووە!

دواتر ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد:

"دواجار منێک کە مردنی باوکم، بە ئاوات دەخواست..بۆم هەیە لە سەر ئەو لێپرسینەوە لە خەڵکی تر بکەم." کتوپڕ وێنەی کچە بۆرینی هێنایەوە بەرچاوی خۆی، کە چۆن بارودۆخی ژیان خستبوویە بەردەستی ئەمان و، باوکی خۆی: ئەوی بە کۆیلەی کردبوو و، کەوتە بەزەیی هاتنەوە پێیدا و، زۆر بە سۆزەوە دەستی بۆ درێژ کرد. کچە بۆرییەنیش، بە چاوانی پڕ فرێسکەوە، هەردوو دەستی ئەوی ماچ کرد. ئەمجا کەوتە باس کردنی ئەم نەگبەتییەی بەسەر ئەم بنەماڵە هاتووە و، چۆن بۆریین خۆیشی، لە خەمەکە بێبەش نییە. وتیشی هیچ شتێک دڵی ناداتەوە لە خەمی ئەم بەڵایەی بە سەریدا هاتووە. سۆزی خاتوو ماری نەبێت! پێویستە رق و کینەی کۆن، لە بەرامبەر ئەم بەڵا مەزنەدا بتوێتەوە. بۆیە لای خۆیەوە ئاسوودەیە و، ڕەوانی مردووەکەیشمان بە سەرمانەوەیە. ئەوەتا ئێستا دەزانێت کە چەند خاتری باوکی تۆم ویستووە! چەندەیش چاکەکانی ئەوم لە بەرچاوە؟ هەرچەند ماریش، جاروبارێک چاوانی هەڵدەبڕی و، لێی دەڕوانی، بەڵام هیچی لێ تێنەگەیشت!

دوای کەمێک بێدەنگی لە سەری ڕۆیشت:

"خۆ من دەزانم باری دەروونیی تۆ زۆر ترسناکە، خاتوونەکەم. تۆ تا ئێستا لە تواناتدا نییە، بیر لە خۆت بکەیتەوە! بەڵام خۆشەویستیم بۆت، وای کردووە پرسیارت لێ بکەم،"ئاخۆ ئەلباتیتش هات بۆ ئەوەی تۆ ببینێت؟ لە بارەی سەفەرەکەوە قسەی بۆ کردیت؟"

ماری وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی نەدایەوە. هەر نەیشیدەزانی لە بارەی کام کۆچەوە دەدوێت.

ئەویش لە کچە بۆرینی پرسی:

"ئاخر ئێستا من دەتوانم هەموو شتێک بکەم!؟ تەنانەت بیر لە هیچ بکەمەوە!؟ ئاخۆ ئەم دنیایە بە لای منەوە بێبەها نییە؟"

بۆرینیش بێئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. لە سەر پرسیارەکانی خۆی سوور بوو،"ماری گیان.. ئەی نازانیت ئێمە هەموومان لە مەترسیداین!؟ ئاخر فەڕەنسییەکان ئابڵوقەیان داوین! تەنانەت کۆچ کردنەکەیشمان بێ مەترسی نییە! دوور نییە لە سەفەر کردنەکەیشماندا، بکەوینە نێویانەوە و، دیل بکرێین. مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت: کە چیمان بەسەر دێت!؟"

بێئەوەی ماری لێی تێ بگات، سەرنجێکی دا و وتی:

"خۆزگە.. تێدەگەیشتن، کە شتەکانی دنیام چەندە لە لا بێ بەهایە!؟ بێگومان بە، کە نامەوێت لە گۆڕەکەی دوور بکەومەوە. بەڵام چی بکەم؟ کە ئەلباتیتش باسی سەفەرەکەی کرد، لەگەڵیدا ڕێک بکەوە. بەڵام من وەکوو توانای هیچم نەماوە.. هیچیشم لێتان ناوێت..."

کچە بۆرینیش وتی:

"قسەم لەگەڵ کردووە و، ئەو نیازێتی: سبەینێ سەفەر بکەین. من مانەوەم پێ باشترە! با تۆیش ئەمەیانت لا پەسەندتر بێت. ئاخر زۆر ترسناکە لە ڕێگا بەردەستی فەڕەنسییەکان، یان چەکدارانی دێنشینی یاخی و ڕاپەڕیو بکەوین."

کچە بۆرین کاغەزێکی لە جانتاکەی قۆڵی دەرهێنا و، کاغەزەکەی لە کاغەزی بەڵگەنامەکانی ڕووسیا نەدەچوو و، لە ژەنەرالّ ڕامۆوە دەرچوو بوو. تێیدا داوای لە دانیشتوانەکە کردبوو، مالّەکانی خۆیان بەجێ نەهێڵن و، سوپای فەڕەنسی پاراستنیان لە ئەستۆ دەگرێت.

ئەمجا دەستە بە بانگەوازەکەی بۆ ماری درێژ کرد و وتی:

"پێم وایە باشتر وایە: پەیوەندی بەو ژەنەرالّەوە بکەیت. من لەو بڕوایەدام کە دەمان پارێزێت و، سەرپەرشتیمان دەکات."

دوای ئەوەی بەیانەکەی خوێندەوە، بە روویەکی گرژەوە پرسیی:
"ئەمەت لە کوێوە هێناوە!؟"
بۆرییەنیش وەڵامی دایــەوە:
"بێگومان بە ناوەکەمدا زانیویانە کە فەرەنسیم."
مـاری هەستا و، بـەرەو نووسـینگەکەی ئـاندریەی بـرای رۆیشت و، نامەکەیشـی هــەر بــە دەســتەوە بــوو. لــە ژوورەوەیــش لەســەر کورسـیی براکــەی دانیشـت و فەرمانیدا:
"دونیاشا، ئەلباتیتش، یان دروونم بۆ بانگ بکە. یان هەر کەسێک خۆت بتەوێت."
کە گوێیشی لە دەنگی کچە بۆرییەن بوو هاواری کرد:
"بە ئەمیلییش بڵێ: کەس نەنێرێت بۆ لام و، نامەوێت کەس ببینم."
بیرۆکەی مانەوە و، کەوتنە بەردەستی فەرەنسییەکان، ترساندی و بڕیاری دا:
"پێویستە هەر زوو و، بە پەلە بار بکەین و، سەفەر بکەین!"
"ئەگــەر میـر ئــاندریە دەزانێت کــەوا ژیـانی نیکـۆلا ئاندرییڤیتشـی کـوڕە چکۆلــەی دەکەوێتە ژێر ڕکێفی دوژمنــەوە. داوای پاراستنی خـۆی لـە ژەنــەراڵ ڕامـۆ دەکـرد و، سوودی لەم لا لێ کردنەوەیەی ئەو وەردەگرت!"
ئــەم بیرۆکانــە وای لــە مــاری کـرد، ســوور هــەڵ بگــەڕێت و، هــەموو گیـانی لــە تووڕەییدا بلەرزێت. ئەم هەڵوێستەی بە سەرشۆڕی دەهاتە پێش چاو:
"فەرەنسـییەکان لێـرەدا جێگیـر دەبـن و، ژەنــەراڵ رامـۆیش ئــەم نووسـینگەیەی براکەم، داگیر دەکات. ئەمجا کاتی خۆی: بە خوێندنەوەی کاغەز و نامـەکانی نێویـەوە بەسەر دەبات. کچە بۆرییەنیش بە نێوی بۆگۆتشارۆڤووە، بەخێر هاتنیان دەکات. خێر بە منیش دەکەن و، ژوورێکی چکۆلەم دەدەنێ! سەربازەکانیشیان گۆڕی باوکم ـ کـە هێشـتا وشـک نەبووەتــەوە ــ دەکــەن، بــە ژێـر پێیانــەوە و، مــەدالیاکان لــە بــەرۆکی دادەماڵن و، سەرکەوتنەکانی خۆیان بە سەر ڕووسـیادا، بۆ مـن دەگێڕنـەوە. سـۆز و خۆشەویستیی ساختەیش بەرامبەر من دەنوێنن!"
لە راستیدا.. ئەمە هەر بیر کردنەوەی ماری نەبوو! بەڵکو هی بـاوک و براکەیشـی بوو. ئەمیش هەمیشە پێی وابوو، لـە بـەردەم بـاوک و براکەیدایـە، بۆیـە بـەو شـێوەیە بیری دەکردەوە و، بە ئەرکی خۆیی دەزانی، وا بیر بکاتەوە.
کــە خۆیشــی لــە نووســینگەکەی ئــاندریە تونــد کردبــوو و، نەدەهاتــە دەرەوە، تــەقەلای ئــەوەی دەدا، هەڵوێســتەکە لــە بــەر ڕۆشــنایی بیــرو بۆچــوونی ئەوانــەوە ببینێت.

بەڵام ئەوە بوو لە ناکاو ژیان سەپاندی بە سەریدا، کە بوونی خۆی بسەپێنێت! هەر ئەو هەست بە خۆ کردنەی کە باوکی لێی زەوت کردبوو. وا بۆی نەکەوتبووەوە کە هەست بە گرانیی ئەو ئەرکە بکات و، بە ژوورەکەدا هەر هاتووچۆی بوو. سوور هەڵگەڕابوو.

دەمێک ئەلباتیتشی بانگ دەکرد و، دەمێکیش، میخائیل ئیڤانۆڤیتش.. یان تیخۆن، یان دروون.

نە دونیاشا و، نە دایەنەکە و، نە هیچ کەسێک لە کارەکەرەکان نەیدەوێرا بە رووی لە بارەی ئەو دەنگۆیەوە، بدوێت، کە کچە بۆربین، بۆ ماریی ئاشکرا کردبوو.

ئەلباتیتش لەوێ نەبوو و، چوو بوو بۆ لای دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە. میخائیل ئیڤانۆڤنایش بەچاوی هەڵئاوساوی خەوالووەوە، لەبەردەمیدا بوو و، ئەویش نەیدەوێرا لەو بارەیەوە هیچ بڵێت. هەر بەو شێوەیەیەیش وەڵامی ماری دەدایەوە کە لەگەڵ میرەپیرەی خوالێخۆشبوو، کە پازدە ساڵ بوو، لەسەری راهاتبوو و، نەرێنییانە، رای خۆی لەسەر هیچ شتێک دەرنەدەبڕی. هەمیشە رستەکانی جۆرێک بوون، کە سوود لە قسەکانی نەدەبینرا.

کە لە تیخۆنە روخسار خەماویشی پرسی. ئەویش بە رستە نەمرەکەی خۆی وەڵامی دایەوە، کە "لە پەزێراییت دام!" بوو. هەر کە خاتوو ماریشی دەبینی، خۆی بۆ نەدەگیرا، لە پڕمەی گریانی دەدا!

دواتر پیرە دروونی شارۆچکەکە، پەیدابوو. دوای ئەوەی چاک و چۆنیی لەگەڵ خاتوونی گەورەی کرد. شانی بە تەنیشتی دەرگاکەدا هەڵپەسارد. ماریش لە ژوورەکە هاتە دەر و، لە بەردەمیدا وەستا. پێیشی باش بوو لە شارۆچکەکەدا.. هاوڕێیەکی باش و بە وەفای وەدەست هێناوە.

دروونیش ئەو کەسە بوو، کە ئەو دەمەی ماری منالا بوو. ئەو ساڵانە دەچووە سەردانی ئەو پێشەنگایانەی لە فیازما دەکرانەوە و، لە گەڕانەوەیشیدا شیرینیشی بۆ دەهێنا.

ئەمجا پێی وت:

"ئەی دروونی خۆشەویست! دروونە نیانەکەم! سەرنجی لێقەوماوی‌مان بدە!"

دواتر رکێفی خۆی کرد و، نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدات.

دروونیش بە دەم هەناسەیەکی قوولەوە وتی:

"ئەوەتا ئێمەیش خۆمان بە خوا سپاردووە و، لەبەر دەستی خۆیداین."

دوای هەندێک بێدەنگی، ماری توانیی بڵێت:

"دروونە نیانەکەم... ئەلباتیتش رۆیشتووە و، کەس نییە کە رووی دەممی تێ بکەم! ئەوان پێیان وایە کە من ناتوانم بڕۆم!"

ئەویش پرسیی:

"جا.. بۆچی ناتوانیت سەفەر بکەیت.. خاوەن شکۆ!؟

" لە وەڵامیدا ماری وتی:

"بە هۆی نزیکیی دوژمن لە ناوچەکەمانەوە، ئەوان لە سەر ئەوە سوورن، کە سەفەر کردن، هەڵەشەیی و پڕ مەترسییە! هاوڕێ ئازاکەم! منیش نە دەتوانم لە بارو دۆخەکە بگەم و، نە هیچیشم بۆ دەکرێت. کەسیشم نییە تا راوێژی پێ بکەم. دەمەوێت هەرچۆنێک بێت، سەفەر بکەم و، هەر ئەم شەو ئەوپەڕی سبەینێ بەیانی سەفەر بکەم."

ئەویش بێئەوەی هیچ بڵێت لە ماریی دەڕوانی.

دواتر هاتە گۆ و وتی:

"هەر وەکوو زووتریش بە ئەلباتیتشم وتبوو: ئێمە ئەسپمان نییە! "

ماریش پرسیی:

"لەبەرچی ئەسپەکان دەست ناکەون!؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"سزای خوامان، بە سەردا سەپاوە! بڕێک لەو ئە سپانەی هەمانبوو، سوپای فەرەنسی دەستی بە سەردا گرت و، ئەوانەیشی کە مانەوە تۆپین! ئای.. کە ئەمساڵ ساڵێکی سەخت بوو! ئەو ئەسپانە هیچ نین بە بەراورد لەگەڵ کێشەی ئەو هاوڵاتیاندا کە خۆراکیان دەست ناکەوێت تا بیخەنە بەر خرێکانیان و پێی بژین! ئاخر ئێستا هاوڵاتیان بێ ڕۆزی و خۆراکن! ئەوە دوو سێ ڕۆژە، پاروویان لە دەم نەناوە! ئاخر ئەوان تووشی کارەسات بوون! کارەسات!!"

ماریش بە وردی گوێی لێ گرتبوو و، دواتر وتی:

"جوتیاران کارەساتبار بوون! گەنمی رووتیشیان دەست ناکەوێت!؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! ئەوان وا لە برساندا دەمرن! ئاخر ئیتر چۆن گالیسکەکانمان بدەنێ!؟"

ماری پرسیی:

"باشە.. دروونە نیانەکەم، بۆچی هیچت لەم بارەیەوە، بە من نەگوتووە!؟ تۆ پێت وایە ئێمە ناتوانین کە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکەین؟ ئەوە بزانە هەرچییەکمان لە دەست بێت: درێغی ناکەین."

ئەم هەواڵــە باری دەروونیی ماریی وا تێک دابوو.. وا بیری دەکردەوە: "مادام دەوڵەمەندان و هەژاران هەن... بۆچی دەوڵەمەندەکان یارمەتیی هەژاران نادەن!؟"

کاتی خۆی بیستبووی کە سااڵنە لەو بەشە داهاتی موڵکانەیەی ئاغا ـ کە باوکی بوو ـ شتێکیان بە سەر نەداران و هەژاراندا، لێ دەبەخشییەوە. نە باوکی و نە براکەیشی ئەو کارەیان پێ ناخۆش نەبوو. ئەمیش لای خۆیەوە، کەوتە پرسیار کردن لە پێویستییەکانی دێنشیانان و، گەنجینە و، عەمبارەکانی گەنمەکانی خۆیان.

ئەمجا وتــی:

"بەاڵم پێویستە کە گەنمان هەبێت! بە تایبەتی بەشە موڵکەکانی براکەم."

دروونیش هەڵیدایــە:

"بەشــە موڵکانەکــەی میر ئــاندریە، وەکو خۆی ماوەتــەوە و، کــەس دەستی لێ نەداوە. کاتی خۆیشی براکەت.. نەیویست بیانفرۆشێت."

ماری قسەکەی لەدەم سەندەوە:

"کەوابوو بە ناوی براکەمــەوە، پێت دەڵێم کە هــەر هــەمووی بە ســەرجوتیاراندا بەش بکە. "

دروونیش هێندەی بۆ کرا: هەناسەیەکی قوواڵ هەڵ بکێشێت.

ماری دووبارەی کردەوە:

"هەر هەموو موڵکانەی براکەمیان بە سەردا دابەش بکە و، خوا بکات هــەموویان بەریان بکەوێت. بە ناوی براکەمەوە ئەم فەرمانەت بە سەردا دەدەم و، پێیشیان بڵێ: ســامانی ئێمــەیش بــە ســامانی خۆیــان بــزانن! درێغیــیش ناکــەین لــە یارمەتیــدانیان! ئەمەیان پێ بڵێ."

دروونیش ئەبڵەق بوو بوو و پاڕایەوە:

"بۆ خــاتری ئاسمان..خــاتوونەکەم! ئــەم پۆســتەی کــە بیســت و ســێ ســاڵە، کــاری تێدا دەکــەم: لێم وەربگرەوە و، ئــەوەیش کلیلــەکان! مــن ئــەو هــەموو ســاڵەم بــە ڕێ کردووە و، هیچ خراپەیەکم دەربارتان نەکردووە. بۆ خاتری ئــاسمان بە قسەم بکە."

ماریش لەو مەبەستەی نەگەیشت، کە پاڵی بــەوەوە نــابوو، تــا ئــەو قســەیە بکــات! بۆیــە لای خۆیــەوە دووپــاتی کــردەوە و، ڕایگەیانــد کــە هــیچ کاتێــک گومــانی لــە دەستپاکیی ئەو نــەبووە. هــەموو شــتێکیش لــە پێناوی ئارامیی دێنشــیناندا دەکات و، بەوەفایە بۆیان.

بەشی یازدە
بـڕیاری جوتیارەکان

دوای سەعاتێک دنیاشا، خۆی کرد بە ژوورەکەی ماریدا و، رایگەیاند کە دروون گەڕاوەتەوە و، ئەو جوتیارانەی بە فەرمانی ئەو کۆبوونەتەوە، لەبەر کایەنەکەدا لە چاوەڕوانیدان: تاکو قسەت لەگەڵ بکەن."

ماریش وتـی:

"کوا مـن بـانگم کـردوون!!؟ هـەر ئەوەندەم بـە دروون وتـووە، کـە گـەنمیان بـە سەردا دابەش بکات."

دونیاشایش وتـی:

"خاتوونەکەم.. کەواتە فەرمان بدە: بـا دەریان بکەن. بۆ خـاتری ئاسمان مـەچۆ بـەردەمیان! چونکـە ئەمـەیان لـە فریـودان پتـر هیچـی تـر نییـە! هەرکـە ئـەیاکۆڤ ئەلباتیتشـیش گەڕایـەوە.. ئـەوا خۆمـان سـەفەرەکە دەسـت پـێ دەکـەین. بـەڵام لـەو بڕوایەیشدام کە هەرگیز تۆ بەرگە ناگریت."

ماریش بە سەرسامییەوە پرسیی:

"تـۆ لە بارەی چ فریودانێکەوە دەدوێیت!؟"

دنیاشایش وتـی:

"خۆم دەزانم چی دەڵێم خاتوون. بۆ خاتری خوا، ئامۆژگارییـەکانم جێبـەجێ بکـە. حـەز دەکـەیت لـە دایەنەکـەیش بپرسـە. خـۆ دیـارە، کـە ئـەوان فەرمانەکـەت جێبـەجێ ناکەن و ڕەو ناکەن!"

ماریش وتـی: "لەوە دەچێت بەدحاڵی بوون هەبووبێت! چونکە هـەرگیز، مـن ئـەو فەرمانەم پێ نەداون!! ئـادەی... دروونم بۆ بانگ بکە."

درووون هات و، قسەکەی دنیاشای پشتڕاست کردەوە. تێی گەیاند کە دێنشینان بۆ ئەوە هاتوون، تاکو لە بارەی ئەو فەرمانەوە: قسەت لەگەڵ بکەن.

ماریییش وتـی:

"بەڵام خۆ من: هـەرگیز ئـەوانم بانگ نـەکردووە! رەنگە تـۆ بـە هـەڵـەدا چووبیت. چـونکە من هـەر هێندەم بە تۆ وت: کە گەنمیان بەسـەردا دابەش بکرێت.

درووون هـەناسـەیەکی هـەڵکێشا و وتـی:

"ئەگـەر بتـەوێت دەگـەڕێنـەوە شوێنی خۆیان."

ماریییش وتـی:

"نـەخێر! نـەخێر! دەمـەوێت خۆم قسـەیان لەگـەڵ بکـەم."

هـەرچـەند لێی پـاڕانـەوە، بـەڵام ئـەو خـۆی گـەیانـدە سـەر پلیکانـەکان و، لـەوێوە بـۆ لای جوتیاران و، هـەردوو ئافرەتـەکـە و، میخائیل ئیڤانۆڤنـا و درووونیش بـە دوایـەوە بوون."

ماریییش بـەدەم ڕێوە بە خۆیشی وت:

"بێگومان ئەوان پێیان وایـە، بـەو مـەرجە گـەنمیان بـەسـەردا دابـەش دەکـەم کـە لـە شوێنی خـۆیـان بمێننـەوە و، بکـەونـە ژێر دەســەڵاتی فەڕەنسـییـەکانـەوە! بـەڵام مـن وا نـاکـەم و، پـەیمانیان دەدەمـێ، کـە ئەگـەر لەگـەڵ مـن ڕەو بکـەن.. لـە خانووبـەرەکانی نزیـک مۆسکۆوە نیشتـەجێیان دەکـەم و، خـۆراکی مانگانـەیان بـۆ دەبڕمـەوە. لێیشـم ڕوونە گـەر ئـاندریە خـۆیشی لێرە بوایە، لە ئەمـەیش زیـاتری بـۆ دەکردن، کـە ئێستا من بۆیان دەکـەم."

کـە گـەیشـتـە لـەوەڕگای تـەنیشـت کایـەنـەکـە و، شـوێنی چـاوەڕوانیی جوتیارەکـان. خۆر لە ئاوابووندا بوو و، خـەریک بوو تاریک دادەهات.

خۆی بە نێو ئاپوورەکەدا کرد و، هـەر ڕوخساری پیر و لاو بـوو، لێیـان دەڕوانـی. هێندەیش زۆر بوون، کەسیانی لە یـەک بۆ جیـا نـەدەکرایـەوە. خـۆی وا هاتـە بـەرچـاو کە لە شوێنی باوک و براکەی، قسـەیان بۆ دەکات. ئەمـەیش وای کرد کـە بڕوای بـە خۆی تۆکمە بێت. لە ناخیشیدا دڵەکوتەی بوو!

بـێئــەوەی لێیان بڕوانێت وتـــی:

"خۆشحاڵم بـە هاتنتـان... درووون تێی گەیانـدم، کـە شـەڕەکە وای کـردووە، لێتـان بقەومێت. ئەمـە بـەڵایەکە و، بـە سـەر هـەموماندا هاتووە. منیش لای خۆمـەوە درێغی ناکـەم، لە یـارمـەتیدانتان. ئـا ئەم سـەفەر کردنـەیشم، لـەبـەر ئەوەیـە کـە دوژمـن، لێمـان نزیـک بـووەتـەوە و، بـە مانــەوەیشم.. ژیـانم دەکـەوێتـە مـەترسـییـەوە. بـەڵام هاوڕێیـان پێش ئەوەی جێتان بێڵم: هـەموو شتێکتان پێ دەبـەخشم.

داواتـان لێ دەکـەم کە هـەموو گەنمەکـەمان ببـەن بـۆ خۆتـان و، لـە نێو خۆتاندا بەشـی بکـەن. تـاکو ئەگـەر بـۆ ماوەیـەکیش بـووە، برسـی نـەبن. ئەگـەر وایشـیان پـێ ڕاگەیاندوون بۆیـە ئـەم گـەنمـەتان پێشکەش دەکـەم.. تـاکو ئێوە بمێننـەوە: ئـەوە بـە هەڵـەدا چـوون! بـە پێچەوانـەوە.. مـن داواتـان لێ دەکـەم چیتـان هەیـە لەگەڵ خۆتـان هەڵی بگرن و، لەگەڵ خۆمدا.. سـەفەر بکـەن و، لـەو مووڵکانەماندا.. جێگیر ببن کـە لـە نزیکی مۆسکۆوەیە... پەیمانی ئەوەیشتان دەدەمێ، کـە هـەم شـوێنی نیشتەجێ بـوون و، هـەم خۆراکتان بۆ دابین دەکـەم.

ماری بێدەنگ بوو و، جوتیارانیش لای خۆیانەوە کەوتنە هەناسە هەڵکێشان.

ئەمجا لە سـەر قسـەکانی ڕۆیشت:

"تـەنیا بـە نـاوی خۆمـەوە، ئـەم پەیمانـەتان نـادەمێ و بـەس! بەڵکـو بـە نـاوی ئـەو خوالێخـۆشبووەی باوکمـەوە، کـە ئاغـا و گەورەیـەکی بـاش و نیـان بـوو بۆتـان. هەروەها بە ناوی برا گەورەکەم و، کوڕە چکۆلەکەیەوە، ئەم کارە دەکـەم."

بێـدەنگی بـاڵی بەسـەر جوتیارانـدا کێشـا و، کـەس ورتـەی نـەکرد! ئـەمجا لـەو روخسارانەی ڕووانییەوە، کە چاوەڕوانی قسـەی تر بوون لێی.

ماری درێژەی دایـە:

"ئەم بەڵایـە.. بە سـەر هەمووانـدا هاتووە.. بۆیـە ئێمەیش دادپـەروەرانە شـتەکانتان بـە سـەردا دابـەش دەکـەین. هـەر شـتێکیش مـن خـاوەنی بـووم.. ئێوەیش خۆتـان بـە خـاوەنی بزانن."

هەرچەنـد روخسـارەکان فـرە بـوون. بـەڵام یـەک شـت لـە روخسـاریاندا دەخوێنرایـەوە... چاویـان لـە یـەک کـەس بـڕی بـوو. خوێندنەوەکـەیش پێزانین و بـە قوربانبوونی ئەو بوو! یان پێچەوانەکەی بوو. کە تـرس و دڵـەڕاوکێ بـوو. کـەس بـە ڕوونی لەو روخسارانە نەدەگەیشت!

دەنگێک لە دواوەی جوتیارانەوە بیسترا:

ئێمە سوپاسی چاکەکانت دەکەین. بەڵام ناتوانین گەنمەکەی ئاغامان وەربگرین!

ماریش بە سـەرسوڕمانەوە پرسیی:

لـەبەر چی!!؟

بـەڵام وەڵامەکـەی بـۆ وەرنەگیرایـەوە. بۆیشـی دەرکـەوت روانینـەکانیان وەکـو سـەرەتا نەماوە!

بەڵام ماری لە سـەر پرسیارەکەی سوور بوو:

"پێم بڵێن.. بۆچی گەنمەکەتان ناوێت!؟"

دیسان کەس وەڵامی نەدایـەوە!

ماری تەقەلای دا، کە ئەو سەرنجەیان بوەستێنێت و، لە پیرێکی بەرامبەری ـ کە خۆی بە سەر گاڵۆکەکەیدا دابوو ـ پرسیی:

"ئـەرێ.. ئەوە بۆ هیچ ناڵێن!؟ دەی.. قسە بکە! ئەگەر پێویستیتان بە شتی تریشە.. ئەوا درێغیتان لێ ناکەم."

پیرەی بەرامبەری. سەری نەویتر کرد و، لەوە دەچوو تووڕەی رەو کردن بێت، بۆیە وتـی:"ئـاخر بۆ پەسەندمان بێت!؟ نەخێر ئێمە پێویستمان بە گەنم نییە!"

بووە غەڵبە غەلب و زۆربەیان وتیان:

"بـۆ دەبێت خۆمـان لـە هـەموو شـتێک بێبـەری بکـەین!؟ ئێمـە نـە رازیـن و، نـە رازییش دەبین و، خۆت بە تەنیا سەفەر بکە..."

هەرچەند ڕوخسـارەکان گـرژ و مـۆن بـوون. بـەڵام مـاری بـۆی دەرکـەوت، کـە مەبەستیان چییە؟ ئەوان نەک هـەر هەست بـە چاکەکانی ئـەو ناکـەن! بەڵکو دڕندانـە سووڕن لەسـەر هەڵوێستەکەیان!

ماریش بە بزەیەکی خەماوییەوە وتـی:

"بێگومـان بـە هەڵـە لـە مـن گەیشـتوون! ئـاخر بـۆ ڕەو کـردن لەگەڵ منـدا ڕەت دەکەنـەوە!؟ مـن پـەیمانتان دەدەمـێ کـە نیشـتەجێ بـوون و، تێـر کردنتـان لـە ئەسـتۆ دەگرم.. لە کاتێکدا دوژمن کاولتان دەکات!"

قیژو هوڕی جووتیاران دەنگی ئەوی کپ کردەوە و، ئەوان تێکڕا دەیانووت:

نهێچ جیاوازییەکی نییە! بـا دوژمن تاڵانمان بکات! ئێمـە گـەنمان ناوێت و ئەمـەی تۆیشمان ناوێت."

هەرچەند ماری وێستی چاو ببڕێتـە چـاوی یـەکێکیان. بـەڵام یـەک کـەس سـەیری ئەوی نەدەکرد. ئەویش بەوە بێزار بوو، کە جوتیـاران خۆیـان لـە سـەیر کردنـی ئـەو دەدزییەوە.

گوێی لێبوو یەکێکیان وتـی:

"ئـەمەی داوامان لێدەکات.. زۆر جوانە بە لایـەوە! دەیـەوێت هـەروا بـە ئاسـانی لـە تەکیدا سەفەر بکەین و، خانووبەرەکانمان بۆ دوژمن چۆڵ بکەین! تـاکو داگیرکەران کاولیان بکەن. هەروا زۆر بە ئاسانی، پەت لە ملی خۆمان بخەین! خەڵکینە..جا بۆ بـە گوێی نەکەین!؟ ئەی ئەوە نییە گەنمان دەداتێ!! هـا؟"

جوتیاران لە نێو خۆیاندا لەم قسانەیان دەکرد و، ماریش، سەری خـۆی داخست و، بەرەو ژووورەکەی خۆی بووەوە.

ئەمجا داوای دروونی کرد و، داوای لێ کرد سبەینێ بـەیانی: ئەسپەکان ئامـادە بکات. دواتر ماری بە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و، بیری دەکردەوە.

بەشی دوازدە
بیرەوەریی ماری

ئەو شەوە ماری، بێ ئەوەی هەر گوێیش بەو دەنگە بدات، کە لە دێیەکەوە دەهات، فرە لەبەر پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەدا مایەوە..

بۆ دەبێت گوێیان بداتێ.. ئەوێک کە تەنانەت ناتوانێت تێیان بگات. تەنیا ئەوەی بۆ دەکرا، بیر لە خەمەکانی خۆی بکاتەوە. دوای ئەو هەموو هەڵنانەی بە داهاتووی خۆیدا کردبووی! ئەو خەم و ئازارانەیش دزەی کردبووە تویێکانی رابوردوویەوە و، ئێستا هێندە دەتوانێت بیرەوەرییەکانی وەبیرخۆی بێنێتەوە و، نوێژ و نزا بکات و بگری.

بەداهاتنی شەو بایەکە کپ بووەوە و، هەوا شێدار بوو. لە نیوەشەویشدا دێیەکە کپ و خامۆش بوو. کەڵەشێر قووقاندی و، گۆی مانگە پڕەکە، لەودیو لق و پۆپی درەختەکانی زەینەفونەوە دەبینرا. شەونمی سپی لەبەر تیشکی ئەو مانگە شەوە، دەبریسکایەوە. کپی باڵی بە سەر گوند و ماڵەکەی ئەودا کێشابوو. بە دوای یەکدا، گرتەی وێنەیەلێکی یەک لە دوای یەکی رابردووی نزیکی، هاتەوە پێش چاو.

نەخۆشی و دواساتەکانی گیانەڵای باوکی، لەو بێدەنگییە تۆقێنەرەی شەوەدا،بە چێژی ئاوێتەی ئازار، بۆ نەدەهاتەوە بەرچاو، کە مردن بوو.

ئەو مردنەی کە ئەم نەیدەتوانی وێنەکانی وەبەرچاوی خۆی بێنێتەوە. کەچی لەو ئاسمانە سایەقەیەی ئەو شەوە و، ئەو گرتانەی زۆر بە رووبی و بە وردەکاریەکانییەوە دەبینی.

سەرلەنوێ، ئەو چرکەساتانەی هاتەوە پێش چاو، کە باوکی لە باخەکەی لیساجوری تووشی خورپەی دڵەکە بوو و، خەڵکەکە چووبوونە بن باڵی و، هێنایانەوە! باوکیشی بە زمانە لە گۆ کەوتووەکەی: هەر بڵمە بڵمی بوو! خۆیشی بە شەرمێکەوە سەرنجی بڕۆ یەکهاتووەوەکانی دەدا.

ئەمجا وا بیری کردەوە:

"هەر لە کۆنەوە دەیویست ئەوەم پێ بڵێت..کە ڕۆژی مردنەکەی پێی وتم! لەوە دەچوو، هەمیشە ئەوە کاکڵەی بیر کردنەوەی بووبێت!"

لە ناکاو شەوی پێش خورپەکەی باوکی وەبیر هاتەوە و، زۆریش بە وردی ئەو کاتەی ئەم پێداگریی کرد و، ئەوانی ڕەوانە کرد و، باوکی جێ نەهێشت!

خەوی زڕابوو و، بە دەم ڕێوە گەیشتە ئەو باخە زستانەیەی، کە باوکی ئەو شەوەیی تێدا ڕۆژ کردەوە. گوێی لە باوکی بوو، بە هەناسەسواری.. لەگەڵ تیخۆن قسەی دەکرد. ڕووخاوانە.. لە شەوە گەرمەکان و، خاتوونە ئیمپراتۆر دەدوا. پێوەیشی دیار بوو، کە حەزیشی لە قسە کردن بوو.

ماریێش تازە بە تازە لە هەڵوێستەکانی باوکی گەیشتبوو بە خۆی وت"

باشە ئەی بۆ نەینارد بە شوێن منداا؟ لەبەرچی منی نەخستە شوێنی ئەو تیخۆنە و، منیشی بە هێندەی ئەو، بە شایستە دانەنا و، نزیک بە خۆی داینە نیشاندم!؟ ئاخ! ئاخ!! ئەو هەرگیز دەردەدڵی بۆ من نەدەکرد! ئەڕێ ئەوە بۆ ئەو شەوە، من پرکێشیم نەکرد و، نەچوومە لای باوکم؟ ڕەنگە گەر بچوومایە.. هەر وەکو ئەو جارەی سەرەمەرگی قسەی بۆ بکردمایە!

باش لە بیرمە.. ئەو شەوەی قسەکانی لەگەڵ تیخۆن کرد.. دوو جاران هەوالّی منی لەو پرسی! منیش لەودیو دەرگاکەوە: بە گوێی خۆم..گوێم لێی بوو. دیار بوو کە تامەزۆی بینینی من بوو و، حەزی نەدەکرد کە تەنیا قسە بۆ تیخۆن بکات. باسەکەیشی لە بارەی لیزی بووکییەوە بوو. لەوە دەچوو بیری چووبێتەوە، ئەو مردووە!

کاتێک تیخۆن بیری خستەوە کە لیز مردووە.. باوکم لێی تووڕە بوو و، بە کەر وەسفی کرد! پێیشیەوە دیاربوو، ئازار دەچێژێت. هێشتا لە پشت دەرگاکەوە وەستا

بووم، که لەسەر نوێنەکەی راکشا، نالەیەکیشی لێوە هات! ئەمجا هاواری کرد.

'ئـاخ! خوایە گیان! ئـاخر.. بۆ هەر ئەو کاتە خۆم نەکرد بە ژووردا!؟ ئاخر لەچی دەترسام!؟ رەنگە گەر خۆم بە ژووردا بکردایە.. دڵی ئەوی زۆرخۆش بکردایە!'

ئەمجا چەند جارێک ئەو رستەیەی سەرەمەرگی باوکی، وتەوە کە پێی وتبوو:

'ئـەی رۆحەکەم!!.. ئازیزەکەم!!'

دیسانەوە چەندین جـار ئـەم رستەیەی بـە دەم فرمێسک رشـتنەوە.. وتـەوە و، روخسـاری باوکی لەبەرچـاو ون نـەدەبوو. شێوەکەیشی شـێوە گرژ و مۆنییەکـەی کۆنی نـەبوو.. بەڵکو روخسارە ترساوەکەی سەرەمەرگی بوو.

مـاریش ئـەو کاتـەی لـە سـەرەمەرگیدا چـاوی لـە روخسـاری باوکی بـوو. خـۆی نزیک کردەوە، تا باشتر گوێی لێ بێت..بە رووی روخساری باوکی بینی!

دیسانەوە هەمان قسەی باوکی لەبەرخۆیەوە وتـەوە:

ئـەی رۆحەکەم!!.. ئـازیزەکەم!!

لە ناکاو لە خۆی پرسی:

باشە.. بڵێی ئەو کاتەی: کە ئەو رستەیەی بە من وت.. خۆی بیری لە چی کرد بێتەوە!؟

بۆ وەڵامی پرسیارەکەی.. پێی وابـوو، ئـەو دەربـڕینەی لـە روخسـاری راکشـاوی نێو سندوقـی دارەمەیتەکەدا و، بە مەلە پێچراوەکەیـەوە، بـە قوماشێکی سپی: وەڵامـی راستی پرسیارەکەی بوو! ئەو ترسـەیشی بۆ گەڕایـەوە، کـە لـەو دەمـەدا هەسـتی پێ کرد، کە دەستی بۆ برد و، پێی وابـوو ئـەم جەستەیە، ئـەوە نییـە، کـە ئـەو لەگەڵیدا راهاتبوو! بە لایـەوە نـامۆ بـوو و، دەیویست بـە زووترین کات، خـۆی لـێ دەربـاز بکات! ئەمجا بە خۆیدا هاتەوە و، وێستی بیر لە شتێکی تر بکاتـەوە. وەکو نـوێـژ و نـزا کـردن. هەرچەند بـە هێمنی لـە مانگەکـەی دەڕوانـی... بـەڵام بیـری هـەر بـە لای ئەوەوە بـوو. چـاوەڕوانی هاتنـەوە بـەرچاوی لـە ناکاوی مردووەکـە بـوو! کـە زانیـی ئـەو کـپ و خامۆشـییەی باڵـی بەسـەر کۆشـکدا کێشـاوە.. ئەمیشـی لـە پـەل و پـۆ خستووە... هـاواری کرد:

دونیـاشا..!! دونیـاشا..!!

ئەمجا خۆی لە ژووەرە ترسناکەکەی دەرهاویشت و، بـەرەو ژووری یاوەرەکان.. رایکـرد. لـە هـەمان کاتـدا دایەنەکـەی و، چەند ژنێـک، بـەرەو شـوێنی هاوارەکـە بـە راکردن هاتن.

بەشی سیازدە
دەستێوەردانەکەی ڕۆستۆڤ

لە (١٧)ی ئابدا ڕۆستۆڤ و ئیلین و، چەند کەسێک، بۆ سەیران چووون و لاڤرۆشکای، دیلی تازە ڕزگاربوویشیان لەتەکدا بوو. لە چوار کیلۆمەتر لە سەربازگەوە دوورەوەگەیشتنە "گۆتشارۆڤۆ".

ئەو ئەسپەیشیان تاقی دەکردەوە، کە ئیلین کڕی بووی. ویستیان لەو دێیانەی دەوروبەریشدا، بڕێک ئالیکی بۆ بکڕن. ئاخر ئەوە سێ ڕۆژ بوو، ئەو گوندی بۆگۆتشارۆڤۆیەیش، کەوتبووە بەر بەزەیی دوو سوپای دوژمن بە یەکەوە. جا پاشەبەرەی سوپای ڕووس بوایە! یان گەیشتنی بەرایی سوپای فەڕەنسی، بۆ ئەوان وەکوو یەک بوو.

بەوەیش کە ڕۆستۆڤ سەرکردەی گروپێکی سەربازان بوو و، زیرەک بوو: دەیویست پێش ئەوەی سوپای فەڕەنسی ئەو هەرێمەیش داگیر بکات، پەلە بکات لە بە دەست هێنانی، خۆراکدا.

لەو کاتەدا کە بەرەو زەوییە میرییەکانی بۆگۆتشارۆڤۆ دەچوون. لە بارێکی نالەباری دەروونیشدا بوون. چاوەڕوانی بینینی خزمەتکارانێکی فرەیش بوون و، لە نێویشیاندا چەندین کیژۆلەی قەشەنگی کارەکەر.

بە دەم ڕێوە، کاتیان بە پرسیار کردن لە لاڤرۆشا بەسەر دەبرد. یان لە بارەی ناپلیۆنەوە.. یان لە بارەی ئەسپە کڕدراوەکەوە پرسیاریان لێ دەکرد. جارو بارێکیش، غارغارێن و، پێشبڕکێیان لەگەڵ دەکرد.

ڕۆستۆف گومانی لەوە نەبوو، کە ئەو هەڕێمەی بۆی دەچێت. مۆڵکی ئەو پۆلکۆنسکییەیە، کە دەزگیرانی خوشکەکەیەتی!

دواتر لەگەڵ ئیلیندا، بە لێژییەکەی بەردەم بۆگۆتشارۆفۆدا، لە ئاوزەنگییان دا و، ڕۆستۆف یەکەمین سوارەیان بوو، کە گەیشتە ئەو ڕێیەی کە دەچووە نێو گوندەکەوە.

کە ئیلین گەیشت بە سوورهەڵگەڕاوییەوە وتی:

"ئاخری پێشت دامەوە و، یەکەم بوویت!"

ڕۆستۆفیش دەستێ بە یاڵی ئەسپەکەی ژێریدا هێنا و وتی:

"من وام! لە هەموو شتێکدا براوە و یەکەمم!"

لافڕۆشکای دواکەوتووی غارەکەیش وتی:

"خاوەن شکۆ.. دەزانیت دەمتوانی پێشت بدەمەوە! بەڵام حەزم نەکرد ڕوو زەردت بکەم!"

لە کۆڵانێک نزیک بوونەوە، کە لە سایەی سێبەرەکەیدا: خەڵکێکی زۆر وەستابوون. هەندێکیان کڵاوی سەریان لادابوو. بڕێکیشیان لە هاتووە نوێیەکانیان دەڕوانی، کە ئێمە بووین. دوو پیاوی کەتەی ڕیش تاشراوی سوور هەڵگەڕاو، لە مەیخانەکە هاتنە دەرەوە. بە دەم بۆڵەبۆڵەوە، بە ڕاست و چەپی خۆیاندا لەتریان دەدا و، لە ئەفسەرەکان نزیک بوونەوە.

ڕۆستۆف بە پێکەنینەوە وتی:

"ئای لەم دوو هەرزەکارە!!"

"ئاخۆ ئالیکتان لا دەست دەکەوێت!؟"

ئیلینیش بە دوایدا و، بە لاقرتێوە وتی:

"ئای کە جووتەیەکی ناوازەن!"

یەکێک لە سەرخۆشەکان هاتە گۆ:

"پێخۆشحاڵ بووین... بەم..."

یەکێکیش لە کۆمەڵەکەی بەر سێبەرەکە هاتە لایان و پرسیی:

ئێوە کێن؟

ئیلین بە سنگێکی فراوانەوە، وەڵامی دایەوە:

"فەڕەنسیین!! فەڕەنسی!"

دەستیشی بۆ لافڕۆشکا درێژ کرد و وتی:

"ئەمەیشمان نـاپلیۆن، خـۆیەتی!"

لادێیەکە وتـی:

"کەوابوو ئێوە رووسین."

کورتەباڵایەکیشیان نزیک بووەوە و پرسیی:

"ئاخۆ خەڵکانێکی زۆرتان لەگەڵدایە!؟"

ڕۆستۆف وەاڵمی دایـەوە:

"زۆر زۆریش! ئـەی ئێوە چی دەکەن.. لێرە! باڵێی جەژن بێت؟"

پیاوێکیان کەمێک دوورکەوتەوە و وتـی:

"پیرانی ئـاوایی کۆبوونەتەوە.. تاکو لە بارەی ئێمەوە، وتوویژ بکەن."

هەر لەم کاتەدا، لە ڕێی بەر ماڵە گەورەکەوە، دوو ژن دەرکەوتن و، پیاوێکیان لـە تەکدا بـوو، کە شەپقەیەکی سپیی بە سەرەوە بوو. بەرەو دوو ئەفسەرەکە دەهاتن.

کە ئیلین دوو ژنەی بینی، دەستی بۆ دونیاشایان راکێشا و وتـی:

"ئەو کراس سپییەیان هی خۆمە و، نەکەن لە چنگمی دەربێنن!"

لافرۆشکایش چـاوی داگرت و وتـی:

"ئێمەیش شتێک دەست خۆمان دەخەین!"

کە دوو ژنەکەیش گەیشتن، ئیلین لە کراس سپییەکەیانی پرسی:

"چیت پێویستە.. جوانە قەشەنگەکەم!"

دونیاشایش وتـی:

"خاتوونەکەم ناردوومی لێتان بپرسم: سەر بە کام فەوجن و ناوتان چیـە؟"

ئەویش وەاڵمی دایەوە:

"ئـەو بـەڕێزەیان: کۆنـت ڕۆسـتۆڤە و، سـەرکردەی گروپێکـی سـەربازە. منـیش خزمەتکارتم."

پیرە مێردە بەدمەستەکەیش هەڵیدایە:

"پێخۆشحاڵ ب...وو..ین پێـ...تا..ن!"

ئەمجـا ئەلباتیتش، کە زووتـر بـە ڕێزەوە شـەپقەکەی بـۆ ئـەفسەرەکان داگرتبوو، گەیشتەوە بە ژنـەکان و دەستێکی هەر لە گیرفانیدا بوو کە وتـی،"ڕێم بدەن کەمێک بێزارتـان بکـەم... بـەڕێزان. خاتوونەکـەم کچـی ژەنـەراڵ نیکـۆلا ئـاندرێیتش پۆلکۆنسکیی "سەرکردەی باڵا"یە و، لە پازدەی ئەم مانگەدا مرد. ئێستایش "دەستی بۆ کۆمەڵی بەر سێبەرەکە درێژ کرد "خـاتوونم بە هۆی تـوندی و ڕق و کینـەی: ئـا

ئـەم دێنشینانەوە، تووشی کێشە بـووە.

جـا داواتـان لێدەکات، بچـن بـۆ لای، تـاکو بتـان بینێت. "ڕێ دەدەن کـەمێک لـەم جوتیارانـەوە دوور بکەوینـەوە؟" چونکە لە نێو ئەمانـەدا ئێمـە نـاتوانین لـە یـەک تـێ بگەین."

ئەمجـا دوو بەدمەستە پیرەکەی بینی وەکو مێشی دەوری ئەسپ، بـە دەوریاندا لەتریان دەدا و، دەخولانەوە.

دوو هاوڕێ بەدمەستەکە بزەیەکی نایابیان بۆ کرد و وتیان:

"ئەمە ئەلباتیتشە! ئەلباتیتش ئەیاکۆڤ!... بڕوانـە چەند نایاب دەدوێت! بـۆ خـاتری مەسیح.. لێمان ببووڕە."

ڕۆستۆڤیش ئەمەی بینی خۆی بۆ نەگیرا و بزەیەک گرتی!

ئەلباتیتش هەڵیدایـە:

"ئەڵبەتە ئەگەر ئەمە بە لای تۆوە مایەی ڕابواردن، نەبێت!"

ڕۆستۆڤیش وتـــی:

"نەخێر! نەخێر! ئەمە شتێک نییە بۆ ڕابواردن و، کات بەسەر بردن بێت!"

دوای ئەوەی کەمێک، لە جوتیارەکان دوور کەوتنەوە پرسیی:

"دەی... بڵـێ! بـزانم ئێستا تۆ چیت دەوێت!؟"

ئەویش وتـــی:

"دەمـەوێت ئـەوەت پـێ بڵـێم، کـە ئـەم دێنشـینانە، ڕێگـە نـادەن کـە خـاتوونەکەم سـەفەر بکـات و، ئێـرە جـێ بێڵێـت! هەڕەشـەی ئـەوەمان لـێ دەکـەن، کـە ئەسـپی گالیسکەکانمان دەکەنەوە و، بەرەڵایان دەکەن و، ناهێڵن کە سەفەرەکەمان بکەین."

ڕۆستۆڤ قیژاندی:

شتی وا.. مەحاڵـە!

ئەلباتیتش لە سەری ڕۆیشت:

"زۆر بەختەوەر دەبم گەر.. ڕووداوەکەت، وەکو خۆی بۆ بگێڕمەوە."

ڕۆسـتۆڤیش لـە ئەسـپەکەی دابـەزی و، ڕەشـمەکەی دایـە دەسـت یاوەرەکـەی و لەگەڵیدا بەرەو ماڵە گەورەی دێ بوونـەوە و، ئـەلباتیتش بـە دەم ڕێـــوە، بـە تـەواوی کێشـەکەی بـۆ ڕۆسـتۆڤ گێڕایـەوە. وتیشـی ئـەو نیـازەی دابـەش کردنـی گەنمەکـە، بەسـەر دێنشینیاندا و، لێک تێنەگەیشتنی دروون و، خـاتوون و نوێنـەرانی هەرێمەکـە، بـارەکەی ئـاڵۆز کردووە. تەنانەت پیرەی دەمراسـتی گوندیشی، وا لـێ کرد، کلیل و

پۆستەکەی گەڕاندووەتەوە بۆمان و، چووەتەوە بەرەی جوتیاران!

کە بەیانی خاتوو ماری فەرمانیدا: ئەسپەکان لە گالیسکەکان ببەستن و، ئامادەی سەفەر بن. جوتیارانێکی فرەی گوندەکە، لەبەر کایەنەکەی بەردەم کۆشکدا کۆبوونەوە و، پێیان ڕاگەیاندین: کە نەک هەر یارمەتیمان نادەن! بەڵکو ئەسپی گالیسکەکانیشمان دەکەنەوە و، ناهێڵن سەفەر بکەین!

دروون خۆیی لەو جۆرە هەڵوێستانە دەدزییەوە، بۆیە منیش وێستم لەو بڕیارە ناڕەوایەیان پەشیمانیان بکەمەوە.

"کارب" ناوێک بە ناوی جوتیارانەوە وەڵامی دامەوە. هەر ئەو پیاوەیش پێی وتم،"جێهێشتنی شوێنی نیشتەجێ و سەفەر کردنی خاتوو ماری، لە خۆیدا سەرپێچی کردنی فەرمانی دەسەڵاتدارانمانە! بۆیە لە سەری پێویستە بمێنێتەوە و، ڕەو نەکات! خۆ ئەگەر سەفەری نەکرد و، لێرە مایەوە.. ئەوا ئێمەی جوتیاران و دێنشینان، لە خزمەتیدا دەبین و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەین."

ئەو دەمەی ئەفسەرەکان لەگەڵ ئەلباتیتشدا لە سەر ڕێی دێیەکە بوون. خاتوو ماریش بڕیاری دابوو، گوێ لە هەڕەشە و گوڕەشەی کەس نەگرێت و، دەست بە سەفەرەکەی بکات و، چی دەبێت.. با ببێت!

دواتر هەر کە ئەو سوارە چەکدارانەیان بینی: پێیان وابوو، ئەوانە سەر بە سوپای فەرەنسیین! دەم و دەست گالیسکەوانەکان هەڵاتن و، ژنەکانیش نااڵە و گریان و فیغانیان بوو.

ڕۆستۆف گەیشتە دااڵنەکە و، گوێی لە قیژە و هاواری ژنان بوو دەیانووت،"خوا تۆی وەکو فریشتە، بۆ ئێمە ناردووە! تکات لێ دەکەین رزگارمان بکە!"

خاتوو ماریش، هێندە بێ ورە و شڵەژاو بوو، لە یەکەم بینینیاندا، نە ڕۆستۆفی ناسییەوە و، نەزانیشی لای ئەو چی دەکات!؟ بەڵام بە هەڵس و کەوت و، قسە کردنیدا، تێگەیشت ڕووسییە و، سەر بە هەمان چین و تۆێژی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی!

بێگومان ڕۆستۆفیش سەرکێشیەکەی ئەوی، بۆ دەرکەوت. بۆیە بە نیانی وەڵامی دەدایەوە و، لە ڕووخانی ورەی ئەو و، بێدەسەڵاتیی و، ئازارەکانی و، کەوتنە بەر بەزەیی ئەو دێنشینە یاخییانە، تێگەیشت.

ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای لەم قەدەر و چارەنووسە!! بڕوانە چۆن لە کاتی خۆیدا، منی گەیاندە ئەم کێشەیە! وای لەم ڕێزداریی‌یەی لە ڕوخساری ئەم کچەدا بەدی دەکرێت!!"

کاتێک خاتوو ماری لە قسەکانیدا، گەیشتە ئەوەی بڵێت: ئەمانە هەموویان لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی باوکیدا، ڕووی داوە! ڕووی وەرگێڕا تا ڕۆستۆف وا تێ نەگات کە دەیەوێت سۆز و بەزەیی ئەو ببزوێنێت!

کە لە ناکاو ئاوڕی بە لای ڕۆستۆفدا دایەوە و، ئەویش دڵۆپە فرمێسکە بریسکەدارەکانی بە ڕوخسارەوە بینی. بۆیە بە سەرنجێکی پڕ لە سۆزەوە، سوپاسگوزاریی، ئەو گرنگی پێدانەی بۆ دەربڕی.

ڕۆستۆفیش هەستایە سەر پێ و بڕیاریدا:

"خاتوونەکەم... ناتوانم ئەوەت بۆ دەربببڕم، کە چەندە بەختەوەرم، بەوەی بە ڕێکەوتیش بێت، وا دەتوانم خۆم بخەمە پەژێرایی تۆوە! سەفەری خۆت بکە و، گەڕ ڕێیشم بدەیت: یاوەرییشت دەکەم! ئەوەیش بزانە بە شەرەفم.. پەیمان دەدەم نەهێڵم هیچ کەسێک بێزارت بکات."

ئەمجا بەرەو دەرگاکە چوو و، هەر وەکو، ماری خاتوونێکی دەربار بێت.. ئاوا بە نەوازشەوە، بۆی نووشتایەوە. بەمەیش پیشانیدا کە دەیەوێت دۆستێکی نزیکی بێت. نەیشیویست بە خەم بوونەکەی بقۆزێتەوە و، قسەی زۆرنری لەگەڵ بکات. خاتوو ماریش تێی گەیشت و بەو لێزانییەی سەرسام بوو!

ئەمجا ماری بە فەڕەنسی پێی وت:

"سوپاسی یارمەتییەکەت دەکەم و، زۆریش بە هیوای ئەوەم، ئەم ڕووداوە بە لێک تێنەگەیشتن وەربگریت و، تاوانباری تێدا وەدەرنەخرێت."

کتوپڕ هەستی کرد فرمێسک بەرچاوانی گرتووە و، لە سەری ڕۆیشت:

"لێم ببوورن!"

ڕۆستۆف برۆکانی یەک هێنایەوەو جارێکی تر بۆی نوشتایەوە و چووە دەرەوە.

بەشی چواردە
دامرکاننەوەی پشێوییەکە

"ئەو کێژە جوانە سەرنجراکێشەیان، هی خۆمە.. ئازیزەکەم! ناوبشی دونیاشایە!"

بەڵام بە سەرنجێک ڕۆستۆف کپی کردەوە و، وای لێکرد کە پێی وابێت گەورەکەی بانگی دەکات. چونکە بە تیلەچاوێکی وا، وەڵامی ئەو قسانەی دایەوە، گرژی و هەڵچوونی پێوە دیاربوو.

بە پەلە بەرەو گوندەکە دەچوون. بە دەم ڕێوە ڕۆستۆف لە دڵی خۆیدا وتی،"کەمێکی دی پیشانیان دەدەم! دەبێت ئەو رسوایانە: بە دەرەدێک دببەم شایستەی بن."

ئەلباتیتشیش بە نەرمە لۆقە و هەناسەبڕکێوە، شوێنی کەوتبوو. گەر واینەکردایە پێیان نەدەگەیشتەوە.

هەرکە پێی گەیشتەوە لێی پرسی:

"خاوەن شکۆ.. ئێستا دەتەوێت چی بکەیت!؟"

ڕۆستۆفیش هەردوو دەستی نووقاند و، قیژاندی:

"چی دەکەم!؟ بۆ کوێراییت داهاتووە.. کوێرە مووشە! دێنشینان یاخی دەبن و، تۆبش ناتوانیت بەریان پێ بگریت و، بیانهێنیتەوە ژێر رکێفی خۆت! ئاخر تۆبش ناپاکێکی تری، وەکو ئەوانیت.. ئاخ! زۆرباش تۆبش دەناسم! هەر ئێستا پێستتان دەکەنم!"

ئەمجا کۆڵی لە کابرای تۆمارکار و حسابگر دا. بەڵام ئەلباتیتشی تۆمارکار، کۆڵی نەدا و، پەلەی بوو، بۆ گەیشتنەوە بە هەنگاوە خێراکانی ڕۆستۆڤدا. تاکو بیروڕای خۆی لەو بارەیەوە بۆ دەربڕێ. ئەویش بە دەم ڕێوە پێی وابوو، هیچی لێ نەبیستێت باشترە بۆی. ئەگەر دێنشینان متمانەی پێ بکەن، ئەوا باشە. ئەوە ژیری نییە، بێ پەنا بردن بۆ هێزی سەربازی، ڕوو بە ڕووی دێنشینان ببێتەوە. کەوابوو واباشترە سەربازەکان ئامادە بکرێت.

نیکۆلا بێ ئارامانە وەڵامی دەدایەوە. کە تێگەیشت تووڕەبوون لەگەڵ ڕەوابووندا نایەتەوە، ئارام بووەوە.

ئەوەیش کە ڕۆستۆڤی تووشی هەناسەسواری کردبوو: بانگهێشت کردنی سەربازەکانی بوو، بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە و، بەڕەنگار بوونەوەیان لەگەڵ جوتیارانی شۆڕشگێڕ! بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە چی بکات، بەڕەو ئاپوورەی جوتیارەکان چوو.

ئەلباتیتشیش بە تەواوی بۆی ڕوون بووەوە، کە ئەمەی ڕۆستۆڤ بە نیازە بیکات، بەرامبەر جوتیاران، ژیرانە نییە! ڕەنگە وا لەو جوتیارە شۆڕشگێڕ و ڕاپەڕیوانە بکات، کە دواتر پەشمانی بکێشن! بە ڕووە گرژەکەی ڕۆستۆڤ و، تونودوتیژییەکەیدا وا دەردەکەوت، کە بیر کردنەوەکەی ئەلباتیتش دروست بێت.

هەر لە هاتنە ناو دێی سوارەکان و، سەردانەکەی ڕۆستۆڤ، بۆ لای ئەمیرە ماری، دوو بەرەکی کەوتە نێوان جوتیارانەوە!

هەندێکیان هاواری ئەوەیان بوو، کە ئەم سوارانە ڕووسین و، بە هۆی ئەم هەڵوێستەی جوتیارەکانەوە، ناڕەحەتن بەمانەوەی ئەمیرە ماری، لە دێیەکەدا! دروونیش لەم گرووپە بوو. بەڵام هەر هێندەی خۆشبوو دەمی بەم قسەیەی هەڵهێناوە، ئیدی کارب و چەند کەسێکی دی، هێرشیان کردە سەری.

کارب شیڕاندی بە سەریدا،"تۆ ئەمەت بەلاوە وەکوو یەکە! دەزانیت لە کەیەوە، تۆ وەکوو مەڕ، ئێمە دەبڕیتەوە و، دەیبەیت؟ بەم کارەیشت سامانت پێکەوە ناوە! خۆم تۆم بینی! مااڵەکانیشمان بەسەردا بڕووخێنن، بە لای تۆوە گرنگ نییە!"

یەکێکی تریان هاواری کرد:

"ئەوەی وترا.. وترا! نابێت کەس لە شوێنی خۆی، ببزوێت. کەسیش بۆی نییە لە بڕیارەکە پاشگەز بێتەوە."

پیرەمێردێکی چکۆلە ڕووی لە دروون کرد:

"رۆڵی کوڕەکەیشت ئەوە بوو، کە چووە سوپاوە! چونکە تۆ لەو کەتەیەی کوڕت دەترسایت! ئێستا کوڕەکەی منت، لەو شوێنە مەترسییەی ئەو داناوە! بەڵام دەبێت هەر هەموومان پێکەوە بمرین.. دەی! پێویستە تۆیش داوای خۆشبوون لە هەڵەکانی خۆت بکەیت.. بەڵێ لە سەرتە ئەوە بکەیت!"

دروونیش ئەمەی ئاشکرا کرد:

لە شارۆچکەکەی خۆم جیانابمەوە.

یەکێک لێی پرسی:

"ئەمەی دەیڵێیت... هەر قسەیە! ئەگەرنا ئەم ورگە زلەت، لە کوێ بووا!؟"

ئا ئەم رستانە، وتوویژی دوو مەزنە پیرەکەی جوتیاران بوو!

هەر هێندەی ڕۆستۆف و ئیلین و لاڤرۆشکا و ئەلباتیش، گەیشتنە نزیکیانەوە. کاربیش چووە پێشی جوتیارەکانەوە. پەنجەی دەستەکانی لە پشتوێنەکەی پشتی خستبوو و، بزەیەکی سادەیش هاتبووە سەر لێوانی. کەچی دروون، خۆی بە نێو ئاپووڕەی جوتیارەکاندا کرد و خۆی ون کرد.

ڕۆستۆف چووە بەردەمیان و هاواری کرد:

"پیر و دەمڕاستی شارۆچکەکە کێیە؟"

ئەمجا شیڕاندی بە سەریاندا:

هەی ناپاکان! شەپقەکانتان لە سەرتان بکەنەوە..

تۆقێنەرانە قیژاندی:

دەڵێم پیر و دەمڕاستی شارۆچکەکە کێیە!؟

ئەوانیش سەریان نەوی کرد و وتیان:

"پیر و دەمڕاست! پیر و دەمڕاستمان! دروون زاخارتیش: لەگەڵ تۆیەتی."

ئەمجا "کارب" ڕوونکردنەوەی دا و وتی:

"ئێمە یاخی نەبووین! بەڵکو تەگبیرەکەی خۆمان دەپارێزین..."

ئەمجا دەنگەکانی تر بە هانایەوە چوون.

ڕۆستۆف بە جۆرێکی نامرۆڤانە هاواری کرد:

"ئا.. ها! دەنگتان کردووە بە یەک! یاخی بوون! ئەی پیاو خراپان! کۆمەڵەی ناپاکان!"

ئەمجا یەخەی کاربی گرت و هاواری کرد:

"ئادەی.. قۆڵبەستی بکەن و، شەتەکی بدەن."

خۆ لە ئەلباتیتش و لاڤرۆشکایش بەولاوە، کەسی تری لێ نەبوو! کەچی کتوپڕ لاڤرۆشکا رایکردە بەردەمی و، هەردوو دەستی لە پشتەوە بەست و وتی،"قوربان هاوڕێ سەربازەکانمان.. لە نەدیوییەکەی پشت ئاوایی دان! پێویست دەکات بڕۆم بیانهێنم!؟"

ئەمجا دوو جوتیار، چوونە بەردەم گیراوەکە و، پشتوێنەکانیان بۆ ئەوە کردەوە تا بیدەنێ و، ئەویش دەستی گیراوەکەی پێ ببەستێتەوە!

ڕۆستۆڤیش هاواری کردەوە:

"لێم پرسین پیر و دەمڕاستی شارۆچکەکەتان کوا؟"

ناچار دروون لە نێو جوتیارە زۆرەکەوە هاتەدەرەوە و، زەرد هەڵگەڕابوو. ڕۆستۆڤ فەرمانیدا و، لەوە دەچوو، کەس نەتوانێت بە گوێی نەکات!

"ها... تۆ دەمڕاستیت؟"

"ئادەی لاڤرۆشکا.. ئەمیش قۆڵبەست بکە!"

لە ناکاو دوو جوتیاری تر، لە نێو کۆمەڵەکە هاتنە دەرەوە و، بە پشتوێنەکانی پشتیان، دەستی دروونیشیان لە دواوە بەستەوە. نەک هەر ئەوە.. بەڵکو هەر خۆی کارئاسانیی بۆ دوانەکەیش کرد و، پشتوێنەکەی خۆیشی پێکردنەوە، تاکو دەستی خۆی، پێ ببەستنەوە!

ئەمجا ڕۆستۆڤ کەوتە قسە کردن بۆ جوتیارەکان:

"ئێوەیش زۆر باش گوێم لێ بگرن... لە ئێستا بە دواوە، ئێوەیش بڵاوەی لێ دەکەن و، هەرکەس دەچێتەوە ماڵی خۆی! نەبینم یەکێکتان ورتەی لێوە بێت!"

غەڵبە غەڵب پەیدا بوو و، کەوتنە تاوانبار کردنی یەکتری و دەیانووت:

"خۆ ئێمە کارێکی خراپمان نەکردووە! هەر هێندەبوو کە گێلانە جوولاینەوە!"

یان دەیانووت:

"ئاخر چەندە هاوارم کرد: ئەمەی ئێمە دەیکەین بە هیچمان ناگەیەنێت!"

ئەمجا ئەلباتیتشیش دەسەڵاتی پەیدا کردەوە و وتی:

"کوڕ و کاڵەکان... زووتر هۆشداریم پێدابوون، کە ئەم کارەتان بێسوودە!"

دەنگەکانیش وەڵامیان دایەوە:

"چیت لێمان دەوێ ئەیاکۆڤ ئەلباتیتش؟.. ئێمە فێڵباز نین!"

هەر زوو ئاپوورەکە نەما و، جوتیاران بڵاوەیان لێ کرد. دوو بەدەمەستەکەیش پێیانەوە دیار بوو، بە خەم بوون، بۆ دوو قۆڵبەست کراوەکە.

بەد مەستێکیان بە کاربی وت:

"وای.. بەم شێوەیەی خۆتەوە" چەندە قەشەنگیت!"

بەدمەستی دووەمیش پشتگیری کرد و وتـی:

"ئـاخر چی پاڵی پێوەنایت، بەو شێوەیە قسە لەگەڵ گەورەکانی خۆت بکەیت!؟ تۆ گێلیت.. کوڕی قۆز! گێلێکی زۆر داماویش!!"

هـەر دوای دوو سـەعاتێک، گالیسکەکان لەبـەر کۆشـکی ئـەمیرە ماریـیدا، ڕیزیـان بەست و، جوتیارانیش زۆر بە دڵسۆزییەوە، کەوتنە بـار کردنی شمەکی کۆشک و، بـە فـەرمانی ئـەمیرە مـاری: دروونـیش لـە ژوورەکـەی هێنرایـە دەرەوە و، ئـەویش دەستی کردە فەرمان کردن، بە سەر کارەکەرە دێنشینەکاندا.

بە لاوێکی کەڵەگەتی ڕووخۆش، کە سندوقێکی لە کارەکەرێک وەردەگرت وت:

"ئـەوەی دەسـتت، بخـەرە شـوێنێکی باشـەوە. چونکـە بـە نرخـە و، نابێـت هەڕەمەکییانـە دابنرێت. بـە گوریسـیش مەیبەستە، چونکە خراپی دەکات. بۆم بخـە پووش و پەڵاشەوە و، بە سەلیقەی خۆت: پارچە حەسیرێکی تێوە بئاڵێنە."

یەکێکی تر. کە خەریکی چۆڵ کردنی کتێبخانەکەی میر ئـاندریە بـوو وتـی،"ئـەرێ ئەم هەموو کتێبە چییـە!؟ مـن لای خۆمـەوە گوێ بـەم شتانە نـادەم! دەی! ئـۆف کـە قورسن! کتێبانێکی لەم جۆرە، دەبێت بە نرخیش بن!!"

جوتیـارێکی تـری کەتـەی دەمـوچـاو خـڕ. لێزانانـە لـە کتێبێکی فەرهـەنگیی قـەبـەی روانی و وتی،"بێگومـان ئەمانـەی ئـەم کتێبـەیان نووسـیوە، وەکـو درێغیـان نـەکردووە ماندوویش بوون پێوەی."

ڕۆستۆف نەیویست ببێتە ئـەرک بۆ ئەمیرە ماری و، خـۆی لێ بـە دوور گرت و، لە گوند مایەوە. هەر کە کاروانی گالیسکەکان کەوتنە ڕێ. ئەمجا ئەویش بـە سـواری ئەسپەوە و، بـە غار کردن، کەوتە سووڕانەوە بە دەوری کاروانەکەدا و، تا سێ میل دوور لـە دێـی بۆگۆتشارۆڤۆیشـەوە و، ئـەو زەویانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتی سـوپای خۆماندا مابوونەوە، یاوەریی کاروانەکەی کرد.

لە خانی ئەیانکۆڤۆدا، زۆر بە ڕێزەوە لە ئەمیرە ماریی خواست، ئیدی ڕێی بدات تـاکوو جێیـان بهێڵێـت. پرکێشـیی کـرد و، دەسـتەکانی مـاریی مـاچ کـرد. ئەمـەیش یەکەمجاری بوو دەستی ماری ماچ بکات!

دوای ئـەوەی خـاتوو مـاری، سوپاسـی ئـەوەی کرد، کـە جـارێکی دی ژیـانی پێ بەخشیوەتەوە!!

ڕۆســـتۆف ســـوور هەڵگـــەڕا و پێـــی وت،"بـــەم قســـانەت ڕوو زەردم دەکەیت...خاتوونەکەم! هەرکەسێکی تریش لە پـاسەوانانی سنوور بکەوتایەتە ئەم کێشەیەی تۆوە. هەمان هەڵوێستی منی دەبوو. ئـاخر ئەگەر هەمیشە سـەرقاڵی بـە گژاچوونـەوەی دێنشـینە یـاخیبووەکان نەبووینایـە.. سوپـای دوژمـن بـەم شـێوەیە دزەی نەدەکردە خاکەکەمانەوە!"

ئەمجا وێستی درێژە بە وتوێژەکان نەدات و لە سەری ڕۆیشت:

"من لای خۆمەوە، ئـەم ڕووداوەی تـۆ پیرۆز رادەگرم! چونکە بـە تـۆی ناسـاندم! دەی خـوات لەگەڵ خاتوونەکـەم. خوازیـاری بەختـەوەریی تـۆم. ڕەنگـە لـە بـارێکی لـەبارتر و، بێخـەم تـردا، یـەک ببینینـەوە! تکـایش دەکـەم بـە سوپاسـەکانت: لـە ئەمـە زیاتر، ڕوو زەردم مەکە."

هەرچەند ئـەمیرە مـاری، ئیدی هیچی بـۆ نـەگوترا. بـەڵام سـوپاس و پێزانین، بـە ڕوخساریـەوە دیاربوو و، خۆی بە قەرزداری ئە و دەزانی.

لە دڵی خۆیدا وتـــی:

"گـەر ئـەم پیـاوە لـەوێ نەبووایـە: ئێستا بووبوومـە قوربـانیی دەسـتی جوتیـارە یـاخی بووەکان و، سوپای داگیرکاری فەڕەنسی! ئـەم پیـاوە بـە هـۆی منـەوە، خـۆی تووشی مەترسیی تۆقێنەر کرد! گومانیشی تێدا نییە، کـە نیازیشـی لـەو کارەیـدا پـاک و بێگەرد بووە. زۆر لێزانانەیش دڵنەوایی کردم!! ئەوە بوو ئەو دەمەی منی بینی کـە دەگریـام.. چـاوە نیانـەکانی بـە فرمێسـک پڕ بـوون!! بـە تایبـەتیش کـە باسـی باوکـە خوالێخۆشبووەکەی خۆمم بۆ کرد."

ئەم هـەڵس و کەوتانـەی ڕۆستۆف، بـە قووڵی لـە دڵا و دەروونـی ئـەمیرە ماریـدا چەسپا. کە خواحافیزیی لە ڕۆستۆف کرد و بـە تـەنیا مایـەوە.. تامـەزرۆی ئـەوە بـوو تێر تێر، بـۆ خۆی بگری.

خـۆ یەکـەمجاری نـەبوو، بـەو شـێوەیە بیـر لـە ڕۆسـتۆف بکاتـەوە و، لـە خـۆی پرسی،"یـاران... بڵێی من ئەم پیاوەم خۆش بوێت؟"

هەرچەنـد سـەفەرەکەیش، هێنـدە خـۆش نـەبوو. کـەچی دونیاشـای یـاوەری، سـەرنجی مـاریی دا، چەند جارێک سـەری لـە پەنجـەرەی گالیسـکەکەوە دەرهێنـا و، لێوانی بە خەندەیەکی خەماوییەوە بوو.

هەرچەند مـاری هەسـتی بـەوە دەکـرد، ددان بـەوەدا بنێت، کـە ئـەو پیـاوەی ئـەو خۆشی دەوێ، هەر لای خۆیەوەیە و، ئەو لەم خۆشەویستییە بێئاگایە! ئەوەیشی کـە

دڵخۆشکەر بـوو، ئـەوەبوو کـە کـەس بـەم خۆشەویستییە یەکلایەنـەی نـازانێت! خۆیشی هەڵە ناکات و، ئـامادەیە تـا دواین چرکەساتەکانی ژیانی، بـە نهێنی خۆشی بوێت و، یەکەمین عیشقی بێت.

جارو باربێک، بڕێک لە هـەڵس وکـەوت و، لاکردنـەوە و، وتووێژەکانی دەهێنایـەوە بـەرچاوی خـۆی و، دواتـر وای بـە خەیاڵدا دەهـات کـە بەختـەوەر بـوون، مـەحاڵا و دوورەدەست نییە!

نـاوە ناوە، دونیاشای یاوەریشـی، هەسـتی بـە بزەیـەکی ناسکی مـاری دەکرد، بـە سـەر لێوانییـەوە، ئـەو کاتانـەی، سـەری لـە پەجـەرەی گالیسکەکەوە، دەبـردە دەرەوە! بەڵام لە هۆیەکەی بێئاگا بوو. ماریش پێی وابوو، ئەوە کاری قەدەر و چارەنووسە. خۆی وا دەدواند:

دەبوو لە ساتی رووداوەکەدا هەر بهاتایە بۆ بۆگۆتشارۆڤۆ! هەر دەبـوو ئـەو پێکداپژانەی لەگەڵ جوتیارە یاخی بووەکاندا، دروست بکردایە! هـەروەها دەبـوو خوشکەکەیشی دەزگیران بوون و، دیاری کردنەکەی میر ئـاندریەی برامـی هـەڵ بوەشاندایەوە!!

ڕۆسـتۆڤیش لای خۆیـەوە، جـوانترین بیرەوەریـی لـە خـاتوو ماریـیـەوە تـۆمار کردبوو! هاوڕێکانیشی کە بەو سەرکێشەیەی ڕۆستۆڤیان زانی، دەیانووت:

هەرچەند ڕۆستۆڤ بۆ کڕینی ئالیک چوو. بـەڵام دەوڵەمەندترین میراتگری هەموو ڕووسیای دۆزییەوە، کە ئەو خاتوو ماریـیەیە!! بۆیە گومـانی تێدا نییـە لـە جارێکیش زیاتر، بیری لـە مـارە کردنی کچێکی ناسکی نیـانی خـاوەن مـەزنترین سـامان، هـەر کردووەتـەوە و، هـەرگیزیش بیـری بـە لای کچێکـی لـەوە باشـتردا نەچووە، تـاکو مـارەی بکـات. بێگومـان ئـەم ژن هێنانەیشـی، لـە توانایدایـە بـاوکی نقوومی بەختەوەری بکات و، باری ئابووریی بـاوکی سەقامگیر بکات.

بـەو کارەیشـی خـاتوونی شـازادە مـاریش بەختـەوەر دەبێت. بـەڵام ئـەی سـۆنیا چـی!؟ ئەی ئەو پەیمانەی ڕۆستۆڤ دابووی بە سـۆنیا.. چـی!؟ ئەمـەیش تـەنیا خـاڵی ڕەشـی بیرۆکـەی مـارە کردنـی مـاری بـوو، کـە ڕۆسـتۆڤی بێـزار دەکـرد و، ئـەم بیرۆکەی ژنهێنانەی هەڵدەوەشاندەوە.

بەشی پازدە
کۆتۆزۆڤ و ئــاندریە

کــە کۆتــۆزۆڤ ســەرکردایەتی لەشــکرەکانی گرتــە دەســت. میــر ئــاندریەی بیرکەوتەوە و، ناردی بە دوایدا. تاکو بیهێنن بۆ "سەرکردایەتیی گشتی".

ئــاندریەیش هەر ئــەو رۆژە، گەیشتە "تساریڤۆ ــ زائیمیختیــە". ئەمــەیش هــەر ئــەو کاتــە بوو، کــە کۆتــۆزۆڤ ئاهــەنگی یەکەمین نمایشــی ســوپای بــوو. لــە بــەردەم مــاڵی قەشەی گونددا، گالیسکەکەی پیاوی باڵا وەستا. ئەم نــازناوی (پیــاوە بــاڵا)یە، خــەڵکی هــەرێمەکە، بەســەر کۆتۆزۆڤیاندا بڕی بوو.

میــر ئاندریــە گەیشــت و، لەســــەر ئــەو کورســییە دانیشــت، کــە بــە لای تــاکێکی دەروازەکەدا هــەڵپەسێردرابوو. ناوە نــاوە دەنگی مووزیــک و، ســروود و بانگکێشــانی هــوورا دەبیستران.هەر دە هــەنگاوێک لــەو لای ئــاندریەوە، دوو یــاوەرو بەرپرســێک و خزمــەتکارێک، بــــە هــۆی لــەوێ نــەبوونی گەورەکەیانــەوە، بــە نێــو هــەوا پاکەکــەدا پیاسەیان دەکرد. جێگری سەرکردەی سوارانیش، کە پیاوێکی کورتەبنەی رەشتاڵــەی سمێڵا شۆڕەوەبوو بوو، لە بەردەم میر ئــاندریە پۆلکۆنسکییدا وەستا و، لێی پرسی، کە ئاخۆ ئەمە مــاڵی پیاوە بــاڵاکەیە؟ بڵێی دوای کەمێکی دی، بتوانێت ببینێت!؟

دوای ئەوەی ئــاندریە تێی گەیاند کە ئەندامی "ئــەرکانی جەنگ" نییــە و، هــەر وەکو خــۆی، ئــەمیش میوانــە و دەمێک نییــە، گەیشــتووەتە ئێرە. ســوارەکەیش یــەکێک لــە

یاوەرانی دواند. یاوەرەکەیش بەو زمانە کراوەیەی، کە راهاتبوو لەگەڵ ئەفسەرانی سەر بەژەنەرالەکان، پێی دەدوا وەڵامی دایەوە:

"لە بارەی چییەوە: کەڵەپیاو؟ بەڵێ، خەڵکەکە پێیان وایە بەم نزیکانە دەگاتە ئێرە. بەڵام هەر نەتگوت کە چیت دوێ؟"

ئەویش بزەیەک کەوتە ژێر جووتە سمێڵە درێژکۆلەکەی و، لە ئەسپەکەی دابەزی و، رەشمەکەی دایە دەست یاوەرەکەی. لە ئاندریە پولکۆنسکی نزیک بووەوە و، سڵاوێکی هاکازایی لێ کرد.

ئاندریەیش کەمێک خۆی لەسەر ئەو کورسییە تاکەی ژێری، جووڵاند و ئەویش لە تەنیشتییەوە دانیشت.

ئەمجا لێی پرسی:

"ئاخۆ تۆیش چاوەڕوانی "سەرکردەی بالا"یت؟ دەڵێن ئەم سەرکردەی بالایە، پێشوازی لە هەموو کەسێک دەکات! ئەمەیش لە خۆیدا کارێکی باش نییە! ئاخر ئیرمۆلۆڤ لە خۆڕا نەبوو داوای نەدەکرد کە بە ئەڵمانی دابمەزرێت! با وای دابنێین لێرە بە دوا، رووسییەکان قسەی خۆیان دەبێت. ئیدی ئەوانی تر، لە پاشەکشە بەولاوە.. هیچی تریان بۆ نامێنێتەوە! با ئیتر پاشەکشەمان بەس بێت! تۆ بەشداریی ئەم شەڕەت کردووە؟"

ئاندریەیش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ، منیش بەو بەختەوەرییە گەیشتووم. هەر بەوەشەوە نەوەستاوم کە بەشداریی پاشەکشە و، تێک شکاندنەکانم کردووە! سەرەڕای ئەو هەموو مااڵەی لە دەستم داوە.. بە نرختەرین شتم لە دەست چووە، کە مردنی باوکم بوو. ئاخر باوکیشم هەر ئەم خەفەتە کوشتی. منیش سەر بە هەرێمی سمۆلنسکم."

ئەویش هەڵیدایە:

"ئای!! کەواتە تۆ.. تۆ میر پۆلکۆنسکییت!؟ شاگەشکە بووم بە ناسینت! منیش جێگری سەرۆک دینسۆڤم و، خەڵکیی: بە ڤاسکا بانگم دەکەن."

کە ئەمانەی پێ دەگوت.. بە توند و بە بایەخەوە، دەستەکانی دەگوشی.

دوای کەمێک بێدەنگی، لەسەری رۆیشت:

"کەوابوو تۆ میر ئاندریەی پۆلکۆنسکییت! خۆشحاڵم بە ناسینت." جارێکی تر بە بزەیەکی خەماوییەوە، سەری بۆ لەقاند و، دەستەکانی گوشییەوە و، قسەکەی پێشووی دووبارە کردەوە.

میر ئاندریەیش بە هۆی ئەو باسانەوە، کە ناتاشا بۆی کردبوو دەیناسی. چونکە ئەو دینسۆڤە یەکەمین کەسی داواکاری ئەو بوو. ئەمەیش ئەو یادە سەختەی وەبیر

هێنایەوە و، ئەو هەستە بە ئازارەی، کە خولیاکەی لە قوڵایی لێکدانەوەکانیدا بوو.

بەم دواییانە تووشی چەندین شۆکی دەروونی و، کێشە بوو بوو. لەوانە جێ هێشتنی سمۆلنسک و، سەردانی بۆ لیساجوری و، نوێترین هەواڵی خراپیش: مردنی باوکی بوو.

تاکو وای لێهات بوو، گەر بیریشی بکەوتایەتەوە، زۆر بە کاڵی و، کەمترین کاریگەریی بە سەرییەوە دەبوو.

هەرچی دینسۆڤیش بوو. بیستنی ناوی پۆلکۆنسکی، ئەو درەنگانەی ئێوارە پڕ هەست و سۆزەی، وەبیر دەهێنایەوە، کە ناتاشا گۆرانییەکەی تێدا چڕی و، ئەو خۆشەویستی و، پەرۆشییەی بۆ ئەو کێژە منااڵکارەی، کە تەمەنی پازدە ساڵا بوو و، بێ ئەوەی خۆیشی بزانێ، چی دەکات.

بەاڵم هەردوای ئەو زەردەخەنەیەی، لە بیرەوەریەکانییەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە خەیاڵە خۆشەکەی دابڕا و، هاتەوە دنیای سەرقاڵییەکانی خۆی. کە بە لەشکرەکەی خۆی، هێزە پاشەکشەکارەکانی دەپاراست.

پیلانێکی شەڕی داڕێژابوو و، پێشانی بارکلی دوتۆللیی دا و دەیشیویست کۆزۆتۆڤ ببینێت. پێی وابوو لە بەر دوورو درێژیی، ئەو بەرەی شەڕەی، کە فەرەنسییەکان سەپاندبوویان، پێویست بوو، لە بری ئەوەی بە درێژایی بەرەی شەڕەکە، بەرەنگاریان ببنەوە: پەالماری هێڵەکانی گەیاندنی ئازووخە و، خۆراک و تەقەمەنی و، یەدەکەکانی ئامێرە جەنگییەکان بدەین و، ئابڵووقە بە سەر سوپای فەرەنسییەکاندا بسەپێنین و، لایان لێ ببڕینەوە.

ئەمجا کەوتە باس کردنی لایەنەکانی پیلانە سەربازییەکەی، بۆ میر ئاندریە:

ئەوان ناتوانن بە درێژایی بەرەی شەڕەکە و، بەو پەرش و بڵاوییەیانەوە هەمیشە تۆکمە بن و، بەرگە بگرن. بەڵکو من لێم روونە: بە ئاسانی دەتوانین ئەم پیلانە جێبەجێ بکەین و، ئەوان لە یەکتر دابڕپرین.

بە شەرەفم!! بە شەرەفم!! تەنیا (٥٠٠) سەربازم بخەرە ژێر دەستەوە: دەتوانم ئەو هێڵی بەرەی شەڕەیان ببەزینم و، لە یەکتریان دابڕم.

لە کاتێکدا دینسۆڤ ئەم پیلانەی شی دەکردەوە. دەست جووڵاندنەکەیشی پتر بابەتەکەی روونی دەکردەوە.

لە گۆڕەپانی نمایشەکەیش، دەنگی هوتافکێشان بڵند دەبووەوە و، تێکەڵ بە موزیک و گۆرانی دەبوو. دوای کەمێک دەنگی خرمەی پێی سوارانیشی تێکەڵ بوو.

پاسەوانە قەوقازییەکەی بەر دەروازەکە هاواری کرد:

"خەڵکینە... ئەوە خۆیەتی!! گەیشت!"

لەو کاتەدا مەفرەزەیەکی سەربان، لە دەم دەروازەدا وەستا. ئەوانە حەرەس شەرەف بوون.

ئاندریە پۆلکۆنسکی و، دینسۆڤیش، نزیک بوونەوە و، کۆتۆزۆڤیان بە سەر ئەسپێکی کەمێک چکۆلەوە بینی، بەرەو پێش دەهات و، چەند ژەنەرالێک بە دەوروبەرییەوە بوون. بارکلی بەتەنیشتییەوە بوو و، کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی خۆیشی، بە دەوری سوارەکانی کۆتۆزۆڤدا غاریان دەکرد و دەیانشیراند: **هووراا!**

سەربازە یاریدەدەرەکانیش، پێشکەوتن و، خۆیان بە دالاّنەکەدا کرد. کۆتۆزۆڤیش نائارامانە، دەیویست ئەسپەکەی بباتە ژوورەوە. ئەسپەکەیش لە ژێر قورسیی سوارەکەی سەر پشتیدا دەپڕمان.

دەستێکی بڵند کردەوە تا ئاستی کڵاوە بێ کەنارەکەی سەری. کە تایبەت بوو و لە پەراوێزییەوە، هێڵێکی بازنەیی سووری تێدابوو.

هەر کە کۆتۆزۆڤ گەیشتە بەرایی حەرەس شەرف. ئەوانیش کتوپڕ بە چەکەکانیان، سڵاوی سەربازییان بۆ کرد. زۆرێکیان مەدالیای ئازایەتییان بە بەرۆکەوە بوو. کتوپڕ روخساری کۆتۆزۆڤ شێوەیەکی لاقرتێ ئامێزی وەرگرت و، شانێکی هەڵتەکاند و وتی:

لەگەڵ نموونەی ئەم جۆرە لاوانەدا، هەرگیز کۆڵ لە پاشەکشە پێکردنیان نادەین!

بەرەو دەرگاکە ئەسپەکەی تاودا و، بە بەردەم میر ئاندریە و، دینسۆڤدا تێپەڕی.

لەسەر قسەکانی زووتری رۆیشت و وتی:

"دەی.. ژەنەراڵ تۆیش خوات لەگەڵ."

بە دوایدا دەنگی سەربازەکان بڵند بووەوە:

هووراا! هووراا! هووراا!

میر ئاندریەیش کە کۆزتۆڤی بینی.. وا بە خەیاڵیدا هات، کە بە بەراورد لەگەڵ ئەو دواین جارەی بینی بووی، داکەوتووتر و، قورستر بوو بوو! نە رەنگە سپییەکەی و، نە برینە یەک هاتووەوەکەی پێکانەکەی گۆڕدرابوو. قامچییە چەرمینە تەنکەکەی، بە لایەکی ئەسپەکەیدا، شۆڕ بوو بووەوە. خۆیشی بەسەر پشتی ئەسپە کەمێک چکۆلەکەیەوە، دەلەرییەوە. لە ژیر دوو ریزە ددانەکانیدا، فیشکەی هەناسە سواریییەکەی دەهات و، ئاماژە بوو، بە پێویست بوونی بە حەوانەوە.

دوای مانەوەی لەو ئاهەنگە سادەیەی بۆیان گێڕابوو. پێی چەپی لە ئاوزەنگەکەی دەرهێنا و، بە شێوەی نیوە بازنەیەک، رانی بە سەر پشتی ئەسپەکەدا هێنایەوە و، خۆی بەردایە خوارەوە، بۆ نێو قەوقازییەکانی یاوەری.

ئەوانیش دەمێک بوو، خـۆیان ئامادەی گرتنـەوەی کردبـوو. هـەر کـە هەستایەوە. بە چاوی نیمچە نیشتووەوە، سەرنجی دەوروبەرەکەی دا و، چاوانی بـە روخسـاری میر ئـاندریـەوە گیرسایەوە. بـەڵام بۆی نەناسرایەوە.

ئەمجا بە فیشک و هوڕ، بەرەو پلیکانەکە رۆیشت و، بە دەم رێوە، هـەر سـەرنجی میر ئـاندریەیشی دەدا. وەکو هەر پیرێکی دی، ئەویش ماوەیەک راما.

دواتر توانیی خۆی ناو بۆ ئەو روخسارە دابنێ و وتی:

"ئـای! چۆنی میر! چۆنیت.. ئازیزەکەم... وەرە لەگەڵمان."

بە هەنگاوە بە ئاستەم هاتووەکانی لە دوای، بە پلیکانەکەدا سـەرکەوت و، پلـەکان لە ژێر پێیدا جیڕو هوڕیان بوو. بە تەنیشت دوا پلەیشـەوە، کورسییەکی تـاک هەبوو. کە گەیشتە لای ئـەو کورسییە، چەند قۆپچەیەکی کردەوە و، لە سەری دانیشت.

ئەمجا پرسیی، "ئەی باوکت؟"

میر ئـاندریەیش بە کورتی وەڵامی دایەوە:

"دوێنێ هەواڵی مردنیم بیست!"

کۆتۆزۆڤ بە چـاوێکی پڕ ترسـەوە، لـە ئـاندریەی روانـی و، کڵاوەکـەی داگرت و خاچێکی لـە سـەر سینەی خۆی کێشا.

ئەمجا وتـــی:

"خوا لێی خۆش بێت... ئێمەیش لە بەر ویستی خوادایـن."

هەناسەیەکی قوواڵـی هەڵکێشا و، دوای کەمێک بێدەنگی وتـــی:

"باوکتم خۆشدەویست، چونکە پیاوێکی بە نرخ بوو لە لام. ئێستایش بـە داخـم بۆ ئـەو لێقەومانەت."

ئـامێزی بـۆ میـر ئاندریـە کـردەوە و، بـۆ ماوەیـەک توونـد بـە سـنگە قەڵەوەکـەی خۆییەوە نووسان.

کـە میـر ئاندریـە هاتـە دواوە، چـاوە بـە فرمێسـک و لێوەلـەرەی کۆتـۆزۆڤی بینـی. دوای هەناسەیەکی قووڵا دەستی بە کورسییەکەوە گرت.

بە دەم هەستانەوە وتـی:

"دەی.. بچۆ ژوورەوە، تاکو قسە بکەین."

بەڵام دینسـۆڤ کە چاونـەترس بـوو، لـە بەرامبـەر سـەرۆکەکانیدا و، بـە چەشـنی، سڵ نەکردنـەوەی بـوو، لەگەڵ دوژمنەکانیشـیدا، ئـەو ئەفسـەرانی یاریدەدەرانـەی لـە خۆی دوور خسـتەوە، کەدەیانویسـت لـە خـواری پـلیکانەکانەوە رابیگـرن و، نـەهێڵن بچێتە سەرەوە.

کۆتۆزۆڤیش دەستەکانی هێشتا بە دوو تەنیشتی کورسییەکەی ژێرییەوە بوو، کە بە بێزارییەوە، لێی ڕوانی. ناوەکەی وتەوە و، ڕایگەیاند، کە ئەو پیاوە دەیەوێت، شتێکی گرنگ بە خاوەن شکۆ بڵێت، لە بارەی ئاسایشی نیشتمانییەوە.

دووبارەی کردەوە:

"بۆ ئاسایشی نیشتمانی؟ دەی بابەتەکە چییە؟ قسە بکە."

سەیر ڕوخساری، ئەو کۆتۆزۆڤە پیرە، بەدەمەستە خاوەن جوتێک سمێڵە وەکوو کچۆڵەیەکی شەرمن، سوور هەڵگەڕا. ئەویش وتی، گەر بڕوامان بە خۆ بێت و، ڕێگای نێوان سمۆلنسک و ڤیازما، بپچڕین.

کۆتۆزۆڤیش لە پێیەکانییەوە، لێی ڕوانی، تاکوو تەوقی سەری و، ناوەناوە لە کۆختە تەختەیە چکۆلەکەی نزیک خۆیشی وا دەڕوانی، وەکوو ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت، شتێکی ترسناکی، لێ دەرپەڕێتە دەرەوە.

لە ڕاستیشدا، لەو کاتەدا دینسۆڤ گەیشتە، ڕوون کردنەوەی، خاڵی گرنگی بابەتەکەی، ژەنەڕاڵێک لە کۆختەیەکی تەنیشتییەوە، بە خۆی جانتایەکەوە، هاتە دەرەوە.

کۆتۆزۆف پرسیی:

"چۆن! ئێستا تۆ ئامادەیت؟"

ژەنەڕاڵەکەیش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ.. خاوەن شکۆ."

کۆتۆزۆڤیش جۆرێک سەری بادا، وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت،"چۆن بە تەنیا کەسێک، ئەمە دروست دەبێت!؟"

بە ئاگاوە، کەوتەوە گوێ گرتن لە ئەفسەرە ڕووسی و ئەویش لەسەری ڕۆیشت:

"هەموو هێڵەکانی گواستنەوەی ناپلیۆن دەپچڕێنم. بۆ ئەم کارەیشم، وەکو ئەفسەرێکی ڕووسی، سوێند بە شەرەفم دەخۆم، کە جێبەجێی بکەم."

کۆتۆزۆڤیش لێی پرسی:

"ئەو سیریل ئادییڤیتش دینیسۆڤەی "ئەمینداری گشتی"یە، خزمتە!؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە،"بەڵێ! ئەوە مامەمە.. خاوەن شکۆ."

ئەمجا کۆتۆزۆف وتی:

"ئاە! ئیدی ئێمە بووینە هاوڕێ. زۆر باشە.. ئازیزەکەم. لێرە.. لە ئەرکان بمێنەوە و، سبەینی خۆمان قسەیەکی لە سەر دەکەین."

کۆتۆزۆف بەسەر لەقاندنێک ئەوی بەڕێ کرد و، دەستی برد بۆ ئەو کاغەزانەی کە ژەنەرالّ کۆنۆفیستینی کارا، بۆی هێنابوو.

بە بێزاریشەوە وتی:

"فەرموون.. بەڕێزتان بێنە ژوورەوە. بڕێک لە کاغەزەکان پێویستیان بە واژۆ کردنە و، بڕێکی تریشیان دەبێت، لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت."

هەر لە ناو کۆشکەوە ئەفسەرێکی یاریدەدەر هات و رایگەیاند هەموو شتێک سازو ئامادەیە. بەڵام کۆتۆزۆف حەزی بەو چوونە ژوورەوە نەبوو. چونکە دەیویست هەموو کارەکانی بەردەستی جێبەجێ بکات.

برۆکانی یەکهێناوە و وتی:

"نەخێر ئازیزەکەم... بڕۆ مێزێکم بۆ ئامادە بکە.. با هەر لێرە هەموو کاغەزەکان بپشکنم."

بە ئاندریەیشی وت، "نا... نا! تۆ مەڕۆ."

ئاندریەیش لە سەر پلیکانەکان وەستا و، کەوتە گوێگرتن لە راپۆرتەکەی ژەنەرالّی کارا. بەڵام هێندەی نەبرد، خشەی کراسێکی ئاوریشمین، سەرنجی راکێشا. دوای ئەوەی سەرنجی ئەو لایەی دا، کە دەنگەکەی لێوە هات: ئافرەتێکی جوانی تۆکمەی کراسێکی گوڵگوڵی لە بەر و، سەرپۆشی کاهی ڕەنگ بە سەری، لەبەر دەرگایەکدا بینی، قاپێکی بە دەستەوە بوو و، لەوە دەچوو چاوەڕوانی "سەرکردەی بالا" بێت.

ئیدی یاریدەدەرێکی سەربازی تێی گەیاند، کە ئەو ژنە کەیبانووی ماڵە و، خێزانی قەشەیە. ئەوە ئێستا ئامادەی ئەوەیە "نان و خوێ" بدات بە خاوەن شکۆ و، نمەکی بکرێت. لە کلێسەیش قەشەی مێردی، بە خاچەکەی دەستییەوە پێشوازیی لەم کەڵەپیاوە کردووە. ئەوەتا ئێستایش خێزانەکەی بە تەمایە پێشوازیی بکات و، بیباتەوە بۆ ماڵەوە.

ئەمجا بە زەردەخەنەیەکەوە لە سەری ڕۆیشت:

"ژنێکی خراپیش نییە..!"

ئەمان لەم قسانەدا بوون و، کۆتۆزۆفیش لەولاوە، گوێی بۆ ئەو ژەنەرالّە هەڵخستبوو، کە شیکردنەوەکەی بۆ دەکرد. ژەنەرالّیش باسی خالّە لاوازەکانی "تساویڤۆ"ی بۆ دەکرد. هەر وەکو چۆن، بە درێژایی حەوت ساڵ، گوێدێری "ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەربازی" بوو، لە ئۆستەرلیتز، گوێی بۆ دینسۆفیش شل کرد.

لە کاتێکدا وای لێ دەڕوانرا کە کۆتۆزۆف لەو کۆبوونەوانەدا، وەکوو ئەرکێکی

سەرشانی و، چەشنی قەشەکان بوو و، هەرچەند گوێیەکیانی، بە دەرمانی گژو گیای میللی، کە بۆ ئازارشکێنی ددانیش بەکار دەبرا: گوێی لە لە دەوروبەری دەگرت.

راپۆرتەکە تۆکمە بوو و، کۆتۆزۆڤ پێی سەرسام بوو! راپۆرتەکەی ژەنەڕاڵیش فرە تۆکمە بوو. بەڵام کۆتۆڤۆڤ خۆشی لە بلیمەتی و زانست نەدەهاتِ.

ئەوەیشی دەزانی کە کێشەکە بە شێوەیەکی تر یەکلا دەبێتەوە. نە پەیوەندیی بە زانست و نە بە بلیمەتییەوە دەبێت.

ئاندریەیش بە وردی، سەرنجی روخساری کۆتۆزۆڤی سەرکردەی باڵا دەدا. تەنیا شتێک کە لە روخساریدا، بۆی دەخوێنرایەوە بێزاری بوو و، ئەو گورج بوونەوەیەی: کاتی بیستنی دەنگی ئەو ژنەی کە لەودیو دەرگاکەوە وەستابوو.

کۆتۆزۆڤ گاڵتەی بە زانست و زیرەکبوون دەهات، تا دەگەیشتە ئەو نیشتمانپەروەرییەی، کە پێش کەمێک دینسۆڤ باسی لێوە کردبوو بۆی. بە هۆی زیرەک نەبوون و، نەبوونی زانستیی خۆیەوە، یان نیشتمانپەروەرێتی خۆیەوە نەبوو. تەنانەت خۆیشی پێوە با نەدەدا! تەنیا و تەنیا، بە هۆی تەمەنی فرە و چوونە سااڵی خۆیەوە و، ئەو ئەزموونە زۆرانەیەوە بوو!

تەنیا کێشەیەک کە هەڵیبژارد و، ڕێ و شوێنی بۆ دانا.. ئەو تاڵانکردنانە بوو کە یەکەکانی سوپاکەی خۆیان پێی هەڵدەستا. کاتێک ژەنەراڵەکە ئەو فەرمانە کارگێڕییەی لەو بارەوە بوو، دایە دەست، تاکو واژۆی بکات. دەرچوونی ئەو فەرمانە کارگێڕییەیش بە هۆی سکااڵی یەکێک لە مواڵکدارەکانەوە بوو، کە تاڵانکرابوو و، سەربازان هەر بە سەوزی گەنمەکەیان دروێنە کردبوو و، بردبوویان بۆ خۆیان.

کۆتۆزۆڤ زمانێکی بە لێوە وشکەکەیدا هێنا و، سەرێکی بادا و وتی:

"بۆ ئاگردانەکە... ئازیزەکەم! ئەمانە هەر هەموویان بۆ نێو ئاگردان! با هەر دروێنەی پەڵە گەنمەکان بکەن! تا دەتوانن دار بسووتێنن! نە من فەرمانم بەم کارە داوە! نە ڕێیشم بەم کارە داوە! بەڵام زۆریشم لە کەس بۆ ناکرێت. چونکە ئەم کردەوەیە شتێک نییە.. بتوانین خۆیانی لێ ببوێرین. ئاخر ناتوانرێت هەموو جارێک هێلکەیەلێک لە کوالنە دەربهێنرێن و، لێیان نەشکێت!! گۆزەیش هەموو جارێک بە ساغی لە کانی نایەتەوە!"

جارێکی دی سەری بادایەوە و، بەم ڕستەیە قسەکانی کۆتا کرد،"ئا ئەمەیە... وردەکارییەکانی ئەڵمانییەکان!"

بەشی شازدە
شێوازی کۆتۆزۆف

کۆتۆزۆف دوای واژۆ کردنی دواپین نوسراو وتـی:

"یاللا.. ئەوە ئەم کارەیشمان تەواو بوو!"

بـە زەحمـەت هەسـتا و، چرچـەکانی گەردنـە سپیپەکەیشـی رەوییـەوە و، بـە شادییەوە، بەرەو دەرگاکە چوو.

روخساری ژنە قەشەکە، بە هۆی هەژانییەوە سوور هەڵگەڕا. هـەر زوو قاپەکـەی هەڵگرتەوە. هەرچەند دەمێکیش بوو، خۆی بۆ پێشکەش کردنی ئەو قاپە، ئامادە کرد بوو. بەڵام نەیتوانی لە کاتی شیاوی خۆیدا، بە کـاری بێنێت! زۆر خـۆی نووشـتانەوە و، پێشکەشی کۆتۆزۆڤی کرد.

ئەویش چاوانی نووقاند و، دەستی بۆ لاجانگی برد و وتی:

"چەندە قەشەنگە! سوپاس سەرنجکێشەکەم!"

بڕێک پارەی لـە گیرفـانی پانتۆڵەکـەی دەرهێنـا و، خسـتییە سـەر قاپەکـە و، بـەرەو ژوورەکەی بووە و، ژنەی قەشە بە دوایەوە بوو.

ئەومیش لێی پرسی:

"هیوادارم تەندروستیت باش بێت."

یاریدەدەرێکی سەربازی، چووە لای پلیکانەکان و، فـەرمووی نـانخواردنی لـە میر ئـاندریە کرد. دوای نیو سەعاتی تر. جارێکی دی، بانگی لای کۆتۆزۆڤ کرایەوە.

خۆی لە سەر قەنەفەیەک بوو و، چەند قۆپچەیەکی چاکەتەکەی کردبووەوە و، کتێبێکی فەڕەنسیی بە دەستەوە بوو. بە هاتنی میر ئاندریە دایخستەوە، دوای ئەوەی چەقۆیەکی نووسینگەکەی خستە ئەو شوێنەی، خوێندبوویەوە و نووسەرەکەی خاتوو "دو گنیلس"[1] بوو. بەسەر بەرگەکەیەوە نووسرابوو: "سوارانی ئەردەف".

کۆتۆزۆڤ وتی:

"دەی.. دانیشە.. با قسە بکەین. ئای کە ئەوە خەمناکە! زۆر خەمناکە! بەڵام هاوڕێ ئەوەیشت بیر نەچێت، منیش باوکی دووەمتم! باوکی دووەمی تۆ."

میر ئاندریەیش چیی زانی لە بارەی دواساتەکانی مردنی باوکی خۆیەوە، لە ئەوەی بۆی گێڕدرابووەوە و، ئەوەیشی لە کاتی رۆیشتنی بە لیساجورییدا بینی بووی، گێڕایەوە.

کتوپڕ کۆتۆزۆڤ وتی:

"ئەوە ئەو چاڵی تەپکەیە بوو، کە ئێمەیان خستە نێوی!"

بە شێوە هەڵچوونێکیشەوە وتی:

"بەڵام.. پەلە مەکە! پەلە مەکە!"

هەرچەند بە قسەکانی خۆیشی نارەحەت بوو، بەڵام وتی:

"بۆ ئەوە تۆم بانگ کردووە. تا نزیک بە خۆم بیت و، لای خۆم گلت بدەمەوە."

میر ئاندریەیش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"سوپاسی گەورەییتان دەکەم. بەڵام خەمی ئەوەمە توانای وەرگرتنی پۆستی ئەرکانم نەبێت!"

کۆتۆزۆڤیش بە بزەیەکەوە بۆ زەردەخەنەکەی ئەو داوای ڕوون کردنەوەی فرەتری لێ کرد.

بۆیە ئاندریە لە سەری ڕۆیشت:

"ئەمجا هۆگری فەوجەکەی خۆم بووم و، ئەفسەرەکانم خۆش گەرەکە. پێیشم وایە: پیاوەکانیشم وەکو خۆمن و، خۆشەویستییان بەرامبەرم هەیە. تەنانەت دوور کەوتنەوەم لێیان، سەخت دەبێت بۆم. گەر ئەو شەرەفی مانەوەم بە نزیکتەوە ڕەت بکەمەوە. خوازیارم بڕوام پێ بکەیت!"

---

١ ـ خاتوو ستیڤانی دو جنلیس:دایەنی منالەکانی دورلیان بوو و خاوەن کتێبی پەروەردەیی بوو.

رووه خرپنەکەی کۆتۆزۆف بەو سۆزە گاڵتەئامێزەی سوور هەڵگەڕا و پێیبڕی:

"بـە داخەوە! سوودت بۆ من دەبوو. بـەڵام راست دەکـەیت. تـۆ راست دەکـەیت! ئێمە لێرە پێویستیمان بـە کـەس نییـە. راوێژکاری سـەربازیمان زۆرە.. بـەڵام پیـاوی پیـاوانـــە و ڕاســتەقینەمان کەمــە و تێیــدا ، کورتمــان هێنــاوە. گــەر ڕوێژکــارانِ و قسـەکەران وەکـو تـۆ لـە فەوجەکانـدا، خزمـەتیان بکردایـە: ئـەوا فەوجـەکان بـەم شێوەیەی ئێستا نەدەبوون. ئێستایش شەڕەکەی ئۆستەرلیتز و، ئاڵاکەی دەستی تۆم هەر لە بیرە!

میـر ئـاندریە بـەو یادەوەرییـە خۆشـە، سـوور هەڵگـەڕا. بـە هـەردوو دەسـتی ڕوومەتـەکانی گرت و، سـەری لـە ڕووی خـۆی، نزیـک کردەوە. ئاندریـەیش دیسـان، چاوە فرمێسک تێزاوەکانی ئەوی بینییەوە.

ئـاندریە دەیزانی ئەو دەیەوێت بە خەمیی خۆی بۆ دەربـبڕێت و، بەو فرمێسـکانەی ئـــەوە بسەڵـــمێنێ. لەگەڵ ئەوەیشـــدا بیرخســـتنەوەی هەڵوێســـتی لـــە شـــەڕەکەی ئۆستەرلیتزدا خۆشحاڵی کرد.

کۆتۆزۆف دریژەی دایـە:

"ئەو ڕێیە بگرە بـەر کە خـوا لـە چـارەی نووسـیویت. بـاش دەزانـم کـە ئـەوە ڕێی شەرەفە."

دوای کەمێک بێدەنگی وتـــی:

-"لە بوخارست بێ تۆییم زۆر پێوە دیـاربووا! چونکـە کەسـم نـەبوو بەرپرسـیارێتی پێ بسپێرم.

ئەمجا بابەتەکەی گۆڕی و، کەوتە باسی هێرشەکەی تورکیا:

"ئـای کـە، لـە سـەر ڕەوتـی شـەڕەکە و، پـەیمانی ئـاشتەواییەکە لۆمـەیان کـردم! لەگەڵ ئەوەیشـدا کێشـەکە لـە کـاتی خۆیـدا بـە ڕووە چاکەکەیـدا کەوتـەوە، هـەر کەسێکیش بتوانێت ئـارام بێت: بارەکە بە دڵی خۆی دەکەوێتەوە."

دریژەی بە بابەتێکی گرنگ دا و لە سـەری ڕۆیشت:

"دەزانیت لـەوێیش ڕاوێژکـاران و زۆربڵێیـان: ژمارەیـان لـە ئەمانـەی ئێـرە کـەمتر نەبوو! ئـاخ! لە دەست زۆربڵێیان! داخ لە دەسـت قسـەزلان! گـەر گـوێ لـە هـەموویان بگرتایە.. ئـەوا هەرگیز سنووریکمان بۆ جەنگەکە، بـۆ دانـەدەنرا! ئاگربەستیشمان بـۆ دەستەبەر نـەدەکرا. دەبـوو خێرا بووینایـە لـە کارەکـەدا. بـەڵام زۆر جـار کـاری بـە پەلـەیش هـەر دەخـایەنێت! گـەر کامنسـکی نەیشـمردایە، بێگومـان هـەر لـە دەسـت

دەچوو. ئەو بۆ داگیر کردنەوەی قەڵاکان پێویستی بە (٣٠٠٠٠) سەرباز بوو. ئای کە داگیر کردنی تەنیا قەڵایەک، کارێکی پیرۆز بوو! سەخت بوون: بردنەوەی شەڕەکە خۆی بوو. بۆ داگیر کردنی شوێنی ئابڵووقەدراو، پێویست بە شەڕ و پەلامارداڵن ناەبوو... بەڵکو ئارام بوون و، ددان بەخۆداگرتن، پێویستە!

کامنسکی سەربازەکانی کردە سەر رۆستشرک. بەڵام من بە هۆی پەنا بردنم بوو بۆ ئارامگرتن، زۆرترین شوێنم لە مۆڵگەکان داگیر کرد، نەک کامنسکی. وام لە تورکەکان کرد، لە بێخۆراکیدا گۆشتی ئەسپ بخۆن."

دەستێکی بە سنگی خۆیدا دا و سەری راوەشاند و وتی:

"بڕوا بکەن.. گۆشتی ئەسپ دەرخواردی فەڕەنسییەکانیش دەدەم!!"

ئەمجا فرمێسکەکانی چاوی کەوتە بڕیسکدان.

ئاندریە وتی:

"لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە لەگەڵ شەڕەکەدا جۆش بخۆین."

کۆتۆزۆقیش وتی:

"بێگومان ئەگەر خۆیان ئارەزووی ئەوەیان بێت... بەڵام ئازیزەکەم بڕوام پێ بکە، شتێک نییە بگاتەوە، بەو دوو سەربازەدا: کە ئارامگرتن و کاتە! ئارام گرتن و کات: تەنیا دوانەیەکن، کە دەتوانن هەموو شتێک بکەن! خراپییەکەیش لەوەدایە کە زۆربڵێکان، پێشوازی لەم بیرۆکەیە ناکەن. هەندێک پەسەندیانە و، هەندێکیش بە لایانەوە پەسەند نییە. کەوابوو، پێویستە لە سەرمان ئێمە چی بکەین!؟"

کەمێک چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەی بوو.

ورە و بریسکەی زیرەکییەک لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا کە وتی:

"دەی.. پێم بڵێ تۆ چی دەکەیت؟"

کە بۆی دەرکەوت ئاندریە وەڵام ناداتەوە، درێژەی دایە:

"زۆر باشە! ئێستا من پێت دەڵێم پێویستە چی بکەیت و، خۆیشم لای خۆمەوە چی بکەم؟"

ئەمجا لە سەر یەک بەیەکی وشەکانی دەوەستا و وتی:

"ئەو کاتەی گومانت لا دروست دەبێت ئارام و لە سەرخۆ بە و، پەلە مەکە. دەی هاوڕێی ئازیز.. خوات لەگەڵ. بیریشت بێت کە لە ناخەوە، هاوخەمی تۆم. دەبێت ئەوە بزانیت کە من بۆ تۆ: نە کەڵە پیاو و، پیاوە باڵاکەم و، نە میر و نە ژەنەراڵی سەرکردەی بااڵ، بەڵکو لە شوێنی باوکی خۆت: من دابنێ. پێویستیت بە هەرچییەک

بوو، ئەوا راستەوخۆ پەیوەندیم پێوە بکە... خوات لەگەڵ ئازیزەکەم."

ئیدی بە رۆیشتنی میر ئاندریە، کۆتۆزۆڤیش ئاهێکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و، دەستی دایەوە کتێبی سوارەکانی ئەردەف و، کەوتەوە خوێندنەوەی.

ئاندریەیش بێئەوەی هۆیەکەی لێ روون بێت، گەڕایەوە فەوجەکەی خۆی و، دوای ئەو بینینەی کۆتۆزۆف زۆر ئاسوودە بوو، بەرامبەر رەوتی گشتیی شتەکان و، بەرواى بە کارەکەی خۆی تۆکمەتر بوو و، دەتوانرا بووترێت کە ئەو پیرە لە ئەو زیرەکییەی لە کۆ کردنەوەی رووداوەکان بۆ دیاری کردنی ئەنجامەکان، نەبوو و، تەنیا بە گەشبینیەوە، لە رووداوەکان رادەما. تاکو سەرنجەکانی ئاندریە لە بارەی نەبوونی کەسێتی کۆتۆزۆفەوە چڕتر بوایەتەوە: پتر ئاسوودە دەبوو لە رەوتی بارودۆخەکە.

لە دڵی خۆیدا دەیوت:

ئەو نە شتێک دادەهێنێت! نە دەست بە هیچ دەکات. هەر گوێ دەگرێت و، شتەکانی بیر ناچێتەوە. هەموو شتێکیش لە شوێنی شیاوی خۆی دادەنێت. نە دەبێتە رێگری شتی بە سوود و، رێیش بە شتی خراپ نادات.

ئەو هەستی بە ئەوە کردووە، کە شتێکی بە توانـاتر لە ویستی تاکە کەسی خۆی هەیە و هەر ئەویش رەوتی رووداوەکان دەگۆڕێت و، هێز نییە بەرگریی بکات. نگینییەکەیشی ئەوەیە، کە مل بە رووداوەکان دەدات و، ناهێڵێت، هیچ شتێکی دی تێکەڵا بە رەوتەکە ببێت و، ئامانج بگۆڕێت.

با کتێبەکانی خاتوو دو گنگلیس و، پەندە فەرەنسییەکانی نێویشی بخوێنێتەوە: هەر بە ئەو روانینەی کۆتۆزۆف، بۆ رووداوەکان: دەسەلما کە پیاوێکی رووسیی راستەقینەیە.

کە بە دەنگێکی گرپیشەوە ئەو پەندەی نێوی دەخوێندەوە، کە دەیوت:

"ئەمە ئەو چاڵی تەپکەیەیە: کە ئێمەیان بۆ تێکەوتنی دەبرد!"

مرۆڤ هەستی بە رووسی بوونی خۆی دەکرد. بەوەیشی بە دەم هەنسکی گریانەوە و بە ورەیەکی فرەوە دەیوت،"دەبێت.. گۆشتی ئەسپیان دەرخوارد بدەم.

ئەو هەستەیش هەمووان بە شێوازی جیاجیا تێی گەیشتبوون. ئەمەیش وای کرد، بە کۆی دەنگی کۆمەڵگا کۆتۆزۆف بە سەرکردەی بـاڵا، هەڵ ببژێردرێت.

ئەم هەڵبژاردنەکەیش، وایکرد: پیلانەکانی دەرباری ئیمپراتۆر بەرو دوا شکست بێنن!

بەشی حەڤدە
مەرایی کردنی مۆسکۆییان

دوای گەڕانەوەی ئیمپراتۆر لە مۆسکۆ. ڕەوشی ژیانیان نەک وەکو جاران ئاسایی بووەوە. بەڵکو زۆریش ئاسایی بووەوە. تەنانەت وای لێ هاتبوو، پەرۆشیی ڕۆژانی سەرەتای شەڕەکە و، بڕوا بوونیان بەوەی، کە ڕووسیا لە مەترسیدایە، بە کەسەوە نەدەبینرا!

لەوەیش دەچوو تەنیا "یانەی ئینگلیزی"ی نیشتمانپەروەر، ئامادەی قوربانیدان بێت! تەنیا شتیک کە ئەو پەرۆشییەی وەبیر خەڵکەکە بهێنایەتەوە، ئەو خۆبەخشی و، یارمەتییانە بوو، کە خەڵکەکە پشتگیریی دەوڵەتیان لە شەڕەکەدا پێ دەکرد. دواتریش وا کەوتەوە کە ببێتە باو و، کەس خۆی لێ نەبوێرێت!

نزیکتر بوونەوەی سوپای دوژمن، لە مۆسکۆوە، هەر جدی بوونی مۆسکۆییەکانی بە دوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکو بە پێچەوانەوە. لە ناخی خەڵکەوە دوو دەنگ بە تووندی بەرز بوونەوە. هەر وەکوو ئەوەی لە دروست بوونی کارەساتەکاندا ڕوو دەدات.

دەنگێکیان بە ئاگاهێناوە بەوەی: بەڵا بە ڕێوەیە و، نزیکبوونەوە لە مەترسی و، دەبێت بگەڕێین بۆ چارەسەر و، خۆ پاراستن.

دەنگی دووەمیش: ئەوەیە کە داناترانە دەڵێت: ئـەوەی زۆر جێی داخە ئەوەیـە: بـیر لـە مەترسـییەک بکەینـەوە، لـە کاتێکدا لـەو مەترسـییە بـە ئـاگا نـابین، تـا روو نـەدات! نـاتوانێت لـە رەوتـی رووداوەکـەیش قوتـار ببـین! باشـتر وایـە بیـری لـێ نەکرێتەوە! پیاو کە تاک دەکەوێتەوە و، تـەنیا خـۆی بیر لـە خـۆی دەکاتـەوە، کـار بـۆ دەنگی یەکەم دەکات و، ئەو رێیە دەگرێت! بەڵام کە لـە چێوەی کۆمـەڵگەدا و، لەگەڵ ئەواندا بە کۆمەڵا بیری کردەوە: ئـەوە پەیڕەویی دەنگی دووەم دەکات!

ئەمەیش بوو وای کردبوو مۆسکۆییەکان، لە جاران پتر چێڕ لە رابواردن و، کات بەسەربردن و، پشتگوێ خستنی مەترسییەکان وەربگرن!

لە سەر پەڕەکانی ریکلامەکەی رۆستۆبتشین، وێنـەی دوکانێکی مـەیفرۆش بـوو.. لەگەڵ وێنەی مەیخانەکە.

جارێکیـان لـەو مەیخانەیـەدا بـەڕێزێکی خـەڵکی مۆسـکۆ، کـە نێـوی کاریۆشـکا تشـیگیرینی بـوو، بـە بەدمەسـتی دەبیسـتێت کـە بۆنـاپـارت، دەیـەوێت بچێتـە نێـو مۆسکۆوە! ئەویش تووڕە دەبێت و، دەست دەکات بە جنێودان بە فەڕەنسییەکان!

ئـەمجا لـە مەیخانـەکە دەچێتـە دەرەوە و، روو لـە ئـاپوورەی خـەڵک دەکـات و، دەست دەکات بە وتـاردان! خەڵکەکەیش دواتر کاغـەزی ریکلامەکەیان بـە دەستەوە دەگرت و، هەر یەکە و جۆرێک لێی دەدوا!

لـە ژووریکی چـۆڵی یانەکـە، هەنـدێکیان بـۆ رابـواردن و، کـات بەسـەر بـردن و، بڕێکیان بۆ لاقرتێ کردن بـە فەڕەنسـییەکان، شـیعرە نیشـتمانییەکانیان دەخـوێندەوە. بە گوێرەی ئەوەی لە نووسینەکەدا هاتبوو: بەدمەستەکە ئەوەی خوێندەوە:

"هێندەیان ساوەر خواردووە.. ورگیان با دەکات و دەتەقێ! یان هـەر بـە شـۆربا و تیۆڵـە، گـەدەیان نـەخۆش دەکـەوێت! هـەر لادێیـەکی خوێرپیلـەی رووسـی: لەگەڵ فەڕەنسییەکاندا بـە شـەڕ بێت: بـە وەشـاندنێکی داسـەکەی: هێنـدە چکۆلـەن، سـێ لـە فەڕەنسییەکان دروێنە دەکات!" هەندێکی دی بە پێچەوانـەوە بـوون و، ئـەو شـێوازەی ئاخاوتنیان بە سووک و بازاڕی لە قەڵەم دەدا. دەگێڕنەوە: "رۆستۆبتشنیش زۆرێکی لە فەڕەنسییەکان لـە مۆسکۆ وەدەرنـاوە و، لـە نێویانداو.. چەندین پیـاوی ناپلیۆن و، سـیخوڕیان تێـدا بـووە." هـەر بـەم بۆنەیـەوە، وتـارێکی بـۆ ئـەو لێقەوماوانـە خوێندووەتەوە کە بە رێی رووبارەکەدا بۆ "نیجنی"یان دەگواستنەوە و، پێی وتبوون: "بیر بکەنەوە ئـەمجا بچنـە بەلەمەکانـەوە! ئەمـەیش مەکـەن بـە "کاروون"[1] ئـەو

---

١ ــ کـاروون: کلتـوورێکی کـۆنە و گوایـا کەشـتییەک بە دەوری ڕووبـاری دەورووبەری دۆزەخەوەیە و هەر

گێڕابوویەوە کە گوایا هەر هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانیشیان گواستبووەوە! هەر بەم بۆنەیەوە قسەکەی شینشینیش دەماودەمی دەکرد! ئەویش وتبووی،"**گۆڕ وایە، هەموو مۆسکۆییەکان سوپاسی ناپلیۆن بکەن کە هۆکاری ئەو رووداوە بووە!** چونکە وەکوو باسیان دەکرد، گەر وا نەبوایە: تەنیا ئەو رەوەی فەوجەکەی مامۆنۆف: (١٨٠٠٠) هەزار ڕۆپڵی بە زیادەوە تێدەچوو! بیزۆخۆڤیش لەو بڕە پارەیە زیاتری لە فەوجەکەی خۆیدا خەرج دەکرد.

سەیرەکەیش لەوەدایە..ئەو پیزۆخۆڤەی سەرکردەی فەوج، بە خۆڕایی خۆی پیشانی بینەرانی دەدا!

جولی درۆیتسکۆییش گورزەیەک نەسلی، لە نێو پەنجە بە موستیلەکانیدا بوو، لە بۆنەی سەفەر کردنەکەی سبەینێیدا بۆ (نیجنی) وتی:

ـ لە کەس خۆش مەبە. هەرچەند پییزۆخۆڤ، کەسێکی پێکەنینهێنە! بەڵام هەر فرە نەرم و نیانە! چ خۆشییەکی تێدایە: گەر لاقرتێکارێکی تا ئەم رادەیە بێت!؟ لاوێک کە جوولی، بە فارسی ناوی دەبرد و، بەرگی خۆبەخشی پۆشی بوو و، لە سەفەرەکەیدا بۆ "نیجنی" یاوەری دەبوو، وتی:

"دەهێنێت سزا بدرێت!"

لە هۆڵەکەی جوولی و، هۆڵەکانی تریشدا، بڕیار درا کە ئیدی وتوونژ تەنیا بە ڕووسی بێت. هەر کەسێکیش سەرپێچی لەم بڕیارە کرد.. ئەوا سزای بدرێت و، بڕی پارەکەیش بنێردرێ بۆ لیژنەی فریاکەوتن.

پیاوێکی ئەدیب لە ئەوێ بوو و وتی:

"سزایش بۆ بەکار بردنی زاراوە و، پەندە بیانییەکانیش دابنرێت! ئەم قسە نەستەقەی:"چ خۆشییەک لەوەدایە.." کلتوورێکی ڕووسی نییە!"

جوولی ڕووی کردەوە خۆبەخشەکە:

"تۆ ڕێ بە کەسی تر نادەیت. منیش نرخی داشۆرین و جنێویش دەدەم! ئامادەیشم تەنیا بۆ وتنی ڕاستییەکان پارە بە تۆیش بدەم."

ڕوویشی کردە ئەدیبەکە و درێژەی دایە:

"بەڵام لە بارەی زاراوە و، پەند و کلتوورەوە، من بەرپرس نیم. نە کاتی ئەوەم

ڕۆحیانەتێک لە دۆزەخ نزیک دەبێتەوە، بە یەک فلس سواری دەکەن و دووری دەخەنەوە. بۆیە تا ئەم دواییانەیش ڕووسەکان فلسێکیان دەخستە نێو دەمی مرووەکانیانەوە، تاکو لەو دنیا بیدەنە کرێی سواربوونی ئەو کەشتییە!

هەیە و نە پارە، تاکو مامۆستایەکی وەکو میر پۆلیتسین بگرم، زۆر باش زمانی رووسیم فێر بکات.. ئەی چی! ئەمەیش کاتێک.. "قسەکەی بە خۆی بڕی.." لە بەر ئەوەی خەریک بوو، پەندێکی فەڕەنسی لە قسەکانیدا بەکار بەرێت، کە پەندی:"**هەر کات قسە لە گورگەوە دەکرێت، کلکی دێتە بەرچاوان!**" بوو.

بە خۆبەخشەکەیشی وت:

"نەخێر.. نەخێر! جارێکی تر بەو سەرپێچیی هەڵانەی بەکار بردنی پەندی بیانییەوە، ناهێڵم بمگریت!"

ئەمەش پەندی خۆمالّیانەی خۆمانە کە وتوویانە: "**کە قسە لە خۆرەوە دەکرێت.. تیشکە بەتینەکەی دێتەوە بەرچاومان.**" هەر وەکو ئاسانیی درۆ کردنی ئەو ژنانەیە، کە لە سەری راهاتوون.

لەو کاتەدا کە پییەر خۆی کرد بە هۆڵەکەدا.

بزەیەکی بۆ ئەویش کرد و پێی وت:

"بەسەر باسی خۆتدا هاتیت! پێش کەمێک بەر لە ئێستا، وتمان کە فەوجەکەی تۆ، پێش فەوجی مامۆنۆڤ دەداتەوە."

پییەریش دەستەکانی خانەخوێیەکەی ماچ کرد و لایەوە دانیشت و وتی:

"لە بارەی فەوجەکەمەوە مەمدوێنە! خۆزگە پشکی منت زانیبایە لە نێویاندا!"

جوولییش بزەیەکی فێڵبازانەی بە ڕووی خۆبەخشەکەدا دا و وتی:

"بێگومان هەر خۆت، سەرکردایەتیی فەوجەکەت دەکەیت.. وا نا؟"

خۆبەخشەکەیش بە هاتنی پییەر، کۆڵی لە لاقرتێ و، قسە رەقەکانی دا و، بە هانای ئەو قسەیەوە نەچوو. چونکە کەسێتی پییەر پیزۆخۆڤ، لەگەڵ سادەییەکەیشیدا، وای سەپاندبوو، کە شەرم بکەن و، گاڵتە و لاقرتێ بە کەس نەکەن.

پییەریش بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە وتی:

"نەخێر! بەو شێوەیە نییە و، بەڵکو دەبمە ئامانجێکی گونجاو، بۆ فەڕەنسییەکان! خەمی ئەوەیشمە: نەتوانم تەنانەت سواری ئەسپێکیش ببم."

دوای ئەوەی بانگهێشت کراوان باسی ئەم و ئەویان کرد. قسەکانیان بردەوە سەر بنەماڵەی ڕۆستۆڤ.

جوولی وتی:

"لەوە دەچێت، باری ژیانیان زۆر ناڵەبار بێت. ئەمجا کۆنتیش زۆر شارەزا نییە

و، بنەماڵەی رازۆمۆڤسکی ویستیان خانووبەرە و، کۆشکەکەی گوندیان لێ بکڕن. تا ئێستایش لەو بێنە و بەردەدان! کۆنتیش داوای نرخێکی مەزن دەکات."

یەکێک لەوڵاوە هەڵیدایە:

"هەرچەند بیستوومە، لەم چەند ڕۆژەدا: فرۆشتنەکە ڕوو دەدات. بەڵام ئاخۆ لەم بارە ئاڵۆزەدا، ئەمە کارێکی شێتانە نییە شتێکی وا لە مۆسکۆدا بکرێت؟"

جوولی هەڵیدایە:

"بۆ!؟ بۆچی تۆ پێتوایە: هەر بە ڕاستی مۆسکۆ لە مەترسیدایە!؟"

یەکێکی دی پرسیی:

"ئەگەر مۆسکۆ لە مەترسیدا نەبوایە.. تۆ بۆ سەفەرت دەکرد!؟"

جوولی وەڵامی دایەوە:

"من؟ ئای لەم پرسیارە پێکەنین هێنە!! من بۆیە سەفەر دەکەم، چونکە... بەڵام خۆ ئەوەتا خەڵکەکە، هەموویان ڕەو دەکەن! هەروەها خۆ من نە "جان دارک" و، نە "ئەمازۆنی"[1]م

ئەویش وتی،"بەڵێ! هەر وایە...ئادەی پارچەیەکی ترم بدەنێ، با بیخەمە ئێرە."

ئەو خۆبەخشەی کە هەر خەریکی باس کردنی بنەماڵەی ڕۆستۆف بوو وتی،"ئەگەر هەڵسوکەوتی خۆی بە باشی زانیبایە، قەرزەکانی سەرشانی خۆی دەدایەوە! هەرچەند پیاوێکی ئازایە! بەڵام زۆر داماوە! دواجار چی وای لێ کردووون، ئەم ماوە زۆرە لێرە بمێننەوە؟ خۆ دەمێکیشە دەیانەوێت کە بڕۆنەوە گوندەکەی خۆیان! پێم وابێت ناتاشا دروستیی باش بووە.. ئەی وانییە!؟"

بە بزەیەکی گاڵتە ئامێزیشەوە پرسیارەکەی لە پییەر کرد.

ئەویش وتی:

"ئەوان چاوەڕێی ئەو کوڕە پچووکەیان دەکەن، کە خۆبەخشە لە مەفرەزەیەکی قەوقازییەکانی ئەبۆلنسکییدا و، نێردراوە بۆ "بیلاییا تسیرکۆڤ" و لەوێ فەوجێکی تر پێک دێنن. ئیدی خزمانی بۆ لای منیان گواستووەتەوە. جا ئەوان چاوەڕێی سەرەی مۆڵەتەکەی ئەون. ئەوە کۆنت هەر زۆر ئارەزوومەندە بە گەڕانەوە.. بەڵام کۆنتیسە نایەوێت بگەڕێتەوە، تاکوو کوڕەکەی نەبینێت.

---

۱ ـ گەلێکی ئەفسانەیین، چونکە جەنگاوەرەکانیان ژنن! ئەمانە لە "بۆن"ی ئاسیای بچووکدا نیشتە جێ بوون. جەنگاوەرەکانیان مەمکی لای ڕاستی خۆیان دەسووتاند، تا بتوانن بە جوانی تیرو کەوانەکانیان بەکار بێنن! یەکێک لە پاشاکانیان هێرشی کردۆتە سەر هەرقل وبەزاندویەتی!

لە سەری رۆیشت:

"پیرێ.. خۆم لە مالّی بنەمالّەکەی ئارخارۆڤدا بەخێرم هێنان. ناتاشایان هێندەی تر جوانْ بوو بوو! دەروونی بێگەرد بوو! شیعرێکی زۆر کاریگەریشی بە گۆرانی چڕی. ئای کە ئەم خەڵکە بە زووییی هەموو شتێکیان بیر دەچێتەوە!"

پییەر بە شێوازێکی زبر پرسیی:

"چی هەیە وا بە زووییی بیر بچێتەوە؟"

جوولی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

"دەزانیت.. لەم ڕۆژانەدا لە ڕۆمانەکانی خاتوو "دو سۆزا"دا نەبێت!! مرۆڤایەتی شۆڕەسوارانێکی وەکو تۆی بۆ بەرهەم نایەتەوە!"

پییەر سوور هەڵگەڕا و پرسیی:

" کام شۆڕەسوارانە؟ ئەرێ تۆ دەتەوێت چی بڵێیت؟"

جوولی وەڵامی دایەوە:

"دەی.. پییەر، تۆیش خۆت لە گێلی مەدە و، پێت سەیر نەبێت! ئەمە راز و نیازی، سەرزاری ڕووسیاییەکانە! بە شەرەفم.. هەر بە راستی من پێت سەرسامم!"

خۆبەخشەکە هەڵیدایە:

"سزا کردن! سزا کردن!"

جوولیش وتی:

"با قسەی تۆ بێت! شتێکی دی نییە.. ئەمە نەبێت لێوەی بدوێین!"

پییەر هەستا و بە ڕەقییەوە پرسیی:

"ئەو باس و خواسەی بەسەر زاری ڕووسییەکانەوەیە.. چییە؟"

جوولی هەڵیدایە:

"بەڵام کۆنت.. ئەوە چییە؟ دەڵێی خۆت هیچ نازانیت؟"

پییەریش وتی:

"لە ڕاستیدا.. هەر ئەوەیە کە تۆ دەیڵێیت! من ئاگام لە هیچ نییە!"

ئەمجا جوولی وتی:

"ئاگام لەوەیە کە تۆ زۆر تەبایت لەگەڵ ناتاشادا و، منیش لای خۆمەوە زۆر هۆگری ڤیرام! ئەو ڤیرا.. ئازیزە!"

پییەریش کە هێشتا هەر تووڕەبوو، دڕێژەی دایە:

"نەخێر.. خانمەکەم! هەرگیز من ئەو شۆڕەسواری خەونەکەی ناتاشای کچی

ڕۆستۆف نیم! مانگێکیش دەبێت، پێم نەخستووەتە مااڵیانەوە! لەم دڵڕەقییەی تۆیش تێناگەم..."

جوولییش دەسکە بەسیلەکەی دەستی جوواڵند و وتی:

"ئەوەی داوای لێبووردن دەکات، ددان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێت!"

بە مەبەستی ئەوەی دواپین قسە بکات و بابەتەکە بگۆڕێت جوولی وتی:

"دەزانیت کەمێک لەمەو پێش، چ هەواڵێکم پێگەیشتووە؟ دوێنێ ئەو ماریپە داماوەیش، گەیشتووەتە ئێرە! ئەی ئاگاداریت: ئەو داماوە باوکی لە دەستداوە؟"

پیپەریش وتی:

"بە راستتە؟ ئێستا ماری لە کوێیە؟ چەندە حەز دەکەم، بیبینم!! ئەمشەو ئاهەنگی شەوانەم، لەگەڵ ئەودا بە سەر برد. ئەمڕۆ.. یان سبەی خۆی و بڕازا چکۆلەکەی، دەچنە سەردانی ئەو مووڵکانەیان، کە کەوتووەنەتە دەرەوەی شار."

پیپەریش پرسیپەوە:

"ئای! ئاخۆ لە چ بارو دۆخێکدا بێت!؟"

جوولییش وەاڵمی دایەوە:

"باشە و باشیش نییە! بەاڵم خەمبار دەردەکەوێت. دەزانیت کێ ژیانی ئەوی کڕیوەتەوە و، منەتباری کێ بووە؟ ئەو بەسەرهاتەیش بۆ خۆی چیرۆکێک بووە! جوتیارە یاخی بووەکان گەلەکۆمەکییان لێکردووە تاکو بیکوژن! تەنانەت بڕێک لە پیاوەکانی ئەویان بریندار کردووە! بەاڵم ڕۆستۆف خۆی گەیاندوویەتێ و، رزگاری کردووە!"

خۆبەخشەکە هەڵیدایە:

ـ ئەمەیش لە خۆیدا رازێکی نوێیە! ئەمە هەاڵتنێکی گشتگیرە، بۆ ئەوانەی دەتوانن هەڵبێن. بۆ ئەوەی کچە قەیرەکان شوو بکەن! بە کاتیش دەست پێ دەکەن و، دواتر سەرەی کچەی پۆلکۆنسکی دێت!

جوولییش وتی:

"دەزانیت کە منیش پێم وایە ئەو ماریپەش کەمێک دڵی بۆ ڕۆستۆف لێدەدا!"

خۆبەخشەکە هاواری لێ هەستایەوە:

"عیشق! عیشق! عیشق!!"

جووڵییش هاواری کرد:

بەاڵم ئاخر چۆن چۆنی: بە زمانی ڕووسی تۆ تێ بگەیەنم!!؟

بەشی هەژدە
دواین بـڕیاری پییەر

کە پییەر گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان. دوو ئاگادارییان دایە دەست کە بـەم دواییانـە گەیشتبووو. یەکەمیان: "لە سـەر ئەوە پێداگریی دەکرد بـە پێچەوانـەی ئـەوەوەی کـە لـە نێـو خەڵکیـدا بـاڵاو بووەتـەوە، گوایـا ڕێگریـی لـە سـەفەر کـردن و چـۆڵ کردنـی شـارەکە دەکرێـت: زۆر بـەختیار دەبێـت، بـەوەی ژنـانی نـەجیبزادەکان و، بازرگانـان ببینێت کە مۆسکۆ جێ دەهێڵن. پێیشـی وابـوو: ژنـان بـەو کارەیـان تووشـی کـەمترین ترس دەبن و، کەمتریش دەدوێن! بەڵام لەسـەر ئەم کەللەیەی خۆم گرەویش دەکەم، کە ئەو ناپلیۆنە تاوانبارە ناتوانێ بگاتە ئیرە."

کە پییەر ئەم ڕستانەی خوێندەوە، بۆ یەکەمجار و، بە ڕوونی بۆی دەرکـەوت کـە فەڕەنسییەکان خۆیان بە مۆسکۆدا دەکەن و، داگیریشی دەکەن!

نوسراوی ئاگاداری کردنەوەی دووەم تێیدا نووسرابوو:

"سـەرکردایەتیمان لـە ڤیازمادایـە و، کۆنـت وێتگنشـتاین، فەڕەنسـییەکانی هـەڵبڕیوە و، شکسـتی بـە سـوپاکەیان داوە! لەبـەر ئـەوەیش کـە خـەڵکێکی فــرەی دانیشـتوان، حـەز دەکەن چـەکدار بکرێن. شمشێر و تفەنگ و، دەمانچەیەکی فرەیشیان، لـە چـەک و جبەخانەکاندا، دەست خستووە."

شـێوازی ئاگادارییەکـەیش گاڵتەجارانـە نـەبوو.. وەکـو ئـەوەی، راگەیاندنـەکان دابوویانـە پـاڵ "تشـجیرین". ئەمـەیش وای کـرد پییـەر بیـری فرەتـری لـێ بکاتـەوە. هەسـتی کـرد کـە ئـەو گێژەڵووکـەی پڕوپاگەندەیـەی، کـە حـەزو ئـارەزووی نـاخی خۆیشییەتی، لە چالاکیدایە.

ئەوە سەدەمین جاری بوو لە خۆی بپرسێت:

"ئـاخۆ پێویست بکات.. پەیوەندی بە سوپای شـەڕکەرەوە بکـەم!؟ یـان چـاوەڕوانی رووداوەکان بم؟"

کاغەزەکانی کاغەزێنی جێماوی سەر مێزەکـەی گرت بـە دەسـتەوە و، کەوتـە فـاڵا لێدان و، بەخت گرتنەوە، پێیان.

دوای ئەوەی سەری بڵند کردەوە لە دڵی خۆیدا وتـی:

"ئەگەر "فەتاح فاڵ"ەکە بوو... ئەوە ئـاخۆ چی بگەیەنێت؟"

پێش ئەوەی وەڵام بـۆ پرسـیارەکەی خـۆی بدۆزێتـەوە، لـە دەرگـاوە دەنگێک بڵند بووەوە کە ئاخۆ رێی دەدەن بێتە ژوورەوە!؟

پییەر لە دڵی خۆیدا وتـی:

"ئەم دەنگە ئەوە دەگەیەنێت، کە دەبێت پەیوەندی بکەم بە سوپاوە!"

ئەمجا لە جێی خۆیەوە هاواری کرد:

"وەرە ژوورەوە... فەرموو!"

ژوورەوە کەوتووەکە، یـەکێک بـوو لـە ئـەمیرە مەزنـەکان بـوو. خـاتوونێکی دەم و چـاو رەقەڵـەی بـاڵا بـەرزی تـەنیا نیشـتەنیی ماڵەکـەی پییـەر پیـزۆخـۆڤ بـوو و دوو خوشکەکەی تری شوویان کردبوو.

بە لۆمە کردن و دەنگێکی شڵەژاوەوە وتـی:

"ببووورە ئـامۆزا، لەم کاتەدا هاتم بـۆ لات. بـەڵام ئێستا کاتی بڕیـاردانە.. خەڵکەکـە هـەموویان مۆسکۆیان جـێ هێشـتووە و، رەویـان کردووە! ئـەوانی تـریش خـەریکن یاخی دەبن!.. کەوابوو ئێمە بۆچی هەر لە چاوەڕوانیدا بمێنینەوە؟"

پییەریش بە لاقرتیوە وتـــی:

"بەڵام کچە ئامۆزا، بە پێچەوانەوە.. بەڵای منەوە شتەکان رێک و پێکن!"

پییەر هەمیشە، ئەمە شێوازی وتوویژی بوو.

ئەمجا کچە باڵا بەرزەکە پرسیی:

"زۆر جوانە!! ئەی تۆ ئەم هەواڵـەت لە کوێوە هێنا!؟ دەمێک نییـە فرفـارا ئیڤانۆڤنـا

ئازایەتییەکانی سەربازانی خۆمانی بۆ گێڕاومەتەوە! ئەم کارەشیان شەرەفیان بالاتر دەکات! خەڵکەکە ڕاپەڕیون و، بە ئارەزووی دڵی خۆیان دەکەن. کوا ئەمڕۆ کەس گوێڕایەڵ دەبێت!؟ تەنانەت کارەکەرەکەیشم بە تووڕەییەوە وەڵام دەداتەوە. هیچ دوور نییە لێیشمان بدەن! وای لێ هاتووە: کەس ناتوانێت پێ بخاتە ئەودیو دەرگاکەی خۆیەوە! بەڵام لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە، کە هاتنی فەرەنسییەکان لەمڕۆ و سبەینێدایە! بۆ خاتری خوا چاوەڕێی چی بکەین!؟ تکا دەکەم.. کوڕە مامی خۆم: تکایە فەرمان دەر بکە بۆم، تاکو بمگەیەننە پیترزبۆرگ. سووک و رسواییم پەسەندە و، نامەوێت بکەومە ژێر دەسەڵاتی ناپلیۆنەوە."

ئەویش وتی:

"ئەمە تۆ دەڵێی چی.. کچە ئامۆزا!؟ ئەم زانیاریانە لە کوێوە دێنیت؟ شتەکە پێچەوانەیە.. "

کچەیش هەڵیدایە:

"ناچمە ژێر رکێفی ناپلیۆنەکەتەوە. ئیدی خەڵکی تر، چی دەکەن، ئارەزووی خۆیانە.. گەر رازیش نابیت..."

پییەریش وتی:

"بێگومان بە هەر ئێستا فەرمانیان بۆ دەردەکەم."

کچە ئامۆزایش بە بێزارییەوە خۆی بەردایەوە، نێو کورسییەک.

پییەریش لە سەری ڕۆیشت:

"ئەوان زانیاریی هەڵەت بۆ دێنن. هەموو شتێک لە شاردا ئارامە و، خەڵکی لە مەترسیدا نین. بڕوانە.. بزانە چیم دەخوێندەوە!؟"

ئەمجا هەر دوو ئاگادارییەکەی پیشاندا: کۆنت لە سەر ژیانی خۆی گرەو دەکات کە هەرگیز دوژمن خۆی بە مۆسکۆدا ناکات!"

خاتوونەکەیش بە لاقرتیوە وتی:

" ئۆف لە دەست تۆیش: ئەی کۆنت! ئاخر ئەو کۆنتەی ئەوەی نووسیوە، پیاوێکی درۆزنە! ئەو تاوانبارە و، بە دەستی خۆی، جەماوەری بەرەو یاخی بوون بردووە. نەدەبوو هەستی ڕابگرتنایە و، نەیبردنایە بۆ مەخفەر؟ پیاوێکی فرە گێڵە! حەز دەکەی ئەنجامی ئەم مامە حەمەییەی بزانیت!؟ فرفارا ئیڤانۆڤنا خۆی بۆی گێڕامەوە: کاتێک بە فەرەنسی قسەی کردووە..خەریک بووە، لە سەر ئەو شەقامانە هەر بیشی کوژن!"

پییەر بە دەم هەڵدانەوەی کاغەزی کۆنکەنی، فاڵا گرتنەوەکەوە وتی:

"دەی.. دەی! تۆ هەموو شتێک بە راست وەردەگریت!"

هەرچەند یاری فاڵەکەیش کڵۆم نەدرا و کرایەوە! بەڵام پییەر هەر پەیوەندیی بە سوپاوە نەکرد.

تا دەهات شاری مۆسکۆ، بەرەو چۆڵبوون دەچوو و، پییەریش بە دڵەڕاوکێیەکی تێکەڵ بە خۆشییەوە، لە چاوەڕوانیی رووداني کارەساتێکی تۆقێنەردا بوو.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، ئەمیرەی گەورە، ڕەوی کرد و، تۆمارکاری گشتیی تاپۆ، هات بۆ لای پییەر و، تێی گەیاند: تاکو یەکێک لە مواڵکەکانی، بۆ نەفرۆشێت خەرجیی فەوجەکە دابین نابێت.. ، بەمەیش کاولتر دەبین!"

پییەریش زەردەخەنەکەی بۆ نەشاردرایەوە و، وتی:

"لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا: بفرۆشە.. چار نییە! ناتوانم ئەو پەیمانەی داومە هەڵی بوەشێنمەوە.

کارەکانی پییەر خۆی، بەرەو خراپ بوون دەچوو. بەڵام پییەر ئەم هەواڵانەی بە خۆشییەوە وەردەگرت، چونکە ئەوانە بۆیان دەردەخست کەوا رووداني ئەو کارەساتەی چاوەڕوانیی دەکات، نزیک بووەتەوە!

نزیکەی هەموو ناسیاوانی ڕەویان کردبوو و، مۆسکۆیان جێ هێشتبوو. جوولی و خاتوو ماریش، سەفەریان کرد و، تەنیا بنەماڵەی ڕۆستۆف مابووەوە و، پییەریش پێی لێ بڕی بوون.

بۆ کات بەسەر بردن، پییەریش بەرەو دەرەوەی شار و، بۆ فۆرۆنتسۆڤۆ چوو. تاکوو ئەو باڵۆنە ببینێت، کە دوژمنی پێ کاول دەکرێت و، ئەندازیار لیبیخ دایهێناوە. ئەوەیش باڵۆنی تاقیکردنەوەیە و، سبەینێ هەڵی دەدەن.

هێشتا هەموو شتەکانی باڵۆنەکە ساز نەدرابوو. بەڵام پییەریان لەوە بە ئاگا هێنایەوە کە ئیمپراتۆر بە هەموو توانای خۆیەوە، پشتگیریی ئەم داهێنانە دەکات. تەنانەت نامەیەکیشی بۆ ڕۆستۆتبشین نووسیوە و، تێیدا هاتووە:

"هەر هێندەی باڵۆنی ڕۆستۆتبشین ساز درا: گروپێک بۆ سەبەتەی ژێری باڵۆنەکە ساز بدەن، لە کەسانێکی زیرەک و بڕوا پێکراو و، تەتەرێکیش ڕەوانەی لای کۆتۆزۆڤ بکەن و، ئەم تەقەلا نوێیەی پێ ڕابگەیەنن.

تکاتان لێدەکەم وریای "لیبیخ" بن و، ئەو شوێنەی یەکەمجار لێی دەنیشێتەوە. تاکوو هەڵە نەکرێت و، نەکەوێتە دەستی دوژمن. پێویستیشە جوولە پێکردنی لەگەڵ

ژەنەڕاڵی باڵادا ڕێک بخرێت."

کاتی گەڕانـەوەی لە فۆرۆنتسۆڤۆ و، تێپەڕ بوونی بە گۆڕەپانی بۆلۆتنایادا. پییـەر کۆمەڵێکی بینی، بە دەوری مێخێکەوە. ئەویش فەرمانی دا و، گالیسکەکەیان وەستان و دابەزی. چێشتلێنەرێکی بەستراوەی بینی، کە تازە لە فەلاقە و، قامچی لێدانی بوو بوونەوە و، پێدەچوو کەسێکی فەڕەنسی بێت و، بە سیخوڕی تۆمەتبار کرابوو.

قامچی وەشێنەکە، پیاوێکی کەتـەی سووربـاوی، بـە نرکـە و نالّـەی، لـە دوو داری راست و چەپ کراوی، چەقیو کردەوە.

تـاوانبارێکی تـری بـاریکەلەی زەرد هەڵگـەڕاویش لـە چـاوەڕوانی سـزای خۆیـدا بوو. بە ڕەنگ و ڕوویاندا دیـار بـوو، هەردوکیان فەڕەنسی بوون.

پییـەر بـە ڕوویـەکی گـرژی وەکـوو تاوانبارەکانـەوە، دڕی بـە ئـاپوورەی کۆمەڵـە خەڵکەکە دا و پرسیی:

"ئەمە چییە؟ ئـەمانە کێن!؟ چییان کردووە؟"

بـەڵام ئـەو خەڵکـەی، کـە هەنـدێکیان فەرمانبـەر و، هەنـدێکی تریـان پیشـەوەر و، کاسبکار و دێنشین و ژن بوون: پاڵتۆی درێژ درێژیـان لەبـەردابوو. هێنـدە سـەرقاڵی بینینی ڕووداوەکە بوون، ئاگایان لە پییەر نەمابوو! تەنانەت وەڵامیشیان نەدایەوە.

پیـاوە کەتەکـە بـــە ڕوویـەکی گـرژ و، حـــەزی دەرخسـتنی جـێ قەمچییـەکانی جەستەیەوە، لە کاتی لەبەر کردنەوەی چاکەتەکەیدا، لە خەڵکەکەی دەڕوانی.

لە نـاکاو لێوەلەڕەی پێ کەوت و، دایە پڕمەی گریـان و، وڕەی ڕووخـا! پییـەریش پێی وابوو، غەڵبە غـەڵبی خەڵکەکـە بـۆ ئـــەوە بـوو، هەسـتی خۆیـان لـە بەرامبـەر ئـەو گریانەدا بشارنەوە.

پییەر وتـــی:

"ڕەنگە ئەمە چێشتلێنەری، یەکێک لە میرەکان بێت!"

"چی! چی بـەڕێز! ؟ شۆڕبـای ڕووسی بـە قوڕگـە فەڕەنسییەکەت کـەمێک تـرشە! هیچ بـەر ددانەکانتان ناکەوێت! هـا؟"

ئەمە قسەی کەسێکی تەنیشتی پییەر بـوو، لـە کـاتی بینـی گریـانی فەڕەنسییەکەدا. ئـەمجا هـەر ئـەو فەرمانبـەرە چکۆلـە، سـەرنجی خەڵکەکـەی دا، تـا بزانێت پشـتگیری دەکرێت؟

لە ڕاستیشدا هەندێکیان لـە قاقایـان دا! بـــەڵام ئـــەوانیتر نـەیانتوانی سـەرنجیان لە سەر ئەو قامچی وەشێنە بگوێزنـەوە، کـە خـەریکی ڕووت کردنـەوەی تاوانبارکراوی

دووەم بوو، بۆ فەلاقە کردن.

پیـەر هنگێکی بـە لـووتی کرد و، برۆکانی یـەک هێناوەیـە و، گەڕایـەوە دواوە و، بەرەو گالیسکەکەی و، سوار بووەوە و، بە درێژایی رێگاکە دەیبۆلان.

ناچار گالیسکەوانەکە پرسیی:

"فەرمانت بە چییە؟"

ئەویش کە بۆی دەرکەوت بەرەو لۆبیانکا دەڕوات، هاواری کرد:

"بۆ کوێ دەچیت!؟"

گالیسکەوانەکەیش وتـی،"بۆ لای ژەنەرالّـی حاکم. ئەی خۆت نـەتگوت بتبـەم بۆ ئەوێ؟"

هەرچەند پیـەر کەسێکی جنێوفرۆشیش نەبوو، بەڵام هێندە تـووڕە بـوو بـوو بـەم شێوەیە، کەوتە جنێودان:

"ئـاژەڵ! هـەی گێژ و حـۆل! پێم وتبـووی بمگەیـەنـە ماڵـەوە و، لەمـەیش خێراتـر بئاژوو. چونکە هەر ئەمڕۆ دەبێت بڕۆم!"

هەرکە پیـەر، ئـەو دادگایی خەڵکە رەشـۆکیـەکەی بینی، بـڕیاریدا بـە پەلـە و بێ دواکەوتن، پەیوەندی بە سوپاوە بکاتـەوە. تەنانـەت پێیشـی وابـوو گالیسکەوانەکەیش بە ئەوەی زانیوە.

هەر بە گەیشتنەوە ماڵا، ئیڤاستاڤیڤیتشـی گالیسکەوان ـ ئـەو پیـاوەی کـە هـەموو شتێکی لە دەست دەهات و، خەڵکێکی فرەی مۆسکۆی دەناسـی و، مۆسکۆییەکانیش ئـەویان بـاش دەناسـی ـــ بانگ کرد و، پێی راگەیاند کـە دەیـەوێت هـەر ئەمشـەو، سەفەر بکات بۆ مۆجاییسک و، ئەسپەکەی ژێر خۆیشی بۆ ئەوێ بنێرێت.

لەبەر ئـەوەی ئـەو هـەموو کـارە لـە ڕۆژێکدا نـەدەکرا. بۆیـە لـە سـەر ئامۆژگـاریی ئیڤستاڤییڤیتش باشتر وایـە، پیـەر سـەفەرەکەی بخاتـە سبەینێ. تـاکوو ئـەویش فریـا بکەوێت چەند ئەسپێکی تر بخاتە شوێنیان.

لە بیست و چواری مانگدا، کەش و هەوا لـەبار بـوو. دوای نـانی نیـوەڕۆ خـواردن و شـەوەکەی، مۆسکۆی جێ هێشت و، سـەفەری کرد. ئـەو دەمـەی لـە بیرخۆشکۆڤۆ ئەسـپی ژێـر گالیسکەکەیان بـۆ گـۆڕی، زانیـی کـە سـەر لـە ئێـوارە، شـەڕێکی مـەزن رووێداوە و، گرمـەی گوللەتۆپـەکان زەویـی دەلەرانـدەوە! پیـەر هـەرچەندی کرد و، زۆری پرسـی و، هـەواڵـی لایـەنی سـەرکەوتووی دەسـت نەکـەوت. شـەڕەکەیش، شەڕەکەی شیڤاردینۆ بوو.

بەرەبەیان گەیشتە مۆجاییسک. سوپا خانووبەرەکانی داگیر کردبوو. لە خانەکە، گالیسکەوان و نۆکەرەکەی چاوەڕێیان دەکرد.

بەڵام لە ئوتێلەکەیش، هیچ ژوورێک بۆ پییەر ئامادە نەکرابوو، چونکە ژوورەکان بە ئەفسەران سیخناخ بوو. هەموو هەرێمەکە، تەرخانی سوپا کرابوو.

سێیری هەر لایەک بکرایە: سەربازانی قەوقازی بوو..یان پیادە و سوارە و گالیسکەی بارهەڵگرو، سندوقی بچوک بچوکی تەقەمەنیی و، یەکەی تۆپخانە بوو.

پییەر پەلەی بەرەو چوونە پێشەوەی بوو. تا پتر دەچووە ناوەوە دڵەڕاوکێیەکەی، پتر دەبوو.

پییەر نەدەگەیشتە ئەم بۆچوونە.. تەنیا تەقەلای دەدا، خۆی قایيل بکات بۆچی و، لە پێناوی چیدایە چیژێکی وا تایبەت لە قوربانیدانەکەیدا وەردەگرێت!؟ هۆی قوربانیدانەکەی بە لاوە گرنگ نەبوو. کەچی قوربانیەکە لە خۆیدا هەست کردنێکی نوێی بەختەوەریی پێ دەبەخشی.

بەشی نۆزدە
شەڕەکانی شیڤاردینۆ و بوورۆدینۆ

لە (٢٤)ی ئابدا، شەڕی شیڤاردینۆ، دەستی پێکرد. هەر لە (٢٥) ئەو مانگەدا، یەک فیشەک نە لەملاو نە لەولا، نەتەقی! لە بیست و شەشی ئەو مانگەدا، شەڕی بوورۆدینۆیش هەڵگیرسا.

بۆچی ئەو شەڕانە بەرپا بوون و، چۆن رووياندا؟ بە تایبەتیش شەڕەکەی بووردینۆ؟ نە فەڕەنسییەکان و، نە ڕووسییەکان، پاڵنەرێکیان نەبوو بۆ ئەو شەڕە! کاریگەریی راستەوخۆ بەسەر ڕووسەکانەوە فرەتر بوو و، دەبوو هەر وایش بوایە. ئەوەیش هۆیەکی تری، لە دەستدانی مۆسکۆ بوو. ئەمەیش ئەوە بوو کە لە هەموو شتەکانی ئەم دنیایە، پتر لێی دەترساین!

هەرچەند ئەم ئاکامە لە کەس شاردراوە نەبوو.. کەچی نەبووە کۆسپ بۆ ناپلیۆن و، شەڕەکەی هەڵگیرسان و، کۆتۆزۆڤیش بەرەنگاری بووەوە!

ئەگەر سەرکردە مەزنەکان، خۆیان بدایە بە دەست عەقڵەوە و، ڕێنوێنیان هەبوایە، ئەو دەمە بە ڕوونی بۆیان دەردەکەوت، کە دوور کەوتنەوەی سوپاکە، بە دووری (٥٠٠)کم، لە بنکەکانیانەوە و، لە شەڕێکدا جۆشیان خواردووە، کە چواریەکی سوپاکەیان لە دەست دەدەن. دەیشیان بینی کە بەرەو دۆڕاندنێکی بەرچاو دەڕۆن!

بارەکەی کۆتۆزۆقیش هەر هەمان شت بوو. کە شەڕ کردنەکەی پەسەند بوو. ئەویش تەنیا بە هەڵبژاردنی شەڕ و، بە گژاچوونەوەکە، بە هەمان شێوە: نزیکەی چواریەکی سوپاکەی لە دەست دا و، بە سەریدا سەپا کە مۆسکۆ چۆڵ بکات.

هەر بە لێکدانەوەیەکی سادە و، بیرکاریانە، ئەگەر من داشێکم کەمتر بوو، لە دوژمنەکەی بەرامبەرم و، لە هەر جووڵەیەکدا بە یەکسانی، هەردوو لامان بەرەبەرە داش بدۆڕێنین... ئەوا گومانی تێدانییە: من یارییەکە دەدۆڕێنم.

بۆیە ژیریم پێم دەڵێت: **یاریی.. داش بە داش مەکە.**

لە راستیشدا گەر یاریچییەکەی بەرامبەرم، شازدە داشی هەبێت و، منیش چواردە داش. کەوابوو، بە ڕێژەی هەشت یەک، لە ئەو لاوازترم.

بەڵام دوای ئەوەی، هەردوو لامان، لە ئەنجامی جووڵاندنی داشەکاندا: سیازدە داش لە دەست دەدەین. لەم کاتەدا: من سێ هێندە، لە ئەو لاوازترم.

هێزەکانمان لە پێش شەڕەکەی بوورۆدینۆیشدا، ڕێژەی سەربازەکانمان، لە چاو ژمارەی سوپای فەڕەنسییەکاندا پێنج بۆ شەش بوو. سەد هەزار سەربازی ئێمە، لە بەرامبەر سەد و بیست هەزار، سەربازی فەڕەنسیدا وەستابوو.

دوای شەڕەکە، ڕێژەکە بوو بە یەک بۆ دوو. سوپای ئێمە بووە پەنجا هەزار و لە بەرامبەر سەد هەزار سەربازی فەڕەنسیدا وەستابوو. لەگەڵ ئەو هەموو ئەزموونەیدا، کە هەیبوو کۆتۆزۆڤ شەڕەکەی کرد.

ناپلیۆنیش ئەو سەرۆکە بلیمەتەی، وەک ناویان دەبرد، شەڕێکی کرد، چواریەکی سوپاکەی تێدا لە دەست دا و، هێڵی بەرەی شەڕەکەی درێژ و درێژتر دەکردەوە.

هەندێک دەنگۆی ئەوەیان بوو، گوایا هەر دوای داگیر کردنی مۆسکۆ، شەڕ دەوەستێنێت و، وەکوو ئەوە دەکات، کە لە ڤییەنادا کردی. بەڵام چەندین بەڵگەی پێچەوانەی، ئەو دەنگۆیەیش لە ئارادا بوو.

میژوونووسانی دەرباری ناپلیۆن، دڵنیان بەوەدا نابوو، کە هەر لە داگیر کردنی سمۆلنسکەوە، دەیویست شەڕەکە بوەستێت. چونکە هەستی بە درێژبوونەوەی هێڵی بەرەی شەڕەکە کردبوو. ئەوەشی دەزانی، بە داگیر کردنی مۆسکۆ، هێرشبردنەکە ناوەستێت.

بە هەرحاڵ، لەو کاتەوە پێی وابوو خەڵکەکە خۆیان بەرودوا، شار لە دوای شار، بۆی چۆڵ دەکەن! چەندیان کردو کۆشا، دانووسانی لەگەڵدا بکەن، بەڵام کەس لێی نەبیستن.

بەو شێوەیە..کۆتۆزۆڤ و ناپلیۆن، ئەمیان بە داوای شەڕ کردن و، ئەوی تریشیان بە پەسەند کردنی بەرەنگاربوونەوە. گوێیان بە ژیریی خۆیان و حوکمدانی

ئازادی خۆیان نەدا! لە کاتێکدا مێژوونووسان دوای شەڕەکە، گەیشتنە ئەوەی کە ئەو دوو سەرکردەیە دووربین و بلیمەت بوون.

باوو باپیران چەندین شیعر و ئەفسانەییان بۆ جێ هێشتووین، کە بایەخیان بە پاڵەوان و تەقەلای تاکە کەسی داوە و، بوونەتە کلتورێکی ئازیز بۆمان. ئێستایش ئێمە چاو لە هەڵەکانیان هنووقێنین.

لە بارەی پرسیاری دووەمیانەوە، کە چۆن شەڕی بوورژوادینۆ و، بەر لەویش شەڕی شیۆاردینۆ رووید‌اوە؟ کاتی خۆی، تیلەچاوێکی زۆر ورد و، پەسەندی هەبووە و، بە هێندەی هەڵەییەکەی، ئێستای بووە و لێرە بە دواوە وەسفی دەکەین.

بە گوێرەی قسەی مێژوونووسان، سوپای رووس، دوای بە دوادا هاتنەکەی لە سمۆلنسک، دەبوو جارێکی دی، شەڕ بکاتەوە، تا لەگەڵ سوپادا، جۆش بخواتەوە. ئەو شوێنە لە بارەیشی، لە جەنگەکەی بوورژوادینۆدا دۆزییەوە.

بێگومان بە لای چەپی رێی مۆسکۆ و، بەرەو سمۆلنسک، زووتر ئەو بنکەیەیان تۆکمە و پتەو کردبوو. هەر بەو شێوەیە، ئەو رێگەیەشیان لە رێی نێوان بوورژوادینۆ و ئۆرتیتسا، تۆکمە کردبووەوە.

رووسیەکان ئەو پێگەی سەربازییەیان بۆ چاودێری کردنی، دوژمن لە بەرزاییەکانی شیفاردینۆدا دامەزراندبوو. لە بیست و چواری مانگدا، ناپلیۆن هێرشی کردە سەر ئەم پێگە بەراییە و، داگیری کرد. دواتر لە بیست و شەشی مانگدا پەلاماری هەموو سوپای رووسی لەو شوێنە تۆکمە پارێزراوەکەیشدا دا، کە پێدەشتی بوورژوادینۆ بوو.

لە دەمی مێژوونووسانەوە ئەمە دەگێڕنەوە و، هەر لە سەرەتای گێڕانەوەکەیان تا کۆتاییەکەی، راست نییە! هەر کەسێکیش بە وریاییەوە لێکۆڵینەوە بۆ ئەمە بکات.. ئەمەی بۆ دەسەلمێت.

رووسییەکان دوای هەڵبژاردنی باشترینی ئەو پێگانە، لە پاشەکشە کردنیاندا ژمارەیەکی زۆری لەو شوێنە ستراتیجییانە جێ هێشت. لەوانە بوورژوادینۆ. لەبەر چەندین هۆ. یەکێک لەو هۆیانە: کۆتۆزۆف خۆی پێگەیەکی هەڵنەبژاردایە و، بە باشی نەزانیبایە: پشتگوێی دەخست. هەروەها کردنی شەڕێکی بە نەتەوەیی و، بەو تووندییە، پێویست نەبوو.

میلۆرادۆڤیتشیش بە فیرقەی خۆبەخشەکانیەوە دواکەوتبوو، لە گەیشتنە شوێنی دیاریکراوی خۆی... هتد.

ئەوەیشی نکوولیی لێناکرێت، ئەوەبوو بنکەکانی تر، لەو بنکەیەی شەڕەکەی تێدا کرا، تۆکمەتر و سەختتر بوون. چونکە بوورژوادینۆ وەکوو بنکەی سەربازی لە

هیچێک لەو بنکانە باشتر نەبوو، کە لەسەر نەخشەی رووسیا بوو، تاکوو بە دەرزیی پچووک، لە سەر نەخشە دیاری بکرێت.

هەر ئەوە نەبوو، کە رووسییەکان بنکەی بوورۆدینۆیان بەلای چەپیدا و ئەستوونی لەسەر رێگاکە و شەڕەکەی تێدا بەرپابوو، تۆکمە نەکردبوو. بەڵکو تا پێش (٢٥)ی ئابی (١٨١٢)یش، بیریان لەوە نەکردبووەوە، کە رەنگە شەڕی تێدا بقەومێت! ئێستایش چەند شتێک وەکوو بەڵگە دێنمەوە، بۆ قۆناغی یەکەم، کە هیچ تۆکمە کردنێک نەکراوە، پێش بیست و پێنجی ئاب. ئەوەیشی لەو بەرواردا دروست کراوە لە بیست و شەشی مانگدا، کۆتایی نەهاتووە. لە قۆناغی دووەمیشدا.. باسی بنکەی قەڵای شیڤاردینۆ خۆی، دەکەم. کە هەرچەند کەوتبوویشە بەردەم شوێنی بەرپا بوونی شەڕەکە، کەوابوو بۆ لە هەموو شوێنەکانی تر تۆکمەتریان کردبوو؟ بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەیان بە خۆیان کرد و، بەرگرییان لێ کردو، تا درەنگانێکی شەوی بیست و چواری ئاب و (٦٠٠٠) سەربازیان، لەو شەڕەدا، لە دەست دا، لە کاتێکدا بۆ چاودێری کردنی دوژمن: گەڕانی دەورییەک لە قەوقازییەکانی بەس بوو؟

لەو کاتەدا ئێمە لە بنکەیەکی تۆکمەی پتەو و، ئامادەی شەڕ و بەرەنگار بوونەوە بووین، کەچی شەڕ لە شوێنێک رووبدا: کە نە چاوەڕوان دەکرا و، نە تۆکمە و پتەویش کرابوو.

شەڕەکە بە رووبی وابوو:

"هەر وەکوو مێژوونووسانیش پێداگریی لە سەر دەکەن: سوپاکەی ناپلیۆن لە پێشڕەویەکەی بیست و چواری مانگیدا، بەرەو فالوبیڤۆ و، لە ئۆتیتساوە تا بووردینۆ: هیچ بنکەیەکی سەربازیی رووسیی نەهاتە ڕێ! بنکەی سەربازیش لە راستیدا نەدەبوو تاکو ببینرێت. چونکە بوونیان نەبوو!!"

بە ڕۆیشتنی ناپلیۆن و، پەرینەوەی هێزەکانی لە رووباری کۆلۆتشکا و، گەیشتنە کەناری چەپی رووسەکان، ئەمانیش باڵی چەپی سوپاکەیان بەرەو دوا پێچایەوە. بەرەو بنکەیەکی نوێ و بێ ئەوەی زووتر لێکۆڵینەوەیان بۆ کردبێت، نە تۆکمەو نە خۆڕاگر نەبوو، کشانەوە. بەوەیش شەڕەکە لەلای راستەوە، گۆڕدرا بۆ لای چەپ. هەر لەو شوێنەیشدا شەڕی بیست و شەشی ئاب بەرپا بوو.

گەر ناپلیۆن لە (٢٤)ی مانگدا، لە رووباری کۆلۆتشا، نەپەڕیایەتەوە. گەر نەکەوتایە بە سەر قەڵاکەدا و، هێرشەکەی دوابخستایە، بۆ ڕۆژی دواتر. هەموو دنیا دەیبینی، کە ئەو قەڵایە دەبووە باڵی چەپی شەڕەکەمان و، شەڕەکەیش وەکوو ئەوە دەکەوتەوە: کە خۆمان چاوەڕوانمان دەکرد.

ئەو کاتە بەرگریمان لە شیڤاردینۆ و، باڵی چەپی بەرەی شەڕەکە دەکرد و، بە پەرۆشییەوە، لە ناوەڕاست و لای راستیشەوە، پەلاماری ناپلیۆنمان دەدا.

شەڕە گشتییەکەیش لە بیست و چواری مانگدا، لەو شوێنەدا رووی دەدا، کە تۆکمە و سەخت و، ئامادە کراوی روو بە ڕوو بوونەوە کرابوو. بەڵام کە هێرش کرایە سەر باڵی چەپی سوپاکەمان، ئێوارە و، دوای هاتنەوەیەکی دواییەی سوپا و، کشانەوەی بنوو. واتا دوای شەڕەکەی جریدنییڤۆ و، هەر لە بیست و چواری مانگەوە. بووە هۆی شکستەکەی بیست و شەشی مانگ.

دوای لە دەستدانی شیڤاردینۆ و، بەیانیی بیست و پێنجی مانگ خۆمان وا بینییەوە: کە شوێنی پاڵپشتمان نەماوە، ناچار بووین باڵی چەپی سوپاکەمان بهێنینەوە یەک و، پاشەکشەی پێ بکەین.

زوو بە زوو لە هەموو لایەکانەوە، پێگەکانی سوپاکەیش تۆکمە بکەین و، بەو شێوەیە هیچێک، لە یەکە سەربازییەکانی رووس، شوێنیان تۆکمە و، پارێزراو نەبوو و، لە چەندین سەنگەری نیوە ناچڵدا بوون و، لە هەموو ئەمانە ترسناکتر ئەوەبوو کە ژەنەرالەکانمان، هەستیان بەو حاڵە ترسناکەی سوپاکانی خۆیان نەدەکرد. نەیانەدەزانی شکستیان لە بەرەی چەپی شەڕەکەدا، بەرەو لای راستی سوپاکەیشیان دەبات. بەرەکەیان بەرەڵا کرد و، وەکو جارانیان و لە نۆڤوای یەوە تا ئۆتیتسا. ئەمەیش ناچاری کردن سوپاکەیان لە راستەوە بەرەو بەرەی چەپ ببەن. بەمەش تەنیا لە باڵی چەپەوە، سووپای رووس توانیی بەرەنگاری سوپای فەڕەنسی ببێتەوە. واتا بە سوپایەکەوە، کە دوو هێندە لاوازتر بوو، لە بەرامبەر دوژمندا.

بەڵام هێرشەکانی بۆنیاتۆ وسکی، دژی ئۆتیتسا و، ئۆڤارۆف، دژی باڵی راستی سوپای فەڕەنسی، لاوەکی بوو و، لە شەڕە گشتییەکە جیاواز بوو.

بەو شێوەیە شەڕەکەی بوورۆدینۆ، بە جۆرێک رووبدا، پێچەوانەی گێڕانەوەیەی ئەو مێژوونووسانە بوو، کە دەیانویست هەڵەیەلی ژەنەرالەکانمان بشارنەوە و، پەردەپۆشی بکەن.

بەمەیش ویستیان لە توانا و کاریگەریی گەل و سوپاکەمان کەم بکەنەوە. شەڕەکان لە شوێنی بۆ دیاریکراو و، تۆکمەکراودا، رووبان نەدا و، بە سوپایەکی ژمارە کەمتر، لە سوپای دوژمن کرا. بەڵکو دوای لە دەستدانی شیڤاردینۆ و، لە چەند شوێنی کراوە و رووتمەندا، شەڕەکان رووبانداا! جۆرێک کە بۆ سێ سەعاتیش سوپاکەمان، خۆیان بۆ راگیر نەکرا و، تووشی شکستی تەواو بوون.

بەشی بیست
سەفەرەکەی پییەر

بەرەبەیانی (٢٥)ی مانگ، پییەر مۆجاییسکی بەجێ هێشت. تاکوو بە درێژایی رێگا لێژە پێچاوپێچەکە، شۆڕ ببێتەوە و، شار و ئەو کڵێسەیە جێ بێڵێت، کە لە نێو دەنگی زەنگەکانیدا، بۆنە ئایینیەکانی تێدا پیرۆز دەکرا.

ئەمجا دابەزی و، بە پیادە و بە دەم دااڵغە لێدانەوە، بەرەو خوار بووەوە و، فیرقەیەکی سوارە، بە دوایەوە بوو.

لەوسەری رێگاکەیشەوە، کاروانێک لە بریندارانی شەڕەکەی دوێنێ، هەڵدەکشا و، ئەو ناوەیان، پڕ کردبوو لە هاوار و نااڵە و، دەنگی قامچی وەشاندن. هەر گالیسکەیەک، سێ یان چوار بریندارى تێدا بوو و، هەندێکیان تێیدا درێژ بوو بوون و، بڕێکیشیان تێیدا دانیشتبوون.

ئەو گالیسکانە بە سەر بەردی رێگا و شۆستەکەیدا هەڵبەز و دابەزیان بوو و، بریندارەکان زەرد هەڵگەڕابوون و، لە شاڵەوە پێچرا بوون. برژانگەکانیان یەک هاتبووەوە و، لێوانی خۆیان دەکڕۆشت. خۆیان بەملاولای یەکدا هەڵواسی بوو و، بەریەک دەکەوتن. هەموویان منااڵسا لە شەپقە سپیەکەی و بەرگە سەوزەکەی پییەریان دەڕوانی.

گالیسکەوانەکەی پییەر هاواری کردە گالیسکەکانی سەرەڕێ تا لا بکەون. بەاڵم فیرقەی سوارە، دابەزیوەکەی رێگا پێشیان کەوتن و، رێیان لەوانیتر بڕییەوە. پییەر

وەستا و، لوتکەی ئەو گردەی بینی، کە بەری بە خۆرەکە گرتبوو و، تیشکەکەی نەدەگەیشتە ئەو دۆلانەی خوارەوە و، هەست بە ساردیی هەوا دەکرا.

بەسەر سەری پیرەوە، دنیا رووناک بووەوە و، رۆشنایی بەیانییەکی تری مانگی ئاب، دەرکەوت. زەنگی کڵێسەکانیش روو لە خامۆشی بوون. گالیسکەیەک لە نزیکییەوە لای دایە کەناری ڕێگاکە. گالیسکەوانەکەی دابەزی و، بەردێکی خستە بەر پێچکەی دواوەی و، شتومەکی ئەسپەکەی ڕێکخستەوە.

یەکێک لە بریندارەکان کە سەربازێکی پیر بوو و، دەستێکی بە ملیدا هەڵواسرا بوو، بە دوای گالیسکەکەوە بوو و، دەستە ساغەکەیشی بە گالیسکەکەی بەردەمیەوە بوو؟

بە پیرەری وت:

"کاکی هاوڵاتی، تێم بگەیەنە ئاخۆ هەر لێرە جێمان دەهێڵن! یان دەمانگەیەننەوە مۆسکۆ؟"

پیرەریش هێندە داڵغەکەی قوواڵ بوو، هەر لە پرسیارەکەیشی نەگەیشت! ئەم لە فیرقەیەکی سوارەی دەڕوانی، کە گەیشتبووە شوێنی کاروانەکە و، دەمێکیش لە گالیسکەیەکی، نزیک خۆیی دەڕوانی، کە دوو پێکراو، تێیدا دانیشتبوون و سێیەمیان، ڕاکشابوو. پێی وابوو ئەو دوو ڕسوایە چارەی کێشەی ڕاکشاوەکە دەکەن.

یەکێک لە دوو دانیشتووەکە سەری بە قوماش پێچرابوو و، دەمو لووت نووشتاوە و، لێوێکیانی ئاوسابوو، کە بێگومان بە هۆی برینەکەیەوە بوو. ڕووی کردبووە کڵێسەیەک و، خاچی لە سەر سینەی خۆی دەکێشا. لاوێکی قژ سوور بوو و هەر دەتووت دڵۆپێک خوێن چییە، لە ڕوخساریدا نەماوە و، بە زەردەخەنەیەکەوە لە پیرەری دەڕوانی.

سێیەمیشیان بەسەر دەمدا درێژ بوو بوو و، ڕوخساری نەدەبینرا. سوارانی گۆرانییبێژ، گەیشتنە شوێنی ئەو گالیسکەیەی ئەم لێی دەڕوانی.

گۆرانییەکیان دەچڕی و، ئەویش هێندەی لێ تێگەیشت:

ئای! ئای! کیژە قژ بژەکە

خل بەرەوە،

بەرەو لاپاڵە لێژەکە

زەنگەکانی کڵێسە بەرەو کپ بوون دەچوون و، لەوە دەچوو زرنگاندنەوەکان

نەیانەوێت خامۆش ببنەوە. تیشکی خۆرەکەیش هۆیەکی تری، رازاندنەوەی سروشت بوو و، بەرزاییەکانی ئەوبەری رێگای رووناک کردبووەوە.

بەڵام ئەوبەری شەقام و، شوێنەکەی پییەر و، ئەو گالیسکەیەی پێکراوەکان و ئەسپە ماندووەکانی تێدا وەستابوو، کەوتبوونە بەر سێبەر و، نێو هەوایەکی ساردی شێدارەوە.

سەربازێکی نێوچاوان ئاوساو، سەرنجی گۆرانیبێژەکانی دا و، لە بەرخۆیەوە بۆڵانی:

"ئای لەم گروپە ژاوەژاوکەرە!"

سەربازە پیرەکەی دوای گالیسکەکەیش، بزەیەکی بۆ کرد و وتی:

"لەم ئانوساتانەدا بە سەربازەکانەوە ناوەستن و، جوتیارانیش راپێچ دەکەن! ئێستا جیاوازی نەماوە. پێویستیشە هەموو کەسێک، لەم شەڕەدا بەشداری بکات و، ئیدی قسە هەڵناگرێت. "

هەرچەند قسەکان روون نەبوون. بەڵام پییەر تێی گەیشت و، بە سەر لەقاندن پشتگیری ئەوی کرد.

دواتر رێگاکە کرایەوە. کە پییەر گەیشتە دامێنی لێژییەکە. سواری گالیسکەکەی بووەوە و، رێگایان گرتەوە بەر. بە دەوروبەری خۆیدا چاوی دەگێڕا و، بەڵکو ناسیاوێک بناسێتەوە. بەڵام لە سەربازەکانی چەکە جۆرا و جۆرەکان بەولاوە، کەسی تری نەبینی. ئەوانیش هەموویان سەریان لە شەپقە سپی و بەرگە سەوزەکەی سوور مابوو!

دوای بڕینی میلێکی تر، بە پەرۆشەوە بانگی کەسێکی کرد کە دەیناسی. ئەویش یەکێک بوو، لە سەرکردە پزیشکەکانی سوپا و، پزیشکێکی لاوی بە دواوە بوو. گالیسکەکەی ئەو، بەرەو رووی ئەم دەهات. کە پییەری ناسییەوە بە گالیسکەوانە قەوقازییەکەی خۆی راگەیاند کە بوەستێت.

پێی وت، "چۆنیت؟ ئەوە چی دەکەیت لێرە!؟"

"پێویستیی تیمار کردن گەیاندوومییەتە ئەم شوێنە.."

ئەمیش وتی:

"ئاە! کەسانێکی زۆر هەن، پێویستییان بە تیمار کردن هەبێت."

پییەر لە گالیسکەکەی دابەزی و، تێگەیاند زۆر بە تاسەی بەشداری کردنی شەڕەکەوەیە.

یشکەکە ئامۆژگاری کرد، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە "پیاوی بـاڵا"وە بکات.
مجا لە پزیشکە لاوەکەی یاوەری خۆی روانی و وتـی:
ۆ ئەگەر ناسراو نەبیت.. هـەر خـوا خـۆی دەزانێت چ شـوێنێکت لـە بـەرەی
ەکەدا، چنـگ دەکـەوێت. بـەڵام بـە لای کەمـەوە "پیـاوی بـاڵا" دەتناسـێت و
ازیی شیاوت لێ دەکات. بەڵـێ ئازیزەکەم پێویستە وا بکەیت."
ەرچەند پزیشکەکە ماندوویەتیی پێوە دیاربوو، بەڵام پییەر لێی پرسی:
" ئـاە! تۆ پێت وایـە... بەڵام بیرم کەوتەوە پێگەکەمان لە کوێیە؟"
ئەویش وتـی:
"پێگـە و بنکـە.. زانینـی ئەمـە: لـە توانـای منـدا نییـە! کـە تاتـارینۆڤۆ تێدەپـەڕێنیت،
یـانبینی لـە رووبـەرێکی زۆردا، سـەرگەرمی سـەنگەر لێـدانن. سـەرکەوە سـەر
ردەکە و، لەوێوە بە جوانی دیارن..."
ئەویش وتییەوە، "ئاە! بە راست! گەر تـۆ..."
پزیشکەکە گەڕایەوە نێو، گالیسکەکەی و دەستی برد بۆ قورگی و وتـی:
"تا ئێرەم نقوومی ماندوویەتییە.. دەنا بە شانازییەوە، لەگەڵت دەگەڕامـەوە. منیش
دەبێت خـۆم بگەیەنمـە"سـەرکردەی یەکـەکان". کۆنـت دەزانیـت کـار بـەرەو کـوێ
دەڕوات؟ سبەینێ شـەڕەکەمان دەسـت پـێدەکات! بـەلای کەمـەوە دەبێـت لـە هـەر
(١٠٠٠٠٠) سـەرباز، چـاوەڕوانی (٢٠٠٠٠) پێکـراوی بـرینـدار بـین و، ئێمـەیش بەشـی
(٦٠٠٠) پێکـراو پزیشـک و بـرینپێچ، شـک نـابەین و، نـە دەسـتەبەرەی گواسـتنەوەی
برینـدار و نـە دەسـتەبەرەی گۆڕەپـانی شـەڕمان، لـە بەردەسـتدایە! ئـەوە راسـتە
(١٠٠٠٠) گالیسکە شـک دەبـەین، بـەڵام پێویسـتیمان بـە شـمەکی تر هەیـە، کـە دەبێت
بخرێنە بەردەست."
هێندەی نەبرد بیرۆکەیەکی نامۆ هات بە میشکی پییەردا:
"لـە نێـو ئـەو هـەزاران پیـاوە زیندووە دروسـتانەدا لاوان و پیـران هـەن، کـە بـە
بەردەمیـدا تێدەپـەڕن و، بـە سەرسوڕمانـەوە، لـە شـەپقە سـپیەکەی دەڕوانـن و،
رادەبوێرن. (٢٠٠٠٠)یـان خـۆیان تەرخـانی بەرگـە گرتنـی ئـازار و مـردن کردووە.
رەنگە ئـەمانە هـەر ئـەوانـە بـن، کـە ئێستا دەیـان بینم!! کـە ئەوانـە گریمـانی مردنیان
هەبێت، چۆن دەتوانن لە مردن بەولاوە بیر لە شتی تر بکەنەوە!؟"
لـە نـاکاو ئـەنجامی یەکگرتنـەوەی کۆمەڵـە بـیرۆکەی سـەرە و لێژییەکـەی
مۆجاتییسـک و گالیسـکەکانی برینـدارە پێکراوەکـان و، دەنگـی زەنگـەکانی کڵێسـە و،

تیشکی خۆر، بەسەر سەرەولێژییەکەدا و، سروود و گۆرانیی سوارەکان، هات بە مێشکیدا!

بۆیە بە دەم ڕێی تاتارینۆقۆوە کەوتە دواندنی خۆی:

"ئێستا ئەو سوارانەی بەرەو بەرەی جەنگ دەڕۆن و، تووشی لێشاوی ئەم بریندارانە دەبن.. بە تیلەچاو، لێیان دەڕوانن و، بێئەوەی بۆ ساتێکیش بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە! چ شتێک چاوەڕوانییان دەکات؟ هەر لە (١٠٠٠٠) کەسیان: گریمانی کوژرانی (٢٠٠٠) کەسیان هەیە.. کەچی ئەم کلاوە سپییەی من، بەلایانەوە سەیر و سەمەرەیە! بڵێی ئەمە لەخۆیدا نامۆ و سەرسوڕهێن نییە؟"

لای چەپی ڕێگاکە و نزیک بە ماڵی یەکێک لە کەسە گەورەکان، چەندین گالیسکەی بارهەڵگر و، گواستنەوەی مرۆڤ و، بڕێک ئێشکگر و، دەست و پێوەن وەستابوون. ئەو خانووەیش ماڵی پیاوە مەزنەکە بوو. بۆیەش ئەو کاتەی پییەر گەیشتە ئەوێ، پیاوی باڵا، لەوێ نەبوو. زۆرینەی دەستەی ئەرکانیش، بە بۆنەی پیرۆز کردنی بۆنەیەکەوە، چوو بوون بۆ کڵێسە.

لەبەر ئەوە پییەر درێژەی بە ڕۆیشتنەکەی دا، بەرەو گۆرکی. دوای ئەوەی بە بەرزاییەکاندا سەرکەوت و، چووەوە سەر شەقامی دێیەکی چکۆلە. بۆ یەکەمین جار دێنشینانی خۆبەخشی بینی و، بە بەرگە سپی و، خاچی سەر شەپقەکانیانەوە پێدەکەنین و، بە دەنگی بڵند دەدوان و، لەبەر گەرماکەدا عارەقیان لێ دەچۆڕا. لای ڕاستی ڕێیەکەوە و، بە سەر گردێکی داپۆشراو، بە گژوگیاوە: کاریان دەکرد.

کە پییەر دێنشینانی بینی، کاری نائاساییان دەکرد. بریندارەکانی مۆجاییسکی بیر کەوتەوە و، لە قسەی سەربازە پیرەکە گەیشت، کە وتبووی،"دەبێت خەڵکەکە هەموویان لەم جەنگەدا، بەشدار بن!"

ئەو پیاوە خۆبەخشانەی، لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا، بەو پێڵاوە نامۆیەیانەوە و کراسە یەخە کراوە و تەڕەکانیان، بە عارەقی ماندووبوونەوە کاریان دەکرد، سەرنج ڕاکێش بوون و، وایان لە پییەر کرد، لە جاران پتر، بیر لە مەترسیی ئێستا و مەزنیی کارەساتەکە بکاتەوە.

بەشی بیست و یەك
پاکیزەکەی سمۆلنسك

پییەر لە گالیسکەکەی دابەزی و، بە نێو خۆبەخشە بەردەوام لە کارابواندا تێپەڕی و، بەرەو سەر ئەو گردە چوو، کە بە قسەی سەرۆک پزیشکان، بەرەی شەڕەکەی لێوە دەبینرا.

کات (١١)ی سەر لە بەیانی بوو. ڕۆژی درەوشاوەیش کەوتبووە پشت و لای چەپی پییەرەوە و، لە ئاسمانێکی بێگەردی کەم وێنەدا، وەکوو گۆڕەپانێک بوو، کە تیشکی پەخشان دەکرد.

زەوییەکەی بەردەمیشی، لە گۆڕەپانی بۆکسێن دەچوو. ڕێگەی بەرەو سمۆلنسکی گەورەیش، بە لای چەپدا، ئەو پارچە زەوییە بەرتەسکەی دەبڕی، تا دەگەیشتە چەند ماڵێک و، بەردەم کڵێسەیەکی سپی. کە دەکەوتە (٥٠٠) هەنگاوێک خوار گردەکەوە.

ئەوە گوندی بوورۆدینۆ بوو. ڕێگاکە درێژ دەبووەوە و، بە پردێکدا بەرەو زنجیرە دۆڵا و بەرزاییەکان و، ئەو ناوەندی ڤالوبیگۆیەی، کە ناپلیۆن داگیری کردبوو، دەچوو.

لەو شوێنەوە هەروا لە دووری میل و نیوێک، تەماشاکەر دەتوانێت ببینێت. دواتر ڕێگاکە دەکەوتە نێو دارستانێکی زەردباوەوە و، لە چاو ون دەبوو.

لەو دارستانەدا دار بەڕوو و، سنەوبەرێکی فرە هەبوو. دوای دارستانەکەیش و،

بەلای راستی ڕێگاکەدا، ئەوە خاچ و گوومەز و، زەنگەکەی کڵێسەی کۆلۆتشا بوو و، لە ژێر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکایەوە.

بەلای چەپیشیدا، تارماییەکی دووری شینباو بوو و، ناوەناوە بریسکەی تەقینەوەی تێدا دەردەکەوت. بەرەو دوورتر و، بەلای راستی دارستانەکەدا و، لای چەپی ڕێگاکە، رەنگی ئاسمانەکەی شینباو بوو و، ناوە ناوەیەک ئاگری سەربازگەکان دەبینران.

ئەمجا تارمایی لێلیەکانی خۆمان و دوژمن بوو، دەبینرا. بەلای راستیشدا و، بە درێژایی کۆلۆتشا و موسکوڤا دێیەکانی پیزۆبۆڤۆ و، زاخارینۆ، دۆلا و زەوییەکانیان داپۆشی بوو. بەڵام بە لای چەپی ئەو زەویانەدا تەختاییتر بوون.

پاشماوەی گوندە سووتاوەکەی سمبۆنۆفسکۆی و، کێڵگەی گەنمە سووتاوەکانی دەوروبەری دەبینران. هەموو شتەکان بە لای پێیەرەوە تەم و مژاوی بوون و، کەسانی لای ڕاست و چەپیشی، وەڵامی ئەویان پێ نەبوو.

لە بری ئەوەی بەرەی شەڕو گۆڕەپانی پێکدادان، ببینرێت.. دەشتی کرکان کرک و، کێڵگەکان و، یەکە سەربازییەکان و، دارستان و، ئاگری سەربازگە و، گردۆڵکە و، رووبارەکان دەبینران.

هەرچەند بە وردی و ئاگاییەوە، روانیی. بەڵام نە پێگەی شەڕەکە و، نە یەکە سەربازییەکانی خۆمانی لە یەکەکانی دوژمن بۆ جیا نەکرایەوە!

لە دڵی خۆیدا وتی،"پێویستە پرسیار لە کەسی پسپۆڕ بکەم."

بەرەو ئەفسەرێکی کەتە چوو، بە شێوەی لەش و لاریدا لە سەرباز نەدەچوو و، لێی پرسی:

"دەتوانم پرسیاری نێوی ئەو گوندەی بەرامبەرمان بکەم؟"

ئەویش سەیرێکی هاوڕێکەی لای خۆیی کرد و وتی:

"بۆردینۆ.. وانا!؟"

هاوڕێکەیشی بۆی ڕاست کردەوە:

"نا بابە... بۆرۆدینۆیە!"

ئەمیش لە ئەفسەرە قسەخۆشەکە نزیکتر بووەوە و، لێی پرسییەوە:

"سەربازەکانی خۆمان لەوێن؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! بە دوای ئەوانیشدا فەرەنسییەکانن. ها..ها! ئەوەتان..دەیان بینیت؟"

ئەویش پرسیی،"لە کوێ؟"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بەڵام هەر بە ئاسانی و بە چاو دەبینرێن! سەیری ئەوێ بکە..."

ئەفسەرەکە ئاماژەی بە دووکەڵەکەی لای چەپی رووبارەکە دا و، پییەر هەستی کرد، ئەویش وەکوو هەموو ئەوانەی دەوروبەریان، دڵەڕاوکێ بە روخساریەوە دیارە.

پییەر ئاماژەی بۆ لای چەپی گردێک کرد، کە یەکە سەربازییەکانی پێوە دەبینرا و پرسیی:

"ئۆو! ئا.. ئەوانە سەربازانی فەرەنسان! و لەولا تریشەوە..."

ئەفسەرەکەیش وتی:

"نەخێر! ئەوانە سەربازانی خۆمانن."

پییەر هەڵیدایە:

"سەربازانی خۆمانن!؟ ئەی ئەوانەی ئەوێ؟"

ئەوەی وت و ئاماژەی بە گردێکی دوورتر دا. درەختێکی گەورەی نزیک بە دێیەک و، گوندێک لە نەدیودا بوو و، بە دەبینرا، رووانەر بە تەنیشت ئاگری سەربازگەیەکەوە، شتێکی رەشی دەبینی و، کە دیوارە باڵاکانی چواردەوری شیڤاردینۆ بوو.

ئەفسەرەکە وتی:

"ئا ئەوێ؟ ئەوەیش هەر خۆیەتی! دوێنێ تێیدا بووین و، ئێستا مۆڵگەی ئەوانە"!

پییەر پرسیی:

"ئەی پێگە و سەنگەرەکانی خۆمان لە کوێن؟"

ئەفسەرەکە بە بزەیەکی ئاسوودانەوە وتی:

"پێگە و شوێنەکانی خۆمان؟ دەتوانم وەکو شارەزایەکی راستەقینە، پیشانت بدەم. چونکە خۆم سەرپەرشتیی هەڵکەندنی سەنگەرەکان و، چەسپاندنی چەک و مەترەلۆزەکانم کردووە. هێڵی بەرەنگاربوونەوەمان دوور و درێژە!"

دەستی بۆ گوندی خاوەن کڵێسە سپییەکەی بەردەمیان درێژکرد، کە رێڕەوی کۆلۆتشای تێدابوو.

"لەوێیش بڕوانە کێڵگەی زەل و گیاکەڵەیە و، پردە نزیکەکەیش ناوەڕاستی هێڵە دوور و درێژەکەی بەرەنگاربوونەوەی نێوان ئێمە و ئەوانە. قۆڵی راستی سوپاکەمان ئا ئەوەیە!

دەستی بۆ دەمارە زەوییەکی لێژ راکێشا.

"ئەوێیش ماسکۆڤاسیلی تێدایە."

"لەوێدا سێ دیواری بڵندی تۆکمەمان دروست کردووە، بۆ بەرگری کردن لە

خۆمان. بەڵام باڵـی چـەپی سـوپاکەمان ئاڵـۆزە و، بـاس کردنی ئـاسان نییـە! هێندە هەیە، کە پاشەکشەمان پێی کردوون."

"ئێستایش سـەرنجی ئـەو دێیـە و، دووکەڵەکـەی سـەری بـدە. ئـەوێش گونـدی سیبۆنۆڤسکۆیە."

لێرەیشەوە...ئاماژەی بە بانی راییڤسکی دا و وتیشی:

"گومانم هەیە کە پێکدا پژانی تێدا رووداببێت."

"هەرچەند ئەوان سـوپاکەیان بەوێدا تێپەڕاندووە. بـەڵام بـۆ هەڵخەڵەتاندنی ئێمـە بووە."

لـە نـاکاو بـەلای راسـتی مۆسـکۆڤادا وەردەچـەرخا،"بە هـەرحاڵ سـبەینێ خـەڵکێکی فرەیش، ئامادەی پێداچوونەوەی بەرەکە نابن."

ئەفسەرێکی پیر کە بە دەم نزیک بوونەوەیـەوە گوێی گرتبوو و، تێبینیی هـەبوو، بۆیە وتـی:

"لە سەرمانە بڕێک بەمانە گرژ ببین."

پـەشۆکاوی بـە ئەفسـەرەکەوە دەرکـەوت و، هـەستی بـەوە کرد، کـە دەکرێت بڕێک لـەو سـەربازانە، هـەست دەکـەن، کـە زۆرێـک ئامـادەی بانگەوازەکـەی سـبەینێ نـابن.. بـەڵام ناکرێت و، جـوان نییە ئەوە باس بکرێت.

خێرا هەر خۆیشی وەڵامی ئەوەیشی دایەوە:

"زۆر باشە. ئێستا سرییەی سێیش بنێرە."

بەلای پییەریشدا لای کردەوە و، وتـی:

"بـەڵام ئەی تـۆ!؟ تۆ کێیت!؟ بێگومان پزیشکیت؟"

پییەریش وەڵامی دایەوە:

"نەخێر... بە شێوەیەکی ئاسایی لێرەم..."

کـە پییـەر لـە گردەکـەوە هاتـەوە خـوارەوە. بـە نێـو خۆبەخشـاندا تێپـەڕی و، پزیشکەکە پێی هەڵگرت و شوێنی کەوت و لووتی خۆی گرت و وتـی:

"ئای لەم بۆنە پیسە!!"

خەڵکێکی زۆریش هاواریان کرد:

"ئـا ئەوانە.. خۆیانن!!... هەڵیانگرتووە و هاتوون.. خۆیانن!"

هێنـدەی پێنـەچوو، ئەفسـەر و سـەرباز و، خۆبەخشـان چوونـە سـەر رێیەکـە. خەڵکەکە بوورۆدینۆیان جێ هێشت و، بـە لاپاڵەکـەدا سـەرکەوتن و، لیوایـەکی پیـادە پێشـیان کـەوتبوو و، سـەریان نـەوی و، چەکـەکانیان شـۆڕ و، بـە رێگـا گڵەکـەدا دەرۆیشتن.

لـه دوای سەربازەکانیشـەوە، دەنگـی سـرووتی کڵێسـە دەبیسـترا. چەکـدارە خۆبەخشـەکانیش شـەپقەکانیان لـە سـەریان کرد بـووەوە و، بـەلای پییـەردا، بـەرەو هاتووان هاتن تاکوو پێشوازییان لێ بکەن و پییەریان تێپەڕاند.

یەکێکیان وتـــی:

"دایکە نیانیشیان هێناوە..دایکە پیرۆزی پارێزەرمان! پاکیزە ئیبیری نۆتردام دیبر."

یەکێکی تر قسەکەی بۆ راست کردەوە:

"نەخێر! ئەویان لەگەڵ خۆیان نەهێناوە! بەڵکو پاکیزەی سمۆلنسکیان هێناوە. "

خۆبەخشان، ئەوانەی لە دێیەکەدا کاریان، بۆ سازدانی یەکەی تۆپخـانەکە دەکرد، پـاچ و خاکـەنازیان فرێـدا و، چوونـە پێشـوازیی نمیشـکارانی ئـاییئیەوە. کۆمەڵـەی پیرۆزکردنە ئاییئییەکە، دوا بە دوای لیوای پیادەکە بـەڕێوە دەهاتن.

قەشـەیەکی پـیری کـلاو بەسـەر و، چەنـدین مجێـوری کڵێسـە و، نـزاخوێن بـە دەوروبیەوە و، بە دوای ئەمانیشدا چەند ئەفسەرێک بوون.

وێنەی یـەکێکی روخسـار رەشباوی، سـەر تابلۆیـەکی کانزاییـان بڵند کردبـووەوە. ئـەم وێنەیـەیان لـە شـاری سمۆلنسـکەوە لەگەڵ خۆیـان هێنـابوو و، لـە گواسـتنەوەی سوپادا، لەگەڵ خۆیان دەیانگێڕا.

سـەربازانێکی فـرە لـەملاو ئـەولای سـوپاکەوە، دەڕۆیشـتن. یـان رایانـدەکرد و، هـەمووان سەریـان نـەوی و لـە کڕنووشدا بـوون. بـە گەیشـتنیان بـۆ سـەر گردەکـە. هەڵگرانی وێنەی پیرۆز وەستان و، قوماشی تابلۆکەیان گۆڕی و، کۆمەڵـی بخـوورد بەدەسـتان کەوتنـە سـووتاندنی بخوورەکانیـان و، ڕێ و ڕەسـمی پـیرۆز کردنەکـە بەڕێوە برا.

تیشـکی خـۆر سـتوونی بـوو لـە سـەریان و، شـنەی شـەماڵەکەیش، ریشـووی چـێوەی وێنـە پیرۆزەکـە و، قردێلـەکانی دەلەرزانـەوە. ئـاپوورەی ئـەفسەران و، سەربـازان و خـۆبەخشان، لـە دەوری وێنـەی پیـرۆز و، قەشـە و مجێورانی کڵێسـە، کۆ بوونەوە و، لە پشت پیاوانی ئاییئیەوە، شوێنی حەوانـەوە بۆ ئەفسەران ساز درا.

ژەنـەرالێکی سـەر ڕووتـاوەی ئـەڵمانی، قردێلەیـەکی جـۆرجی پـیرۆزی، لـە مـل ئالاندبوو. نە وێنەی خاچی لەسەر سنگی خۆی دەکێشا و، نـە هـیچ و بـە پەرۆشـەوە چـاوەڕوانی نـوێژ و نـزای، پیـرۆز کردنەکـە بـوو. چونکـە نزاکـان هانـدەری نیشتمانپەروەریی خەڵکەکە بوو.

ئەگـەرنا بـە کـارێکی پێویسـتی نـەدەزانی و، بـە ناچـاری دەبـوو هـەموو ڕێ و ڕەسـمەکە ببیسـتێت. ژەنـەرالێکی ڕووسـییش، سـەربـازانە وەسـتابوو و، زوو زوو وێنەی خاچی لە سەر سنگی خـۆی دەکێشا و، لەملاو ئەولای خۆی دەڕوانی.

پییەریش کە تێکەڵیی زۆری، لەگەڵ دێنشینانداا بوو، لە نێو کەسانی ڕێ و ڕەسمەکەدا، چەند ناسیاوێکی خۆی بینی. بەڵام سەرنجی ئەو هەر بە لای ئەو سەربازانەوە بوو، کە بە سەرنجەکانیان وەختەبوو تابلۆ پیرۆزەکە بخۆن.

کۆمەڵەی نوێژکەران و نزاکارانیش، ئەوە بیستەمین جار بوو دەپاڕانەوە:

"ئەی کەسە پیرۆزەکەی دایکی خوا.. کۆیلە و خزمەتکارانی خۆت ڕزگار بکە!"

قەشەو مجێورەکانی کڵێسەیش نزاکەیان تەواو کرد و وتیان:

"چونکە بە پێی یاسا ئاسمانییەکان، ئێمە پەنا بە بووردەیی تۆ دەبەین و، پشتبەستنمان بە تۆ، وەک پشتبەستنمان وایە بە دیوارێکی تۆکمەی سەقامگیر."

پییەر هەستی کرد، لە هەموو ڕوخسارەکاندا، هەمان ئەو نگینییە هەست پێ دەکرێتەوە، کە لە لاپاڵ و لێژییەکەی مۆجاییسک و، بۆنەیەلێکی فرەی تردا و، لە میانەی سەفەرەکەیدا بینی بووی.

سەرەکان نەوی بوون و، هەناسەیەکی فرەیان هەڵکێشا و، لە کاتی کێشانی وێنەی خاچدا، بە سەر سنگی خۆیانەوە، هوشپەی پەنجەکان دەبیسترا. خەڵکەکە بە دوادا هاتن و، ئاپوورەکە ڕەوییەوە. ئەوەیش نیشانەی ئەوە بوو کە کەسێکی مەزنی ناودار هاتووە. کەسەکەیش کۆتۆزۆ بوو و، هاتبوو. بۆ ئەوەی پێگە و بنکەکان بەسەر بکاتەوە و، دواتر بگەڕێتەوە بۆ تاتارینۆڤۆ. پییەریش بە کەتەییەکەیدا، هەر زوو ناسییەوە چونکە لەشە کەتەکەی، لە کراسێکی درێژدا و، پشتە کووڕەکەی بە جوانی دەبینرا. چاوە سووتەمەڕۆکانی بە دەم و چاوە داکەوتووەکەیەوە، بە ئاستەم دەبینرا. بە هەنگاوە لەرزۆکەکانییەوە، بەرەو پێش چوو و، لە پشت قەشەوە وەستا. خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، دانەوییەوە و، دەستی بۆ زەوی درێژ کرد.

دوای هەناسەیەکی قوولا. سەرە ڕووتاوەکەی نەوی کرد. هەرچەند بینیگسن و یاوەرانی، شوێنی کەوتن. سەرکردەی بالا و ئەفسەرانیش، ئامادەی نێو ڕێ و ڕەسمەکە بوون. بەڵام سەربازان و، خۆبەخشان گوێیان بە هیچ نەدا و، نقوومی نوێژەکانی خۆیان بوون.

کە ڕێ و ڕەسمەکە کۆتا بوو، کۆتۆزۆڤ، خۆی لە تابلۆکەوە نزیک کرەوە و، هاتە سەرچۆک و، کڕنووشی بۆ برد. زۆری پێچوو و لەبەر قورسییەکەی، بە زەحمەت هەستایەوە سەر پێیان. وەکو منالا لێوەکانی بە تابلۆکەوە ناو ماچێکی کرد. دیسان دانەوییەوە و، دەستی بە زەوییەکەدا خشاند و، بە دوایدا هەموو ژەنەڕاڵەکان و، ئەمجا ئەفسەران و، دواتر سەرباز و، خۆبەخشەکان هەمان ڕێ و ڕەسمی ئەویان، کردەوە و زۆریش بە پەلە بوون و، کاریگەریی ئەو کارەیش بە جوانی بە ڕوخساریانەوە دیاربوو.

بەشی بیست و دوو
روخسارە کۆنەکان

ئاپوورەی جەماوەرەکە بەراست و چەپدا دەیان برد. ئەویش هەر خەریکی سەرنجدان بوو.

گوێی لە دەنگێک بوو، بانگی کرد:

"کۆنت پییەر کیرلیتش.. ئەوە تۆیش لێرەیت!؟"

کە ئاووڕی دایەوە، بۆریس درۆبتسکۆیی بینی و، بە بزەیەکەوە، بەرەو رووی دەهات. بە دەم تەکاندنی ئەو خۆڵەی بە هۆی کڕنووش بردنەکەوە، سەر ئەژنۆکانی پیس کردبوو، بە جلوبەرگی نایاب و چاکەتێکی درێژ و، قامچییەکەی نێو قەدییەوە، بەرەو رووی هات.

لەو کاتەدا کۆتۆزۆڤ گەیشتە دێیەکە. قەوقازییەک کورسییەکی بۆ گەیاندە نزیکترین سێبەری ماڵی گوندەکە و، هەر کە گەیشت لە سەری دانیشت. یاوەرانێکی زۆری دەوروبەری، لێی کۆ بوونەوە.

گرووپی رێ وڕەسمی بۆنە ئایینیەکە، کەوتنەوە رۆیشتن. پییەر هەر نزیکەی سی هەنگاوێک دوور لە کۆتۆزۆڤەوە وەستا و، لە بارەی ئەو ئارەزووی پەیوەندی کردنەی بە سوپاوە و، پشکنینی سەنگەرەکان: لەگەڵ بۆریسدا کەوتە گفتوگۆ.

ئەویش پێی وت،"زۆر باشە. دەبێت تۆیش هەروا بکەیت. منیش لای خۆمەوە پێشوازیی سەربازگەکانت پێشکەش دەکەم. بێگومان باشترین شوێنێک کە پێویستی بە تۆ بێت لە شەڕەکەدا.. شوێنەکەی بینیگسنە."

"بۆ لای ئەو دەچم و، ئەمەی تۆیشی پێ رادەگەیەنم. گەر ئارەزووی پشکنینی ئەوێت بوو. هێندەت لە سەرە شوێن ئێمە بکەویت. چونکە ئێمەیش بۆ بەسەر کردنەوەی بااڵی چەپی سوپاکەی ئەو دەچین. ئێستایش ڕێم دەدەیت ئەمشەو لە خزمەتدا ببم و، میواندارێت بکەم.. بێگومان دیمتری سێرگییێتیش دەناسیت! وا نییە؟ ئاماژەی بە سێیەم خانووی گۆرکییش دا: هاا.. ئا ئەوەیش ماڵەکەیەتی."

پییەریش وتی:

"بەڵام من خوازیاری بینینی بااڵی ڕاستی سوپاکەی بووم..چونکە بیستوومە و، دەڵێن زۆر تۆکەمە و خۆڕاگرە! ئای چەندە حەز دەکەم، هەموو پێگە و سەنگەرەکانی ئەو بااڵی ڕاستە ببینم و، لە مۆسکۆڤاوە پێیدا بێم!"

ئەویش وتی،"دەتوانیت دواتر ئەوە بکەیت. بەڵام خااڵی سەرەکی: بااڵی چەپی سوپاکەیە. "

پییەریش وتی:

"بەڵێ! بەڵێ! ئەی ناتوانیت ئەو فەیلەقەیشم پیشان بدەیت کە می پۆلکۆنسکیی تێدایە؟"

ئەویش لەبەرخۆیەوە وتی:

"فەیلەقەکەی ئاندریە نیکۆلاییڤیتش؟ بە بەردەمی ئەوێیشدا تێدەپەڕین و، ئەویشت پیشان دەدەم."

پییەر بە دڵێکی خۆشەوە وتی:"کەوابوو.. زۆر باشە! دەتویست لە بارەی بااڵی چەپی سوپاکەوە چی بڵێیت؟" بۆریسیش وەکوو ئەوەی، نەێنییەکی بۆ بدرکێنێت، چرپاندی بە گوێیدا: "لە ڕاستیدا.. بەینی خۆمان بێت و، لە نێومان دەرنەچێت: ئەو بااڵی چەپە.. لە مۆلەق دەچێت، تاکوو سەقامگیر! ئەمەیش بە لای کۆنت بینیگسنەوە، باڕێکی نەخوازراوە. ئەو دەیویست ئەو گردە تۆکمە و، بەهێز بکات."

ئەمجا شانەکانی هەڵتەکاند و درێژەی دایە:

"ئیدی نازانم دەست و داییەڕەکەی پیاوی بااڵ نەیان هێشت.. یان چی بوو؟ بەو کارەی بینیگسن ڕازی نەبووا"

بۆریس بیرۆکەکەی بۆ تەواو نەکرا. چونکە یەکێک لە یاریدەرە سەربازییەکانی کۆتۆزۆف گەیشتە لایان و، لە پییەر نزیک بووەوە.

ناچار بۆریس قاقایەکی لێدا و، لە تازە هاتووەکەی ڕوانی و پێی وت:

"ئای! یابائیسی سێرگیبتش!! هەر وەکوو خۆیشت دەمبینی، تەقەلا دەدەم هەڵوێستەکە بۆ کۆنت ڕوون بکەمەوە. ئای لە لێزانیی"پیاوی بااڵ"یش لە گۆترە کردنی نیازی فەڕەنسییەکاندا! بە ڕاستی کارەکەی قەشەنگە!"

کائیسارۆفیش لەوی پرسی:

"ئەوە باسی باڵی چەپی سوپاکەت دەکرد؟"

بۆریسیش وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ! بەڵێ! رێک وابوو. ئاخر ئێستا باڵی چەپمان هەر زۆر تۆکمە و، بە هێزە!"

هەرچەند کۆتۆزۆڤ، کەسە لاواز و بێخێرەکانی لە "ئەرکانی گشتی" دوور خستبووەوە، بەڵام بۆریس توانیبووی لە پۆستەکەی خۆیدا و، لە بنکەی سەرەکی و، لە نێو یاوەرانی بینیگسندا بمێنێتەوە. ئەویش وەکوو ئەوانیتر پێی وابوو درۆپتسکۆی یاریدەدەرێکی لاوی بە نرخ و پێویستە بۆیان."

سەرکردەی بااڵ"یش، بەسەر دوو بەرەدا بەش ببوون. بڕێکیان لایەنگری کۆتۆزۆڤ بوون و، بڕەکەی تریان لایەنگری بینیگسنی سەرۆکی ئەرکان بوون.

بۆریسیش لایەنگری ئەمەی دواییان بوو. هەرچەند وەکوو بەردەستێک بۆ گەورەکەی خۆی رێز و خۆشەویستیی بۆ کۆتۆزۆڤی پیر هەبوو. بەڵام دەیوت کە لە چاو بینیگسندا، پوولێکی قەڵب ناهێنێت و، بینیگسن کارەکان بەڕێوە دەبات. گەر کاتی هەستیار هاتە پێشەوە، ئەوا گەر شەڕەکەیان دۆڕان، سااڵوێک لە کۆتۆزۆڤ دەکەن و، پێویست دەکات پۆستەکەی بداتە بینیگسن. خۆ گەر شەڕەکەیان بردەوە.. ئەوا وا تەگبیری دەکەن، کە بە هۆی بینیگسنەوە بووبێت.

بە هەرحاڵ سبەینێ بە بەربااڵوی، خەڵات دابەش دەکرێت و، لە هەنگاوی یەکەمدا پیاوانێکی نوێ دێن بۆ لامان. هەر بەم هۆیەشەوە بوو بۆریس ئەو ڕۆژە هەر جرت و فرتی بوو.

دوای کائیسارۆڤ کەسانێکی تری، ناسیاوی پیەر هاتن و، لێی کۆ بوونەوە. وای لێ هاتبوو، بە ناڕەحەت وەڵامی ئەو پرسیارانەیانی بۆ دەدرایەوە، کە لە بارەی مۆسکۆ و، ئەو چیرۆکانەوە بوو، کە بۆیان دەگێڕایەوە.

ڕوخسارەکانی دەوروبەری پەرۆش و، هەژاو بوون. نەیتوانی پەرۆشی و، هەڵچوونەکەیان بە ئەوانەی زووتر بینی بوونی، بەراوورد نەکات. وای خوێندبوونەوە کە کێشەی ئەوان، کێشەی ژیان و مردنە.

کە کۆتۆزۆڤ لەشوالارە کەتەکەی پیەر و، ئەو ئاپوورەیەی لەویان دابوو بینی. فەرمانیدا پێی بڵێن با بێت بۆ لام. یاریدەدەرێکی سەربازی داواکەی "پیاوی بااڵ"ی بە پیەر ڕاگەیاند و، ئەویش بەرەو شوێنی کۆتۆزۆڤ بووەوە. بەڵام خۆبەخشێک پێشی کەوت و، ئەمیش ناسییەوە کە ئەوە دۆلۆخۆڤە.

بۆیە لە دەوروبەرەکەی پرسی:

"ئەمە چۆن گەیشتووەتە ئێرە؟"

یەکێکیان وەڵامی دایەوە:

"بابە... ئەمە کەسێکی لێزانە و، بە کونی دەرزیشەوە دەچێت! پلەکەی خۆی لە دەست داوە و، ئێستا دەیەوێت وەدەستی بخاتەوە و، بگاتەوە پۆستەکەی جارانی. چەندین پڕۆژەی جیاوازی پێشکەش کردووە و، هێرشێکی شەوانەیشی لە هێڵی پێشەوەی شەڕەکەدا کردووە. ئەملاولای تێدا نییە کە لاوێکی تۆکمە و قارەمانە!"

پیپەر کڵاوەکەی داگرت و، بۆ کۆتۆزۆڤ نووشتایەوە و، هەر لەو کاتەیشدا دۆلۆخۆڤ وتی:

"بیرم لەوە کردبووەوە، کە ئەگەر بەڕێزتان بدوێنم. خراپترین شتێک بۆ من ئەوە دەبێت، کە گوێم لێ نەگرن و، پێم بڵێن ئێوەیش وەکو من.. هەموو ئەو شتانەتان دەزانی..."

ئەویش قسەکەی پێ بڕی:

"باشە! باشە!"

دۆلۆخۆڤیش درێژەی دایە:

"ئەگەر بەڕێزتان پێویستی بە کەسێک بوو، کە هەرگیز لە خۆخستنە مەترسی نەترسێت.. بفەرموون و ناوی من بڵێن.. بەڵکو بەسوود بم بۆ بەڕێزتان.."

کۆتۆزۆڤ دیسان دووبارەی کردەوە:

"باشە..."

لەو نێوەندەدا بۆریس بە وریایی خۆی، وایکرد کە بە یاوەریی لەگەڵ پیپەردا بمێنێتەوە و، ئەمجا سەرۆکی بااڵیش. ئاسایی دەدوا، وەکو ئەوەی بیەوێت ئەو وتوویژە تەواو بکات، کە زووتر لەگەڵ پیپەر پیزۆخۆڤدا دەستی پێکردبوو و وتی:

"خۆبەخشان کراسە سپیپەکانیان لەبەر کردووە و، ئامادەی خۆبەکوشتدانن. ئای چ پاڵەوانێپەیەکە کۆنت گیان!"

گومانیشی نەبوو کە قسەکانی کۆتۆزۆڤ دەجوڵێنێت.

لە راستیدا دوای کەمێک پرسیی:

"لە بارەی ئەو خۆبەخشانەوە چیت وت؟"

ئەویش دووبارەی کردەوە:

"خۆبەخشان کراسە سپیپەکانیان پۆشیوە و، ئامادەی سبەینێ و شەهید بوونن!"

کۆتۆزۆڤیش وتی:

"ئای کە گەلێکی قەشەنگن!! خۆ ئەوە لە هیچ سڵ ناکەنەوە!"

چاوانی نوقاند و، هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و، دووبارەی کردەوە:

"بەڵێ!! ئای لەو گەلەی کە سڵ لە هیچ ناکاتەوە!"

بە پییەریشی وت:

"کەواتە دەتەوێت بۆنی بارووت بکەیت!؟ بەڵێ بۆنی بارووت خۆشە! بەوە ئەوەیش شەرەفمەندم، کە یەکێکم لە سەرسام بووانی هاوسەرەکەت! ئەی ئەو لە چیدایە؟ ئەوەیش بزانە: سەربازگەکەم لە پەنێراییتدایە."

پیرانە بە دەوروبەردا هەڵپڕوانی و، وەکوو ئەوەی نەزانێت چی بڵێت و چی بکات!؟ ئەمجا بە ئاماژە سێرگییتش کاییسارۆڤی بانگ کرد و، وەکوو ئەوەی شتێکی بیرکەوتبێتەوە وتی:

"دێرە شیعرەکانی مارینم بیر بێنەوە.. بۆ خۆت باش دەزانیت چیی لە بارەی جیراکۆڤەوە وتووە:

وانەیەکی چاکی، سرییە نوێیەکان دادەدەین...

دەی... دەی تەواوی بکە!.."

لەوە دەچوو بیەوێت: دڵی خۆی خۆش بکات. کاییسارۆڤ شیعرەکەی تەواو دەکرد و، کۆتۆزۆڤیش، سەری بۆ دەلەقان.

پییەر ویستی بچێتە دەرەوە و، دۆلۆخۆڤ قۆڵی گرت و گوێی بە کەس نەدا وەستانی و، بە دەنگێکی بڵند وەسفێکی تایبەتیی کرد و وتی:

"بە تاسەوە تامەزرۆی بینی تۆ بووم و، هەر لێرە! لە ڕۆژێکدا کە هەر خوا بۆ خۆی دەزانێت، کێمان بە زیندوویی دەمێنێتەوە! بەوەیش بەختەوەرم کە بە داخی لێک تێنەگەیشتنە کۆنەکەی خۆمانەوەم. بە ئومێدی ئەوەیشم دڵت بەرامبەرم پاک بوو بێتەوە.. خوازیارم بفەرموون و لێم ببوورن."

پییەریش بزەیەک کەوتە سەر لێوانی و، سەرنجی دا و، نەیزانی چۆن وەڵام بداتەوە! بەڵام دۆلۆخۆڤ، ئەوی بە سنگی خۆیەوە نووسان و، چاوانی پڕ بوو لە فرمێسک. دوای ئەوەی بۆریس لە بارەی پییەرەوە قسەی بۆ کردبوو، کۆنت بینیگسن، بە لای پییەردا لای کردەوە و، چەند قسەیەکی بۆ کرد و، داوای لێ کرد یاوەریی بکات لە بە سەر کردنەوە و، پشکنینەکەیدا.

پێی وت:

"بێگومان سەفەرەکەمان سەرنجت رادەکێشێت!"

پییەریش وتی:

"بێگومان!"

هەر لە ماوەی نیو سەعاتدا.. کۆتۆزۆڤ گەڕایەوە بۆ تاتارینۆڤۆ و، بینیگسن و یاوەرانی و، پییەریش بەرەو هێڵەکانی بەرەی شەڕەکە بووەوە.

بەشی بیست و سێ
هەڵسو کەوتەکانی بینیگسن

بینیگسن گوندی بووردینۆ و، پردەکەی تێپەڕاند و، کەوتە سەر شارێیەکە و، گەیشتنە سەر ئەو پردەی کە لەسەر گردەکەوە ئەفسەرەکە پیشانی پییەری دابوو. پێیشی وتبوو کە ئەو شوێنە ناوەڕاستی پێگەی شەڕەکەیە. لە گوندی گۆرکی لایدا. لە دەورو بەریشیدا، گژو گیایەکی زۆر هەبوو. بەلای چەپدا رۆیشتن و، کەوتنە نێو ئاپوورەی سەرباز و، تۆپخانەکانەوە، تەپۆڵکەیەکیان هاتە بەرچاو کە خۆبەخشان، سەنگەریان تێدا لێدەدا. دواتر بە قەڵای رایڤسکی، یان یەکەی تەپۆڵکەکە ناسرا.

پییەریش سەرپێیانە سەرنجی دا چونکە نەیدەزانی ئەو شوێنە دەبێتە شوێنێک، کە لە شوێنی شەڕەکانی تر قووڵتر لە یادەوەریدا دەمێنێتەوە! ئەمجا ئەوێیشیان تێپەڕاند و، گەیشتنە دێی سیمبۆنۆڤسکۆی و، سەربازەکان دوایین باری تەختە و داری کۆختە و کایەنەکانیان دەگواستەوە و، دەیانبرد بۆ خۆیان.

دواجار و دوای بڕینی چەندین گرد و دۆڵ و نشێوی و، کێڵگەی شێلمی وشکەوەبوو بە زوقم. گەیشتنە رێیەک کە یەکەی تۆپخانەکان، لە نێو ئەو کێڵگانەدا کردبوویانەوە. لەوێیشەوە بۆ ئەو سەنگەرانەی کە لەسەر گردەکە لێیان دابوو.

کە گەیشتنە ئەوێ، بینیگسن چاوانی هەڵبڕی و، ئەو قەڵای شێڤاردینۆیەی بینی، کە تا دوێنێیش، لە دەستی خۆیاندا بوو. ئێستایش چەندین سوارە لە دەورو بەریدا، بەدی دەکرێن سەربازانی خۆیشیان هەر لە سەر ئەوە سوور بوون، کە یەکێک لەو سوارانە یا ناپلیۆن خۆیەتی! یان مۆرایە! هەموانیش بە پەرۆشەوە، لەو لایەیان دەڕوانی.

پییەریش هەوڵی ئەوەی دەدا، بزانێت کام لەو دوو سوارەیە ناپلیۆن خۆیەتی!؟ بەڵام زۆری پێنەچوو، کۆمەڵە چەکدارەکە سەر گردەکەیان جێ هێشت.

بینیگسن بە دوورو دریژی، بۆ ژەنەرالێکی باس دەکرد، کە لە سەنگەرەکان نزیک بووەتەوە. پییەریش وا گوێی لێ گرتبوو، بەڵکو شوێن و جێی شەڕی داهاتوو بزانێت. بەڵام نەگبەتیی لەوەدا بوو، کە ژیریی لەوە لاوازتر بوو، تاکوو ئەوەی بۆ دەستەبەر بکات! بینیگسن لە کاتی شیکردنەوەکەیدا بۆ ژەنەرالەکە. روخساری پییەری خوێندەوە و پرسیی:

"بێگومان.. باسەکەم سەرنجت راناکێشت!"

پییەریش وتی:"نەخێر!! بە پێچەوانەوە!"

بە بەردەمی سەنگەرە بەرزەکانی پێشەوەی بەرەکەدا و، بەلای چەپدا و، بە ڕێگەیەکی پێچاوپێچدا و، لەوێشەوە بۆ ناو دارستانە چکۆلەکەی دار تووەکان. لە پێشیانەوە کەوێشکێکی مارۆی چوارپەل سپی هەستا. بڕی زۆریی ئەسپەکان ترساندبووی. کەوتە بازدان بە ڕێیەکەدا و، سوارەکانی هێنایە پێکەنین! تا بە هاوار و قیژە نەیانترساند خۆی نەکرد بە دەغڵەکەی کەنار ڕێدا.

دوای نیو سەعات، گەیشتنە دەشتێکی ڕووتەن و، یەکەکەی توتشوکۆڤ کە ئەوپەڕی باڵی چەپی سوپاکە بوو و، پاراستنی بەو سپێردرابوو. لێرەدا بینیگسن قسەی فرەی کرد و، هەڵس و کەوتێکی وای کرد کە پییەر، وا بزانێت بایەخێکی بەراییە. لە بەردەم یەکە سەربازیەکەی تۆتشکۆڤیشدا گردێک هەبوو، ئەمان پشتگوێیان خستبوو و، داگیریان نەکردبوو. بینیگسن بە دەنگی بەرز کردی بە هەڵاو، ئەوەی خستە ڕوو، کە دەستبەسەردا نەگرتنی ئەم گردە کە بەسەر هەڕێمەکەدا دەڕوانێت، پاسەوانی نەکردنی هەڵەیەکی گەورەیە! دەبێت یەکەکانیش بکەونە دامێنی ئەم گردەوە.

هەندێک لە ژەنەرالەکانیش، پشتگیریی قسەکەی ئەویان کرد. یەکێکیان ڕاشکاوانە ئاشکرای کرد، کە بەم کارە سەربازەکان بەرەو دەباخانە براون!

بینیگسن بێ سێ ودوو و، ڕاوێژ کردن فەرمانیدا.. گردەکە ڕکێف بکەن و، یەکەکان بگوێزنەوە. پییەریش پشتگیریی بینیگسنی کرد و، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئەو تۆتشکۆڤە زۆر نەشارەزای شەڕی سەربازییە و، چۆن تووشی هەڵەیەکی وا مەزن بووە!؟ بینیگسن بە هەڵە وا تێگەیشتبوو، کە ئەم یەکانە بۆ پاراستنی ئەو پێگەیە لەوێ نەبوون. بەڵکو بۆ پەلاماردانی ناکاوی دوژمن و، شەبەیخوون کردنی لەوێ بوون! بینیگسنیش سڵی لە ڕەخنەی سەرکردەکان دەکردەوە و، نەیهێشت سەرکردەی بااڵ بەم کردەوەیەی بزانێت.

بەشی بیست و چوار
هەستەکانی ئــاندریە

ئەو شــەوی (٢٥)ی مانگە، میر ئــاندریە لــە کایــەنێکی گوندی کینازکۆڤودا ڕۆژی کردەوە و حەوایەوە، کە کەوتبووە ئەوپەڕی ئــەو بەرەی شەڕەوەی لیواکەی خــۆی بەرگریی لێ دەکرد. شانی دادابوو و، سەرنجی ریزە دارتووەکانی دەدا.

لقەکان بــە ســەر ڕێگاکــەدا شــۆڕ بووبوونــەوە. ڕێگایش بــە ئالیکی وشکەوەبووی جێماو، پۆخڵ بوو بوو. پێی وابوو کەسێکی بێ خێرە و، شایانی ژیان نییــە. بۆیــە هەستی بە هەڵچوونی خۆی کرد و، هــەر وەکوو ئــەو هەستەی بــەر لــە (٧) ساڵ و، شەڕەکەی ئۆستەرلیتز هەیبوو.

هەموو ئەو فەرمانە سەربازییانەی لە بارەی شەڕەکەوە پێی درابوو گەیاندبووی و، کاری نەمابوو. بەڵام لە هەموو بــیرۆکەکان ڕوون و ئاشکراتر و، لە هــەمان کاتدا بە ئــازارتر کە بــەردەوام هێرشی دەکردە سەر بیرو ژیریی، ئەوە بوو کە لە هــەموو شەڕەکانی تر، زیاتر کاریگەریی دەبێت و، ئەوە یەکەمجاری بوو، بــە ڕاستی بیر لــە مردنی خۆی بکاتەوە و، بە ڕوونی دیمەنەکە ببینێت!

زۆر ترسناک و تۆقێنەرانەیش! ئەو مردنەی خۆیشی لێ ڕوون بوو! لــە خۆیشی نەدەپرسی کە تــا چەند کاریگەریی لەسەر دەوروبەری دەبێت!؟ بەڵکو تــەنیا بیری لــە

کاریگەریی ئەو مردنە لە سەر خودی خۆی، دەکردەوە. ئەو کارەش لە مێشکیدا هێندە ئەستوور و، چڕ بوو بووەوە، کە هەموو خەمەکانی پێشوویشی بۆ خستبووەوە رووناکی. بە جۆرێک کە خۆیشی چاوەڕوانی نەبوو و، کێشەکان بە جۆرێک دەبینران، نە سێبەریان بوو و، نە سنوور.

هەستی بەوەیش کرد، کە تاکوو ئەم کاتەی ئێستای، هەر لە بەر تیشک و رووناکیی دەستکرددا، ژیانی خۆیی سەرنج داوە! ئێستا بە جوانی و، بە تۆخییەکی ئەوتۆوە، ژیانی خۆی لە بەر تیشکی خۆردا دەیبینێ.. کە پێویستی بە هیچ جۆرە هاوێنە و، چاویلکەیەک نییە! تابلۆکانی ئەو فانۆسە سیحرییەی دەهێنایەوە بەرچاو و، ئەمجارەیان لە بەر رۆشنایی ئەم تیشکە بە تینە سپییە ساردەی، کە مردنە رووناکەکەی دەکەوتە ژێر و خۆی دەدواند.

بەڵێ! بەڵێ! ئا ئەوە ئەو تراویلکە فریودەرەیە، کە زۆر رایوەشاندم و بزواندمی و، ئازاری داوم! ئەمانەیش هەر هەمان وێنەگەلە رەنگاورەنگە تۆخ و زبرەکەن، کە بەلای منەوە، ئێستا فرە قەشەنگ و تەماوی و نادیارن. بەرز و پیرۆزی، بەرژەوەندیی گشتی، خۆشەویستی، بەڵکو نیشتمان خۆیم تێدا دەبینی.

ئای ئەم شتانە بەلای منەوە چەندە مەزن و بە قوولّی واتادارن! هەرچەند ئەمانە هەموویان زەرد و داکەوتوون و، زبر و تۆخ لەبەر ئەم تیشکە ئابڕووبەرە بێزارییەی خۆمدان..

سێ ئازارە مەزنەکەی بایەخیان زەوت کردبوو: عیشقەکەی و، مردنی باوکی و، هێرشەکانی سوپای فەڕەنسی. هەر ئەو کێشەیەی کە نیوەی رووسیایان داگیر کرد بوو.

لە ناکاو بە خەمەوە هاواری کرد:

"خۆشەویشتی!! ئەو شتەی کە وادەردەکەوت، بە چەندین وزە و هێزی نادیار ئاوەدان بێت!! ئەی چی! خۆشم دەویست، زیندەخەونی عیشقی شاعیرانە و، خەوی بەختەوەریم لەگەڵدا هەڵدەبەست!

ئای لەو منالّە چکۆلەیە! نازانم تۆ بڕوات بە جۆرە عیشقێکی رۆمانسییانەی وابوو کە بە درێژایی ساڵێکی دوورکەوتنەوەت، بە دڵسۆزی و وەفاوە ئەو کچەت بۆ بمێنێتەوە!؟ دەبوو هەر وەکوو کۆتری چیرۆکە رۆمانسییەکان، شەونخوونی بکێشایە.. بەڵام هەموو شتێک زۆر لەوە سادەترە! ئەمانە ئاسانن و، بە شێوەیەکی تۆقێنەر و قیزەونیش، نایەنە بەرچاو!!

باوکم له لیساجۆری خانووی دروست کرد و، پێی وابوو گۆشەیەکی خانووەکە تەرخانی خۆی دەبێت و، پێی وابوو: ئیدی دەبێتە خاوەنی هەوای ئاسمان و زەوی و، دێنشینان. بەڵام له پڕێکدا نـاپلیۆن هات و، بێئەوەی هەست بکات، کە باوکم بوونی هەیە، هەر وەکوو پووش و پەڵاش، هەمووی گسک دا و، لیسیاگۆرییشی پێوە مالـی!

ماریش هەر ئەوەی دەگوتەوە:

ئەم بەڵایانە ئەزموونن بۆ ئێمە و، له ئاسمانەوە دادەوەرن!

ئەی باشە مادام باوکم زیندوو نییە و، هەرگیز ناگەڕێتەوە! ئیدی چ پێویست بەم تاقیکردنەوەیەی دەکرد!؟ نیشتمان.. له دەستدانی مۆسکۆ!.. رەنگە سبەینێ منیش بکوژن! رەنگە کوژەرەکەیشم فەڕەنسی نەبێت و، یەکێک بێت له پیاوانی خۆمان! هەر یەکێکی وەکو ئەو سەربازە بێت، کە بە پەناگوێی مندا تەقەکەی کرد!

دواتـر فەڕەنسییەکان دێـن و، دەسـت و قـاچم دەگـرن و، تـووڕم دەدەنـە چاڵێکەوە، تـاکوو بۆگەنەکـەم بێزاریـان نـەکات.. چەندین مـەرج بـۆ ژیـانی خەڵکە دادەنرێن و، ئاساییش بەرپا دەبێتەوە و، خەڵکەکەیش هەر وەکوو چۆن یاساکانی پێشوویان جێبەجێ دەکرد. یاسا نوێیەکانیش بە هەمان شێوە جێبەجێ بکەن...

مـاری کەوتـە رامـان لـە هێڵـی دارتـووە گـەڵ زەردە وشـکەوەبووەکان و، ئـەو قەڵافەتە مەیلە و سپییەیان، کە لەبەر خۆرەکەدا دەبریسکایەوە.

له دڵـی خۆیدا وتـی:

مـردن... بەڵـێ!..رەنگە لـە سبەینێ زووتـر نییـە بکـوژرێم.. لـە نێـو زیندووانـدا نەمهێڵن.. بەڵـێ.. ئەم هەموو شتانەی، بوونیان هەیە، لای مـن بوونیـان نامێنێت! هەموو شتێک کۆتا دەبێت!

ئەمجا رەوتـی ژیـانی ئاسـایی رەمـەکی خەڵکەکەی هاتـە بـەرچاو و، بـەبێ ئامـادە بوونی خۆی، ئەو دارتوانە بە خۆیان و سێبەرەکانیانەوە و، ئەو پەڵـە هەورە چڕانـە و، دوکەڵـی سـەربازگەکان، لـە ناکـاو هـەموو ئەمانـە قڵـپ بوونـەوە و، شـێوەیەکی تۆقێنەری هەڕەشـەکاریان لـە بەرچـاویدا پێک هێنـا! گیـانی کـەوتـە لـەرزین و، کتـوپڕ هەستا و کەوتە ڕۆیشتن.

له ناکاو دەنگێک پەیدابوو و میر ئـاندریە پرسیی: **کێیە!؟**

ئەفسـەرە لـووت سـوورەکەی، کـە تیمـۆخینی نـاوبوو و، سـەرکردەی پێشـووی سـرییەکەی دۆلۆخـۆف بـوو و، بـە هـۆی کـەمیی ژمـارەی ئەفسـەرەوە، پۆسـتی ئـامر

لیـوای درابوویـه، خـۆی کـرد بـه کایەنەکـەدا و، ئەفسـەری یـاوەر و، ئەفسـەری ژمێریاریشـی بـه دواوه بـوو. ئـاندریه بـه پەرۆشـەوه هەستا و، دوای گـوێگرتن لـه ئەفسـەرانی بەردەسـتی، خـەریک بـوو جێی بهـێڵن، گـوێی لـه دەنگێک بـوو کـه نـامۆ نەبوو پێی.

لەوه دەچوو یەکێکیان خۆی به شتێکدا دابێ بۆیه هاواری کرد:

"شەیتان به نەفرەت بیت!"

میر ئـاندریه سەیرێکی دەرەوەی کرد و، پیـەری بینی. کەوا خەریکی جنێودانه بـه پارچـه تەختەیـەک، کـه لـه قـاچی ئـالابوو. ئـاندریه چـاوەڕوانی بینینـی کەسـانێکی هاوتای خۆی و، بـەتایبەتی ئەو پیـەره نەبوو، که هەر بـه بینینی، ئـەو چەند سـاڵەی بە خەمی مانەوەی لە مۆسکۆی بیر دەخستەوه.

ئەمجا وتـی:

"ئـۆو! ئـەوه خۆتیت؟ ئەمـه چی تـۆی گەیانده ئێره؟ هـەرگیز چـاوەڕێی بینی تـۆ نەبووم!"

لە دەنگی و چـاوانی و هـەڵسو کەوتیدا، بـه تونـدی سـاردیی دەردەکـەوت. بـاره دەروونییەکـەی پیـەریش، بـه جۆرێـک بـوو ئـەو پێشـوازییەی میـر ئـاندریه، بێـزاری بکات.

پیـەریش ئـەو ڕۆژه چەنـد جارێـک وشـەی گرنگـی بێمانایانـەی، لـه قسـەکانیدا بەکارهێنا.

پیـەر بـه لاقرتێوه لێی پرسی:

"ئـۆو! ئاخۆ برایانی ماسۆنیان، لـه بـارەی شەڕەوه چی دەڵێن؟"

ئـاخۆ تواننیان بەر لە بەرپا بوونی شەڕەکه بگرن؟

ئەمجا جدیـانەتر لە سـەری رۆیشت:

"ئەی لە مۆسکۆدا چی دەوترێت؟"

پیـەریش وەڵامی دایـەوه:

"بـەڵـێ! جوولـی درۆپتسکۆییش ئەمـەی پێ وتـم. منیش چووم بۆ بینینیـان. بـەڵام نەمتوانی بیان بینم! چونکه گەڕابوونەوه بۆ هەوارەکەی نێو دێ!"

بەشی بیست و پێنج
بیروڕای نوێ

ئەفسەرەکان وێستیان بگەڕێنە دواوە. بەڵام ئاندریە نەیدەویست لەگەڵ میوانەکەیدا، دوو بە دوو ببنەوە و، پێشیان کەوت و، کورسییەکانی بۆ هێنان و، خەریکی چا لێنان بوو بۆیان.

ئەفسەرەکان بە سەرسامییەوە، کەوتنە سەرنجدانی لەش و لارە کەتەکەی پییەر و، گوێیان لە قسەکانی گرت، دەربارەی مۆسکۆ و، ئەو شوێنانەی کە بینی بووی. هەرچییەک پییەر دەیوت، ئەم بەرپەرچی دەداوە و، ئەویش وای لێ هاتبوو کە لە کاتی قسە کردندا، رووی لە تیمۆخین دەکرد.

لە ناکاو میر ئاندریە قسەکەی پێ بڕی و وتی:

"کەواتە لە ڕێکخستنەکانی یەکە سەربازییەکان، زۆر باش گەیشتووویت؟"

ئەویش وتی:

"بەڵێ.. بەڵام لەبەر ئەوەی پسپۆڕی، ئەو بوارە نیم. ناتوانم بڵێم بە تەواوی تێی گەیشتووم، تەنیا لە هێڵە گشتییەکانی گەیشتووم."

میر ئاندریەیش وتی:

"کەوابوو لە هەموو کەسێک پێشکەوتوو تری!"

پییەریش بە سەرسامییەوە، لەودیو چاویلکەکەیەوە، لێی روانی و وتی:

"چۆن! ئێستا لە بارەی دامەزراندنی کۆتۆزۆقەوە چی دەڵێیت؟"

میر ئاندریەیش وتی:

"دامەزراندنی لەو پۆستەدا شادی کردم.. ئێستا هەر دەتوانم ئەمەندە بڵێم."

ئەمجا پییەر پرسیی:

"ئەی بۆ بارکلی دوتۆللی دەڵێیت چی؟ هەر خوا خۆی دەزانێت لە مۆسکۆدا چۆن باسی دەکەن!؟ ئەی بیروڕای تۆ بەرامبەری ئەو چۆنە؟"

میر ئاندریەیش ئاماژەی بە ئەفسەرە دانیشتووەکانی خۆیدا و وتی:

" لەم بەڕێزانە بپرسە؟"

بە هەمان شێوەی ئەو بزە بە بەزەیەی کە لە تیمۆخینیان پێ دەڕوانی. پییەریش سەیری ئەوی کرد و، ئەویش لە سەرکردەی فەوجەکەی خۆی روانی و وتی:

"هەر وەکو بەڕێزتان دەبینن، ئێمە کاتێک رۆشناییمان بینی، کە پیاوی باڵا ئەرکی ئەو سەرکردایەتییەی لە ئەستۆ گرت."

پییەریش پرسیی:

"ئەوە چۆن چۆنی بوو؟"

باشە! با دار و تەختە و، ئالیکەکە بە نموونە باس بکەین. کاتێک لە بەردەم سوینسیانییەوە گەڕاینەوە. دەستبردنمان بۆ ئالیکو کا، لێ قەدەغە کرابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا مادام ئێمە هەر سەفەرمان دەکرد. دەبوو کەڵکمان لێ وەربگرتایە. کەچی هەر ئەو لێی سوودمەند دەبوو. ئەی وانەبوو، خاوەن شکۆ؟

ئەم رستەیەی دوایی بەرەو رووی میرەکەی خۆی کردەوە.

درێژەی دایە:

"هەر لەسەر چەند هۆیەکی لەم جۆرە، دوو ئەفسەری فەیلەقەکەی خۆمان خرانە بەردەم دادوەر، بەڵام لەگەڵ پیاوی باڵادا هەموو شتەکان ئاسانتر بوون. هەر بۆیەش ئێمە بە ئەو رۆشن بوینەوە!"

ئەویش پرسیی:

"جا کەوابوو بارکلی دوتۆللی بۆ ئەو کارەی قەدەغە کرد؟"

تیمۆخین بە پەشۆکاوییەوە چاوانی پێدا دەگێڕان و وەڵامی نەبوو.

میر ئاندریە بە هانایەوە چوو و، بە لاقرتێوە وتی:

"لەبەر ئەوەی بە کاولی زەوییەکانمان، نەخەینە بەردەست دوژمن! ئیتر چی لەمە دادوەرانە تر؟ شیاو نییە ڕێ بە سەربازان بدرێت: نیشتمان تاڵان بکەن. یان بە کاری ڕاو وڕووت هەڵبستن! بیر کردنەوەکەی لە نێو سمۆلنسکدا، لە جێی خۆیدا بوو، کە وتبووی: **دوژمن لە توانایدایە و، ڕێی تێدەچێت سوپاکەی وەربچەرخێنێتەوە و، چواردەوری سوپاکەمان بدات و، سەربازەکانیشیان لە ئێمە فرەترن.**

لە نـاکاو هـاواری کرد:

" لەگەڵ هـەموو ئەمانەیشدا.. ئـەوەی کـە نـەیتوانی تێی بگـات! بەڵـێ ئـەوەی کـە نـەیتوانی تێی بگـات: ئـەوە بـوو کـە ئێمـە بـۆ یەکـەمجار بـوو، بـەرگریمان لـە خـاکی رووسـیا دەکـرد. ئـــەو ڕۆژە یـەک لـە دوای یـەک هێرشـەکانی ئـەوانمان شـکاند و، بەرەو دوامان کردنەوە. تواناماں دە هێندەی خۆمان بـوو! لەگەڵ هـەموو ئەمانەیشدا فەرمان درا بە کشانەوەمان! ئەو هەموو ماندوو بوون و، زیانانـەمان بـە فیـڕۆ چـوو. بێگومـان ئـەویش بیـری لـە ناپـاکی بەرامبـەر نیشـتمانەکەی نـەکردبووەوە! ئـەو پیـاوە هـەوڵی زۆری دەدا، کە بە کەمترین زیان.. بگاتە باشترین دەستکەوت و، ئامانج! هـەر لەبـەر ئەمـەیش بـوو بێکـەڵک بـوو. بـە کـەڵکی هـیچ نـەدەهات! بـەڵـێ.. چونکـە ئـەویش وەکوو هەر ئەڵمانییەکی باش.. زۆر بە قوولـی لـە هـەموو شـتەکانی دەڕوانـی. نـازانم ئەمەت چۆن بۆ شی بکەمەوە؟

بـــا وایـــدابنێین باوکـــت، نۆکـــەرێکی ئـــەڵمانیی هەیـــە. بەردەســـتێکی لـــە بـــارەو ئارەزووەکانی بـاوکت، بە باشی دەخەمڵێنێت و، لە خـۆت چـاکتر جێبەجێیان دەکـات. ئێوەیش لە کارەکانیدا، دەستی والا دەکەن. بەڵام کاتێک باوکت نەخۆش دەکـەوێت و، دەکەوێتە گیانەڵا. ئیدی تۆ بە کاری خزمـەت کردنی باوکت لـە لایـەن ئـەوەوە، رازی نابیـت و، خـــۆت بـــەو دەســـتە رانەهاتووانـــەت خزمـــەتی باوکـت دەکـەیت و، لـە هـەر کەسێکی دیکە باشتر.

هەر بەو شێوەیەیش لەگەڵ بارکلی دوتـۆللی رەفتاریـان کرد و، جووڵانـەوە. تـاکو رووسیا لە بـارێکی لـەبار و باشـدا بێت، بیانییـەکان خزمـەتی ئـەویان بـۆ دەکرێت و، دەتوانن رۆڵی وەزیرێکی نایاب ببینن.

بەڵام لەو کاتەوەی کەوتە مەترسییەوە، پێویست بـوو، کەسـانی هـاوخوێنی خـۆی خزمـەتی بکـەن! لـە یانەکـەی خۆتـدا پڕوپاگەنـدەی ئـەوەیان بـۆ کـرد، کـە ئـەو پیـاوە کەسێکی ناپـاکە! ڕۆژێـک دێت لـە بەرامبـەر ئـەو جنێوەیانـدا رووزەردی بکێشـن و، تـەریق ببنـەوە و، هـەر خۆیـان ئـەو کەسـە بکەنـە پاڵـەوان و بلیمـەت! کـە ئەمـەیش لـە خۆیـدا لـە هەڵەکـەی پێشـوویان نـارەواترە. ئەوە بـزانن کە ئـەو لـە ئەڵمانییـەکی شەرەفمەند بەولاوە هیچی تر نییە."

پییەر بەرپەرچی دایەوە:

"دەڵێن ئەو پیاوێکی بە سەلیقە و لێهاتووە، لە شەڕدا."

میر ئـاندریە بە بزەیەکی لاقرتی ئامێزەوە وەڵامی دایەوە:

"من لەم قسەیەی تۆ تێناگەم."

ئەویش وتـی:

"پیاوی لێهاتووی شەڕ، ئەو کەسـەیە کـە ئاکامـەکانی شـەڕەکە.. لەگەڵ خەملاندنی نیازەکانی دوژمن، پێشوەخت ببینێت..."

میـر ئـاندریەیش وەکـو ئـەوەی، کێشـەکە هـەر زوو یـەکلایی کرابێتـەوە. وەڵامـی دایەوە:

"بەڵام.. ئا ئەمەی دەیڵێیت مەحاڵـە."

پییەریش بە سەرسامییەوە لێی ڕوانی و وتـی:

"لەگەڵ ئەوەیشدا.. ئەوان دەڵێن شەڕ وەکوو جێمی شەترەنج وایـە."

ئـاندریەیش وتـی:

"بەڵـێ! لەگەڵ بڕێک جیاوازیی پچووک و کەم بـەهادا. لـە شـەترەنجدا دوای هـەر جوولەیـەکی بەرامبەرەکـەت.. بـۆت هەیـە بـاش بیـر بکەیتـەوە و، کـات ڕۆڵێکـی نییـە! لەگەڵ ئـەو جیاوازییـەدا: کـە ئەسـپ لـە سـەربازی شـەترەنج بـە توانـاترە. دوو سەربازیش لە یەک سەرباز بە هێزترە. بـەڵام لە شەڕدا.. ڕێدەکەوێت کە لیوایەک لـە فەیلەقێک ئازا و بە تواناتر بێت!

جـاری وایش هەیـە، هـەر ئەو فەیلەقە لـە سـریەیەک لاوازتـر بێت! هـەرگیز کـەس نـاتوانێت هێزە ڕێژەییەکـەکان بخـەملێنێت! لـە ڕاستیشدا ئـەگەر ئەنجامـەکانی شـەڕ، بـەر ئـەنجامی ئـەو ڕێ و شـوێنانە بوایـە، کـە سـەرکردایەتیی ئەرکانـەکان دایـان دەڕێژن، ئەوا تا هەتایە لەو سەرکردایەتییەدا دەمامەوە. لە کاتێکدا ئێستا بـە خزمـەت کـردن لێـرەدا و، لـە نێـو ئـەم فەوجـەدا و، ئـەم بـەڕێزانەدا ئابڕوومـەنـدم. وایشـی دەخەملێنم کە ئەنجامی شەڕەکەی سبەینێ، بە خۆمانەوە بەندە.. هەرگیز سـەرکەوتن بە شـوێن و پێگـە و، پڕ چـەک بـوون و، تەنانـەت بـە زۆر و کـەمیی سـەربازییشـەوە بەند نییە."

ئەویش پرسیی:

" ئـەی کەوابوو بە چییەوە بەندە؟"

ئـاندریە وەڵامی دایـەوە:

"بـەو هەسـتەوەی لـە ڕەوانـی مـن و ــ دەسـتی بـۆ تیمـۆخین ڕاکێشـا ــ ئـەودا و، هەموو ئەو سەربازانەدا هەیە، بەندە!"

میر ئاندریە سـەرنجی تیمـۆخینی دا و، ئـەویش لای خۆیـەوە بـە کـەمێک تـرس و

دڵەڕاوکێوە، لە سەرکردەکەی خۆی دەڕوانی. هەرچەند کەسێکی ئارام بوو. بەڵام ئەمجارە، میر ئاندریەی بە شڵەژاوییەوە بینی. پێیشیەوە دیار بوو، کە ناتوانێت بێدەنگ بێت.

دیسان تێهەڵچووەوە:"ئەو لایەنە شەڕەکە دەباتەوە کە لە ناخیدا و، بە وڕەوە بڕیاری سەرکەوتنی داوە. بۆچی شەڕی ئۆستەرلیتزمان دۆڕان؟ خۆ زیانەکانمان لە زیانی بەرامبەرەکەمان زۆرتر نەبوو! بەڵام زووتر بە خۆمان وتبوو دۆڕاوین و، ئەوە بوو بەزیین. بۆیەش ئەمەمان بە خۆمان وتبوو، چونکە حەزمان لە شەڕ و کوشت و بڕ نەبوو و، دەمانویست هەر زوو گۆڕەپانەکە جێ بێڵین،"شەڕەکە لە دەست چوو! لە هەڵاتن زیاتر هیچمان بۆ نەمایەوە!" ئەوەبوو هەڵاتین. ئەگەر ئەو زمانەمان بە کار نەهێنایە هەر خوا خۆی دەیزانی، دواتر چی رووی دەدا.

بەڵام سبەینێ بارەکە جیاواز دەبێت. تۆپش پێشبینیی ئەوە دەکەیت، کە باڵی چەپی سوپاکەمان، زۆر لاواز بێت و، باڵی راستیش زۆر درێژ بووەتەوە. ئەوانە هەموویان قسەی پڕ و پووچن. سبەینێ بە ملیونان و ملیۆنان رووداو دەقەومێت و، بارو دۆخێک دێنێتە ئاراوە، وا لە چەکدارانی ئێمە و، چەکدارانی ئەوانیش دەکات، کە هەڵبێن! ئەمەش دەبێتە هۆی کوژرانی فلان و فلان.

بە چاوەڕوان بوونی ئەو ساتە.. هەر چییەک لە پێناوی ئەو شەڕەدا دروست کراوە و، هەرچی پیلانێکیش بۆی داڕێژراوە، لە یاریی منالان بەولاوە، هیچی تر نابێت! ئەوانەی کە من لەگەڵیاندا سەردانی پێگەکەم کرد.. لەوە دوورترن کە بتوانن رێڕەوی شەڕەکە بگۆڕن. یان بتوانن ببنە رێگر و، لەمپەر لەبەردەمیدا. ئەوان لە بەرژەوندییە بێ نرخەکەی خۆیان بەولاوە، بیر لە هیچی تر ناکەنەوە."

پییەر بە لاقرتێوە وتی:

"لەم جۆرە ساتانەدا؟"

میر ئاندریەیش لە سەری رۆیشت:

"بەڵێ! هەر لە ساتێکی وادا! ئەو جۆرە ساتانە بە لایانەوە لە بارە بۆ تەقاندنەوەی چەقی کاریگەری رکابەرو وەدەست خستنی خاچێک یان قردێلەیەکی تر."

لە تیلەچاوی خۆمەوە ئەمەیش گرتەیەکی تر:

بەگژاچوونەوەیەک، لە نێوان سوپای رووسدا کە لە (١٠٠٠٠٠) سەربازپێک هاتووە. لەگەڵ سوپای فەرەنسیدا. کە ئەوانیش (١٠٠٠٠٠) سەربازن. ئەو سوپایەیشی کە توندو تیژترە و، درێغی لە تەقەلای خۆی ناکات. شەڕەکە دەباتەوە.

ئەوەیشت پێدەڵێم: هەرچییەک روو بدات و، سەرکردەکان هەرچۆنێک پیلانگێڕ بن! تەنیا و تەنیا، هەر خۆمان سەرکەوتوو دەبین! لەگەڵ هەموو نالەباریەکانیشدا، سبەینێ هەر خۆمان سەردەکەوین.

تیمۆخین هەڵیدایە:

"ئەوە راستییەکی روونە.. خاوەن شکۆ! جا ئێستایش هەر کاتی قسە شاردنەوەیە؟ بڕوا دەکەی سەربازانی لیواکەم.. دڵۆپێک شەراب چییە.. نەیان خواردەوە و، رایانگەیاند کاتی خواردنەوە نییە!"

کپیی باڵی بەسەردا کێشان و، ئەفسەرەکان هەستان و، میر ئاندریەیش بە دوایاندا. تاکو زانیاریی نوێیان بداتێ. ئەوان ڕۆیشتن و، پییەریش دەیویست کۆڵینەوەکەی درێژە پێ بدات. بەڵام خرمەی پێی سێ سوارە و، لە نزیک کەنارەکەوە، هاتە بەر گوێی!

میر ئاندریەیش لەو لایەی روانی، کە دەنگەکەی لێوە دەهات و، بۆی دەرکەوت هاتووەکان فۆلزۆگن و کلوزویتر و، قەوقازییەکیان بە دواوەیە. هێندە نزیک بوون لێیانەوە، تەنانەت بڕێک لە وتووێژەکانیشیان بیستبوو.

یەکێکیان بە ئەڵمانی وتبووی:

"پێویستە بەرەی شەڕەکە درێژتر بکرێتەوە. بۆیە منیش ناتوانم پشتگیریی ئەمە نەکەم."

ئەوی تر وەڵامی دابووەوە:

"زۆر راستە.. مەبەستیش لاواز کردنی دوژمنە. لە کاتێکدا تەرازووی خەملاندنیش، زیانەکانی کەسە تایبەتەکانی تێدا جێ نابێتەوە."

ئەوی تریش وتی:

"بێگومان وایە."

کە دوانەکە تێپەڕین میر ئاندریە بە تووڕەییەوە لە بەرخۆیەوە وتییەوە:

"بێگومان راستە! پێویستە بەرەی شەڕەکە درێژتر بکەینەوە، باوک و خوشک و کوڕەکەیشم، دەکەونە ئەو چێوەی درێژ بوونەوەیەوە. لە کاتێکدا ئەم بابەتە لای ئەو دوانە بایەخیشی نەبووە، کەچی ئەوەیان وتووە. منیش هەر ئەوەم دەوت سبەینێ ئەڵمانەکان شەڕەکە نابەنەوە. ئەوانە هەر خۆیان هێندەی لە توانایاندا بێت، هەموو شتێک تێک دەدەن. چونکە کەللە زلەکانیان، تەنیا ئەو بیرۆکانە وەردەگرن کە من بە سەرە دەرزییەک نایان کرم! لە دڵیشیاندا شتێکی پێویست بۆ سبەینێ نییە. شتێکی وەکو ئەوەی، لە دڵی تیمۆخیندا هەیە. دوای ئەوەی ئەوروپایان دایە دەستەوە، ئێستایش دەستیان کردووە، بە دەرس دادانی ئێمە."

به توندی لەسەری رۆیشت:

"ئـای چ مامۆستایەلێکی قەشەنگمان هەیە!"

پییەر لێی پرسی:

"کەوابوو تۆ پێت وایـە، ئێمە شەڕەکە دەبەینەوە!"

ئەویش وەڵامی دایەوە:

"بـەڵـێ! بـەڵـێ! ئەگـەر کارەکـە هـەر لـە ئەسـتۆی خۆمـدا دەبـوو، دیلـەکانمان نەدەبرد. دیل؟ ئەوە جۆرێکە لە سەرناسی و سـوارچاکی. فەڕەنسییەکان مالّەکەمیان تالّان کرد و، لەسەر تالّان کردنـی مۆسکۆیش سـوورن. سـووکایەتییان پێ کردم و، ئێستا لەسەر سوووکایەتییەکانیان رسـەرومڕن و، ئـەوان دوژمنـی منن. بۆیـە منیش هـەموویان بـە تاوانبـار دەبینم و، پێویسـتە تـاکو ئـاوا دوژمـنم بـن منیش بیـانکوژم. چەندە وتارەکانیشیان لە تیلسیتدا جوان بێت، نابنە دۆستم."

پییەریش چاوانی بریسکەی دەداوە و وتـی:

"بێگومان وایە و، منیش پشتگیریی قسەکانت دەکەم."

هـەر لـە لێژییەکـەی شـارەدێی مۆجاییسـکەوە، پییـەر بیـری لـە ئـەو کێشـەیە دەکردەوە. ئێستا بەلایەوە رووتە و، بە تەواوی چارەسەر بوو. ئێستا لـەم جەنگـە و، شەڕی داهاتوو، بە جوانی گەیشتووە.

ئەوەی ئەو ڕۆژە بینی بووی وەریگرتبوو و، ئـەو روخسـارە جدی و بـە ورانـەی کە بینی بوونی، کاتی رۆیشتنەکەی رووناکییـەکی نـوێی خسـتبووە بـەرچاوی خـۆی. لە نیشتمانپەروەریی هەموو ئەوانە تگەیشتبوو. ئێستا ئەوەی بۆ لێک دەدەنـەوە کـە بۆچی هەموو لە نەستی خۆیاندا و، بە بێدەنگی خۆیان ئامادەی مردن دەکەن؟

میر ئـاندریە لە سەری رۆیشت:

"دیل نـەکردن و نـەبردنیان، واتـای گـۆڕینی ڕێڕەوی شـەڕە، بـە ئاراستـەی کـەمتر کردنەوەی سەختی و، تووندوتیژیی جەنگ. بـەڵام بـە داخـەوە، لـە بـری ئـەوە، ئێمـە لـە گەمـەی شـەڕداین! ئێمـە نیـانیی خۆمـان دەخەینـە ڕوو. ئـەم نیانییـە و، هەسـت و سـۆزەمان، ئـەو ژنـە نیانـەم دێنێتـەوە بـەرچاو، کـە لـە مالّـە چکۆلەکەیدا بـێزارە بـە بینینـی، سـەربڕینی گوێرەکەیـەک بـۆی و، دڵـە نیانەکـەی ڕێـی نـادات خـوێن ڕژانـدن ببینێت! لە کاتێکدا دواتر بە ئاسوودەییەوە گەدەی خۆی پڕ دەکات لـە گۆشـتی ئـەو گوێرەکەیەی نێو شۆرباکەی! ئەوان یاساکانـی جـەنگ، مرۆڤایـەتی، سـوارچاکی، ڕێز گرتنـی دانوسـانکاران... هتـد زەق دەکەنـەوە. بـەڵام ئەمانـە هـەمویان قسـەی هـیچ و

پـووچن! لـەسـاڵی (١٨٠٥)دا هـەموو ئەمانـەم بینـی. ئەوەبـوو ئـەوان فریویـان دایـن و ئێمە خەڵـەتاین.

ئـەوان ماڵـەکانمان دەخەنـە بـەر بـەزەیی تـاڵانچیان و، پـارەی سـاختە دەخەنـە بازاڕەکانمانـەوە. لـە مانـەیش خراپـتر بـاوک و منداڵـەکانم دەکـوژن و، دواتـر دێـن و بـاسی یاسـاکانی شـەڕ و نیـان بـوونم، بەرامبـەر دوژمـنم بـۆ دەکـەن! نـەخێر نابێت کەسـیان لـێ بـە (دیـل) بگیرێـت! بەڵکـو پێویسـتە هـەموویان بکـوژرێن! ئـەوەیش ئـەم بڕیارەم پێ دەدات، ئەو بارودۆخە پڕ ئازارەی بوو، بەسـەردا خۆمدا تێپەڕیوە....

میر ئـاندریە دەیویست بڵێت، داگیر کردنی مۆسکۆ و، داگیر نـەکردنی، بـە لایـەوە هـەر وەکوو یەکە و، وەکوو داگیر کردنی سمۆلنسکە و، جیاوازیی نییە.

بەڵام قوڵپی گریان قورگی گرت و، نـەیهێشت هیچی تر بڵێت.

چەند هەنگاوێکی بە بێدەنگی نـا و، بە لێوەلەرەوە گەڕایەوە سـەر قسـەکانی:

"ئەو نیانییە ساختەیە نەبوایە، ئێمەیش وەکوو ئەمرۆ، بەرەو مردن نەدەڕۆیشتین. شـەڕانێک بە بیانووی لەو جـۆرانەی، گوایە پـاڤل ئیڤانیتش سووکایەتیی بـە میخائیل ئیڤـانیتش کـردووەوە دروسـت نـەدەبوو. کـە شـەڕیش دروسـت بـوو، وەکـوو ئـەم شەڕەی ئیستا راستەقینە دەبێت."

بێگومـان، ژمـارەی یەکـە سـەربازییەکانیش، کاریگـەریی کـەمتری، لەمـەی ئێسـتا دەبـوو. چونکە ئەو هەموو "هیسین[1]"یانـە و، ویسـتڤالییانەی نـاپلیۆن، بـە دوای خۆیدا بـە کێشـی کـردوون بـۆ ڕووسـیا، بـەم شـێوەیە تـاکو ڕووسـیا شـوێنی نەدەکـەوتن. ئێمەیش بێ ئـەوەی بزانین لە پیناوی چیدا شەڕ دەکەین.. نەدەگەیشتینە بڕووسیا و نەمسـا. ئـەی ئەمـە لـە گاڵتەجاڕییـەکانی شـەڕ نـەبێت چییـە؟ ئـاخۆ شـەڕ رسـواترینی شتەکانی دنیا نیـیە!؟ پێویستە مـرۆڤ، نـەک هـەر ئەمـەی لـە بیر بێت، بەڵکـو وەکـوو یـارییەکیش چێژی لێ وەرنەگرێت و، لێی نەڕوانێت.

دەبێت ئـەم پێویستبوونە کە شـەڕە، ئارەزوومەندانـە و، بـە جدی وەربگیرێـت. بـا چـی درۆی شـەڕ هەیـە، وەلاوە بنرێـت. چونکـە ئـەوە.. شـەڕ!! یـاری کـردن نییـە! نابێت بدرێتـە دەسـتی کەسـانی بێکـارە و، سەرکێشـانەوە. ئـەی خـۆ پیشـەی سەربازی بە پیرۆزترینی پیشەکان دانەنراوە؟

لەگەڵ ئەوەیشدا.. ئەم پیشـەیە چییـە و، چـۆن مـرۆڤ سـەرکەوتنی تێدا وەدەسـت

---

١ ـ هیسین: ناوی سێ هەرێمی ئەڵمانیایە.

دێنێت!؟ ئەوانەی دەیکەنە پیشە بۆ خۆیان، بە چ باو و نەرێتێکەوە پابەند دەبن؟ مەبەست لەو کارە کوشت و بڕە و، رێپەکانیشی سیخوڕی و ناپاکی و نیخەدانی چەڵکییە بۆ ناپاکی. داڕووخانی دانیشتوان و، تاڵان و ئەو دزییانەی بۆ فرەتر کردنی سوپا بەکاردەبرێت. رازاندنەوە بە درۆ کردن و، فریودان، ناویان لێناوە فریوەکانی شەڕ. گەوجاندن و، بە کۆیلە کردنی خەڵکی، بە ناوی گوێڕایەڵیی یاساوە و، بێکارەبوون و، زبری و تووندوتیژی و، بەدمەستی و، بەدرەوشتی تەشەنە دەکات.

سەرەڕای ئەمانەیش، خێڵە سەربازەکەیش سەرۆکایەتی خێڵەکانی تر دەکەن. خەڵکەکەیش هەر هەموویان، ئەو سەرۆکی خێڵانە، بەرز و پیرۆز رادەگرن.

ئیمپراتۆری چین نەبێت، هەر هەموو سەرۆکەکانی تر، بەرگی سەربازی دەپۆشن! باشترین خەڵاتیش، بە ئەوانە دەدەن کە زۆرترین مرۆڤیان کوشتووە. یان بە دەیان هەزار خەڵک کۆ بکەنەوە، تاکوو بەر ببنە گیانی یەکتری و، یەکتر بکوژن و، بریندار و کەمئەندام بکەن.

بۆ ئەمەیش دەیان هەزار کۆ دەکەنەوە، هەر وەکوو ئا ئەوەی کە سبەینێ لەم گوزەرەی ئێمە روو دەدات! پیرۆز کردنی ئاییني و، لێبووردەیی، بۆ ئەم کارە، پێک دەهێنرێت! ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئەوەندەیان کەس کوشتووە!

بە هەرحاڵ وامان پێوانە کردووە، کە تاکوو کوژراوان لە بەرەی شەڕەکاندا فرەتر بێت.. ئەوا سەرکەوتنەکە قەشەنگترە!

میر ئاندریە هاواری کرد:

"باشە.. خۆ خوا بۆ خۆی لەو بەرزییەوە، ئەمە دەبینێت و، نوێژ و نزاکەیشیان وەردەگرێت! ئای.. ئازیزەکەم! بەم دواییانە لەم ژیانە زۆر بێزار بووم. گومانی تێدا نییە، کە دەستم کردووە بە باش تێگەیشتن، لە شتێکی زۆر. ئەوەیش لەبار نییە مرۆڤ لە بەری چاکە و خراپە بخوات.. گەر بیشیچێژێت ئەوا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نابێت.

بە هەرحاڵ.. لەوە دەچێ نووستبیت؟ بێگومان کاتی ئەوە هاتووە، منیش سەرخەوێک بشکێنم. تۆیش بگەڕێوە بۆ گۆرکی."

پییەریش وەکو ئەوەی ئازاری هەبێت وەڵامی دایەوە:

" ئۆو... نەخێر!"

ئاندریەیش پێی وت:

"بەڵێ! بۆ ئەوەی شەڕی باش بکەیت.. دەبێت باش بنوویت."

لە پییەر نزیکتر بووەوە و، باوەشی پێدا کرد و پرسیی:

"دەی.. بـڕۆ! خوات لەگەڵ.. ئـاخۆ سەرومڕ و تا سەر: یەکتری دەبینینەوە؟"

بە پەلە وەرچەرخایەوە و، خۆی کردەوە بە کایەنەکەدا. پییەریش لە بـەر ئـەوەی تاریک بوو، نەیتوانی روخساری هاوڕێکەی بـە رووبی ببینێت. تـا بزانێت رووی بـە سۆزە، یـان بە ورەیە؟ ڕاڕابوو لە بڕیاردانیدا کە لەگەڵ ئەو بڕوات، یان نا.

لە دڵـی خۆیدا وتـی:

نەخێر.. ئەو پێویستیی بە من نییە.

هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و گەڕایەوە بۆ گۆرکی.

دوای ئـەوەی ئـاندریە چـووەوە گەنجینەکـەی خـۆی. لەسـەر بەتـانییەک ڕاکشـا. بـەڵام خـەو نـەچووە چـاوانی. وێنەیـەلێکی فـرە هاتنـەوە بـەرچاوی و ئـاپوورەی مێشکیان دا.

لە ئاستی یەکێکیاندا هەڵوێستەی کرد، کـە ئاهـەنگێکی شـەوانەی پیترزبۆرگ بـوو و، ئەو شـەوە، نـاتاشا بە هەژاوییەوە، بـاسی ون بوونی خۆی و، لە هاوینی پار و لە دارستانێکی گـەورەدا بـۆ دەکـرد. باسـی ئـەو شـتانەی بـۆ دەکـرد، کـە لـە کـاتی ون بوونەکەیدا، بـیری لـێ کردبـووەوە. ئـەو قسـانەی لەگەڵ کەسـێکی هەنگەوانـدا کـرد بووی و، ناوەناوە بابەتەکەی بـە خـۆی دەبـڕی و پێی دەوت..کـە نازانێت بـە جوانـی بۆی بگێڕێتەوە و، خەمی ئەوەیەتی نەتوانێت باش تێی بگەیەنێت.

بـە ڕوویـەکی سـوورهەڵگەڕاو و پەرۆشـەوە دەیـوت،"پیرێکی سـەرنجڕاکێش بـوو! دارستانەکەیش زۆر تاریک بوو! نەخێر بە جوانی بۆم ناگێڕدرێتەوە!"

میر ئاندریـەیش ئـەو بـزە پـڕ بەختەوەرییـەی، سـەرلێو کەوتـەوە، کـە لـە ڕوانینی چـاوەکانیدا و، کاتـی خۆی چووە بووە، سەر لێوانی و، بـە خـۆیی وت،"ئـەو دەمـەی.. کە بۆی دەگێڕامەوە، باش تێی دەگەیشتم... بەڵـێ! حەزم لەو ڕەوانە چـالاک و بزێـوە و، سـەرکێشییانەیشـی بـوو! هـەر لـە قـەتیس مـاوێکی نێـو جەسـتەی خـۆی دەچـوو. بـەڵـێ.. ئـەو ڕەوانـەی ئـەو، لـەو ڕەوانانـە بـوو کـە مـن زۆر بـە تونـدی و، تاسـەوە خۆشمدەویست! هەر ئەویش بوو کە بەختەوەریی پێ دەبەخشیم."

لە ناکاو کۆتاییە تراجیدییایەکـەی ئـەو عیشقەی هاتـەوە بیر! کاتێک وەکـو کچێک لێی دەڕوانی و، بە شایستەی ئەوەی نەدەبینی: تاکوو بیکاتە هاوبەشـی ژیـانی خـۆی. ئۆف.. ئەی من!؟ خەمەکەیش لەوەدایە، کە ئەو پیاوە هێشتا لە ژیاندایە!

بـە قەڵـەمبازێک ڕاست بـووەوە و، وەکـوو ئـەوەی بیرەوەرییەکـە بـۆی بووبێتـە شیشێکی سوورەوەکراو و، چزاندبێتیان بە جەستەیدا!

دواتر کەوتە هاتوچۆ بە کایەنەکەدا.

بەشی بیست و شەش
پاشای رۆما

هەر لە (٢٥)ی ئەو مانگی ئابەدا و، دوای شەڕەکەی بووردینۆ، بەڕێز دۆبۆسییەی سەرپەرشتیاری کۆشکەکەی مەدرید و، سەرکردە فابییەی یەکەمیان لە سەربازگەکەی پاریس و، دووەمیان لە ڤالییۆڤۆوە، هاتن بۆ لای ناپلیۆن.

دوای ئەوەی بەڕێز دۆبۆسییە بەرگی فەرمیی دەرباری پۆشی، گورزەیەک کاغەزی بە دەستەوە بوو و، دەبوو بیدایەتە دەست ئیمپراتۆر خۆی. چووە ژوورە چکۆلەی بەردەم دەواری ئیمپراتۆر و، بە دەم کردنەوەی گورزەکەی دەستییەوە، کەوتە وتوویژ لەگەڵ ئەو یاریدەدەرە سەربازییانەی، کە دەم پرسیار کردنەوە دەوریان دابوو. لە هەمان کاتدا فابییەیش لەبەر دەوارەکەدا لەگەڵ بڕێک لە ژەنەرالە ناسیاوەکانی خۆی، دەدوا.

ناپلیۆنیش لە ژووری نووستنەکەی خۆیدا، خۆی دەپۆشی و، رێک دەخست. دەمێک پشتی درێژ دەکردەوە و دەی پرخاند و، دەمێکیش سنگی دەردەپەڕاند، بۆ ئەو فڵچەیەی کە خزمەتکارەکەی پێی دەشێلا.

خزمەتکارێکی تریش، پەنجەی بە سەری شوشەیەکەوە بوو و، ناوەناوە لەشی ئەوی بە قۆڵۆنیا تەڕ دەکرد. لە روخساریدا وا دەردەکەوت کە کەس ناتوانێت وەکوو ئەو، بڕی ئەو رژاندنە بزانێت! قژی ناپلیۆن تەڕ و بژ بوو. روخساریشی لەگەڵ ئەوەدا کە زەردباو بوو، بەڵام حەساوەیی پێوە دیاربوو.

لە بەر شێلانەکەدا خۆی هێنایەوە یەک و وتـی:

"دەی... بە جدی بەردەوام بە.."

یاریدەدەرە.سـەربازییەکەیش، هـەر چـاوەڕوانی ئـەوە بـوو، رێـی بـدات و بـۆی دەربچێت. دوای ئـەوەی ژمـارەی دیلـەکانی شـەڕەکەی دوێنێی بۆ هێنـابوو، دابوویـە دەستی ناپلیۆن.

ئەویش ددانەکانی جیرکردەوە و لە سـەر راپۆرتەکە وا هاتە گۆ:

"دیـل نییـە! ئـەوان بـە دەستی خۆیـان وێرانکـاری بـە سـەر خۆیـاندا دەسـەپێنن! ئـەمەیش زیانێکی گەورەیە بۆ رووسییەکان..."

دوای ئەوەی لە ژێر کاریگەریی فڵچەکەدا کوور بووەوە، لە سەری رۆیشت:

"دەی... بەردەوامبە لەسەر شێلانەکەم! باشە.. دەبووسیە و فابییە بکەنـە ژوورەوە بابێن."

دوای فەرمان دەرکردنەکەی بە سەر لەقاندنێک ئەوی وەدەرنا.

ئـەویش وتـی:

"بـەڵـێ! خاوەن شکۆ."

یاریدەدەرەکـە کشـایەوە و، دوو خزمـەتکارەیش زۆر بـە وردی کەوتنـە پۆشـینی بەرگەکە، بە بەری ناپلیۆندا. ئەویش کـە بەرگـە شینە پاسـەوانییەکەی پۆشی، بـەرەو هۆڵی پێشوازی رۆیشت. لـەو کاتـەدا دو پۆسـیەیش ئـەو دیاریـیەی کـە بـۆ خـاتوونی شـابانووی هێنـابوو، لـە سـەرەڕێی هـاتنی ئیمپراتـۆردا و، لـە سـەر دوو کورسـی دانابوو. بەڵام هاتنی ناپلیۆن لە نـاکاودا بوو و، تەنانەت فریای خـۆ ئامـادە کردنیش نەکـەوتبوو. نـاپلیۆن وای خەملاندبوو، کـە ئـەوان لـە ئامـادە کردنـی سـپرایزێکدان بـۆی و، ئەویش نائومێدی نەکردن و، خۆی واپیشاندا کە هیچی نەبینیوە.

فابییەی بـانگ کرد و، ئـەویش بـە گـرژی و کپییـەوە، گـوێی بـۆ قسـەیەلێکی وەک ئازایەتیی سەربازانی خاوەن شکۆی و، خۆنەویستییان و، ئازایـەتییان، لـە شـەڕەکەی "سلامانک[1]"ی ئەوپەڕی ئەوروپا، شل کرد. وتیشی ئەوان تـەنیا ئـارەزوویان ئەوەیـە، کـە لـە ئاسـتی خواستەکانی ئیمپراتـۆرەکەیاندا بـن.. تـەنیا یـەک خەمیشیان هەیـە و، ئـەویش ئەوەیـە کـە سـەرکەوتوو نەبـن لـە رازی کردنـی ئیمپراتـۆرەکەی خۆیانـدا. ئەنجامی شەڕ و کوشتارەکەیش خەفەتهێن بوو.

---

١ ـ سالامانک یان سالامانکا: شارێکی ئیسپانیایە.

بۆیە ناپلیۆن ناراستەوخۆ لە سەری دوا و بە لاقرتیوە وتـی:

"ئەو شوێنانەی خۆمی لێ نەبم، لەوە باشتری لێ ناکەوێتەوە."

لە سەری رۆیشت:

"پێویستە دواتر ئەو هەڵانە لە مۆسکۆدا راست بکەمەوە!"

هەر لەو ماوە کورتەدا، بـەڕێز دو پۆسیەیش فریـا کـەوت و، سپرایزەکەی خـۆی ئامادە کرد و، لەسەر چەند کورسییەک دانیان و، بە قوماش دایپۆشین.

کە ناپلیۆن بە لای ئەودا ئاوڕی دایـەوە، ئـەویش سـڵاوێکی فەرەنسـییانەی جـوانی وای لـێ کـرد، کـە مەگـەر خزمـەتکارانی بنەماڵـەی سـۆربۆن بـە هێنـدەی ئـەو لـەو سڵاوەیان زانی بێت!

دواتـر لـە ئیمپراتـۆر نزیکتـر بـووەوە و، زەرفێکـی نامـەی داخـراوی دایـە دەسـت. ناپلیۆنیش بە رووبەکی خۆشەوە، پێشوازی کرد و، بە ناسکی گوێیەکی ئەوی بـادا!

بە نیانییشەوە لێی پرسی:

"پەلەت کرد لە هاتنتدا و، بەمە خۆشحاڵم. ئـەی لە پاریس چی دەڵێن؟"

دو پۆسییەیش بە داناییەوە وتـی:

"هەموو پاریس بە دووریی تۆ خەمبارن! خاوەن شکۆ!"

ناپلیۆنیش بە ئاگابوو، لەو جۆرە پیاهەڵدانانە و، بە دڵێکی خۆشـەوە قسـەکەی لـێ وەرگرت. ئەوی شەرەفمەند کردەوە، بـەوەی جارێکی دی گوێیـەکی بـادایەوە و پێی وت،"خەمی ئەوەمە: کە ئەو رێگا دوورەت لەبەر من بڕیوە."

دۆبۆسییەیش هەڵیدایـە:

"خاوەن شکۆ، منیش هەر چاو لە ڕێی بینینی تۆ بووم لە دەروازەی مۆسکۆوە!"

ناپلیۆنیش بزەیەک گرتی و، بە لای راستدا لای کردەوە. یاوەرێکی سـەربازیی لـە سـەر پـەنجەی پێیـەکانی بـەرەو لای ئیمپراتـۆر هـەنگاوی نـا و، قووتـووە زیوینـە بڕنووتییەکەی بۆ برد.

ئەویش قووتوە سەر بەتاڵەکەی لە لووتییەوە نزیک کردەوە و وتـی:

"بەڵـێ! تـۆ بەختـەوەریت، کـە حـەز بـە سـەفەر دەکـەیت. تـاکو سـێ ڕۆژی تـر تـر، مۆسکۆیش دەبینی. بێگومان چاوەڕێی بینینی هـیچ پایتـەختێکی ئاسیا نـەبوویت! هـەر بۆیەیش ئەم سەفەرەیان بۆ تۆ زۆر خۆش دەبێت.

هەرچەند بە خاوەن زەوقێکی وای دانـا، کـە هـەرگیز وانـەبوو. بـەڵام دۆبۆسـییە سوپاسـی کرد و، بۆیشـی نووشـتایەوە. ئـەمجا کـە نـاپلیۆن روانیـی دەوروبەرەکـەی،

لەو شتە داپۆشراوەی سەر کورسییەکان دەڕوانن ئەویش پرسیی:

"بەڵام.. ئەی ئەمە چییە!؟"

بەڕێز دو پۆسییە لێزانانە و، وەکو کەسی دەربار، دوو هەنگاو چووە دواوە و قوماشەکەی لەسەر کورسییەکان لابرد و وتـی:

"ئەمەیش دیارییە و بۆ خاوەن شکۆتان ئامادە کراوە."

دیارییەکەیش تابلۆیەک بوو، بە دەست و پەنجەی "جیرار[1]" دروست کرابوو. ڕەنگ و زەوقێکی منالانەی پێوە دیاربوو. خەڵکەکەیش بێ ئەوەی بزانن بۆچی، بە پاشای ڕۆما ناویان دەهێنا! سەرنجەکانی ئەو منالە قەشەنگە، قژلوولە لە یەسوع دەچوو و ئەو کاتەی کە تۆپە کون کونە تەختەکەی بە دەستەوەیە. بە گوێ زەوی دەچـووان و ئـەو دەستەی تـریشی بـە دەسکێکەوە بـوو، کـە هـەر لـە سـۆڵەجان دەچوو. هەرچەند مەبەستی وێنەکێشەکەی زۆر ئـاشکرا نـەبوو. بـەڵام لـە راستیدا چی پاڵی بـە پـاشای ڕۆمـاوە نـاوە، تـا بـەو دارە ئـەو تۆپـە دارینـە کـون بکـات!؟ لـێ چوونەکە بە لای بینەرانی تـابلۆ و، دانیشتوانی پاریسـەوە، ڕوون بـوو و، نـاپلیۆنیش هەر وەکو ئەوان، شیی دەکردەوە.

بە شێوەیەکی سەیر ئاماژەی بە تابلۆیەکە کرد و وتـی:

"تـابلۆی پاشای ڕۆما... ئای کە قەشەنگە!"

ئـەویش چەشـنی ئیتالیاییـەکان ــ کـە دەربڕینـەکانی ڕوخسـاریان بـە دڵـی خۆیـان دەگۆڕی ـ خـۆی وەک بیرمەندێک پیشاندا و، لە تابلۆکە نزیک بووەوە و دەیشـیزانی ئـەوەی کـە دەیڵێت: دەبێتـە مـۆڵکی مێژوو. وای بۆچـوو کـە شـێوەی خۆشەویسـتیی باوک شیاوترین شێواز بێت، بۆ ئەم شوێنە.

چـاوانی بـە فرمێسـکی لـە تابلۆکـە بـڕی و، بـۆ کورسـییەک گـەڕا، تـاکو لـە سـەری دابنیشێت و، بـە دەست ئاماژەی دا و، خەڵکەکەیش لە سەر نووکی پەنجـەکانی پێیـان گەڕانە دواوە و، جێیان هێشت و، ڕێزیان لە خەڵوەت و ڕامانەکەی ئەو گرت.

چەند سـاتێک ڕامـا و، بـەری دەسـتی بـە تابلۆکـەدا هێنـا. ئـەمجا هەسـتا و، بـەڕێز دۆبۆسییە و، جارێکی تر ئەفسـەری یاوەری بانگ کرد. فەرمانی پێدان تابلۆکە لەبـەر دەوارەکەیدا هەڵبواسن. تاکوو هاوڵاتیانیش، تابلۆی "پاشای ڕۆما" ببینن.

هێندەی پـێ نـەچوو و، لـە کاتێکدا بـەڕێز دو پۆسـییە ئـەو ڕێزەی لـێ نرابـوو و،

١ـ جیرار: وێنەکێشەوەیەکی فەرەنسیی بە نێوبانگ بوو و، کتێبی "شەڕی ئۆستەرلیتزی دانابوو.

لەگەڵ ناپلیۆن نانی خوارد.

لای سەربازە تەماشاچییەکانیشەوە بووە دەنگە دەنگ و هوتاف کێشان:

"بـژی ئیمپراتـۆر! بـژی پـاشای رۆما! بـژی.. ئیمپراتـۆر!"

دوای نـانخواردن و، بـە ئـامادە بـوونی بـەڕێز دو پۆسـییە، نـاپلیۆن فـەرمانێکی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆ و، بێ ڕاست کردنەوە و، یارمەتیی دەوروبەرەکەی دەرکرد.

ئەمجا خوێندییەوە و وتی:

"بەیانێکی کورت و پوخت و بە هێز!"

ئەمەیش دەقی بەیانەکەیە:

"ئەی سەربـازان.. ئەمە ئەو شەڕەیە، کە لە مێژەوە چـاوەڕوانیی دەکـەن! هـەر لـە ئێستاوە ئـەوە بـزانن، کـە سـەرکەوتن بـە دەسـتی خۆتانـە! بـۆ ئێمـەیش پێویسـتە. چونکـە دەبێتـە زەخیـرە بۆمـان و، بنکەیـەلێکی زسـتانانەی بـاش دەخـەین. هـەروەها زوویش دەگەڕاێینەوە بۆ نیشتمان. هەر وەکوو ئۆستەرلیتز و فریدلاند و فتیبسک و سمۆلنسک، هەڵسوکەوت بکەن. بـا نـەوەکانی داهاتوو باسی ئەم هەڵس وکەوتـەتان بکـەن. بـا لـە بارەتانـەوە بڵێن، لـە شـەڕە مەزنەکانیشیاندا: گەیشتبوونە دیوارەکـانی مۆسکۆ!" ناپلیۆن دووبـارەی کردەوە:

"دیـوارەکانی مۆسکۆفا!"

دوای ئەوەی دو پۆسییەی ئارەزوومەندی سەفەری بانگ کرد، تا هـاوڕێیی بکات. لە دەوارەکەی چووە دەرەوە و، بەرەو ئەسپە زینکراوەکان چوون.

لەبـەر ئـەوەی دو پۆسـییە لـە سـواریی ئـەسپی نـەدەزانی و، خـەوێکی باشیشـی دەهات، وێستی ڕێگریی ناپلیۆن بکات.

بۆیـە پێی وت:

"خاوەن شکۆ، ئێوە منتان نقوومی نیانی و، سۆزی خۆتان کردووە!ن

بەڵام ئەو بە سەر لەقاندنێک کاروانچییانی ئاماژە دا و، گەیشتنە سـەری. هـەر کـە خۆیشی دەرکەوت، سەربازانی پاسەوان کەوتنە هوتاف کێشـان و، ئـەویش بڕۆکـانی هێنایەوە یەک.

دەستی بۆ وێنەی کوڕەکەی برد و، وتـی:

"بڵندی بکەنەوە. ئەو لەوە منالّترە تاکوو لە گۆڕەپانی شـەڕ بڕوانێت!"

دو پۆسییە چـاوانی لێک نـا و، نووشـتایەوە و، هەناسـەیەکی قوولّـی هەڵکێشـا و، بەو جـوولّەیەی، دەریخست کە بە باشی لە دڵەڕاوکێکانی خاوەن شکۆ تێ دەگات.

بەشی بیست و حەوت
پیلانەکەی ناپلیۆن

مێژوونووسانی دەرباری ناپلیۆن، دەڵێن بە درێژایی ڕۆژی بیست و پێنجی ئاب ئەو ناپلیۆنە بە سواری ئە سپە سپییەکەیەوە بوو و، لە زەوی و پێگەکانی دەکۆڵییەوە و، لەو پیلانانەی کە مارشاڵا و ژەنەڕاڵەکانی دەوروبەری دایان ڕشتبوو.

هێڵی بەرایی ڕووسەکان کە باڵی چەپی سوپاکە بوو، بە درێژایی کەناری ڕووباری کۆلۆتشادا، درێژ بوو بووەوە. بە هۆی کەوتنی قەڵای شیڤاردینۆوە و، بە دەستەوەدانی لە بیست و چواری ئابدا، ئەم باڵی چەپەی سوپای ڕووسیا پاشەکشەی کرد بوو. ئیدی ئەو بەشەی سوپا، بە هۆی ڕووبارەکەوە، یان ئەو قەڵایەوە پارێزراو نەبوو. لەبەردەمیشیدا زەوییەکی ڕووتەندی تەخت هەبوو.

گومانی تێدا نەبوو، کە فەڕەنسییەکان لەوێوە هێرشیان دەهێنا. چونکە هەر کەسێک لە کاروباری جەنگیشی نەزانیبا، هەروا بیری دەکردەوە.

هێرشێک لەو شوێنەوە، پێویستی بەو هەموو خۆ بۆ ڕێکخستن و، ئامادەکاری و، هاتوچۆیە نەبوو، لەلایەن ناپلیۆن و مارشاڵا و، ژەنەڕاڵەکانییەوە. تەنانەت پێویستی بەوەیش نەبوو، وەکوو بلیمەتی و لێهاتوویی ـ کە هەمیشە حەزیان دەکرد بیدەنە پاڵ ناپلیۆن.ـ باس بکرێت. بەڵام ئەو مێژوونووسانەی، کە دواتر ئەم ڕووداوەیان گێڕابووەوە و، پیاوانی دەوروبەری ناپلیۆن و ئیمپراتۆر خۆیشی، جیاوازتر بیریان دەکردەوە.

کەوا بە سواریی بەو دەشتاییەدا غاری دەکرد و، لە تۆپۆگرافیای زەوییەکەی دەکۆڵییەوە، هەر بە سەر لەقاندن، پەسەند کردن و، رەت کردنەوەی بۆ بیروڕاکانی مێشکی خۆی دەکرد. لە یاریدەدەرەکانی دەڕوانی و، هیچیشی پێیان نەدەوت و فەرمانیشی بۆ دەر دەکردن.

ئەو باڤۆیەی کە بە میر دیکمۆهل بانگیان دەکرد، ئەوەی خستەڕوو کە پشت بە ئابڵووقەدانی باڵی چەپی سوپاکە ببەستریێت.

بەڵام ناپلیۆن ئەو پیلانەی رەت کردەوە. لەبەرامبەر ئەویشدا ژەنەراڵ کۆمبان ـ کە پەلاماردانی مەترەلۆزەکانی ئەو باڵی چەپەی رووسی، پێ سپێردرابوو ـ بیرۆکەی شاردنەوەی فەوجەکەی خۆی لە دارستانەکەدا، خستە بەردەم ناپلیۆن هەرچەند دون دیلشن بەرهەڵستیی لەو پیلانە کرد و، ترسی بەرپابوونی پشێوی خستە ڕوو لە نێو ئەو فەوجەدا، بەڵام ناپلیۆن قسە بیرۆکەکەی پەسەند بوو.

لە کاتێکدا ناپلیۆن خەریکی پشکنینی، زەوییەکانی بەرامبەر قەڵای شیڤاردینۆ بوو، بێ ئەوەی هیچ بڵێت، بە دەست ئاماژەی بەو شوێنانە دا، کە پێویستە سەنگەری تێدا لێ بدرێت: بۆ ئەوەی دوو یەکەی تۆپخانە و، بەربەستەکانی رووس بکوتنەوە. لە کاتێکدا دەبێت تۆپەکانی گۆڕەپانیان بە چواردەوەرەوە بێت.

دوای ئەوەی ئەم فەرمانە و، چەند فەرمانێکی تری دەرکرد، بە دەقەکانی نووسینەوەکانەوە گەڕایەوە بنکەکەی خۆی. ئەو دەقانەیش مێژوونووسە فەڕەنسییەکان، بە بایەخەوە لێی دواون. خەڵکانێکی تریش، گرنگییان پێ دابوو.

ئەمەیش ئەو دەقانەی رێ و شوێنی ئەو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیە:

"هەر ئەو کاتە، ئەو دوو یەکە نوێیەی، بە شەو لە سەر تەپۆڵکەی میر دیکمۆهل دانرابوون و ژەنەراڵ بیزینتی سەرکردەیان بوو: کەوتنە تۆپبارانی دوو یەکەی تۆپخانەکەی، فەڕەنسیی دوژمن.

لە هەردوو فەوجەکەی دیسیکس و فریان، هاوەنەکان دوای بردنە پێشەوەیان، لە فیرقەی (٢٤)ی یەکەی تۆپخانەی دوژمن و، هاوەنبارانیان کردن. (٣٠) تۆپ لە فەوجی کۆمپان و (٨) تۆپیش، لە فەوجەکانی دیسیکس و فریان بوو. هەموویشیان دەکەنە (٦٢) لوولە تۆپ."

"لە سەر ژەنەراڵ فۆشیەی سەرکردەی: فەوجی (٣)یش پێویستە، خۆی لەگەڵ هاوەنەکانی فەوجی (٣) و (٨)دا کە (١٦) هاوەنن، دابمەزرێنێت و، لە دەوروبەری ئەو یەکەی تۆپخانەیەی کە بەربەستەکانی لای چەپ تۆپباران دەکات، بسازێنێت. بەمەیش ژمارەی چەکی تۆپەکان دەبنە (٤٠) لوولە تۆپ."

لە سەر ژەنەراڵ سوربیەیش پێویستە: هەر لە سەرەتای لێدانەکانەوە، لە

هەموو ئەو هاوەنانەی هێزی پاسەوانان جیابێتەوە و، ئامادەی پەلاماردانی یەکێک لە دیواری بەربەستەکانی دوژمن بێت."

"لە کاتی تۆپبارانەکەیشدا، میر یونیاتۆفسکییش، بە خۆی سەربازانییەوە، لە ناو گوندە دەردەچێت و، سەبازەکانی دەکات بە دارستانەکەدا و، سەنگەرەکانی دوژمن ئابڵووقە دەدات."

ژەنەراڵ کۆمبانیش سەربازەکانی بە کەناری دارستانەکەدا دەبات و، دەست دەگرێت بەسەر بەربەستی یەکەمی هێڵی جەنگدا."

کە بەم شێوەیەیش شەڕەکە هەڵگیرسا. فەرمانەکان بە گوێرەی بارودۆخی دوژمن دەردەچوون. تۆپبارانی لای چەپ دەست پێدەکات و، هەر لەو کاتەوەی کە دەنگی تۆپباران کردنی باڵی راست دەبیستریت، زنجیرەیەک هێرشی بە هێز دەکرێت.

تفەنگ بە دەستان لە پێشەوە و، قەرەوڵەوانانی فەیلەقەکەی مۆران و فەیلەقەکانی "نوێنەری پاشا" بە دوایانەوە دەبن. هەر لەو کاتەوەی کە دەست دەکرێت بە هێرش کردنە سەر باڵی راستی دوژمن. لەسەر "نوێنەری پاشا"یشە کە گوندی بووردینۆ داگیر بکات. بە هۆی هەر سێ پردەکەوە، بگاتە بەرزاییەکە و، لەو کاتەدا کە ژەنەراڵ مۆران و ژەنەراڵ جیرار بە فەرمانی "نوێنەری پاشا"، دەست بە سەر هێڵی بەربەستی دوژمندا دەگرن و، خۆیان هێڵێکی نوێی سوپای تێدا پێکدێنن.

پێویستە هەموو کردەوە سەربازییەکان بە ڕێک و پێکی جێبەجێ بکرێن و، بە بەرنامە بێت و، پارێزگاری لە یەدەگەکانی کەرەسەکانیش بکرێت.

لە سەربازگەکە و بە دووریی دوو میل لە مۆجاییسک.. لە (٦ی ئەیلوولی ١٨١٢). فەرمانی ئەم شەڕە، کە بە شێوەیەکی تەم و مژاوی داڕێژرا بوو ـ گەر بتوانین بەم شێوەیە وەسفی فەرمانەکە بکەین و کفری بلیمەتیی ناپلیۆن نەکەین ـ چوار خاڵا. یان چوار تەگبیری، لە خۆ گرتبوو، کە لە توانادا نەبوو هیچ کامێکیان جێبەجێ بکرێت و جێبەجێیش نەکران..

تەگبیر لە چەسپاندنی یەکەی تۆپخانەکان، لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا کرا بوو. هەروەها یەکەکانی بیزینتی و فۆشیە، دەبوو بیاندایەتە پاڵ ئەو شوێنانەی ناپلیۆن دیاریی کردبوو. بەوەیش ژمارەی چەکی تۆپەکان دەگەیشتە (١٠٢) تۆپ. لە کاتێکدا لەو پێگەیانەوە، کە ناپلیۆن دیاریی کردبوو، گوللە تۆپەکانیان هەرگیز نەدەگەیشتنە، بەربەستی پێشەوەی سوپای ڕوۆس. واتا تۆپبارانەکەی (١٠٢) تۆپهاوێژەکە، بێ سوود و دوور لە سوپای ڕووسەوە دەکەوتنەوە، بەمەیش

سەرکردەی ئەو یەکانەی تۆپخانەکان، دەبوو بە ناچاری تۆپەکانیان ببردایەتە پێشترەوە و، بەو کارەشیان سەرپێچیی فەرمانەکانی ناپلیۆنیان دەکرد.

بەڵام رێکخستنی دووەم: بەسەر بنیادۆقسکیدا سەپابوو، کە بچێتە دارستانەکەوە و، لەوێوە وەربچەرخێتەوە و، ئابڵووقەی باڵی چەپی، سوپای رووس بدات. ئەمە هەرگیز جێبەجێ نەدەبوو. چونکە روو بە ڕووی سوپاکەی بتۆتشکۆڤی رووسی دەبووەوە. ئەوەبوو رێی لێ بڕییەوە و، نەیهێشت ئابڵووقەی بدرێت.

رێکخستنی سێیەمیش: فەرمان بە کۆمبان درابوو، کە بە کەناری دارستانەکەدا بڕوات و، دیواری بەرگریی سوپای رووس داگیر بکات. بەڵام سوپاکەی کۆمبان نەیتوانی ئەو بەربەستە بگرێت و، رووسەکان بەرەنگاریان بوونەوە و، بە شێوەیەک بوونە ئامانجی رێژنەی گوولەی سوپای رووسەکان، کە ناپلیۆن هەرگیز بیری لێ نەکرد بووەوە. بە گوێرەی رێکخستنی چوارەم.. سوپای نوێنەری پاشا گوندی بوورۆدینۆ بگرێت و، لە رێی هەر سێ پردەکەیەوە، سوپاکەی بگەیەنێتە بەرزایی تەپۆڵکەکە و، لە هەمان کاتدا، لەشکری دوو ژەنەراڵەکەیش کە مۆران و فریان بوون، بگەیشتنایەتە سەری. وەکو ئەوەی، ئێمە لەو جەنگە گەیشتووین. نەک لەو شێوازە نادیارەی ئەو. بەڵکو بە گوێرەی ئەو تەقەلایانەی، دای بۆ جێبەجێ کردنی. ئەرکی سەرشانی بوو کە خۆی لای چەپی قەڵاکەوە پەلامار بدات و، بۆردینۆیش تێ بپەڕێنێت. فەیلەقەکانی مۆران و فریانیش لای راستی قەڵاکەوە، هێرشی ببەنە سەر.

ئەم فەرمانەی ناپلیۆنیش، وەکوو فەرمانەکانی پێشووی جێبەجێ نەکرا. چونکە هەر کە لەشکری نوێنەری پاشا گوندی بوورۆدینۆی تێپەڕاند، لەسەر رووبەری کۆلۆتشا وەستا و، نەیتوانی لەوە زیاتر بڕوات.

رووسەکانیش لای خۆیانەوە، بەرەنگاری فەیلەقەکانی مۆران و فیران بوونەوە و، نەیانتوانی بەربەستی بەرایی داگیر بکەن. تا ئەوەبوو دواجار، ئەو بەربەستە لە لایەن هێزی سوارەوە گیرا. کە ئەمەیش لە خۆیدا، رووداوێکی سەیر بوو و گریمانەی ناپلیۆن خۆی نەبوو.

لە پیلانەکەیشدا هاتبوو:

دوای ئەوەی بەم شێوەیە شەڕ هەل دەگیرسێت.. فەرمانەکان بە گوێرەی بارودۆخی دوژمن دەردەکرێن. ئەمەیش لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت، کە لە کاتی شەڕەکە فەرمانی پێویست دەردەکات. ئەمەیش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە و ساکار، رووی نەدا. ئەوەیش دوورکەوتنەوەی بوو، بە درێژایی ماوەی شەڕەکە، لە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادانەکان و، بینینی ڕەوشی شەڕەکەی لە کیس خۆی دا و، یەک فەرمان چییە: جێبەجێ نەکرا!

بەشی بیست و هەشت
بیرورِای میژوونووسان

زۆرێک لە میژوونووسان، لەسەر ئەوە سوورن، کە ناپلیۆن لە بوورۆدینۆ سەرکەوتوو نەبوو. چونکە ئەو ڕۆژە، تووشی هەڵامەت بوو بوو. گەر ئەو نەخۆشییە بیهێشتایە: ڕێ و شوێن دانانی بۆ کاتی شەڕەکە و، پێش شەڕەکە بلیمەتانەتر دەبوو.

ڕووسیا دادەڕووخا و، ڕووی جیهان دەگۆڕدرا! ئەم شیکردنەوەیەیش، بە لای میژوونووسانێکەوە، کە پێداگریی ئەوە دەکەن: ڕووسیا بە توانای یەکەم کەس دروست بووە، کە بترۆسی مەزن بوو. فەڕەنسایش، لە دەوڵەتی کۆمارییەوە گۆڕدرا بۆ دەوڵەتی پاشایەتی و، چوونە ناوەوەی سوپای فەڕەنسایش بۆ ڕووسیا، بە حەزی تەنیا یەک پیاو بوو، کە ناپلیۆن بووە!

ئەو شیکردنەوەیەش، کە پێداگریی ئەوە دەکات: مانەوەی ڕووسیا بە تۆکمەیی بە هۆی تووشبوونەکەی ناپلیۆنەوە بوو، ڕۆژی (٢٦)ی ئاب، بە هەڵامەتێکی تووند! بەلای ئەوانەوە ڕێی تێدەچێت! ئەگەر کارەکە بگەڕێتەوە بۆ چوونە شەڕی بووردینۆ، یان نەچوونە ئەو شەڕەوە. بە کار کردن بەم تەگبیرە یان ئەو تەگبیرە ئەگەر هەڵامەتێکی توند کاری لە وڕە و بڕیاردانی بکردایە، دەبوو ببوایە بە ڕزگارکەری ڕووسیا! هەروەها ئەو پیاوەیش کە (٢٤)ی ئاب بیری چوو پێڵاوە پارێزەرەکەی بداتێ.. دەبووە فریادڕەس.

بێگومان ئەم جۆرە شیکردنەوانە، هەر ئەم ئاکامانەی لێ دەکەوێتەوە! ئەمەیش ئەنجامی گومان هەڵ نەگرە و، لە گاڵتەکانی قۆڵتێر دەچێت! ــ جا چ گاڵتەجارییەکیش!؟ ـ لە بارەی قەسابخانەکەی سان بارتیلمی( )یەوە، کە بە هۆی تێکچوونی گەدەی شارلی نۆیەم و، هێڵنجدانییەوە رووبدا.

بەڵام ئەو کەسانەی ئەوەیان پەسەند نەبوو، کە رووسیا یەک کەس دروستی کردووە: پەترۆس خۆی بوو و، بڕیاردەری شەڕ کردنی فەڕەنسییەکان لەگەڵ رووسیا، لە لایەن حەز و ویستی یەک کەسەوە بوو، کە ناپلیۆن بوو. ئەوە نەک هەر هەڵە بووە، بەڵکو پێچەوانەی کاکڵەی مرۆڤایەتیش بووە.

ئەوانەی بۆ هۆیەکانی رووداوە مێژوویییەکان دەگەڕێن هۆی تر دەدۆزنەوە. ئەویش ئەوەیە رەوشی رووداوەکانی جیهان زووتر بڕیاری لەسەر دراوە و، چاوەڕوانی دەست تێوەردانی خەڵکە ئازادەکانە، لەوانەی بەشداریی تێدا دەکەن. کەسانی دەوروبەری ناپلیۆنیش تەنیا کاریگەرییەکی رووکەشییان بەسەر ناپلیۆنەوە بوو. نامۆیە مرۆڤ لە یەکەمین جاردا، وا تێبگات کە قەسابخانەکەی سان بارتیلمی هەرچەند، بە فەرمانی شارلی نۆیەمیش رووبدا، بەڵام بە ویستی خۆی نەبووە. هەروەها لە نامۆیش دەچێت، قەسابخانەکەی بوورژوادینۆ، کە (٨٠٠٠٠) کەسی تێدا کوژرا، هەرچەند بە ئاماژەی خۆیشی بوو. بەڵام بە ویستی ناپلیۆن خۆی نەبووە.

ناپلیۆن لە شەڕەکەی بوورژوادینۆدا یەک کەسی بۆ نەکوژرا! بگرە یەک فیشەکیش چییە، نەیتەقاند! ئەوەیش کە کرا: دەستکاری کردنی سەربازەکانی بوو.. دواتریش ئەو کەسێکی بکوژ نەبوو.

سەربازانی ئیمپراتۆر ئەو شەڕەیان بۆ ئەوە نەکرد، کە فەرمانەکانی ناپلیۆن جێبەجێ بکەن، بەڵکو بە ئارەزووی دڵی خۆیان بوو. فەڕەنسییەکان و، ئیتالییەکان و، ئەڵمانەکان و، پۆڵۆنییە تینوە، ماندووە شڕۆڵەکان، هەست بەو سوپایەی تر دەکەن. ئەو سوپایەی کە ڕێی بەرەو مۆسکۆیان لێ بڕی بووەوە. ئەگەر کاتی خۆی، ناپلیۆن خۆیشی بەری لێ بگرتنایە، دەیانکوشت و ئەو شەڕەیان لەگەڵ سوپای رووس هەر دەکرد. چونکە هیچیان بۆ نەدەکرا. کە فەرمانی ڕۆژانەی ناپلیۆنیان بۆ خوێندرایەوە و، پەیمانی خەڵات کردنیان بە بریندارببوون یان کوشتنیان بۆ دەرکراو، نەوەکانی داهاتوویش پشتا و پشت باسیان دەکەنو، هەمیشە بەوانە ناویان ببەن، کە بەشداریی شەڕە مەزنەکەیان کردووە و، لە پەنا دیوارەکانی مۆسکۆدا جەنگاون!

ئەوانیش هاواریان کرد:

بــژی ئیمپراتۆر! بــژی ئیمپراتــۆر!

تەنانەت لە رەوتی شەڕەکەیشدا ناپلیۆن خۆیشی، ئەو بایەخەی پێ نەدەدرا! چونکە هیچ خاڵێکی پلانەکەی جێبەجێ نەدەکرا. خۆیشی لە کاتی شەڕەکەدا نەیدەزانی چی رووەدا! دواتر کوژرانی کەسانێکی وەکوو ئەوان، بێ دەست تێوەردانی ئەو بووە و، بە ویستی ناپلیۆن نەبووە! بەڵکو بە ویستی سەدان هەزاری بەشداری ئەو کارە بووە.

ناپلیۆن خۆیشی، بیری لەوەدا چڕ بووبووەوە، کە پێی وابوو شتەکان بە ویستی خۆی بەڕێوە دەچێت! لەبەر ئەوە باس و خواسی ئەوەی، کە گوایا ئیمپراتۆر تووشی هەڵامەت بووە! یان نە ؟! بەرژەوەندییەکی مێژوویی تێدا نییە و، هەڵامەتی گرتووە. ئەویش وەکوو هەر سەربازێکی ئاسایی، نەخۆش دەکەوێت.

ئەوانەیشی کە پێیان وایە ناپلیۆن بۆ ئەو هەڵامەتەی، رێنمایی پزیشکیی خۆی جێبەجێ نەکردووە. بۆیە فەرمانەکانی ئەو ڕۆژەی دروست و یەکلایی کەرەوە نەبووە! ئەوە بەهەڵەدا چوون.

دەقی ئەو شەڕەی گێڕامانەوە، گەر باشتر نەبێت، لەو دەقانەی نووسراون و تێیاندا سەرکەوتوو بوون، ئەوا وەکو رووداوەکە خۆی بووە. ئەو فەرمانانەیش لە کاتی شەڕەکەدا دەرچوون، جیاوازییان لەگەڵ کاتەکانی تردا نییە. کەوابوو ئەم دەقە و ئەو فەرمانانە، جێی ڕەخنە نەبوون. تەنیا بۆ پاساوی ئەوەبوون، کە ئەوە یەکەم شەڕ بوو ناپلیۆن تێیدا ببەزێت! وایش باوە کە زانایان لە کاتی سەرنەکەوتنی هەر شەڕێکدا، بە ئاشکرا و دەنگی بەرز بکەونە ڕەخنەگرتن لە هونەری جووڵە سەربازییەکان.

پێچەوانەکەیشی راستە. هەر کە سەرکەوتن لە شەڕێکدا بە دەست هات، ئیدی خراپترین و هەڵەترین هەنگاو، کە جێی ڕەخنە بێت، دەکەنە خاڵی نایابی سەرکەوتنەکە و، لە چاپی دەدەن. کتێبەکەیشی پڕ فرۆش دەبێت و، بە زووی بڵاویش دەبێتەوە.

کارەکەی ویروزەریش لە شەڕەکەی ئۆسترلیتز، هەر لەو شێوەیە بووە. کە ڕەخنەیان لێ گرت و، بەڕەنگاریشی بوونەوە، گوایا بە هۆی پەرەگرتوویی و، وردیی پیلانەکەوە بووە. ناپلیۆن لە شەڕەکەی بوورۆدینۆیشدا. وەکو خاوەن دەسەلات ڕۆڵی خۆی بینی و، هەر شەڕێکی تری سوپاکەی و، گەر چاکتریش، لەوانی تر سەروبەری نەگرت بێت.

لە بارەی ئەو شەڕەوە کارێکی خراپی نەکردبوو. مێشکی سارد و ئارام بوو و، ڕاوێژە باشەکانی دەورو بەریشی، وەردەگرت و؛ لێهاتوو بوو، لە بینینی ڕۆڵدا وەکوو سەرکردەیەکی باڵا.

بەشی بیست و نۆ
یەکەم دەستپێژ

بە گەڕانەوەی ناپلیۆن لە دووەم پشکنینی ورد بۆ هێڵەکانی بەرەی شەڕە وتی:

"یەکەکان لە هەرێمەکەدا ڕیز بوون و، سبەینێ یارییەکە دەست پێ دەکات."

فەرمانیدا تێکەڵەیەکی چا و کهول و، لیمۆ و، شەکری بۆ بێنن. بەڕێز دو پۆسیەی بانگ کرد و، کەوتە باس کردنی پاریس و، ئەو ئاڵوگۆڕانەی، کە دەیەوێت لە کۆشکی خاتوونی ئیمپراتۆردا بیکات.

لە بارەی ئارەزوو کردنی لە سەفەرەوە، قسە و سوعبەتی بۆ دو پۆسیە دەکرد. قۆڵی هەڵ دەکرد و، وەکو نەخۆشی سەر قەرەوێڵەی نەشتەرگەری، قیژاندی،"کێشەکە ڕوون و ئاشکرایە و، سەری تاوە دەزووەکانیشی، لە مێشکمدایە و بە دەست خۆمەوەیە. گەر پێویست بوو دەستبەکار بم، ئەوا لە هەموو کەسێکی تر باشتر دەیکەم. بەڵام ئێستا ڕێم بە خۆم داوە، سوعبەت بکەم، تاکو ئارام بم. ئەوا باری دەروونیم پاراو و، نەرم دەبێت. ئێوەش لە سەرتانە متمانەی فرەترم پێ بکەن و، بە بلیمەتییەکەم سەرسام بن!"

دوای ئەوەی ناپلیۆن دووەم کووپی قاوەکەی هەڵقوڕاند، چوو تاکوو پێش ئەوەی بکەوێتە کار کردن بۆ کێشە ترسناکەکەی سبەینێی، سەرخەوێک بشکێنێت و

کەمێک بحەوێتەوە. بەڵام هێندە بیر و هۆشی جەنجاڵا بوو، خەو نەچووە چاوانی. هەرچەند هەڵامەتەکەی زۆر توند بوو. هەوا شێدارەکەی ئەو ئێوارەیەیش هێندەی تری کردبوو.

سەعات سێی بەیانی، خۆی کرد بە ژووری دەوارەکەیدا و، بە دەم لرخ و هوڕەوە، لەوەی پرسی کە ئاخۆ رووسەکان بەرووکەش نەکشاونەتەوە؟ ئەوانیش سوور بوونی خۆیان، لە سەر ئەوە پیشاندا، کە هێشتا بریسکەی تەقە کردنیان لە سەنگەرەکانیاندا دەبینرێت. ئەویش بە سەر لەقاندن حاڵی بوونی خۆی تێگەیاندن.

کە یاریدەدەرە سەربازییەکە، خۆی کرد بە دەوارەکەدا، ئەمیش لێی پرسی:

باشە راب.. ئاخۆ پێت وایە، کاری ئەمڕۆمان، گەورە بێت؟

رابیش وەڵامی دایەوە:

"بێگومان... خاوەن شکۆ."

ناپلیۆن داوای روونکردنەوەی لێ دەکرد و، ئەویش درێژەی دایە:

"ئاخۆ بیرت دێتەوە.. ئەی خاوەن شکۆ لە "سمۆلنسک" بەو رستەیە منت پێ شەرەفمەند کرد کە وتت: ئێستا پاکژە و، کاتی خواردنەوەیەتی."

ناپلیۆن روخساری خۆی، خستە هەردوو بەری لەپییەوەو بێدەنگ بوو.

لە ناکاو وتی:

"ئەم سوپا داماوە، لە دوای رووداوەکەی سمۆلنسکەوە، ژمارەکەی زۆر کەمی کردووە! راب دەزانیت بەختیارییش بووەتە حەزێکی رووکەش؟ هەمیشە ئەمەم وتووە و، ئێستا بە باشی هەستی پێ دەکەم. بەڵام ئەی راب ئاخۆ فەوجی پاسەوان هیچی لێ نەهاتووە؟"

راب وەڵامی دایەوە:

"بەڵێ خاوەن شکۆ."

ناپلیۆن دەنکێکی هەڵگرت و بردی بۆ دەمی و، سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. نەیدەویست بنوێت و، زۆریشی مابوو، بۆ بەرەبەیان. هیچیش نەبوو کاتی خۆی پێ بەسەر ببات.

بۆیە وتی:

"فەرمانەکانە دەرکراوە و، لە بواری جێبەجێ کردنداین. ئاخۆ پسکیت و برنجەکەیان، بەسەر فەوجەکانی پاسەواناندا، دابەش کردووە؟"

رابیش وتی:

"بەڵێ خاوەن شکۆ."

ناپلیۆن پرسییەوە:

بەڵام ئەی برنجەکە؟

رابیش تێگەیاند، کە بە دەستی خۆی، هەمووی گواستووەتەوە بۆیان. بەڵام ناپلیۆن بە سەرلەقاندن، گومانی خۆی پیشاندا. خزمەتکارێکیش شەرابی بۆنشی بۆ هێنا. دوای ئەوەی داوای کووپێکی بۆ ئەویش کرد، خۆیشی بە قوومی پچووک دەستی پێ کرد.

بۆنێکی پێکەکەی کرد و وتـــی:

"هەستەکانی بۆن و، هەستەوەری چەشتنم وەکو جاران بۆ رکێف ناکرێت! ئەمە هەڵامەتێکە بەرگە ناگیردرێت، هەمیشە بۆ ئەمە باسی پزیشکم بـۆ دەکەن. ئـەمە چ زانستێکە پێیدا هەڵدەڵێن و، هەڵامەتێک چییە، پێیان چاک ناکرێتەوە!؟ کۆرڤیزاریش ئەم حەبانەی پێداوم. بەڵام لەوە دەچێت، کە بە کەڵکی هیچ نەیەن! بە هەرحاڵ ئەوان ناتوانن هیچ چاک بکەنەوە. لەشی ئێمە ئامێری ژیانە. بۆ ئەمەیش هەڵ پێکراوە و، ئەمەیش سروشتەکەیەتی. ئێستا باشتر کار دەکات، نەک ئـەو دەمانەی باری بە دەرمان قورس ببێت. جەستەمان وەکو سەعات وایە و، نابێت سەعاتچی ناوەکەی دەستکاری بکات. بەڵکو دەبێت بە چاو بەستنەوە، دەستی پێدا بێنێت... جەستەی ئێمە ئامێری ژیانە و، ئەمە هەموو شتێکە."

وەکو ئەوەی چێژ لە پێناسە کردن وەر بگرێت. پێناسەیەکی نوێی هێنا و پرسیی:

"راب .. ئاخۆ دەزانیت: هونەری جەنگ چییە!؟ ئاخر ئەویش هونەرێکە و، لەوەدا چـڕ دەبێتـەوە، کـە مـرۆڤ لـە دوژمنەکـەی بـە هێزتـر بکـات. ئـەوەیش هـەموو هونەرەکەیە."

بەڵام راب وەڵامی نەدایەوە و، ناپلیۆن لە سەری رۆیشت:

"سبەینێ لە بەرامبەر کۆتۆزۆڤدا دەکەوینە کار و، دەیبینینەوە. بیرت نەچێت: هەر ئەویش بوو، لە شەڕەکەی بوورۆدینۆدا، بێئـەوەی لـە ماوەی ئـەو سێ هەفتەیـەدا، خۆی هەڵبداتـە کۆڵـی ئەسپەکەی و، پشکنین بۆ خاڵەکانی بەرگریی خۆی بکات: سەرکردایەتیی سوپای دەکرد! وا جارێکی تر، دەیبینینەوە!"

جارێکی دی، ناپلیۆن لە سەعاتەکەی روانییەوە و، کات لە چواری تێنەپەڕاند بوو. حەزی بە نـووستن نەبوو و، شەرابی "بوون"یشی خواردبووەوە و، هیچ کارێکیشی نـەبوو. هەستا و کەوتـە هاتـوچۆ. ئـەمجا بەرگـە فەرمییەکەی کـە رۆدنجوت بـوو،

پـۆشی و کڵاوەکـەی لەسـەرنـا و، بـەو شـەوە ئەنگوسـتەچاوە، چـووە دەرەوە. هـەوا شـێدار و دنیـا تـەم و مـژ بـوو. ئاگرەکـانی فەوجـە نزیکـەکانی سـوارەیش کزکـز دەسووتان.

دوور بە دووریش و، لـە نێو تـەم و مژەکـەدا، ئـاگری هێڵـەکانی بـەرایی: سـوپـای رووس دەبینرا. دنیا ئارام و کپ و، خرمـەی پێی ئـەو سـوارانەی سـوپـای فەڕەنسـی کە دەچوون شوێنی خۆیان بگرن، بە رووتی دەبیسترا.

ئیمپراتۆر سـەرنجی شـوێنی ئـاگرەکانی دا و، گـوێی بـۆ ترپـەی پێی سـوارەکان راگرت. بەلای سەربازێکی پاسەوانی بەردەوارێکدا ڕۆیشت و، بینیی وەکوو کۆڵەکە لە باری ئامادەباشیدا وەستاوە.

بەو شێوە وشکە نیانییەی، هەمیشە سەربازانی پێ دەدوان، لێی پرسی:

"چەند ساڵە لە خزمەتی سەربازیدایت؟"

"ئـۆو! منیش یەکێکم لە سەربازە کۆنەکان..!"

"ئەی لە فەیلەقدا برنج.. دابەش کرا بە سەرتاندا؟"

"بـەڵـێ خاوەن شکۆ."

ئـەمجا سـەرێکی بـۆ لەقانـد و دوور کەوتەوە.سـەعات پێنج و نیـوی بەرەبـەیان: ناپلیۆن سواری ئەسپەکەی بوو و، بەرەو شیڤاردینۆ کەوتەڕێ.

تیشکی بەرەبەیان، کەوتە بڵاوبوونەوە و ئاسمان بێگەرد بـوو. تـەنیا یـەک گەواڵـە هـەور لە بـەری ڕۆژهـەڵاتەوە، بە ئاسمانەوە دەبینرا. لە ئاسۆیشدا گڕی ئاگرەکـان لـە کزبووندا بوون.

لە ناکاو دەنگی تەقینەوەی یەک گوللە تۆپ لای راستەوە، هاتـە بـەرگوێی. دواتـر دنیا کپ بووەوە. دوای چەند خولەکێک، دەنگی تەقینـەوەی گوللـە تـۆپی دووەم هـات و، ئـەمجا سـێیەم و، هـەوا شـڵەقا و، بـە دوایدا چـوارەم و پێنجـەم و هـەموویان لای راستەوە دەکەوتنەوە.

ناپلیۆن و یاوەرانی، گەیشتنە بـەرایی شـیڤاردینۆ و، خـۆی دابـەزی و سـەرنجیدا.. وا شەڕەکە دەستی پێکردووە.

بەشی سییەم
دەستپێکردنی شەڕەکە

دوای ئەوەی میر ئاندریە گەڕایەوە بۆ گۆرکی، پییەریش فەرمانی بە یاوەرەکەی خۆیدا، ئەسپەکان ئامادە بکات و، بەیانییش زوو، خەبەری بکاتەوە. هەر زوویش لەو گۆشەی ماڵەدا کە بۆریس تەرخانی ئەوی کردبوو، لێی نووست.

ڕۆژی دواتر کە خەبەری بووەوە، کەسی لە کۆختەکەدا نەبینی! شوشەی پەنجەرەی ژوورەکەی دەلەرییەوە، خزمەتکارەکەیش میر ئاندریەی رادەتەکاند و، بانگی دەکرد.

بانگی پییەری دەکرد:

"خاوەن شکۆ! خاوەن شکۆ! خاوەن شکۆ!"

دواجار لە خەو هەستا و لێی پرسی:

"چییە؟ ئاخری هەڵگیرسا!؟ ئەمە سەعاتی سفری شەڕەکەیە؟"

خزمەتکارە یاوەرەکە، کە زووتر سەرباز بوو وتی:

"ئەی دەنگی تۆپبارانەکە نابیستیت!؟ هەموو بەڕێزەکان ئێرەیان جێ هێشتووە و، پیاوی بااڵیش لە پێش هەمووانەوەیە!"

بەو بەیانییە پییەریش، بە پەلە بەرگی پۆشی. بەیانییەکی روونـاک و قەشەنگ بوو. شەونمەکە هەواکەی شێدار کردبوو. خۆرەکە گەواڵە هەورەکانی دەبڕی و، تیشکی خۆی پەخشان دەکرد و، سەربانەکانی بەرامبەریش، بڕێکیان لەو تیشکانە

گلدەدایەوە و، سێبەری بۆ کۆختەکە و، تەپ و تۆزی رێگا شێدار و، ڕاڕەوی خەندەقەکانی خۆشاردنەوە لە تۆپباران و، ئەسپە وەستاوەکانی بەر دەرگای کۆختەکەی پییەری خستبووە ژێر سێبەرەکەی خۆیەوە. تا دەهات دەنگی تۆپبارانەکەیش، باشتر دەهاتە گوێ.

یاریدەدەرێکی سەربازی، بە سواری ئەسپەکەیەوە و، سوارەیەکی قەوقازی بە دوایەوە بوو وتی:

"کاتی خۆی هات! ئەی کۆنت.. کاتی خۆیەتی!"

کۆنتیش سوار بوو و، ئەسپەکانی تریشی شوێن خۆی خست و، ئەو رێگایەی گرتەبەر، کە بەرەو سەر گردەکە دەچوو. ئەو گردەی کە دوێنێ لێیەوە: لە شوێن و سەنگەری یەکەکانی دەڕوانی. شوێن هەر ئەو شوێنەی دوێنێ بوو. بەڵام ئەمڕۆ داگیر کراوە و، ئاگری تێدا دەبینرا و، دوکەڵ بڵند بووبووەوە. تیشکی شکاوەی خۆرە روورناکەکە، بە ئاسمانی ئەو شوێنە داگیرکراوەوە، زەردباوێکی ئاڵتوونی بوو و، چەند هێڵێکی رەنگ خۆڵەمێشیی تێکەڵا بوو بوو.

ئاسۆی دوور بە دووری، سەر دارستانەکان، لە بەردی بە نرخ دەچوو، کە هێڵی سەوزی زەردباوی، لەسەر هەڵکەندرابێت. چەندین هێڵی یەکتربڕی لێڵیشی پێوە بوو و، کەوتبوونە پشتی فالۆییۆوە. شارێی بەرەو سمۆلنسکیش بە سەرباز داپۆشرابوو. لەوێیش نزیکتر کێڵگە زیوین و، چەندین کۆمەڵە درەخت لەبەر تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە.

سەربازان لە هەموو لایەکەوە بوون. بەلای راست و چەپ و پێشەوەدا دەبینران. کۆی ئەو شتانەی لەوێدا دەبینران، پڕ بوون لە مەزنی و سپرایز! بەڵام پییەر سەرنجی لە سەر گۆڕەپانی شەڕەکە و، گوندی بوورۆدینۆ و دۆڵی کۆلۆتشا چڕ کردەوە.

بەسەر کۆلۆتشادا و، ئەملاو لای بوورۆدینۆ و، بەتایبەتی لای چەپی کە جۆگەی ڤوییناى تێیدا دەرژایە رووباری کۆلۆتشاوە و، بە هەردوو کەناریدا زۆنگاوێکی زۆر هەبوو.

تەم و مژێکی چڕ، بڵاو بوو بووەوە. لەو هەڵمانە کە بە هۆی تیشکی بە تینی خۆرەوە پەیدا دەبێت و، تا چاو بڕ بکات، رەنگ و سایەیەکی ئەفسوناوی دەبەخشێت بە شتەکانی ژێری. دوکەڵی فیشەکە تەقیوەکان، تێکەڵا بە هەڵمەکە دەبوو.

تیشکی خۆری ئەو بەیانییە، بە نێو گەواڵە هەورەکاندا، خۆی دەدزییەوە و، دەکەوتە سەر رووی هەڵم و، سەرەنێزەی دەستی سەربازان و، ئاوی جۆگە و روویارەکە و، دەشکایەوە.

تەماشاکەر کڵێسە سپیەکە و، سەربانەکانی گوندی بورۆدینۆی بە ئاسانی لە یەکتر بۆ جوێ دەکرایەوە. بە دوایدا کۆمەڵە سەربازە ریزبووەکان و، چەندین سندوقی سەوزی چەوری بریسکەدار و، لوولەی تۆپی دەبینی. لە بۆشاییە تەماوی و دوکەڵاویەکەدا، وا دەردەکەوتن، کە دەجوواڵێنەوە.

دۆڵە رەشباوەکانی دەوروبەری بورۆدینۆی نێو تەمەکەیش، بە هەمان شێوە بوون. هەر تۆپەڵە هەور بوون، دەمێک بەرز دەبوونەوە و، دەمێکیش نزم دەبوونەوە و، بڵاو دەبوونەوە. ئەمەیش بە تایبەتی لای راستی گوندەکەوە دەبینرا و، بەسەر کڵێگە و دارستانەکان و، بەرزاییەکاندا، وەکوو ئەوە وابوو ئەو گەواڵە هەورانە، لە هیچەوە پەیدا ببن و، لە ناکاو فوو بدرێن و، قەبارە پەیدا بکەن و، لە ناکاویش وەکوو ئەوەی، فووی ئەو گەواڵانە، لە ئاسمان بەر بدرێنەوە، نەدەمان!

سەیرەکە لەوەدا بوو، کە هەر ئەو دوکەڵ و تەقینەوە شووم و نەگریسانە، ئەم دیمەنە جوان و کەم وێنانەیان، لەو دۆخە ترسناکەدا پێک دەهێنا!

بووف! بووف!! دوو لوولەکە دوکەل پێکدا هەڵدەپژان... ئەمجا بم! بم! بە دوایدا دوو تەقینەوە دەبیسترا، تا راستیی دەنگەکە بسەلمێنن.

پییەر لای کردەوە، تاکوو دوکەڵی یەکەم ببینێت. کە چڕ بوو و، لە تۆپی یاری کردن دەچوو. بە دوایدا سێ تۆپەڵە دوکەڵی تریش دەرکەوتن.

بووف!!

دوای کەمێکی دی:

بووف! بووف!

ئەمجا سێ لوولەکە دوکەڵا بەرزبووەوە. بە دوایدا دەنگی سێ تەقینەوەی بەرو دوای یەکسان بیسترا.

بووم! بووم! بووم!

تۆپەڵە دوکەڵەکانیش، بەو بەرزییەوە، لەوە دەچوون، کە ئەوانیش بیانەوێت لە شەڕەکە هەڵبێن و، بە پرتاو بوون. ئەمجا کڵێگە و دارستانەکان و، قەمەی سەر لولەی تفەنگ و رمە بریسکەدارە هەڵاتووەکان، دەبینرا! بەڵای چەپیشدا و، بە درێژاییی کڵێگە و چەم و چغووردەکەدا، تۆپەڵە دوکەڵی گەورە و،

ناوەناوەیش دەنگدانەوەیەکی تۆقێنەر دەهاتە گوێ!

لە نێو دارستانە نزیکەکانیشەوە، دوکەڵی بچووک دەبینرا و، هەر زوو بڵاو دەبووەوە و، لە چاو ون دەبوو و، بریسکەیەک و، دەنگی تەقینی فیشەک دەهات. ئەو تفەنگانەیش.دەیانووت"تا... را... تا... تا...تا.." و، بە رێکوپێکی دەتەقین و، دەنگیان مەودا کورت بوو و، لە دەنگی گوللە تۆپەکان نەدەچوو.

ئای کە پیرەریش، حەزی دەکرد، لە نێو ئەو دوکەڵ و، رم و قەمانە و، ئەو ژاوە ژاوەدا بوایە!

سەیرێکی کۆتۆزۆف و یاوەرانی کرد. تاکو بەراوردی هەست و سۆزی خۆی و، ئەوان بکات. ئەمجا تێگەیشت ئەوانیش هەمان هەستیان، دەربارەی گۆڕەپانی شەڕەکە هەیە.

هەستی کرد، هەمان ئەو هەستەی دوێنێیان ماوە. ئەو هەستەیان کە بۆ میر ئاندریەیان باس کردبوو. بێ ئەوەی کۆتۆزۆف، سەرنجی لە سەر شەڕگەکە هەڵ بگرێت.

بە یەکێک لە ژەنەڕاڵەکانی یاوەری وت:

"بڕۆ ئازیزەکەم! بڕۆ! خوا پشتیوانت بێت."

ئەو ژەنەراڵەی فەرمانەکەی درایە، راست بووەوە تاکوو لە گردەکە بێتە خوارەوە. کە بەلای پیرەردا تێپەڕی، ئەفسەرێکی ئەرکان لێی پرسی، کە ئاخۆ بۆ چ شوێنێک دەچێت؟

ئەویش بە ساردییەکەوە وەڵامی دایەوە،"بۆ بواری رووبارەکە! "

پیرەریش هەستا و، شوێنی کەوت و، لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەوا منیش دێم بۆ ئەوێ."

ژەنەراڵەکە سواری ئەو ئەسپە بوو، کە قەوقازییەکە بۆی هێنا و، پیرەریش سواری ئەو ئەسپە بوو، کە یاوەرەکەی پێی وتبوو لە ئەسپەکانی تر هێورترە. هەر کە ئاوزەنگیی لە ژێرسکی ئەسپەکە دا و جوولا، چاویلکەکەی کەوتە خوارەوە و، ون بوو. بە غار شوێن ژەنەڕاڵەکە کەوت و، ئەفسەرانی سەر گردەکەیش، کەوتنە پێکەنین پێی.

بەشی سی و یەك
لە دۆزەخی جەنگدا

ئەسپی ئەو ژەنەرالّەی، کە پییەر بە غار شوێنی کەوتبوو، بە لاپالّی گردەکەدا شۆڕ بووەوە و، لە ناکاو بەلای چەپدا وەرگەڕا و، لە چاوی پییەر ون بوو.

ئەویش بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، کەوتە نێو سەربازانی سەر رێگاکە. ویستی خۆی لەو قەرەبالّغییە رزگار بکات، ئیدی بە لای راستدا بڕوات، یا بە لای چەپدا، یان بەرەو پێش. بەلّام رووی لە هەر شوێنێک دەکرد، هەر روخساری بە خەم لە داهاتووی نادیاری تۆقێنەری سەربازان بوو! لە چاویاندا بێزاری لەو پیاوە کەتە شەپقە سپییە دەخوێنرایەوە، کە بە ئەسپەکەی پالّی پێوە نابوون و، مەگەر خوا خۆی بزانیت بۆچی؟

یەکێکیان شیراندی:

ئەمە چی دەکات لە نێو ئێمەدا؟

یەکێکی تر، بە قۆناغە تفەنگ، کێشای بە ئەسپەکەدا و، ئەسپیش دوو شەویلگەی لە لغاوەکەی دەمی توند کرد. پییەریش توند خۆی بە قەڵپووزی زینەکەوە گرت و، زۆر بە سەختی خۆی گەیاندەوە، شەقامە چۆڵەکە.

پردێک لە بەردەمیدا بوو. چەند سەربازێک لەِ نزیکییەوە دەستڕێژیان لە پردەکەی کۆلۆتشا دەکرد. هەر ئەو پردەی کە دەبوو، لە سەرەتای هێرشی فەرەنسییەکانەوە بگیرایە. ئەویش بێ ئەوەی بیان ناسێت گەیشتە لایان!

پییەر لەمبەر و ئەوبەری رووبارەکەوە و، لە نێو ئەو خـۆڵ و خاشاکەدا ـ کە بە هۆی دوکەڵـی زۆرەوە دوێنێ نەیبینی بوو ـ سەربازانێکی سەرقاڵی بینی.

هەرچـەند دەستڕێژی تفەنگ، بەردەوام دەبیسترا. بەڵام پییـەر بە خـۆی نەزانی بوو، کە کەوتووەتە نێو جەرگەی شەڕەکەوە! نـە گوێی لـە وێزەی گوللـە بـوو و، نـە گـوێی لـەو گوللـە هـاوەن و تۆپانـە بـوو، کـە بەسـەر سـەریدا هوشـپەیان دەکـرد! دوژمنیشی لە رۆخی ئەوبەری رووبارەکەوە نـەدەبینی! تەنـانەت پێیشی چـوو تـاکو کـوژراو و، بریندارەکانی بینـی، کـە لـە دەوروبـەری دەکـەوتن! بـە بـزەیەکەوە لـەو دیمەنانەی دەڕوانی!

دەنگێک قیژاندی:

ئەرێ.. ئەمە چی دەکات، وا لێرە و لە بەردەم هێڵی پێشەوەی شەڕەکەدا رەپ وەستاوە!؟

ئەمجا ئەوانیتر هـاواریان بۆ کرد:

"بە لای چەپدا بـڕۆ... نـا.. نـا! بۆ لای راست..."

ئەویش بە لای راستدا غاری دا و، لە ناکاو لووتی تەقی بە لـووتی یاریدەدەرێکی سـەربازیی، سـەر بـە ژەنـەراڵ رابیڤسکیدا و ناسییەوە. ئەفسـەرەکە بـە تووڕەبییـەوە سـەیرێکی کرد و لـەوەبوو، پڕ جنێوی بکات! بـەڵام کە ناسییەوە بـە سـەر لەقاندن سڵاوی لێ کرد.

بە دەم رۆیشتنەوە لێی پرسی:

"ئا لێرەدا چۆنیت؟"

پییەر هەستی کرد، لە شوێنی شیاودا نییە و، لـەوە ترسـا بێزاری کرد بێت. بۆیـە بە ئەسپەکەیەوە، شوێنی کەوت و لێیشی پرسی،"دەتوانم لە تەکدا بم؟ ئەوە لێرە چی رووبداوە!؟"

یاریدەدەرە سەربازییەکەیش پێی وت:

"یەک خولەک! یەک خولەک!"

بـەرەو سـەرکردەیەکی کەتـەی وەستاو، غـاری دا و، فـەرمانێکی پێدا و گەڕایـەوە دواوە.

بەمیشی وت:

"کۆنت تۆ لێرە چی دەکەیت؟ ناشێ مەیلی ملەقوتەی سەیر کردنت بێت!؟"

پییەریش وتـی:

بەڵێ! بەڵێ!

یاریدەدەرە سەربازەکە، بەلای ئەسپەکە وەرچەرخا تا بگەڕێتەوەو وتی:

"سوپاس بۆ خوا، لێرە بارو دۆخمان باشە. بەڵام باڵی چەپی سوپاکەمان و لای پاگرٲسیۆنەوە بارودۆخەکە سەخت و دڵەڕاوکێدارە."

پییەریش پرسیی:

"بە راست!؟ ئەی شوێنی ئەوان کوێیە؟"

"بەرەو بەرزاییەکە شوێنم بکەوە. لەوێوە بە رووبی دەبینرێت. بارو دۆخی یەکەکانی تۆپخانەمان تارادەیەک، خراب نییە."

پییەریش چاوانی بۆ یاوەرەکەی گێڕا و وتی:

"هێشتا.. بە دواتەوەم."

ئەمجا بۆ یەکەمجار سەرنجی دەورو بەری خۆی دا و،کوژراو و برینداری کەوتووەکانی بینی. لەگەڵ چەندین سەربازی فریاکەوتن کە بە دەستەبەرە، خەریکی گواستنەوەیان بوون.

هەر ئەو مێرگە سەوزەی، دوێنێ پێیدا تێپەڕی بوو، ئێستا سەربازێکی مت و بێ جووڵەی لێکەوتووە! ملپێچەکەشی لەولا خۆیەوە کەوتووە.

خەریک بوو پییەر هاوار بکات و بڵێت،"ئەی.. ئەمە؟ ئەمەیش بگوێزنەوە."

بەڵام کە رووە تۆکمە و گرژەکەی ئەفسەری یاریدەدەری سەربازیی بینی، بێدەنگ بوو. خزمەتکارە یاوەرەکەی خۆیشی نەدۆزییەوە و، بەو دۆڵەدا ملی ڕێی گرتەبەر، کە دەچووەوە سەر گردەکەی رانیڤسکی.

ئەسپەکەی ژێریشی، کە بە لەرەلەر دەڕۆیشت، بە زەحمەت بۆی دەکرا، بە ئەسپەکەی یاریدەدەرە سەربازییەکەدا بگاتەوە!

یاریدەدەرەکە لە پییەری پرسی:

"کۆنت... لەوە دەچێت لەگەڵ سوارەییدا رانەهاتبیت!؟"

ئەویش بە شڵەژاوییەوە وتی:

"بەڵێ.. بەڵام غار پێ کردنی ئەم ئەسپە، کەمێک سەختە!"

ئەویش هەڵیدایە:"چی! چی! ئەو ئەسپەی تۆ، پاشووی راستی، لەگەڵ سەر ئەژنۆیدا برینداری بەرکەوتووە! سوپاس بۆ خوا، خۆیشت نەپێکراویت." بە نێو دوکەڵەکەدا، فەوجی شەشێی پشت یەکەی تۆپخانەکەیان تێپەڕاند. ئەو تۆپانەی دەنگەکانیان دەوروبەرەکەی کاس کردبوو. گەیشتنە

دارستانێکی کپ و شێدار و، بۆنی پاییزی لێ دەهات. هەردووکیان دابەزین و، ئەسپەکانیان بە دوای خۆیاند راکێشا و، بە لاپاڵی گردەکەدا هەڵکشان.

یاریدەدەرە سەربازییەکە پرسیی:

" ژەنەراڵ لێرەیە؟"

ئەوانیش ئاماژەیان بە لای راست دا و وتیان:

"کەمێک لەمەو پێش، لێرە بوو. بەڵام ئەوەتا رۆیشتووە!"

وا لای کردەوە بەلای پیەردا، وەکوو ئەوەی بپرسێت،"کە چی لەم هاوڕێ چاوەڕوان نەکراوە بکات!؟"

پیەر پێی وت:

"خەمی منت نەبێت! گەر ڕێم بدەیت لە سەر ئەم گردە دەمێنمەوە."

ئەفسەرەکەیش پێی وت:

"چۆنت پێخۆشە.. با وابێت. لێرەوە دەتوانیت بێترس، هەموو شتێک ببینیت. دواییش خۆم دێمەوە، بە شوێنتدا و، لەگەڵ خۆم دەتبەم."

ئەفسەرەکە ڕۆیشت بە ڕێی خۆیەوە و، پیەریش بەرەو یەکەی تۆپخانەکە. دواتریش یەکیان نەبینییەوە!

ئەو گردەی کە دواتر پیەر پێیدا سەرکەوت، لە نێو ڕووسەکاندا بە گردی تۆپخانەکە، یا گردی تۆپخانەکەی ڕابیڤسکی ناوبانگی دەرکرد. لە نێو فەرەنسییەکانیشدا بە قەڵای مەزن و، قەڵا شوومەکە!

هەروەها فەرەنسییەکان: قەڵای ناوەندیشیان پێ دەگوت. فەرەنسییەکان ئەو پێگەیەیان، بە کلیلی پێگەکانی تر دانابوو و، بە دەیان هەزار پیاوی تێدا کوژرابوو. ئەو قەڵای گردە لە چەندین سەنگەری هەڵکەندراو، بە هەر سێ لایدا، پێک هات بوو. لە کونانی سەنگەرەکانییەوە، لوولەی دەیان تۆپ، بە هەردوو بەری گردەکەدا تفی گوللە تۆپەکانی لە دوژمن دەکرد.

هەر هێندەی پێنەچوو و، دوای کار کردنی ئەو تۆپخانەیە، یەکەی تۆپخانەکانی تر، بوونە پاڵپشتی و، یەکەی سەربازانی پیادەیش، لە پشتی ئەم گردەوە ڕێکخرانەوە.

پیەر گەیشتە ئەوێ و، هەرگیز بە بیریدا نەدەهات، سەنگەرێکی کەم و تەقاندنی چەند تۆپێک، لەم لوولە تۆپە کەمانەوە، ببێتە خاڵێکی هێندە گرنگی گۆڕەپانی شەڕەکە!! بە پێچەوانەوە، بەوەی خۆی لەوێ بوونی هەبوو، پێی وابوو

کەم بـایەخ ترینی پێگەی شەڕەکەیە.

لە سەر کەناڕێکی خەندەقی چێوەی تۆپخانەکە دانیشت و، بـە بزەیـەکی بێئـاگایانە و، ڕوویـەکی خـۆشەوە، لـە دەوروبەرەکـەی خـۆی دەڕوانـی. جاروبارێک بـە هـەمان بزەوە، هەڵدەستایە سەر پێ و، دواتر دادەنیشتەوە.

بـە نێـو یەکـەکانی تۆپخانـەدا دەگـەڕا و، نـەیدەویسست ئـەو سەربـازە کـۆڵ بـە کۆڵانـە، ماندووتر بکـات. کـە هەمیشـە بـە یـەدەکی لووڵـە تۆپەکانـەوە بـە بەردەمیدا دەهاتن و دەچوون.

تۆپهاوێژەکـان بـە دوای یەکـدا، گوللـەتۆپیان دەتـەقانـد و، دەوروبـەری خۆیـان دەکردە چەقە دوکەڵ و، مێشکیان کەڕوکاس دەکرد! لە بـری ئـەوەی ئـەمانیش وەکو فیرقـەی هێـزی پیـادە، کـە هێـزی پڕکـەرەوەی پشـتـەوەی سـەربازە جـەنگاوەرەکانی، هێڵی گەرمی شەڕەکە بوون، بێ وڕەو لە دڵـەڕاوکەدا بن.. لێرەو لە نێـو ئـەو یەکـەی تۆپخانـە کەمـە و، ئـەو سـەنگەرە بچووکـانـەدا، کەسـانێکی بـە وڕەو لـەش سـووکی، قـاڵ بووی کارەکانیان، بوونی هەبوو!

تـەنیا شـتێک ئـەم خەندەقانـەی لـەوانی تر، جـوێ دەکـردەوە، سـەربازانی ئـەمان، هێنـدە چـالاک بـوون، دەتـووت بـە کارەکانیـان ڕاهـاتوون و، چێـژ لـە جووڵـەکانیان وەردەگرن!

لە سەرەتاوە پییەر بـە خـۆی و، بەرگـە مـەدەنی و، شـەپقە سپییەکەیەوە، بێزاری دەکردن. کە بەلایشیدا تێدەپەڕین و، سـەرنجیان دەدا: سـەرسام دەبوون!

ســەرکردەی یەکـەی تۆپخانەکـە، بـــە بیـانووی پشـکنینی ئەوسـەری یەکەکـە سەرۆکی یەکەی تۆپخانەکە ـ کە پیاوێکی باڵابەرزی دەموچاو ئـاوڵاوی‌و لاق درێژ بوو ـ بە شەرمەوە لێی دەڕوانی. ئەفسەرێکی دی، کە لاوێکی منداڵکاری کوڵم سـوور بوو. دەمێک نـەبوو، لە خولـی "یەکەی ڕاهێنان" دەرچوو بـوو و، سـەرپەرشـتیی دوو لووڵە تۆپی دەکرد. بە بڕوا بەخۆ کردنەوە بە پییەر پێزۆخۆڤی وت:

"دەتوانیت دوور بکەوێتەوە.. بەڕێزم؟ تۆ لێرە بێزارمان دەکەیت."

سـەربازانیش سـەری پشـتگیری کردنیـان بـۆ لـەقان! بـەڵام هـەر کـە بۆیـان ڕوون بووەوە، ئەم پیاوە شـەپقە سپییە، کارێک ناکات ئـازاردەر بێت. لـە نێـو کۆمـەڵی سـەر گردەکەیشدا ئـارام و لێوان بە بزەیە، بە ئەدەبـەوە بـواری بەرامبـەری دەدا. لـە پشـت بێزارییەکەیانـەوە لێی، کـەمێکیش مـەیلیان دایـە! هـەر وەکـوو ئـەو مەیلـەی بڕێـک لـە سـەربازان بـۆ ئـەو پشـیلە و سـەگانە هـەیان بـوو، کـەڵـەم سـەربازەگەوە لەگـەڵیان

رەوی دەکرد، بۆ سەربازگەیەکی تر.

هەر وەکوو ئەو کەڵەشێر و بزنەی، کە لە خۆیان دەگرت و، بە خێویان دەکردن و، تەنانەت ناویشیان لێ دەنان. بە دزییەوە ناویان لێ نابوو (گەورەمان)! لە نێو خۆیاندا و، ژێربە ژێر، نوکتەیان دەدایە پاڵاو سوعبەتیان پێوە دەکرد!

هەر دوو هەنگاو لەولا پییەرەوە، گوللە تۆپێک زەوییەکەی کێڵا! ئەویش بە بزەیەکەوە چاوانی گێڕا و، کەوتە خۆ تەکاندن!

لاوێکی کەتەی ناوشان پانی، روو تەڕی جوانی دەم و ددان سپی لێی پرسی:

"کەوابوو نەترسایت! گەورەم!"

پییەریش هەمان پرسیاری لەو کردەوە:

"ئەی تۆ! دەترسیت؟"

ئەمیش وتی:

"بێگومان! چونکە گوللە تۆپ، بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە و، کەس نابوێرێت! بەر هەر کەسێک بکەوێت.. ئەوا ورگ و ریخۆڵەی دەبا بە هەوادا! بۆیە مرۆڤ ناچارە بترسێت."

ئەم رستەیەی دواییانی بە پێکەنینەوە وت. برێک لە سەربازەکان بە سەرسامییەوە لە نزیکی پییەرەوە وەستان و، پێیان سەیر بوو، کە وەکو خەڵکەکە قسان دەکات و دەدوێت!

لە نێو خۆیاندا وتیان:

"ئەمە ئیشی ئێمەیە. بەڵام ئەو بە ڕاستی گەورە و سەرسوڕهێنە! کەسێتیی گەورەیش، دەبێت هەر وا بێت!"

ئەفسەرێک بە سەریاندا قیژاندی:"دەی.. هەر یەکە و بگەڕێتەوە یەکەکەی خۆی و، بۆ شوێنەکەی خۆی." ئاگری تەقینی تفەنگ و تۆپەکان، لە تەواوی رووبەری گۆڕەپانی شەڕەکەوە و، بە تایبەت لای چەپەوە ، کە بەرەو رووی سەنگەر و لەمپەری سوپاکەی پاگراسیۆن کرابووەوە دەبینرا. بەڵام لەو شوێنەوەی پییەری لێ وەستابوو، دوکەڵ بواری بینینی ئەوانی نەدەدا.

سەرەڕای ئەوەیش، ئەو دنیا سەر بەخۆیەی، کە لە سەر پیاوانی ئەو یەکەیە بەند بوو، هەموو بیر و هۆش و، ئاگایی ئەوی داگیر کردبوو! هەژاندنەکەی دوای کەوتنەوەی ئەو گوللە تۆپە و، ئەو ژاوە ژاوەی گۆڕەپانی شەڕەکە، دروستی کرد، سۆزیەلێکی نوێی جیاوازی بۆ هێنایە ئاراوە. بەتایبەتیش دوای بینینی ئەو سەربازە

پێکراوە درێژبووەی، سەر سەوزە گیاکە! بە لاپاڵ و لێژییەکەوە دانیشت و، کەوتە رامان لەو پیاوانەی دەوروبەری.

دەوروبەری سەعات (١٠)ی بەیانی، لەو یەکەی تۆپخانەیە، نزیکەی (٢٠) کەسێکیان کوژران و بریندار بوون و، لەوانی تر دوور خرانەوە. دوو یەکەی تۆپخانەکەیش، یەک هاتنەوە و، کەوتنەوەی گوللە تۆپەکان، لە دەورو بەریاندا زۆرتر بوو و، ویزەی فیشەک بە سەریاندا، زۆرتر بوو.

بەڵام سەربازە تۆپچییەکان، هەر لە جووڵەدا بوون و، بەدەم تۆپ هاویشتنەوە، قسە و سوعبەتی خۆیان دەکرد و، هەر وەکو ئەوەی، هیچیش رووی نەدا بێت، وابوو!

کە گوللەتۆپێک بە سەریاندا هووشپەی کرد، یەکێکیان هاواری کرد:

ئەمەیش "حەم"یکی تر...!!

هەر کە یەکێکی تریان بینیی، گوللە تۆپەکە، لە نێو سەربازە پشتگیریکارانی پشتیانەوەدا کەوتەوە، وەڵامی دایەوە:

"ئەو"حەم"ە بۆ ئێمە نەنێردرابوو، بۆ سەربازانی پیادەی دوامانەوە بوو."

یەکێکی تریان کە هووشپەی گوللە تۆپێکی تری بیست خۆی دانەواند و وتی،"ئەرێ.. ئەوە چی بوو! دەی ئەویش مەرحەبای ناسیاوی خۆی دەکات!"

چەند سەربازێک، لەسەر دیوارە خۆڵەکەی بەردەمیانەوە، لە بەردەمی خۆیان روانی. تاکو بزانن چی روو دەدات!؟

ئەها.. ئەوە بەرەو دواوە کشانەوە! ئەوان بەزین و شکستیان خواردا!

ئەفسەرێکی پیر هاواری بۆ کردن:

هۆو! ئێوە بۆیە لێرەن، تاکوو بایەخ بە کاری خۆتان بدەن. کە ئەو لاوانەیش بەرەو دواوە دەبنەوە: وا ناگەیەنێت بەزیون و پاشەکشە دەکەن! ئەوە دیارە کە لە شوێنێکی تری بەرەی شەڕەکەوە، پێویستیان پێیانە.

ئەمجا شانی یەکێکیانی راکێشا و، بەری دەستی بە ملیدا کێشا و، ئەوانیش دایانە قاقای پێکەنین؟

دەنگێکی بەرز فەرمانیدا:

"تۆپخانەی پێنجەم ئامادە بن."

ئەو سەربازانەی تۆپەکەیان راکێشایەوە شوێنی خۆی، بە پێکەنینەوە وتیان:

هووو.. هس! هووو.. هس!

"دەی.. با ئێمەیش لەسەر رەزم، وەکو کەشتییەوانان رایبکێشین."

سوور هەڵگەڕاوە کەتەکەیش وتـی:

"بـای هووشپەی، گوللە تۆپەکە: خەریک بوو شـەپقەکەی"گەورەمان" لەگەڵ خۆی ببات!

ئەمجا بە رووی گوللە تۆپێکی تـردا شـیراندی، کـە لەولایـەوە تـایەیەکی تۆپێک و لاقی سەربـازێکی لەگەڵ خۆی برد:

"هـا... نەخێر! لێرە کەس ناتوانێت ئاگاداری خۆی بێت!"

هاواریـان لـەو لادێینانـە کـرد کـە دووداڵ بـوون لـە هێنانـەوە و هـەڵگرتنی لاق بـڕاوەکە:

"چیبە دەڵێی لەو شۆربایەی بەردەمتان دەڕوانن کە حەزی لێ ناکەن! ئەوەتا ئـەم تەمەڵانە هەمیشە خۆیان لە کارەکانیان دەدزنەوە!"

ئەوانیتریش رقیان هەستا و وتیان:

"ئای خوایە گیان! بە داخەوە.. بێگومان حەزیان لەم کارەیان نییە!"

پیەریش گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە تاکو دەستڕێژی زۆرتریان لێ بکرێت، زۆرتر دەخرۆشێن و، بە پەرۆشتر دەبن، بۆ کارەکەیان!

رەوانـی سـەربازان بووبـووە پارچەیـەک گـڕ و گـەرمی و، سـووربوونەوەکەی گەیشـتبووە دەم و چاویـان و، وەک ئـەو چەخماخەیـەی لێهـات بـوو، کـە ئاسـمانی تاریکی هەوراوی رۆشن دەکاتەوە! ئیدی چ بایەخێکی هەیـە، کـە گۆڕەپانی شـەڕەکە هێشتا لە دەروونیدا بێت!؟ جا بـا هـەر روخساریشی سوور هـەڵ بگەڕێت!؟

سەعات دە ئەو هێزە پیادەیەی پەرژینی یەکەی تۆپخانەکـە بـوو، گەڕایـەوە دواوە، بـۆ سـەر رێگـای کامنکـا. لـە دووڕەوە دەبینـران، کـەوا هەڵـدێن و بـە تفەنگـەکانیان، دەستەبەرەیان دروست کردووە و، کوژراوەکانیان دەگوازتەوە.

بەسـەر گردەکەیشـەوە، ژەنـەرالێک و، بەردەسـتانی لێبـوو و، چەنـد قسـەیەکی بـۆ سـەرکردە دەکـرد. ئـەمجا بـە رووبـەکی گـرژەوە لـە پیەریشـی روانـی. بـۆ ئـەوەی سەربـازەکان بە گوللەی دوژمن، تووشی پێکران نەبن، فەرمانی پێدان بـە سکەخشـێ بە لاپاڵەکەدا بێنە خوارەوە.

دوای کـەمێک دەنگـی تـەپڵی ریزەکـانی پیـادەی لای راسـتی یەکـەی تۆپخـانەکە هاتـە گوێ و، فەرمانی بەرەو پێشەوە چوونی سەربازە پیادەکان درا.

پیـەریش لەسـەر دیـوارە خۆڵەکـەوە، لـە دواوەی ریـزی سـەربازانی دەڕوانـی.

ئەفسەرێکی لاوی رەش داگەڕاوی بینی، کە ئالایەکی بە دەستەوە بوو و، خۆی دانەواندبوو و، بە شڵەژاوییەوە لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی.

هێزە پیادەکە، لە چەقە دووکەڵەکەدا ون بوو و، دەنگی ژاوەژاو و، دەستڕێژی تفەنگ دەبیسترا. هێندەی پێنەچوو، پێکراو و کوژراوان، سەر دەستەبەرەکان خرانەوە. یەکەی تۆپخانەکەیش بە ڕێژنە، گوللە تۆپ بە سەریاندا باری!

دوو سەربازیان کەوتن و پشتگوێ خران. تۆپچییەکان، چالاکتر بوون و هێندە نەبێت کە یەک دوو جار تکایان لێ کرد کە خۆی بداتە پاڵ شتێک و، خەمسارد نەبێت! ئیدی ئەویشیان وێڵ کرد.

فەرماندەی یەکەی تۆپخانەکەیش، بە سەر یەکە یەکەی لوولە تۆپەکاندا دەگەڕا و، بەسەری دەکردنەوە. ئەفسەرە لاوەکەی دواوەی ڕێزەکەیش شپرزەییەکەی کەم بووبووەوە و، غیرەتی زۆرتری دەنواند و، سوور هەڵگەڕابوو.

سەربازانی تۆپخانەکەیش، گوللەی تۆپەکانیان بۆ لوولە تۆپەکان دەبرد و، تۆپەکانیان پێ دادەگرتنەوە. هەر وەکوو ئەوەی ئیسپرینگیان لە ژێر پێدا بێت، لە هاتوچۆکانیاندا هەر هەڵبەز و دابەزیان بوو!

تا دەهات گێژەڵووکەکە نزیکتر دەبووەوە و، ڕوخسارەکان بەو گڕەی کە پییەر چاوەڕوانی بوو، داختر دەبوون! پییەر بە تەنیشتی فەرماندەی تۆپخانەکەوە بوو.

ئەفسەرێک بە ڕاکردن هات و وتی:

"شەرەفمەندم کە پێت رابگەیەنم، زیاتر لە هەشت گوللە تۆپمان نەماوە! ئاخۆ هەر بەردەوام بم لە تەقاندنیان؟"

فەرماندە ڕاستەوخۆ وەڵامی نەدایەوە و، فەرمانیدا تۆپەکان بە پارچە ئاسن پڕ بکەنەوە! ئەفسەرە لاوەکەیش، قرخەیەکی کرد و، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و، وەکو چۆلەکەی سەربڕاو لە هەوای خۆدا بوو، بە بەر چاوی پییەرەوە کەوتە سەر زەوی!

گوللە تۆپەکان بە دوای یەکدا، خۆیان بە دیوارە گڵ و لوولە تۆپ و، سەربازەکاندا دەدا و، لەبەریەکی هەڵدەوەشاندن.

پییەر لەو گرمەی تەقینەوەیە بە دواوە، گوێی بە هیچی تری دەوروبەری خۆی نەدا و، ئیدی بە جوانی لە بارودۆخەکە گەیشت و، بۆی دەرکەوت یەکەکانی نزیک بەو پێگەیەی خۆیی تێدایە: بەدەم وتنەوەی هەوواوە، لە جیاتی ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕۆن.. بەرەو دواوە دەکشانەوە!

گوللە تۆپێک، نزیک بە پییەر، خۆی کێشا بە دیوارە گڵەکەی سەر سەنگەرەکەدا و، هەموو گیانی کردە خۆڵ و تەپ و تۆز و، رەشایی بە بەرچاوانیدا هات. کە لای کردەوە ئەو کۆمەڵە سەربازە خۆبەخشەی بینی، کە تازە هاتبوونە یەکەکەوە و، جێی کوژراوەکانیان پێ، پڕ کردبوونەوە. بەرەو دەرەوە رایان دەکرد و هەڵدەهاتن!

فەرماندەیش هاواری دەکرد:

"هەموو لوولە تۆپەکان پڕ بکەن لە وردە ئاسن!"

ئەفسەرێک بە رووبەکی ترساو و تۆقیوەوە، بە را کردن خۆی گەیاندێ و، تێی گەیاند کە گوللە تۆپیان نەماوە.

ئەویش وەکو ئەو سەرگەورەیەی خزمەتکارانی لێ هاتبوو، کە لە گەرمەی میوانداریی خانەوادەدا، پێی بڵێن مەی و خواردنەوەمان لێ بڕاوە!

فەرماندە سوور هەڵگەڕا و، وەختەبوو چاوانی دەربپۆقن و، هاواری کرد،"ئەی ئەو تاوانبارانەی هێڵی دواوە، خەریکی چین!؟ راکە.. هەر ئێستا سندوقە گوللەتۆپەکان بار بکە و، بیانهێنە!"

بە رووبەکی گرژیشەوە لە پییەری روانی و پییەریش وتی:

"منیش لەگەڵیان دەچم!"

فەرماندە چەند هەنگاوێکی بڵاوی نا و دوورکەوتەوە و، بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، هاواری کرد:

"تەقە کردن بوەستێنن!... چاوەڕوان بن."

تۆپچییەک خۆی بە پییەردا کێشا و کەوت و، بە لاپاڵی گردەکەدا بە خل بوونەوەوە پێی وت:

"ئای! گەورەم! ئێرە شوێنی تۆ نییە!"

بەڵام پییەر شوێنی کەوت و، لە خل بوونەوەکەی ئەو ئەفسەرە لاوەی دەڕوانی!

گوللە تۆپێک.. بوو بە دوان و، ئەمجا سێیەم بە سەریدا هووشپەی کرد و، یەکێکیان لە دوایەوە و، ئەوی تر لە بەردەمیدا و، سێیەمیان لە تەنیشتییەوە، دای بە زەویدا.

کە نزیکی سندوقە تەختە بچووکە سەوزەکان بووەوە، لە خۆی پرسی:

باشە ئێستا.. بۆ کوێ بچم؟

بە سەرسامییەوە وەستا! ئاخۆ بەرەو پێشەوە بڕوات؟ یان سەری خۆی کز بکات و، بە شوێنی خۆیدا بگەڕێتەوە؟

لە ناکاو شتێکی مەزن و گرمەیەکی هێندە توند و بەهێز، دەنگی دایەوە، ئەوی بە زەویدا دا و، بە دەم لەتر دانەوە ئاگری بە دەوری خۆیدا بینی!

کە هاتەوە هۆش خۆی. بە دانیشتنەوە خـۆی لە سەر زەوییەکە بینی و، هـەردوو قۆڵـی وەکوو کۆڵەکە لێ کردبوو و، خۆی پێ راگرتبوو.

کە بە وردی لە دەوروبەری خۆیشی روانی. لە چەند سندوقێکی بە خـەڵووز بوو و، چەند پـارچە بەرگێکی سووتاو بەولاوە، کە لەسەر سەوزە گیاکە کەوتبوو هیچـی تری نەبینی.

ئەسپێکیش غـاری دەکرد و، دارو پـەردووی گالیسکەیەکی سەربـازگوازەرەوەی، بـە دوای خـۆیدا کێش دەکرد.

ئەسپێکی تریش، وەکو پییەر لەسەر زەویبەکە کەوتبوو و، پرخ و هوڕی بوو.

بەشی سی و دوو
وەدەست خستنەوەی گردەکە

ترس پییەری بە تەواوی داگرت و، بە قەڵەمبازێک هەستایەوە، سەر پێیان. هەر وەکو ئەوەی، یەکەی تۆپخانەی ئەو سەرگردەکەی لێوەی هاتبوو: تەنیا پەنا بێت، بۆ خۆ ڕزگارکردن. هەر بە را کردن بۆی کشا.

کە گەیشتەوە شوێنەکەی خۆی و، سەرنجیدا تۆپ تەقاندن وەستێنراوە! ئێستایش سەربازانێکی تر لێرەن! ئەمانە کێن!؟ چی دەکەن لێرە!؟

لە یەکەم سەرنجیدا ئەوەی نەزانی. فەرماندەکەی خۆیانی بینی.. لە سەر ورگ، بە لاوانە گڵەکەدا درێژ بووە و، لەوە دەچوو: سەیری خوارەوە بکات.

سەربازێکی تری بینی، کەوتبوو و لەوە دەچوو: کە زووتر بینی بێتی. یەکێکی تری بینی هەردوو باڵییان گرتبوو و، ڕایان دەکێشا.

هانای بۆ ئەم دەهێنا و هاواری دەکرد:

فریام بکەوە..!

چەندین شتی نامۆی، لەو جۆرەی بینی! هێشتا هەستی بەوە نەکردبوو، کە فەرماندەکە کوژراوە و، ئەوەیشی هاواری بۆ دەهێنێت: دیل کرابوو و بە بەرچاوییەوە سەربازێکی تر قەمەیەکی کرد بە پشتیدا.

هێشتا پێی نەخستبووە سەنگەرەکەوە، کە بەرگ شینێکی زەردی لاواز، بە راکردن بەرەو رووی هات و، شمشێرێکی بە دەستەوە بوو و، هەموو دەم و چاوی عەرەق بوو و، پییەر بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێت، هەر دوو دەستی بۆ درێژ کرد و، بە دەستێکی شانی ئەو پیاوە بە گوڕەی گرت، کە ئەفسەرێکی فەڕەنسی بوو! دەستەکەی تریشی خستە بینی! ئەفسەرە فەڕەنسییەکەیش، شمشێرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و، پەلاماری ئەمی دا و، توند یەخەی گرت.

تا ماوەیەک بە ترس و تۆقاوییەوە و، بە بێدەنگی بە یەکترییاندا هەڵڕوانی!

لەوە دەچوو هەر یەکەیان لە خۆی پرسی بێت:

"یاران.. بڵێی من ئەوم دیل کردبێت!؟ یان ئەو منی دیل کردووە!!؟"

ئەفسەرە فەڕەنسییەکە خۆی گەیاندە، ئەو قەناعەتەی کە ئەو رووسییە ئەمی دیل کردووە! بەوەی کە زۆر بە ئازایەتی و جوامێری و، بە وردەوە چنگی لە قورقوراگەی گیر کردبوو و، خەریک بوو بخنکێت بە دەستییەوە!

ویستی شتێک بڵێت و، گوللە تۆپێک زۆر نزم، بە سەریاندا هووشپەی کرد. فەڕەنسییەکە هێندە خێرا سەری دانەواند، کە لە پییەر وابوو گوللە تۆپەکە سەری هەڵکەندووە و، لەگەڵ خۆی بردوویەتی!

ئەویش خۆی دانەواند و، فەڕەنسییەکە لە ژێر دەستی هاتە دەر و، بەرەو یەکەی تۆپخانەکەی خۆیان، لە دەستی هەڵات و، هەر بۆی دەرنەکەوت: کە ئاخۆ خۆی رووسییەکەی دیل کرد بوو!؟ یان رووسییە تۆکمەکە، ئەمی دیل کردبوو!؟

پییەریش بە لاپاڵە لێژەکەدا، بە دەم لەتر دانەوە، کەوتە راکردن و، هەڵکەوتن، لە ئەو کوژراو و بریندارانەی، لە سەرەڕێیەکەدا کەوتبوون و، پێیشی وابوو، پەلاماری قاچ و قولی دەدەن و، دەیانەوێت رابیگرن!

گەیشتە دامێنی گردەکە و، کەوتە نێو ئاپوورەی سەربازانێکی رووسەوە. مەخابن، ئەوانیش هاوار و ناڵەیان بوو و، لێیان دەکەوتە زەوی و، پاڵیان بە یەکەوە دەنا و، هەندێکیان بەرەو تۆپخانەکە رایان دەکرد.

ئەمە ئەو هێرشە بوو کە دواتر ئیرمۆلۆڤ بە پیلانی خۆی و ئازایتیی خۆیی دادەنا.

هەرچەند فەرەنسییەکان یەکەی تۆپخانەکەیشیان گرتبوو! بەڵام دواتر ئەوانیش هەڵاتن و جێیان هێشت! پیاوانی ئێمەیش بە دەم هوتافی هووڕا کێشانەوە، شوێنیان کەوتن و، بۆ ماوەیەکی زۆر. وای لێ هات، کە بە ناڕەحەت ئەمانەیان بۆ وەستاتێنرایەوە!

لە یەکەی تۆپخانەکەوە، چەندین "دیل"یان هێنا و، لە نێویاندا سەربازێکی فەرەنسیی بریندار بوو و، ئەفسەرانی خۆمان دەوریان گرتبوون.

بڕێک بریندارێ رووسی و فەرەنسیشیان هێنا و، پییەر هەندێک دەمو چاوی گرژ و ئازاراویی لێ ناسینەوە.

پێکراو و کوژراوانێکی تریشی، دوور بە دوور بینی. بڕێکیان لەسەر دەستەبەرە بوون و، بڕێکیشیان هەر بە راکێشان رادەکێشران!

پییەر کەوتەوە سەرکەوتن بە لاپاڵەکەدا و، بۆ سەر گردەکە. نزیکەی سەعاتێک بەو ناوەدا روانیی و، یەک کەسی لەوانە نەبینی، لەو دنیا داخراوەدا بوون و، خۆی بۆ خۆیانیان ڕەخساندبوو!

لەگەڵ ئەوەیشدا، لە نێو کوژراوەکاندا، هەندێکیانی ناسییەوە! ئەوە ئەفسەرە هەرزەکارەکەیە و، لە خوێنی خۆیدا گەوزاوە! هێشتا بە سەر گڵی لاوانەی سەنگەرەکەوەیە! ئەوەیشیان تۆپچییە سوورباوە کەتە ناوشان پانەکەیە و، هێشتا ماوە و، رانەکانی دەلەرزێت! وێڵ کراوە و نەگوازراوەتەوە.

بە راکردن بە لاپاڵەکەدا هاتە خوارەوە و، شوێن کۆمەڵە کوژراو و، پێکراوە هەڵگیراوەکان کەوت. ئەوان لە گۆڕەپانی شەڕەکەوە دەگەڕانەوە.

ئەمیش لەبەر خۆیەوە وتی:

"ئەم هەموو کارەساتانە هەر دەوەستێنرێن! کاتێک دێت ئەمەی کە خۆیان دروستیان کردووە، لێی بتۆقن!"

ئاسۆی خۆری ئەودیو دوکەڵەکە، هێشتا دوور بوو. بە لێڵی دەبینرا و، بە تایبەتیش لای چەپی و، نزیک بە سیمیونفسکۆی.

لە کاتێکدا تادەهات تەقینەوەکان، تووندتر دەبوون و، وەکو ئەو پیاوە دەهاتە بەرچاو، کە هەموو توانای خۆی کۆ دەکاتەوە و، دواین هاوار دەکات و، ئیدی دەمرێت!

بەشی سی و سێ
شەڕە سەرەکییەکە

شەڕە سەرەکییەکە، لە گۆڕەپانێکی هەروا نیو میلیی، نیوان بووردینۆ و، شوێنە قایم و تۆکمە کراوەکەی پاگراسیۆندا رووید. بێ لەمەیش سوارەی فەوجەکانی ئۆڤارۆڤیش، لە دەوروبەری نیوەڕۆدا، جوولەیەکی وایان کرد، کە بوونی خۆیان سەلماند.

شەڕێکی تریش لەوبەر و، لە پشت ئۆتیتساوە، لە نێوان بنیاتۆڤسکی و، تۆتشکۆڤدا رووید. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ شەڕەکەی ناوەند، ئەمانە شەڕی سووکەڵە و، کەم بایەخ بوون.

شەڕی راستەقینە ئەوە بوو، لە گۆڕەپانی نێوان بووردینۆ و، شوێنە تۆکمە کراوەکەی، نزیک دارستانەکە و، لە سەر زەوییەکی رووتمەند، لە نێو ئەو دوو لایەدا، زۆر سادە و، بێ هیچ ئاڵۆزییەکی پیلان، رووید.

چەند سەد گوللە هاوەنێک لە هەردوولا بەشداریی شەڕەکەیان کرد. کە دووکەڵا گۆڕەپانی شەڕەکەی پێچایەوە و، فەوجەکانی دیسیکس و کۆمبان، بەرەو دیوارە بەرزەکانی، پێگەی رووس بوونەوە. سوپای نوێنەری پاشایش، بۆ لای چەپ و بەرەو بووردینۆ رۆیشت.

ماوەی نێوان دیواری راگری، بەرز و تۆکمەی شیڤاردینۆ ـ کە ناپلیۆن خۆی لەوێ بوو ـ لەگەڵ راستە چارەکە میلی، دیوارە راگرە بەرزەکەی، کە نیو میل دوور بوو، لە بووردینۆیشەوە.. ئیمپراتۆر لەبەر چرپی ئەو دووکەڵەی گۆڕەپانی شەڕەکەی پێچابووەوە: نەیدەتوانی بە روونی ببینێت و، بزانێت چی روو دەدات. تاکوو سوپاکەی دیسیکس بە لاپاڵی ئەو دۆڵەدا شۆڕ نەبووەوە، کە لەبەردەم دیوارە تۆکمە راگرەکەیاندا بوو، نەیبینی.

هەر هێندەی دابەزینە خوارەوە. ئیدی دوکەڵ هێندە چڕ بوو، وەکو پەردەیەک بوو، سەربازەکان وەکوو تۆپەڵەیەکی رەشباو، لە نێویدا دەبینران. جار و باریکیش، قەمەکان لە هەوادا دەبریسکانەوە.

لە شیڤاردینۆیشەوە، نەدەتوانرا کە بزانرێت ئاخۆ سەربازەکان دەجوولێن؟ یاخود وەستاون!؟ سوپای فەڕەنسین!؟ یاخود رووسی؟

تیشکە پرشنگدارەکەی خۆریش، دەکەوتە سەر بەشێکی روخساری ناپلیۆن. چونکە دەستی سەر برۆکانی نابوو و، بە وردی دەیڕوانییە سەربازەکان. کە دووکەڵە چڕەکەیش دەجوولا، سەیرکەر پێیوابوو، ئەوە سوپایە و دەجوولێت!

لە نێو دەنگی تەقەی تۆپەکانیشدا، غەڵبەغەڵبی خەڵکەکە دەبیسترا. بێ ئەوەی کەس تێی بگات! ناپلیۆنیش بە سەر تەپۆلکەیەکەوە بوو و، بە دووربینەکەی لە گۆڕەپانی شەڕەکەی دەڕوانی. دووربینەکەیش دوکەڵ و سەربازانی خۆی و، رووسەکانی بە لێڵی پیشان دەدا. بەڵام کە دووربینی لە چاوان دوور دەخستەوە. ئەو شوێنانەی بۆ نەدەبینرا.

لەسەر تەپۆلکەکە هاتە خوارەوە و، کەوتە رۆیشتن بە لاپاڵەکەدا و، ناوەناوە هەڵوێستەیەکی بۆ دەکرد و، گوێی لە تەقینی تۆپەکان دەگرت و، لە گۆڕەپانی شەڕەکەی دەڕوانی.

بەڵام نە لەوێوە و، نە لەسەر ئەو تەپۆلکەیەوەی، کە هێشتا بڕێک لە ژەنەرالەکانی خۆی پێوە بوو و، نە لەو دیوارە تۆکمانەی دوژمنەوە، کە دەمێک سوپای فەڕەنسی داگیری دەکرد و، دەمێکیش لەگەڵ کوزراو و پێکراوانی خۆیاندا دەیاندایەوە بە رووسەکان، نەدەبینران و بیرۆکەیان لە بارەوە گەڵاڵە نەدەبوو! کە ئاخۆ چی لەو شوێنانەدا دەگوزەرێت!؟

چەندین سەعات، بە دوای یەکدا رووسەکان و فەڕەنسییەکان، لە پیادە و سوارەکان، دەهاتن و دەچوون و، گرمەی تۆپ و ویزەی رێژنەی گوللەی تفەنگەکان

سەرومڕ بوو و، سەربازان دەردەکەوتن و، تەقەیان دەکرد و، دەپێکران و، دەکەوتن و، پاڵیان بە یەکەوە دەنا و، بێ ئەوەی بزانن چی بە بەرامبەرەکەیان دەکەن!؟

دەمێک هاواریان دەکرد و، دەمێکیش بەرودوا دەبوونەوە و، پاشەکشەیان دەکرد. ئیمپراتــۆر یاریــدەدەرە ســەربازییەکانی رەوانــەی گۆڕەپــانەکە دەکــرد و، کــە دەگەڕانەوە، زوو راپۆرتی خۆیان لە بارەی رەوتی شەڕەکەوە دەدایە.

ئەفسەرانی ژێر دەستی مارشاڵەکانیشی هــەر ئــەو کارەیان دەکرد. بــەڵام هــەر هەموو ئەو راپۆرتانە راست و دروست نەبوون! چونکە لــە گەرمــەی شــەڕدا و، لــەو ساتەدا بە وردی رووداوەکان پێکەوە نەدەبینران.

زۆرێکیش لە ئەفسەران، نەیاندەتوانی بگەنــە ئــەو شــوێنانەی بۆیان دیاری دەکرا. تەنیــا ئــەوەیان دەهێنایــەوە، کــە لــە دەمــی ســەربازانەوە دەیــان بیســت. ســەرەڕای ئەوەی، کە هــەر دوای بڕینی چارەکە میلێک، یــان نیــو میل، رووداوەکان دەگۆڕدران و، تا دەگەڕانەوە زانیارییەکان هەڵە دەردەچوون.

هــەر وەکــو ئــەم راپۆرتــــەی یاریــدەدەرێکی ســەر بــە ســوپای نوێنــەری پاشــا، کــە راپــۆرتی هێنایــەوە و، رایگەیانــد بوورۆدینــۆ گیــرا و، ئێســتا ئــەو پــردەی بــە ســەر رووباری کۆلۆتشاوەیە، لە ژێر رکێفی فەرەنسییەکاندایە. بــەڵام هــەر بــە گەڕانــەوەی ئەو ئەفسەرە و، جــێ هێشتنی بوورۆدینۆ: لــە پەلامارێکدا رووســەکان گرتیانــەوە و، پردەکەیشیان ســووتان. ئەمــەیش لــە کاتی ئــەو رووداوەدا بــوو، کــە پییــەر کاتێک بــە خۆی زانی بوو، کەوتبووە جەرگەی شەڕەکەوە و، بەشداریشی تێدا کردبوو!

یاریــدەدەرێکی ســەربازیی تــر، لــە دیــوارە گڵــە بەرزەکــەوە و، بەوپــەڕی تــەکانی غــاری ئەســپەکەیەوە، هــات و، بــــە روخســارێکی رەش داگــەڕاو و تۆقیــوەوە، بــە ئیمپراتــــۆری راگــەیان، کــە ئــــەو هێرشــەیان تووشــی بەرەنگاربوونــەوە بــووە و، کۆمبانی تێدا بریندار بووە و، داڤــۆیش کوژراوە.

لــە کاتێکدا چەنــد یەکەیــەکی تریــان، ئــەو دیــوارە بــەرزەیان گرتبــوو و، نــە داڤــۆ کوژرابوو و، نە هیچ! تەنیا ئەوەبوو، کە تووشی بریندار بوونێکی سوکەڵە بوو بوو!

بە هۆی ئەو راپۆرتە هەڵانەوە، زۆربەی پلانەکانی ناپلیۆنیش، یان پێش وەختــە و، کەسانی تر جێبەجێیان کردبوو. یان هێندە نەگونجاو بوون بۆ شەڕەکە، کە جێبــەجێ کردنیان سەخت بوو!

مارشــاڵا و ژەنــەرااڵنیش، کــە لــە هێڵــی شــەڕەکەوە نزیــک بــوون، زۆر بەکــەمی دەچوونــە جەرگــەی شــەڕەکەوە! هــەر لــە خۆیانــەوە فــەرمانی شــەڕ کردنیــان بــۆ

دەسرێژکاران.. یان سەربازە پیادەکان، دەردەکرد و، ئەو فەرمانانەیش لە فەرمانەکانی ناپلیۆن باشتر نەبوون و، کەمێکیان لێ جێبەجێ دەکرا.

زۆر جار پلان و جوولەکانی سوپا، پێچەوانەی رووداوەکان بوو! فەرمان دەدرا بە یەکەیەک، کە بچێتە پێشترەوە.. کاتێ کە ئەو یەکەیە دەچووە پێشەوە، دەکەوتە بەر دەسرێژی بەرامبەرەکەی! ئیدی ناچاری هەڵاتن دەبوو!

سەربازانێکی تریش لەولاوە کە رووسەکانیان دەبینی هەڵدێن، بێ ئەوەی فەرمانیان پێ بکرێت، شوێنیان دەکەوتن و، هەڵیان دەبڕین و، شوێنەکانی خۆیان چۆڵ دەکرد! هەر بە هۆی ئەمەیشەوە بوو، کە دوو فەوج دۆڵی سیمیونۆفسکۆیان تێپەڕاند و، وەختەبوو بگەنە ئەو بەرەوە. تا ئەوە بوو لغاوی ئەسپەکانیان راکێشایەوە و، ناچار بە دۆڵەکەدا بەرەو خوار بوونەوە.

ئا بەو شێوەیە زۆرێک لە فەوجەکان بێ ئەوەی کەس فەرمانیان پێ بکات شوێنی خۆیان جێدەهێشت. کاتی پێویستی بەکاربردنی تۆپخانە و جوولەی سەربازانی پیادە و سوارەکان بە دەستی ئەفسەرانی سەرکردەی سەربازانی بەشداربووی شەڕەکە بوو و ئەوانیش لەوە نەدەترسان لۆمە بکرێن.

بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرکردەکانی باڵاتر، وەکوو داڤۆ و، مۆرا و، تەنانەت بۆ ناپلیۆنیش، هەر خۆیان جوولەیان بە هێزە چەکدارەکانیان دەکرد و، خۆیان بڕیاردەر بوون. چونکە لە شەڕدا، مرۆڤ تەقەلای ئەوە دەدات، کە بەنرختترین شتی خۆی رزگار بکات: کە ژیانی خۆیەتی.

ئەمەیش بە گوێرەی بارودۆخی شەڕەکە، جارێک بەرەو پێش چوونە و، جاری وایش هەیە خۆ رزگارکردن لە مردن: لە پاشەکشە کردنەکەدایە! بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو گوللە تۆپ و فیشەکە تەقیوانەی، لە کاتی شەڕەکاندا.. رێژەی زیانی شەڕکەران، هەر لە بریندار‌بوونیانەوە، تاکو کوژرانیان، کەمتر بوو. ئەمەیشە دەبێتە هۆی بریندار‌بوون و، دەست و قاچ بڕینەوە و، کەمئەندام بوون.

کاتێ سەربازان خۆیان دوور لە دەسرێژی گوللەی دوژمن و، تۆپبارانی دەبینەوە. کاتێک دەزانن بە هۆی فەرمانە سەربازییەکانەوە، سەرلە نوێ یەکەیان لێ پێک دێننەوە و، جارێکی دی دەیانبەنەوە شوێنی ئاگرەکە و، ترس لەمردن، وایان لێ دەکات، کە خۆیان بخەنە بەر بەزەیی کۆمەڵ کوژە، کوێرانەکەی دوژمنەکەیان.

بەشی سی و چوار
ترسەکانی ناپلیۆن

بنکەکانی سەرکردایەتیی ناپلیۆن، لە ژێر دەستی ژەنەرالان داقۆ و نی و مۆرادا بوو و، ئەوان نزیک بە ئاگری شەڕەکە بوون. تەنانەت چەند جارێکیش بە سوپای گەورەوە، چوو بوونە ئەو شەڕەوە. بەڵام بە پێچەوانەی شەڕەکانی تردەوە. کەسێکیان نەیان توانیبوو، هێندە پێشڕەوی بکەن تا رایبگەیەنن، کە دوژمن لە بەریاندا هەڵاتووە.

ئەو یەکە سەربازییانەیان کە بە باشترین رێکخستن رێکخرابوون، لەوسەرەوە بە پەرش و بڵاوی دەگەڕانەوە و، دەبوو سەر لە نوێ ریکبخرانایەتەوە و، هەموو جارێکیش بە رووبی کەمبوونەوەی، ژمارەی سەربازەکانیان پێوە دیار بوو.

دەمەو نیوەڕۆ مۆرا، یاریدەدەرێکی سەربازیی، نارده لای ئیمپراتۆر و، داوای یارمەتیی سەربازیی لێکرد.

کە یاریدەدەرە سەربازییەکە گەیشت، ناپلیۆن بە لاپاڵی گردەکەوە دانیشتبوو و، ئالبۆنشی دەخواردەوە. پێداگریی ئەوەی بۆ ناپلیۆن کرد، کە ئەگەر بێت و بەڕێزی فەرمانی نەاردنی فەوجێکی تر بدات، بۆ پاڵپشتی کردنی مۆرا: ئەوا بێگومانە کە سوپای رووس تێک دەشکێنێت.

ناپلیۆن بە شێوەیەکی جدیەوە و، وەکوو ئەوەی لەو لاوە هەرزەکارە جوانە، نەگەیشت بێت، کە سەرو قژە درێژە رەشەکەی، هەر وەکوو قژی گەورەکەی خۆی

وابوو، وتـــی:

"یارمەتیی سەربازی!"

لەبەر خۆیشییەوە دووبارەی کردەوە:

یارمەتیی سەربازی! چـۆن دەبێت داوای ژمارەی تری سەربـاز بکات!؟ لـە کاتێکدا خۆیـان، نیوەی سوپای فەرەنسایان لەبەردەستدایە؟ هەموو هێرشەکەیشیان لە پەلاماردانی بالێکی زۆر لاوازی سوپای رووسدا چڕ بووەتەوە و، بێئەوەی بە دیـواری گل و تەیمانیش، خۆی تۆکمە کردبێت؟

ئەمجا بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

"بڕۆ بە پاشای ناپۆلی بڵێ: هێشتا ماوێتی بۆ نیوەڕۆ! منیش بـە رووتی پێگەکـە، لەسەر گۆڕەپانی شەترەنجەکە نابینم!... دەی بڕۆ."

ئەفسـەرە لاوە هـەرزەکارە قـژ درێـژە رەشـەکەیش، هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و، چـووە دەرەوە و، بـێ ئـەوەی هیچی بـۆ بکرێت، گەڕایـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە خەڵکەکەی خەریکی یەکتر کوشتن بوون!

نـاپلیۆنیش هەسـتا و، کۆلنکـۆر و بیرتیـەی بانـگ کرد و، دەسـتیان کـرد بـە بـاس کردنی، چەند بابەتێکی نامۆ بە رەوشی شەڕەکە.

بـاسەکە ئـەو دەمە خـۆشتر بوو، کە لە ناکاو بیرتیە لـە ژەنـەرالێکی روانـی کـە لەگەڵ یاوەرەکانیدا، زۆر بە خێرایی بەرەو گردەکە غاریان دەکرد.

ئـەوە بیلیار بوو و، لە سەر زینە عارەقاوییەکەی، لە بەردەم ئیمپراتـۆردا دابـەزی و، بـەدەنگێکی بـەرز پێویسـت بـوونی، نـاردنی یارمـەتی بـە ئیمپراتـۆر راگەیانـد. سـوێندی بـە شەرەفیشـی خـوارد، کـە ئەگـەر فـەوجێکی تـر، بـۆ پشـتگیری کردنیـان بنێرێتە لایان، ئەوا رووسەکان دەرباز نابن لە دەستیان و، زۆر خراپ دەبەزن!

نـاپلیۆن سـەرێکی بـادا و، بـە دەم رێـوە شـانەکانی هەڵتەکانـد و، بێـدەنـگ بـوو، بیلیاریش زۆر بـەپەرۆشەوە، قسـەی بۆ ئەفسـەرەکانی دەوروبەری ناپلیۆن دەکرد.

ناپلیۆن هەڵگەڕایەوە بە لای ژەنەرالـەکەدا و پێی وت:

"بیلیـار ئێسـتا تـۆ زۆر تووڕەیـت! بگـەڕێوە و، جـارێکی تـر، بـە وردی سـەرنجی رەوشی شەڕەکە بدە، ئەمجا وەرەوە بۆ لام..."

هێشـتا بیلیـار لـە چـاو ون نەبـوو بـوو، کـە نێردراوێکـی تـر گەیشـتە لای و، لـە خـاڵێکی تـری، گۆڕەپانی شەڕەکەوە هاتبوو. ناپلیۆنیش بە لاقرتێوە و، وەکو ئـەوەی، هەمیشە کۆسپی بۆ دروست بکرێت پرسیی:

"باشە! ئەی تۆ چیتە؟"
یاریدەدەرە سەربازییەکەیش دەستی پێکرد:
"خاوەن شکۆ! ئەوە میر...."
ئیمپراتۆر بە تووڕەییەوە وتـی:
"داوای پشتگیری کردنی زیاتری سەرباز دەکات؟"
ئەفسەرەکەیش بە سەرلەقاندن بـەڵێی پیشانداو راپۆرتی خۆی پێشکەشی کرد.
ئیمپراتۆر بەلای ئەویشدا وەرچەرخا.
دواتر لە بیرتییەی روانی و وتـی:
"بۆ کێیش!؟ بۆ ئەو جووچکەیەی، لێت کردبووم بە هەڵۆ!"
دواتر رووی کردەوە بیرتییە و پرسیی:
"بێگومان دەبێت یارمەتیی لۆجیستییان بۆ بنێرین..دەی کامەیان بۆ بنێرین؟"
بیرتییەیش ناو و شوێنی فەوج و فەیلەقو لیواکانی لەبەربوو، وەڵامی دایەوە:
"خاوەن شکۆ، بـا فەوجی کلاباربد بنێرین بە هانایانەوە."
ناپلیۆنیش سەری رەزامەندیی بۆ لەقاند.
یاریدەدەرە سەربازییەکە، بە غار بـەرەو فەوجی کلاباربد بووەوە و، دوای چەند خـولەکێک فەوجی پاسەوانەی پشتگیر، کـە لـە پشت گردەکـەوە هـەڵی دابـوو، کەوتـە جـووڵە و، ناپلیۆن بە بێدەنگی لەو لایەی ئەوانی دەڕوانی.
لە ناکاو بە بیرتییەی وت:
"نەخێر! ناتوانم فەوجی کلاباربد بنێرم! فەوجی فریان بنێرە."
هەرچەند نـاردنی فـەوجی فریـان، لـە شـوێنی فـەوجی کلاباربد، هـیچ سـوود و جیاوازییەکی نەبوو. گۆڕینی فەوجێک بە فەوجێکی تر، تـەنیا بـە فیڕۆدانی کات بـوو. کەچی ئـەو فەرمانە هـەر زوو جێبەجێ کرا!
ئەو کات ئەوەی لە خۆیدا نەدەبینی، کە ئـەم ئـاڵوگۆڕەی، بە فەوجـەکانی دەکرد بـە فیڕۆدانـە و وەکـو ئـەو پزیشـکەی لێهاتووە، کـە دەرمانـەکانی بـاری نەخۆشـەکە سـەختتر دەکات و، ئەمـەی لە خۆیدا نەدەبینی، کەچی لەسـەر ئـەم هـەڵەیـە، بـۆ خـەڵکی تر خڕ بوو و، رەخنەی لێ دەگرتن!
فەوجەکەی فریانیش، وەکو فەوجەکانی دی، نقوومی دووکەڵەکە بووبوو.
لەچەند خاڵێکی جیاوازی شـەڕگەکەوە، وەکـوو ئـەوەی یاریـدەدەرە ئەفسـەرەکان لـە سـەری رێککـەوتبن، بـە پەلـە خۆیـان دەگەیاندەوە بنکـەی بڕیـاردان و، یـەک جـۆر

زانیارییان دەبرد.

لە هەموو خاڵەکانەوە، داوای یارمەتیی هێزی سەربازی دەکرا! ڕووسییەکان لەوەوە دوورن، کە بیر لە گەڕانەوە بکەنەوە! ئەو ئاگری دۆزەخەی ئەوان هەڵیان گیرساندووە، پێویستە یەکە سەربازییەکانی فەڕەنسای تێدا بتوێتەوە!

ناپلیۆن بە بیر کردنەوەیەکی قوواڵەوە، لە نێو کورسییەکەیدا مایەوە. دو بۆسیەی بەڕێز زۆر حەزی لە سەفەر کردن بوو و، لە بەیانییەوە هیچی نەخوارد بوو. نزیکی بووە و، بە ڕێزەوە داوای لێ کرد، نانی بە یانی بخوات و، پێیشی وت:

"خوازیارم ڕێم بدەیت، کە هەر لە ئێستاوە، پیرۆزبایی سەرکەوتنت لێ بکەم!"

ناپلیۆنیش سەری ڕازی نەبوونی بۆ ڕاوەشاند. بەڕێز دو بۆسیەیش، ئەو سەرلەقاندنەی، بە ئاماژەی سەرکەوتن وەرگرت، نەک خواردن. بۆیە ڕێی بە خۆی دا کە بە شێوەیەکی گاڵتەی نیان و، ڕێزئامێزانە، ئەو سەرنجە بدات، کە تا لە تواناماندا بێت بخۆین.. هیچ شتێک لە دنیادا نییە، بتوانێت ڕێگریمان بکات، لە خواردن!

لە ناکاو ئیمپراتۆر بە تووڕەییەوە وتی:

"نەخێر... دوور بکەوەرەوە..."

ئەمجا پشتی تێ کرد. ڕووی دو بۆسیە کرایەوە و، بزیەیەک کەوتە سەر لێوانی کە دەربڕی تێکەڵەیەک بوو، لە سۆز و ئومێدبڕین و، سەرسام بوون. ئەمجا بە هەنگاوە بڵاوەکانی شوێن ژەنەراڵەکانی تر کەوت.

هەستی ناپلیۆن وەکوو هەستی ئەو قومارچییە خاوەن بەختەبوو، کە سەرکێشانە ئەوەی هەیەتی و نییەتی، خستوویەتییە سەر مێزی قومار و، لە ناکاو هەست دەکات، لە لێواری دۆڕاندنداید! چونکە زێدەڕەویی کردووە، لە بەڕێ کردنی جێمی یارییەکەدا!

یەکە سەربازییەکان، هەر ئەوانەی زووترن و، ژەنەراڵەکانیش هەر هەمان کەسایەتین و، پیلان و تەگبیرەکانیش ئاڵوگۆڕیان تێدا نەکراوە. فەرمانیش هەمان فەرمانی شەڕەکەیە و، دواجار خۆیشی کە سەرکردەی باڵایە و، نەگۆڕدراوە! سەرەڕای ئەوەی کە خۆیشی بە ئەزموونتر و، ئارامتر، لە جاران دەزانی.

دوژمنیش هەر ئەو دوژمنەی ئۆستەرلیتز و فریدلاند بوو. کەوابوو.. بۆچی ئەو لێدانە تۆقێنەرە لە ناکاوانە، بێ کەڵکن و، وەکوو ئەوەی ساحر سیحری لێ کرد بێت وابوو!؟ هۆیە هونەرییەکان، کە هەمیشە سەرکەوتوو بوو. چڕ بوونەوەی مشتگرتنی

لوولـه تۆپـەکانیان بـۆ خـاڵی دیـاریکراو وەکـوو خۆیـان بـوون. بەزانـدنی هێڵـەکانی بـەرەیش، بـە هـۆی سـوپای خۆبەخشـانەوە، سـەرومڕە. هێرش بردنـی ئـەو پیـاوە پۆڵاییـنانەی فیرقەکانی هێزی سوارەیش لەوڵاوە بوەستێت.

هـەموو ئـەو هۆیانـەی بـەکار بـرد و، سـەرکەوتنی بـە دەسـت نـەهێنا. لـە کاتێکدا هـەواڵەکانی بەرودوا وابوون:

"ژەنەرالانێکی کوژراو یان پێکراو."

خێرایی کردن، لە ناردنی یارمەتی و پشتگیری.

دابڕانی یەکە سەربازییەکان، لە یەکتر.

مەحاڵبوونی بەزاندن و هەڵبڕینی رووسەکان.

جاران هەر ئەوەندەی دوو پێگە، یان سیانیان بگرتایە و، دوو رستە یـان سیانیان لـە بـارەوە بووتایـە، ئیدی هـەر ژەنـەراڵ و یاریـدەدەری سەربـازی بـوو، بـە رووی خۆشـەوە قسـەیان لـە سـەرکەوتن و، بـە دیـل گرتنـی تـەواوی سـوپای دوژمـن و، بـە تاڵان بردنی تۆپخانە و سندوقەکانی یەدەک، دەکرد.

هـەر هێندەی خۆش بوو، تا مۆرا دەستی سەربازەکانی ناپلیۆنی والا دەکرد. ئیدی دەسـتیان بـە بـەتاڵان بردنـی گالیسـکەکانی گواسـتنەوە کـرد. لـە لـودی و مـارانگۆ و ئارکۆڵا و ئیینا و، ئۆستەرلیتز و واگرامیشدا، ئەمانـە رووياندا. کـەوابوو.. ئـەی ئێسـتا سەربازەکانی چییان بە سەر هاتووە!؟ هەرچەند هـەواڵی دەستبەسـەراگرتنی دیـوارە گڵینەکانی بەر سەنگەرەکانی دوژمنیشی پێگەیشتبوو.

بەڵام ناپلیۆن پێی وابوو شەڕەکە بە پێچەوانەی رەوشی شەڕەکانی پێشـووەوەیە پێیشـی وابـوو، کـە پیـاوانی دەوروبەریشـی، ئـەزموونی جـەنگانێکی فرەیـان، هەیـە بەرامبـەر شـەڕەکە. هـەمان بۆچـوونی ئـەویان هەیـە. هـەموو روخسـارەکان بـە خـەم بوون و کەسیان پڕکێشیی ئەوەیان نـەدەکرد، سـەیری چـاوانی نـاپلیۆن بکـەن! بـەڕێز دو بۆسیە نەبێت، کە هـەستی بە ترسناکیی هـەل و مـەرجەکە نەکرد بوو.

ناپلیۆن هـەستی بە کۆششـی توانـاپڕووکێنی ئـەو سـەربازانە کردبوو، کـە هـەشت سـەعاتی رەبـەق تێیدا ژیابوون، تاکو سـەرکەوتن بەسـەر هێرشبەردا بەدەسـت بێنن! بۆیـە ئـەم سـەرکەوتن بەدەستنەهێنانەی، بە بەزینی خۆی لە قەڵەم دا.

ئـەو هێرشـە نامۆیانـەی دوو مـانگی پێشـووی وەبیـر خـۆی دەهێنایـەوە و، بـێ ئەوەی یەک سەرکەوتن چییە: بە دەستیان هێنابێت!

تەنانەت ئاڵایەک، یان لوولە تۆپێک، یان چەند سەربازێکی دیل، چییە وەدەسـتیان

نەخستبوو. بە نهێنی لەو روخسارە خەماویانەی دەڕوانی و، گوێی لەو ڕاپۆرتانە دەگرت، کە بەسەرسامییەوە، باسی بەرگری و خۆڕاگریی ڕووسەکانی دەکرد. وا تێدەگەیشت کە لە خەونێکی تۆقێنەردا دەژی!

ناپلیۆن ئەو ڕووداوانەی هاتە بەرچاو، کە ڕێی تێ بچێت ببێتە هۆی تێداچوونی خۆی، بە دەستی ڕووسەکان. لەوانە پەلاماری باڵی چەپی سوپاکەی بدرێت و، هێڵی ناوەند ببەزێنێت و، گوللە هاوەنێکی وێڵ بێت و، لە ناوی بەرێت. ئەمە شەڕە و، ڕێی تێدەچێت هەموو شتێک ڕوو بدات.

لە شەڕەکانی ڕابردوودا، لە بردنەوەی شەڕەکە بەولاوە، بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە. بەڵام ئێستا چاوەڕوانی هەر ڕووداوێکی خراپ و، تێداچوونی خۆی دەکات. بەڵێ! ئەوەی ئەو بیری لێ دەکردەوە، هەر لە خەونێکی ناخۆش دەچوو!

مرۆڤ لە خەویدا تاوانباڕێک پەلاماری دەدات و، ئەویش بە هەموو هێزو توانایەوە، پەلاماری چەکی لێ دەدات. بەڵام هەست دەکات دەستی وەکوو پەڕۆیەک شۆڕ دەبێتەوە! ئیدی لە ترسی مردنێکی مسۆگەر، دڵی دەگوشرێت.

هەواڵی ئەو هێرشەی، ڕووسەکان کردبوویانە سەر باڵی چەپی سوپای فەڕەنسی ئەم ترسەی لای ناپلیۆن دروست کرد.

ئەم بیرکردنەوەیە، شەکەتی کرد و، لە کورسییەکەیدا، چەناگەی خۆی خستە نێو بەری لەپی هەردوو دەستییەوە.

بیرتییە لێی نزیک بووەوە و، ئەوەی پێگوت کە پێویستە خۆی بە چوار دەوری گۆڕەپانەکەدا بسووڕێتەوە، تاکوو خۆی بیرۆکەیەکی دروستی لە بارەی شەڕەکەوە لەلا دروست ببێت.

ناپلیۆنیش لێی پرسی:

"چی!؟ ئەوە دەڵێی چی!!؟ کەوابوو فەرمان بدە، با ئەسپێکم بۆ بێنن."

سواری ئەسپەکەی بوو و، بەرەو سیمیونۆفسکۆی بووەوە. بە درێژایی ڕێگە و، لە نێو دووکەڵە ڕەویوە خاوەکەدا، تەرمی کەوتووی، نێو گۆمی خۆین، بە تاک و بە کۆ دەبینرا. تەنانەت ناپلیۆن و، یاوەرانیشی تا ئەو دەمە، کارەساتی هێندە مەزن و، ژمارەی وا زۆری کوژراویان، لە ڕووبەرێکی زەویی ئاوا تەنگەبەر و کەمدا، هەرگیز نەبینی بوو! کە ناپلیۆن گەیشتە ئاستی سیمیۆنۆفسکی. لە نێو دووکەڵەکەدا، چەند ڕیزە سەربازێکی بینی، بە جل و بەرگێکەوە، کە بە لایەوە نامۆ بوو و، زووتر نەیبینی بوو! تووماز سەربازانی ڕووس بوون و، لە پشت گوندەکەوە، خۆیان

دابەستبوو و بە هاوەنەکانیان، بەردەوام تەقەیان دەکرد و، بە درێژیی هێڵەکەیان، هەموو ئەو ناوە دوکەڵ بوو. بە واتای شەڕ، ئەو کاتە شەڕ نەبوو. دیارە ئەو قەسابخانەیەیش لە بەرژەوەندیی رووسەکان و فەڕەنسییەکان نەبوو.

ئیمپراتۆر ئەسپەکەی وەستان و، کەوتە روانین و، بیر کردنەوە. تا بیرتییە لێی تێکدا و، بیر کردنەوەکەی پێ پچڕاند. لەبەر ئەوەی خۆی بە بەرپرسی ئەم کارە سەرنەکەوتووە دەزانی، کە ئاوا کەوتوونەتە ئەم هەڵوێستەوە. ئەوە یەکەمجاری بوو، هەست بە بێخێری و، ترسی خۆی بکات!

یەکێک لە ژەنەرالەکانی یاوەری پێی وت، کە وا چاکە پاسەوانە دێرینەکانی خۆی بنێرێت، تا رووبەڕووی ریزەکانی سەربازە رووسەکان ببنەوە! بیرتییە و ئەوانی تریش کە ئەمەیان بیست، بە لێو هەڵقورچاندنێکەوە بەو پێشنیارە سەقەتە لە یەکتریان روانی! ناپلیۆن ماوەیەکی باش، سەری داخست و، هیچی نەگوت.

دواتر وتی:

لە دووریی هەشت سەد میلەوە، پاسەوانەکانی خۆم، بە قڕکردن نادەم!

لایەکی لغاوی ئەسپەکەی کێش کردەوە و، بەرەو شیڤاردینۆ بووەوە.

بەشی سی و پێنج
پیرەی ڕێزدار

کۆتۆزۆڤ ئەو کورسییە، بەرگ تێگیراوەی چۆڵ نەکرد، کە زووتر پییەری لە سەر بوو. سەرە سپییەکەی شۆڕ کردبووە و، پاڵی لێ دابووەوە. خۆی هیچ تەگبیرێکی نەکردبوو و، بەوەندە کۆڵی دابوو، کە هەر پرسێکیان پێ بکردایە. یان ڕەزامەند دەبوو! یان نا.

ئاوا وەڵامی دەدایەوە:

"بەڵێ! بەڵێ! ئەوە بکە."

یان بە یەک دوانێکی تری دەگوت:

"بەڵێ! بەڵێ! ئازیزەکەم بڕۆ و بتبینم!"

یان بە ئاگای دەهێنایەوە:

"نەخێر! ئەوە بێکەڵکە! چاوەڕوان بوون باشترە!"

گوێی لەو ڕاپۆرتانە دەگرت، کە بۆیان دەهێنا و، داوایشیان لێ بکردایە، فەرمانی دەر دەکرد. بەڵام لەوە دەچوو لە سەر دەربڕینەکان و، ڕوخساری کەسەکە و، شێوە و لەرەی دەنگی، بڕیاری جێبەجێ کردنی، یان نەکردنی شتەکان بدات!

بە هۆی ئەو ئەزموونە دوور و درێژەی سەربازیی و، دانایی و تەمەنێکی فرەوە، لەوە گەیشتبوو، کە بەڕێوەبردنی، سەدان هەزاری سەرباز لە ئەوانەی دەستە و یەخەی مەرگ دەبنەوە، بە تەنیا کەسێک ناکرێت!

ئەوەیشی دەزانی بە تەگبیر کردنی ژەنەرالی سەرکردەی بالا چارەنووسی شەڕەکان دیاری ناکرێت! ئەوە هێزی شاردراوەی، ورەی سەربازانە، چارەنووس دیاری دەکات! بۆیەیش هەمیشە لەو ورە دەروونییەی دەکۆڵیەوە و، هێندەی پێی بکرایە، ئەو ورەیەی ئاراستە دەکرد. روخسارە هەمیشە بە ئاگا و ئارامەکەیشی، بە سەر ماندوویی تەمەن و، داکەوتوویەکەیدا زاڵ بوو.

سەعات یازدە هاتن و پێیان راگەیاند، دیوارە گڵینە بەرگرییەکانیان لە دەست فەڕەنسییەکان دەرهێناوەتەوە! بەڵام میر پاگراسیۆن پێکراوە و بریندارە!

کۆتۆزۆف هاوارێکی کرد و، سەرێکی بۆ لەقاند و، فەرمانی بە یاریدەدەرێکی سەربازیی خۆیدا:

"بڕۆ بۆ لای پیوتەر ئیڤانۆڤیتش و، بە دوورو درێژی، هەواڵی باری تەندروستیی ئەوم، بۆ بێنەوە."

بە لای میر دو وورتمبێرگیشدا لای کردەوە و، بە ئەویشی وت:

"بەڕێزیشت سەرپەرشتیی سەرکردایەتیی سوپای دووەم بکە."

کاتێکی زۆر بە سەر ڕۆیشتنی میردا، تێنەپەڕی بوو، پێش ئەوەی بگاتە سیمیونۆڤسکۆی، یاریدەدەرە سەربازییەکە گەڕایەوە و، بە "پیاوی باڵا"ی راگەیاند کە پیوتەر، داوای پشتگیری و، بە هاناوە چوون دەکات.

کۆتۆزۆف برۆکانی هێنایەوە یەک و، فەرمانی بۆ دوختۆرۆف دەرکرد، کە سەرکردایەتیی سوپای دووەم، بگرێتە دەست. وای پیشاندا کە گوایا ناکرێت لەو بارودۆخە ترسناکەدا، دەستبەرداری میر ببێت. داوای لێ کردن، بچنە پاڵی و، بە هانایەوە بچن. کە تێیشیان گەیاند مۆرا دیل کراوە، بزەیەک گرتی.

ئەندامانی "ئەرکانی جەنگ"یش، پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێ کرد.

لەولایشەوە ناپلیۆن بە دەورو بەرەکەی خۆی وت:

"بەم پەلە پەلەیش نا! سەرکەوتنێکی لە رادەبەدەرمان نەکردووە. ئاخر وەکوو سەرکەوتووین، مۆرایشمان بە دیل لێ گیراوە! باشتر وایە، پێش ئەوەی دڵی خۆمان خۆش بکەین.. چاوەڕوان بین!"

کەچی! خێرا یاریدەدەرێکی سەربازیی نارد، بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵەکە بە نێو سەربازاندا! هەر کە شتشربینین بە راکردن و، لە لای باڵی چەپی سوپاکەوە هات و، ئەوی تێگەیاند، کە فەڕەنسییەکان دیوارە گڵینە بەربەستەکان و، سیمیۆنۆڤسکۆیی گرتووە: بە روخساریەوە دیاربوو، کە ئەو هات و هووتەی گۆڕەپانی شەڕەکە، وای پیشان دەدات، بارو دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیان نەبێت! وا هەستایە سەر پێ وەکوو ئەوەی، جووڵە بە لاقەکانی بکات. ئەمجا قۆڵی

ئەفسەرەکەی گرت و، بردییە لاوە و، گوێی بۆ راپۆرتەکەی شل کرد.

لامارۆف پێی وت: "ئازیزەکەم.. بڕۆ بزانە هیچمان بۆ دەکرێت؟"

کۆتۆزۆف لە گوندی گۆرکیی، نێوەندی سەنگەرەکانی رووسیادا بوو. چەندین جار بەرەنگاری هێرشەکانی ناپلیۆن بووەوە و، بەرەو دوای کردبوونەوە. بەرەنگاری ئەو هێرشانە بوو بووەوە، کە بۆ باڵی چەپی سوپاکەمان کرابوو.

لە ناوەندیشەوە لە بوورۆدینۆیان تێنەپەڕاند. لە هەمان کاتدا ئۆڤارۆف لە باڵی چەپی سوپاکەمانەوە، لەشکری دوژمنی راو نابوو.

دەوروبەری سەعات سێ، هێرشی فەڕەنسییەکان وەستا. کۆتۆزۆف روخساری سەربازە گەڕاوەکانی گۆڕەپانی شەڕەکە و، روخسارەکانی دەوروبەری خۆیشی خۆینەدەوە. بەو ڕۆژەیش رازی بوو، کە دەسکەوتەکان لە سەروو چاوەڕوانییەکانەوە بوو! بەڵام هێزی جەستەیی کۆتۆزۆف خۆی، لەگەڵ پەرۆشییەکەی نەدەهاتەوە و، داکەوتبوو! سەری بە سەر سنگیدا شۆڕ ببووەوە و، جارێکیان بە دەم خەوەنووچکەوە، سەری بەربووەوە سەر سنگی و، خەو بردبوویەوە. بە دوایدا، نانی ئەو ئێوارەیەیان خستە بەردەمی.

لە کاتی نانخواردنەکەیدا، ڤۆلزوگین یاریدەدەری سەربازییەکەی ئەوی بینی. ئەو پێی راگەیاند کە نزیک بە میر ئاندریە بووەتەوە، پێی راگەیاندووە کە پاگراسیۆن بەرگە ناگرێت و، پێویستە درێژە بە شەڕەکە بدرێت. خۆی دەگەیەنێتە بارکلی و راپۆرتێکی لە بارەی باڵی چەپی سوپاوە پێشکەش دەکات. بارکلی دوتۆللی ژیریش لە ئەنجامی زۆر بوونی بریندارەکان و، پشێوی لە ریزەکانی سەربازانی پاشبەندی سوپا، خەملاندوویەتی کە شەڕەکەیان دۆڕاندووە! لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا، ئەم هەواڵە بۆ "سەرکردەی گشتی" ناردووە. کۆتۆزۆف دوو چاوە بچووکە ئاگرینەکەی کردە ڤۆلزوگین و، پارچەیەک گۆشتی مریشکی برژاو، لە دەمیدا بوو ،و بە ناڕەحەت دەیجوو. بە هەنگاوی ماندووانەوە لێی نزیک بووەوە و، بە بزەوە بۆی نووشتایەوە. ڤۆلزوگین بە کەمێک بێ شەرمییەوە، لەگەڵ "سەرکردەی باڵا" دەجووڵایەوە وەکوو ئەوەی بیەوێت بڵێت: "ڕەوایە رووسییەکان: پیرێکی ئاوا بپەرستن! بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە خۆیان هەڵس و کەوتی خۆیان دیاری دەکەن!"

کە قاپی خواردنەکانی بەردەم کۆتۆزۆفی بینی، لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای کە پیرەی ڕێزدار ـ ئەڵمانییەکان وا بانگیان دەکرد ـ لە خۆی رازییە!"

ئەمجا کەوتە باس کردنی بارودۆخی باڵی چەپی سوپا، بۆ "پیرەی ڕێزدار."

ئەمەیشی کە بۆی باس دەکات، هەڵسەنگاندنی بارکلی خۆیەتی.

هەموو خاڵی پێگەکانمان، بە دەستی دوژمنەوەیە! بەهۆی کەمیی سەربازەوە ناتوانین بەرەنگاریان ببینەوە! سەربازەکانی خۆیشمان هەڵدێن و، ناتوانین بیان وەستێنین! کۆتۆزۆڤ جوینی پاروویەکەی دەمی وەستان و، لە ڤۆلزۆگینی روانی و، وەکوو ئەوەی هیچی لێ تێنەگەیشت بێت!

یاریدەدەری سەربازییش هەڵچوونی بە روخساری پیرەی ڕێزدارەوە بینی وتی:

ــ وام دانابوو ڕەوا نەبێت، هیچت لێ بشارمەوە: لەوانەی کە بە چاوی خۆم بینیومە. ئاخر یەکەکانی سوپامان لە پشێویەکی بەربڵاودان....

کۆتۆزۆڤ هەستا و، بەرەو ڕووی ڤۆلزۆگین چوو و هاواری کرد:

"بە چاوی خۆت ئەوەت بینی!؟ خۆت بینیت!"

بە دەستە لەرزۆکەکەی، کەوتە هەڕەشە و دەستی پێ کردەوە:

"کەسیش نا.. من نەبێت!؟ بیروڕایەکەت گەیشتە ئەوەی، بوێریت ئەمەم پێ بڵێیت!؟ بەڕێزم.. تۆ هیچت لە هیچ بۆ جیا ناکرێتەوە! بە زمانی منەوە بە بارکلی بڵێ، زانیارییەکانی هەڵەیە و، من ـ بەوەی کە سەرکردەی باڵام ـ لەو باشتر لە ڕەوشی شەڕەکە دەگەم."

ڤۆلزۆگین وێستی وەڵام بداتەوە، مۆڵەتی نەدا:

"لە باڵی چەپەوە، سوپامان بەرەنگاری دوژمن بووەتەوە و، لە باڵی ڕاستیشەوە ڕاونراون! گەر ڕەش بینیش بووی.. ئەوا بۆت نییە قسە لەوەوە بکەیت کە لێی بە ئاگا نیت. فەرموو بگەڕێوە بۆ لای بارکلیو پێی ڕابگەیەنە: کە بێ هیچ گۆڕانکارییەک، حەز دەکەم سبەینێ.. ئێمە هێرش بۆ دوژمن ببەین."

هەموان بێدەنگ بوون و، تەنیا خیزەی سنگی کۆتۆزۆڤ نەبێت، هیچی تر نەدەبیسترا! خاچێکی لە سەر سنگی خۆی کێشا و، چەند دڵۆپە فرمێسک لەچاوانییەوە داکەوت و وتی:

"سوپاس بۆ خوا و، سەربازە ئازاکانمان، کە لە هەموو لایەکەوە، بەرەنگاریان بوونەتەوە. دوژمنانمان بەزیون و، سبەینێیش لە هەموو زەوییەکانی ڕووسیا وەدەریان دەنێین."

ڤۆلزۆگین بە شان هەڵتەکاندن، گومانی بەرامبەر قسەکانی کۆتۆزۆڤ پیشاندا و، دوور کەوتەوە.

کۆتۆزۆڤ ئاماژەی بە لاوێکی شۆخی قژ.ڕەش دا، کە بە لاپاڵی گردەکەدا دەهاتە خوارەوە و، تازە گەیشتبووە ئەوێ:

"بڕوانن... ئەوە پاڵەوانی خۆمە!"

ئەو تازەگەیشتووەیش، ژەنەراڵ ڕابیڤسکی بوو. ئەو پیاوەی بە دڕێژایی ئەو

ڕۆژی شەڕە، شوێنی هەستیاری خۆی جێ نەهێشت بوو! هەر ئەویش ڕاگەیاند کە یەکە سەربازییەکانمان، خۆڕاگرن و، هێزە فەڕەنسییەکان بوێریی ئەوەیان نەبوو پەلامارمان بدەن!

کە کۆتۆزۆف گوێی لەو قسانەی بوو، بە فەڕەنسی پێی وت:

"کەوابوو تۆیش وەکو ئەوانیتر بیر ناکەیتەوە و، پێویستە پاشەکشە نەکەین!"

ئەویش وتی:

"بە پێچەوانەوە! خاوەنشکۆ. کەللە ڕەق ئەوەیە لە ساتەکانی هاوتابوونی هێزەکاندا، پاشەکشە ناکات و، سەرکەوتنیش هەر بۆ خۆیەتی! من بیروڕام وایە...."

کۆتۆزۆف بانگی کرد:

"کایسارۆڤ! ئا لێرە دابنیشە و، فەرمانی ڕۆژانە بۆ سبەینێ بنووسە.

ئاماژەی بە یاریدەدەرێکی سەربازیی دا و، بە ئەویشی وت:

"تۆیش بە نێو ڕیزی سەربازاندا بگەڕێو پێیان ڕابگەیەنە سبەینێ.. هێرش دەبەین!"

لەو کاتەدا ئەو ڤۆلزۆگینەی کە بارکلی بۆ جاری دووەم ناردبووی، ڕایگەیاند کە ژەنەراڵەکەی ئارەزوو دەکات بە نووسین ئەم فەرمانی هێرشبردنە وەربگرێت.

کۆتۆزۆڤیش بێئەوەی هەر سەیریشی بکات، فەرمانیدا ئەو فەرمانەی بۆ بنووسنەوە و، بیدەنێ. بەمەیش بەرپرسیارێتی لەسەر "سەرکردەی باڵا" لابرد. بە هۆی ئەو پەیوەندییە شاراوەی کە وەسف ناکرێت، وا لە سوپا دەکات هەموویان یەک بیرو بۆچوونیان هەبێت، بەوەیش دەوترێت ورەی دەروونیی سوپا. کە دەبێتە بڕبڕەی پشتی شەڕەکە.

قسەکانی کۆتۆزۆف و ئەو فەرمانە ڕۆژانەیەی کە پەلاماردانەکەی سبەینێی تێدا ڕاگەیاندبوو. کتوپڕ بە نێو یەکە سەربازییەکاندا بڵاو بووەوە! بێگومان دەقی بەیانەکە لای دوایین کەس، ڕێک ئەو ڕستانە نەبوو، کە یەکەم کەس بیستبووی و، خرابووە سەری. بەڵام لە واتادا هەر کەسێک، گویی لێ بوایە، هەمان هەستی ئەو سەرکردەی باڵای دەبوو کە ئەو فەرمانەی دەرکردبوو. چونکە مەبەست فریودانی خەڵکەکە نەبوو.. بەڵکو ڕستەیەلێکی دروست بوون و، هەستێک بوو لە ناخەوە! لەو هەستە بوو، کە لە ناخی هەموو ڕووسییەکدا بوو.

کاتێک بیستیان کە هێرشیان دەکەینە سەر. ئەو پیاوە ورە ڕووخاو و، ماندووانە بڕوایان بە خۆیان پەیدا کردەوە و، دڵەڕاوکێکەیان ڕەوییەوە.

بەشی سی و شەش
پێکرانی میر ئاندریە

فەیلەقەکەی میر ئاندریە، کە سەر بە سەربازانی ئیحتیات بوو، تاکو سەعات دوویش لە بازنەی جوولّەکانەوە بە دوور بوو. دواتر هەرچەند کەوتبووە پشت سیمیونۆفسکۆییەوە، بەلّام کەوتە ژێر تۆپبارانێکی چڕەوە.

هەر لەو کاتەدا ئەو فەیلەقەی، کە (٢٠٠) سەربازی لە دەست دابوو، بە نێو کێلگەیەکی هەرزندا بەرەو ئەو بۆشاییەی نێوان گوندی بوورۆدینۆ و، ئەو گردەی یەکەی تۆپاخانەکەی پێوە بوو، بران. ئەو زەوییەیش هەر ئەو شوێنە بوو، ئەو ڕۆژە بە هەزاران لاشەی تێدا کەوتبوو.

ئەوەبوو سەعات دەوروبەری دوویش کەوتنە بەر ڕەحمەتی چەند سەد تۆپێک و، تۆپبارانێکی خەست کران. ئەو فەیلەقە، هەر لەوێدا و، بێ ئەوەی لە شوێنی خۆی جوولّەیەک بکات، یان فیشەکێک بتەقێنێت، سێ یەکی سەربازەکانی کوژران. لەو شوێنە چڕە دووکەلّەدا، هاوەن و گوللە تۆپێکی فرە، هوشپەی دەهات و، فیکەیەکی کورت و: لە نێویاندا دەکەوتەوە و، بە دەیانی لێ دەکوشتن و، بریندار دەکردن!

ئەو سەربازە داماوانەیش، هەر خەریکی گواستنەوەی بریندار و کوژراوەکانیان بوون. جاری وایش هەبوو، وەکوو ئەوەی پشوویان بداتێ، بۆ ماوەیەک تۆپەکان دوور لەوان دەکەوتنەوە و، زەوییەکەیان دەکێلا.

هـەر تووشـبوونێکی سەربـازان، بـەو گوللـە تـۆپ و هاوەنانـە، هـەلی ژیـان و مانـەوەی، ئـەو سـەربازانەی کـە بەرنەکـەوتبوون، کـەمتر دەکـردەوە و، وەریـانی دەڕووخاند.

هەرچەنـد ئـەو فەیلەقـە، بـە سـەر چەنـد لیوایەکـدا دابـەش کرابـوون و، نێـوانی لیوایـەکیان لـەوی تـرەوە (٣٠٠) هـەنگاوێک دەبـوو. بـەڵام تـرس و بـیم، باڵـی بـە سەریاندا کێشابوو و، گەر ناوەناوە یەکتریان بدوانایە، ئـەوا بـە کەوتنـەوەی گوللـە تۆپێک و، هاواری داوا کردنی دەستەبەرە، قسەکەیان پێ دەبڕدرا و، کپ دەبوونەوە.

ئـەو سەربـازانەیش لـە سـەر فـەرمانی سـەرکردەکانیان، زۆربـەی کاتـەکانیان لـە سـەر زەوییەکـە دانیشـت بـوون. یـەکێکیان کڵاوەکـەی سـەری بـەرز دەکـردەوە و، سـەری دەخوراند و، ئـەوی تـر لـەولاوە، بـە قوڕەسـوور، قەمـەی تفەنگەکـەی پـاک دەکـردەوە و، بـە گـژو گیاکـەیش، وشـکی دەکـردەوە و، سـێیەمیش شـتومەکەکانی، دەکردەوە و، دەیبەستنەوە. لـەولا تریشـەوە، سەربـازێکی تـر، قـوماشە کەتانەکـەی، هەڵێچی قاچی، کە لە بری گۆرەوی بـە کاریـان دەهێنـا، دەکردەوە و، دیسـان پێ و پـووزی، پـێ هـەڵدەپێچایەوە و، پێڵاوەکـەی لـە پـێ دەکـردەوە. یـەکێکی تریـان، بـە وردە بەردی، نێو خۆڵەکەی بەردەمی، خانووی منالانەی دروست دەکرد.

کاتێـک کـۆژراو و بریـنـدار، لـە ریزەکانیانـدا دەکەوتـەوە و، دەسـتەبەرە بـە دەسـتەکان، دەهـاتن و دەیـانبردن. یـان ئـەو کاتانـەی پاشەکشـەیان دەکـردەوە، بـۆ دواوە. یـان لـە نێـو دووکەڵەکـەدا، سـەربازەکانی دوژمنیـان دەبینـی، بـە شـێوەی ریـز دەهاتن، کەسیان بایەخیان پێ نەدەدا!

لە بەرامبەر ئەمەیشدا، هەر کە لوولەتۆپەکان، دەکەوتنە تەقە کردن. یان سـەربازە پیادەکانی خۆمان، پێشڕەوییان دەکرد، دەنگـە دەنگ و، هـاواری هاندانی سـەربازانی خۆمان، لە هەموو لایەکەوە، دەستی پێ دەکرد.

بـەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی، وەکـوو دەڵێن بیـر و هۆشـی ئـەو سـەربـازە ورە نزمانـە، لـە لای ژیـانی ڕۆژانـەی خۆیـان و، ئـەو شـتانەوە بـوو، کـە ڕۆژانـە رووبـان داوە و، فڕیان بە سەر شەڕەکەوە نەبووە!

یەکەیەکی تۆپخانە هات و، بە بەردەم یەکە سەربازییەکانی بەرەکەدا تێپەڕی. کـە سندوقـە بـار کراوەکـان تێدەپـەڕین، ئەسـپێک بینـرا، پـاشووی لـە قایشـەکانی کێشکردنی گالیسکەکەی خۆی، ئاڵا بوو.

گالیسکەوان بانگی کرد:

"هۆو.. تۆ! کاکی بارهەڵگر، پاشووی ئەو ئەسپەم بۆ بەرەڵا نەکەیت.. گالیسکەکەم وەردەگەڕێ! ئەڕێ ئەوانە چییانە!؟ دەڵێی کوێرن و نابینن!؟"

هاواری سەرسام بوونیان بەو رووداوە سادەیە، لە هەموو فەیلەقەکەوە بەرز بووەوە.

دیسان تووتکە سەگێکی چکۆلەی زەردباو، سەرنجی سەربازانی راکێشایەوە. کاتێک گوللە تۆپێک لە نزیکییەوە دای بە زەویدا، تووتکە سەگە داماوەیش قرووسکەیەکی ئازار پێگەیشتنی کرد و، کلکی کردەوە بە ناو لنگی خۆیدا و تێی تەقاند! هەر هەموو سەربازانی فەیلەقەکەیش دایانە قاقای پێکەنین.

بەڵام خۆ ئەو خۆشییەیش چەند ساتێکە و دەبڕێتەوە! ئەوە هەشت سەعات زیاتر بە سەریاندا تێپەڕی بوو و، ئەو سەربازانە هیچیان نەخواردبوو و، لەو شوێنە مەترسیداری سەرومڕەدا بوون و، رووبان تاڵ و رەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو.

میر ئاندریەیش، وەکو ئەوانی تر، رووی تاڵ و برۆکانی یەک هاتبوونەوە. لە پەڵە هەرزنێکی ئەوبەریاندا، دەستەکانی لە پشت خۆی نابوو و، سەری نەوی و بێ کارە و، بێ ئەوەی فەرمانێک چییە، دەری بکات، دەهات و دەچوو.

هەموو کارەکان بێ دەست تێوەدان و، لە خۆوە بەڕێوە دەچوون. کوژراوەکان بەرەو دواوەی سەربازگە دەبران و، پێکراوانیش دەگوازرانەوە و، گرووپە سەربازییەکانیش سەر لە نوێ پێک دەهێترانەوە. ئەوانەیشی کە هەڵدەهاتن هێندەی پێنەدەچوو و، دەگەڕانەوە

لە سەرەتادا میر ئاندریە وا بۆی چوو کە لە سەرێتی وەرەیان بەوە بەرز بکاتەوە و، بە نێو ریزەکانی لەشکرەکەی خۆیدا بگەڕێت. بەڵام هێندەی پێنەچوو هەستی کرد، ئەوەیش کارێکی بێسوودە. هەموو توانا رەوانییەکانی ئەویش وەکوو هەر هەموو سەربازەکان بە لای ئەوەدا دەشکایەوە کە ئەو هەل و مەرجەی ئێستا تێی کەوتوون، وێڵ بکات.

بە پەڵە هەرزنەکەدا دەهات و دەچوو و، لاقەکانی بە دوای خۆیدا بە کێش دەکرد. سەرنجی پێڵاوەکانی بە سەر گیاکەوە دەدا و، هەنگاوی دەنا. دەیویست پێ لە سەر شوێنپێ جێماوەکانی جوتیارەکان دابنێت و، جاری وایش بوو، میانەکانی نێو پەڵە هەرزنەکەی، بە هەنگاو پێوانە دەکرد.

گیایەکی بۆنخۆشی دەقرتاند و، لە نێو بەری لەپەکانیدا دەپرواند و، دواتر بۆنی دەستی خۆی دەکرد. گوێی بۆ ژاوەژاوی گوللە تۆپەکان و، ئەو فیکانەی کاتی

کەوتنەیان دەریان دەکرد، راگرتبوو. ناوەناوەیش لە روخساری ئەو سەربازانەیشی دەڕوانی، کە لە مێژەوە بوو، پێیان ئاشنا بوو.

کە گوێی لە فیکەی کەوتنەوەی گوللە تۆپێک بوو لە دڵی خۆیدا وتــی:

"ئـا ئەوە.. گوللە تۆپێکی تڕە و، بـەرەو ئێمـە ئاراستە کراوە. یـەک.. دوو.. گومـانی تێدانییە، بۆ ئێمە نێردراوە.."

ئەمجا هەناسە لە خۆی دەبڕێت و، لە فەوجەکەی خۆی دەڕوانێت.

دواتر لە دڵی خۆیدا وتــی:

"نەخێر بەسـەر سـەربازەکانی منیشدا تێپەڕی. بـەڵام دەبێت ئاگامـان لـە دووەمـی بێت!"

ئــەمجا هــەنگاوەکانی خێراتــر کــرد و، بــە شــازدە هــەنگاو، گەیشــتەوە نێــو سەربازەکان. لە ناکاو دەنگی فیکەیەک و بەرکەوتن بیسترا. هەر پێنج هەنگاوێک لـەو لایــەوە: گوللە تۆپێک لە زەوییەکەدا چەقی و، تۆز و خۆڵی بەو ناوەدا بڵاو کردەوە.

دیســان میــر ئــاندریە خــۆی کــردەوە بــە نێــو ریــزی ســەربازەکانیدا. بێگومــان خەڵکێکی فرە پێوە بوون.

هاواری بۆ ئەفسەرێکی یاوەری خۆی کرد:

"مەهێڵە لە شوینی کەوتنەوەی تۆپەکە، کۆ ببنەوە!"

ئەویش فەرمانەکەی میر ئـاندریەی گەیاند. لە لایەکەی تڕەوە سەرکردەی لیوا بـە سـواری و غـار کـردن هـات و، دەنگێکی تۆقێنـەر هـاواری بـۆ کرد،"ئـاگات لـە خـۆت بێت!"

گوللە تۆپێکی تـر، هـەر وەکـوو هـاژەی باڵـەکانی چۆلەکەیـەکی فڕیـو، دەنگی هاتـە گوێ و، هەر دوو هەنگاوێک لەولا میر ئـاندریەوە و، نزیک بـە سـەرکردەی لیـوا دای بە زەویدا. ئـەسپەکەی ژێری حیلانی و، هەستایە سەر هـەردوو پاشـووی و، وەختـە بـوو مێجـۆر بخاتـە خــوارەوە. هــەر ترسـی ئـەو ئەسـپەیش بـوو، گوازرایـەوە بـۆ دەروونی سەربازەکان.

ئەفسەرە یاوەرەکە خۆی دا بە زەویداو هاواری کرد:

"خۆتان لە سەر زەوی درێژ بکەن."

بـەڵام میـر ئـاندریە، بـە ڕاڕاییـەوە بـە پێـوە مایـەوە. گوللـە تۆپەکـەیش هێشـتا دووکـەڵی لــێ هەڵدەسـتا و، لـە نێو گیایـە بۆنخۆشـەکەدا هـەر دەخولایـەوە. ئـاندریە کەوت و، باوەشی بە لاسکی گیایە بۆنخۆشەکەدا کرد.

لە دڵی خۆیشیدا وتـــی:

"ئـاخۆ ئەمە بێت مـردن! نـەخێر! نـاتوانم بمـرم! نایشمەوێت بمـرم! مـن ژیـانم فـرە خۆشدەوێت! ئەم گژوگیایـە و، خاک و ئـاو و، تەنانەت ئـەم هەوایەیشم خۆشدەوێت کە هەڵی دەمژم!"

لە کاتێکدا لە دڵی خۆیدا ئـەم سـێ و دووەی خـۆی دەکرد، بـە ئاگا هاتـەوە و بـە خـۆی وت، کە ئێستا ئەوانەی چاویان لێیەتی، گاڵتەی پێ دەکەن!

بە ئەفسـەرەکەی یاوەری خۆی وت:

"ئـەرێ بەڕێز، ئەوە تـەریق نابیتەوە.. هـا!؟"

قسـەکەی هێشـتا تـەواو نـەکردبوو: نالەیـەک دوو هەنـگاوێک لەولایـەوە هـات و، بـۆنێکی نـاخۆشی بـارووود و، دەنگێکـی وەک شـکاندنی شوشـەی هاتـە گـوێ. میـر ئـاندریـەی هەڵدایە ئـەو لاوە و، قۆڵێکی بەرز کردەوە و، لەپـەو روو کەوتـەوە سـەر زەوی. چەند ئەفسـەرێک چوونـە سـەری. کـە سـەرنجی لای چـەپیان دا، بریندارە و، خوێنی ئەویان بە سـەر گیایەکەوە بینی.

خۆبەخشـەکان بـە دەسـتەبەرەیەکـەوە هـاتن و، میـر ئـاندریـەیش دەمـی لـە گـژو گیاکە چەقی بوو.

یەکێک هاواری کرد:

"ئـەوە چاوەڕێی چی دەکەن؟ دەی نزیکی ببنەوە."

دێنشینان هەردوو شان و قاچیان گرت و، بەڵام کـە گوێیـان لـە نـاڵـە نـاڵـی بـوو. نـاچار لەسـەر گژو گیاکە دایاننایەوە.

یەکێک هاواری کرد:

"هەڵی بگرن و، بیخەنە سـەر دەستەبەرەکە."

ئەوانیش هەڵیان گرت و بردیان.

ژمارەیەکی زۆری ئەفسـەران، بە ترسـەوە هاواریان کرد:

"ئـای.. پەروەردگارا! پەروەردگارا! شتی وا چـۆن دەبێت؟ لـە سـکی داوە!؟ مردنـی بە دواوەیە! ئـای... خوای من!"

ئەفسـەرێکیش وتـی:

"کاری لە گوێیەکانی منیش کردووە! "

گوندنشینان دەستەبەرەکەیان خستە سـەر شانیان و، بە پـەلە بـەو رێچکەیـەدا کـە هێندە پێیدا هـات و چۆیـان کردبـوو بووبـووە رێچەکـە،.رووبـان لـە ئیسـعافەکە کرد.

رۆیشتنەکەیان بە پەلە بوو و دەستەبەرەکەی زۆر دەلەقاند.

بۆیە ئەفسەرێک پێی وتن:

"هەنگاوەکانتان یەک بخەن و ئاسایی و ئارامانە بڕۆن."

ئەوی پێشەوەی دەستەبەرەکە وتـی:

"فیدۆر.. تۆیش لەسەر هەنگاوەکانی من بڕۆ بەڕێوە. گوێت لێمە!؟"

ئەوەی دواوەیش هەنگاوەکانی گۆڕی و وتـی:

"ئەوە من لای خۆمەوە، خۆم رێکخست."

تیمۆخین بەرەو دەستەبەرەکە رایکرد و، بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

"خاوەن شکۆ! هۆو.. میری خۆم!"

میر ئـاندریە کـە سـەرە لەقـەی بـوو، بـە دەم رۆیشـتنی ئـەوانـەی ژێر خۆیـەوە چاوانی هەڵبڕی و، سەیرێکی تیمۆخینی کرد و، دایخستنەوە.

ئـاندریەیان گەیانـدە نێـو دارسـتانەکە و، ئـەوێیش پـڕ بـوو، لـە گالیسـکەکانی گواستنەوە و، خەستەخانە گـەڕۆکەکان. خەسەخانەکە لە سێ دەواری نیمچـە کراوە پێک هـاتبوو. چەندین ئـە سـپ و گالیسـکەیش، لـە نێـو دارسـتانەکەدا بـوو. بەشـێکی زۆری دارستانەکەیش داری تـوو بوو.

هێسـتر و بـارگیر و، ئەسـپەکانیش، سـەریان لـە تووڕەکـە نـابوو و، ئالیکیـان دەخـوارد و، چۆلەکـەکانیش دەوروخـولی ئەسـپەکانیان بـوو، تـا ئـەو دەنکانـەی جـۆ بخۆن، کە لە تووڕەکەی ئالیکی ئاژەڵەکانەوە دادەکەوت.

دالّەکانیش بۆنـی خوێنی رژاوی گۆڕەپـانی شـەڕەکەیان کردبـوو و، بـە ئاسمانەوە و، بەدەوری دەوارەکاندا هات و چۆیان بوو.

بە پانتایی دوو هێکتارو نیوێکی زەوی، کەسانێکی وەستاو و، راکشاو و، کـەوتوو خەڵتانی خوێنی خۆیان بوون و، بەرگەکانی بـەریان جیـاواز بـوو. خـەڵکانێکی تـریش کۆمەڵ کۆمەڵ، بە دەستەبەرەوە، بە دەست و پل بەرکۆشـەی خوێناوی و، رووبـەکی تـاڵ و گـرژەوە، بـە نێویانـدا دەگـەڕان و، ئەفسـەرانیش تـەقەلای زۆریـان دەدا، تـاکو دووریان بخەنەوە.

ئـەو سـەربازانە سـوور بـوون لـە سـەر مانـەوەیان، بـە دەسـتەبەرەکانیانەوە و، بینینی ئەو تابلۆ خەمناکانەی کە بە بەرچاویانـەوە، رووی دەدا و، خـەمیان دەخـوارد. لە نێو دەوارەکانیشەوە هاوار و نـاڵـە و سکاڵا، ناوەناوە لێرە و لەوێ دەبیسترا.

چەنـد پەرسـتارێک بـە پا کـردن، دەهاتنـە دەرەوە و، ئاویـان دەبـردە ژورەوە و،

ئاماژەیشیان بە ئەوانە دەکرد، کە سەرەی چوونە ژوورەوەیانە. لە بەردەم دەرگایشدا بریندار و پێکراوان، هاواریان دەکرد و، جنێویان دەدا و، دەگریان و داوای چەند قومێک عارەقیان دەکرد. هەندێکیشیان لە سەرەمەرگدا بوون. میر

ئاندریەیش کە سەرکردەی فەیلەق بوو. لە نێو ریزی ئەو بریندارانەی، کە هێشتا بریندەکانیان تیمار نەکرابوو، هەڵگیرا و بردیانە نزیک دەوارێکەوە و، هەڵگرەکانی وەستان و، چاوڕوانی فەرمان بوون.

ئاندریە بۆ ماوەیەکی زۆر، چاوانی کردەوە و، نەیدەزانی چیی لێ بەسەر هاتووە!؟ پەڵەی گیایە بۆنخۆشەکە، کێڵگەی هەرزنەکە، پەڵە ڕەشە بازنەییەکە، خۆشەویستییە تونده ناکاوەکەی بۆ ژیان. هەر هەموو شتەکان کتوپڕ هاتنەوە بیری.

هەر دوو هەنگاوێک، دوور لە خۆیەوە، ئەفسەرێکی قەشەنگی زەبەلاحی قژ ڕەشی دەنگ بەرز، پاڵی دابوو بە پارچە تەختەیەکەوە. چەند فیشەکێک بە سەر و هەردوو رانیەوە بوو و، بە قوماشی سپی پێچرا بوو. بریناردکان و، خاوەن دەستەبەرەکان، گوێیان بۆ قسەکانی شل کردبوو.

ئەفسەرەکە چاوانی سوور هەڵگەڕاوی دەگێڕا و هاواری دەکرد:

"کە ئەوێمان پێ چۆڵکردن و، ئەوانیش بە بێ بەرەنگاربوونەوە کشانەوە. بێگومان ئەگەر ئیمپراتۆرەکەیشیانمان دەستگیر بکردایە، هەر هیچیان بۆ نەدەکرا! خۆ ئەگەر سەربازانی ئیحتیاتیشمان، لە کاتی گونجاوی خۆیدا، گەمارۆی ئەوانیان بدایە.. ئەوا یەکێکیان بە زیندوویی نەدەمانەوە.. بڕوام پێ بکەن!"

میر ئاندریەیەیش وەکو ئەوانەی، گوێی لێ گرتبوو و، لەو قسەکەرەکەی دەڕوانی.

چاوانی ئومێدیان لێ دەبڕی و لە دڵی خۆیدا وتی:

"دوای هەموو ئەمەی بە سەرم هات.. ئەوانەی لێرە و لەوێ ڕوو دەدەن بە من چی! ئاخۆ جێ هێشتنی ئەم ژیانە، ئەم هەموو ماندووبوونەی دەویست!؟ بڵێی ئەم ژیانە: شتێکی وای تێدا مابێت و، من تێی نەگەیشتبم!؟

بەشی سی و حەوت
پێك گەیشتنی دوو دوژمنەكە

پزیشكێك لە دەوارەكە هاتە دەرەوە و، جگەرەكەی نێو پەنجە وردەكانی هەڵدەسووڕاند و، لە خوێناوی بوون دەپاراست. چونكە دەستەكانی وەكوو كێردی قەساب، خوێناوی بوو و، بەرۆكیشی خوێن بوو.

سەری بەرز كردەوە و، سەرنجی لە نێو بریندارانداوێڵ بوو. بێگومان دەیویست هەوایەكی خاوێن هەڵبمژێت. دوایی بە راست و چەپدا، چاوانی گێڕا. هەناسەیەكی قوواڵی هەڵكێشا و، سەری داخست. پاشان وەڵامی ئەو پەرستارەی دایەوە كە میر ئاندریەی پێشاندابوو و، فەرمانیدا بۆی ببەنە ژوور. ژاوە ژاوێش كەوتە نێو بریندارەكانی تەوە.

یەكێكیان وتی:

"رەنگە ئەو لەو دنیا بێت!"

یەكێكی دی هەڵیدایە:

"لەوە دەچێت لەم دنیایەدا لە رێزدار و دەوڵەمەندان بەوڵاوە.. جێی كەسی تر نەبێتەوە!!"

میر ئاندریەیان لە سەر ئەو مێزە درێژ كرد، كە دەمێك نەبوو پەرستیارەكە خاوێنی كردبووەوە. میر ئاندریەیش هیچ شتێكی نێو دەوارەكەی، بۆ لەیەكتر جوێ نەدەكراوە و، لە ناڵە و هاواری ئەو بریندارانە بەوڵاوە، هیچی تری نەدەبیست. لە بەر ئازاری لا قەبرغەی و، پشتی خۆی: فریای شتێ تر نەدەكەوت.

هەموو ئەو دەوارە نزمەی لێ ببوو، بە گۆشتی خوێناویی مرۆڤ! شوێنەکەیشی وەکو ئەو زۆنگاوە پڕ لە لاکی کوژراوانە دەهاتە بەرچاو، کە کەوتبووە سەر رێی سمۆلنسک و، لە مانگی ئابدا بینی بووی. بەڵێ ئەوانیش گۆشتی پارچە پارچەی بەر گوللە تۆپ بوون و، ئەمڕۆیان بیر دەخستەوە و، هەر ئەو دەمەیش، ئەم دیمەنە بێزاری کردبوو.

بۆ چەند ساتێک دەوریان چۆڵ کرد و، ئەویش هەروا بە راکشاوی و، بە دەم ئازارەوە، توانیی لە دوو مێزەکەی دەوروبەری خۆی و، بریندارەکانی بڕوانێت و، شتێکیان لێ تێ بگات.

تەتەرییەک لە مێزیکی نزیکییەوە دانیشت بوو و، بێگومان گەر سەرنجی بەرگەکەی ئەوی تەنیشتیمان بدایە، تێدەگەیشتین، ئەویش کەسێکی قەوقازییە. چوار سەرباز خەریکی بەستنەوەی بوون، بە مێزەکەی ژێرییەوە.

لە ناکاو تەتەرەکە هاواری کرد:

ئـۆو! ئـۆو! ئـۆو!

روخسارە زەردباو و، لووتە پان و لێوە ئەستوورەکانی بەرزکردەوە و، سەری بە خەمی بادا. مێزی دووەمیش چەند کەسێکی بە دەورەوە بوو. پیاوێکی بالابەرزی لە سەر راکشابوو. شێوەی قژە لوولەکەی و، سەری بەلای میر ئاندریەوە نامۆ نەبوو.

ژمارەیەک لە پەرستارەکان قورسایی خۆیان خستبووە سەر سنگی ئەو بالابەرزە و، تونـد گرتبوویـان. رانێکیـانی سپی و، ئەستوور بـوو و، دەلـەرزی. بـالابەرزەکەیش خێرا خێرا هەناسەی بە ئازاری هەڵدەکێشا و، خەریکبوو دەخنکا. رانەکەی تریشی بـە خـوێن سـوور بـوو بـوو. دوو پزیشکی بەسـەرەوە بـوو و، یەکێکیان رووتاڵێکی رەش داگەڕاو بوو.

لـەو کاتـەدا بەردەسـتەکانی پزیشـکەکە، تەتەرەکـەیان بـە پاڵتۆکـەی خـۆی، دادەپۆشی، پزیشکە چاویلکە لە چاوەکە بەدەم پاک کردنەوەی دەستەکانییەوە، لە خـوێنی بریندارەکـەی پێشـوو: لـە ئـاندریەوە نـزیک بـووەوە. دوای ئـەوەی بـە سەرنجێکی ورد و، وریاییەوە، ئاندریەی پشکنی.

بە لاقرتێوە دوو پەرستارەکەی بانگ کرد:

"ئـەوە چاوەڕێی چین!؟ جل و بەرگەکەی، لە بەر دابکەنن!"

هەر کە یەکێک لە بەردەستەکان، قۆپچەکانی ئاندریەی کردەوە و، جلەکانی بە پەلە لە بەر داکەند و، هەردوو باسکی دەرکەوتن: ئاندریە رۆژانی دووری منالێی

خۆیی بیرکەوتەوە. مێجۆر بەسەر برینەکەیدا نووشتایەوە و، هەناسەیەکی قوولّی هەلّکێشا. ئەمجا ئامـاژەی بـە یـەکێکیان دا. ئـازارە زۆرەکـەی سـکی، ئاندریـەی بوورانـدەوە. کە بەئاگا هاتەوە پارچەکانی گوللەتۆپەکەی لە ئێسقانە شکاوەکەی رانی دەرهێنرابوو و، برینەکەی پاک کرابووەوە و دروواببووەوە و، برینەکەی پێچرابوو.

کە ئـاندریە چـاوانی کردەوە، پزیشکەکە بـە سـەریدا نوشـتایەوە و، لێوەکانی مـاچ کرد و، بە پەلە لێی دوورکەوتەوە.

دوای ئـەو هـەموو ئـازارە، میر ئاندریـە هەسـتی بـە حەوانەوەیـەک کـرد، کـە لـە مێژەوە بوو، شتی وای بە خۆوە نەدیبوو! خۆشـترین سـاتـەکانی منـالّیی خـۆیی بیر کەوتـەوە، ئـەو کاتانـەی کـە بـە زۆر جلـەکانیان لـە بـەر دادەکەنـد و، دەیانخسـتە نێو نوێنەکەیـەوە. ئـەمجا دایەنەکـەی لـۆرە لـۆری گـۆرانیی بـۆ دەکـرد و، ئـەویش سـەری دەکرد بە ژێر سـەرینەکەیدا و، هەستی بەبوونی ژیان دەکـرد. بـەلّام خـۆ ئـەو سـاتانە وەکـوو تـوێی بیرەوەرییـەکانی رابـردووی نـەبوو. بەلّکـو راسـتییەکی رەوان بـوو بەلایەوە.

پزیشـکەکان هێشـتا بـە دەوری ئـەو پێکـراوە بریـنـدارە بالّابـەرزەوە بـوون، کـە شـێوەی بـە لای ئـاندریە بۆلکۆنسـکییەوە، نـامۆ نـەبوو. لـە جێیەکـەی خـۆی بلّندیان دەکردەوە و، تەقـەلایان دەدا، ئـارامی بکەنـەوە. ئـەویش دەینـالّان و، بـە دەم هەناسـە هـەلّکێشانەوە، وەکوو ئەوەی، ئازار زۆری بۆ هێنابێت دەیوت:

"ئادەی پیشانم بدەن!.. ئۆو! ئۆو! ئۆو!"

ئەو دەمەی گوێی لە نالّە و ئـاخ و ئـۆفی بـوو: وا هـات بـە خـەیالّی ئـاندریەدا، کـە ئـەویش حـەز دەکـات لەگەلّ ئـەو پێکراوەدا بگری. بلّێی بـە هـۆی ئـەوەوە بێت، کـە لێرەدا و بە سادەیی دەمرێت و، پـیرۆزییەک بـە دەسـت ناهێنێت؟ یـان بـە داخەوەیـە بۆ ژیان؟ یان ئەوەتا بیرەوەرییەکانی منالّیی خۆی، دلّی ناسک کردۆتـەوە!؟ تـۆ بلّێی هۆیەکەی ئەوە بێت: ئـازار دەچێژێت و، ئـەوانی تریش لەگەلّیدا دەچێژن. یـان ئـەو نەگبەتەیش بەو شێوەیەی ئەو ئازار دەچێژێت؟

بـە هـەرحالّا سـۆزی رشـتنی فرمێسـکێکی زۆری هـەبوو. فرمێسـکی سـەردەمانی منداڵیی. یان فرمێسکی شادی.

رانە بڕاوەکەیان بەو خوێنە وشکەوەبووەوە، کە هێشتا بـە پێلّاوەکەیـەوە مابـوو، پیشانی پێکراوەکەیان دا.

ئەویش وەکوو ژن بە کوڵا دەگریا و هاواری ئەکرد:

ئـۆو! ئـۆو! ئـۆو!

که پزیشکەکە کەمێک لە پێکراوەکە دوور کەوتەوە و، روخساری دەرکەوت.

میر ئاندریە لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئای! پەروەردگار..! چی رووداوە!؟ ئەو چی دەکات لێرە!؟"

میر ئاندریە بۆی دەرکەوت، ئەو کەسە ماندووە نەگبەتەی: دەمێک نییە قاچێکیان بڕیوەتەوە ئاناتۆل کۆراگینە! بندەستیان گرت و، پەردا‌خێک ئاویان دایە. ئەویش بە هۆی ئاوسانی لێوەکانییەوە، لێواری پەردا‌خەکەی بۆ نەدەگیرا. بە جۆرێک دەگریا، کە بەنی دڵی دەپچڕاند.

ئاندریە بیئەوەی ئەو رووداوەی بۆ هەرس بکرێت، لە دڵی خۆیدا وتی:

"بەڵێ! ئەوە خۆیەتی! بەڵێ! ئەم پیاوە، پەیوەندیی تۆندی بە منەوە هەیە! بەڵام ئەو پەیوەندیانە چین کە بە سەردەمی منا‌ڵیی منەوە دەیبەستێتەوە؟" هەر پرسیاری لە خۆی دەکرد و، وەڵامی دەست نەدەکەوتەوە. کتوپڕ لەو دنیای منا‌ڵییە پاک و بێگەردەیەوە، رووبەکی نوێ هاتەوە یادی! ئەو ناتاشایەی هاتەوە بەرچاو، کە بۆ یەکەمجار و، لە ئاهەنگە سەما ئامێزەکەی سا‌ڵی (١٨١٠)دا، بە خۆی و شان و مل و دوو قۆڵە باریک و، رووە خۆشەکەیەوە بینی بووی. جارێکی تر خۆشەویستیی ئەو کچە، لە ناخیدا و، لە جاران تۆندتر بووژایەوە! بە هۆی ئەو پیاوەوە، ئەو پەیوەندییەی بیر کەوتەوە. بۆ جارێکی تر ئەمە بووە هۆی تۆخ بوونەوەی خۆشەویستییەکەی. لەوە زیاتر خۆی بۆ نەگیرا و، کەوتە گریان و فرمێسک رشتن، بۆ ئەو و، بۆ ئەو پیاوانە و، خۆی و، ئەو لەڕێ لادانەی ئەوانیش و، خۆیشیان.

بە خۆیشی وت:

بەڵێ.. بەزەیی! خۆشەویستی براکانمان. بۆ ئەوانەی ئێمەیان خۆشدەوێت. خۆشەویستیمان، ئاراستەی ئەوانە بکەین، کە رقیان لێمان دەبێتەوە! تەنانەت خۆشویستنی دوژمنەکانیشمان.. بەڵێ! هەر ئەو خۆشەویستییەیە، کە خوا خۆی رژاندویەتی بەسەر زەویدا. هەر ئەو خوشەویستییە بوو، کە ماریی خوشکم دەیویست منی پێ گۆش بکات و، ئەو کات منیش تێی نەدەگەیشتم. ئەو خۆشەویستییەیش وای لێ کردووم، کە بە داخ بم، بۆ ژیان! هەر ئەو خۆشەویستییەیش، تەنیا شتێک دەبێت کە تۆند بە خۆمییەوە بنوسێنم و، پاڕێزگاریی لێ بکەم!

بەڵام ئێستا... کاتەکەم لە دەست چووە و بۆ داخەوەم!!

بەشی سی و هەشت
بیرۆراکانی ناپلیۆن

دیمەنی گۆڕەپانی شەڕی، داپۆشراوە بە لاشەی کوژراوان و، هەواڵی کوژرانی نزیکەی بیست ژەنەرالێکی سوپاکەی و، دوورخستنەوەیان لە گۆڕەپانی شەڕەکە و، ددانانان بە لاوازیی ئەو باسکەیدا، کە هەرگیز بە هیچ شتێک نەدەشکایەوە: سەری ناپلیۆنی قورس کرد.

هەموو ئەمانە کارێکی نەرێی چاوەڕوان نەکراوی لێ کرد. ئەو راهاتبوو بە بینینی دیمەنی کوژراوان و بریندارانِ و، وەکو خۆی پێی وابوو، ئەو دیمەنانە، هێز و توانای بە رەوانی دەبەخشی.

بەڵام ئەو دیمەنانەی ئەو ڕۆژە: ئەو هێزە رەوانییەی ئەوی راونا، کە شایستەیی و مەزنیی خۆیی لە سەر هەڵچنی بوو. بە پەلە و رەنگی زەرد و، دەم و چاوی هەڵاوساو و، چاو و لووتی سوورهەڵگەڕاو و، دەنگێکی گرەوە، گەڕایەوە بۆ شیڤاردینۆ و، پشت دیوارە بەربەستە گڵینەکەی و، بە سەری شۆڕەوە، لە سەر کورسییەک دانیشت و، دەنگی تەقە و ژاوەژاوی گۆڕەپانی شەڕەکە، دوور لە ویستی خۆی، خۆی دەکرد بە گوێیەکانیدا.

بە ئارامی چاوەڕوانی کۆتابوونی ئەو کێشەیە بوو و، پێی وابوو هەرچەند خۆی

دەستی لە بەرپابوونیدا هەبوو، بەڵام هیچ توانایەکی بە سەر وەستاندنیدا نەماوە!! بۆ چەند ساتێک هەستێکی مرۆڤانە، بیر و هۆشی و، ئەو تراویلکەیەی کە لە پێناویدا قوربانییەکی فرەی دابوو، زەوت کرد!

هۆی هەموو ئەو ئازارانە و، بینینی ئەو مردووانەی، بە گۆڕەپانی شەڕەکەوە بوون، دایە پاڵا خۆی. بە سەرە قورس و، سیبە ماندووەکانییەوە، ئەوەی وەبیر خۆی هێنایەوە، کە خۆیشی وەکوو ئەوانی تر، ئازار بچێژێت و بشمرێت.

ئا لەو ساتەدا، نە حەزی لە گرتنی مۆسکۆ و، نە لە پیرۆزی و ناوبانگ و، نە لە سەرکەوتن بوو. ئاخر ئەو چ پێویستییەکی بە پیرۆزی و، پایە بڵندیە!؟ هەموو خواستی ئێستای ئەو، حەوانەوە و ئارامی و ئازادییە!

لەگەڵ ئەوەیشدا، هەر کە بە بەرزایی سیمیونۆفسکۆیەوە وەستا و، سەرکردەی تۆپخانە پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم، کە چەند یەکەیەکی تۆپخانە لەو شوێنەدا دابەستێت، تاکوو ببنە پاڵپشتی یەکەکانی دەستڕێژکەر لەو سوپای رووسەی بەردەم کینازکۆڤۆ. ئەویش خێرا رەزامەندیی پیشاندا و، فەرمانیشی پێدا لە ئەنجامی ئەو هەنگاوەیشی: ئاگاداری بکاتەوە.

لەم قسانەدا بوون یاریدەدەرێکی سەربازی هات و، پێی رایگەیاند کە فەرمانەکانی ئەوی جێبەجێ کردووە و، رووی لوولەی (٢٠٠) تۆپی لە سوپای رووس کردووە و، تۆپبارانیان دەکەن. کەچی ئەوان خۆڕاگری دەکەن و، لە جێی خۆیان جوولێی بۆ ناکەن!!

یاریدەدەرە سەربازییەکە درێژەی دایە:

"گڕی تۆپخانەکەمان بە ریز لێی دروێنە دەکات و، لە نێویان دەبات! بەڵام دوژمن هێشتا بە خۆڕاگری لە شوێنی خۆیان ماون!"

ناپلیۆنیش بە دەنگی دلێرەوە وتی:

دیارە داوای زیاتر دەکەن!

بە دوایدا برۆکانی یەک هێنایەوە و، لە سەری رۆیشت:

"دوژمنان داوای هەرچییان کرد بیاندەنێ."

هەرچییەک ئەو نەیویستایە ئەوەیان دەکرد. بۆیەیش ئەوەیان دەکرد، تاکوو پیشانی ئەوی بدەن، کە تەنیا و تەنیا، فەرمانەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

سەر لە نوێ ناپلیۆن نقوومی تراویلکەی مەزنیی خۆی بووەوە! هەر وەکوو ئەو

ئەسپەی لێهاتبوو، کە پێی وابوو، تەنانەت پێچکەی ئەو گالیسکەیەی ژێریشی، بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەخولێتەوە و، بەکێشی دەکات.

ئەویش بەو شێوەیە رۆڵی کەسێکی رەق و تونـد و ئـازاردەری دەبینی. ئـەو رۆڵـە نامرۆڤانەی، کە خۆیی بۆ تەرخان کردبوو. خۆ هـەر ئەو سـەعاتە نـەبوو، کە مێشکی ئـەو پیـاوەی تێدا تـاریک دادەهـات! ئـەو پیـاوەی لـە هـەر کەسێکی تـر بەرپرستر بوو، لەو رووداندی لەو سـەدەیەدا رووبـدا. ئەو تـا کۆتـایی مـەزنی و بـاڵا بوونیشی.. نەگەیشتە ئەوەی، کە لە خێر و خۆشی و جـوانی و رەوایی بگات!

کردەوەکانی کتو مت پێچەوانەی خێر و خۆشی و رەوایی بوو و، دوور لـە هـەر هەستێکی مرۆڤانە. نەیشیدەتـوانی نکوولی لـەو کاریگەریانـەی پەرۆشییەکەی بکات، کە نیوەی دنیای سەرقاڵا کردووە.

دواجار لە سەری بوو: نکوولی لـە رەوایی و خێر و خۆشی و هـەستی مرۆڤانـە بکات. تەنیا هـەر ئەو رۆژە نەبوو، کـە دوای سـووڕانەوە بـە گۆڕەپانی شـەڕەکەدا و، بینینی ئەو کوژراو و کەمئەندامبووانـەی ـ کـە وەکـوو خـۆی پێی وابـوو، بـە ویسـتی خۆیان بووە ـ گۆترەکاریی دەکرد و، گریمـانی ژمـارەی سـەربازانی سـوپای خـۆی و رووسـەکانی دەکـرد. هـەموو جـارێکیش بـە زۆریـی سـەربـــازانی خـۆی لـە چـاو رووسـەکاندا: خۆی دەخەڵەتاند.

ئەمجارەیان وای خەملاندبوو، کـە رێژەکـە پێنج بـۆ یەکـە! ئـەوە یەکـەم جاریشی نەبوو بڵێت گۆڕەپانی شـەڕەکە.. جوانـە! وەکـوو ئـەوەی لـە نـامەکەیدا بـۆ باریسـیش نووسیبووی: بەلایەوە جوان بوو! چونکـە (٥٠٠٠٠) لاشـەی کـوژراوی تێدا کـەوتبوو. بەڵکو لە سانت هیلینیشدا، کە کاتی بیرەنگی و ئـارامی خـۆی تێدا بەسـەر دەبـرد ئـەو کارە مەزنانەی خۆی دەخستە روو، کە کردبوونی.

بەم شێوەیە نووسیبووی:

شـەڕەکانی رووس، نزیکترینی شـەڕ بوو، لە بیر و هزری جەماوەرەوە، کە. لـە ئێستادا شـەڕێک بوو، بەرژەوەندیی راستەقینە سـەپاندبووی. بـیرۆکەی شـەڕیش حـــەوانەوەی هـەموان و ئارامییـان بـوو بۆیـان. چونکـە تـا ئەوپـەڕی دروسـتی، دروست و پایزەر بوو.

شـەڕی رووسـەکان لە پیناو ئـــامانجی مەزندا بـوو و، کۆتـایی هێنـان بـوو بـە رووداوە لاوەکییـەکان و، سـەرەتای بەرکـەماڵبوونی ئـارامی و ئـاسایش بـوو.

ئاسۆیەکی نوێ و، کارانێکی جوانی نـوێتر دەردەکـەون، کە کـەیلی ئاسـایش و حەوانەوەی کۆمەڵگان. رژێمی ئـەورووپایی هاتووەتـە ئـاراوەو لـە رێکخستنەوە بەولاوە هیچی تریان نەماوە.

کاتی خۆی ئەم بیرۆکانەیان لە من دزیوە! لە کۆبوونەوەی گەورە پاشایاندا. وەکـوو خێزانێـک قسـەمان لـە بەرژەوەندییـەکانی خۆمانـەوە دەکـرد. کێشـەی نەتەوەکانیش هەر وەکوو کێشەکانـی نێوان کرێکار و خاوەنکار چارەسەر دەکرد.

بەمەیش هێندەی پێناچێت، هەموو ئەورووپـا دەبێتە یەک گەل و هەر کەسێک بۆ هەر شوێنێک سەفەر بکات: وا هەست ناکات کە لـە نیشتمانەکەی خـۆی چووەتـە دەرەوە و کەسێکی نامۆیە.

هەموو ئەو رووبارانەی بە کەڵکی کەشتیوانی بێت: خزمەتی دەکەم و دەیخەمە خزمەتی هاوڵاتیانەوە و، یەکێتییەکی دەریاوانی، پێک دێنم. کارێک دەکـەم هـەموو سەربـازان هەر ئەوەندەبن، کە پاسەوانی پاشاکان بکەن و بەس.

هەر کە گەڕامەوە فەڕەنسای دڵی نیشتمانی گەورە و، قەشەنگ و بـە هێز و، ئـارام و پیرۆز: سنووری دەچەسپێنم و، رایدەگەیەنم کە شەڕەکانی لێرە بـە دواوە بـەرگری کردن دەبێت و، بەس! هەر دەست بە سەردا گرتنێک و فراوانکارییەکیش لـە هـەر شـوێنێک ڕوو بـدات: بـە پێچەوانـەی بـەرژەوەندیی نەتـەوەیی دادەنـێم. کوڕەکەم بەشداری حوکم پێدەکەم و وردە وردە، دیکتاتۆرییەتی منیش کۆتایی پێ دێت و، ئەویش حوکمڕانی دەستوورییە خۆی دەست پێ دەکات.

پاریس دەبێتە پـایتەختی هـەموو جیهـان و، فەڕەنسییەکانیش دەبنـە ڕووگـەی نەتەوەیانی تر!! ئەو کاتە بێکارەییم و ڕۆژانی پیریم، لەگەڵ خـاتوونی ئیمپراتۆردا بۆ گەڕان بە هەرێمەکانی وڵاتدا، تەرخانی گەڕان دەکەم و، کوڕەکەیشم خۆی لە سەر کاروباری پاشایەتی رادێنێت.

خۆم و کزۆگینی هاوژینم، وەکو دوو لادێی راستەقینە دەردەخەین. هەر بە سەر پشتی ئەسپەکەمەوە، سکاڵای خەڵکەکە وەردەگرم و، هەڵەکان راست دەکەمەوە و، ئەم کارنامەیە دادەنێم و، کاری خێر و چاکە کردن، لە هەموو شوێنێک بـە ڕێوە دەبەم.

ئـەو پیـاوەی کـە لەخواییـەوە بـوو بـووە خـوێنرێژی نەتـەوەکان و ئـازاردەری بەندەکانی خـوا، تەقـەلای دەدا، ویژدانـی خـۆی ڕازی بکـات، بـەوەی ئامـانجی ئـەو

کردەوانەی خێر و خۆشی گەلان بووە. لە توانایشیدایە چارەنووسی ملیۆنانی خەڵک بگرێتە دەست. هەر بەو تۆندو تیژییەی، بەختیارییان بۆ دابین بکات!

لە شوێنێکی تردا و لە بارەی هێرشەکانی ڕووسیاوە دەڵێت:

لە (٤٠٠٠٠٠) پیاو و ئەوانەی لە ڤیستۆل پەرینەوە، نیوەیان نەمسایی و، بروسی و، سەکسۆنی و، پۆڵۆنی و، باڤاری و، ویرتمبرگی و، میکلمبیرگی و، ئیسپانی و، ئیتالی و، ناپۆلی بوون.

سێ یەکی سوپای ئیمپراتۆری خۆیشی، لە هۆڵەندی و، بەلچیکی و، باشووریپەکان و، تسکانی و، ڕۆمانییەکان و دانیشتوانی هەرێمی (٣٢)ی سەربازی ـ کە ناوچەی بریم و هامبورگ و.. هتد. ـ پێکهاتبوو.

تەنیا (١٤٠٠٠٠) کەسێک لە نێو ئەو هەموو سوپایەدا، زمانی فەڕەنسییان دەزانی! ئەو هێرشەی ڕووسیا، تەنیا لە (٥٠٠٠٠) کەسێکی کوژراو، زیاتر نەکەوت لە سەر ئەم فەڕەنسایەی ئێستا. بەڵام سوپای ڕووسیا تەنیا لە پاشەکشەکەیدا، لە ڤیلناوە بۆ مۆسکۆ و، شەڕە جۆرا و جۆرەکانیدا، چوار هێندەی ژمارەی ئەو سەربازانەی لێ کوژرا، کە سوپای فەڕەنسا لە دەستی دابوو.

لە سووتانەکەی مۆسکۆیشدا ڕووسەکان (١٠٠٠٠٠) پیاویان لە نێو دارستانەکاندا و، لە سەرماو برسێتیدا مردن!

هەروەها لە کاتی ڕۆیشتنی سوپای ڕووسدا، لە مۆسکۆوە، بۆ ئۆودر، تووشی دەرد و ئافەتی گەردوونی بوون و، تەنیا (٥٠٠٠٠) کەسیان لێ گەیشتەوە ڤیلنا! تا گەیشتنەوە کالیسیش: (١٨٠٠٠) کەسیان بە زیندوویی مایەوە!

ناپلیۆن پێی وابوو ئەو شەڕە بە ویستی خۆی، هەڵگیرساوە. لەگەڵ ئەوەیشدا خۆی هیچێک لە ئازار و ئەشکەنجانەی، ئەو شەڕانەی، بەرنەکەوت.

بەرپرسیارێتیی تەواوی ڕووداوەکانی لە ئەستۆ دەگرت. بەڵام مێشکە پووکاوەکەی خۆی لەوە دەدزییەوە، کە بە سەدان هەزار فەڕەنسیی لە دەستداوە! ئەوەی دەکرد بیانوو کە قوربانییەکانی خۆی، زۆر لە قوربانیانی هیسییەکان، یان بۆڤارییەکان کەمتر بووە.

بەشی سی و نۆ
ئاکامەکانی شەڕەکە

دەیان هەزار لاشەی سەرباز و، بە چەندین رەنگ و شێوەی جل و بەرگەوە، لە نێو ئەو کێڵگە و پەڵە دانەوێڵە و، بێستانانەی "داڤیدۆڤ" و، جوتیارانی تاج، خاوەنی بوون و، چەندین سەدە بوو، دانیشتوانی بوورۆدینۆ و، گۆرکی و، شیۆاردینۆو سیمیمۆنۆڤسکۆی، دەیان کێڵا و، مەڕومالاتیان تێدا دەلەوەڕاند، کەوتبوون. لە خەستەخانەکاندا، بە رووبەری زیاتر لە هێکتارێک زەوی، گژو گیاکەی بە خوێنی ئەو کوژراوانە سوور بوو.

سەربازانی پێکراو و ساغیش، کۆمەڵا کۆمەڵا، بە روخساری ترساو و، تۆقینەوە هەڵدەهاتن و، بەرەو مۆجاییسک و، ڤالۆیڤۆ دەبوونەوە. لە کاتێکدا بڕێکی تریان لەگەڵ ئەو ماندووبوونە و، برسی بوونەیاندا، گوێ لە مستی سەرکردەکانیان بوون و، لە جێی خۆیان مانەوە و، لەسەر بەرگری کردن و تەقە کردنی خۆیان سەرومڕ بوون.

به درێژایی گۆڕەپانی شەڕەکە و، تاکوو پێش هێرش و شەڕ و بریسکەی قەمەی تفەنگەکانیش و، چەقە دوکەڵەکەیش، لەبەر تیشکی خۆری بەیانیدا، زۆر قەشەنگ و جوان و رازاوە بوون.

دواتر تەمێکی شێدار و، بۆنی خوێن و، خوێی نێو باروودە تەقیوەکە، ئەو ناوەی تەنییەوە.

هەورەکانی ئاسمان یەک هاتنەوە و، رێژنە بارانێکی دڵۆپە وردیش، نەرم نەرم بە سەر ئەو زەوی و تەرمە زۆرە و، بریندارە کەوتووەکان و، ئەو هەموو سەربازە ماندوو و پرزە بڕاوانەدا و، ئەوانەیشی کە هیوا بڕاو بوون، دەباری.

پێیانەوە دیار بوو، کە لە ناخەوە هاواریان دەکرد،"با ئیتر بەس بێت!! بەس!! هەی داماوانە! کۆڵا بدەن! ئیدی هۆشتان بێتنەوە، بەرخۆتان! ئاخۆ خۆیشتان دەزانن چی دەکەن؟"

سەربازانی ئەم سوپا و، ئەو سوپاکەی تریش، شەکەتی و ماندووبوونیان، وەلاوە ناو لە یەکتریان دەپرسی،"ئاخۆ دەبێت هەر لە کوشتنی یەکتری بەردەوام بین؟"

لەو جۆرە پرسیارانە لە روخساری زۆرینەیاندا دەخوێندرایەوە:

"بۆچی؟ دەبێت بۆ کێ بکوژم!؟ یان بکوژرێم؟ کێتان ویست بیکوژن! چیتان دەوێت بیکەن!؟ بەڵام من ئەمەندە سەرو زیادمە!"

دەمە و ئێوارە بوو، ئەم بیرۆکەیە دەروونی هەمویانی زەوت کرد! ئەی هاوار بۆ ئەوەی دەیکەن و، پشت لە هەموو شتێک دەکەن و، هەڵدێنو ون دەبن! لەگەڵ ئەوەیشدا هەر هەموو شەڕکەرەکان هەستیان بە رسوایی رەفتارەکەیان کرد. بەڵام شادمانیش بوون، بە وەستاندنی شەڕەکە.

هێزێکی نادیار و نهێنی، لە ناخیانەوە هانی دەدان، بۆ ئەو کارە قێزەونە! ئەو تۆپچییانەی، شەڵاڵی عارەقی لەش و خوێن بوون، بە تۆز و خۆڵا و دووکەڵا رەش داگەڕابوون. کەچی بە دەم لەتری هەنگاوەکانیانەوە و، دوای کەمبوونەوەیان بۆ سێ یەکی ژمارەی جارانیان.. گوللە تۆپەکانیان هەڵدەگرت و، لە لوولە تۆپەکانیان دەخست! قەرەوڵیان دەکردن و دوای کۆک کردنیان، بە هەمان خێرایی یەکەمجاریان پڵیتەی تۆپەکانیان گڕ دەدا و، دەیانتەقاندن!

ئەم کارە مەترسیدارە بەردەوام دەبوو. ئەمە لە سەر ویستی مرۆڤ خۆی نەبوو!

بەڵکو لە سەر ویستی کەسێک بوو، کە مرۆڤ و، جیهانەکەیانی بەڕێوەدەبرد. هەر کەسێک پاشەڵی سوپای رووسی ببینیایە، کە چ پشێویەکی تێکەوت بوو: دەیووت هەر بە ماندووبوونێکی زۆر کەمی، فەڕەنسییەکان، ئەو سوپایە لە نێو دەبرێت!

بە هەمان شێوەیش هەرکەسێک پاشەڵی سوپای فەڕەنسییەکانیشی ببینیایە.. دەگەیشتە ئەوەی، کە بە ماندووبوونێکی زۆر کەمی رووسەکان: ئەو سوپایە لە نێو دەبرێت! بەڵام گرێ شەڕەکە بە خۆماندوونەکردنی فەڕەنسیەکان، نەک رووسیەکان بەرەو کزبوون و کوژانەوە دەچوو!

رووسییەکان بەرگریکار بوون و هێرشبەر نەبوون. هەر لە سەرەتاوە بەرەو مۆسکۆ بوونەوە و، تا کۆتایی شەڕەکە، لە پێگە و سەنگەرەکانی خۆیاندا مانەوە.

هەرچەند ئامانجیشیان راونانی فەڕەنسییەکانیش بوو، بەڵام هەموو توانای خۆیان نەخستە گەڕ. چونکە هەر هەموو فەیلەقەکان، بە ئاگری شەڕەکە داخ کرابوون و، لە بارێکی پشێویدا بوون.

بێ ئەوەی لە شوێنی خۆیان جوولێ بکەن، نیوەیان لە نێوچوو! بەڵام ئەو فەڕەنسییانەی پازدە ساڵی سەرکەوتن پاڵپشتیان بوو. بڕوا بوونیشیان بەوەی کە هەرگیز ناکرێت ناپلیۆن ببەزێت! متمانەیشیان بەوەی کە لایەکی گۆڕەپانی شەڕەکە، رکێفی خۆیانە.

لەو شەڕە گشتگیرەدا، تەنیا چواریەکی پیاوە شەڕکەرەکانیان لە دەستدابوو. ئەو (٢٠٠٠٠) پیاوەی، فیرقەکانی پاسەوانیان لێ پێک هاتووە. هیچیان لێ نەهاتووە و هەر لە جێی خۆیانن. بۆیە لە تواناياندا بوو، زیاتر خۆیان ماندوو بکەن.

بەڵکو ئەرکی سەرشانیان بوو، ئەوەیش بکەن، چونکە لەبەر ئەوە هێرشیان کردە سەر سوپای رووس، تاکوو لە جێی خۆیان هەڵیان بکەنن. چونکە تاکوو لە شوێنی خۆیاندا بوونایە، دەبوونە بەربەست و، رێیان نەدەدان بگەنە مۆسکۆ.

بۆیە بە ئامانجی هێرشەکەیان نەدەگەیشتن و، هەرچی قوربانییەکیش کە دابوویان بە فیڕۆ دەچوو. لەگەڵ هەموو ئەم راستیانەیشدا خۆیان ماندوو نەکرد.

بڕێک مێژوونووس، پێداگریی ئەوە دەکەن، کە ئەگەر بهاتایە و ناپلیۆن پاسەوانانی کۆنی، دابەزاندایەتە گۆڕەپانی شەڕەکەوە: ئەو شەڕەی دەبردەوە. ئەم گریمانەیش هەر وەکوو ئەوە وایە بڵێین: گریمانی ئەوە دابنێین کە ئەگەر پاییز کتوپڕ ببوایە، بە بەهار، چی رووی دەدا.

کـه نـاپلیۆن پاسـەوانانی کـۆنی دانەبەزاندووەتـە گۆڕەپـانەکەوە. لەبـەر ئـەوە نەبووە کە خـۆی نەیویستووە ئەوە بکات. بەڵکو مەحاڵا بوو بتوانن، بەشداریی ئـەو شەڕە بکـەن، چونکـە ژەنـەرااڵن و، ئەفسـەران و سـەربازانیش، ئـەوەیان دەزانـی کـە وردەی نزمی سوپاکە، رێی بەو کارە نەدەدا.

ئەوە ناپلیۆن بە تـەنیا هـەر خـۆی نـەبوو، کـە هەسـتی بـەوە کردبـوو، بـە ئاسـانی قـۆڵی لـە زەوی دەدەن! بەڵکـو هـەموو ژەنەراڵـە فەڕەنسـییەکان و، شـەڕکەران و شـەڕنەکەرانیش، دوای پێشـینەی ئـەو شـەڕانەی پێشـوو، کـە تێیانـدا دوژمـن لەگەڵ دەیان هێندە کەمتری توندیی، ئەو شەڕانەیشدا هەر لە پاشەکشەدا بوون.

بـە تونـدی و بـە کۆمـەڵ، هەسـتیان بـە تـرس دەکـرد، لـە بەرامبـەر دوژمنێکدا، کـە هەڕەشە بوو لە سەریان. وردەی سوپای هێرشبەر لە بەرامبەر ئەوەدا داکشابوو.

هەرچەند رووسییەکان شـەڕی بوورژدینۆیـان نـەبردەوە. ئـەو بردنەوەیـەی کـە بـە زەوت کردنی زەوی نێو دەبرێت و، چەقاندنی چەند کوتـە پەڕۆیـەکی بـە دارەوە، کـە ئـاڵا و بەیـداخی پـێ دەڵـێن. بەڵکـو بردنـەوە و، سـەرکەوتنیان بـە قایـل کردنـی دوژمنەکەیان، بە ئەوەی وردەی شەڕ کردنیان لـەوان بـاڵاترەوە بوو.

داگیرکـەریش گەیشـتە ئـەوەی کـە هـەنگاو بـەرەو مـەرگ دەنێت و، وەکـوو ئـەو درندەیـەی لێهاتووە، کە بـەر تیری کاریگـەر کـەوتووە و، مردنـی مسـۆگەر، چـاوەڕێی دەکات: کەچی هەر دەڕوات و ناتوانێت بوەستێت!

هەرچەنـد رووسـەکانیش لاوازتـر بـوون و، رێـژەی سـەربازەکانیان بـە بـەراورد بـەژمارەی دوژمنەکـەیان، یـەک بـۆ دوو بـوو. کـەچی پەسـەندیان نـەبوو، کـە خۆیـان بدەن بە دەستەوە!

بە هۆی ئـەو خێراییـەی سـوپای فەڕەنسـا لـە سـەری راهـاتبوو، توانییـان خـۆیان بگەیەننە مۆسکۆ، بە بێ ئـەوەی رووسـەکان بتـوانن قوربـانیی زیـاتر بـدەن. چونکە ئەوان بە لە دەستدانی بوورژدینۆ پشتیان شکا بوو.

ئەو شەڕە ئاکامی راستەوخۆی هەبوو. بـەوەیش کـە لـە ناکاو نـاپلیۆن مۆسکۆی جێ هێشت و، لە رێی سمۆلنسکی کۆنـەوە، پاشەکشـەی کرد. سـوپایەکی (٥٠٠٠٠٠) کەسیی ون کرد و، هەر لە سەرەتاوە بـازووی بە هێزی دوژمنێکی بـە ئـەزموون و، وردە بەرزی لە بووردینۆدا روو بە ڕوو بووەوە: فەڕەنسای ناپلیۆنی داڕووخاند.

ساڵی (1808) ئەلکسەندەری ئیمپراتۆر گەیشتە "ئێرفۆرت بۆ چاوپێکەوتنی ناپلیۆن و، تا ماوەیەکی زۆریش لە یانە و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی پیترزبۆرگدا باسی لێوە دەکرا. لە ساڵی (1809))یشدا لێک تێگەیشتنی ئەو دوانە -کە بە دوو گەورەکەی جیهان ناسرابوون -گەیشتە ئەوپەڕی. هەر لەو ساڵەیشدا ناپلیۆن، شەڕی دژی نەمسای هەڵگیرسان. سوپای ڕووسیش لە سنووری وڵات دەرچوو، بۆ یارمەتیدانی دوژمنە کۆنەکەی "کە ناپلیۆن بوو" لە دژی هاوپەیمانە کۆنەکەی خۆی، کە ئیمپراتۆری نەمسا بوو. دەنگۆیەکیش لە نێوەندە باڵاکاندا باڵاو بووەوە، کە مۆری مارە بڕینی یەکێک لە خوشکەکانی ئەلکسەندەر، لە ناپلیۆن کراوە. لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵوگۆڕانە لە سیاسەتی دەرەکیدا، نوێ بوونەوە و ئاڵوگۆڕ لە هەموو یەکەکانی ئیداریی حکومەتیشدا ڕوویدا. ئەمەیش بووە قسەی ڕۆژانە ی کۆمەڵگای ڕووسی. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ڕۆژانە بە هەموو تایبەتمەندییە بنەڕەتیە کانییەوە لە تەندروستی و نەخۆشی و، کارو بێکاری و، بنەماکانی تری وەکوو بیر و شیعر و، میوزیک و، خۆشویستن و، هاوڕێیەتی و، ڕقبوونەوە و ئارەزووەکان، سەرومڕ بوون و، وەکوو پێشوو مابوونەوە و، سەربەخۆ بوون و، زۆریش دوور بوون، لە ئاڵوگۆڕی ڕۆژانە و، پەیوەندییە یەک لە دوای یەکەکانی ڕووسیا و ناپلیۆنەوە.

ناوەندی توێژینەوەی نەدەبیی
عەبدوڵڕەحمان زەبیحی
لەسەر نەرکی (د. تەها ڕەسوڵ) چاپکراوە
2020